# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك**

**شەممە ڕێکەوتی 2005/6/4**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك

## شەممە رێکەوتی 2005/6/4

کاتـژمێر (10)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی شـەممە رێکـەوتی 2005/6/4ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبـدالله (د. کـەمال کەرکووکی) جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و, بەڕێز فرسـت احمـد عبـدالله سکرتێری ئەنجومـەن, دانیشـتنی دەسـپێکی خـولی دووەم, ساڵی(2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە(1)ی مادده(20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی دەسپێکی خولی دووەم لە کاتی(10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی 2005/6/4دا بەم شێوەیە بێت:

1-کردنەوەی دانیشتنەکە بە چەند ئایەتێ لە قورئانی پیرۆز.

2-یەك دەقیقە بێدەنگ وەستان بۆ رێزلێنانی گیانی شەهیدانی کوردستان وعیراق.

3-سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق بە تەمەنترین ئەندام بانگ دەکا بۆ سوێندخواردنی یاسایی وسەرۆکایەتی کردنی کاتیی دانیشتنەکەو، دوای ئەم یەکە یەکەی ئەندامان بانگ دەکرێن بۆ سوێندخواردنی یاسایی.

4-سەرۆکی کاتی، دەرگای خۆپالاوتن بۆ پلەی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و سکرتێری ئەنجومەن دیاردەکات.

5-سەرۆکی کاتی، داخستنی دەرگای خۆپالاوتن دیاردەکات و، کاغەزێکی مۆرکراو دەداتە هەر ئەندامێکی ئامادەبوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی.

6-دوو ئەندام کە تەمەنیان لە هەمووان کەمتربێ، بە سـەرپەرشتیی سـەرۆکی کاتی دەنگەکان جیادەکەنەوە.

7-سـەرۆکی کاتی، ئەنجامی دەنگدانەکە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری سـەرۆك و سکرتێری ئەنجومەن ئاشـکرا دەکات و داوایان لێ دەکات بێن لە شـوێنی تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتیی دابنیشن.

8-وتەی رێزدار سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی-عیراق.

9-پەیڤی رێزدار سەرۆکی کۆماری عیراقی فیدراڵی.

10-پەیڤی رێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق.

11- پەیڤی رێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق.

12- پەیڤی رێزدار نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

13- پەیڤی رێزدار سەرکردەی هێزە فرەڕەگەزەکان.

14- پەیڤی رێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی.

15- پەیڤی رێزدار سەرۆکی حزبی ئیسلامی عیراقی.

16- پەیڤی رێزدار حەمید مەجید مووسا(سکرتێری حزبی شیوعی عیراقی).

17- پەیڤی بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبی.

18 - پەیڤی رێزدار باقر یاسین, ئەمینداری گشتی کۆبوونەوەی فیدراڵی باشوور.

19- پەیڤی رێزدار مسعود بارزانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان, لە سەرەتادا چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز لە لایەن بەڕێز مامۆستا مەلا جرجیس دەخوێنرێتەوە با بفەرمێ.

**بەڕێز مەلا جرجیس:**

کورتەیەك لە ئایەتی قورئانی پیرۆزی خوێندەوە.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاویس:**

تکا دەکەم دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە.

میوانە بەڕێزەکان, پەرلەمانتارانی بەڕێز.

خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم بە ناوی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی هەردوو خول خولی یەکەم و خولی گواستنەوە, بەخێرهاتنێکی گەرمتان بکەم و سوپاسی ئەرك کێشان و ماندووبوونتان بکەم لەم دانیشتنەی کردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان, بە تایبەتی بەخێرهاتنی گەرممان بۆ بەڕێز سەرۆك کۆماری عێراق بەڕێز جەلال تالەبانی, بەخێرهاتنی گەرممان بۆ بەڕێز د.حاجم سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقی, هەروەها بەڕێز ئەشرەف قازی و نوێنەری کۆماری ئیسلامی و نوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و گشت میوانە بەڕێزەکانی تر.

دووبارە سوپاسیان دەکەم و بەخێرهاتنیان دەکەم, هەروەها بەخێرهاتنی گەرمی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەم.

بەڕێزان....

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە خولی یەکەمی خۆیدا لە رۆژی 4ی حوزەیرانی 1992 هەتا دوایین دانیشتنی لە رۆژی 7 ی نیسانی 2005 دا, سەرەڕای بارودۆخی نالەباری کوردستان و عێراق چەندەها کێشە و گرفتی ناوخۆی هەرێم,

بە بڕواو متمانەیەکی پۆڵایینەوە ئەرکە مێژووییەکانی خۆی گەیاندە ئەنجام و بە پێی توانستی وەك دەزگایەکی یاسایی و شەرعی بەشداری لە پاراستنی قەوارە و دەسکەوتەکانی هەرێم و چەسپاندنی سەروەری و دەسەڵاتی یاسادا کردووە و, سەدان یاسا و بڕیاری زۆر گرنگی لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان دەرچوواندووە, کە گرینگترینیان جاڕدانی بڕیاری سیستەمی فیدراڵی بوو لە پەیوەندی هەرێم بە ناوەندەوە, هەروەها لە دوای نەمانی شەڕی ناوخۆش یەکێتی یەکڕیزی بۆ پەرلەمان گەڕایەوە و لەماوەی خولی گواستنەوەیدا (58) دانیشتنی سازداو بە پەرۆشەوە رۆڵی ئەکتیف و کاریگەری گێڕاوە بۆ ئاشتبوونەوە و ئاسایی کردنەوەی رەوشی کوردستان بەگشتی.

بەڕێزان....

لەم بۆنە مێژووییە پیرۆزەدا لە رۆژێکدا, کە ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی دیموکراتی و ئازادانە سەرەڕای هەڕەشە و پیلان وتاوانەکانی تیرۆریست و دوژمنانیشدا لە لایەن زۆرینەی گەلانی عێراقەوە هەڵبژێردراوە و دەست بە کاربووە, حکومەتێکی نیشتمانیی بە شێوەی تەوافق بە بەشداری کردنی گشت پێکهاتەکای گەلانی عێراق دامەزرێنراوە وکورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە برایانە و یەکسان لە ماف و ئەرك دا لە یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە لە کۆماری عێراقی دیموکراتی فیدراڵیدا دەژین و سەر لە نوێ نیشتمانێکی ئازاد و گەشەسەندو و بنیات دەنێنەوە.

بەڕێزان...

لەم رۆژەدا کە خولی دووەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەست پێدەکات پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی نوێنەرانی راستەقینەی گەل, واتە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەم و هیوای سەرکەوتنیان لەم ئەرکە گرنگە بۆ دەخوازم و لە یەزدانی مەزن داواکارم کوردستان و عێراقی فیدراڵی لە تیرۆر و تاوانە چەپەڵەکانی تیرۆریستان پاك بێتەوە, گەلانی عێراق لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر هەنگاو بهاوێژن و هەمووان بە ماف و ئامانجە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانیان شاد بن.

درووود بۆ سەرجەم شەهیدە سەبەرزەکانمان لەسەرووی هەمووانەوە بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی هەردەم لەیاد. هەر شاد و سەرکەوتووبن. بژی کورد, بژی کوردستان, بژی عێراقی دیموکراتی فیدراڵ.

بەڕێزان..

هەروەها بەگەرمی بەخێرهاتنی نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەم کە ئەمڕۆ هاتووە و ئامادەیە لەم پەرلەمانە, هەروەها گشت میوانە بەڕێزەکانی تریش, داوا لە بەڕێز بابەتاهیرشێخ جەلال دەکەم کە گەورەترین ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانە بە عومر بفەرمێ سوێندی یاسایی بخوات.

**بەڕێز بابەتاهیر شێخ جەلال:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

من بابەتاهیر شێخ جەلالی حەفید سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

داوا لە بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار دەکەین کە بفەرمێ بۆ سوێند خواردن و هەروەها بەڕێز چنار سعد عبدالله یا بفەرمێ بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من ڤیان سلیمان حاجی بشار سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من بەڕێز چنار سعد عبدالله سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز بابەتاهیر شیخ جلال:**

داوا لە ئەندامەکان دەکەین کە یەکە یەکە ناویان دەخوێنرێتەوە بفەرموون سوێندی یاسایی بخۆن.

**بەڕێز عدنان محمد رشاد مفتی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من عدنان محمد رشاد مفتی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کرکوکی):**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من محمد قادر عبدالله ناسراو بە (د.کمال کرکووکی) سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من خورشید سلیم شێرە سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من فرست احمد عبدالله سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من عثمان عبدالله قادر ناسراو بە (عوسمانی بانی مارانی) سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز کویستان محمد عبدالله:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من کویستان محمد عبدالله سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من رفعت عبدالله حمەرەش سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز محسن علی اکبر:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من محسن علی اکبر سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من ادهم عثمان احمد بارزانی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز د. ئاريان خالص شيخ جواد:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من د. ئاريان خالص شێخ جواد بارزانی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من احسان عبدالله قاسم سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز شهاب عبدالله صديق:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من شهاب عبدالله صديق سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز سمکۆ طاهر محمد دزەيی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من سمکۆ طاهر محمد دزەيی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز گيلاس محی الدين محمد غريب:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من گيلاس محی الدين محمد غريب سوێند بە یەزدانی مەزن کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من طارق محمد سعيد جامباز سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من د. ناصح غفور رمضان سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز د. شكريە رسول ابراهيم:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من د. شكريە رسول ابراهيم سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من ارام رسول مامند سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز شیخ الله ابراهیم شیخ الله:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من شیخ الله ابراهیم شیخ الله سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من بکر فتاح حسین سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز ڤیان خضر احمد باشا:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من ڤیان خضر احمد باشا سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من رشاد احمد ابراهیم سوێند ب بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز جمیل محمد عثمان گردی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من جمیل محمد عثمان گردی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز کاکە اسماعیل عمر سید:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من کاکە اسماعیل عمر سید سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینو:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من شیرین عبدالرحمن دینو سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من عبدالرحمن اسماعیل سلیم سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز شکری صالح تمر:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من شکری صالح تمر سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز شردل عبدالله حوێزی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من شردل عبدالله حوێزی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من سوزان شهاب نوری سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من کریم بحری عبدالله سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من محمد رفعت عبدالرحمن سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێزشیروان ناصح عبدالله حیدری:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من شیروان ناصح عبدالله حیدری سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز نازناز محمد عبدالقادر:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من نازناز محمد عبدالقادر سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێزعبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من عبدالکریم ابوبکر مصگفی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من فتاح عبدالله نقشبندی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز اسماعیل محمود عبدالله:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من اسماعیل محمود عبدالله سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز گوڵناز عزیز قادر:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من گوڵناز عزیز قادر سوێند بە یەزدانی مەزن کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من عونی کمال سعید بزاز سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز بارزان عبدالله نصرالله:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من بارزان عبدالله نصرالله سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من دلێر اسماعیل حقی شاویس سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز فخریە مصطفی محمد علی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من فخریە مصطفی محمد علی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز جمال محمد قاسم:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من جمال محمد قاسم سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من محمد صالح اسماعیل سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من عمر عبدالرحمن عدلی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من خەمان زرار اسعد سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من زرار طاهر امین سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من شعبان محمد طاهر صادق سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من جعفر مصطفی معروف سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من محمد حاجی محمود سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز نسرین حمە صالح:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من نسرین حمە صالح سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز د. نوری جمیل طالباني:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من د. نوری جمیل طالباني سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز حسین محمد رشید:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من حسین محمد رشید سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من خضر سلیمان خلیل سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم.

**بەڕێز مريم حسن ابراهيم:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من مريم حسن ابراهيم سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز د. فؤاد احمد حمد بابان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من د.فؤاد احمد حمد بابان سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من محمد فرج احمد سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز رشيد كريم رشيد:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من رشيد كريم رشيد سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز تاڤگە حمد على:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من تاڤگە حمد على سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من محمد احمد صالح سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز دلير محمد شريف:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من دلير محمد شريف سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من خليل ابراهيم محمد سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسين:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من پەخشان عبدالله حسين سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من جمال شمعون ايليا سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز كرخى نجم الدين نورالدين:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من كرخى نجم الدين نورالدين سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز روميو حزيران نيسان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من روميو حزيران نيسان سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز بایزار ملكو اوهان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من بایزار ملكو اوهان سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز اندراوس یوخنا گورگیس:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من اندراوس یوخنا گورگیس سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من اسعد شاكر امین سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من طلعت محمد صالح توفیق سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز گلاوێژ شابا ججی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من گلاوێژ شابا ججی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز عثمان احمد محمد امین:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من عثمان احمد محمد امین سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من صبریە غفار امین سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من هیوا صابر احمد سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز سهام انور ولی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من سهام انور ولی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز جمال یوسف بوتانی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من جمال یوسف بوتانی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من غفور طاهر سعید مخموری سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من باپیر كاملا سلیمان سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەرێز فضيلة رمضان سعدالله:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من فضيلة رمضان سعدالله سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز ملا سعدالدين ملا عبدالله مولود:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من ملا سعدالدين ملا عبدالله مولود سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز ايدن عثمان ابراهيم:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من ايدن عثمان ابراهيم سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز فاروق كريم فتاح:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من فاروق كريم فتاح سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز شكريه خضر بيروت:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من شكريه خضر بيروت سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز سردار صباح بوزو هەركی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من سردار صباح بوزو هركی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز طلعت خضر سيف الدين:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من طلعت خضر سيف الدين سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز حاتم محمد جان حسن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من حاتم محمد جان حسن سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز چرۆ علی حمه امين:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من جرو علی حمه امين سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز اخر جمال انور:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من ئاخر جمال انور سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز عزالدين سليم خديدا:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من عزالدين سليم خديدا سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز انور محمد غفور:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من انور محمد غفور سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز رمزیە احمد رشید:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من رمزیە احمد رشید سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز عادل محمد امین:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من عادل محمد امین سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز بارزان محمد قادر:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من بارزان محمد قادر سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز اریز عبداللە احمد:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من اریز عبداللە احمد سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز کوردستان پیرداود قادر:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من کوردستان پیرداود قادر سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز شوقی حسین ابراهیم:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من شوقی حسین ابراهیم سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز سالم محمد علی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من سالم محمد علی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز روبیتان ابراهیم روستم:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من روبیتان ابراهیم روستم سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز هالە سهیل خضر:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من هالە سهیل خضر سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز قادر عزیز محمد امین:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من قادر عزیز محمد امین سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز قادر سعید خضر:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من قادر عزیز خضر سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەرێز محمد حکیم جبار:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان, من محمد حکیم جبار سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز شمسە سعيد محمود:**

بەناوى خواى گەورە و ميهرەبان, من شمسە سعيد محمود سوێند بێ بە يەزدانى مەزن پارێزگارى لە يەكێتى گەل و خاكى كوردستانى عێراق و لە بەرژەوەندييە باڵاكانى بكەم.

**بەڕێز حسن بابكر احمد:**

بەناوى خواى گەورە و ميهرەبان, من حسن بابكر احمد سوێند بێ بە يەزدانى مەزن پارێزگارى لە يەكێتى گەل و خاكى كوردستانى عێراق و لە بەرژەوەندييە باڵاكانى بكەم.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

بەناوى خواى گەورە و ميهرەبان, من عبدالرحمن احمد رضا سوێند بێ بە يەزدانى مەزن پارێزگارى لە يەكێتى گەل و خاكى كوردستانى عێراق و لە بەرژەوەندييە باڵاكانى بكەم.

**بەڕێز كژاڵ مجيد قادر:**

بەناوى خواى گەورە و ميهرەبان, من كژال مجيد قادر سوێند بێ بە يەزدانى مەزن پارێزگارى لە يەكێتى گەل و خاكى كوردستانى عێراق و لە بەرژەوەندييە باڵاكانى بكەم.

**بەڕێز محمد توفيق رحيم:**

بەناوى خواى گەورە و ميهرەبان, من محمد توفيق رحيم سوێند بێ بە يەزدانى مەزن پارێزگارى لە يەكێتى گەل و خاكى كوردستانى عێراق و لە بەرژەوەندييە باڵاكانى بكەم.

ئێستاش خوشك و برايانى بەڕێز دەرگاى پاڵاوتنى سەرۆك و جێگر و سكرتێرەكەى دەكەينەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كركوكى) :**

من بەڕێز كاك عدنان مفتى تەرشيح دەكەم بۆ سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان.

**بەڕێز عدنان محمد رشاد مفتى:**

زۆر سوپاس بۆ كاك د.كمال, منيش جەنابى كاك د.كمال تەرشيح دەكەم بۆ جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان.

**بەڕێز خورشيد سليم شيرە:**

من كاك فرست احمد عبدالله ترشيح دەكەم بۆ سكرتێرى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان.

**بەڕێز بابەتاهير شيخ جلال:**

سوپاس, ئێستا كێ ماوە خۆى تەرشيح بكات, ئاگادارمان بكات, تكا لە خوشك و برايان دەكەين ئێستا دەرگاى پاڵاوتن دادەخەين ئەگەر كەسى تر هەيە با خۆى تەرشيح بكات يان يەكێك لە برادەرەكانى تەرشيح بكات, ديارە كەس نييە, لەبەر ئەوە دەرگاى تەرشيحمان داخست, لەبەر ئەوەى كە ئەم سێ برادەرە دەرچوون و كەس نييە مونافسيان بێت, تكا دەكەين كە هەرسێكيان بفەرموون بۆ جێگاكانيان.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بەناوى خواى گەورەو ميهرەبان.

سوپاسى ئەو متمانەيە دەكەين كە بە من و د.كمال و كاك فرست سپێردرا ئەو ئەركە, ئومێدەوارين بتوانين لە ئاستى ئەو بەرپرسياريەتيە دابين.

جەنابى مام جەلال سەرۆكى كۆمارى عێراق.

جەنابى كاك مسعود سەرۆكى پارتى ديموكراتى كوردستان, ئينشائەڵلا بەم نزيكانە سەرۆكى هەرێمى كوردستان, جەنابى دكتۆر حاجەم سەرەكى ئەنجومەنى نيشتمانى عێراق.

ميوانە بەڕێزەكان و جەنابى ئەشرەف قازى. نوێنەرانى ئەمريكا و بەريتانيا و كۆمارى ئيسلامى ئێران, ميوانانى بەڕێز لە كوردستانى توركيا و ئێران و دەرەوەى وڵات, بەگەرمى بە خێرهاتنتان دەكەم, برايانى خۆشەويست ئەندامانى

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرەکی هەردوو حکوومەتی کوردستان، سکرتێرو نوێنەرانی حزبە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق، گشت لایەکتان بەخێربێن.

زۆر لەو میوانانەی کە بڕیار بوو لە گەڵمان بەشداربن، هەندێکیان هاتوون زۆر بەخێربێن و هەنێدێکیان نەهاتوون نامەیان ناردووە، داوای لێبوردنیان کردووە، لەوانە دۆستی دێرینی کورد مەدام میتران کە بە ئیمێلێك سڵاوی بۆ پەرلەمان ناردووە، سڵاوی بۆ گەلی کوردستان ناردووە، هیوای خواستووە کە سەرکەوتووبێت لە کارەکانی، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوانی عێراق و هێزە سیاسیەکان و حزبە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق، دۆستانی گەلەکەمان لە دەرەوە کە نەیان توانی لەبەر کەمی کات ئامادەبن، سڵاو و ڕێزیان ناردووە و تەمەنایان کردووە کە سەرکەوتووبین، ئەم دەرفەتە هاتۆتە پێش گەلەکەمان ئەرکی هەموومانی گەورەتر کردووە، پەرلەمانیش کە ئەمڕۆ لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی دەست پێدەکات، ئومێدەوارین بتوانێت وەکو دەسەڵاتێکی یاسادانان ڕۆڵی خۆی ببینێ، شان بەشانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و دادوەری لە خزمەتیکردنی گەلی کوردستان دابێ، لە بەیاسایی کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان، لە خزمەت کردنی هاووڵاتیانی کوردستان، دیارە من دوو وشەم هەیە، لەجیاتی هەمووتان بە گەلی کوردستان بڵێم، یەکەم داوای لێبوردن دەکەین کە پەرلەمان دواکەوت لە دانیشتنی دەبوایە پێش سێ مانگ و نیو لە ئێستا دابنیشێت، بەڵام هەندێ جار بە خێر دەگەڕێتەوە، خێرەکەش ئەوەبوو بە گیانێکی برایەتی و دۆستایەتی و تەحالوفی ستراتیژیەوە، پەرلەمانەکەمان دەست پێدەکات، بناغەی سەرکەوتنی ئەو پەرلەمانە لەو دواکەوتنەدا، بەخێر گەڕایەوە، نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئێستا بە هێزترە لە جاران، نێوانی هەردوو سەرکردەی بەڕێز مام جەلال و کاك مسعود زیاتر بەرەو پێش چووە، بۆ ئەوەی بتوانین هەموو لایەکمان خزمەتی گەلەکەمان بکەین، لەبەر ئەوە لەو کاتەدا کە داوای لێبوردن دەکەین لە دواکەوتنی دانیشتنی پەرلەمان، هەموو گەلەکەمان دڵنیا دەکەین کە ئینشائەڵلا قۆناغی داهاتوو، قۆناغی سەرکەوتنی دیار و لەبەرچاوە بۆ گەلەکەمان، لەپێش هەمووشیانەوە ئەو دەستوورەی کە چاوەڕوان دەکرێت بنوسرێت، هەموومان دەبێت خەبات بکەین بە شێوەیەك بێت هەموو مافەکانی گەلەکەمانی تیا دیاربکرێت بە فیدراڵیەتەوە، بەمافەکانی دیموکراسیەوە، ناوچەکانی تری کوردستان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، تیرۆر لەناو ببرێت ئینشائەڵلا، دووەم قسەم ئەوەیە ئەم سەرکەوتنانەی بۆ گەلەکەمان دابین کراوە و گەیشتۆتە ئەنجام قەرزاری خوێنی شەهیدانی گەلی کوردستانە، لێرەوە سڵاو و ڕێز بۆ هەموو گەلی کوردستان و گەلی عێراق دەنێرین، لە پێش هەمووشیانەوە شەهیدانی پەرلەمانی کوردستان، یان ئەوانەی بە تەمەنی درێژی خۆیان وەفاتیان کردووە، هەزار سڵاو و ڕێز بۆیان کە ژیانیان بەخت کرد بۆ گەلەکەیان و بۆ نیشتمانەکەیان، ئومێدەوارم لە خزمەتی گەل دابین بە هەموو لایەکمان.

ئێستاش پێش ئەوەی قسەکەم تەواو بکەم لەبیرم چووبوو بە خێرهاتنی نوێنەری پارتەکان بکەین زۆر بەخێر بێن بەسەرچاو. داوا لە مام جەلال سەرۆکی کۆماری عێراق دەکەین کە وتەکەی خۆی پێشکەش بکات.

**بەڕێز مام جلال تاڵەبانی/ سەرۆکی کۆماری عێراق:**

ببورن لەسەرەتا بە عەرەبی قسە دەکەم.

بسم الله الرحمن الرحيم

ايها الاخوة و الاخوات

احييكم و اهنئكم من صميم القلب بافتتاح المجلس الوطني الكوردستاني في يوم تاريخي، يوم افتتاح اول مجلس وطني كوردستاني في ظلام العراق الدامس في عهد الدكتاتورية المجرمة المقبورة، راجياً لكم تحويل مجلسكم الى منبر حقيقي و فعال لاداء مهاكم و الدفاع عن حقوق الجماهير الشعبية الكوردستانية و العراقية و تعزيز الوحدة الوطنية الكوردستانية و العراقية معاً.

ان مجلسكم المنتخب بحرية و الممثل و المجسد لمقولة شدة الورد من حيث تمثيله لاحزاب عدة و قوميات كوردية و تركمانية و كلدو آشورية و حبذا لو كانت العربية من ضمنها، هو مجلس يمارس مهماته في مرحلة حساسة من تاريخ العراق، عراق الديمقراطية و الفدرالية و الوحدة الوطنية الراسخة و التعددية، فنحن جميعاً نواجه شر الارهاب المصدر

الينا من جهة و المنبعث من ايتام الدكتاتورية الصدامية المجرمة من جهة اخرى فلابد من التكاتف و التلاحم و التعاون و التنسيق بين جميع القوى الخيرة و الحكومة الوطنية و الاصدقاء من اجل القضاء على هذا الشر المستفحل و نحن نواجه مهمة مقدسة هي مهمة سن دستور دائم نقيم عليه صرح دولتنا العراقية الجديدة على اسس حق المواطنة المتساوية بين جميع العراقيين, بين جميع مكونات المجتمع العراقي و الحقوق و الحريات الديمقراطية و الفدرالية و التعددية وانهاء اثار الاضطهادين الطائفي و القومي الى الابد,و هنا لابد من القول بضرورة مشاركة جميع مكونات الشعب العراقي في سن الدستور, فلابد من وجود ممثلين حقيقيين لاخوتنا العرب السنة بجانب الممثلين المنتخبين للعرب الشيعة و الكورد و التركمان و الكلد و آشوريين و غيرهم, كذلك نحن نواجه مهمة اعادة بناء قواتنا المسلحة على اسس لا حزبية و لا قومية و لا طائفية بحيث تكون القوات المسلحة العراقية للشعب العراقي كله و لا تتدخل في السياسة و باختصار فنحن نواجه بناء دولة ديمقراطية عراقية جديدة, ديمقراطية و فدرالية مستقلة بحيث نستطيع الطلب من الحلفاء الذين انقذونا مشكورين من الدكتاتورية ان نودع قواتهم باحترام الى بلدانهم حينما تستكمل قواتنا اعادة تشكيلها. و ختاما ارحب بالضيوف الكرام ترحيباً حاراً و اعتذر عن ذكر اسمائهم لانني ارحب بهم جميعاً شكراً لكم.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەرێز جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان, سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای چەند رۆژێکی تر ئینشائەڵڵا.

خوشك و برایانی خۆشەویست

بەرێزان نوێنەرانی حزبەکان و دەوڵەتەکان و لایەنە سیاسی و حکوومییەکان.

بەفەخرەوە بەخێرهاتنتان دەکەم و شانازی دەکەم کە لەم کۆبوونەوەیەدا پێکەوە کۆدەبینەوە, ئەم کۆبوونەوەیە, کۆبوونەوەیەکی گرنگە و لە رۆژێکی گرنگی مێژووییدا دەبەسترێت, کەرۆژی کۆبوونەوەی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستانە, لە کاتێکدا کە عێراق لە ژێر حوکمی دیکتاتۆرییەتێکی رەشی خوێناوی رایدەبوارد, بەڵام خەڵکی کوردستان توانی پاش راپەڕینە مەزنەکەو بە پشتیوانی هاوپەیمانان هەڵبژاردنێکی ئازاد بکات, بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراق و کوردستاندا, ئەنجومەنی نیشتمانیی خۆی هەڵبژێرێ, لەو ئەنجومەنەشەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاتە کایەوە, ئەم رۆژە رۆژێکی پیرۆزە لە مێژووی گەلەکەماندا, ئەمرۆش کە کۆدەبینەوە ئەم پیرۆزییە دووپات دەکەینەوە, پێم وایە ئەم ئەنجومەنەی ئێوە, دەبێ ئەنجومەنێکی زیندووی کاریگەری خاوەن رەئی و بیروباوەڕ بێت, من ئیجازە لە برای خۆشەویستمان جەنابی کاك مسعود وەردەگرم کە بەناوی ئەویشەوە و بەناوی خۆشمەوە پێتان بڵێم کە ئێمە هەردووکمان هانتان دەدەین بۆ ئەوەی ببنە پەرلەمانێکی زیندوو وبەڵێ گۆ نەبن, بەڵکو ناوبەناو ناکۆکیش بن و رەخنەش بگرن و پێشنیاریش پێشکەش بکەن, پەرلەمانێك بێت کە گەلەکەمان شانازیتان پێوە بکات, دڵنیام هەمووتان ئەهمیەتی ئەم قۆناغە دەزانن, لەم قۆناغەدا کە کۆدەبینەوە دەسکەوتی گەورەمان بەدەستهێناوە, بەڵام ئەم دەسکەوتانەمان هەمووی دەڵەمەیە, هێشتا ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان, هێشتا مەسەلەی فیدراڵییەت و پێشمەرگە و چەندین شتی گرنگی ترمان بە تەواوی نەچەسپاوە, بۆیە پێویستە ئەم راستییە لەبەرچاوی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز بێت, هەروەك بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە با بە شێوەی دەڵەمەییش بێت بەری یەکێتیی ریزەکانی گەل و هاوپەیمانی هەموو حزبەکانی کوردستانە, بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان, ئا ئاواش پاراستنی ئەم دەسکەوتانە, چەسپاندنی ئەم دەسکەوتانە, لە دەستووری داهاتووی عێراق, لە حکوومەتی داهاتووی عێراقدا, بەندە بە یەکێتیی ریزەکانی گەلەکەمان, بە یەکێتیی و هاوخەباتیمان, بە هاوهەڵوێستیمان ئەم جۆرە یەکێتیی و هاوهەڵوێستی و هاوخەباتی ئەوەندە پیرۆزە, دەبێت وەك بیلبیلەی چاوەکانمان بیپارێزین, نابێت هیچ شتێك بخەینە هەوراز, پاراستنی ئەو یەکێتیە, نە دەسکەوتی تایبەتی حزبی, نە دەسکەوتی تایبەتی شەخسی یە, بەڵکو ئەمە لە هەوراز هەموو دەسکەوتەکانە, هەر بەمەش دەسکەوتەکانی حزبی و تایبەتی و ناوچەیی دێتەدی, بێ ئەوە نەك هەر ئامانجەکانمان نایەنەدی, بەڵکو ئەوەی هەشمانە لە خەتەری لە دەستدان و لەناو چوونە, بۆیە من دڵنیام کە هەمووتان ئەم راستییە دەزانن, هەمووتان هاوکاردەبن لە بەدیهێنانی ئەو

ڕۆژەی هەمانە و لە بەدیهێنانی ئامانجەکانمان و ئاواتەکانمان, دیارە ئێمەی خەڵکی کوردستان جگە لە ئەرکی بەدیهێنانی ئاواتەکانی خۆمان, ئەرکی تریشمان لەسەرشانە, ئەرکی ڕۆڵی مێژووییمان لە عێراق, ڕۆڵی ئێمە لە نێوان برا عەرەبە شیعەکان و سوننەکان, کە هاوکارو هەماهەنگ و ڕێکخەربین و نەیەڵین کەس مافی بخورێت و ئەوەی کە بە ژمارە لەوەی تر کەمترە هەمان مافی هەبێت, سیستەمی تایفی و مەزهەبی کە جاران هەبوو بە هیچ شێوەیەك دووبارە نەبێتەوە, ئەرکی ئەوەمان لەسەرە کە عێراقێکی دیموکرات بێتە کایەوە, خەڵکی کوردستان هێزەکانی کوردستان, نوێنەرانی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق, دەستەبەری بەدیهێنانی ئەم دیموکراسیە بن لە عێراق لە رووی هەموو جۆرە دیکتاتۆرییەت و ئیحتیکارو دەستە باڵایی ناڕەوا, ئەم ئەرکە پیرۆزەشمان وامان لێدەکات کە سەروەرییەك بۆ خۆمان لە مێژووی گەلەکەماندا, لە مێژووی عێراقدا جێبەجێ بکەین, بتوانین بەسەربەرزی لەسەر گۆڕی شەهیدە نەمرەکانمان کە بە خوێنی گەشیان داری ئازادیمان ئاودراوەو هاتۆتە بەر بوەستین و بڵێین ئەی شەهیدانی نەمر خوێنتان بەفیڕۆ نەچوو, بەڵکو ئەم ڕۆژەی هێناوەتە بەر, ئا ئاواش بتوانین بەرامبەریان, بەرامبەر شەهیدانی عێراق بوەستین وبڵێین: خەڵکی کوردستانی عێراق نەك هەر نەیانویستووە عێراق پارچە پارچە بکەن و گوێ نەدەنە دەسکەوتەکانی گەلی عێراق, بەڵکو پارێزەری یەکێتی نیشتمانی عێراق بوونە, پارێزەری دەسکەوتەکانی گەلی عێراق بوونە, پارێزەری ئەم راستییە بوونە, کە کورد هەمیشە لەهەر وڵاتێك ژیابێت, ڕۆڵێکی ئیجابی و باشی هەبووە لە پێشخستنی ئەم وڵاتە لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و هتد..

ئاواتی سەرکەوتنتان جارێکی دیکە بۆ دەخوازم, هیوادارم ئەو ئەنجومەنە کۆبێتەوە بە زووترین کات بۆ هەڵبژاردنی برای خۆشەویست و هەڤاڵی هێژامان کاك مسعود کە یەکێکە لەو سەرکردانەی کە بەراستی بە دڵسۆزی خۆی توانیویەتی ئەو پایە وەربگرێت, جگە لەوەی کە میراتگری ئەمجادی بارزانە, کە ئەوەندی بەسە شازدە جار سووتاوە لە پێناوی کوردستاندا.

زۆر سوپاستان دەکەم و هەر بژین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ وتە بە نرخەکەی جەنابی سەرۆك کۆماری عێراق ڕێزدار مام جلال, ئێستاش داوا لە بەڕێز حاجم ئەلحەسەنی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق دەکەین وتەکەی خۆی پێشکەش بکات, نطلب من الاستاذ حاجم رئيس المجلس الوطني العراقي ان يلقي كلمته.

**بەڕێز حاجم الحسنی/ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق:**

بسم الله الرحمن الرحيم

اسمحوا لي اولاً ان احي القائدين الكبيرين الاستاذ مام جلال رئيس جمهورية العراق و الاخ الكبير الاستاذ مسعود البارزاني رئيس الاقليم انشاءالله.

تحية اجلال لهذا البرلمان و لهذا اليوم العظيم, وشرف عظيم لي ان اقف هذا الموقف لاحي هذا اليوم المبارك, و لاستذكر ما مر بالعراق و ما مر بالشعب الكوردي العظيم, يحق لنا بمثل هذا الموقف ان نحي هذا الشعب العظيم و نستذكر نضالات هذا الشعب العظيم, لاننا في مثل هذه الايام نؤسس الدولة العراقية الجديدة, نؤسس الجمهورية الثانية في العراق, و نريد لهذه الدولة ان تقوم على اسس صحيحة, لان الدولة السابقة لم تقم على اسس صحيحة و ادت فيما آلت اليه الى المعاناة الكبيرة لكل شرائح المجتمع العراقي و خاصة لاخواننا الاكراد, انتم اليوم تتبوؤن هذه المواقع بفضل نضالات شعبكم و قياداتكم, بفضل حركة الشيخ عبدالسلام البارزاني, بفضل ثورة الشيخ محمود الحفيد, بعد ذلك تسلم الراية شيخ احمد البارزاني و من بعده القائد الكبير الراحل الملا مصطفى البارزاني, وبعد ذلك قاد مسيرة هذا الشعب الكبير كاك مسعود البارزاني و الاخ الكبير الاستاذ مام جلال الطالباني, غيرهم طقساً من الاحزاب و الحركات و الشخصيات الاخرى التي لعبت دوراً كبيراً في نضالات هذا الشعب, يحق لنا ان نتذكر هؤلاء و نتذكر معاناتهم, لانني رأيت بأم عيني ما حصل باخواني الاكراد في مدينة كركوك عام 1962 فيما يسمى (الفرهود) و رأيت ما حصل لهم و رأيت كيف هجروا و كيف سرقت اموالهم و انتهكت كراماتهم, و يجب ان نتذكر ماحصل لهذا الشعب بعد توقيع اتفاقية الجزائر عام 1975 و ما تلت تلك الاتفاقية من

تشريد قيادات و رموز حركات هذا الشعب العظيم, و استمر نزف الدم و حصل ماحصل بعد ذلك و توالت المصائب الكبرى و لا احد ينسى الانفال, هذه الكلمة القرآنية التي شوهها طاغية العصر و استخدم هذه الكلمة في انتهاك حقوق و كرامات هذا الشعب الكبير و توج ذلك بالجريمة الكبرى في حلبجة الشهيدة وان كنت انسى فلا انسى ابداً ذلك المنظر لذلك الشيخ الكبير لا اعرف ان كان اباً او جداً وهو يحمل تلك الطفلة الرضيعة و ينكب عليها و يريد حمايتها لعله يستطيع ان ينقذها لتعيش الى يومنا هذا و آلاف المؤلفة من الآخرين الذين انتهو بلحظات بسموم النظام العراقي السابق و عقب ذلك بعد عام 1991 الزحف المليوني و الهجرة المليونية عندما طاردت اجهزة النظام القمعية ابناء هذا الشعب الذين لجأوا الى جبال كوردستان والى حدود تركيا و ايران, وفي هذا المكان لا انسى ان نستذكر لا اعرف ان كان هذا الرجل لا زال يعيش بيننا ام لا ذلك الرجل الذي كان يناهز الستين من عمره وهو مسلح و هو ينزع سلاحه و يقول بلهجة عربية بسيطة (گلتونا گومو گومو گمنا و بعدين تركتمونا و فقدتمونا) هؤلاء الذين اجلسوكم على الكراسي التي تجلسون عليها اليوم ويحق لنا ان نتذكرهم و يحق لنا ان نوجه التحية الى اولئك الشهداء وهؤلاء الابطال الذين ضحوا من اجل ان تروا هذا اليوم, و بدماء هؤلاء جرت اول انتخابات عامة في كوردستان العراق في 1992/5/19 و بتضحيات هؤلاء تم اتخاذ القرار التاريخي ان تكون كوردستان – اقليم كوردستان ضمن عراق فدرالي ديمقراطي في 1992, هؤلاء هم الذين قادوا هذا الشعب و اليوم آن الآوان ان نقول لذلك الرجل الذي قال لنا (قوموا) اننا قمنا و اننا غيرنا الوضع الذي كان و نرجو و نأمل ان يتغير الوضع الى وضع افضل لشعبنا في كوردستان و لشعبنا العراق الجميل.

اليوم اخوانكم في كوردستان يلعبون دوراً كبيراً في عراق اليوم, اليوم هم ممثلون في مركز قبل قليل استمعتم الى رجل كردي مناضل يلقي كلمة بأسم رئيس جمهورية العراق و اليوم يجلس بينكم من هو نائب لرئيس وزراء العراق الدكتور نوري شاويس, واليوم هناك وزراء وزير التخطيط, وزير الخارجية و وزير الموارد المائية و غيرهم ممثلون في الحكومة العراقية و يجلس بينكم من هو نائب للجمعية الوطنية العراقية الاستاذ عارف تيفور, فأذن الكورد اصبحوا اليوم ممثلين في مركز العراق و هم يعاملون اليوم مواطنين في الدرجة الاولى, انتهى عهد ان يعامل احد و يهمش احد او يقصى احد من النظام القائم في العراق, هم على قدم المساواة يشاركون اخوانهم العرب و اخوانهم التوركمان و الكلد و الآشوريين و اليزيديين و جميع اطياف الشعب العراقي في بناء الدولة العراقية الجديدة, نريد لهذا النظام الذي يحكم العراق ان يحكم بالقانون, نريد دولة المؤسسات و دولة القانون, واليوم العراق يحكم بقانون ادارة الدولة العراقية و يتوجب علينا كجمعية وطنية عراقية و كحكومة عراقية ان نلتزم بهذا القانون بجميع بنوده و احرفه, حتى نكتب دستورنا الجديد, طموحنا ايها الاخوة و الاخوات ان نرى عراقاً جديداً يعيش فيه الجميع في دولة واحدة و يتمتع الجميع بنفس الحقوق و الواجبات و لا تمييز فيه بين احد و اخر و بذلك سنشعر باننا نمتلك هويتنا العراقية مع عدم الغاء الهويات خاصة الاخرى, هذه الهوية التي يتكلم عنها الكثيرون كانت هوية غير موجودة, فالهوية هو انت تكون جزءاً من صناعة القرار فالهوية ان يكون لك الحق في ان تمتلك ارضاً في أي مكان في العراق, الهوية ان تعيش بكرامة و عزة و حرية هذه كانت مسلوبة من كل فئات الشعب العراقي و اليوم نريد ان نسترد هذه الهوية في ان لا يبغى احد على احد لا يبغى فرد ولا جماعة و لاحزب و لا طائفة على طائفة اخرى, نريد عراقاً فيه مساواة و عدالة للجميع. ايها الاخوة و الاخوات هذه الايام نخوض مخاضا جديداً مخاض كتابة الدستور الدائم, وهذا مخاض صعب لان هذا الدستور هو دستور يكتب للعراقيين جميعاً مما يقتضي ان يشترك في كتابته كل العراقيين و يجب ان لا نسمح ان يهمش احد او ان يقصى احد في كتابة هذا الدستور, هذا الدستور لا يكتب لنا اليوم فقط, انما دستور يكتب للاجيال العراقية القادمة و الدستور هذا ملك للعراقيين, من هذا المنبر ايضا اريد ان اوجه الدعوة الى حوار عراقي وطني, آن الآوان لنا لان نخلص انفسنا من النعرات التي اكتسبناها في زمن النظام الطاغي و نخرج و نمد ايدينا لبعضنا و نجمع قوانا و نتوحد حتى نستطيع ان نبني هذا البلد و نبني هذه الدولة بطريقة صحيحة يشعر فيها كل انهم يملكون فيها شيئا, انهم معدون لهذه الدولة, دعوة الى مصالحة مع النفس و مع الآخر, دعوة الى وقف نزيف الدم العراقي و صيانة كرامة و عرض كل العراقيين بكل انتمائاتهم الدينية و الطائفية و القومية. ايها الاخوة و الاخوات بالاخوة, بالحب, بالتضامن, بالتفاهم, بالعدل نبني عراق الجديد, لنكون يداً واحدة, بعد ذلك على الارهاب و الارهابيين الذين يسفكون دماء العراقيين في كل مكان, الارهاب لا يفرق بين سني و شيعي, الارهاب لايفرق بين

عربي و كوردي, الارهاب يطال كل نفس عراقية بريئة, الارهاب يطال الناس في اربيل و في بغداد و في النجف وفي مدينة الصدر و في كركوك وفي كل مكان وفي الرمادي ايضا يطال الارهاب اخواننا, اذن آن الآوان ايها الاخوة ان تعملوا من خلال برلمانكم هذا ومن خلال العمل مع الجمعية الوطنية العراقية لنبني يداً بيد هذا العراق الجديد, لنبني عراقاً جديداً, حراً, ديمقراطياً, تعددياً, فيدرالية, موحداً, والسلام عليكم و رحمة الله وبركاته.

**السيد رئيس المجلس:**

شكراً للدكتور حاجم على كلمته القيمة و الصديقة و الودية, مع تمنياتنا له بالنجاح و التوفيق و للجمعية الوطنية العراقية بنجاح في اتخاذ قرارات مناسبة وفي ترجمة هذا الخطاب الجميل الى الواقع, شكراً جزيلاً.

زۆر سوپاس بۆ دكتور حاجم بۆ وتاره بە نرخەكەی و بە ئومێدی ئەوەی كە سەركەوتوو بێ هەم خۆی و هەم ئەنجومەنی نیشتمانیی عراقی, وتاری بەڕێز اشرف قازی نوێنەری سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكانی عێراق, با بفەرمێ.

**بەڕێز د. اشرف قازی/نوێنەری گشتی سكرتێری نەتەوە یەكگرتووەكان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەڕێز جەنابی سەرۆك جلال تاڵەبانی.

بەڕێز جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی.

بەڕێز جەنابی سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان.

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.

سوپاستان دەكەم بۆ ئەم دەعوەت نامەیە, خۆشحاڵم بە ناردنم لەلایەن بەڕێز كوفی عەنان ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان, پیرۆزبایی لە ئەندامانانی ئەم ئەنجومەنە دەكەم, هەروەها لە گەلی كوردستان بۆ ئەم بۆنە مێژووییە.

السيد الرئيس جلال طالباني.

السيد الرئيس مسعود بارزاني.

السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني.

اعضاء الجميعة الموقرون, اشكركم على دعوتكم الكريمة لنا و نيابة عن السيد الامين العام للامم المتحدة كوفي عنان, اهنيء اعضاء الجميعة و شعب اقليم كوردستان بهذه المناسبة التاريخية. وشكراً.

خوشك و برایان...

بەشانازییەوەو لە نێو ئێوەدا ڕاوەستاوم و بەشداریی ئەم دانیشتنی سوێند خواردنەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان دەكەم, هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە (1546) , نیشانەی خاڵێكی وەچەرخان و گرنگە لە گۆڕانی سیاسی لە عێراقدا.

بەناوی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە حەزدەكەم پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی خەڵكی هەرێمی كوردستان بكەم و لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بەم بۆنە مێژووییەوە. خەڵكی هەرێمی كوردستان هەقی خۆیانە شانازی بەم دەستكەوتانەیانەوە بكەن لەبەرامبەر ئەو مەینەتییانەی بینیویانە, پەراوێز كردنی سیاسییانەیان بە خۆوە بینی, گوشاری ئابووریییان لەسەربوو, بەشێوەیەكی درندانە دەچەوسێنرانەوە و بەجینۆسایدیشەوە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا, لەگەڵ ئەوەشدا سووربوون لەسەر ئەوەی داكۆكی لە ئازادی و كەرامەتیان بكەن و شێلگیرانە خەباتیان كرد بۆ مافە بنەڕەتییەكانیان چ مرۆیی و چ سیاسییانە. بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە (986), نەتەوە یەكگرتووەكان هەست بە شانازی دەكات كەرۆڵێكی گێڕاوە لە لابردنی ئەو ئابلووقە ئابوورییەی سەر كوردستان و ئەو پێشكەوتنە ئابوورییەی هەرێمی كوردستان.

دانان بە ڕۆڵی مێژوویی هەرێمی پارچەیەكی دانەبڕاو لە عێراقدا لەناو یاسای ئیدارەی ئینتقالیدا ڕەنگیداوەتەوە, هەڵبژاردنەكانی سەرەتای ئەمساڵ و ئەو ڕۆڵەی كە هاوپەیمانی گێڕای لە پێكهێنانی حكومەتی نوێدا, ئەوەی سەلماند كە

کاتێك کوردەکان متمانەی تەواویان بە ناسنامەی خۆیـان و پێگـەیان لـە عێراقـدا هـەبێت، خـەڵکی ئـەم هەرێمـە دەتـوانن ڕۆڵێکی کارایان هەبێت لە بنیاتنانی چارەنووسی وڵاتەکەیاندا.

دەسـتکەوتی گـەورە، بەرپرسـێتی گـەورەی دەوێـت، عێـراق بـە گـۆڕانێکی گرنگـدا تێدەپـەڕێت، یادەوەرییـەکانی ناهامەتییەکان، ناعەدالەتییـەکانیش دەبێت چاك بکرێنـەوە، ئەمانـە دەبێت بـە حیکمەتـەوە، بـە وریاییـەوە مامەڵـەیان لەگەڵدا بکرێـت و بەبـەردەوامیش ڕێـز لـە مافـەکانی مـرۆڤ بگیرێـت و ڕۆڵـی یاسـاش ڕەچـاو بکرێـت، تـەنها ئەمانـە دووبارەنەبوونەوەی هەڵەکان و نەهامەتییەکانی ڕابردوو زامن دەکەن.

دڵنیـام لـەوەی کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و ئـەم ئەنجومەنـە بـە تێڕوانینێکـی سیاسـییانەو بـە عەزیمەتـەوە ئاواتەکانتان بهێننەدی و لەگەڵ شەریکەکانتاندا بـەردی بناغـەی عێراقێکـی نـوێی ئاشـتی و فرەیـی و خۆشگوزەران، کـە تیایدا هەمەڕەنگی و یەکپارچەیی دووانەیەك بـن، یـەکتر بـەهێزو تۆکمـە بکـەن. ئـەم هەمەرەنگییـە ئاسایییەی گـەلانی ناوچەکە، کە پێکهاتووە لە کورد، عەرەب، تەرکمان، ئاشوری و خەڵکانی تر، سامانێکی نیشتمانیی لـە بـن نـەهاتوون، هـەر بۆیە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەلێکی مێژوویی بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە قۆناغی نوێ لە عێراقدا قۆناغێك دەبێت کـە پرەنسیبە و بـە بەشدارییەکی کاریگەرانـەی تێکـڕای دامـەزراوەکان و جیاوازییـەکان بـە شـێوەیەکی تونـد، بـەڵام مەسـئولانە کێشەمەکێشـان لەسـەر بکرێـت ولـە بـەردەم رای گشـتیداو سـەرکردە سیاسـییەکان لـە ئاسـت دەنگدەرەکانیاندا بن. ئێوە ئەو هەلەتان بۆ ڕەخساوە و ئەو توانەیەتان هەیە و دەتوانم بڵێم ئـەو پابەندبوونـەتان هەیـە بۆ ئەوەی ببن بە مەشخەڵی ئومێدێك، ببن بە نموونەیەك بۆ باقی عێراق، نەتـەوە یـەکگرتووەکان هـەوڵی تـەواوی دا بـۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجومـەنی پارێزگاکـان سـەرکەوتن بەدەسـتبهێنن، حاڵی حازریش نەتە وە یەکگرتووەکان دووبارە ئامادەبوونی خۆی دووپـات دەکاتـەوە لـە هـەرێمی کوردسـتاندا دوابـەدوای کردنەوەی ئۆفیسی خۆی لەشاری هەولێر، ئەم شارە جوانەی کە ئێمە تێیدا کۆبووینەتەوە.

نەتـەوە یـەکگرتووەکان دەڕوانێتـە جێبـەجێکردنی بەرنامـەکانی مرۆیـی و مافـەکانی مـرۆڤ و پەرەپێـدانی مرۆیـی، کـە حکومـەتی ئێـرەو حکومـەتی بەغـداد تەئکیـدیان لەسـەردەکەنەوە، وەکـو پێویسـتییەکی هەنووکـەیی. (UNAMI) لـە رادەبەدەر سوپاسگوزاریی ئـەو پشـتیوانی و هاوئاهەنگییـە بەردەوامـەی سـەرکردایەتیی هـەرێمی کوردسـتان و بەتایبـەتی جـەنابی بـەڕێزان سـەرۆك تاڵـەبانی و سـەرۆك بـارزانی دەکـەم، حەزدەکـەم ئـەوەتان پێڕابگەیـەنم و بەدڵنیاییشـەوە کـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـەردەوام دەبێـت لـە پابەنـدبوونی خـۆی لـە یارمەتیـدانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا، لە پێناو خەڵکی ئەم ناوچەیەدا. لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ دکتۆر اشرف قازی نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وتارە بـە نرخەکـەی، دڵنیاشـم کـە لە ماوەیەکی کورتدا ئینشائەڵلا کوردیەکەش فێر دەبێ، دیارە عەرەبیش دەزانێ و زیرەکە، سـەرکەوتووە ئینشـائەڵلا، داوا لە ڕێزدار ئان بودینا نوێنەری سەفارەتی ئەمریکا دەکەین وتارەکەی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئان بودینا/ نوێنەری سەفارەتی ئەمرکیا:**

جەنابی بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق.

جەنابی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەڕێز حاجم ئەلحەسەنی.

جێی شانازییە کە من ئەمڕۆ لێرەدام، پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە مێژووییە دەکەم، بەناوی گەلی ئەمریکا و حکومەتی ئـەمریکا گەرمترین پیرۆزباییتان پێدەگەیەنم بۆ هەوڵ و تەقەلاو تێکۆشانی گەلی کورد و کوردسـتان و هـەموو عێـراق. لەکاتێکـدا کە ئێوە کۆبوونەتـەوە لـە ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتاندا، کـە دەرئـەنجامی ئـەو هەڵبژاردنـە مێژووییـەی سـەرەتای ئەمسـاڵن، دڵنیـام لـەوەی کەئـەم دیموکراسـییانە بونیادبنێـت کـە (15) سـاڵە ڕەگـی داکوتـاوە لـە کوردسـتاندا. ئـەمڕۆ بـە هانگاوێکی بەرچاو دادەنرێت لەدوورکەوتنەوە لە دیکتاتۆرییەت و زۆرداری و تاریکی و دڕەنـدەیی ڕژێمـی سـەدام حسێن، ئەمـەش دەرئـەنجامی ئـەو تێکۆشـانە سـەختە و نەهامەتییـە دوورو درێـژەی گـەلی کـوردە و شـانازی و ئازایـەتیی چـەند

دههيه كه هەمووومان له يادمانه, ژمارەكان به تەنها ناتوانن گوزارشت لەبەسەرهاتەكه بكەن, بەلاّم بيرمان دەهەژێنێت نزيكەی (200) هەزار كەس گيانيان لەدەستدا.

نزيكەی (5) هەزار گوند وێرانكران, هەر هەمووتان ئازارێكی ئێجگار زۆرتان چێشت, كه بەخەياڵی كەسدا نايەت, كه ئێمه رێزيان لێدەگرين, دەشزانم كه قوربانييەكان دەبنه رێگەنيشاندەری كارنامەی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستان, هەروەها دەمەوێت قوربانييەكانی هێزەكانی هاوپەمانان و هێزەكانی عێراق له ئەمرۆدا به بيربهێنمەوە, كه بوێرانه بەرگری لەو عێراقييانه دەكەن كه پەرۆشی ئاشتين, بۆ ئەوەی له دژی تيرۆردا بووەستن تاوەكو سەركەوتن بەدەستبهێنن, ويلايەته يەكگرتووەكانی ئەمريكا بەردەوام دەبێت له پشتيوانيكردنتان بۆ هێنانەدیی عێراقێكی ديموكراتی فيدرالی يەكگرتوويی پلوورال.

دووباره پيرۆزبايی ئەو دەستكەوتەتان لێدەكەم لەم قۆناغه چارەنووسسازەداو ئەمەش نيشانەی پابەندبوونتانه بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی بەهێزی يەكگرتوو, كه پێوەری نوێ بهێنێته ئاراوە بۆ ديموكراسی و ئاشتی لەناوچەكەدا. دەزانم كەئێوه به تەواوی ئەم پارتانەوە سەركەوتوودەبن له بەغدا له دارشتنی دەستووری نوێدا, كه تيايدا رەچاوی تەواوی مافەكانی هاووڵاتيان بكات به يەكسانی, هەروەها دەزانم كه ئەركی پاراستنی ئاشتی و ديموكراسی ئەركێكی سەخت و دژواره, بەلاّم داواكارم كه خوا پشتيوانتان بێت, زۆر سوپاس و لەگەڵ رێزدا.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ رێزدار ئان بودينا نوێنەری سەفارەتی ئەمريكا, حەقی خۆيەتی به ناوی پەرلەمانی كوردستانەوە جارێكی تر سوپاسی وڵاته يەكگرتووەكانی ئەمريكا و بەريتانيا و هەموو ئەو دەوڵەتانەی كه هاوكاريان كردين له روخاندنی رژێمی دكتاتۆری فاشی بەغدا, چونكه بێ ئەو هاوكاريه زۆر زەحمەت بوو, لەوانەيه هەر ئيمكان نەبوو ئەو رژێمه درندەيه له ناو بچێت, و جێی خۆيەتی سوپاسيان بكەين, سوپاسی هەموو لايەك بكەين كه هاوكاری گەلی عێراق و كوردستانيان كردووە له ماوەی رابردوو تا گەيشتونەته ئەمرۆ, ئێستاش داوا له ئاغای پەنايی دەكەين نوێنەری جمهوری ئيسلامی ئێران بۆ پەخش كردنی وتارەكەی.

**بەرێز ئاغای پەناهی/ نوێنەری جمهوری ئيسلامی ئێران:**

بەناوی خوای گەورە و ميهرەبان.

سەرۆكايەتی بەرێز

پەرلەمانتارانی ئازيز.

لەلايەن كۆماری ئيسلامی ئێرانەوە, وێرای رێزگرتن و پشتيوانيكردن له هەڵبژاردنەكانی ئەو دوايانەی عێراق, يەكەم كۆبوونەوەی پەرلەمان و دەستنيشانكردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەگەلی بەشەرەفی عێراق بەتايبەت برا كورده موسڵمانەكان پيرۆزبايی دەكەين.

كۆماری ئيسلامی ئێران شانازی بەوەوە دەكات كه هاوسەنگەرانی دوێنێ, دەسەڵاتداران وكاربەدەستانی ئەمرۆی عێراق دۆست و برادەری ئێمەن. هەر ئەوان بوون كه ديكتاتۆرييەتی چەند ساڵەی رابردوويان لەناوبردو پێيان ناوەته ناو قۆناغی ئەزموونی دەسەڵاتداری جەماوەريی. جارێكی تر پشتيوانی كۆماری ئيسلامی لەگەل و رێبەرانی كوردستانی عێراق كه هەميشه خوازياری پەيوەندی ئيجابی و سەقامگيربوونی ئاسايش و كۆنترۆڵی سنووره هاوبەشەكان لەگەڵ وڵاته دراوسێكانيان دووپات دەكەينەوە, لەگەڵ رێزدا.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئاغای پەناهی بۆ وتاره به نرخەكەی, سوپاس بۆ جمهوری ئيسلامی ئێران كه ساڵەها ساڵ هاوكاری گەلی كوردستانی كردووە, دەرگاكانی كراوه بووە و له رۆژانی سەختدا له رۆژانی هێرشه درندەكانی رژێمی بەعس هاوكاری گەلی كوردستانی كردووە و ئەو هاوكاريه هەميشه سوودمەند بووە و بۆ ئايندەی عێراقيش بۆ دروست كردنی عێراقێكی تازه, عێراقێكی ديموكراتی فيدراڵ, عێراقێكی پێش روون و عێراقێكی بێ مەترسی, هەميشه پێويستيمان به هاوكاری

جمهوری ئیسلامی ئێران هەیە, ئومێد دەکەین ئەو هاوکاریە هەر بەردەوام بێ و سەرکەوتووبن, لە کۆتاییدا وتاری بەڕێز جەنابی کاک مسعود سەرۆکی هەرێمی چاوەڕوان کراو ئینشائەللا لەم چەند ڕۆژانە, با بفەرمێ.

**بەڕێز مسعود بارزانی:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.

برای بەڕێز جەنابی مام جەلال سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ.

برای بەڕێز جەنابی د. حاجم ئەلحەسەنی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقی فیدراڵ.

میوانە بەڕێزەکان, خوشك و برایانی خۆشەویست.

زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەمڕۆ لەم ڕۆژە خۆشەدا بەشداریتان دەکەم, کە جارێکی تر مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە (13) ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار گەلی کوردستان کە دەرفەتی بۆ هەڵکەوت یەکەم بناغەی دامەزراوێکی دیموکراتی دانا, کە ئەویش پەرلەمانی کوردستان بوو, ئەمڕۆش لە هەمان ڕۆژدا دوای 13 ساڵ ئەو ڕۆژە خۆشە دووبارە دەبێتەوە, ئومێدەوارین گەلی کوردستان و گەلانی عێراق بە گشتی هەر چاوەڕوانی ڕۆژانی واگەش و خۆش بێت.

ڕۆژانی وا خۆش هەموو کەس هەستی پێدەکەن و مافی خۆیانە, بەڵام بێگومان ئەوانەی زیاتر هەستی پێدەکەن, ئەوانەن کە ڕەنجیان کێشاوە, خوێنیان داوە, ئەو پێشمەرگانەن کە ساڵەهای ساڵ بە شاخەوە بوون بۆ ئەوەی ڕۆژێکی وا بۆ گەلەکەیان دابین بکەن و لە سایەی خوێنی ئەو شەهیدانەیە و ڕەنجی ئەو پێشمەرگانەیە و خۆڕاگری گەلەکەمانە بە گشتی گەیشتینە ئەمڕۆ, لە کاتێکدا کە حکوومەتی مەرکەزی بەغدا ئەو تێکۆشەرانەی گەلەکەمانی بە ڕێگر وبە عصابە بە تێکەدەر دادەنا, ئەمڕۆ هەر ئەوانەن کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دامەزراندنی عێراقی فیدراڵی دیموکراتدا, هەروەها بۆ یەکەمجارە لە مێژووی عێراقدا کوردێك دەبێتە سەرۆکی کۆماری عێراق, ئەمە بۆ خۆی دەسکەوتێکی گەورەیە, هەم بۆ گەلی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی بۆ گەلی کوردیش.

برادەران هەموو قسەیان کرد, من نامەوێ زۆر درێژە بە قسەکانم بدەم, بەڵام دەمەوێ تەئکید لەسەر چەند خاڵێك بکەمەوە, کە سەروەرییە بۆ ئێمە وەکو کورد, هیچ کاتێك سەرمان بۆ دیکتاتۆریەت دانەنواند, بەردەوام بووین لە خەباتی خۆمان, ئینجا چ لەشاخ بوو بین, یا بەهەر شێوەیەك بووبێت, بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکیمان بینیوە بۆ کورد لە بەرگری کردن لەمافە ڕەواکانمان, هەروەها گەلی کورد ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی, هەروەها ئەمڕۆش ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە دامەزراندنی عێراقی فیدراڵی دیموکرات و فرە حزبیدا, ئەو هەنگاوە گرنگەی ئێستا لەپێشمانە, دانانی دەستووری هەمیشەییە بۆ عێراق, من دڵنیام کە لەوەشدا گەلی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ تەئکیدیش لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەو دستوورە دەبێ بە تەوافق بێت دەبێ هیچ لایەك پەراوێز نەکرێ, دەبێ دستوورێك بێت ئەرك و مافی هەموو لایەك دەسنیشان بکات, نابێ بە هیچ شێوەیەك لایەنێك خۆی بسەپێنێ بەسەر لایەنێکی تردا.

ڕاستە دواکەوتنی پەرلەمان نیگەرانییەکی دروست کرد, بەڵام من بەیادی زۆر لەو بەڕێزانە دێنمەوە, چەند ساڵێك پێش ئێستا هەر لەو پەرلەمانە گوتم, ئەگەر بارودۆخەکەمان گەیشتە ئەوەی بەرژەوەندی نەتەوەییمان بکەوێتە مەترسیەوە یا دەرفەتێك بۆ گەلەکەمان بێتە پێش, ئەو کاتە هیچ بەرژەوەندییەکی تر قیمەتی نابێ تەنها بەرژەوەندی گەلەکەمان, ئێستاش من دووبارەی دەکەمەوە کە ئەلحەمدولیلا ئێمە قۆناغێکی زۆرمان بڕیوە, ئێمە زۆر تەبایین بەتایەتی پارتی و یەکێتی و هەموو حزبەکانی تر, هەموو هەست بە مەسئولیەتێکی بەرز دەکەین, چونکە نابێ جارێکی تر ئەم دەرفەتە لەدەست بدرێت, من دڵنیاتان دەکەمەوە, کە هیچ کاتێك ناهێڵین دڵی دوژمنانی کورد و کوردستان خۆش ببێت, ئەمەش بەراستی دیموکراسییە, لەوانەیە هەندێك جار گیروگرفت بێتە پێش, بەڵام ئەنجامەکە شەرتە, ئەمڕۆ شەرتە, ئەمڕۆ کە ئێمە لێرە دانیشتووین ئەمە وەڵامە بۆ هەموو ئەو تەحلیلات و بۆ هەموو ئەو خەونانەی کە خەڵکێکی تر دەیدیت, کارەسات ئەو کاتەیە کە تۆ لەسەر هەڵە بەردەوام ببیت یا هەقیقەت نەبینی, بەڵام کاتێك کە گیروگرفت هاتە پێش, وەختێ کە تۆ چارەسەریت بۆ دۆزیەوە و هەوڵی ئەوەت دا کە چارەسەری بکەیت و ڕێگەی ڕاست بدۆزیەوە, من پێم وایە

ئەمەیە سەروەری و ئەمەیە شانازی, ئەلحەمدولیلا پێم وایە هەمووومان گەیشتووینەتە ئەو قۆناغە کە خێر و شەڕی خۆمان بزانین و بزانین بەرژەوەندی نەتەوەکەمان لە کوێیە.

جارێکی تریش من زۆر زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەرێزانە دەکەم کە تەشریفیان هێناوە و پیرۆزباییەکی گەرمیش لە کاك عەدنان مفتی و کاك د. کمال و کاك فرست دەکەم, هەروەها پیرۆزباییەکی گەرم لە هەموو خوشك و برایانی بەرێز ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم, ئەمڕۆ فرسەتە بۆ ئێوە, گلەیی لە هیچ کەسێك نەکەن, ڕۆڵی خۆتان ببینن و بەراست بڵێن راست و بە خواریش بڵێن خوار, ئێمە لە مەودوا گلەییتان لێدەکەین ئەگەر ڕۆڵی خۆتان نەدیت.

جارێکی تر داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و سلاویش دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان و زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو وتارە بە سۆز و بەنرخەکەی جەنابی کاك مسعود, ئینشائەڵلا لە ئاستی ئەو مەسئولیەتەو ئەو رێز لێنانە دەبین, کە گەلەکەمان پێی داوین, دەتوانین لە داهاتوودا بە بڕیاری تەواو هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی یەکگرتوو دەکەین کە ئەویش ئومێد دەکەین بەم زووانە ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان لەسەر بنەمایەکی یاسایی بینات بنێین, بنەماکانی دیموکراسی بچەسپێنی لەناو خەڵکدا, هەموو ئامانجەکانمان لە کۆتاییدا بە مەنفەعەتی هاوڵاتی بگەڕێتەوە ئەمەش بە هاوکاری هەرسێ دەسەڵات دەکرێت بە پشتگیری جەنابی کاك مسعود کە سەرۆکی هەرێم دەبێت و مەسئولیەتی گەورەتر دەبێت لە ئێستا, ئێستا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە, ئەوسا سەرۆکی هەموو هەرێم دەبێت, لەبەر ئەوە هەموو حزبەکان روو لەو دەکەن بۆ چارەسەری کێشەکان, هەموومان پێکەوە هاوکار دەبین ئینشائەڵلا بۆ ئەوەی گیانی برایەتی و تەبایی بچەسپێت و مافەکانی گەلەکەمان بێتە دی و خەڵك بەختەوەر بێت و ژیانێکی باشتر بێت, هەر سەرکەوتوو بن و بەیانی سەعات یازدە ئەندامانی کە سوێندیان خواردووە ئامادە بن بۆ ئەوەی لیژنەکان دەست نیشان بکرێن و لە پێش هەموو شتێکەوە ئەو پرۆژەیەی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دانراوە ئەنجام بدرێت و ئینشائەڵلا لە دانیشتنێکی تایبەتدا لەم نزیکانە دادەنرێت بۆ ئەوەی مەراسیمی سوێند خواردن و هەڵبژاردنی جەنابی کاك مسعود وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت و زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**یەك شەممە رێكەوتی 2005/6/5**

**خولی دووەم**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2005/6/5

كاتژمێر (12,45)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2005/6/5 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(1)ی خولی دووەمی هەڵبژارن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (12,45)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2005/6/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1-پێكهێنانی لیژنە هەمیشەییەكانی ئەنجومەن.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای سەرۆكی هەرێمی كوردستانی – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

كۆبوونەوەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێ دەكەین, بەپێی حوكمەكانی بڕگە(1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراو ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (12,45)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2005/6/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1-پێكهێنانی لیژنە هەمیشەییەكانی ئەنجومەن.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای سەرۆكی هەرێمی كوردستانی – عێراق.

واتا بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لەو دوو خاڵە پێك هاتووە: پێكهێنانی لیژنە هەمیشەییەكانی ئەنجومەن.

دیارە بەپێی بەرنامەی ئەنجومەنی نیشتمانیی, كە كاری دەست پێ دەكات, پێویستە چەندین لیژنە پێك بێت, ڕەنگە ئەمڕۆ مەجال نەبێت هەموو لیژنەكان پێك بێنین, چونكە پێویستی بەوە هەیە, ئەو ئیستیمارەی دوێنێ دابەش كرا بوو, هەر یەكە لیستی خۆی, ئیختیصاصی خۆی چیە؟ ناوی خۆی بنووسێت و, ئەو لیژنەیە هەڵبژێرێت, كە دەیەوێ كاری تیا بكات, لە پاشاندا سەرۆكایەتی ئەنجومەن چی بە بەرژەوەند بزانێت هەڵیدەبژێرێت, ڕەنگە ئەمڕۆ تەنیا بتوانین لیژنەی یاسایی دەست نیشان بكەین, بۆ ئەو لیژنەیە پاش ڕاوێژ كردن, ئەم برادەرانە دەست نیشان كراون, ئەگەر لە لایەن ئێوە پەسند كرا, بۆ ئەوەی دەست بەكار بین, واتا لیژنەی كاروباری یاسایی پێشنیار كراوە, لەم برادەرانە پێك دێت:

1-كاك شێروان حەیدەری.

2-كاك طارق جامباز.

3-كاك د. نوری تاڵەبانی.

4-كاك عەبدولكەریم ئەبو بەكر.

5-كاك عەونی بەزاز.

6-كاك قادر سەعید.

7-كاك دلێر محەمەد شەریف.

8-كاك كەریم بەحری.

9-كاك محەمەد صالح ئیبراهیم.

10-كاك خەلیل ئیبراهیم محەمەد.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەم لیژنەیە بەو ناوانە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە, کاک شێروان قسەت هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من پێویستە یەکە یەکە بدرێتە دەنگدان, نازانم بە قائیمە بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەشکیلی لیژنە, دەکرێت یەکە یەکە بدرێتە دەنگ و, دەکرێت هەر هەموویان بە یەکەوە بنووسرێت, لەبەر ئەوەی ئێمە لە نێوان خۆمان باسمان کرد بوو, لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە لە پێشماندا هەبوو, بە رەچاو کردنی مەسەلەکانی هەم شارەزایی, هەم ئیختیصاص, هەم بەرژەوەندی خۆمان, لێهاتوویيان, ئێمە پێمان وا بوو ئەو دە ناوە هەم ئیختیاری خۆیانە, هەم ئیختیصاصیانە, هەمیش سەرۆکایەتی پێی رازی بووە, لەبەر ئەوە دەکرێتن یەکە یەکە بخرێتە دەنگدان و, دەکرێتن هەمووی پێکەوە بخرێتە دەنگدان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو کەسانەی دیاری کراون, دوو برگە ببێت, یەکێکیان کێی تر خۆی تەرشیح دەکات, ئەگەر نییە, ئەوانە هەڵسنە سەر پێ, ئەمانەنن کە خۆیان هەڵبژاردووە, بۆ ئەوەی ببینرێن کێن؟ بۆ ئەوەی دەنگیان بۆ بدرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیزامی داخیلی زۆر وازیحە, بەداخەوە مەفروز بوو تەوزیع کرا بوایە سەر ئەندامان, جاری یەکەم ئەندامان ئیختیصاصی خۆی و رەغبەتی خۆی بەیان دەکات, بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنیش هەیە بەرژەوەندی گشتی بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت, لیژنەکە عەرزی دەنگدان دەکرێتن, ئەگەر هاتوو پەرلەمان موافیق نەبوو لەسەری, ئەو وەختە ئینتیخاب دەکرێتن, ئەو وەختە یەکە بە یەکە, چ بە دەنگدان بێت, چ بە تەصویت بێتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم هەیە بۆ خوێندنەوەی ناوەکان, بڕوانامەکانیان, یەعنی ئاستی پسپۆڕیان بخوێندرێتەوە, بۆ ئەوەی بزانین ئایا لەگەڵ لیژنەکە دەگونجێت, یان ناگونجێت, یەعنی ئەوەش لەگەڵ ناوەکان بخوێندرێتەوە چاکە, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

تکایە ئەوەی قسە دەکات, ناوی خۆی بڵێت, بۆ ئەوەی لە مەحزەردا کە تەسجیل دەبێت بەناوی خۆی قسەکانی تۆمار بکرێتن, فەرموو.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەم لیژنانە, ئەگەر بکرێت برادەرێکی ئاشووری, یان تورکمانی تێدا بێت, بۆ ئەوەی لیژنەکە هەمەجۆر بێت, پێش وەختیش بۆ ئاگاداریتان هەموو ئاشووری و کلدانیەکان تاکو ئەمساڵانەی دوایی مافیان نەبوو بۆ ئەوەی بچنە کۆلیژی ماف و کۆلیژەکانی سەر بەم شتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ تێبینیەکانتان, ئەو تێبینیەی کە عەرز کرا, کە پێویستە بزانن ئەندامەکان کێنە؟ پێشنیارێکی بەجێیە, لەبەر ئەوە ئێستاکە ناوەکان دەخوێنمەوە, هەر یەکە لەو ناوانە پێویستە هەڵبستێت خۆی وەسف بکات, چی تەواو کردووە, بۆ ئەوەی هەموو بیناسن, بەنیسبەت تێبینیەکەی کاک رۆمیو حەقی خۆیەتی کلد و ئاشوور ئەوەش کێشەیەکە دەبێت حەللی بکەین, دەبێت تێدا بێتن, هەروەها تورکمانیش, بەڵام ئێمە رەچاومان کرد, بۆ لیژنەی یاسایی دەبێت

دەرچووی کۆلیژی یاسا بێت، لەبەر ئەوە ئەم ناوانە ئیتفاقمان لەسەر کرد، کە وەکو گوتمان ئیختیصاصیشی لەگەڵ بێت و، خیبرەشی تێدا بێت، رەئی سەرۆکایەتی لەسەر بێت، لەبەر رۆشنایی ئەو دوو سێ تێبینیە ئەو نۆ کەسەمان هەڵبژارد، ئینجا ئەگەر هەیە برادەرێکی تورکمان، یان کلد و ئاشوور بەو مواسەفاتە، ئێستاش دەکرێتن گۆڕانکاری بکرێتن، بۆ ئەوەی ئەم هەمەجۆرە من خۆم پێم وایە زەرووریيە، بەڵام بە مەرجێك ئیختیصاصی تێدا بێتن، ناکرێتن بۆ نموونە یەکێك دەرچووی کۆلیژی بازرگانی لەجیاتی لە لیژنەی دارایی دابنێین، بچین لە لیژنەی یاسایی دابنێین، ئەوا تەماشامان کردووە، جا لەبەر ئەوەی ئەگەر ئیجازە هەیە فەرموون، تێبینیەکی تایبەتی نییە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی نەصێك نییە، خۆی راستە باشە لازمە پسپۆڕ بێت، بەتایبەتی سەرۆکەکە ئەوە موهیمە، موقەڕەڕ موهیمە، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان هەموویان حەقیان هەیە لە هەر لیژنەیەك ببن، نەصێکی قانونی نییە بڵێت دەبێت ئەمە دەرچووی ئەوە بێت، من بۆ نموونە ناوم لە گروپی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانم دەرچووی کۆلیژی شەریعە بووم، قانون ماددەیەك بوو لە شەریعە و، هەتا پێشتر کە ئیختصاصت بنووسی بوایە، شەریعە و قانونیان دەنووسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شکریە خضر بیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم هەیە لەسەر ناوەکان ئەگەر زەحمەت نەبێ، بۆ ژنی تێدا نییە، لەوانەیە هەمان بێت دەرچووی یاسا بێت لێرە لە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئێمە (14) یان (16) لیژنەمان هەیە، ئەگەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان دابەش بکەین، دەبێت هەندێکیان لە دوو لیژنە دابن، تاوەکو بەش بکات، لەبەر ئەوە ئەمە کۆتایی دونیا نییە، بەس ئێمە پەلەمان لەو لیژنەیە بوو، کە پێشمان خست، لەبەر ئەوەی پرۆژەی یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێممان هەیە، دەمانەوێت پەلەی لێ بکەین، ئەگەر نا لیژنەی تر هەیە گرنگیەکیەی کەمتر نییە لە لیژنەی یاسایی، هەندێکی هەیە مومکینە هەریەکە بە گرنگتری بزانی، بۆیە هەموو ئەندامانی پەرلەمان مەجالیان هەیە لە لیژنەکاندا بەشداری بکەن، هەندێکیان دەتوانن لە دوو لیژنە بەشداری بکەن، هەروەها بە تەئکید هەر ئەندامێکی پەرلەمان حەقی خۆیەتی خۆی تەرشیح بکات بۆ هەر لیژنەیەك، ئەگەر کەسێك هەیە بۆ ئەم لیژنەیە خۆی تەرشیح بکات، با بیڵێتن، فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەو داواکاریە دەکەم، کەوا هەر ئەندامێکی پەرلەمان کە ئارەزووی ئەوەی هەیە، کە ببێت بە ئەندام لەو لیژنەیە، مافی خۆیەتی بە رەچاو کردنی ئەو مەرجانەی کەوا ئاماژەتان بۆ کرد، لەهەمان کاتیشدا پێم باشە خانمێکی تێدا بێت، بۆ ئەوەی هەندێ کاروبار هەیە، دەتوانێت لیژنەکە راوێژکاری لەگەڵدا بکات، کەسانی تریش ئەگەر هەن، با ناوی خۆیان بنووسن و بفەرموون، پاشان دەنگدانی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسێك هەیە خۆی تەرشیح بکات بۆ ئەم لیژنەیە، بەڵام دەرچووی یاسا بێت.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ساڵی 1999 کۆلیژی مافم تەواو کردووە، پاریش ماستەرم تەواو کردووە لە یاسا، ئێستاش هەر قوتابی دکتۆرام هەر لە یاسا لە فەرەنسا، جا من زۆر حەز دەکەم بەپێی پسپۆڕ و بەپێی ئیختصاص و حەز و ئارەزووە، منیش زۆر زۆر حەز دەکەم لە لیژنەی یاسا بم، دەمێنێتەوە سەر خۆشتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم باشە ئەو ناوانەی کە خوێندمانەوە, دەیخوێنمەوە هەر یەکە پێناسەی خۆی بکات, ئیختصاصی چییە؟ خیبرەی چییە؟ کاری چی کردووە؟ بۆ ئەوەی ئاشناییك هەبێتن, برا گیان خاڵی موناقەشەمان داخست, بەلاَم ئەگەر خاڵی نیزامی بێت قەیدی ناکات, فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا من پێم باشە یەکێکی تری تێدا بێت دەرچووی کۆلیژی شەریعە بێت, خەبیر بێت لە بواری ئایین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان حەیدەری فەرموو خۆت بناسێنە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شێروان ناصح حەیدەری لە ساڵی 1968 کۆلیژی یاسام تەواو کردووەو, لەماوەی دەورەی پێشتر ئەندام بوومە لە لیژنەی یاسای پەرلەمان, هەتا گەیشتوومە سەرۆکی لیژنەی یاسای پەرلەمان, بەجێم نەهێشتووە هەتا ئەمڕۆ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز کاك طارق جامباز.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوم طارق محەمەد سەعید جامباز دەرچووی یاسام, بکالۆریۆسم لە یاسا هەیەو, بە دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەم دەربارەی یاسا چاپ کردووە, لە لیژنەی یاسا بووم لە دەورەی یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز کاك دکتۆر نوری تاڵەبانی.

**بەڕێزد. نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوم دکتۆر نوری جەمیل تاڵەبانی لە ساڵی 1958 کۆلیژی مافم تەواو کردووە لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی 1968 کۆلیژی یاسام تەواو کردووە لە زانکۆی پاریس, چواردە ساڵ مامۆستا بووم لە زانکۆکانی بەسرە و بەغدا و سلێمانی, لە ساڵی 1982 ڕژێمی بەعس خانەنیشینی کردم, لەم ماوەیەدا بەتواناوە دەتوانم بڵێم بەشداریم کردووە لە نووسین و ئامادە کردنی گەلێك بابەتی یاسایی, لەوانە پرۆژەی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992دا, جگە لە کۆمەڵێك کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوەی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز عەبدولکەریم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى (مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوم عەبدولکەریم ئەبو بەکر هەمەوەندە, دەرچووی یاسام, حاکم بوومە, دوایێ بەڕێوەبەری دادی گشتی بوومە لە وەزارەتی داد, ماوەی دە بیست ساڵیش پارێزەرایەتیم کردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز کاك قادر.

**بەڕێز قادر سعيد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوم قادر سەعید, دەرچووی کۆلیژی یاسام لە ساڵی 1990 – 1991, لە ساڵی 1997 ئەندامی سەرکردایەتیمە لە کۆمەڵەی ئیسلامی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز کاک دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوم دلێر محەمەد شەریف, دەرچووی کۆلیژی یاسام, پێشمەرگە بوومە و, ئێستاش ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی کوردستانم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز کاک عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرچووی کۆلیژی یاسام لە ساڵی 1972, لە ڕۆژی دەرچوونمەوە لە پیشەی پارێزەراتی ئیشم کردووە هەتا دامەزراوم لە دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان بە دادوەر، نامیلکەکانی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانم ئامادە کردو و هەتا ژمارە (9)، هەروەها ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری پارێزەرم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز کاک کەریم.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوم کەریم بەحری برادۆستیە, دەرچووی کۆلیژی یاسام لە ساڵی 1979 – 1980, (25) ساڵ پارێزەرایەتیم کردووە بەبێ پچڕانەوە, ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بوومە لە ساڵی 1992 تا ساڵی 2001, هەروەها بەشداریم کردووە لە داڕشتنی یاسای پارێزەرایەتی لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان, بەلاّم وا دیارە ئەندامانی پەرلەمان پێیان خۆشە خانمێکیش بەشداری بکات لەو لیژنەیە, من لەبەر خاتوو خەمان خان دەست دەکێشمەوە, با ئەو لەجیاتی من بێتە ناو ئەو لیژنەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز کاک خەلیل.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوم خەلیل ئیبراهیم محەمەد, دەرچووی کۆلیژی شەریعەو دیراساتی ئیسلامیم لە بەغدا لە ساڵی 1989, یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆلیژی شەریعەم لە دهۆك و دوو ساڵ دەرسم گوتۆتەوە, دوایێ وازم هێناوە لەبەر ئیشی حزبی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز خاتوو خەمان خان.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوم خەمان زرار, لە ساڵی 1999 کۆلیژی مافم تەواو کردووە, لە ساڵی 2004یشدا ماستەرم لە یاسا لە فەرەنسا تەواو کردووە, ئێستاش هەر قوتابی دکتۆرام, بەڵام کاک کەریم من نامەوێ شوێنی تۆ بگرمەوە, زۆر سوپاس بۆ ئەم پێشنیارە جوانەت, بەڵام پێم وایە تۆ زۆر زیاتر کەفوئتر و زۆر خیبرەت زیاترە لە من, ئەگەر بکرێت بە هەر حاڵ لەم دە کەسە یەعنی شتێك نییە فەرز کرا بێت بەسەرمان, ئەمە پێشنیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان بوو, ئەوەی تر دەمێنێتەوە سەر ئەندامانی پەرلەمان دەنگ دەدەن بەکێ دەنگ دەدەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەیەکی زۆر دیموکراتیە, یەکێك جێگای خۆی چۆڵ بکات بۆ یەکێکی تر, لەبەر ئەوەی کە کاک کەریم جێگای خۆی چۆڵ دەکات بۆ تۆ, هەم بە گیانێکی دیموکراتیەوە, هەم بە هەستەوە لەسەر ویستی خەڵکەکە دوو سێ تێبینی درا, کە دەبێت خاتوونێکی تێدا بێت, ئینجا ئەوە هەندێ شت هەیە تەبیعەت دروستی کردووە, ئەوە بەدەستی ئێمە نییە, بە تەنیا ژناتی نییە, پرسیمان بزانین شهادەت هەیە یان نا؟ دەرچووی یاسای یان نا؟ یەعنی ئەو جانبەشی هەیە, لەبەر ئەوە دە ناوەکە جارێکی تر دەخوێنمەوە, بۆ ئەوەی بە کۆی دەنگ وەربگیرێت:

1 - کاک شێروان حەیدەری.
2 - کاک طارق جامباز.
3 - کاک د. نوری تاڵەبانی.
4 - کاک عەبدولکەریم ئەبو بەکر.
5 - کاک عەونی بەزاز.
6 - کاک قادر سەعید.
7 - کاک دلێر محەمەد شەریف.
8 - کاک محەمەد صالح ئیسماعیل.
9 - کاک خەلیل ئیبراهیم محەمەد.
10 - خاتوو خەمان زرار.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە موافیقن لەسەر ئەم ناوانە دەستیان بەرز بکەنەوە, زۆر سوپاس, ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە دژی ئەو ناوانەنن, زۆر سوپاس, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس.

داوا لە کاک شێروان دەکەم کە بێت بۆ سەر سەکۆیەکە بۆ خوێندنەوەی ئەو پرۆژەیەی کە دانراوە تا موناقەشەی بکەین, بۆ خوێندنەوەی ئەو پرۆژەیە با بفەرمووێت, هەمووتان نوسخەتان وەرگرتووە وابزانم, ئەو پرۆژەیەی کە کاک شێروان دەخوێنێتەوە لە لایەن دە ئەندامی پەرلەمان پێشکەشی ئەم کۆبوونەوەیە کراوە, بۆ موناقەشە, ئێستاکە پاش ئەوەی کە دەخوێندرێتەوە دەدرێت بە لیژنەی یاسایی, بۆ ئەوەی ئەویش کۆبوونەوەی لەسەر بکات و چی پێویستە چارەسەری بکات و, پاشان لە کۆبوونەوەیەکی تر موناقەشەی تێدا بکرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی داوای ئەندامانتان بۆ دەخوێنمەوە, سەبارەت بە پرۆژەی یاسای سەرۆکی هەرێم.

**بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**ب/ پرۆژەی یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

هاوپێچ لەگەڵ داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان, ئەوانەی لە خوارەوە ئیمزایان کردووە, پرۆژەی یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراقتان پێشکەش دەکەین, تکامان وایە بخرێتە بەر دەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان, بۆ گفتوگۆ و بڕیاردان لەسەری.

لەگەڵ ڕێزماندا

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ئیمزایان کردووە:

1 - د. ناصح غفور رمضان.
2 - شکری نێرۆیی.
3 - احسان عبدالله قاسم.
4 - خورشید شێرە.
5 - ملا سعدالدین ملا عبدالله.
6 - ڤیان سلێمان حاجی.
7 - سەردار سەباح بۆزۆ.
8 - جەمیل محەمەد عوسمان.
9 - شێردڵ عبدالله حەوێزی.
10 -موحسن عەلی ئەکبەر.
11 -رەشاد ئەحمەد.
12 -محەمەد حەکیم جەبار.

ئێستاش دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القرار:**
**تاريخ القرار:**

استناداً لأحكام الفقرة (1) من المادة (56) من القانون رقم (1) لسنة 1992المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ// تشريع مايلي:

**قانون رقم ( )لسنة**

**قانون رئاسة اقليم كوردستان-العراق**

**الفصل الأول**

**أحكام عامة**

**المادة الأولى:**

يكون لاقليم كوردستان-العراق رئيس يسمى (رئيس اقليم كوردستان)وهو الرئيس الأعلى للسلطة التنفيذية في الاقليم.

**المادة الثانية:**

ينتخب مواطنوا كوردستان-العراق بالاقتراع العام السري المباشر رئيساً للاقليم يمثلهم ويتحدث باسمهم على الصعيدين الداخلي والخارجي ويتولى التنسيق بين السلطات الاتحادية وسلطات الاقليم.

**المادة الثالثة:**

تكون ولاية رئيس الاقليم أربع سنوات ويجوز إعادة انتخابه لولايتين.

**المادة الرابعة:**

يجري الاقتراع لانتخاب رئيس الاقليم في موعد انتخاب المجلس الوطني لكوردستان-العراق على أن لا يتعارض مع حكم المادة الثالثة من هذا القانون ولا ينتقص من المدة المحددة لولايته.

**الفصل الثاني**

**شروط المرشح والناخب**

**المادة الخامسة:**

**يشترط في المرشح مايلي:**

**1-أن لا يقل عمره عن أربعين سنة عند الانتخاب.**

**2-أن يكون من مواطني كوردستان-العراق وساكناً فيها.**

**3-أن يكون متمتعاً بحقوقه المدنية والسياسية.**

**المادة السادسة:**

**يشترط في الناخب الشروط الواردة في قانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان-العراق رقم(1) لسنة 1992 المعدل.**

**الفصل الثالث**

**الترشيح والانتخاب**

**المادة السابعة:**

**1- يقدم طلب الترشيح الى الهيئة العليا المشرفة على انتخابات المجلس الوطني لكوردستان- العراق قبل موعدها بما لا يقل عن ثلاثين يوماً.**

**2- على الهيئة العليا البت في طلب الترشيح وإعلانه خلال مدة يومين من تاريخ تقديمه.**

**3- للمرشح حق الاعتراض على قرار الرفض أمام محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال سبعة أيام من تاريخ صدور القرار.**

**4- تصدر المحكمة قراراً باتاً في الاعتراض وتعلنه خلال مدة يومين من تاريخ تقديمه الى المحكمة ويعتبر المرشح مبلغاً من تاريخ صدوره.**

**5- تعلن الهيئة العليا أسماء المرشحين قبل موعد الانتخاب بما لا يقل عن خمسة عشر يوماً.**

**المادة الثامنة:**

**يعتبر فائزاً في الانتخابات من حاز على الاكثرية البسيطة من أصوات المقترعين.**

**الفصل الرابع**

مهام وصلاحيات رئيس الاقليم

**المادة التاسعة:**

**يؤدي رئيس الاقليم بعد انتخابه وقبل مباشرته مهامه اليمين التالية أمام المجلس الوطني لكوردستان العراق خلال مدة سبعة أيام من تاريخ انتخابه:**

**(( اقسم بالله العظيم بأن أحافظ على حقوق ومكتسبات ووحدة ومصالح مواطني كوردستان وأن أؤدي مهامي بصدق وإخلاص)).**

**المادة العاشرة:**

**يمارس رئيس الاقليم الاختصاصات والصلاحيات التالية:**

**أولاً: إصدار القوانين التي يسنها المجلس الوطني للاقليم خلال عشرة أيام من تاريخ سنها وله حق الاعتراض عليها كلياً أو جزئياً وإعادتها الى المجلس لإعادة النظر فيها ويكون قرار المجلس بشأنها نهائياً.**

**ثانياً: إصدار مرسوم بإجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني للاقليم في حالة حله أو انتهاء مدة دورته الانتخابية خلال خمسة عشر يوماً.**

**ثالثاً: إصدار مرسوم دعوة المجلس الوطني للاقليم الى دورة الانعقاد الأولى للدورة الانتخابية خلال (خمسة عشر يوماً) من تاريخ إعلان النتائج النهائية وفي حالة عدم صدور الدعوة إليه يجتمع المجلس تلقائياً في اليوم التالي من انتهاء المدة المذكورة.**

**رابعاً: حل المجلس الوطني لكوردستان- العراق بمرسوم في الحالات التالية:**

1-إذا استقال أكثر من نصف عدد أعضائه.

2-إذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده خلال خمسة وأربعين يوماً من تاريخ دعوته للانعقاد لدورته الانتخابية الأولى.

3-إذا لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء لثلاث مرات متتالية.

4-إذا تم تغيير النظام الانتخابي للمجلس وكانت المدة المتبقية لدورته الانتخابية ستة أشهر فأقل.

خامساً: إصدار قرارات لها قوة القانون بعد التشاور والاتفاق مع رئيس المجلس الوطني ومجلس الوزراء للاقليم وذلك عند تعرض اقليم كوردستان ونظامه السياسي أو الأمن العام فيه أو مؤسساته الدستورية لمخاطر داهمة تهدد كيانه وتعذر اجتماع المجلس الوطني على أن تعرض تلك القرارات على المجلس الوطني للاقليم عند أول اجتماع له فإن لم تعرض أو عرضت ولم يقرها المجلس زالت عنها الصفة القانونية.

سادساً: العفو الخاص عن المحكومين.

سابعاً: المصادقة على أحكام الإعدام أو تخفيفها الى السجن المؤبد.

ثامناً: إعلان حالة الطوارئ بموجب قانون خاص.

تاسعاً: دعوة مجلس الوزراء إلى الاجتماع بشكل اضطراري عند الاقتضاء ومناقشة المسائل المحددة التي يعقد الاجتماع من أجلها وترأسه هذا الاجتماع.

عاشراً: عدم السماح بإدخال قوات مسلحة اتحادية الى الاقليم عند الاقتضاء إلا بموافقة المجلس الوطني للاقليم.

حادي عشر: إصدار مرسوم باستقالة مجلس الوزراء أو الوزير عند سحب الثقة من أي منهما.

ثاني عشر: إصدار مرسوم بقبول استقالة مجلس الوزراء أو الوزير وتكليفهم للاستمرار بمهامهم لحين تشكيل الوزارة الجديدة.

ثالث عشر:تعيين أصحاب الدرجات الخاصة بناءا على ترشيح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء.

رابع عشر: تعيين الحكام ورئيس وأعضاء الادعاء العام بعد ترشيحهم من قبل مجلس قضاء الاقليم.

خامس عشر: منح الرتب العسكرية لضباط القوات المسلحة للاقليم وقوى الأمن الداخلي وطردهم وإحالتهم على التقاعد وفق القانون.

سادس عشر: منح الأوسمة والأنواط بموجب القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

يحدد راتب ومخصصات رئيس الاقليم بقانون.

**المادة الثانية عشرة:**

يكون لرئاسة الاقليم ديوان تعين تشكيلاته وواجباته بقانون.

**المادة الثالثة عشرة:**

1-رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات ثيَشمةرطة اقليم كوردستان- العراق.

2- يعيين رئيس الاقليم نائباً للقائد العام لقوات پێشمەرگە لاقليم كوردستان-العراق.

**المادة الرابعة عشرة:**

في حالة غياب رئيس الاقليم لأي سبب كان عن منصبه يحل محله رئيس السلطة التنفيذية.

**المادة الخامسة عشرة:**

إذا شغر منصب رئيس الاقليم لأي سبب كان يقوم بمهامه رئيس المجلس الوطني لكوردستان-العراق لحين انتخاب رئيس جديد خلال ستين يوماً من تاريخ شغور المنصب.

**المادة السادسة عشرة:**

تنهى مدة رئاسة رئيس الاقليم بقرار من المجلس الوطني لكوردستان- العراق في الحالات الآتية:

1-إذا طلب رئيس الاقليم بذلك.

2-عجزه القيام بمهام واجباته لأي سبب كان.

3-سحب الثقة منه بموافقة (4/3)من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق وباقتراع سري.

**أحكام انتقالية**

**المادة السابعة عشرة:**

يتم انتخاب رئيس الاقليم للولاية الأولى من قبل المجلس الوطني لكوردستان-العراق وبأغلبية أعضائه استثناءا من حكم المادة الثانية من هذا القانون.

**المادة الثامنة عشرة:**

على مجلس الوزراء وكافة الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة التاسعة عشرة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەو لیژنە یاسایەی كە دانراوە كۆ دەبنەوە لەنێوان خۆیاندا ئەو پرۆژەیەی كە لە پێشیانە موناقەشەی دەكەن, ئینشائەڵلاّ سبەینێ دانیشتنێك دەكەین كاتژمێر (11), پاش ئەوەی ئەوان صیغەی یاساییەكەی تەواو دەدەنێ لێرە دەخوێندرێتەوە جارێكی تر, ئینجا دەرگای موناقەشە دەكرێتەوە موناقەشە لەسەر ماددەكان دەكرێ, هەر ئەندامێك تێبینی هەیە و پێی گرنگە دەتوانێ بچێتە لای لیژنەی یاسایی, یان بە نووسینێك بنووسێت, بۆ ئەوەی بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ و خۆشم دوو خاڵم هەیەو دەتوانن لە موناقەشەش بەشداری بكەن, خاڵێكی تریش هەیە كە پەیوەندی بە دانیشتن هەیە, ئەندامانی پەرلەمان لە كوێ دادەنیشن, ئەو كۆبوونەوەیە حسێب نییە, هەرچی هاتووە لە كوێ دانیشتووە, ئەندامی پەرلەمان هەمووی وەك یەكن لە هەر كوێ دابنیشن لە پێشەوە, یان لە پشتەوە فەرقی نییە, دوو اسلوب هەیە, یان لەبەر رۆشنایی ناوەكانیان بە پیتی ئەبجەدی ناوی دەنووسرێ, یان بە پێی نیزامی داخیلی جێگاكان دابەش دەكرێت, گروپی فراكسیۆن, هێشتا ئەوەمان یەكلا نەكردۆتەوە, لەبەر ئەوە ئەو دانیشتنە دانیشتنێكی كاتییە, ئینشائەڵلاّ بە زووترین كات دەستنیشان دەكرێت بەناو, بە رەقەم هەریەك شوێنی خۆی دەزانێ, بەو شێوەیە دەڕۆین ئینشائەڵلاّ, كاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیازی ئەوە دەكەم كە ئەندامانی لیژنەی یاسایی سبەینێ كاتژمێر (9) دەست بە كۆبوونەوە بكەین, بەڵام بڕوا ناكەم لە ماوەی دوو كاتژمێردا ئەو كارە ئەنجام بدرێت, لەبەر ئەوە بڕوا ناكەم بۆ كاتژمێر (11) بتوانین ئەو كارە بخەینە بەر دەستی پەرلەمانەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوو كاتژمێر رەنگە كەم بێت, لەبەر ئەوە داوا دەكەم ئەمڕۆ ئەگەر رازی بن دابنیشن و دانیشتنێكی بۆ بكەن, سبەینێش دانیشتنێكی بۆ بكەن, دەتوانن دوای نان خواردنیش دەست پێ بكەن, چونكە بە حەقیقەت دەمانەوێ ئەو دانیشتنە كەمێك پەلەی لێبكەین و, ئەو بۆشایەی كە هەیە و بڕیار لەسەری دراوە, هەموومان زوو بەزوو تەواوی بكەین, ئێمەش ئیشی خۆمان دەكەین, چونكە چوار مانگ دوا كەوت, ئەندامانی بەڕێز دانیشتنی بەیانیمان لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ دەبێت, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** | **كوردستان – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)**

**دووشەممە رێکەوتی 2005/6/6**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)

## دوو شەممە رێكەوتی 2005/6/6

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2005/6/6ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله (كمال كركوكی) جێگری سەرۆكی ئەنجومەن و, بەڕێز فرست احمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردنی, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە(1)ی مادده(20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتی(11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2005/6/6دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای سەرۆكی هەرێمی كوردستانی- عیراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای پەخشندەو میهرەبان. بەناوی گەلی كوردستانی عێراقەوە. بەپێی حوكمەكانی بڕگە(1)ی مادده(20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی2005/6/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای سەرۆكی هەرێمی كوردستانی – عێراق.

تكایە سەرۆك و جێگر و موقەریری لیژنەی قانونی, كە دوێنی پێیان سپێردرا بوو, بێنە سەر مەنەصە, پرۆژەی یاساكە موناقەشە بكەن, فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەكەتان بۆ دەخوێنمەوە پاشان تەقریری لیژنەی قانونی دەخوێنرێتەوە پاشان دەست بە موناقەشەی ماددەكان دەكەین, مادده بە مادده.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

استنادا لاحكام الفقرة (1) من المادة(56) من القانون رقم(1) لسنة 1992 المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق, قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع ما يلي:

**قانون رقم( )لسنة**

**قانون رئاسة اقليم كوردستان- العراق**

**الفصل الاول**

**احكام عامة**

المادة الاولى:

يكون لاقليم كوردستان –العراق رئيس يسمى(رئيس اقليم كوردستان) وهو الرئيس الاعلى للسلطة التنفذية في الاقليم.

المادة الثانية: ينتخب مواطنوا كوردستان- العراق بالاقتراع العام السري المباشر رئيساً للإقليم يمثلهم ويتحدث باسمهم على الصعيدين الداخلي والخارجي ويتولى التنسيق بين السلطات الاتحادية وسلطات الإقليم.

المادة الثالثة:

تكون ولاية رئيس الإقليم أربع سنوات ويجوز إعادة انتخابه لولايتين.

المادة الرابعة:

يجري الاقتراع لانتخاب رئيس الإقليم في موعد انتخاب المجلس الوطني لكوردستان- العراق على ان لا يتعارض مع حكم المادة الثالثة من هذا القانون ولا ينتقص من المدة المحددة لولايته.

## الفصل الثاني

## شروط المرشح والناخب

المادة الخامسة:

يشترط في المرشح ما يلي:

1-أن لا يقل عمره عن أربعين سنة عند الانتخاب.

2-أن يكون من مواطني كوردستان –العراق وساكنا فيها.

3-أن يكون متمتعا بحقوقه المدنية والسياسية.

المادة السادسة:

يشترط في الناخب الشروط الواردة في قانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان- العراق رقم(1) لسنة 1992.

## الفصل الثالث

## الترشيح والانتخاب

المادة السابعة:

1-يقدم طلب الترشيح إلى الهيئة العليا المشرفة على انتخاب المجلس الوطني لكوردستان –العراق قبل موعدها بما لا يقل عن ثلاثين يوما.

2-على الهيئة العليا البت في طلب الترشيح وإعلانه خلال مدة يومين من تأريخ تقديمه.

3-للمرشح حق الاعتراض على قرار الرفض أمام محكمة تمييز إقليم كوردستان خلال سبعة أيام من تأريخ صدور القرار.

4-تصدر المحكمة قراراً باتاً في الاعتراض وتعلنه خلال مدة يومين من تأريخ تقديمه الى المحكمة ويعتبر المرشح مبلغا من تأريخ صدوره.

5-تعلن الهيئة العليا أسماء المرشحين قبل موعد الانتخاب بما لا يقل عن خمسة عشر يوما.

المادة الثامنة:

يعتبر فائزا في الانتخابات من حاز على الأكثرية البسيطة من أصوات المقترعين.

الفصل الرابع

مهام وصلاحيات رئيس الإقليم

المادة التاسعة:

يؤدي رئيس الإقليم بعد انتخابه وقبل مباشرته مهامه اليمين التالية أمام المجلس الوطني لكوردستان العراق خلال مدة سبعة أيام من تأريخ انتخابه

(( اقسم بالله العظيم بأن أحافظ على حقوق و مكتسبات ووحدة ومصالح مواطني كوردستان وان أؤدي مهامي بصدق و إخلاص)).

المادة العاشرة:

يمارس رئيس الإقليم الاختصاصات والصلاحيات التالية:

أولا: إصدار القوانين التي يسنها المجلس الوطني للإقليم خلال عشرة أيام من تأريخ سنها وله حق الاعتراض عليها كليا أو جزئيا و إعادتها إلى المجلس لاعادة النظر فيها ويكون قرار المجلس بشأنها نهائيا.

ثانيا:

إصدار مرسوم بإجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني للإقليم في حالة حله أو انتهاء مدة دورته الانتخابية خلال خمسة عشر يوما.

ثالثا:

إصدار مرسوم دعوة المجلس الوطني للإقليم إلى دورة الانعقاد الأولى للدورة الانتخابية خلال(خمسة عشر يوما) من تأريخ إعلان النتائج النهائية وفي حالة عدم صدور الدعوة إليه يجتمع المجلس تلقائياً في اليوم التالي من انتهاء المدة المذكورة.

رابعا:

حل المجلس الوطني لكوردستان- العراق بمرسوم في الحالات التالية:

1-إذا استقال اكثر من نصف عدد إعضائه.

2-إذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده خلال أربعين يوما من تأريخ دعوته للانعقاد لدورته الانتخابية الأولى.

3-إذا لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء لثلاث مرات متتالية.

4-إذا تم تغيير النظام الانتخابي للمجلس وكانت المدة المتبقية لدورته الانتخابية ستة اشهر فاقل.

خامسا:

إصدار قرارات لها قوة القانون بعد التشاور والاتفاق مع رئيس المجلس الوطني ومجلس الوزراء للإقليم وذلك عند تعرض اقليم كوردستان ونظامه السياسي او الأمن العام فيه أو مؤسساته الدستورية لمخاطر داهمة تهدد كيانه وتعذر اجتماع المجلس الوطني على ان تعرض تلك القرارات على المجلس الوطني للاقليم عند اول اجتماع له فان لم تعرض او عرضت ولم يقرها المجلس زالت عنها الصفة القانونية.

سادساً:

العفو الخاص عن المحكومين.

سابعاً:

المصادقة على احكام الاعدم او تخفيفها الى السجن المؤبد.

ثامنا:

اعلان حالة الطوارئ بموجب قانون خاص.

تاسعاً:

دعوة مجلس الوزراء الى الاجتماع بشكل اضطراري عند الاقتضاء ومناقشة المسائل المحددة التي يعقد الاجتماع من اجلها وتراسه هذا الاجتماع.

عاشراً:

عدم السماح بادخال قوات مسلحة اتحادية الى الاقليم عند الاقتضاء الا بموافقة المجلس الوطني للاقليم.

حادي عشر:

اصدار مرسوم باستقالة مجلس الوزراء او الوزير عند سحب الثقة من اي منهما.

ثاني عشر:

اصدار مرسوم بقبول استقالة مجلس الوزراء اوالوزير وتكليفهم للاستمرار بمامهم لحين تشكيل الوزارة الجديدة.

ثالث عشر:

تعيين اصحاب الدرجات الخاصة بناءا على ترشيح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء.

رابع عشر:

تعيين الحكام ورئيس واعضاء الادعاء العام بعد ترشيحهم من قبل مجلس قضاء الاقليم.

خامس عشر:

منح الرتب العسكرية لضباط القوات المسلحة للاقليم وقوى الامن الداخلي وطردهم واحالتهم على التقاعد وفق القانون.

سادس عشر:

منح الاوسمة والانواط بموجب القانون.

المادة الحادية عشرة:

يحدد راتب ومخصصات رئيس الاقليم بقانون.

المادة الثانية عشرة:

يكون لرئاسة الاقليم ديوان تعيين تشكيلاته وواجباته بقانون.

المادة الثالثة عشرة:

1-رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات پشمرگه اقليم كوردستان-العراق.

2-يعين رئيس الاقليم نائبا للقائد العام لقوات البشمرگه لاقليم كوردستان-العراق.

المادة الرابعة عشرة:

في حالة غياب رئيس الاقليم لاي سبب كان عن منصبه يحل محله رئيس السلطة التنفيذية.

المادة الخامسة عشرة:

اذا شغر منصب رئيس الاقليم لاي سبب كان يقوم بمهامه رئيس المجلس الوطني لكوردستان –العراق لحين انتخاب رئيس جديد خلال ستين يوما من تأريخ شغور المنصب.

المادة السادسة عشرة:

تنهى مدة رئاسة رئيس الاقليم بقرار من المجلس الوطني لكوردستان- العراق في الحالات الاتية:

1- اذا طلب رئيس الاقليم بذلك

2-عجزه القيام بمهام واجباته لاي سبب كان.

3-سحب الثقة منه بموافقة (3/4)من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق وباقتراع سري.

المادة السابعة عشرة:

يتم الانتخاب رئيس الاقليم للولاية الاولي من قبل المجلس الوطني لكوردستان- العراق وباغلبية اعضائه استثناءا من حكم المادة الثانية من هذا القانون.

المادة الثامنة عشرة:

على مجلس الوزراء وكافة الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة التاسعة عشرة:

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية ((وقائع كوردستان)).

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بۆ ئەوەی دەست بەكار بین بۆ موناقەشەی پرۆژەكە, ئەگەر ئیجازەمان پێ بدەی دیباجەی پرۆژەكە لەگەڵ ماددەی یەك بخوێنینەوە, پاشان لیژنەی یاسا راپۆرتی خۆی بخوێنیتەوە, ئینجا دەست بە موناقەشەی ماددەكان بكەین یەك یەك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح عبدالله حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

استنادا لاحكام الفقرة (1) من المادة(56) من القانون رقم(1) لسنة 1992 المعدل وبناءا على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق, قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع ما يلي:

**قانون رقم( )**

**قانون رئاسة إقليم كوردستان العراق**

**الفصل الاول**

**احكام العامة**

المادة الاولى:

يكون لاقليم كوردستان –العراق رئيس يسمى(رئيس اقليم كوردستان) وهو الرئيس الاعلى للسلطة التنفذية في الاقليم.

ئێستاش ڕەئی لیژنەی قانونیتان بۆ دەخوێنیەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى(مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆنووسی کۆبوونەوەی یەکەم

ب/ پرۆژەی یاسا

لەسەر داوای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز بە نووسراویان ژمارە ( ) لیژنەی کاروباری یاسایی لە ئەنجومەن ئێوارەی ڕۆژی 2005/6/5 بە ئامادەبوونی گشت ئەندامانی کۆبوونەوەی یەکەمی خۆی سازدا و لەسەر بەرنامەی کاری خۆی گفتۆگۆی کرد کە بریتی بوو لە تاوتووکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان –عێراق.

دوای تاوتوو کردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق گفتۆگۆیەکی تێروتەسەل گەیشتینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە بێجگە لە چەند دەسکارییەکی تایبەت بە زمانەوانی داڕشتنی یاساکە, لیژنە پێشنیاری ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوەی کرد:

1-لە ماددەی دووەم:

مواطنوا كوردستان – بکرێ بە شعب اقليم كوردستان            بە کۆی دەنگ

2-لەماددەی سێیەم: لە کۆتایی ماددەکە, وشەی(لولايتين) بگۆڕدرێت بە (لولاية ثانية).   بە کۆی دەنگ

3-ماددەی هەشتەم: بەم جۆرە هەموار بکرێ:

المادة الثامنة1- يعتبر فائزا في الانتخابات من حاز على الاكثرية البسيطة من اصوات المقترعين على ان لا تقل نسبة المشاركة عن (35٪).      بە زۆرینەی دەنگ

1-في حالة عدم بلوغ نسبة المشاركة النسبة الواردة في الفقرة(1) تعاد الانتخابات خلال مدة خمسة عشر يوما من تأريخ اعلان نتيجة الانتخابات ويعتبر فائزا من حاز الاكثرية البسيطة من الاصوات مهما بلغت نسبة المشاركة.

4-ماددەی نۆیەم: سوێندەکە بەم جۆرە بخوێندرێتەوە(اقسم بالله العظيم ان احافظ على حقوق ومكتسبات ووحدة ومصالح شعب كوردستان- العراق واودي مهامي بصدقٍ واخلاص).

5-ماددەی دەیەم:

أ-ناوەڕۆکی ماددەکە دەکرێت بە ژمارە(اولا).

ب-برگەیەکی دی بۆ زیاد بکرێت بەم جۆرەی خوارەوە:

ثانیاً:

أ-ليس لرئيس الاقليم حق ادخال قوات مسلحة الى الاقليم الا بموافقة المجلس الوطني لكوردستان-العراق عند الاقتضاء.

ب-ليس له الحق في تحريك قوات الپشمرگه الى خارج الاقليم الا بموافقة المجلس الوطني لكوردستان- العراق.

6-د-زنجیرە: رابعا:2-وشەی(الاولى) لە کۆتایی برگەکە لا ببرێت و رستەکە بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە: 2-اذا لم يتم النصاب القانوني لظروف استثنائية غير متوقعة خلال خمسة واربعين يوما من تأريخ دعوته للانعقاد لدورته الانتخابية. بە زۆرینەی دەنگ

7-ج-زنجیرە: رابعا:3-لاببرێت.

8-هـ-زنجیرەی سادساً: لیژنە بووە دوو بەش لایەنەك لادانی پەسەند کرد, یان هەموار بکرێت لایەنەکەی تر مانەوەی پەسەند کرد.

9-برگەیەکی تر لە ماددەکە زیاد بکرێت لە دەسەلآتەکان بەم جۆرەی خوارەوە:

12-تكليف رئيس الوزراء بعد تسميته من قبل المجلس الوطني لكوردستان-العراق بتشكيل الوزارة.

10-المادة الثالثة عشرة: رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات پێشمەرگە اقليم كوردستان- العراق ويعين نائبا له ليساعده.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەشمان ئیزافە کرد, فەقەرەی دوو رابعاً(اذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده ما لم يكن لظروف استثنائية غير متوقعة), ئەوەشم خوێندەوە پاش و پێش بوو.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى(مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەیەکی تریش ئیزافە بکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

12-تكليف رئيس الوزراء بعد تسميته من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق بتشكيل الوزارة.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکایە با بە وازیحی بیخوێنینەوە بۆ ئەوەی ئەندامان ئاگادار بن.

ماددەی چواردە(في حالة غياب رئيس الاقليم لاي سبب كان عن منصبه, يحل محله رئيس مجلس الوزراء), لە جیاتی (رئيس السلطة التنفيذية).

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى(مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدە هەموار بکرێت و بەم شێوەی خوارەوە بخوێندرێتەوە.

المادة السابعة عشرة: يتم انتخاب رئيس لاقليم كوردستان-العراق لولاية أولى من قبل المجلس الوطني لكوردستان-العراق وباغلبية ثلثي اعضائه استثناءا من حكم المادة الثانية من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی قانونی بەنیسبەت ماددەی یەك هیچ مولاحەزەی نییە و, پەسەندی ماددەکە دەکات هەروەکو لە پرۆژەکە هاتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئێستا مادده مادده موناقەشە دەکەین, ئەوەی دەیەوێت قسە بکات, لەسەر ماددەی یەکەم با دەستی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی ناونووسی بکەین و, نوسخەیەکی پرۆژەکەمان لایە بە زمانی کوردی, ناتوانم بڵێم قبوڵ کراو, چونکە کەسێکی ئیعتیادی تەرجوومەی کردووە, بەڵام بۆ ئەوەی رەنگە کەسانێك هەبێت, عەرەبی نەزانێت بە کوردی دەیخوێنینەوە, ئەوەی دیەوێت قسە بکات با دەستی بەرز کاتەوە, بۆ ئەوەی ناونووس بکرێت, ناوی خۆی بڵێت بۆ تەسجیل. با ماددەکە بخوێنمەوە.

المادة الاولى: يكون لاقليم كوردستان –العراق رئيس يسمى(رئيس اقليم كوردستان) وهو الرئيس الاعلى للسلطة التنفذية في الاقليم.

کوردییەکەی دەڵێت( هەرێمی کوردستانی عێراق سەرۆکێکی دەبێت, بەناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە سەرۆکی باڵایەو دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا.).

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەی دەستووره ئێمە کردوومانە بە کوردی و, ئێستا لە ژێر چاپ کردن دایە, بەڵام لەبەر ئەوەی نەختێك پەلەیان کرد, چاکتر بوو چاوەڕوان بین, تاوەکو ئەویش لەگەڵ عەرەبیەکەی پێکەوە پێشکەش بکرێت, زمانی کوردیش زمانی فەرمییە لە کوردستاندا, پێویستە هەموو ئەو پرۆژانە بە کوردی و, ئینجا بە عەرەبی پێشکەش بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, مولاحەزەکەت بە جێیە, بەڵام دوێنیش باسمان کرد, ئەوە بەم شێوەیە هاتووە, ئێمەش لە ئینتەرنێت, وا بزانم سایتێك لە سایتەکان لێرە تەرجوومەی کردووە بۆ ئەوەی دوانەکەوێت, دەمزانی خەریجی تەرجوومە نین, وتم قانونیەن ئەوە ئیعتیبار ناکرێت, قانونی هەیە, بەڵام بۆ ئاسانکاری ماددەکە دەیخوێنمەوە, نەك وەك ئیعتیبار کردنی ئەم تەرجوومەیە بە شتێکی قانونی, مولاحەزت هەیە ناوت دەنووسین, فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر دەربارەی زمان کە دکتۆر ئاماژەی پێ کرد, من حەز دەکەم بە بەڕێزتان رابگەیەنم, دوێنێ من نیوەی راستم تەرجوومە کرد بە کوردی, ئەگەر بەڕێزتان ئەو پێشنیازە دەکەم, منیش چاوێکی پێدا بگێڕمەوە کە هەموو ژیانم بەکوردی بووە, بە کوردی خوێندوومە, چونکە بەڕاستی کە من ئەمە دەخوێنمە هەست دەکەم نارێکە کوردییەکەی, بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم, پێش ئەوەی تەرجومەی بکەن بیخەنە بەر دەستی ئێمە, ئەگەر پێشنیازەکەم قبوڵ بکرێ, با ئێمەش چاوێکی پێدا بخشێنین, لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چاپ نەکراوە, لیژنەی قانونی بۆی هەیە, نیشانی زمانەوانی بدات بۆ ئەوەی بێ کەموکوڕی دەربچێت, مولاحەزەیەکی بەجێیە, بەڵام لیژنەی قانونی دەبێت لەلایەن ئەوان تەرجوومە بکرێت, بەڵام بۆ زمانەوانی تەئکید کردن کە هەڵەی تێدا نەبێت, خراپ نییە چاوی پێدا بخشێت, ئێستا دەرگای موناقەشەی مادده یەك دەکەینەوە, کێ دەیەوێت لەسەر ئەم بابەتەی قسە بکات, د, ناصح, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ماددەی یەك دەکەم کە وەکو خۆی هاتووە, تێبینیشم دەربارەی ئەوەی کە کاك د. نوری قسەی کرد, یەکەم جێگای داخە دەبوایە چاوەڕێمان کردبایە, ئێمە دوو سەعات تاخیریان کردین لیژنەی یاسایی ئینجاش داوا دەکات چاوەڕێی ماوەیەکی نادیارمان کردبایە, ئەگەر مەفروز بوو ئەوەی کە پرۆژەکەیان لەبەر دەستە لە دوێنێوە تەرجوومەیان بکردایە حازریان بکردایە, بۆ ئەوەی لەبەر دەستمان بایە, بەڵام لە پەرلەمانی کوردستان سیانزە ساڵە

باوە, پڕۆژە یان بە زمانی عەرەبی یان بە زمانی كوردی دێت و, بە حوكمی ئەوەی ئێمە لەعێراقدا داوای فیدرالیەت دەكەین, یەعنی چارەسەركردنی كێشەی كورد یان كێشەی گەلی كوردستان لە چوارچێوەی عێراقێكی فیدرالی زۆر سروشتیە پڕۆژە بە كوردی بێت یان بە عەرەبی بێت, بە كوردی بێت تەرجوومە دەكرێت بە عەرەبی, ئێمە دەزگای رەسمیمان هەیە لە پەرلەمان, ئەوان تەرجوومەكەی ئەوان رەسمییە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیازێكم هەیە بۆ ماددەی یەك, كە رستەیەكی تری بۆ زیاد بكرێت یان وەكو خۆی بمێنێتەوە, نالێت(وهو الرئیس الاعلى للسلطة التنفذیة في الاقلیم و قائدا عاما لقوات البشمەرگە لاقلیم كوردستان –العراق), ئەمە هەر یەكێك لە واجباتەكانیەتی ئەگەر تەئكیدی لەسەر بكەن, بە بۆچوونی من شتێكی خراپ نابێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر چەند ئەمە كاری لیژنەی قانونییە, وەڵامی پرسیارەكان بداتەوە, بەڵام بۆ روون كردنەوە, هەرێمی كوردستان سەرۆكی دەبێت, ئەو (دەبێت) یان (یكون)ناگرێتەوە, كاك شێروان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح عبدالله حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پێشنیارەكەی كاك دلێر, بە حەقیقەت ئەمە زیمنی دەسەڵاتەكانە, لەزیمنی دەسەڵاتەكاندا هاتووە لە فەقەراتی دەسەڵاتەكان ماف سەرۆكی هەرێم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی جەنابت لە شوێنێكی تردا هاتووە, وەكو قائدی عام بۆ قواتی پێشمەرگە, توزێك تایبەتمەندی خۆی هەیە, ئەو تایبەتمەندییەش بە یەك دوو ماددە تەشخیص كراوە, ئەگەر زیادی بكەین, لەوانەیە ئاڵۆزیەكمان بۆ پەیدا بكات, ئەگەر هیچ مولاحەزەیەكی تر نییە و, مەسەلەی یكون یان دەبێت تێیدا بێت یان نا ئەمە دەمنێتەوە سەر رای لیژنەی قانونی و زمانەوانیەكان, بۆ ئەوەی لە صیاغەی بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر واشیان زانی بەجێی بێڵن, بەڵام وەكو ناوەرۆك ئەگەر لەسەر ماددەی یەك, هیچ مولاحەزیەك نییە, دەیخەینە دەنگدانەوە, كێ ماددەی یەك پەسەند دەكات با دەستی بەرز كاتەوە؟ كێ پەسەندی ناكات؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا, زۆرسوپاس, ماددەی دوو تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

ينتخب مواطنو كوردستان- العراق بالاقتراع العام السري المباشر رئيسا للإقليم يمثلهم ويتحدث باسمهم على الصعيدين الداخلي والخارجي ويتولى التنسيق بين السلطات الاتحادية وسلطات الإقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی ماددەكە پەسەند دەكەین, تەنها داوا دەكەین كە (مواطنو كوردستان) بگۆڕێ بە (شعب كوردستان), لەبەر ئەوەی فراوانترو وشەكە نەتەوەیی ترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دەرگای موناقەشە دەكەینەوە, كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە هەر مواطنو بمێنێ, چونکە لە نیزامی دیموکراسی و پرۆسەی فیدڕالیدا نەسی مواطنین دەگرێتە واتە هاوولاتی دەگرێتەوە, نەك شعب, دەنگدان تاکە کەسییە, لەبەر ئەوە من دەڵێم ببێتە مواطنو اقلیم کوردستان, نەك شعب کوردستان, چونکە لە هەڵبژاردندا نەسی مواطنین هاتووە, نەك شعب کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز کریم بحری.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمان روونە کە سەرچاوەی هەموو یاسایەك دەستوورە, هەرێمی کوردستانیش دەستووری تایبەتی خۆی نییە, ئەو دەستوورەی ئەمڕۆ ئێمە پشتی پێدەبەستین لە عێراق قانونی تاڵە, واتە قانونی ئیدارەی دەوڵەتە, بۆیە ئەو قانونە دەبێ پشت بەو قانونەی کە ئێستا دەری دەکەین, پشت بە قانونی ئیدارەی دەوڵەتەوە دەبەستێت, لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتیشدا پێم وایە نیزامی حوکم لە عێراق نیزامێکی پەرلەمانییە, وەك ئەوەی دەبینین لێرە لەو یاسایەدا من وا هەست دەکەم کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە لایەن گەلەوە یان لەلایەن هاوولاتیانەوە مباشەرەتەن سیستەمی ریئاسی یان شبە ریئاسی دەگەیەنێت, بۆیە پێم وایە بۆ دوارۆژ تەعاروز نەکاتن لەگەڵ ئەو قانونە یان هەر دەستورێك کە لە عێراقدا دادەنرێتن, لە رووی یاساییەوە من مەبەستمە تووشی تەنگ وچەڵەمەیەکمان ناکاتن لەگەڵ دەستووری ئیتیحادیدا, سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو سیستەمەی ئێستا لە ولاتدا دەڕوات بەڕێوە, ئێمە بەشێکین لە ولاتێکی ئیتیحادی کە نیزامی پەرلەمانی بەڕێوە دەبەین, ئەم ماددەیە دژی ئەوەیە, چونکە دەبێت سەرۆکی ئیقلیم لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە هەڵبژێردرێ, نەك لەلایەن جەماوەر, یان گەلەوە, بۆیە ئەم ماددەیە پێچەوانەی ئەوانە دەبێتەوە لە دەستووریشدا کێشەمان بۆ دروست دەکات, باشتر وانیە ئێستا ئەو رێورەسمە بڕوات, هەمان رەئی دکتۆرم هەیە, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن, منیش مەبەستم وەکو مامۆستا باسی کرد, پێم وایە ببێت بە (مواطنو اقلیم کوردستان) باشترە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەکەی من هەمان مولاحەزەی بەڕێز مامۆستا کریم و گوڵناز خانە, بەلام بە پرسیارێکی زیادەوە, ئەویش ئەوەیە کە ئێمە ئەگەر ئەمە دابنێین, ئەمە نابێتە رێخۆش کەرێك کەوا لە عێراقیشدا رەئیسی جمهوریەت هەموو شەعبی عێراقی هەڵیبژێرن, ئەو کاتە هیچ کوردێك ئەوەی پێنەبڕێت کە ببێتە سەرۆکی عێراق.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەیەکدا هاتووە کە سەرۆکی هەرێم مومارەسەی کاروباری داخیلی و خارجی دەکات, دەمانەوێت دەستەی لیژنەی یاسا تەوزیحاتمان بۆ بدات, شئونی خارجی مەبەستی چییە؟ چونکە لە ماددەی چواری یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە هاتووە دەڵێت حکومەتی هەرێم دەتوانێت ئەو یاسایانەی هاتووە لەو دەستوورە هەموو یان هەموار بکات تەنها ئەوەی لە ماددەی 25دا هاتووە, کە ماددەی 25یش دەڵێت پسپۆڕی کە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی بۆمان تەوزیح بکەن, تا رۆشن بیت لەبەر چاومان, سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی قسەکانی کاك کریم دەکەم, چونکە خۆتان دەزانن لە نیزامی ڕیئاسیدا سەرۆك لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ, کە خەڵك دەنگی پێدا, هەڵبەت دەسەلاّتی دەبێت, ئەو کاتە دەسەلاّتی تەنفیزی خۆی دەبێت, من مولاحەزەیەکم لەسەر ئەوە هەیە, تەناقز دەکات لە محکەمەی دەستووردا, هەموو کەس دەتوانێ بۆ خۆی دەعوا لەسەر ئەو مەوزوعە بکات, ئەو قانونە بە موخالەفەی دەستور بزانێ و, ئەگەر خرایە دەنگەوە بەم شێوەیە ئەم ماددەیە من مولاحەزەم لەسەر ینتخب مواطنو هەیە, ئەوە بگوڕدرێ, (مواطنو) ببێت بە (ناخبون), لەبەر ئەوەی هەموو هاوولاّتیەك حەقی دەنگدانی نییە, منالّ حەقی دەنگدانی نییە, تەنها ئەوانەی کە سنی قانونیان هەیە, حەقی دەنگدانیان هەیە, حەقە بکرێتە (ناخبون), و(یتولی التنسیق بین السلطات الاتحادیة وسلطات الاقلیم), ئەوە روون بکرێتەوە ئەو تەنسیقە لە چ بارێکەوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو مولاحەزەیەك, ئەو مواتنەی کە دەنگدەداتن شروت ناخبیش هەیە, دیاری کردووە کە دەبێت 18 سالّ بێت, کاك عثمان, فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برادەران مولاحەزەکەیان باس کرد, منیش لەگەلّ ڕەئییەکەی کاك کریم بحریم, بەلاّم حەقە ئێمە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی پەرلەمانی یان ڕیئاسی برادەران بەرچاو  روون بکەین, دەڵێین ئێمە ئەو بڕیارانەی دەیدەین بەشێکی دەگەڕێنینەوە بۆ سیستەمی پەرلەمانی و, بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی ڕیئاسی, دیارە ئەمە لە دواڕۆژ ئیشکالی زۆرمان بۆ دروست دەکات و, خۆمان دەبێت دائیم خەریکی تەعدیلاتی بڕیارەکانی خۆمان بین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز د. ناصح, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی ئەو تێبینیەی کە مامۆستا محمد فرج نیشانی دا, پێم وایە هەر (مواطنو) بمێنێتەوە, ئەگەر (اقلیم کوردستان)یش ئیزافە بکرێت چ ئیشکالێکی تێدا نییە, ئەگەر ئیزافەش نەکرێت کە وتراوە کوردستان شاریحە العراق, دیسان ئەوە هەر ئەو مانایە دەدات, یەعنی من ئەوە بە ئیشکال نازانم, بەلاّم منیش پێم باشە(مواطنو) بێت باشترە, لەوەی کەوا شعب کوردستان, بەنیسبەت ئەو تێبینیانەی کەوا ئەو برادەرانەی کە نیشانیان دا, ئاماژەیان بە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت کرد بۆ قۆناغی گواستنەوە, بەلاّم ئەوان بە تایبەتی یاساناسەکان ئەوەیان لە بیر چوو, لە ناو یاسای بەڕێوبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە ئیعتیراف بەتایبەتمەندی کوردستان دەکات, ئەو تایبەتمەندییەی کوردستان لەوێ ئاماژەی پێکراوە کە ئێمە تایبەتمەندی خۆمان هەیە, ئەو تابتەتمەندییە شەرعیەتی پێدراوە لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت, ئێمە دەمانەوێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە هەڵبژێردرێت, ئەمە لایەك, لەلایەکی تر ئەمە ئیتفاقی سیاسی لەسەر کراوە, ئێمە لەگەلّ ڕێزمدا هەمووومان ئاماژە بۆ هاتنی چوار مانگ بە دوا کەوتین, بەتایبەتی ئەم مانگەی دوایی لەسەر ئەمە دواکەوتووە, حەزدەکەم ئەو برادەرانەی ئەو تێبینیە نیشان دەدەن, واقیعی بەرژەوەندییە بالأکانی کوردستانشیان لەبەر چاو بێت, مەسەلە هەر ئەوە نییە, زمانەوانی بێ یان بە کەیفی من بێ, یان بە کەیفی ئەو بێت, ئەمە ئیتفاقێکی سیاسیە لەهەمان کاتیشدا وەکو وتم تایبەتمەندییەك لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتە, ئەوان ئەوە بەتالّ دەکەن, لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە, لەوێ ئیعتیراف بەو تایبەتمەندییەی کوردستان کراوە, بە هەموو ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستاندا دەرچوون لە ڕۆژی یەکەمەوە

له 1992/6/4 تاكو دوێنێ كه ئینتیخاب كراوه, پەرلەمانی تازه ئیعتیراف به هەموو شتێك كراوه, وەك پێویسته ئەمه هەموو لەبەر چاو بگیرێت, لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ هەموو مولاحەزەكانتان, بەڕاستی هەموویان له جێی خۆیانن, قسه تەواو بووه, ئیلا ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەبوو, چونكه ناو نووسرا, ناونووسینەكه داخرا, بۆمان نییه بگەڕێینەوه بەپێی نیزامی داخیلی پەرلەمان, فەقەت نوقتەی نیزامی نەبێت, نوقتەی نیزامیش ئەوەی ئەگەر خەلەلێك هەبێت له ماددەكه, یان ماددەیەكمان پێش ماددەیەك خستووه فەرەزەن, سەهووەك كراوه, له حدودی نیزامی داخیلی دەرچووینه, تەنبیهمان دەكاتن, ئەوه نیزامی داخیلی پێدەوترێت, فەرموو.

**بەڕێزخەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له كۆنووسی كۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی كه نووسراوه به كۆی دەنگ لەسەر ماددەی دوو تەنیا باسی ئەوه كراوه كه (مواطنو) بكرێت به (الشعب), بەلاّم دوێنێ له لیژنەكه كه ئێمه له كۆی ده كەس, هەشت كەس رازی بووین, تەنیا ئەو مولاحەزەیان هەبوو, بەلاّم دووكەس كه من و د. نوری بووین لەسەر ئەوه رازی نەبووین كه له رێگای خەڵكەوه بێت, بەڵكو له رێگای پەرلەمانەو بێت, یەعنی تەنیا بۆ تەوزیحێك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو ماددەیه زۆریش موناقەشه كراوه, جارێ من حەز دەكەم دوو مولاحەزه بدەم, بۆ ئەو دەورەیه بۆ ئەو چوار ساڵەی داهاتوو, لەپەرلەماندا دەبێت, چونكه هەتا له ئێستاوه ئەگەر بڵێین میللەت دەنگ دەداتن, زرووفی هەیه موستەلزەماتی دەوێت, جارێ ئێستا موستەلزەماتیشی نییه, لەبەر ئەوه بۆ ئەو ویلایەتی یەكەمه لەپەرلەماندا دەبێت دەنگدانەكەی, بۆ ویلایەتی دووەم كه پاش چوار ساڵه, ئومێد دەكەین كه كوردستان زیاتر ئاسایی بوو بێت, ئازادی خەڵك زیاتر دابین كرا بێت, گیانی دیموكراسی زیاتر پتەوتر بوو بێت, گیانی هاوپەیمانیەتی به قووەت تر بوو بێت, لەبەر ئەوه زۆر تەبیعیه كه ئێستا كەوا دەڵێین, بەلاّم مەترسیەكمان هەیه, بڵێین وا دەكات, بەلاّم لەناو خەڵكدا مەترسیەك هەیه, كه لەناو خەڵكدا دەنگ بدرێتن, رەنگه كێشه دروست بكاتن, ئەمه ئێمه ئومێد دەكەین لەپاش چوار ساڵدا له وەزعێكی زۆر ئاساییدا ئەم هەڵبژاردنه بێت, پاشان بۆ چی حزبێك له دەنگدانی خەڵك بترسێ, كاك مەسعود ئێستا دەبێت بەر سەرۆكی هەرێمی كوردستان, پاش چوار ساڵ رەنگه مونافسی هەبێتن, ئەو كەسەی كه خۆی به مونافیس دادەنێت, دەبێت له دەنگدانی خەڵك نەترسێ, ئەگەر ئەكسریەتی هێنا دەباتەوه, ئەگەر ئەكسەریەتی نەهێنا, لەوانەیه كاك مەسعود خۆی تەرشیح بكات, پاش چوار ساڵ, خۆشی تەرشیح كرد لەگەڵ مونافیسەكەی, ئەو مونافیسه ئەگەر لەو نەترسێتن له ئێستاوه بیر نەكاتەوه لەوه لەبەر ئەو سەبەبەی بكات, دووش مەسەلەی ئەو مەترسیەی كه هەندێ برادەر نیشانیان دا كه ئەمه لەگەڵ نیزامی رێئاسی تەناقز دەكات لەگەڵ بەغدا, نیزامی رێئاسی تەنیا بۆ ئەوه نابێت رەئیسەكەی به دەنگدانی موباشیر نیزامەكه ببێته رێئاسی, نیزامی رێئاسی قانونەكه تەحدیدی دەكاتن, ئەم قانونەی كه دانراوه ناتوانم بڵێم نیزامی پەرلەمانییه سەدا سەد, بەلاّم تێكەلاّوه له بەینی نیزامی پەرلەمانی و نیزامی رێئاسییەوه, ئەو رەئیسەی له پەرلەمان هەڵیدەبژێرن بۆ چوار ساڵی تر به كۆی دەنگی خەڵكەوه هەڵیدەبژێرن, هەمان دەسەلاّتی هەیه, هیچ شتێكی تر زیاد ناكات, ئێستا له پەرلەمان هەمان مومارەسه دەكاتن, عەینی دەسەلاّت هەیه, شتێكی پێ زیاد ناكاتن, چونكه ئەو پابەنده بەو قانونەی كه پێی هەڵبژێراوه, ئەو قانونەش تەحدیدی سەلاّحیاتی دەكات و, واجباتیشی دەكات, ئەوەش موناقەشه كراوه, بەڕاستی من پێم وایه شتێكی زۆر تەبیعیه هەر حزبێك, هەر شەخسێك خۆی هەڵبژێرێ باوەڕی بەوه نەبێت كه رێژەیەكی باش دێنێت, لەوەش نەترسێن بڵێن دەبێته رێئاسی, چونكه قانونه, لەلایەكی تریشەوه مولاحەزات پێشكەش كرا, مەسەلەن تەناقز دەكات لەگەڵ بەغدا, خۆ ئەو قانونه, قانون ئێوه داتان ناوه, دەتوانن ئێوه خۆتان بەو قانونه دا بچنەوه, هەر كاتێك پێویستی كرد كه به پێی ئەو رێنمایانەی كه پەرلەمان خۆی هەیەتی, ئەگەر ئیجابی كرد تەعدیلی بكەین, دەوڵەمەندی بكەین, فەقەرەی بۆ زیاد بكەین, یەعنی ئەوه شتێك

نييه, وەكو قورئان بيتن خەلاس براوه كەس نەوێرێ قسەی لەسەر بكات, قانونێكە ئەو (111)كەسە دايدەنێين, سبەينێ ئەوەی كۆی دەنگی هێنا, ويستی تەعديلی بكاتن, زيادی بكات, كەمی بكاتەوە, دەيكات, لەبەر ئەوە, ئێمە بۆ خۆمان ببەستينەوە بەوەی ئايا چوار سالی تر چی بەسەر دێت؟ يان چی لێنايەت, يان بەغدا چی لێدێت, بەغدا ئەگەر دەستوورەكەی بەشێوەيەك بێت, هاوولاتيانی كوردستان دەنگی بۆ بدەن, ئێمە پابەندين پێی, دەبێت بێين لە پەرلەمان خۆمان تەنزيم بكەين, بە گوێرەی ئەو دەستورەی كە دەنگمان بۆ داوە, لەگەل مەسالحی هاوولاتيانی كوردستان دەگونجێت, بۆيە من پێم وايە ئەو فەقەرەيەی كە هاتووە باشە بمێنێت, تەنيا منيش موئەيدی ئەوەمە كە بمێنێت, عەرەبيەكەشی (أ)ی زيادە, (مواطنو), ئەلفەكەی زيادە, پێويست ناكاتن, چونكە الالفی الاخير بۆ الافعال دەرِواتن, بۆ الاسماء نارِواتن, چونكە مواطن جگە لەو مولاحەزاتانەی كە داتان, خەلك شعب دەنگ ناداتن, شتێك نييە كە هەموو شەعبەكە پێكەوە دەنگ بداتن, مولاحەزەيەكی تريش هەيە, لەناو ئێمەدا نەتەوەی تر دەژين, رەنگە خۆيان بە شعب بزانن, خەلكی كوردستانن, بەلام چەند سالە توركمان هەيە, ئاشووری هەيە كلدانی هەيە, ئەوانيش رەنگە (مواطن)كەيان پێ خۆش بێت, دەقيق تريشە (مواطن), ئەگەر لەرووی ئەو مولاحەزاتانەش بيتن, من پێم وايە ئەو سيغەی كە هاتووە من پێم باشە, لە مولاحەزەيەكی تريشدا دەلێت(يتحدث باسمهم في الداخل وفي الخارج) بەتەئكيد رەئيسی ئيقليمە, هەم ئەو دەتوانێت قسە بكاتن, ناتق بێت, هەم رەئيسی پەرلەمان, دەتوانێت قسەبكاتن, هەم رەئيسی حكومەت هەم وەزيرێك هەم ئێوە ئەندامی پەرلەمانێكن دەتوانن لەسەر هەر شتێك قسە بكەن, بەلام ئەو وەكو رەئيس, رەئيسی ئەوەلە لە ئقليمدا بە تەئكيد بۆی هەيە بەناوی ئيقليم قسە بكاتن, لەگەل حكومەتی مەركەزی لەدەرەوەشدا, بەلێ, فەرموو نوقتەی نيزاميت هەيە, ئەگەر قسەی منت برِی, دەبێت قسەكەت پەيوەندی بە قسەی منەوە هەبێت, فەرموو.

**بەرِێز كريم بحری عبدالله:**

**بەرِێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە لە موناقەشەو گفتوگۆكردن لەسەر ئەم ياسايە, هيچ حەساسيەتێك لە گۆرِێ نەبێت, چونكە ئێمە هەمووومان بۆ ئەوەی خزمەت بكەين, بۆ ئەوەی قانونەكە بەبێ لەكە, قانونێكی پوختە دەربكەين بۆ خۆمان و, بۆ هەرێمی كوردستان, هيچ مەبەستێكی تری لە پشتەوە نييە, ئەوە يەك, دوو ئێمە ئازادين لێرە, لە رووی ياساييەوە, چ باس بكرێت يان چ باس نەكرێت, پێمان خۆشە ئەو ئازادييە بە ئەندامان بدرێتن, زۆر سوپاس.

**بەرِێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نيزام نەبوو, كاك كريم, ئەوە رەئی بوو, بەلێ, د. كمال داوای قسەی كردووە, ئەگەر نوقتەی نيزامت هەيە, ئەگەر موناقەشە دەكەی, دەرگای موناقەشە داخراوە, دەبوايە لە بدايەت داوای قسە بكەی, بەدەست من نييە, ئەمە كاك فرِسەت, يەك لە ئەسبابەكانی وەكو سكرتێر ماوەتەوە, لە هەموومان خەبير ترە, ئەوەل شت بەمنی وت ئاگات لێبێت, كە داخرا نابێت ماوە بدەيە كەس.

**بەرِێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكی):**

**بەرِێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برايان, ئەو مولاحەزانەی دران, يەكيان ئەوەی كە لەگەل بەغدا تووشی كێشە ئەبين, حەز دەكەين زۆر بە وازيحی و بە روونی بزانن, ئێمە كار دەكەين بۆ ئەوەی كيانێكمان هەبێت, كيانێك كە تەئسيرمان لێ نەكرێ لە پاشەرِۆژ, بتوانين لەسەر پای خۆمان بوەستين, لە قانونی ئيدارەی دەولەتی عێراق, خۆی هاتووە, ئەگەر خوێندبووتان, دەلێت پەرلەمان ئيقليمی كوردستان, ئەو قانونانەی هەيە, ئيعتيرافی پێكراوە, ئەگەر لە پەرلەمانی بەغدا قەرارێك درا بەنيسبەت كوردستان, لەگەل وەزعی كوردستان نەگونجێ, پەرلەمانی كوردستان بۆی هەيە, ئەو قانونە تەعديل بكات, لەبەر ئەوە پێويست ناكات ئێمە لەوە بترسين, ئێمە لە پێش وەزعی بەغداشەوە, پەرلەمان بووينە, ئەوە سێزدە سالە ئەو وەزعە هەيە, پێويستە بەم شێوەيە بير بكەينەوە, كە بتوانين لەسەر پای خۆمان بوەستين, بەرژەوەندی دانيشتوانی كوردستان و خەلكی كوردستان بپارێزين لە دەستوری عێراقيش بيچەسپێنين, نەك خۆمان ببەستينەوە بەوان, ئەوان بچنە چالی

ڕەشەوە، ئێمەش بچینە چاڵی ڕەشەوە، دەبێت ڕەئی خۆمان هەبێت، کیانی خۆمان هەبێت، دەستی برایەتیان بۆ درێژ دەکەین، دەستیان دایە دەستمان بەسەرچاو، بەنیسبەت (مواطنو)، من لەگەڵ وشەی (مواطنو)م بمێنێ، چونکە فەردیە حەقی هەیە دەنگ بدات، یان لە قەومێکی تر، بەنیسبەت ئەوەی کە دوو خوشك مولاحەزەیان کرد کە سەرۆکی هەرێم زۆر بۆم وازیح نەبوو، کە کێشەمان لەگەڵ بەغدا بۆ دروست دەکات، لەگەڵ ڕەئیس جمهوری، لە بەغدا کە هەموو عێراق هەڵیبژێری ئەوە قانونە، دەستوور چۆن دابنرێ، وا دەبێت؟ بەڵام ئێمە وەکو کورد کە قەومیەتی ڕەئیسین لە عێراق، ئەوە نەما قەومیەتی دووەم یان بن دەست یان زەخت بکەن لەسەرمان، بە تەوافق دەبێت، لە عێراق سێ دەزگای ڕەئیسی هەیە، سیادی هەیە، ڕەئیسی پەرلەمان، ڕەئیسی جمهوری، سەرۆکی حکومەت یەکێ لەم دوو دەزگا ڕەئیسیە دەبێت بۆ کورد بێت، یان ڕەئیسی جمهوری یان ڕەئیسی وزەرایە، ئەوە هەڵوێستی یەکگرتووی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانە، دەبێتە هەڵوێستی ئێمەی پەرلەمانی کوردستانیش دەبێت پا لەسەر ئەوە دابگرین، یەکێك لە جێگری سەرۆك کۆماری عێراق یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەبێت کورد بێتن، ڕەئیسی پەرلەمان یەکێك لەو دوو پۆستەی تریش برا عەرەبەکان بن، ئینجا کامەی هەڵدەبژێرن، ئێمە وەکو کورد مانعمان نییە، مەترسیتان لەوە نەبێت، سیقەمان بە خۆمانە و، ئەو برایەش کە ئەو پێشنیارەی کرد وتی ئێمە بە حەساسیەت وەنەگرین، بێ شك ئێمە ئەندامی پەرلەمانین لێرە هەموو حەقمان هەیە، هەموو موناقەشەیەك بکرێ و، ڕەئیەکانتان بە ئیحترام وەردەگیرێ، بەڵام وەکو سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەی پێکرد، چوار مانگە لەسەر ئەم مەشروعە تاخیر بووینە، تکامان لەو خوشك وبرایانەیە بۆ ئەوەی زوو بتوانین بە ڕێك وپێکی دەربازی بکەین و، ڕەئی ئەو بەڕێزانەش کە ئەمەیان گەلاڵە کردووە، بە ئیجابی وەریبگرن و، مەترسیشمان نەبێت لەوەی کە یەکێك بەرەی لەبن پای ئەوەی تر ڕادەکێشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز نوری جمیل تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ئەندامی لیژنەی قانونی هەندێ تەوزیحم هەیە، ئەگەر ڕێگا بفەرموون، بەتایبەتی دەربارەی قانونی تاڵ، ئەگەر ئیجازەت هەبیتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە ئیستیسنا لە پڕۆتۆکۆلی ئێرە، ڕێگا دەدەم دوو کەس قسان بکەن لەسەر ئەو نوقتەیە و فەرموو، د. نوری.

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، جەنابی بەڕێز دەربارەی قانونی تاڵ، قانونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، ڕاستە کەوا ئێستاکە پێویستە پێڕەوی بکرێ، بەڵام نەك بە هەموو بەندەکانی لەو قانونەدا هاتوون، تەنیا ئەو بەندانەی کەوا کە پەیوەندیان بە قانونی سیادییەوە هەیە، کە لە هەردوو بەندی 41 و 25دا ئاماژەیان بۆ کراوە، تەنیا ئێمە ناتوانین بە پێچەوانەی ئەو دوو بڕگەیە قانون پەسەند بکەین لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوانەش دیاری کراون پەیوندیان بە کاروباری دەرەوە و هەندێ شتی تایبەتییەوە هەیە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە تا ئەو ڕۆژەی قانونی هەمیشەیی عێراق پەسەند دەکرێت، هەموو جۆرە قانونێك دابنرێت، پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە هەبێت، دەربارەی وشەی شعب واتە گەلی کوردستان، ئێمە دەمێکە دەزانین کەوا ئەو خەڵکانەی کەوا لە کوردستاندا دەژین، کورد بن یان لە هەر نەتەوەیەکی تر بن، هەموو خەڵکی کوردستانن، لەبەر ئەوەی وشەی گەلی کوردستان، پڕ بە پێستی خۆیەتی، هەموو ئەو هاووڵاتیانە دەگرێتەوە کەوا لە کوردستاندا دەژین، هاووڵاتی کوردستانن، چونکە هەموو بە بەشێك لە گەلی کوردستان دەژمێردرێن، تەنیا بۆ چوونەکەم بۆ ئەم بەندە ئەوەیە، کەوا ڕەنگ بێت هەندێ کێشە دروست بکات، لە ناحیەی قانونیەوە نەك لە ناحیەی سیاسیەوە، چونکە ئەم سیستەمە، من ناڵێم دەمان کات بە سیستەمێکی سەرۆکایەتی، بەڵکو بەو ڕێگایە دەمان بات، ئەوەش لە ئایندەدا ڕەنگە ببێت بە هۆی ئەوەی کەوا کێشە لە بەکارهێنانی دەسەلات لە نێوان سەرۆکی هەرێم و، ئەنجومەنی وەزیران و، پەرلەماندا دروست بکرێت و، لەو قانونەدا هیچ ڕێگایەك

دەست نیشان نەكراوە بۆ چارەسەر كردنی ئەم كێشانە, بەهەر حاڵ ئێمە دەستوری هەرێمی كوردستانمان لە پێشە, لەو دەستورەدا هەموو ئەو وردەكارییانە, پێویستە دیاری بكرێن, زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن من دوو مولاحەزەم هەیە, یەك, بەنیسبەت د.نوری, دوێنێ موناقەشەمان كرد, ئەو بڕگەیە بە كۆی دەنگی ئەندامانی یاسا ئەو وشەیە, پەسەند كراوە, واتە مەبەستەكەشم ئەوەیە, ئەو بەڕێزی كە ئەندامی لیژنەی یاساییە كە رەئیەك دەدات لەوێ مەفروزە احتفاظ بەو رەئییە بكات, لەپەرلەمانیش دیفاع لەو رەئییە بكات, ئەمە یەك, بەنیسبەت ئەوەی كاكە شێخ فەرموو, ئەوە موخالیفی نیزامی داخیلی ئەنجومەنی نیشتمانییە, چونكە دەبێت مەوادەكان یەكە یەكە موناقەشە بكرێت, بڕیاری لەسەر بدرێت, لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزاتانەی كە درابوون, قەیم بوون, بەلاْم خۆی وازیحە یەك وشە هەیە, رەنگە توزێك اختیلاف لەسەر هەبێت, مواطن بێت یان شعب بێت, ئەمە شەرحمان كرد, ئەسبابی ئەوەی كە مواطن بێت بە قوەت ترە, باشترە, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دوو وشە هەیە, یەكیان مواطنو و ئەوی دیكەیان شعبە, ئینجا دەبێت ئەوەڵ جار مواطنو, چونكە ئەو ئەصڵەكەیە, بخرێتە دەنگدانەوە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبوایە سەبرت هەبوایە, چونكە من ئەو موقەدیمەم بۆ ئەوە بوو, كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە, فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بەخۆم بەم شكلە دەبینم, شعب شامیلی كورد بەتەنیا نییە, شعب كوردستان شاملی ئاشوورییەكانە, شاملی توركمانەكانە, شاملی عەرەبەكانە, ئەوەی بەشكلی قانونی و شەرعی لە كوردستان مابێت و, سەكەنی لە كوردستان بێت, مواطنو دیسان شاملی هەموویانە, بەرەئی من فەرقەكی وا لەبەینی هەردوو موستەلەح هەیە لە ناحیەی قانونی, بەلاْم بۆ ئەم بابەتە هیچ فەرقەكی وا نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تەنیا ئەوەی دەزانم كە بە كوردییەكەی مواطنو بە قوەت ترە, كە بڵێی هاووڵاتیانی كوردستان دەنگ دەدەن, وەقعەكەی باشترە, دەڵێی كە مواطنو زمانیەن فەرقەكی هەیە, لەبەر ئەوەی كە دەڵێ هاووڵاتیانی كوردستان هەڵیدەبژێرن, بە قووەت ترە لەوەی بڵێی گەلی كوردستان, یەعنی بیجگە لەو مولاحەزاتانە, لەبەر ئەوە پێم باشترە دەنگ بە كوردییەكەی بدەین, هاووڵاتیانی كوردستان, گەلی كوردستانی عێراق, كێ تەئیدی ئەوە دەكاتن وەكو خۆی بمێنێتەوە, بڵێت ینتخب مواطنو كوردستان العراق, با دەستی بەرز كاتەوە, زۆر سوپاس, كێ موخالیفە لەو رەئیە با دەستی بەرزكاتەوە, كەواتە مواطنو ئەكسەریەتی هێنا وەكو خۆی دەمێنێتەوە؟ لەسەر ماددەكە بەگشتی دەیخەمە دەنگدانەوە مواطنو بە بێ ئەلفەكە دەیخەمە دەنگدانەوە (ینتخب مواطنو كوردستان- العراق بالاقتراع العام السري المباشر رئیساً للإقلیم یمثلهم ویتحدث باسمهم على الصعیدین الداخلي والخارجي ویتولى التنسیق بین السلطات الاتحادیة وسلطات الإقلیم), ئەگەر دەشتانەوێ بە كوردیش دەیخوێنمەوە, (هاووڵاتیانی كوردستان - عێراق, لە هەڵبژاردنی گشتی و راستەوخۆ دا بە شێوەیەكی نهێنی سەرۆكی هەرێم هەڵدەبژێرن, كە نوێنەرایەتیان دەكات, لەسەر هەردوو ئاستی نێو

خۆو دەرەوە, و هەماهەنگی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی فیدراڵی وهەرێمدا دەكات, كێ پەسندی دەكات با دەستی بەرز كاتەوە؟ كێ پەسەندی ناكات؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا.

پێم وایە ئەمڕۆ نەتوانین هەمووی تەواو بكەین, لەبەر ئەوە ئیجازە بدەن, ئەمڕۆ ئەم ماددانەی كە هەستمان كرد ئیختیلافی لەسەر هەیە, نایخەمە دەنگدان تاكو بەیانی, بەیانی بە تێرو تەسەلتر قسەیان لەسەر دەكەین, ئەو ماددانەی كە خیلافی لەسەر نییە, ئاسانە ئەو ماوەی كەماوەمانە, تەواویان دەكەین, بەمانای ئەوە ناكات, هەموویان یەكە, یەكە موناقەشە دەكەین, بەڵام لەناو موناقەشەكە كە زانیمان ئارائی موختەلیف هەیە, پەلەی لێ ناكەین, دەیخەینە بەیانی, كاك شێروان ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

تكون ولاية رئيس الإقليم أربع سنوات ويجوز إعادة انتخابه لولايتين.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی نەصەكەین, تەنها لولايتين گۆڕیتمان بە لولاية ثانية, بۆ ئەوەی وازیح تر بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەرگای موناقەشە دەكەینەوە, كێ دەیەوێت قسە بكات با دەستی بەرزكاتەوە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەرووی یاساییەوە, ئەگەر بڕیارێك دەربچێت كورت و سادە بێت, بۆ تێگەیشتن, ئاسان تربێت, چاكترە, من لەو مونتەلیقەوە قسە دەكەم, ماددەی سێیەم لەگەڵ ماددەی چوارەمدا كە نەخوێنراوەتەوە, دەكرێت دەمج بكرێن, بكرێت بە دوو بڕگە (أ- تكون ولاية رئيس الاقليم اربع سنوات ويجوز اعادة انتخابه لولاية ثانية, ب- يجري الاقتراع لرئيس الاقليم في موعد الانتخاب رئيس الاقليم المجلس الوطني لكوردستان العراق), ئەمە كۆتایی پێبێت بۆ ئەوەی ئاسان تر بێت, (على ان لا يتعارض مع حكم المادة الثالثة من هذا القانون ولا تقف المدة المحددة لولايته) لابرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ئەو دەستەواژەیە بگۆڕێت بەم شێوەی خوارەوە:

(تكون ولاية رئيس الإقليم أربع سنوات ويحق له الترشيح لولايتين متتاليتين), وشەی(متتاليتين), تەئكیدی لەسەر دەكەم, چونكە زۆر موهیمە, وردترە, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرەئی من ئەم نوقتەیە خەلەلێك لە موستەقبەل دروست دەكات, ئێستا حالیەن لەعێراق یەك ویلایەت هەیە, بۆ هەڵبژاردنەوە جاری دووەم, دەبێت بە ویلایەتی دووەم, بەڵام لە موستەقبەل بڵێین ویلایەتێكی تر دروست بوو, ویلایەتی دووەم و سێیەم و, چوارەم لە عێراقدا, ئەمە خەلەلێكی لوغەوی و یاسایی دەبێت, ناحیەی تەرجوومە بۆ ئینگلیزی, تەبعی عادەتەن كەلیمەی ویلایەت بەكار ناهێنرێ, بۆ (term), یعنی جاری یەكەم, یان جاری دووەم, یان (ferst term) یان (second term), بەكار دەهێنرێ لە جیاتی ویلایەت, من ئەڵێم ئەگەر كەلیمەیەكی تر دابنرێت, لە جیاتی, بۆ ئەم دوو خاڵە, زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی کاتی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا، ئەو شەش مانگەی کە هەیە، ئایا چۆن ئیزافەی دەکەن بۆ هەڵبژاردنەوەی جارێکی تری سەرۆکی هەرێم؟ یان ئەم ماوەیە بۆ هەردوو لا پەیڕەو دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەکرێ هەندێ زیاتر روونی بکەیەوە.

**بەڕێزد. رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، لەلایەن گەلەوە، یان لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، هەڵدەبژێرنەوە، مەبەستمان کاتەکەیە فەترەی ویلایەتەکەیە، سەرۆکی هەرێم ئێستا ئێمە هەڵی دەبژێرین، پەرلەمانی داهاتوومان لەشەش مانگ تەواو دەبێت، ئایا ئەو ماوەیە، چاوەڕوان دەکرێت، یان بەردەوام دەبێت تا هەڵبژاردنی داهاتوو، یەعنی دووەم هەڵبژاردنی پەرلەمان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوقتەکەم نیزامی بوو، ئەمە تەواو بوو، ئێمە موناقەشەی ماددەی سێ دەکەین، ئەو برادەرە چووە ماددەی چوارەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە مولاحەزەی ئەوەمان کرد، بەڵام رێمان پێدا تا قسەکانی تەواو کرد، جەنابی دوو ماددەی تێکەڵی یەکتری کردبوو، کاك محمدی حاجی محمود.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دووسێ جار دەستم بڵند کرد، بەڵام جەنابتان ئاگادار نەبوون، پێشەکی دەمەوێت، پیروزبایی لەدەستەی سەرۆکایەتی و هەموو ئەندامان بکەم، وابزانم لە دوێنێوە کەس پێرۆزبایی لەکەس نەکرد، ئومێدی سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازم، کە ئەم بابەتانە کە باسی دەکەین، هیچ لایەنێك بەهی خۆی نەزانێ، وابزانێ ئەم دەورە هی ئەمە و، دەورەیەکی تر هی ئەوی ترە، ئێمە ئەو قانونە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان دادەنێین، بەم چاوە هەموومان سەیری مەسەلەکان بکەین، نەك شتەکان ببێتە دوو بەش، لایەك داوای شتێك بکات، لایەك داوای شتێکی تر بکات، ئەم بابەتە بۆ هەموومانەو، بەم چاوەش، بەم روحە هانای بۆ ببەین، دەربارەی هەردوو ویلات و سێ ویلات، دوو بابەتە، ئەوەی یەکەم، دوانزە ساڵە، ئەوەی دووەم دەیکات بە هەشت ساڵ، یەعنی بۆ ئەوەی زیاتر لامان روون بێت، ئێمە پێمان باشترە کە ویلایەتەکە بکەوێتە دەورەی دووەم و، هەشت ساڵەکەشمان پێ باشترە لە دوانزە ساڵەکە، خاڵێکی تر هەیە، کە پێشتر رێگاتان پێنەدام باسی بکەم، ئایا سەرۆکی هەرێم، کەسی تر هەیە مونافسی، یان تەنها هەر یەك کەس دەبێت، یان تەنها لەدوو حزبەکەدا دەبێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك حمەی حاجی محمود، هەندێك ئیشارەتی بە قسەکانم دا، منیش پێم وایە ئەو ماددەیە کە ئەڵێت بۆ دوو جار، بەڵام لە جێیەکی تر ئەو قانونە ئەو ماددەیە ئیستیسنا کرایە لە برگەی حەڤدەم، ئایا مودەکەش ئیستیسنا کرایە، یەعنی کە دەڵێت دوانزە ساڵە ئەمجارە یان جۆری هەڵبژاردنەکە، یەعنی شێوەی هەڵبژاردنەکە ئیستیسنا کرایە، پێویستە ئەمە روون بکرێتەوە لەلامان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەزانین كە كێشەی زمانەوانیمان نییە، پەرلەمانەكەشمان ئیشی نوێ و بڕیاری نوێمان هەیە، داواكارین لەمەودوا هەر ڕۆشنووسێك هەر بڕیارێك گەلاڵە ئەكرێتە ڕوو یان هەر بڕیارێك پێشتر بە زمانی كوردی بێت، یەعنی بڕیارەكە یەكەم جار بە كوردی بێت، ئێنجا دوایی دەیكەینە عەرەبی، بەڕاستی هۆكارەكانی زمانی كوردی زۆر بەهێزترن لە بیانوویەكانی پێنەنووسی زمان كوردی، لەبەر ئەوە با چی تر باس لەم مەوزوعە نەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەس بۆ مولاحەزەی قسەكەت، ئەمە دوایێ، جارێ پەرلەمان دوو ڕۆژە كۆبووەتەوە، ئەو عەرەبییە ئیشی پەرلەمان نییە و، مەسئولیەتی پەرلەمانیش نییە، بە تەئكید ئەگەر پەرلەمان ماوەیەكی تر پڕۆژەیەكی هێنا یان ئیشێكی هێنا بە زمانی عەرەبی، ئەو كاتی هەقی خەڵكی ترە، یەعنی حەقی هاووڵاتیان دەبێت كە گلەییمان لێ بكەن، بەڵام ئەمجارە گلەییەكە هی ئێمە نییە، خەڵكانێكی قانونی دەرەوەی پەرلەمان ئەم پڕۆژەیان حازر كردووە و داویانە بە ئێمە، لەبەر ئەوە و بۆ ئەوەی ئێمە وەقت زەیاع نەكەین، وەقت پێویست دەكات، چەند ڕۆژێك لەوانەیە دەست پێبكەین وتمان هەمووتان عەرەبی دەزانن، ئەوەی نەش زانی، ماددەكان دەتوانین بیكەینە كوردی، خۆشبەختانە چوار پێنج كەس خەریك بووینە بیكەنە كوردی، لە بن دەستیان دایە، لەمەو دواش انشاالله، كوردیەكە ئەساسی دەبێت، بەڵام لە ناحیەی قانونی عەرەبیەكە موهیمە، ئێمەش لە عێراقین، بەڵام بەنیسبەت ئێمە كوردیەكە موهیمە، كاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە كاتێكدا هەموو شتەكان لە عێراق دەبێت بە مەرحەلەی ئینتقالیدا تێبپەڕێت، ئایا دەكرێت سەرۆكی هەرێم هەڵبژاردنەوەی جووتە لەگەڵ ماوەی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان بۆ چوار ساڵ بێت، لەو حاڵەتە جیابكرێتەوە، یان دەبێت ماوەی پەرلەمانی بۆ درێژ بكرێتەوە، جارێكی تر لەگەڵ ئینتخابی عێراقی سەرتاسەردا پەرلەمان هەڵئەبژێرێتەوە، بەڵكو درێژ بكرێتەوە، ئایا نەسێكی قانونی وا هەیە، كە پەرلەمان وەختی خۆی درێژ بكاتەوە بۆ ئەم مەبەستە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز د. ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوەی لە پرۆژە ئەصلیەكە هاتووە، دروست ترە، پێم وایە لێرە وشەیەك پەڕیوە، بۆیە وا وزوحی تێدا نییە، من پێم وایە لە ئەصلیەكە وا هاتووە، (المادة الثالثة: تكون ولاية رئيس الإقليم أربع سنوات ويجوز إعادة انتخابه لولايتين متتاليتين)، ئەمەیان فەرقی هەیە، لەگەڵ پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی، چونكە ئەوەی لیژنەی یاسایی پێشكەشی دەكات، شتێكی ترە، یەعنی ئەمە ناگەیەنێ(متتاليتين) ناگەیەنێ، یەعنی دەتوانێ خۆی هەڵبژێرێ، پاشی 10 ساڵی تر دەتوانێ خۆی هەڵبژێرێ، ئەمە شتێكی ترە، ئێستاش دەتوانێ خۆی هەڵبژێرێ، جارێكی تر دوای ئەمە ناتوانێ خۆی هەڵبژێرێ، لەبەر ئەوە من ئەمەیانم پێ باشترو دروست ترە، من پەسەندی پڕۆژەكە دەكەم ئەوەی لە ئەساس هاتووە، بەڵام من پێم وایە وشەی متتاليتنی لێپەڕیوە، بۆیە پێشنیار دەكەم وشەی متتاليتينی بۆ ئیزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.كمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كركوكى):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت برایەك باسى شەش مانگى كرد, پەرلەمانى كوردستان شەش مانگ نییە, پەرلەمانى كوردستان دەورەكەى خۆى چوار ساڵە, ئینجا بەغدا مانگێكى تر پەرلەمانى خۆى ئینتخاب بكاتەوە, شەش مانگى تر بیكات, سێ ساڵى تر بیكات, ئێمە خۆمان بە پەرلەمانى عێراق نابەستیەنەوە, پەرلەمانى كوردستان, پێش پەرلەمانى عێراق هەبووە, بۆیە تكایە بیر لەوە نەكەنەوە شەش مانگى تر ئیعادەى هەڵبژاردنى ئەم بەڕێزانە ببێتن, ئەمە یەك, دووش, باسى ویلایەتەین, من لەگەڵ نەصى پڕۆژەكەم, پڕۆژەى لیژنەى یاسایى, كە تەقدیم كراوە , زۆر ڕێك وپێكە و لە جێگەى خۆیەتى, هیچ دەستكارى نەكرێت, وەكو چۆن هاتووە وەكو خۆى بێت, باسى موونافسێكى تر بۆ سەرۆكى هەرێم, ئەوەى ئێمە ئەیزانین, ئێستا تەنها جەنابى كاك مسعود بارزانیە و بابى تەرشیحیش تەواو نەبووە, بەلاّم بۆ مەرحەلەى داهاتوو ئەگەر برایەك لەخۆى را ببینێت, ئەهلەن وەسەهلەن و, حەز دەكەم شتێكیش بزانن كە كاك مسعود زۆر ئیصرارى دەكرد كە ئیستفتایەكى عام بێت لەگەڵ هەڵبژاردن بێت, شعب بیكاتن, بەلاّم زروفى كوردستان و زروفى عێراق واى كرد, كە بەم شێوەیە بێت, بۆیە رجام ئەوەیە كە تەخصیرى ئەوە نەكرێت, تا ئێستاش من موقتەنیع نیم كە جەنابیان ئەم مەنصەبە قەبوڵ دەكات یان نا, بەنیسبەت زمانى كوردى ئێمە و ئێوەش دەبێت هەوڵ بدەین لیژنەیەك هەبێت, بۆ گۆڕین بە هەر زمانێك بێت چ ئینگلیزى بێت, یان ئەڵمانى بێت, عەرەبى بێت, بێ زمانى رەسەنى كوردى باشترە بە كوردى لەگەڵ یەك قسە بكەین, ئەگەر عەرەبێكیش هات, موتەرجمى بۆ دەهێنین, بە كوردى موباشیر تەرجوومەى بۆ بكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ناوى خۆت بڵێ و فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من یەك شتم هەیە, بەڕاستى لەناو مێشكى هەمووماندا هەیە, ئێمە نوێنەرانى گەلین یان نا, ئەگەر نوێنەرى گەلین, ئێمە لەم پەرلەمانە موافەقەت دەكەین لەسەر سەرۆكایەتى كاك مسعود, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

كاك كمال فەرمووى كە ئێمە ئینتخابى سەرتا سەر دەكەین, ئێمە هەمووومان وا تێدەگەین لە شەش مانگى ئاینده لەگەڵ پەرلەمانى عێراق ئینتبخاب دەكەینەوە, ئایا بۆ چوار ساڵە, یان بۆ شەش مانگە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

برایانى بەڕێز تەبیعى بۆ ئەم ماددەیە رەئى جیا جیا هەیە, دیارە لە قسەكانتان, هەندێ شروحاتى لایەنى سیاسى دەوێت, هەندێ شروحاتى لایەنى یاسایى دەوێت و, ئێستا بیخەینە تەصویتەوە, ئەگەر چى من بە حەقیقەت هەتا جیاوازەكان فەرقەكى ئەوەتۆ نابینم, هەندێكمان موناقەشە دەكەین, توزێك لە مەوزوع دوور دەكەوینەوە كە موناقەشە دەكەین, یەعنى وەكو قانون موناقەشە بكەین, قانونێك لێرە موناقەشە دەكەین, لەسەر ئەساسى ئەو قانونە سەرۆكى هەرێم هەڵدەبژێرێت, جا ئەو سەرۆكى هەرێمە ئەمڕۆ بە ئیتیفاقى هەموو لایەكمان جەنابى كاك مسعودە, پاش چوار ساڵى تر, برادەرێكى تر دەبێت, یان موونافسى دەبێت, كاك خۆى تەرشیح دەكات, ئێستا بە پێى ئیتیفاق بووە, ئەوە لەلاى هەمووومان هەیە, ئیتیفاقێك لەبەینى یەكێتى و پارتى هەیە, كە دوو هێزى سەرەكین و, لایەنەكانى تریش موافقن لەسەرى, كە داخیلى هەڵبژاردنى عێراق بووین, بۆ پەرلەمانى عێراق, ئیتیفاقمان وا بوو كە پۆستى سەرۆكایەتى كۆمارى عێراق بۆ جەنابى مام جەلال بێت, ئەو كاتیش پۆستى سەرۆكایەتى هەرێم بۆ جەنابى كاك مسعود دەبێت, واتە بە

موافەقەتی هەردوولا و, بە موافەقەتی لایەنەکانی تریش کە لەگەڵماندا بەشدار بوون, هەتا ئەوانەی کە لە گەڵماندا بەشدار نەبوون, لە لیستی هاوپەیمانیەتیدا, وەکو کۆمەڵی ئیسلامی دوو ئەندامیان لە پەرلەمانی بەغدا هەیە, ئینزیمامیان کرد, یەعنی 75 بوو بە 77, یەعنی کەواتە لەسەر ئەم بڕیارەش موافەقەتیان هەیە, لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەش جەنابی مام جەلال بوو بە سەرۆکی هەموو عێراق وەکو نوێنەری کورد, جەنابی کاك مسعودیش مورەشەحە ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان, وەکو نوێنەری هەموو لایەکمان کە ئیتیفاقمان لەسەر کردووە, نە مام جەلال نوێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەرۆك کۆماری عێراقە, نە کاك مسعودیش نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە, لەبەر ئەوە ئیتیفاقێکە, رێککەوتنێکە, ئەگەر یەکێکیش لێرە هەبێت, رۆژێك تەرخان دەکەین هەمووومان تەرشیحی دەکەین, وەکو لایەنەکانی سیاسی, کەسێك لەو ئەندامانە هەبێت, یان کەسێك لە دەرەوە هەبێت خۆی تەرشیح بکات, دەکەوێتە مونافەسەی, وەکو مام جەلال چۆن خۆی تەرشیح کرد, کەسێك ئەگەر هەبووایە, لە جمعیەی وەتەنیدا, خۆی تەرشیح بکردایە, دەکەوتە مونافەسە, بەلاّم کە ئیتیفاقە کەس خۆی هەڵنەبژارد بوو, ئێمەش تەوەقووعمان وا نییە کەسێك بیەوێت مونافەسەی کاك مسعود بکات, بەتایبەتی کە هەموو لایەکمان موتەفقین کە ئیتفاقیەکە بە یەکەوە بەستراوەتەوە, کە هەردووکی جێبەجێ کرا, سەرکەوتنێك بوو بۆ کورد, هەم یەکەم جارە سەرۆکی عێراق کوردێکی تێکۆشەرە, هەم سەرۆکی هەرێمیش کوردێکی تێکۆشەرە, هەمیش هاوپەیمانیەتی و برایەتی و دۆستایەتی هێزە سیاسیەکان, کە ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك کە زیاتر پێویستمان پێیەتی بە قوڵتر کرا, جا لەبەر ئەوە حەزم کرد ئەو جانیبە تەوزیح بکەم, کە هیچ خیلافێك نییە, مەسەلەی دووەم, ئەم چوار ساڵە, یان ئەم هەشت ساڵە هەندێ کەس بە نەوعێك بیر دەکاتەوە, ئەمە ئەوەند خیلافێکی گەورە نییە, ئەوە سەد لەسەد نییە, کە ئەوە چوار ساڵی تر ئینتخاب دەکاتەوە دەرچێتەوە, ئەگەر موافەقەتان کرد, بۆ ویلایەتی سێیەم دیسان ئەو دەردەچێتەوە, ئەو کاتی ئتیفاق دەکرێت دەنگی لەسەر دەبێت, مونافسی دەبێت, مونافسی نەبێت خەڵکەکە دەنگی لەسەر دەدات, بۆ ئەوەی, مومکینە دەرچێت, مومکینە دەرنەچێت, لەبەر ئەوە مەسەلەکە وانییە, بڵێ ئەوە چەند بوو خەلاّس, کاك مسعودیش بە پێی قانون یان بە پێی دەنگدانی خەڵك دەبێت, بەپێی ئیتفاق دەبێت, بەپێی میللەت دەبێت, هەروەها جەنابی مام جەلال لە بەغداوە, ئەگەر زروفیشمان گۆڕا, وەکو ئەو شتانەی کە ئیزافەم بۆ کرد, وەزعەکە تەبیعی بۆوە, لە مونافەسە خۆشتر نییە, دەگەڕێمەوە ئەو نوقتەی کە پێشتر باسمان کرد, میللەت دەنگی دەداتن, هاووڵاتی دەنگی دەداتن, مومکینە خۆی تەرشیح دەکات, چوار کەس, لەساڵی 1992 ئەو کاتی قانون نەبوو, ئەو کاتی رێبەر هەبوو, چوار کەس خۆی تەرشیح کرد, مونافەسەشیان کرد, ئەگەر وەزعەکە ئاسایی بڕوات, لەوانەیە شەش یان حەوت کەس خۆی تەرشیح بکات, بەلاّم ئێمە لێرە قانونەك دادەنێین, ئەو قانونە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمە, بۆ شەخصی جەنابی کاك مسعود نییە, بۆ کەسێکە کە پێی دەوترێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان, پابەند دەبێت بەو قانونە, بەپێی ئەو قانونە سەلاّحیات و واجباتی هەموو بۆ تەرخان دەکرێت, دیسان دەڵێم ئەوەش قورئان نییە, زانیمان پێویستی بەوەیە زیاتر دەسەلاّتی بدەینێ, زیاتر دەسەلاّتی دەدەینێ, زانیمان پێویستیمان هەیە, تەعدیلی بکەین, تەعدیلی دەکەین, تاوەکو ئەو قانونە هەبێت, بەپێی ئەو قانونەیە ئەو سەرۆکە, قانونی تاڵ, من مولاحەزە دەدەم, ئێمە پێی پابەندین, نەك پەرلەمان عێراق, قانونی تاڵ تا دەستور دەنووسرێت, ئێمە مولزەمین پێی, یەکەم نوێنەرانی کورد ئیمزایان کردووە, لە پێش هەمووشیانەوە جەنابی مام جەلال و جەنابی کاك مسعود, جگە لەویش کاك صلاح, د. محمود, حاکم نورالدین, ئەمانە هەموو ئیمزایان کردووە, ناکرێت بڵێی ئەو فەقەرەیە باشە بۆمن وەری گرم, ئەو فەقەرەی باش نییە, وەرینەگرم, جەعفەری ئێستا ئێمە یەقەمان گرتووە, کە دەڵێین باسی ماددەی 58ی نەکردووە, باسی فلاّن شتتی نەکردووە, ئەگەر ئێمە رێگا بدەین بڵێین ئێمە ئەوە وەرناگرین, کە بەنیسبەت هەموو کوردەوە مولزەمین پێی و دیفاعی لێدەکەین, بێ ئەو ماددەیە دەنگ نادەین بنووسێ, کە دەڵێت سێ پارێزگا بۆی هەیە, ئەگەر وتی نا, دەستوورەکە باتڵ دەبێتەوە, لەبەر ئەوە ئێمە هەموو پێکەوە مولتەزەمین بە قانونی تاڵ, ئەگەر نا ناتوانین داوا بکەین ماددە 58 جێبەجێ ببێت, جەعفەری لە بەرنامەکەی بۆ ئەنجومەن, تێیدا نییە ئەو ماددەیە, ئەو ماددەیە حەز

دەكەم لەو ماددانە بێت كە بیخەینە دواتر, سبەینێ هەندێكی تر موناقەشەی لەسەر بكەین, ئینجا لەسەر صیغەیەك ئیتیفاقی لەسەر بكەین و, بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ببورن, تكام وایە بزانن نوقتەی نیزام چییە؟ ئێمە كە ناومان نووسی موناقەشەی ئەو ماددانەمان كرد, كە موناقەشەتان كرد, ئەگەر وا بوایە هەر لە مەڵبەندو لقەوە موناقەشەمان دەكرد, خۆم مەسئول مەڵبەند بووم پێشتر, فەرموو, تكایە نوقتەی نیزام بێت.

ماددەی یەكەم كە تەواو بووە, رەئیشمان لەسەر داوە, ئەگەر وتم (الاقلیمی)كوردستان یەكێك قسەكەم ببڕی, بڵێ كاكە ئەوە ماددەی یەكەم بڕاوە, قسەی لەسەر مەكە, موخالەفەی نیزامت كرد, هەركێ موخالەفەی نیزامی كرد, بۆی هەیە وا بكات رایبگری, كێ نوقتەی نیزامی هەبوو.

من لەگەڵ ئەوەم كە ماددەكە تا ئێستا تێر نەبووە لە موناقەشە, ماویەتی, لەبەر ئەوە پەلە كردن لەوە, ئیشكالمان بۆ دروست دەكات, جارێكی تر بگەڕێینەوە, تۆزێك تێری بكەین و وزوحێكی زیاتری هەبێت, بە صیغەیەكی كە بزانین معقول تر بێت قانونیەن, گونجاو ترە, مەقبول ترە, ئینجا دەیخەینە دەنگدان, مولاحەزت هەیە كاك محمد , نوقتەی نیزام بێت, فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە مەوزوعەكان هەمووی دەزانین, چوار مانگ مەشغول بووین, بە هەموومان دوعای خێر دەكەین و, هیوای ئەوە دەخوازین كە ئەو مەوزوعە یەك بگرێت و, ئەوانە هەمووی دەزانین, ئێمە كاتی خۆشی لە لیستە هاوبەشەكاندا هەموو قەراری ئەوەمان دا, ئیمزاشمان كردووە, كە بەڕێزان مام جەلال و كاك مەسعود و, مەسەلەی هەرێمی كوردستان و, مەسەلەی بەغدا, ئەمانەمان هەمووی خۆمان باسمان كردو, كۆتایی پێ هاتووە, بەلاّم من وەكو پێشتریش باسم كرد, كە نامەوێت هیچ لایەك وا دابنێت و باس بكات, كە باسی بەغدا بكەیت, یەكێتی وا بزانێت باسی ئەو دەكەیت, كەباسی كوردستان بكەیت, پارتی وا بزانێت باسی ئەو دەكەیت, ئێمە باسی كوردستان دەكەین, باسی هەموو كورد لە كورستان و قانونەكە دەكەین, بۆ كوردستانمان دەوێت قانونەكە, جا لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان وایە با هیچ كەسێك خۆی بە خاوەنی ئەو قەرارەو, ئەو قانونە نەزانێ, ئەو برگەیە بێت یاخود ئەوی ترە یان نا؟ ئێمە لە ساڵی 1992 چوار كەس خۆی تەرشیح كرد بۆ سەرۆكی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد, چوارەكە دوایی هاتە سەر دووان, دووانەكەش وەكو ئێستای لێهاتووە, ئەمە مەسەلەی كاك مسعود و مام جەلال هیچ تری نییە, ئێمە هەمووشمان تا ئێستا لەسەر ئەمە رێكین و تا ئێستا, بەلاّم ئێمە ئەمانەوێ وەكو قانونەكەی كوردستان, ئایا لە دەورەی دووەمدا, لەناو مەسەلەن خەڵكی كوردستاندا كەسی تریش بۆی هەیە, لەو مرشەحە لە دووان زیاتر بێت یان نا؟ مەبەستەكەم ئەوە بوو ئێمە مەسەلەی سەرۆكی هەرێم, ئێمە سەرۆكی هەرێم بە شتێكی گرنگی دەزانین, بەیەكەم هەنگاوی دەزانین بۆ كیانی میللەتەكەمان, بۆیە پێویستە ئێمە هەموومان بێ دوو دڵی ئەم مەسەلەیە تەرح بكەین, پشتیوانی لێ بكەین, بەلاّم مەوزوعەكان دەگەڕێتەوە بۆ كوردستان, بۆیە من رجا دەكەم جارێكی تر ئەو قانونە بە هی خۆی نەزانی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەلاّم ئەوەندە بوو لە نوقتەی نیزامی كردتە موداخەلە, كاك كمالیش قسەی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كركوكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, بۆ كاك حەمە بە حەقیقەت كاك عدنان پێشی ئێستا روونی كردەوە كە مەسەلەی سەرۆكی هەرێم لەم مەرحەلەیە چۆنە, لە مەرحەلەی داهاتوو كە سەرۆكی هەرێم لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە هەڵدەبژێرێ, هەر ئینسانێكی كامیلی واعی ساحی, شرِوتی موتەوەفر بێت حەقی هەیە, ئینجا هەر ئینسانێك بێت لەم خاكە سیاسی بێت, غەیرە سیاسی بێت, لە خۆی رابببینێتن, خۆی تەرشیح بكات, ئەو شروتانەی كە دەست نیشان كراوە لێی موتەوەفر بێتن,

حەقی خۆیەتی, ئەگەر میللەتیش دەنگی پێدا پیرۆزی بێتن, یەعنی ئەوە نییە حەصر بێتن, بەلأم ئەو بەرێزەی کە ئێستاش خۆی تەرشیح دەکات, ئێستا دەبێت سەرۆکی هەرێم, یان ئەوی لەپاش ئەویش دێتن حەقی هەبێت لە دوو دەورەی موتەتالی تریش خۆی تەرشیح بکات, ئەگەر تاقەتی هەبوو خەڵك دەنگی بدات پیرۆزی بێتن, مەبەستی ئێمە ئەوەیە, مەبەستی ئێمە ئەوە نییە, کە لە داهاتووش کەسی تر نەبێت حەقی تەرشیحی هەبێت, هەر نەفەرێك بێت ئەوە هیچ قانونێك ئەوەی حەصر نەکردووە و, رەئی کەسیش ئەوە نییە, ئێمە لە کوردستانین, ئازادین و لە جێگایەکی دیموکراتی دەژین, بۆ هەر ئینسانێك هەیە لە دوای چوار ساڵ لە خۆی را ببینێ خۆی تەرشیح بکات و, میللەتیش دەنگی بداتێ, لێی پیرۆز بێت, من قەناعەتم هەیە یەکەمین کەسیش کە پیرۆزبایی لێ بکات, شەخصی خۆی (کاك مسعود)ە, کە ئێستا بە تەوەفقووعی هەموومان سەرۆکی هەرێمە بۆ مەرحەلەی ئەم چوار ساڵە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکی جەنابێتە ئیشارەت پێ کری ئەڤە یاساییە تەوافوقە هەردوو لایەنی سەرەکی لە کوردستانێدا هاتیە نڤیسین, ئیمزا کردن, هەروەها هیچ لایەنێك دیش لە سیاسی کو ئەڤرۆ قسمەك لەوان کە پەرلەمانا کوردستانێدا تاژدارن ڤە یاسایا پێ قەبوول بووینە یان پێك رازی بووینە, رەئیا من نیقاشا لەو مەوزوعەیدا بەلکی بچین بۆ هەندێ ئاخافتنێ جانبی, یان کە بچینە هەندێ هەوامشا کە پێویست نابینم, ئەوە زەروری ئەز دبینم ئەڤەیە, هەگەر بێ سەر ناحیەکا ڤێ دەستورێ, ڤێ یاسایێ لە ناحیەکا یاساییدا, موشکیلەك تێدا هەبی, یان خەلەتیەك بێتە دیتن, بێتە معالەجە کرن, ئەگەر نا ئەم شتەی ئەم لەسەر موتەفیق بووینە وەکی ڤیادا سیاسیا هەردووك لایا پارتی و یەکێتی هەروەکی پارتی دیێت یان ئەحزابا دیێت, بەشدار بت لە پەرلەمانێدا دەئاگادار بووینە لە ڤێ یاسایێ یان ڤێ یاسا دیت, موافەقەتیا واش هەبوو, ئەز تێدا دبێژم دەبەحسەکا درێژ بی, بەم شێوەی کە ئێمە بۆی دەچین, ئەگەر لە ناحیەتا یاسییدا ئیشکالەکا تێدا دیتن, یان یاسازانێت مە ئەز تەلایێ خۆدا بێتە تەصویت, ووختێ پەرلەمانێ وەختەکی تەبعایە کو میللەتێ کورد چاڤەرێی تشتی دییە زیاتر کە ئەم بکەین, ئەم وەختە بە فیرۆ نەدەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێمەش هەر وامان کردووە, بەلأم بەپێی عرف و رێنمایەکانی چۆنیەتی دەرهێنانی یاسا دەبێت لیژنەی قانونی موناقەشەی بکات و, مولاحەزاتی لیژنەی قانونی وەربگیرێت, ئینجا هەر پڕۆژەیەك دەخوێنرێتەوە, وەکو ئێستا کردمان, موناقەشە دەکرێت ماددە بەماددە, پاشان تەصویت دەکرێتن, پاشان هەمان شت ئەوەندەیە بەرەك دوور و درێژ بێت, نوقتەی نیزام, نەخێر قسە تەواو بوو, فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ماددەی سێیەم و چوارەم, مەسەلەی موصتەلەحات, موصتەلەحات علمێکە, عیلمی موصتەلەحات, لەبەر ئەوەی لە قانوندا لە دەستوردا, هەر موصتەلەحێك زۆر گرنگە بە دیقەت سەیری بکرێت و وەربگیرێتەوە, بۆ ئەوەی خەڵکێك تەفسیری جۆراو جۆری بۆ نەکەن, ئێمە هەر لەم پەرلەمانە بەڕێزە, برایانی بەڕێزی لیژنەی یاسا کە تەقدیری وجودیان دەکرێ و زەحمەمەتیان کێشاوە, بەڕاستی ئەو مەسەلەی (ویجوز اعادة انتخابە لولایتین) ئیشکال هەڵدەگرێ, بەلأم (تکون ولایة اقلیم اربع سنوات), تەبعەن ئەوە سابیتە, (ویجوز اعادة انتخابة لمرة ثانیة), تەحدید دەکات و, دیاری دەکات, ئیشکال نامێنێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە لێرە ئیشکالەکە تەنها لە وشەی اعادە دروست دەبێت, ئەگەر تەنها بەس وشەی اعادە هەڵبگیرێت(ویجوز انتخابة لولایتین متتالیتین) حەل دەبێت, هەشت ساڵ دەگەیەنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین, سبەینێ صیاغەیەك دەهێنین انشاء الله هەندێكیش موناقەشەی دەكەین, لەسەر تەصویت, ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

یجري الاقتراع لانتخاب رئیس الإقلیم في موعد انتخاب المجلس الوطني لكوردستان- العراق على ان لا یتعارض مع حكم المادة الثالثة من هذا القانون ولا ینتقص من المدة المحددة لولایته.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بەنیسبەت ئەو ماددەیە هیچ مولاحەزەمان نییە و, دەقی ماددەكە پەسەند دەكەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت شتێك روون بكەمەوە بۆ كاك شێروان, ئەگەر تەماشا بكەی ئێمە نووسیمانە لە ماددەی دووەم (مواطنوا كوردستان) بكرێت بە (شعب اقلیم كوردستان), ئێمە لەسەر تەواوی....

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. تكایە ئەم نوقتەیە بڕایەوە, ئێمە دەنگمان لەسەر داوە, باسی ماددەی چوارەم دەكەین, تكایە.

**بەڕێز د. نوری جمیل تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە بۆ ئایندەیە, چونكە بەپێی بەندی حەڤدەمین, سەرۆكی هەرێم ئێستا لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە هەڵدەبژێرێت, ئەم بەندە تایبەتە بە پاشەڕۆژ, وا بزانم ئەوەش لە ئایندەدا لە دەستوری هەرێمی كوردستانیشدا ئەوە هەر پەسەند دەكرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە, كێ موافیقە لەسەر ماددەی چوار, با دەستی بەرز كاتەوە؟ كێ موعاریزە؟ ئەوەی ئیعتیرازی هەیە, لەسەر ماددەكە, دەبێت بۆمان روون بكاتەوە بۆ موعاریزە, فەرمووو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم دەڵێت(یجري الاقتراع لانتخاب رئیس الإقلیم في موعد انتخاب المجلس الوطني لكوردستان), ئێمە هەرچەند كاك كمال روون كردنەوەیەكی دا, بەڵام ئایا نەصێكی قانونی هەیە بۆ سابتی ئەمە, تۆ سبەینێ پەرلەمانەكە تەواو دەبێت, دەبێت نەصێكی قانونی هەبێت بۆ هەڵبژاردنەوەی, رەئیسی پەرلەمانیش چوار ساڵە و سابیتە, لێرە ئیشكالێك هەیە, لە بەین هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێمدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی دەبوایە پێشتر بیكەی, ئێمە تەصویتمان كردو, دەنگمان لەسەر دا, تەواو بوو, دكتۆر وابزانم تۆش هەر وا دەڵێی, بەڵام لەوانەیە قانونەكە هەروا بۆ شەرح بیتن, من هیچ ئیعتیرازێك نابینم, لەو نەصەی كە تۆ گوتت, چونكە ماددەكە خۆی دەڵێت(على ان لا یتعارض مع حكم المادة الثالثة), ماددەی سێیەم بخوێنەوە تەواو, فەصلی دووەم, كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثاني**

**شروط المرشح والناخب**

**المادة الخامسة:**

**يشترط في المرشح ما يلي:**

**1-أن لا يقل عمره عن أربعين سنة عند الانتخاب.**

**2-أن يكون من مواطني كوردستان –العراق وساكنا فيها.**

**3-أن يكون متمتعا بحقوقه المدنية والسياسية.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێمە لیژنەی قانونی بە کۆی دەنگ لەگەڵ دەقی نەصەکەین, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز رشيد كريم رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تەوزیحێکم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە, کاتێك کە هەڵبژاردنی کۆماری کرا بۆ جەزائیر, بۆ سەرۆك کۆمار, فەقەرەیەکی تێدا هەبوو, بۆ ئەو کەسانە کە خۆیان تەرشیح دەکەن, دەبێت بەشداری کردبێت لە شۆڕشی تەحریری جەزائیردا, چەند کەسێکی تێدا هەبوو کە ئەهلیەتی ئەوەیان هەبوو کە بگەنە ئەوەی کە بتوانن رەئیسیش بن, بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەشداریان نەکرد بوو, دەرنەکەوتن, من دەمەوێت ئیزافەی ئەو ماددەیە بکرێت هی چوار, خاڵی چوار ئیزافە بکرێت کە ئەو کەسەی لە شەرتەکانیش کە بەشداری شۆڕشی کردبێت, کە بەشێوەیەك تەریخێکی هەبێت لە شۆڕشدا.**

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من سەرەتا قسەیەك لەسەر قسەی جەنابی دەکەم, دوایی خاڵێکی تر, محمد رشید باسی ئەوەی دەکات, دەڵێت دەبێت خاڵێکی تر زیاد بکرێت لێرە, سەبارەت بەو کەسەی کە شۆڕشگێر بێت, من پێم وایە ئەم پرۆژەیە بەس بۆ ئەمرۆ نییە, رەنگە سەد ساڵی تر, رەنگە ئەو جیلەی کە شۆڕشگێر بوون, ئیدی دەڕۆن, پاشان چی بکەین, ئەو کاتە بێ سەرۆکی هەرێم دەبین, لەبەر ئەوەی قۆناغی شۆڕشگێری کۆتایی پێهات, بۆیە پێم وایە بۆ ئەمرۆ دەشێت, بەڵام بۆ بەیانی ناشێت, سەبارەت بە خاڵی دووەم(ان يكون من مواطني كوردستان), تەبعەن زۆر قسەمان کرد لەسەر ماددەی دووەم(ينتخب مواطنو كوردستان), لێرە سێ موستەڵەح هەیە, (مواطن, شعب, قومية), قومیە ئێمە دەزانین کە کوردستان فرە قومیەیە, شعب ئەوەیە کەواتە هەمووومان دەگرێتەوە, مواطن یان هاووڵاتی, کەسێك کە خەڵکی کوردستانیش نییە, سودانیە, مصریە, فلیپینیە, ئەمریکیە, دێن لە وڵاتی تۆ جنسیەی پێدەدەی, دەبێت بە مواطنی تۆ هاووڵاتی تۆ لێرە, هەرچەندە لە وڵاتانی ئەمەریکا هەموو مواطنەکان هەموو هاووڵاتینە, حەقیان هەیە دەنگ بدەن, بەڵام لێرە من پێم وایە لەو خاڵە دەبێت ببێت بە شعب, مواطن کابرایەکی مصری لێرە ئیش دەکات, دە ساڵ, بیست ساڵ جنسیەمان پێداوە حەقی ئەوەی نییە, ببێتە سەرۆکی هەرێم, بەڵام دەتوانێ بەشداری لە دەنگدان بکات, با ئەمە ببێتە شعب مواطن نەبێت, بۆ ئەوەی بەس شمولی ئەو کەسانە بکات, کە بە ئەسڵ خەڵکی کوردستانن, جا تورکمان بێ, ئاشور بێ, کورد بێ, عەرەبیش بێ, ئەگەر لە سنوری ئەو ئیقلیمەیە قەینا قبوڵمانە, بەڵام قبوڵمان نییە کەسێك کە جنسیەی غەربی هەیە, لێرە ببێتە سەرۆکی هەرێم, سوپاس.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بەنیسبەت ماددەی پێنجەمەوە, زۆر ئاشکرایە, کات کاتی دیموکراتیە و, زەمان زەمانی عەولەمەیە, ئەم قانونەش دەبێتە بەشێك لە دەستوری فیدراڵ, ئەو دەستورە فیدراڵەش دەبێتە بەشێك لە دەستوری دائیمی عێراق, موصادەقەی لەسەر دەکرێ, من بە پێویستی دەزانم بڕگەیەکی تری بۆ ئیزافە بکرێ, ئەویش باس لە شەهادەو تەحصیلی عیلمی ئەو بەڕێزە بکات کە خۆی تەرشیح دەکات بۆ سەرۆکایەتی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە برادۆستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو, دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی چنار خان, با مواطنە لابردرێتن, کوردستان بێتە شوێنی, بڕگەی سێ پێم وایە تەحصیل حاصلە, ئەوە زیادە, لێرە لە جیاتی بڕگەی سێ بنوسرێتن(ان یکون حائزا علی شهادة دراسیة بدرجة بکالوریوس او ان یکون من البیشمرگە المناضلین من الحرکة الکوردیة التحرریة), یەعنی لێرە هەم ئەوەی کاك حەمە رشید باسی کرد, هەم ئەوەی کاك عمر کە باسی کرد, لەهەردوو لا ئەم مەبەستە تەواو دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم, بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت(ان لا یکون محکوما علیه بجنحة او جنایة), لەبەر ئەوەی فەقەرەی سێیەم کە هاتیە (ان یکون متمتعا بحقوقه المدنیة والسیاسیة), لە حاڵەتێك حقوقی مەدەنی لە هاووڵاتی دەسێنرێتەوە, کە تاوانێکی بخرێتە پاڵ, کە لە سێ ساڵ زیاتر بێت, کەواتە ئەگەر حوکمێکی هەبێت لە سێ ساڵ کەمتر حقوقی مەدەنی و سیاسی دەمێنێتەوە, بۆیە جارێکی تر پێشنیار دەکەم کە ئەو بڕگەشی بۆ ئیزافە بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان پێشنیاری کاك عمر و کاك کریمم هەیە بەنیسبەت بڕوانامە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی بۆ چوونەکەی بەڕێز چنار خان دەکەم, کە خاڵی دووەم وای لێبێت(ان یکون مواطنا کوردیا من سکنة کوردستان العراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەموو تەواو بوو, ئەو مولاحەزاتانە پێویستیان بە تەوزیحە, تۆ هەموو جار کە تەواو دەبێت, ئینجا قسە دەکەی, کە ناوت نەنووسرا بێت, چۆن قسە بکەی؟, باشە ئێستا دوو ناوی تر ئیزافە دەکەین و دەرگای موناقەشە دادەخەین. فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی پێنجەم بڕگەی یەکەم کە دەڵێت عمرە ئەوە مژکرە, دیارە ڕێگا نادات بە ژنان خۆی هەڵبژێرێت بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم, خاڵی چوارەمیش ئیزافە بکرێت, ئەو کەسەی کە خۆی بۆ ئەم پۆستە ئەپاڵێوێ تێنەگلاً بێت بە خیانەتی نیشتمانیی, چونکە ئەمە یاسایەکە بۆ مێژوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو گوڵناز ببورە, مولاحەزەتەکەت لێرە هەیە, ئێستا ڕوونی دەکەمەوە بۆت, با لەوێوە دەست پێبکەین, تەمەنی مرۆڤ و کەمالی عەقل لە چل ساڵی دەست پێدەکات, لەبەر ئەوە پێغەمبەر لە تەمەنی چڵ ساڵ وەحی بۆ هاتە خوارەوە, بەڵکو ئیسباتێکی عیلمی هەیە, قیمەی عەتاو قیمەی زیرەکی لە تەمەنی چل دەست پێدەکات, هەندێ کەس نبوغیان زووترە,

له سی دەست پێدەکات, بەلاّم عادەتەن معمول بە لە چل ساڵی دەست پێدەکات, چل تەکامولی فکری مهنەیە, ئەو مەرجانەی نووسرایە لێرە, بەڕاستی زۆر موناقەشە کرایە, زۆر تاوتۆی لەسەر کرایە, عامیش نووسرایە, جاری یەکەم وەکو ئەم مولاحەزەی چنار خان دای, ئێمە قانون دەردەهێنین, جارێ چواردە ساڵمان فەصلڵ هەیە, لێرە لەسەر دەرگای پێشمەرگایەتیمان, چواردە ساڵە یەکێك ئەگەر تەمەنی سی ساڵ بێت, ئەو کاتی شانزە ساڵ بووە, مەجالی ئەوەشی نەبوو ببێتە پێشمەرگە, لەبەر ئەوە ئەگەر قیاسێك دابنرێت, کێ پێشمەرگە نەبیت فلاّن مەنصەبی نابیتن, مانای وایە هەموو بەتەمەنەکان بە دوایان بگەڕێن کە ئەمەش لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا ناگونجێت, لەبەر ئەوە ئەو شەرتە من بەش بە حاڵ خۆم تەئیدی ناکەم, چونکە دوور دەکەوینەوە لە زەمەنی شۆرش, لە 1991 یە, ئێمە لە شۆرش دانین, ئێمە لە قۆناغێکی تر داین, ئێستا لێرە زۆربەی زۆرتان یان چەند ژمارەیەکتان هەیە, کە لەوانەی پێشمەرگە نین, لەبەر تەمەن, ئەگەر چی چنار خان رەنگە بە منالی پێشمەرگایەتی دی بێت لەگەڵ باوکی شەهیدی, بەلاّم زۆرتان کە ئینسان نەگاتە کامیلی عەقلی لە بیست ساڵیەوە ناتوانێ قەرارێك بدات, ئینزمام بکاتن بۆ شۆرشێك یان نەیکات, لەبەر رۆشنایی زرووف ئەو کاتیش, مەسەلەی شەهادە جارێ ئەوەلەن, ئێمە دوو کەسمان لێرە دانیشتووین تەڵەبەی جامیعە بووین, بە جێمان هێشتووە, لەبەر ئەوەی هەلاّتین بووینە پێشمەرگە, پاشی چەند ساڵێك, بیست ساڵی پێچوو ئینجا توانیمان تەواوی بکەین, هەندێ کەس لەوانەیە هەر مەجالی نابێت خوێندنی خۆی تەواو بکات, بەلاّم خوێندن بە تەنها بە شەهادە نییە, بەتایبەتی بۆ هەندێ کەس کە پلەی خەباتی دەگاتە پلە یەك, مەجالی نابێت بخوێنێت, کاك رسول مامەندی رەحەمەتیم, بە بیرم کەوتەوە, پۆلی یەکی کولیە بوو, بە جێی هێشت نەیتوانی تەواوی بکات, ئەگەر پێشمەرگایەتی نەبووایە ئەویش محاماتی دەکرد, مانای ئەوە نییە کە تەواوی نەکردیە موستەحەق نەبووە, جۆن مێجەر رەئیسی وزەرای بەریتانیا بوو شەهادەی شەشی سەرەتایی هەبووە, کاکە حەمە لێرە دانیشتووە, خۆی خۆی فێرە خوێندەواری کردووە, چوار کتێبی نووسیوە, هەر پێشمەرگەش بووە لە تەمەنی شانزە ساڵییەوە تا ئێستا هەر بەردەوامیش بووە, مقیاس ئەمە نییە, کە بڵێین کاکە حەمە کە شەهادەی نییە لەبەر ئەوەی فرسەتی نەبووە بخوێنێت, یەعنی بۆیە ئەم ماددەیە بەتایبەتی لەم قۆناغەدا لەوانەی بیست, سی ساڵی تر, قۆناغەکە بگۆڕێت, موجتەمەعێکی تەواو مەدەنی بیت, ئەو کاتیش لەوانەی پیاوی وا هەڵکەوێت وەکو جۆن مێجەر, بەنیسبەت ئەو مولاحەزەی کاك سەردار هەرکی کە وتت موتەمەتیعن بە حقوقی مەدەنیە وسیاسیە دەگرێتەوە یەك, دووەمیش من باوەڕ ناکەم یەکێك موتەمەتیع نەبێت بەو حقوقەیە, یاخود جنایەتی کرد بێت, جورئەتی هەبێت خۆی تەرشیح بکات, یەکێك مەسەلەن ئەگەر نوقتەی زەعفێکی هەبێت وا گەورە, چۆن خۆی تەرشیح دەکات بۆ مەنصەبێکی وا؟ هەر موجەرەد کە تەماشا دەکەم لە دەنگەکان لە سەدا یەکیش دەنگی نادەنێ, یەعنی ئەو م جوملەیە شامیلە و کامیلە, بەڕاستی جومەلی تر هەیە, مەسەلەن اتهام بە خیانەت و شتی وا, ئەوەشم لا بوو قانونیەکان نووسیبویان, شتێکی سڕی نییە ئەوە, برادەرانی پارتیش موافەقەت بوون لەسەر ئەوە, مام جەلال بە خەتی خۆی سڕییەوە, بۆ مەعلومات یەعنی کەسێك نەبوو ئیعتیرازی لەسەر ئەو صیغەیە هەبێتن, وتی ئەوە مانای چییە؟ ئێمە کە رەئیسێك هەڵدەبژێرین مانای نییە, نە اتهام بە خیانە بکرێتن نە شتێکی وا, یەعنی کە نووسیت(ان یکون متمتعا بحقوق مدنیة), هەر چەندە ئەوە شتێك نییە, لە شروتی عەزل دا ئەو شتە هاتووە, بەلاّم مەبەستم لەوەدایە ئێمە قانونەك دادەنێین بۆ خۆمان چی ئاسان بوو, چی تەفسیری باش بکرێتن, چی لەوەی ئیحترامی تێدا بیتن, دەبێت ئەوەش موراعات بکرێ, لەوانەی لە داهاتوو تەعدیلی ئەو قانونە بکرێتن, لەوانەی دەوڵەمەند تر بکرێت, بەلاّم ئێستا ئەو صیاغەی کە دانراوە دەقیقە, ووردە پێداچوونەی بەسەر هاتووە, دوو مانگ, سێ مانگ بەسەری داچووینە موناقەشاتمان کردووە لەسەری, هێنامانەتە ئێرە رەدو بەدەل بووە, کۆبوونەوەی پەرلەمانی لەسەر تەئجیل کراوە, ئەو بەشەی کە عیلاقەی بەو قانونەوە هەیە, چونکە تەنیا یەك سەبەب نییە, لەبەر ئەوەی من پێم وایە ئەو شروتانەی کە دانراون, مەنتیقین و مەعقولیشن, کاك کمالیش تەوزیحێکی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

ئێمە با خۆمان حەصر نەکەین, خوشکە چنار بۆچوونەکەی لە ناحیەی کوردایەتی و ئیخلاص و ئەوە دروستە, بەلأم ئێمە باسی دیموکراتیەت دەکەین, باسی جەوێکی کراوە دەکەین, خۆمان فەرق دەکەین, لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی ئەو نیزامە دیکتاتۆریانە, لەوەش نەترسێین, بەیانی ئەگەر یەکێك بێت لێرە دابنیشێت و, جنسیەی وڵاتێکی هەبێت, میللەتی کوردستان دەنگی پێبدات, بیکات بە زەعیمی خۆی, ئەگەر کردی پیرۆزی بێت, ئەگەر شەعبی کوردستان ئەگەر ئیدراکیان ئەوەند نزم بێت, بتوانێ مصریەك یان هندیەك یان ئەفغانیەك لێرە بێت, بیکاتە زەعیمی کوردستان, با پیرۆزی بێت, بەلأم مەترسن شەعبی کوردستان واعییە, مێشکی کراوەتەوە بە مەراحیلی زۆر زەحمەمەتەوە دەرباز بووە, خەڵکێکی دڵسوزو پاك نەبێت, بەدڵنیایی ئەو جێگەیەی بەر ناکەوێت, بەنیسبەتی ئەو خوشك برایانەی کە چل ساڵ, ئەو جێی ئەوەیە کە ئینسان پێدەگات, مانای ئەوە نییە کە ئەوەی لە چڵ ساڵ کەمتر بێت ناتوانێت بیر بکاتەوە, ئیحترامامان بۆیان هەیە, بەلأم چل ساڵ لە دینی ئیسلامیش دا هاتووە, کە وەحی بۆ پێغەمبەر(د.خ) هاتووە, ئینسان زیاتر دووربین تر دەبێت, زیاتر تەحەمولی گەورە تر دەبێت, قووڵ تر سەیر دەکات, لە گەنجێکی موتەحەمیس فەرقی دەبێت, لەبەر ئەوە ئەم سێ خاڵەی هاتووە, زۆر لە جێی خۆیەتی, سەرۆکی پەرلەمان زۆر بە جوانی باسی مەسەلەی تەعلیم کرا, بۆیە من ناچمەوە سەری, ئەم سێ خاڵەی هاتووە شتێکی شامیلە, ئەساسە, ئەوی تر دەمێنێت ئەو کەسەی خۆی تەرشیح دەکات, باوەڕ بکە یەکێك خەلەلێکی بچووکی هەبێت, مادام ئێمە بەرەو دیموکراتیەت دەڕۆین, بەرەو کردنەوەی بیری سیاسی و ئیعلام و دنیاش بچووك بوویتەوە, حەشرێکی پێدەکرێتن, جارێکی تر لەو مەنتیقەیە جێی خۆی نابینێتەوە, بۆیە ئێمە هیچ مەترسیمان نییە, لەوانە ئەم خالأنە, من پێم وایە زۆر لە شوێنی خۆیەتی و, داواش لە بەڕێزتان دەکەین, زۆر بە جوانی وەریبگرن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وایە, حقوقی مەدەنی و سیاسی هەموو ئەو مەسەلانە دەگرێتەوە کە تەرح کرا بە حەقیقەت, دەبێت ئەهلیەتی کامل بێت, دەبێت مەحکوم نەبیت, یەعنی ئەوانە هەمووی دەگرێتەوە, حەقی انتخابی هەیە, حەقی تەرشیحی هەیە, حەقی هەموو شتێکی هەیە, بەرەئی من یەعنی (ان یکون متمتعا بحقوقە المدنیة والسیاسیة), هەموو ئەو جەوانیبانە دەگرێتەوە, نەصێکی شامیل و وافی و کامیلە و, لە زۆر وڵاتان ئەو نەصە هاتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئەگەر ئیجازە بدەی, لە رووی قانونیەوە, ئەو نەصە زیاد بکەی, (ان یکون متمتعا بحقوقه المدنیة والسیاسیة وبالاهلیة القانونیة), لەرووی قانونی جێی دەبێتەوە یان نا؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆیەش بەراستی بەڕێز جەنابی مام جەلال ئەو (اذا حکم) ئەوانەی لادایە بە حەقیقەت ئەوانەی لادایە تەنهاو تەنها اکتفا بەو نەصەی کرایە, ئەو نەصە بەرەئی من کامیل و شامیلە هیچ عەیبێکی تێدا نییە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە تەصویتەوە, بەلأم پێش ئەوەی بیخەینە تەصویتەوە,کە وتت لە قانوندا وشەی مرشح هەردووکی دەگرێتەوە, پیاو و ژن دەگرێتەوە, ببورن لە بیرم چوو ئەو تەوزیحە بدەم.

**الفصل الثاني**

**شروط المرشح والناخب**

**المادة الخامسة:**

**يشترط في المرشح ما يلي:**

1-أن لا يقل عمره عن أربعين سنة عند الانتخاب.

2-أن يكون من مواطني كوردستان –العراق وساكنا فيها.

3-أن يكون متمتعا بحقوقه المدنية والسياسية.)

دەیخەمە تەصویتەوە, کێ موئەیدە با دەستی بەرز کاتەوە, زۆر سوپاس, کێ موعاریزە, یەك موعاریزە, زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

ئەو ماددەیەش تەواو دەکەین, ئینجا کۆتایی بە دانشتنەکەمان دەهێنین بۆ بەیانی سەعات (11), کاك شێروان ماددەی شەشەم بخوێنەوە, فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

يشترط في الناخب الشروط الواردة في قانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان- العراق رقم(1) لسنة 1992 المعدل.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین, هیچ مولاحەزەمان نییە, بۆ ئەوەی بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەوزیح بکەین, کە شروتی ناخب چییە؟ قانون رقم یەك دوو شەرتی هەیە, یەکەمیان دەڵێت لە 18 ساڵ کەمتر نەبێت, دووەمیان دەڵێت (ان یکون من مواطني کوردستان العراق), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات, نییە, دەیخوێنمەوە.

المادة السادسة:

يشترط في الناخب الشروط الواردة في قانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان- العراق رقم(1) لسنة 1992.

کێ موئیدە با دەستی بەرزکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ موعاریزە, زۆر سوپاس, کۆبوونەوەکەمان کۆتایی پێدەهێنین, بەیانی سەعات 10 کۆدەبینەوە, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله( د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 2005/6/7**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)
## سێ شەممە ڕێکەوتی 2005/6/7

کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2005/6/7ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق بـە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قـادر عبـدالله (د.کمـال کرکـوکی) جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و, بەڕێز فرست احمـد عبداللـه سکرتێری ئەنجومـەن, دانیشـتنی ژمـارە(3)ی خـولی دوووەمـی هەڵبژاردنی, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی مادده(20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتی(10)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2005/6/7دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خســتنەڕوو وگفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستانی- عیراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستانەوە کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکەین, بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان: بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی مادده(20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2005/6/7 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق.

داوا لە لێپرسراو و جێگرو موقەریری لیژنەی یاسایی دەکەم بێنە سەر سەکۆیەکە, ئێمە لەم دوو ڕۆژەدا چەندین بروسکە و پیرۆزباییمان بۆ هاتووە, چ بۆ سەرۆکایەتی, چ بۆ ئێوە, هەمووی داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازن, لە پێش هەموویانەوە کاك دکتۆر کەمال فوئاد, کە بەداخەوە کوڕێکی کۆچی دوایی کرد بوو بە ڕووداوێکی ناخۆش لە دەرەوە بوو نەیتوانی بەشداری بکاتن, بۆیە نامەیەکی بەسۆز و دڵسۆزانەی ناردووە, داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازێت, ئەمەش دەقی نامەکەیەتی:

(بەڕێزان ئەندامانی کوردستان, کۆبوونەوەی یەکەمی دەورەی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە سیانزەهەمین ساڵە ڕۆژی کۆبوونەوەی یەکەمی دەورەی یەکەمی پەرلەماندا, دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز و دۆستانی مەسەلەی کوردی خۆش کرد, بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەم و, لە ڕێگای جێ بەجێ کردنی داخوازییە ڕەواکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم, هەر بژین لە پێناوی بە دی هێنانی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵدا, کە یەکسانی مافی تاك و کۆمەڵ و هەموو ژن و پیاوی تێدا پارێزراو بێت, لەگەڵ ڕێز و سڵاوی گەرمدا.

دڵسۆزتان

**د. کەمال فوئاد**

هەروەها پیرۆزبایی لەلایەن کاك مامۆستا عەبدوڵڵا سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێمان گەیشتووە, هەروەها کاك موستەفا ئیدریس سکرتێری ئێستای حزبی دیموکراتی کوردستان و, لەلایەن چەندین لێپرسراو و سکرتێر و مەسئوولی حزبە کوردستانییەکان لە تورکیا و, لە سوریا و عێراقیەکان بە تەلەفۆن و بە ئیمێل پیرۆزباییان لێ کردووین, مامۆستا عەتا سەفیری عێراق لە ئوردن بە تەلەفۆن پیرۆزبایی لێ کردووین, کاك فریاد فایق نێرۆیی بە فاکس پیرۆزبایی لێ کردووین, سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستان لە سوید پیرۆزبایی لێ کردووین ( شرمن بوز ئەرسەلان) ئەوە ناویەتی, هەروەها کاك دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی بە خۆی و بە ئەندامەکانیەوە بروسکەی پیرۆزبایی بۆ من و بۆ کاك کەمال و بۆ ئێوەش هەر یەکە بە جیا ناردوویەتی, سوپاسیان دەکەین و ئومێد دەکەین لە ئاستی ئەو

متمانه دابین, که میللەت پێمانی داوەو, بتوانین ئەو داوایانەی که له بروسکەکان داوایان لێ کردووین, بتوانین جێ بەجێی بکەین, پێش ئەوەی بچینه سەر بەرنامەی کارەکەمان, چەند سەرنجێك هەیه حەز دەکەم له خزمەتتاندا باسی بکەم, ئەو ئیجرائاتانەی که ئێستا هەیه تایبەته به دائیمی نییه, ئیجرائاتی ناو پەرلەمان که ئێستا هەیه, تۆزێ توندی تێدایه, لەبەر ئەوە یەکەم رۆژی پەرلەمان مێوانێکی زۆر هەبوو, بۆیه ئیجرائاتەکه لەسەر دووباره بوونەوەیه, دائیمی نییه, کاتییه, ئەوەش لادەچێت, بەلاّم پاشی ئەوەش دەبێت ئێمه خۆمان ئاگامان له پاراستنی مەسەلەی پەرلەمان بێت و, له مەسەلەی پاراستنی خۆشمان بین, هەر ئەوەندە نییه, پەرلەمان پۆلیسی هەیه, ئاسایشی هەیه پشتمان بکەینەوەو ئاگامان له مەسەلەی پاراستن نەبێت, هەر یەکه مەسئولیەتێکی هەیه لێرەدا, یەعنی ئاگاداری خۆت گرنگی یەکەمی هەیه, لەوەی که پاراستن بپارێزی, له پێش هەموويانەوە چۆن دێیه ژوورەوە؟ سەیارەکەت له کوێ بەجێ دێڵی؟ چۆن دەچییه دەرەوە؟ داوای لێبووردن دەکەم, ئەمه فێر بوون نییه, بەلاّم به بیر هێنانەوەیه, ئەوەی سەرنجی راکێشاین دوێنێ و پێرێ, که دەچنه دەرەوە به کۆمەڵ دەچنه دەرەوە, زۆر ئاسانه ئەگەر یەکێك بیەوێ کارێکی تیرۆریستی بکاتن له فورسەتێکی ئەوها ژمارەیەك خوا نەخواسته بەبەر بکەوێت, لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێت یەکه یەکه بچنه دەرەوە, وا دیار نەبێت که ئێوە له پەرلەمانن, یان چەند مەجمووعەیەکن له پەرلەمان لەلای سەیارەکەتان, تکایەکیشم هەیه پێش ئەوەی بێنه ژوورەوە مۆبایلەکانتان قەپات بکەن, چونکه ئەگەر ئیش بکات تەئسیر له تەسجیلەکه دەکاتن, له رۆژی سوێند خواردنەوە هەرچی فەرمانبەرە پەیوەندی به دائیرەکەی نامێنێت قانونییەن, ئەندامی پەرلەمانه و بەس, ئەوەی بەڕێوەبەرە له شوێنێك, یان ئەوەی فەرمانبەرە له شوێنێك ئەوەی نامێنێت, بەلاّم پێویسته هەر یەکەتان ناوی خۆی و له کوێ کار دەکات بداته ئیدارەی پەرلەمان, بۆ ئەوەی نووسراوی بۆ بکەن و ئیجرائاتی فەنی بۆ بکەن, زۆر سوپاس.

ئێستا دێینه سەر بەرنامەی کار, دوێنێ ماددەی سێیەممان تەئجیل کرد بۆ ئەوەی زیاتر موناقەشەی لەسەر بکەین, دیارە تێنەگەیشتنێك هەیه له ماوەکە, به رەچاو کردنی ئەوەی که عوراق دنیا ماوەی سەرۆکایەتی بۆ یەکێك لەسەر یەك چەندە, زۆر جێگامان تەماشا کرد, هەم خۆمان, هەمیش ئەو کەسانەی لەو پرۆژەدا کاریان کرد بوو و, پەیوەندیدار بوون, پرسیارمان لێ کردن, مەبەست هەشت ساڵه لەوەی که دوو ویلایەت لەسەر یەکە, سەرۆکێك دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت, پاش هەشت ساڵه ویلایەتەکه یەکێك هەڵبژێرێت, له ویلایەتی چوارەمدا هەمان سەرۆکی یەکەم دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێتەوە, وەکو له ئێراندا هەیه رەفسەنجانی دوو جار بوو به سەرۆکی کۆماری جاری سێیەم نەبوو, ئێستا دیسان خۆی هەڵدەبژێرێتەوە, بەلاّم مەبەست قانونییەن دەکرێتن سێ ویلایەتیش, یەعنی ویلایەتی یەکەم خۆی هەڵدەبژێرێتن, بۆ دوو ویلایەتیش حەقی خۆیەتی, بەلاّم وا جوانتر و رێك و پێکی زیاترە, زۆربەی زۆری وڵاّتان وانه, که ئێستاکه بۆ چوار ساڵه, بۆی هەیه بۆ ویلایەتێکی دووەم خۆی هەلبژێری, مەقسەد لەوە دایه کۆی هەشت ساڵ بێتن, جا ئەگەر لیژنەی یاسایی صیغەیەکی ئەوها بڵێ, ئێوەش پەسندی بکەن, بۆ ئەوەی ئەو تەوزیحەی هەبێتن یەك لای بکەینەوە, بچینه سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه به حەقیقەت دوێنێ نەصێکمان پێشنیار کرد بوو بەنیسبەت ئەو ماددەیه, ئێستا نەصەکەی دووبارە دەکەینەوە, ئەویش بەو شێوەیه:

(تكون ولاية رئيس الإقليم أربع سنوات ويجوز إعادة انتخابه لولاية ثانية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامه بەڕێزانه دەکەم ئەوەی ماددەی سێ پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە, زۆر سوپاس, ئەو ئەندامه بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە, زۆر سوپاس, به کۆی دەنگ ماددەی سێیەم وەرگیرا. ماددەی چوارەم تەواو بووەو, ماددەی پێنجیش تەواو بووە, ماددەی شەشیش تەواو بووە, هاتینه سەر ماددەی حەوتەم, لیژنەی یاسایی تکایه.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثالث**

**الترشيح والانتخاب**

**المادة السابعة:**

1- يقدم طلب الترشيح الى الهيئة العليا المشرفة على انتخابات المجلس الوطني لكوردستان- العراق قبل موعدها بما لا يقل عن ثلاثين يوماً.

2- على الهيئة العليا البت في طلب الترشيح وإعلانه خلال مدة يومين من تاريخ تقديمه.

3- للمرشح حق الاعتراض على قرار الرفض أمام محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال سبعة أيام من تاريخ صدور القرار.

4- تصدر المحكمة قراراً باتاً في الاعتراض وتعلنه خلال مدة يومين من تاريخ تقديمه الى المحكمة ويعتبر المرشح مبلغاً من تاريخ صدوره.

5- تعلن الهيئة العليا أسماء المرشحين قبل موعد الانتخاب بما لا يقل عن خمسة عشر يوماً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیە پەسند دەکەین, تەنها یەك تێبینیمان هەیە, تێبینیەکەش ئەوەیە بەنیسبەت خاڵی یەکەم (قبل موعدها), وشەی (اجرائها) ئیزافە بکرێتن, ئینجا مانایەکەی تەواو دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. نوری خاڵی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێکە ئەو پرۆژەیەمان کرد بە زمانی کوردی, نزیکەی لە (9)ی سبەینێیەوە دەستمان پێ کرد, تاکو کاتژمێر(10) تەواو بوو, دامان چاپیان کرد, ئێستا چاپ کراوە, پێم چاکترە کەوا بە زمانی کوردیش بخوێندرێتەوە, لەگەڵ زمانی عەرەبی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم باشە ئەگەر هەبێتن, وابزانم هەمووتان پێتان باشە ئەوە هەبێتن, ئەگەر حازرە, لەلای کێیە؟ جەنابت ئەگەر لاتە پێمان بدە با دابەشی بکەین, نەك بیخوێنیەوە, بیدە بە لیژنەی یاسایی, زۆر سوپاس, ئەگەر دابەشمان کرد بوایە, زۆر باشتر بوو, باشە زۆر سوپاس, کاك شێروان زەحمەت نەبێت نەصە کوردیەکەش بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

1-داوای خۆ پاڵاوتن پێشکەش بە دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەکرێت, پێش ئەنجامدانی بە (30) رۆژ بەلایەنی کەم.

2-پێویستە لەسەر دەستەی باڵا بڕیار لەسەر داوای پاڵاوتن و راگەیاندنی بدات لە ماوەی دوو رۆژ لە رۆژی پێشکەش کردنیدا.

3-پاڵێوراو مافی بەرپەرچدانەوەی بڕیاری رەتکردنەوەی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی هەیە, لە ماوەی حەوت رۆژدا لە دەرچوونی بڕیاری رەتکردنەوە.

4-دادگا دوا بڕیاری خۆی دەدات لەسەر بەرپەرچاندنەوە لە ماوەی دوو رۆژدا رادەگەیەنرێت, لە رۆژی پێشکەش کردنی بۆ دادگا, پاڵێوراو بە ئاگادار کراو دادەنرێت لە رۆژی دەرچوونی ئەو بڕیارەوە.

5-دەستەی باڵای هەڵبژاردن ناوی پاڵێوراوان رادەگەیەنێ، بە لایەنی کەم (15) رۆژ پێش دەست پێ کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی یەکەم وەکو لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، بەس تەعدیلەکەی ئەوەندەیە دەڵێت کە تەبلیغ دەکرێتن، یان تەڵەبەکەی تەقدیم دەکرێتن، ئەوەندەیە لەجیاتی بڵێی لەو کاتەی، دەڵێی لە کاتی ئیجرا کردنی، هەر ئەوەندەیە ئیزافەکەی، کەسێك موناقەشەی هەیە لەسەر ماددەی حەوتەم خاڵی یەکەم، فەرموو د.ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر هەموو ماددەکە و ئەوەی بە کوردیش خوێندرایەوە، تێبینیەکم هەیە، ئەم پرۆژەیە بە زمانی عەرەبی هاتووە، بۆیە حەز دەکەم ئەو برایانەی، ئەو ئەندامانەی کە هەر پرۆژەیەك بە چ زمانێك هات ئەسڵەکەی ئەوە ئەسیلە تەرجوومەکەی لەگەڵ ڕێزمدا، تەبعەن زۆرمان پێ باشە، زۆریشم پێ خۆش بوو، کە ئێستا تەرجوومەی کوردی کراوە، بەڵام ئەو تەرجوومەیە پێویستە پسپۆڕی یاسایی و پسپۆڕی زمانەوانی بن، ئێمە لیژنەمان هەیە لە پەرلەمان لەگەڵیان دابنیشن، بۆ ئەوەی تەرجوومەکەی ببێتە تەرجوومەیەکی رەسمی، چونکە ئەو تەرجوومەیە تەرجوومەیەکی رەسمی نییە، ئەو تەرجوومەیە دەبێتە رەسمی، جا ئەگەر بە کوردی هات دەکرێتە تەرجوومەی عەرەبی، ئەوە شتێکی زۆر سرووشتییە، ئەگەر بە عەرەبیش هات بکرێتە تەرجوومەی کوردی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکەت بەجێیە، ئێمە ئەو یاسایەی کوردی کە دەخوێنین، بۆ ئەوەی برادەران تێبیگەن، بەڵام وەکو یاسا، ئێمە دەنگی پێ دەدەین لەسەر نەصە عەرەبیەکە، لە پاشان کە یاسایەکە دەرچوو بە هەردوو زمان دەردەچی، بەڵام کوردییەکە راستە دەبێت موراجەعەی بکرێتن و لە رووی زمانەوانی و لە رووی یاسایی دەبێت هیچ کەموکوڕییەکی نەبێتن، چونکە وەکو یاسا دەرچوو تەواو دەبێتن، بەڵام ئێستا بۆ ئەوەی هەموو تێبیگەن، مەقصەدەکە ئەوەیە بخوێندرێتەوە باشە، بەس دەنگ لەسەر نەصە عەرەبیەکە دەدرێت و، نەصە عەرەبیەکەش بە کوردی دەنگی لەسەر دەدرێت و، ئەو دەردەچێت و، بە کوردیەکەش پاش ئەوەی لەلایەن پسپۆڕەکانەوە موافەقەی لەسەر دەدرێت و ئەویش ئیمزا دەکرێت، کەواتە لەسەر خاڵی یەکەم هیچ ئیعتیراز نییە، بەڵێ خاتوو پەخشان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، لە خاڵی چوار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە باسی خاڵی یەکەم دەکەین، دوایێ کە یەکە یەکە موناقەشەی نەبوو، ئینجا دەنگدانەکە لەسەر ماددەکە پێکەوە دەکەین، خاڵی دووەم، کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(على الهيئة العليا البت في طلب الترشيح وإعلانه خلال مدة يومين من تاريخ تقديمه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا بە کوردیەکەی (لیژنەی باڵا بڕیار دەدات لە ماوەی دوو رۆژدا قبولی ئەو داوایەی کردووە، کە ئەو ئینسانە خۆی پاڵێوراوە قبولی کردووە، یان نا)، کەس لەسەر ئەوە موناقەشەی هەیە، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی دوو رۆژ لە کوێ شت دەکرێت و وەڵام دەدرێتەوە, خاوەنەکەی بزانێ, یەعنی ئەم شتانە شتی یاسایین, لە هەفتەیەك زیاتر نە تۆ دەتوانی ئەو تێبگەیەنی, نە ئەو دەتوانی تۆ تێبگەیەنێ, راستە ئێستا لەسەر کاغەز ئاسانە, بەڵام تەقدیم کردن و وەڵام وەرگرتن و, پێم وانییە, عەمەلی کردن بەلای کەمەوە لە هەفتەیەك کەمتر نەبێت, هیچ رەد و بەدەلێك لە پێشکەش کردن و لە ئیعتیراز کردندا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان چییە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە مەسەلەی ئیستیعجالە بەحەقیقەت, ئینسان مەوقیفی خۆی زوو بزانێت, دەستەی باڵاش پێویستە, یەعنی بەڕاستی زوویی لەو مەسەلانە بکات, بۆیە دوو رۆژ دانراوە, ئەگەر لە دوو رۆژ زیاتر بێت هیچ کێشەیەکمان نییە بە تەسەوری ئێمە, بەڵام ئەوە بۆ ئیستعجالە و خەڵك مەوقیفی خۆشی بزانێ باشەو هەر لەبەر ئەوەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش رەئیەکم هەیە, ئەو تێبینیەی کاك محەمەد فەرەج لە جێیەتی, چونکە هەندێ جار مومکینە یەکێك خۆی تەرشیح بکات مەعلووماتێکی تەواوی لەسەر نەبێت, بۆ لیژنەکە, لەبەر ئەوە من پێم باشە لە چوار رۆژ کەمتر نەبێت بەڕاستی, چوار رۆژ فرسەتێکە, تێبینیەکی بەجێیە, فەرموو کاك د. کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە (د. کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان, بەحەقیقەت منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی ئەو برادەرەم, چونکە لەوانەیە لە قۆناغێك بێتە پێش سەد کەس, دوو سەد کەس خۆی تەرشیح بکات, بە دوو رۆژ بۆ ئەو هەیئەتە کەم بێتن, بۆیە چوار رۆژ بێتن زۆر تەبیعییە.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بۆیە دیاری کراوە, بۆ ئەوەی موماتەلە لەو مەسەلەیە نەکرێت, ئەمە لە بەرژەوەندی مورەشەحینە, کە لە ماوەی دوو رۆژ جێ بەجێ بکرێت, بە پێچەوانەوە, ئەوە کەم کردنەوە نییە, گرنگیدانە بە مورەشەحەکە, لەبەر ئەوە یاساییە, خۆی مورەشەحەکە دەڵێت دوو رۆژەکە دروستترە, نەك چوار رۆژەکە, ئەگەر بکرێتە چوار رۆژەکەش ئەوە بە کەیفی خۆتانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە, دوو رۆژەکە لە بەرژەوەندی مورەشەحەکەیە, بەڵام بۆ بەرژەوەندی لیژنەی باڵا نییە, کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئی کاك د.ناصحم, بەتایبەتی کە مەرجەکانی تەرشیح زۆر ئاسانە, تەنها ئەوەی خۆی تەرشیح دەکات, پێویستە هەندێك موستەمسەکات تەقدیم بکات, کە تەمەنی (40) ساڵە و لە هاووڵاتی کوردستانەو لە حقووقی مەدەنی و سیاسییە, یەعنی بە دوو رۆژ دەتوانێت وەڵام بداتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا دوو رەئی هەیە, رەئییەك کاك محەمەد فەرەج تەقدیمی کرد و گوتی هەفتەیەك بێت, دواییش ئێمە هەردووکمان رەئیماندا چوار رۆژ بێت, رەئییەکی دیکە هەیە دەڵێت هەروەکو خۆی بمێنێتەوە, یەکەم جار دوو رۆژەکەی

دەخەینە دەنگدان, تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەو خاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە پەسند دەکات دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە, زۆر سوپاس,

کێ لەگەڵ چوار رۆژەکە رۆژەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, (56) بە (47)ە, کەواتە بەزۆربەی دەنگ چوار رۆژەکە وەرگیرا, زۆر سوپاس, تکایە خاڵی سێیەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(للمرشح حق الاعتراض على قرار الرفض أمام محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال سبعة أيام من تاريخ صدور القرار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مورەشەحەکە حەقی ئیعتیرازی هەیە, ئەگەر لە لایەن لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەوە رەفەز کرا لەبەر دەم مەحکەمەی تەمیز شکایەت بکاتن, لە ماوەی حەوت رۆژ داوا بکات, لەو رۆژەوە کە ئیستیلامی رەفەزەکەی دەکاتن, لە مەحکەمەی تەمیز شکایەت بکاتن, کەس موناقەشەی هەیە, ئەوە ئەگەر وەسائیلی تەبلیغ موتەوەفیر بێت, مەسەلەن بەریدی سابقمان هەبێتن, یان تەلەفۆنات, مومکینە یەکێك خۆی تەرشیح کرد بێت, مومکینە تەلەفۆنی نییە, مەفروزە ئەوەی خۆی تەرشیح دەکاتن موتابعەی خۆی بکات, لەبەر ئەوە تاریخی تەبلیغەکە قەراری داوە, ئەگەر دوو رۆژ تەبلیغ کرا درەنگ بچێتن و ئیش و کاری لیژنەکە ئەوەندە دەبێتن, لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی خۆی تەرشیح دەکاتن, دەبێت موتابعەی خۆی بکاتن, نازانم خۆی شتەکی زۆر بە وردی نازانم, بەلاّم صدورەکە لە تاریخی صدور باشترە, مەسەلەن کێ خۆی پاڵێوراو کردووە, دەتوانێت موتابعە بکات, بچێتە لای محکەمەکە, کوا چی لێهاتووە, ئەوە باشترە, لەوەی چاوەڕوان بکات و بێ منەت بێت, دوایێ مەسەلەن تەبلیغیش کرا لە ئەفلامان دیوتانە, ئیشەکەی نەکاتن, کە تەبلیغ نەکراوە, دەچێت شکایەت دەکاتن, دەڵێت من تەبلیغ نەکراوم, خۆی وەرینەگرتووەو ئیمزای نەکردووە, لەبەر ئەوە صدورەکە باشترەو عەمەلی ترە بە رەئی من, فەرمووو کاك جەمیل.

**بەڕێز جمیل محمد عثمان گردی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ رەئیەکەی مامۆستا دامە, تێبینیەکەی زۆر جوانە, شێوەی یاسایی دەبێت پاش تەبلیغ بوون ماوەکەی بۆ حیساب بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز من دبێژم حالەتێك روو بدا لە پەیرەویا ناوخۆیا ئەڤ پەرلەمانێ, کریا سەر سەرۆکێ پەرلەمانێ رەئیا خۆ دیار بکا, لە حالەتێکی کە دەنگ ببێتە نیف بە نیف, یان لە حالەتی نیف بە نیف دابێت, سەرۆکێ پەرلەمانێ رەئیا خۆ دیار کەن لەم بەرایێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە راستە, ئەگەر بێتو پەنجا بە پەنجا بێت, بەلاّم من دڵنیا بووم کە نزیك نییە, چونکە یەکەم جار ژمارەکە (46)ە, زانیم ئەویتریش (56)ە, بەس تێبینیەکەت بە جێیە.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت بینیت کە (47)ە موشکیلە نییە, بەس ئەوەی ئاخیر کەس دەست بەرز دەکەنەوە بەحەقیقەت لە حاڵەتی وایە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو شتە من باوڕ ناكەم, لە نیزامی داخیلی نەمدیوە, ئەوەم خوێندۆتەوە هەمووی ئەوەی تێدا نییە, ئاخیر كەس دەستی بەرز كردۆتەوە, بەڵام ئەگەر دەنگەكان وەكو یەك بن, دەنگی سەرۆكی پەرلەمان لە كوێ بێتن ئەوە دەچێتە سەری, ئەوەی تێدایە, بەڵام ئەوەی تێدا نییە, ئاخیر كەس دەبێت دەنگ بدەیتەوە, دووەمیش ئەوە لە حاڵەتێكدا دەبێت, ئەگەر سەرۆكی پەرلەمان دیكتاتۆر بێت, یان لێی بترسی, كە ئەو دەستی بەرز بكاتەوە نەوێرن دەست بەرز بكەنەوە, ئەلحەمدولیلا نە هەوین, نە ئەوەش دەبین, لەبەر ئەوە ئیعتیادیە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەمەودوا پاش ئەوەی كە خەڵكان دەبینین دەستیان بەرز كردۆتەوە, ئینجا دەستم بەرز دەكەمەوە, فەرموو د. شكریە.

**بەڕێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماوەی ئەو شەش ڕۆژە (من تاریخ صدور القرار), ئەگەر ئەو حەوت ڕۆژە (من تاریخ صدور القرار), ئەگەر وشەیەكی تری بۆ زیاد بكەین (وتبلیغە) هەردوولا, چونكە جاری واش هەیە نەخوێندەوارە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵێك هەیە دەمەوێت تەوزیحی بكەم, ئەویش ئەوەیە من حەز ناكەم لە مەوزوعی تەبلیغ, مەوزوعێكی ئەوهایە بچینەوە سەر مەسەلەی تەبلیغاتی مەحاكم و قانونی تەبلیغاتی قەزائی و, ئەم جۆرە شتانە, ئەم نەصەش بزەبت لە بەرژەوەندی مورەشەح دانراوە, (تاریخ صدور)ەكە بە تەسەوری من پڕ بە پیستەیەتی و لە جێگای خۆیەتی و, مورەشەح ئەگەر خۆی تەرشیح بكاتن لە بۆ سەرۆكایەتی هەرێم, مەعقولە موتابەعەی تاریخی صدوری قەراری مەحكەمەی تەمیز نەكاتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە, تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تەئیدی ئەو پێشنیارە تازەیە دەكات دەستیان بەرز بكەنەوە, زۆر سوپاس, ئەو پێشنیارەی كە پێشوو دامانە دەنگدان, یەكەم جار پێشنیارە ئەصڵەكەمان خستە دەنگدان, كە كاك فەرسەت تێبینی دا وتی دەبێت ئەو پێشنیارە تازەیە دەبێت ئەو بدرێتە دەنگدان, لەبەر ئەوە هینەكەم گۆڕی, ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە, , تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تەئیدی ئەو پێشنیارە تازەیە دەكەن كە تەبلیغ بكرێت دەستیان بەرز بكەنەوە, زۆر سوپاس, ئەو بەڕێزانەی تەئیدی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە, زۆر سوپاس, كەواتە ئەفقەلیەتە, تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تەئیدی ئەوە دەكەن وەكو خۆی بمێنێتەوە دەستیان بەرز بكەنەوە, زۆر سوپاس, كەواتە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, كاك شێروان چوارەم تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(4- تصدر المحكمة قراراً باتاً في الاعتراض وتعلنه خلال مدة یومین من تاریخ تقدیمه الى المحكمة ویعتبر المرشح مبلغاً من تاریخ صدوره).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەیش وازیحە (قەراری محكەمەی تەواو دەبێت نیهائییەن, پاشی دوو ڕۆژ ئیعلانیش دەكرێتن, پاشی دوو ڕۆژ دەدرێتە محكەمەو, ئاگاداریش دەكرێتەوە), كەس دەیەوێت لەسەر ئەوە قسە بكات, نییە, باشە پێنجەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(5- تعلن الهیئة العلیا أسماء المرشحین قبل موعد الانتخاب بما لا یقل عن خمسة عشر یوماً).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێكی تەبیعییە, كەس دەیەوێت لەسەر ئەوە قسە بكات,  چوار كەس دەیانەوێت قەسە بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەك تەعلیماتێك لە لیژنەی باڵا دەنێرێتن, یەعنی ئەوە قانونە لیژنەی باڵا واجبێتی, بەڵام بۆ ئینتیخابات لیژنەی باڵا تەعلیماتێك دەنێرێتن, ئیستیناد لەسەر ئەو قانونەو هەرچی تەفاصیلی تر هەیە لەوە دەنووسرێتن, وەكو ئەوەی لە بەغدا كۆمسیۆنی باڵا كردی, تەعلیمات دەناردرا, كاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە ئەو (15) رۆژە, مانگێك بێت, لەبەر ئەوەی مافێك لەبەردەم موڕەشح هەبێت, لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە زۆر كەمە لەبەر دەمیاندا بۆ حەمەلەی ئینتیخابات و, پێشتریش زۆر ماندوو بووە لەگەڵ ئیشی خۆیدا, دوای (15) رۆژیش بۆی دەكەوێت, مەجالێكی لەبەردەم نامێنێتەوە, بۆیە ئەو ماوەیە بكرێتە مانگێك, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك محەمەد.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەی من گوترا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو ڤیان.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕووی ناوەڕۆكەوە من هیچ گلەییەكم نییە, بەس پێم باشترە لە رووی زمانەوانیەوە وشەی ئیجرا لێرەش زیاد بكرێت (قبل موعد اجراء الانتخابات), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو (15) رۆژەش هەفتەیەك بوو كرا بە (15) رۆژ, یەعنی (15) رۆژ هەر بمێنێ, دەكرێت پێش مانگێكیش بێت, دەكرێت پێشی بیست رۆژ, سی رۆژ بكرێت, بەڵام بەلای كەمی (15) رۆژ مابێت بۆ هەڵبژاردن, ئێستا ماددەی حەوتەم بەهەر پێنج خاڵ و تەعدیلەكانەوە دەخەینە دەنگدانەوە, تەعدیلەكانیش دوو شت بوون, یەكێكیان مەوعیدەكە بوو بە مەوعیدی ئیجرا, دووەمیش دوو رۆژەكە بوو بە چوار رۆژ, ماددەی حەوتەم بە هەر پێنج خاڵیەوە دەخەینە دەنگدانەوە, تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی حەوتەم تەئید دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە, زۆر سوپاس, ئەو بەڕێزانەی تەئید ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە, ماددەكە بە كۆی دەنگ وەرگیرا, كاك شێروان ماددەی هەشتەم تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة:**

**یعتبر فائزاً في الانتخابات من حاز على الاکثریة البسیطة من أصوات المقترعین.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی هەشت من حەز دەکەم تەوزیحێك بدەم و, ڕەئی لیژنەی یاساییش لەو ماددەیە دیاری بکەم, لە حەقیقەتدا لە لیژنەی یاسایی بەنیسبەت ئەو ماددەیە بووە دوو ڕەئی, زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەو ڕەئیە بوون کە (الاکثریة البسیطة) بێت, بەلاّم بە مەرجێك لە ڕێژەی دەنگدەران بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن, ئەگەر ئەو ڕێژەیە تەحقیق بوو, ئەوە باشە, ئەگەر تەحقیق نەبوو, دووبارە دەبێت ئیعادەی هەڵبژاردن بکرێتەوە لە ماوەی (15) ڕۆژی تر, ڕەئی دووەمی لیژنەی یاسایی کە منیش یەکێك بووم لەوانە, کە موعاریز بووین لەگەڵ دەقی نەصەکەینەو, لەگەڵ (الاکثریة البسیطة)ینە, چونکە ئێمە یەکەم جار هیچ ئیحصایەکمان نییە هەتاکو ئێستا, کە بزانین ڕێژەی دەنگدەرانمان چەندە؟ ئەوە یەك, دووش, لە قانونی ڕەقەم (2)ش ئێمە تەجروبەمان هەیە, لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەیەوێ قسە بکات, فەرموو, ناوەکان کاك سالم, د. نوری, کاکە حەمە, د. ناصح, کەسی تر دەیەوێ ناوی تەسجیل بکەین, فەرموو کاك عیزەدین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم بەس پرسیارێکم هەیە, ئەویش ئەو (35٪) لە کوێ ناو لیژنەی یاسایی, (35٪)کەی لە کوێ هێناوە, ئێمە لە قانونی هەڵبژاردندا بچین نابێت تەحدیدی بکەین, (35٪) ئان (40٪), یان لە (45٪) بۆچی؟ (35٪), جا ئیعتیرازێ من لەسەر ئەوەیە, هەر وەکو خۆ بمینێت (الاکثریة البسیطة من اصوات المقترعین), بەس ئیزافەی (وفق قانون الانتخابات) بکرێت, چونکە قانونی ئینتیخابات هەیە, ئەو قانونی ئینتیخابات تەحدیدی دەکاتن, کە ڕێژەی چەند هەبێتن, ئان نەبێتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە پێشنیار کرا نیسبەتەکە بکرێتە (35٪), لە فەقەرەی دووەمدا هەر کوێ لەسەر ئەوە, ئەگەر هاتوو نیسبەتەکەی کەم بێتن ئەنجامەکەی قەبوڵە, کەواتە بۆ (15) ڕۆژ دوای دەخرێت و هەڵبژاردن بکرێتەوە, ئەو کاتە نیسبەی موشارەکە چەند بێت قەبوڵە, کەواتە پێویست ناکات جارێکی تر ئیلغای بکەین, جارێکی تر بیگەڕێنینەوە, هەر لەسەر ئەو فەقەرەی کە داینابوو, کەواتە ئەصڵەکە دروستە و باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە واقیعدا ئەگەر سەیری وەزعی کوردستان بکەین, ئێستا خەڵك ڕەغبەتی دەنگدانی هەیە, بەلاّم ئەگەر موقارەنەی بکەین لەگەڵ دەوڵەتانی تر, ئەمریکا (332) ملیۆنە, کە دەچنە هەڵبژاردن (30) ملیۆن دەچن, یان (31) ملیۆن دەچن, یەعنی نیسبەتی لە (10٪)یە و, کەمتریش, لەبەر ئەوە ئەگەر نیسبەت دیاری بکرێت, شتێکی غەڵەتە, من لەگەڵ نەصە ئەسڵەکەم, سوپاس.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو زیاد کردنە دام کە بۆ ماددەکە کراوە, بەڵام پێموایە ڕێژەکە کەمە, چونکە ئێمە لەوانەیە چەند مورەشەحێکمان هەبێت, دوایێ ئەو دەنگە تەوزیع دەبێت بەسەر ئەو مورەشەحانە, کێ ئەوەی بە سەرۆك هەڵدەبژێرێت, یەعنی (20٪)ی دەنگەکان بێنێ, منیش لە بەرژەوەندی ئەو سەرۆکە قسە دەکەم, پێم وایە دەبێت ئەغلەبیەتێکی باش بێنێ, بۆیە پێشنیار دەکەم ڕێژەکە (45٪) بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا باسی ئەوە کراوە, کەوا ئەوانەی بەشداری دەکەن لە دەنگدانە, ئێمە نازانین ژمارەیان چەندە؟ ئێمە لە دەستەی یاسای هەڵبژاردندا دەمانزانی ئەو خەڵکەی کەوا مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەیان چەندە, لە دهۆك, لە هەولێر, لە سلێمانی, دەربارەی ئەوەی کەوا بۆچی پێشنیازی ئەو نیسبەتە کراوە, پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم, پۆستێکی سیادییە, نابێت تەنیا بە نیسبەتێکی کەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت لەلایەن میللەتەوە, ئەگەر بێتو بەنیسبەتێکی زۆر ئەو خەڵکە بەشداری نەکات, خۆی لەڕاستیدا دوو سێ بۆچوونیش هەبوو, هی وا هەبوو پێشنیازی ئەوەی دەکرد کەوا لە (51٪) بێت, لە هەندێك وڵاتدا لە (40٪) کراوە, وەك سربیا یەك دوو جار هەڵبژاردنەکە دوا خرا, چونکە نەگەیشتە ڕێژەی (40٪), پاشان ئەوانەی کەوا لەسەری ڕێککەوتین کەوا بکرێت بە (35٪), نیسبەتێکی وەکو بڵێین نزیکەی سێیەکی ئەو کەسانەیە, کەوا مافی دەنگدانیان هەیە لە کوردستاندا, بۆ ئەوەی کەوا لە جاری دووەمدا بە زۆرینەی ئاسایی کەوا هەڵدەبژێری, چونکە نابێت پۆستەکە هەر بەو چەشنە بڕوات, هەموو دەمێ وایە, لە جاری یەکەم داوای نیسبەتێك دەکەی, ئەگەر لە جاری دووەم ئەوەت بەدەست نەهێنا, دەبێت بە زۆرینەی ئاسایی بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەدی حاجی مەحمود فەرمووو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ڕێژەکە, زۆر لەو بەڕێزانە باسیان کرد, ئێمە لەلایەك نەزانین تا ئێستا ڕێژەی خەڵکی کوردستان لە دەنگدانە چەندە؟ یەعنی ئیحصایەکی تەواومان لا نەبێت, یاخود دانانی ڕێژە لە ئەسڵە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا لە سەرووی پەنجا و ئەوانەیە, بەڵام ئێستا لەو حاڵەتەی ئێمەدا, من پێم وایە تا ئیحصایەکی تەواو نەزانین, دانانی ڕێژەکە مومکینە زەرەرمان لێ بدات, ئەوە لە لایەك, لە لایەکی تر مەسەلەی (15) ڕۆژەکە, من پێم وا نییە دوای (15) ڕۆژ هەڵبژاردن جارێکی تر بکرێتەوە, یەعنی ئەو خەڵکە لەو ماندوو بوونەوە, جارێکی دیکە بە (15) ڕۆژ هەڵبژاردن بکاتەوە, شتی عەمەلی باس بکەین باشە, یەعنی ئێمە لە (15) ڕۆژ و, لە دوو مانگیشا ناکرێتەوە, ئێمە کاتی خۆی پێنج مانگمان دانا بوو, ئەوە (13) ساڵە نەمانکردووە, ئێستا ئەمە چۆن بە (15) ڕۆژە هەڵبژاردن دەکرێت, ئەو هەموو خەڵکە ڕا دەکات بۆ سەر سندووق بەو (15) ڕۆژە, شتی وا نابێت, با ئەو ماوەیەش درێژ بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاکە حەمە, بەڵام تۆ ڕەئیت دا لەسەر ئەوەی دووەم دەنگمان لەسەر دابوو, د. ناصح فەرمووو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن دەنگی خۆم دەکەمە پاڵ دەنگی بەڕێز کاك محەمەدی حاجی محمودی, ئەو بەشێك لە بۆچوونەکانی منی دەرخست, ئیزافەی ئەوەش دەکەم ئەو ڕۆژەی کە دیاری کراوە, ئەگەر هەڵبژاردنەکە لەناو پەرلەمان بێت لەوانەیە بتوانرێت ڕێژەیەك دابنرێت, بەڵام ئەم هەموو مەراسیمە بە ئاسانی دووبارە ناکرێتەوە, ئەوە ئیمکانیەتی ماددی

پێویستە, ئەوە جارێکی تر کاتی پێویستە, ئەو (15) رۆژە وا بە ئاسانی دروست نابێتەوە, یەعنی دەبێت عەمەلی بین, ئەو برایانەی ئەو پرۆژەیەیان ئامادە کردووە, حەتمەن رەچاوی هەموو ئەو شتانەیان کردووە, جگە لەوە حیسابی ئەوەیان کردووە, کە لە هەڵبژاردنی دووەمدا ئێمە نەمانتوانی دووبارەی بکەینەوەو, ئەسبابی تر دێتە پێشەوە, لەبەر ئەوە من پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم, لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر زەرورییە ئێمە ئیستیفادە لە تەجاروبی خەڵك بکەین, دەوڵەتەکانی تر, بەتایبەتی بواری دیموکراتیەت, بەڵام ئەگەر هاتوو ئێمە شتێك لەوانمان وەرگرت, مەفروزە قاعیدە عام وەربگرین و ئەغلەبیە وەربگرین, نەچینە ئیستسنائات, مەوزوعی نیسبە و رێژە ئیستسنائە, وەکو برادەرێك باسی کرد, ئەگەر هاتوو ئەمریکا لە (10٪) لە دەنگدەرەکان بەشدار دەبن, خۆ ئێمە لە ئەمریکا موهیمتر نین, بۆ هی ئێمە (35) بێت, هی ئەوان (40) بێت, مادام غالیبیەتی دەوڵەتی دیموکراتی لە ئەوروپا و غەیری ئەوروپا ئەوەنەو ئەغلەبیەی بەسیتەو باسی رێژە ناکەن, بە رەئی من با لای ئێمەش وەکو ئەوان بێت و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئەو مەوزوعەی برادەران زۆر لەسەری رۆیشتن, ئێمە خاڵێك لە ناحیەی تەکنیکی وەکو کورد لەم قۆناغە ئەوەندە پێشکەوتوو نین, یەعنی هەتاکو ئێستا, هەتا لەو لەحەزەیە ئیحصایەکی دەقیقمان نییە, بزانین دانیشتوانی کوردستان بە دەقیقی چەندن, زۆر مەسائیلی تریش هەیە کە لەم قۆناغە تەجاوزی ئەم خاڵە بکەین, یەعنی رێژە دابنێین, لە زۆربەی دەوڵەتەکان, بۆ نموونە سربیا وەك د. نوری وەریگرت, ئەوانیش کێشەیان هەیە, بەس گەلێك لە ئێمە لە پێشترن, بەڵام یەکەم سەرنەکەوتن, کە لە هەڵبژاردنێکیش دوو مورەشەح بوو, چوار مورەشەح بوو, دە مورەشەح بوو, ئەگەر نیسبەی یەکێکیان مەعلوم بێت, حەتمەن لەم زرووفەی ئێمە مەشاکیل دروست دەکاتن, ئینجا لەبەر ئەمە ئێمە کە هەڵبژاردنێك دەکەین, ئێستا خوا خوامانە تەواو بین با هەزار مەشاکیلمان تووش نەبێت, ئینجا (15) رۆژی تر, (30) رۆژی تر تەعقیدات بۆ میللەتەکەمان دروست نەکەین, یەعنی وا بێت ئەم هەڵبژاردنە خۆش و ئاسان و بە سەلامەتی دەرباز بین, بەلای کەمی لەم قۆناغە, لە دوارۆژ کوڕەکانمان و کچەکانمان پێشکەوتن و, خەبیر بن لە کۆمپیوتەر لە ئیحصا, دەقیق بزانین چەند کەس لەم ولاتە دەژێت, چەند کوردە, چەند تورکمانە, چەند عەرەب و قەومیاتەکانی ترە, تەمەنیان چەندە؟ لە چ قۆناغێکن؟ کێ حەقی دەنگدانی هەیە, ئەوجا ئەگەر بتوانین باشە, بۆیە من پێم وایە ئەمە جارێ زووە پێناسەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە لە بەرژەوەندی میللەتەکەماندا لەو سەردەمە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەی قسەیان کرد, مەسەلەکەیان هەندێ لایەنیان شی کردەوە, من هەر ئەوەندە دەمەوێ بڵێم جارێك پرسیارێك کرا نیسبەکە بوو, لە کوێ هەیە؟ بەڵێ لە هەندێ وڵاتدا هەیە, لە هەندێ وڵات هەندێ قەرارات بۆ هەر جۆرێك لە ئینتیخابات رێژەیەکیان داناوە, بۆ نموونە لە هۆڵندە لەو بەینەی کە دەنگدان بوو بۆ دەستوور, ئەگەر رێژەکەی لە (40) کەمتر بوایە, پەرلەمان بۆی هەیە ئەو دەنگدانە قەبوڵ نەکاتن, بەڵام ئەگەر پەنجا و زیاتر بوو, یان شەست و زیاتر بوو, ئەوە پەرلەمان بۆی نییە قەبوڵی نەکاتن, بەڵام هۆڵندە وڵاتێکە کۆمەڵگایەکی چەسپاوە, قانونی چەسپاوە, ژیانێکی تەبیعییە, ئەو جۆرە بڕیارانە لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا دەبێتن, بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا کەمێك زەحمەتە, تەنیا دەمەوێ تەصحیحێك بکەم, من قەد نەم بیستووە لە ئەمریکا لە (10٪) بێت, هەر زیاتر بووە, لە (30٪) بووە, بەڵام بەڕاستی خۆم لە (10٪)م نەبیستووە, مومکینە ئەوە مەعلوماتێکی تازەیە, بەڵام لە فەرەنسا هەڵبژاردنی شارەوانی ساڵێك لە ساڵەکان لە (14٪) بوو, لە (14٪و15٪)ی خەڵك چوو بوونە دەنگدان, لەگەڵ ئەوەشدا

خەڵكەكە هەڵبژێردران و رۆیشتن، چونكە لە كۆمەڵگای پێشكەوتووش خەڵك بەگشتی سەلبییە، ژیانی هەمووی تەبیعی بووە، هەموو قانونی بۆ كراوە، هەموو ئاسانكاری بۆ كراوە، فەرق ناكاتن ئەو مەسئوولە بگۆڕدرێت بۆ ئەو مەسئوولە، لەبەر ئەوە ناچێتە هەڵبژاردن، ئیلا ئەگەر مونافەسەكە توند بوو، برنامجەكە توند بوو، بۆ نموونە لە زەمانی میتراندا دەوری یەمین و یەسار لە فەرەنسا مونافەسە توند بوو، زیاد بوو، پێشتر كەمتر بوو، كەی مونافەسە توند بوو لەنێوان دوو مورەشەحەكە، یان نێوان دوو حزبەكە خەڵك زۆرتر دەچێت، بۆ هەڵبژاردنی شارەوانی پەرلەمانی خەڵك كەمتر دەچێت، چونكە مونافەسەی یەكجار زۆرە لەنێوان دوو سەد، سێ سەد مورەشەح بۆ دە كورسی، بۆ خەڵكێكی تر فەرق ناكاتن، لەبەر ئەوە شتێكی ئەوتۆ زۆر گرنگ نییە، بەنیسبەت وەزعی ئێمەی ئێستاماندا تێدا بێتن، ئەگەر لە دوارۆژدا وەزعی كوردستان چەسپا، كۆمەڵگای مەدەنی دروست بوو، ئێمەش دەتوانین ئەو فەقەرەیە ئیزافە بكەین، بەڵام منیش پێم وایە ئەگەر وەكو خۆشی بمێنێت زەرەری نییە، بەتایبەتی ئێستا لە پەرلەماندا، جارێ ئەوساڵە، یەعنی پاش ئەوەی ئەو قانونە دەردەچێت سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، ئەوە بۆ چوار ساڵی ترە، لەو چوار ساڵەی تر چ دەبێت، چ نابێت، دەستوورمان چۆن دەبێت، ئیشمان چۆن دەبێت، بۆ هەڵبژاردنی دووەم ئەگەر زانیمان شتێك زۆر مولیحە پێی تەعدیل دەكەین، بەڵام ئێستاكە رەئی منیش وەكو ئەو برادەرانەی زۆربەیان قسەیان كرد زیادە، جا پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی كە بە (الاكثرية) وەریانگرتووە، كە دەڵێت تەعدیل بكرێتن (على ان لا تقل نسبة المشاركة 35٪). (15) رۆژەكە دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تەئیدی ئەوە دەكات ئەو پێشنیارە تازەیە ئیزافە بكرێتن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تەئیدی ئەوە دەكەن كە نەصەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی نۆیەم كاك شێروان تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة:**

يؤدي رئيس الاقليم بعد انتخابه وقبل مباشرته مهامه اليمين التالية أمام المجلس الوطني لكوردستان العراق خلال مدة سبعة أيام من تاريخ انتخابه:

(( اقسم بالله العظيم بأن أحافظ على حقوق ومكتسبات ووحدة ومصالح مواطني كوردستان وأن أؤدي مهامي بصدق وإخلاص)).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەی لیژنەی یاسایی تاووتووی ئەو صیغەیەمان كرد، بەحەقیقەت پێشنیارێكمان نیشان دابوو، كە تەعدیلاتی بێتە سەر، ئێستا بە كۆی دەنگی ئەندامانی لیژنەی یاسا پێشنیارەكەی خۆمان سەحب كردەوە، نەصەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان پێشنیارەكەمان بۆ بڵێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەمان بەو شێوەیە بوو(اقسم بالله العظيم أن أحافظ على حقوق ومكتسبات ووحدة ومصالح شعب كوردستان العراق وأؤدي مهامي بصدق وإخلاص).

واتا دوو وشەمان گۆڕی بوو (مواطن) بوو بە (شعب)و، (العراق)یش ئیزافە كرا، دوێنێ (مواطن) ساغ بۆوەو دەنگی لەسەر درا، یەك لە هۆیەكانی سەحب بوونەوە ئەوەیە بە حەقیقەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ دەیەوێ قسە بكات لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو كاك د. نوری.

**بەڕێز د. نوری جميل طالباني:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دووباره داوا دەكەم ماددەكە بە كوردی بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی كەوا باشتر لێك حالی بین, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان كوردیەكەتان لایە بیخوێننەوە, پێش تەعدیلەكە, واتا نەصەكە بخوێنەوە, تەرجوومەی نەصە ئەسڵیەكە بە كوردی ( سەرۆكی هەرێم پاش هەڵبژاردنی, پێش ئەوەی دەست بەكار بێت لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراقدا, لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لە بەرواری هەڵبژاردنیەوە ئەم سوێندە یاساییە دەخوات:(بەخوای گەورە سوێند دەخۆم كە بەرگری لە ماف و دەستكەوت و یەكێتی و بەرژەوەندییەكانی هاووڵاتیان كوردستان بكەم و, ئەركەكانم بە ئیخلاص و راستگۆییەوە جێ بەجێ بكەم), ئەوە ئەسڵەكەیەتی, دوو پێشنیاریان هەبوو, یەكێكیان ئەوە بوو كە دەڵێت (هاووڵاتیان) بكرێتە (گەلی كوردستان)و, (كوردستان) بكرێتە (كوردستانی عێراق), لەبەر ئەوەی (هاووڵاتیان) لە ماددەكانی تر موناقەشەمان كرد سەحبیان كرد بوو, ئێستا دەخەینە ئەو پێشنیارەی تریان كە (عێراق)ەكە ئیزافە بكرێتن و بخرێتە بەر موناقەشەوە, ئەوانەی كە ناوی خۆیان نووسیوە بۆ موناقەشە: (كاك ادهم, بابا تاهر, كاك عەبدوڵلا نەقشبەندی, كاكە هەڵكەوت, كاك محەمەد فەرەج, كاك كەریم بەحری, خاتوو پەخشان, كاك سەردار هەركی, كاك احسان عەبدوڵلا, كاك سالم, كاك حمە, كاك جەمیل گەردی), فەرموو كاك ئەدهەم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە ئەڤە سوێندە كو هاتەی وشا گەلێ كوردستان تێدا بێتە زێدە كرن, نە وشا عێراقێ, ئەگەر ئەم تەنها وەكو نوكە سوێندە هەیە وەكو خۆ بینینە خوارێ, چونكە بێتو گۆڕینە لەسەر بكەین بە رەئیا من, بەلكی پاشی جەنابێ سەرۆكێ هەرێمێ هەر كەسەك كو بێ تووشی هەندێك زەختی سیاسی لە دەوڵەتی دەوروبەری هەرێمێ ببێت, ئەگەر تەنها مواتنی كوردستان بی, چونكی شاملی پارتی دیموكراتی كوردستانێ دەرورووبەرێ مەش كە, ئەمە بزانێ كە كوردستان وڵاتێكی پارچە پارچە كریە, هەندێ زەختی سیاسی چوویتە, ئەڤ ئیقتیراحە وەكو هاتیتە كرن, تەنیا وشا گەلێ كوردستانا بێتە كرن, دێ باشتر بێتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوانەی كە قسەی دەكەن, ئەگەر قسەكەی كرا بێت, بڵێت قسەكەم كراوە, بۆ ئەوەی وەختەكەمان لە دەست نەچێت, فەرموو كاك باپیر.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر ماددەی نۆیەم پێم باشە وەكو خۆی بمێنێتەوە, لەبەر ئەوەی لە ماددەی یەكەم دەنگیشمان لەسەر داوە, ناومان نەهێناوە سەرۆكی هەرێمی كوردستانی عێراق, ناومان ناوە سەرۆكی هەرێمی كوردستان, لە ماددەی دووەمیشدا هەر بە دەنگدان هاووڵاتیانی كوردستانمان قەبوڵ كرد, جا من لەگەڵ ئەوە دام نەصەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە, نەوەكو دەستكاری بكرێت, سوێند خواردنەكە وشەی عێراقی تێدا زیاد نەكرێت, كە لە پێشنیار كراوی لیژنەی یاسایی هاتووە, هەروەها گەلی كوردستان نەبێت, هاووڵاتیانی كوردستان بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم قسەكەی من هەندێكی باس كرا, بەڵام تۆزێك تەوزیحی دەدەمێ, كە سوێند دەخوات (اقسم بالله العظيم بأن أحافظ على حقوق ومكتسبات ووحدة ومصالح مواطني كوردستان وأن أؤدي مهامي بصدق وإخلاص) شتێكی زۆر پیرۆزە,

لەبەر ئەوە ئەگەر وشەی عێراق هەبێت لە سوێندەکە, وەکو ئێمە ئەندامانی پەرلەمان سوێندمان خوارد, من پێم وایە ئەوەش هەر وا باش بوو کوردستان بە عام بە گشتی, چونکە ئێمە وا تەسەور دەکەین, واش چاوەڕوان دەکرێت, ئێمە وەکو کوردستان لە چوار پارچەکەی, خوا ئەو نعیمەتەی لەگەڵ ئێمە کردووە, کە سەرۆکی کوردستان دروست دەبێت, کەواتە نەیکەین بە کوردستانی عێراق بەتایبەتی, ئەگەر سەرۆکی کوردستان بێت, زۆر پێم وایە باشترەو دڵخۆشیشە بۆ هەموو کوردستان, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ نەصی ماددەکەم, لەبەر ئەوەی ئەو وەکو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتە ئەستۆی خۆی و, لەگەڵ ئەوەمە حیساباتیش بکەین بۆ تەغیراتی چوارساڵی ئاییندە, بۆ میللەتەکەمان و بۆ ناوچەکەش, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو کیانێکی سیاسی توخمە ئەساسیەکانی خاك, یەعنی زەویەك, هەرێمێك, مەنتیقەیەك, ئینجا شەعب, کەوا بوو دائیمەن شەعبێك دەبێت بەبێ دەسەلات, بەبێ کیان, بەلام کیانێك بەبێ دەسەلاتی ئەرز نابێت, گرفتی هەرێمی کوردستان, یەعنی باسی هەرێمە, ئێمە باسی ئەو مەنتیقانە دەکەین, کە هێشتا نەکەوتۆتە سەر هەرێمی کوردستان, جێگیر کردنی وشەی هەرێم مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, یەعنی لە هەموو ختیابێکدا, لە هەموو شتێکدا هەرێمی کوردستان, ئێمە ئێستا وەکو نەتەوە, وەکو گەلی کوردستان گرفتمان نییە, ئەوە کوردە, ئەوە تورکمانە, بەلام وەکو جوگرافیا گرفتمان هەیە دیار نییە, لەبەر ئەوە تەئکید کردن لەسەر مەسەلەی جوگرافیا گرنگە, پێم باشە پێشنیارەکەم ئەوەیە لێرە (مواطني اقليم كوردستان), چونکە ئێمە دەڵێین سەرۆکی ئیقلیمیش, ناڵێین سەرۆکی کوردستان, لەبەر ئەوە من وشەی عێراق و ئەوانە ناڵێم, بەلام ئەوە دەڵێم (مواطني اقليم كوردستان), ئەم مەسەلەی ئیقلیمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, دەبێت زۆر جەختی لەسەر بکەین, تاکو ڕۆشن بێتەوە, چونکە کیانێك بۆ جوگرافیا پێم وا نییە ئەو قووەتەی هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین زەنگنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو نەصەم کە تەعدیلیان کرد بوو, مەسەلەی هاوولاتی و, مەسەلەی شەعب, کە لە بەندێکدا مەسەلەی هاوولاتی جیا کراوەتەوە, یەعنی پەیوەندی بە ئەرکەوە هەیە, لێرە ئەمە شەعبە پەیوەندی بە بەرژەوەندی شەعبەوە هەیە, باس لە عێراق و هەرێمەکە ناکەم, باس لە هاوولاتی و شەعبەکە دەکەم, من لەگەڵ مانەوەی شەعبەکەم, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ گۆڕانی نەصەکە دامە, ئەوەی پێش ئێستا کە گۆڕا بوو, دەبێت شەعب کوردستان بێت, نەك هاوولاتی کوردستان, چونکە شەعب یەکگرتوویی دەنوێنێت, بەلام هاوولاتی تاك دەنوێنێت, بەلام لەگەڵ ئەوەی دامە وای لێ بێت بڵێین (مصالح شعب اقليم كوردستان), بەو شێوەیە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەو سوێند خواردنە, هەمان تێبینیم هەبوو لەسەر سوێند خواردنی خۆمان وەکو ئەندامانی پەرلەمان, یەکەم شت سوێند خواردن دەبێت بە یەزدانی گەورەو هەموو موعتەقەداتی بێت ( المبادي والمعتقدات الاخرى), دوو لێرە تەنها باسی هاوولاتیانی کردووە, باسی شەعبی نەکردووە, دەبێت ئەوەش ئیزافە بکرێت, سێ باسی پەیڕەوی دیموکراسی نەکردووە لەناو سوێند خواردنەکە, لە سوێند خواردنەکەی خۆشمان ئەوەی تێدا نەبووە, چوارەم, (استقلال القضاء) پێم وایە دەبێت بڕگەیەکیش ئیزافە بکرێت بۆ ئیستقلالی قەزا, سوپاس.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە یاسای هەرێمی کوردستانی عێراقە, بەلأم سنووری ئەم هەرێمە دیار نینە, وا لێرە کوردستان پێویستی بە عێراق نییە دەست نیشانی بکەین هەمیشە, چونکە کێشەیەکی نەتەوەییمان هەیە هی کوردستانیە, روانگەی ئەم قەومیەتە کوردستانی یەك پارچەیە, ئەم هەرێمە ئینتیدادی خۆی نەتەوەیی کوردستانی هەیە, پێویستە لەسەر سەرۆکی هەرێم و هەموو دامو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن لە هەر جێگەیەك بن, لە هەر پارچەیەك بن, هەتا لە هاندەرانیش بن ئەو خزمەتە بکەن, لەبەر ئەوە کە زۆر خەڵك لە شۆڕشی ئەیلوول و, لە شۆڕشی گولأن, خەڵکی کوردستانی ئێران, تورکیا, سوریا بووە, بەشداری لە شۆڕشی ئێمە کردووە, یەعنی وەکو لە ناوەڕۆکی ماددەکە هاتووە (حقوق ومکتسبات ووحدة ومصالح) هاوولأتیانی کوردستان بپارێزێ, هەر ئەو خەڵکانەش هاتبوون گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناوی کوردستان ولە پێناوی ئەم ئازادییە, ئەوانیش مافی ئەوەیان نییە ئێمە خزمەتیان بکەین؟ لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەمە بڵێت (ومصالح شعب کوردستان) عێراقیشی لەگەڵ نەبێت, بەلأم شەعب بێت, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمەڵێك ناوی هەرێمی کوردستانی عێراقمان هێناوە, یان دەبێت هەمووی ئیقلیمی کوردستانی عێراق بێت, یان دەبێت هەمووی ناوی عێراقی لێ بینین, ئەمە ئەسەلەن تەناقوزاتێکی گەورە دروست دەکات لەسەر کوردستان.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیەکەی من کاك محەمەد فەرەج و کاك سەردار هەرکی باسیان کرد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمیل محمد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە دەڵێت (یؤدي رئیس الاقلیم بعد انتخابه وقبل مباشرته مهامه الیمین التالیة), ئەو عیبارەیە تۆزێك رەکیکە, دەکرێت بوترێت (یؤدي رئیس الاقلیم الفائز في الانتخاب وقبل مباشرة بمهامه الیمین التالیة), ئەوها زۆر رێکتر دەبێت لەوەی کەوا هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێزان کە قسە دەکەن سەماعەکە پێ بکەن, بۆ ئەوەی دەنگتان تۆمار بکرێت, کە تەواویش دەبن بیکوژێنەوە, فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من هەر لە سەرەتاوە کە کاك شێروان ئیشارەتی پێدا, ئیتر کۆتایی پێ هات, چونکە لیژنەی یاسایی سەحبیان کردەوەو, رەنگە ئەو هەموو گفتوگۆیە وەختێکی یەکجار زۆری ئێمە ببات, هەرچەندە دوێنێ جێی سەرسوڕمان بوو کە وشەی عێراقی زیاد کرد لە سوێندەکە, چونکە ئەو پرۆژەیەی کە هاتۆتە بەر دەستی ئێمە, کۆمەڵێك خەڵکی زۆر زانا و سیاسەتمەدار و عاقڵی ئەو موجتەمەعەی ئێمە دایرێشتووەو, تەسەور دەکەم بێجگە لە هەندێ مەسائیلی یاسایی هیچ کەمو کورتیەکی تێدا نییەو, حەق نییە ئەو ناوەڕۆکانە وا بە ئاسانی یاری پێ بکەین و زۆر درێژەیش دەخایەنێ و, وا بەم زووانە ئیشەکەمان کۆتایی پێ نایەت, بەلأم مادام هەر ئەو قسانە کرا, وا دیارە هێشتا هەندێکمان زۆر موعجەبین بە عێراق, لەحیاتی تەعریب ئیتر خەریکە خۆمان ئیستعراب دەکەین بەدەستی خۆمان, خۆمان دەبەسیتنەوە بەدانیشتوانی بەغدا و ئەوانەی کە لە بەغدا دەژین و, زۆر جاریش یاسایی کارەکانی ئەوان و ئەنجومەنی ئەوان و, دەمانەوێ بەزۆری خۆمان ببەستینەوە, ئەوان ئێمەیان واز لێ هێناوەو خەریکی خۆکوژین, خەریکی شەڕی برا کوژین, ئێمە خەریکین بە زۆری خۆمان بە وان دەلکێنینەوە, وا باشە لە هەموو بەندەکان ئیتر ئێمە بۆ یەك جار دان بەوە بنێین, کە پێناسەی

هەرێمی کوردستان دەکەین, دان بەوە بنێین کە ئەوە هەرێمی کوردستانە لە داخیلی عێراقی فیدراڵی و, من دژی ئەو وشەی عێراقم لە هەموو ماددەکان, چونکە ئێمە زۆر قسەمان لەسەر کردووە, لە ساڵی 2003ەوە دوای رووخانی رژێم, کە ناوی عێراقیش بگوڕدرێت و, ئێمە هەموومان پێی ئیستیفزاز دەبین بەو وشەیە, ناوی ئەو وڵاتەش دەبێت لە دەستوور بگۆڕدرێت, ئەوە جەنابی سەرۆکیش و قیادەی سیاسی کوردیش زۆر قسەیان لەسەر کردووە, کە ئێمە بڵێین عێراقی فیدراڵی, بەڵام ئێمە لێرە بەدەستی خۆمان هەر شتێك دەبێت یەکسەر عێراقێکی دەخەینە پاڵ, تەسەور دەکەین لە ساڵی حەفتایەکان و شەستەکان داوای حوکمی زاتی دەکەین, بۆیە وا باشە لە هەموو ماددەکانی تر وشەی عێراق لا ببەین, چونکە ئێرە هەرێمی کوردستانە, هەرێمی کوردستانیش دیاری کراوە چەندە, لە ماددەی (58)ی یاسای کاتی دیاری کراوە, کە خانەقین و شەنگار و کەرکووك و ئەوانەش بەپێی ئەو ئیجرائاتە لە سێ فەقەرەکە هاتووە, هەمووی دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان, بۆیە ئەگەر ئێمە بڵێین هەرێمی کوردستان, هەر خۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە دروستە, لە هەمان کاتدا من لەگەڵ ئەو دوو سێ کەسە بووم, کە رەئیاندا لەسەر شەعبی کوردستان, ئێمە تا بکرێت مەسەلەی شەعب دەربخەین, بۆ یەکەم جاریش کە دەستووریش لە ئەمریکا دانرا, ئەوان لە دیباجەکە وایان هێناوە, کە ئێمە گەلی ئەمریکین, کە کۆمەڵێك موهاجیر بوون چوون بۆ ئەو قاڕەیە, بەڵام خۆیان بە یەك گەل ناساند, کە ئەوانیش گەلی ئەمریکی بن, ئێمەش گەلی کوردستانین, با تەئکید بکەینەوە لەسەری, چونکە چەند ئێمە بڵێین گەلی کوردستان, ئەم گەلە چاکتر دەچەسپێ, وەکو گەلێك خۆی نیشان دەدات و, وەکو نەتەوەیەك خۆی نیشان دەدات, زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا تەئکید دەکەمە سەر وشەی خوای گەورەو, لەجیاتی ئەوەی وشەی یەزدان, با وشەی خوای گەورە بەکار بهێنرێت لە هەموو سوێندەکان, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەن منیش لەبەر رۆشنایی ئەم موداخەلاتانە هەندێ قسەی بکەم, بەو ئیعتیبارە, پێشتریش لەو پرۆژەیە موناقەشەم کردووەو لە صیغەکان و ئەوانە, بەڕاستی من لەوە هین دەکەم کە هەر جارێ یەکێك دەڵێ, یان رەئیەك دەدات تایبەتە با نەڵێت ئێمە, بەڵکو بڵێ من, چونکە ئێوە مولزەم نین بە رەئیەك خارجی قانون, خارجی دەستوور و, خارجی ئیلتیزاماتمان بڵێن ئێمە, ئێوە مولزەمن لە قانونی تاڵ, دوێنێش شەرحم کرد, قانونی تاڵ بە ئێمە دەڵێت کوردستانی عێراق, هەرێمی کوردستانی عێراق, ئیمزامان کردووەو مولزەمین پێی, ئێوە مولزەمن بە قەراراتی سیاسیمان و, موئەسەساتمان, لەبەر رۆشنایی قەراری پەرلەمان لە ساڵی 1992ەوە, ئێمە فیدراڵین و بەشێکیشین لە عێراق, کوردستانی عێراق فیدراڵیەتێکی هەیە لە عێراق, ناتوانین خۆمان جیا بکەینەوە, رەئی موحتەرەمە هەر کەسێك پێی وا نەبێت بەشێکە لە عێراق, ئەوە جیاوازە, بەڵام بەناوی خۆی قسە بکات, بڵێت رەئی من وایە, چونکە ئەگەر من ئەو تەوزیحە نەدەم, ئەوە دەبێتە ماڵ لەسەر پەرلەمان, ئێمە رەئیمان وایە, ئێمە رەئیمان وایە کە ئێمە بەشێکین لە عێراق, پابەندین بە قانونی تاڵ, چونکە لەلایەن قیادەی سیاسی ئێمەوە ئیمزا کراوە, پابەندین بە قەراری پەرلەمان لە ساڵی 1992 کە قەراری داوە ئێمە بمێنینەوە لەگەڵ عێراق و فیدراڵیەت, هەر قەرارێکی تر لەلایەن ئەو پەرلەمانەوە نەدرێت, ئێمە مولزەمن نین پێی, هەر قەرارێك پێویست بکاتن, هەر رەئیەك پێویست بکاتن بڵێت ئێمە بە تەنیا کوردستانین, ئەگەر ببێتە قەرار لە پەرلەماندا, ئەو وەختی مولتەزیم دەبین, ئەگەر نا مولزەمین بە قەرارێك پێشوو لە پەرلەمان دەرچووە, مولەزەمین بە قەرارێك کە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی ئێمەوە ئیمزا کراوە, ئەمە لەلایەك, لەلایەکی ترەوە, ئینتیباه لەسەر سوێندەکە بکەن, سەرۆکێك سوێند دەخواتن, بەو سوێندە مولتەزیم دەبێت, دەبێت ماناکەی بزانین یەعنی چی, سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق سوێند دەخوات دەڵێت: ( سوێند دەخۆم بە خوای

گەورە ماف و دەستکەوتەکان و یەکگرتن و بەرژەوەندیەکانی هاوولاتیانی کوردستان بپارێزم و بە ئیخلاص و راستگۆییەوە بەکارەکانی خۆم هەڵسم)، ئەگەر نەگوترێت کوردستانی عێراق، ئەوە عاتیفیەن خۆشە، بەلاّم ئەوە قورساییەکی گەورە دەخاتە سەر سەرۆکی هەرێم، مانای ئەوەیە هەر چ کوردێك لە کوردستانی ئێراندا کێشەیەکی هەبێت، دەبێت ئەو دیفاعی لێ بکات بچێت، ئەگەر گەیشتە ئەوەی شەڕیشی بۆ بکات، لە کوردستانی ئێرانیش هەروەها، لە کوردستانی سوریاش هەروەها، ئەم قورساییە تەحەمول دەکرێت، من پێم وا نییە، سەرۆکێك ئەو سوێندە بخواتن تێ بگات لەوە، ئەوە قەبوڵ بکات، ئەگەر چی لە نووسراوەکە نەنوسراوە، ئەوە ئیزافەی لیژنەی یاساییە، بەلاّم لیژنەی یاسایی باش تێگەیشتوون مانای چیە، بەسەر ئێمەدا رەت بووەو، من موتەئەکیدم لە سەرکردایەتی سیاسی مەمنونمان دەبن بەو زیاد کردنی عێراقە، چونکە ئیلتیزامی سەرۆکی هەرێم کەم دەکەینەوە، مەسئوول دەبێت ئەو سوێندە بخواتن، سبەینێ ئەوە خزنەوی کوژراوە، دوێنێ تەقەیان لە موتەزاهیر کردووە لە قامیشلۆ، مانای وایە ئەو مەسائیلانەی کورد لەوێ کەوتۆتەوە هینەوە، ئەگەر بەشێکی کوردستان بزانین، دەبێت سەرۆکی هەرێم تەدەخول بکاتن بەپێی ئەو سوێندە، قەبوڵ نەکاتن، دەکرێت ئەوە، یاخود لە تورکیا قەوانینی دژ بە مافی کورد هەیە، ئیجرائات دەبێت و شت دەبێت، ئەمە زۆر قورساییەکی گەورە دەخاتە سەر شانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئەو وشەیە نەخەینە سەری، دوو/ ئەگەر لەم سوێندەدا بەتەنیا بڵێین ئێستا لەم سوێندەدا سنووری کوردستان دیاری نەکراوە، هەرێمی کوردستان بەپێی قانون ئێستاکە سێ پارێزگاریە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) بەپێی قانون، سەرۆکی هەرێم کە سوێند دەخوات چەند رۆژی تر ئینشائەڵلا، ئەگەر بڵێتن هەرێمی کوردستان، تەنیا ئەو سێ پارێزگاریە دەگرێتەوە، ئەگەر بڵێ کوردستانی عێراق کەرکووکیش دەگرێتەوە، خانەقینیش دەگرێتەوە، زمار و سنجار و هەمووی دەگرێتەوە، بۆیە لەو قۆناغەدا بەلای کەمی هێشتا سوێندی کوردستان مەعلوم نەبووە، قانونەن لە هەرێم باشترە، بڵێ کوردستانی عێراق، چونکە بەبۆچوونی ئێمە کوردستانی عێراق سنوورەکەی لە حەمرینەوە دەست پێ دەکات، هەمووی دەگرێتەوە، ئەمە بەم سوێندە مولزەم دەبێت دیفاع لە کەرکووك بکاتن، مولزەم دەبێتن دیفاع لە خانەقین و سنجار و زمار و شێخان بکات، هەموو ئەو شوێنانەی کە قانونیەن هێشتا نەخراینەوە سەر هەرێمی کوردستانەوە، بۆیە من زۆر بەباشی دەزانم سوێندەکە ببێت بە کوردستانی عێراق، مەسەلەی گەل و ئەوانە دوێنێ شەرحم کرد، گەل لەلای هەموومان موقەدەسە، بەلاّم دیسان لە گەلی کوردستان بەولاوە خەڵکی تریش هەیە، تۆ کە بەرژەوەندی بەس خەڵکی کوردستان دەپارێزی، فەرزمان کرد ئەگەر تورکمانیش، کلد و ئاشووریش خۆیان بە خەڵکی کوردستان بزانن، ئەگەر چی ئەوان خۆیان بە خەڵکی کوردستان بزانن، بەلاّم خۆیان بە گەلی کوردستان نازانن، پێیان وایە گەلی تورکمانە لە کوردستاندا دەژیتن، خەڵکی کوردستانن، بەلاّم میللەتێکی جیاوازن، ئاشووری خۆی بە میللەتێکی جیاواز دەزانی، ئەوە لەلایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە عەرەبمان لەلا هەیە، کەواتە ئەو سەرۆکە دیفاع لەو عەرەبە نەکات، ئەگەر بەو مانایەش بێتن، خەڵکی تریش لە بەغدا دیفاع لە ئێمە ناکات، مێوانمان هەیە، لەوانەیە خەڵکێك هەیە میسریە، ئەجنەبیە لێرەیە، بۆتە موقیم، ژنی هێناوە، یەکێك ژنی هاتووە، مێردی بە کورد کردووە، خەڵکی ئێرە نییە، جنسیەی ئێرەی نییە، بەلاّم موقیمی ئێرەیە، بۆیە یەعنی وشەکە مەسەلەی هاوولاّتیەکە بەقووەترە، ئینسانی ترە، شامیلترە، فراوانترە، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە موناقەشەشی کرا، بەوە کە خۆمان موناقەشەمان کردووە، بۆچی هاوولاّتیمان داناوە، پێم باشە هاوولاّتیەکە بمێنێتەوە، کوردستانەکەش بکرێتە کوردستانی عێراق، فەرموو کاك د. کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت برادەران زۆر بە وردی موناقەشەیان کرد، رێزم بۆ هەموو رەئیەکان هەیە، سوێند خواردنی رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەبێت لەو سنوورە بێت، کە جێ بەجێی دەکات، وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن فەرمووی سبەینێ دیار بێت، ئەگەر موشکیلەیەك روو بدات دژی هاوولاّتیەکی کوردستان، یان گوندێکی، ئەوا سەرۆك ناتوانێت بەو ئەرکە هەڵبستێتن لەو رۆژە، لەبەر ئەوە سوێندەکە جێگای خۆی ناگرێتن، یەعنی نابێت تەحمیلی ئەو سەرۆکە بکەین بە سوێندێکی شەرعی، کە پێی جێ بەجێ نەکرێتن، بەنیسبەت سنووری هەرێمی کوردستان، بۆ ئێمەی لای هەموومان

موقەدەسە، لە دڵی هەمووماندە، لە دڵی هەموو کەسێك و ئینسانێکی کوردستانییە و، واجیبیشمانە لەگەڵی بین، بەناوی کوردستانی عێراق هەموو ئەو سنوورەی کە هاتۆتەوە سەر هەرێمی کوردستان، یان نەهاتووە بۆ ئێمە کوردستانە، ئەمڕۆ ئەو سەرۆکەش کە لێرە سوێند دەخوات، دەتوانێت دیفاع لە کوردێکی خانەقین، یان سنجار، یان زمار بکات، چونکە ئێمە ئەمڕۆ لە حوکمی عێراق شەرکین، بۆیە بۆ حەللی موشکلیە، ئێمە هەموومان کوردستانین، ئومێدەوارین ئەم ئومنیەتە لە دڵی هەموو ئینسانێکی سەربەرزی ئەم خاکە جێ بەجێ بێت، من پێم باشە تەنها (اقلیم) ئیزافە بکرێت، هەرێم ئیزافە بکەین، عێراق دانەنێین، خۆی مەعروفە، چونکە یەك هەرێم هەیە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، هەرێمی کوردستانی تورکیا دانەنرا، هی هەرێمی کوردستانی ئێران دانەنرا، هەرێمی کوردستانی سوریا دەست نیشان نەکرا، بەس هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە، ناسراوە، کە گوتمان هەرێمی کوردستان، ناسراوە، ئەم هەرێمەیە کە لەناو سنووری فیدراڵی عێراقدا دەژیتن، بۆیە من ڕێزم هەیە بۆ شعوری میللەتەکەمان و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان، تەنها وشەی هەرێم ئیزافە بکەین، چارەسەری کێشەکە دەبێت و، عێراقیش باس نەکەین، چونکە خۆی مەعروفە ئەمەیە بڵێین (اقسم بالله العظيم بأن أحافظ على حقوق ومكتسبات ووحدة ومصالح مواطني اقليم كوردستان وان أؤدي مهامي بصدق وإخلاص)، ئەمە حەللی موشکیلەکە دەکات و، زۆر سوپاس بۆ موداخەلە بەرزەکانتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا موناقەشەیەکی زۆر کرا، من داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم دوو سێ پێشنیار هەیە ئێستاکە، کەمەیان لە رووی یاساییەوە راستترە، چارەیەکمان بۆ بکەن، ئایا ئەگەر بڵێین هەرێمی کوردستان، ئەوە تەفسیری ئێمەیە و حەقی خۆشمانە، بەڵام لە رووی قانونیەوە کەرکووك دەگرێتەوە ئێستا، ئەگەر دەگرێتەوە لە رووی قانونیەوە، بڵێن باشە، ئەگەر ناگرێتەوە، پێشنیارەکە من پێم باشترە، بڵێن کوردستانی عێراق، هاووڵاتیەکەش وەکو خۆی بمێنێتن، ئەگەر صیاغەیەکمان بدەنێ، وەکو بەدیلێك بیخەینە دەنگدانەوە، لەگەڵ بەدیلەکەی پێشەوە، لە رووی قانونی بەبێ هەرێمی کوردستان قانونیەن، دەتوانین کەرکوك بەکەیفی خۆمان ئیعتیباری بکەین بە بەشێك لە کوردستان، بەرەچاو کردنی ماددەی (58)، چونکە ماددەی (58) کە ئیمزامان لەسەر کردووە، تێیدا نووسراوە تەتبیع کردنی لە کەرکووك بەو ئیجرائاتانەی، پاشان سەرژمێر کردن، پاشان دەنگ وەرگرتن، دەنگی خەڵکەکە بۆ ئەوەی دێنە ناو هەرێم یان نا، ئەو حەقیقەتە لە پێش چاومان بێت، لەبەر رۆشنایی ئەو قانونە، ئەگەر بڵێین هەرێمی کوردستان، دەتوانین سبەینێ بەو سوێندە سەرۆکی هەرێم مولزەم بکەین دیفاع لە خەڵکی کوردستان بکات، یان ئەگەر سوێندەکە کوردستانی عێراق بێت مولزەمی دەکات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەتدا لە حالی حازر ئێمە ئەگەر بڵێین هەرێمی کوردستان، مەوزوعەکە زۆر تەسك دەکەینەوە، چونکە هەتاکو ئێستا ئەو پارچانەی لە کوردستان دابڕاون نەهاتینەوە سەر هەرێم، وەکو کەرکووك و ئەوانی تریش، بۆیە بە رەئی من یەکەم هەرێمی لەگەڵ نەبێت، کوردستانی عێراقی لەگەڵ بێت، چونکە ئەگەر سنوورەکان گۆڕان و، ئەوە کوردستانی عێراق هەر دەگرێتەوە، واتا لە قۆناغی ئێستا هەرێمی کوردستانی عێراق تەحدید کراوە، لە قانونی ئیدارەی دەوڵەش تەقریبەن بەم شێوەیە هاتووە، بۆیە ئێمە لەسەر ئەوەیە کە هەرێمی لەسەر نەبێت و، هاووڵاتیش بمێنێنەوەو، عێراقیش ئیزافە بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزام بێت، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی لە کوردستان دابڕاون هەر هەموویان دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان, کەواتە بە زۆر و ئیجبار هەرێمی کوردستان شێواندراوە, بەڵام حەقیقەتەکەی دەبێت, چونکە ئێستا ئێمە ئەوە شەڕمان لەگەڵ حکومەتی جەعفەری لەسەر ئەو مەوزوعەی کە پابەند نەبووە بە ماددەی (58)ەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوای لێبووردن دەکەم, ئەوە خاڵی نیزامی نییە, خاڵی نیزامی ئەوەیە خیلافێك هەبێت, خاڵی نیزامیت هەیە کاکە, ئەگەر خاڵی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی خۆیان کردەوە, مادام موناقەشە کردن لەسەر ئەو خاڵە عێراقی تێدا بێت, یان نا, ئەوە ئەسڵەن زیاد بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوای لێبووردن دەکەم, ئێمە سەرۆکایەتی داوامان لێ کرد صیاغەکەمان بداتێ, ئەو صیاغەیەش, کاك ناصح من وەڵامت بدەمەوە, یەکەم جار ئەوە پێشنیاری ئەندامەکان بوو, لەبەر رۆشنایی ئەو پێشنیارانەش, رەئی ئێمەش, من و کاك دکتۆر کەمالیش دوو رەئی جیاوازمان هەبوو, بەڵام لەبەر رۆشنایی رەئی جیاواز هەرێم بێت, یان کوردستانی عێراق بێت, داوامان کرد لیژنەی یاسایی صیاغەکمان بداتێ, لەبەر ئەوە مانای ئەوە نییە, ئەوان پەشیمان بوونەوەو هاتنەوە سەر رەئی خۆیان, لەسەر داوای ئێمە ئەوان ئەو صیغەیەیان داوە, تکا دەکەم خاڵی نیزامی بێت, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی کە رەخنەی یاساییمان لێ نەگرن, لە هەر ماددەیەکی دەستووری کاتی قانونی تاڵ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە داوای لێبووردن دەکەم, ئەوە خاڵی نیزامی نییە, ئەگەر خاڵی نیزام بێت فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو فەقەرەیە دوو رەئی تیا هەبوو, رەئیەك سەبارەت بە شەعب, رەئیەکیش سەبارەت بە هەرێم و کوردستانی عێراق, ئینجا پێم وایە ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە, ئەوەی لەگەڵ شەعبەکەیە یەعنی موتەمەسیکە بەلایەنی کەم بەوەی کە شەعب بێت, لەگەڵ فەقەرەی دووەم بێت, رەنگە تۆزێك گرانی تێدا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی فیکرەکەت گەیشت سوپاس, بەڵام هەرچەندە دوێنێ دەنگدانمان کرد لەسەر وشەی هاووڵاتیان و, وشەی گەل, خۆ ئەگەر فەرقێکیشی هەیە, من ناڵێم نەخێر, ئەگەر پێتان باشە دەنگدانەکە بیکەین بە دوو بەش, دوو وشەیە ئایا لە سوێندەکە هاووڵاتی بمێنێتەوە بەو شەرحەی کە من کردم, یاخود گەل بمێنێتەوە بەو شەرحەی کە خاتوو پەخشان هەندێ لە ئەندامان کردیان جێگای رێزیشە زۆریان کردووە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوێندەکە وازیح نییە, ئەگەر زەحمەت نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك تاریق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێینە سەر ماددەی (17) کێ سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێری, پەرلەمان, دەبێت بنووسرێت (من قبل المجلس الوطني لکوردستان العراق), ئەوانی هەڵدەبژێری پێیان بگوترێت کوردستانی عێراق و, لەوێش دیسان عێراق لەسەر نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا تەوزیحێکە ئەویش ئەوەیە, کە هەرێم ئەوانەش دەگرێتەوە, هەرێم موهیمترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال تەوزیحێکی هەیە, دوایێش دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێکەڵی نەکەین, ئێمە لەو ماوەیە راستە فیدراڵی کوردستانی عێراقین, بەس هاووڵاتی عێراقین, حەقمان هەیە دیفاع لە هەموو نا قانونییەك لەکوێوەی عێراق هەبێت بکرێت بەڕێگایەکی یاسایی, بەنیسبەت کەرکووك ئێمە ماددەی (58) لە ماوەی ساڵێك دەبێت, رێگەی تەبیعی خۆی وەربگرێت و هەیئەی (58) دابنرێت و بگەڕێتەوە, کە گەڕایەوە مانای ئەوەیە ئەو سەرۆکە عەمەلیەن رۆژانە راستەوخۆ خۆی مولزەم دەکات دیفاع لە مافیان بکات, کە هەر چەند ئێستاش واجبی هەموو یەکێ لە ئێوەو ئێمە و هەموو قیادەی کورد و هاووڵاتی کوردە دیفاع لە خەڵکی کەرکووك و زمار و سنجار و هەموو شوێنەکان بکەن, ئەمە مەسەلەی عاتیفی نییە, مەسەلەیەکی مەبدەئییە, بەس کە گوتمان هەرێم مەعلومە یەك هەرێم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە, ئەویش هەرێمی کوردستانی عێراقە, پێویست ناکات ئەوەندە بەدوای شتێك را بکەین بڵێین, من تکام وایە بە روحێکی بەرزی کوردایەتی وەریبگرن, هاووڵاتی وەك ئەو خوشکە فەرمووی, یان شەعب بێت, ئەوە بۆ ئێمە جێگای فەخر ئەبێت, ئێمە لەگەڵین, بەڵام هەرێمی کوردستان, ئەو شتەکەی تر لێ بگەڕدرێت, خۆی مەفهومە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەو برادەرانەی کە دەست نیشان دەکرێن بۆ سەرۆکی فراکسیۆن حەقی خۆیانە هەر کاتێك دەستی خۆیان بەرز بکەنەوە مەجالیان پێ بدرێت قسە بکەن, خاڵی نیزامیشە بۆ ئاگاداری ئەوە یەك, دوو ئێمە لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا, راستە ئاماژەی پێ کراوە, بەس یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئیعتیراف بە تایبەتمەندی کوردستان کردووە, بۆ تایبەتمەندی کوردستان ئێمە بۆ خۆمان پرۆژەیەکمان هەیە, هەر (36) حزبی کوردستانی ئەو پرۆژەیەی پەسند کردووە لەم پەرلەمانەدا بڕیاری لەسەر دراوە, راستە وەکو یاسایەك پەسندمان نەکردووە, چونکە ئەو وەختە دەستووری عێراقمان نەبوو, دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵیمان نەبوو, لەوێ ئێمە هەرێمی کوردستانمان دەست نیشان کردووە, کوێ دەگرێتەوە؟ ئەوانەی کە ئێستا موشتومڕیانە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی, ئەوەی بەلای ئێمەوە هەرێمی کوردستانە ئەمە یەك, دوو جیاوازی هەیە, هەندێك برادەر دەڵێن لێی نووسراوە هەرێمی کوردستان, دەبێت خەڵکی هەرێمی کوردستان دەنگ بدەن راستە, راستە خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق دەنگ دەدەن, بەڵام خۆ مەرج نییە وشەی

عێراقیشی تێدا بێت, تەبعەن لە  ئێران خەڵکی کوردستانی ئێران دەنگ بەوە نادات, خەڵکی کوردستانی تورکیا دەنگ بەوە نادات, بەڵام خەڵکی کوردستانی عێراق کێ هەڵدەبژێرن, سەرۆك هەڵدەبژێرن, لێرەدا وشەی هاووڵاتی بۆ هەڵبژاردنەکە زۆر دروستە, کە هاووڵاتی سەرۆك هەڵدەبژێرێت, ئەمە دوو شتی جیاوازە, بەڵام ئەمەیان سەرۆك, سەرۆکی هەرێمی کوردستانە پابەندە پارێزگاری وەکو ئەوەی کە هاتووە لە هەموو موکتەسەباتی گەل و خاکی کوردستان بکات, خەڵکی کوردستان ئینجا بڵێین هەرێمی کوردستان هەر دروستە, بڵێین کوردستان هەر دروستە, بەڵام وشەی عێراق لێرە پێویست نییە, بۆ ئاگاداری بەداخەوە لێرە پێناسەیان نوقسانە, مەفروزە هەر یاسایەك تەعریفی تێدا هەبێت, بۆ نموونە کە دەڵێین هەرێمی کوردستان کوێ دەگرێتەوە؟ مەفروز بوو لێرەدا دەبوایە هەبوایە, بەس ئێستاش کە بڵێین هەرێمی کوردستان, هەموو کوردستانی عێراق دەگرێتەوە, لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم وشەی شەعب وەکو یەکەم کەس کاك ئەدهەم پێشنیاری کرد, دووەم مامۆستا محەمەد فەرەج پەسندی کرد, یەك دوو برادەری تریش پەسندیان کرد, کە وشەی شەعب ئیزافە بکرێتە سەری, چونکە ئەو دروستترە لێرە, ئەمە مەسەلە هاووڵاتی نییە, لێرە شەعبە, ئەمە یەك, دوو ئەرزی کوردستان ئەگەر بکرێت, ئەرزی هەرێمی کوردستانیش ئیزافە بکرێت, یان هەر هەرێمی کوردستان مانای ئەرزی کوردستانیش دەدا, لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم جار تەبلیغ کردن لە گۆڕێدا نییە, من تەبلیغ بکرێم و شتی وا, ئێمە لیستێکی هاوپەیمانیمان هەیە, پێکەوە لە پاشان دەبێت پەلەمان کرد بوو, دانەنیشتین ئەو ئیشەك بکەین, دەبێت ئیتیفاق بکەین, کە ئەو لیستە دەبێتە گروپ و شتی وا, تەبلیغ لێرەدا باسی لێ دەکەین, فلان رەئیسی فلان فراکسیۆنە, فلان هی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە, فلان هی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە, بە تەبلیغ من تەبلیغی کەس بکەم و لێرەدا باسی دەکەم نابێتە هین و ئەوانە, لەگەڵ رێزیشمان بۆ هەر بۆچوونێك و رەئیەك کە تەبلیغ بکرێت, ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە, بەس تەوزیحێکی سادە دەکەم, ئەگەر خاڵی نیزام بێت, فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پەیڕەوی ناوخۆ شتی وا نییە, کە سەرۆکی فراکسیۆن هەر کاتێك بیەوێت, دەتوانێت قسە بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خۆی سەرۆکی فراکسیۆن هەیە تەوزیحات بدات کە عیلاقەی بە هەندێ مەسەلەی فراکسیۆنەوە هەبێت کە بە ئێمە بێت, بەڵام لەسەر مەسەلەیەکی گشتی کە قسە کرا ناو دەنووسرێتن, دادەخرێت غەیری خاڵی نیزامی نەبێت, پاشی ئەوە ئەوەی ناوی نەنووسراوە بۆی نییە قسە بکات, منیش ئەوەم خوێندۆتەوە بە حەقیقەت, بەهەر حاڵ من تەنیا یەك شت دەڵێم پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە, ئەویش ئەوەیە ئەمە سوێندە ئەدەبییە, نە قانونێکە نە مولزەمە, نە یەکێ بڵێت سەرۆکی هەرێم وا دەکات یان نا, سوێندێکە ئەدەبییە, کە سەرۆکی هەرێم سوێند دەخوات, معنەویەن, ئەخلاقیەن, ئەدەبییەن, هەموو شتێك مولزەمە بەو سوێندە, ئەوەی قانون تێبگاتن, عاتیفە نا, منیش بە عاتیفەی خۆم دەڵێم هەرێمی کوردستان لە حەمرینەوە تا ئێرە, بەڵام ئەوە هەرێمی کوردستان نییە, هەرێمی کوردستان ئێستا لە قانونی تاڵ ئەو سێ پارێزگایەیە, میزانیە لە بەغداوە بۆ ئەو سێ پارێزگایە دێت, کەرکووکیان جیا کردۆتەوە, دنیاش لەگەڵ ئێمەیە تا ئەو لەحزەیە هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە بێت, قونصولی ئەمریکی لە کەرکووك جیاوازە, هی بەریتانیا هەروەها, هی تورکیا هەروەها, تا هاتوون لێرە مەکتەبیان کردۆتەوە, ئەگەر ئێرە بە هەرێم بزانن, بۆ لێرە مەکتەبیان کردۆتەوە, لەبەر ئەوەی هەر لەحزەی ویستمان, نەك رەغبەت, ئێمە ئێستا هەموومان بە ئاسانترین شێوە بە پێنج دەقیقە, دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان بریتی یە لە سنوورەکەی لە فلان شوێن بۆ فلان شوێن ئیمزاشی لەسەر دەکەین, بەڵام ئەوەندەیە قانونەن بۆ ئەوەی مولزەم نەبێتن, ئەگەرنا فەرقێکی ئەوتۆ ناکاتن, هیچ ئیلتیزامێکی گەورەش نییە بۆ ئێمە, چۆنی دەڵێن وای لێ دەکەین, بەس من دەڵێم تەنیا ناحیە ئەدەبییەکەی دەڵێم, بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە, بەهەردوو حاڵتیەوە, کاك شێخ ئەگەر خاڵی نیزامت هەیە.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای تاڵ کە جەنابت باس دەکەی، من لێرە پرسیارەکەم ئەمەیە، چۆن ئاگادار بوون لە وەزعەکە، لەبەر ئەوە من پرسیارەکە دەکەم، ئایا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی هەیە، کە تەحدیدی سنووری کوردستانی کرد بێت، کە پێیان گوت کوردستانی عێراق، ئایا ئەو یاسایە دەرچووە لەم پەرلەمانە، کە ئێستا لێی دانیشتووین، کە تەحدیدی سنووری کوردستانی عێراقی کرد بێت، یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، یاسا نییە، هەرچەندە لە رووی قانونەوە لێك دەداتەوە، بەڵام منیش موتابعەی دەکەم، یاسایی نییە، بەڵام پرۆژەی دەستوورمان هەیە، لە پرۆژەی دەستووردا، پرۆژەی هەرێمی کوردستان هەیە، نەبۆتە قانون، پرۆژەیە موناقەشە کراوە لەلایەن حزبە سیاسیەکان دراوەتە پەرلەمان، بەڵام نەکراوەتە قانون، لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین مولزەمین پێی، هێشتا عێراق نەبۆتە فیدراڵ، ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا دوو سێ وشە هەیە لە سوێندەکە ئەسڵەکە هاووڵاتیە، پێشنیارەکە شەعبە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کێ موافیقە کە شەعب بێت لە جیاتی هاووڵاتی دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، کێ موافیقە هاووڵاتی وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، بەنیسبەت وشەی کوردستان، لە ئەسڵەکەدا کوردستان هاتووە، دوو پێشنیاریش هەیە، یەکەمیان دەڵێت ببێتە هەرێمی کوردستان، دووەمیش ئەوەیە دەڵێت ببێتە کوردستانی عێراق، کێ تەئیدی پێشنیاری یەکەم دەکات کە دەڵێت کوردستان ببێتە هەرێمی کوردستان دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، کێ تەئیدی پێشنیاری دووەم دەکات کە دەڵێت کوردستان ببێتە کوردستانی عێراق دەستیان بەرز بکەنەوە، بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، کەواتە لە سوێندەکە هاووڵاتیەکە دەمێنێت و دەبێتە کوردستانی عێراقیش، کاك شێروان بگەڕێینەوە سەر ئەسڵ تکایە، ئێستا دەنگدانەکە لەسەر هەموو سوێندەکە دەکەین، نەصەکەی دوایی پاش پێشنیارەکە بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەو تەعدیلەی بەسەر سوێندەکە هاتووە، سوێندەکە بەم شێوەیە دەبێت:

(اقسم بالله العظيم بأن أحافظ على حقوق ومكتسبات ووحدة ومصالح مواطني كوردستان العراق وأن أؤدي مهامي بصدق وإخلاص).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت یەکەم جار ماددەکە بخوێندرابایەوە وەکو خۆی بخرێتە دەنگدان، دواتر پێشنیارەکە بخرێتە دەنگدانەوە، یان پێشنیارەکە بخرێتە دەنگدان، دوایێش سێ بۆچوون هەیە، دوو بۆچوون نییە، بۆچوونێك دەڵێت عێراقی بۆ زیاد بکرێت، بۆچوونێك دەڵێ وەك خۆی بمێنێـەوە، بۆچوونێکیش دەڵێت بکرێتە هەرێمی کوردستان، دەبێت بەو شێوەیە بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هەر سێ بۆچوونمان خستە دەنگدان، ئێمە هاووڵاتی و گەلمان خستە دەنگدان، هاووڵاتی مایەوە، پاشان کوردستان یان هەرێمی کوردستانمان خستە دەنگدان، پاشان کوردستان و کوردستانی عێراقمان خستە دەنگدان، کوردستانی عێراق

زۆربەی دەنگی هێنا, لەبەر ئەوەی هەرسێ خرایە دەنگدان, کوردستان بە تەنیا لە ئەسڵەکەی هاتبوو, خرایە دەنگدان گوتمان کوردستان بمێنێتەوە, یان بکرێتە کوردستانی عێراق, ئێستاکە تەواو بوو, بەڵێ کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەن لە کاتژمێر (10)ەوە بۆ کاتژمێر (4), یەعنی نیزامێکمان هەبێت, مەسەلەن سەعات و نیوێك, نیو سەعاتێك پشوو بدەین, ئێمە ئێستا لەم ناوە بەرگە ناگرین, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ماددەیەکی تر تەواو بکەین, دەچین پشووێك دەدەین, مێوانیشمان دێت, ئەگەر مێوانەکانیش هاتن کە لە بەغداوە هاتوون لەگەڵیان چارەکە سەعاتێك دادەنیشین, رەئیەك هەیە, کە دەڵێت ئەو ماددەی دادێتن موناقەشەی زۆری لەسەرە, بە چارەکە سەعاتێك یان نیو سەعات تەواو نابێت, حەز دەکەن نیو سەعاتێك ئیسراحەت وەربگرن, نیو سەعاتی تر دێینەوە.

پاش پشوو

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان, کۆبوونەوەکەمان بەردەوام دەبێت, ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان پێیان وایە ئەو ماددەیەی کە موناقەشەمان کرد, تەصویتی لەسەر کرا وزوحی تیادا نەبوو و تێنەگەیشتبوون و تەصویتیان کرد لەسەر شتێك پێش ئەوەی تێ بگەن, ئەمەش حەقێکی تەبیعی یە کە ئەگەر تێنەگەیشتبن حەقی خۆیانە ژمارەیەك کە دە کەسن لەوانەیە زیاتر بن کە سی وشەش و قسورن, لەبەر ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە, ئەو ماددەیە دووبارە بکرێتەوە بۆ موناقەشە و شەرحی بکەین و پاشان بیخەینە دەنگدان ئەگەر موافیقن دووبارەی بکەینەوە فەرموون دەستتان بەرزبکەنەوە؟ ئەکسەریەتە, من تەبعەن دەستم بەرزکردەوە ئیحتیرامەن لەبۆ ئەو سی ودوو کەسە, سی ودوو کەس کە ئیمزای کردبوو کە تێنگەیشتوونە حەقی خۆیانە, دێینە سەر ماددەکە و فیعلەن دەبوایە زیاتر شەرح بکرێت و دایرەکان چییە و ئینجا بخرێتە دەنگدان, من بە لای خۆمەوە وزوحی هەیە, بەڵام سی و دوو کەس لای وزوحی نەبێ و دەنگیشی دابیتێ, حەقی خۆیەتی کە دەنگەکەی بە بەلاش نەڕوات و ئیعادەی نەزەر بکرێتەوە, فکرەکە یەکەم جار دەخوێنمەوە شەرحێکە کە نوقتەی نیزامە, ئەوە قانونێکی تایبەتە بە سەرۆکی هەرێم بەو شێوەیە هاتووە و ئیقتراحات کراوە, ئەگەر بۆ خۆمان با ئەوە باش بوو, هەرچەندە هەندێك گلەییش هەیە, لە سوێند خواردنەکە ناوەکەیان نەهێنا, بەڵام ئەگەر بۆ پەرلەمان بێت, ئەوە راستە سوێندمان خواردووە ئێمە مولزەمین بەو سوێندەی کە خواردوومانە, ئەمە سوێندێکە بۆ سەرۆکی هەرێم دەیخوات وپێی مولزەم دەبێت, فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەو ماددەیەی کە هەیە وەکو خۆی بخرێتە دەنگدان و تەصویتی لەسەر بکرێت, پاشتر ئەو صیاغەیەی کەدەنووسرێ ئەویش بخرێتە دەنگدان, یاخود بە پێچەوانەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نابێ کاکە, فەرموو نوقتەی نیزام, ئەوە لێرە قانونییە لە تەنیشتەوە پێم دەڵێ نابێ, فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەوە وەکو یاساییەکە ئیتیفاقی سیاسی بێ, چونکە یاساکە هەمووی ئیتیفاقی سیاسییە, ئێمە ڕێز لەوئیتیفاقاتە سیاسیە دەگرین, ئەگەر ئەوە لە زیمنی ئیتیفاقاتی سیاسیە مومکینە, ئەگەر نیزامی بێت, نیزامی نییە, چونکە (نظام ادارة الجلسات) دوو حاڵەتی هەیە یەکێکیان (لا يجوز اعادة مناقشة أي موضوع تم حصرها) ئیتر موناقەشە نابێ, دووەم

تەنها تەصویت دەبێتەوە ئەگەر شەك لە عەدەدی مصەوەتین هەبێت, ئیتر ئەگەر شەك لە عـەدەدی موصـەوەتین هـەبێ, ئەوە دروستە, ئەگەر نا ئیعادەی تەصویت زەحمەتە دووبارە بێتەوە, چونکە لە زیمنی نیزامـی ئیـدارەی جەلەسـات نییـە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببـورە, یەکـەم جـار ئـەوە تەصـویتی لەسـەر کـراوە کـە ئیعـادە بکرێتـەوە یـان نـا, ئەکسـەریەتی موتلـەق وتیـان ئیعـادەی بکەینەوە, لەبەر رۆشنایی ئەوەی سی و سێ کەس وتی ئێمە دەنگمان دا بۆ شتێك تێنەگەیشتین چییە, حەقێکی تـەبیعی یە ئەگەر نا, هەر ئەوە نییە داوای ئیعادی نەزەر بکەینەوە لەو قەرارەی کە دامان, سی و سـێ کـەس دەڵـێ مـن تەصـویتم کرد بە بێ ئەوە بزانم نەصەکەی چییە, نەك تەعدیلی بکات, لەبـەر ئـەوە حـەقێکی تـەبیعی یـە, مـادام تێنەگەیشـتووە, زیاتر تێی بگەیەنین ئەوجا تەصویت بکەین, من خۆم رای خۆم کە وتومە, ئـەوە رای خۆمـە شەخصـی, بـەڵام کـە سـی و سێ کەس تێنگەیشتبن بۆیان شەرح دەکەین و دەیخەینە تەصویت, ئەوەی تێنـەگەیشتبوون ئەوە بوو لە ئەصلەکەدا بۆتان دەخوێنمەوە دەڵێ ( اقسم بالله العظیم بأن احافظ علی حقوق و مکتسبات ووحدة و مصالح مواطني کوردسـتان و ان أؤدي مهامي بصدق و اخلاص) خیلافەکە لەسەر ئەو کوردسـتانەیە, ئـەگینا هاوڵاتیەکـە وەکـو خـۆی مایـەوە کوردسـتان ببێتـە کوردستانی عێراق یان کوردستان وەکو خۆی بمێنێتەوە یان ببێتە هەرێمی کوردستان, لەسـەر ئـەو سـێ موقتەرەحـە دوو کەس قسە بکات و پاشان دەیخەینە تەصویت, دوو کەس یان سێ کەس قسە بکات, ناویـان بنووسـە, مـەلا سعدالدین, کـاك حەمەی حاجی محمود, د. ناصح, کاك محمد فرج, کاك خلیل ابراهیم, قوباد عمر عبدالرحمن, فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئەوەیە دووبارە یانی موناقەشەی هەموو شتێك دەکرێتەوە, یان دوو کەس لەگەڵ هەر فەقەرەیـەك قسـە دەکات, یانی تێنگەیشتم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر دووبارە ناکرێتـەوە موناقەشـە, تـەنیا لەسـەر وشـەی کوردسـتانی عێـراق یـان هـەرێمی کوردسـتان یـان کوردسـتان بەتـەنیا وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە, تکایـە زۆر لەسـەری مـەڕۆن و دووبـارەی مەکەنـەوە, واتـە ئەصـڵەکەی کوردسـتانە, دوو موقتەرەحی بەدیل هەیە ببێتە هەرێمی کوردستان یاخود ببێتە کوردستانی عێـراق, شـەش کـەس داوای قسـەی کـردووە, من پێم وایە دوو کەس قسە بکات یان سێ کـەس, د. ناصـح و کـاك فـەرەج و کـاك عوسمـانی بـانی مـارانی, لەبـەر ئـەوەی دەبێ موختەصەر بێت و کاك حەمەی حاجی محمودیش واتە چوار کەس, کاك د. ناصح فەرموو:

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن تۆزێك روونکردنەوەی تێدایە لەسەر مەوزوعەکە بۆ ئەوەی تێی بگەین, بۆ ئەوەی دیسان نـەڵێن تێنەگەیشـتوونە و کۆمـەڵێکی تـر بڵێن تێنەگەیشـتووین, ئێمـە لـە رۆژی 11/7 ی 2002 دا لـەم پەرلەمانـە بڕیارێکمـان وەرگرتـووە, لـە کوردستانیش لە هەموو دونیادا دەستوور دەرەجە یەکە و دوایی قانونە و دوایی قەرارە و دوایی تەعلیماتە, کەواتە قەرار بە نیسبەت ئێمەوە وەکو پەرلەمانی کوردستان هەر قەرارێك کە دەردەچێت ئیلتیزامی تێدا هەیە ئینجا قەرارەکـەتان بـۆ دەخوێنمەوە, لەم پەرلەمانـە قـەرارێك دەرچـووە دەربـارەی ژمـارەی قەرارەکـە (26)ە لـە 2002/11/7 دەرچـووە و بـە ئیجماع دەرچووە لەم پەرلەمانە, دوای ئەوەی رای هەر سی و شـەش حزبەکـە پەسـەند کـراوە لێـرە ئـەڵێ (تـبنی مشـروع دستور اقلـیم کوردسـتان ) لێـرە ئیلزامـی دەکات دەڵـێ سـێ خاڵـە, لـە کۆتـایش دەڵـێ (علـی الاطـراف الکردسـتانیة المعنیـة الالتزام بها) یانی هەتا غەیری پەرلەمانیش, ئینجا دێم دووشت کە جەنابت باست کرد و بۆ ئەوەی وزوحی تێدا بێت بـۆ برادەران, لێرە دەڵێ ( تتکون الجمهوریة العراقیة من اولا و ثانیا, ثانیاً اقلیم کوردسـتان) نووسـراوە, (اقلـیم کوردسـتان و یضم محافظات کرکوك و السلیمانیة و اربیل و دهوك و الاقضیة عقـرة و شـیخان و سـنجار و تلعفـر و زمـار و بعشـیقة و ارفوش و اسکي کلك من محافظة موصل و قضائي خانقین و مندلي من محافظة دیالی بحـدودها الاداریـة قبـل عـام 1968

م و المناطق الاخرى التي تسكنها اكثرية كوردية) ئەمە دەربارەی ئیقلیم کە دەڵێی ئیقلیم کوێ ئەگرێتەوە, ئیقلیمی کوردستان, نەفسی ئەم ماددەیە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش هاتووە, بەڵام لە پرۆژەی دەستوری هەرێم مەسەلەی شەعبی کوردستان کێیە, شەرح کراوە دەڵێ (المادة الرابعة: يتكون شعب اقليم كوردستان من الكورد و المجموعات القومية (التوركمان و الاشوريين والكلدان و الارمن و العرب) ويقر هذا الدستور حقوقهم ضمن وحدة اقليم كوردستان) کەواتە ئەو برایانە هەموو بەشێکن لە شەعبی کوردستان, بۆیە تەئکید دەکەمەوە شەعب بەهێزترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فیکرەکە گەیشت فەرموو, یەکەم شت ئەوەی دەستوور هێشتا ئیقرار نەکراوە و نەبۆتە قانون, لەبەر ئەوە ئەصڵەن شەعبەکە بڕاوەتەوە موناقەشەی ئەوە ناکەین, بۆتە هاووڵاتی بڕاوەتەوە, موناقەشە لەسەر وشەی کوردستان یاخود هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو داوایەی ئەو سی و سێ کەسە کە داوایان کردووە موناقەشەی ئەوە دەکەین, کوردستان بە تەنیا وەکو خۆی بمێنێتەوە یان ببێتە کوردستانی عێراق یان ببێتە هەرێمی کوردستان, کاک محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی ئیقلیم و هی هەرێمی کوردستان, پێشنیاری من بوو لەسەرەتاوە, من لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارەم کرد ئێمە ئەڵێین سەرۆکی هەرێم و هەرێمی کوردستان ئێستا ئەو سێ پارێزگایە دەگرێتەوە, کەرکووك و ئەو ناوچانەی تر ناگرێتەوە, ئەوە داوای ئێمە نییە, ئێمەی خەڵکی کوردستان ئەو داوایە ئەکەین, ئەڵێین هەرێمی کوردستان ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە, یانی ئەمە داواکاریە بۆ دەستووری ئایندەی عێراق, ئێستا ئەگەر گەلی کوردستان بزانن کەرکووك لەسەر کوردستان نابێ و ئەم داوایایەی ئێمە ماناکەی ئەوە نابێ, بۆ هیچ هەڵبژاردنێك نایەن, ئەوەش کە بڵێین ئەمریکیەکان بۆیە لە کەرکووك دانیشتوون ماناکەی جیایە لێرە, من پێم وایە نەهاتنیان بۆ هەولێر یان بۆ شوێنێکی تر لەبەر جیاوازی, لەگەڵ ڕێزمدا دوو ئیدارەی پارتی و یەکێتی, ئەگەر هەرێمی کوردستان پایتەختەکەی هەولێر بوایە, ئەبوایە ئەو قونصولیەتە لێرە بوایە, لە دوای ئەمەوە کە هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی بوونەوە بە یەك, ئەبوایە قونصولیەت لە هەولێر بوایە, چونکە ئەمە پایتەختی هەرێمی کوردستانە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو کاك حەمە.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەسەر خاڵێك قسە دەکەم, مەسەلەی عێراق یان هەرێم, ئێوە هەردووکتان ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکەن و لە هەردوو کۆبوونەوەشدا لە دوکان و لە صەلاحەدینیدا بوون, لە کامیاندا ئیتیفاقتان کردووە, نە خۆتان ماندوو بکەن و نە ئێمە ماندوو بکەن, با ئێمەش ئەوەی هەیە بیکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چوار موداخەلەی باش بوون, من ئەو ئیعتیرازەم هەبوو کە وتم بە تەنیا کوردستان نەبێت, ئێستاش لەسەر هەمان ئیعتیرازم, چونکە بە تەنیا کوردستان بێت, یانی ئیرانیش دەگرێتەوە و تورکیاش دەگرێتەوە و سوریاش دەگرێتەوە, بەڵام نیوەی شتەکان ئەگەر بڵێی هەرێمی کوردستان رزگارت دەبێ, لەوەی کە مولزەم بێ بەوەی کە دیفاع لە کوردستانی ئێران بکات, چونکە مەعروفە هەرێمی کوردستان ئێرە دەگرێتەوە, لە نوقتەکەی تر دوو تەفسیری جیاواز هەیە, لەوانەیە ئینسان لە دڵی خۆیدا کوردستان بە حەمرین بزانێ, قانونیەن لای من وانییە, بەڵام مادام موقتەرەحەکە هەرێمی کوردستان لای کاك محمد فرج واهاتووە و برادەران و سی و سێ کەسەکە ئیمزایان کردووە حەلی وەسەتە, وەکو موقتەرەحی یەکەم دەیخەمە دەنگدان لە جیاتی کوردستانی عێراق ببێتە هەرێمی کوردستان, صیغەکە وا دەخوێنرێتەوە ( اقسم بالله العظيم بأن احافظ على حقوق و مكتسبات و وحدة و مصالح مواطني اقليم كوردستان, وان اؤدي مهامي

بصدق و اخلاص) ئەوەی موافیقە لەسەر ئەو صیغەیە دەستی بەرزبكاتەوە, ئەكسەریەتە, كاك شێروان ماددەی دە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة العاشرة:

يمارس رئيس الإقليم الاختصاصات والصلاحيات التالية:

أولا: إصدار القوانين التي يسنها المجلس الوطني للإقليم خلال عشرة أيام من تاريخ سنها وله حق الاعتراض عليها كليا أو جزئيا و إعادتها إلى المجلس لاعادة النظر فيها ويكون قرار المجلس بشأنها نهائيا.

ثانيا: إصدار مرسوم بإجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني للإقليم في حالة حله أو انتهاء مدة دورته الانتخابية خلال خمسة عشر يوما.

ثالثا: إصدار مرسوم دعوة المجلس الوطني للإقليم إلى دورة الانعقاد الأولى للدورة الانتخابية خلال(خمسة عشر يوما) من تاريخ إعلان النتائج النهائية وفي حالة عدم صدوره الدعوة إليه يجتمع المجلس تلقائيا في اليوم التالي من انتهاء المدة المذكورة.

رابعا:حل المجلس الوطني لكوردستان- العراق بمرسوم في الحالات التالية:

1-إذا استقال اكثر من نصف عدد إعضائه.

2-إذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده خلال خمسة و أربعين يوما من تاريخ دعوته للانعقاد لدورته الانتخابية الأولى.

3-إذا لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء لثلاث مرات متتالية.

4-إذا تم تغيير النظام الانتخابي للمجلس وكانت المدة المتبقية لدورته الانتخابية ستة اشهر فاقل.

خامسا: إصدار قرارات لها قوة القانون بعد التشاور والاتفاق مع رئيس المجلس الوطني ومجلس الوزراء للإقليم وذلك عند تعرض اقليم كوردستان ونظامه السياسي او الأمن العام فيه أو مؤسساته الدستورية لمخاطر داهمة تهدد كيانه وتعذر اجتماع المجلس الوطني على ان تعرض تلك القرارات على المجلس الوطني للاقليم عند اول اجتماع له فان لم تعرض او عرضت ولم يقرها المجلس زالت عنها الصفة القانونية.

سادسا: العفو الخاص عن المحكومين.

سابعا: المصادقة على احكام الاعدام او تخفيفها الى السجن المؤبد.

ثامنا: اعلان حالة الطوارئ بموجب قانون خاص.

تاسعا: دعوة مجلس الوزراء الى الاجتماع بشكل اضطراري عند الاقتضاء ومناقشة المسائل المحددة التي يعقد الاجتماع من اجلها وتراسه هذا الاجتماع.

عاشرا: عدم السماح بادخال القوات المسلحة الاتحادية الى الاقليم عند الاقتضاء الا بموافقة المجلس الوطني للاقليم.

حادي عشر: اصدار مرسوم باستقالة مجلس الوزراء او الوزير عند سحب الثقة من اي منهما.

ثاني عشر: اصدار مرسوم بقبول استقالة مجلس الوزراء اوالوزير وتكليفهم للاستمرار بمامهم لحين تشكيل الوزارة الجديدة.

ثالث عشر: تعين اصحاب الدرجات الخاصة بناءا على ترشيح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء.

رابع عشر: تعين الحكام ورئيس واعضاء الادعاء العام بعد ترشيحهم من قبل مجلس قضاء الاقليم.

خامس عشر: منح الرتب العسكرية لضابط القوات المسلحة للاقليم وقوى الامن الداخلي وطردهم واحالتهم على التقاعد وفق القانون.

سادس عشر: منح الاوسمة والانواط بموجب القانون.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن, من رای لیژنەی یاسایی بە شێوەیەكی عام بۆتان عەرز دەكەم, ئەویش ئەوەیە بە نسبەت (اولا و ثانيا و ثالثا و خامسا و سابعاً و ثامناً و تاسعا و حادي عشر و ثاني عشر و ثالث عشر و رابع عشر و خامس عشر و سادس عشر ) هیچ مولاحەزەیەكمان نییە, و تەئییدی دەقی ئەو فەقەرانە دەكەین كە لەو ماددانە هاتوون و تەنیا لە

دوو فەقـەرە ئـەو مولاحەزەیـەمان هەیـە لـە (رابعـا و سادسا) ئـەویش کـە ئەگـەر هاتینـە سـەر موناقەشـە رای لیژنـەی قانونیتان پێ دەڵێین, بەڵام رەنگە هەندێ ئیزافات هەبێ کە کردوومانە و عەرزی ئێوەی بـەڕێز دەکـەین ئەگـەر موافیـق بوون ئیزافەی دەسەڵاتەکانی دەکـەین و لـە زیمـنی ئەوانـە تـەکلیفی رەئیسی وەزەرا بـە موهمـەتی رئاسـەتی وەزەرا ئـەوە داخیل نەکراوە و پێویستە داخیل بکرێ و ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز ئیقراری کرد ئـەوەش داخیـل دەکـەین, ئـەوە دەبێتـە مایـەی ئـەوەی کـە تەسەلسولی فەقـەرات بگـۆڕێ و ئەگـەر دەسـتەی سـەرۆکایەتی تـەخویلمان بکـات بـە تەنسـیق لەگـەڵ سکرتاریەتی پەرلەمان, ئێمە دوایی تەسەلسولەکە دەستکاری دەکەین و لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەرە بە فەقەرە عەرەبیەکەی بخوێنەوە, ماددەی دەیەم عیلاقەی بە دەسـەڵاتی سـەرۆکی هەرێمـەوە هەیـە, تەحدیـدی کردووە و یەکەمیان دەڵێت (إصدار القوانين التي يسنها المجلس الوطني للإقليم خلال عشرة أيام من تـاريخ سـنها ولـه حـق الاعتراض عليها كليا أو جزئيا و إعادتها إلى المجلس لاعادة النظر فيها ويكون قرار المجلس بشأنها نهائيـا.) موختەصـەرەکەی دەرهێنانی قەوانین کە لەلایەن مەجلیسی وەتەنی و ئەندامانی پەرلەمانەوە ئیقرار کـراوە لـە خیلالـی دە رۆژ, واتـە ئـەو قانونەی کە لێرەوە دەردەچێت, دەچێت بۆ سەرۆکی هەرێم خیلالی دە رۆژ دەبێ ئیمـزای بکـات و قـوەتی قـانونی بـداتێ, بۆی هەیە سەرۆکی هەرێم ئیعتیراز لەسەر فەقەراتی قانونەکە هەمووی بگرێت و بیگەڕێنێتەوە مەجلیس, بـەڵام ئەگـەر مەجلیس دووبارە بڕیاری لەسەر بـدات, ئـەو بڕیـارە نهائی دەبێت و دەبـێ سـەرۆکی هـەرێم ئیمـزای بکـات, کـەس هەیـە لەسەر ئەو ماددەیە بیەوێ قسە بکات. فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشـە فەقـەرە یـەك لـە جیـاتی ئیصدار (تصـديق) بنووسـرێ, لـە رووی قانونیـەوە وا پەسـندترە, چونکە ئیصداری قەوانین لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت, تەنها ئەو مولاحەزەیەم هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەرموو کاك تەلعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو نوقتەیەی کە کاك کریم باسی کرد بەلای منەوە گرنگ بوو, لە کۆتاییدا ئـەڵێ (يكون قـرار المجلـس بشـانها نهائيـا اذا وافق عليه اعضاء المجلس بالاغلبية) ئەگەر ئەو وشەیەی بۆ زیاد بکرێ باشە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورن من ئیجازە بە خۆم دەدەم لە جیاتی رای یاساییش, چونکە ئەو موناقەشەمان زۆر کردووە لەسەر ئەوە, ناکرێت لە قوانینی دونیادا نییە سەرۆك کۆمار موصادەقە بکات, قـەرار مـەجلیس ئەیـدات و قـەرارێك بـە زۆرینـەی دەنـگ دەدات و ئەچێتە لای ئەو ئیصداری دەکات تەعمیمی دەکەن و بۆ جێ بەجێ کردنی, ئەوە زۆر موناقەشە کـراوە لـە نـاو مەکتـەبی سیاسیش, لە هەردوو لا جیاوازی نەما لەکاتێکدا لە قانونیەکانمان پرسی, موصادەقە لە لایەن سەرۆك کۆمـار هـەتا ئێسـتا لـە بەغـداش رەئـیس جمهـوری موصـادەقە دەکـات لەسـەر قـەوانینی پەرلـەمانی عێراقـی هێشـتا دەسـتوریش دانـەنراوە, تەماشای زۆر دەساتیرمان کرد هەر ئیصدارە, سوێندەکە لە مەجلیسی وەتەنییە, و يصدرها رئـيس الجمهوريـە, بەنسـبەت مولاحەزەی مامۆستا عەبدوڵڵا ئەوە بەدیهیەتە, یانی زۆرینەی دەنگە, یانی قەرارەکە کە گەڕایـەوە مولاحـەزەی سـەرۆکی هـەرێم دەکـرێ و ئەگـەر وەرگـیرا قـەرار دەدرێـت بـە زۆرینـە, ئەگـەر رەفـز کـرا قـەرار دەدرێ بـە زۆرینـە, بـە هـەردوو حاڵەتەکە دەگەڕێتەوە بۆی, کۆتایی دێت قەراری پەرلەمان, پێم وایە مـاددەی یەکـەم بـا بـڕوات, ئەگـەر تەصـویتی مـاددە ماددە لەسەر بکەین, کاك شێروان راتان چییە؟ فەرموو. هەموو پێکەوە یان یەکە یەکە, بەڵێ, فەقەرە یەك کـێ موافیقـە وەکو خـۆی بمێنێتـەوە؟ سـوپاس بـە ئیجمـاع وەرگـیرا, دووەم (إصدار مرسـوم بـإجراء الانتخابـات العامـة للمجلس الـوطني للإقليم في حالة حله أو انتهاء مدة دورته الانتخابية خلال خمسة عشر يوما. ) یانی بـۆی هەیـە مەرسومێك دەربکـات بـۆ

ئەوەی هەڵبژاردنێکی تازە بێت بۆ هەرێم لە کاتێکدا ئەگەر مەجلسی پەرلەمان حەل بوو یاخود مودەتی یاسایی خۆی تەواو بوو, مەجلیسی پەرلەمانیش لە جێگایەکی تر نووسراوە بە چ مەرجێك حەل دەبێت, ئەگەر حەل بوو یان مودەی تەواو بوو, ئەبێ سەرۆکی هەرێم مەرسومێك دەربکات بڵێ لەبەر ئەوەی مودەی پەرلەمان تەواو بووە داوا دەکات هەڵبژاردن بکرێت وەکو ئوصوڵی دونیا, هەر کەس دەیەوێ مولاحەزەی هەبێ و موناقەشەی بکات با دەستی بەرزبکاتەوە یان بیخەینە دەنگدان, کەس نییە و دەیخەینە تەصویت, کێ موافیقە لەسەر ئەوە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس, بە ئیجماع وەرگیرا, لەمەودوا دەخەینە پاش سەعات یەك بۆ ئەوەی بە ئاسانی وا بیڕوێنن. سێیەم ( إصدار مرسوم دعوة المجلس الوطني للإقليم إلى دورة الانعقاد الأولى للدورة الانتخابية خلال خمسة عشر يوما من تاريخ إعلان النتائج النهائية وفي حالة عدم صدوره الدعوة إليه يجتمع المجلس تلقائيا في اليوم التالي من انتهاء المدة المذكورة.) ئەمە دیارە تەبعەن پاش ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجامەکەی دەردەچێت سەرۆکی هەرێم داوا لە ئەندامانی هەڵبژێردراوی تازە دەکات کۆببنەوە, ئەگەر پاش ئیعلان کردنی نەتائیجی هەڵبژاردن داوای نەکرد ئەبێ پازدەمین رۆژ ئەندامانی هەڵبژێردراو خۆیان کۆببنەوە و ئەو مەرسومە دەربێنن, کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەو مەوزوعە با ناوی بنووسین, خلیل ابراهیم, سردار هەرکی, عبدالرحمن, سێ کەس دەیانەوێ قسە بکەن, کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن ماددەی سێ ئەڵێت یانی دەیەمین رۆژ پاش راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن دەبەستێت و لێرەش دەڵێ پازدە رۆژ, پێم باشە تەوافقێك هەبێ, ئەویش ببێتە خیلالی دە رۆژ تا تەوافیق لەگەڵ ئەوە بکات باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو کاك سردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تێبینی منیش هەمان تێبینی یە, بەڵام دەمەوێ تەوزیحێك بدەم لێرە, لە کۆتایی قانون عادەتەن ماددەیەك دەنووسرێ دەڵێ (في حالة اختلافها مع أي قوانين اخرى ) ئەوەی دیکە ئیلغا دەکرێ, یانی ئەگەر ئەو فەقەرەیە نەبێ ئەو تەنازوعە نامێنێ لە نێوان پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و ئەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان تێبینیم هەبوو کە لێرە پازدە رۆژە و لەوێ دە رۆژە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی بەجێیە ئەگەر لیژنەی یاسایی بۆمان روونبکاتەوە بۆ ئەوەی تەناقوضي لەگەڵ نەبێت, ئینجا ئێمە دەبێ ئەو قانونەش تەعدیل بکەین, ئەگەر لیژنەی قانونی صیاغەیەکەمان بداتێ, باشە ئەگەر موافقن ئەو ئیقتیراحە تازە هەیە ئەڵێ لە خیلالی دە رۆژ پاشی دەرچوونی نەتائیجی هەڵبژاردن, دەیخەمە دەنگدانەوە, جارێکی تر دەیخوێنمەوە (إصدار مرسوم دعوة المجلس الوطني للإقليم إلى دورة الانعقاد الأولى للدورة الانتخابية خلال(خمسة عشر يوما) من تاريخ إعلان النتائج النهائية وفي حالة عدم صدوره الدعوة إليه يجتمع المجلس تلقائيا في اليوم التالي من انتهاء المدة المذكورة) ئیقتیراحی تازە ئەو پازدە رۆژە ببێتە دە رۆژ, ئەو ئیقتراحە تازەیە دەخەمە دەنگەوە, کێ موافیقە لەسەر ئەو تەعدیلە دەستی بەرزبکاتەوە, بە ئیجماع وەرگیرا, زۆر سوپاس, رابعا:حل المجلس الوطني لكوردستان- العراق بمرسوم في الحالات التالية:حەل کردنی پەرلەمان بە مەرسومێك لەو حالەتانەی خوارەوە, 1-إذا استقال اكثر من نصف عدد إعضائه. ئەگەر

نیوەی ئەندامانی ئیستیقالەیان کرد,2-إذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده خلال خمسة و أربعين يوما من تاريخ دعوته للانعقاد لدورته الانتخابية الأولى. ئەگەر نەیتوانیٚ کۆببێتەوە لەبەر ئەوەی نیوەی ئەندامانی هەڵبژێردراو نەهاتنە کۆبوونەوەکان مەسەلەن نیوەی زیاتری نەهاتن بۆ کۆبوونەوەکان ماوەی (45) رۆژ هەر هەوڵیان دا لە نیوەی زیاتر غایب بوون سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە حەلی بکات. 3-إذا لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء لثلاث مرات متتالية. ئەگەر پەرلەمان سیقەی نەدا بە مەجلیسی وزەرا سیٚ جار لەسەر یەك. 4-إذا تم تغيير النظام الانتخابي للمجلس وكانت المدة المتبقية لدورته الانتخابية ستة اشهر فاقل. ئەگەر نیزامی هەڵبژاردن پەرلەمان بڕیاری دا بیگۆڕن, بۆ نموونە ئێمە ئەمجارە هەڵبژاردنمان کردووە لەسەر ئەساسی لیستی حزبایەتی و نسبی, ئەگەر بڕیارماندا بیکەینە دائیری, نیزامەکەمان گۆڕی, مودەی پەرلەمانیش شەش مانگ کەمتر مابوو, سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە داوای حەلی پەرلەمان بکات لەبەر رۆشنایی نیزامی تازە و پێڕەوی تازە هەڵبژاردن بکرێت , ئینجا یەکە یەکە موناقەشە بکرێت باشترە, یەکەم فەقەرە کەس خیلافی هەیە لەسەری, فەرموو د. نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاساییدا بۆچوونی تایبەتیمان هەیە, لەسەر یەکەم هیچ مولاحەزەیەکمان نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم دەڵیٚ ئەگەر نیوەی ئەندامانی پەرلەمان ئیستیقالەیان دا, سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە حەلی پەرلەمان بکات, عەفو لە نیوە زیاتر, کاك کریم فەرموو تەنیا کەسی کە مولاحەزەت هەبوو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت فەقەرە (أ) هیچ ئیعتیرازمان لەسەری نەبوو, فەقەرە (ب) (اذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده خلال خمسة و اربعين يوما من تاريخ دعوته للانعقاد للدورته الانتخابية الاولى) ئێمە کردیتمانە (اذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده ......)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم ئێمە تەنیا لەسەر فەقەرە یەك قسە دەکەین, کە دەڵیٚ کە ئەگەر لە نیوەی زیاتر لە ئەندامانی پەرلەمان ئیستیقالەیان دا, سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە حەلی پەرلەمان بکات, فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە زیاتر بکرێت, بکریٚ بە (ثلثی اعضاء) لە ئیستیقالەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەنیوەی زیاتر بوو نیصاب نامێنیٚ, لەفەقەرەیەکی تردا دەڵیٚ نابیٚ کۆببنەوە ئەگەر نیصاب نەبوو نابێت کۆببێتەوە, فەقەرەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە, چونکە ئەو مولاحەزەیەی کاك کریم دای ئی وەی نییە بیخەمە دەنگ دان, چونکە تەناقوضي هەیە لەگەڵ فەقەرەیەکی تر, ئەگەر موافیقن لەسەر فەقەرە یەك وەکو خۆی بمێنێتەوە, تکایە دەستتان بەرزبکەنەوە, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەقەر دووە (-إذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده خلال خمسة و أربعين يوما من تاريخ دعوته للانعقاد لدورته الانتخابية الأولى. ) فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

رای ئێمە ئەوەیە ببێتە (-إذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده) لە مابەینی دووقەوس (مالم يكن لظروف استثنائية غير متوقعة) خلال خمسة و أربعين يوما من تاريخ دعوته للانعقاد لدورته الانتخابية الأولى. ) و ئەو (الاولى)مان لابردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئیقتراحی یەكەم وەكو خۆی بمێنێتەوە, ئیقتراحی دووەم كە دەڵی ئەگەر نیصابی قانونی نەبوو بۆ بەستنی كۆبوونەوەی یەكەمی لە ماوەی چل و پێنج ڕۆژدا واتە لە نیوەی زیاتری ئەندامان نەهاتن, یاخود نەیانتوانی بێن, ئەوە دەتوانی حەلی مەجلیسەكە بكات, ئیقتراحی لیژنەی قانونی دوو ڕایان هەیە, یەكێكیان دەڵێ وەكو خۆی بمێنێتەوە, ڕایەكەی تریان دەڵێ ئەگەر بێتو ئەو چل وپێنج ڕۆژە بمێنێ, بەڵام ئەگەر ئەو چل و پێنج ڕۆژە لەبەر زروفێكی تایبەت بێت, ئەگەر حاڵەتێك كە شەڕ بێت یان مەشاكیل ڕووبدات, كێ دەیەوێ لەسەر ئەو مەوزوعە قسە بكات, كاك محمد حاجی محمود, كاك محمد فرج, گوڵناز, سوزان, كاك د. ناصح, كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها یەك مولاحەزەم هەیە, ئەگەر فەقەرەیەكی بۆ زیاد بكرێت, ئینشائەڵلا شەڕو شت نابێت, بومەلەرزەیەك شتێك لەو بابەتە, یەك فەقەرەی بۆ زیاد بكرێت و بڵێ لەو حاڵەتە بمێنێ, ئەگەر ئەوە نەبوو هەر خۆیان كۆنەبوونەوە ئەوە شتێكی ترە, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یانی ئێمە ئەزانین لە كوردستاندا گەورەترین گرفتی ئێمە مەتاتیەتی قانون بووە, هەمیشە درێژی بكاتەوە و دووری بكاتەوە, لەمەولا شتێك بكەین نەیەڵین مەجال دروست ببێت لەبەر درێژكردنەوەیان, ئێستا چل و پێنج بیكەن بە مانگێك هەتا كەمتریش بێت, یانی هەمیشە ڕێگە بگرین لەبەردەم ئەو یاسایانەی كە مەسەلەكان لە ئێمە دووردەخاتەوە, ئێستا ئێمە گیرۆدە بووین سیازدە ساڵ بووە شەش مانگ, قەرار بوو دوایی شەش مانگ ببێت بە سیازدە ساڵ, یانی هەمیشە مەجال كەم بكەینەوە لەبەردەم درێژ كردنەوە, ئەو مەجالانە هەتا كەم بكەینەوە, بۆچی دووردەكەونەوە, چل و پێنج ڕۆژ چی دەكەن, هەر كەسێ بوو بە ئەندامی پەرلەمان بۆچی نەیەت كۆببێتەوە, مەجال كەم بكەینەوە لەبەردەم تەئسیری درێژ كردنەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرمووو خاتوو گوڵناز.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مودەكە ئیشكالێكم نییە لەسەر درێژیەكەی, بەڵام حساب بۆ ئەوە بكرێت كە ئەسبابەكانی ئەو دواكەوتنە چی بێت, لەگەڵ ڕای دووەمدا ئەوە بمێنێتەوە باشترە, بۆ ئەوەی هۆكارەكان چییە تاكو ئەو جەلسەیە نابەسترێ, چونكە پەرلەمان كە دوا هەڵبژاردن ئامادەی ئیش كردنە, بەڵام دیارە ڕێگر هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زروفی ئیستیسنائی ئەتوانرێ زۆر تەفسیراتی بۆ بكرێت, لەبەر ئەوە بنبڕ بێت, ئەو زروفە نەخرێتە بەردەم مەوزوعەكە, سوپاس.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان رام هەیە, هیچ نەگۆڕێت و هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە, باشترە با هیچ حسابێکی تری بۆ نەکرێت, چل و پێنج رۆژ نە کەمە و نە زۆرە, یانی باشە لە ماوەی ئەو چل و پێنج رۆژە ئەو وەختە ئەبێت جێ بەجێ بکرێت, هیچ ئیستیسنا دیاری نەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, موناقەشەکان دیارە و منیش تەوزیحێك دەدەم, منیش موئەیدم وەکو خۆی بمێنێتەوە, لەبەر رۆشنایی ئەوە قسانەش, بەڵام ئەوەندەیە برێك تەفسیری دەکەم, هەندێك قسە هەیە نەکراوە, لە چ مەترسیەکدا هەیە سەرۆکی هەرێم کەی دەتوانێت ئەو مادەیە کە نەیتوانی بەکاری بهێنێ کەی ناتوانێت, تەبیعی کە زروفی ئیستیسنائی بێت, ئیعیتادی خۆی تەقدیم دەکات, داوا ناکات زۆر کۆببێتەوە, زروفی شەڕ دەبێ, لە حاڵەتێکدا مەترسی حزبێك ئەگەر زۆرینەی دێنێ, سەرۆکی هەرێم بۆی نەبێ, ئەوە ئۆتۆماتیکیەن نایگرێتەوە, چونکە زۆرینەی هەیە خۆی کۆدەبێتەوە, یانی مەسەلەن فەرزمان کرد سەرۆکی هەرێم حزبەکەی ئەو زۆرینەی نەهێناوە و ئەوەی زۆرینەی هێناوە حزبی خۆی نییە, تا چل و پێنج رۆژ نەیتوانی و حەلی دەکات, بەڵام ئەگەر زۆرینەکە کۆببێتەوە, ناتوانێ سەرۆکی هەرێم, چونکە زۆرینەکە حازرە لەوێندەر, ئەگەر کەمینەش بێت, یانی خۆی ئەکسەریەتەکە دەبێ و مەصلەحەتی خۆیەتی کۆدەبێتەوە, لەبەر ئەوە وەکو مانەوەی تەبیعی یە بە قوەتە و لە ئێستاوە موبەریرات نەهێناو و ئەوجارە چوار مانگ تاخیر بووە, با نەصێکی وابێت حەلەکی قاتیع بێت بۆ ئەوەی مولزەم بین هەمووکمان, هەوڵ دەین بۆ ئەو کۆبوونەوە, لەبەر ئەوە ئەو ئیقتراحە نیواونیوەیە, ئەو ئیقتیراحەی دووەم کە دەڵێ ئیزافە بکرێت زروفی ئیستیسنائی و یا شەڕو شتی وا حەقی خۆیەتی بیخەینە دەنگەوە, کێ موافیقە تەعدیلەکە بکەین, و ئەگەریش لیژنەی قانونی سەحبی دەکات با رایەکمان بداتێ, ئەگەر سەحبی ناکات دەیخەینە دەنگدان, لیژنەی قانونی سەحبی کرد, لەبەر ئەوە نەصەکە وەکو خۆی دەیخەینە دەنگدان تەنها وشەی (اولى)مان لابرد, واتە نەصەکە وای لێ دێت (اذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده خلال خمسة و اربعين يوما من تاريخ دعوته للانعقاد لدورته الانتخابية), فەرموو کاك شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە هەردوو مادە هاتووەتە خوارێ و نابی بگەڕێینەوە بۆ مادە یەك و دوو و سێ و ئەوانی تر, بەڵام مادە دوو لە پازدە رۆژ دانراوە و لە مادە سێ ئێمە کردمانە دە رۆژ, ئەگەر لێرە کەسێك پرسیارێك بکات بۆ ئێرە پازدە رۆژە و بۆ ئێرە دە رۆژە, ئایا جەواب چی دەبێت, دووەم کەدەڵێ (إصدار مرسوم بإجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني للإقليم في حالة حله أو انتهاء مدة دورة الانتخابية خلال خمسة عشر يوما. , وسێیەمیش دەڵێ (إصدار مرسوم دعوة المجلس الوطني للإقليم إلى دورة الانعقاد الأولى للدورة الانتخابية خلال(عشرة ايام) من تاريخ إعلان النتائج النهائية وفي حالة عدم صدوره الدعوة إليه يجتمع المجلس تلقائيا في اليوم التالي من انتهاء المدة المذكورة. یەکێك بوو بە دە رۆژ و ئەوی تر بوو بە پازدە رۆژ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووشتی جیاوازە, ئەوەی کردمانە دە رۆژ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم قانونەی پەرلەمانی خۆمان بگونجێت, لەوێندەر نەصێك هەیە دەڵێ کە هەڵبژاردن ئیعلان کرا پاشی هەڵبژاردن بە دە رۆژ ئاخر شت دەبێ کۆبوونەوە, بۆ ئەوەی خیلاف نەبێت لە هیندا. ئێمە دەچینە چوارەم دیسان لە زمنی دەسەڵاتی سەرۆك, ببورن سێیەم (-إذا لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء لثلاث مرات متتالية.) موقتەرەحێك هەیە ئەو خاڵە لابدرێت, کێ دەیەوێ قسە لەسەر ئەو مەوزوعە بکات, کاك تاریق و کێی تر دەیەوێ قسە بکات, چنار خان, کاك محمد حاجی محمود, کاك جمال, خاتوو گوڵناز, کاك عادل, کاك د. نوری, کاك خلیل ابراهیم, کوێستان خان, کاك دلێر, کاك حاتم, تەواو داخرا, فەرموو کاك تاریق.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامياز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیە بڕوا بكەم زۆر هەڵدەگرێ, دەبێ تەوزيح بكرێت بەرای من (لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء لثلاث مرات متتالية) (مرات متتالية) بكرێتە (تشكيلات مختلفة) چونكە یەك سەرۆك وەزيران نەبێ, چەند سەرۆك وەزيران بێت, نەوەك هەنجەتێك بكەن لەبەر ئەوەی كەیەك كەس بێت, بەڵكو چەند كەسێك بێت, تەشكيلەكە بێت باشترە, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بە پێچەوانەی قسەی ئەو برادەرەم كە داوا دەكات ئەو خاڵە نەمێنێ, من پێم وایە كاتێك پەرلەمان داوا لە سەرۆكی وەزيران دەكات وەزارەتەكەی خۆی تەشكيل بكات, كە جارێكيان ئەگەر خەلەلی تێدا بێت و رەفز كرا جاری دووەم ئەگەر ديسان رەفز كرا, پێم وایە ئەگەر جاری سێيەم رەفز بكرێ ئەوە خەلەل لە خودی پەرلەمانەكەیە كە زۆر لە ناو يەكتر تەشەنوجن و توشی صراع وناكۆكی هاتوون, بۆیە ئەم پەرلەمانە پێويستە زۆر بە زوويی حەل بكرێ, رەنگە ئەگەر حەل نەكرێ كێشەی تر دروست ببێ و ئيدارەی ئەو وڵاتە زۆر سەقەت دەبێ, سوپاس.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو مەوزوعە دوو سێ حاڵەتی جيا جيای تێدایە, یەكێك لەوانە بۆ نموونە ئەنجومەنی وەزيران, يانی ئەو پەرلەمانە داوا دەكات يەك وەزير لاببەن, داوا دەكات بۆ نموونە مودير عامێك لاببەن, ئەنجومەنی وەزيران ئەو يەكەم جار تەكليفی لێ دەكات و رەئيسی وزەرا تەكليف دەكات, لە دوای سێ جارەكە هەر وازی لێ ناهێنێ, واتە پەرلەمان بۆ يەك كەس دەبێ حەل ببێت, ئەوە خاڵێكە بۆ يەك كەس بە تەنها ئەبێ ئيصراری لەسەر بكرێ و ئەبێ پەرلەمان حەل بكرێ, ئينجا من پێم وایە هەندێ وردە كاری لێ بكرێ و ئەو داوايانە لەسەر كێی داوا دەكات و لەسەر چی دەكرێت, داوا لە پەرلەمان لەسەر چی دەكات, بۆ نموونە ديفاع لە كێ ئەكرێت ئەو كاتە لە ئەنجومەنی وەزيران بۆ نموونە ئيصرارە و ئێمە داوا دەكەين وەزيرێك بێت بۆ ئێرە لەبەردەمی پەرلەمان شتەكانی خۆی بڵێت, بەڵام ئەو وەزيرە مومكينە واسيتەی هەبێ و شتی هەبێ و بڕوا دوو سێ جار داوامان لێ بكەنەوە, ئايا ئەبێ لەسەر يەك كەس يان لەسەر يەك موشكيلە پەرلەمان حەل بكرێت, من پێم وایە تۆزێك زياتر موناقەشەی بكەين باشترە, سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەگەر مەجليسی پەرلەمان رەخنەی هەبێ لە وەزارەتێك كە تەشكيل دەكرێ, ئەبێ رەخنەكانی مەقبول بن و دەستنيشانی بكات و بتوانێ قەناعەت بە مەجليسی وزەرا بكات, ئەگەر لە حاڵەتێكدا كە ئيصرار بكات لەسەر شتێك كە مەفعولێكی واقيعی نەبێت حەقی ئەوەی هەيە كەحەل بكرێت, من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەو خاڵە بمێنێ وەكو خۆی, سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزيز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆ خۆمان بە تەجروبەيەكدا تێپەڕين, سێ مانگە دانيشتنی پەرلەمان داخراوە بەدەست كۆمەڵێ كێشەوە, ئەگەر سەرۆكی هەرێممان هەبوايە ئەم پەرلەمانە حەقی شەرعی بوو كە مانگ ونيوێكە حەل بكرابايە, ئەگەر بەو كێشانە بچينەوە, ئايا لە چوار ساڵی داهاتووی تردا ئێمە ئەگەينە ئەو سەقامگيريە, يان ئەو بەندە زيادەيە بۆ ئەوەی كێشەی ترمان زياد نەبێ ئەو بەندە نەمێنێ, سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم فەقەرەیە وامان لێ دەكات كە لەوڵاتدا دوو دەسەڵاتمان نەبێ, دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی تەنفیزی یانی پشێوی دروست دەكات لە وڵاتدا, من پێم باشە ئەو فەقەرەیە هەڵبگیرێ, سوپاس.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەست لەم پەرەگرافە ئەوەیە ئەگەر هاتوو سەرۆكی هەرێم پێشنیازی ناوێكی كرد بۆ پەرلەمان كەوا باوەڕی پێ بدرێت, بەڵام پەرلەمان باوەڕی پێ نەدا, جارێكی تریش داوای لێ كردەوە پەرلەمان هەر باوەڕی پێ نەدا, بۆ جاری سێیەمیش هەر بەو جۆرە, پاش ئەوە مافی ئەوەی هەیە كەوا بڕیاری هەڵوەشانەوەی ئەو پەرلەمانە بدات, بەشێك باس لەوە دەكەم سەرۆكی پەرلەمان ناوێك دەگۆڕێت ڕەنگ بێ لەو كابینەی كەوا بەنیازن تەشكیل بكرێت لە جیاتی سەرۆكی پەرلەمانی پێشنیاز كراو یەكێكی تر پێشنیاز دەكرێت, ئەویش بەو جۆرەیە وەكو ئەوەی یەكێكی ترە, بەڵام لە حەقیقەتدا هەمان كابینەیە, مەبەست ئەوەیە لێرە بەم چەشنە پەرلەمان ناچار دەكرێت بۆ ئەوەی دەنگ بەو كابینەیە بدات هەرچەندە كەوا سێ جار لەسەر یەك بڕوای پێ نەداوە, سوپاس.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەڵێم پەرلەمان لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردراوە, بۆیە ناكرێت لەبەر ئەوەی شەخسێك كە نەتوانێ حكومەت تەشكیل بكات, یان ئەو حكومەتە بە دڵی ئەنجومەن نەبێت ئەنجومەنەكە هەڵوەشێتەوە, بۆیە ڕام وایە ئەو فەقەرەیە یان لابرێت, باشتر وایە لابرێت ئەگەر لا نەدرا بە تەعدیلەكەی كاك تاریق بێت, سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من یەكەم جار مەبدەئێك لە قانون هەیە دەڵێ (الاصل حسن النیة) نابێ ئێمە بیدایەت بە سوئی نیەت مەوادەكان تەفسیر بكەین, دووەم ئەو ماددەیە خەلفیەكی تاریخی قانونی هەیە, عەلاقەتێكی یەكجار زۆری هەیە لەگەڵ مەبدەئی فەصلی سوڵتە, برادەران دوور نییە وا تێبگەن وەكو منیش زۆر جار لە تەلەفزیۆن دەبینم, وەكو ئەوەی كە مەبدەئی فەصلی سوڵتات ئەوەیە هەموو سوڵتەی تەشریعی و تەنفیزی بە تەواوی لێك جیاواز بن كەس تەدەخول لە ئیش وكاری ئەوی تر نەكات, تەبعەن ئەو مەبدەئە بەو مەفهومیە هەبوو لە فەترەی سەورەی فەرەنسی, غایەتیشیان ئەوە بوو كە هیچ سوڵتەیەك تەجاوز لەسەر سوڵتەی تر نەكات هەستان جیاوازیان كرد بە تەواوی, دووەمین تەماشایان كرد هەر سوڵتەیەك لە جێگای خۆی بووە دیكتاتۆر, لەبەر ئەوە مەفهومی مەبدەئەكە گۆڕیان لە مەبدەئی فەصلی سوڵتاتی موتڵەق و جامد بۆ فەصلی سوڵتاتی مەرن, وایان لێكردن كە نیزامی پەرلەمانی لەسەر ئەساسی تەوازن و هاریكاری بەرێوە بچێت چیان كرد, مەبدەئی مەنحی سیقە بە پەرلەمانیان دا, بەس مەبدەئی حەلی پەرلەمان بە سوڵتەی تەنفیزیان دا, غایەتیان پێ چی بوو؟ غایەتیان پێ ئەوە بوو هیچ سوڵتەیەك توغیان نەكات لەسەر سوڵتەی تر وەكو تەهدیدی بكەی بە مەنعی سیقە ئەویش تەهدیدت دەكات بە حەلی پەرلەمان, تەبعەن دەوڵەتەكانی تر لەسەر شتی تافیە و بەسیت ئەو شتە ناكەن, لەسەر شتی بەسیت سیقە حەجب دەكەن و نەپەرلەمان حەل دەكەن, چونكە هەر حزبێك ئەكسەریەتی هێنا بێت یان ئەقلیەتی هێنا بێت, ئەو سیلاحەی موتەوازینە بە شكلێكی غەڵەت بەكار بێنێت مستەوای میللەتیان لە مستەوایەكی وایە دوایی ئەو حزبە خەسارەت دەبینێت, خەڵك دەنگی پێ نادات, چونكە عەمەلیەی ئینتیخابی لە هەر دەوڵەتێك بە سەدان ملیۆن دۆلار تەكلیف دەكات, زۆر كەس ئەوە بە ئاسانی بەكار ناهێنێت, و زۆر جار حكومەت بە خۆی موحاوەلە دەكات پەرلەمان سیقەی پێ نەدات, ئێستا ئیتیجاهێكی وا هەیە لە ئەڵمانیا نیازیان هەیە وابكەن پەرلەمان سیقەی پێ نەدات, چونكە شرۆیدەر تەوقوع دەكات ئەگەر ئینتیخابات بكرێ جارێكی تر ئەغلەبیەتی زیاتر بێنێت, ئەو مەوزوعە بەرای من ئێمە وای لێ نەكەین كە وەكو بە سوئی نیەت

بەكاربێنرێت موجەرەد رەئیسی دەوڵەت رقی لە وەزیرێك بێت وای لێ بكات كە پەرلەمان حەل بكات, قەت وای لێ نایەت, دایمەن خەڵك ئینشائەڵڵا میللەتی ئێمەش وای لێ دێت دەنگ بۆ بەرنامەی حزبەكە بدات, نە بۆ ئەشخاصی وەزیرەكان بدات, راستە لێرە قانونی ئێمە بە جیاوازی دێت سیقە وەردەگرێ, بەڵام ئەگەر گەیشتینە مستەوایەكی باش لە وەعی سیاسی من دەنگی خۆم بە وەزیرێك دەدەم ئەگەر زانیم بەرنامەكەی راست و دروستە و بەرنامەجی ئەو حكومەتە راست و دروستە, لەدەوڵەتەكانی تر شروتی نییە بۆ حەل كردن رەئیسی دەوڵەت و ئەحزابەكان تەقدیری مەوزوعەكە دەكەن, ئەگەر تەماشایان كرد مەوزوعەكە لە مەصلەحەتیانە و ئەغلەبیەتیان هەیە لە پەرلەمان دەتوانێ حەلی بكات, پەرلەمان خۆ دوور نییە كوتلەكانی ناو پەرلەمان داوای لەرەئیسی وزەرای خۆیان بكات یان داوا لە رەئیس دەوڵەت بكات ئەگەر نەفسی حزب بێت پێی بڵێ پەرلەمان حەل بكات, دوور نییە تەوقوع بكات وەزعی باشتر دەبێت, دوو مەوزوعێك وای لێ بێت سێ جار سیقە بە حكومەت نەدات, مانای ئەوەیە كە ئەزمەیەكی وزاری لەو دەوڵەتە هەیە, باشە مادام ئەزمەی وەزاری لەو دەوڵەتە هەیە تەماشای هەموو رای فوقەهای دەستوری بكەن, لەو حاڵەتە ئەبێ هیچ چارە نییە تەنها رەئیسی دەوڵەت ئیحتیكام بۆ دەوڵەتەكە بكات, ئەگەر هاتوو رای پەرلەمان دروست بێت خۆ ئەو حزبە جارێكی تر بەسەر دەكەوێت بە ئەغلەبیەتێكی زیاتر, ئەگەر رای پەرلەمان غەڵەت بێت ئەو حزبانەی ناو پەرلەمان ئەوەی ئەغلەبیەتی نییە فاشلن و دوور نییە ئەقەلیەت سەربكەوێت, بەرای من ئێمە بەو شێوەیە تەماشای مەوزوعەكە بكەین, ئەوە عەفەوی نییە, ئەو نەصە میزاجی نییە, عیلاقەی لەگەڵ مەبدەئی فەصڵی سوڵتات هەیە, بەرای من ئەگەر وەكو خۆی بمێنێت بۆ ئێمە باشترە, چونكە ئێمە باسی نیزامی پەرلەمانی دەكەین لە هەموو مەجالات وسمینارات باسی فەصڵی سوڵتات دەكەین, باشە فەصڵی سوڵتات چییە ئەگەر ئەوە نەبێت, لەو حاڵەتە بەڕای من ئیشەكە تێك دەدەین ئەو نوقتەیەك, نوقتەی تریش حەز دەكەم روونی بكەمەوە چونكە كاك عوسمان باسی كرد, ئێمە پەرلەمانینە یان ریئاسینە, نیزامی ئێمە و سیستەمی ئێمە موشتەرەكە پێ دەڵێن (النظام المزدوج) نمونەش بۆ ئەم نیزامە فەرەنسایە, ئیجابیاتی نیزامی ریئاسیمان وەرگرتووە لەگەڵ ئیجابیاتی پەرلەمان, نە پەرلەمانی صرفی و نە ریئاسی صرفی تێكەڵاوە, نیزامی فەرەنسی نیزامێكی مزدەوجە, نیزامێكی موشتەرەكە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشێك لە قسەكانم كاك فرسەت كردی, بەڵام من تەنها ئەو مولاحەزەیەم هەیە ئەوێش ئەوەیە بە حەقیقەت تەسمیەی سەرۆكی وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێت, بەڵام تەكلیفی سەرۆكی حكومەت لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە دەبێ, با مەسەلەكە تێكەڵ نەكەین, تەسمیەكە لێرەوە دەكرێ و تەكلیفەكە لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە دەكرێ كە نەصی تێدا نییە و نەصەكەشمان داناوە ئینشائەڵڵا عەرزی ئێوەی بەڕێزی دەكەین, بۆیە ئەگەر هاتوو سەرۆكی حكومەت تەكلیف بكرێ سێ جار نەتوانی ناوی حكومەتەكەی خۆی دەستنیشان بكات و یان تەشكیلی حكومەتەكە, مانای وایە ئەزمەیەكی زۆر گەورە هەیە و لۆیە نەیتوانیوە, بۆیە منیش لەگەڵ مانەوەی نەصەكەم, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركوكی)/جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەوانەیە ئەو مەوزوعە ئەصڵەن روونەدات, لەوانەیە نەیەتە پێش, بەڵام ئیحتیات وەربگیرێ بۆ ئەوەی ئەگەر تەصەور بكەین ئەم پەرلەمانە یان هەر پەرلەمانێكی تر, ئەندامانی پەرلەمان لە موستەقبەل بێت شەخصێك تەكلیف بكەن كابینە تەشكیل بكات و مەجلیس وزەرا تەشكیل بكات, بەڵام ئەویش بڕوات و تەشكیلی كرد و هاتەوە ئەم پەرلەمانە سیقەی پێ نەدا, ئەوە مودەی مانگێك ئەڕوات, ئەگەر هەر ئەو شەخصە یان شەخصێكی تر تەكلیف كرا بۆ مانگێكی تر بە هەمان شێوە وەزارەی خۆی تەشكیل كرد و ئەندامانی خۆی گۆڕی و هاتەوە هەم دیسان سیقەی پێ نەدا, ئەمە بەلای كەم دوو مانگ, جاری سێیەم سێ مانگ, یانی تۆ سێ مانگ وڵاتەكەت بێ حكومەتە, لێرە شكوكیەت پەیدا دەبێت كێ

موقەصیرە, پەرلەمان موقەصیرە یان ئەو کەسانەی کە تەکلیف دەکرێن کابینە تەشکیل بکەن, لێرەدا چی دەکەین ئەگەڕێینەوە بۆ شەعب, میللەت دەنگی ئەخیری خۆی ئەدا, هەڵبژاردنەکە ئیعادە دەکرێتەوە, ئینجا ئەم برادەرانەی پەرلەمانی پێشتر هەڵبژێردرێ ئەگەر تەغیریان تێ بوو ئەوا میللەت قەراری لێ داوە, ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران موستەحەق بن و لەسەر حەق بن کە کابینەکەیان دروست کردووە, ئەوا ئەو وەختە دەردەکەوێ ئەو ئەندامانەی پەرلەمان زۆریان یان هەموویان دێنە گۆڕین, ئینجا لێرە مەصلەحەتی وڵاتەکە و میللەتەکەیە نەك تەحەددایە بۆ لایەنێك, چونکە تەصور بکە شەخصێك تەکلیف بکرێت و وەزیرەکانی بێنێ و رەفز بکرێت, ئیحتیمالە رەئیس وزەراکە خەڵکێکی خراپی هێناوە, ئیحتیمالیشە عەمدی لە پەرلەمان تەکاتوفێك هەیە دژی مەصلەحەتی مەنتیقەکە, لەبەر ئەوە ئەگەڕێینەوە بۆ شەعب, بۆیە من پێم وایە بەندەکە وەکو خۆی بمێنێ لەبەرژەوەندی وەزعەکەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەوانەی قسەیان کرد, ئەگەر ئیجازە بدەن لە ئەنجامی موناقەشەکە خولاصەی رایەك بکەین, نەصێك هەیە لێرە و رایەکی قانونیش هەیە دەڵێ لابرێ, موناقەشەکانیش دەڵێن بمێنێتەوە و هەندێکیش دەڵێن بە تەعدیلەوە بمێنێتەوە, وەکو رای خۆم بە تەعدیلەوە پێم باشە بمێنێتەوە, یانی بوترێ سێ تەشکیلەی وزاری جیاواز, ئەگەر ئەمە ببێت ئەوە یەك, دواییش نوقتەیەك لە بیر مەکەن ئەو مەترسیانەی کە هەنە کە داوای کردووە لاییبات ئەگەر نوقتەیەك کە ئێستا کاك شێروان باسی کرد, ئەوەی بزانێ ئەو مەترسیە نامێنێ و ئەویش دەڵێ تەسمیەی سەرۆك وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە دەکرێ, تەکلیفەکە لەلایەن سەرۆك هەرێمەوە دەکرێ, کەواتە ئەو سەرۆك وەزیرانەی کە دێتە لامان, خۆمان دەستنیشانمان کردووە, لەبەر رۆشنایی موستەحەقاتی. کەواتە ئەو حاڵەتە نایەتە پێشەوە, بەڵام لەبەر ئەوەی شتێکی قانونییە لە زۆر جێگادا هەیە و بۆ ئەوەی رێگە ببڕین لەوەی کە ئەزمە دروست نەبێ و سبەو دووسبە تەکەتولات هەبێ لە پەرلەمان و دژایەتیەك هەبێت بۆ حکومەت, ئەو رێگەیە ببڕین و رێگە نەدەین لە ناو پەرلەماندا شتی وا هەبێت, بۆیە دوو خاڵ هەیە, یەك: کەدەسەڵاتی هەرێم تەکلیفی رەئیس وەزەرا دەکات لەسەر داوای پەرلەمان, یانی پەرلەمان تەحدیدی دەکات فلان کەس دەستنیشان دەکەین بۆ سەرۆکی وەزیران, و دەچێتە لای سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی هەرێم بەو شەخصە دەڵێ کە ئەندامی پەرلەمانە و دەستنیشان کراوە, فلان کەس هەستە بە تەشکیل کردنی وەزارەت, کەواتە هی خۆمانە و دێتە پێش خۆمان, دوو سێ تەشکیلەی جیاواز تەقدیمات هات ئەوەمان موافەقەت نەکرد لەبەر ئەوەی لەسەر بەرنامە موافەقەت نەکردن شتێکە و لەسەر ئەشخاص شتێکی ترە, تەشکیلەی تر سێ جار لەسەر یەکتری تەشکیلەی جیاواز بێت ئەوە رزگارمان دەکات, ئەوە مولاحەزە دەکەین ئەگەر صیغەیەکی قانونیمان بۆ بدۆزنەوە کاك شێروان و برادەرانی قانونی کە ئەو تەشکیلە جیاوازەی بە شێوەیەکی قانونی وابزانم ئیکتیفا دەکات ئەو ئیقتیراحەی کەلاییبەن و لایدەبەین و ئەوەی دەخەینە تەصویت, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێتان باش بێت صیغەیەکمان ئامادە کردووە, عەرزی ئێوەی بەڕێزی دەکەین, بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدەن, صیغەکەش بەم شێوەیە (اذا لم یمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء لثلاث تشکیلات وزاریة متتالیةو مختلفة)و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لیژنەی قانونی ئەگەر ئیقتیراحی یەکەمتان سەحب بکەن کە دەڵێن لابرێت, ئەگەر موافیقن سەحبی بکەن ئەوا ئەوەی دەخەینە تەصویت, کەواتە ئەو ئیقتراحەی لیژنەی قانونی دەخەمە بەردەمتان بەو شێوەیەی خوارەوە دەبێت(اذا لم یمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء لثلاث تشکیلات وزاریة مختلفة متتالیة ) کێ موافیقە لەسەر ئەو تەعدیلە؟ ئێمە یەکەم جار باسمان کرد موقتەرەحی لیژنەی قانونی بوو کە دەڵێ نەمێنێ, رای سەرۆك و جێگر و موقەرریر سەحبیان کردەوە کە نەمێنێت, لەبەر ئەوە موقتەرەحی دووەم تەعدیل بکرێ یان وەکو خۆی بمێنێ, دائیمەن موقتەرەحی دووەم

كە تەعدیلە یەكەم جار ئەو دەخەینە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوە لابردنەكە نەما، یان ئەصڵەكە بمێنێ یاخود بە تەعدیلەكە، بە تەعدیلەكە خوێندرایەوە، جارێكی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی نەڵێن تێنەگەیشتین.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

3- اذا لم يمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء لثلاث تشكيلات وزارية مختلفةو متتالية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێم ئەوەیە دەتوانێ حەلی مەجلیس بكات، یەك لەوانە لە حاڵەتی سێیەمدا ئەگەر ئەو مەجلیسە سیقەی نەدا بۆ سێ جار بۆ سێ مەجلیسی تەشكیلەی وەزاری جیاواز یەك لەدوای یەك، بۆی هەیە حەلی بكات، كێ لەگەڵ ئەو تەعدیلەیە دەستی بەرزبكاتەوە؟ سوپاس، كێ دژیەتی؟ كەس نییە، بەتێكڕایی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

4 - إذا تم تغيير النظام الانتخابي للمجلس وكانت المدة المتبقية لدورته الانتخابية ستة اشهر فاقل.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەڵێ ئەگەر نیزامی داخلیەكەی گۆڕا، واتە نیزامی هەڵبژاردن وەكو عەرزم كردن پێشتر، كە بووە دائیمی یان بووە موختەڵەت، بۆ نموونە ئێستا چوار ساڵە پەرلەمان، سێ ساڵ و نیوی تەواو كردبوو شەش مانگی مابوو یان كەمتر، سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە حەلی بكات، هیچ موفتەرەح هەیە، كەس هەیە قسەی لەسەر ئەمە بكات، كەواتە دەیخەمە دەنگدان، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاس بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

خامسا: إصدار قرارات لها قوة القانون بعد التشاور والاتفاق مع رئيس المجلس الوطني ومجلس الوزراء للإقليم وذلك عند تعرض اقليم كوردستان ونظامه السياسي او الأمن العام فيه أو مؤسساته الدستورية لمخاطر داهمة تهدد كيانه وتعذر اجتماع المجلس الوطني على ان تعرض تلك القرارات على المجلس الوطني للاقليم عند اول اجتماع له فان لم تعرض او عرضت ولم يقرها المجلس زالت عنها الصفة القانونية.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، ئێمە دەقی ئەو فەقەرەیە تەئیید دەكەین، بەڵام تەنها ئەو پێشنیارە دەكەین قەراراتەكان ببێ بە مەراسیم، چونكە لەمەودوا مەراسیمی ئیقلیمی دەردەچێت، وەكو ئەو مەراسیمانەی كە لە پێشەوە هاتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان تەنها من پرسیارێكم هەیە، ئەوە لە فەترەیەكی ئیستیسنائی باس دەكات، فەترەی شەڕە ، مەرسوم جمهوری پێم وایە نازانم رەنگە ئێوە باشتر تێبگەن، پرۆتۆكۆلییە زیاتر یانی لەلایەن پەرلەمانەوە لە وەزعێكی تەبیعی یەوە لە زروفی ئیستیسنائی تەنیا قەرارات دەبێت، چونكە ئیحتیمالی هەیە پەرلەمان كە موافەقەتی نەكرد ئیلغا بكرێت، جوانیش نییە بڵێین مەرسومەكی ئیلغا كرد، قەرارەكە موافەقەتی لەسەر نەكرا ئیلغا دەكرێتەوە، من خۆم شەخصی پێم باشە وەكو خۆی بمێنێتەوە قەرارات، بەتایبەتی لە زروفی ئیستیسنائی، كاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مەترسیەی كە جەنابت دەڵێی مەترسیەكە بكەوێتە پێشەوە، یانی حاڵەتی ئیزتیراری و ئیستیسنائی بخرێتە پێشەوە، (لیقرر) یانی قەرارات دەربكات، ئەگینا ئێستا لە پێشەوە ئیصدار (قرارات) مانای ئیستیسنا ناگەیەنێت، بەڵام بڵێین (في حالات استثنائية) و (في حالات) ئەوە و ئەوە يصدر قرارات، ئیتر ئەوە دوور دەخاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە باسی گۆڕینی بڕیارمان كرد بە فەرمان، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ئەنجومەنە كارتۆنیەكەی پێشتر تەنیا مافی قەرار دانی هەبوو، چونكە مافی ئەوەی نەبوو كەوا قانون دەربكات، ئێستاكە سەرۆكی هەرێم مافی خۆیەتی كەوا هەموو

بڕیارێك بدات به فەرمان, به مەرسوم, مەرسومێك بۆ ئەو كاره بۆ جێ بەجێ كردنی دەدات, ئەو كارەش كەوا باسكراوه لەوێدا هەمووی له كاتێكی نائاسایی دایه, زۆرجاران پەرلەمان له كۆبوونەوەدا نییه, یان ناتوانێ كۆببێتەوه لەبەر ئەوەی كەوا بارێكی نائاسایی له وڵاتدا روویداوه, ئەو سەردەمه به راوێژكاریكردن لەگەڵ سەرۆكی ئەنجومەن و سەرۆكی پەرلەمان دا ئەو فەرمانه دەردەكات بەمەرجێك پاش ئەوەی كەوا پەرلەمان بۆی دەكرێ كۆببێتەوه ئەو فەرمانه بخرێته بەردەم پەرلەمان ئەگەر بڕیاری لەسەر بدات جێ بەجێ دەكرێت, ئەگەر بڕیاری لەسەر نەدا ئەوا سیفەتێكی قانونی هەیه ئەسەندرێتەوه, سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو فەرمانانەی كه لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوه و سەرۆكی هەرێمیش لێره سەرۆكی دەوڵەت دەگرێتەوه, هەمووی هەر دەبێ به مەراسیم بێت, بۆیه وام پێ باشه له جیاتی (اصدار قرارات) بكرێته (اصدار قرارات لها قوه القانون بمرسوم اقلیمی) وای لێ بێت مەرسوم ئیقلیمی, یانی به مەراسیم دەربچێت, هەر قەرارت و قوانینیش دەربكات به مەرسوم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنها مولاحەزەیەكم هەیه, هیچ قانونێك رەئیسی ئیقلیم دەریناكات تەنها پاش ئەوەی كه پەسند دەكرێ له مەجلیسی پەرلەمانی خۆمان, لەبەر ئەوه بێجگه لەوەی كه مەجلیسەكه پەسندی نەكردووه و له زروفێكی ئیستیسنائی دای, ئیصدار قانونەكەش دەبێ یەكەم جار پەرلەمان پەسندی بكات, ئینجا وەكو قانون صادر بێت, كەچی ئێستا نه پەرلەمان پەسندی كردووه و له زروڤ ئیستیسنائی دان و گەورەتریشی بكەین, به عەكسەوه مانەوەی وەكو خۆی وزوحی زیاتره, بەڵام ئەو ئیقتیراحه و لەگەڵ ئەوەی كه كاك محمد گوتی پێشخستنەكەی به قوەتی دەكات كه له زروڤ ئیستیسنائیه ئەوه, موشكیله نییه وەكو خۆی بمێنێتەوه, لەبەر ئەوه دەیخەمه دەنگەوه, كێ دەیەوێ بگۆڕێ و ببێته مەرسوم دەستی بەرزبكاتەوه؟ سوپاس, كێ دەیەوێ وەكو خۆی بمێنێتەوه هەر قەرارات بێت, دەستی بەرزبكاتەوه؟ به زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

سادسا: العفو الخاص عن المحكومین.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن, ئێمه ئەو فەقەرەیەمان له لیژنەی یاسا تاوتوو كرد و موناقەشەیەكی زۆرمان كرد, به حەقیقەت گەیشتینه دوو ڕا, دوو رایەكەش پێنج به پێنج بوو, بەڵام لەبەر ئەوەی رەئیس لەگەڵ پێنجی ئەو لاتر بوو مانای وایه دەكاته ئەكسەریەت, ئەكسەریەتەكه لەگەڵ مانەوەی فەقەرەكەیه وەكو خۆی, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ دەیەوێ قسه لەسەر ئەو مەوزوعه بكات؟ كاك عمر عبدالله, كاك كریم بحری, كاك سەردار, كاك عەونی بەزاز, كاك احسان, كوێستان خان, كێی تر؟ تەواو, فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕای من وەكو ناحیەكی قانونی لابردنی ئەو فەقەرەیه زۆر باشتره, لەبەر ئەوەی عەفوی خاص لەسەر مەحكومین ئەو مەحكومانه ئەگرێتەوه كه لەدادگاكان حوكم دەدرێن لەسەر ئەو تاوانانەی ئەیكەن بەرامبەر به خەڵك, یان بەسەروماڵیان یان بەگیانیان, ئەو تاوانانەش موتەعلیقه به حقوقی شەخصی, لەبەر ئەوەی حقوقی شەخصیەكانیان با به زەیاع نەچێ, داوا كارم ئەو عەفوه خاصه لابرێ, سوپاس.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام ئەگەر ئەو عەفوە خاصە كرا, ئەو عەفو خاصە هەبێ, بەڵام تەحدید بكرێ, تەحدیدەكەش لێرە وا بە موتڵەقی هاتووە, پێمان خۆشە ببێتە (العفو خاص عن المحكومین بموجب قانون خاص) كە دوایی قانونێكی خاصی بۆ دەربچێت, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وای بەباش دەزانم عەفو خاصەكە بەو شێوەیە دەربچێت (العفو العام عن المحكومين في الجرائم التي تتم المصالحة بين اطرافه امام القضاء) بە تەنیا بە موتڵەقی نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە نەصەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە, چونكە لە هەموو وڵاتان سەرۆكەكانی حكومەتی وڵاتان مافیان هەیە عەفوی تایبەت بدەن بە مەحكومین, بەتایبەت لە فەقەرەی حەوتەمدا هاتووە, بۆ ئەوەی تەشخیصی هەندێك حاڵەتی ئەحكامی عقوبات بۆ خەڵكانێك بكەین كە مەسجونن یان مەحكومن بە ئیعدام, سوپاس.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی كۆمەڵگای مەدەنی و سەروەری قەزا و یاسا دەكەین, من پێم وایە ئەوە تەدەخولە لە ئیشی قەزا, بۆیە رام وایە ئەمە لابرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەتدا من حەز دەكەم تەوزیحێك بدەم بۆ ئەو مەسەلەیە, لەوانەیە ئەو برادەرانەی كە حقوقینە و غەیری حقوقیەكانیش هەمووی بزانن, عەفو خاص لە قانونی عقوبات دوو بابەتە, عەفوی عام و عەفوی خاص, عەفوی عام بە قانون دەبێ و شمولی هەموو عقوبەكان دەكات, عقوبەی ئەصڵی و عقوبەی تەبەعی و عقوبەی تەكمیلی, عەفوی خاص تەنها و تەنها شمولی عقوبەكە دەكات, ئەو عەفوەش لە زۆر وڵاتان دراوەتە رەئیس دەوڵەتەكان, یان رەئیسی ولایەتەكان یان رەئیس ئیقلیمەكان, رەئیس ئیقلیم ئەوە ئیستیعمال دەكات لە حاڵەتێكدا ئەگەر موناسەبەیەكی وەتەنی بێت, سەدا دە تەخفیزی حوكمی مەحكومین هات, یان سەدا پازدە تەخفیزی حوكمی محكومین هات, لە هەموو وڵاتێك ئەوە هەیە, لەبەر ئەوە قانونی عقوباتی ئێمەش تەحدیدی ئەو مەسەلەیەی كردووە, بۆیە بە حەقیقەت من ناڵێم بە قانونیش نابێ, بەڵێ بە قانونیش دەبێ, دەبێ بە قانون ئەوە تەحدید بكرێ, بەڵام لە قانونی عقوباتی ئێمە تەنها مەساسی بە عقوبەت هەیە, سەرۆكی هەرێمیش زۆر باش دەتوانێ تەقدیر بكات, كەی تەخفیزی مەحكومیەت دەكات و كێ عەفو دەكات و كێ عەفو ناكات, بۆیە بە حەقیقەت ئێمە ئەو رایەمان لە لیژنەی قانونی بە ئەكسەریەتدا تا وەكو خۆی بمێنێتەوە, لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو مەوزوعە دوو رای هەیە, من بەش بەحاڵی خۆم لەجیاتی سەرۆكی هەرێم بم تەحدیدی دەكەم بە قانون, چونكە ئەگەر وانەڵێ هەموو كەسێك یەخەی دەگری و ئەوە بە ناوی عەشیرەتی فلان وئەوە چوار شەهیدی هەیە كە جەریمەی كردوو یان برایەكی جەریمەی كردووە ئیحراجی سەرۆكی هەرێمی تێدایە, ئەوە رای شەخصی خۆمە, ئەگەر وا موتڵەق بێت ئیحراجیەكی زۆریش دەبێ, لەبەر ئەوە ئەگەر ئیجازەم بدەنێ ئاوا بمێنێتەوە بەڵام تۆزێك لەو ئیحراجە

کەم ببێتەوە , کە بڵێن (بموجب قانون), هەتا خۆی قەناعەتی پێ نەکات, داوا نەکات کە عەفو بکرێت یان قەراری بۆ نەدات, ئەگەر بنوسرێ بموجب قانون, ئەو وەختی هەموو کەس ئەو داوایەش بە ئاسانی ناکات, دەزانی سەرۆکی هەرێم بەو موتڵەقیە بۆی نییە بیکات, ئەگەر ئەوەندە زیاد بکرێ چی لێ ناگۆڕێت, نەخێر (بقانون) نا, چونکە دەبێ قانونی بۆ دەربکەین, ئەو فەرقەی دەبێ تێبگەن, بەڵام بموجب قانون دەسەڵاتەکە تەحدید کراوە, دەکرێ بە پێی قانونی عام و ئەوانە بێت, بەڵام کە گوتت بقانون دەبێ قانونێکی تایبەت لە پەرلەمانەوە بۆی دەربچێت, بەڵام بموجب قانون تەخفیفترە, یانی مەسەلەن یەکێك دووساڵ مەحکومیەتی ماوە قانون ڕێگەی دەدات موستەشارێنی هەیە و قانونی هەیە ڕێگە دەدات مەرسومەکی بۆ دەردەکات, لەبەر ڕۆشنایی ئیشارەت بە ماددە فلان دەکات ماددەی فلان لە فلان بڕیارماندا لە عەفو کردنی لە فلان شت, بەڵام ئەگەر گوتت بقانون دەبێ بێ عەرزی بکات بۆ پەرلەمان لە پەرلەمان ببێتە قانون ئەو کاتی دەتوانی, لە زۆر جێگە هەیە دەڵێ بقانون مەقصەدی ئەوەیە دەبێ پەرلەمان قانونی بۆ دەرهێنا بێت, بەڵام بموجب قانون یانی بە پێی ئەو قانونەی کە هەیە دەسەڵات دەدرێت, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بموجب قانون هیچ مانعمان نییە کە ئیزافە بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەگەر ئیجازەم بدەن دەیخەمە دەنگەوە, ئەو تەعدیلاتەی کە کرا دوو شتمان لە پێشە, یان وەکو خۆی بمێنێتەوە, یان (العفو الخاص عن المحکومین بموجب قانون) ئەوەی دەخەمە دەنگەوە, ئەوەی موافیقە دەستی بەرزبکاتەوە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, کێ لەگەڵ نییە؟ ئەقەلییەتە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

سابعا: المصادقة على احکام الاعدام او تخفیفها الى السجن المؤبد.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن, ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە نەصەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە, بە حەقیقەت ئێمە دەسەڵاتێکی موتڵەقمان نەداوەتێ لێرە لە بۆ عەفو تەنها تەخفیفمان داوەتێ, تەخفیفەکەش لە بۆ سجنی موئەبەدە, لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە لەسەر ئەوە قسە بکات, فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم ئێمە ئیتر لەمەولا لە وڵاتێك بژین کە حوکمی ئیعدامی تێدا نەمێنێت, ئەوە هیوای منە و ئینشائەڵڵا هیوای زۆربەی ئەو خەڵکانە دەبێ لێرە دائەنیشێ, بەسە ئیتر روحی خەڵك بکێشین بەدەستی کەسانی تر, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو دادەیە, بەڵام تەوزیحێك هەر بۆ تەوزیح, یانی لە مەسائیلی حقوقی هەتا صەدام حوسێن یانی ئەو نیزامە, خەڵکێك کە دزی دەکرد یان قەتلی دەکرد حقوقی بوو لێی خۆش نەدەبوو, بەڵام ئێمە بنووسین ( المحکومین بجرائم سیاسیه), ئیمرۆ خراپی کردوو بەیانی موشکیلەکە حەل دەبێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت حوکمی موئەبەد و ئیعدام, سوزان خان لە هەموو وڵاتانی دونیا موناقەشەی زۆری لەسەرە, لە ئەوروپا و زۆر وڵات لایانبردووە, لە ئەمریکا هەندێ ولایەت جێ بەجێی دەکات, لە وڵاتی ئێمەدا بریمەر لایبرد و گەڕاندیانەوە, چونکە بە حەقیقەت ئێمە هێشتا دووچاری تیرۆر بووینە, وەزعێکی نا تەبیعی یە, وەزعێکی تەبیعی بێت زۆرینەی خەڵك رەنگە حەزی لێیە حوکمی ئیعدام لابرێ, ئەو قەرارەش کە رەئیسی هەرێم بۆی هەیە موصادەقە بکات و لە هەموو

دونيادا دەسەڵاتی يەكەم بۆی هەيە ئيعدام بكاتە موئەبەد, لەبەر ئەوە وەكو خۆی دەيخەمە دەنگەوە, كێ موافيقە لەسەر ئەمە دەستی بەرزبكاتەوە؟ بەكۆی دەنگ وەرگيرا, كاك شێروان هەشتەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

ثامنا: اعلان حالة طوارئ بموجب قانون خاص.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەعلومە ئەوە دەڵێ بموجب قانون خاص, دەبێ پەرلەمان بڕيار بدات قانونێك دەربكات, لەبەر ئەوە پێم وا نييە هيچ ئيشكالێكی هەبێ, لەبەر ئەوە ئەگەر موافيقن دەنگی لەسەر بدەين, كێ موافيقە دەستی بەرزبكاتەوە؟ سوپاس, كێ موعارزە؟ بە كۆی دەنگ وەرگيرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

تاسعا: دعوة مجلس الوزراء الى الاجتماع بشكل اضطراري عند الاقتضاء ومناقشة المسائل المحددة التي يعقد الاجتماع من اجلها وتراسه هذا الاجتماع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە كوردی دەڵێ لە حاڵەتی تايبەتدا مەجليسی وەزرا مەعلومە كە خۆی حەفتەی جارێك كۆدەبێتەوە, بەڵام رەئيسی هەرێم هەر وەختێك زروفێ ئيستيسنا هاتە پێشەوە, بۆی هەيە داوا بكات مەجليسی وەزەرا كۆببێتەوە, خۆشی سەرۆكايەتی ئەو ئيجتماعە بكات, ئەوەش شتێكی زۆر تەبيعی يە, لەبەر ئەوە وەكو خۆی دەيخەمە دەنگدان. بە كۆی دەنگ وەرگيرا, فەرموو.

كاكە مەنعەكە هەيە, مەنعەكە قائيمە پێويست ناكات بە قەرار, كە تۆ وتت رێگا دان, يەعنی رێگە نەدان ئەسڵە, رێگە نەدان حاڵەتێكی قائيمە, رێگە دان بە هاتنی هێزی فيدڕاڵی عێراقی بۆ هەرێمی كوردستان لە وەزعێكی نائاسييدا بە موافەقەتی پەرلەمان, ئەو كاتی موافەقەت مەكەن, كێ موعاريزە دەستی بەرز كاتەوە, فەقەرەی 11 كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئيجازە بدەی پێش ئەوەی فەقەرەی 11 بخوێنمەوە, موقتەرەحەك هەيە, لە ئەكسەريەتی ليژنەی قانونی, نەك بە ئيجماع, كە دەڵێن نەصەكی تر ئيدخال بكرێتن, ئەو نەصەش ئەوەيە كە دەتوانم بڵێم مەعكوسی نەصی پێشترە, بەڵام ئەگەر موناقەشە بكرێت و بڕيارێكی لەسەر بدرێت, رەنگە تەسلسولی مەوادەكانمان تێك نەدات, دەڵێت(ليس لرئيس الاقليم تحريك قوات البيشمرگە الى خارج الاقليم الا بموافقة المجلس الوطني لكوردستان العراق), بەڕاستی من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵی نەبووم, يەك دوو برادەری تريش لەگەڵی نەبوون, بەڵام ئەوە رەئی ئەكسەريەتی ئەندامانی ليژنەی ياساييە و, لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە عەفووت دەكەم, ئەگەر هەشبێتن ئەوە ئيقتراحێكی خراپ نييە, بەڵام لە جياتی (ليس), (لرئيس الاقليم تحريك القوات بموافقة المجلس الوطني), وايە, چونكە ئەگەر ئێمە سبەی موحتاج بووين, ناو ناهێنم چونكە تەسجيل دەكرێت, بموافەقەتی مەجليسی وەتەنی هەمان شتە,(لرئيس الاقليم تحريك القوات البيشمرگە الى خارج الاقليم بموافقة المجلس الوطني لكوردستان العراق) ئەگەر موافقن لەسەر ئەو صيغەيە, تەسبيتی بكەين, بەردەوام بە كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

موقتەرەحێكی تريش هەيە, هەروەكو عەرزم كرد, ئەويش ئەوەيە مەوزوعی تەكليفی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيران, بە حەقيقەت پێشی ئەوەی بچينە فەقەرە 11, فەقەرە 11 پەيوەندی بە ئيستيقالە هەيە, ئێمە دەبێت پێشی ئيستيقالەكە لە تەبويب تەكليفێكی بدەينێ, ئينجا ئەگەر ئيستيقالەكە بۆ ئەوەی تەسلسولی خۆی وەربگرێت, ئەوەش تەسلسولێكی مەنتيقييە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو نەصەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثاني عشر:

تكليف رئيس الوزراء بعد تسميته من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق بتشكيل الوزارة وذلك بعد مدة اسبوعين من تأريخ تسميته.

ئینجا اسبوعینەکە کەمە زۆرە, ئەوە قابیلی موناقەشەیە, ئەوە بە حەقیقەت موفتەرەحێکە ئێمە دایتمان, ئیمکان هەیە بچێتە پێش فەقەرە 11, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیەی لە پڕۆژەکەدا نەهاتووە, تەبعەن ئیقتیراحی لیژنەی یاسایی ئەوەیە, صیغەیەك یان فەقەرەیەك داخیل بکرێتن, سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە تەکلیفی سەرۆکی وەزەرای دەست نیشان کراو لە لایەن پەرلەمانەوە بکاتن, بۆ تەشکیلی حکومەت لەماوەی دوو هەفتەدا, من پێم وایە دوو هەفتەکە کەمە, بکرێتە لەماوەیەك کە تەجاوزی مانگێك نەکات, بەتایبەتی ئێمە رەنگە دوو هەفتە نەتوانین, بڵێن لە ماوەیەك لا یتجاوز شهر, یان (خلال مدة ثلاثين يوما), باشە, ئەگەر بیخوێنیەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تكليف رئيس الوزراء بعد تسميته من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق بتشكيل الوزارة وذلك خلال مدة ثلاثين يوما من تاريخ تسميته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان من تاريخ تكليفه, کەس ئیعتیرازی هەیە؟, کاك شێروان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا ئەو مولاحەزە دەدەم, ئەو نەصە لە ئەسڵی مەشروعەکە نییە, ئەو نەصە نەصێکی تازەیە و, نەقسێکە لە مەشروعەکە, بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان سوورەتێکی وازیحیان لەو مەسەلەیە هەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, تەبعەن کاك شێروان تەوزیحی کرد, کە ئەو نەصە زەرورییە لە قانونەکە هەبێت, پێشتر تەسمیەی رەئیسی وزەرا لە پەرلەمان دەکرا, بەڵام قەوانینی هەموو دنیا تەکلیف لەلایەن رەئیس جمهوری دەکرێتن, چونکە ئێمە نیزامەکەمان پەرلەمانییە زیاتر, تەبعەن دەبێت تەسمیە لە پەرلەمان بکرێت, بۆیە ئەو صیغەیە صیغەیەکی تەکلیفییە, دەسەڵاتی تەکلیفەکە بۆ سەرۆکی هەرێمە, بەڵام دەبێت لێرە بەپێی ئیستحقاقاتی انتخابات, بەپێی ئیتفاق بەینی ئەحزابەکان لێرە تەسمیە دەکرێت لە پەرلەمان, ئینجا ئەو دوو هەفتەیە کەمە, کردمانە سی رۆژ, پێم وایە ئەو صیغەیە بخوێنرێتەوە و, بخرێتە دەنگدان, بکرێتە بەشێك لە قانونەکە, کاك شێروان بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثاني عشر:

تكليف رئيس الوزراء بعد تسميته من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق بتشكيل الوزارة وذلك خلال مدة ثلاثين يوما من تاريخ تكليفه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ئەو ماددەیە پەسەند دەکات با دەستی بەرزکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ پەسەندی ناکات؟ زۆر سوپاس, ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەوزیحێك هەیە, حەز دەکەم بیدەم, ئەویش ئەوەیە تەبعەن ئەو فەقەرەیە تەسلسولی مەواد دەگۆڕێ, بۆیەش لە بیدایەت وتم ئەگەر تەخویلمان بکەی بە تەنیسیق لەگەڵ سکرتاریەت, دوایی تەرتیبی دەکەین, ئێستا لەسەر هەمان تەسلسول دەڕۆین, 11 بۆ ئەوەی لە ئەندامانی پەرلەمانیش تێك نەچێت و لە ئێوەی بەڕێزیش تێك نەچێت, باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە, ئێستا کاك شێروان لەلای خۆت پێیان بڵێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بە گوێرەی مەشروعەکە حادی عشرە, بە گوێرەی ژمارەی تازە ثالث عشرة, یەعنی 13.

ثالث عشر:

اصدار مرسوم استقالة المجلس الوزراء او الوزير عند سحب الثقة عند اي منهما.

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سحب الثقة لە پەرلەمانەوە دەبێت, کە سەحەبی سیقەی کرد لە پەرلەمان, مەرسوومەکە, سەرۆکی هەرێم مەرسوومەکەی لێدەردێنیتن, لیژنەی قانونی هیچ مولاحەزەیان نییە, کەس مولاحەزەی هەیە؟ کێ دەیەوێت موناقەشەی بکات, د. شکریە, فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم ئەم خاڵی 13یە اصدار مرسومە بخرێتە لاپەرە دوو خاڵی پێنجەم, چونکە ئێوە سەیری بکەن, خاڵی سێیەم (إذا لم یمنح المجلس الثقة لمجلس الوزراء لثلاث مرات متتالیة) یەکسەر ئیستیقالەکەی دێت, ئەمەو ئەوی تر بەدوای یەك دێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە دکتۆرە, ئەوانە دوو شتی جیاوازن, لێرە سیقەی پێنەدراوە, لەلایەکی تر تەشکیل بووە ئیشی کردووە, سیقەی لێ سەحب کراوەتەوە, سیقەی لێ سەحب کراوە, ئینجا ئیستیقالەکەی کردووە, ئێستا لەیەکەم هێشتا دەستی بە ئیش نەکردووە, پەرلەمان کۆبوونەوەی یەکەمی نەکردووە, لەوێ, لێرە هاتۆتە سەر دەسەڵاتی خۆی, پەرلەمان کۆبوونەوەی کردووە, مەشاکیلی هەیە, ئینجا حکومەت تەکشیل بووە, سەحبی سیقە نیزامێکی هەیە 2٪ دوو لەسەر سێیە, چەندە؟ ئەوە کرا, لەبەر ئەوەی جێی خۆیەتی.

**بەڕێز خۆرشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لێرە ئەو مەجلیسی وزەرا لێرە ئیستیقالەی نەکردیە, سەحبی سیقەی لێکراوە, دەبێت ئیقالە بکرێت, نەك ئیستیقالە بکرێت, لەبەر ئەوەی سەحبی سیقەی لێکراوە, پێم وایە ئەوە دەبێت بە جۆرێکی تر باسی لێ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڵام پێم وایە ئیقالە مەوزوعێکی ترە, ئیقالە لێرە نیمانە, لەبەر ئەوەی کە وەزیرێك ئیقالە دەکرێت, دەرکردنە, ریقابەی مالی تەقریرێکی لەسەر دەنووسێت, ئیعفاش جیاوازە, لێرە نیمانە, لەبەر ئەوەی ئەو فەقەرەیە وەکو خۆی دەیخەمە دەنگدانەوە, کاك شێروان بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالث عشر:

اصدار مرسوم استقالة المجلس الوزراء او الوزير عند سحب الثقة عند اي منهما.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ئەو ماددەیە پەسەند دەکات؟ زۆر سوپاس, کێ پەسەندی ناکات؟ زۆر سوپاس, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالث عشر:

اصدار مرسوم بقبول استقالة مجلس الوزراء اوالوزير وتكليفهم للاستمرار بمامهم لحين تشكيل الوزارة الجديدة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ پەسەندی دەکات؟ زۆر سوپاس, کێ پەسەندی ناکات؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, کاك شێروان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابع عشر:

تعين اصحاب الدرجات الخاصة بناءا على ترشيح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەبیعیە, چونکە تەعیناتی دەرجاتی خاصە لەسەر تەرشیحی وەزیرو موافەقەتی مەجلیس وزەرا دەبێت, پێم وایە ئەوجا مەرسوومی دەبیتن, وا بزانم هیچ ئیشکالێکی نییە, ئەگەر موافقن دەستتان بەرز کەنەوە, کێ موعاریزە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خامس عشر:

تعين الحكام ورئيس واعضاء الادعاء العام بعد ترشيحهم من قبل مجلس قضاء الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش زۆر تەبیعیە, ئصولی هەموو دنیا وایە, مەجلیس قەزا بە پێی ئصولی خۆی, بە پێی تەسلسول و, قەوانینی خۆی حوکام دەست نیشان دەکاتن, مەرسووم دەردەهێنێت, دیخەمە دەنگەوە وەکو خۆی, کێ پەسەندی دەکات؟ زۆر سوپاس, کێ پەسەندی ناکات؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سادس عشر:

منح الرتب العسكرية لضابط القوات المسلحة للاقليم وقوى الامن الداخلي وطردهم واحالتهم على التقاعد وفق القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وا بزانم ئەوەش تەبیعیە، كاك شێردڵ حەوێزی، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕوتبەی عەسكەری فەرقی هەیە، لەگەڵ دەرجاتی مەدەنی، لە هەموو دەورو پشتیشمان و لە هەموو دنیا، عادەتەن، ڕوتبەی عەسكەری عیلاقەی بە مەراسیمی جەمهوری و بە شتێكی تایبەتەوە هەیە، لەبەر ئەوە بە مەرسوومی جمهوری دەردەچێت، لە مولازمیەوە بە مەرسوومی جمهوری دەردەچێت، هەتا سەر، جگە لە ڕوتبەی عەسكەری، قیدەمی عەسكەریش هەیە، ئەویش هەر بە مەرسوومی جمهوری، رەئیس جمهوری دەیدات، نوقتەكەی تریش (الاوسمة والانواط) شتی وا، هەر دیسان بە مەرسوومی جمهوری دەردەچێت، نەك قانون، چونكە قانون شروتی هەیە، مودەی هەیە، دەوراتی هەیە، بەڵام بەمەرسوم دەردەچێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكەت وایە، بەڵام تەفصیلەكە ئەوەیە كە وتی وفق القانون، ئەو قانونەكە دیاری دەكاتن كە پێویستە بە مەرسوم بێت، چونكە لە هەموو شوێنێكدا كە وتی وفق القانون، دەبێت قانونی هەبێت، بەقانون دەبێت قانونی بۆ دەرچێت، بموجب قانون هەیەتی، من پێم وایە ئەمە شتێكی ئیعتیادییە، مادام نووسراوە وفق القانون، تەحدیدی كردووە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە كولیەی عەسكەری دەردەچی، بكالۆریۆسی هەیە لە علومی عەسكەری، ئەوە قانونە، دەبێت ئەوەی هەبێت، شەهادەكە چۆنە، بەڵام رەئیسی جمهوری ڕوتبەكەی دەداتێ، كە ڕوتبەی دەداتێ بە مەرسومی جمهوری دەیداتێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەبعەن ڕاستە یەكێك لە كولیەی عەسكەری دەردەچێت، بە پێی قانون بەكالۆریۆسی هەیە، بەڵام ئەوە مەبەستی ئەوەیە (منح رتبە بموجب قانون)، یەعنی بە مەرسووم، هەمان شت دەكات.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ناحیەی عەسكەری فەرقی هەیە، مەسەلەن یەكێك ئازایەتی دەنوێنێ، چ قانونێك هەیە كە بیگرێتەوە كە چەندی قیدەم دایتێ، ئێستا مەسەلەن یەكێك لە شەڕێك ئازایەتیەك دەنوێنێ، دەتوانێ دوو ڕوتبەی بداتێ، قانون نییە دوو ڕوتبەی بداتێ، بەڵام رەئیسی جمهوری دەتوانێ مەرسوومێكی جمهوری دەربكات لە مولازمیەوە بیكاتە موقەدەم، ئەوە مەرسوومە، یەعنی حەقە بیرێكی لێ بكەنەوە، بەمەرسوم نەك بە قانون، جاران فەرقی هەبوو كولیە عەسكەری بە مەرسوم دەردەچوو، یاخود بە ئیرادەی مەلەكی ئەوكاتە، كولیەی شورتە بە ئەمری ئیداری دەردەچوو، پاشان لە زەمانی ئەوانەدا كردیانە مەرسووم، هەردوو لا بە مەرسووم دەردەچوو، ئەو مەرسوومە فەرقی زۆرە، بۆ ڕوتبەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەرچەندە كاك شێردڵ تۆ شارەزای و خەریجی كولیەی عەسكەری، ڕوتبەشت لیوا فەمافوقە، بە ئیستحقاقی خۆت، بەڵام تێگەیشتنی من وفق القانون، ئەوەیە دەبێت قانون، مەسەلەن ئێستا قواتی موسەلەحەی پێشمەرگەمان هەیە، ئەویش دەبێتە قائیدی عامی قواتی پێشمەرگە، دەبێت قواتی پێشمەرگە قانونێكی هەبێت، ئەو قانونە بما فیە رتبی مولازم بە مەرسوم دەیداتێ، تەرفیع بە قەرار دەیداتێ، یەعنی قانون تەحدیدی دەكات، كە دەڵێی وفق القانون، دەبێت قانونێكی بۆ دەربچێت، قانون قوات البیشمرگە كوردستان، لەو قانونەدا دەسەڵاتەكانیان دێت، لێرە دەیكەینە قانون لە زیمنی ئەوانە، منح رتب لە لایەن رئیسی ئیقلیمەوە، خەریجی كولیەی عەسەكەری، اصداری مرسوم، بقانون، بقرار، هەمووی لەوێ دەبێت دیاری بكرێت، ئێستا هەر وەزارەتێك قانونی خۆی هەیە، كاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت ماددەی شانزە کە ئێستا بووە بە هەژدە, (اصدرا مراسيم بمنح الاوسمة والانواط وبموجب قانون), لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەرسوومەی لەپێش چاوی من هەیە, ئەوە قانوونە ئێمە دەری دەکەین, دەڵێت(استناداً الى الفقرة ( )من قانون رقم (1), بەبێ ئەو قانونە ئەو مەرسوومە دەرناچێت, بەبێ ئەو قانونە ناتوانێت بە مەرسومێك مەنحی روتەبی عەسکەری بداتن, دەبێت سەرۆکی هەرێم کە زابتێك مەنح دەکات, دەبێت نەصەیێکی لەگەڵ هەبێت, بموجبى من قرار پرلمان كوردستان, يان بقرارات فلان, قررنا منح رتب ملازم الى دورة فلان)مەسەلەن, ئینجا کاك شێروان من نازانم وفق قوانين مرعيه في الاقليم, شامل ترە, ئەگەر ئەو نەصە مەقبول ترە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردووکی وەکی یەکە, چ بڵێی (قوانين نافذة في الاقليم), چ بڵێی (قوانين مرعية في الاقليم), (وفق القوانين المرعية) مانعمان نییە.

**بەڕێز نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی لە هەموو نیزامێکدا, دەستوور و قانون هەیە, مەرسووم پڕۆسەی تەنفیز کردنی قانونە, لەبەر ئەوە هیچ موجب نییە, تیایدا هەبێت, چونکە قانون تەنفیز دەکات, بەو ڕێگەیە, یەعنی ڕێگەی دەرکردنی مەرسوومێك, بەڵام خۆی چی دەکات, قانون تەنفیز دەکات و, قانون جێ بەجێ دەکات, لەبەر ئەوە بە ڕەئی من وەکو خۆی بمێنێ, شتێکی مەعقوولە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ڕەئیەکەی جەنابت دەکەم, ئەوە بزەبت ئەو مەوزوعانە بە مەرسووم دەردەچێت, بەڵام مەرسوومەکە لەسەر چی ئیستناد دەکات, لەسەر ئەو قەوانینانە ئیستناد دەکات, ئەمرەکە دەڵێت لە فەقەرەی کذا لە ماددەی کذا قەرارم دا مەنحی ئەو روتەبە بدەم بە فلان کەس, بەڵام لەسەروە دەنووسرێ بمەرسووم ئیقلیمی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورن, هەتا فەصلی موەزەفێکیش, ئەگەر وەزیر بیکات, یان ڕەئیس وزەرا یان ڕەئیسی هەرێم, دیسان دەبێت بنووسین ئیستنادەن بۆ ماددەی فلان لە قانونی فلان قررنا فصل, بۆ نموونە یەکێك اختلاسی کردووە, موعالەجەی ئەوەی موختەلیسە بە قانون کرایە, چی لێدەکەی حوکمی درایە, تۆ دەڵێی بە پێی ماددەی ئەوەندە فەصل کرایە, بەڵێ کاك سمکۆ فەرموو.

**بەڕێز سمکۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە مەرسووم دەردەچێت ئیشارەت بە ماددەکەی دەدات, ئیشارەت بە قانونەکە دەدات, جا لەو حاڵەتە پێویست ناکات, ئیشارەت بە مەرسووم بدەی, خۆی قانونەکە شمولییە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك سمکۆش لیوایە و قانونیشە, کاك نوری, فەرموو.

**بەڕێز نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا ئەو دوو وشەیە بێتە سەری, اصدار مراسيم بمنح رتب عسكريه هیچ ئیشکالێك نییە, شتەکە کۆتایی پێدێت, اصدار مراسيم بمنح الرتب العسكريه هەتا دێتە ئەخیرەکەی وفق القانون, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە ئیزافەی وفق القوانين المرعيه، دەیخەمە دەنگدان کێ پەسەندی دەکات دەستی بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس، کێ پەسەندی ناکات دەستی بەرزکاتەوە؟ بەس کاک شێردڵ پەسەندی ناکات، زۆر سوپاس، کاک شێروان بەردەوام بە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابع عشر:

منح الاوسمة والانواط بموجب القانون.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاوسمە یەعنی قائیدی عامی قواتی موسەلەحە، زۆر جار بۆ نموونە لەسەر زیرەکی، لەسەر ئازایەتی، کاتێك دەچێتە جەبهە، نە قانون هەیە و نەهیچ، یەکێك دەبینی ئازایە، یان قیدەمی دەداتێ، یان ویسامی دەداتێ، دوای دەگەڕێتەوە، یەعنی ئەو کاتە مەرسوومەکە دەردەچێت، دیسان بە مەرسوومە، ئەو شتانە بە مەرسووم دەردەچێت، لەبەر ئەوە مودەتەکە تەحدید نەکرایە، دەتوانێ سێ ساڵ بدات یان دە ساڵی بداتێ، دەتوانێ ویسامی رافیدەینێ بداتێ کە لە عێراق هەیە، دەتوانێ ویسامی پێشمەرگەی بداتێ کە لە لای خۆمان هەیە، تۆ ڕێی لێ دەگرێ، ئەو دەیەوێت لە مەیدانەکە ئەو کەس پاداشتی بداتێ، ناکرێ بێتەوە ئینجا بۆی بنێری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێردڵ، تەبعەن ئەو نەصە زۆر موناقەشەی لەسەر کرایە و، هەموو نەصەکان زۆر موناقەشەیان لەسەر کرایە و، زۆر قانونیشمان هێنایە، بما فیهم خەڵکی عەسکەری تێدا هەیە، یەعنی مولاحەزە بکە، تۆ دەڵێی، ئەگەر بێتو تەماشای بکەین، تێیدایە، کە تۆ وتت بقانون، رەئیەکەت راستە، قانون یەعنی چی، ئەگەر دەسەلاتی هەبێت لە قانونێکی تر ئەو دەسەڵاتەی بداتێ، ئەگەر مەوزوعێك بێتە پێشەوە هیچ قانونێك ئەو دەسەڵاتەی نەدابیتێ دەبێت بیهێنێتە ئێرە، دەبێت قانونی بۆ دەر بکەیت، لەبەر ئەوەی تەحدیدی بکات بقانون، یەعنی بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێیدراوە، ئینجا لەو قانونەدا یاخود قەراراتێکی پێشووی پەرلەمان هەیە، ئەگەر هیچ نەبوو دەبێت بێتە ئێرە، مەوزوعێکی تازە هەبوو عیلاقەی بەو مەوزوعەوە هەبوو، قانونێکی بۆ دەربکەیت، کاک کریم، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری برادۆستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەعلوومە هەموو قەوانینێك سەنەدێکی دەستووره و، هەموو مەراسیم و قەرارات، سەنەدیان قانونە، بەبێ قانون هیچ قەرارات و مەرسووم دەرناچێت، ئەوە قاعیدەی عامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابع عشر:

منح الاوسمة والانواط بموجب القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کێ پەسەندی دەکات با دەستی بەرز کاتەوە؟ کێ موعاریزە؟ زۆر سوپاس، ماددەی پانزە.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری من ئەوەیە ئەگەر نوقتەیەکی تر ئیزافە بکرێت لەسەر ماددەی پێشوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەوە نیزامی نییە, ماددەکە تەصویت کراوە, فەرموو دانیشە.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە فەقەرە فەقەرە خستمانە دەنگدانەوە, بەلأم پێم وایە هەموو ماددەکەش بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ڕاستە, سوپاست دەکەین, لە بیرمان چوو کە ماددە بە ماددە نییە, هەمووی یەك ماددەیە, فەقەرە بە فەقەرە, سوپاست دەکەین بۆ ئەو مولاحەزەیە, لەبەر ئەوە ماددەی دە کە فەقەرە فەقەرە دەنگمان دا, هەموو ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە کێ پەسەندی دەکات؟ زۆر سوپاس, کێ موعاریزە؟ بە کۆی دەنگ, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

يحدد راتب ومخصصات رئيس الاقليم بقانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامە, نابێت ئەگەر نوقتەکە ڕۆیشتووە نابێت, بەلأم ئەگەر باسمان نەکرد بێت, ئەوە دەبێت, فەرموو.

**بەڕێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم, پێش ئەو ماددەیە, ماددەیەك زیاد بکرێت, هەر کەسێك کە دەبێت بە سەرۆکی هەرێم, ئەگەر حزبی بوو واز لە سەرۆکایەتی و ئەندامێتی حزبەکەی بهێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

يكون لرئاسة الاقليم ديوان تعين تشكيلاته وواجباته بقانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ئیعتیادیە, کێ ئەو ماددەیە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ زۆر سوپاس, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

1-رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات پيشمرگه اقليم كوردستان-العراق.

2-يعين رئيس الاقليم نائبا للقائد العام لقوات الپيشمرگه لاقليم كوردستان-العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەش یەك دوو صیاغەی هەبوو, اخر صیاغە لەسەر ئەوە ئیستقراری کرد, ئەو دوو فەقەرە لێك بدە, ماددەکە بەم شێوەیەی لێهات( رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات الپيشمرگه لاقليم كوردستان العراق ويعين نائبا له يساعده في تمشية اعماله بهذا الخصوص ويحل محله قائدا لقوات الپيشمرگه للاقليم عند غيابه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من قسە دەکەم بۆ ئەوەی ئاسانکاری دروست ببێت, ئەو نەصەی کە ئێستا خوێنرایەوە, ئەو صیاغەیەیە کە ئیتیفاقی لەسەر کرایە, پێشتر ئیتیفاقی لەسەر کرایە, لەبەر ئەوەی کە گۆڕانکارییەکە کرا, زمنی ئیتفاقەکە نەبوو, گەڕاندمانەوە بۆیە بە صیاغەکەی کە ئتیفاقی لەسەر کرا لەلایەن هەردوو هێزی سیاسییەوە, بۆ ئێمە هاتووە, لەبەر ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە, موقتەرەحی نوێ ئەوە بوو کە هەردوو فەقەرە ببێت بە یەك فەقەرە, بۆیان بخوێنەوە ئەو فەقەرە تازەیە, کێ دەیەوێت قسە بکات, کاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بووترێت جێگرەکەی دەبێت بە جێنشینی قائدی عامی پێشمەرگە, ئەگەر هاتوو لەوێ نەبێت, ئەوە پێچەوانەی قانونە, چونکە لە حاڵەتێکدا ئەگەر سەرۆکی هەرێم لەبەر هەر هۆیەك بێت, نەتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات, یان بۆ ماوەیەکی کورت سەفەرێکی کردبێت, سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران, دەبێت بە جێ نیشینی ئەو کاتە ئۆتۆماتیکیەن ئەو دەبێت بە قائدی عامی قواتی پێشمەرگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە, وا نییە, سەرۆکی هەرێم, نووسرایە لە قانوندا, جێگرەکەی لە حاڵەتی غیابی سەرۆکی وزەرایە کە ئێستا دێینە سەری, نووسراوە سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی, بەڵام تەعدیل کرایەوە, لە حاڵەتی غیابی, دوور بێت لە کاك مسعود, لە کاتی وەفاتی یان لەبەر هەر شتێك بێت, سەرۆکی پەرلەمان جێی دەگرێت, تا ئەو کاتەی ئینتیخاب دەکرێت, بەڵام قائدی عامی قواتی موسەلەحە, ئەوە ئتیفاقێکە, باش دیراسەت کرایە, بڕیاری لەسەر درایە, ناکرێتن لە خاریجی غیابی بدرێتە رەئیسی وزەرا, بەندێکی خاصە دەیخەینە ناوی, دەیکەینە قانون, هەر کاتێك زروف گۆڕا, پێویست کرا, ئەو ماددەیە تەعدیل بکرێت, تەعدیل دەکرێت, بە پێی ئیتیفاق ئەوە هاتووە, ناشتوانرێت بیگۆڕین, بەڵام ئەوەندەیە صیغەی قانونەکەی ئەوەندە بێت, کاك حمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شتێکی ئیزافەم نییە, لە قسەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن, کە ئتیفاقمان کردووە, هەر ئەو خاڵە, پێویست ناکات, ئێمە موناقەشەی لەسەر بکەین, با هەموومان دەنگی لەسەر بدەین, تەواو دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەموو دنیادا بە چاوی واقیعیە دەکرێتن, عێراق پاش رووخانی سەدام لەلایەن ئەنجومەنێکەوە, ساڵێك وقصور, نزیکەی دوو ساڵ بەڕێوە برا, ئەو ئەنجومەنە نەشەرعیەتی هەبوو, نە کەسێکی هەبوو, هێزی موحتەل دایبانبوو لەبەر رۆشنایی چەند شتێك, لەبەر چی؟ چونکە واقعێك وای سەلماند بوو, ئێمە الحمدلله لەم واقیعە دواکەوتووە نین, بەڵام هێشتا واقعێکمان هەیە, ئێمە نەگەیشتینە ئەوەی ئەو موجتەمەعە مەدەنیەی کە هێشتا موحتاجی ئەوە نەبین, پێشەکی ئیتیفاق نەکەین, خۆشتان دەزانن, دوو مانگ و سێ مانگ و چوار مانگ دوا کەوت, لەبەر ئەوەی ئتیفاق نەکرا بوو, کە ئتیفاق کرا, پاشی سێ رۆژ توانیمان کۆببینەوە, ئەمە واقیعێکە, جەنابت سەر چاو, لە لیستی هاوپەیمانی, بەڵام لە لیستی ئێمە داخیلی ئینتیخاب بووی, خۆشت تەفصیلات دەزانی, لەبەر ئەوە ئەو صیغەیە, صیغەیەکی تەوافوقیە و, بێ ئەو صیغەیەش ئێمە یەك لە هەدەفەکانمان ئەوەیە, هێزی پێشمەرگە ببێت بە یەك هێزی پێشمەرگە, لەپاشاندا سیفەی حزبایەتی نەبێتە بەشێك لە جەیشی عێراقی, بەو تایبەتمەندییەی کە هەیەتی, ئەگەر بەو هەنگاوە لەگەڵی نەڕۆین, ناکرێت, نابێتە یەك هێزی پێشمەرگە, کە ئەوە هەدەفی هەموو خەڵکی کوردستانە, پێشمەرگە ببێتە یەك هێز, دیفاع لە هەرێمی کوردستان بکاتن, دیفاع لە خەڵکی کوردستان بکات, ئەوەش بەوە دەبێت کە تەفصیلاتەکە بزانین, هاوکاری یەکتر بین, لەبەر رۆشنایی رێنماییەك و, رێگایەك, بەرنامەیەك تەوحید بکەین, فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

ئێمەش تەئیدی ئیتیفاقیەکە دەکەین، بۆیە دەڵێم با زۆر وەختی لێ نەبەین، مەبەستەکەم ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، سوپاست دەکەم، ئەوە نەبێت، ئێمە رەئیەکمان هێنا بێت، ئەوە فەرزە، رەئیەکمان هێناوە، ئێمە خۆمان بە قەناعەتەوە بە مەصلەحەتەوە هێنامانە، دەمانەوێت ئێوەش موفتەنیع بن، ئەگەر رەئی موخالیف هەبێت، چی تێدا هەیە، کاک احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من بە پرسینەوە بیتن، لە کوردستان چەندین تەشکیلاتی لەشکری هەیە، تەشکیلاتی چەکداری هەموویان پێیان ناڵێن پێشمەرگە، هەندێك هەیە پێیان دەڵێن زێرەڤانی دارستان، هەیە زێرەڤانی حدود، چەندین تەشکیلات هەیە، ئایا هەموویان پێشمەگەنە؟ ئەگەر هەموویان ناویان دەنێن پێشمەرگە، ئەوە دروستە، ئەگەر نا با ببێتە قائیدی عاممی قواتی پێشمەرگە ئان القوات المسلحة و العسكرية، لەوانەی شامل تر بێت، هەموو تەشکیلاتی عەسکەری بگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ئیتیفاقە، ببورە، چونکە پێشتر نووسرا بوو تەشکیلاتی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە، لە پاشاندا چونکە وەزارەتی ناوخۆ پۆلیسە، جنسیەیە، هاوکاری وەزارەتی داخلیە حکومەت موباشر، لەبەر ئەوە جیا کراوە و، هەردوو لامان موافق بووین، لەسەر جیاکردنەوەکە، ناوەکەشی بۆیە گۆڕا، دەنا پێشتر قواتی موسەلەحە بوو، کە تەنیا بوو بە پێشمەرگە، بووە قوات پێشمەرگە اقلیم، چونکە هێزی ناوخۆ عایدی مەجلیسی وزەرایە، کاک عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم ڤێرێ دا ئیزدیواجیەت پەیدا دەبیتن، سەلاحیاتێت سەرۆکی وزەرا، قائید عاممی جێگرێ وی، چونکە ئەگەر ڤ حالەت غیابە ئەو جێگر بیتن، وڤ حالە غیابە لە فەقەرە ژی هاتی، رەئیس مجلس وزرا جێگر بیتن، ڤێرێ شتێ دێتە کرن، بئەمرەتە رەئیسی وزەرا ئان شت جیاوازن لەگەڵ رەئیس وزەرا، ئەڤە ئەگەر تەوزیحەك بۆ بدە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، بەنیسبەت سەرۆکی هەرێم، جێگری نییە، یەعنی ئەوە وازیحە لەدەستوورەکە، لە قانون، لە ئتیفاقی سیاسیش کە کرایە، سەرۆکی هەرێم جێگری نییە، لە حاڵەتێك ئەگەر غایب بوو، سەرۆکی وزەرا بە ئیشەکانی هەڵدەستێت، رەئیسی سوڵتەی تەنفیزی، بۆ ئیش و کاری پێشمەرگە نائیبێکی پێویستە، ئەو نائیبە لە حاڵەتێکی وا بەس بۆ ئیشی پێشمەرگە، فەقەت بۆ شئونی پێشمەرگە، نەك بۆ کاری تر، بۆ ئاگارداری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک اخر جمال، فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من مەبەستم بوو، کاك د.نوری و، کاك عزالدین فەرموویان، سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەکەم ئەوەیە، کاتێ باسی هێزی چەکداری ناو هەرێم دەکەین، با بڵێین هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام کە باسی هێزی چەکدرای دەرەوەی هەرێم دەکەین، با قواتی مسلحە بەکار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر محمد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ڕەئیەکەم هەر لەگەڵ کاك عزالدین و هەڤاڵانە, بەڵام من وام پێ باشە ئەو بڕگانەی کە دوایی هاتینە, چۆن ئیتیفاقی لەسەر کرایە, چۆن نووسراوە, با هەر وا بێت باشترە, لەوەی ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ پێوەی خەریك بین, نەگەینە نەتیجەك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ویستم د. کمال روونی کردەوە, تەنها یەك تێبینم هەیە, لە کاتێکدا ئەگەر ویستتان چاپی ئەمە بکەنەوە, خۆی ئێمە وشەمان هەیە, زاراوەشمان هەیە, پێشمەرگە زارەوەیەکە ڕۆشتووە و, زاراوەیەکی سیاسییە, ئەو ئەلف ولامە وەرناگرێت, سەیری خاڵی یەکەم بکە, نووسراوە هەر پێشمەرگە, لە خاڵی دووەمدا نووسراوە الپێشمەرگە, لەبەر ئەوە وا جوانترە, پێشمەرگە بێ ئەلف ولام بێت, وەکو کوردستان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە من ڕستەکە زۆر بە ڕەکیك دەبینم, یەعنی هەرچەندە (ویعین نائبا له لیساعده في تمشیة اعماله بهذا الخصوص, تمشیة اعماله), ڕەکیکە, لە خوێندنەوەدا و لە تێگەیشتنیشدا, بەڕاستی, ڕەکیکە, وتیان لیژنەی زمان هەیە لە پەرلەماندا, دەتوانرێت بڵێت (لاداء), لاداء مهامه, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتوانرێت ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ, بەڵام بۆت نەهات, (یساعده في اداء مهامه), ئەگەر پاش ئەو هینە ئەو ڕستەیە دەخەینە دەنگدانەوە, بیخوێنەوە کاك شێروان, ئەگەر زەحمەت نەبێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(رئیس الاقلیم هو القائد العام لقوات پیشمرگە اقلیم کوردستان العراق ویعین نائبا له یساعده في اداء مهامه بهذا الخصوص ویحل محله قائدا لقوات الپیشمرگە لاقلیم عند غیابه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تەئیدی دەکات, فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویعین لە بۆی دادەنێین, بەڵام لە ماددەکەی ویعین رئیسا له, بەڵام لە تەعبیرەکەی ویعین له, ئەو لۆ دانانە چۆنە؟ تەفسیراتی بۆ دادەنێین.

ئاخیر صیاغەکە غەڵەتە, (رئیس الاقلیم هو قائد عام لقوت الپیشمرگە اقلیم کوردستان العراق, ویعین نائبا له), یعین هو الذي یعین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووبارە بیخوێنەوە کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات پيشمرگه اقليم كوردستان العراق ويعين نائبا له يساعده في اداء مهامه بهذا الخصوص ويحل محله قائدا لقوات الپيشمرگه للاقليم عند غيابه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە مامۆستا بۆ تەڵەبەی سەرەتایی دەڵێی یعین لنفسه له یان لنفسه عەینی شت دەکاتن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویعین لنفسه ویعین فەرقی هەیە, ویعین له خۆی تەعینی دەکات, یعین مانای وایە جیهەتێکی تری تەعینی دەکات. یعین یەعنی خۆی, مەسەلەکە وازیحە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با من تەوزیحی بکەم, ویعین له ئەگەر خۆشی نەگرێتەوە, قائیدی عاممەکە دەگرێتەوە, عەینی شتە, کاکە (رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات پشمەرگه اقلیم کوردستان, ویعین نائبا له, اي القائد, ویعین نائبا له اي القائد), کاك شێروان بیخوێنەوە, با بیدەینە دەنگدانەوە, ئەوەی زمانی عەرەبی باش دەزانێت, ئەگەر خیلافی ئەوەی هەیە با پێم بڵێت, (رئيس الاقليم هو القائد العام, رەئیسی الاقلیم رۆیی, هو القائد العام تازە ترە, نزیك ترە له جملەکە, لقوات الپیشمرگه اقلیم کوردستان العراق, ویعین نائبا له اي للقائد, رەئیسەکە تەعین دەکات بۆ قائیدەکە, کێ خەریجی زمانی عەربیە با هاوکاریمان بکات. من جارێکی تر دەیخوێنمەوە, بزانن لای ببەین چ مانایەکی هەیە, (رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات پیشمرگه اقلیم کوردستان العراق ویعین نائبا له في اداء مهامه), هەردووکی دەگرێتەوە, رەئیس الاقلیم دەگرێتەوە و, قائدی عامەکەش دەگرێتەوە, بۆ معلومات, ئەگەر رەش کەینەوە, وەکو نەصی ئینگلیزیمان لێدێت, دەڵێن ئەو نەصە بە مەفهوومەوە نائیبی رەئیسی ئیقلیمیشە, حەز دەکەن دایدەنێین, بەڵام لەسەر مەسئولیەتی ئێوە, فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی هەرێم دوو شەخصیەتی هەیە, شەخصیەتێك بە خۆی سەرۆکی هەرێمە, شەخصیەتێکیش قائدی عامی قواتی موسەلەحەیە...

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیسی هەرێم نائیبی قائدی عام تەعین دەکات, نەك نائیبی خۆی وەکو سەرۆکی هەرێم تەعین بکات, (رئيس الاقليم هو قائد عام و يعين نائبا له, لمن للقائد العام) نەك بۆ شەخصی خۆی کە رەئیسی هەرێمە.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ نەصێکم پێیە, (المادة الثالثة عشرة: رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات پیشمرگه اقلیم کوردستان العراق, ویعین) موشکیلە نییە, (من قبله نائباً ليساعده في اداء مهامه ويحل محله عند غيابه).

**بەڕێز طلعت خفاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەصەکە وابێت باشە, ویقوم بتعین نائب من قبله لیساعده الی اخره, ویقوم دابنرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو ماددەکە خۆی هاتووە دەیکەینە دوو فەقەرە(رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات پیشمرگه اقلیم کوردستان العراق, ئەمە یەك, دوو, یعین رئيس الاقليم نائبا لقوات پیشمرگه اقلیم الی اخره لیساعده في الاداء مهامه), کاك شێروان له فەقەرەی دوو

ئیزافەی بکە, (یعین رئیس الاقلیم نائبا لقوات پیشمرگە اقلیم لیساعدە في اداء مهامە), قانونە دەبێت خۆی دایبنێت, بەلاّم عورفەن ئیتیفاقە, ئیمزا کراوە, بەلاّم قانونەن ناکرێت بۆی دابنرێت, نییە لە دنیادا رەئیس خۆی دایدەنێت, بەلاّم ئیتفاقە, لەبەر روشنایی ئەو قانون ئەو ئیتفاقە لەبەینیەتی, خۆی پێیدەڵێت ئەوە فلانمان دانا, ئەویش مەرسوومەکەی بۆ دەردەهێنێت, ئتیفاقە, لە ئیتیفاقەکەدا هەیە, با نەصەکەی بڵێم, ئتیفاقەکە دەڵێت قائدی عامی قواتی پێشمەرگە نائیبێکی دەوێت, نائیبەکەش یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە, موختەصر و مفید ئەوا لە ئتیفاقەکە نووسراوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەندامانی ئەنجومەن, بەلاّم نابێت بانگی سەرۆکی ئەنجومەن بکەن بەناو, لازمە بە سیفەت و عنوان بانگی بکەن, سوپاس.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە موستەڵەحاتی عەسکەری موعاون جێی قائد دەگرێتەوە نەك مساعد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە نەمان گووتوە مساعد, نائبە, نائب یەعنی وەکیل یەعنی جێگر, بە قوەتترە, معاون بە قوەتترە لە مساعد, ئەو جێگرە بۆ ئەوە هاوکاری دەکات, کاك شێروان بیخوێنەوە جارێکی تر, تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەم هەموو گۆڕانکارییەی کە بەسەری داهات, ماددەکە بەم شێوەیە دەبێت.

المادة الثالثة عشرة:

1-رئیس الاقلیم هو قائد العام لقوات پیشمرگە اقلیم کوردستان العراق.

2-یعین رئیس الاقلیم نائبا لقائد العام لقوات الپیشمرگە لاقلیم کوردستان العراق لیساعدە بهذا الخصوص لاداء مهامە ویحل محلە قائداً لقوات پیشمرگە للاقلیم في حالة غیابە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دیخەمە دەنگدانەوە, چەند کەس پەسەندی دەکات, با دەستی بەرز کاتەوە, زۆر سوپاس, چەند کەس پەسەندی ناکات, زۆر سوپاس, ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشرة:

في حالة غیاب رئیس الاقلیم لاي سبب کان عن منصبە یحل محلە رئیس السلطة التنفیذیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لیژنەی قانونی ئێمە یەك مولاحەزەمان هەیە, (السلطة التنفیذیة)مان لابردووە, کردوومانە بە رئیس مجلس الوزراء لەبەر ئەوەی تەعریفی سەرۆکی هەرێمان کردیە لە ماددەیەك, (یعتبر الرئیس الاعلی للسلطة التنفیذیة), بۆ ئەوەی ئیلتیباس نەبێت, هەر لەبەر ئەوەی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند کەس دەیەوێت قسە بکات, کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری برادۆستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە كە هاتووە (لاي سبب كان عن منصبە) پێم وایە لە شوێنی خۆیدا نییە، پێشنیاز دەكەم وای لێبێت، (في حالة غيابە لاي سبب كان يتولى رئيس مجلس الوزراء القيام بمهامە وكالة)، سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە ئیزافەیەكی ناوێت بە جملەیەك بۆ ئەوەی تەعاروز نەبێت، ئەو جملەیەی پێشتر كە لە حاڵەتی غیابی سەرۆكی هەرێمە لە مەجالی عەسكەری نائیبەكەی دەبێتە قائدی قواتی عەسكەری، بەس ئیلتیباسێك هەیە.

**د. فؤاد احمد حمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش قسەكەی جەنابی دەكەمەوە، چونكە ئەو مەنصەبەی ناوێت كە لە كاتی سەفەر كردنیدا، ئەمە غیابی مانای لە جێی خۆی نییە، نەك ئەوەی سەرۆكایەتی نەماوە، لەبەر ئەوەی مەنصەبەكەی گوم ناكات بەوەی كە لە جێگای خۆی نەما، لەبەر ئەوە ئەم مەنصەبە نابێت لەوێ، ئەم بڕگەیە نابێت (عن منصبە) چونكە مەنصەبەكەی هەر ماوە، سەفەری كردووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش پێم وایە مولاحەزەكەی د. فوئادی راستە لە مەنصەبی غایب نابێت، بەلاَم لە جێگاكەی غایب دەبێ، (في حالة غياب) پێویست ناكات مەنصەب بوترێت، چونكە مەنصەبەكە غایب نەبووە، ئەو مولاحەزەی پەخشان خان، ئەو ئیلتیباسە دروست نابێت، چونكە قائیدی عامی قواتی پێشمەرگە ماددەیەكی تایبەتە، لە حاڵەتی غیابی نائیبەكەی بۆ شئونی پێشمەرگە جێگریتی، غەیری ئەو شئونە رەئیسی مەجلیسی وزەرا جێگریتی، وازیحە یەعنی كە غایب دەبێ، دوو بابەت مهامی هەیە، بابەتی سوڵتەی تەنفیزی رئیسی مەجلس وزەرایە، بابەتی پێشمەرگەو شئونی پێشمەرگە نائیبەكەیەتی، زۆر وازیحە، بەنیسبەت ئەو صیغەی كاك كریم بەحری تەقدیمی كرد لەگەڵ قسەكەی د. فوئاد، عن منصبە، مەنصبەكە رەنگە زیاد بێت، ئەگەر لیژنەی قانونی صیاغەیەكمان بدەنێ، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، مەجلیسی وزەرا، مولاحەزەكە راستە كە سوڵتەی تەنفیزی هەم رەئیس مەجلیس وزەرا زۆر دەقیق ترە.

**بەڕێز كریم بحری برادۆستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

صیغەكە وا بوو بەم شێوەیە، (في حالة غياب رئيس الاقليم لاي سبب كان عن منصبە يحل محلە)، هەمووی شەتب دەكرێ، دەنووسرێ (يتولى رئيس) لەجیاتی ئەو (سلطة تنفيذية)، (مجلس الوزراء القيام بمهامە وكالة)، سوپاس،

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی هەردووكی دەبێت، ئۆتۆماتیكیەن، وەكالەت نا، بەلاَم هیچ زەرەرێكی نییە، بنووسرێت، وەكالەتەكە ئەگەر لێرەش نەنووسرێ، كە ئیمزای قەرارێكی كرد، دەنووسی رئیس مجلس وزاو، دەنووسێ رئیس اقليم، ئەگەر وكالە نەنووسێ چۆن دەبێت؟ دەبێتە دوو رەئیس اقلیم، وەكی ئینقیلابێكی كرد بێت، نابێت، وەكالەتەكە ئۆتۆماتیكی دەبێت بینووسی، بەلاَم بیخەینە قانون یان نا ئەوە مەسەلەیەكە، من پێم وایە بە قووەتی دەكات، كاك شێروان، وكالە هەبێت یان نابێت، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرەئی من وكالەتی پێ ناوێت بەڕاستی، يحل محلە زۆر لەوی بە قووەت ترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا نائب رئیس وزەرا كە جێی رەئیس وزەرا دەگرێتەوە، دەنووسرێ رئیس وزەرا وەكالەتەن، هەر وەزیرێكیش دەیگرێتەوە دەنووسرێت وەكالەتەن، خۆی قانونە بۆ ئەوە لە نووسین دەبێت سەد لەسەد بنووسرێت، كاك نووری، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جیمل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صیغەیەکی تر هەیە ئەگەر پێتان باشە, (في حالة غياب رئيس الاقليم لاي سبب كان يتولى رئيس مجلس الوزراء مهامه وكالة), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەی کاك د.نووری مەنصەبەکەشی لابردیە, وەکالەتەکەشی تێخستووە, مەفهومیشە ئەگەر بیخوێنیتەوە بیخەینە دەنگدانەوە, فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل طالبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(في حالة غياب رئيس الاقليم لاي سبب كان يتولى رئيس مجلس الوزراء مهامه وكالةً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو صیغەیە کە تەقدیم کرا, دەستی بەرز کاتەوە, کێ لەگەڵ نییە, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

اذا شغر منصب رئيس الاقليم لاي سبب كان, يقوم بمهامه رئيس المجلس الوطني لكوردستان –العراق لحين انتخاب رئيس جديد خلال ستين يوما من تاريخ شغور المنصب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیزافەتان نییە, دەیخەینە دەنگدانەوە, جارێکی تر بیخوێنەوە کاك شێروان. ماددەی پانزە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

اذا شغر منصب رئيس الاقليم لاي سبب كان يقوم بمهامه رئيس المجلس الوطني لكوردستان –العراق لحين انتخاب رئيس جديد خلال ستين يوما من تاريخ شغور المنصب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کێ ئەو ماددەیە پەسەند دەکات؟ با دەستی بەرز کاتەوە, کێ پەسەندی ناکات؟ زۆر سوپاس, ماددەی شانزە بخوێنەوە کاك شێروان, تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

السادسة عشرة:

تنتهي مدة رئاسة رئيس الاقليم بقرار من المجلس الوطني لكوردستان- العراق في الحالات الاتية:

1-اذا طلب رئيس الاقليم بذلك

2-عجزه القيام بمهام واجباته لاي سبب كان.

سحب الثقة منه بموافقة (3/4)من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق وباقتراع سري.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

یەك دوو مولاحەزەی بەسیتمان هەیە, بەنیسبەت یەکەم (بذلك) ببێتە (ذلك), (عجزه اذا طلب رئيس الاقليم ذلك), جوانترە لەو صیاغەی,(2- عجزه بقيام واجباته لاي سبب كان) بە تەسەوری ئێمە عجزه بقيام مهام واجباته ئەوی تریش اعتیادیە فەقەرەی سێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە, کاك زرار, فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شانزە فەقەرەی سێ من پێم باشە ئەو سێ لەسەر چوارە ببێت بە دوو لەسەر سێ.

**بەڕێز کریم بحری برادۆستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان بۆچوونی کاك زرارم هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ چوونێکی ترم هەیە, بۆ ئەم حاڵەتەی ئێستا تەبیعی ئەمە واریدە, بەڵام ناحیەی قانونی مەفروزە مەحکەمەیەکی دەستووری هەبێت عادەتەن, مەحکەمەی دەستووری قەرار دەدات, لەسەر بڕیارێك لەسەر ئەم بابەتە, نەك مەجلیسی وەتەنی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەم ماددەیەش گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرایە لە ئەنجامیدا بە قەرارێکی سیاسی, ئیتیفاق لەسەر ئەوە کراوە سێ لەسەر چوار بێت, بۆیە حەز دەکەم برادەران ئەوە راستیە بزانن و, ئەو سێ لەسەر چوارە لە خۆرایی نەهاتووە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی مولاحەزەکان جێی تەقدیرن, بەڵام ئەم پڕۆژەیەی ئیتیفاقی لەسەر کراوە, ئێمە پێمان وایە ئەم موناقەشاتانە موناقەشەی دیموکراتیە, ئەو پڕۆژەیە دەوڵەمەند دەکاتن, وا دەکات ئێمە راستە ئیتیفاقمان کردووە, بەڵام فەرزمان نەکردووە, سەر ئەندامانی خۆشمان پێمان نەوتوون ئیلا دەبێت, (صم بکم) بن, موناقەشەی بکەن و, رەئی خۆشتان بدەن, بەڵام لە شوێنێکدا ئەگەر زانیمان لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی میللەتەکەمان ناگونجێ لەگەڵ رەئی موحتەرەمی هەندێ برادەر پێیان دەڵێین, کاکە ئەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتییە, بەتایبەتی شتێکی زۆر گرنگ نییە, مەصیری نییە, نە مەصیری یەکێتیە نە مەصیری پارتی بەو فەقەرە رەبت کراوە, ئێمە بەڕاستی ئەندامانی پەرلەمان هیچ باوەڕ ناکەم ئیتیفاقەکەیان دی بێت, غەیری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی, رەنگە بیست بێتیان, یان خوێندبێتانەوە لێرەو لەوێ, سەببەبەکەشی ئەوەیە کە ئێمە ختوتی عاممان باس کردووە, وتومان لە هین دەرنەچن, کە زانیومانە فەقەرەیەك ئیختیلافی لەسەر هەیە, کاکە ئاگادار بن, بەرژەوەند ئەهمیەتەکەی گرنگ ترە, ئەگەر وامان کردبا, کاکە حمە تەعلیقی هەبێت, بە سەعاتێك هەموومان تەواو دەکرد, هەردوو حزبەکە ئەکسەریەتیان هەیە, بەڵام ڕێز گرتن لە ئەندامی خۆمان لە ئەندامی لایەنەکانی تر, بەڕاستی پڕۆژەکە بۆ ئەوەی موناقەشە بکرێت, فعلەن زۆریش دەوڵەمەند کرا, قانونی تر کرا, باشتر کرا, ئێستا بەسیقەیەوە دەتوانین, ئەو قانونە لە جەریدەی رەسمی بلاّو بکەینەوە, هەڵبژاردنەکەی پێوە بکەین, کەم و کورییەکانی ناڵێم سەد لەسەد نەماوە, بەڵام زۆر کەمتری بکەینەوە, هەر کەم وکوورییەکی مابێت لە موستەقبل دا کۆدەبینەوە, دەڵێین کاکە ئەم کەم و کوورییە هەیە, دەڵێین کاکە ئەوەی هەیە, دە کەس ئیمزای دەکات, موناقەشەکە ئەکسەریەتی هێنا تەعدیل دەکرێت, لەبەر ئەوە من ئیقتیراح دەکەم وەکو خۆی بمێنێ و دەنگیشی لەسەر بدەین و, سەلاّواتیشی لەسەر بدەین, بەڵام جملەیەك (بما لا یقل عن($3/4$)یەعنی کەمتر نەبێت, ئەگەر لە سەدا هەشتا بێت ئەم نەصە نابێت, دەبێت بڵێی لا یقل عن($3/4$) تا سێ لەسەر چوار بێت, یان دوو بێت, هەر بیگرێتەوە. با بچینە سەر فەقەرەیەکی تر, لە حیاتی (بموافقە), دەبێتە بموافقە ما لا یقل عن $3/4$, یەعنی یەك نەفەر زیاد بی, دەبێت, ئەگەر ئەوەی نەنووسی, دەبێت ئیلا سێ لەسەر چوار بێت, یەك کەمتر بێت نابێت, یەك زیاتر بێت هەمان شت نابێت,

بەڵام کە وتم لەسێ لە چوار کەمتر نەبێت، ئەوا هەتا سەد لەسەد بنووسین دەبێت، بچینە سەر فەقەرەیەکی تر کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە رەقم فەصڵی نەدراوەتێ، پێویستە رەقم فەصڵی بدەینێ.

الفصل الخامس

الاحكام الانتقالية

المادة السابعة عشرة:

يتم انتخاب رئيس الاقليم للولاية الاولى من قبل المجلس الوطني لكوردستان- العراق وباغلبية اعضائه استثناءا من حكم المادة الثانية من هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لێرە بە حەقیقەت موقتەرەحێك هاتە پێش، کە صیغەی ماددەکە بەم شێوەیە بێت، بە رەئی ئێوە و ئەندامانی پەرلەمان ئەو صیغەیە و، لە زیمنی لیژنەی قانونی ئێمە دەرجمان کرد(يتم إنتخاب رئيس الاقليم للولاية الاولي من قبل المجلس الوطني لكوردستان- العراق وباغلبية ثلثي اعضائه استثناءا من حكم المادة الثانية من هذا القانون.)، لێرە بەنیسبەت اغلبیە کە لە لیژنەی قانونی دوو رەئی هەبوو، رەئیەك ئەوە بوو کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، رەئی ئەکسەریەت ئەوە بوو کە ببێتە(وباغلبية ثلثي)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە باغلبیە باشترە، چونکە ئەوە کار ئاسانی دەکات، ئێستا ئێمە لە مجلیسین، هیچ موشکیلەیەکمان نییە لە ئینتخاباتی داهاتوودا، بەڵام قانونە دووسێ شت هەیە، بۆ نموونە لە پەرلەماندا ئینتخابات دەکرێتن، عورفەن لە پەرلەماندا کێ تەرشیح بکەی، مونافەسە دەبیتن، دەنگدانیش دەبیتن، هەرچەندە ئێمە دەزانین جەنابی کاك مسعود مرشەحی هەموو لایەکمانە هیچ موشکیلەکمان نییە، لەبەر ئەوە سێ لەسەر چوار بیتن، هەر دەیهێنیتن، کۆی دەنگیش بینیت، رەنگە کەستان ئیعتیرازی لەسەر نەبێت، قانونەن ئەگەر بڵێی ئەکسەریەتی اعضائە، مەسەلەن لە 51٪ بینیتن، ئەوە پێم وایە حەقی قانونی وەردەگریتن، ببێتە سەرۆکی هەرێم، چونکە هیچ ئیشکالێك نییە، لەبەر ئەوە، بڕوات ئەوە وەکو خۆی، با تاخیر نەبێت، من خۆم موقتەنیعم کە ناگۆڕێت، لەبەر ئەوە کاك حمە فەرمووو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لەسەر ئەکسەریەت بێت، باشترە، سێ لەسەر چوار نەبێت، پێم وایە ئاسانترە بۆمان بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.نووری، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەم بەندە، دەبێت تەماشای ئەمە بکەین کەوا سەرۆکی هەرێم، مەنصەبێکی سیادییە، سەرۆکی هەرێم وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نییە، کەوا بەزۆرینەی دەنگ دەست نیشان بکرێت، من پێتر لە نۆ مانگ پێش ئێستا کەوا پەلە بکەین، لە دانانی دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە پێم باشتر بوو سەرۆکی هەرێم، بە پێی دەستوور دەست نیشان بکرێت، نەك بە پێی قانون، چونکە دەستوور لە قانون پایە بەرز ترە، ئێستاش ئێمە کەوا داوا دەکەین، ئەوە پێشنیازی منە، کە 2/3ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بێت، بۆ ئەوەی سەنگێکی تایبەتی بدەین بەو پۆستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە, من دیسان ڕەئی شەخصی خۆم دەڵێم, عورفی هەمموو دونیا بە لە 51٪ دەبێتە ڕەئیس, ئەگەر لە بیرتان بێت بەینی کلنتۆن و بەینی ئەلگۆر و بۆش, لە یەکەمین ویلایەتدا لە 50٪ کەو بە چەند دەنگێك بردیەوە, هەروەها لە ئینتخاباتی فەرەنساش. ئێمە قانون دادەنێین, بۆ دائیمیش, لەبەر ئەوە دوایی ئەگەر کوتەلی نیابی زۆر بێت, مەسەلەن وەکو تورکیا, زۆر جار زۆر دەخایەنێت, جاری یەکەم تکرار دەبێتەوە, جاری دووەم تکرار دەبێتەوە (الحمدالله), ئێمە ئەو کێشەمان نییە, دەشزانم وەکو جەنابت فەرمووت, هیچ موشکیلەیەك نییە, 2/3 بنووسین, 3/4 بنوسین بۆ ئەم مەرحەلەیە, بۆ یەك جار هیچ موشکیلەمان نییە, بەلاّم من وەکو مەبدەئێك پێم وایە ئەوەی 51٪ یەکی هێنا, بردیتیەوە بۆ مەنصەبی سەرۆکی هەرێم, بۆ هەر مەنصەبێك بێت, ئەکسەریەتی هێنا خەلاّس تەواو بردیەوە, لە ئینتخاباتدا تەماشا بکە, کە یەکێك دەباتەوە بە دەنگێك لەناو خۆشماندا ڕەئی هەبووە, من ئەو ڕەئیەم هەبووە, من ئەوەم وتوە, لەبەر ئەوە ئەو صیغەیە بەو شکلە هاتووە, حەزیش دەکەن, ئەگەر کەسێك هەیە پێی وایە3/4ێ بیتن, دەیخەینە دەنگدانەوە 2/3ێیەکە, کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئێمە لەم مەرحەلەیە, وا ئەڕۆین ئاسانکاریی بکەین بۆ وەزعەکەمان, نەك تەعقیدات دابنێین, ئەگەر ئێستا هاتوو 2/3 مان, ئەو برایەی کە مورەشەح دەبێت بۆ سەرۆکی هەرێم, یەکەم جار دەنگی نەهێنا, دووەم جار دەنگی نەهێنا, دوایی هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەکسەریەت, بۆ ئەوەی ئێمە نە ئێستا ئەم کێشەیە بۆ خۆمان دروست کەین, کە تەوەقووعی ناکەین ببیتن, دڵنیاشین ڕووناداتن, ئەگەر ماین و ئەم قانونەش, سبەی ئەگەر هەڵبژاردنێکی عام کرا, میللەتی ئێمە دەنگی دا با ئەکسەریەت بێت, ئەو برایانەی کە چەند مورەشحێك دەبێتن, کێیان زۆرینەی دەنگی هێنا, دەنگی میللەتی ئێمە پیرۆزی بێتن, جا ئێمە لە ئێستاوە زۆر ئاستەنگ بۆ ئەو خۆشك وبراییانەی بۆ پۆستی ڕیئاسەت بۆ قیادەی میللەتی کورد کە ئێش و ئازارو باری گران تر دەبێت, زۆر کۆنترۆڵی ئەوەی نەکەین, ئاستەنگی لە پێش دانەنێین, مەسەلەن وەکو ساڵی 1992, ئەو برایانەی کە ئەوە دەنگەیان نەهێنا, وەزعەکە تەئخیر بوو, دواییش هەمووومان دەزانین چی هاتە سەر؟ جا ئێستا ڕەئی من لەگەڵ ڕەئی کاك محمد حاجی محمود و, سەرۆکی ئەنجومەن کە وەکو خۆی بمێنێتەوە با ئەکسەریەت بێت, ئەمە بۆ لادان نییە, بۆ هەڵبژاردنە, لادان و دابڕین لەبەینی کتلەکان نابێت, وەکو کوردێك, ئێمە بۆ خزمەتی کورد و کوردستان کار بکەین, بەلاّم ئەمە ئاسانکاری زیاتر ئەهێنێ, متمانەش زیاتر دەهێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن, ئێمە باش لە یەکتری حاڵی نەبووین, ئەم بەندە بەس بۆ ئەم جارەیە, ئێوە باسی پاشەڕۆژتان کرد, ئەم بەندە بۆ پاشەڕۆژ نییە, تەواو جارێکی تر کاری پێ ناکرێت, بەلاّم بۆ ئایندە کە هەڵبژاردن لەلایەن میللەتەوە کرا, ئەو کاتە هەڵبەتە بە زۆرینەی دەنگ دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە باسی پرنسیپ دەکەین, عورف دەکەین, باسی ژیانی دیموکراتی دەکەین؟ یەعنی چی ئێمە هەمووومان دەزانین ئەم جارە بە چ نیسبەتێك سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێرێتن, بەلاّم یەعنی چی تۆ قانونێك دابنێ, 2/3 دەنگی ئەندامان پەرلەمان هەبێت, ئینجا ببێت بە سەرۆك, یاخود زائیدی بکەی, بڵێی ئەگەر مەرحەلەی یەکەم نەیهێنا, ئینجا مەرحەلەی دووەم, یەعنی خۆی ئەگەر لە 51٪یەکەی نەهێنا, ئەوە ئەو کاتی حەقی خۆیەتی ئیعادەی نەزەر بکرێتەوە لە هەموو شتەکە, بەلاّم ئەگەر لە 51٪یەکەی هێنا یەعنی بڕایەوە, بەلاّم من وەکو مەبدەء دەڵێم هەر کەسێك لە هەر ئینتخاباتێك چ لەناو پەرلەمان بکرێت, چ لەناو میللەتدا بکرێت بۆ ئیتخابات, 51٪کەکە دەبێت, بەلاّم بۆ عەزل 3/4

بێت یان 2/3 ئەوە مەسەلەیەکی ترە, بەڵام بۆ هەڵبژاردن ئەو صیغەیە کە وتراوە, ئیتیفاقی لەسەر کراوە باشە, پێم وایە لەسەری بڕۆین و ناوی خوای لێبینین, لەبەر ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە, ئەگەر کەس ئیعتیرازی نییە, کێ پەسەندی دەکات کە وەکو خۆی بمێنێتەوە, با دەستی بەرز کاتەوە, زۆر سوپاس, کێ پەسەندی ناکات, با دەستی بەرز کاتەوە, کێ مومتەنیعە, نییە, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, سوپاس, ماددەی هەژدە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچینە ماددەی هەژدە, بە حەقیقەت من تەوزیحێکم هەیە, ئەویش ئەوەیە ئێمە دوو یاسامان هەیە, لە پەرلەمان دەرچووە, هەردوو یاساش پەیوەندی بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەیە, یەکەمیان, یاسای ژمارە (2) ی ساڵی 1992ه, یاسای رابەری بزوتنەوە رزگاریخوازی کورد, دووەمیشیان, یاسای ژمارە (10)یە ساڵی 1997 و, تەعدیلاتەکەی, تەبیعی یاسای یەکەم تەجمید کرایە, کاتی خۆی لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە جێبەجێ نەکرا, لە ئینتخابات جێ بەجێ نەکرا, لەکاتی خۆی, لەبەر ئەوەی دەسەڵاتەکانی تەشریعی دابەش کرا بە گوێرەی یاسای ژمارە(10) بەسەر سوڵتەی تەنفیزی و سوڵتەی تەشریعی, ئێستا دەبینین نیمچە تەعەروزێك پەیدا دەبێت, لەبەر ئەوەی ئێمە وای بە پێویست دەزانین کە ئەو دوو یاسایە هەردووکی ئیلغا بکرێت و, نەصێکیشمان بۆ حازر کردووە, ئەگەر بە پێویستی دەزانن ڕەئی, ڕەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە, بۆ ئەوەی بیخەینە ماددەی هەژدە, پاشان تەسەلسولی هەردوو ماددەی لەدوواوە دێت, رێکی بخەین.

نەصەکە بەم شێوەیە دەبێت:

(1-یلغی قانون رقم(2) لسنة 1992, قانون انتخاب الحركة التحررية الكردية, والقانون رقم(10) لسنة 1997 وتعديلاته), ئەوە ئەگەر بکرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: ئێمە ئێستا قانونمان هەیە, بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم, دوو قانون هەیە, یەکێکیان 1992 دەرچووە ناوی سەرۆکی هەرێم ڕێبەری بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد بووە, ئینتیخاباتمان کرد, بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەر لە ساڵی 1992, پاشان لە ساڵی 1997 ئەو قانونەی 1992 تەجمید کرا, ئێستا قانونێکمان هەیە, دەبێت قانونە ئەساسەکە قانونەکەی تر کە تەجمید کراوە لا ببات, لەبەر ئەوە دەبێت هەردووکیان ئیلغا بکرێن, ئەگەر ئێوە رازین ئەوە ئیلغا بکرێت, نەصەیێکی بۆ حازر بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ئەو نوقتەیە لەبەرنامەی کاردا نییە, نەدەبووایە باس بکرێت, بەڵام ئەوە رەبتی هەیە, ئەو قانونە ئیقرار ناکرێتن, تەعارووزی هەبێت لەگەڵ ئەوی تر, ئەگەر پێشتان وایە لەجەلسەیەکی تردا باسی بکەین, هیچ مانعمان نییە, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە, ئێمە دەتوانین بەندێك زیاد بکەین, بۆ ئەوەی هەموو کێشەکان بە بیرو بۆچوونی من نازانم برا یاساییەکان دەتوانن ئەمە تەئکید بکەنەوە, ئێمە دەتوانین بەندێك زیاد بکەین, هەر یاساییەك دژ بەمە بێت, بەتاڵ دەبێتەوە و کاری پێ ناکرێت, دەتوانین بەندێکی بۆ ئیزافە بکەین, کێشەکەمان بۆ چارەسەر بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە, ئەو بەندەی کە دەڵێت( لا يعمل باي نص يتعارض مع هذا القانون), بەڵام شەرت نییە, وا تەفسیر بکرێ, کە ئەو نەصەی پێشتر موعاریزە لەسەر وەی, لەوانەیە یەکێك بڵێتن قائد جیاوازە و, مرئیسش جیاوازە, ئیلغاشی نەکەی دووشتی جیاوازە, من ئەو نەصەم پێ باشە کە بنووسرێت(لا يعمل باي نص يتعارض مع هذا القانون), بەڵام ئەو دوو قانونە هەر لەغوو بکرێت, ئیشیان پێ ناکرێت, هەردووکیان تەجمید کراون, بەڵام نابێت بمێنێ, کاك فەرسەت, فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونەکمان هەبوو مەسیلی ئەو قانونەیە, قانونی رقم(2)ی ساڵی 1992, ئەو قانونە تەجمید بوو, دەسەلاّتی ئەو قانونە دابەش بووە لەسەر سەرۆکی وەزیران و, سەرۆکی پەرلەمان, ئێستا ئەوەمان هێناوە هەمان دەسەلاّتە بە سەرۆکی هەرێممان داوە, ئەگەر قانونی رەقم (10) و, قانونی رقم(2) ئیلغا نەکرێت, یەعنی ئەو دەسەلاّتە دوو کەسی تر بەکاری دەهێنن, رەئیس پەرلەمان و, سەرۆکی وەزیران و, سەرۆکی هەرێم, ئەوە نابێت لە هەموو دنیا, مادام ئەو قانونە بەدیلی هەردوو قانونە, لازمە ئەو دوو قانونە لەغوو بکرێن, ئەوە بەدیهییاتە نیقاشیشی پێ ناوێت, بەرەئی من, برادەران دەڵێن با نەصێك دابنێین( لا یعمل بای نص), ئەو نەصەش دەتوانی دابنێین, بەلاّم مانای ئەوە نییە, ئیلغای قانونی رقم(2), بکەین.

**بەڕێز کریم بحری برادۆستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی لەو ئیشکالە قانونیە رزگار بین, پێشنیار دەکەم نەصەێك زیاد بکرێت ئەوەی تەعاروز بکات لەگەڵ ئەو یاسایە, ئیشی پێ نەکرێت, ئەمە یەك, دوو, ئیلغای ئەوانە بە قەرارێکی تری خاریجی ئەو قانونە, لە جەلسەیەکی تر کە دادەنیشین, ئەو دوو قانونە ئیلغا بکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هیچمان نەماوە, تەواو بووە. بەلاّم بۆ ئەوە قانونێکی ترمان دەوێت, بۆ ئەوەی ئەو قانونە کاری پێ بکرێت, لەبەر ئەوە دەبێت ماددەیەکی تر بنووسین, بڵێین فلاّن قانون و, فلاّن قانون بە تەعدیلاتییەوە ئیلغا دەکرێتن, بۆ ئەوەی بتوانین ئەو قانونە جێبەجێ بکرێت, ئەگەر موافقن دەستتان بەرزکەنەوە و, بە تێکرایی دەنگ پەسەند کرا, ناوی خوای لێبینین, ماددەیەکی تر, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئیقتیراحمان کرد, بۆ ئیلغای ئەو دوو قانونە بووە ماددەی هەژدە, ئێستا ماددەی نۆزدە دەخوێنمەوە.

المادة التاسعة عشرة:

على مجلس الوزراء وكافة الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوەش شتێکی رۆتینە, بەس (کافە)کەمان لابردووە, نایەوێت, نوقتەی نیزامت هەیە کاك طارق, ئێمە تەصویتمان کردووە, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەیەك هەیە کە لەبیرمان کردیە, لە قانونی رقم (2)ی ساڵی 1992 شتێك لەبیر کرایە, ئێستا تەرتیبمان کردیە, دەبێت ئەسباب موجەبەی بۆ دابنێین, ئەگەر داینەنێین, خەلەلێکی قانونییە, چونکە قانونەکە تۆکمە نابێت, هیچ قانونێکی ئلیغا بەبێ ئەسبابی موجبە نابێت, سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە لیژنەی قانونی دەکەین, کە دیباجەیەکی بۆ بنووسیت, سێ چوار دێر, بە قوەتی دەکات, ماددەی بیست, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة عشرين:

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية ((وقائع كوردستان)).

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

موافقن لەسەر ئەو ماددەیە, کەس ئیعتیرازی نییە, نییە, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, هەموو قانونەکە بە هەموو شێوەکانیەوە, بە تەعدیلاتەوە, بە وشەکانیەوە بە هەموو تەفصیلاتەوە, دەیخەینە دەنگدانەوە, چەند کەس رازییە, چەند کەس موعاریزە, نییە, هەموو قانونە بە کۆی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس, لەبەر ئەوەی سێ رۆژە زۆر زۆر ماند بووینە, ئەوەی سەفەری هەیە, با سەفەری خۆی بکات, هەفتە دادێت رۆژی یەك شەممە کۆدەبینەوە, هەم لەلایەك تەرتیبی جێبەجێ کردنی ئەم قانونە دەکەین, هەم لەلایەکی تر لیژنەکان دادەنێین, لەبەر ئەوەی ئەو ئیستمارەی کە پێتان دراوە بۆ تەرتیبی لیژنەکان بمان دەنێ, یان بیاندەنەوە مەسئوولی فراکسیۆنەکەی, رۆژی یەك شەممە سەعات 11 کۆبوونەوەمان هەیە, لەگەڵ رێزماندا.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله( د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**یەك شەممە ڕێکەوتی 2005/6/12**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4)

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2005/6/12

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2005/6/12 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كەمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(4)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن، ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2005/6/12 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕووی پاڵاوتنی ڕێزدار مەسعوود مستەفا بارزانی لە ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بۆ هەڵبژاردنی بە سەرۆكی هەرێمی كوردستان

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە هەڵبژاردنی پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، هەنگاوێكی گەورە بەرەو پێش دەچین، بۆ چەسپاندنی فیدراڵیەت لە كوردستانی عێراقدا، لە پاش پێكهاتن لەگەڵ ڕێككەوتن و هێزە سیاسیەكانی كوردستان، پاشی (13) ساڵ ئەزموون، پاشی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمان، هەموو لایەك ڕێككەوتین كە جەنابی كاك مەسعود وەكو مورەشەحی گەلی كورد، وەك مورەشەحی سەرۆكایەتی پەرلەمان، وەكو مورەشەحی ئەندامانی پەرلەمان تەرشیحی بكەین بۆ سەرۆكی هەرێمی كوردستان، لەبەر ئەوە من لێرەوە بەناوی ئێوەو بەناوی سەرۆكایەتی جەنابی كاك مەسعود تەرشیح دەكەم بۆ ئەو پۆستە پیرۆزە، بۆ ئەو مەنصەبە پیرۆزە، بۆ ئەو مەنصەبە گەورەیە كە گەلەكەمان چاوەڕوانی دەكات، ئەم بەیانیەش قسەم لەگەڵ جەنابی كرد، بەشێوەیەكی ئوسوڵی ئاگادارم كرد، ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێككەوتننامانە و ئەو بڕیارانەی پێشوو دراون، بەناوی پەرلەمانەوە، بەناوی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە جەنابی تەرشیح دەكەین، ئەویش بە خۆشحاڵیەوە قەبوڵی كرد، گوتی سوپاستان دەكەم، ئەمە ئەركێكی مێژوویيە لەسەر شانی من، قورساییەكی گەورەیە، مەسئولیەتێكی گەورەیە میللەت بە من دەسپێرن، ئینشائەڵلا لەگەڵ دامودەزگاكانی پەرلەمان و حكومەت پێكەوە ئەركەكانمان ئەنجام دەدەین، لەبەر ئەوە پاشی تەرشیح كردنی لەلایەن پەرلەمانەوەو قەبوڵ كردنی ئەو، من ئەو تەرشیح كردنە دەخەمە دەنگدانەوە، ئێوەی بەڕێز دەنگی لەسەر دەدەن، كێ موافیقە كە جەنابی كاك مەسعود بارزانی لەبەر ڕۆشنایی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان كە پێش چەند ڕۆژێك دەنگتان بۆ دا، لەبەر ڕۆشنایی بڕگەكانی ئەو یاسایەو، ئیلتیزام كردن بەو یاسایە، ببێت بە سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەستی بەرز بكاتەوە، دە پیرۆزە ئینشائەڵلا، پیرۆزبایی لە جەنابی كاك مەسعود دەكەین، پیرۆزبایی لە گەلەكەمان دەكەین، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاكی شەهیدان، كە ئەمڕۆ خەباتیان بە فیڕۆ نەچوو، ئەمڕۆ دەستكەوتێكی تر هاتە دی، ڕێز بۆ هەموو خەباتگێڕانی كوردستان، بۆ هەموو هێزە سیاسیەكان، كە لەبەر ڕۆشنایی ئەو خەباتە، ئەو ڕێزگرتنە، ئەوەتا گەلی كورد دەگاتە ئاواتەكانی و ریزەكانی پتەوتر دەبن، دەستكەوتەكانی گەورەتر دەبن، ئینشائەڵلا ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە هەنگاوێكی تر، بۆ پتەو كردنی ئەو ریزە، بۆ پێشكەوتنی خەباتەكانمان، بۆ چەسپاندنی فیدراڵیەت، بۆ نووسینی دەستوورێكی باش، كە تیایدا فیدراڵیەت بچەسپێت و، مافەكانی گەلی كورد و هەموو گەلانی عێراق بە ڕوونی دیاری بكرێت، بۆ ئەوەی ئەو خەباتە پتەوتر بێت و، گەڕاندنەوەی ناوچەكانی تری كوردستان، كە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە، وەك كەركووك و خانەقین و زمار و سنجار و ......هتد، چاوەڕوانی هیمەتی هەموو لایەك دەكەین، بۆ ئەوەی بەڕێگای یاساییەوە بە جێ بەجێ كردنی بەرگەی (58) لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی كاتی، وەزعەكە ئاسایی بكرێتەوە، خەڵكەكە ئازادانە دەنگ بدەنەوە بە بڕیاری خۆیان بگەڕێنەوە هەرێمی كوردستان، دیارە تەبیعی ئەمڕۆ بڕیار وا بوو، كە پاشی دانیشتنی ئێمە

مەراسیمی سوێند خواردنی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعود بارزانی دەست پێ بکات, بەڵام لەبەر ئەوەی وەزعی بەغدا لە رووی کەش و هەواوە لە دوێنێەوە تۆزو بایەکی یەکجار ناخۆش دەستی پێ کردووە, تەیارە نەیتوانیوە بنیشێتەوەو, نەیتوانیوە بفڕێت, تا ئەمڕۆ بەیانیش تا سەعات (10)ش ئێمە لە پەیوەندی دابووین, بۆ ئەوەی ئەو مێوانانەی کە بڕیاریان دا بوو بەشداری بکەن لەو مەراسیمە, لە بەرزترین دەستەڵاتی عێراقەوە جەنابی سەرۆکی کۆمار مام جەلال, سەرۆکی وەزیران, سەرۆکی جەمعیەی وەتەنی عێراقی, مێوانێکی یەکجار زۆر, کە هەموویان بەتەما بوون, ئەمڕۆ لێرە بن و بەشداری لەو مەراسیمە بکەن, لەبەر ئەو وەزع و هەوایەی بەغدا نەیانتوانی بەشداری بکەن, داوایان لە ئێمە کرد, ئەگەر بکرێتن مەراسیمی سوێند خواردن و ئەو موناسەبەتەی کە تیایدا جەنابی کاک مەسعود دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوا بخرێت, بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن لەم رۆژە مێژووییەدا بەشداری بکەن لەگەڵ گەلی کوردستان, پیرۆزبایی لە جەنابی کاک مەسعود و لە گەلی کوردستان بکەن, بەم سەرکەوتنە گەورەیە, ئێمەش لەبەر ئەوەی دەمانەوێت ئەو موناسەبەتە ببێتە موناسەبەتێکی مێژوویی بۆ گەلەکەمان, دەنگدانەوەکەی گەورەتر بێت, مانایەکەی گەورەتر بێت, ببێتە هەنگاوێك بۆ گەیشتن بە ئەمانجەکانمان, مەراسیمی سوێند خواردن و وتار دوا خرا بۆ رۆژی سێ شەممە, واتا سبەی نا دوو سبەی, لەبەر ئەوە داوای لێبووردن دەکەین لەو مێوانانەی لە دوێنێوە لێرە حازرن, بەڵام تەقدیر دەکەن, کە ئەو دوا خستنە قازانجی گەلەکەمانی تێدایە, قازانجی خەباتەکەمانی تێدایە, فورسەتێکیشە بۆ ئەو مێوانە ئازیزانە کە بەشداری بکەن لەو مەراسیمە, لە هەمان کاتدا ئێوە لێرە بن رۆژی سێ شەممە کاتژمێر (12) ئینشائەڵلا بەشێوەیەکی موناسیب و لەگەڵ موناسەبەتەکە و وەزعەکە بگونجێت, مەراسیمەکە بەڕێوە دەچێت, بە عەرەبیش دەمەوێت هەندێ سەحافە لێرە هەیە هەندێ قسەیان بۆ بکەم:

اليوم يوم عظيم في تاريخ الشعب الكردي وفي تاريخ النضال الكردي, وفق القانون الذي اقره البرلمان الكوردستاني قبل يومين, تم ترشيح انتخاب الرئيس مسعود البارزاني رئيسا لاقليم كوردستان العراق, لكن كان مقررا ان يكون موجودا بيننا في جلسة ثانية لاتمام مراسيم اداء اليمين بحضور الضيوف الكرام, والقاء الخطب السياسية, ولكن الوضع المناخي في بغداد جعل حضور الضيوف الكرام من بغداد, وعلى رأسهم رئيس الجمهورية, ورئيس المجلس الوطني, ورئيس الوزراء, وعدد كبير من السفراء متعذرا, حيث ان بغداد تشهد عاصفة منذ يوم امس, تجعل هذه العاصفة الطيران غير ممكنا, اليوم هذه العاصفة مستمرة وباللهجة البغدادية يسموها العجاج, فلذلك نأسف ونعتذر, لاننا قررنا تأجيل مراسيم اداء اليمين والخطب السياسية الى يوم بعد الغد الثلاثاء, نرجو لكم طيب الاقامة في اربيل, وحضور في البرلمان يوم الثلاثاء الساعة (12) ظهرا, وشكرا, الاخ نائب الرئيس د. كمال لديه ايضا كلمة يحب ان يوجهه اليكم.

کاك دکتۆر کەمال وتارێکی هەیە دەیەوێت پێشکەشتان بکات با بفەرمووێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

کوردستانی سەربەرز و سەربڵند, بەم بۆنە پیرۆزە, بەم بۆنە مێژووییە لە تاریخی نەتەوەکەمان, لە تاریخی کورد و کوردستان, بەبۆنەی هەڵبژاردنی رێزدار کاك مەسعود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان, پێش هەموو شتێك پیرۆزبایی دەکەم لە کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکان, ئەو شەهیدانەی کە گیانیان بەخشی لە پێناوی مافی نەتەوەکەمان, لە پێناوی ئازادی, لە پێناوی رۆژێکی ئەوها, قوربانی رۆڵەکانیان بەفیڕۆ نەڕۆیی, ئەمڕۆ پێشمەرگەیەکی سەربەرز و سەر بڵند دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان, هەروەها پیرۆزبایی دەکەم لە یەکە یەکەی پێشمەرگەکانی کوردستان, لەهەر شاخێك بن, لە هەر شوێنێك بن, لە هەرماڵێك بن, لە هەر وڵاتێك بن, ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە گیانیان بەخت کرد بۆ رۆژێکی وا, رێزدار کاك مەسعود بارزانی خۆشی دائیمەن بە پێشمەرگەیەکی کوردستان زانیوەو, لەلای هەمووشمان پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان تانجی سەری هەر هەمووماونن و, بەو بۆنەیەوە, بەو بۆنە پیرۆزەیەوە, بەو بۆنەیەی ئاواتیان بەدی هات پڕ بەدڵ پیرۆزباییان لێ دەکەم, ئینجا پیرۆزبایی دەکەم لە یەکە یەکەی رۆڵەکانی گەل و نەتەوەکەمان لە خوشك وبرایەکان لە کوردستانی عێراق, لە هەر پارچەیەکی

**تری کوردستان, له هەر شوێنێکی تری دنیادا, بەم بۆنە پیرۆزە کە ئەمڕۆ کاك مەسعود بارزانی لە ڕۆژێکی وا پیرۆز بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان, کە نوێنەری راستەقینەی میللەتی ئێمەیە هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان, ئینجا پیرۆزبایی لە ئەم خوشك و برا بەڕێزانە دەکەم و, پیرۆزبایی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و, پیرۆزبایی لە خۆمیش دەکەم پڕ بەدڵ, ئینجا پیرۆزبایی لە جەنابی ڕێزدار کاك مەسعود و بنەماڵەی بارزانی دەکەم, بەبۆنەی هەڵبژاردنی ئەو ڕێزدارە بۆ ئەو پۆستە پیرۆزە, پیرۆزبایی دەکەم لە گشت خوشك و برا مەسیحیەکان, کلدان و ئاشووری و ئەرمەنی, خوشك و برا تورکمانەکان ئەمانەی سەر ئەم زەمینە بە هێنانی بارزانی و ڕێبازەکەی و پرۆسەی ئازادی ئەمڕۆ کوردستان  زامنێکە بۆ پاراستنی مافەکانیان لەسەر ئەم زەمینە, یەکسانی هەموو کورد و تورکمان و عەرەب و ئاشووری و ئەرمەنییەکان و هەر کێ تر بێت, لەم کاتە پیرۆزە بە ئاشتی بە دیموکراتی لەگەڵ خوشك برایەکانمان بین, خوشك و برایانی بەڕێز شاراوە نییە, کە ئەمڕۆ ئێمە کیانی کورد لە هەلومەرجێکی تایبەت بەناسینی مێژووی گەلەکەمان, ئەمڕۆ لە ئاستی سەرکەوتن دیارین, بەلاّم ڕێبازەکەمان زۆر سەختە, زۆر ناسکە و, ئەم سەرکەوتنە, ئەم پەرلەمانە, ئەم هەڵبژاردنەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی کۆماری عێراق, ڕێزدار مام جەلال کە سەرۆك کۆماری عێراقە و, ئەو خۆشك و برایانەی ئەمڕۆ وەزیرن لە بەغدا, ئەوانەی ئەندامی  ئەنجومەنی نیشمانین لە بەغدا, هەموو سەبەبەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەك هەڵوێستی ڕۆڵەکانمان, هەر حزبێك هەرچەند بەهێز بێت, بیەوێت دادوەری بکات, بیەوێت تەنها خۆی فەرز بکات و خۆی بچەسپێنێ لەسەر موقەدەراتی میللەتەکەمان, ڕۆژێکی ڕەش و تاریك چاوەڕوانی دەبێت و هیچ بە هیچ ناکات, بۆیە تەنها و تەنها یەك هەڵوێستی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان, ڕێزگرتن لە هەموو لایەنێکی سیاسی و نەتەوەیی و فرە دینی تری کوردستان, مایەی هێز و سەربەرزی و سەرکەوتنە بۆ ئێمە, ئەمڕۆ ئەم دانیشتنەمان پێویست بوو, کە قەرار بوو لەگەڵ ئێمە لە دوای ئەم دانیشتنە, بۆ دانیشتنی دووەمی پاش نیوەڕۆ, بۆ سوێند خواردنی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان, کە هەڵبژێردراو دەنگی پێدرا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بانگ بکرێت, زۆر لایەنی سیاسی و دیبلۆماسی و, دڵنیام لە هیندەوە بگرە هەتا  صین و, تا روسیا و, تائەوروپا و, تا ئوستورالیەکان و شوێنەکانی تر, داوایان کرد کە ئەمڕۆ لەم مەراسیمە پیرۆزە لەگەڵ میللەتەکەمان بەشدار بن, بەلاّم بەداخەوە وەکو ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان, کاك عەدنان فەرمووی ئاوو هەوای بەغدا تەواو نییە, ئێمە لە دوێنێوە پەیوەندیان لەگەڵ دەکەین, کە باوو تۆزێکی زۆر بووە سەبەبی ئەوە, کە کۆپتەرەکان نەیانتوانی بفڕن و دابەزن, بۆیە داوایان لە ئێمە کرد, تکایان لە ئێمە کرد, کە پێیان خۆشە لە ڕۆژێکی وا مێژوویی لە مێژووی میللەتەکەمان بەشدار بن, ڕێزگرتن بۆ ئەوان و بۆ ڕۆڵەکانی تری میللەتەکەمان, بۆیە بڕیارماندا تەئجیلی بکەین بۆ ڕۆژێکی تر, لەکاتی پێویستیش ئەو بەڕێزانە ئاگادار دەکەینەوە, برا و خوشك و کەسوکاری شەهیدەکانی کوردستان و, پێشمەرگە کوردستانیەکان و, ئەندامانی پەرلەمان و هەر کەسێ لەو مێوانانە, دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەم, بە حەقیقەت ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر بەرزە لە مێژووی میللەتەکەمان, لە پێشمەرگەی کوردستان, کە دوژمنان بە هەموو شێوەیەك پیلانیان گێڕا بۆ نەهێشتنی میللەتەکەمان, بۆ کیمیابارانی کوردستان, بۆ ئەنفال, بۆ گۆڕی بە کۆمەڵی خوشك و برایەکانمان, وایان دەزانی بە هێزی چەك و ئەوانە, ئەم میللەتە چۆکی پێ دادەدەن و, نەتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکات, بەلاّم ئەوە هەمووی ئاشکرا بوو بۆ ئەوانیش, ئەوانەی ئیمانیان بە چەك و زۆرداری هەبوو, ئەمڕۆ لە شوێنێکن کەس حەسوودی بە جێگاکەیان نابات, ئەوانەی بیری دیموکراتیان هەبوو, دەیانویست ئازادی لەگەڵ میللەتانی تر خزمەتی ئینسانیەت و مافی خۆیان بەرز بکەن و بە سەربەرزی بژین, ئەمڕۆ سەرکەوتن و لە دنیای ئەمڕۆدا دەنگ و ناویان بەرزە و ئالاّکەشیان شەکاوەیە, دووبارە پیرۆز بێت لە ئێوەو, پیرۆز بێت لە سەرۆکی هێژا, هەر شەکاوەو بەرز بێت ئەم ئالاّ پیرۆزە جوانەی کوردستان, سوپاس بۆ یەزدان ئەمڕۆ سەرۆکایەتی کورد دەست بالاّیە بۆ بنیادنانەوەی عێراق و, سەرۆکی هێژاش دەست نیشان کرا بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان, بۆ زەمانەتی مافی میللەتەکەمان, بۆ نووسینەوەی دەستوورێك کە بگونجێت و کەم نەکاتەوە لە مافی میللەتی ئەم کوردستانە, کوردستانیش ئەمڕۆ پێویستی بە هەموو خوشك برایەك هەیە, بە بیرێکی شاد, بە بیرێکی قوول بیر لە بەرژەوەندی کوردستان بکەنەوە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

**دیارە دەزانم زۆر کەس هەیە حەز دەکات لەو موناسەبەیە قسە بکات, تەعبیر لە هەستی بکات, یاخود بروسکەی هەیە, بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەم مەراسیمە بۆ دوو سبەینێمان هێشتۆتەوە, هەرچی بروسکەی هەیە, یان وتارێکی هەیە, بۆمان بنووسێت و ئاماژەی پێ دەکەین, دیارە نیوەڕۆش ئێوە مێوانی ئێمەن کە وا بڕیار بوو, ئێستاش ئەو بڕیارە هەر ماوەتەوە لە خزمەتتان داین, پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنین, دەمەوێت بەناوی سەرۆکایەتی و بەناوی ئێوەش هەموو ڕێگایەك ڕوون بکەم, بەتایبەتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن, لە پێش هەمووشیانەوە کەناڵی کوردسات و کەناڵی ئاسمانی کوردستان, کە ڕاستوخۆ ئەم دانیشتنەی بلاّو کردۆتەوەو پەخش کردووە, ئومێد دەکەم سەرکەتوو بن, چونکە ئەوان دەسەلاّتی چوارەمی حەقیقین, دەنگی ئێمە بەڕێگای ئەوانەوە دەگاتە میللەت, دەگاتە کۆمەلاّنی خەلّك, ماندوو بوونیان لەبەر چاومانە, هەر لە خۆشی و سەرکەوتن دابن, کۆتایی بەم دانیشتنە مێژووییە دێنین, ئینشائەڵلاّ دەبێتە هەنگاوێك بەرەو سەرکەوتن و هەربژین و سوپاستان دەکەم.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكي)** | **عدنان رشاد مفتي** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 2005/6/14**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (5)

# سێ شەممە ڕێکەوتی 2005/6/14

کاتژمێر (12)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2005/6/14ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی) جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردنی, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی ماددە(20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتی(12)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2005/6/14دا بەم شێوەیە بێت:

1- کردنەوەی دانیشتنەکە بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز.

2- یەك دەقیقە بێدەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنانی گیانی پاکی شەهیدان.

3- خوێندنـەوەی بڕیـاری ژمـارە(3) ڕۆژی 2005/6/12ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی- عـیراق تایبـەت بـە هەڵبژاردنی ڕێزدار مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

4- بانگ کردنی ڕێزدار مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سوێندخواردنی یاسایی.

5- پەیڤی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عیراق بەم بۆنەیەوە.

6- پەیڤی ڕێزدار سەرۆکی کۆماری عیراقی فیدراڵ.

7- پەیڤی ڕێزدار سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق.

8- پەیڤی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری عیراقی فیدراڵ.

9- پەیڤی ڕێزدار نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

10- پەیڤی ڕێزدار نوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

11- پەیڤی ڕێزدار نوێنەری بەریتانیا.

12- پەیڤی ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

13- کۆتایی هاتنی دانیشتنەکە بە ئاوازی سروودی نیشتمانی عیراقی و ئەی ڕەقیب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بـەناوی گـەلی کوردسـتان, خـولی دانیشـتنی ژمـارە (5)ی ڕۆژی 2005/6/14ی پەرلـەمانی کوردسـتان دەکەینـەوە, بەرنامـەی کـار بـەپێی حـوکمی بڕگـە(1)ی مـاددە(20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە(1)ی هـەموار کـراو سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتیی ئەنجومـەن بڕیـاری دا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمارە(5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (1)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شـەممە ڕێکـەوتی 2005/6/14 دا بـە خوێندنەوەی چەند ئایەتێکی پیرۆز بکاتەوە.

**بەڕێز مەلا جرجیس:**

چەند ئایەتێکی قورئانی خوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مەلا جرجیس, بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق دەقیقەیەك بە بێ دەنگی بوەسـتین, سوپاسـتان دەکەین فەرموون.

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

بەڕێز جەنابی مام جلال تاڵەبانی سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ.

بەڕێز جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بەڕێز د.حاجم ئەلحەسەنی سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقی.

بەڕێز د. عادل عبدالمهدی و شێخ عجیل ئەلیاوەر جێگرانی سەرۆکی کۆماری عێراق, و هەردوو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران, وەزیرە بەڕێزەکان و ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق, بەڕێز مامۆستا حەمادی سەرۆکی لیژنەی نووسینەوەی دستووری عێراقی تازە, بەڕێزان بالۆیزانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و سەرجەم وڵاتە دۆست و هاوپەیمانەکان. بەڕێزان سکرتێرو لێپرسراو و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و سەرجەم لایەنە سیاسیە کوردستانی و عێراقییەکان. بەڕێزان نوێنەرانی باڵێوەزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و روسیا و چیك ومیسر و چین و هیندستان و ئێران و یۆنان.

میوانە بەڕێزەکان:

بەناوی گەلی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە بەخێرهاتنی گەرمتان لێدەکەم, سوپاسی ئامادەبوونتان لێ دەکەم, بەبۆنەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان, کە لەدوورەوە ئەرکتان کێشاوە بۆ ئامادەبوون لە مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی کاك مسعود بارزانی, ئەمەش نیشانەی پشتگیری و دڵسۆزیتانە بۆ خەباتی گەلی کوردستان و, وەفادارییە بۆ ئەو پەیوەندییە مێژووییانەی کە لە نێوان گەلی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی عێراق و دۆستانی گەلەکەمان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و گشت لایەنەکانی تر, کە بەیەکەوە توانرا رژێمی دیکتاتۆری سەدام لەناوبەرین, بەیەکەوەش پابەند بە پرەنسیپەکانی خەباتی هاوبەش هەنگاو بۆ بنیاتنانەوەی عێراقێکی تازە بنێین, کە عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ بێت.

ئەمرۆ بەرۆژێکی تری مێژوویی لە ژیان و خەباتی نەپساوەی گەلەکەمان دەژمێردرێ, کە تیایدا بەڕێز جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی دەخوات و دەست بەکار دەبێت, بەمەش خەباتی میللەتەکەمان دەچێتە قۆناغێکی نوێی تێکۆشانی کوردایەتی. کە موژدەیەکی گەورەیە بۆ جەماوەری کوردستان و هەموو دۆستانی گەلەکەمان, هەروەها دووپاتکردنەوەی ئەو راستیەشە کە ئەمرۆ گیانی تەبایی و ئاشتی و برایەتی لە نێو کورددا, لە هەموو کاتێك بەهێزترە.

بەم هەنگاوە مێژووییەش گیانی دەیان هەزار شەهید و قوربانی گەلەکەمان ئارام و ئاسوودە دەکەین, دڵنیایان دەکەینەوە کە خوێنی ئەوان و فیداکاری و خەباتی بێوچانی ئەوان و سەرجەم تێکۆشەرانی گەلەکەمان بە فیڕۆ نەچووە, بۆیە جێگای خۆیەتی لێرەدا پیرۆزبایی گەرم لە کەسوکاری سەرجەم شەهیدانی گەلی کوردستان و عێراق بکەین.

دیارە دانانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی جەنابی کاك مسعود بەسەرۆکی هەرێم, لە چەندین رووەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە, لە پێش هەموویانەوە بەدی هێنانی خەون وخواستێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستانە, هاوکاتیش دەبێتە هۆی بە هێزکردنی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) لە هەرێمی کوردستاندا. لەم قۆناغە هەستیارو گرنگەی خەباتی گەلەکەماندا هەڵبژاردنی جەنابی کاك مسعود وەك کەسێکی شایستە بۆ ئەم پۆستە, هەنگاوێکی مێژوویی بە جێیە, چونکە بەڕێزی یەکێکە لە تێکۆشەرە گەورەکانی گەلەکەمان کە تەواوی ژیانی خۆی لە نێو خەبات و تێکۆشان و شۆڕشدا بەسەر بردووە, هەر بۆیەش پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری هەڵبژێردراوی گەلی کوردستانە, بە تێکڕای دەنگ متمانەی پێدا.

ئەمرۆ لە کاتێکدا جەماوەری میللەتەکەمان, بەبۆنەی ئەم هەڵبژاردنە و دەستکەوتەکانی تری گەلەکەمان, یەك دەنگ و یەك رەنگ دڵخۆش و ئاسوودە, ئاهەنگ دەگێڕن, هاوکاتیش چاوەڕوان دەکەن سەرۆکی هەرێم وەك بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردن, رۆڵی گرنگ ببینێ لە پیادە کردنی یاساو دابینکردنی دادپەروەری و چەسپاندنی زیاتری ئازادی و دیموکراتیەت لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا, ئەگەرچی ئەم هەڵبژاردنە ئەرکی بەڕێز کاك مسعود قورستر دەکات, بەڵام دڵنیاین کە ئەو لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییە مێژووییەدایە کە پێی سپێردراوە, بە هاوکاری و هاوخەباتی هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکان سەرکەوتوو دەبێت. کۆمەڵانی خەڵکیش چاوەڕوانی هیمەت و هەنگاوی زۆری لێ دەکەن, کە چەتری هەموو رەنگ و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بێت.

به هیممەت و کۆششی جەنابی و هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان بەزووترین کات حکومـەتی یـەکگرتووی کوردسـتان دەست بە کاربێـت و سـەرجەم کێشـەکان چارەسـەر بکـرێن, بـۆ ئـەوەی هـەمووتواناکانمان بـۆ خزمـەتکردنی کۆمـەڵانی خـەڵك و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان بکەین.

بەرێزان 

راستە کورد دەستکەوتی گەورەی لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەدەست هێناوە, بەڵام هێشتا زۆر خواست و ئاواتی گـەورەو دێـرینی گەلەکـەمان بەدینـەهاتوون. بۆیـە بـە یـەکێتی نێوانمـان, بـە کۆشـش و خـەباتی نوێنـەرانی کـورد لـە کۆمەڵـەی نیشتمانیی و حکومەتی عێراقی فیـدراڵ, لـە پێشـیانەوەش جـەنابی مـام جـلال سـەرۆك کۆمـاری عێـراق و جـەنابی کـاك مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان و پشـتگیری تـەواوی پەرلـەمان و حکومـەنی هـەرێمی کوردسـتان, دەتوانـرێـت گشـت مافەکانی گەلەکەمان لە دەسـتووری عێراقـی نوێـدا بچەسـپێنین, و سـەرجەم ناوچـەکانی تـری کوردسـتان بـە کـەرکووکی خۆشەویستەوە بگەرێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردسـتان, لـە رێـی جێبـەجێکردنی مـاددەی (58) لـە یاسـای کـاتی ئیـدارەی دەوڵەتی عێراق, کە بەداخەوە هێشتا لە لایەن حکومەتی فیدراڵیەوە هەنگاوی جدی بۆ نەنراوە.

بۆیە ئەم بۆنە پیرۆزە مێژووییە بە دەرفەتێك دەزانین, بۆ ئەوەی بە ناوی گەلی کوردستانەوە, داوا لـە حکومـەتی بـەرێز د. ئیبراهیم جەعفەری بکەین, کە هەرچی زووە بڕیار بدات لیژنەی تایبەت بە جێبـەجێکردنی مـاددەی (58) و ئاسـایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکووك دەست بەکاربێت, بۆ ئەوەی ئەو زوڵمەی کە رژێمی سەدام لە خەڵکی دێرینی ئەم شـارەی کردووە چیتر بەردەوام نەبێت و دوای ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکەی, کەرکووك بکەینە شاری ئاشـتی و پێکـەوە ژیـانی برایانە و هەمووﻻ رێز لە ئیرادەی راستەقینەی خەڵکەکەی بگرن.

لەکۆتاییشدا جارێکی تر پیرۆزبایی لە جەنابی کاك مسعود بارزانی دەکـەین بـە بۆنـەی هەڵبـژاردنی بەسـەرۆکی هـەرێمی کوردستان و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

پیرۆزبێت لە یەکێتی و پارتی و لە هـەموو هێـزو لایەنـە سیاسـییە کوردسـتانیەکان, پیرۆزبێـت لـە گەلەکـەمان بـەکورد و تورکمـان و کلـد و ئاشـور و عەرەبـەوە, سـەرکەوتووبێت خـەباتی دیموکراسـیانەی گەلەکـەمان, لـە پێنـاو چەسـپاندنی فیدراڵیەت و دامەزراندنی عێراقێکی دیموکرات و ئارام, دوور لە هەرەشەی ناحەزان و تیرۆریستان. زۆر سوپاس. ئیجازەم بدەن بە عەرەبیش بەخێرهاتنی میوانە بەرێزەکان بکەم.

باسم رئاسة برلمان كوردستان و باسم اعضاء البرلمان ارحب بالسادة ضـيوفنا الكـرام الـذين اشـرت الى اسمائهم و نقـدر عاليـا هذا الحضور الذي يعبر عـن التضـامن و تأييـد نضـال شـعب كوردسـتان مـن اجـل الديمقراطيـة و الفيدراليـة و بنـاء العـراق الديمقراطي الموحد, هذا الحضور يعبر ايضا عن الـتلاحم الكفـاحي التـاريخي بـين تكوينـات الشـعب العراقـي عمومـاً عربـا و كوردا و توركمانا وكلد و آشوريين, يعبر عن الماضي الطويـل مـن النضـال الـذي خضـناها سـوية ضـد الديكتاتوريـة الفاشـية, كذلك يعبر عن الارادة الموحدة نحو المستقبل لبناء العراق الجديد الذي نـريده ان يكون عراقاً للجميع, سنسـير معـاً مـن اجـل العراق القـادم, العـراق الـديمقراطي الفيـدرالي الـذي يحقـق الديمقراطيـة و التعدديـة و يحـافظ علـى خصوصـيات تكويناتـه السياسية و القومية و الاجتماعية, نـرجو لكم طيبة الاقامة و سوف يبقى هـذا الحضـور و هـذا المهرجـان الكـبير رمـزا آخـر لهذه الوحدة و يوماً اخر من الايام المجيدة التي تجسد هذه الوحدة و تجسد هذه الارادة نحو المستقبل, فـأهلاً وسـهلا بكـم في كوردستان.

ئێستاش دەقی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بە کوردی و بەعەرەبی دەخوێنینەوە, دواتریش جەنابی کاك مسعود دێت بۆ سوێند خواردن.

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

ژمارەی بڕیار: 3

رۆژی بڕیار: 2005/6/12

بڕیار

پشت بەحوکمەکانی بڕگە (1) ی ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992و بڕگە (1) ی ماددە (13) و ماددەی (17) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005, ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی 2005/6/12 دا , ئەمەی خوارەوەی بڕیار دا:

یەکەم: هەڵبژاردنی رێزدار مەسعود مستەفا بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق.

دووەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی 2005/6/12 وە کاری پێ دەکرێت و لەرۆژنامەی رەسمی وەقایعی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە.

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار: 3

تاريخ القرار: 2005/6/12

قرار

استناداً لاحكام الفقرة (1) من المادة (56) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل والفقرة الاولى من المادة (13) و المادة (17) من القانون رقم (1) لسنة 2005, قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ 2005/6/12 مايلي:

اولاً: انتخاب السيد مسعود مصطفى البارزاني رئيساً لاقليم كوردستان العراق.

ثانياً: يعتبر هذا القرار نافذا من تاريخ 2005/6/12 و ينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق.**

نرجو من السيد مسعود البارزاني رئيس اقليم كوردستان ان يتقدم لأداء القسم القانوني.

**بەڕێز مسعود بارزانی/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان, من کە ناوم مسعود مستەفا بارزانی سوێند بێ بە یەزدانی مەزن کە ماف و دەستکەوت و یەکێتی و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بپارێزم و بە راستگۆیی و دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی سەرشانم جێ بەجێ بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش سوێند خواردنی جەنابی سەرۆکی هەرێم, بەرنامەی وتاری میوانەکان دەست پێدەکات, لە پێش هەموویانەوە جەنابی مام جلال سەرۆکی کۆماری عێراق وتارێك پێشکەش دەکات با بفەرمێ.

**بەڕێز مام جلال تاڵەبانی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**برای خۆشەویست کاك مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**ئامادەبوانی بەڕێز**

خۆشحاڵم بەم بۆنە مێژوویییەوە پیرۆزبایی لە خۆمان و ئێوە و گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و تەواوی هاووڵاتیان و دواتر جەنابی کاك مسعود بارزانی بکەم بە هەڵبژاردنی بەڕێزیان وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەو هەڵبژاردنەی بە تێکڕای دەنگ ئەنجامدرا ئاماژە و دەلالەتی گرنگی هەیە, وێڕای متمانەی تەواوی حزب و نوێنەرانی گەلی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە کاك مسعود بارزانی, ئەم بڕیارو هەڵبژاردنە یەکێتی هەڵوێست و ریزەکانی کورد دەردەخات کە بناغەیەکی پتەوی یەکێتی هەڵوێستی دروستی عێراقە, لە هەمانکاتدا ئەمە دووپاتی دەکاتەوە کە گەلی کورد رێز لە رۆڵە قارەمانەکانی دەگرێ و هاوکات خەمخۆری یەکبوونیشیەتی لەگەڵ

گەلی عەرەبی برا لە عێراق و مەبەستیەتی فاکتەرێکی گرنگ بێ بۆ پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانیی عێراق, هەروەها کوردستانی عێراق بەشێکی گرنگی پێکهاتەی ئێستای دەوڵەتی عێراق پێکدێنێ. ئاماژەیەکی دیکەی ئەو هەڵبژاردنە تێکڕاییە لەوەدایە کە میللەت کاتێك بەرپرسیارییەتیەکان بەسەر رۆڵەکانیدا دابەش دەکات, ئەرکیان پێ دەسپێرێ, چونکە پلەو پایە لەلای ئەو خەباتکەرانەی ژیانی خۆیان لە دۆڵ و چیاکان وەکو پێشمەرگەی قارەمان بەسەر بردووە, سپاردنی ئەرکێکە پێیان و تەشریفێکیشە بە دەسکەوتێکی نیشتمانیی و راسپێردراو دەبێ بە دڵسۆزی و ئەمانەتەوە جێبەجێ بکات.

من لەو باوەڕەدام کاك مسعود بارزانی شایستەی ئەو ئەرکەیە و بەشێوەیەکی دروستیش ئەرکەکە جێبەجێ دەکات, لەوبۆنە خۆشەدا دەمەوێ ئەوەش دووپات بکەمەوە کە ئەو دەسکەوتە مایەی پتەوتر بوونی یەکێتی نیشتمانیی عێراقە, یەکێتی راستەقینەی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان ئەو یەکێتیەیە کە لەسەر بنەمای یەکێتی هەڵبژاردن و ئیرادەی ئازادەوە سەر دەگرێ, ئەو ئیرادە ئازادەش لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە تەنانەت لە رۆژە رەشەکانی سەردەمی رژێمی سەدامی دیکتاتۆریش دەربڕاوە, ئەوە بوو بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەرمانەوەی لە چوارچێوەی عێراق دا, لەسەر ئەساسی یەکێتییەکی فیدراڵی, بەڵام لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیدا, ئەو هەنگاوەی ئێستاش کە ئامانجێکی دیکە بۆ میللەتی کورد دەستەبەر دەکات و لە هەمانکاتدا هێنانەدی ئامانجێکی دیکەی گەلانی عێراقە, کە دەخوازرێ عێراقێکی فیدراڵی دیموکراسی بێت و تیایدا هەموو عێراقییەکان لە زاخۆوە تا بەسرا بەو مافانە شاد بن کە شایستەی مرۆڤی ئەو سەردەمەن و بۆ ماوەی دوورو درێژ گەلانی عێراق لێیان بێبەش کراون. بنەمای فیدراڵی بڕیار لەسەر دراویش بۆ عێراق رێگەی داوە کە هەموو سێ پارێزگایەك هەرێمێك بۆ خۆیان دابمەزرێنن ئەگەر بە زۆرینەی دەنگ بڕیار لەسەر ئەو داواکاریە بدرێ, کوردستان لە رابردوودا پەناگەو شوێنی ئازادیخواز و خەباتکەرانی عێراق بووە, شۆڕشی تازەش کە لە چیاکانی کوردستان بەرپا بوو, لە سروشت ودروشم و ئامانجەکانیدا شۆڕشێکی عێراقی بووە و تیایدا خەباتکارانی عێراق بە تەواوی بیر و بۆچوونەکان بەشداربوون, کوردستانی ئازادیش وڵاتی تەواوی ئازادیخوازانی عێراق بووە, ئەوانەی نەیانتوانیوەلە ناوچەکانیاندا بە مافەکانیان شاد بن, بەڵام لە کوردستانی عێراقدا بە ئازادیەکی تەواو شاد بوون, بۆیە پێمان وایە ئەزموونی دیموکراسیانەی کوردستان دەشێ بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەك بۆ ئەزموونی چاوەڕوانکراوی دیموکراسی لە عێراق, ئەم هەنگاوەش دەتوانێ ببێتە پێشەنگ و دەکرێ گەلانی عێراق سوودی لێوەربگرن.

خۆشەویستان

بەرلەوەی بە کوردی قسە بکەم, دەخوازم پێتان رابگەیێنم کە دوێنی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم لە سەرۆك بۆشەوە پێوەکرا و تیایدا بەڕێزیان رایسپاردم کە رێز و سڵاو و بایەخ و پشتگیری خۆی بە ئێوەی نوێنەرانی گەلی کورد و خەباتی میللەتی کورد لە پێناوی دیموکراسی و مافەکانی لە چوارچێوەی عێراقدا بگەیێنم, هەروەها رایسپاردم پیرۆزبایی ئاراستەی کاك مسعود بارزانی بکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان, سەرۆك بوش دووپاتیشی کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵی سەرکردایەتی کورد بەرز دەنرخێنێ و بە ئازاش وەسفی کرد, لە هێنانەدی یەکێتی نیشتمانیی لە کوردستان و عێراقدا,  ئەو سەرکردایەتییەی سەرۆك جۆرج بوش پێی وایە ئەرکێکی گرنگی لە ئەستۆدایە کە بریتیە لە بەشداریکردنی جیدی لەسەرخستنی ئەرکی دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق پەنا بە خودا, هەروەها رایسپاردم پێتان رابگەیێنم کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام دەبێ لە پشتگیری کردن لە خەباتی گەلانی عێراق, لە پێناوی هێنانەدی عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵی یەکگرتوو  و سەربەخۆ و گەشەسەندوو, لەبەرامبەریشدا بەناوی ئێوە سوپاسگوزاری زۆرم بەرامبەر بە هیوا و پیرۆزباییەکەی دەربڕی, لەو باوەڕەدام ئەمە خەڵاتی خەباتی ئێوەو گەلی کورد و عەرەبە وەك چۆن رێزلنانێکیشە بۆ هەوڵ و کۆششەکانی ئەوانەی خزمەتی ئەم گەلەیان کردووە. نامەوێ لەوە زیاتر بە زمانی عەرەبی درێژە بە قسەکانم بدەم, بەڵام دەمەوێ دووپاتی بکەمەوە کە ژیان دەریخست برایەتی عەرەبی – کوردی زەرورەتێکی مێژوویی و  بەردی بناغەی یەکێتی نیشتمانیی عێراقە و یەکگرتوویی خەباتی عەرەبی – کوردی و تەواوی هاووڵاتیانی دیکەی عێراق, مەرجێکی بنەڕەتیشە بۆ خێری

هەموومان, مێژوو دەریخست کە یەکگرتوویی و هاوکاریکردن لە نێوان تەواوی نیشتمانپەروەرانی عێراق ( بە عەرەب و کورد و شیعە و سوننە, مەسیحی و موسڵمان, کلدو ئاشوور و تورکمان وهی تر) مەرجی سەرەکی سەرکەوتن و هێنانەدی ئامانجەکانمانە لە ئایندەیەکی نزیکدا پەنا بەخوا, بۆیە داوا لە هەمووتان دەکەم یەکێتی نیشتمانیی پتەوتر بکەن و ئەو بۆنە مێژووییەش ببێتە هەنگاوێکی گرنگ بەرەو ئاراستەی تۆکمەتر کردنی برایەتی عەرەبی – کوردی و یەکێتی نیشتمانیی عێراقی یەکبوونی خەبات لە نێوان هەموو خەباتکارانی عێراق بەبێ رەچاوکردنی جیاوازی نەتەوەیی و مەزهەب و ئایینیەکانیان, لەو باوەڕەشدام ئەمە وەڵامی ئەو دوژمنانەیە کە هەوڵ دەدەن وای پیشان بدەن شادبوونی گەلی کورد بە مافەکانی پێشێلکردنی یەکێتی نیشتمانییە, لەراستیدا شادبوونی گەلی کورد بە مافەکانی لە چوارچێوەی عێراقێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو, بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانییە, چونکە مێژوو ئیسپاتی کرد کە یەکێتی لە نێوان نەتەوەی جیاواز و لە وڵاتێکدا تەنیا لەسەر ئەساسی یەکسانی و هەڵبژاردن و دیموکراسی نەبێ بەردەوام نابێ, ئەزموونی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش نموونەیەکە لەبەرچاومان, ئەمە جگە لە ئەزموونی ئەو ئیمپراتۆریەتانەی تێپەڕیان کرد, بۆیە ئومێدەوارم ئەم هەنگاوە مێژووییە هەنگاوێکی گرنگ بێ بۆ پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانیی عێراق, دڵنیاشم لەوەی کاک مسعود بارزانی رۆڵێکی گرنگ لە بەهێزکردنی ئەو یەکێتییەدا دەبینێ وەك چۆن ئەو رۆڵەی لە پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا بینیوە, سوپاستان دەکەم و بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم, نامەوێ بە برا عەرەبە عێراقیەکانمان بڵێم ئەوان میوانن, چونکە خاوەنماڵن, مەبەستم لەمیوان باڵێوزی وڵاتانی بیانیە کە لێرە ئامادەن, برا عەرەبە عێراقیە ئامادەبووکانیش خاوەن ماڵ و وڵاتن, بۆیە ناتوانم لە خانەی میوان حیسابیان بۆ بکەم, بەڵکو دەچنە خانەی برای خۆشەویست و بەشدار لە گەڵمان وەك چۆن لە خۆشی و ناخۆشیەکانیشدا ئێمە بەشداری ئەوانمان کردووە, هیواداریشم ئەوان لە ئایندەدا و لە خۆشیەکاندا بەشدارمان بن پەنا بەخوا, والسلام علیکم ورحمتە و برکاتە.

**بەڕێز جلال تاڵەبانی/ سەرۆکی کۆماری عێراق:**

بەڕێز جەنابی کاك مسعود سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان.

خوشك و برایانی خۆشەویست.

خۆم بە بەختەوەر دەزانم لەم رۆژەدا بەرامبەرتان بوەستم بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لە خۆمان و لە خەڵکەکەمان و لە گیانی پاکی شەهیدانمان بکەین بە هەڵبژاردنی کاك مسعود بارزانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

ئەم هەڵبژاردنە کەبەگشتی دەنگ هاتووە, گەلێك مانای هەیە و یەکێتی ریزەکانمان دەردەخات و یەکێتی هەڵوێستەکانمان نیشان دەدات و یەکێتی متمانەمان بەکاك مسعود دەردەبڕێ کەدڵنیام لە ئاستی ئەو متمانەیە و ئەو یەکێتی و تەقدیرەدایە, تەنها لێرەدا شتێك هەیە پێویستە هەمیشە بیلێینەوە ئەویش ئەوەیە: مێژووی خەڵکی کوردستان دەریخستووە کە هەموو جۆرە ناکۆکی و دووبەرەکی مایەی تیاچوون و زەرەروماڵوێرانی بووە, بە پێچەوانەوە یەکێتی ریزەکان, یەکێتی هەڵوێستەکانە, بۆیە پێویستە ئەم یەکێتیە وەك بیلبیلەی چاوەکانمان بپارێزین, ئەویەکێتیە ئەهەمیەتێکی زۆر گەورەی هەیە و بایەخێکی مێژوویی زۆری هەیە و دەهێنێ لە پێناویدا هەمووجۆرە فیداکاریەك بکەین و چاو لە هەموو جۆرە دەسکەوتی تایبەتی و حزبی و شەخسی بپۆشین, پێویستە هەمیشە, بەتایبەتی لەم قۆناغە ناسکەدا, دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان و عێراق بخەینە هەوراز دەسکەوتەکانی تایبەتی و حزبی و هەموو وابیربکەینەوە کە ئێمە ئەگەر عێراقێکی دیموکراتی ئاسوودەی دوور لە تیرۆر نەیەتەکایەوە, ئەگەر عێراقێکی ئازادی فیدراڵی فرە حزبی نەیەتەکایەوە, ئەو دەسکەوتانەی هەشمانە ناچەسپێن و نامەیێ, بۆیە دەبێ هەمووومان لە پێناوی ئەو ئامانجەدا خەبات بکەین, بە چەسپاندنی ئەوەش دەتوانین دڵنیابین کە مافەکانی خەڵکی کوردستانیش دەچەسپێت و جێبەجێ دەبێت و لە مەترسی رزگاری دەبێ, من تەئکید لەسەر ئەم خاڵە دەکەمەوە, هیوادارم هەمووتان گرنگی ئەم خاڵە, خاڵی یەکێتی ریزەکان بزانن.

جگە لەوە ئێمە لە عێراقیش پێویستمان بەو هاریکاری و هاوکاریەی هەیە, ئێمە لەگەڵ گەلێك حزب و کۆمەڵی دێرین لە عێراق دۆستایەتیمان هەبووە, لەم کوردستانەدا هاوکاریمان هەبووە لەگەڵ تێکۆشەران, لە ریزی پێشەوە یەکێك لە موجاهیدەکانی بەدر دەبینم کە لەکوردستان شانبەشانی برا پێشمەرگەکانیان خوێنیان رشت و مەیت و قەبریان لە

قەرەداغ و گەلێك شوێنی تر بەجێهێشت و لە مانەوەیاندا لە کوردستان بۆیان دەرکەوت کە خەڵکی کوردستان باوەڕی نەگۆڕی بە برایەتی کورد و عەرەب و یەکێتی تێکۆشان و خەبات هەیە، لەگەڵ چەندین حزبی تری ناسراوی عێراق ئێمە هاوکار و هاو خەبات بووین، ئەو هاوخەباتی و هاوکاریەی خۆمان پەنا بە خوا درێژە پێدەدەین لە پێناوی داڕشتنی دەستورێکی دیموکراتی فیدراڵی گونجاو لەگەڵ ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵك لەم سەردەمەدا و لەگەڵ پێویستیەکانی گەشەپێدان و رزگارکردنی عێراق، بێگومان هەمووتان دەزانن ئەرکێکی تری گەورەی کە لە پێشمانە بەگژداچوونی تیرۆریزمە، تیرۆریزم بەڵایەکە تووشی گەلان بووە و هەر تووشی ئێمە نەهاتووە، ئەو کەسانەی خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن کە ئەمڕۆ تیرۆریزم ئێمە دەگرێتەوە و سبەینێ لێی رزگار دەبن، ئەوانە بە هەڵەدا چوون، دواتر زۆربەچاکی لێی دەچێژن و دەشزانن کە چ زیانێکی گەورەیان لە خۆیان و لە گەلانیان داوە، بۆیە پێویستە هەمووئەو کەسانەی دڵسۆزی گەلانی خۆیانن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوکاربن لەگەڵ گەلی عێراق بۆ رەگ و ریشە هەڵکەندنی تیرۆریزم و بۆ لەناو بردنی ئەو تیرۆریستانە، دیارە تیرۆریستەکانی کە پاشماوەی حوکمی دیکتاتۆری رەفتار فاشستی سەدام حوسێنن وگرووپی تەکفیر و زەرقاوی و ئەلقاعیدەن، دوژمنانی سەرسەختی گەلانی عێراقن وشەڕی لە ناوبردنیان لەگەڵماندا راگەیاندووە، هەموو برا شیعەکان کە بەشی زۆری عێراقن، بەکافر دەزانن و هەموو کوردیش بە خائین دەزانن، خوێنی هەموو لایەکمانیان حەڵاڵ کردووە، بۆیە ئێمە لەشەڕێکداین، شەڕی لەناوبردن کە دەبێ بە گژیاندا بچینەوە و لەجیاتی ئەوەی ئەوان ئێمە لەناوببەن پەنا بەخوا ئێمە ئەوان لەناو دەبەین و لەرەگ و ریشە هەڵیاندەکەنین و عێراقی خۆشەویستمان لەشەڕ و زۆرداری و کارە درەندەکانیان رزگار دەکەین.

هیوادارم لەمەودوا ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانیش بکەوێتە گەڕ و رۆڵی خۆی ببینێ و وەکو ئەنجومەنێکی راستەقینە توانای لێکۆڵینەوە، رەخنە، پێشنیار، یاسادانانی هەبێ و هیوادارم کە هەنگاوی دوای هەڵبژاردنی برای خۆشەویستمان جەنابی کاك مسعود یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە بێت و پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان بێت کە پەنا بە خوا ئەویش هەنگاوێك دەبێ و ئەو هەنگاوانەی تر تەواو دەکات و دەبێتە مایەی شادی لە ناو خەڵکی کوردستاندا.

دەمەوێ بڵێم کە گەلی کورد زۆر فیداکاری کردووە و زۆر هەوڵی داوە، بەڵام لە رابردوودا هەلومەرجی سەرکەوتنی بۆ نەهاتۆتە کایەوە، بەڵام ئیمڕۆ شوکر لەسایەی خوێنی گەشی شەهیدەکانمان و خەباتی درێژخایەنی کۆمەڵا نی خەڵکی کوردستان هەلومەرجێك هاتۆتەکایەوە کە ئێمە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین ئاسۆکەمان رووناکە بۆ ئەوەی بتوانین ئامانجەکانمان بێنینەدی، چیتر گەلی کوردستان ئەو قسە نالێتەوە کە هەر شاخەکانی کوردستان پشت و پنایەتی، ئەو زەمانە رۆیشت، ئێستا لە ناو گەلی عێراقدا پشت و پەنامان هەیە، هەموو ئەو برا عەرەبانەی کە هاتوونەتە ئێرە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە لە گەڵمانن، ئەمانە پشت و پەنامانن، ئەمانە هاتوون هاوکارمان بن و نیشانی بدەن کە یارمەتی خەباتەکەمان دەدەن، و پیرۆزبایی لەسەرکەوتنەکانمان دەکەن، ئیتر ئەوە نەما بڵێین بەتەنیاین، لە دونیاش گەلێك دۆستی باشمان هەیە، لەم سەرەوە تا ئەوسەر، هیوادارم بتوانین بەسیاسەتی ژیرانەی خۆمان بیپارێزین، دڵنیاشم کە کاك مسعود، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت و بەیەك چاویش مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەکدا دەکات، رەنگە کەسەکانی غەیرە پارتی تەماحیان لەوە بێ بڵێن دەبێ نەختێك لە برا پارتیەکان بۆ ئێمە باشتر بێ. زۆر سوپاستان دەکەم هەر خۆش بن هەر شاد و سەر بەرز و سەرکەوتووبن.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی سەرۆك مام جلال سەرۆکی کۆماری عێراق بۆ وتارە بە نرخەکەی، پەرلەمانی کوردستان چاوەڕوانی زۆر دەکات لە کۆمەڵەی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق، ئەو کۆمەڵەیەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردن پێك هات و جێگەی سیقەی هەموومانە، و بەتایبەتی کوردستان، لە ئەنجامی ئەو مەوقیفە باشانەی کە ئێستا دەیانبینین لە تەلەفزیۆنەکان لە دیفاع کردن لە مافەکانی گەلی عێراق و چەسپاندنی دیموکراتیەت لە عێراق، و داوا دەکەین کە ئەو کۆمەڵەیە دەورێکی گەورەی هەبێ لەگەڵ حکومەتی هەڵبژاردووی عێراق لە پێناو چەسپاندنی دیموکراتی و هەروەها

کارکردن لە پێناو دەعم کردنی ئەوانەی کە دەستوور دەنووسن, لەنێوانماندا هاورێیەکی ئازیز و خۆشەویست هەیە و مونازڵێکی گەورە, ئەویش سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق, با بفەرمێ بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.

**بەڕێز د. حاجم الحسنی/ سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق:**

دوای وتارەکەی مام جەلالی شارەزا لە زمانی عەرەبی و کوردی هەر کەسێك بوەستێ قسە بکات هەڵوێستی زۆر زەحمەت دەبێت, بەڵام ئەو بەخاوەن ماڵ ناوی بردین, بۆیە وەکو خاوەن ماڵ قسە دەکەین ئینشائەڵلا .

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێز سەرکۆماری بەڕێز جەلال تاڵەبانی خودا بیپارێزێ.

ئوستادی گەورە مسعود بارزانی خودا بیپارێزێ و سەرکەوتووی بکات.

برا بەرپرسەکان لە حکومەتی عێراقی.

بەڕێز سەرەکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

میوانە بەڕێزەکان.

ولئن شکرتم لازیدنکم

سوپاسی خودای گەورە دەکەین جارێکی تر بۆ ئەو دسەکەوت لەدوای دەستکەوتانەی کە دێنەجێ لە کوردستان, ئەمڕۆش گەلی عێراق و گەلەکەمان لە کوردستان رۆژێکی تری دی, رۆژێکی نوێ بە دەستکەوتێکی گەورە لەسەر دەستکەوت و شانازییەکانی ئەم گەلە مەزنە, ئەویش رۆژی بوونی ئەم پیاوە گەورەیە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان, من حاڵی حازر وەکو خاوەن ماڵ قسە دەکەم, هەر کەسێکیش سوپاسی خەڵکی نەکرد, سوپاسی خودای مەزنی نەکرد, من لە رەچەڵەکدا بۆ بنەماڵەیەکی کەرکووکی دەگەڕێمەوە, ئێستاش ساڵانی منداڵیم دەهاتە بەر هزرو بیرم, ئەو ساڵانەش کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر مرۆڤ گە گەورە دەبێت بەڵکو ژیانی پێکدەهێنێت, لە یادمە کە لە گەڕەکێکدا دەژیام سەیرم پێدێت کە ئێستا دێتەوە یادم, یەك یا دوو خانەوادەی سوننەی تیادا دەژیا, هەموو دراوسێکانیشمان کورد بوون, بەشەکەی تریشیان شیعە بوون, رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراقیش وا رۆشنبیریان کردین کە پێشمەرگە کەسانێکی یاخیبوون, بارزانی ئەو پیاوە مەزنە و خاوەن ئەو وێنە جوانەی کە لەبەردەمماندا دەیبینین گەورەی یاخیبووەکان و تاوانباران بوو, ئاوا ئەم زاتە پیرۆزە وەسف دەکرا, هەڤاڵێکی کوردیشم هەبوو, ئەو دەم لەگەڕەکەکەمان کە هیچ کاتێك تەسەوری ئەوەم نەدەکرد بەیەکەوە لەیەك شوێن کار بکەین کە من ببم بە سەرەکی پەرلەمان و ئەو ببێتە ئەندامێکی پەرلەمان, ئەویش سەرتیپ محەمەد, جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر سەرۆکی یاخیبووەکان و بنەماڵەی یاخیبووەکان کە ئەمڕۆ دەیبینین بۆچی ئەم بنەماڵە مەزنە یاخیبوون, لە دژی زوڵم و دیکتاتۆریزم یاخیبوون, ئەمە بوو هۆی یاخیبوونەکەیان ئێمەش لەگەڵ یاخیبوونی وا دەوەستین.

ئەم بەچکە شێرەش لەم شێرە مەزنەیە, ئێمە وانەهاتووین ستایشی پیاوان بکەین, بەڵکو بەردەوام باسی میللەتان دەکەین, قسە لەسەر میللەتی عێراقی مەزن ومیللەتی کوردستانی مەزن دەکەین, بەڵام هەندێ پیاو هەن شایانی ستایشن, ئەم پیاوە کوڕی ئەو خەباتکارە مەزن و شەهیدەیە کە ناوی مەلا مستەفای بارزانی یە.

هەموو گەلی عێراقیش ئەو پیاوە یاد دەکاتەوە, دوێنێش فیلمێکی دیکۆمێنتیم دەدی لەبارەی یاخیبوونی کورد, یاخیبوون لە دژی زوڵم و ستەم, ئەو پیاوەشم بە ڕوونی بینی کە لەدەوری چیاکانی کوردستان و دۆڵەکانی بەخۆی و بە کوڕانی دەسووڕایەوە, لە توانای ئەو پیاوەشدا هەبوو کە بەو پارەو سامان و تەلارانە قەبووڵ بکات و لە ژیانێکی دەوڵەمەندانە بژێت, بەڵام ئەو رەتیکردەوە و ئەو پەری مافیەتی کە رەتیبکاتەوە, چونکە مسەلەکە, مەسەلەی تاکە کەسێك و خانەوادەیەك نەبوو, بەڵکو مەسەلەکە میللەتی کورد بوو کە ساڵانێکی دوورودرێژ زوڵمی لێکرا, من هچ کاتێك بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ئەمڕۆ لەم شوێنە لەگەڵ کوڕی ئەم پیاوە مەزنە بوەستم وببینم دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بەڕێز مسعود بارزانی ئەوکەسەیە کە بەجەستەش لە بەغدا نەبێ هەردەم لە گەڵمانە, کە بەبێ ئەو باسی هیچ شتێك ناکەین, بەر لە رووخانی رژێم ناسیمان, هەروەها دوای رووخانی رژێمیش ناسیمان, کە پیاوێکەگەر بەڵێنیدا بەجێی هێنا گەر قسەشی کرد راستی گوت, ئاوا ناسیمان بەم قسانەشمان شایەتی دەدەین لەبەردەم خودای مەزن هەر کەسێکیش ئەم سیفەتانەی تیادا بەدی بکرێ ماڧ خۆیەتی رابەرایەتی گەلی کوردستان بکات, ماڧ خۆیەتی رێبەرایەتی گەلی عێراقیش بکات, گەلی کوردیش ئەمرۆ خاوەن هەردوو سەرۆکایەتییە, سەرۆکایەتی کۆماری عێراق وسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئێمەش دەستی خۆمان لەدەستی ئەو دەنێین بۆ بنیاتنانەوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی یەکگرتوو, بۆ ئەوەی دادپەروەری بچەسپێت بۆ هەمووان, دادپەروەریش بناغەی حوکمە, ئەمرۆ دەبێ دادپەروەری ببێتە بناغە لە عێراق. ئەمرۆ دەبێ هاووڵاتی عەرەب, دەبێ وەکو کورد مامەڵەی لەگەڵ بکرێت, هەروەها تورکمان و کلدو ئاشووری و سابئی و ئێزیدی و هەموو ئاینەکانی تری کۆمەڵگای عێراقی. دادپەروەری کە ئێمە ئەو ناوەمان لێناوە لە رۆژئاوا پێی دەڵێن دیموکراتییەت ئەوەشە ویستی ئێمە. ئەوزەمانە تێپەڕی کەتیایدا قبووڵ دەکرا کورد زوڵم و سستەمی لێبکرێت, بەر لە هەفتەیەکیش و لەم شوێنە من گوتم ئەو کەسەی کەوا بکات ئێمە شەڕی لەگەڵ دەکەین و لەگەڵ میللەتی کورددا دەوەستین و شەڕیش بەیەکەوە لەگەڵ ئەو کەسە دەکەین کە زوڵم لەوگەلە دەکات. ئەوزەمانە تێپەڕی کەتیایدا برای شیعەم زوڵمی لێدەکرا, هەر کەسێکیش ئەوهەوڵەیدا لەگەڵی دەجەنگین, ئەو زەمانەش تێپەڕی کە تیایدا ماڧ سوننە زەوت دەکرا, هەر کەسێکیش وابکات ئێمە دوژمنداریی دەکەین و لەگەڵی دەجەنگین, ئاوا دەبین لەگەڵ هەموو عێراقییەك چ مووسڵمان بێت چ مەسیحی یا هەر ئینتیمایەکی هەبوو لە نێو عێراق, ئێمە ئەمرۆ بەرگریکارین لەگەلی عێراق, کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقیش نوێنەری هەموو عێراقە, بۆیە دەبێ ئێمە پابەندبین بەوەی کە بنەماکانی ئەم میللەتە بپارێزین و رێز لە یاساو کاری دەزگایی بگرین لە عێراق, دەبێ عێراقێکمان هەبێت دادپەروەریی تیادا بچەسپێت و کەرامەتی هاووڵا تیانی تیادا پارێزراو بێت و بە ئاسایش و سەرفرازی بژیت لەگەڵ دراوسێکانی, عێراقێك بێت شوێنی بۆ تیرۆر نەبێت, ئێمە تیرۆر قەبووڵ ناکەین لە عێراق, هەروها قبووڵی هەر کاریگەرییەکی دەرەکی ناکەین کە بیەوێ باری عێراق بشێوێنێ و خێری عێراقی نەوێت, بەڵام ئەو بیانییە دراوسێ و هەڤاڵەی کە هەماهەنگیمان لەگەڵدا دەکات ئێمە دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و ناوچەکە و جیهان.

برای گەورە ... خەباتگێڕی شەرافەتمەند, ئەوەتا دەستی یارمەتیمان درێژ کراوە بۆ ئێوە, ئێوەش قبووڵی بکەن, تا بەیەکەوە دەست بکەین بە بونیاتنانەوەی عێراقی سەربەست و دیموکراتی فیدراڵی و یەکگرتوو. عێراقی خۆشەویستی و برایی و تەبایی.

بژی کوردستان بە ئازادی و سەرفرازی, بژی عێراق بە ئازادی و سەرفرازی و سەربەستی, و السلام عیلکم و رحمە الله و برکاتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شكراً جزيلاً لرئيس الجمعية الوطنية العراقية على كلمته الاخوية الصادقة, معنا ايضاً صديق قديم لشعبنا, مناضل عرفناه مشاركاً معنا مع البيشمركه في جبال كوردستان في آواخر السبعينات, ثم مناضلاً الى جانب الشهيد اية الله محمد باقر الحكيم, مناضلاً معه في ترسيخ دعائم الاخوة والنضال المشترك بين جميع الفصائل القومية العراقية, هذا المناضل هو د. عادل عبدالمهدي نائب رئيس الجمهورية الحاضر معنا, مشاركا في هذا الاحتفال الكبير, فليتفضل لالقاء كلمته.

**بەڕێز عادل عبدالمهدی/ جێگری سەرۆکی کۆمار:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

ئەگەر بۆ بەڕێز سەرەکی ئەنجومەنی نیشتمانی سەخت بێت, لە دوای ئەو وتەی بەپێزەکەی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی پێشکەشی کرد هیچ وشەیەك بدۆزێتەوە, ئەوە بۆ من سەختترە, کە لە دوای ئەو وتە بەپێزەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشکەشی کرد گوزارشت لە هەستم بکەم. پاش سلاو و رێزم بۆ هەمووتان, سەرەتا دەمەوێ پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی بەڕێز مەسعود بارزانی بکەم, برای تێکۆشەر و مەزن بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی

هەرێمی کوردستان، دەرفەتمان بدەن پیرۆزباییمان پێشکەشی گەلی کورد و گەلی عێراق بکەین بەبۆنەی یەکێك لە چالاکترین پیاوەکانی و یەکێك لە چەلەنگترین سەرکردەکانی بۆ ئەم پۆستە بەرزە، زۆر چاوەڕوانی ئەو رۆژەمان کرد، کە ئێستا وا دێتەدی، سەرۆك بارزانی سەرکردەبوو لە چیاکان، سەرکردەبوو بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد، سەرکردەبوو بۆ دژی دیکتاتۆرییەت و تاکرەوی و بۆ ئازاد کردنی گەلی عێراقیش، ئەمرۆش سەرۆکی رێرەوی بنیاتنانی ئەزموونی کوردستان و ئەزموونی عێراقی نوێیە.

خوشك و برایانی بەڕێز.

تەواو کردنی پرۆسەی سیاسی و دەستووری لە کوردستان، بەشێکە لە تەواوکردنی پرۆسەی سیاسی و دەستووری لە هەموو عێراق، ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیەو ئەمرۆ وا دێتەدی، هەمووشمان بڕیارماندا کە درێژە بەو پرۆسەیە بدەین بۆ بنیاتنانی عێراقی فیدراڵی دیموکراتی فرەیی بە چەشنێك هەموو لایەك بە ئازادی و مافە مەدەنییەکانی تاك و کۆمەڵ شادبێت، عێراقێك بتوانێت خۆی بەلای ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوە تەرخان بکات، بۆ ئەوەی کۆتایی بە چەرخی هەژاری و برسییەتی و کوشتن و دواکەوتوویی بێنێت، عێراقێك هاوژیان و هەماهەنگ بێت لەگەڵ دراوسێیەکانی، عێراقێك بنیاتی برایەتی بکات لەگەڵ هەموو گەل و نەتەوەکانی دنیا، عێراقێك لۆژیکی دوژمنایەتی و پیلانگێڕی فریوی نەدات کە بەدرێژایی چەرخەکانی رابردوو حوکمڕانەکانی مومارەسەیان کردووە، کە ئەو هەموو شەڕو نەهامەتییەی بەسەر وڵاتدا هێنا، کە ئێمەشی تێوەگلاین بۆ مەبەستی بەرگری کردن نەبوو لە نیشتمان، بەڵکو بۆ دامەزراندنی لۆژیکی ستەم و زۆرداری بوو، رێگەیەك بوو بۆ تواندنەوەی گەل و میللەت، بەرەنجامی تاکرەوی ناوخۆیی شەڕی دەرەکی بوو، هەروەها لۆژیکی پیلانگێڕی دەرەکی و ژەنینی دەهۆڵی شەڕ جگە لە کۆڵەگەکانی سیستەمی دیکتاتۆری هیچی تر نین، ئەمانە دوو سیاسەتن خزمەتی یەکتر دەکەن و ئەوەی یەکەم دوەم دروست دەکات و دایدەمەزرێنێ و بە پێچەوانەش راستە ئەزموونی گەلەکەمان راستییەکن گەواهی ئەوە دەدەن کە ئاشتی ناوخۆیی و دیموکراسیەتی راستەقینە بریتییە لە رێگەی ئاڵوگۆڕی و هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و لەگەڵ جیهان، کرانەوە بەرووی جیهان و دەوڵەتانی دراوسێ مایەی ئاسایشی ناوخۆ و ئارامی و ئاشتی و بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەیە، هەموومان بڕیارماندا دژایەتی تیرۆر و کاری تێکدەرانە بکەین کە پێکهاتەی سەرۆکی لە پاشماوەکانی رژێمی بەعس و تەکفیرییەکان کە شیعەو سوننە، کورد و عەرەب، تورکمان و کلدو ئاشوورییەکان، ئێزدی و سابیئە و شەبەکەکان دەکەنە ئامانج، دوژمنەکانمان بە تیرۆرو شەڕانگێزی چەکدارن، بەسەر بڕین و ئۆتۆمبێلی مینڕێژکراو دەیانەوێ رێڕەوی خەباتمان رابگرن، لەسەر ئێمەش پێویستە بە پاڵپشتی گەل و دامەزراوە دەستوورییەکانمان چەکداربین، هەروەها بە دامودەزگا ئەمنییەکانمان کە پێویستە پشت ببەستێ بە پیاوە چەلەنگ وخەباتگێڕەکان، ئەوانەی گەلەکەمان ئامادەیان کردوون وەکو پێشمەرگەو بەدرو باقی تێکۆشەرو خەباتکاران کە چیاکانی کوردستان و زۆنگاوەکانی عێراق و بەندیخانەکانی بەغدا و گەڕەکانی مووسڵ و نەجەف و بەسرەو سامەڕاو ئەنبارو باقی شارو لادێییەکانی عێراق ئامادەی کردوون، بەیەکەوە داستانی هەڵبژاردنەکان سازدرا، کە بووە هۆی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی ئینتیقالی و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، حکومەتی ئینتیقالی لەسەر هاوپەیمانێتی فراوان دامەزراوە، هەروەها کەرت و هێز و لایەنی فراوان بەشدارییان تێدا کردووە، ئەو هەڵبراردنە مەرجەعییەتە دینی و مەدەنییەکان پشتگیرییان لێکرد، هەروەها هێزە سیاسییە ئیسلامی و نیشتمانییەکان، گەل و دۆستانی جیهانیش پشتگیرییان لێکرد، ئەو هەڵبژاردنە ملیۆنەها هاووڵاتی عێراقی بەدروشمی (نا بۆ تیرۆر، بەڵێ بۆ عێراقی نوێ) بەشدارییان تێدا کرد، تیرۆر نوێنەرایەتی ئیرادەی میللەتەکەمان ناکات ئەو بانگەشانەش کە بەناوی مقاومەوە بەناوی سوننە دەکرێت دوورە لە راستی و تەنیا هەوڵێکە بۆ گەڕانەوە بۆ ناڕاستی، ئەگەر تیرۆریستەکان سەرکەوتو بوون لە بەرگرتن لە هەڵبژاردنەکان لە هەندێ ناوچەو رێگەیان گرت لە ژمارەیەکی زۆری عەرەبی سوننە کە بگەنە ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەوا ئێمە لە رێگەی هەماهەنگی و تەوافوقی نێوانمان ئەو دەرفەتە بەسەر تێکدەران تێدەپەڕێنین و برایانی عەرەبی سوننە بەشداری دەکەن بەرێژەیەك شایانیان بێت و بە هەموو مافەکانیان بۆ هەموو پێکهاتەکانی گەلەکەشمان لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی، پەنا بەخوا لە دەرفەتێکی نزیك دەچینە نێو پرۆسەی راپرسییەکی جەماوەری بۆ ئەوەی دیسان داستانێکی

تر دروست بکەن کە ڕێگاکان فراوان بکات بۆ هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای دەستووری هەمیشەیی, بێگومانیش گەلی عێراق بەهەموو پێکهاتەکانی بەشداری لەو پرۆسانە دەکەن.

خوشك و برایانی بەڕێز.

کوردستان پێشڕەوبوو لە چەسپاندنی ئەزموونی فیدراڵی, ئەمڕۆش هەموو عێراق بەرەو ئەو سیستەمە هەنگاو هەڵدەگرێت و یەکجارو تا هەتایە دەچەسپێت, ئەمە بنەماکانی ئەو سیستەمەیە کە کۆتایی بە پێشێلکارییە ڕەگەزییەکان یا تایفی و تاکڕەوییەکان دێنێ, سیستەمی فیدراڵی کە لە سەرەڕێی پیادە کردنین, ئەو سیستەمەیە کە بنەما مێژوویی و جوگرافی و کلتووری و مەزەبی و کاگێڕییەکانی لەناوەڕۆکی بەشێوەیەك دەچەسپێت کە لە لایەن هەموو مافە نەتەوەیی و کلتووری و ئایینی و مەزەبییەکان بچەسپێت و لە لایەکی تر بەرزترین پلەکانی یەکێتی و هەماهەنگی و کاری هاوبەشی نێوان هەموو عێراقییەکان, کوردستان خاوەن توانایە, ئەوە تەنیا مانای ئەوە نییە کە عێراق توانادارەو بەپێچەوانەشەوە ڕاستە, کاتێك شیعەو سوننە یا هەر کەسێکی تر مافەکانی دەستکەوێتەوە, مانای وا نییە ماف لە خەڵکی تر زەوت بکەن, بەڵکو مانای نەمانی ئەو ستەمەیە کە مافەکانی هەمووانی زەوت کرد بوو, مانای تەواوبوونی بزاوت و گونجاندنییەتی بە چەشنێك سوودی لایەن و کۆمەڵی هەبێت بەشێوەیەکی بەرزو ئاڵوگۆڕ, هەژاری و ململانێی بێ هێزی بۆ هەمووان دروست دەکات, لە عێراقی تازە, عێراقی مافەکان و دامەزراوەو دادوەری و ئازادییەکان و کاری هاوبەش, توانا و گێڕانەوەی ماف دەبێت هەموو عێراقییەك بگرێتەوە, چۆن کوردستان پێشەنگ بوو لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی بەرێگەی دایەلۆگ, چۆن هەردوو پارتی گەورەو هەردوو سەرکردەی گەورەو هەموو لایەنە دۆستەکانی تر هاتنە پاڵ یەك بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ پرسە ئاڵۆزەکان و سەرکەوتن تیایدا, ئێستا ئەزموونی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەو ڕاستییە دەدات, ئەو جۆرە هەماهەنگییە پێشدەخرێت و بەردەوام دەبێت و ڕاوێژی پێدەکرێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو بەربەستەکانی تر, وەکو کێشەی کەرکووك و کێشەکانی تر بەشێوەیەك کورد و هەموو پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگەی عێراقی ڕازی بکات, هەڵەیە ئەو کەسەی وا بیر دەکاتەوە کە چارەسەر کردنی کێشەکان دەبێت بۆ بەرژەوەندی لایەنێك و لەسەر حیسابی لایەنێکی تر بێت, ئەمە ڕوونادات تەنیا لە جیاوازییە دوژمنداریەکان نەبێت, ئەمەش تەنیا لەنێوان دوژمنان ڕوودەدات, بەڵام لەنێو یەك ڕیزدا کاتێك بەرژەوەندی لایەنێك بەرجەستە دەبێت ئەوە مانای بەرژەوەندی لایەنەکانی تریشە, بەپێچەوانەوە پێویستە چاو بە چارەسەرو ڕێوشوێنەکان بخشێنرێتەوە. گەلی کورد بە هاوکاری عەرەب و تورکمان و لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی عێراقی چارەسەر بۆ کێشەی کەرکووك دەدۆزینەوە, بەشێوەیەك هەموو لایەك ڕازی بکات و دەرفەتی بەیەکەوە ژیانی هەموو لایەك بدات, یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت هەنگاوە سەرەتاکانی بەدروستی لەسەر ئەم ڕێگەیە داناوە, لەسەر ئێمەش ئەرکە هەموو ئەو سیاسەتانەی بۆ ئەو ئامانجە دادەڕێژرێن چالاك بکەین, ئێمە دڵنیاین لەوە, چونکە هەندێ پرس هەبووە زۆر ئاڵۆزبووەو کێشەی زۆری لەسەر بووە تەنانەت هەندێ کات گەیشتۆتە ئاستی چارەسەر نەبوون, بەڵام بەگفتوگۆ و دانووسان و ڕاگۆڕینەوە گەیشتۆتە چارەسەربوون و هاتۆتە بەردەمی دەسکەوتی دروست, ئێمە پێمان وایە هەموو پرسەکان بەو ئاراستەیە دەڕۆن مادەم نیاز پاکی هەیە و هەموو لایەنەکان بە هەناسەی خۆشەویستی و ڕێزەوە مامەڵە دەکەن بۆ هاوژیانی وبەدیهێنانی بەرژوەندییە باڵاکان بۆ گەل و میللەت, جارێکی تر جەنابی سەرۆك بەگەرمییەوە پیرۆزاییمان قەبووڵ بکە بۆ ئەو متمانەیەی کە گەل پێی بەخشی.

پیرۆزە لە کورد و لە عێراقییەکان و لە پەرلەمانی کوردستان, ئەو هەڵبژاردنە, دەست لەناو دەست بۆ بنیاتنانی ئایندەی وڵاتەکەمان بەشێوەیەك مافەکانی هەموو لایەکمان زامن بکرێت.

بەرزو شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان و بەرزو شەکاوە بێت ئاڵای عێراق. والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شكراً جزيلاً للكلمة الودية الاخوية التي القاها د. عادل عبدالمهدي و كما وصفته فهو مناضل قديم و شجاع, وكلكم مناضلون و لكن عندما يأتي دور أي واحد منكم لابد ان نشير الى خصوصيته و نعتز بكم جميعاً مع تقديرنا العالي لحضوركم, معنا ايضا صديق قديم و مناضل معروف و كبير, معروف بشجاعته و دوره البناء و معروف بدوره في المحافل

الدولية عندما كنا بحاجة الى صوت يعبر عن الشعب العراقي, وينقل صورة عن المأساة التي يعيشها هذا الشعب, هذا الرجل الذي لعب دوراً مهماً في قانون تحرير العراق, هو الدكتور احمد الجلبي نائب رئيس الوزراء, فليتفضل لالقاء كلمته.

**بەڕێز د. احمد الجلبی/ جێگری سەرۆکی وەزیران:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**بەڕێز جلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق**

**بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**بەڕێز حاجم ئەلحەسەنی سەرەکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق**

**بەڕێز عدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**د. عادل عبدالمهدی جێگری سەرکۆمار**

**شێخ غازی یاوەر جێگری سەرکۆمار.**

ئوستاد نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ئوستاد کۆسرەت رەسول سەرۆکی وەزیرانی پێشووتر د. رۆژ نوری شاوێس جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق, بەڕێزان خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

بەڕێزان بالیۆزانی وڵاتە هاوڕێکان.

بەڕێزان سەتر فێڵد جێگری باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێز قوممی سەرەکی شاندی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی ئێران و سەرۆکانی شاندە دیپلۆماسیەکانی تر لە عێراق.

زۆر خۆم بە خۆشحاڵی دەبینم کە ئەمرۆ لە نێوانتانم لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پیرۆزبایی براو هەڤاڵم بەڕێز مسعود بارزانی کە پتر لە 35 ساڵ بەر لە ئێستا ناسیم. تا ئێستاش ئەو رۆژەم لە یادە کە میوانی مستەفا بارزانیی نەمر بووین لە حاجی ئۆمەران و کوڕی خوالێخۆشبووی ئیدریسی لەگەڵدا بوو, هەروەها یەکەمین دیدارم لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی لەیادە کە لەگەڵ باری ئێستا زۆر جیاواز بوو, ئەو کات لەدوایین خاڵی سنووری عێراق بووین ئێستاش بە بوونی بەڕێز مسعود بارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق ئاهەنگ دەگێڕین. هەروەها ئاهەنگمان گێڕا بە بۆنەی بوونی بەڕێز جەلال تاڵەبانی وەکو سەرۆکی عێراق کە لەلوتکەی چیاکانی سەر گەلووبەر گەلووەوە هاتە نێو کۆشکی سەرۆکایەتی لە بەغدا, ئینشائەڵڵا دەبێتە کۆشك.

ئێمە کە ئەو گەشتە مێژووییە درێژەمان بەیاد دێتەوە کە پڕە لە خەبات و بەرخودان و شەهید کە گەلی عێراق دای لە باشووری و ناوەڕاستی و لەکوردستان. ئەم گەشتەمان دێتەوە یاد کە بە خەبات لە دژی دیکتاتۆریزم دەستی پێ کرد, خوالێخۆشبوو بارزانیی نەمریش بەردەوام دروشمی دیموکراسیەت بۆ عێراقی بەرزکردەوە, ئەم دروشمەش ئەمرو هاتە جێ وهەڵبژاردنیش ئەم دەستکەوتە مێژووییە مەزنەشی هێنایەدی.

ئێمە ئەمرۆ بە بۆنەی وەرگرتنی کاك مسعود بارزانی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم ئاهەنگ دەگێڕین, هەروەها ئاهەنگی یەکبوونی عێراق و یەکگرتنی گەلی کورد و گەلی عەرەب لە عێراق بەیەکسانی دەگێڕین, چونکە ئەو دەستکەوتانەی کە گەلی کورد بەدەستی کەوت هێزێکە بۆ عێراق و دەچێتە خانەی خەباتی بێ وچان, ئێمەش دەبێ لەوە بگەین کە ئەم پرۆسەیە, پرۆسەی سەرکەوتنی لایەنێك نییە بەسەر لایەنی تر, چونکە کەتوێژێك لە گەلی عێراق پێش دەکەوت واتە هەموو لایەك قازانجیەتی و پێویستە هەر توێژێك سوود لە قازانجەکانی توێژەکانی تر وەربگرێت. ئەو قوربانیانەی کە گەلی عێراق دای, ئەو بێبەش بوونەی لە دیموکراسیەت کە چەشتی لە هەموو شوێنەکانی عێراق بەتایبەتی لە باشووری عێراق پێویستە حکومەت کۆتایی پێ بهێنێت, پێویستە دەست بە ئینساف کردنی ئەو میللەتە بکەین بەتایبەتی ئەوانەی کەزەرەرمەند بوون و تاڵی پرۆسەی رابردوویان پتر چەشت لە خەڵکانی تر.

پرۆسەی داڕشتنی دەستوور لە عێراق حاڵی حازر لە ئارادایە و ئەو لیژنە دەستوریەش کەکۆمەڵەی نیشتمانیش عێراق هەڵیبژارد و سەرۆکەکەش کە ئەمرۆ لە نێوانماندا ئامادە بووە, بۆ ئەوە کاردەکەن ئەمرۆ بە شێوەیەکی جیدی بۆ ئەوەی

هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بەشداربن لە پرۆسەی داڕشتنی دەستوور, دەستووری عێراق هەرگیز لەسەر بناغەی زۆرینەی تایفەگەریی ونەتەوەیی داناڕێژرێ, دەستوور پێویستە لەلایەن دەستەیەکەوە دابڕێژرێ کە نوێنەرایەتی هەموو رۆڵەکانی عێراق بکات, دەبێ ئەوەش بزانین کۆمەڵەی نیتشمانیی کە ئەرکی داڕشتنی دەستووری لەبەردەستدایە دواوشەی نابێت لە دانانی دەستوور, چونکە ئەم دەستوورە دەدرێتە ریفراندۆمێکی گشتی مەرجی متمانەدانیش بەم دەستوورە کەوا میللەت رەزامەندی لەسەر بدات لەم ریفراندۆمە بە زۆرینە و 3 پارێزگاش رەتی نەکاتەوە بە زۆرینەی دوو لە سێی خەڵکەکە.

پێویستە ئەم راستیە بخەینە بەرچاوی خۆمان کە دەستووری عێراق دادەرێژین. حکومەتی عێراق لە ئەنجامی رێککەوتنێکی سیاسی هاتە کایەوە لە نێوان ئیئتیلاڤ عێراقی یەکگرتوو و هاوپەیمانی کوردستانی, کە حکومەتێکی ئیئتیلافییە و پابەندە بە جێبەجێ کردنی یاسای ئیدارەی دەوڵەت و پابەندیشە بە جێبەجێ کردنی هەردوو ماددەی 53 کە رێگە بە پارێزگاکان دەدات بە دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵی کە بەهەموو مافەکان شاد بێت کە هەرێمەکانی تر هەیانە, هەروەها ماددەی 58 بە دانانی رێگاچارەیەك بۆ کێشەی کەرکووك.

کێشەی کەرکووك نابێ ببێتە هۆیەك بۆ دابەشکردنی عێراقییەکان لە نێوان خۆیاندا بەڵکو دەبێ ببێتە پاڵنەرێك بۆ یەکبوونی عێراقییەکان و گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو کە لەگەڵ ویست و خواستەکانی گەلی کوردستانی عێراق و یەکبوونی عێراق و پاراستنی ماڤ خەڵکی کەرکووك بپارێزێ بە تایبەتی تورکمان کە دەبێ لەوە دڵنیابن بە پاراستنی مافەکانیان لەم ناوچەیەدا, بزاڤی گەلی عێراق بەرەو فیدرالیزم و دیموکراسیزم هەرگیز ناوەستێت تیرۆریستەکانیش هیچ ناتوانن ئەم بزاڤە بەرەو ئامانجە رەواکانی بوەستێنن, تاوان و تێکدان کە ئەوان دەخوازن لە عێراق بڵاوی بکەنەوە ڤەت سەرناکەوێت, چونکە ئێمە بە یەکبوونمان بەهێزترین, بە هەڤاڵانمان بە هێزین, ئێمە پشت ئەستورین بە پشتگیریی ئەو هێزانەی کە خۆشییان بۆ عێراق دەوێت.

بۆیە ئێمە زۆر سوپاسی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هێزە هاوپەیمانەکان دەکەین بۆ یارمەتی دانی گەلی عێراق لە رزگارکردنی خۆی لە رژێمی سەدامی دیکتاتۆر, تیرۆر بەردەوام دەبێت و پابەند نییە بە شوێنێك یا وڵاتێك من لێرەدا ئاماژە بە رووداوەکانی ئەو دواییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەم دوو رۆژ بەر لە ئێستا کە چەند رووداوێکی تیرۆریستی لە تاران و ئەهواز روویدا, من بە توندی ئەم کارە تیرۆریستانە پرۆتستۆ دەکەم. هەروەها دەڵێم هەر کارێکی تیرۆریستی هەڕەشە لەهەر وڵاتێکی نزیك لە عێراق بکات هەڕەشە لە ئاسایشی عێراق دەکات.

جا با هەموومان کاربکەین بۆ وەستاندنی ئەم کردەوانە و با هەمووومان هیمەتێکی توند بۆ بە هێزکردنی وزەکانمان لە رووی ئاسایش و سەربازییەوە بۆ مقاوەمەتی ئەم تیرۆرە لە چوارچێوەی یاسا بکەین, پێویستە پابەندی یاسا ببین و تەعەدا لە کەسانی تر نەکەین و دەست بەسەر هیچ کەسێك دانەگرین بە بێ تاوان. من لێرەدا داوا دەکەم کە بەهێز و کارامەیی کار بکەین و حکومەتیش مکوڕە بۆ کارکردن لەم رەوتە بۆ ئازاد کردنی بێ تاوانەکان لە دەست بەسەرداگیراوەکان لە عێراق, ئەمڕۆ رۆژێکی پڕ لە شادییە, رۆژێکی پیرۆزە بۆ هەمووومان, چونکە خەباتکارە عێراقییەکان دەبینم کە لە دژی دیکتاتۆرییەت جەنگان لە چیاکان ئێستا لە پۆستی سەرۆکایەتییە سەرەکەییەکانن لە عێراق ئەوەش شانازییە بۆ من و بۆ هەڤاڵانی ئەوان کە خەباتیان لەگەڵ کردن.

سڵاو بۆ هەموو شەهیدان , شەهیدانی پێشمەرگە ڤارەمانەکان کە رێبەرایەتی بزاڤی خەباتی چەکدارییان کرد لە دژی دیکتاتۆرییەت لە عێراق, هەروەها شەهیدانی باشوور و ئەهوار و ناوەڕاست لە عێراق کە ئێستا سەرکەوتنی خۆیان بەدی دەکەن بەو سەرکردایەتییانەی کە گەلی عێراق هەڵی بژارد بۆ سەرۆکایەتی یەکەم پۆستەکانی و هەروەها بۆ سەرۆکایەتی بەڕێز مسعود بارزانی کوڕی خەباتگێڕی پاڵەوانی نەمر مستەفا بارزانی بۆ هەرێمی کوردستان, والسلام علیکم و رحمته الله و برکاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شکراً لدکتور احمد الجلبي نائب رئيس مجلس الوزراء العراقي, على كلمته الطيبة و الاخوية, نعتذر عن ترجمة كل الكلمات لضيق الوقت و من ثم هناك ترجمات باللغات الكوردية و العربية والانكليزية نوزعه لكم عندما تطبع, بيننا ايضاً

ممثلون للولايات المتحدة الامريكية و بريطانيا و دول التحالف, هذه الدول التي لولا ايرادة شعوبها لما كنا اليوم نعيش احراراً في عراق خالي من الدكتاتورية و مخاطرها و جرائمها, معنا ممثل الولايات المتحدة الامريكية الاستاذ ديفيد ساتر فيلد. فليتفضل.

**بەڕێز دیفید ساترفیلد/ نوێنەری ولایەتە یەکگرتووەکان:**

**سەرۆك تاڵەبانی.**

**سەرۆك بارزانی.**

**غازی یاوەر جێگری سەر كۆمار.**

**عدنان موفتی سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان.**

**ئەندامانی كۆمیتەی دیبلۆماتكاران.**

**ئەندامانی هێزە فرەڕەگەزەكانی ئەمڕۆ لێرەن.**

**خوشك و برایان.**

من خۆشحاڵم ئەمڕۆ لێرە ئامادەم بۆ ئەم ڕووداوە مێژووییە, ئەمە یادكردنەوەی پابەندبوونی كوردی عێراقە بە حكومەتێكی دیموكراتی. دوو ساڵ پێش ئێستا سەرجەم عێراق بە ڕووخانی گەورەترین دیكتاتۆر شادبوون, بەتایبەتی خەڵكی هەرێمی كوردستان, كە ڕووبەڕووی دوو جۆرە خەبات و تراژیدیا بوونەوە, هەروەها نەوە لەدوای نەوەیان لەدەستدا, لە خەباتی خۆیاندا لە پێناو فەراهەمكردنی مافە بنەڕەتیەكانیاندا, بەلاّم خەباتی ئێوە و میلۆنان عێراقی لەسەرانسەری ولاّتدا, كە ئەوانیش سووربوون لەسەر ڕەتكردنەوەی دیكتاتۆر, گەلی كورد بە شێوەیەكی زیاتر دووچاری هێرشە دڕندانەكانی سەدام هاتنەوە, نابێ شالاّوی ئەنفالەكان لەبیر بكرێ, كوردستانی عێراق ئێستا ئازادە, یەكەم ئەزموونی دیموكراسی لە عێراق بەڕێوە چوو كە خۆی لە هەڵبژاردن و حكومەتێكی نوێی دەبینێتەوە, تەنانەت بەبێ بەشداری ئێوە پڕۆسەیەكی سیاسی ئاشتییانەو, ئێمە لە كاری قوڕستان دەستخۆشیتان لێدەكەین, سەرەڕای دیكتاتۆرییەتی سەدام كۆمەڵگەیەكی مەدەنی دابمەزرێنن, پەرە بە ئابووری بدەن, ئێستا هیوادەخوازین بۆ ئایندەیەكی باشتر بۆ هەموو عێراق, عێراقێكی بووژاوە و پێشكەوتوو, یارمەتی عێراقێكی دیموكراتی و یەكگرتوو بوژاوە دەدات,

ئەمڕۆ ئێمە خاڵی وەچەرخانێكی گەورەی گەلی كورد دەبینین, گەلی كورد كە ئەو جۆرە تراژیدیانەی بینیوە, عەدالەتی كانوونی دووەم ئومێدێكی نوێی بە گەلانی عێراق بەخشی, هەوروەها بۆ ئەم هەرێمە ئەمڕۆ هەموو عێراقیان شانسیان هەیە, كە چاویان لە پێشەوە بێت, و ئاوڕ لە ڕابردوو نەدەنەوە, بۆ ئەوەی بە یەكەوە كار بكەن, بۆ دامەزراندنی ئازادییە بنەڕەتیەكەیان و بیپارێزن كە لە قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دانراوە لە پێناو دامەزراندنی عێراقێكی ئاشتیخواز لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دەرەوەدا.

سەرۆك بارزانی, تۆ وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان هەر چییەكە پێشكەش بكەن كە مێژووی, گەلەكەت پڕ لە تراژیدیایە, بەلاّم دەرفەت هەیە بۆ دامەزراندنی لاپەرەیەكی نوێ بۆ عێراق, من دەزانم تۆ حیكمەت لە ڕێنوێنییەكانی باوكت وەرگرتووە, هەروەها لە ئەزموونی دووردرێژی ئەو پارتە, كە لە ژیانی خۆیدا بەرگری لە مافی گەلی كورد كردووە, من پیرۆزبایی سەرۆك بۆش بۆ جەنابت دووبارە دەكەمەوە, هەروەها ئێمەش پیرۆزبایی لە هەڵبژاردنی نوێی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان دەكەین, كە وەك دەنگی گەل ڕۆلی خۆی دەبینێ, ئەمریكا لەگەڵ ئێوە دایە, هەروەها لەگەڵ هەموو گەلی عێراقدایە,  ئێمە لە هەنگاوەكانی ئێوە بۆ دیموكراسی لێرە لە هەولێر لە بەغدا و لەهەر پارێزگایەكی عێراق لەگەڵ ئێوە ولەگەڵ هەموو عێراقیان داین, كە دەتانەوێ لەسەر پاشماوەكانی دیكتاتۆرییەتی بەعس دەستوورێكی دیموكراتی ڕاستەقینە بینا بكەن, ئەمەش مایەی سەرسوڕمانە بۆ جیهان كە شاهید بن بۆ دامەزراندنی حكومەتێكی نوێ, كە لەلایەن عێراقیان هەڵبژێردراوە,  بۆ خزمەتی هەموو عێراقییان, كە دەرفەتی خۆیان ببینن, لە بیناكردنی دەستوور بۆ نەوەكانی داهاتوو, لەوەش گرنگتر دەستووری نوێ, دامەزراندنی دەستوورێكی نوێیە, كە یارمەتی عێراق دەدات پێگەی شایستەی خۆی لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست بێنێتەوە, كە لەسەر دەستی سەدام داڕماوە,

ئێمە موشەجعین بۆ پێشکەوتنی ئێوە کە دەستوورێك دابمەزرێنن بەڕاستی نوێنەر بێت, هەروەها لە کارکردن بەردەوام بن بۆ تەواوکردنی رەشنووسی دەستوور, بۆ هەموو عێراقیان لە 15ی ئابدا, بە تەئکید هێز هەن لە دەیانەوێت ئاستەنگ لەبەر دەم ئەم پرۆسەیە دروست بکەن, ئەوانە نکۆڵی لە هەموو عێراقیان دەکەن, ئاستەنگ لەبەر دەم ئازادی و خوێندن وکولتور دادەنێن, بەڵام ئێستا ئێوە لەسەرتانە توانا نیشتمانییەکان بە یەکگرتووی بەکاربێنن, دوژمنانتان شاد دەبن, کاتێك ئێوە لەیەك جودا بن, بۆیە پێویستە ئەو شانسەیان نەدەنێ, ئێوە لە رابردوودا بوێری و ئازایەتی خۆتان نیشان دا, ئێمە دڵنیاین لەوە بەردەوام دەبن, لە راستیدا دیموکراسی لە لایەن هاوولاّتیانەوە داوا دەکرێ, پێویستی بە قوربانی نوێ هەیە, ئەو قوربانیانە پێویستی بە یەکلاییکردنەوەی رۆژانە هەیە, بۆ ئەمەش پێویستە دیالۆگ بکەن و, بۆ بەرگریکردن لە ماف هەموو عێراقییان, بە وشە نەك بە چەك, حکوومەتی ئەمەریکا لەو بڕوایەدایە ئێوە بەباشترین شێوە دەتوانن بەرژەوەندی نەتەوایەتیتان بەدەست بهێنن, لە وڵاتێکی دیموکراتی فیدراڵ و فرەلایەن و یەکگرتوودا عێراقییان لە هەموو پارچەکانی وڵات, هەر هەموویان پشکیان لە رووخانی رژێمی سەدام هەبوو, بۆیە ئێستا هەموو عێراقییان پێویستە هەست بکەن بە فەراهەمکردنی یەکێکە لە واقیعە بنەڕەتییەکان, کە یەك عێراق هەیە, یك عێراقی یەکگرتوو هەیە, یەك گەلی عێراق هەیە, سەرۆك بارزانی, ئێمە بەم بۆنەیەوە ئەمڕۆ پیرۆزبایی لە سەرۆك تاڵەبانی و هەموو گەلی عێراق دەکەین, پیرۆزتان بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ سەفیری ئەمریکا بۆ وتە بەنرخەکەی, لەگەڵماندا لەم کۆبوونەوەیە مێژووییەدا نوێنەری وڵاتێکی گەورەکەی تر کە بەیەکەوە عێراقیان رزگار کرد, کە هەموو میللەتی عێراق قەرزاری ئەو وڵاتە گەورە و هەموو هاوپەیمانەکانی ترە, جەنابی کونسولی بەریتانیا لە کەرکووك بەشداریمان دەکات بە وتەکەی, با بفەرمێ.

**بەڕێز د. نویل کوکیان/ کونسولی بەریتانیا:**

**بەڕێز جلال تاڵەبانی**

**بەڕێز جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێزان جێگرەکانی سەرۆك کۆمار**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی عێراق حاجم حەسەنی**

**ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**دیپلۆماتکاران و میوانە بەڕێزەکان و خوشك و برایان.**

مایەی سەربەرزییە کە لەو رێو رەسمە پیرۆزەی سوێند خواردنەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەبین پرۆسەی ئینتیقالی عێراق دەستکەوتێکی زۆری لێکەوتۆتەوە لەوەتەی هەڵبژاردنە گشتییەکەی مانگی کانوونی دووەمی رابردووەوە هەنگاوی زۆر بەرەو دیموکراتی نراوە, هێشتا ئاستەنگێکی زۆریش بەرێگاوە ماوە, لە هەموویان گرنگتر بەدیهێنانی پرۆسەیەکی سیاسی دڵنیاکەرەوەیە, داڕشتنی دەستوورێکی نوێ لە رەنگدانەوەی فرەڕەنگی خەڵکی عێراق بێ, هەروەها دامەزراندنی ئاسایش و خێراکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە, کورد رێژەیەکی زۆری دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێ و ئێشوئازاری زۆریان چەشتووە لە ژێر دەستی رژێمی پێشوودا.

پشتیوانی لە هێزە هاوپەیمانەکان کرد تا عێراقیان رزگارکرد, ئێوە سوودێکی زۆر لە عێراقێك وەردەگرن, کە یەگرتووبێت و لە ئاشتیدا بێ لەگەڵ خۆی و دەرو دراوسێکانی. گفتوگۆی دەستووری لە ریزی پێشەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراقدایە لە هەفتەکانی داهاتوودا. زۆر گرنگە کە عێراقییەکان بە بڕوایەکی پتەوەوە پێکەوە کاربکەن تا بگەنە دەستوورێك لەسەرشەفافییەت وراوێژکاری هەمەلایەنە داڕێژرا بێ, من دەزانم کورد سەربەرزن بە بەشداریی سیاسییان لە پێکهێنانی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا. بەشدارییەکی کاریگەریش لە داڕشتنی دەستووردا باشترین رێگایە و ئەزموونی هەڵبژاردنی 31 ی کانوونی دووەمیش ئەوە دەردەخات, کە کورد زۆر بە کاریگەری لەو ریفراندۆمە دەستوورییەدا بەشداری دەکەن کە بڕیارە لە 15ی ئاب دا ئەنجام بدرێ. حکومەتی بەریتانیا زۆر بەگەرمی پێشوازی لەم پرۆسەیە دەکات و دڵنیایە کە خەڵکی کوردستان و ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە, هەموو توانای خۆیان بەکار دەهێنن تا

ئەم پرۆسە سیاسیە بەسەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت, بەریتانیا بەردەوام دەبێ لە پشتیووانی کردنی پرۆسەی ئینقالی و بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی, یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی عێراق لەو کۆنفراسە نێو دەوڵەتییە کە لە 22ی حوزەیران لە برۆکسل دەبەسترێ کە تیایدا دەبێ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی هەموو پشتیوانی خۆی دەربخات بۆ پرۆسەی سیاسی لە عێراق لە چەند مانگی داهاتووش کاری زۆر گرنگمان دەبێ, تیرۆریستان هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن تا پرۆسەی سیاسی تێکبدەن, هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی عێراق رۆژ بە رۆژ بە هێزتر دەبێ بۆ رووبەروو بوونەوەیان, ئامانجی سەرەکی هێزەکانی ناوخۆی عێراق پاراستنی ئاسایشی عێراقە و ئێمە ئامادەین هێزەکانمان بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی حکومەتی عێراقی دەیەوێ بمێننەوە, نیازی ئەوەمان نییە چرکەیەك دوای ئەوە بمێنێتەوە کە پێویستیان پێمان نەبێ, بەر لەوەی کارەکانیشمان تەواو بکەین بەجێی ناهێڵین. سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا و وەزیری دەرەوە هەموو پشتیوانی خۆیان بۆ حکومەتی ئینتیقالی عێراق و سەرکردەکانی عێراق دەبڕیووە لە بڕینی قۆناغی ئینتقالیدا, ئێمە شان بەشانی هەموو عێراقییەکان دەوەستین کە دەیانەوێ چارەنووسی خۆیان بە رێگای دیموکراسی و ئاشتی دیاری بکەن.

هەشت ملیۆن و نیو لە خەڵکی عێراق کە لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەم دەنگیان دا نیشانەیەکی دیارە بۆ ئەوەی عێراقییەکان چیان دەوێ گەلی کورد رۆڵێکی گەورە و دیاریان گێڕا. بۆیە هیوا خوازین گەلی کورد و عێراق لەسەر ئەم رێبازە بەردەوام بێ, زۆر گرنگە ئەم پەرلەمانە تەماشا بکات کە چۆن حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیدا ئەرکەکانی خۆی ئەنجام دەدات.

بە نوێنەرایەتی حکومەتی بەریتانیا هیوای ئەو پەڕی سەرکەوتن بۆ بەڕێز مسعود بارزانی و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەخوازم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شكراً لكلمة السيد قنصل بريطانيا في كركوك بهذه المناسبة و لكلمته القيمة, وصلتنا تهاني كثيرة و رسائل من احزاب و شخصيات, سوف تنشر بالتأكيد, لانستطيع حتى الاشارة اليها لانها كثيرة العدد و لضيق الوقت, لكننا نشير الى اسمين و نقرأ الرسالة الثالثة لاهميتها, السيد دكتور اياد علاوي رئيس الوزراء السابق بعث برسالة صميمية و اخوية للاستاذ مسعود البارزاني رئيس اقليم كوردستان, وكذلك السيد حسين شهرستاني النائب الاول لرئيس الجمعية الوطنية, اما الرسالة الثالثة فهي كلمة للسيد اشرف قاضي ممثل السيد كوفي عنان في العراق و السيد اشرف قاضي شارك معنا في افتتاحية الجلسة البرلمانية الاولى, لكنه لم يستطيع المشاركة هذه المرة فبعث رسالة اخوية لتهنئة رئيس الاقليم, فكلنا نعرف اهمية ممثل الامم المتحدة من الناحية المعنوية للشعب الكوردستاني التي طالما طالب الامم المتحدة بأن يكون مخلصا مع هذا الشعب, لكن الايام التي اتت بعد سقوط الدكتاتورية استطاع هذا الشعب ان يوصل صوته الى كل الدول بما فيها الامم المتحدة و استطعنا انجاز الانتخابات العامة في كوردستان تحت اشراف الامم المتحدة و بقرار منها.

خوشك و برایانی بەڕێز, میوانە ئازیزەکان:

ئێستاش وەختی ئەوە هاتووە گوێ لە وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان, جەنابی کاك مسعود بارزانی رابگرین وەکو عەرەب دەڵێ (ختامها مسك) داوا لە جەنابی دەکەین بفەرمێت بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی, با بفەرمێ.

**بەڕێز مسعود بارزانی/ سەرۆکی هەرێم:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الاخوة المحترمون نواب رئيس الجمهورية**

**الاخوة رئيس مجلس الوزراء**

**الضيوف المحترمون**

**الاخوة في هيئة رئاسة برلمان كوردستان و اعضاء البرلمان**

**ايها الحضور**

احييكم جميعاً و ارحب بحضوركم و مشاركتكم في هذه المناسبة, من دواعي سروري العظيم ان ابناء شعبي اختاروني كپيشمرگه, و عن طريق برلمانهم المنتخب لتولي هذه المهمة و تحمل هذه المسؤولية, اني اعتبر امر شعب كوردستان و تكليفه اياي بهذا الواجب, تكريما لكل الپيشمرگه و مناضلي كوردستان.

منذ ان حملت السلاح كپيشمرگه قبل ثلاثة و اربعين عاماً, والى اليوم, شهدت الكثير من انتصارات ثورة كوردستان و انتكاساتها, كما لمست الكثير من آلام و مآسي شعبي, الا ان ثقتي بأن هذا الشعب سينتصر في النهاية لم تهتز ابداً. يسعدني ان اكون معكم اليوم فاشهد بنفسي ان هذا الكفاح و تلك المعاناة قد اثمرا, لكن يحز في قلبي و يقض مضجعي اني لا اجد معنا اليوم ها هنا الكثير من الاحبة و الرفاق و الپيشمرگه الذين شاطرناهم طريق الكفاح و المعاناة, من الذين قضوا خلال هذه المسيرة العظيمة و استشهدوا, وا اسفي على انهم لم يشهدوا هذا اليوم. لكني واثق ان ارواحهم تحلق اليوم فوقنا, فانهم وان كانوا قد فارقونا جسداً فان ارواحهم لما تزل معنا وهي الآن تشاركنا الفرح, كما اني على ثقة من ان ارواح قادتنا الخالدين مسرورة اليوم بهذه الانتصارات. وفي هذه المناسبة اتقدم بتحياتي القلبية الى عوائلهم العزيزة, التي لا يسعني الا ان انحني اجلالا لدماء ابنائها و دموع امهاتها, انني ارى نفسي واحداً منهم بل و مسؤولاً عن كل واحد من ابنائهم و ذويهم. ان ذوي شهداء الحركة التحررية الكوردستانية, مهما كانت انتماءاتهم الحزبية والسياسية, هم اهل لي اعزاء, وهم ابنائي وبناتي.

ان هذا البرلمان, مؤسسة نثق بها ونوقرها جميعاً, وهو رمز يعبر عن ارادة شعبنا و تطلعاته المشروعة, فالبرلمان كمؤسسة قانونية خلقته اصوات الشعب و هو تلون بالوانه. انه ثمرة دماء الشهداء و نضال البيشمركة و ضحايا الانفال و القصف الكيمياوي. وثمرة وحدة صف و موقف شعبنا, و خاصة الحزبين المناضلين, الاتحاد الوطني الكوردستاني و الحزب الديمقراطي الكوردستاني. واود هنا ان احيي ابناء شعب كوردستان كافة, اكانوا هنا على ارض الوطن ام بعيدا عنه, كما اتقدم بتحية خاصة الى بيشمركة كوردستان, بمختلف توجهاتهم و انتماءاتهم السياسية, فقد كانوا الذائدين عن شرف الشعب الكوردي و قاوموا اشد الظروف قسوة.

كما احيي اعضاء و مؤيدي و مؤازري البارتي و الاتحاد و كافة القوى و الاحزاب الاخرى, فالمكسب الذي تحقق اليوم هو ثمرة كفاحهم جميعاً دون تمييز بينهم, وعليهم جميعاً ان يشاركوا في الحفاظ عليه و السعي لتطويره. و اقولها لكم جميعاً انتم اخوة اعزاء علي. وفي هذه المناسبة ادعو الجميع الى مراجعة انفسنا و فتح صفحة جديدة هي صفحة التآخي و الوئام و التوحد, فما مضى قد مضى الى غير رجعة, و لنعمل على شفاء ما قد يكون علق في القلوب, و التغلب على العقد النفسية و السعي للسمو و الارتقاء, ينبغي علينا منذ اليوم ان نغض الطرف عن مساويء الامس و لا نلتفت الى الوراء, و علينا ان نرقى صوب ذروة الانتصار و مستقبل اكثر اشراقاً, ينبغي علينا بعد الآن ان نخطو صوب تعزيز الفكر القومي و تنمية الروح الديمقراطية في المجتمع الكوردستاني, و علينا ان ننزع عنا قيود التحزب ونسمو فوق ضيق الافق و التنافس العقيم, و لانعود الى تصرفات الايام الخوالي التي تثير جراح شعبنا آلامه. اود هنا ان اقول بان الشعب الكوردي شعب شامخ يفخر بان نضاله لم ينقطع يوماً, ولم تنل من عزيمتنا الكوارث و المصائب, فمنذ اندلاع ثورة ايلول كان شعارنا واضحاً لا تشوبه شائبة (الديمقراطية للعراق والحكم الذاتي لكوردستان), هذا الشعار الحي هو دليل حكمة و بعد نظر وتقييم واقعي لأوضاع حركتنا و ظروف العراق و المنطقة من جانب قيادة الثورة الكوردية. واليوم بعد ان صار الشعار الى (عراق فدرالي ديمقراطي) فان المصدر هوعين الفكر و التقييم الواقعي, حيث ان قضية حقوق الشعب الكوردي و قضية الديمقراطية في العراق, قضيتان متلاحمتان لايمكن الفصل بينهما.

بذلت الانظمة المتعاقبة الكثير من الجهد لتصوير حربها المفروضة على الكورد, وتصدينا لها, على انها صراع و حرب بين العرب و الكورد, ولان نواياها كانت شريرة قذرة, فان جهودها لم تثمر عن شيء بل على العكس من ذلك فان الكثير من المناضلين العرب شاركونا الكفاح ضمن هذه الحركة الديمقراطية والمسيرة النضالية, فكافحوا معنا و كابدوا الكثير و ضحوا بالكثير من الارواح. واليوم ها نحن مع هؤلاء الرفاق و المناضلين نواصل المسيرة النضالية ذاتها, وان كنا بالامس معاً في الخندق المضاد للدكتاتورية, فاننا لازلنا معاً نناضل في ميدان العمل من اجل اقامة الفدرالية و الديمقراطية و لن تنجح في المستقبل اية مؤامرة يراد بها احداث شرخ بين هذين الشعبين الكادحين, والاخوة التي حفظناها بالكد و العمل الجاد ستكون حجر اساس مستقبل مشرق لنا. واليوم حيث آثار الكوارث و وحشية نظام البعث و الانظمة التي سبقته ظاهرة,

تشهد عليها المقابر الجماعية التي تضم رفات الجميع, فان الفرصة مواتية للاعتبار من اخطاء الانظمة السابقة و محاولاتها العقيمة, و العمل على بناء مستقبل مشرق لهذا البلد على اساس التآخي و المساواة و نبذ التفكير في غايات اخرى. تعرض الشعب العراقي بكافةاطيافه واعراقه الى حرب ابادة, وقد آن الاوان للعمل على تضميد الجراح و اعمار الوطن, و طن تحفظ فيه حقوق الانسان. اننا ككورد لنا ان نفخر باننا طوال تاريخ ثورتنا في كوردستان العراق, لم نلجأ يوماً الى الارهاب, بل لم نفكر في ذلك رغم ان النظام العراقي مارس الارهاب ضدنا, منذ بدء ثورة ايلول, ولم يتخل عن اعماله الارهابية حتى انتهى الى اسوا صنوف الارهاب و اكثرها وحشية, والتي توجها بعمليات الانفال في العام 1988 و عمليات الانفال ضد الفيلية و البارزانيين, ثم القصف الكيمياوي و الجريمة الكبرى التي اقترفها في حلبجة.

لقد آن الاوان لاعادة بناء العراق على اساس الفدرالية و الديمقراطية و التعددية, وليسود فيه القانون, ان العراق الجديد يجب ان يقوم على اساس الاتحاد الاختياري بين القوميتين الرئيستين, الكورد و العرب ويجب ان يشعر فيه كل مواطن, مهما كانت قوميته او دينه او مذهبه,بان هذا البلد بلده, و تكون واجباته وحقوقه معلومة واضحة. لقد قدمنا الكثير من التضحيات لتحقيق هذه الاهداف, و سنواصل نضالنا حتى النهاية, يجب ان يستتب الامن و الامان في هذا البلد, وان تكون ارواح المواطنين و اموالهم وكراماتهم محفوظة, و يجب ان يحتل العراق موقعه اللائق في المحافل الدولية و الاقليمية و نحن من جانبنا ندعم بصورة كاملة المساعي التي تبذل لضمان مستقبل كهذا, و نساند اية حكومةتلتزم بهذه الاهداف ونقف الى جانبها. في الايام القادمة, سيتم تشكيل حكومة جديدة لاقليم كوردستان ستعرض تشكيلتها على البرلمان للمصادقة عليها, هذه الحكومة الجديدة ستكون حكومة موحدة ذات قاعدة عريضة, و ستكون مهامها دقيقة و حساسة, لذا يجب علينا جميعاً ان نعاونها في عملها و تنفيذ برنامجها. يجب اعادة بناء البنية التحتية لكوردستان, والتي دمرها النظام العراقي من كل الاوجه, فينبغي اعمار طرق المواصلات في كوردستان باسلوب عصري متقدم, كما ينبغي تأسيس نظام عصري للبريد و الاتصالات.

بالنسبة لمياه الشرب و الطاقة الكهربائية, ينبغي ايصال هذه الخدمات الى جميع انحاء كوردستان و الاسراع في التغلب على النواقص التي تعانيها باسرع مايمكن, كما يجب ان تكون هناك مدارس و مراكز صحية في كافة القرى و المناطق القريبة و النائية, كما يجب ان يكون النظام الصحي في كوردستان افضل ما يمكن. يجب اجراء اصلاحات في نظام التربية و التعليم و تطهير هذا المجال من آثار و مخلفات البعث, فالتربية و التعليم هو الاساس لكل المجالات الاخرى و يقوم عليه مستقبلنا, لقد عمل البعث الكثير لتخريب البنية التحتية الفكرية و عقلية مجتمعنا, وعلينا الاسراع في التخلص من الآثار الفاسدة و اللاانسانية التي خلفها. الجامعات و المعاهد و التعليم العالي بصورة عامة يجب ان تحظى بالمزيد من الاهتمام, يجب ان لا تقل جامعات كوردستان عن شبيهاتها في المنطقة في أي مجال. و يجب ان تكون مركز اشعاع حضاري و ديمقراطي و يكون دورها و اثرها في المجتمع كبيرين, كما يجب ان يكون هناك ارتباط و علاقات تربط جامعاتنا بجامعات العالم و مؤسساتها العلمية. يجب ان تشهد المؤسسات اصلاحات تقضي على كافة اوجه و مظاهر الفساد, و يجب ان تكون الخدمات و الاستجابة لمطالب و احتياجات المواطنين عادلة و على قدم المساواة, وتلبية الاحتياجات بالسرعة الممكنة.

ينبغي وضع برنامج متين و شكامل للتنمية الاقتصادية في اقليم كوردستان و الانشطة التجارية, و تنبغي زيادة فرص العمل بحيث لا يكون هناك عاطل عن العمل في هذا البلد الغني, فالشعب السعيد المرفه يستطيع ارساء اسس مستقبل مشرق. ينبغي ان يكون شعبنا شعباً منتجاً لا مستهلكاً طفيلياً, فالانسان الكوردي نشط بطبعه لذا يجب ان يعتمد في معيشته على قدراته الجسدية و العقلية و لتحقيق هذا يجب انشاء معامل و مصانع في انحاء كوردستان, و كذلك يجب الاهتمام بالانتاج الصناعي و كذلك الاهتمام بالقطاع الزراعي و قطاع السياحة ليصبحا من القطاعات الرئيسة لانعاش الاقتصاد و تطوير بلدنا. ينبغي بناء اقتصاد كوردستان على اساس السوق الحرة و الاهتمام بالقطاع الخاص و المشاريع المختلطة, و ان تقدم الحكومة كافة انواع الدعم و التسهيلات لدعم هذه المجالات, الحريات في كوردستان مصانة, سواء اكانت فردية ام جماعية و هذه الحريات تكون محفوظة ومصانة بقوانين و تعليمات تضمنها. كما ان هناك احتراماً لاراء الناس و حرية المعتقد مصانة. كما ارجو ان نوفق في بناء اقوى مايمكن من اواصر الثقة بين الشعب وحكومة الاقليم. فهذه الثقة

المنشودة تكفل نجاح و تقدم الجانبين. يجب الاهتمام بالشباب و الطلبة و تنفيذ المشاريع التي يحتاجونها, مع احترام رغباتهم و مطالبهم, كما يجب توفير فرص العمل اللائقة و المناسبة للشباب.

يجب ان تكون للنساء دور تليق بهن في كافة المجالات التي تخص المجتمع و القضاء على كل الاختلافات القانونية في هذا المجال, وعلى النساء انفسهن ان يكافحن من اجل تغيير و ضعهن في المجتمع و سنقدم لهن كل الدعم في هذا المجال. يتم احترام الدين الاسلامي و الاعراف و التقاليد القومية, وكذلك رجال الدين و كافة الشخصيات الاجتماعية, التي يريد كل منهامن موقعه خدمة المجتمع الكوردي و الوضع الجديد. وهنا اود التأكيد على احترام حرية العمل والنشاط السياسي للاحزاب و القوى الكوردستانية, وان آراءها و مقترحاتها تؤخذ بعين الاعتبار, كما ان الاعلام في كوردستان, وبكل اشكاله, اعلام حر لا رقابة عليه.

ليس هناك تمييز قومي في كوردستان, فالمواطنون بغض النظر عن انتماءاتهم القومية و العرقية, متساوون في الواجبات و الحقوق, التركمان و الكلد و آشوريون اخوة محترمون لنا, و سنبذل كل ما في وسعنا لاسعادهم, اننا جميعا نعيش معا على هذه الارض و نحن شركاء في المصير و في الافراح و الاتراح. و نعتبر انفسنا مؤيدين و مدافعين عن حقوق هؤلاء. يتم احترام الاديان و المذاهب المختلفة جميعا. ففي كوردستان تنعم الاديان جميعا بالحرية التامة و الجميع متساوون. الاخوة الايزديون كورد اصليون ولم يقصروا في المشاركة في النضال القومي لامتهم و لهم موقعهم الخاص في قلوب ابناء الشعب الكوردي, ويحظون باعلى درجات الاحترام و التقدير. و الاخوة الفيليون تعرضوا خلال فترة نضال شعبهم الطويلة الى اقسى ضربات نظام البعث و عانوا اشد المعاناة, يجب ان ينعم هؤلاء بحقوقهم و يطمئنوا عليها. ذوو ضحايا الانفال في كرميان و قرداغ و بادينان و دشتي كوية, ومن البارزانيين والفيليين, و جريمة القصف الكيمياوي لحلبجة, و ضحايا التهجير و الترحيل, كلهم موضع تقدير و احترام, وتجب مساعدتهم ومحو آثار تلك الجرائم عن حياتهم.

اصيب المرحلون بأضرار كبيرة وكان لهم حظ وافر من التضحية سواء منهم من لجأ الى دول الجوار عند النكبات والنكسات, او من شردته داخليا في كوردستان السياسات الوحشية و ظلم النظام, هؤلاء جميعا محل تقديرنا و اعتزازنا, ويجب تسهيل عودة من لم يستطع منهم العودة الى موطن آبائه و مساعدته في العودة. يجب وضع خطة شاملة لاعادة اعمار قرى كوردستان وايصال الخدمات الضرورية اليها و انعاش اقتصادها. اذ ان النظام العراقي, ولغرض تسديد ضربة قاتلة الى اقتصاد كوردستان و حركتنا التحررية, دمر آلاف القرى و سواها بالارض و شرد سكانها, لان تلك القرى كانت ملاذ و مأوى البيشمركة و ثورتنا.

بيشمركة كوردستان هم اعز الناس علينا, فهؤلاء هم الذين ناضلوا في اصعب الظروف وانا بيشمركة مثلهم ومن دواعي فخري ان اكون واحدا منهم, مكانكم ايها البيشمركة هو في القمة وفي قلوب الشعب و منازل الشهداء, فمازال الشعب الكوردي مصانا بهممكم و عزيمتكم ان قواتكم قد تشكلت بقرار من الشعب و نتيجة لمعاناته و دموع امهات الشهداء, و ستبقون ما بقى شعب كوردستان. لقد دافعتم عن وجود الشعب الكوردي و سطرتم تاريخه بدمائكم, وانتم اليوم ابناء هذا الشعب البررة كما كنتم, و سيبقى اسمكم و مكانتكم كما كان مع تغيير مهامكم, فبالامس كنتم تناضلون لاسقاط النظام الدكتاتوري واقامة الفدرالية و الديمقراطية, اما اليوم فان نضالكم يهدف الى حماية هذه المكاسب و ارساء الامن و الاستقرار في العراق و كوردستان.

في هذه الايام, يشكل الارهاب الخطر الاكبر على الحياة الديمقراطية وعلى التقدم, اننا لن نتوقف عن مقارعة الارهاب ولن نغفل عنه لحظة, فلا مكان للارهابيين في هذا البلد, وعلينا ان نسارع الى مقارعتهم و اجتثاثهم من جذورهم, لكن عملية اجتثاث الارهاب لايمكن ان تقوم بها مؤسسة واحدة او جهاز من الاجهزة, بل يبغي ان يتعاون المواطنون والاحزاب والجميع عليها, ويساندوا الاجهزة الرسمية في اداء هذه المهمة. بالنسبة الى قضية كركوك, لقد تم وضع الحل لها, وقد جاء هذا الحل في قانون ادارة الدولة العراقية المؤقت, ولن نقبل بحل آخر غير هذا الحل, فهذا اتفاق وقعنا عليه جميعا واصبح قانونا و دستورا, ويجب تنفيذه دون تاخير, ان تطبيق المادة الثامنة و الخمسين من قانون ادارة الدولة المؤقت مسألة غاية في الجدية, ولايمكن باي شكل من الاشكال القبول بالتراجع عنه, و كذلك هي الحال بالنسبة الى المناطق الاخرى المقطعة من كوردستان, يجب ان تعاد جميعا الى الاقليم لانها ارض كوردستانية لايمكن استقطاعها. ان ماجاء في قانون ادارة الدولة

العراقية, هو الحد الادنى من حقوق الشعب الكوردي, وليس ممكنا ان نقبل باقل من تلك الحقوق التي ينص عليها ذلك القانون, ويجب ان تدخل هذه الحقوق كما هي في الدستور العراقي الدائم. كتابة الدستور خطوة هامة, ويجب ان تشارك كافة الطبقات و الشرائح و الاطراف في صياغة الدستور, كما يجب ان يقوم الدستور على اساس الاتفاق و التوافق ليعكس الهوية الفدرالية الديمقراطية للعراق. نحن نحترم دول الجوار و نمد اليها يد الصداقة, كما نعمل من اجل اقامة افضل علاقات الاحترام المتبادل و الصداقة معها, وهذه فرصة مواتية ندعوها فيها الى مد يد العون الى العراق و الى اقليم كوردستان, اننا لانتدخل في شؤون هذه الدول, ونأمل منها ان ترد بالمثل و لاتتدخل في شؤوننا الداخلية.

نحن بلا شك نشكر الدول الجارة التي آوت شعبنا في ايام المحن والشدائد و مدت الينا يد العون وعن الامة الكوردية المقسمة على دول الجوار, نطمئن اخوتنا الى ان قلوبنا معهم و اننا نشعر بمعاناتهم, نرجوا ان ينتهجوا الاساليب العصرية في المطالبة بحقوقهم, فلم يعد للعنف مكان في عالم اليوم, والعنف لايأتي على الكورد الا بالوبال و الدمار, كما نرجو ايضا ان تلقى مطالب اخواننا آذانا صاغية لدى تلك الدول و تقبل بالتحاور معهم. ارجو ان تتحول هذه الثقة التي منحت لي الى عامل يوحد صفوف و مواقف شعبنا, واقولها بصدق ان كوني بيشمركة هو اهم عندي و اعظم من أي منصب. لكننا اليوم بصدد اقامة مؤسسات و رئاسة الاقليم واحدة من مؤسسات كوردستان وسيكون من دواعي اعتزازي العظيم ان اوفق في اداء دور متواضع بخدمكم.

ان المضي في اقامة المؤسسات الدستورية و القانونية يجب ان يكون في مقدمة اولويات عملنا, ولكن ذلك يجب ان يتم بمراعاة الالتزامات الاجتماعية و الثورية من جهة و ضرورة اقامة صرح ادارة عصرية وقانونية و دستورية من الجهة الاخرى. لقد نشأت في مدرسة علمتني منذ ان وعيت شؤون الدنيا (ان الكفاح هوالطريق الوحيد للحياة) كلما رأيت سلسلة تراءت لي السلاسل و القيود التي يكبل بها المناضلون, وحيثما رأيت حبلا تماثلت امامي صورة مشنقة علق عليها احد الابطال, وكلما رايت نهراً ذكرني بنهر اراس الذي خاضه بيشمركة كوردستان. عندما التحقت بصفوف البشمركة و حملت السلاح و سرت خلف البارزاني الخالد, نلت اعظم الشرف واليوم اذ اتولى هذا المنصب فاني ارجو من وراء هذا ان اقدم لكم خدمة ما, واعتبر هذا استمرارا لخدمتي كبيشمركة, ولا هدف لي غير خدمتكم. في هذه الايام ستتم المباشرة في اجراءات تشكيل حكومة اقليم كوردستان, في بعض الاحيان تؤدي المناقشات و تبادل الآراء و التأخر في التوصل الى نتائج, الى بعض التأخير و هذه هي سمة الحياة الديمقراطية الا ان المغرضين يحملون بان تاخير التوصل الى حالة التفاهم دليل على خلاف بيننا, انني هنا اؤكد لهم بان حلمهم هذا لن يتحقق, فالفيصل عندنا هو الاقتناع بما نتفق عليه و ثقة شعبنا بنا.

كما أؤكد لكم ان كل خطواتنا تتم بالتشاور و تبادل الآراء بيني و بين اخي العزيز مام جلال. فكونه موجودا في بغداد وانا هنا لا يعني اننا لسنا متواصلين, بل على العكس فاننا لا نخطوا أي خطوة فردية, كما يجب ان نتقارب قيادتا الحزبين و يكون هناك تعاون و تنسيق مع الاحزاب الاخرى و يجب ان لا ندع اية فرصة ليستغلها الخبثاء فيندسوا بيننا و يخربوا البيت الكوردي مرة اخرى.

اشكر باسم الشعب الكوردي الرئيس الامريكي جورج دبليو بوش و الادارة الامريكية و الشعب و الجيش الامريكيين, الذين ساعدونا في اسقاط اكثر النظم الدكتاتورية وحشية و الخلاص منه, اننا لن ننسى قرارهم الشجاع, و نؤكد اننا سنكون معا في مواجهة الارهاب وفي بناء عراق فدرالي ديمقراطي. كما اتقدم بالشكر الى رئيس وزراء بريطانيا السيد توني بلير والشعب البريطاني, واشكر جميع دول التحالف. وهنا اود ان اتقدم بالشكر الجزيل الى ابناء اربيل المناضلين, ابناء هذه المدينة العريقة قاهرة الدكتاتوريات, وهي لا تزال تواصل التضحية و تحمل الصعاب وفي مرات كثيرة تؤدي الاجراءات الامنية و سد الطرق الى زيادة الصعوبات التي يواجهها ابناء اربيل, لذا اتقدم لهم بالشكر و الاعتذار, ختاماً احيي الارواح الطاهرة لشهداء تحرير العراق و كوردستان.

**بەڕێز مسعود بارزانی/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان.**

برای بەڕێز جەنابی مام جلال سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ, برایانی بەڕێز جێگرانی سەرکۆمار, برای بەڕێز د. حاچەم ئەلحەسەنی سەرۆکی پەرلەمانی فیدراڵی عێراق, برایان و خوشکان, سەرکردەکان و نوێنەرانی حزبە هاوپەیمانەکان.

بەڕێز سەفیرەکانی وڵاتانی دۆست, برای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان, خوشك وبرایان, ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

ئامادەبووانی بەڕێز...

سڵاوتان لێبێت و بەخێرهاتنێکی گەرمی هەموو لایەکتان دەکەم بۆ ئامادەبوون و بەشداریتان لەم بۆنەیەدا, خۆشحاڵییەکی گەورەیە بۆ من کە وەکو پێشمەرگەیەك لە لایەن رۆڵەکانی میللەتەکەم لە رێگەی پەرلەمانی هەڵبژاردەی خۆیانەوە راسپێردراوم بۆ وەرگرتنی ئەم ئەرکە و هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارێتییە, من ئەم فەرمان و تەکلیفەی گەلی کوردستان بە خەڵات و پاداشت دەزانم بۆ هەموو پێشمەرگە و تێکۆشەرانی گەلەکەمان.

لەو رۆژەی بەر لە 43 ساڵ کە بۆ یەکەمجار چەکی پێشمەرگایەتیم کردە شان تا ئەمڕۆ زۆر لە هەوراز و نشێوەکانی شۆڕشی کوردستان و گەلێك ژیانی تاڵ و سوێر و کولەمەرگی میللەتی خۆمم بینی, بەڵام بۆ یەك رۆژیش گومانم نەبووە, کە ئەم میللەتە هەر سەردەکەوێ, خۆشحاڵم کەوا ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەدام و بەرهەمی ئەو رەنج و خەباتە نەپساوەیە بە چاو دەبینم, ئەوەی کە زۆر غەمبارم دەکات و گیانم ئازار دەدات ئەوەیە, زۆر لەو دۆست و هەڤاڵ و پێشمەرگانەی بەیەکەوە بووین و گەرمی و ساردیمان بەش دەکرد, لەم کاروانە پڕ سەرووەرییەدا گیانیان لەدەستداو شەهید بوون, بەداخەوە ئەوان ئەو رۆژەیان نەبینی, دڵنیام ئەمڕۆ گیانی ئەوان وا بەسەرمانەوە دەسوورێتەوە و ئەوان تەنیا بە جەستە نەماون, ئەگینا هەمیشە بەرۆح لەگەڵ ئێمەدان و لەو شادییەدا بەشدارییمان دەکەن, دڵنیام گیانی سەرکردە نەمرەکانیشمان ئەمڕۆ بەم سەرکەوتنانە شادن.

ئەو پەرلەمانە دامەزراوەیەکە جێی متمانەو رێزلێگرتنی هەموو لایەکمانە و نیشانەی خواست و ویستی رەوای میللەتەکەمانە, ئەو دامەزراوە یاساییە بەدەنگی ئەوان هاتۆتە کایەوە و هەڵگری رەنگی ئەوانە, ئەمە بەرهەمی خوێنی شەهید وخەباتی پێشمەرگە و قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانە, بەر ئەنجامی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی میللەتەکەمانە, بەتایبەتی هەردوو حزبی تێکۆشەر یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان.

هەر لێرەدا گەرمترین سڵاو ئاراستەی سەرجەم گەلی کوردستان بەگشتی دەکەم چ لەسەر خاکی کوردستان بن چ لە هەندەران, بەتایبەتی سڵاوی گەرم ئاراستەی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم کە سەر بە هەر لایەنێکی سیاسی بووبێ, پارێزەری شەرەفی میللەتی کورد بووە و کوڕی رۆژانی سەخت بووە, هەروەها سڵاو ئاراستەی ئەندام و دۆست و هەڤاڵانی پارتی ویەکێتی و سەرجەم لایەنەکانی تر دەکەم, ئەم دەسکەوتەی کە ئەمڕۆ بەدیهاتووە بەرهەمی تێکۆشان و کۆڵنەدانی هەموویانە بەبێ جیاوازی, دەبێ هەمووشتان لە پاراستن و بەرەو پێشبردنی ئەم دەسکەوتە بەشداری بکەن و بە هەمووشتان دەڵێم ئێوە برای خۆشەویستی منن, با هەموو لایەك بە خۆماندا بچینەوە و لاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوە, کە لاپەڕەی برایەتی و تەبایی و یەکبوون بێت, ئەوەی چووە ئیتر ناگەڕێتەوە, با هەر برینێك کە لە دڵدا ماوە چارەیەکی بکەین و بەسەر هەموو گرێ دەروونییەکاندا باز بدەین و سەربکەوین, پێویستە لە مڕۆ بەدواوە چاوپۆشی لە کەموکورتییەکانی دوێنێ بکەین و ئاوڕ دواوە نەدەینەوە, دەبێ بەرەو لوتکەی سەرکەوتن و ئاسۆیەکی گەشتر رێگە بگرین, دەبێ لەمەودوا بەرەو بەهێزکردنی بیری نەتەوایەتی و پەرەپێدانی گیانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی کوردستان هەنگاو بنێین, دەبێ خۆمان لە حزبایەتی تەسك و بەرچاو تەنگی و ململانێی بێ ئەنجام بەدوور بگرین وهەڵسوکەوتی ئەو رۆژانە دووبارە نەکەینەوە کە برینی میللەتەکەمان دەخەنەوە ئێش و ئازار.

ئێمە وەکو کورد میللەتێکی سەربەرزین کە خەباتەکەمان هیچ رۆژێك نەپسایەوە و هیچ کارەساتێکیش ئێمەی سارد نەکردەوە و ماندووی نەکردین, لە رۆژی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولەوە ئامانج و دروشمەکانمان ئاشکراو بێ پێچ و پەنابوون, دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان, ئەم دروشمە زیندووە نیشانەی حیکمەت و دووربینی و هەڵسەنگاندنی واقیعیانەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بوو لەبارەی بارودۆخی بزووتنەوەکەمان و رەوشی عێراق و ناوچەکە, ئەمڕۆش کە ئەم دروشمە بووە بە عێراقی فیدراڵی دیموکراسی سەرچاوەکەی هەمان بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەیە, لەبەر ئەوەی پرسی مافەکانی میللەتی کورد, پرسی گرێدراوی یەکترن وجیا ناکرێنەوە, رژێمە یەك لەدوایەکەکان زۆریان هەوڵدا شەڕی داسەپاوی خۆیان بەسەر کورد و بەرگری و بەرخۆدانی ئێمە بکەن و

ململانێ و شەڕی نێوان دوو نەتەوەی کورد و عەرەب, لەبەر ئەوەی ئامانجەکانیان چەپەڵ و گڵاو بوون هیچی لێ شین نەبوو, بە پێچەوانەوە زۆر لە تێکۆشەرانی عەرەب هاوخەبات و هاوسەنگەری ئێمە بوون لەم بزووتنەوە دیموکراسی ولەم کاروانی خەباتەدا, ئەوانیش لە تەنیشت ئێمەدا قوربانی و رەنجێکی زۆریان پێشکەش کرد و زۆریشیان گیانیان پێشکەش کرد, ئەمڕۆش هەر لەگەڵ ئەو هەڤاڵ و تێکۆشەرانەدا لە هەمان کاروانی خەباتداین, ئەگەر دوێنێ لەسەرنگەری دژ بە دیکتاتۆرییەتدا بەیەکەوە بووین, وا ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی کارکردن بۆ بەدیهێنانی فیدرالیزم و دیموکراسی بەیەکەوەین, لە داهاتووی عێراقیشدا هیچ پیلان و نەخشەیەك بۆ کەلەبەر خستنە نێوان ئەم گەلە چەوساوەیە سەرناگرێ و, ئەو برایەتییەی بە ئەرك وماندوو بوون پاراستوومانە دەبێ بە بەردی بناغەی پاشەرۆژێکی گەش بۆمان, ئەمڕۆ کە لەسەرتاسەری عێراقدا شوێنەواری کارەسات و دڕندایەتی رژێمی بەعس و رژێمەکانی پێش ئەویش دیارو بەرچاون, لە گۆڕستانە بە کۆمەڵەکاندا ئێسکەکان بەیەکەوە نێژراون, ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی سوود لە هەڵەکان و هەوڵە پووچەڵەکانی رژێمەکان وەربگرین بۆ داهاتوویەکی گەش لەسەر بناغەی برایەتی و یەکسانی لەم وڵاتە ئاوا بکەین و بیر لە شتی تر نەکرێتەوە, گەلی عێراق بە هەموو رەنگ و رەگەزەکانییەوە دووچاری شەڕی بڕینەوە و جینۆساید ببوو, ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە برینەکانی سارێژ بکرێن و وڵات ئاوەدان بکرێتەوە, وڵاتێك کە مافەکانی مرۆڤ تێیدا پارێزراو بێت.

ئێمە وەکو کورد شانازیش بەوە دەکەین کە بەدرێژایی مێژووی شۆڕشەکەمان لە کوردستانی عێراق هیچ رۆژێك لەرۆژان پەنامان بۆ تیرۆر نەبرد و بیریشمان لێ نەکردۆتەوە, هەرچەندە رژێمی عێراق لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە بە تیرۆر لە بەرامبەر ئێمەدا دەستی پێکرد تا ئاخیریش دەستی لێ هەڵنەگرت و هەر درێژەی پێدا تا گەیاندنی بە دڕندانەکانی وەك ئەنفالەکانی ساڵی 1988 و ئەنفالی فەیلییەکان و ئەنفالی بارزانییەکان و کیمیاباران و تاوانە گەورەکەی هەڵەبجەی ئەنجامدا, ئێستاش کاتی ئەوەیە لەسەر بنچینەی فیدرالیزم و دیموکراسی و فرەلایەنی عێراقی نوێ دروست بکرێتەوە, کە تێیدا یاسا سەروەربێت, دەبێ عێراقی تازە لەسەر بنچینەی بەیەکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی هەردوو نەتەوەی سەرەکی کوردو عەرەب دابمەزرێت و هەموو هاووڵاتییەکی عێراقی کە سەر بە هەر رەگەزو ئایین و مەزهەب و تایفەیەك بێت هەست بکات ئەو وڵاتە وڵاتی خۆیەتی و ئەرك و مافەکانی دیارە.

ئێمە زۆر قوربانیمان داوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە و تا ئاخیریش هەر خەبات دەکەین, دەبێ لەم وڵاتەدا ئەمن و ئاسایش هەبێت و سەروماڵ و حورمەتی خەڵك پارێزراو بن, دەبێ عێراق شوێنی شایستەی خۆی لە کۆڕو کۆمەڵگە نێو دەوڵەتییەکان و هەرێمییەکاندا وەربگرێت, ئێمە تەواوی پشتگیری پێشکەش دەکەین بۆ بەدیهێنانی ئەم پاشەرۆژە و هەر حکومەتێکیش پابەندی ئەم رێبازە بێت, ئێمە پشتیوانی لێدەکەین و لەگەڵیدا دەبین.

لەرۆژانی داهاتوودا حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێ و متمانەی خۆی لە پەرلەمان وەردەگرێ, ئەم حکومەتە تازەیە, حکومەتێکی یەکگرتووی بنکە فراوان دەبێت و ئەرکەکانیشی زۆر ئاڵۆزن, بۆیە دەبێ هەموو لایەك هاوکاربین بۆ سەرکەوتنی ئەم حکومەتە لە کارو بەرنامەکانیدا, دەبێ ژێرخانی کوردستان سەر لەنوێ بنیادبنرێتەوە, ئەو ژێرخانەی کە رژێمی عێراق لە هەموو رووێکەوە وێران و کاولی کردبوو, دەبێ کوردستان ببوژێتەوە و بە رێگەوبانی پێشکەوتوو, هەروەها دەبێ پۆستەو گەیاندنی هاوسەردەمانە لە کوردستان دابمەزرێت, خزمەتگوزارییەکانی ئاوو وزەی کارەبا دەبێ بگەن بە هەموو شوێنێك و ئەو کەموکورتییانەی کە لەمبارانەوە هەن بە زووترین کات چارەسەر بکرێن و, دەبێ قوتابخانە و بنکەی تەندروستی لە هەموو ئاوایی و ناوچەیەکی نزیك و دوور بکرێنەوە, پێویستە باشترین سیستەمی تەندروستی لە کوردستان بکەوێتە کار, دەبێ سیستەمی پەروەردە چاك بکرێتەوەو پاك بکرێتەوە لە شوێنەوارەکانی بەعس, پەروەردە بناغەی هەموو کارەکانی ترو داهاتوومانە, بەعس زۆر کاری کردووە بۆ شێواندنی ژێرخانی بیرکردنەوە و عەقڵییەتی کۆمەڵی ئێمە, دەبێ بە زووترین کات ئەم ئاسەوارە گەندەڵ و نامرۆڤانەیە بسڕێتەوە, زانکۆو پەیمانگاکان و خوێندنی باڵا بەگشتی دەبێ زۆرترین بایەخیان پێبدرێت, پێویستە زانکۆکانی کوردستانیش کەمتر نەبن لە زانکۆکانی ناوچەکە, دەبێ ببن بە ناوەندی تیشکدانەوەی شارستانییەت و دیموکراسی و رۆڵیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا قووڵ و بەرچاوبێت, هەروەها دەبێ پەیوەندی و تێکەڵاوییەکی فراوان لەگەڵ زانکۆو

دامەزراوە زانستییەکانی جیهان دابمەزرێنن, دەبێ چاکسازی لە دام ودەزگاکاندا بکرێن و هەموو جۆرەکانی گەندەڵی بنەبڕ بکرێن, دەبێ دادپەروەری و یەکسانی لە خزمەتگوزارییەکان و بەدەنگەوەچوونی داواو خواستەکانی خەڵك هەبێت و پێویستییەکانیان بە زوویی جێبەجێ بکرێ, دەبێ بەرنامەی رێکوپێك و تێروتەسەل دابنرێ بۆ پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان و چالاکییە بازرگانییەکان, پێویستە دەرفەتی کارکردن زۆر بکرێن و نابێ خەڵکی بێ کار لەم وڵاتە دەوڵەمەندەدا بمێنێ, گەلێکی خۆشگوزەران و خۆشبژی دەتوانێ پاشەرۆژێکی گەش بۆ خۆی بنیادبنێ, پێویستە میللەتی ئێمە, میللەتێکی بەرهەمهێنەر بێت, نەك میللەتێکی بەکارهێن و مشەخۆر. مرۆڤی کورد مرۆڤێکی چالاکە و پێویستە بەهێز و بازوو و بەهێزی بیرکردنەوەی خۆی بژی, بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ کارگە و فابریکە لە هەموو شوێنێکی کوردستان دابمەزرێن و بایەخ بە بەرهەمهێنانی پیشەسازی بدرێت, و هەروەها بایەخ بە کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی گەشتوگوزار بدرێت و ببن بە دوو بواری زیندووی ئابووری گەشەپێدانی وڵاتەکەمان, دەبێ ئابووری کوردستان لەسەر بناغەی بازاڕی ئازاد بنیاد بنرێتەوە و بایەخ بە کەرتی تایبەتی و پرۆژەی هاوبەش بدرێت و حکومەت هەموو جۆرە یارمەتییەکیان پێشکەش بکات و ئاسانکاری و پاڵپشتیان بۆ مسۆگەر بکات.

لە کوردستاندا رێز لە ئازادییەکان دەگیرێت, چ ئازادییەکانی تاك بن چ ئازادی کۆمەڵ و گرووپەکان, هەموویان بە پێی یاسا و رێنوێنییەکان پارێزراوو رێزلێگیراو دەبن, رێز لە بیروبۆچوونی خەڵك دەگیرێت و باوەڕی ئایینی ئازادە, هەروەها ئومێدەوارم ئێمە بتوانین بە هێزترین بڕوا و متمانە لە نێوان گەل و حکومەتی هەرێمدا دروست بکەین, ئەو بڕواو متمانەیە سەرکەوتن و پێشکەوتنی هەردوو لایەن مسۆگەر دەکات. دەبێ بایەخێکی تەواو بە قوتابیان و لاوان بدرێت و پرۆژەی پێویستیان بۆ جێبەجێ بکرێت و رێز لە ئارەزوو وخواستەکانیان بگیرێ, هەروەها دەبێ دەرفەتی کاری شیاوو گونجاو بۆ لاوان دەستەبەر بکرێت, ئافرەتان رۆڵی شیاوی خۆیان لە بوارەکانی کۆمەڵگادا بگێڕن و هیچ جیاوازییەکی یاسایی لەم بوارەدا نەمێنێ, دەبێ ژنان خۆشیان خەبات بکەن بۆ گۆڕینی رەوشی خۆیان لە کۆمەڵگەداو ئێمەش هەموو پاڵپشتییەکیان دەکەین, رێز لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و دابونەریتە نەتەوەییەکان دەگیرێ, هەروەها رێز لە پیاوانی ئایینی وهەموو ئەو کەسایەتییە کۆمەڵایەتیانە دەگیرێ, کە هەر کەسە و دەیەوێ لە شوێنی خۆیەوە خزمەتی کۆمەڵی کوردەواری و ئەم رەوشە تازەیە بکات و رۆڵی خۆی تێدا ببینێ. لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کەوا رێز لە ئازادی کارکردن وئازادی نواندنی چالاکی سیاسیانەی حزب و لایەنەکانی کوردستان دەگیرێ, بۆچوون و پێشنیازەکانیان رەچاو دەکرێن و لەبەرچاو دەگیرێن.

هەروەها لە کوردستاندا راگەیاندن بە هەموو شێوەکانییەوە ئازادە و سانسۆری لەسەر نییە, لە هەرێمی کوردستاندا جیاوازی نەتەوەیی نییە, هەموو هاووڵاتیان نەتەوە و رەگەزیان هەرچی بێت وەك یەکن لەئەرك و مافەکانیان,تورکمان و کلد وئاشوور برای رێزداری ئێمەن, هەرچییەك لەتوانا و دەسەڵاتدا هەبێت لە پێناو بەختەوەری ئەواندا دەیکەین, هەموومان لەسەر ئەم خاکەدا بەیەکەوە دەژین و چارەنووس و خۆشی و ناخۆشیمان هاوبەشە, خۆشمان بە داکۆکیکارو بەریگریکار لە مافەمانی ئەوان دەزانین, هەمووئایین و مەزهەبە جیاجیاکان رێزیان لێدەگیرێ و لە کوردستاندا ئایینەکان تەواوی ئازادی خۆیان هەیە و بەیەك چاو سەیر دەکرێن. برا ئێزدییەکانمان کوردی رەسەنن و بێ درێغیش بەشدارییان لە خەباتی نەتەوەکەیاندا کردووە و شوێن و جێگەیان لەناو دڵی میللەتی کورددا گرتووە و گەورەترین پلەو رێزیان هەیە, برا فەیلییەکان لە خەباتی درێژخایەنی میللەتی خۆیاندا گەورەترین زەبر و زیانیان لە لایەن رژێمی بەعسەوە بەرکەوت وئێش و ئازارێکی بێ وێنەیان چێشت, دەبێ بەباشترین شێوە قەرەبوو بکرێنەوە و رۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بگێڕن, ئەمرۆ کە خەباتی نەتەوەکەیان هاتۆتە بەرهەم دەبێ ئەوان لە مافەکانی خۆیان بەهرەدارو دڵنیابن.

کەسوکاری قوربانییەکانی ئەنفال لە گەرمیان و قەرەداغ و بادینان و دەشتی کۆیە و ئەنفالی بارزانییەکان و فەیلییەکان و کارەساتەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و راگواستن و دەربەدەرکراوەکان هەموویان جێی رێز و تەقدیرن و پێویستە ئاسەواری ئەو کارەساتانە لە ژیانیان بسڕێنەوە وهاوکاری بکرێن, ئاوارەکان زەرەرو زیانێکی زۆریان بەرکەوت و قوربانییەکی بێ وێنەیان دا چ ئەوانەی ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون لەکاتی لێقەومان و کارەساتەکان, چ ئەوانەش کە

سیاسەتی دڕندانە و زەبروزەنگی رژێم لەناوخۆی کوردستاندا ئاوارەی کردن, هەموویان جێگەی رێزی ئێمەن, ئەوانەی نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر زێدو لانەی خۆیان دەبێ ئاسانکارییان بۆ بکرێت و یارمەتی بدرێن.

دەبێ بەرنامەیەکی تیرۆتەسەل دابندرێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان و گەیاندنی خزمەتگوزاری پێویست بۆیان و بوژاندنەوەی ئابوورییان, رژێمی عێراق بە نیازی لێدانی زەبرێکی کاریگەر لە ئابووری کوردستان و لە بزووتنەوەکەمان بە هەزاران گوندی لەگەڵ زەویدا تەخت کردو, خەڵکەکەی ئاوارە کردو لەبەر ئەوەی ئەم گوندانە خانەو لانەی پێشمەرگە و شۆڕشەکەمان بوون. پێشمەرگەی کوردستان ئێوە ئازیزترین کەسانی ئێمەن, پێشمەرگە تێکۆشەرانی رۆژی سەخت و رۆژانی هات و نەهاتن, منیش پێشمەرگەیەکم وەك ئێوە لە لوتکەدایە و لەناو دڵ و دەروونی میللەت و لەناو ماڵی شەهیدانە, ئێستاش کە میللەتی کورد پارێزراوە هەر لەسایەی ورەو عەزیمەتی ئێوەیە, ئێوە بە بڕیاری میللەتی خۆتان و لە ئەنجامی شەهیدانەوە دروست بوون, تا گەلی کوردستان مابێ ئێوەیش دەمێنن, رۆژانێك بەرگریتان لە بوون و مانی میللەتی کورد دەکرد و بەخوێنی خۆتان مێژووتان دەنووسییەوە, ئێستاش ئێوە هەمان رۆڵەی جارانن و ناوو پلەو پایەتان هەروەکو خۆیەتی, تەنها ئەرکتان گۆڕاوە, جاران خەباتتان دەکرد بۆ رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆرو بەدیهێنانی فیدراڵی و دیموکراسی, ئەمڕۆ خەبات دەکەن بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتانە و بۆ دابینکردنی ئەمن وئاسایش بۆ عێراق وبۆ کوردستان.

لەو سەردەمەدا تیرۆر گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ژیانی دیموکراسی و پێشکەوتن, ئێمە لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر کۆڵ نادەین ویەك سات چییە غافڵ نابین, تیرۆریستان پاشەرۆژیان نییە, لەم وڵاتەدا دەبێ بە زوویش بەرەنگاریان ببینەوە و لە رەگ و ریشەوە دەریانکێشین, بەڵام کاری لە بنهێنانی تیرۆر تەنها کاری یەك دەزگا و یەك دامەزراو نییە, دەبێ هاووڵاتیان, حزبەکان هەموویان لەگەڵ یەکدا هاوکاربن و پشتیوانی لە دامودەزگا ئاسایشەکان بکەن.

کێشەی کەرکووك رێگەچارە راستەقینەی خۆی بۆ دەستنیشانکراوە, ئەویش ئەوەیە کە لەیاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەتدا هاتووە, ئێمە بە چارەسەرێکی جیا لەم چارەسەرە رازی نابین, ئەم رێککەوتنە هەموو لایەك ئیمزامان لەسەری کردووە و بووە بەیاسا و دەستوور, پێویستە بێ دواخستن جێبەجێ بکرێ و ماددەی 58 مەسەلەیەکی جدییە و بەهیچ شێوەیەك پاشگەزبوونەوەی لێ قبووڵ ناکرێ, بەهەمان شێوە ناوچە دابڕاوەکانی تر دەبێ بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی خاکی کوردستانە و جیا ناکرێنەوە, ئەوەی کە لەیاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەتدا هاتووە لایەنی هەرە کەمی مافەکانی میللەتی کوردە, مومکین نییە ئێمە بە کەمتر لەو مافانە رازی ببین, کە لەیاسای ناوبراودا هاتوون, دەبێ ئەو مافانە وەکو خۆیان بچنە ناو دەستووری هەمیشەیی عێراقەوە.

دەستوور هەنگاوێکی گەورەیە و پێویستە هەموو چین و توێژەکان لە داڕشتنی دا بەشدار بن, دەستوور دەبێ بە رێککەوتن و تەوافوق بێت, بۆ ئەوەی ناسنامەی عێراقی فیدراڵی دیموکراتی پێوە دیار بێت.

ئێمە رێز لەسەرجەم وڵاتانی دراوسێ دەگرین و دەستی دۆستایەتیان بۆ درێژ دەکەین, هەروەها کار دەکەین بۆ ئەوەی باشترین پەیوەندی و رێز لە یەکدی گرتن و دۆستایەتی دامەزرێنین, ئەمە هەلو دەرفەتێکی باشە و داوا دەکەین ئەوانیش هاوکاربن بۆ عێراق و بۆ هەرێمی کوردستان, ئێمە دەست لە کاروباری ناوخۆی ئەوان وەرنادەین و ئومێدەوارین ئەوانیش دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێمە وەرنەدەن, ئێمە سوپاسی ئەو دراوسێیانەدەکەین کە لەکاتی لێقەومان و کارەساتدا باوەشیان بۆ میللەتی ئێمە کردەوەو دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کردین.

لەبارەی نەتەوەی کوردەوە, کە بەسەر وڵاتانی دراوسێ دابەشکراوە, برایانمان دڵنیا دەکەینەوە کەوا دڵ و دەروونمان لەگەڵ ئەوان و ئێش و ئازارەکانیانە, هیوادارین پەنا بۆ شێوازی سەردەمانە ببەن لە داواکردنی مافەکانیان, ئەمڕۆ باوی زەبروزەنگ نەماوە, ئەمە بۆ کورد تەنها زەرەرو ماڵوێرانی بە دواوەیە, بەهەمان شێوەش هیوادارین ئەو وڵاتانە گوێ لە داوای براکانمان بگرن و دایەلۆگیان لەگەڵدا بکەن. هیوادارم ئەو بڕواو متمانەیەی کە بە من دراوە ببێ بە مایەی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی میللەتەکەمان, راستیتان پێ بڵێم بۆ من پێشمەرگایەتی لە هەموو پایە و پلەیەك گرنگترو پیرۆزترە, بەڵام ئەمڕۆ ئێمە خەریکی دانانی موئەسەسات و دامەزراوەین, سەرۆکی هەرێمیش دامەزراوەیەکی ترە لەکوردستاندا, شانازییەکی گەورە دەبێ کە رۆڵێکی متەوازع بۆ خزمەتی ئێوە بگێڕم, بێگومان دەبێ ئێمە زۆر بە

جدییەوتەوە بەرەو دامەزراندنی موئەسەساتی دەستووری ویاسایی برۆین و لە ئەولەویاتی کارەکانی ئێمەدابێت, لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئیلتیزاماتی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕی لە لایەك و پێویستی دامەزراندنی ئیدارەیەکی هاوچەرخ و یاسایی و دستووری لەلایەکی ترەوە.

من خۆم پەروەردەی قوتابخانەیەکم, کە هەر کە چاو کراوەتەوە لەوە تێگەیشتووم بەرخۆدان تاکە رێگەیە بۆ ژیان, هەرکاتێ زنجیرێکم بینیبێ زنجیرو کۆتی دەست و پێی تێکۆشەرێکم هاتۆتەوە بیر, هەر کاتێ پەتێکم بینیبێ قەنارەی قارەمانێکی لە سێدارەدراوم بیرکەوتۆتەوە, هەر رووبارێکم بینیبێ رووباری ئاراسم هاتۆتەوە بیر کە پێشمەرگەی کوردستان خۆی لێداوە, ئەو رۆژەی کە بووم بە پێشمەرگە و لەدوای بارزانیی نەمرەوە چەکم هەڵگرت وا دەزانم گەورەترین شانازیم بەرکەوت و ئێستاش کە ئەم پۆستە وەردەگرم بۆ ئەوەی خزمەتێکی ئێوە بکەم و, ئەمەش هەرە درێژەپێدانی پێشمەرگایەتییە بۆ من ئەگەر بۆ خزمەتی ئێوە نە بێ هیچ مەبەستی ترم نییە. لەوڕۆژانەدا دەست دەکرێ بە پێکەوەنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان, هەندێك جار بە هۆی بیروباوەڕ گۆڕینەوە و درەنگ بە ئەنجام گەیشتن کارەکان دوا دەکەون, ئەمە سروشتی ژیانی دیموکراسییەتە, ناحەزان خەون دەبینن, پێیان وایە کاتێ بەیەکگەیشتن دوا دەکەوێ, ئیتر ئێمە لێکترازاوین با دڵنیابن ئەوخەونانە جارێکی تر نایەتەوە دی, بۆ ئێمە قەناعەت و بڕوای میللەتی خۆمان گرنگە, دڵنیاش بن کەوا هەموو شتێك بە راوێژ و گۆڕینەوەی بۆچوون دەبێت لەگەڵ برای بەڕێزم جەنابی مام جلال, وەنەبێ ئەو لە بەغداو من لێرە ئاگامان لەیەکتر نەبێ. بە پێچەوانەوە ئێمە بەبێ یەکتر هەنگاو نانێین, هەروەها سەرکردایەتی هەردوو حزبیش دەبێ لەیەکەوە نزیك بن و هاوئاهەنگیان لەگەڵ حزبەکانی تر هەبێت و دەبێ نەشهێڵین جارێکی تر دەستی چەپەڵ بخرێتە ئەو نێوانە و ماڵ لەکورد تێك بداتەوە. ئێمە وەکو میللەتی کورد سوپاسی سەرۆکی ئەمریکا بەڕێز جورج بوش و گەلی ئەمریکا دەکەین لەگەڵ میللەتی ئێمەدابوون بۆ رووخاندن و رزگاربوون لە درندانەترین رژێمی دیکتاتۆری, ئێمە هەرگیز ئەم بڕیارە بوێرانەی ئەوان لەبیر ناکەین, دووپاتیشی دەکەینەوە هەر بەیەکەوە دەبین لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و لە دروستکردنی عێراقی فیدراڵ و دیموکرات.

هەروەها سوپاسی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بەڕێز تونی بلێر و گەلی بەریتانیا و سوپاسی وڵاتانی هاوپەیمان دەکەین, لێرەدا حەز دەکەم سوپاسێکی گەرمی خەڵکی تێکۆشەری هەولێریش بکەم, هەولێری دێرین و دیکتاتۆر بەزێن, هەولێر بەردەوامە لە قوربانیدان و تەحەمولێکی زۆریشی هەیە, سەرەڕای ئەمەش زۆر جار ئیجرائاتی ئەمنی و رێگەوبان گرتن دەبێ بەسەرباری گرفت و زەحمەتی بۆیان, من سوپاسیان دەکەم و داوای لێبوردنیان لێ دەکەم.

لەکۆتاییدا گەرمترین سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاری و ئازادی عێراق و کوردستان, بژی عێراقی فیدراڵ و دیموکرات, بژی برایەتی کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشووری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس جەنابی کاك مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وتە بەنرخە کە دەشێ بکرێتە بەرنامەی حکومەتی یەکگرتووی چاوەڕوانکراوی کوردستان, ئومێد دەکەین بە هەوڵ و کۆششی هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان ئەم حکومەتە یەکگرتووە کە ئاواتێکی گەلەکەمانە لەبەرنامەی هەڵبژاردندا یەکەم خاڵ بووە کە وعدمان داوەتە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەم دوو ئیدارەیە یەکبگرێتەوە لەبەر رۆشنایی ئەو پرنسیپ و بنەمایانەی کە لە وتارە بەنرخەکەیدا ئاماژەی پێکرد بە زووترین کات یەکبگرێت, بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگایەی کە میللەتەکەمان چاوەڕوانی دەکات, کۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای یاسا وکۆمەڵگەی مەدەنی, رێز گرتن لە یاسا و مافی مرۆڤ بچەسپێت, لە کۆتاییدا و پێش ئەوەی کۆتایی بە ئەم دانیشتنە بێنین بە سروودی ئەی رەقیب, پاش سروودەکە داوا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەین و ئەوانەی کە لێرە میوانن لەم پەرلەمانە, سوپاستان دەکەم.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله( د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی — عێراق** | **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**پێنج شەممە رێکەوتی 2005/6/16**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)

## پێنج شەممە رێكەوتی 2005/6/16

كاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2005/6/16 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (10)ی سەر لەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2005/6/16 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەرچاوخستنی داوای رەزامەندی لەسەر ئەوەی كە ئەندامی هەڵبژێردراو رێزدار (حمد عبدالله محمود) ناسراو بە كاك بەڵێن بخرێتە جێگای ئەندامی خۆكێشاو رێزدار (قادر عزیز) و سوێندی یاسایی بخوات.

2- سوێند خواردنی یاسایی ئەندامی هەڵبژێردراو رێزدار (سوارە محمد امین).

3-بەرچاوخستنی پێكهاتەی لیژنە هەمیشەییەكان كە ئەنجومەن دەنگی لەسەر بدات.

4- بەرچاوخستنی داواكاریی ئەندامانی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ كردنی مەسەلەی دەست پێبەردانی پۆلیسەكانی پارێزگای كەركووك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان, بەرنامەی كار بەپێی حوكمی بڕگە(1)ی مادده(20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموار كراو ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2005/6/16دا بەم شێوەی خوارەوە بێت:

1 - بەرچاوخستنی داوای رەزامەندی لەسەر ئەوەی كە ئەندامی هەڵبژێردراو رێزدار (حمد عبدالله محمود) ناسراو بە كاك بەڵێن بخرێتە جێگای ئەندامی خۆ كێشاو رێزدار (قادر عزیز) و سوێندی یاسایی بخوات.

2 - سوێند خواردنی یاسایی ئەندامی هەڵبژێردراو رێزدار (سوارە محمد امین).

3 - بەرچاوخستنی پێكهاتەی لیژنە هەمیشەییەكان كە ئەنجومەن دەنگی لەسەر بدات.

4 - بەرچاوخستنی داوا كاریی ئەندامانی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ كردنی مەسەلەی دەست پێبەردانی پۆلیسەكانی پارێزگای كەركووك.

دیارە بەپێی نیزامی داخیلی پەرلەمان هی خۆمان لەسەر ئەساسی لیست, ئەگەر یەكێكی كۆن لە ئەندامێتی نەما بوایە حزبەكەی رای بكێشا بوایە, لیستی حزبەكە و خۆی بۆی هەبوو دەست نیشانی یەكێكی تر بكات لە زیمنی ئەوانەی بەشداریان كردووە لە هەڵبژاردن, ئەو مەبدەئە بە نیسبەت خۆمان وەكو خۆی ماوە, بەڵام هەندێك ئیزافاتی بەسەردا هاتووە بەپێی تەعلیماتی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن لە بەغدا, ئێمە پابەندین بەو تەعلیماتە, لەبەر رۆشنایی ئەو تەعلیماتە هەڵبژاردن ئەنجام دراوە, بەڵام تەبیعی دیسان لەبەر رۆشنایی بڕیاری كۆنی خۆمان, نیزامی داخیلی خۆمان و, رەچاو كردنی ئەو تەعلیماتانەی كە لە بەغداوە دەرچووە, دەبێت بڕیاری لەسەر بدەین, لێرە پێویستی بە بڕیارێكی

ئێوەیە، لەبەر رۆشنایی ئەو دوو شتە، لیستی زەحمەتکێشان لیستێك بووە هەڵبژاردنیان کردووە، یەك کورسیان دراوەتێ لە پەرلەمان، ئەم کورسیە ژمارەیەکیان بوون لەوانە (کاك قادر عەزیز) بوو، لەبەر ئەوەی ئیشی هەبوو خۆی لێ کێشاوە، دووەمیان کاك (حمە عبداللە محمود)ە، کە ناسراوە بە کاك (بەڵێن)، نووسراویان نووسیووە بۆ ئێمە شەرحی کردووە هۆیەکانی خۆ راکێشانی، هەروەها نووسراوی کۆمیسیۆنی باڵاشی هێناوە، کە ئەویش بۆ تەقویە کردنە، ئەگینا مەرج نییە بۆ ئەوە بێتن بەپێی تەعلیمات و ئەوانە، ئەویش دەست نیشانی ئەوە دەکات، بەنیسبەت ئەوانەوە هیچ کێشەیەکمان نییە، چونکە هەم حزبەکە خۆی دەست نیشانی کردووەو، هەم لەگەڵ تەعلیماتی گونجاوی پەرلەمانە، لەگەڵ نیزامی داخیلی خۆمان دەگونجێتن، بۆیە داوا دەکەم موافەقەت بکەن لەبەر رۆشنایی ئەو دوو تەعلیماتە، هەم هی خۆمانە و، هەم هی کۆمیسیۆنی باڵایە، هەم هی حزبەکەشە، ناوی کاك قادر عەزیز کە یەکەم ناوە دەمینێت لە لیستەکە، دووەم بەپێی ئەو تەعلیماتە کە دەکاتە (حمد عبداللە محمود) بخرێتە جێگای، ئەو ببێت بە ئەندام لەسەر لیستی زەحمەتکێشان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ئەوەی موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی موافیق نین، دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، کەواتە کاك (حمد عبداللە محمود) بوو بە ئەندامی پەرلەمان، لەو کاتەی کە سوێند دەخواتن، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیار بوو پێش چەند رۆژێك ئەنجام بدرێتن، لەسەر سەفەرێکی بە پەلە بوو، سوێند خواردنەکەی دوا دەخرێت، بۆ هەر کاتێك کە هات، دەتوانێت سوێندەکە بخوات بڕیارەکە هەر هەیە، دیارە رۆژێکی تر تەرخان دەکەین، بۆ ئەوەی تەعلیماتێکی دەقیق تر دابنێین لەسەر لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان، کە پێکهاتبوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی و حزبی شیوعی و سۆشیالیست و حزبی نەتەوەیی و فلاحین و موستەقیل و برا تورکمانەکان و کلد و ئاشووری، ئەمە تۆزێ تەعلیماتی وردی دەوێت، دیارە (104) کەس لەو لیستە بردوویەتیەوە، (7) ئەندامی ئیحتیات ماوە، ئەو حەوتە یەکێتی و پارتی وەختی خۆی بڕیارندا لەنێوان خۆیاندا (10) ناوی دوایی خۆیان بن، بۆ ئەوەی حزبەکانی تر زەرەر نەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو (7) ناوەی کە ماوە یەکێتی و پارتییە، بۆیە یەعنی هەرچەندە مەسەلەیەکی تەبیعییە مەنتیقی تێدایە، ئەو حەوت ناوە یەکێتی و پارتی ئەگەر ئەندامێکیان نەهات، یان گۆڕانکاری کرد، ئەو حەوت ناوە خۆیان بۆیان هەیە دەست نیشانی رەقەم یەکی خۆیان بکەن بێتە ناو پەرلەمان لە جیاتی ئەوەی نەهاتووە، ئەوەی لە حزبەکانی تر، ئەگەر کورسیەکیان نەما لە پەرلەمان، لەبەر هەر سەبەبێك بێت، ئینشائەڵلا سەبەبی ناخۆش نابێتن، ئینشائەڵلا سەبەبی هەر خێر دەبێتن کورسیەکەیان بەتاڵ دەمێنێت، واتا پڕ ناکرێتەوە، چ یەکگرتووی ئیسلامی، چ حزبی شیوعی، چ تورکمان، لەبەر ئەوەی ئیحتیاتیان لە لیستەکەدا نییە، ئەوە دروستترە لە جیاتی ئەوەی بڵێ ئەگەر ئەوانیش رۆیشتن یەکێتی و پارتی کورسیەکانی ئەوانیش بخۆن، راستە یەك لیستە، بەڵام لیستێکە بەو تەفصیلاتە، بۆیە ئێمە لەنێوانی خۆماندا پێشتریش باسمان کرد، تەنیا لە ئەندامانی پارتی و یەکێتی، ئەگەر غیاب هەبوو لە پارتی بوو غیابەکە، لەو حەوت ئیحتیاتەی یەکەم ئیحتیاتی پارتی دێت دەبێتە ئەندام، غیاب هەبوو لە یەکێتی یەکێك لە ئیحتیاتی یەکێتی دێت دەبێتە ئەندام، ئەوەش تەبعەن بە راپرسینی مانگێك پێشتر، یان دوو مانگ پێشتر موناقەشەمان کردووە، زۆر لە برادەرانی لیژنەی باڵاش پرسیارمان کردووە، ئەوانیش هەر بەو بۆچوونە بوونە، بەڵام دوایێ گوتیان ئەمە بەندە بە بڕیاری خۆتان، یەعنی لێرەدا دەبێت قەراری لێ بدەین، من پێم وایە ئەگەر نەشیکەینە تەعلیمات بڕیارێکمان هەبێت، رەنگە یەك دوو حاڵەت بێتە پێشەوە، لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی ئەو تەعلیماتانەی ئەنجومەنی باڵا و نیزامی داخیلی خۆمان، ئەگەر ئەو شتەی من باسم کرد پێتان باش بێتن، بۆ ئەوەی ئێمە وەکو سەرۆکایەتی بتوانین چارەسەری ئەو کەموکوڕیانە بکەین، لەبەر ئەوەی نەماخستۆتە بەرنامە، بەس ئەو شەرحەماندا لە دانیشتنێکی تردا، ئەگەر خستمانە بەرنامە، ئینجا ئەو وەختە ئەگەر کەسێك تێبینیەکی هەبوو موناقەشەی دەکەین.

ئەندامی پەرلەمانی هەڵبژێردراو کاك (سوارە محمد امین)، کە لێرە نەبوو نەیتوانی سوێند بخوات، داوای لێ دەکەین سوێندی یاسایی ئەندامی پەرلەمان بخواتن، با بفەرمووێت.

**بەڕێز سوارە محمد امین حمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (سوارە محمد امین)م سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پیرۆزبایی لە پەرلەمان و ئێوەی بەڕێزی پەرلەمان و لە کاك سوارە محەمەد ئەمین دەکەم, ئومێد دەکەم پەرلەمانەکەمان و دانیشتنەکەمان و موناقەشەکانمان دەوڵەمەند بکات.

خاڵی سێیەم: لە بەرنامەی کار بەرچاو خستنی پێکهاتەی لیژنە هەمیشەییەکان کە ئەنجومەن دەنگی لەسەر بدات.

ئێمە (14) لیژنەمان هەیە کە دەبێت تەشکیلی بکەین, ڕەنگە چەند لیژنەیەکیش کە پێویستە نیزامی داخیلی بگۆڕێنن, ئەوانیش تەشکیل بکەین, ئێمە ئێستا ئەو (14) لیژنەیە بۆ ئەو ماوەیە دەست نیشان دەکەین, بۆ ئەوەی کارەکانمان ڕانەوەستێت, دەتوانین بڵێین ئەوە کاتییە, چونکە دەبێت پێدا بچینەوە لەبەر ڕۆشنایی یەکگرتنی هەردوو حکومەت, چ وەزارەتێکی تازە دروست دەبێتن, پێویست بە چ لیژنەیەکی تر دەکات و, ئەندامان چۆن دابەش بکرێن, لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئیستیمارەیەی تەقدیمتان کردووەو, هەر یەکە ڕەغبەتی خۆی نووسیووە, بەپێی ئیختیصاصاتی خۆی و ڕەغبەتی خۆی داوای کردووە لەو لیژنانە دابنرێن, ئێمە ڕەچاوی ئەوەمان کردووە بە دەرەجە یەك, یەعنی ڕەنگە یەك دوو گۆڕانکاریەکی بەسیتمان کرد بێت, لەبەر لیژنەیەك پێداویستی هەبووە, کەس لەو لیژنە دانەنراوە, ئێمەش ئیختیصاصێکمان هێناوە, باوەڕ ناکەم ئەوە لە (2٪) زیاتر بێت, ئەگەر نا ئێمە تەقریبەن لە (98٪), لە (99٪) بەپێی ڕەغبات و لیستی ئێوە لە لیژنەکانمان موڕاعات کردووە, دیارە لیژنەی کاروباری یاسایی پێشتر بە پەلە ئەنجام درا, بۆ ئەوەی ڕانەوەستین و یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تەواو بکەین, ئەو لیژنەیە دەیخوێنمەوە, بەڵام تەواو بووە, تەنیا یەك شت هەیە (کاك شێروان حەیدەری و کاك طارق جامباز و کاك نوری تاڵەبانی و کاك عەبدوڵکەریم ئەبو بەکر و کاك دلێر محەمەد شەریف و کاك قادر سەعید خضر و کاك محەمەد صالح ئیسماعیل و کاك عەونی کەمال سەعید بەزاز و کاك خەلیل ئیبراهیم محەمەد و خاتوو خەمان زرار ئەسعەد, ئەویش لەبەر تەعلیقی خۆی داوای کرد, ڕەغبەتی خۆی, ئێستاش لەسەر ڕەغبەتی خۆی داوا دەکات لەو لیژنەیە دەربچێتن, بچێتە لیژنەی پەیوەندییەکان, من بۆ یەکەم جارە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی موافەقەمان کرد بوو, بەڵام دەیخەینە ڕەئی ئێوەش یەکەم جار, حەز دەکەم ئەوەش بزانن یەکێك لەسەر ڕەغبەتی خۆی دەچێتە لیژنەیەك, ئەگەر وەجە نەزەرێکی بەقووەتی نەبێت, موبەریڕاتێکی بەقووەتی نەبێت, نابێت داوای گۆڕین بکات, ئەو جارە ئیستیسنائەن موافەقتمان کرد, لەبەر ئەوەی شارەزایی نەبوو, نەشیدەزانی کام لیژنە لەگەڵ کەفائەتی خۆی زیاتر دەگونجێتن, بۆیە گۆڕانکاریەکەمان موافەقەت کرد, بەڵام لەبەر ڕۆشنایی پڕ کردنەوەی ئیستیمارەکان, ئەگەر موبەریڕاتێکی بەقووەت نەبێت, گۆڕانکاری نابێت, کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە دروست کردنی لیژنەکان, بەپێی تەشکیلەی حکومەتی یەکگرتوو (27) وەزارەت دەبێت, دەبێت پەرلەمانیش (27) لیژنە دابنێت, دوو/ مەسەلەی دانانی لیژنەکان دیارە مەسەلەی تەوافوق لەبەر چاو بگیرێت لەسەر مەسەلەی وەزارەتەکان, بۆیە پێشنیار دەکەم مەسەلەی لیژنەکان بڕێکی تر دانیشتنی لەسەر بکرێت, ئینجا لێرە بیخەینە دەنگدان و, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ڕاوەستا بای تێبینیەکەت نەدەدا, بەڵام پەلەت کرد, چونکە ئێمە کە لەو لیژنانە دادەنێین دەهاتینە سەر گوتن کە سەرۆك و جێگر و موقەریرەکەی بۆ دانانێین, لەبەر ئەوەی چاوەڕوان دەکەین, بۆ ئەوەی بزانین چەند لیژنەی ترمان پێویستە, ئەو کاتە لەبەر ڕۆشنایی ئەوە بە تەئکید بە تەوافوق دەبێت, چونکە ئەگەر تەوافوق نەبێت ئیشی لیژنەکان باش ناڕوات, ئێمە دەبێت مولاحەزەی ئەوە بکەین, هەتا بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکانیش دەبێت دوو شت مولاحەزە بکەین, یەك/ کەفائەت, دووش/ هەموو پێکهاتەکانی ئەو پەرلەمانە, بەشیان هەبێتن لە سەرۆکی, یان لیژنەیەك, یان زیاتر لە

لیژنەیەك، لە جێگرێك، لە موقەریرێك، ئەمە بە تەئکید دەبێت بە تەوافوق بێت، بەڵێ راستە لە زۆر جێگا هەڵبژاردن گرنگە، بەس کەفائەت، مادام موتەقاریبە کەفائاتەکەو، پەرلەمانەکە جۆراو جۆرە، هەموو لایەنێکە، بۆ ئەوەی هەموو لایەك چالاك بن و دەوری خۆیان ببینن و بە تەئکید دەبێت بە تەوافوق بێت، بەڵام دانانی لیژنەکان نابێت راوەستین لەسەر ئەوەی حکومەت کەی تەشکیل دەبێت، یاخود دەبێتە (27) وەزارەت و، لە ئێستاوە دەبێت لیژنەکان لەنێوان خۆیان دانیشن و موناقەشە بکەن و تێبگەن دەوریان چیە، چ دەتوانین تاوەکو ئەو حکومەتە یەکگرتووە یەك دەگرێتن و، ناکرێت بێ ئیش بن و، دەوری خۆیان ببینن چ لە هەولێر، چ لە سلێمانی، لەبەر ئەوەی ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە کە کاك (کەریم بەحری دۆستی) بچێتە جێگای (خەمان زرار ئەسعەد) لە لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی تەواو بێتەوە، ئەگەر موافیقن دەستان بەرز بکەنەوە، باشە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ئەمەشیان تەواو.

لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری پێك هاتووە لە ( د. دلێر ئیسماعیل حەقی، خاتوو چرۆ عەلی حمە ئەمین، خاتوو پەخشان عەبدوڵلا حوسێن زەنگنە، کاك هیوا سابیر ئەحمەد، کاك ئەدهەم بارزانی، کاك رەفعەت عەبدوڵلا، کاك زرار تاهیر، کاك بارزان محەمەد قادر، کاك ئیحسان عەبدوڵلا قاسم، ئەو نۆ کەسە لە لیژنەی دارایی و ئابوورییین، بەپێی رەغبەتی خۆیان و، بەپێی پسپۆڕی ئیحتیاجی خۆمان.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی باسی لیژنەکان بکرێت، لەناو لیژنەکاندا دوو لیژنەی ترمان پێویستە، بە رەئی من لیژنەی ئاوارەو نیشتەجێ کە نیمانە و، لیژنەی بەدوا داچوونی فیدراڵی، چونکە کاری ئێمە فیدراڵیە، مومکینە باسی ئەوە بکرێت لیژنەی یاساییەکە، بەڵام لیژنەی یاساییەکە دەبێت مێژوویی و جوگرافیشی تێدا بێت، یان دەبێت ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێت، یان دەبێت لیژنەیەکی بەدوا داچوون هەبێت، بەس هەر ئەو خاڵەش هەبێت، ئەگەر ئەمڕۆ بە رەغبەت بێت و، ئەمڕۆ بتوانن هەر کەسێ لە لیژنەیەك بێت و داوای لیژنەی تر بکات خراپ نییە ئەمڕۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك محەمەد، بەڵام ئێمە ئەو پێشنیارەت لەو کاتە لا دەدەین، کا هاتینە سەر تەعدیل کردنی نیزامی داخیلی، چونکە ئێمە بەپێی نیزامی داخیلی پەرلەمان دەڕۆین، (14) لیژنەی تێدایە، ئەگەر بیکەینە (15) لیژنەش پێویستی بە تەعدیلی ئەو نیزامە هەیە، ئێمە چاوەڕوان دەکەین بەگوێرەی ئەو وەزارەتانەی کە تازە تەشکیل دەبێت، ئەو وەختی دەکرێت ئەو پێشنیارە بکرێت، بێجگە لەوانەش پێویستیمان بە لیژنەیەك هەیە بۆ بەدوا داچوون و ئەوانە، سێ کەس ناویان نەنووسیووە، کاك محەمەد وابزانم خۆت ئیستیمارەت پڕ نەکردۆتەوە بۆ هیچ لیژنەیەك، کاك عوسمانیش وابزانم پڕی نەکرۆتەوە، سوهام خانیش پڕی نەکردۆتەوە، بەڵام من لە لیژنەی پەروەردەم داناوی بەو ئیعتیبارەی خەبیری، ئەو نۆ ناوەم خوێندەوە لە لیژنەی دارایی و ئابوورییین، ئەگەر موافیقن دەستان بەرز بکەنەوە، کاك ئەدهەم تێبینی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناڤێ من لەو لیژنە داهاتەی ئەو ئیقتراحەی دوێ دوو، کە سەرێ بەرایێ من داوا لیژنا یاسایی کرد، پاشی من برایێت مە لە پەرلەمانێ دا ئاخافتێك لەوە د. ناصح ڤێ تەصحیح بکات، من پێم خۆشە کە ناڤێ من لەڤێ لیژنا بێتە هەلگرتن، لیژنا دیکە من گوتی پێشنیار کرد، داوا دکەم لیژنا پێشمەرگەی بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەندامێك بۆی هەیە لە دوو لیژنە بێتن، جەنابت لە لیژنەی پێشمەرگەش ناوت هەیە، لەو لیژنەیەو لەوێش ناوت هەیە، دەکرێتن لە دوو لیژنە ناوت هەبێت، وابزانم دەبێت ئەوەش بگۆڕین کە بووە (27)، ئەگەر خاڵی نیزامە، هەموو رەغبەتێك شەرت نییە وەربگیرێتن.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر پێشمەرگە بوومە, من ناوی خۆم لە لیژنەی مافی مرۆڤ و پێشمەرگە نووسی بوو, بەس ناوم نەهاتووە, چونکە من هەر پێشمەرگە بوومە ئیختیصاصی ترم نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مومکینە لە ئیستیمارە دەقیقت نەنووسی بێت, ناوی کاک بارزان لە لیژنەی دارایی و ئابووری رەش دەکەینەوە, لیژنەی دارایی و ئابووری بووە هەشت کەس, ئەو نۆ کەسە بێجگە لە بارزان محەمەد قادر, لەبەر ئەوە بۆ ئەو هەشت کەسە تکایە ئەوەی موافیقە دەستیان بەرز بکەنەوە, زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, گرنگ نییە, چونکە ئەگەر چوار بە چواریش بێتن سەرۆکەکە لەگەڵ کوێ بێت, ئەوە دەبێتە ئەکسەریەت, ئەگەر تاك بێت ئەوجا موشکیلە بێت, کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە تەوافق لیژنەی یاساییش دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تەواو بووە, بەلأم کە تەوافوقمان کرد لەسەر مەسەلەکانی تر, رەچاوی ئەوە دەکەین کە لیژنەی یاسا بێت, بەو شێوەیە لەنێوان خۆیاندا سەرۆکیان هەڵبژاردووە, ئەو ئیتیفاقەی لەوێ کراوەو رەچاو دەکرێتن لە شوێنەکانی تر موراعات دەکرێت, تەبیعی کە بە تەوافوقە, لەنێوان خۆتان لیژنەکان باسی دەکەن, یەعنی راوێژ دەکرێت لەسەر مەسەلەکان, یەعنی خۆی هەڵبژاردن باشترە, بەلأم بۆ حاڵەتێکی وەکو ئەوەها, با بڵێین ئەوانەی کورسیان کەم هەیە حەقیان نەخورێتن, خۆ ئەگەر بە هەڵبژاردن بێت, رەنگە یەکێتی و پارتی هەموو لیژنەکان ببەن, جا ئەوە عەدالەتی تێدا نییە, چۆن ئێمە داوا دەکەین دیموکراتیەتی بەغدا لەسەر ئەساسی ئەکسەریەت و ئەقلیەت نەبێتن, لەسەر ئەساسی واقیعی بێتن, ئێرەش دەبێت بەم شێوەیە بێت, کاك بارزان محەمەد قادر ناوی جەنابت لە داراییش نووسراوە بۆ مەعلوماتت, ئەو لیستەی کە لەلایەن فراکسیۆنەوە دراوەتە ئێمە ناوی جەنابتیان بۆ یەك لیژنە نووسیووە, ئێستا تەواو بوو.

لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری پێك هاتووە لە (کاك شێخەڵلاً ئیبراهیم شێخەڵلاً, کاك شوکری صاڵح نێروەیی, کاك ئاخیر جەمال ئەنوەر, کاك عەبدولڕەحمان ئەحمەد رەزا, کاك جەمیل گەردی, کاك تەلعەت خضر, کاك رەفعەت عەبدوڵلاً), حەوت کەسن, یەعنی کەس نییە موهتەم بێت.

لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی پێك هاتووە لە (د.هالە سوهێل, د. فوئاد ئەحمەد بابان, د. رەمەزان عەبدولڕەحمان, د. ئاریان خالص شێخ جەواد, صەبریە غەفار, چنار سعد عەبدوڵلاً, فخریە مستەفا عەلی), ئەو حەوت ناوە بۆ لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی, ئەگەر موافیقن دەستان بەرز بکەنەوە, بە کۆی دەنگ وەرگیرا.

لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری پێکهاتووە لە (د. ناصح غەفور رەمەزان, کاك خضر سلێمان خەلیل, کاك غەفور تاهیر سەعید, کاك باپیر کامیلا, کاك محەمەد ئەحمەد صالح, کاك رۆمیۆ حوزەیران نیسان, کاك رەشید کەریم رەشید, کاك محەمەد حەکیم, کاك ئارێز عەبدوڵلاً, خاتوو خەمان زرار ئەسعەد, کاك سەردار هەرکی, کاك ئارام رەسول مامەند, کاك کەرخی نەجمەدین, خاتوو ڤیان سلێمان حاجی بەشار, خاتو تاڤگە حەمەد عەلی, کاك ئیحسان عەبدوڵلاً قاسم, کاك تەلعەت محەمەد صاڵح, کاك شەهاب عەبدوڵلاً), بۆ ئاگاداری کاك ناصح لەو لیژنەیە نابێت ببێتە سەرۆکی لیژنەکە, ئەگەر تەوافوقیش هەبێت, لەبەر ئیعتیبارێ ئەوەی سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد دەبێت, فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە حمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس, من لە لیژنەی کاروباری بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەتیشم نووسیووە, ئەگەر لەوێ نەبم, ئەوەم پێ باشە, چونکە ناوی خۆم نووسیووە رەغبەتی خۆمە, بەس ئەوپشم هەر نووسیووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو تاڤگە تۆ لەنێوان ئەو دوو لیژنەیە کامەیانت پێ باشترە, بۆ چەند لیژنە ناوی خۆت نووسیووە.

**بەڕێز تاڤگە حمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی خۆم لە لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری, لەگەڵ لیژنەی بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەت, بۆ هەر دوو لیژنە ناوی خۆم نووسیووە, بەس ئەگەر هاتە سەر رەغبەت ئەگەر لە لیژنەیەکی تر بم موشکیلە نییە, بەس لە لیژنەی بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەت بە حوکمی ئەوەی من لە ساڵی 1982ەوە لە مەسەلەی ئافرەت و دیفاع لە ماڤ ئافرەت ئیش دەکەم, لەو لیژنەیە دابم باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە هەرچەندە لیژنەی پەیوەندییەکان لە لیژنەی رۆشنبیری زۆرترە, لە لیژنەی رۆشنبیری ناوەکەت رەش دەکەینەوەو دەخەینە لیژنەی ئافرەتان, دەشکرێت لە هەردوو لیژنە بیت, باشە ئێمە نایگۆڕین دەیهێڵینەوە, لەوێ ئەگەر مەجال هەبێتن ئیزافەی دەکەین, فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای لیژنەی پەیوەندییەکانم کرد بوو, کەچی ئێستا ناوەکەم دانەبەزیوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی شارەوانیت نەنووسیووە؟

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەیوەندییەکان و شارەوانیم نووسیووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو گەلاوێژ شابا لەبەر رۆشنایی ئەوەی لە لیژنەی پەیوەندییەکاندا کەسی وەکو خۆت نییە, بۆیە لەوێش ئیزافەمان کردووی, چونکە ناوت لە لیژنەی شارەوانیش هاتووە, هەر بۆ ئەوەی جۆراو جۆرەکە هەبێتن, بۆ ئەوەی پێکهاتەکە تەوافوقی بێت, بۆیە ئیزافەمان کرد, ئەگەر نا بەپێی ئیختیصاص بێت لیژنەی شارەوانی جێگای تۆیە, بۆ ئەوەی ئەو لایەنانە پڕ بکەینەوە, فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم بە ئارەزووی خۆم ناوم دەرنەچووە لە دوو لیژنە دامە, بەڵام من ناوی خۆم بۆ لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری نووسیووە, چونکە من لە پێشەوە سەرۆکی تەحریری موجەلە بووم, ئەندامی یەکێتی نووسەری کورد و, ئەندامی رۆژنامەنووسیش بووم, هەروەها موئلیفیشم, هەروەها نووسەریشم, ئەو لیژنەی بە ئارەزووی خۆم نووسی بوو, ئەویش دەرنەچووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە زۆر سوپاست دەکەین, بەڵام تەوافوقەکەمان لەو لیستەی تۆ هەی سێ برادەر دانراوە, ئەگەر نا دەبێت کاك ناصح رەش بکەینەوە, خۆشی لێرە نییە, کاکە دەزانی چۆنە دەبوایە لە فراکسیۆنی خۆتان ئەوەتان یەك لا بکردابایە, بۆ ئەوەی فراکسیۆن بیگوتبوایە ئێمە ئەو سێ کەسەمان دەوێتن لەو عیلاقاتە, ئینجا کاك ناصح ناوی خۆی نووسیووە, لێرەش نییە پێی بڵێین, دەسەڵاتی ئەوەشم نییە, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (39) بڕگەی سێ هاتووە هیچ لیژنەیەك نابێت لە حەوت ئەندام کەمتر بێت و, لە پانزەش زیاتر نەبێت, بەلأم لێرە ئیشارەتی پێ نەدراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە خۆی ئەوەمان باس کردووەو تەعدیل کراوە, ئەگەر نا منیش تێبینیم هەبوو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە, حەز دەکەم یەکێکیانم بۆ روون بکەنەوە بەڕاستی, لەلایەکی ترەوە راستە ئێمە هەموومان لەسەر لیستی حزبەکان هاتینە ناو پەرلەمان, بەلأم من ئێستا هەست بە شتێکی تر دەکەم, یەعنی وشەی تەوافوق هەموو جارێ دووبارە دەبێتەوە, ئایا ئێمە بە حەز و ئارەزوو بەپێی توانا, بەپێی لێهاتوویی ناچینە ناو لیژنەکانەوە, ئەمە خاڵێك و, ئایا ئێوە ئیشتان لە ئێمە دەوێت, بە ئیشە یان بە ریشە, ئەگەر ئێمە هاتووینەتە ئێرە بەڕاستی پێویستە هەموومان ئیش بکەین و بە جددیش ئیش بکەین, نەك بە تەوافوق, ئەمە خاڵی یەکەم, خاڵی دووەمیشم ئەو لیژنانە من هەستی پێ دەکەم خۆی لە خۆیدا دوو ئەرکە, مەسەلەن پەیوەندییەکان و رۆشنبیری, تەندروستی و کۆمەلأیەتی, ناتوانن ئێوە جیایان بکەنەوە, زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دوو سێ حەقائیق هەیە, مەسەلەن ئێستا ئێمە لێرە (30) کەسی قانونیمان هەبێتن, بەلأم بۆ لیژنەکان خۆ هەموویان خۆیان تەرشیح ناکەن, ئیختیصاص موهیمە, رەغبەتیش موهیمە, بەلأم ئەگەر تەماشای هەموو تەجرووبەی دنیا بکەیت, پەرلەمانات ئەو تەوافوقە زەرووریيە و موڕاعاتیشی دەکرێت, نیسبەتی کورسیەکان دەبێت موڕاعات بکرێت, هەر حزبێك چەند کورسی هەیە, ئەوەی زۆرە, زۆری زۆرینەکەی خۆی لە لیژنەکان دادەنێت, ئەوەی کەمیشە رەچاو دەکرێت و پشتگوێ ناخرێت, لەبەر ئەوەی کەمە, لەبەر ئەوە ئێمە لێرە مەجبوریشن و زەرووریشە, دیموکراتیەیشە ئەو موڕاعات کردنە, ئەو رەچاو کردنە, یەعنی رەچاو کردنی هەموو پێکهاتەکانی پەرلەمان, رەچاو کردنی خیبڕەت و رەغبەت, بەلأم ئەو هەموو شتەی بە موتەلەقی ناتوانرێت هەر هەمووتان رازی بن و, هەم لەسەر ئەساسی رەغبەت بێت و, هەم موڕاعاتی پێکهاتەکەی بکەین و, هەم موڕاعاتی ئیختیصاصەکەی بکەین و, هەم موڕاعاتی لیستەکە بکەین, بە تەئکید هەندێك خەلەلی هەر تێ دەکەوێتن, ئەو خەلەلە نەتیجەی ژیانە, نەتیجەی هەر تەجرووبەیەکە هەر مەبدەئێکە, لە تەتبیقدا هەندێك خەلەلی هەر دەبێت, بەلأم ئەساسیەکە ئەو شێوانەی باسمان کرد باشترین حەللە بۆ دانانی ئەو لیژنانە, داوای لێبووردن دەکەم گوتمان رەغبەت بە تەنها نییە, مەسەلەن با بڵێین لێرە چوار کورسی هەیە بۆ برا تورکمانەکان, هەر چواریان ئەگەر رەغبەتیان لیژنەی پەیوەندییەکان بێت, ئەوە دەکرێت, مەسەلەن هەر دەبێت یەکێك دابنێین, (38) کورسی پارتی و یەکێتی هەیە, بۆ لیژنەی پەیوەندییەکان ئێمە فەرزمان کرد یەکی سێیان بە بەر دەکەوێت, شەش کەس داوای کردووە بۆ لیژنەیەك, دەکرێت هەر شەشی دابنێین, مەجبورین سێیانیان دابنێین, بۆ ئەوەی جێی کلدان و ئاشووریەکە ببێتەوە, جێی حزبی شیوعی ببێتەوە, جێی کۆمەڵ ببێتەوە, جێی یەکگرتوو ببێتەوە, جێی سۆشیالیست ببێتەوە, هەر کێ لێرەیە لە شوێنێکدا جێگای ببێتەوە, ناکرێت هەموویان دابنێین, فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبداللە حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم هەموو لیژنەکان بخوێندرێنەوە بە ناوەکانەوە, دوایی هەر کەس دەزانێت لە چەند لیژنە ناوی هاتووە, چونکە بەم رێگایە بەڕاستی موناقەشەکەمان زۆر درێژە دەکێشێت, ئینجا دوایی بکەوێتە سەر ئەوەی کێ لەو لیژنەی دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەكەین پێشنیارێكی بەجێیە, هەموو جارێ پێشنیاری وا ئەوەیە نەتیجەی خیبرەی سیاسیتە, كاك محەمەد پێشنیارت هەیە.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەبوو, ئەوەی عیلاقات وا دیارە زۆر خۆیان بۆ دەنووسن, ئەوە عیلاقاتی ناوەوەیە یان دەرەوەیە, چونكە عیلاقاتی ناوەوەو دەرەوە هەیە, پێیان بڵێن ناوەوەیە, تاوەكو سەفەری تیا نەبێت, ئەوە یەك, دووەم/ ئەوەی لە لیژنەی بەرگری كردن لە مافی ئافرەت, من نازانم بۆ دەبێت ئەوان جیا بن, دەبێت لیژنەیەكی ماف لە پیاویش دابنێن, ببێتە فراكسیۆنی ژن و پیاو لێرە, جا نازانم ئەوە پێویست دەكات, یان نا, چونكە ئەوان حەقی خۆیانە, هەموومان دەبێت دیفاع لە ئەوان بكەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, كە گوتمان عیلاقات, عیلاقاتی ناوەوەو دەرەوە دەگرێتەوە, پێم خۆشە دیفاع لە مافی ئافرەت بكرێت, هەردووكی راستە و هەردووكی دەكرێتن, لە هەر زمانێكدا چەندین زمان هەیە بۆ هەمان تەعبیر, ئێستا پێشنیارەكەی خاتوو پەخشان باشە, ئێمە ئێستا سێ چوار لیژنەمان خوێندەوە, ئەوەتان زانی, ئەگەر دەنگیشمان لەسەر دا, ئەوە تەواو بووە, لیژنەی پەیوەندییەكان و كاروباری رۆشنبیری لە (19) كەس پێكهاتووە بە ئیزافە كردنی كاك عوسمان بانیمارانی دەكرێتە (20) كەس, ناوەكانم خوێندەوە.

لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی پێك هاتووە لە (كاك خورشید شێرە, كاك فەتاح نەقشبەندی, كاك حەسەن بابەكر, كاك عوسمان ئەحمەد محەمەد, كاك ملا سەعدەدین مەلا عەبدوڵڵا, كاك بابە تاهیر شێخ جەلال, كاك جەمیل محەمەد گەردی, كاك فاروق كەریم فەتاح, كاك ئەنوەر محەمەد غەفور, كاك حسێن محەمەد رەشید), (10) كەسن.

لیژنەی شارەوانی و گەیاندن پێك هاتووە لە ( كاك عادل محەمەد ئەمین, كاك رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم, خاتوو گێلاس محی الدین, كاك شێخەڵڵا ئیبراهیم, خاتوو كوردستان پیرداود قادر, كاك جەمال شمعون ئیلیا, خاتوو فەزیلە رەمەزان, كاك رەشید كەریم, خاتوو شیرین عەبدولڕەحمان, خاتوو گەلاوێژ شابا), (10) كەسن.

لیژنەی كاروباری ناوخۆ پێك هاتووە لە ( كاك خورشید شێرە, كاك ئاخیر جەمال ئەنوەر, كاك شەهاب عەبدوڵڵا سەدیق, كاك سمكۆ دزەیی, كاك ئیسماعیل محمود, كاك سەردار هەركی, كاك هیوا سابیر ئەحمەد, كاك عەبدولڕەحمان ئەحمەد رەزا, كاك جەمال محەمەد قاسم), (9) كەسن.

لیژنەی كاروباری پەروەردەو فێركردن پێك هاتووە لە ( د. دلێر ئیسماعیل حەقی, د. شوكریە رەسول ئیبراهیم, خاتوو ڤیان سلێمان حاجی بەشار, كاك خضر سلێمان خەلیل, خاتوو رەمزیە ئەحمەد, خاتوو سۆزان شەهاب, خاتوو ڤیان خضر, كاك محەمەد ئەحمەد صالح, كاك ئەسعەد شاكر, كاك جەمال شەمعون ئیلیا, كاك غەفور تاهیر سەعید, كاك باپیر كامیلا, كاك بایزار ملكو ئەوهان, كاك عوسمان ئەحمەد, خاتوو كەژاڵ مەجید قادر, خاتوو چنار سەعد عەبدوڵڵا, خاتوو سوهام ئەنوەر وەلی), (17) كەسن.

لیژنەی پیشەسازی وزەو كانزاكان پێك هاتووە لە ( كاك ئایدن عوسمان ئیبراهیم, كاك ئەندراوس یۆخنا گۆرگیس, كاك عزەدین سەلیم خدیدا, كاك رۆبیتان ئیبراهیم رۆستەم, كاك رەشاد ئەحمەد, كاك بارزان عەبدوڵا, كاك محەمەد رەفعەت), (7) كەسن.

لیژنەی كاروباری پێشمەرگە پێك هاتووە لە ( كاك ئەدهەم عوسمان بارزانی, كاك شوكری صاڵح نێروەیی, كاك سوارە محەمەد ئەمین, كاك شەعبان محەمەد تاهیر سادق, كاك شێردڵ حەوێزی, كاك بەكر فەتاح, كاك سمكۆ دزەیی, كاك شێخەڵڵا ئیبراهیم, كاك جەعفەر مستەفا مەعروف, كاك حاتم محەمەد جان, كاك كاكە ئیسماعیل عومەر, كاك بارزان محەمەد قادر), (12) كەسن.

لیژنەی ماف مرۆڤ پێك هاتووە لە ( خاتوو صبریە غەفار ئەمین, كاك ئەنوەر محەمەد غەفور, كاك محەمەد فەرەج, كاك ئەسعەد شاكر, كاك كەرخی نەجمەدین, كاك رۆمیۆ حوزیران نیسان, كاك سالم محەمەد عەلی, كاك شەوقی حوسێن, كاك محەمەد صالح ئیسماعیل, د. شوكریە رەسول, كاك عومەر عەبدولڕەحمان, خاتوو مریەم حەسەن, خاتوو گوڵناز عەزیز, خاتوو نەسرین محەمەد صالح, كاك عیزەدین سەلیم خدیدا, خاتوو تاڤگە حەمەد عەلی), (16) كەسن.

لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە پێك هاتووە لە ( كاك ئارێز عەبدوڵلا, كاك موحسین عەلی ئەكبر, كاك زرار تاهیر, كاك عەبدولڕەحمان ئیسماعیل سەلیم, كاك رۆبیتان ئیبراهیم رۆستەم, كاك سوارە محەمەد ئەمین, كاك محەمەد حەكیم جەبار), (7) كەسن.

لیژنەی بەرگری كردن لە ماف ئافرەت كە گوتمان ئافرەت یەعنی ژنیش پێك هاتووە لە ( كاك شەوقی حوسێن, خاتوو كوردستان پیرداود قادر, خاتوو فەخریە مستەفا محەمەد عەلی, خاتوو نازناز محەمەد عبدالقادر, خاتوو تاڤگە حەمەد عەلی, خاتوو فەزیلە رەمەزان سەعدڵلا, خاتوو پەخشان عەبدوڵلا حوسێن, خاتوو كوێستان محەمەد, خاتوو شوكریە خضر, كاك جەمال یوسف, خاتوو شمسە سەعید محەمەد), (11) كەسن, فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنیا لە لیژنەی بەرگری كردن لە ماف ئافرەت, ناوم هاتووەو لە هیچ لیژنەیەكی تر ناوم نەهاتووە.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم رەغبەتم داوای لیژنەی پەروەردەو فێركردنی باڵا كرد بوو, دووەم رەغبەتم دارایی بوو, بەس كە قسەم لەگەڵ كاك ناصح كرد, گوتی لە هەردوو لیژنەكە دامناوی, ئەگینا ئەگەر یەك لیژنەی بێت, بەڕاستی لیژنەی پەروەردە و فێر كردنی باڵاكەم بە لاوە باش بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ناوەكان دەنووسین ئەوەی دەیەوێ قسەی بكاتن, نازناز محەمەد, محەمەد حەكیم, جەعفەر مستەفا, بایزار ملكو, شوكریە خضر پیروت (سارا), عەبدولڕەحمان ئیسماعیل, قادر سەعید (زانا), نەسرین محەمەد, بەكر فەتاح, تكایە كاك تەلعەت تۆش قسەت هەیە, جارێكی تر تەئكید دەكەینەوە رەغبەتە موڕاعات كراوە, تەوازوونە, ئیختیصاصە, یەعنی كە ئێوەش قسە دەكەن, ئەو دوو سێ شتە بزانن, ئینجا ئەگەر ئیعتیرازێكتان هەبوو بیكەن, ئەگەر نا بەو شكلە موڕاعات نەكەن, وەختەكەمان لە دەست دەچێت و, مومكینە نەگەینە ئەو ئەنجامە, كاك فەرسەت هەندێك تەوزیحی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من مولاحەزە دەكەم برادەران, بەس تەماشای عونصوری رەغبەت دەكەن, بەو شێوەیە بێتن بەرژەوەندی تەحقیق نابێت بەڕاستی, چونكە مەسەلەن با میسالێكتان بۆ جەنابتان بێنم لیژنەی ئەشغال كۆمەڵێك برادەران داوایان كرد, زۆربەیان شەهادەی دواناوەندی و ئامادەییان هەبوو یەك موهندسی تێدا نەبوو, برادەرێكی موهندسی مەدەنی بوو داوای لیژنەیەكی تری كرد بوو, مەجبور بووم ناوی موهندسی مەدەنی ئیزافە بكەمە سەر لیژنەی ئەشغال, مەعقول نییە تۆ دەچیت بینایەكی بكەی, یان جادەیەك بكەی هیچ موختەصێكی تێدا نەبێت, ناتوانی بە دوو قسە موناقەشەی موهندسی موشریف بكەی, یان موصەمیمی ئەو مەشروعە بكەی, مەفروزە ئێوە ئەوە بە نەزەری ئیعتبار وەربگرن, مەوزوعێكی تر برادەرانی یەكێتی قایمەیەكیان تەقدیم كردووە, بۆ هەر لیژنەیەك سێ كەسن, من پارتیمە, مەعقولە لیژنەیەك هەشت پارتی موقابیل سێ یەكێتی دابنێین, مەعقول نییە, ئەو مەوازیعانە مەفروزە ئێمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین, بەڵام ئەگەر بێتو بەس تەماشای رەغبەت بكەین, بەخوا لێرەوە هەتا دوو مانگی تر لیژنەكە ناتوانێت ئیش بكات, خوشكێك هەبوو مەسەلەن داوای لیژنەیەكی كردووە, تەماشای ئیختیصاصەكەم كردووە, رەغبەتەكەی هێنایە, بەس ئیزافەی لیژنەیەكی ترم كردووە, چونكە تەماشام كرد ئەو لیژنەیە نزیكی ئیختیصاصییە,

رەغبەتەکە بەجێم هێنایە, لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی بالآم بەجێ هێنایە, بەس تەماشام کرد ئیختیصاصەکەی نزیکی لیژنەی کۆمەلآیەتیە, مەجبور بووم ئیزافەم کردە سەر لیژنەی کۆمەلآیەتی, تاکو لەوێش ئیستیفادە بێتە کرن, ئەو شتانە ئێمە تەقدیری دەکەین, ئەگەر وا نەبێتن, بەس رەغبەت بێت, باشە کاکە گیان ئێوە هاتوونە مەسلەحەت تەتبیق بکەن, نەك رەغبەتی خۆتان تەحقیق بکەن, مومکینیش بێت ئێمە مەوزوعی رەغبەت بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین, ئیتر هەندێ شتی تر هەیە ئەوەش بزانن, لیژنە مەفروزە ئیش بکاتن, برادەرێك خەلکی سلێمانیە, یان دهۆکە مەفروزە لێرە موتەواجید بێت بۆ ئەو لیژنانە, یەعنی لە مەسلەحەتی ئەودا بێت لە یەك لیژنە دەبێت, باشترە بێت ناوی خۆی لە دوو لیژنە بنووسێت و, دەوام نەکات, چونکە تەجروبەمان هەیە, ئەوە (13) ساڵە ئێمە موعاناتی ئەو شتە دەکەین, ناوی خۆیان دەنووسن لە لیژنەیەك, لیژنەکە ناتوانێت دابنیشێت, چونکە نیصاب تەواو نابێت, رۆژی جەلسە دێن ئەی کوا راپۆرتەکەتان, دەڵێن ئەندامانی لیژنە نەهاتوون, باشە کاکە ئەندامانی لیژنە نەهاتوونە, زەمبی ریئاسە چیە؟ زەمبی پەرلەمان چییە؟ هاتوونە ئیش بکەن و, مەسەلەن مەعاش وەربگرین و بچینە مالی خۆمان دابنیشن و ئەوەش نابێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەر تەوزیحێك دەکەم لەسەر قسەکانی کاك فەرسەت, بەڕاستی ئەو پەرلەمانە کە میللەت دەنگی داونەتێ, دەبێت ئەو مەسئولیەتە پڕ بکەینەوە, مەسەلەن کە لە لیژنەیەکدا خۆمان هەلدەبژێرین هەر ئەوە نییە ئەندامی لیژنەی فلان بێت, بەڕاستی نە میللەت لێمان قەبولێ دەکات, نە خۆمان دەبێت لە خۆمان قەبولێ بکەین, لەبەر ئەوەی رەنگە ئێستا هەستی پێ نەکەین, ئەو لیژنانە کاریگەرن و دەوریان زۆر گرنگە, بەبێ ئەوەی ئەو لیژنانە ئیش بکەن پەرلەمان یەعنی هیچ, یەعنی پەرلەمان دەبێتە پەرلەمانێکی مردوو, لەبەر ئەوە دەبێت بە مەسئوولیەتەوە وەریبگرن, هەر ئەوە نییە تۆ لە لیژنەی فلان بیت, هەم لێرە ئەو لیژنانە بەرپرسیارن موتابەعەشی دەکەین, هەم میللەتیش موراقەبەیان دەکاتن و, بەڕاستی من لەگەلێ برادەرانیش قسەم کردووە, رۆژێکی تایبەت تەرخان دەکەین, بۆ ئەوەی بزانین ئێمە چی بکەین, پەرلەمانەکەمان ئیشی رۆژانە و فەعال بێت, هەر ئەوە نەبێت و دابنیشین و دەستمان بلند بکەین و, لێرە قەرارات دەربکەین و, یەعنی ئەفکارمان زۆرە, بەس لێرە لەبەر ئەوە دەمەوێت رۆژێکیان دانیشتنێکی داخراو بکەین, بە سەراحەت قسە بکەین, چۆن حەقیقی نوێنەری میللەت بین, یەعنی لیستی خۆشمان لە بیر بکەین, هەتا مەسائیلی شەخصیش لە بیر بکەین و لە خزمەتی خەلك دابین, ئەگەر نا فەشەلی دەبینینەوە ئەگەر وا نەبێتن, لەبەر ئەوە ئەو لیژنانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن, کە شتێکی گرنگە و موهیمەو, خەلك چاوەڕوان دەکاتن, دانیشی لێرە پالێ دەیتەوە لە ژوورەکاندا, ئێمەش نابێت دابنیشین و پالێ دەینەوە, دەبێت بزانین خەلك کێشەی چییە؟ حکومەت ئەدائی چۆنە؟ ویستی خەلك چییە؟ ئیشی ئەو لیژنانەیە, لەبەر ئەوە تکام وایە ئەو مولاحەزەیە بکەن, ئەگەر لە پاش ئەو تەوزیحاتانەی من و ئەوەی کاك فەرسەتیش و, کاك کەمالیش تەوزیحاتی هەیە, ئەو ناوانەی کە ناوی خۆیان نووسیووە, ئەگەر هەر بەو تێگەیشتنە ئیکتیفا دەکەن, بۆ ئەوەی کات بە فیڕۆ نەدەین, ئەگەر نا ناوەکان نووسراوە هەر کەسێ ئازادە و حەقی خۆیەتی قسە بکات و داواکەی خۆی بکات, ویستی خۆی بلێتن, بەلآم هەموومان دەبێت ئەوە قەبولێ بکەین و چ مومکینە بکرێتن, یەعنی هەر کەسێ ویستێکی خۆی هەیە, رەغبەتێکی خۆی هەیە, چ وەکو شەخص, چ وەکو حزب, بەلآم چ مومکینە, چ موشتەرەکە, یەعنی مەسەلەن خۆم شارەزای داراییمە, ناکرێتن لە لیژنەی قانونی دابم, یان محامیمە ناکرێتن لە لیژنەی ئەشغال بم, چ پەیوەندیم بە چیمەنتۆ هەیە و چۆن ئیشراف بکەم لەسەر ئیش وکاری, چۆن قەوانین تەتبیق کردن لە ئەشغال و ئەوانە, بەلکو موهندسێکی دەوێت لەو بینایە, مەسەلەن دەچێت دەلێت ئەو بینایە غەشی تێدا کراوە, نابێت کە دەچێت پرسیارێك دەکاتن و موتابەعە دەکاتن, ئەو ئیشە ئیشی میللەتە هی حکومەتە جێ بەجێ کرایە, وەرە بزانم ئەوەتان چۆن کردووە, کە ژمارەکان دەبینێتەوە, دەبێت شارەزاییەکی هەبێت, بزانێتن ئەو بینایە لەبەر رۆشنایی هەندەسی چۆن کراوە؟ مواسەفاتەکەی چۆنە؟ ئەگەر موهندس نەبێت تێ ناگات لە ئیشەکە, نازانێت, پێشمەرگە ئەگەر پێشمەرگە نەبێتن و, پێشمەرگایەتی نەکرد بێتن, ناتوانێت لە لیژنەی پێشمەرگە دابێت و لیستی پێشمەرگە چۆنە و مەشاکیلیان چییە؟ داواکاریان چییە؟ یەکێك مەسەلەن گەنجێك تەمەنی (25) ساڵە,

بە حەیاتی خۆی (30) ساڵە تەمەنی (30) ساڵ نابێتن پێشمەرگایەتی نەکرد بێت, چۆن دەتوانێت لە لیژنەی پێشمەرگە بێتن, دەتوانێت بەڵام وەکو ئەو کەسە نییە, کە خیبرەی زۆری هەیە لەگەڵیاندا ژیاوە, دەزانێت موعاناتیان چییە, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

بە حەقیقەت ئەمە مانایەکی ئەوە نییە, ئەو برایە, یان ئەو خوشکە, کە لە لیژنەیەك بێت, ئیتر ئەو ئەندامانەی تری پەرلەمان عیلاقەیان بەو لیژنەیەوە نییە, یەعنی هەموو یەکێك لە ئێمە بە ئیعتیبار ئەندامی ئەم پەرلەمانەن ئەندامین لە هەموو لیژنەیەك, مەسەلەن لیژنەیەکی یاسایی, ئەو پرۆژەیەی دیراسەت دەکات, دەهێنێت لێرە, ئێمە هەمووما پێکەوە گوێی لێ دەگرین و موناقەشەی دەکەین, بە یەکەوە قەراری لەسەر دەدەین, مانای ئەوە نییە لیژنەی شارەوانی هەرچی کرد ئیتر وا بێتن, هەموو لیژنەکان هاوکاری یەکتریش دەبن, مەسەلەن لیژنەیەك هەیە عایدی پەروەردەیە, لیژنەیەکی تر عایدی شارەوانییە, هەم مەعلوماتێکی بە دەست دەکەوێت, پێویستە هاوکاری لیژنەکەی بکات, جا برادەری بێت بە نووسراوە موشاوەرەی پێی بداتن, هەدەف ئێمە لێرە ئەوەیە خزمەتی میللەتەکەمان بکەین, ئەو گەندەڵی و خراپییەی لەناو کۆمەڵگاکەی ئێمەدا هەیە, بتوانین چاکی بکەین, ئەویش ئەگەر ئێمە لێرە وەکو ئەندامانی پەرلەمان, هەر کەس کەیفمان لە کام لیژنە بێت, تەنها بچینە ئەو لیژنەیە, مەجالەکانی تر ئیهمال دەکرێت, بۆیە ئەوەی کاك فەرسەت تەوزیح دا لەگەڵ کاك عەدنان, یەعنی هەدەف ئێمە ئەوەیە پێکەوە هەمووما بتوانین خزمەت بکەین, خزمەتی موجتەمەعەکەمان بە تەواوەتی و راستەقینە بکەین, بۆیە ئەو برایەی, یان ئەو خوشکەی لە لیژنەیەك ناوی دەرنەچووە, مانای ئەوە نییە زوڵمی لێ کراوە, خۆی هەر ئەندامی ئەو لیژنەیە, سەرۆکی پەرلەمانیش ئەندامی هەموو لیژنەێکە, منیش جێگریم و, کاك فەرسەتیش سکرتێری پەرلەمان و ئەندامی هەموو لیژنەیەکە, جەنابیشتان وا, ئێمە کە وەختی تەقریری, یان راپۆرتی لیژنەکە, ئەگەر ئیختیصاصی بێت, باشتر سەرمان لێ دەردەچێت, دەمێنێتەوە لێرە پێکەوە موناقەشەی دەکەین و بەزۆرینەی دەنگ قەراری لەسەر دەدەین و هەمووما پێی مولتەزمین, لەوانەیە زۆر لە لیژنەکان شتێکمان بۆ بێنێتن, لەوانەیە لە (100٪) رەفزی بکەین, چونکە ئەگەر لە بەرژوەندی نەبێت, زۆرینەی خوشك و برایان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان رەئی لەسەر نەبێت رەفز دەکرێت, ئینجا بۆیە تکام وایە ئەو تەوەقوعە نەکرێت, ئەو برایە, ئەو خوشکەی کە لە لیژنەیەك نییە, ئیتر عیلاقەی بەو لیژنەیەوە نابێت, ئەمە هەمووی موتەداخیلە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوا قسە هەر ئەوەندەیە, هەر یەکێك لە ئێمە دەتوانێت بچێتە کۆبوونەوەی لیژنەکانی تایبەت, بەڵام بەبێ ئەوەی دەنگی هەبێتن, دەتوانێت بچێت مولاحەزەیەك بداتن, دەتوانرێت گوێی لێ را بگیرێت, بەڵام حەقی دەنگدانی نییە, ئەگەر خاڵی نیزامی نەبێت موقاتەعەت دەکەم کاك خضر فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم موقاتەعەم دەکەی, بەس هەر قسە دەکەم, پاش ئەو سێ روون کردنەوە باس کران, قەناعەت چی بوو, هەر یەکەو لە لیژنا خۆ بمێنێ, ئەوە جێگای دڵ خۆشییە, تەنیا سەرنجم کردە سەر لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر خاڵی نیزامیم هەیە, بەڵام یەك حاڵەت هەیە لە لیژنەکان, ئێمە لیژنەکانمان داناوە, بەڵام نەختێك درێژە دەدەم بە قسەکانم, ئەویش ئەوەیە شوکر بۆ خوا لەو رۆژەی پەرلەمان و لیژنەکان دەستی داوەتە کارەکانی خۆی, دەتوانم

بلێم خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان زۆر بە جدیەت تەماشای کارەکانی پەرلەمان دەکات, دەتوانم بلێم ئاهەنگێکی زۆریش رووی کردە کوردستانی ئێمە, ئەوە جێی دڵخۆشییە, یەك حاڵەت هەیە حەقە ئەو لیژنەیە زۆر بە جدی حیسابی بۆ بکرێت, ئەویش لیژنەی شەهیدان و ئەنفال و بنەماڵەی شەهیدانە, ئەوە حەقە بکرێتە ناو لیژنەکان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو نازناز فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەپێی ئیشی خۆم کە مامۆستای زانکۆم, داوام کرد بوو لە لیژنەی پەروەردە بم, تەنها لە فۆرمەکەش ئەو لیژنەیەم پڕ کردبۆوە, بەڵام لە دواییدا لەسەر لیستی فراکسیۆن گوتیان دەبێت لە لیژنەی بەرگری کردن لە مافی ئافرەت بیت, چونکە ژمارەیەکی زۆر کەم ئافرەت هەیە, ئەگەر لەوێش ئیش بکەی خراپ نییە, منیش قەبوڵم کرد, بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێك بێت, من هەر پەروەردەکە وەردەگرم, بە هەمووشی ئێمە لێرە پێنج یان شەش مامۆستای زانکۆین, بوومە سەرۆکی خوێندنی باڵا زەروورتێکە ئێمە تێیدا بین بەڕاستی, بەڵام هەندێ خەلەل هەیە من هەستم پێ کرد, لێرە دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم ئەو خەلەلە لە ئەو لیستەیە کە هەردوو حزبەکە دایان ناوە, بەڕاستی ژمارەیەکی یەکجار زۆر مامۆستایان لەناو نوێنەرەکانی خۆیان, من هەست دەکەم مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و تا مامۆستای زانکۆی تێدایە, بۆیە ئەم لیژنەیە زۆر قەرەباڵغ دەبێت, کەچی دەبینین لە لیژنەکانی تری وەکو فەنییە و پێویستی بە پسپۆڕایەتی هەیەو موهندسی دەوێت و ژمارەیەکی زۆر کەممان هەیە, ئەوەش ناکرێت لەسەر حیسابی ئێمە بێت, کە ئێمە ئیشمان پەروەردەیەو هەموو ژیانمان مامۆستا بووینە و دەمانەوێت لەو لیژنەیە دابین, دەور ببینین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من پێم وایە ئیزافەتەن نامەوێ قسەکان دووبارە ببێتەوە, چونکە دووبارە بوونەوەی قسە بەپێی نیزامی داخیلیش جائیز نییە, بەڵام قسەیەکی تازە دەکەم, واتا پێشنیارێك دەکەم, قسەکەم ئەوەیە ئەو لیژنەیە ماوەی کورتە, کاتییە, بۆچی؟ لەبەر ئەوەی چەند لیژنەی تر جیا دەکرێنەوەو نیزامی داخیلی تەعدیل دەکرێت, بەگوێرەی وەزارەتەکان ئەو لیژنانە زیاد دەکرێن, لەبەر ئەوە دووبارە دابەش دەکەینەوە, مومکینە ئەو لیژنەیە هەر بتوانێت یەك مانگ ئیش بکات, ئینشائەڵلا ئەگەر حکومەتەکەمان لە ماوەیەکی کەمدا کە تەوحید بوو, زانیمان چەند وەزارەتمان هەیە, جگە لەو لیژنانەی کە کاکە حەمەش ئیشارەتی پێ کرد, ئەگەر بە پێویستمان زانی لیژنەکان زیاد دەکەین, ئەو وەختە لەوێ جارێکی تر دابنیشینەوە بە هەموو لیژنەکان دابچینە, لەبەر ئەوە ئەگەر ئیعتیرازێکی بەقووەت نییە لەو برادەرانە و لەو خوشکانەی کە داوایان کردووە, ئەو لیژنانەی کە دایان ناوە با کۆببنەوەو موناقەشەی بکەن و یەکتر بناسن, هەندێ بەرنامەی بۆ خۆیان و یەکتری دابنێن, تا ئەو کاتەی ئەو شتانەمان لەلا روون دەبێتەوە, پێویست ناکات ئەو هەموو موناقەشەیە بکەین لەسەر شتێك کاتییە, کە ئیعادەی نەزەر پێدا دەکرێتەوە, کە لێرەوە دەچێتە لیژنەی تر, مومکینە قەرارێك مەجبور بووین بدەین, هەر ئەندامێك بچێتە سێ لیژنە, بەڵێ کاك غەفور ئیعتیرازت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە تەمان لیژنەکان زیاد بکەن و تەعریف بکەن, بە پێویستی دەزانم کە لیژنەیەك هەبێتن, ئەو لیژنەیە زۆر زۆر زەرووریە, لیژنەی سڕینەوەی پاشماوەکانی بە عەرەب کردنی کوردستان بۆ مەنتیقەی کەرکووك و خانەقین و مەخمور و سنجار و زمار و شوێنەکانی تریش, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئەو پێشنیارەت بە شێوەیەکی تر کرا, منیش گوتم ئەگەر ئەو لیژنانەی کە لەبەر رۆشنایی حکومەتی یەکگرتووی تازە زیاد دەکەین, ئەو پێشنیارەی کاك غەفووریش دەخەینە رووو, چ لیژنەیەکی تر غەیری لیژنەکانی پەیوەندیان بە وەزارەتەکانەوە هەیە, بە پێویستمان زانی دایدەنێین, لەبەر ئەوە ئەگەر پێتان باش بێتن, ئەو لیژنانەی کە دامان ناون وەکو خۆی بڕوات و موافەقەتی لەسەر بکەن و ئیش بکەن و لەو مانگەدا کە ئیعادەی نەزەرمان کردەوە, دووبارە لیژنەکان دادەنێینەوەو پێدادەچینەوە, من پێم وایە هەر یەکە لە سێ لیژنە بێتن باشە و بیخەمە دەنگ و رزگارمان بێت لەو موناقەشەیە, کێ خاڵی نیزامی هەیە قەیدی ناکات, فەرموو کاك بەکر, ناوی خۆت بڵێ, چونکە کە دەڵێم ناوی خۆتان بڵێن لە مەحەزردا تەسجیل نابێت.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم هەڵەی تیا کراوە, لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە دانراوم, هەڵبەتە شانازی دەکەم کە لەو لیژنەیە ئیش بکەم, بەلام ئیختیصاصەکەم وا دەنووێنێت کە لە لیژنەی پەیوەندییەکان بم, زیاتر لە (17 تا 18) ساڵ لەو مەجالەدا کارم کردووە, زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆت مولاحەزەکەت راستە, بەلام فراکسیۆنەکەت ناوی تۆی وا تەقدیم کردووە, دیارە هەڵەیان کردووە بە عومەر فەتاح تێگەیشتوون, کاك رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم مامۆستام, داوای لیژنەی پەروەردەم کردووە, بەلام ناوەکەم لە لیژنەی پیشەسازی هاتووە, نازانم کێ ئەوەی داناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش لەلایەن فراکسیۆن ناوت وا نووسراوە, بەهەر حاڵ ماوەی دا دێت تەعدیلی دەکەین, ئەوە فەترەیە با وا بڕواتن, فەرموو.

**بەڕێز شوکری صالح نێروەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەسەوری من داوای برادەران هەر هەمووی لەسەر ئارەزوویەو, شەرحی جەنابتان زۆر زۆر وازیح و روونە, وابزانم ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە باشترە, لەوە کە وەختمان بڕوات و, هەمووشی هەر ئارەزوویە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی من مولاحەزەم کرد, نە ئارەزووی تیایە, نە ئیختیصاصیش, جا من داوا دەکەم موناقەشە زۆرتر بکرێت, بۆ لیژنەکان تەفعیل بکرێن لە داهاتوودا, نەك وەها پەلە بکرێت و کۆتایی پێ بهێنین, لیژنەکە ئەگەر کەسی موناسیب لە لیژنەی موناسیب نەبێتن, بە رەئی من نەتائیجیش باش نابێت, من لە دوو لیژنە ناوی خۆم نووسیووە لە مافی مرۆڤ و لە شارەوانی, کەچی لە لیژنەی تر هاتووە, لیژنەکەش کە تەبلیغ کرام لەلایەن فراکسیۆنەوە لیژنەی فێرکردن و خوێندنی بالا بووە, کەچی بە عەکسەوە دەرچووە, نازانم ئەوە ئارەزووی ئێمەیە, یان ئارەزووی کەسێکی ترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال قسەکانت بەجێیە, بەلام یەك خاڵ هەیە, کە دەڵێی هەموویان بەپێی ئیختیصاصیان نییە, نازانم چۆن هەموویان دەرەجەی بەپێی ئیختیصاصیانن, ئەوانە لەسەر خۆت راستە, بەلام تۆ وتت هەموویان بەپێی ئیختیصاصاتیان

نییە, تۆ شارەزای هەموویانی, بە حەقیقەت من نازانم, لە لیژنەکانی مافی ئافرەت ناوی تۆمان نووسیووە, ئەی ئارەزووت چیە؟ باشە لە لیژنەی مافی مرۆڤت دادەنێین.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە دوو لیژنە ناوی خۆم نووسی بوو, راستە من پێشمەرگە بووم لە ساڵی هەشتاوە بۆ راپەرین, بەلآم لە کابینەی یەکەمەوە تا ئێستا بە بەردەوام من لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیش دەکەم لەناو وەزارەتی ناوخۆ, بۆیە من پێشنیار دەکەم لە لیژنەی ناوخۆ ئیش بکەم, نەك لە لیژنەی پێشمەرگە, یەکەم لیژنەی ناوخۆم نووسی بوو, ئینجا لیژنەی پێشمەرگەم نووسیووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانن چیە با بڵێین لە مەوزوعی کورسیەکانی فراکسیۆنی سەوز و زەرد و ئەوانە, دەبێت تەوازوونێك هەبێتن سێ چوارێکەو, لەلایەن فراکسیۆنەوە ناوی دووان هاتووە, ئەگینا چ مانعێك نییە ئیزافە بکرێتن, نازنازیش ناوت دەخەینە پەروەردەو ئەوانە, ئەگەر وایە یان بیخەمە دەنگدانەوە, یان ماوە بدەم قسە بکەن, کامەی باشترە, بیخەمە دەنگدان, یان هەمووتان قسە دەکەن, ئەوەی دەیەوێت بیخەمە دەنگدانەوە, کە ئەو لیژنانە وا بمینێتن تاوەکو لیژنەکانی تر دادەنرێن دەستیان بەرز بکەنەوە, زۆر سوپاس, ئەمەمان خستە دەنگەوە, ئەکسەریەت گوتی ئەو لیژنانە وەکو خۆی دەمێنێتن, تا بەشێوەیەکی کاتی, یەعنی مانگێکە, دوو هەفتەیە, سێ هەفتەیە, بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە دابنیشن و کۆببنەوەو بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەن و یەکتری بناسن, لەو بەینەدا زیاتر هەر خۆیان ئاشنا دەبن لە ئیش و کارەکانیان, ئێمەش خیبرەمان زیاتر دەبێتن, بزانین کێ بۆ کوێ باشە, لیژنە تازەکانیش کە دێنە پێشەوە ئیستیمارەی ترتان دەدەینێ و, جارێکی تر, ئەو کاتی مەعلومیش دەبێتن, کێ دەوام دەکات, کێ بۆ کام لیژنە باشە, کاری ئێمەش ئاسان دەبێتن, بەلآم باش نییە ئەوا بێ لیژنە بمێنینەوە, چونکە ئیشەکانمان ناڕوات, بۆیە ئەگەر کەسێك خاڵی نیزامی نییە, فەرموو کاك محەمەد حەکیم.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم, کێ رەخنەیەکی هەبوو, یان پێشنیارێکی هەبوو, سەردانی کاك فەرسەت بکات, یەعنی ئەگەر فراکسیۆنێك, یان گروپێك بیەوێت گۆڕانکاری بکات, گۆڕانکاریەکی مەعقول, ئەگەر نا, چونکە هەندێ خەلەل هەیە, ئێمە ئەو پەیڕەوەیش کە پێمان دراوە خوێندومانەتەوە, دەڵێت هەر ئەندامێك دەبێت لە یەك لیژنە ناوی خۆی بنووسێت, یەعنی ئاگادار نەبووینە بۆت هەیە لە دوو سێ لیژنە ناوی خۆت بنووسی, پێم وایە ئەو خەڵکە حەقی خۆیەتی کە پێشنیاری هەیە, بۆ ئەوەی لێرە کات زۆر نەچێت, پێم باشە دوایێ سەردانی سکرتێری پەرلەمان بکرێت, هەر گروپێك پێشنیاری هەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە, کاك فەرسەت وەکو سکرتێری پەرلەمان بۆی نییە بیگۆڕیتن, شتێك لێرە لە لایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر درا بێت, بۆی نییە بیگۆڕێتن, یەك شت هەیە کە دەڵێی خاڵی نیزام, ئەگەر قسە بڕینەوە بێتن, کە من قسە دەکەم یەکێك لە کاتی قسە کردنمدا هەر ئەوها دەکاتن, یەعنی ئیعتیرازی لەسەر قسەکەم هەیە, یان پێم دەڵێتن کاکە مۆبایلەکە لێ دەداتن بیکوژێنەوە, ئەوە حەقی هەیە قسە ببڕێتن, ئەوە قسەی ئەو برادەرە بەس مولاحەزەیەکە کە دەستی بەرز کردەوە, راوەستی تاوەکو قسە تەواو دەبێت, ئینجا قسەی دەدەمێ, ئەگەر لە کاتی قسە کردندا دەستی بەرز دەکاتەوە, ئەگەر ئیصراری کرد, مانای وایە غەڵەتێك هەیە لە قسەکردندا بۆیە قسەکەی دەبڕی, فەرموو.

**احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بابەتەكە یەك لا بۆوە, دەنگی لەسەر درا, فەقەرەیەكی تر تەرحی كرد, مەسەلەكە لەمەودوا با لیژنەكان بە تەوافق بیت, كەواتە با هەر تەرەفەك لەناو خۆیاندا موشكیلەی خۆیان یەك لا بكەنەوە, لەناو خودی خۆیاندا, ئینجا با تەرتیبێك بكەن, ئێمە تووشی ئەوە كێش وبێشە نەكەن, سێیەم, بەڕاستی زۆر لەو لیژنانە بەشی دوو لیژنەیە, مەسەلەن پەیوەندی و رۆشنبیری, دوو بابەتی لەیەك جیاوازن, دوو مەیدانی فراوانن, لە لەوانی لیژانەكانی تر, پێش ئەوەی بیر بكەینەوە كە ئەنجومەنی وەزیران, چەند وەزارەتی هەیە؟ لەناو خودی خۆماندا, ئێمە دەتوانین بیر بكەینەوە, زۆر لیژنەی تر ئیزافە بكەین, پێشنیارێكی وا دروست بكەین, لەسەریان دابنیشین, بۆ ئەوەی تەعدیلی نیزامی خۆمان بكەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكەت بە جێیە سوپاست دەكەین, ئێستا ئەو لیژنانەی كە دانراون, بە شێوەیەكی كاتی, تكرار دەكەمەوە, كاتی بۆ ئەوەی لای هەمووتان روون بیت, بۆ زیاتر شارەزا بوونە, ئێمە باسمان كرد, ئیشارەتمان پێدا, وتمان كە ئیختیصاصاتی ئەوەمان نییە, نموونەمان هێنا, ئەشغالمان بۆ ئەم نموونەیە هێنا, بەلأم كە یەكێك لە ئەوقاف دانێین, نابێت شرووتی هەبێتن, مەسەلەن, لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مووەقەتە, مانگێكی تر بە تەئكید كە دادەنیشین, هەموومان بە خۆشمەوە, خیبرەمان زیاتر بووە, ئەم لیژانانە چۆن دابنێین؟ كێ لە كێ دابنێین؟ خۆشتان زیاتر زانیوتانە, بەلأم من حەز دەكەم بزانن دەبێت پێش هەموو شتێك ئەركی ئەو لیژانانە بزانن, هەر ئیختصاص نییە, دووبارەی دەكەمەوە قسەكەم, ئەگەر چی دەرچوونە لە نیزامی داخیلی, تەنیا ئەوە نییە, تۆ مامۆستای خەریجی, دكتۆرات هەیە لە عیلم ئەلنەفس, یان لە ریاضیات, لە لیژنەی پەروەردە بیت, دەبێت بیزانی ئەركی ئەو لیژنەیە چییە؟ پێی هەڵدەستی یان نا؟ ئەگەر پێی هەڵناستی, بڵێ كاكە من ئیعتیزار دەخوازم, چونكە داوای ئیشی لێدەكەین, داوا دەكەین بزانین, چی كردووە؟ بەرنامەی بۆ دادەنێین, ماوەیەكی تر بێت, تەقدیم بكات, پێی دەڵێین برۆ, فەرزەن لە رانیە بزانێ خوێندن لە كولیە هەیە, كراوەتەوە وەزعیان چییە؟ كەم و كوورییان چییە؟ لەبەر رۆشنایی پرەنسیبەكان دەرۆن یان نا؟ تەقریرمان بداتێ, جا ئەو لیژانەی كە خوێندمنەوە خۆشتان موافەقەتان كرد, بیخەمە دەنگەوە, بە شێوەیەكی كاتی, ئەو لیژانانەی كار دەكەن, بەبێ ئەوەی سەرۆك و جێگرو موقەریر دایان بنێن, خۆیان لەبەینی خۆیان دایان بنێن, یەكێك بە تەمەن ترین كەس, یان خیبرەی هەیە, یان تەواجودی هەیە, موشكیلەیەك نابێت, دەكرێت یەكێك بە مووەقەتی لەبەینی خۆیاندا هەڵبژێرن بەشێوەیەكی یەعنی كاتی بێت, كاك شێروان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەبێت هەر لیژنەیەك, سەرۆك و, جێگر و, موقەریری هەبێت, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, كاك شێروان, لیژنەی قانونی رەئی وایە كە دەبێت هەر لیژنەیەك سەرۆك و, جێگرو موقەریری هەبێ, ئێوە لیژنەكان لەبەینی خۆتان دانیشن ئتییفاق بكەن, تەرتیبێك دەكەین بۆ ئەوەی لیژانەكان بە پێی ئیمكانیەت و شارەزایی و رێزگرتن و, لە هەمان كاتیشدا بزانن, تەهمیشی كەس نەكرێتن, حیساب بۆ هەموو كەسێك بكرێت, كاك حمە نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەوزیحێكی بچووكم هەیە, بۆ لیژنەكان منیش هەر رەئی كاك شێروانم هەیە, بەبێ سەرۆك لیژنە ناكرێ, چونكە هەندێ قەراری لێبدرێت و, یەكەم كۆبوونەوەش كە هەڵسان دەبێت, هەریەكە لە ژوورێك كۆبێتەوە, بۆ خۆیان سەرۆك هەڵبژێرن, سەرۆكی لیژنەكان لەیەكەم كۆبوونەوەدا, هەڵسان دەبێت هەڵی بژێرن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، چنار خان، فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە، من نوقتەی نیزامم نییە، بەڵام ئیقتیراحێكم هەیە، ئەگەر بكرێ قبوڵی بكەن، من وەكو دەبینم كە زۆر حەماسەت هەیە، وەكو ئەو كەسەی كە بچێتە ناو لیژنەیەكی موعەیەن، بەڕاستی ئەوە جێگای دڵخۆشییە، من ئیقتیراح دەكەم، ئێستا ئەو حەماسەتەی لە ئێمە هەیە، دەستەی سەرۆكایەتی، بەیانی لێپرسینەوەی هەبێت، بۆ ئەو كەسانەی كە دەچنە ناو ئەو لیژنانەوە، بەو حەماسەتەوە بەرەغبەتی خۆی دەیەوێت ئیش بكات، بەڵام ئیش نەكات، لێرە من موتەئەكیدم لیژانەكان، انشاالله واش نابێت تەوەقوعاتی من غەڵەت دەردەچێت، رەنگە كارەكان بكەوتە ئەستۆی چەند كەسێك و، چەند كەسێك خۆی لێ دوور بگرێت، بۆیە تكا دەكەم، چۆن لێرە وا بووە؟ بە جورئەتەوە دەڵێت من دەمەوێ لەو لیژنەیە بم، ئەو كاتیش، بەو جورئەتەوە ئێوەش بڵێن، بەڕێز چ كارێكت كردووە، بۆ ئەوەی چی تر كێشە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

انشا الله وا نابێت، بەڵام ئەگەر وا بوو، من بەش بە حاڵی خۆم جەلسات هەیە، تەسجیلی دەكەین، ئەوانەی كە خۆی بە دوور بگرێت، كەم تەرخەمی بكات، یان غائب بیت، بزانین حەماسەتیان چۆن بووە؟ ئەگەر حەماسیان زیاد بێت، ئەو كاتەی دەوامیش نەكەن، ئەو كاتەی تووشی لێپرسینەوە دەبێتن، بە تەئكید، لێرەش تووشی لێپرسینەو دەبێت، بەڵام ئەو برادەرەی كە بەخۆشمەوە تووشی كەم تەرخەمی بوو، حەقە لێپرسینەوە هەبێت، بە تەئكیدیش دەبێت، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باسی تەواجودتان كرد بۆ لیژنەكان، وا بزانم هەر هەمووومان مەتەفەرغین، فەیدی ناكات، لە شاری وەكو سلێمانی و، دهۆك و شارەكانی تر دێن، لەبەر ئەوە من كە ناوم لە دوو لیژنە نووسیوە، هەڵبەتە لە خۆم را دەبینم كە كار بكەم، لەو دوو لیژنەیەدا، كە دوێنێ موناقەشەی لیژنەكان كراوە، لەپێشەوە توزێك مەحجوبیان كردین، لەبەر ئەوەی باسی پارەی تیادا هەبوو، وتیان ئەوەی بچێتە لیژنەوە پارە وەردەگرێت، بەڕاستی مەحجوب بووین، بەڕاستی وتمان ئەگەر داوای دوو لیژنە بكەین، ئێستا ئەڵێن مەوزوع پارەكەیە، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم، خۆم لە لیژنەی پەروەردەم، خەریجی كیمیام بكالۆریۆسم هەیە، دبلۆم عالیم هێناوە لە هۆڵەنداوە، لە كیمیا جارێكی تر، لە پەروەردەدا دانراوم، داوا دەكەم لە تەندروسیشم دابنێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مانگەی سەبر كەن دوایی موراعات دەكەین، فەرموو، پاش ئەمە دوو كەسی تر قسان دەكەن و، تەواوی دەبیتن.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێكم هەیە، بەنیسبەت ئەو مولاحەزاتانەی لیژنەكان، یەعنی هەیە، دەیەوێت لە فلان لیژنە دا بێت، ناوی نییە، هەیە فراكسیۆن ناوی داوە خۆی ئاگای لێ نییە، لەبەر رۆشنایی تێبینیەكەی كاك شێروان، من پێشنیار دەكەم، بڕینەوەی لیژنەكان بكەوێتە یەكەم دانیشتی پەرلەمان، یەعنی ئێستا موناقەشەی تێرو تەسەلی لەسەر كرا، ئەو برادەرانە و ئەو خوشكانەی تێبینیان هەیە، لەگەڵ برادەرانی سەرۆكایەتی پەرلەمان قسە بكەن و، لە جەلسەی ئاینده بە یەكجاری بیبڕێنینەوە بە سەرۆك و، جێگرو، موقەریرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە نابێت، چونکە تەصویتمان لەسەر کرد.

**بەڕێز پەخشان عبداللە حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەصویت لەسەر ئەمە کرا، بیخەینە دەنگدانەوە یان نا؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چوار لیژنە تەصویت کرا، تەصویت کرا کە ئێستا بیخەینە دەنگدان، ئینجا ئەگەر بمانەوێت تەئجیلی بکەین، دەبێت دیسان تەصویتی لەسەر بکەین، پێم وایە بۆ مانگێك ئەوەندەی ناوێت، دانیشینەوە جەلسەیەکی تر بکەینەوە، ئیعتیرازێکی ئەوتۆش نییە، بەتایبەتی وتمان ئەو فەترەیە موناقەشات دەکەین و دەوڵەمەندی دەکەین و، یەکتر زیاتر دەناسین و، هەرکەسێك زیاتر دەزانێت لیژنەکان چییە و چی نییە؟ بۆیە من پێم باشە لیژنە بەلیژنە بیخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی تکایە ئەگەر هەبێت، نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شکریە خضر بیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکم لا دروست بووە، لە دانانی ئەو لیژنانە، حەزدەکەم بیخەمە روو، هیوادارم بەو شکلەش نەبێت، ئێمە باس لە گۆڕانکاری دەکەین، باس لە نوێخوازی دەکەین، بەڵام کە سەیری دابەش کردنی ناوەکان دەکەین لە لیژنەکان، هەست دەکەی، دابەش کردنێکی کار هەیە، لە نێوان ژن و پیاو، وەك چۆن لەناو شێوازی کۆن و، کۆمەڵگای خۆمان کە ماڵداری دادەنێن بۆ ژنان و، چەند دادەنێن بۆ کوڕان، یاخود بڵێین بۆ پیاوان، وا دێتە بەرچاو، جا نازانم خەتایەکە وەکو جەنابت باست کرد، بۆ بلاّوکردنەوەی ناوەکان، یان ژنان ناوی خۆیان نووسیوە لە هەندێ لیژنە وەکو پیشەسازی وەکو ئاوەدانکردنەوە، یعنی لە هەندێ لیژنەدا با هەبن، بۆ تەرکیز بکرێتە سەر سێ چوار لیژنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر رەغبەتی نەبێت، یان ئیختیصاصی نەبێت، ئێمە چی بکەین؟ خۆمان بە دوای موهەندسێك دەگەڕێین با ژنیش بێت، لە ئەشغال بێت، نییە.

**بەڕێز شکریە خضر بیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت رەغبەتەوە، من خۆم لە لیژنەی مافی ئافرەت ناوم دەرچووە، پێم ئاساییە، ئاوەدانکردنەوەشم نووسی بوو، لەبەر ئەوەی هەرچەند ئیختیصاصی خۆم پەروەردەیە، مەبەستم ئێوە دەڵێن کەسمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر باشە، تۆ خۆت ئیختیصاصت پەروەردەیە، ئاوەدانکردنەوە چ رەبتێکی هەیە، لەگەڵ پەروەردە.

**بەڕێز شکریە خضر بیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر زەحمەت نەبێت روونی کەمەوە، من لە بواری ئاوەدانکرنەوە دیارە بە خۆڕایی نەم نووسیوە، لە رێکخراویی یۆنێپس ئیشم کردووە، لەگەڵ کۆمەڵێ هاوکاری قەڵادزێ، بەهۆی وێران بوونی مەنتیقەکەمانەوە لەو بوارانەدا کارم کردووە، هەتا لە ئەردەن دەورەم لەسەر ئەم بواری مەشاریع دیووە، مەبەستم ئەوە بووە کە نووسیومە وەکو رەغبەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەوە رەغبەتەت هەبێت، دەکرێت لەو لیژنەی بیت، چی تێدا نییە، مادام وایە ئەوەی ئیزافە دەکەین، باشە دوایی موناقەشەی دەکەین، کاك سردار نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له فەقەرەی چواری ماددەی(35)، باسی سەرۆکی لیژنەو موقەریرو، جێگرەکەی کردیە، کە دەبێت هەیبێت، بەلاَم باسی کاتەکەی نەکردیە، بۆیە دەکرێت تەئجیل بکرێت، تاوەکو هەردوو ئیدارە یەك دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلاَم معقولیش نییە، یەك مانگ کۆبببیەوە، وەکو کاك شێروان مولاحەزەی دا، نەرەئیست هەبێت، نە جێگرت هەبێت، نە موقەریرت هەبێت، مەحزەری کۆبوونەوە کێ دەینووسێ؟ کێ ئیدارەی جەلسە دەکات، ئێمە دەمانەوێت کۆبببێتەوە، لیژنە کۆبببێتەوە، کە کۆبۆوە دەبێت یەکێك ئیدارەی بکات، دەبێت یەکێك موقەریر بێت، مەحزەرەکە بنووسێت، لەبەر ئەوە دیاری نەکردووە، بەندە بە یەکەم کۆبوونەوە، یەکەم کۆبوونەوە عورفەن، دەبوایە بنوسرێت، بەلاَم کە نەشنووسراوە، یەکەم کۆبوونەوە دەبێت ئەوە تەواو بکاتن، چونکە کۆبوونەوە ناکات، مادام دەڵێت دەبێت موقەریری هەبێت، دەبێت رەئیسی هەبێت، کە کۆبوونەوە کرا، دەبێت تەنزیم بکرێت، ئەو لیژنانەی کە تەصویتی لەسەر کرایە، لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی دارایی، لیژنەی کشتوکاڵ، لیژنەی تەندروستی و، لیژنەی پەیوەندیەکان، تەواو بووە، لیژنەی، لیژنەی شارەوانی و گەیاندن، ناوەکانمان خوێندەوە، دووبارە بیخوێنمەوە یان دەنگی لەسەر دەدەن، داوای موافەقە لەسەر ئەو 10 ناوەی کە خوێنراونەوە بۆ شارەوانی و گەیاندن، ئەگەر موافقن دەستتان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، لیژنەی شارەوانی و گەیاندن بە 10 کەس موافەقەی لەسەر کرا، لیژنەی کاروباری ناوخۆ 9 کەسن، موافقن، بە تێکرایی دەنگ پەسەند کرا، بەو مولاحەزاتانەی کە وتمان موەقەتە، لیژنەی کاروباری پەروەردە، بە ئیزافە کردنی خاتوو چرۆ علی حمد امین و، خاتو نازنازو، خاتو سهام، دەبنە 19 کەس، ئەوی موافقە با دەستی بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس، بە تێکرایی دەنگ موافقەی لەسەر کرا، لیژنەی پیشەسازی و وزە، حەوت کەسن، ئەوی موافقە با دەستی بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس، بە تێکرای دەنگ تەواو بوو، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، 12 کەسن، ئەوی موافقە لەسەری با دەستی بەرز کاتەوە، نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوی خۆم سەحب دەکەم لەو لیژنەیە، تا لیژنە هەمیشەییەکان دروست دەبێت، ئەو کاتە، من لە لیژنەی پێشمەرگەم، تا پاش مانگەکە ئەو کات من دێمە ناو لیژنەکان.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ لیژنەی پێشمەرگە، ئەگەر کاك عبدالرحمن احمدی بۆ ئیزافە بکەن، ئەگەر بکرێ، لەناوخۆ سەحبی بکەن، حسن بابکر بکەنەوە ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، چەند کەس پەسەندی دەکات، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کاك محمد حکیم جبار پەسەندی ناکات، زۆر سوپاس، لیژنەی مافی مرۆڤ 16 ناوە، چەند کەس موافیقە با دەستی بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك قادر سعید ئیزافە دەکەین، بۆ ئەم لیژنەیە، ئێمەش مافی خۆمانە ئەگەر گۆڕانکارییەکمان هەبێت، تەعدیلێکمان هەبێت، وەکو وتم ئێمە پێمان وابوو، کە دەبێت لە یەك لیژنە ناوی خۆت بنووسی، لە لیستی کۆمەلاَیەتی ئیسلامی برایان و خوشکانمان لەیەك لیژنە ناوی خۆیان نووسیوە، ئەگەر ئێستا بۆمان نەبێت، قسە بکەین، باشە کەی قسەی خۆمان بکەین؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە لیژنەی مافی مرۆڤ، کەستان نییە، کێتان دەوێت ئیزافەی کەین،

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قادر سعيد, مەشهور بە زانا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئيزافە هەيە, كێ دەيەوێت ناوی خوی ئيزافە بكات, بەلاَم نەبێتە سێ ليژنە, ليژنەی مافی مـرۆڤ بـە ئيزافـە كردنـی قـادر سعيد, مەشهور بەزانا, كاك جماليش دەبێتە 18 كەس, كێ موافيقە دەسـتی بـەرز كاتـەوە, بـە تێكـرای دەنـگ تـەواو بـوو, زۆر سوپاس, ليژنەی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە 7 كەسن, كێ دەيەوێت, خۆی ئيزافە بكات, لـەو ليژنەيـە, شـكريە خچـر, ئێستا بووە 10 كەسن, بە ئيزافە كردنی شكريە خچر و, اسماعيـل محمـود, ارام رسـول مامنـد, چـەند كـەس موافيقـە بـا دەستی بەرزكاتەوە, زۆر سوپاس, ئەويش تەواو ليژنەی ئەشغال بە تێكرايی دەنگ تەصويت كـرا, ليژنـەی ئـافرەت و, ژن, كێ دەيەوێت خۆی ئيزافە بكات, فەرموو.

**بەڕێز مريم حسن ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من داوا كردبوو, بۆ ليژنا پەروەردا و يا مافی ئافرەت, بەس ژ هەردوويا دەرنەكەفت, نە ئختيصاص نـە رەغبـەت, هـەردوو دەرنەكەفت, بەس لە ليژنا مافی مرۆڤ, باشە بۆ كاك جمال, يەعنی ئەوی نـە رەغبـەتا وی بـوو يـا ليـژنا پـەروەردە, يـا وی يان مافی مرۆڤ , وانييە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مريم حسن ناوت لە مافی مرۆڤ هەيە.

**بەڕێز مريم حسن ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من حەز دكەم لە ليژنا پەروەردە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ناوت لە دوو ليژنە هەيە, مافی مرۆڤ و ئافرەت, تا مانگێكی تر خوا كەريمە, فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابە ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تۆزێك بە گرانی دەبينم, ليژنەی مافی ئافرەت, مافی مرۆڤ لێك جوداكراوەتەوە, ئايا ئافرەت مرۆڤ نييە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئافرەت مرۆڤـە, يعـنی لـە هـەردوو ليژنـە جێگـای دەبێتـەوە, لايـەك وەكـو مـرۆڤ و لەلايـەك وەكـو ژن و ئـافرەت ديفـاعی لێدەكرێت, يەعنی لە دوو ليژنەدا باسی دەكرێت, كەواتە ئەو ليژنەيە دەخەمە دەنگدانەوە بە شـەتب كردنـی نـاوی كـاك جمال و, ئيزافە كردنی ناوی خاتوو ڤيان و, خاتوو مريم و, خاتوو نەسرين محمد, فەرموو پخشان خان.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم كاك جمال, من زۆر دڵم خۆش بوو, ناوی دوو پياوی تێدا هەبوو, ئێستا خۆی سەحب كرد, يعنی ژنەكە پياوی تێدا نييە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەيەكی زۆر بە جێيە, حەقە كاك كريمی دابنێين, كـريم بحـری, كـاك شـكری, لـە جێگايـەك سـەحبمان كـرد, لـەو ليژنەيەی دادەنێين, چونكە لە ليژنەيەك, ناوت شەتب كراوە, لە ليژنەی پێشمەرگە.

**بەڕێز شكری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, ئەگەر بەرەغبەت بێت, من رەغبەتم لە لیژنەیەكی تر هەبووە, لەو لیژنەیە دەرهاتووم لە لیژنەی كاروباری پێشمەرگە دانراوم, حەز دەكەم هەر لەوێ بمێنم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە كەسێك هەیە, لە لیژنەیەك بێت, ئێستا بیەوێت لە لیژنەی مافی ژن و ئافرەت بەشدار بێت, پیاو بێت, فەرموو.

**بەڕێز تافگە حمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە سێ لیژنە ناوم هەیە, لیژنەی پەیوەندیەكان و, مافی مرۆڤ و بەرگری كردن لە مافەكانی ئافرەت, لەبەر ئەوە لە مافی مرۆڤ دەكشێمەوە, چونكە جەنابتان وتتان نابێت لە سێ لیژنەدا بن, لەبەر ئەوەی دەكێشمەوە, لە مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە لێرە, دەتوانن شەتبی بكەن, تا مانگێكی تر, مانگێكی تر دەتوانن, وتمان لە دوو لیژنە زیاتر نابێت, بەلأم لە موستەقبەل ئەمە تەعدیل دەكەین, ئەوە بابەتێكی ترە, لەبەر ئەوە دوو لیژنەكەی تر كە ناوت تێدا هەیە, لێرە ناچارین شەتبی دەكەین.

**بەڕێز تافگە حمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر من نامەوێت لە لیژنەی مافی ئافرەت ناوم شەتب بكەم, بەلأم لە لیژنەی مافی مرۆڤ, با بسڕیمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی قانونەن ناكرێت, چونكە لیژنەكانی تر تەصویت كراوە, ئەمە خۆی موەفەتە زۆر شت هەبوو, وازمان لێهێنا, زۆر ئەندامانی پەرلەمان داوای قسەیان كردبوو, تەنازولیان كرد, چونكە زانیان موەقەتە تەنازولیان لێكرد, من ناوت لێرە شەتب دەكەم, ئێستا تەصویتی لەسەر دەكەم, لەسەر لیژنەی بەرگری كردن لە مافی ژن و ئافرەت, بە ئیزافە كردنی خاتوو ڤیان خدر, خاتوو مریم, خاتوو نسرین, كاك كریم بحری, بە شەتب كردنی ناوی تافگە محمد علی دەبنە 13 كەس, كێ موافقە با دەستی بەرز كاتەوە, زۆر سوپاس, بە تێكرای دەنگ موافەقەتی لەسەر كرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دانانی ئەو لیژنانە كۆتایی پێهات و, دانران دیسان دەیلێمەوە, موەقەتە, تاوەكو نیزامی داخیلی تەعدیل دەكەین, لەبەر رۆشنایی ژمارەی ئەو وەزارەتانە كە حكومەتی یەكگرتووی چاوەڕوان كراو, دیاری دەكاتن, بە ئیزافە كردنی ئەو لیژانانەی كە كاك حمەی حاجی محمود و كاك غفور پێشنیاریان كرد, بە وەرگرتنی رەغبەتتان و شارەزاییتان, بە موافەقەتی ئێوە جارێكی تر پێدادەچینەوە, لیژانەكان تەسبیت دەكەینەوە, بەلأم تا ئەو كاتی هیوادارم دەست بەكار بن, ئیش بكەن و, هەرچی پێویست بوو, لەگەڵتان دادەنیشین, تاوەكو ئەوە تەعدیلە دەبێت, خاڵی چوارەم كە خاڵی ئاخیری دانیشتنەكەمانە, بەرچاوخستنی داواكاری ئەندامانی پەرلەمان بۆ گفتوگۆكردنی مەسەلەی دەست پێبەردانی پۆلیسەكانی شاری كەركوك, دیارە تەبعەن ژمارەیەك وابزانم 10 كەسن, كە پەرلەمان هەڵوێست وەربگریت, كە لەلایەن بەغداوە وەرگیراوە بە دەركردنی پۆلیس وئەوانە, بە پێی قانون كە 10 ئەندام, هەر مەشروعێك یان هەر پڕۆژەیەك تەقدیم بكەن, دەكەوێتە بەر دەستی ئێوە, بەلأم وا بزانم لەبەر ئەوەی مەشغولی شتی تر بووین, من دەیخەمە بەردەنگ, بەلأم من مولاحەزەیەك دەڵێم, ئەو مەسەلەیە كە موعالەجە كرایە بە گفتوگۆ و, عوزریشیان خواست و, قەرارەكەیان ئیلغا كرد, بێجگە لەوەی بەرنامەی جەعفەری كە ئێمە ئیعتیرازمان لەسەر كرد, هەموو ئیقتیراحەكانی ئێمەی قبوڵ كرد, بەرنامەی حكومەتی بەغدای تەعدیل كرد, لەبەر رۆشنایی داواكاری ئەندامانی پەرلەمانی بەغدا لە كوردەكان, بۆیە من پێم وایە ئەم مەسەلەیە دوا بخەین, ناڵێم ئیلغای بكەینەوە, ئەگەر تیكرار بۆوە, ئەگەر دووبارە ئیقتیراحی وا بۆوە, ئەو

کاتی باسی بکەین, جا نازانم ئەگەر پێتان وایە ئەم مەوزوعە باس بکەین و, رەئی لەسەر بدەین, دەرگای موناقەشە بکەینەوە, ئەوە مەسەلەیەکە, ئەگەر پێتان وایە تەواو بووە, دوای بخەین, دەستتان بەرزکەنەوە, زۆر سوپاس, باشە, ئەمە دواخرا.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر رێگا هەبێت, پێشنیازێکم هەیە, بەڕاستی بەنیسبەت ئەوەی, ئەگەر مەجالم بدەنێ, هەندێ درێژەی پێبدەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو, کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بەرنامەی کارەکانمان, بەڕاستی ئێمە لێرە دەزانین, بەرنامەی کارەکانمان چییە؟ من پێم وایە ئەگەر بکرێت, پێش کۆبوونەوەکان, ئێمە بزانین بەرنامەی کار چییە؟ ئەمە یەك, دوو, هەندێ جار شتی هەنووکەیی پەیدا دەبێت لە بەرنامەی کاردا, شتێکی خراپ نییە, کە کاتێ بەرنامەی کار دەبینین, ئێمە مافی ئەوەمان هەبێت, خاڵێك زیاد بکەین, بۆ نموونە, باسی ئەم خاڵە, ئەم خاڵە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, مەسەلە بریتی نییە لەوەی کە کۆمەڵێك پۆلیس لە کەرکووك دەرکراون, مەسەلە بریتیە لە جێبەجێ کردنی ماددەی 58, ئەمە جەوهەری مەسەلەکەیە, جگە لەوەی ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین, هەڵوێستی حکومەتی عێراقی ئەمڕۆ, زۆر لە هەڵوێستی حکومەتەکانی عێراقی ساڵانی 61و 68 لەسەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی ئەیلول و, لەساڵەکانی شۆڕشی 70 کاندا, لە شۆڕشەکانی ئەیلول ئەچێت, بەوەی کە دەسەڵاتدارانی عێراق بە هەمان شێوەی سەردەمی پێش رووخانی بەعس بیردەکەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەی, نوقتەی نیزام, زۆر لە بابەتەکە دەرچووی, ئێمە تەصویتمان لەسەر بابەتەکە کرد, لە ماددەی 58 یان پڕۆژەی بەغدا, پێویست دەکاتن کە بیخەینە بەرنامە, ئەو مولاحەزەیەی جەنابت لە جێ خۆیەتی, کە بەرنامەی کار پێشتر پێی بزانن, بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ماوەی پێشوو ئەوەندە پەلە بووین, لە ئیشەکان فریا نەکەوتین, بەڵام بەرنامەکە دەبێت پێتان بووترێت, پێی بزانن, یەك شت لە پەرلەماندا لەبەر رۆشنایی کار ئیش بکەین, ئێمە کە خستمانە تەصویتەوە, کە گوتمان ئەمە موناقەشە نەکرێتن, ناکرێت, رێگەم دایێ, بەڵام ناکرێ موناقەشەی بکەین, ببورە, فەرموو.

**بەڕێز رۆبیتان ابراهیم روستەم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر ماددەی چوار, هەرچەندە گفتوگۆی لەسەر کراوە, بەڵام مەبەستم ئەم ماددەیە نییە, بە تەنیا, مەبەستم زۆر شتە, ئەو شتانەی کە هەیە, ئەو حەققانەی ئەندام پەرلەمانی عێراق, تەمەتووعی پێوە دەکەن, ئێمە وەکو ئەندام پەرلەمانی کوردستان, ئەو حەققانەمان نەبێت, بۆ مەسەلە یەکێك لەوانە, مەسەلەی پارەکە نییە, بەڵام مەسەلەی معاش, مەسەلەی حیمایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشە کاکە, هەمان شێوە, نوقتەی نیزام بەکار دەهێنم وەکو رێئاسەتی پەرلەمان, یەعنی هەر شتێك نەخرێتە بەرنامەی کاری خۆمان ناکرێ موناقەشەی لەسەر بکەین, من عەرزم کرد رۆژێکیان تابیەت بەوەی, ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو پەرلەمانە کاریگەر تر بێت و, بەرنامەی باشتر بێت, لە زومنی ئەوانە دەتوانن درەگا دەکرێتەوە, موناقەشەی ئەوانە هەمووی دەکەین, بما فیهم تەریقەی موناقەشە, ئەگەر پێتان باش بێت, تەریقەیەکی باشتر لەبەر رۆشنایی ئەو

تەجروبەی بەغدا و, ئیقتیراح دەکەین ئەگەر باش بوو, دەنگی بۆ بدەین, بەلاّم ئێستا نیزامی داخیلی خۆمان بەم شێوەیەیە, ئەگەر شێوەیەکی تر باس کرا, پەسەند بوو, بە باشمان زانی دەنگی لەسەر دەدەین و دەگۆڕین, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو برادەرەی کە پێشنیاری کرد, کە ئەوانیش ئەندامانی پەرلەمان کە بەشدار بن لە پرۆژەی بەرنامەی کار, کە گفتوگۆی لەسەر دەکەین, زۆر راستە لە جێی خۆیەتی, دەتوانن لە رێگای فراکسیۆن و یان لە رێگای گرۆپەکەی خۆیان پێشنیاری خۆیان بە نووسراو پێش وەخت بەرز بکەنەوە, موناقەشە دەکرێت, کە ئەوی زەرووری بوو بە تەئکید دەخرێتە بەرنامەی کارەوە, بۆ داهاتوو ئێمە ئەو پێشنیارەمان هەیە, ئەگەر شتێك لاتان زۆر گرنگ بوو, بەرێگای خۆتانەوە بەرزی کەنەوە, بەلای کەم پێشی 24 سەعات بێت, یەعنی بۆ ئەوە موناقەشە بکرێت و, مەوزوعەکە قەراری لێبدرێت وبخرێتە بەرنامەی کارەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر مەوزوعێك پەلە بێت, پەیوەندی بە خەڵکەوە بەگشتی هەبێت, پەیوەندی بە رووداوێکی گرنگەوە هەبێت, ئەوە پێش 24 سەعات ئاگاداری سکرتێری پەرلەمان بکەن, بۆ ئەوەی بیخاتە بەرنامەی کار, ئەویش بە راوێژ لەگەڵ ئێمە ئەگەر شتەکە گشتی بێت, دەیخەینە بەرنامەوە, کاك ادهم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵێت هەی, خالا بەرایی, پرسیارێکە تەوجیهی جەنابێتە و, هەیئا سەرۆکاتیا پەرلەمانێ دکەم, لە بەرنامەی کاری پەرلەمانێ دا, یان هەر رۆژێکی بەرنامەی کاری پەرلەمانێ دهێتە دیار کرن و, خاڵ بە خاڵ هەندێ بەسەردا دچین وبەحس دێتە کرن و, موناقەشە لسەری دێتە کرن, پاشیش ئان دەکەڤیتە دەنگدان و, کە کەفتە دەنگدان, کە دێتە قەبولێ کرن, ئان نەیەتە قەبول کرن, یانیش هەندێ خالێ دی, ئایا کێ نوقتە نیزامەك هەیە, لسەر ئەو بەحسە دائاخڤە, لێرە پرسیارا من ڤەیە بۆ جەنابێت بەرێزێتە و, بۆ جێگرێ بەرێزێتە و بۆ سکرتێرێ پەرلەمانێ, کە ئایا وەختێ پەرلەمانتاراکانێ ئەگەر حەز کەن ئەو تشتە لە دلێ ویدا هەی ببێژن و بئاخڤن, پرسیارێك بکەن, یان تشتەك دیتیە لەولاتێدا یان تشتەك دیتیە لە مەسائیلێ سیاسیت کوردستانێ دا, ئایا وەختێ مە کەنگێیە کە حەز دکەین بە ئازادیا خۆ بئاخاڤین, هەر شتێ حەز بکەین بئاخڤی, خاریجی لبەرنامەی کارێ پەرلەمان داوا بکەت و بۆ هەر بەرنامەکەی کە دێتە پێش, ئەڤە یەك, یا دووش, نوقتەکە کارێیە حەز دکەم دیسا ڤە تشتێك تەوجیهێ وا بزانم کارێ کاك فرسەتیە, کە سکرتێرێ پەرلەمانییا, من پێم باشە کە سایتێك بەناڤێ پەرلەمان بێتە دانان, ئان هەگەر هەبی, حەز دکەم مە هاگادارکا, کە بەرنامەیێ کاری پەرلەمانا هەمی رۆژێ, پەرلەمانتار بزانن چ بەرنامە هەیە, کەنگێ رێنوشتن بی, ئەگەر رێنوشتن بێ, چ بابەتا دێتە کرن, ڤە رێنوشتنە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, مولاحەزەکەت بە جێیە, ئەوەی یەکەم کاك فرسەت شەرح دەکات بۆتان, بەلاّم بەنیسبەت سایت و ئەوانە وابزانم پێشتر ئێمە قسەشمان کردووە, ئەگەر نەشبێت, سایتێك زۆر زەروورییە دایدەنێین و, هەموو فراکسیۆن و گروپ و ئەوانە, پێویستیان چ بێت بە کۆمپیوتەر بە ئەنتەرنێت دەبێت بۆیان دابین بکەن, ئەگەر بۆمان بکرێت لە موستەقبەلدا ئەو تەلەفزیۆنانەی کە لێرەش هەیە, کە بۆمان نەقل ناکەن, بیر لەوە بکەینەوە تەلەفزیۆنێکی سەتەلایت هەبێت, خاص بۆ پەرلەمان, کاتی خۆی هەموو نەقل بکات, بەلاّم پێم وایە ئەوانە نابێتە ئیشکال, چونکە ئەحزابەکان بە بڕیارێك دەتوانن, بەتایبەتی جەلساتی پەرلەمان بەیانییە, چ بەرنامەیەکی ئەوتۆیان نییە, لە تەلەفزیۆنەکاندا نەقلی

ئەو بکەن, چونکە یەکێك لە کاریگەر ترین شت بۆ ئەم پەرلەمانە هەست کردنە بە مەسئولیەت, بۆ ئەوەی خەڵك موتابەعەی بکاتن, ئەوانیش ئێمە چۆن چاودێرین لەسەر کاروباری حکومەت, میللەتیش چاودێر بێت لەسەر کاروباری پەرلەمان, یەعنی تەواصولێك هەبێت, ئەو تەواصولە بەوە دەبێت کە میدیا ئاگاداری چالاکی گفتوگۆکان و, جەلەساتەکانی پەرلەمان بێت, بەم دوو ڕێگایە دەرگا کراوەیە, ئێمە لەلای خۆمان هیچ مانعێکمان نییە, کە جەلسەکانی پەرلەمان بە عەلەنی بگوازرێتەوە بۆ خەڵك, تا ئەوە دەبێت ئێمە لە سایتەکاندا هەوڵ دەدەین, هەموو موناقەشەکان بخەینە سەر سایت و تەفصیلات و عناوینی وەردەگرێت, هەر یەك لە ئێوەش ئیمێلی خۆی هەبێت, لە پەرلەماندا بە هۆی ئەو سیستەمی ئینتەرنێتەوە خەڵك موخاتەبەی بکات, جا چ هاووڵاتی کوردستان بن, چ خەڵکی دەرەوە بن, پرسیارو شتەکانیان, پەیوەندییەکانیان بخەنە بەردەمتان و ئێوەش هەریەکە بەرێگای ئصولی موناقەشەی بکاتن, کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵامم لەسەر قسەی کاك ادهم ئەوەیە, مەجموعەی مەجالاتی هەیە, بە موجبی نیزام کە ئەندام دەتوانێت, بە ئازادیی و بەحوریەت رەئی خۆی نیشان بدات, یەك, لیژان دەتوانن تەبەنای فیکرەیەك بکەن و بێن داوا بکەن و تەرحی بکەن, لەناو قاعەی پەرلەمان بە وجودی وەزیری موختەص یان سەرۆکی وەزیران, ئەوە مەجالەك, دوو هەر ئەندامێك ئازادە بۆ ئەوەی تەوجیهی حکومەت بکەت لەسەر مەوزوعێکی موهیم, وەزیر بێتە ئێرە, لە وەڵامەکەی نیقاشێك لەناو بەینی ئەو ئەندامە هەبێت, چونکە ئیستجواب نییە ئەو سوئالە, مەوزوعێکی تایبەتە لەناڤ بەینی خاوەنی پرسیار و وەزیری موختەص, مەجالی تر فراکسیۆن دەتوانێت ئەگەر مەوزوعێکی گشتیان هەبێت, موستەعجەل بێت و تاریئ بێت, وەکو ئێستا مەوزوعی پۆلیسەکانی کەرکوك, دەتوانێت داوا لە سەرۆکایەتی بکات بۆ ئەوەی داخیلی بەرنامەی کار بکرێت, پێش 24سەعات تاکو ئیحتیاتاتی خۆمان وەربگرین, من تەعقیبەك لەسەر ئەم بابەتەم هەیە, لەسەر ئەو مەوزوعەی کە سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد, بابەتی ئیعلام, بەڕاستی بەنیسبەی ئێمە کێشەیەکی گەورەیە, برادەران ئێمە ئیعتیادی حوریەتیان پێدەدەین دێن ودەچن, تەماشای تەلەفزیۆن بکەن, ئەوە سێزدە ساڵە, ئەو موعاناتانەمان هەبوو, لە هەموو سەتەلایتەکانی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تر, وایان کرد کە سورەتێکی موشەوەه نیشانی خەڵك بدەن, زۆر کەس و برادەران دەیان وت کاکە ئێوە چی دەکەن, بەس دەستی خۆ بەرز دەکەنەوە, سەری مانگ معاشی خۆتان وەردەگرن, چونکە برادەری نوێنەر ئەو مەحەتەیە دێتن, موختەسەرەك نەقل دەکات لە گفتوگۆیەکانی پەرلەمان, بێ ئەوەی و مەجال بدات ئەندامی پەرلەمان دەنگی دەربچێت, خەڵك بزانێت ئەو ئەندام چ باس دەکات, تەبعەن بەو حاڵەتە مونافەسەکە دەکوژێت لەنێوان ئەندامان, مونافەسە نامینێت, دوو/ خەڵکێکی تر ئەوەی دەنگ بە ئەندامی پەرلەمان دەدات, نازانی ئەو ئەندامە چ دەڵێت و چ ناڵێت, لەبەر ئەوە وا تەسەوریان دەکرد, ئێمە هیچ ناکەین, موجەرەد ئیعازێك لە قیاداتی ئەحزاب بۆمان دێت, بۆ مەعلوماتان هەتا قەزایەی ئیستیراتیجی هیچ جارێك ئیعازێك بۆ فراکسیۆنەکان نەهاتووە, زۆربەی قەوانینیش دوور نییە موناقەشەمان کرد بێت حزب ئاگای لێ نەبێت, قەوانینی ئیعتیادی, نەك قەوانینی سیاسی و ئیستیراتیجی بەس ئەو سورەتە بە خەڵکیان داوە, بەڕاستی حەق نییە, من شعور دەکەم زوڵم لە پەرلەمان دەکەن, ئەو سورەتە موشەوەهەیان نەقل کردووە, زۆر جاریش تەقریرەکەیان هەڵەیە, زۆر جار بەخۆم بیستیە, بڕیار لێرە دەدرێتن فلان قانون نەقلی لیژنەکان بکرێت, لیژنە دیراسەی بکات, پەرلەمان بڕیاری لەسەر نەداوە, نوێنەر دێت صیاغەتێکی وا دەکات, چونکە دوور نییە مەعلوماتی لەسەر قەزایەی قانونی و نیزامی داخیلی پەرلەمانی نییە, خەبەرەکە دەردەچێت پەرلەمان فلان قانونی ئیقرار کرد, دەنگی لەسەر دا, بۆ زانیاریتان دوور نییە پاشی ئەوەی بە دوو مانگ یەللا دەنگی لەسەر دابێت, ئەوە موشکیلەیەکە مەفروزە باس بکرێتن لەگەڵ وەسائیلی ئیعلام, شتێك موقابیلی شتێك بێت, ئێمە حوریەتی پێ دەدەین بێنە ناو پەرلەمان, نەقلی وەقائیعی جەلسات بکەن, بەس واجیبێکیش لەسەر شانی ئەوانە سورەتێکی حەقیقی لە نەشاتاتی پەرلەمان نەقل بکەن, بەڵام نوێنەری سەتەلایتەکە بەس حەز دەکات دەنگی دەربچێت, دەنگی ئەندامان دەرنەچێت, بە رەئی من ماڤی ئەندامانی پەرلەمان دەخوات بەو شێوەیە, وەکی

تریش ئەگەر بێت جەلسەکە تەسجیل بکات لە ئەلف هەتا یاء، جەلسەکە سێ سەعاتە، باشە مەعقولە لەو سێ سەعاتە نیو دەقیقە نەقل بکاتن، ئەوەش مەعقول نییە بەڕاستی، جا ئەوە دەمینێت لەسەر شانتان و لەسەر شانی ئێمەش، چونکە سەتەلایتەکان هەمووی هی ئەحزابە، هەموو ئەحزابیش نوێنەری هەیە لێرە، مەفروزە دەنگی خۆتان بگەیەنە حزبەکانی خۆتان با حەلێك بۆ ئەو موشکیلەیە دابنێت، راستە پەرلەماناتی عالەم هەموویان تەماشای سەتەلایت دەکەین، تەلەفزیۆنی تایبەتی خۆیان هەیە نەقلی جەلسات دەکەن موباشیر، تەماشای هی عێراق بکە، خەڵکێك بە تەواوی مەتحیان دەکات، وەڵڵا فلان وای گوت و، فلان حزب تەبەنی فلان فیکرەی کرد و، فلان کەس بە جەسارەت و بە حوریەت باسی فلان مەوزوعی کرد، هی ئێمە ئەوە نییە بەڕاستی، نە ئیمکانیەتمان هەیە بەخۆمان سەتەلایتێك دابنێین، نە برادەرانی ئێمە ئەوی موتەمینە بۆ نەفسی ئەو جیهەتەی کو ئێوە تەمسیلیان دەکەن، بە شێوەیەکی مەوزوعی نەقلی جەلسات دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرنامەجمان تەواو، کاك کەمال خاڵێکی هەیە، ئەگەر خاڵی نیزام نەبێت، چونکە بەرنامەجمان تەواو بووە، حەز دەکەن جەلسەی دادێت تەرخان دەکەین بۆ ئەو مەوزوعە، موناقەشەی عام دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازە بدەن، بەڕێزان بە حەقیقەت ئێمە تازە، ئەوە پەرلەمان چەند رۆژێکە دەست بەکار بووە، کەمو کورتی زۆرە، لە هەموو روویێکەوە هەمانە، دەبێت زۆر بە وردی بیر بکەینەوە چۆن ئەو بەڕێزانە دوور بن لە هەموو کێشەیەك، یەعنی هەتا زۆر لەو خوشك و برایانەی لە سلێمانی، لە دهۆکەوە، لە شوێنەکانی ترەوە دێن جێگایان نییە، ئەوە نەقوستانییێکە دەبێت پڕی بکەینەوە، هەندێ مەشاکیلی مالی هەیە، بە تەواوەتی چاك نەکراوەتەوە، مەسەلەی ئیعلام، ئێمە هەتا لیژنەیەکی ئیعلامیمان هەبێت دیراسەت بکەین، یان چەند خوشك و برایەك پێکەوە بیر و بۆچوونیان بکەنە یەك بە نووسراوێك پێشکەشی بکەن، بۆ ئەوەی دابنیشین لە (100٪) لەگەڵ ئەوان، هەموو ئەندامێکی بەڕێزی ئەم پەرلەمانە بە تەواوەتی دەنگی دیار بێت، بۆ میللەتەکە، بۆ ئەوانەی دەنگیان پێداوە، بۆیە پێویستە قەناتێکی هەرێمە کەلتور بکرێت، بۆ ئەوەی بەلای کەمی سەرتانسەری کوردستان، گوێیان لە دەنگی ئەم بەڕێزانە بێت، ئینجا ئەم کامیرانە و ئەم تەلەفزیۆنانەی هی پەرلەمان تایبەتی خۆی هەبێت، قاعەیەکی ترمان هەبێتن گەورەتر بێت، کە لەوێ قەناتەکانی تری ئیعلامی، بتوانن ئەوەی لەناو پەرلەمان دەکرێت وەریبگرن، تەبیعی هێشتا نەواقیسمان زۆرە، قاعەمان دەوێت، حیمایەی پەرلەمان چاك بکرێتن، داخیل بوون بۆ پەرلەمان و دەرچوون و شوێنی ئەو بەڕێزانەی کە لە شارەکانی ترەوە دێن، هەمووی لەسەر شانی ئێمەیە پێکەوە وەکو عائیلەیەك دابنیشین و چاکی بکەین، بۆ ئەوەی ئەندامێکی پەرلەمان لە ماڵەوە مێشکی ئیسراحەت بکات و بیر بکاتەوە، چۆن بەباشی بڕواتن، بیر لەوە نەکاتەوە کرێیەکەی چۆن بدات و، ماڵی لە کوێ بێتن، هەتا بەنیسبەت مووچەش، پێویستە بیرێکی دروستی لێ بکرێتەوەو بۆتان تەعدیل بکرێت، ئەمە ئەرکی هەموومانە زۆر بە رێك و پێکی دانیشین و جەلسەیەك، یان دوو جەلسە، یان مەشاوەراتی جانبیش ئێمە ئامادەین و دەرگامان بۆتان کراوەتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورن، هەرچەندە دانیشتنەکەمان تەواو بووە، بەڵام دیارە زۆر کەس لە دڵیدا قسە هەیە، شت هەیە و، منیش لەناو دڵمدا قسە هەیە بەڕاستی، زۆریش حەز دەکەم دانیشتنێکی کراوە بکەین، ئەوەی لە دڵماندا هەیە قسە بکەین، من تا دانیشتنێك دەکرێت، یەك قسە دەکەم، یەعنی بۆ ئەوەی ئەو ئینتباعەی لەسەر پەرلەمان هەیە، هەم ئێوە قەبوڵی ناکەن، هەمیش دەبێت خەڵك بیزانێتن، من پێم وایە ئەندامانی پەرلەمان کە دەڵێن پەرلەمان دەسەڵاتێکی موستەقیلە، دەبێت بە هەموو شێوەیەك ئەو ئیستقلالیەتە بپارێزێت، لە پێش هەموویانەوە داواکارین لە سوڵتەی تەنفیزی هیچ داواکاریەکمان نەبێت، یەعنی هەتا ئەگەر ئیشێکیشی هەبوو، بەبێ رێگای سەرۆکایەتی کەس موڕاجەعەی سوڵتاتی تەنفیزی نەکات، ئەوە رەغبەتێکی ئێوەشە، رەغبەتێکی خەڵکیشە، چونکە تۆ ناتوانیت ئەو ئیستقلالیەتە بپارێزی،

مەسەلەن تۆ لە لیژنەی شارەوانی فەرزمان کرد, ئیشێکت بە شارەوانی هەیە زەوییە, خانووە, بەڕێگای سەرۆکایەتی بیکە, خۆت بڕۆ بڵێ ئەندامی پەرلەمانم وەڵلا موشکیلەی زەویم هەیە, ئیستقلالیەتەکە بەشێکی لە دەست دەڕوات, لەبەر ئەوە ئەو خاڵە ئەگەر پێویست دەکات لە دانیشتنێکی تر بە تەفسیل تر باسی بکەین, لەبەر چاومان بێتن, بۆ ئەوەی بە بەرنامەیەك ئیشی تیا بکەین, لە پێش هەموویانەوە, ئەو خاڵە زۆر گرنگەو, مەسەلەی مافی ئەندامان, بەتایبەتی دەبێت مافەکەی دیار بێتن, بەلام با ئێمە یەکەم جار بزانین واجیباتەکەمان چییە؟ دواییش حەقی کەس ناخورێتن و حەقی خۆیەتی لە چ مەرکەزێك دابێتن, لە چ وەزیفەیەك دابێتن, ئەو حەقە مەزمونە بەپێی قانون, بەلام رێگا نەدەینە خۆمان پێش هەموو کەسێك, ناتوانین تۆ موحاسەبەی هەر مەسئولێك بکەی, ئەگەر پێشتر موحاسەبەی خۆت نەکرد بێت, یەکەم جار لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین, بڕیارێك دەربهێنین کە کەسێك موڕاجەعەی سوڵتەی تەنفیزی نەکات بۆ کاری شەخصی, ئیلا بە رێگای ئێمەوە بێت, ئەوە رەئی منە, پێم وایە بەپێی نیزامی داخیلیش هەر وایە, دەبێت بگونجێتن لەوانەیە خیبرەم هەبێت لەوانە, پێم وایە ئەو دانیشتنە کۆتایی پێ دێنین, ئەگەر خاڵێکی نیزامیتان نەبێت, دوو کەس داوا دەکەن, چونکە دانیشتنەکە کۆتایی پێ هاتووە, ناکرێتن, دانیشتنێکی تر دادەنێین کراوە بێت و, هەر یەکە بە سەراحەتی کامیلی خۆی قسە بکات و, خۆشم ئیقرار دەکەم, کە چۆن ئەو پەرلەمانە فەعال بکەین, باشی بکەین, خۆتان داینێن, حەز دەکەن بلێن بەیانی لاریم نییە, دوایی ئیتفاق بکەن, فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی کاك ئەدهەم, پێشنیار دەکەم وەکو پەرلەمانەکانی تری, ئێستا هی بەغداش وایە, کە جەنابیشت تازە ئیشارەتت پێدا, ئەوجا هەفتەی جارێکە, دە رۆژ جارێکە, یەعنی بەپێی پێویست دانیشتنێك بکەین, هەر کەسێك ئازاد بێت قسە بکات, ئەو مەوزوعە بەرنامەیەکی بۆ دابنرێت, چۆنی رێك دێخن بەپێی وەزعی ئێمە و کۆبوونەوەکانمان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە پێشنیار بوو, خاڵی نیزام نەبوو, پێشنیار بوو, بەلام پێشنیارەکەت دوو جانبی هەیە, یەکیان ئیجابییە لەگەڵ خودی ئازادی دیموکراتیەت دەگونجێت, جانبێکی تر ئەوە بەغدا شتێکی باشە, بەلام مانای ئەوە نییە بە دائیمی ئیشی پەرلەمان ئەوەیە دانیشتنی کراوە بکاتن بەبێ بەرنامە, هیچیمان پێ ناکرێت, ئێمە یەکجار ئیشێکی زۆرمان لە پێشە, تەوحید قانونە, بەدوا داچوونەوەی داواکاریەکانی خەڵکە, چاودێری کردنی حکومەتە, لە زیمنی ئەوانەشەوە باسی وەزعی سیاسییە و موناقەشاتی عامە, بەلام ئەگەر بێتو ئەو ئەولەویەتە بدرێتە ئەو موناقەشە, ئێمە لەو ئەرکانەی کە لەسەر شانمانە دوا دەکەوێتن, لەگەڵ ئەوەش با ئەو کۆبوونەوەیە بکەین, لەوێ قەرار بدەین, داوای لێبووردن دەکەم لە هەمووتان, تەنها ئەگەر دوو خاڵی نیزام هەبێتن, ئەوەی خاڵی نیزام نەبوو ئاگادارتان دەکەینەوە, کاکە ئێستا خۆمان باسمان کرد, کە بەرنامەجمان نەبێتن, نازانین چ بەرنامەجێکتان پێ بلێن, پێتان بلێم سبەینێ وەرنەوە, سبەینێ هیچ نەبێتن, بلێم هیچ نییە, لەبەر رۆشنایی بەرنامە لە رۆژنامە و لە تەلەفزیۆن رۆژەکە دیاری دەکرێتن, جارێ ئەو لیژنانە کۆببنەوە, سەرۆك و جێگر و موقرەرەکە هەڵبژێرن, دەست بەکار بن و, ئەوە برادەران لێرەن و موتابەعە دەکەن و, ئەوە وەختی لەبەر رۆشنایی ئیشی ئێوەش و بەرنامەی ئێمە ئیعلانی دەکەین, ئێمە کە قەرارمان دا لیژنەکان کۆببنەوە, هەر یەکە بزانێ لە چ لیژنەیەکە, هەم بەرێگای فراکسیۆنەکانەوە, هەم بەڕێگای خۆتانەوە دەتوانن, ئێستا با مەوعیدێك دابنرێت, دەتوانن ئێستا لێرە دابنیشن, دەتوانن کۆبوونەوەی داهاتوو ئیتیفاق لەنێوان خۆتان بکەن, حەز دەکەن رۆژی یەك شەممە وەرنەوە, بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکان بەپێی ئیمکانیەت, رەنگە هەموو لیژنەکان پێکەوە نەتوانن, چونکە هەندێکتان لە دووریشن, پێنج شەش لە لیژنەکان دابنیشن پێکەوە, دوایێ رۆژی دواتر چەند لیژنەیەکی تر دابنیشنەوە, یان عەسرەکەی دابنیشن, بەلام رۆژی یەك شەممە لێرە ئامادە بن, ئەوانەی ناویان لە لیژنەکان داهاتووە کۆببنەوە, کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین, بەڵێ کاك ئەدهەم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لازمە کە پەرلەمان لیستا, یان قائیمە ڤان لیژنە ئامادە بکەن لەبەر دەرگای ئەو ئەندامانەی ڕۆژێ یەك شەمبی, تاکو یەکتری بناسن و تەعاروفێك لەگەڵ یەکتری بکەن و, ئەڤ قائیمە زەروورییە, یان قائیمە لیستا ڤان لیژنە هەموویان زەروورییە بێتە دابەزاندن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕاستە, بە تەئکید ئەوە دەبێتن, ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو قەرارەی ئێستا ئەو ناوانە چاك دەکرێن و, دابەش دەکرێنە سەر فراکسیۆنەکان, نازانم جێگا هەیە, بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە قاعەی تایبەتیمان هەیە بۆ هەموو لیژنەکان, با هەموو ئەندامان ڕۆژی یەك شەممە بچنە ناو قاعەکانی خۆیان لەوێ دابنیشن و یەکتری بناسن, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕۆژی یەك شەممە کاتژمێر (11) لێرە هەمووتان حازر بن, لێرە کۆتایی هات بە دانیشتنەکەمان.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 2005/7/4**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2005/7/4

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دووشـەممە ڕێكـەوتی 2005/7/4 ئـەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە سەرۆكی ئەنجومەن بە وەكالەت و, بەڕێز فرست احمـد عبـداللە سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە(7)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بـە پێـی حوكمـەكانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاری دا بەرنامـەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (7)ی خـولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (11)ی سەر لەبەیانی رۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2005/7/4 دا بەم شێوەیە بێت:

1- سوێند خواردنی یاسایی لە لایەن ئەندامی هەڵبژێردراو ڕێزدار(حمد عبداللە محمود) وە.

2- بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی كەركووك, لەبەر رۆشنایی ماددەی(58)ی یاسای هەڵسوڕاندنی دەوڵەت و, هەڵوێستی حكومەتی عێراق بەرامبەر بە ئەنجام گەیاندنی حوكمەكانی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان كۆبوونەوەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێ دەكات. بەرنامەی كار. دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بریاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن لەكاتی (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2005/7/4 دا بەم شێوەیە بێت

1- سوێند خواردنی یاسایی لەلایەن ئەندامی هەڵبژێردراو ڕێزدار حمد عبداللە محمود كە ئەم بەڕێزە لە جیاتی ڕێزدار كاك قادر عەزیز بە ئەندامی پەرلەمان قبوڵ كرا

2- بەرچاو خستن و گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی كەركووك, لەبەر رۆشنایی ماددەی (58) ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو, هەڵوێستی حكومەتی عێراق بەرامبەر بە ئەنجام گەیاندنی حوكمەكانی ئەم ماددەیە. ئێستا داوا دەكەین لەبەڕێز كاك حمد عبداللە محمود كە تەشریفی بێنێ سوێند بخوات, با كەرەم كات

**بەڕێز حمد عبداللە محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من حمد عبداللە محمود ناسراو بە بەڵێن عبداللە سوێند بێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكیەتی گەل و, خاكی كوردستانی عێراق و, بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەوەكالەت:**

پیرۆزبایی لە كاك حمد عبداللە محمود دەكەین بە بۆنەی دەست بەكاربوونی وە ئومێدەوارین بتوانێت ئەركەكانی بە ڕێك و پێكی بە ئەنجام بگەیەنێت لەگەڵ خوشك و براكانی ئەندامی پەرلەمانی كوردستان و بۆ خزمەتی گەل و وڵات, ئێمەش بە هەموو توانامان پشتیوانی لێ دەكەین وە دووبارە داوای سەركەوتنی بۆ دەخوازین هەر سەركەوتوو بێ. ئێستا خاڵێكی زۆر گرنگمان هەیە مەسەلەی كەركووكە ئەم مەسەلە كێشە دارە كە دوژمنان هەمیشە بۆ كوردو كوردستان وە بۆشاری كەركووكیان دروست كردوە بەدرێژایی مێژوو, هەموو ئەزانین كەركووك پارچەیەكە لە ناو جەرگەی كوردستان

لەسەر ئەم سەر زەمینە کە خودا لەوێ دروستی کردوە, ئەو شوێنەی پێداوە, سروشتی گۆڕیوە, ناوچەی عەرەبستان و ناوچەی کوردستان دوو ناوچەی جیاوازن و کوردیش هیچ وەختێك تەماحی خاکی خەڵکی تری نەکردوە, زۆرداری نەکردوە بڵێ ئەمەی تریش هی منە, تەنها وتویەتی ئەم ناوچەیە پارچەیەکە لەم سەر زەمینە کە بە تاریخ و بە جوغرافیا بەدرێژایی مێژوو وابووەو لەو شارەش خەڵکی تر ژیاوە, من زۆر جار گوێم لێ ئەبێ کە ئەڵێن کەرکووك عێراقێکی بچووکە. ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە, کەرکووك کوردستانێکی بچووکە, ئەو خەڵکەی کە لە کوردستان دەژین لە کەرکوویش لە هەموو قەومیەتەکان هەیە, کوردی تیایە, کلدان و ئاسوری تیایە, عەرەبی تیایە, عەرەبی ئەسڵی, نە ئەوانەی بۆیان هێناوە, تورکمانی تیایە, ئەرمەنی تیایە, جاران جولەکەی تیابوو, ئەم پێکهاتەیەش لەهەموو کوردستان هەن کە بڵێن عێراقێکی بچووکە, بەغداش عێراقێکی بچووکە, بەسراش عێراقێکی بچووکە, لەندەنیش, ئەو خەڵکەی لە عێراقە لەوێ هەیە, بۆیە ئێمە بەرامبەر ئەم وتانە دەبێت زۆر حەساس بین , کەرکووك کوردستانێکی بچووکە و کێشەی رژێمەکانی یەك لەدوای یەك بەزۆر و پیلان هەوڵیان داوە جوگرافیای شارەکە بگۆڕن , خەڵکەکەی لێ کەم بکەنەوە, زانراوە لەبەر ئەوەی کورد زۆرینەی ئەم شارە بووە, هەوڵ دراوە کوردی لێ دەربەدەر بکرێ, بەبێ یاسایی, بەبێ قانونی ئەنفال کرا, کیمیا باران کراوە, ماڵی رووخێنراوە بە مەراحل محاوەلە کراوە تەعریب بکرێت, خەڵکی تریان لە خوارەوە هێناوە لەسەر ئەم شارەیان چەسپاندووە وەکو بزمارێك لەسەری داکوتن دایان کوتاوە, هەموو بێ یاساییەکیان کردووە, بۆیان موباح بوو, بەڵام خەڵکی شارەکە خاوەنی موڵك و ماڵی ئەم ناوچەیە کە بەرەسەن لەوێن لەبەرئەوەی کەکوردە نابێ لەوێ بێ, یان ئەبێ بمری یان ئەبێ قومیەتی خۆت بگۆڕی و خۆت بە عەرەب بکەیت, بۆیە دوای سوپاس بۆ یەزدانی مەزن ئەو دیکتاتۆرەی کە لە هەموو دیکتاتۆرەکانی پێشتر درندە تر بوو و هەوڵی ئەدا ئەسڵەن لە بنەرەتەوە دیمگرافی ئەم شارە لە ناحیەی دانیشتوانی و خاکی هەمووی بگۆڕێ, ئیمرۆ لە حاڵەتێکە کەس حەسودی بە جێگاکەی نابات, هەر پیرۆزی بێت و لەوەش خراپتری بەسەر بێت, دوای ئازادی عێراق قانون ئیدارەی دەوڵەتی عێراق مەسەلەی ئەم شارە رێگەیەکی بۆ دانا, رێگەیەکی دانا بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکات, قانون ئیدارەی دەوڵەی عێراق ماددەی (58) بە هەر چوار برگەکەیەوە یەکەم بەناردنەوەی عەرەبەکانی تەعریب, ئەو عەرەبانەی کە هاتبوون بۆ ئەوەی کە بە مەراحل وەزعی سوکانی شارەکە بگۆڕن, بنێردرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان, بچنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێ ی هاتوونە, نەك بەو شکلەی ئەوان هاتن و کوردستانیان داگیر کردو هەوڵیان داوە وەزعی کەرکووك بگۆڕن, خەڵکیان کوشت, تەعەدایان کرد, بەڵام بەشێوەیەکی احترام, بە قانون هاوکاریش بکرێن و بنێردرێنەوەو برگەی دوو, برا ئاوارەکانمان لە هەموو نەتەوەکان, کوردە, تورکمانە, مەسیحی بە هەموو نەتەوەکان کلدە, ئاشورە, ئەرمەنە ئەوانەی دەرکرابوون لەو شارە ئاوارەیان پێ ئەوترێ بگەرێندرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان و کاریان پێ بدرێ و شوێنیان پێ بدرێ ژیانی تازەیان بەردەوام بێ و خەسارەشیان پێ بدرێ, خاڵی تر قەزا دابراوەکان ئەوەی رژێم هەوڵی ئەدا کە کورد بچووك بکات, وای لێکردبوو کە شتێکی بچووك و تەنها حەویجەی لەگەڵ هێڵا بوو, بگەرێنەوە شوێنی خۆیان, چەمچەماڵە, کەلارە, کفری یە, دوزە حدودی ئیداری شارەکە وەکو جارانی لێ بێتەوە. ئنجا احصایەکی دەقیق بکرێت, ئەوجا رەئی خەڵکی کەرکووك وەربگیرێت ئایا لەگەڵ فیدراڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبێ یان وەزعێکی تری دەوێ, هەرچەند ئەمەش بەحەقی کوردستان زوڵمێك بوو, بەڵام قیادەی سیاسی کورد قبوڵی کرد, لەبەر بەعزێك ئەسباب بوو و پێشی وابوو کە خەڵکی رەسەنی شارەکە لە هەموو نەتەوەکان, بە برا تورکمانەکانمان و کلدان و ئاسوری و ئەرمەنی و کوردی, ئەم شارەی ئەوێ, کە ئەمە هەمووی خەڵکی رەسەنن, پێکەوە ژیانێکی سروشتیان هەبووە, دێنەوە سەر ئەو شوێنەی کە بە حەقیقەت چۆن بووە وا نەك شتێکی تازە دروست بکەن, بۆیە قبوڵیان کرد, دەنا ئەبوو ئەمەش هەر نەبێت ئیستفتا لەسەر کوردستان یەعنی چی؟ کوردستان کوردستانە, ئیتر پێویستی بەمە نەدەکرد, بەڵام کرا, کە کراش ئێستا ئێمە پابەندین بەوەی کە ماددەی 58 وەکو خۆی جێ بەجێ, بێت هەر لەسەر ئەم جێ بەجێ نەکردنی ئەم ماددەیە, خەڵکی کەرکووك پێش هەڵبژاردن داخلی هەڵبژاردن نەبووین, هەتا 15ی /1 ئیسرارمان دەکرد کەیان ئەبێ ئەم وەزعە یەك لا بکرێتەوە, یان خەڵکی کەرکووك بەشداری هەڵبژاردن نابن, ئەوە بوو وەفدێکی پایە بەرز بەسەرۆکایەتی رێزدار مام جەلال و ئەندامیەتی رێزدار کاك نێچیروان بارزانی چوونە بەغدا لەگەڵ رئیس جمهوری

عێراق لەوێ دانیشتن نووسراوێکی رەسمی کە ئیلتیزام بە جێ بەجێ کردنی ئەم ماددەیە بە هەموو فقراتەکانیەوە دەکات, ئەوەی پێی هاتووە نووسراوێکی رەسمی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لە ئەنجومەنی وەزیران کە تەسدیقی ئەوە دەکەن جارێکی تر کە ئەم ماددانە هەمووی وەکو خۆی جێ بەجێ دەبێ, ئارمیتاج کە هاتە لای جەنابی سەرۆك بارزانی لەوێ تەئکیدی کرد کە شعبی ئەمریکی, حکومەتی ئەمریکی ئیلتیزامیان هەیە بەوەی کە ئەبێ ماددەی 58 جێ بەجێ بێ, بۆئەوەی کێشە نەمێنێ, سەفیری ئەمریکا لە بەغدا بەنووسراوی خەتی ئەڵێ حکومەتی ئەمریکا ئیلتیزامی هەیە بەوەی کە ماددەی 58 ئەبێ لە کاتی خۆی جێ بە جێ بێت, هەروەها سەفیری بەریتانیا بە هەمان شێوە بە نووسراوی رەسمی تەئیدی دەکات, کە ئەڵێ حکومەتی بەریتانی و شەعبی بەریتانی بەوە ئیلتیزام دەکەن کە ئەم ماددەیە جێ بەجێ بێت, ئەم گرەنتیانە هەمووی کە درایە قیادەی سیاسی ئێمە و هاتن ئا لەم شوێنەی بەرێزتان دانیشتن, لەم پەرلەمانە لایەنە سیاسییەکان و هەردوو رێزدار کاك مسعود بارزانی ومام جلال و سەرۆکی هەردوو حکومەتی ئەو کاتەی هەرێم و مەکتەبی سیاسی و لایەنەکانی تری سیاسی کوردستانی, لە هەموو پێك هاتەکان لێرە ئامادە بوون و گفتو گۆ کراو بریار درا بچینە هەڵبژاردن و, ئەگەر ئەم ماددەیە جێ بەجێ نەکرا ئەو کات میللەتی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بەرامبەر ئەمە هەڵوێستی هەبێت, ئێستا ئەبینین تا ئێستا هیچ لەم ماددەیە جێ بەجێ نەکراوە, بۆیە ئێمە ئەم جەلسەیەمان تشکیل دا لەسەر داخوازی ئەو بەرێزانەی کە نووسراوێکیان بۆ ئێمە بەرز کردبۆوە, ئێستا مەسەلەکە ئەخەینە بەر گفتوگۆ, پێمان خۆشە هەموو یەکێك لە ئێوەی رێزدار رەئی خۆی بە تفصیل بدات و چش بکرێت پێشنیاری خۆی بەتفصیل بدات, لەپاشان بۆ چوونێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەیە کە شتێك گەلاڵە بکەین و بریاری پێوەر بگرین, هەر ئیمرۆ لە جەلسەیەکی تر, یەعنی جەلسەکە پشووی پێبدەین بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارە بخرێتە بە ردەست لیژنەی یاسایی دوای سیاغە رەئی خۆی لێبدا, لێرە بیکەینە بریار, زۆر سوپاس ئینجا دەرگا دەکەینەوە بۆ گفتوگۆ, بۆ مناقەشە لەسەر ئەم مەسەلە, تکایە هەر برایەك, هەر خوشکێك ناوی خۆی بڵێ بە دەقیقی و مایکرۆفۆنەکەش بکرێتەوە, بۆئەوەی هەم ناوی تۆمار بکرێت و, هەم ناوەکەی بە دەقیقی وەك خۆی  بێت, بەرێزان ئێستا 42 بەرێز ناوی خۆیان تۆمار کردوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی کەرکووك بکەن, ئومێدەوارین زۆر تەرکیز بکەین ئەگەر برادەرێك یان خوشکێك شتێکی تەرح کرد دووبارە, نەکرێتەوە, یەعنی هەوڵ بدەن گوێتان لەیەکتر بێت بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوەو بابەتی تازە هەبێ بگوترێ, بەس ئەگەر هەمووی دووبارە کردنەوە بوو باش نییە, چونکە وەختەکەش تەحدید دەکەین درێژەی پێنادەین, ئێستا دەست پێدەکەین لە محمد حاجی محمود, کەرەم کە

**بەرێز محمد حاجی محمود:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن مەسەلەی ئەمرۆمان یان ئەو باسەی کە ئەمرۆ باسی دەکەین مەسەلەیەکی گرنگە بۆمان, هەموو گیرو گرفتەکانی ئێمە یان ئەو کێشانەی کە بۆ مان دروست کراوە لە کۆنەوە هەمووی مەسەلەی کەرکووکە, بۆیە ئێمە هیچ کاتێك لەسەر مەسەلەی هەولێرو دهۆك و سلێمانی کێشەمان نەبووە, هەموو کێشەکانی ئێمە کێشەی کەرکووك بووە, بۆیە پێمان وایە ماددەی 58 یان قانونی دەولەی عێراق هەندێ شتی بەسەر دا تێپەڕیوە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کە هێشتا ئەوان پێ ی رازی نین, ئێمەش رەنگە پێ ی رازی نەبین, چونکە لەم ماددەی کە باسی دەکات, مەسەلەی حەلی دانەناوە, مەسەلەن ئێمە نەگەیشتینە حەلێك, حەلەکە چی یە؟ انتخابات دەکرێتەوە؟ انتخابات بکرێتەوە چی ئەکرێت, جا لەبەر ئەوە من پێم وایە ئێمە تەنها شتێك هەیە کە ئێمە ئەمانەوێت, لەو پەرلەمانەی کوردستانەوە داوای کورد چی یە؟ یەعنی کە ئەڵێی کەرکووك, یەعنی سنجار, مخمور, دووز, خانەقین و مەندەلی و بەدرەو هەموو شوێنەکاتی تری کوردستان دەگرێتەوە, بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەو مەسەلەیە بە  وردە کاری و بریاری پەرلەمانی کوردستان,  پەرلەمانی کوردستانیش بتوانێ لەم بوارەدا ئێمە تەنها بەدیلێك یان تەنها شتێك کە ئێمە هەمانەو, پێویستە مەسەلەی دەستوری هەرێمی کوردستانە, دەستوری هەرێمی کوردستان یەکێکە لەوەی کە داوای خەڵکی کوردستان چی یە ئێمە لەدەستوری هەرێمی کوردستان پەلەی لێ بکەین پێش دەستوری عێراق بیخەینە

بەردەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق, بیخەینە بەر دەمی حکومەتی عێراقی و رەئی عام, ئەوە ئەتوانیٚ چارەسەری گیرو گرفتەکانی ئێمە بکات, داوای ئێمە ئەوەیە ئەوان چەندی ئەکەن یان چەندی ناکەن ئەوە عیلاقەی بە ئەوانەوە هەیە, ئەوە موشکیلەی ئێمە نییە, داوای ئێمە ئەوە بیٚ, ئێمە لەدەستوری کوردستان تەسبیتی بکەین  کە حەمرین حدودی کوردستان بوو, لە فەتحەو لە پێشخابور تا ئەو شوێنانە کە حدودێکی تەبیعی کوردستانە, ئەو کاتە کەرکووکیش لە ناو ئەو حدودەدایە, شوێنەکانی تریش لە ناو ئەو حدودەدایە لەبەر ئەوە ئێمە تەنها خالێك کە ئەبیٚ پێی لەسەر داگرین مەسەلەی دەستوری کوردستانە و داوای خۆمان بە ئاشکرا بخەینە بەردەمی حکومەتی عێراقی, بیخەینە بەردەمی  رای عام, با خەڵکی کوردستان پیٚ لەسەر ئەم مەسەلەیە داگریٚ, ئەوە ئەتوانیٚ چارەسەری گیروگرفتەکانی ئێمە بکات, من هەر ئەوەندەم هەیە, سوپاس .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

سوپاس بۆ جەنابت بەنسبەت وتەکانی رێزدار کاك محمد زۆر لە جیٚ ی خۆیەتی, ئێمە سەدی سەد هەمان بۆ چوونمان هەیە و پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی ئەو بریارانەیە کە لەسەری قرار ئەدا و لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لەسەری مفاوەزات دەکریٚ و, هەر بەوەش بریار وەر ئەگرین و مناقەشەی ئەکەین. ئەگەر رەئیتان لەسەر ئەوە بوو هیچ شتێك بەمەسیری میللەتەکەمانەوە رەبتی هەبێت بیٚ ئەوەی لەم پەرلەمانەوە دەربچیٚ, بیٚ ئەوەی سەرۆکی هەرێم تەئیدی بکات نارواتە خوارەوە, لەگەڵ بەغدا ئیتیفاق لەسەر هیچ شتیٚ ناکرێت, ئەوە هەر لەم کۆبوونەوەیە کۆتایی بەم مەسەلەیە ئەهێنین, بەنسبەت نووسینی دەستوریش ئەبێت وابێت, ئەبێت دەستوری کوردستان خواستەکانی خۆمانی کۆنکرێت بە بریاری ئەم پەرلەمانە رێزدارە موافقەت لەسەر بکرێت, ئەبیٚ ببیٚ, ئەگەر ئەوە نەکرا هەڵوێستمان ئەوجا بەرامبەر بە مەرکەز ئەبیٚ.

**بەرێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ئەو باسەی ئەورۆ لەپەرلەمان هەیە دەربارەی پیرۆزترین و گرنگترین شارە لە شارەکانی کوردستان, چونکە ئەم شارە لەلایەن رێبەری میللەتی کورد بارزانی بە دلّی کوردستانە هاتیە ناسین, هیچ گومانی تێدا نییە دلّ دەوری سەرەکیە بۆ بوون و نەبونی هەر میللەتێك یان هەر جیسمێکی فیزیکی, دا دەبینی باس لەسەر کەرکوکیٚ و کوردستان بوونە کەرکوکیٚ یان نا ئەز دەبینم لە لایەك مە ڤە بەڵکی گوناحەکە مەزن بێتە ناسین کەرکوك کوردستانەو گومان تێدانیە کەکوردستان بوەو کوردستانە, لە ئەڤرۆوەش کەرکوك هەر کوردستان بی, دەربارەی یاسا حکومەتی انتقالیە عێراقی بە بۆ چوونە من د ڤیٚ یاسایەدا هەندێك کیماسی یەت چیٚ بی, بەنسبەت کەرکوکیٚ و کوردستان بوونیٚ کەرکوك, ئەگەر سەرکردایەتیە سیاسیە کوردستانیٚ لە دەمیٚ نووسینیٚ ڤیٚ یاسایەدا بە بۆ چوونە من زەختێکی زیاتر کردباو و زیاتر لەسەر ئەو مەوزوعە راستر بانا, بەلکی هەتا هەنوکە بەو شکلە نەماباو هاتبایە چارەسەر کردن لە مادده 53 لە بەندە 10 یا قانونا حکومەتە ئینتیقالی عێراقی بەعەرەبی کو دبێژی((تبقىحدود المحافظات الثمانية عشر بدون تبديل خلال المرحلة الانتقالية)) ئەز دەڤێم لەویٚ خالیٚ کولە مادده 53 یاسایە داهاتیە تەنهاو تەنها بە خالە چەندی بویە کە دەست کاری کەرکوکیٚ و یان خالە دییە کوردی یان ناحیە قەزایەتیە کوردی دا نەهێتە کرن پاشی لە مادده 58 یٚ دا هەر شتیٚ لەویٚ یاسایەدا هاتی بەبۆ چوونە من تەعقیدەکە زۆریان تێدا خستیە هاتیە کە بەشێوەیەکی ساناهی و شەفاف وەزعی کەرکوکی تێدا نەهێـە چارەسەرکردن, لەڤیٚ مەرحەلیٚ دا لەسەر حکومەتە انتقالیە عێراقی لازم بویە کو چارەسەریە وەزعی کەرکوکیٚ و یان ناوچەیە دی کو شەباهەت هەی لەگەڵ وەزعی کەرکوکیٚ بکەین, یەك لەوە چارەسەریە مەسئەلە ئاماریٚ یە یان احصایەکە عام ئو شەفاف ئو عادل لە عێراقێدا بێـە کرن هەتا هەنوکە ئەو احصایەدا نەهاتیە کرن, بەلای ئێمە جەنابێتە ئیشارەت پیٚ کردو من گوێم لیٚ بوو لە برایەت مە پەرلەمانتاریٚ عەزیز عەدەدکیٚ زۆر ناڤی خو نوسی بۆ هەندیٚ کو سەر ئەو مەوزوعەی بەحسێت بکەن, یەعنی وا تەصورٍ دێـتە کرن لەبەر دڤەر رۆشنیٚ پەرلەمانیٚ دا زۆرە ئەگە رلە مەوزوعە بخافتن بەلاٚم بە بۆ چوونە من دیسانەکە

ئێمە هەندی لەسەر ئـــەو موزوعـــە راوەستین , بخافیتن مە پێ چابیتن لە موقعەی دا لە مەوقعێ پەرلەمان دا پیرۆزترین شوێنـــە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

زۆر سوپاس, بە هەقیقەت پەرلەمانی کوردستان سەدی سەد پشتیوانی ئەوەیە ئەو قەناعەتی من ئەیزانم هەموو جەماوەری کوردستان کە هیچ هەقێك بزر نەبێت, ئەو ماددانەش کە جەنابت ئیشارەتت پێ کرد ئێمە ئێستا لە نووسینەوەی دەستوری تازە کە هەر شتێ بنووسرێ بێ ئەوەی لەم پەرلەمانە لەسەری موافقەت نەکرێ, لە بەغدا ئیمزا ناکرێ و, , ئێستا لیژنەیەکی باڵا هەیە بۆ نووسینەوەی دەستور کە ئێمەش تیایدا ئەندامین لەگەڵ کاك فرست و کاك تاریق جامبازو کاك عونی بەزازو کاك شێروان حەیدەریش و هەروەها هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکیەتی, ئەوەش بۆ ئەوە نی یە کە بڕیار بدەین بۆ ئەوەی کە شتێ کە جەمعی کەین ئەیهێنین لێرە پێش ئەوەی بروات گفتوگۆی لەسەر دەکەین, دوایی بریار درا ئنیجا ئەچێتە بەر دەست جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مسعود بارزانی, ئەویش ئیمزای کرد ئنجا ئەدرێتە لیژنەی مفاوەزاتی ئێمە, کە لە بەغداوە ئەو لەوە زیاتر ناتوانێ نە کەمی بکات و نە بەکەیفی خۆی تلاعبی پێ بکات, ئەگەر باشتر هەبوو, شتی باشتریان پێ بوو باشە, بۆ ئەوەش داوا لە هەموو بەرێزان دەکەین کە ئەگەر بۆچوونی خۆیان, ملاحەزاتی خۆیان, ئەگەر بە نووسراویش هەبوو بمان دەنێ, بۆ ئەوەی بتوانین لەم مەرحەلەیە سوودی لێ وەربگرین, ئێستا کاك تاریق جامباز بفەرمووێ.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ بەکورتی باسی دوو خاڵ بکەم چونکە ئەندامانی تر پاشی من قسەیان هەیە, لە دوو دەقە تێ پەر ناکەم, پێشم خۆشە کە هەموو ئەندامان پابەند بن بەوە یەکسەر بچنە ناو بابەتەکە نەك شتی جانبی باس کەن, ئێمە باسی عاتیفە بکەین و باسی کەرکووك بکەین, بەراستی نەك بەرۆژ بە ساڵان تەواو نابێ, من باسی دوو خاڵ دەکەم, خاڵی یەکەم ئەوەیە ئیتیفاقێك هەیە بەینی ئیتیلاف مەوحەدو تەحالفی کوردستانی, لەوێ خاڵی دووەم وسێیەم دەڵێ پاش مانگێك کە حکومەت دەست بەکاربوو دەبێ تەتبیعی ناوچە تەعریب کراوەکان بکرێ, بە داخی زۆرەوە ئێمە نیگەرانین کە وا تەتبیع نەکراوە, بەڵکو دژی ئەوە کراوە , خاڵی دوو پێشنیار دەکەم کەوا لە پەرلەمان بیرخەرەوەیەك ئامادە بکرێ و خاڵ بە خاڵ ئەو شتانەی لەسەر کەرکووکە بدرێتە رەئی ناوخۆ و دەرەوە و دەبوایە گلەیەکیش لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بکەین, دەبوایە داوا بکەن لە پەرلەمانی عێراقی جەلسەیەکی تایبەتی لەسەر کەرکوك ببەستن, سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

زۆر سوپاس بەرێز کاك نوری تاڵەبانی.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی کەرکووك مەسەلەیەکی گرنگی چارەنوسسازی گەلەکەمانە, دەمێکە کاری بۆ کراوە, هەموو ئومێدەواربووین کەوا کاتێ قانونی کاتی بەرێوە بردنی دەوڵەتی عێراق پەسند دەکرێت, چارەسەری ئەو کێشە گەورەیە بکرابایە, بە هەر حاڵ ئێستا ئێمە لەبەر دەم ئەوە دانین کە گلەیی لەم لایەنە بکرێت کەوا چارەسەری ئەم کێشەیەی لە سەرەتادا نەکرد, دەبێ ئێستا ئێمە لەناو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دا کە نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستانە هەوڵ بدەین چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین.

مەسەلەی کەرکووك پێویستی بە هەڵوێستە, بەندی 58ی قانونی کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق وەکو پێشتریش چەند برادەرێك ئاماژەیان بۆ کرد چارەسەری بنەرەتی ئەم کێشەیە ناکات, هەتا ئەگەر بە شێوەیەکی چاکیش جێ بەجێ بکرێت, حکومەتی عەلاوی بریارێکی دەرهێنا کە دەستەیەکی باڵا دروست بکرێت بۆ جێ بەجێ کردنی بەندی 58ی قانونی کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق, بریار وابوو پاشان ئەندامانی ئەم لیژنەیە پێك بێت دەست بەکار بکات, تاکو ئێستاکە حکومەتی ئێستای عێراق هیچ جۆرە کارێکی نەکردووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بەندەو ئەو ئەرکەی کە

لەسەر شانییەتی بەپێ ی ئەو رێکەوتننامەیەی کەوا لەنێوان هەردوو گروپی کوردستانی و شیعەدا مۆر کراوە, ئێستا ئێمە ئەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی حکومەتی بەغدا ناچار بکەین پاشگەز بێت لەو بڕیارانەی, لەو هەڵوێستانەی کەوا بەین بەین بڵاوی دەکاتەوە بۆ ئەوەی مەسەلەی کەرکووك دوا بخرێت بۆ پاش پەسەند کردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق, ئەوەی کەمن بۆی دەچم نامەوێ درێژەشی پێ بدەم تەنها ئەوەیە ئێمە دەبێ لەناو پەرلەمانی کوردستاندا هەڵوێستێکی روون و ئاشکرامان هەبێت, پێویستە لایەنی کوردستانی هەڵوێستی هەبێت بەوەی کە بەشداری کردنی لە نووسینەوەی دەستووری عیراقدا ڕابگرێ تا ئەو دەمەی کەوا چارەسەریەکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ مەسەلەی کەرکووك، مەسەلەی کەرکووك نابێت دوا بخرێت بۆ پاش نووسینەوەی دەستوور, چونکە ئەو سەردەمە هەموو شتێك لەدەست دەدەین، تەنها ئەوەی کە ئێستا بەدەستمانەوە ماوە ئەوەیە مەسەلەی دەستوورە، ئەگەر هاتوو ئەو دەستوورە پەسەند بکرێت و مەسەلەی کەرکووکی تیا چارەسەر نەکرێت, ئێمە دەتوانین پەنا ببەینە بەر مادەی (61)ی قانوونی کاتی بەڕێوە بردن و ئەو دەستوورە رەت کەینەوە, چونکە ئەگەر دەستورەکە پەسند کرا هیچمان بەدەستەوە نامێنێت, ئێستا ئێمە پێویستە داوا بکەین لە گروپی کوردستانی لەناو ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقی کەوا لەمەو دوا بەشداری نەکات لە ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوری عێراقی تا ئەو دەمەی کەوا مەسەلەی کەرکووك چارەسەر دەکرێت, ئەویش بە ناو نانی ئەو لیژنەیەی کەوا دەست بە ئاسایی کردنەوەی ناوچەی کەرکووك دەکات, هەرچەندە وەکو ووتم ئەو ماددەیە ناتوانێ بەتەواوی چارەسەری کێشەکان بکات, نامەوێ لەمە زیاتر درێژەی پێبدەم ئەگەر مەجال هەبوو دێمەوە سەر قسە کردن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

زۆر سوپاس ئێستا کەرخی ئاڵتی بەرماخ

**بەڕێز کرخی نجم الدین نور الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئێمە لە راستی دا خۆشحاڵین بە بەشداری کردنمان لەو پەرلەمانە, لەبەر ئەوە وەکو نوێنەرانی گەلی تورکمان ئەمە یەکەم جارە بەشداری بکەین لەم پەرلەمانە پیرۆزەدا, بەراستی ئەگەر ئیجازەم بدەن حەزدەکەم هەندێ راستی دەربارەی تورکمان و کەرکووك بخەمە بەردەم جەنابتان, پێشەکی ئێمە وەکو گەلی تورکمان, وەکو نوێنەرانی گەلی تورکمان لەگەڵ تەتبیق کردنی تەواوەتی ماددەی 58ی قانونی کاتی عێراقین, ئەوە پاش ئەوەش کە بابەتی ئەوە دێتە سەر باس کە تورکمان دەیانەوێ کەرکووك بێتە سەر کوردستان وە یا بچێتە سەر بەشە عێراقیەکە, ئێمە نەك لەبەر رازی کردنی چەند لایەنێك, بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی باڵای گەلی تورکمان هەست بەوە دەکەین بێ لەوەی  کە مەسەلە مێژووییەکان هەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرن, کە تورکمان بەرژەوەندی لەوە دایە کەرکووك بێتەوە سەر کوردستان, لەبەر چەند هۆیەك یەکەمیان: خۆتان دەزانن لەو پەرلەمانە پیرۆزەدا هەتا ئێستا وەکو تورکمان چوار ئەندام هەیە, ئەگەر بێتو کەرکووك بێتەوە سەر کوردستان ئەوە بێگومان ژمارەمان زۆر لەوە زیاتر دەبێت دووەم: لە حوکمەتە یەکگرتووەکەشدا بێگومان جێگای زۆر بەهێزمان دەبێت و دەتوانین نوێنەرایەتی گەلی خۆمان بکەین, لە مەسەلەی کورد و تورکمان لە کەرکووك, ئێمە مێژووی موشتەرەکمان هەیە لەگەڵ کورد, لەگەڵ برایاکانی تر لە کەرکووك و لە هەولێر, لە هەموو شوێنەکانی تر, بەراستی ئێمە زەحمەتە وەك تورکمان بەڵێن کەرکووك بچێتە سەر بەشە عەرەبیەکە, لەبەر ئەوەی ئەو بەشە عەرەبیەی ئێستا کە لە بەینی خۆیان ناتوانن یەکتر هەزم بکەن, زۆر زەحمەتە ماڤ تورکمانێك هەزم بکەن لە بەغداو لەو پەرلەمانەی ئێستا دەیبینین, مەوزوعی کەرکووك, مەوزعێکی زۆر جدیە بۆ گەلی تورکمانیش هەروەکو جدیە بۆ برا کورد و بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە کەرکووك دەژین, ئەو مێژووەی کەلە کەرکووك لە بەینی تورکمان و کوردایە مێژوویەکی زۆر موشەریفە, ئەو برایایەتیە لەوێدا هەیە مەسەلی لەسەر لێ دەدرێت, ئیتر گەلی تورکمانیش زۆر ئاگادارە لە هەموو شێك و بە چەند کەسانێك کە فیتنە دەگێڕن لەوێندەرێ گەلی تورکمان هەڵناخەڵەتێ و برایەتی خۆی تەسبیت دەکاو کەرکووك بەشێکە لە کوردستان, لەسەر ئەوەش ئێمە رەئی خۆمان دەردەبڕین لەم مەنبەرەوە, سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

سوپاس بۆ جەنابت, چنار سعد, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاکە من بەداخەوە لە دەزگاکانی راگەیاندن وەکو رۆژانە دەبیستین, لە کۆڕو کۆبونەوەکان زۆر قسە دەبیستین تەسریحاتی سیاسی لەسەر ئەوەی ئایا کەرکوك کوردستانیە یان کوردستانی نییە, یاخود لەسەر مەسەلەی تەعریب و دەرکردن ئەم کێشە هەیە, قسە هەیە, بەلاّم من پێم وایە کاتێك هەر کێشەیەك هەر دیاریدەیەك ئەگەر وەکو قانون یان وەکو بەندێکی دەستووری لە دەستووری ئەو ولاّتە ئەگەر لە دەستووریکی کاتیش بێت, مانای ئەوەیە خۆی بە شێوەیەکی عەقلانی و قانونی دانی بەوە داناوە کە بەڵێ کێشەیەکی موجودە, بەناوی ئەوەی کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین, کەواتە تا ئێرە پێم وایە چیتر نابێ ئەو تەسیریحاتانە دووبارە بێتەوە, کە هەیە یان نییە, هەیە و موجودە, لەبەر ئەوەی لە دەستووری کاتی دانی پێ دانراوە, دێمەوە سەر مەرحەلەی دووەم ئەوەی کە چۆن ئالیەتێك بدۆزینەوەی بۆ ئەوەی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێ, یەعنی پراکتیزە بکرێ, لەو واقیعەی کۆمەلگای ئێمە, جا من پێم وایە وەکو رەئی پێشنیار دەکەم کە لەبەرئەوەی ئێمە وەکو ئاگادارین لە دەستووری کاتیش ئاماژە بەوە کراوە لە( $8/15$ )ئیستیفتا دەکرێت لە سەر ئەو دەستوورەی کەوا خەریکە دادەرێژرێت لە پەرلەمانی عیراقی لەلایەن لیژنەی یاسایی و دەستووریەوە, بۆیە بەرلە ئەنجامدانی ئەم ئیستیفتائەوە دەبێ ئێمە پێ لەسەر ئەوە دابگرین ماددەی 58 یاسای ئیدارەی دەوڵەت جێ بە جێ بکرێت, جا چ ئالیەتێك بدۆزینەوە, من پێشنیار دەکەم لێژنەیەك پێك بهێنرێت, ئەگەر چی هەندێك لە بەرێزان ئاماژەیان بەوە کرد کە بەڵێ پێشنیاری وا کراوە, بەلاّم تاکو ئێستا ئێمە ئەنجامەکانی ئەو لیژنەمان نەدیوە, وەکو پێویست کاریان بۆ نەکردووە, لیژنەیەك پێك بهێنرێت, لە چەند ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان و چەند ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق کە نوێنەری هەرێمی کوردستانن, هەروەها برا تورکمانەکان, برا ئاشووریەکان و چەند ئەندامێکی پەرلەمانی عیراقیش و برا عەرەبەکان و هێزی هاوپەیمان سەرپەرشتی ئەوە بکەن, کە ئیدی تەنفیزی ئەو قانوونە بکرێ تا( $8/15$ ) تا ئیستیفتا دەکری, ئەگەر هاتو ئێمە هەوڵ نەدەین وەکو پەرلەمانی کوردستان, دەبێ رەد فیعلیەکمان هەبێ, ئەو رۆژە بەشداری ئەو ئیستیفتایە نەکەین وەکو کورد لە هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو کەمە نەتەوەییانەی لەو هەرێمدا هەیە, بەراستی مەسەلەی نووسینی دەستوور شتێکی عاتیفی و مەجازی نییە, بەڵکو ئەوە قانون دەچەسپێ و دەبێ بە عەقڵ ئێمە قسەی لەسەر بکەین, کاتێك نە چەسپا لە دەستوور ئیدی پێم وایە ئێمە سیقەمان دۆڕاندووە لەگەڵ عەرەب, ئێمە ناتوانین سیقەیان پێ بکەین لەبەر ئەوەی زۆریان زوڵم لێ کردووین, دەبێ ئەمرۆ هەوڵ بدەین و جەخت لەسەر ئەوە بکەین ئەمرۆکە ئەمە لە دەستووری دائیمی بچەسپێنین, خاڵێکی تر جەنابیشت ئاماژەت پێ کرد کە ئێمە لێرە لیژنەیەکی دەستووری پێکهێنراوە کە لەگەڵ لیژنەی دەستووری بەغدا لە پەیوەندین, زۆر لە بەرێزان قسەیان لەسەر ئەوە کرد کە کەم و کورتی هەیە لە دەستووری کاتی, بەتایبەتی لە ماددەی (58), خۆزگەم ئەگەر بکرێ بەند بە بەند کەوا خەریکە دەنووسرێ لەوێ, ئێمەش لێرە ئاگاداری بین و قسەی لەسەر بکەین, بۆ ئەوەی ئەو کەم وکورتییانە, بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سەر هەرێمی کوردستان و چارەسەری کورد دەنووسرێ لە کەم و کورتیەکان کەم بکەینەوە, پێم وایە حەقی ڤیتۆشمان هەیە لە شوێنێك بزانین بەرژەوەندی کورد نیە, بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان نیە, رەدی بکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

سوپاس بۆ جەنابت, بەنسبەت ئەو لیژنەی کە خاوەن قەرارە, ئێوەن, ئەم پەرلەمانە بەرێزەیە, یەعنی هەر چی ئەو لیژنەی دانراوە لێرە بە تەنسیق لەگەڵ ئەو برایانەی بەغدا کە موفاوەزات دەکەن لە لیژنەی دەستووری, مەحاوەلە دەکەن مافی کورد لەوێ بەچەسپنرێ, هیچ شتێك نارواتە ئەوێندەرێ بێ ئەوەی ئەم پەرلەمانە لەسەری بریار نەداتن, ئەنجا نەك تەنها بۆ کەرکووك, بۆ هەموو بەندەکان, بەنسبەت ئەو لیژنەی کە پێکهێنراوە ولەلایەن ئەندامانی پەرلەمان و لایەنە سیاسیەکان بەند بە بەند قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق ئەخوێندری و صیاغە ئەکرێت و لەو روانگەیەوە

شتێکی عەدالەت بێت و زوڵم لە کەس نەکرێت و مافی کوردیش ژێر پێ نەخرێت, ئەمەش بە نووسراو دەیخەینە بەر دەست هەر هەموو یەکێك لە ئێوە, کە لێرەش گفتوگۆی لەسەر ئەکرێتەوە, جارێکی تر بەنسبەت ئەمریکا سەرپەریشتی بکات, ئەمریکا سەرپەرشتی ئەو شتانە ناکات, بەڵکو لە پەناوە موشاوەرەتی لەگەڵ دەکەین, بەڵام تەدەخول ناکاتن, ئەوە لە عیراقێك ئازادی پێ دراوە, ئەوا عیراقیەکان خۆیان ئەتوانن قانونەکەی خۆیان بنووسنەوە, هەر چەند گفتوگۆ هەیە بۆ قسەی خێر رەنگە شتێ بکەن, بەڵام تەدەخول لە نووسینەوەکەی ناکەن, زۆر سوپاس, دکتۆرە هالە.

**بەرێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئەگەر شتێکی نەتەوەیی رووی دا ئێمە دانیشتی کت و پڕ ئیعلان بکەین و زوو هەڵوێست وەرگرین. پێم وایە ئێمە دواکەوتوین لەم هەڵوێستە, ئیعلام و فەزائیات دەمێکە باسی ئەو بابەتانە دەکەن, پێم وایە ئەگەر دانیشتنێکی کت و پڕ زوو ئیعلان بکرێ و ئێمەش زوو هەڵوێستەکەمان بگەیەنینە بەغدا, گرنگی زیاتری پێدەدرێ و قورسایی خۆمانی پێدە چەسپێنین, ئیتر سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس , محمد سالح.

**بەرێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبەتە وەکو جەنابیشت ئیشارەتت پێدا کێشەی کەرکووك کێشەیەکی گەورەو ئاڵۆزە, ئەگەر تۆزێ بگەرێینەوە بۆ دواوە لە بەیانی 11ی ئازار ئەگەر بێتو کەرکووکی تێدا نەبایە کێشەی کورد گەیشت بوو بە کۆتایی, بۆیە کەرکووك بە هەقەت رووحە بۆ جەستەی کوردەواری, دەکرێ ئێمە یان پێشنیار دەکەم لیژنەیەك پێك بهێنرێ بۆ بە دوا داچوونی کێشەی کەرکووك و بەو شێوەیە بێ کە ئێمە هەموو سەرەمانگێك جارێك لەپەرلەمان بە دوادا چوونێك ببێتە بەرنامەی کار, چونکە بەهەقەت دەبێ هەڵوێستی جدی وەربگیرێ بۆ مەسەلەی کەرکووك, واتە لە هەموو زەمەنێکی دیاری کراودا بەپێی ئەو پێشەوەچوونانەی کە مەسەلەی کەرکووك لەبوارە جیاجیاکاندا بەدەستی دێنێ, ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان هەڵبەتە دەبێ هەڵوێستمان هەبێ, بەنەزەری من بیر خەرەوەیەك ئاراستەی سوفەرایەکانی ئەمریکاو بەریتانیا و هەروەها سەرۆکی پێشووی کۆماری عێراق و سەرۆك وەزیران بکرێ, بۆ ئەوە ی بەدەوری خۆیان هەڵبستن, چونکە نووسراوەکانی ئەوان بەلای سەرکردایەتی سیاسی یەوە بەڵگەنامەیەکن و ئیلتزاماتی لێ کەوتۆتەوە, داوا بکرێ ئەم ئیلتزامە بە جێ بهێنرێ, سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەوەکالەت:**

سوپاس بۆ جەنابت, برای بەرێز ئەم دەستورەی کە دائەنرێ ئەوە کابرای عەرەب ئەڵێ ئوم قوانینە, یەعنی لەسەر ئەساسی ئەمە قانون دائەرێژرێ بۆ مستەقبەل, یەعنی ئەمە زۆر زۆر گرنگە بۆ مستەقبەل, بۆیە زۆریش گرنگە وە ئێستاش ئەو برایانەی ئێمە چ لێرە چ لە بەغدا کە کار دەکەن هیچ کەسێکی سەر بەخۆ کار ناکات, هەموویش کارەکانی ئەخیریش ئەگەرێتەوە بۆ بەر دەستی ئێوە و پەرلەمان بریاری لێئەدا, کە ئەو دەستورەی لە عێراق ئەنووسرێت چ شێوەیەك بێت, ئنجا دڵنیاتان ئەکەین دەستوری عێراق کە هەمووی ئەنووسرێت نەك تەنها ئی کوردستان, ئەلێرە ئێمە مناقەشەی دەکەین کە بریار درا لەسەری ئەویش ئەوجا سەرۆکی هەرێمیش رەئی خۆی لەسەر ئەداو ئەچێتەوە لای بەرێزان, ئێستاش برادەرانمان لەوێ ئیش دەکەن, ئێمە رۆژی شەممە لە خزمەتی رێزدار مام جەلال بووین لە دوکان, بە ئامادەبوونی هەردوو رێزدارکاك مسعودو مام جەلال کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەب سیاسی کرا کە ئەو قسانەی جەنابتان ئەیکەن و ئێمە و ئێوەو ئەو خوشك و برایانەی کە هەڵوێست وەربگرین و ئیش بکەین و کراوە لە هەموو مەجالێك, لە

واشنتۆنەوە بگرە تا کو بەغدا ئیشی بۆ دەکرێت, بەڵام بە هەقیقەت بیرو بۆچوونی شۆڤینیەت هەیە, بۆ ئەوەی ئیشکالت بۆ دابنێت, بەڵام ئێمە خاوەن قەزیەکەین, ئەبێ نەهێڵین نە فێڵمان لێبکرێت , نە تەنازولیش بکەین و موساوەمەش ناکەین, یەعنی میللەتێك خاوەنی ئەو وەزعەیە, خاوەنی ئەو هەموو خەبات و ماڵ وێرانی و شەهیدو ئەنفال و کیمیا بارانەیە, ئیمرۆ لەبەرچی حەقی دەخۆن؟ بۆیە هەڵوێستمان یەکە و گەرێنتی سەرکەوتنیشمان یەك هەڵوێستی کوردستانە, ئیمرۆ بەهەقیقەت لە کوردستاندا یەك هەڵوێستیەکی زۆر باش هەیە و ئومێدیشمان وایە تێیدا سەرکەوتوو بین, کاك محمد احمد, فەرموو.

**بەرێز محمد احمد صالح:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی کۆبوونەوەکە بە ئیجابی هەڵدەسەنگێنم, کۆبوونەوەکە تەرخان کراوە بۆ مەسەلەیەکی چارەنووس ساز, بۆ مەسەلەیەکی سەرەکی و گرنگ کە بەداخەوە لەماوەیەکی رابردوو دا مامەڵەی ئێمە لەگەڵیدا بەپێی بەرنامەیەکی ستراتیجی نەتەوەیی نەبوو, بەڵکو زیاتر لەبازنەیەکی حزبی تەسك بوو, هەرچەندە لەو ماوەیە قۆناغێکی سیاسی یاسایی باشمان بریوە و, لەو قۆناغە دەرباز بووینە کە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەسەر کوردستانی بوونی کەرکووك بکەین, بەڵکو لە قۆناغەکین کە زۆر رێکەوتن مۆر بووینە و لەو قۆناغەداین کە بتوانین ئەو کۆسپ و تەگەرانە کە دەکەونە بەردەمی جێ بەجێ کردنی ئەو رێکەوتنامەیە چارەسەر بکەین, بەتایبەتی هەڵسوکەوتی حکومەتی بەغدا بۆ دواخستنی چارەسەری یەکجاری مەلەفی کەرکووك بە پشت بەستن بەهەندێ حجەت و موبەڕیراتی ناواقعین, ئەوانەش سیناریۆیەکی ترسناك و ئاڵۆزن, نەك تەنها لەسەر مەسەلەی کەرکووك, بەڵکو بەرای من لەسەر هەموو پرۆسەی سیاسی عێراق و دروست کردن و بنیاتنانەوەی عێراقی ئیتیحادی دیموکراسی, لەبەر ئەوە دەبێ پەرلەمانی کوردستان یاداشتێك ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن کە لە بەغدان و لەم یاداشتەچەند خاڵێك بخەنە روو وەکو پێشنیار, یەکەم ئیلتیزام کردنی حکومەتی بەغدا بەیاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت, بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا ئیلتیزام بوونی حکومەت بەو رێکەوتنانە, رێکەوتنی سەرەکی کەلەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان مۆرکراوە, راگەیاندنی دامەزراندنی هەیکەلی لیژنەی چارەسەرکردنی مەسەلەی مەلەفی کەرکووك و ناوچەکانی دیکە لەماوەیەکی زۆر نزیك دا, پەیداکردنی پێداویستیەکانی لیژنەکە لەرووی ئیداری و مالی و یاسایی و دەست نیشان کردنی ئەندامەکانی لیژنەکە لە هەردوو حکومەت, حکومەتی بەغداو حکومەتی هەرێمی کوردستان, دەست بەکاربوونی لیژنەکە لەماوەیەکی کورت دا, لە ئاخرین حاڵەتدا گەر لیژنە دروست نەبوو, دەست بەکارنەبوو, نیگەرانی کورد لە حکومەت دەست کێشانەوەی خۆیان رابگەیەنن, چونکە کەرکووك و ماددەی 58 دەبێ بکەینە مەسەلەیەکی نەتەوەیی نیشتمانیی سەرەکی, دەبێ شێوەی کارکردنی خۆمان بگۆڕین, دەبێ کاربکەین لەسەر ئەو لایەنەی کە کارتێکردنیان لەسەر مەسەلەی کەرکووك هەیە, ئەو لایەنەش بەتصوری من یەکەم کورد بەخۆیەتی بەرێگای تەفعیل کردنی پەرلەمان و ئەرکەکانی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بنکەی فراوان و جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵە گرنگانە کە لە پرۆژەو بەرنامەکانی لیستی ئیئتیلافی کوردستان هاتیەو رێکخستنی کاری نەتەوەیی ئیستراتیجی لەرێگای تەرخان کردنی بوجەیەکی تایبەتی لە حکومەتی هەرێم بۆ یارمەتی دانی ئەو ئاوارانەی کە گەراینەتەوە بۆ کەرکووك ولە وەزعێکی زۆر خراپ دا دەژین, بە تایبەتی بنیات نانی خانوو بۆیان, بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە عەرزیان لەسەر دابەش کردوون, بۆ ئەوەی واقعەکە بێتە گۆڕین لەرێگای ئەنجومەنی کەرکووك, دەتوانین کۆمەڵە خاڵێك ئەنجام بدەین, راستە ئەنجومەنی کەرکووك ئەوەندە ئیمکانیەتیان نییە, بەڵام حکومەتی هەرێم یارمەتیان بدات زوو ئەو پرۆژانە جێ بەجێ بکەن, لای دیکەی کاریگەر حکومەتی عێراقەو دەستەی سەرۆکایەتی و کۆمەڵەی نیشتمانیی و حزب و لایەنە سیاسیەکانی عێراقن, کە دەبێ دەزگای سیاسی کوردستان کاربکەن بۆ تەیارکردنی هێزو توانای ئەو هێزو لایەنانە کە پشت گیری هەڵوێستی ئێمە دەکەن, کاریگەریەتی دەوڵەتی ئەمەریکاو بەریتانیا کە پێش هەڵبژاردن وەعدیان داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو بەتایبەتی سنووری کوردستان و ئێستاش کە هەردووکیان قنسوڵیان لە کەرکووك هەیە, ' دەبێ فشاری جەماوەری و

دبلۆماسی لەسەریان بەکاربێنین, لیژنەی چارەسەر بۆ کێشەی کەرکووك لە ئەنجامی ئەزمەیەکی سیاسی دروست بوو, ئێستاش هەمان ئەزمە لەرێدایە, لەبەر ئەوە تاکو بتوانین هەڵوێستە کە بگەیەنینە ئەنجومەنی نیشتمانیی و حکومەتی بەغدا, تاکو زووتر مەلەفەکە دەست بەکاربێ و ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت کاك محمد فرج, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم تەنها وەسیقەیەك کە ئێمە بتوانین دەوروبەرەکانمانی پێ ئیلزام بکەین, برگەی 58 تە, برگەی 58 تیش بۆخۆی سێ برگەیە, برگەیەکیان باسی ئەو زوڵمانە دەکات کە واقیع بووە لە تەرحیل و لە تەهجیرو لە دەرکردنی قەسری و هێنانی خەڵکی غەریبە و هەروەها بێ کارکردنی خەڵکی ئەو شارە, بەشی دووەمی بریتی یە لە تێکدانی دیموغرافی پارێزگای کەرکووك یا هەرێمی کوردستان و سێیەمیشیان یەعنی خاڵی ئەخیریەتی ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەبوو با سەر ژمێریەکی گشتی بکرێت, پێم وایە یەعنی برگەی یەکەمیان زۆر دیارە گرفتی ئێمە, ئەم مەسەلەی کەرکووك و دیاری کردنی هەرێمی کوردستان, ماوەیەکی زۆرە, پتر لە پێنج مانگە کەوتۆتە پەراوێزەوە, کە پێم وایە هەموو کێشەی کوردستان بەمەوە دیارو گەورەیە, ئێستاش کە یەکێك نی یە بیجوڵێنێ, گیروگرفتەکە لێرەیە, ئەگینا کەس ناتوانێت نکوڵی بکات لە جێ بەجێ کردنی بڕگەی 58 نەحکومەتی عێراقی نە هیچ لایەنێکی تر کە هێزو دەسەڵاتی بە دەستەوە بێت, ئەمە تەنها وەسیقەیەکە کە هەموو لایەنەکان کە هاوپەیمانان لەسەرووی هەمووشیانەوە حاکمی مەدەنی ئەمریکی کە لەو دەمە ئەو حاکم بوو واتە ئەمریکا لەو دەمە حاکم بووەو ئەم وەسیقەیە ئیمزا کراوە, یەعنی کەس ناتوانێت نکوڵی لێ بکات, بەڵام بۆچی جێ بەجێ ناکرێت, من پێم وایە خاڵی لاوازی ئێمە وا ئەکات بەرامبەرەکانمان بەین بەینە ئیستفزازی ئێمەبکەن, یەعنی رێك نەکەوتنی ئێمە, دروست نەبوونی ئێمە, ئەوە پەرلەمان بەرێ کەوت, حکومەت هەر دروست نەبوو, ئێستا بریار وابوو هەر لەدوای دیاری کردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خێرا حکومەتی هەرێمی کوردستان تەشکیل بوایە, ئەمە بریارێکە تەنفیز دەکرێ, کێ ئەچێ بەدوایا ئەبێ جیهەیەکی مونەفیز بەدوایا بچێ, حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەتوانێ داوا بکات لە حکومەتی عێراقی کە ئەو لیژنەیەی بۆ جێ بەجێ کردنی بریاری 58 دانراوە هەم لیژنەکە دیاری بکرێ هەم ئیمکانیەت و سلاحیەت بخرێتە بەردەستی بۆ جێ بەجێ کردنی.

گرنگە بکرایە, هیچی نەکراوە, بۆ نموونە مەسەلەی هێنانەوەی مورەحەلین, ئەوانەی کە نەفی کراون (مهجرین) ئیعادەی ئەوانە بۆ جێگەی خۆیان, یەعنی (اعادة المقيمين الى منازلهم وممتلكاتهم), یەعنی شتێك نییە ئێمە لێی بترسین, بەنیسبەت ئەو خەڵکەی غەریبەیە و هاوەردەیە چارەسەری ئەوانەی زۆر بەشێوەیەکی باشتر کردووە, (وبشأن الافراد الذين تم نقلهم الى المناطق والاراضي المعينة) یەعنی هاوەردەکان (على الحكومة البت في امرهم بقرار (المادة 10) لضمان امكانية اعادة توطينه في مناطقه), یەعنی شتێك نییە رێگە بگرێت وەڵلا نابێت ئەمانە بگەڕێنەوە, پێم وایە ئەگەر ئیبراهیم جەعفەری قسەیەك بکات یەکەم ئەو دەیەوێت دیفاع لەو خەڵکە بکات کە عەرەبە, ئەویش عەرەبە, لە لایەکی تریشەوە هاومەزهەبی خۆیەتی, بەڵام ئەمانە لە حەقیقەتەکە ناگۆڕن, من پێشنیار دەکەم پەرلەمان فشاری خۆی دروست بکات, بەزووترین کات حکومەتی کوردستان, حکومەتێکی یەك پارچە دروست ببێت, لە رێگەی ئەو حکومەتەوە دەتوانێت داوا بکات لە سەرۆکایەتی عێراق, لە دەوڵەتی عێراق, کە سەرۆکایەتی لە دەوڵەتی عێراق سێ ئەرکانی هەیە, یەکەم سەرۆکی کۆمار و یاریدەدەرەکانی و حکومەت و پەرلەمانی عێراق, یەعنی سەرۆکی وەزیران لە عێراقدا شتێك نییە, بتوانێت قەرارات تەنفیز بکات بەسەر بەقییەی دەسەڵاتەکانیدا, لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو حکومەتە بەزووترین کات دیاری بکرێت, ئەگینا کێشەی ترمان بۆ دروست دەبێت, ئەی چی دەکەین کاتێك ئیبراهیم جەعفەری,

یان حکومەتی عێراقی پێشنیار بکات بۆ خەڵکی کەرکووك, تکایە خەڵکی کەرکووك ئێوە حەزتان لێیە بچنە سەر هەرێمی کوردستان, یان بۆ خۆتان هەرێمێکی سەربەخۆ بن وەکو بەغدا, دەبێت چی بکەین لەو کاتە؟ لەبەر ئەوە پێم باشە بەزووترین کات ئەو پەرلەمانە داوای ئەوە بکات حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست ببێت, ئەو حکومەتە یەك پارچەیە, پێم وایە بە ئاسانی دەتوانێت ئیلزامی حکومەتی عێراقی بکات, بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, بە حەقیقەت بەنیسبەت حقووقی هەرێمی کوردستان لەم نزیکانە تەمەنا دەکەین یەك بگرێت و پاڵپشتی قسەکان بکەین و, ئینشائەڵڵاش زۆری نەماوە, بەنیسبەت جەعفەری بڵێ کەرکووك چیتان دەوێت, هەر با بڵێت, جا جەعفەری تاکە کەسێکە, یەعنی جەعفەری هەموو کەرکووك نییە, هەموو عێراقیش نییە, هەموو کوردستانیش نییە, لە بەغداش جەعفەری بە تەنها ناتوانێت هەموو قەرارێك بدات, تەبعەن سەرۆکایەتی کۆمار هەیە, سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە, سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە, ئەمانە دەبێت موتەفیق بن, بۆ هەر گۆڕانکارییەکیش, قانون ئیدارەی دەوڵەی عێراقی دەڵێت: دەبێت ئەوانە هەموویان (بالاجماع) موتەفیق بن, سێ لەسەر چوار ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقیش, کە ئەمە هەر مومکین نییە نابێت, ئەمە مومکین نییە بکرێت, بکرێتن ئیستفتاش بێت فەرموو با ئیستفتائەکەش بخوێندرێتەوە, یەعنی مەترسن لەوەی کە ئیستیفتا بکرێت لە کەرکووك, ئەفکار هەیە, هەوڵدان هەیە, کرمی شۆفێنیەت لە مێشکی هەندێك دەجووڵێتەوە, پێی خۆشە ئەوەی سەدام کردوویەتی بمێنێت, سەدام لا بچێت, ئەو لە جێگاکەی بێت, بۆ ئێمە فەرقی نییە, لەبەر ئەوە حەق دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خاوەن حەق, زۆر سوپاس, کاك سەردار هەرکی فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی قسەکان زۆربەی دووبارە کراوەتەوە, من تەنها دوو پێشنیارم هەیە زۆر بە کورتی باسی دەکەم, پێم وایە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان بەیاننامەیەك بنووسین, یاخود کتابێك, یان تەلەبێك بە هەر ناوێك بێت نارەزایی خۆمان دەربڕین و تەوجیهی بکەین بۆ حکومەتی عێراقی کە پێك دێت لە سەرۆکایەتی و لە جەمعیەی وەتەنی و لە ئەنجومەنی وەزیران, نارەزایی دەربڕین و, پیشانی بدەین کە ئێمە لەسەر هیچ دەستوورێك رازی نابین, ئەگەر بێتو ماددەی (58) پێشتر جێ بەجێ نەکرا بێت, یەعنی تەهدید, بە بەکار هێنانی قووەت باشترە, لە بەکارهێنانی هێز وەکو د. نوری باسی کرد, دوو/ جووڵاندنەوەی جادەی کوردی, یەعنی کە پشکێك دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە وەکو پەرلەمان پشکی گەورەتریش, دەکەوێتە ئەستۆی ئەحزاب و مونەزەمات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, کاك خورشید شێرە فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە هەڵوێستی جەعفەری و لیستی ئیئتیلاف تازە بە تازە نییە, هەمووومان دەزانین لە کاتی ئیمزا کردنی قانونی ئیدارەی دەوڵەت, ئەم لیستە و رەفیقەکانی خۆیان هەموویان بە تەحەفوزەوە ئیمزایان کرد, لەسەر مەوزوعی فیدراڵیەت و قانونەکە بەگشتی, پاشان کە حکومەتی جەعفەری کۆمەڵێك هەنگاوی هاوێشتووە, ئەو هەنگاوانە هەموویان وەکو پیلانێك خۆیان دەنوێنن و دژ بە داواکانی میللەتی کوردن, لەسەرەتاوە بیستمان کە سوێند خواردنەکە, پاشان لە بەیانی وەزاری و, پاشان سەفەری بۆ تورکیا و, نەبردنی وەزیری خارجیە و, کۆبوونەوە دوو قۆڵیەکانی لەگەڵ ئۆردوگان و, قسەکانی عەمار حەکیم و, تەسریحەکانی ئێستا کە لە رۆژنامەی (القبس) داویەتی, ئەمانە هەمووی زنجیرەیەکن رووی

راستی خۆیان پیشان دەدەن, ئەمە موفاجەئە نییە بەنسیبەت ئێمەوە, دەبێت ئەو واقیعەتە تەسەوری لێ بکرێت, چونکە قەناعەتی ئەوانە وایە دەبێت وەزعی کەرکووك ببینێت و, وەکو ئەوان دەیانەوێت, نابێت ئێمەش بەو واقیعەتە خۆمان هەڵخەڵەتێنین و, بڵێین ئەو تەنها کەس نییە, من پێم وایە تەنها کەسێك نییە, مەوقیفێکە, لایەنێکی زۆربەهێزی عێراقیە, هەموو ئیئتیلاف و هەموو شیعە لەگەڵیدایە, جگە لە شۆڤینەتی عەرەبی ئەسڵ, کە جەماعەتی سەدام و ئەوانەن, ئێستا هەتا سەفەری ئایندەی جەعفەری بۆ تاران دیسان لە پێناوی کوردە, ئەکسەری ئەگەر هەمووشی نەبێتن, جگە لە مەسەلەی ئەمنی, دیسان مەسەلەی کورد دەردەکەوێت, بۆیە من پێم وایە ئەو مەوقیفە مەوقیفی جەعفەری نییە بە تەنها, مەوقیفی ئیئتیلافەو, هەمووشمان ئەوەی دەزانین مەرجەعی سیاسی ناو خۆیان, ناو ئیئتیلاف و شیعە رابەری حەقیقی سیاسی رۆحیان ئێستا سیستانییە, هەتا لە کاتی ئیمزا کردن, بە تەحەفوزیەوە ئیمزایان کرد, بۆ قانون ئیدارەی دەوڵە چوون موراجەعەتی سیستانییان کرد, هەر سیستانیش بوو نەیهێشت مەوزوعی فیدراڵی بۆ ئومەمی موتەحیدە ئیسارە بکرێت, لەبەر ئەوە ئەم مەوقیفەی جەعەفەری وا وەرنەگرین کە جەعەفەری بە تەنها دەیکات, یان عەلاوی بە تەنها دەیکات, لەبەر ئەوە ئەو مەوقیفە مەوقیفی ئیئتیلافە, مەوقیفی جەماعەتێکە کە ئێستا خۆیان بە ئەکسەریەت و ساحێبی عێراق دەزانن, بۆیە دەبێت ئێمە وەکو کورد هەر مەوقفێکمان هەبێت و هەر هەڵوێستێکمان هەبێت لەسەر ئەو ئەساسە وەربگرین, کە ئەو جەماعەتە, یان ئەو ئیئتیلافە, یان ئەو تەیارە بەو شکلە تەعامولی لەگەڵ بکەین, ئەگەر بە پەسندی بزانن پێم باشە پەرلەمان قەراری لەسەر بداتن, یەك/ پەرلەمانی کوردستان موزەکەرەیەك ئاراستەی پەرلەمانی عێراق و حکومەتی جەعەفەری بکات, زۆر بە راشکاوانە دەست نیشانی ئەو هەڵوێستانەی جەعەفەری تێدا بکات و, داکۆکی لە جێ بەجێ کردنی هەموو ئەو رێککەوتنانە بکرێت, کە لەگەڵ حکومەتی عەلاوی و لیستی ئیئتیلاف کراوەو, هەروەها دیسان بە راشکاوانە بەر پرسیارەتی جێ بەجێ نەکردنی ئەو رێککەتنامانە بخرێنە ئەستۆی حکومەتی جەعەفەری و شەخسی جەعەفەرییەوە.

دوو/ پەرلەمانی کوردستان بە نامەیەك داوا لە سەرۆکی کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لیستی هاوپەیمانی کوردستان و وەزیرەکانی کورد بکات, هەر یەکە لەجێی خۆیانەوە فیشار بخەنە سەر جەعەفەری و لیستی شیعەکان و پەرلەمانی عێراقی, بۆ ئەوەی ماددەی (58) بەبێ زیاد و کەم بە زووترین کات جێ بەجێ بکرێت, ئەگەر نا دەبێت هەڵوێستی بە پێچەوانە وەربگرن بەبێ سێ و دوو.

سێ/ پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان داوا لە هەردوو ئیدارە بکات, کە بەشێکی زۆری لە میزانیەی ئێستای هەردوو لایەن بۆ ئیدارەی کەرکووك تەرخان بکات, هاوکاری فراوانی ئاوارەکان بکەن و چاو چنۆکی نەکەن, ئاوارەکان بگەرێنەوەو شوێنیان بۆ تەئمین بکرێت و خەدەماتیان بۆ تەرخان بکرێت, بەمە دەتوانین ئەمری واقیع فەرز بکەین, با کورد ئەمجارە یەك لایەنە ئەو خاڵەی ماددەی (58) جێ بەجێ بکات و, بیکاتە ئەمری واقیع و, ئەمە ئەرکێکی نیشتمانیی زۆر گرنگە و, نابێت راوەستین لەسەر حکومەتی عێراق.

چوار/ پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان بە مشورەت لەگەڵ هەموو پارتە سیاسیەکانی کوردستان بە بەرنامەیەکی توکمە و رێکوپێك رێ پێوانێکی سەرتانسەری لە کوردستان رابگەیەنین, هەموو شیعاراتی مەرکەزی بێت, نیزامی تایبەتی هاوبەش لە هەموو پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان پێك دێت سەرپەرشتی ئەو کارە بکەن و بەراشکاوی ئیدانەی هەڵوێستەکەی جەعەفەری بکرێت و, داوای دەست بەجێی جێ بەجێ کردنی لێ بکەین, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك خورشید وتەکانت زۆر بە نرخ بوون, بە حەقیقەت بۆ مەسەلەی پاڵپشتی کەرکووك سەد لە سەد لەگەڵ جەنابتم, من تەئکیدم هەموو برادەرانیش لەگەڵ ئەو وتەیەن, بەنیسبەت گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان, هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەرە زۆریان نوێنەریان لەم پەرلەمانە بەرێزەدا هەیەو دەتوانن لەگەڵ حزبەکانیان قسە بکەن, هەر بریارێك لێرە بدرێت, ئەوەی من ئاگام لێیە لەلایەن قیادەی سیاسی کوردەوە هەموو پشتیوانی لێ دەکەن, زۆر سوپاس بۆ جەنابت, بەرێز نازناز خان فەرموو.

**بەرێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هاورێیان زۆربەی زۆری مەوزوعەكانیان باس كرد, بەڵام ئێمە جارێكی تر دەتوانین باس لە تەئكید كردنەوە لەسەر هەندێ مەوزوع بكەین, بە پاڵپشتێ كردنی ئەو هەموو دیكۆمێنتانەی كە هەیە, ئەوە كە لە (1/15) ئیمزا كراوەو, لێرە پەرلەمانی كوردستان رەئی لەسەر داوەو, كە ئێمە بەشداری لە ئینتیخاباتی كۆتایی مانگی یەكی ئەو ساڵمان نە دەكرد, ئەگەر ئەو دیكۆمێنتیە خەتیانە نەبوایە لەبەر دەستی ئێمە, ئێمە بەو مەرجانە بەشداریمان لە هەڵبژاردنی سەرتانسەری عێراق كردووە, لەگەڵ هەموو ئەو دیكۆمێنتانەی كە ئێمە هەمانە, با جارێكی دیكە مەسەلەی دیبلۆماسی و ئیعلامی خۆمان زۆر بەهێز بكەین بەرامبەر ئەو مەوزوعەی هەیە بەڕاستی, چونكە كێشەكە وەكو هاورێیان باسیان كرد, تەنها بۆ جەعفەری نییە, ئەوە بۆ هەزارەمین جارە فێڵ لە كورد دەكرێت, غەدر لە كورد دەكرێت و, مافەكانی كورد پێشێل دەكرێت لەسەر دەستی عەرەب, وا ئەوەی كە ئێستا جەعفەری بە تەمایە بیكات هەر درێژە پێدانی سیاسیەتی تەعریبە, كە 1400 ساڵە لەو كوردستانە ئەنجام دەدرێت, بۆیە بەنسیبەت ئێمە هەموو فرتوفێڵەكانی ئەوان, هەموو پاشگەز بوونەوەكانی ئەوان دەبێت زۆر زۆر سروشتی بێت بە لامانەوە, لە پێشەوە خۆمانی بۆ ئامادە بكەین, نەك لە ناكاو كە ئەوان دێن پێشێلكاری مافێكی ئێمە دەكەن, ئێمە بە لامانەوە زۆر نوێ بێت, جا ئێمە كۆببینەوەو بڵێین چی بكەین, ئێمە لە ئێستاوە دەبێت مەرحەلەكان دابنێین بەڕاستی, بۆیە منیش لەگەڵ رەئیەكانی د. نوری و كاك خورشید شێرەم, كە هەموو ئەو مەرحەلانە یەك لە دوای یەك دەبێت ئێمە بیبڕین, ئێمە بەشداری لە ئیستیفتایەكە ناكەین لەسەر رەشنووسی دەستووری كوردستان, دەستووری هەمیشەیی عێراق, مەگەر لەگەڵ ماددەی (58) بەلای كەمی بەشێك لە قۆناغەكانی بڕی بێت و دەستی پێ كرا بێت, كە تاكو ئێستا دەستی پێ نەكراوە, ئێمە دەتوانین پەنا ببەین بۆ سەرپێچی مەدەنی و, كۆمەڵێك هەڵوێست بنوێنین, دەتوانین لێرە لەو پەرلەمانە مان بگرین, دەتوانین شەو نخونی بكەین, دەتوانین بڕژێینە سەر جادەكان, هەموو توانەیەكانی خۆمان بەگڕ بخەین, بۆ ئەوەی جەعفەری شەرمەزار بكەین و ناچاریشی بكەین, ئەو ئەركانەی لەسەر شانییەتی و ئێمە پێمان سپاردووە ئەنجامی بدات, لە دوای ئەوەدا ئێمە بژاڤێكمان هەیە بەناوی بزاڤی ریفراندۆم, جێگای خۆیەتی ئێمە لەو پەرلەمانە شەرعیەت بەو بزاڤە بدەین و, بەشێوەیەكی عەمەلی و عەلەنی, ببێت بە بەشێك لە ئەركەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانی ئایندەش و, لە شوێنێك جێگایەكی بۆ بكرێتەوە, یەعنی بەشێوەیەكی رەسمی و حكومی و, بە پاڵپشتی پەرلەمانی كوردستان ئەم بزاڤە بەهێز بكرێت, كاتێك كە ئێمە بەدیل دادەنێین, كاتێك كە ئێمە دەڵێین باڵكۆتی ئیستیفتا دەكەین و, رەشنووسەكە ئیمزا ناكەین و, ناچینە هەڵبژاردنی كۆتایی ئەمساڵمان, كە دێتەوە پاش پێنج مانگی دیكە, لەبەر ئەوەی كە ماددەی (58) بەكار نەهێنراوە, ئێمە دەتوانین لەو كاتەی یەكسەر لەجیاتی ئەو ئیستیفتایە, ئەو بەشداریەی هەڵبژاردنەی سەرتانسەریە, ئێمە داخیلی ریفراندۆم دەبین, یەعنی ئەوە بەشێك لە كێشەكانی ئێمە چارەسەر دەكات و, ریفراندۆم لە كەركووكیش بكرێت و, لێرەش بكرێت, ئەو كاتە وا بزانم هەم هەڕەشەیەكی زۆر گەورەیە لەسەر هێزی هاوپەیمانان, چونكە ئێمە راستە دەڵێین ئەوان حاكمیان ئەمڕۆ راستەوخۆ لێرە كار ناكات و هیچ سیفەتێكی دیاریان نییە, بەڵام ئێمە چاك دەزانین سەرە داوەكان هەموو لەلای ئەوانەو, باشترین وەسیلەش ئەوەیە كە بە هەڕەشە كردن و بە كاری دیبلۆماسیەت زیاتر, لەگەڵ ئەوەشدا كە كاری دیبلۆماسیەت لەگەڵ هەموو دوەلی ئیقلیمیش ئێمە دەبێت بیكەین, كە جەعفەری دەچێت بۆ تاران, دیسان ئایا پیلان یان هەر چییێكە, ئێمەش دەتوانین بەردەوام بین لە كاری دیبلۆماسی لەگەڵیان, بەڵام ئەوەی گرنگە كار كردن لەسەر نەتەوەی خۆمانەو, لەسەر هەرێمی كوردستانەو, لەسەر خەڵكی كەركوكیشە كە چۆن تەنزیم بكرێن و رێكخراو بكرێن, بۆ ئەو هەنگاوانەی ئێمە یەك لە دوای یەك ئەنجامی دەدەین, چونكە بەڕاستی لە عەرەب دەوەشێتەوە كە غەدر لە ئێمە بكات, بەڵام حەق نییە ئێمە چی تر فریوی عەرەب بخۆین بە هیچ شێوەیەك, ئەوە حەقیقەتێكی مێژووییە, بۆیە لێرەدا ئێمە دەبێت هەموو ئەو شتانە بە سروشتی وەربگرین و, هەنگاوەكان و بەدیلەكانی بۆ بدۆزینەوەو ئیشی لەسەر بكەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, بە حەقیقەت بەنیسبەت ناحیەی دیبلۆماسیەت هەیە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان, کە بەڕێزتان هەمووتان پشتیوانی لێ دەکەن و ئێوەش نوێنەری ئەوانن و, لە هەموو مستەوایەك حەرەکەی دیبلۆماسی بەقووەت هەیە, بۆ ئەوەی ئەو مافانە ون نەبێت و بێتەدی بەشێوەیەکی دیموکراسیانە, بەنیسبەت ئەمریکا و هەر کەسێکی تر چ عەرەب بێت, چ ئەمریکا دەورێکی هەبێت مافەکەت نادات, ئەگەر ئێمە خۆمان نەبین, هیچ کەسێك هیچت بۆ ناکات, کەس نایەت لە شانت بدات, بڵێ کاکە ناتەوێ فیدراڵیت بدەمێ, یان کۆنفیدراڵی, یان چیت دەوێت, دەبێت خۆت هەبیت, دەبێت خۆمان باشتر رێك بخەین و باشتر زەبت بکەین, لە هەموو مەجالێك لەگەڵتم, هەموو حەرەکەتێك بکەین, بەلاّم بە بەرنامە بێتن, خاڵی نیزامیە, فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا هەست دەکەم ئینتیقا دەکرێت لە ناوەکاندا, ئەو بیست ناوەی کە جەنابت خوێندتەوە, هەست دەکەم یان لە دوو شوێن نووسراوە, یان ئەو هەڵدەگیرێ, ئەو هەڵناگیرێ, من چەند نەفەرێك لە دوای منەوە ناویان نووسرا بوو, ئێستا پێش من قسەیان کرد, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوەکان نووسران, مانای ئەوە نییە بە تەسلسول نووسرا بن, لەبەرامبەری یەك نووسراون, یەکێك لێرە نووسرا بوو, یەکێك لەولاوەو, یەکێکی تر لەولاوە دەبێت, یەعنی زۆر هەبوو لە بیدایەت ئیتیفاقمان کرد, چونکە هەندێك لێرە کە هەموو دەستیان هەڵبڕیوە بەیەکەوە, تۆ ناتوانیت بەیەکەوە بیانووسیت و بە تەسلسولیش دابنێی, لەبەر ئەوە ناوەکانمان کردووە بە سێ بەشەوە, بەو شکلە ئینتیخابیان دەکەین, یەعنی ئەوە نییە لە سەرەوە بێینە خوارەوە, هەیە لە ئاخیرەوە ناوی نووسراوە وەك کاك تاریق جامباز, کە لە سەرەتاوە دەستی بەرز کردبۆوەو, برادەری تریش هەیە لە ناوەڕاستەوە دەستیان بەرز کردبوو, ئیتر تۆ ناتوانیت بڵێت ئەمە لە پێشی ئەمە بێت, هەمووتان قسە دەکەن, وەخت بە ئیسراحەت بۆ هەمووتان دەبێت, بەلاّم بەو تەسلسولەی کە یەك لێرە بۆی نووسراوە, بۆی نایێینە خوارەوە, سوپاس, فەرموو خاتوو پەخشان.

**بەڕێز پەخشان عبداللە حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ زۆر لەو راو بۆچوونانەم کە تەرح کران, بەتایبەتی ئەو راو بۆچوونانەی, کە نەوعە گلەییەکی تیایە لەخۆمان دوا کەوتین, هەتا رادەیەکی زۆر لە دەست لە کار بوون و, هەوڵدان سەبارەت بە مەسەلەی کەرکووك و, نەك هەر کەرکووك گشت ئەو شوێنانەی تر کە بە بڕیاری رژێمی بەعسی پێشوو لە هەرێمی کوردستان دابڕان, ئینجا ئێستا بەڕاستی تەسریحاتێکی زۆر موقلیق هەیە, یەعنی لە ناوەندی دەسەلاّتی عێراق, بۆیە منیش لەگەڵ ئەو راو بۆچوونانەم, کە ئێمە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە موزەکەرەیەك پێشکەش بە دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقی بکەین, یەعنی لە پەرلەمانەوە, لە ریئاسەتی کۆمارییەوە, لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە, هەروەها بۆ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان, هەرچەندە بەداخەوە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی کاتی بەشێك نییە لە بڕیاری (15 –46), بەلاّم کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش رۆڵێکیان هەیە هەر لێرە, کە بۆ دەست نیشان کردنی هەندێك, ئەگەر نەگەیشتنە حەسم و هەتا پەنا ببرێتە بەر کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان, ئەوە هەیە لە تاڵە, لە موزەکەرەکە بە رەئی من بە زمانێکی عەقلانی و هادئی, ئێمە ئەو موزەکەرەیە بنووسین, ئاماژە بکەین بە حەقائیقی تاریخی و جوگرافی و, ئاماژە بەوە بکرێت و تەئکید لەسەر ئەوە بکرێت, کە وەکو هەندێك لە برادەران پێش من ئاماژەیان پێ کرد مەسەلەی کەرکووك لە هەموو دانووستانێکی کورددا لەگەڵ حکومەتە یەك بەدوای یەکەکاندا, نەك هەر سەددام, نەك هەر پێش سەددام زۆر لە دێرینیشەوە, هەمیشە مەسەلەیەك بووە, مەسەلەیەکی عوقەدی بووە, چارەسەر نەکردنی ئەو کێشەیە, هەمیشە دەبێتە مایەی ئەوەی کە عێراق دائیمەن ئامادە بێت بۆ تەقینەوەو نائارامی, ئەمە یەك.

مەسەلەیەکی تر لە موزەکەرەکەدا پێ دابگیرێت لەسەر ئەوەی کە پێویستە برگەی (58) لە تاڵ هەر بەپێی تاڵ خۆی پێش (8/15) مانای ئەوە نییە (8/14), یەعنی بە ماوەیەکی زۆر کورت دەست بەکار بکرێت, بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو برگەیە, هەر لەو موزەکەرەیەشدا ئاماژە بکرێت بە دابرانی گەلێ ناوچە لە هەرێمی کوردستان لەسەر دەستی رژێمی پێشوودا, وەکو مەخمور و ناوچەکانی تر, ئاماژە بکرێت بەوەی مەسەلەی خەڵکی عێراق, بە کوردو, بە عەرەبەوە, بە تورکمانەوە, بە ئاشوورییەوە, بە کلدانییەوە, هەتا دوایی, مەسەلەی خەڵکی عێراق خۆیەتی, مەسەلەی دامو دەزگاکانی حوکمڕانی عێراق خۆیەتی, بۆ هیچ لایەنێکی دەرەکی نییە ببێتە بەدیلی خەڵکی عێراق, لە کۆتاییدا بڕیاری ژمارە (60)ی پەرلەمانی کوردستان لە (2005/1/15)ەوە هەیە, ئاماژە بکرێت بەو بڕیارە, کە ئێمە لە حاڵەتێکدا نەگەیشتینە هیچ شتێك, ئەوە ئەو بڕیارە هەیە, لە کۆتاییدا دەڵێم بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن حەزم دەکرد زانیارییەکی زیاترم هەبوایە لەسەر ئەو لیژنەیەی کە ئاماژەتان پێ کرد, نەك هەر من گشت پەرلەمان, هیوادارم دوایی شتێکی زیاتری لەسەر بزانین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, بەڕێز عەبدوڵلا نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموویان هەر یەکێ ئەوانەی کە برادەران عەرزیان کردن, بەلاّم صیغەی جیا جیا هەیە, پێشەکی من دەمەوێ پرسیارێك بکەم لە هەموو خۆمان, ئایا فەرق چییە لە نێوان رژێمی پێشوو و لەگەڵ ئێستادا, فەرقەکەی چییە؟ من تەسەور ناکەم هیچ فەرقێك هەبێت, بەڵکو خراپ تریشە, دەگەڕێینەوە بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا, کە دەفەرمووێت ( ئەو کەسەی دوو جار دەستی لە کونێك را کرد و ماری پێوەدا, با گلەیی لە کەس نەکات), ئینجا بۆیە من پێم وایە ئێستا زۆر پێویستە پێ داگرتن لەسەر ئەو مەسەلەیە, ئەوەی لەبەر دەستتان دایە, بەتایبەتی لیژنەیەك وەکو جەنابیشت فەرمووت شتێکی زۆر چاکە, ئەو لیژنەیە دروست بکرێت, بەلاّم لە هەمان کاتدا لیژنەی دەستووری, ئەو دەستوورەی صیاغە دروست دەکات لە عێراقدا, لە بەغدا لەگەڵ رەئی برادەرانم وەکو د. نوری و کاك سەردار هەرکی, ئەو لیژنەیە را بگیرێت, تاکو ئێمە دەگەین بە ئاخیر دەستووری خۆمان, کە دروست دەکرێت, چونکە ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە لەو حاڵەتە بە حاسمی بۆی نەچین, بە رەئی من دیسان زەرەرێکی دیکەی گەورەتر دەکەین, دەستوورەکە دروست بکرێت هیچمان لە دەست نامێنێت, جا بۆیە داوام وایە پەرلەمانی کوردستان بە کتابێك داوا بکات لیژنەی دەستوور لەوێ رابگیرێت, تاکو دەستووری ئێمەی کوردستان, یان ئیعتیرافی ئەوان بە واقیعیەتی کەرکووك کە کوردستانە و بە فیدراڵیەتی, دووەمین پێم باش بوو لیژنەیەك داوا بکرێت لەو دەوڵەتانەی کە فیدراڵیەتیان هەیە, چونکە تاکو ئێستا برادەرانی ئێمە, ئەو برایانەی ئێمە لە بەغدا, هەرچەندە برا نین, پێم وایە زڕ براش نین, بەلاّم دەبێت بڵێین برا, ئەو برایانەی کە لە بەغدان, تا ئێستا لەوێ, یان حاڵی نین کە فیدراڵیەت چییە, یاخود خۆیان لێ لا دەدەن, نایانەوێ بزانن فیدراڵیەت چییە, بۆیە پێم باش بوو داوا بکرێت لیژنەیەك لەناوخۆمان, لیژنەیەکی باڵا, لە قانون ناسەکان لیژنەیەکی یاسایی لەگەڵ هەندێ دۆستی دەرەوە دابنیشن لەگەڵ ئەو برادەرانەی ئەوێ پێیان بسەلمێنن کە فیدراڵیەت چییە, دووەمین ئەو لیژنەی خۆمان وەکو جەنابت باست کرد, پێشەکی وا پێم باش بوو لەگەڵ خودی جەعفەری دابنیشن, ئایا ئەو هەموو قەراراتەی کە دراون و تەوقیع کراون لە مەجلیسی حوکم, ئێستا ئەو پاشگەز بوونەوەیە, رۆژ بە رۆژ وردە وردە لێی پاشگەز دەبنەوە, هەتا ئاخیرەکەی دەمانبەنە سەر سفر, کەواتە لەو حاڵەتە ئەگەر ئێمە زوو دەست و برد نەکەین, من پێم وایە زەرەرێکی زۆر دەکەین و سەفەرەکانی کاك جەعفەریش ئێستا هەر رۆژێ بۆ وڵاتێك, عەینی ئەوە دەگەیەنێت ئیجتماعی هەر سێ دوەلی دراوسێ بوو کە ساڵێك و دووان و, رۆژانە ئیجتماعیان دەکرد, رۆژێك لە سوریا و, رۆژێك لە تورکیا, رۆژێك لە ئێران, بۆ ئەوەی حقووقی کورد بشارنەوەو بزری بکەن, بەلاّم ئەو دۆستانەی ئێمە هەمانە و بوومان, ئێستا لەگەڵمانن حەقە لەو کاتە بێنە ئەو مەیدانە, لەو ساحەیە دیفاع لەو مەسەلەیە بکرێت, لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, بە نیسبەت مەسەلەی لیژنە لەگەڵ جەعفەری دەرچێت, ئێمە سەرۆك كۆماری عێراق ڕێزدار مام جەلال تاڵەبانی كوردەو, ئەو برایە لەبەر سەرپەرشتی ئەو برا و خوشكانە, كاكە لە بەغدا گفتوگۆ دەكەن بۆ نووسینەوەی دەستوور, ڕێزدار مام جەلال كە تەكلیف كراوە لەلایەن قیادەی سیاسی كوردەوە, كە پرۆژەی جێ بەجێ كردنی ماددەی (58) بخاتە كارو, ئێستا خەریكێتی, یەعنی ئێستا من لەو گومانەم ئەگەر ئەمڕۆ دەستیان پێ كرد بێت, بەنیسبەت جەعفەریش ڕاستە لە قائیمەی ئیئتیلافە, بەڵام هەر چی هەبێتن بە تەنیا ناتوانێت قەرار بداتن و, كوردیش هەڵوێستی هەیە, دواییش هەر لیژنەیەك بۆچی دانرا بێت ڕەبتی و, مەسیری بە مەسەلەی كوردەوە هەبێت, چارەنووسی كورد دەبێت ئەو قەرارەی كە دەڕوات و ئیمزا دەكرێت, دەبێت ئەم پەرلەمانە موافەقەتی لەسەر بدات, ئەمە ڕەئی قیادەی سیاسی كوردیشە, هی پەرلەمانی كوردستانیشە, بڕیاریشی پێ دەردەكەین, هەر قەرارێك ئیمزا بكرێت لە بەغدا, پەرلەمانی كوردستان كە چارەنووسی كوردستانی پێوە ڕەبت بێت, موافەقەتی لەسەر نەكرێت, قەبوڵ ناكرێت, یەعنی هیچ لەوە مەترسێن, كەس ناڕوات, ئەو برایانەش كە لە بەغدان, كە لەو وەزعە هیلاك و ماندوون و ئیش دەكەن, بۆ خۆیان گفتوگۆ دەكەن, موناقەشە دەكەن, لەو سنوورەی ئەو پەرلەمانە بۆیانی داناوە, ئەم پەرلەمانەش ئیشەكانیان دێتەوە ئێرە ئیمزا دەكرێت, ئینجا دەڕۆنە ئەوێ ئیمزای دەكەن, ئەوە تەوەققووع دەكەم ئێمە لێی مونتەهینەو ئێستا بڕیاریشی پێ وەردەگیرێت و, ئینشائەڵلا نەتیجەی باشی لێ دەبێت, من لەگەڵتانم, یەعنی حكومەتی عێراق وەزیرەكانی لێ دەربكە, وەكیل وەزیرەكان, ئەوبتر هەمووی دارو دەستە كۆنەكەی جارانە, بەهەمان شێوە ئیش دەكەن و, بە ئەفكارێكی ڕەنگە خراپ تریش, ڕەنگە شتی زۆرتریش, هەندێكی لە نەزانین, هەندێكیشی لە مەلعەنەت, بەڵام ئێمە هەبین وریا بین, هیچ تەئسیرێك لێمان نابێت, كاك د. ناصح فەرمو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جێی خۆشحاڵییە, كە ئەندامانی پەرلەمانی ئەم خولەش ئەوەندە بە بایەخەوە باس لە كێشەی كەركوك دەكەن, ئەمڕۆش دانیشتنێكی تایبەت بە بیر و ڕا گۆڕینەوە, دەربارەی ئەم كێشەیەو وەرگرتنی بڕیارێك بەرامبەر بەم كێشەیە لە پەرلەمانی كوردستاندا ڕێكخراوە, ئەوەی شایانی باسە كورد لە مێژەو, بەتایبەتی شۆڕشەكانی كورد, داواكاریەكانی كورد, لە مێژە باس لە كەركوك و باس لە كێشەی كەركوك دەكرێت, باشترین نموونە شۆڕشی مەزنە ئەیلوولە, لە كاتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیدا یەكێ لە داواكارییەكان ئەوە بوو, كە دەبێت كەركوك بخرێتە سەر هەرێمی كوردستان, یان ناوچەی كوردستان, یان كوردستانی عێراق, نەك هەر بەم شێوەیە, بەڵكو لە پرۆژەی ویلایەتی كوردستاندا, كە خۆش بەختانە ئەو پرۆژەی ویلایەتی كوردستان كە لە ساڵی 1974م, لەكاتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە سەرۆكایەتی بارزانی نەمر داڕێژرا, ئەو پرۆژەیە بۆتە بناغەی ئەو پرۆژانەی پاشان لە ساڵی 2002دا داڕێژران, دێم باسی دەكەم, لەو پرۆژەیەدا ناوی ناوچەكانی كوردستان هاتووە, ناوی هەرێمی كوردستان هاتووە, كە چ شوێنێك دەگرێتەوە, لە سنجار و زمار و شێخانەوە تا دەگاتە مەندەلی و خانەقین و ناوی ئەو شوێنانە لەناو ئەو پرۆژەیەدایە, بەنیسبەت كەركووكەوە, كەركووكی كردووە بە پایتەختی كوردستان, پێشنیاری كردووە كە كەركوك بكرێت بە پایتەختی كوردستان, كەواتە شۆڕشەكانی كورد, بەتایبەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بایەخێكی تایبەتی داوە بە كەركوك, خۆش بەختانە لە دوای ڕاپەڕینی هەرێمی كوردستانیش, كە هەرێمی كوردستان هاتە ئاراوە, پەرلەمانی كوردستان دیسانەوە لە خولی یەكەمەوە دەیان دانیشتن كراوەو, باسی كەركوك كراوەو, بەپێی ئەو دانیشتنانە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان لەگەڵ پرۆژەی كۆماری فیدراڵی عێراق, كە لە 2002/11/7دا بە بڕیاری ژمارە (26) و بە بڕیاری ژمارە (27) هەردووكیان لەم پەرلەمانە بەڕێزەدا پەسند كران, ڕاستە وەكو پرۆژە پەسند كراون, بەڵام ئەو پرۆژەیە بەنیسبەت ئێمەی كوردەوە, پرۆژەیەكی مولزەمە, چونكە هەر (36) حزبی كوردستانی ئەو دەمە ئەمەیان پەسند كردووە, ئینجا هاتۆتەوە پەرلەمان, پەرلەمانی كوردستان بڕیاری پێ وەرگرتووە, ناوەڕۆكی ئەو پرۆژانە لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە, كە لە 2004/3/8دا ئیمزا كراوە لەلایەن ئەنجومەنی دەسەڵاتەوە, لە خۆڕا نەهاتووە دان بە

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنێت, لەناو قەوسێکدا تەعریفی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات, کە پەرلەمانی کوردستانە و حکومەتی کوردستانە و دەسەلآتی سولتەی قەزائی هەرێمی کوردستانە, لەویَ مانای وایە دان بە هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەدا نراوە, کە لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە, کەواتە پەرلەمانی کوردستان شتی زۆری کردووەو, داخوازیشی تەقدیم کردووە بە نیسبەت ئەمەوە, ئێمە تەنها ئەوەی کە پێویستە لێرە بەنیسبەت ئەو خاڵەوە دووبارە کردنەوەی ئەوەیە, کە دەبێت ئەم کێشەیە بە زووترین کات چارەسەر بکرێت, یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت وەکو گوتمان لە ماددەی (58), ماددەی (53)و, هەروەها ماددەی (61)دا ئاماژەی بە هەندێك لەو خاڵانە کردووە, بەتایبەتی ماددەی (58) زۆرینەی باسی ئەو کێشەیە دەکات, ئالیەتی بۆ داناوە, راستە لەوانەیە وەکو پێویست نەبێت ئەم ماددەیە, یەعنی دەردی دڵی ئێمەی بە تەواوەتی تیمار نەکردووە, بەلآم ئالیەتێکی داناوە, بۆ ئەوەی دەردی دڵی ئێمەش تیمار بکات, ئەو ئالیەتە تاکو ئێستا جیَ بەجیَ نەکراوە, یەعنی گلەیی ئێمە, گازاندەی ئێمە, نارەزایی ئێمە بەرامبەر ئەو ئالیەتەیە کە تاکو ئێستا جیَ بەجیَ نەکراوە, حکومەتی عەلاوی ئەمەی دواخست و نەی کرد و نەی کرد, هەتا لە کۆتاییدا لیژنەیەکی دروست کرد, بەلآم دروست کردنی لیژنەکە هەموو شتێك نەبوو, راستە عەلاوی لیژنەی دروست کرد, بەلآم لیژنەکە دەست بەکار نەبوو, لێرەوەش دیسان ئەو لیژنەیە نەك تەنها دەست بەکار نەبووە, بەداخەوە حکومەتی جەعفەری پێشنیار دەکات, داوا دەکات ئەم کێشەیە دوابخرێت و, جەعفەری نازانم راست دەکات, یان نا؟ دەڵێت من ئەو بەرنامەیەم کە تەقدیم کردووە, یان ئەو کێشانەم کە باس کردووە, دەڵێت وەزیرەکانی کوردیش بەشدار بوونە, یەعنی تاوانەکە و گوناهەکە دەخاتە ئەستۆی نوێنەرانی کورد لە وەزارەتدان, جا لێرە سوێند خواردنەکە ئەو دوو وشە گرنگەی کە دیموکراتی و فیدراڵیەتە لایبرد بوو, حەتمەن لەبەر چاوی ئەوانی تر بووە, ئەم کێشانە مەفروزە برایانی ئێمە, بەتایبەتی لە حکومەتی بەغدا دا دەوری خۆیان ببینن, یەعنی راستە ئەمە ئەرکی ئێمەشە, ئەرکی پەرلەمانی عێراقیشە, ئەرکی کوتلەی کوردیشە لەویَ, بەلآم ئەرکی ئەوانیشە, چونکە لەلای ئەوانەوە دەرچووە, هەندێك لەو خاڵانە, تەبعەن ئەوە چۆن چارەسەر دەکرێت, بەقەناعەتی من پێش هەموو شتێك داوا بکرێت, ئەو لیژنەیەی کە ئامادە کراوە بە سەرۆکایەتی کاك حەمید مەجید, ئەو لیژنەیە دەست بەکار بێت, تا 8/15 دەبێت ئەو ئالیەتەی کەوا لە ماددەی (58) دیاری کراوە, ئەو ئالیەتە جیَ بەجیَ بکرێت, چارەسەر بکرێت, ئەمە یەك.

دوو/ ئێمە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەو پێشنیارەی کەوا بەڕێز کاك خورشید شێرە کردی, ئەو خاڵانە یەکێك لەوانە موزەکەرە بوو, بەڕاستی ئەو موزەکەرەیە زۆر زۆر زەرووریيە, موزەکەرەی نارەزایی بوون, هەڵوێست وەرگرتنی پەرلەمان بەرامبەر بەو مەسەلەیە, بەرامبەر بە حکومەتی جەعفەری, حکومەتی جەعفەری تەنها شەخسێك نییە, راستە حکومەتی جەعفەری تەمسیلی ئیئتیلاڤی شیعە دەکات, یەعنی ئیئتیلاڤی عێراقی موەحد کە ناوە رەسمیەکەیەتی, لەویَ حکومەتی جەعفەری موحاوەلە دەکات بە هەر شێوەیەك بێت ئەم مەسەلەیە دوا بخات, چونکە وا تەسەور دەکات, ئەمە لە بەرژوەندی ئەوانە, لە بەرژەوەندی شیعەیە لە کەرکووك, بەلآم ئەو نازانێت کێشەی کەرکووك ئاگرێکە, ئەگەر چارەسەر نەکرێت هەموو عێراق دەگرێتەوە, لێرە پێویستە تێیبگەیەنین, کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە نابێت بەردەوام بێت لەسەری, خاڵێکی تر ئەوەیە ئێمە پێویستە لەو پەرلەمانەدا لیژنەیەکی تایبەتی کاتیمان هەبێت, بەناوی لیژنەی کەرکووك, بۆ بەدوا داچوونی کێشەکان و چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووك, چونکە لە پەرلەمانی کوردستان زۆر جار لیژنەی کاتیمان دروست کردووە, لیژنەی هەمیشەییمان هەیە, لیژنەی کاتیمان هەیە, ئەو لیژنە کاتییە لە چەند برادەرێکی شارەزا لەهەموو بوارەکان پێك هاتووەو, کە خۆیان تەرخان بکەن لەو لیژنەیەدا, چونکە دەبێتە لیژنەیەکی پەرلەمانی, راستە لە دەرەوەی پەرلەمان لیژنە دروست بووە, جێگەی رێزو تەقدیرن ئەو برایانە و ئەو سەرکردانە, بەلآم پەرلەمانی کوردستان دەبێت لیژنەیەکی تایبەتی هەبێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووك, ئەو داخوازیانە دەدرێتە سەرۆکایەتی, لەلایەن سەرۆکایەتیەوە بەرز دەکرێتەوە بەناوی پەرلەمانەوە, نەك بەناوی لیژنەکەوە, تەبعەن ئەو موزەکەرانەش کە باسیان کرد بوو بۆ (UN), داوایان لە نوێنەرانی خۆمان لە بەغدا کرد بوو دەست بەکار بن, دەوری خۆیان ببینن, ئەمە هەمووی جێی تەقدیرە, پێویستیشە وا بێت, خاڵێکی تر بەڕاستی باسی موزاهەرە کرا, من ئەوە زۆر زۆر بە زەرووری دەزانم, ئینجا یا بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە داوا بکەین, یان بەناوی حزبەکانی

كوردستانەوە داوا بكەین, رۆژێك دیاری بكرێت لە مانگی حەوتدا, یەعنی لە ماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا, رۆژێك دیاری بكرێت لە هەموو شارەكانی كوردستان, بەتایبەتی ئەوانەی لە هەرێمی كوردستانی ئێستا بلێین, رۆژێك دیاری بكرێت موزاهەرەیەیك سلمی بێت داواكارییەكان, داواكاری یەكگرتوو بێت, پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ حزبە كوردستانیەكاندا دابنیشن و موزەكەرەیەك تەقدیم بكەن, ئەو موزەكەرەیەی كە تەقدیم دەكەن لە هەمان كاتیشدا موزاهەرەی لەگەڵ بێت, لەگەڵ رێز و تەقدیریمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك د. ناصح, بەحەقیقەت بۆ مەسەلەی جەعەفەری, جەعەفەری راستە لە رۆژی 29ی مانگ لە رۆژهەلاتی ناوەراست موقابەلەیەكی كرد, زۆر خەتر بوو, ئێمە وەلامیشمان دایەوەو, بەناوی سەرۆكایەتی پەرلەمان و ئێوەی بەڕێز, باسی لەوە كرد كە مەسەلەی كەركوك مەسەلەیەكە توركیای پێ نارەحەت دەكات, یەعنی موحاوەلە دەكاتن دەستی دەرەكی بێنێت بۆ ناو عێراق و تەحویلی دوەلی ئیقلیمی بكات, ئەمە مەرفوزە لە بانەوە تاكو خوارەوە, برادەرانیش ئیش دەكەن لەگەڵی, ئەوەی كە كاك جەعفەری دەڵێت برادەران بۆ تەئجیلی نا, بەڵكو بۆ باسی سوێند خواردنەكە دەكاتن, یەعنی عەفەوی بووە, نەك عەمدی بووە, چاك كرایەوە دوای ئەوە, كە چاك كرایەوە, ئێستاش بۆ هەر مەسەلەیەك تەنها كەركووك نییە, ئێمە لە سنجار و زەمارەوە بگرە تا خانەقین و زەرباتیە و زەمار و دیالە, ئەمانە هەمووی ئەو مەنتیقانەنن كە نەهاتۆتەوە سەر سنوور, ئێمە باسی هەموویان دەكەین, بەلام كەركوك بۆتە سیمبول و رەمزێكە, بۆیە ناوی كەركووك زۆر دەهێنرێت, بۆیە دەبێت بە شتێكی شامل سەیری بكەین, بە هەمووشمان هەموو مافەكان دێتەوە رێ, خەباتێكی حەزاری ئەوانەی باستان لێوە كرد, هەمووی بەرنامەی بۆ دادەنێین, دوای ئەوەی پەرلەمان ئەگەر بەڕێزان موافیق بوون لەسەری لەوەختی خۆی چی بكەین؟ داوا بكەین لە جەماوەری كوردستان, ئێمە لێرە نوێنەری میللەتی كوردین لەناو كوردستانی عێراق, بۆیە دەبینین لە هەڵوێستی هەموو ئەو بەڕێزانە هەموو دڵسۆز و دڵ گەرمن, بۆ ئەوەی ئەو مافانە جێگەی خۆی بگرێت, گوریس راكێشانە ئەوە موحاوەلە دەكەن حەقائیق بگۆڕن, تۆ دەتەوێ وەكو خۆی بێت, لەبەر ئەوە هەر ئێمە سەركەوتووین و سەریش دەكەوین تێدا, كەرم بكە خوشكە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵی پوختم هەیە, یەك/ حەقە هەموو ئەو بەڕێزانە كە هەڵدەستن قسەكانیان كورت و پوخت بێت, كاتەكەمان نەكوژن بە قسەی لاوەكی و شیعاراتەوە.

دوو/ ئەوەیە كە ئەوەندە قسەی یەكتری دووبارە نەكەینەوەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خوشكی من بەنیسبەت ئەم دانیشتنە و دانیشتنەكانی تری پەرلەمان, ئەمە زۆر گرنگە, مەسەلەیەكی زۆر حەددییە, مەسەلەیەكی خەتی سوورە بەنیسبەت كورد و كوردستان, لەبەر ئەوە با ئەو بەڕێزانە بەدڵی خۆیان قسە بكەن, با نەختێك وەختمان زیاتر بێت, زۆر سوپاس, فەرموو كاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

گرنگی بابەتەكە رۆشنە, مەرەحەلەكەش تا بڵێی هەستیار و ناسك و چارەنووسسازە, هەر دواخستنێكی ئێمە دەزانین زەرەرێكی گەورەیە, بەڵكو نوسكۆیێكە, ئەلحەمدولیلا مەوقیع و مەوقیفی كوردستان, حكومەتی هەرێم بەهێزە, لاوازی و شتی وا یەعنی زەعیفی تێدا نییە, ئێمە ئەلحەمدولیلا دوو دۆكیومێنتی وازیحمان لەبەردەستە, وەعدی زۆر لە ئەمریكا و لە بەریتانیا وەرگیراوە كاتی وەفدەكە رۆیشت و, لە حكومەتی بەڕێز عەلاوی ئەوانە هەموو هەن, لەسەر هەموویانە مەوقیفی حەقیقی, نوێنەری حەقیقی كوردستان و داواكانی كوردستان ئەمە لێرەیە لە پەرلەمان, زۆر زۆر پشتگیری ئەمە دەكەم وەكو د. تاڵەبانی گوتی موزەكەرەو هەموو داواكانی خۆمان لەوێ بدەین, مەوزوعی ماددەی (53) كە دەڵێن

سنووری پارێزگاکان دەستکاری ناکرێت, ئەم ماددەیە ماددەیەکی عامە, ماددەی (58) تایبەتترە, کێشەیەکی موحددەو تایبەتییە, یەعنی تەقلیدی عام دەکات, یەعنی ئەوە نابێتە عام, لێرە من دەمەوێ مەلاحەزەك بدەم لەسەر ماددەی (58), ئێمە زۆرتر بەردەوام لە خیتاب و لە ئەدەبیاتی ئێمە تەئکید لەسەر ئەمە دەکەین, باسی تەرحیل دەکەین و, باسی گەڕانەوەی ئاوارەکان دەکەین, ئەوانەی هاتن بگەڕێنەوە جێگای خۆیان, ئەمە مافی خۆیانە و دەزانین بە چ دافع و بە چ مەبەست ئەوانەمان هێنا, بەلاَم تا ئێستا بە نەزەری من ئەمریکا و بەریتانیا لەو مەوزوعە مەوقیفیان چییە, من خۆم زۆر باوەڕم پێ نییە, چونکە لە ناحیەکی ئینسانی سەیر دەکەین و, خۆیانیش چۆن وەکو وەفدی فەلەستینی دەچوو ئەمریکا دەیانگووت ئێمە عەرەبی ئەصیلین و حەقائقی جوگرافیا و تاریخ تەئکیدی دەکات, کە ئەوە عەرزی فەلەستینیەکانە و ئیسرائیلی هاوردەنە و لە فلان شوێن و فلان شوێن, ئەوان گوتیان بابە ئێوە بەو خیتابە جوین بە ئێمە دەدەن, ئێمەش موهاجرین و هاتین و, ئێستاش لە هەر دەوڵەتێکی پێنج ساڵە جنسیەی پێ دەدەن و دەبێتە هاووڵاتی ئەوان, ئێمە تەئکید لەسەر ئەوە بکەین, سنووری ئیداری وا بزانم لە ختیابی ئێمە و لە ئەدەبیاتی ئێمە ئەوە موهیمە, چونکە مادام ئیحصا هەیە, مادام ئیستیفتا هەیە, ئەم مەوزوعە ئەگەر کفری و کەلار و دوز و چەمچەماڵ هاتن (750) هەزار زیاد دەبن لەسەری هەتا ئەو (300) هەزارەی ئەوەی کە عەددەکەش دەبن ئەو عەرەبانە هاوەردەن یان نا, کەمتریشن لەمە بمێنێن زۆر ئەو ئیشکالە نییە, بە نەزەری من تەرکیزمان لەسەر ئەوەیە ئەمە چارەسەر بووە سنووری ئیداری توانیمان بگۆڕین, ئەوەش ئاسانترە مەسیری کەرکووك وازیحە و مەزمونە, لێرە من یەك شت دەڵێم ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن ئیهمال و تەخسیرییەکی زۆر هەیە, وەکو دیکیۆمێنت وەسائیق هەموو لە ساڵحی ئێمەیە لە چارەسەر دانە, بەلاَم موفاویزینی ئێمە لە بەغدا زیاتر مەشغولی هەندێ مەکاسیب و هەندێ مەواقیع و هەندێ مەناصیبن لەگەڵ ئەوپەڕی رێزم بۆ شەخسیەتیان و بۆ خەباتیان, لێرە قسەکی جەنابی مەلا مستەفا دێتەوە بیرم, ئەوانەی پۆستدار بەتامای پۆست بن لە بەغدا مولاحەزەی هەبوو, کە ئەو نەفسی خۆیان ببنە موفاویز لەوێ, ئیعتیرازێکی تریش لێرە ئەگەر تەسجیل بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت جەنابی سەرۆك بارزانی نەمر دەیگوت ئەو وەفدەی ئێمە بەو موفاوەزە, نابێت پۆست وەربگرن, نەك هەر بۆ ئەوانە بن, یەعنی بە پێچەوانەیە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمانەوێت ئێستاش هەر پۆستدارن و مەعلومە ئەگەر وەفدی ئێرە, یەعنی مەقسەدم من تەئکیدی ئەوە دەکەم لەناو پەرلەمان لێرە ئەو لیژنەیە, داواکاری لێرە تەمسیلی مەوقیفی کوردستان بکات, لێرە لیژنەیەك دامەزراوە بەناوی لیژنەی قانونی و جەنابت ئیشارەتت پێ کرد, نازانم هەر لیژنەیەك لازم لێرە دروست بکرێت, ئێمە زۆر جار چەپکە گوڵ دەبیستین, تا ئێستا نازانم لەو نەوعە شتانە عەمەلی زیاتر چەپکە توور و کەرەوز و, یەعنی گوڵەکە تەواو نەبووە, لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت هەر شتێك هەر قەرارێك دەدرێت, من پێشتر دووبارەم کردووەو, دووبارەی دەکەمەوە, دێتە ئەم پەرلەمانە لێرە قەراری پێ دەدرێت, یان ئەو برادەرانەی لێرە لیژنە هەیە, لیژنەی یاسایی هەیە, لیژنەی جۆراوجۆر هەنە, دەدرێتە ئەوان و دیراسەتیش دەکرێت, دێتە پەرلەمان و گفتوگۆ دەکرێت و دەنگی لەسەر دەدرێت, هیچ شتێك لە بەغدا, نە وەفد بوو لە بەغدا لەو برایانە, نە ئیمزایان کردووە, نە ئیمزاش دەکەن, بەبێ ئەم پەرلەمانە هیچ ئیتیفاقێك لەنێوان کوردستان لەگەڵ عێراق لەسەر مافی میللەتی ئێمە ناکرێت, ئەمە شتێکی حەتمییە و براوەتەوەو, دەبێت بڕیاری پێ دەربکەین ببڕێتەوەو, بە غەیری ئەوە نایکەین, سوپاس, بەڕێز کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قەزییە یەك لا بكرێت بەڕاستی, چونكە موستەنەدێكی تاریخی زۆر گەورەمان لەبەر دەستییە, كە لە زەمانی زوحاكی, كە ویلایەكی شارەزوور هەبوو, كە كەركووك عاصیمەیەكی كوردی بوو, یەعنی هیچ موناقەشەی لەسەر نییە, قەزیەی دووەم خیلاف لەسەر كەركووك, خیلافەكە بە ئیشارەی دەولەی موجاویرە, یەعنی بە دەولەی دراوسێمانە, ئەوجا باشترین شت ئەوەیە, كە ئێمە لە بۆی بچین, ئەوەیە باشە نازانم تەئكیداتی ئەمریكی و بەریتانی مانای چییە, ئێستاكە لەو قەرارەی هاتووە, یەعنی ئەو تەئكیداتە بۆ چییە, ئەگەر ئەوان پاڵپشتێكی ئێمە نەبن بۆ ئەو مەوزوعەی, سەرەتای هەموو شتێك, یەعنی دیارە ئەوان كە نییەتیان پاك نەبوو لە نووسینەوەی دەستوور, گوتیان ئێمە ئیلتیزام ناكەین بە قانونی ئیدارەی دەوڵەی موئەقەتە, سەبەب چییە, هەموو قەزیە كەركووكە, یەعنی دەیانەوێ ئەو ماددەی (58)ە تەتبیق نەكرێت, ئەوە بوو كە سەركردەكانی ئێمە وەڵامیان دایەوە, كە ماددەی (58) قەرارێكی سەربەخۆیە, هەتا ئەگەر مەربوتیش نەبێت بە قانونی ئیدارەی دەوڵەی موئەقەتە, جا پێم باشە ئەگەر ئەو موزەكەرەیە دەنووسرێتن بۆ حكومەتی جەعەفەری, كە دەزانم بێ ئیستیفادەشە, كە ئەو موزەكەرەیە دەنووسرێت, یەعنی ئێستاكە موفاتەحەی ئەمریكا و بەریتانیا بكرێتەوە, چونكە ئێستاكە بەڕاستی سەیتەرەیەكی گشتی لەبەر دەستی ئەوانە, یەعنی هەتا ئەگەر ئەوان حكومەتن, بەس ئەوان ئێستا سەیتەرەی عێراقی لەبەر دەستی ئەوانە, دەتوانین بە ئیشارەی ئەوان ئێمە تێیان بگەیەنین, كە دوەلی دراوسێ دەستی لەسەر كێشەی كەركووك هەیە, لەبەر ئەو پاشگەز بوونەوەو, لەبەر ئەوەی ئەوان ئێستاكە پاشگەز بوونەوەو, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, خوشكە نەسرین فەرموو.

**بەڕێز نسرين محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارەكان و پێشنیارەكانم باس كران, نامەوێ دووبارەیان بكەمەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, كاك كەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز كريم بحري عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرباری ئاڕاستە كردنی یاداشتنامەی كوشار ئامێز بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان, من دوو پێشنیارم هەیە, پێشنیاری یەكەم ئەوەیە ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بە هەماهەنگی و هەروا ئاڵوگۆڕ كردنی بیروڕا لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگار و ئیدارەی كەركووك پێكەوە بتوانین ئەو شتانەی دەكرێن لە قانونەكەدا هاتووە, لەسەر زەوی, لەسەر واقیع, لە واقیعدا جێ بەجێیان بكەین, پێم وایە دەتوانین بیكەین.

پێشنیاری دووەمیشم ئەوەیە ئێمە هەوڵ بدەین پێناسەی هەرێمی كوردستان و سنووری هەرێمی كوردستان لە دەستووری هەمیشەییدا بچەسپێنین و جێگیری بكەین, ئەگەر ئەوەمان بكەین, ئێمە دەتوانین مەلەفی كەركووك و مەلەفی سەرجەم ناوچە تازە رزگار كراوەكان دابخەین و, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, كاك تەڵعەت خدر فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە خاڵی دووەمی كۆبوونەوەی ئەمڕۆمان تایبەتە بە هەڵوێست وەرگرتن سەبارەت بەو تەسریحاتانەی كە لە بەغداوە دەردەچن دژی شاری كەركووك و دژی ماددەی (58), كە دەیانەوێت تەئجیلی بكەین, ئەو ئالیەتەی كە پێویست بوو باس بكرێت زۆر لە برادەران باسیان كرد, لەوانە كاك د. تاڵەبانی و كاك سەردار و خاڵە خورشید, من موافیقم بە تەواوی لەسەر ئەوانە, بەڵام وا دیارە شەڕەكە لەنێوان ئێمە و حكومەتی مەركەزی لە ئێستاو پێشتریش دەستی پێ كرد بوو,

پێشتر شەڕەکە خەفیف بوو, ئێستا شەڕەکە ئاشکرا بووە, لەبەر ئەو تەسریحاتانەی کە دەیانەوێت کێشەکە تەئجیل بکەن و بەرزی بکەنەوە, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی پسپۆڕی لە شارەزایانی جوگرافیا و تاریخ و جگە لە خەڵکانی سیاسی خۆمان لە دەرەوەی پەرلەمان و لەناوەوەی پەرلەمان پسپۆڕ بن لەو مەجالە لە بواری تاریخ و جوگرافیا, هەڵبستن بە کۆکردنەوەی ئەو دیکیۆمێنتانەی کە تایبەتن بە دیاری کردنی سنووری کوردستان, چونکە ئێستا ئەوان لە کەرکووك لە مەنتیقەی شیمالن لە سنووری کوردستان و سنووری ئیقلیمی کوردستان, دەبێت چۆن پەشیمان بن, بەڵێ ئەو لیژنەیەی کە من باسی دەکەم کۆکردنەوەی ئەو دیکیۆمێنتانەیە لە سەرتانسەری جیهان هەیە, زۆر لە شوێن دیکیۆمێنتات هەیە لە کەرکووك لەسەر خاکی کوردستان کۆ بکرێنەوەو لەناو فایلێك بن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, ئەو لیژنانە هەن, ئەو پسپۆڕانەی لە بواری تاریخی و جوگرافی ئێستا خەریکن خۆیان ئامادە دەکەن, کە ئامادە کرا دەیهێنینە ئێرە, لە پێش بەڕێزتان ئیقراری لەسەر دەکرێت, کە ئەم نەخشەیە خەریتەی کوردستانە, کۆتاییە کە لەگەڵ بەغدا موفاوەزەی لەسەر دەکرێت, باپیر کامەلا فەرمووو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بەشێکی زۆر لەو قسانەی کە من دەمویست بیکەم, کاك خورشید و کاك سەردار هەرکی و کاك تاریق جامباز کردیان, بەلأم تەنانەت روون کردنەوەیەك هەیە لەسەر ئەوەی کە لەسەر وەزعی عێراق بەشێوەیەکی گشتی, نموونەیەکی ئاشکرایە کە عێراق بۆتە مەیدانی ململانێ نێو دەوڵەتی و ئیقلیمی, ئەوەی هەست پێ دەکرێت, کە ئیبراهیم جەعفەری باس کرا, کە ئەمە هەڵوێستی جەعفەرییە, نەخێر ئەوە تەنانەت هەڵوێستی جەعفەری نییە, بەڕای من پیلانێکی ئیقلیمییە, کە ئەو پیلانە ئیقلیمییە لە لایەن دەوڵەتانی ئیقلیمییە, بەتایبەت ئەوانەی بەشێکی کوردستانیان لەبەر دەست دایە, کە پێیان وایە دروست بوونی فیدراڵیەت لە کوردستاندا, یان دروست بوونی حکومەتێکی دیموکراتی لە عێراقدا, دەبێتە فشارێك, یان ئەوانیش دەگرێتەوە, یان رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پارچەکانی تر, بۆ بەریگری کردن لەخۆیان پیلان دادەڕێژن لە رێگەی ئەو کەسانەی کە گوێ رایەڵیانن, من پێشم وایە بەشێك لەو هەڵوێستانەی کە لە حکومەتی جەعفەری, یاخود ئەوانەی کە  هاوشێوەی ئەون, یان سەدر, یاخود سیستانی, کە مەسەلەی فیدراڵی لەو چەند رۆژەدا رەتی کردەوە, هەمووی لە چوارچێوەی ئەو پیلانانە دەبینین, بۆیە کە ئێمە پێمان خۆش بێت, یان ناخۆش بێت, عێراق بۆتە دوو سەنگەر, سەنگەرێکی نێودەوڵەتییەو, سەنگەرێکی ئیقلیمییە, ئەو سەنگەرە نێو دەوڵەتیە ئێمە خۆمان تێدا دیوەتەوە, پێویستە زیاتر بتوانین پێی بەهرەمەند بین, پشتیوانی ئەوان زیاتر بەدەست بخەین, وەکو روون کرنەوەیەك بوو, وێڕایی ئەوەی کە من پشتیوانی لە رایەکانی ئەو برادەرانەی کە باسم کرد دەکەم, بەتایبەتی ئێمە بتوانین بەرنامەی کارمان, کە هەر بەرنامەیەکی کار دادەنێین, بۆ زیاتر کێشەی کەرکووك, من پێم باشە هەموو هەنگاوێك کە دەینێین, یان یاداشتنامەیەکە, یان بیرخەرەوەیەکە, کە دەیدەین بە حکومەتی جەعفەری بە دەستەی سەرۆکایەتی لە حکومەتی عێراقی, یاخود دەدەینە نەتەوە یەکگرتووەکان, یان وڵأتەکانی تر کە تاکو ئێستا سیادەی عێراقیان بە دەستەوەیە, وەکو ئەمریکا و بەریتانیا, کە ئەوان دوەلی ئیقلیمی کێش دەکەن, ئێمەش وڵأتانی تر کێش بکەین, بۆ ئەوەی بتوانین پشتیوانی بەهێزتر بۆ کێشەی کەرکووك بکەین, لە لایەکی تریش سەقفی زەمنی هەبێت بۆ ئەوان, پێش ئەوەی دەستوور ئیستیفتای لەسەر بکرێت, یاخود هەر هەنگاوێکی تر بنرێت, کات زۆر گرنگە, کە کات نەیبڕێت دەمانبڕێت, بۆیە من بە گرنگی دەزانم لە هەر هەنگاوێکدا کە دەینین کات لەبەر چاو بگرین و, سەقفی زەمنی دیاری بکرێت, بۆ هەر بەڵێنێکی لێرەش بەدواوە دەدرێت, کە سەقفی زەمنیەکە زۆر کورت بێت, بزانین هەنگاوەکانیان چۆنە, کە لە مەیدانی کردەیدا هەنگاو نەنێین, ئەوە ئێمە هەڵوێستی ترمان هەبێت, چ بەشداریمانە لە پەرلەمانی عێراقی, چ بەشداریمانە لە حکومەتی عێراقی, کە قۆناغ بە قۆناغ سەرەتا وەکو داواکاری بێت, بەلأم قۆناغی دادێت بە خۆپیشاندان و فشاری جەماوەری بێت, لە هەموو ئەو ناوەندانەی کە پێمان دەکرێت, لە هەموو شارو

شارۆچكەكان, ئەگەر ئەوە نەبوو قۆناغی دەست لە كار كێشانەوەی كورد لە هەموو دامودەزگاكانی دەوڵەتی عێراقی پەرلەمان و بە حكومەتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, زۆر جار وتومانە هیچ شتێك لەگەڵ عێراقدا ئیمزا ناكرێت, تا ئەم پەرلەمانە ئیمزای لەسەر نەكات, ئەوە مونتەهییە, ئینجا بۆ ئەوەی ئەم شتانە بكرێت خاڵەكان خاڵ بەند دەكرێت و كاری بۆ دەكەین, بەنیسبەت دەوڵەتەكانی ئیقلیم كەس دیفاعی لێیان نەكردووە, ئەوە هەڵوێستیشیان روون و ئاشكرایە بەرامبەر كوردستان و كەركووك زۆر زۆر گرنگ دیارە, بەتایبەتی بەنیسبەت توركیا, یەعنی ئەمە راستییەكە كەس ناتوانێت ئینكاری بكات, بەنیسبەت جەعفەری پێی خۆش بێت و, پێی ناخۆش بێت, دەبێت مەسەلەكە بەم شێوەیە بێت و كە حەق بدرێتە خاوەن حەق, ئەگەر ئێمە هەبین, ئەگەر نەبین هەولێریشمان لێ دەسێنن, بۆیە دەبێت كورد هەموو شانی بكاتە یەك و, بە عاقڵانە بە مێشكێكی كراوەو بە ئسلوبێكی وا كار بكات, كە بە ئەنجامەكەت بگەی, ئەگەر موساوەمە بكەی هێواش هێواش هەمووی دەڕوات وەڵلا حاجی ئۆمەران و زاخۆشت لێ دەسەندرێتەوە, سوپاس كاك غەفور مەخموری فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموري:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەڕاستی ئێمە بەنیسبەت كەركووك لە كاتی داڕشتنی تاڵ, ئێمە خۆمان غەدرمان لە خۆمان كرد, لەوێ دوو هەڵەی گەورە هەیە بەڕاستی, كە بەسەر ئەو برادەرانەدا تێپەڕیووە, لە وەختی ئیمزا كردنی یاسایەكە و داڕشتنی یاسایەكە, یەك/ ئەوە بوو كە كەركووك وەكو هەرێمێكی تایبەت بمێنێتەوە. دوو/ ئەوە بوو كە كەركووك بدرێتە ئیستفتا واتا رێگەی ریفراندۆمی یەكلا بكرێتەوە, یەعنی ئەوە خۆی لە خۆیدا گومانێك لە كوردستانی بوونی كەركووكدا دروست دەكات, كەركووك مادام بەشێكی بڕاوی كوردستانە, هەموو شۆڕشەكانی كوردستان و, هەموو دانووستاندنەكانی گەلی كوردستان لەگەڵ رژێمەكانی عێراق, كێشەكە كەركووك بووە, بەهیچ شێوەیەك نەدەبوو رێگەی بدرایە, ئەوە لەو ماددەیە دەست نیشان بكرایە, كە كەركووك بە ئیستیفتا وەربگیرێتەوە, ئەوجا بكەوێتە سەر كوردستان, یان هەرێم, دەبێت مەجالی ئەوە نەدرێتن, كە لەوە مەجال دراوە.

خاڵێكی تر بەڕاستی ئێمە حەقە رەخنە لە خۆشمان بگرین, یەعنی ململانێیە ناوەخۆییەكانمان ئەویش هۆكارێكە بۆ دواخستنەوەی ئاسایی كردنەوەی بارودۆخی كەركووك, ئەوەتا ئێمە دەبینین لە دوای هەڵبژاردنەوە, لەبەر ململانێی ناوخۆ لەو چەند رۆژەی رابردوودا ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك كۆبۆوەو پارێزگار دیاری كراو, بەشەكانی تری ئەنجومەن دیاری كرا, یەعنی ئێستاش یەك نەخستنەوەی هەردوو حكومەتی كوردستان و, هێشتنەوەی ئەو رەوشە بەو شێوەیەی ئێستاكە خۆی لە خۆیدا تەبریر دەداتە خەڵكانی تر, كە موماتەلەی بكەین لە ئاسایی كردنەوەی بارودۆخەكەدا, هەتا زۆر جار ئێمە لەگەڵ وفود دادەنیشتین, هەتا ئەمریكیەكانیش دەیانگوت باشە, ئایا ئێمە بیخەینە سەر حكومەتی سلێمانی یا حكومەتی هەولێر, یەعنی هەتا ئەوانیش ئەو تەبریرەیان هەبوو لەو مەسەلەیەدا, ئەگەر هاتوو ئێمە لە ماوەی رابردوودا بمانتوانی بوایە هەردوو ئیدارەمان یەك بخەینەوەو یەك حكومەتی یەكگرتوومان هەبوایە, زۆر بەشێوەیەكی رێكوپێكتر دەمانتوانی مواجەهەی بەرامبەرەكەمان بكەین بۆ وەرگرتنەوەی كەركووك, دواتر لە ماوەی رابردووش بەڕاستی ئیدارەی كوردستان كەم تەرخەمە بەرامبەر هەموو ناوچە بە عەرەب كراوەكانی كوردستان لە سنجار و شێخان و مەخمور و خانەقین و كەركووك و هەموو ئەو ناوچانە, فەرموو من شوێنێكی بچووكی وەكو مەخمورت بدەمێ, یەعنی تاكو ئێستا لە هەموو خزمەت گوزارییەك بێ بەشە, نە ئاوی هەیە, نە كارەبای هەیە, تەماشای ئەو ئاوەی دەكەی كە دەخۆنەوە زۆربەی خەڵك تووشی نەخۆشی بوونە, وەكو نەخۆشی گرانەتا و مەلاریا, دیسان ئەو خەڵكەی كە بەخۆی گەڕاوە بۆ گوندەكان و خیوەتی هەڵدا ئامادە بوو كە بگەڕێتەوە, ئێستا هەمووی دوور كەوتنەوە, لەبەر ئەوەی نە رێگەی بۆ چوو, نە ئاوی بۆ چوو, نە كارەبای بۆ چوو, هیچ خزمەت گوزارییەكی نەگەیشتێ, ئەوە بەنیسبەت كەركووك و دەوروبەری كەركووك, دواتر هەردوو حكومەتی كوردستان, هەردوو ئیدارە لیژنەی

پەرەپێدانی کەرکووکیان پێکهێناو, مەبلەغێکی باشیان تەرخان کرد بۆ پەرەپێدانی کەرکوك, باشە ئەوە چی لێهات, بۆچی پارەکە سەرف نەکرا, بۆ ئیشی بۆ نەکرا, یەعنی تەشجیع کردنی خەڵك بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانە, وەکو پێویست نەبووەو, وەکو پێویستیش کاری بۆ نەکراوە, بۆ ئاسایی کردنەوەی شاری کەرکوك, خۆمان وەك گەلی کوردستانیش, وەکو ئیدارەی کوردستانیش کەم تەرخەم بووین بەرامبەر بە کەرکووك و بەرامبەر بە ناوچە بە عەرەب کراوەکانی تر, دواتر بەڕاستی کێشەی ئێمە لەگەڵ جەعەفەری نییە, کێشەی ئێمە لەگەڵ عەرەبە, عەقلیەتی عەرەبی زۆر بە زەحمەت دەتوانی تۆ گۆڕانکاری بەسەر دابێنی, یەعنی ئێمە لە ماوەی رابردوودا لە دەستپێکی دامەزراندنی عێراقەوە, تا ئێستاکە ئەو زوڵمەی لە ئێمە دەکرێت, ئەو چەوساندنەوەی کە لە ئێمە دەکرێتن, ئەو عەرەبانە بەرامبەرمان دەکات, یەعنی ئێمە زۆر جار بە فێل لە خۆکردن, دەڵێین وەللاّ دەسەلاّتێك لەپشت گەلی عێراقە, گەلی عێراقیش کە عەرەبە زیاتر پشتگیری ئەو دەسەلاّتەی کردووە, ئەو دەسەلاّتە بەشێك بووە لەو میللەتە, باشە پێشتر خۆ سەددام نەبوو, چەند جار بارزان سووتا, شوێنەکانی تری کوردستان سووتا, لەسەردەمی مەلەکیەت, مەسەلەن لە عبدالکریم قاسم باشتر نەبوو لەماوەی رابردوو, ئەویش دژی میللەتەکە کەوتە شەڕو, کەوتە قەتل و عام کردنی میللەتەکەمان, دوا تر خاڵێکی تر, بەڕاستی ئێمە دەبێت پەند لە مێژوو وەربگرین, یەعنی ئێمە وەکو میللەتێك هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە بگەڕێینەوە میژوو, کەم پەند لە کارەساتەکان وەردەگرین, ئەگەر لە بیرمان بێت لە 68 کە بەعس لە سەرەتای هاتنە سەر کاری, لەو پەڕی بێ دەسەلاّتی دابوو, ئامادە بوو, زۆر شت بۆ کورد بسەلمێنی, بەلاّم لە ماوەی چەند ساڵێك کە خۆی گرتەوە, کەوتە شەڕو کەوتەوە قەتل و عامیی میللەتی کورد, حکومەتی ئێستای عێراقیش لەو باوەڕە داینە رەغمی هەموو ئەو هاوکارییەی کە لە دەسەلاّتی کوردەوە پێشکەشیان دەکرێتن, هەر کاتێك دەسەلاّتی بکەوێتەوە دەست لەحکومەتەکانی پێشوو زۆر خراپتر دەبێت, من هیچ ئومێدێکم بە حکومەتی نە ئێستا و, نە داهاتووی عێراقیش نییە, لەبەر ئەوەی عەقلیەتی عەرەبی, عەقلیەتێکە بینا کراوە سەر سێ بنەما, کە بنەمای هێرش و, تالاّن و, قەتل و عام, یەعنی سوپای عەرەب بە درێژایی مێژوو لە هێرش دابووە, خاکی خاڵکانی تر, ماڵی خەڵکی تری داگیر کردووە و سەروەت وسامانی خەڵکی بردووە, هەوڵی داوە قەتل و عامن خەڵکەکەشی بکاتن, من لێرەدا بەڕاستی پێشنیاری ئەمە دەکەم, ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان, بڕیارێکمان هەبێت, یەك مانگ دابنێین نەك زیاتر, لە ماوەی ئەو یەك مانگەدا ئەگەر لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کەرکووك, کارا نەکرێ و, ئیمکانیەتی بۆ تەرخان نەکرێ, بۆ ئەوەی دەست بەکار بێت, ئیش و کارەکانی خەڵك بکات, ئێمە داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان بکەین, موفاتەعەی مەسەلەی دەنگدان لەسەر دەستوور بکاتن, داوا لە گروپی کوردی بکەین, لە پەرلەمان و حکومەتی عێراقی بکشێنەوە, ئێمە دەکرێ لێرەدا یاداشتێکی رەخنە ئامێزیش, پێشکەش بە حکومەتی ئێستای عێراقی بکەین, لەسەر هەموو ئەو پێشێل کاریانەی کە بەرامبەر بە یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت کراوە, بەرامبەر هەموو ئەو بێ وەعدانەی کە بەرامبەر گەلی کوردستان کراوە, دەبێت ئێمە بەڕاستی پاڵەپەستۆ بخەینە سەر ئەمەریکا و بەریتانیا, لەبەر ئەوە پێش مەسەلەی هەڵبژاردن هەردوولا لەرێی سەفارەتەکانیان لە بەغدا, ئیلتزامی خۆیان نیشان دا بەرامبەر بە جێبەجێ کردنی ماددەی 58, کوا ئەو ئلیتیزامە؟ بۆیە بەڕاستی ئەگەر ئێمە لێرە هەڵوێستێکی حاصل وەرنەگرین, زۆر زەحمەتە بتوانین لە داهاتوودا چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند قسەیەك لە قسەکانی من کراوە, تکراری ناکەمەوە, بەلاّم چەند پرسیارێك بە زەروور دەزانم, ئایا پەرلەمانی کوردستان هەماهەنگی لەگەڵ کوتلەی کوردی لە ئەنجومەنی عێراق چۆنە؟

بەڕاستی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ کوتلەی کوردی لە پەرلەمانی عێراقدا, کە نوێنەری گەلی کوردن لە پەرلەمانی عێراق, ئەو هەماهەنگییە زۆر وازیح نابینم, پێویستە ئەو هەماهەنگییە رۆشن و, وازیح بێ و گەلی کوردستان پێی ئاشنا بێت, ئایا لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان شتێکی یاسایی گەلاّڵە کردووە تا ئەساسیش لەسەر کردن بێت, ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لیژنەی یاساییمان هەیە, شتێکی یاسایی, جەنگەکە جەنگێکی یاساییە, ئەو شتەی یاساییە

دەبێت شتێکی ئەساس بێت, بۆ ئەو جەنگە راستەوخۆ و, دەستە و یەخەیەی کە لەگەڵ کار بەدەستانی غەیری کوردی عێراقی کورد دوای ساڵانێکی دوور و درێژی پەرش و خوێناوی تووشی بووینەوە, ئایا لە پەرلەمانی کوردستان لیژنەی مەلەفی کەرکووك دیاری کراوە, لیژنە یاساییەکە, لیژنەیەکی تایبەتی بۆ مەلەفی کەرکووك بۆ جێبەجێ کردنی برگەی 58 یاسای دەستووری عێراق هەیە, تەصریحاتەکانی جەعفەری هەمموو تەعبیر لە رەئی شەخصی خۆی ناکات, بەڵکو تەعبیرە لە شەریحەیەکی گەورەی دەسەڵات لە عێراقدا, بۆیە دەبێت پەرلەمانی کوردستان و قیادەی کوردی هەمموو ئەو تەصریحاتانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت, ئیستفتا بۆ دەستووری هەمیشەیی کە لە 8/15 بێت, ماوەیەکی زۆر کەممان ماوە, چل رۆژ دەبێت, بەڕاستی ماوەکە زۆر کەمە, پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە تەدریجی بە پێی ئەولەویەت, هەنگاوەکانی خۆمان وازیح دیاری بکەین, زیاتر بەرچاو رۆشن بین, هەم پەرلەمانی کوردستان و, هەم کوتلەی کوردی لە پەرلەمانی عێراق, هەم جەماوەری کوردستان و, قیادەی سیاسی و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش, یەعنی وازیح هەنگاوەکان کە قەرارە بینین, ئەم هەنگاوە بۆ جەماوەری کوردستان رۆشن بکەینەوە, لە دام و دەزگاکانی ئیعلامدا وازیح و رۆشن, بڵێین جەماوەری کوردستان و کوتلەی کوردی کوردستان لە عێراقدا هەنگاوەکان بەم شێوەیە بێت:

(1, 2, 3, 4), چەند خاڵێکی دیاری بکەین و ئیقرار بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

زۆر سوپاس, بەڕێز عثمان عبداللە, فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە پەرلەمانی کوردستان پێکهاتەیەکی شارستانییە, پێویستە لە چوارچێوەی یاساوە مەسەلە و بڕیارەکانی لێوە بکرێ, هیوادارین لە داهاتوودا موڵکی حزبایەتی کەم بکەینەوە لەناو پەرلەمانی کوردستان, بۆ ئەوەی یەك ڕیزی گەلی کورد بۆ مواجەهە کردنی دوژمنەکانمان بە قوەت تر و بەهێز تر بووبی,چونکە تا ئێمە یەك ڕیزی گەلەکەمان بە سستی بگرین, دیارە مافەکانمان وا پێشێل کراو دەبیت, ناتوانین وەریبگرین, دەربارەی ماددەی 58, دیارە ماددەی 58 بڕیاری لەسەر درایە, هیچ کەسێك و هیچ لایەنێك ناتوانێت هەڵی بوەشێنێتەوە, با ئاگاداری نوێنەری هەردوو وڵاتی زلّ هێز لە دنیا بکەین کە دەوری کاریگەری زۆریان لە عێراق هەیە, چونکە بە ئاگاداریان ماددەی 58 ڕێك خرایە و ئیمزای لەسەر کرایە, بەڵام ئەوەی ئێستا نیگەران و, بێ متمانەمان دەکات, تەصریحاتەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق (ئیبراهیم جەعفەری)یە, کە خۆی وەکو ئیبراهیم جەعفەری دەیدات یان وەکو لیستی شیعە ئەو تەصریحاتانە دەدات, ئێمە ئەگەر بێت و لەو فەترە نزیکەی کە پێویستە بکرێ, حکومەتی یەکگرتووی کوردستان دروست ببێ, من پێشنیار دەکەم حکومەتی یەکگرتووی کوردستان یاداشتەکە بە کۆماری عێراقی بدات, بۆ ڕەت دانەوەی یان ناڕەزایی گەلی کورد بەرامبەر تەصریحاتەکانی جەعفەری و, ئەگەر حکومەتی یەکگرتووی کوردستان, پێمان وایە فریای ناکەوین, پەرلەمانی کوردستان یاداشتێك بە شێوەیەکی قانونی کە شموولی بێت, هەمموو خاڵەکان بگرێتەوە, بۆ دەرەوە و ناوەوە هەمموو لایەنێکی پەیوەندیدار بەم مەسەلە, یاداشتێك بدات, بە حکومەتی ناوەند لە بەغدا و, دیارە بەیانیش جەنابی سەرۆك کۆماری عێراق بەڕێز مام جەلال وتارێکی گرنگی هەیە, لەم بارەیەوە, هەم بۆ پشتیوانی کردن لە وتارەکەی جەنابیان و, هەم بۆ بەدیارخستنی نارەزایی پەرلەمانی کوردستان و, جادەی کوردی کە بەو تەصریحاتانەی جەعفەری نیگەرانە, کە لەسەری تێپەڕ نەبێ, جا من ئەم مەسەلەیە حەز دەکەم برادەران بەباشی بیری لێبکەنەوە, چونکە خۆکێشانەوە لە حکومەتی عێراق دەبێت بیری لێبکەنەوە, ماناکەی چییە؟ دەبێت ئێمە لەباتی ئەوەی خۆمان بکێشینەوە, قورسایی خۆمان بخەینە بەغدا, بۆ ئەوەی خاڵەکانی کیانی میللەتەکەمان لە بەغدا جێبەجێ بکەین, چونکە خۆتان دەزانن زۆرمان شەڕ کردیە, زۆرمان ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتەکانی یەك لە دوای یەکی بەغدا دیتیە, زۆر کەس لێرە قسەی زۆر گەورە دەکات, کە ئەوە لێمان دوور دەکەوێتەوە, رجا دەکەم مەوزوعیانە یان قانونیانە قسە بکەن, هەتا سفر محاوەلە دەکەین, بە شێوەی یاسایی, بە شێوەی شارستانی داوای مافەکانی خۆمان بکەین, ئێمە لێرە داوا

دەکەین لە بەغدا بڕیار دەدەین, ئەگەر لە بەغدا لەوێ نەبین, چارەنووسمان نادیار دەبێت, بۆیە پێویستە لەکاتی تەصریحەکان هەمووومان زۆر بەباشی لێکی بدەینەوە دوارۆژی خۆشمان لەبەر چاو ببینین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

زۆر سوپاس, بەڕێز د. فوئاد بابان.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەکەم, بەڕاستی زۆر شت هەبوو ویستم بیڵێم وترا, بەلاَم سەرەڕای ئەمانە هەندێکی دووبارە دەکەمەوە, ئێمە بەڕاستی ئەو شتانەی کە داوا دەکەین, کۆی بکەینەوە لەو بڕگانەی کەوا لە ماددەی 58دا هاتووە, حکومەتی ئینتقالی لەسەریەتی کەوا جێبەجێی بکات, ئەوەش سێ بڕگەیە لە فەقەرەی (أ), کەوا پێویستە جێبەجێ بکرێ و, خاڵی دووەمیش ئەوەیە کەوا دەفعی کردووم کارا کردنی ئەو لیژنەیەی دانراوە بۆ ئاسایی کردنەوەی باری کەرکووك, بەلاَم سەرەڕای هەموو ئەمانە لەراستیدا ئێمە دەبێت بیرخەرەوەیەك یان داوایەك لە سەرکردایەتی کورد بکەین, نەك هەر لە جەعفەری بکەین, کەوا سەرکردایەتی کورد پەلە بکات, لەیەکگرتنەوەی حکومەتی هەردوو ئیدارەکە و داوا بکات, دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتووی کوردستان, چونکە تەنها بە مسۆگەرکردنی هێز, بەڕاستی هێزی ئێمە تەنها لە یەکگرتندایە, هیچ هێزێکی ترمان زیاتر لەیەکگرتن نییە, بە قووەت تر بێت, تا بەکاری بهێنین, دژی بەغدا و, دژی جەعفەری, لەبەر ئەوە من قەناعەتم وایە یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە باوەڕ ناکەم, زەحمەت تر بێت, لە یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا , هەرچەند کۆسپی هونەری باس دەکرێ, بەلاَم هیچ لەو کۆسپانە نابێت رێگر بن, لە بەرامبەر یەکگرتنەوە ئیدارەی کوردی, من پرسیارێکیشم هەیە, لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەڕاستی لەو رۆژانەی ئەو تەصریحاتانەی کە جەنابت دای, بۆ ئاسایی کردنەوەی باری کەرکووك و, لەسەر کەرکووك, من لەگەڵ ئەوەی تێکڕایی قسەکانی جەنابتم پێ باشە و, پێم وایە ئەو قسانەیە کە لە دڵی هەموو کوردێك دایە, بەلاَم وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان پێم وابوو هەموو ئەو قسانە دوابخرایە بۆ دوا کۆبوونەوە, زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

بە پێچەوانەوە, زۆر بە گەرمی لە وەختی خۆی زەرووری گرنگ بوو, بووترێ و جوابی بدرێ, چونکە ئەگەر دوابخرایە, نەختێك سارد دەبۆوە, هەموو میللەت و لە هەموو موستەوایەکی سیاسی چاوی لێ بوو, بزانێ چی لە پەرلەمانەوە دەردەچێ, بۆ ئەوە دەبێت زۆر وریا بین, نەك هەر ئێمە, ئێوەش, دەبێت ئاگاتان لە هەموو ئیخبارێك هەبێت, لە هەموو تەصریحاتێك, بۆ ئەوەی ئەگەر هەر شتێك بوو, بیگەیەنینە جێگای خۆی, بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی وەلاَمی بدرێتەوە, لە هەمان رۆژ, ئەگەر من هەر ئەم شەو پەرلەمانم پێ کۆبکرابایەوە, سەعات 11ی شەو, ئەهاتین تەصریحاتەکەمان دەدا, چونکە دواخستنەکەی وەکو ئەوەیە کە هێواش هێواش شتەکان تاخیر بێتن, ببێتە ئەمری واقیع, زۆر سوپاس, بەڕێز شێخ الله, فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئاشکراو روونە هەموو لایەکمان دەزانین کەرکووك پێویست بەوە ناکات, تەعریف بۆ زۆربەی زۆری برادەران بکەم, کە لێرە ئامادەن, دەزانن تا چەند قوربانیمان داوە, گەلی کوردستان چی بەسەر هاتووە لەسەر کوردستانیەتی کەرکووك؟ ئەوە شوڕشی ئەیلول, ئەوە ئەنفالەکان, ئەوە کیمیاباران و وێران کردنی 4500 گوند و شارو شارۆچکە, ئەوا هەزاران پێشمەرگەی دلێرو قارەمانی کوردستان گیانی خۆیان کردە قوربانی ئەو وڵاتە خۆشەویستە و, بەتایبەتی ئەو شارە, هەموو لە ئەنجامی کوردستانیەتی کەرکووك بەسەرمان داهات, کەرکووك نابێت بە هیچ شێوەك, تەنازوولی بۆ بکرێت, من لەگەڵ ئەو رەئیەم لە کاتی خۆی باس لەوە بکرێ کە قیادەی کوردی بەوە رازی بێت, ریفراندۆم لەسەر کوردستانیەتی کەرکووك بکرێ, ماددەی 58یش بەهەر حاڵ, ئەگەر کەمو کوڕیشی تێدا بێت, بە شێوەیەکی رێك و پێك تا رادەیەك تموحی خەڵکەکە دەهێنێتە جێ, لەگەڵ کەم و کوڕییەکانیشی, بەلاَم لە سەرەتای ئەنجومەنی حوکم تا دێتە

ئێستا, حكومەتی جەعفەری یان, حكومەتی عەلاوی, هیچیان تاكە هەنگاوێكیان بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد نەهاوێشت, بەڵكو هەنگاوی بە پێچەوانە هاوێژراوە, تا ئێستاش موەزەف لە جنوب دەهێنن, عەرەبەكان لە كەركووك تەعین دەكەن, بەڵام تا ئێستاش موەزەفێكی كورد لەوێ تەعین نەكراوە, ئیتر نامەوێت ئەوە پتر باس بكەم لە كەركووك, بەڵام ئێمە دەبێت ئەو مەوقیفانە یان ئەو هەڵوێستانەی, ئەو خەڵكە, ئەو حزب و لایەنانەی, كە ئێستا لە عێراق هەن, زۆر بە موفاجەئە نەزانی, ئێمە راستە پێشان لەگەڵ دیكتاتۆرێكی رەگەزپەرست رووبەڕوو دەبووینەوە, ئەو هەموو قوربانییەماندا ئێستا پێم وایە ئێمە ئەگەر دیكتاتۆرێك رۆیی, ئەگەر نیزامێك رۆیی, ئەو كە بڕیارێكی دەدا, كەس نەبوو قسەی لێ بكات, بەڵام ئێستا لەگەڵ دەیان دام و دەزگا, یان حزب ولایەنی دیكتاتۆری رەگەز پەرستی عەرەبی رووبەڕوو دەبینەوە, ئەوانە هەموو هەڵوێستیان بەرامبەر بە گەلی كورد, وازیح و روونە, بەڵام نابێت ئێمە لەوەی بترسێین, كە ئەو سەردەمە سەردەمێكی ترە, سەردەمی عەولەمە, سەردەمی تەعەددودی, سەردەمی دیموكراتیەت, ئەو كێشەیەی لە عێراق روویدا, ئەو رووخانەی سەددام و نیزامەكەی, ئەوە نییە دیكتاتۆرێكی تر دروست ببێتەوە, ببێتە ئەو خەتەرە گەورەیە كە قوتمان بدەن, تەنها من مەبەستم ئەوەیە, یەك رێزی ئێمە و سەركردایەتی سیاسی گەلی كوردستان, تاكە چەكی كوشندەی خۆپاراستنی میللەتەكەمانە, دەسكەوتی میللەتەكەمانە, فیدڕالیەی میللەتەكەمانە, سەپاندنی فیدرالیەتە, من ئەو مولاحەزەیە لام سەیرە, تا ئێستا یەك تەرەفە باسی حكومەتی فیدرالی دەكەین, كە ناوی حكومەتی عێراق دەهێنین, دەڵێین حكومەتی فیدرالی, بەڵام تاكە حزبێكی لایەنی عەرەبی لە عێراق هەر باسی جمهوریەتی عێراق دەكات, قسەكانی من برادەران باسیان كرد, نامەوێت دووبارەی بكەمەوە, كاك خورشید شێرە, كاك د. نووری و, كاك محمد احمد, زۆریش لە برایانی تر, زۆریش لە پێشنیارەكانی ئەوان كردیان بۆ چارەسەری ماددەی 58 یان كێشەی كوردستانیەتی كەركووك, پێم شتێكی پەسەند و بە جێیە, بەڵام پێویستە ئێمە هەنگاوەكانمان, یان تەواو داخوازییەكانمان یان ئەو بیرخەرەوەی دروست دەكەین, بە پەلە, چونكە پەندێك هەیە دەڵێت, كات شیرە نەیبڕی, دەتبڕی, كاتی ئەوە نییە, ئێمە دوو هەفتەی تر موناقەشەی لەسەر بكەین, بیخەینە قالبێكی تر و نەتوانین بگەینە ئامانجەكانمان بە زوویی ئەو بیرخەرەوەیە دروست بكرێ, ئەو داواو پێشنیارانەی ئێمە بدرێتە حكومەتی مەركەزی, وێنەیەكی بدرێتە پەرلەمانی عێراقی, بدرێتە سەفارەتی ئەمەریكا و بریتانیا و, بدرێتە ئومەمی موتەحیدە و, بدرێتە هەموو لایەنی پەیوەندیدار كە پەیوەندییان بەم مەوزوعەوە هەیە, ئێمە ئەگەر هەموومان یەك دەنگ و یەك دەست بین, من پێم وایە كۆسپ نییە, راستە ململانێیەكە سەختە, ململانێیە, شەڕە سیاسەتە, شەڕی دەبابە و تۆپ صاروخ و كیمیا نەمایە, بەڵام شەڕ شەڕی سیاسەتە, دڵنیاشم لەو تێكۆشەرو قارەمانانەی كە ئێستا لە بەغدا كار دەكەن, قاڵبووی مەیدانی خەباتن, ئەگەر كوردیش یەك بیر و یەك هەڵوێست بێت, دەتوانێت ئەو گرەوەش بباتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز طلعت محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی برادەران بە تێرو تەسەلی باسی كێشەی كەركووكیان كرد, من بەس خاڵێكم هەیە, دەمەوێت باسی بكەم ئەویش هەڵوێستی خەڵكی كەركووك هەروەك ئێمەیە, ئەوانیش حەز دەكەن ببن بە بەشێك لەكوردستان, لەبەرچی؟ تاكو تام لەو دیموكراتیەتە وەربگرن كە لە كوردستانی عێراقدا هەیە, تاكو سوود لە تەبایی و یەكسانی وەربگرن, كە لە نێوان گەلانی كوردستانی عێراق هەیە, ئێمەش ئینشاالله داواكانمان جێبەجێ دەكرێ, داواش دەكەم ماددەی 58 تەفعیل بكرێ, ئەو لیژنەیەی كە لەبەغدا جێبەجێ كرایە, بە سەرۆكایەتی ئەبو داوود, داواش دەكەم لێرە لیژنەك بەناو كەركووك دابمەزرێ, چۆن د.ناصح داوای كرد, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی چەند روونكردنەوە و پێشنیازێكم هەیە, لە مەسەلەی كەركووك, ئێمە لە مەسەلەی كەركووك دەدوێین, ماددەی 58 مەسەلەی كەركووكیش نییە, بەڵام وەكو جەنابت فەرمووت, ئێمە دەبێت لەسەر مەسەلەی كەركووك بدوێین, ئێمە هەموو ئەگەر رای خۆمان وەربگرین, هەموومان لەگەڵ سەربەخۆیی كوردستانین نەك هەر لە هی

کەرکووك، بەڕاستی مەسەلەی کەرکووك مەسەلەیەکی زۆر موعەقەدە، وەکو ریخۆڵە کوێرەیەك وایە، ناتوانی کە لە کاتێکدا هەمیشە پێتەوەیە، کە هەیە ژانیش دەکات، چۆن رزگار بیت لێی؟ ئەمەش پێویستی بە بیرکردنەوەو چارەسەر هەیە، بۆ بنبڕکردنی ئەو لایەنە، هەموو حکومەتەکانی یەك بە دوای یەك کە هاتوون، ئێمە ئەگەر مێژوو بخوێنینەوە، هەموو بەشێوەیەکی مەدروس لەبەر ئەوەی نەوت لە کەرکووکدا هەبووە، لەگەڵ ئەوەدا بوون، کەوا کەرکووك نابێت بخرێتە سەر کوردستان، من لێرەدا نووسینێکی مستەر ئەدومۆنزم لەژێردەست دایە، لێرەشدا تەئکیدی کردۆتەوە، کەوا ئیبقا لیوا کەرکووك و، دائەنێ ئەڵێ (باعتبار انها تحتوی علی پروه نفگیه للعراق وان ای حکومه عراقیه توافق علی الحاق هڑه المناگق بالمحافڤه الکردیه المزمعه انشائها لا یمکن ان تبقی فی سده الحکم)، یەعنی ئەمە خۆی لە خۆیدا، ئەگەر ئێمە ئاوەڕبدەینەوە لە عەقلیەتی، حتی تەنانەت بەریتانیەکانە، کە ئێستا دەسەڵاتیان لە کەرکووك هەیە، کە ئێستا شان بەشانی ئەمەریکیەکان، هیچیان نەکردووە بۆ گۆڕانێك لە دیموگرافی کەرکووکدا، هەروەها خۆشمان وەکو بەڕێز کاك غەفور مەخمووری باسی کرد، خۆشمان بەڕاستی لەم لاو ئەو لاوە هیچ هەوڵێکی وامان نەداوە بۆ گۆڕانکاریەکی وا، ئەوی کەوا لەسەر شانی ئێمەیە، ئێمە ئێستا دەزانین کەوا کەرکووك چی بەسەر هاتووە؟ لەڕووی ئەو عەرەبە هاوردانە، بەڕێزیشت ئاگاداری ئەو لایەنانەی کە چۆن حکومەتی بەعس بە مەدروسی سێ پشتێنەی دروست کردووە، هەر لە حەویجەوە هەتا دەوروبەری شاری کەرکووك، هەتا لەناو شاردا بەتایبەتی ئەو خانووانەی کە بە دەهەزار ئەوان فرۆشتیان بە عەرەبەکان، چۆن ئێمە بتوانین ئەم مەسەلەیە وا بە ئاسانی چارەسەر بکرین؟ بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کەوا دەستووری عێراقی بۆ شەش مانگ با تەئجیل بکرێ، نەك بۆ چل رۆژی تر دەبێت تەواو بکرێت، ئەمە یەك، خاڵێکی تر بەنیسبەت ماددەی 58 کە دەبێت ئێمە پێی لێ دابگرین، کە شتێکی چاکە بەنیسبەت ئێمەوە ئەم خاڵانەی بە تایبەتی برگەی (ج)، خۆی لە خۆیدا یاسایەکە قانونی ئیدارەی دەوڵەت دانی پیا داناوە، کە موشکیلەیەك هەیە، ئەویش موشکیلەی ئەو شوێنانەیە کە کێشەیان لەسەرە، دوو نەصەکە تەحدیدی ناوچەکان کە دەڵێت(المتنازع علیها)، نەکردووە، جگە لە کەرکووك ئەمە ئیلتباس و غموزێکی تێدایە، پێویستە ئەوانەی مەعنین بە دەستوور، یان بە یاسا ئاوەڕ لەم غموزە بدرێتەوە، مەبەستی لەم ناوچانە چییە؟ ئایا لەمەندەلییەوە تاکو سنجار؟ ئایا هەر ئەو شوێنانەی دەروبەری کەرکووکە، ئەو شوێنانەی دەروربەری دهۆکە، پێویستە ئەو شتانە ئیشارەتی پێبدرێ، خاڵی سێیەم داوای تەئجیلی نەصەکە داوای تەسوییەی نیهائی دەکات، ئەمەش غموزێکی زۆر گەورەیە، بەڕاستی ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لەسەر سەروەری زەوییەکەمان، لە عەقلیەتی شوڤێنەتی عەرەبدا، کە ئێستا خەریکە وا چەند ساڵێکە چەند کەسانێك دەرکەوتوون، بە عەقلیەتێکی شۆڤینی بیر ناکەنەوە لە مەسەلەی کەرکووك، کە ئەمەجێگەی سوپاسیانە و، ناوەکانیش لە پەنجەکانی دەستمان زیاتر نین، جا لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە ئەوە رەچاو بکەین، لەناو مەجلیسی بەغداشدا ئەو عەقلە شۆڤینیە هەیە، کە تەنانەت لەسەر مەسەلەی کوردستانیش دەڵێن شمال الحبیب، کە قسە دەکەن، یان کە دەڵێن اخواننا فی الشمال، ئەوانە هەمووی جۆرە موستەڵەحاتێکە لەو کوراسە کۆنە شۆڤینیەوە کە بۆیان ماوەتەوە، جا بۆیە بەڕاستی ئێمە چی بکەین لەم حاڵەتەدا؟ کەوا پێویستە، خاڵێکی تری ئەو ماددەیە زۆر موهیمە، کە دەڵێت دانیشتوان خۆیان مافی چارەنووسی خۆیان بە حوریەت دەست نیشان دەکەن، ئەمە شتێکی جوانە لەماددەکە، بۆیە ئێمە پێویستە پاش ئەم هەموو خاڵە، خاڵێکی تری دێت، ئێمە دەکەوینە ناو ئەمرێکی واقیع پاش ئەم هەموو تەعریبی ناوچەکە، ئێمە چۆن بتوانین رزگار ببین لەمانە کە ئەمە، بەڕاستی خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە، مەسەلەی هاوردەی عەرەبەکان...... .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

ماددەی 58 هەمووی پێکەوە مەربووتە، یەعنی بە جوودا نییە، چوار فەقەرەیە یەك ماددەیە، ئێمە باس لەمە ئەکەین، ماددەکان هەمووی پێکەوە مەربووتن.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمرۆ لەناو خۆماندا رێکین، تەنانەت دەتوانم بڵێم قەت کورد لەگەڵ ئەو میللەتانەی لە خاکی کوردستاندا دەژی، وەکو ئەمرۆ تەباو رێك و پێك نەبوونە، بۆیە دەڵێم ئیرادە لە هێز دایە و، هەروەها داواکارم ئێمە بە گفتوگۆ، بە عەقلیەتێکی

حەكیمانە مامەڵە لەگەڵ ئەمڕۆدا بكەین, دۆست بۆ خۆمان پەیدا بكەین, بەتایبەتی دۆستەكە چ ئەمەریكی بێت, چ بەریتانی بێت, چ توركی بێت, هەروەها لیژنەیەكیش لەناو ئەم پەرلەمانە دروست بكەین, بۆ مەسەلەی كەركووك, پێ لەسەر وروژاندنی هەموو جەماوەری خەڵكی كوردستان, بەتایبەتی شاری كەركووك دادەگرم و, هەروەها مەسەلەی ریفراندۆمەكە چی بەسەر هات؟ كە ئێمە كردمان, ئینجا بۆیە من پرسیارێك لە بەڕێزت دەكەم, دەڵێم كە لیژنەیەك پێك هات بۆ مەسەلەی كەركووك, وەكو بەڕێزیشت ئاماژەت پێ كرد, بۆ دەست بەكار نەبوو؟ تۆ بڵێی مەسەلەكە پارە بوو؟ یان لە ئیدارەی خودی ناو كەركووك بوو, یان مەسەلەكە عەقلیەتی شۆڤینی عەرەب بوو, كە رێگەی نەدا كەوا ئەم مەسەلەیە جێبەجێ بكرێت, كە ئەمڕۆ بۆتە مەسەلەیەكی گەورە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەوەكالەت:**

زۆر سوپاس, تكایە ئەو خوشك و برایانەی كە قسە دەكەن, بچنە سوڵبی مەوزوعەكەوە, یەعنی بەڕاستی كە ئەمە كاتەكەمان دەكوژێ و ئیستیفادەشی لێ ناكەین, یەعنی هەموو ئەو خوشك و برایانە ئەو شەرحە دەزانن, ئەگەر ئەو شەرحە دووبارە بكەنەوە هیچمان بۆ نامێنێت, بەڕێز هیوا, فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

قەزیەی كەركووك باسی زۆر لێكرا, بەڕاستی شتێك نییە كە ئێمە خۆمان بە تەفاصیلی ئەمە باس بكەین, شتێكی مەبدەئییە بۆ هەموو كوردێك كە كەركووك پێویستە بخرێتە سەر كوردستان, بەڵام ئەمە بەشێوەیەكی سەر پێیی عاتیفی نابێت بچینە پێشەوە, بەڕاستی كورد زۆر گەزراوە, تەحالوف لەسەرەتای بیستەكانەوە دەیانویست دەوڵەتێك بۆ كورد دروست بكەن, بەڵام دوایی لە رووی هەندێ ئیتیفاقیاتی تر هەڵوەشێنرایەوە, لەبەر ئەوە من چەند كۆسپ و ئاستەنگێكی گەورە دەبینم, پێویستە ئێمە تەحروك بكەین لەسەر ئەوانە, حكومەتی ئێستای عێراق و تەحالوفی شیعە و عەرەبەكان وا دەزانن تەقەبوولی ئەوە ناكەن و تەفاهومی ناكەن, وڵاتانی دەوروبەر ئاستەنگێكی گەورەن لەرێی ئێمەدا, دەبێت هەمیشە ئاگاداری ئەوان بین, بەصەراحەت من زۆر گومانم لە ئەمەریكا و بەریتانیا و بە گشتی هێزی تەحالوف هەیە, بەرامبەر بە ئێمە تا ئێستا شتێكیان بەروونی بە ئێمە نەووتوە, جەنابت ئاماژەت بەوە كرد لەسەرەتاوە كە نەڵێین كەركووك عێراقێكی بچووكە, بڵێین كەركووك كوردستانێكی بچووكە, بەڵام ئێمە لە ئەدەبیاتی تەحالووفدا ئەوان لەسەرەتاوە كە هاتنە عێراق ئەوەیان ئەوت, حزب و لایەنەكان كە لەگەڵ ئەمەریكا و بەریتانییەكاندا دائەنیشتن, ئەوەیان دووپات دەكردەوە كە كەركووك عێراقێكی بچووكە, لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە ئاگامان لەوە بێت و بەسەرماندا تێنەپەرێت, گرفتێكی تر لەبەردەمی كەركووك دایە, ئەویش دوو ئیدارەی كوردستان, پەرلەمان نابێت بەسەر دوو ئیدارەدا تێپەرێت, ئێمە دوایی دیاری كردنی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم و, پاش شەرعیەت و سوێندخواردنی سەرۆكی هەرێم, پێویست بوو ئیدارەی كوردستان بكەینەوە بە یەك, بەڕاستی بێ دەنگی بۆ ئەمە وەكو ئەو ئەندامە ئاماژەی پێكرد یەكگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا, ئەوەندە گرفت نییە بۆ ئێمە, ئێستا ئێمە كوردستانمان لەت كردووە, كوردستان دوو ئیدارەیە, ئێمە ناتوانین لە كوردستاندا حاسمانە  هەڵوێستی جەریئانە بۆ چارەسەری وەربگرین, ئێستا داوای ئەوە ئەكەین, كە كەركووك دەیان گرفت و كێشەی لەسەرە, لەبەر ئەوە من داوا دەكەم لەپەرلەمان لە نزیك ترین كاتدا مزەكەرەیەك بدەین بە سەرۆكی هەرێم, بەڕاستی بە هەردوو سەرۆك سەرۆك كۆماری عێراق و سەرۆكی هەرێم, ئێوە باسی چی دەكەن؟ مەسەلەی كوردستانتان لە نێوان دوو مەكتەبی سیاسیدا قەتیس كردووە, لەبەر ئەوە من وەكو پەرلەمانتارێك ئیحتیجاجم هەیە بەرامبەر بەم قەزیە, خاڵێكی تر وەكو پێشنیارێك كە ئێستا ئێمە بیكەین, كە پەرلەمان لەم جەلسەیە موزەكەرەیەك ئاراستەی حكومەتی عێراق و پەرلەمان بكات, بۆ پشتگیری لەو قسەیە كە ئەم ئەندامە ئاماژەی پێكرد, وتاری بەڕێز مام جەلال, سەرۆكی كۆماری عێراق, ئەوە پشتگیریەك دەبێت بۆ ئەوە و, من سەد لە سەد لەگەڵ ئەوەم

هەر لە ئێستاوە بانگهێشتێك بكەین, كە هەموو دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە كوردستاندا, نووسینگەكان و حزبەكان بە گشتی خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین لەم پەرلەمانە لیژنەیەك تەشكیل بێت, تەحەرووك بكات لەسەر ئاستی عێراق, لەگەڵ ئەمەریكیەكان قسە بكەین, لەگەڵ بەریتانیەكان قسە بكەین, بەڕاستی خۆش باوەڕ نەبین بەرامبەر بە وعودە سەرزارییەكان, بەڕاستی ئەوانە وەكو مار پێمانوە دەدەن لە داهاتوودا, ئاخیر قسەمان ئەمشەو گوێم لەم قسانە بوو كە جەنابیشت ئەندامی لەو لیژنەیە, لیژنەی دەستووری حەز دەكەم ئەوەمان بۆ روون بكەیتەوە, ئایا لیژنە صەلاحەیەتی پەرلەمانە؟ لە پەرلەماندا تەشكیل دەكرێت یان لە مەكتەبە سیاسیەكاندا, لەبەر ئەوە من وەكو ئەندام پەرلەمانێك ئەم لیژنەیە بەشەرعی نازانم, پێ هەڵسانەكان بە شەرعی نازانم, پێویستە لەم پەرلەمان تاوتۆ بكرێت و, ئەندامانی لیژنەكە ئەندام پەرلەمان بن, نەك ئەندامی مەكتەبی سیاسی, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەوەكالەت:**

بەنیسبەت هەردوو ئیدارە تەواو بووە, حەز دەكەم پەرلەمانی كوردستان لەمە بگەن, هیچ كێشەكی سیاسی لەبەینی ئەو لایەنانەی كە چەند ساڵە كوردستان لە چ شێوەیەك پێ دەرباز بوونە و, لە كاتێكی زۆر نزیكیش ئەمە تەواو بووە, وەكو پەرلەمان پێی ئاگادار دەبێت كە تەكلیفی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بۆ تەشكیلی كابینەكەی بكرێ, مەسائیلی تەكنیكیە وەكو بیستووتانە لە زۆر موناسەبات بلاّو كراوەتەوە, دێتە بەردەستتان, بەنیسبەت ئەو لیژنەیەش ئەوەی كە باسی دەكەیت, بۆ نووسینەوەی دەستوور, ئەو لیژنەیە بۆ نووسینەوەی دەستوور نییە, لیژنەكە پێك هاتووە كە مسووەدەكە ئامادە بكات, هەموو لیژانێك كە پێك دێت لە ئەندامانی پەرلەمان پێك نایەت, ئەگەر هەموو لایەك لە ئەندام پەرلەمان پێك بێت, ئەو لیژنەیە مسوودەیەك ئامادە دەكات, دەیخاتە بەر دەستی پەرلەمان, ئەویش دەیداتە دەستی لیژنەی یاسایی خۆی, پاشان تاوتۆ دەكرێ و دێتەوە پەرلەمان و پەرلەمان قەراری لەسەر دەدات, یەعنی ئەمە بەم شكلەیە, چونكە ئەو برادەرانەی لە بەغدان, هەندێك برا جورمێك بە حەقیان دەكەم, خۆی, چونكە وا نییە ئەوان لەوێ كاردەكەن, هیچ قەرارێكیان نەداوە, چونكە ئەوانیش رەئییان ئەوەیە كە بگەڕێتەوە ئێرە, بگەڕێتەوە ئەم پەرلەمانە, ئەم پەرلەمانە قەراری بۆ بدات, شت تاخیر بێت, راستە وسائیلی پێشتر سیاسی هەبوو, دانیشتنی پەرلەمانەكەش تاخیر بوو, مەسەلەی كەركووك موشكیلەیەك هەبوو, دوو بۆچوونی هەبوو, لەناو لیستی برایەتی كە زۆرینەیان هێنابوو, لایەنەكیش ئەویان ویست, لە جەبهەی توركمانی یان لە ئەحزابی سەر بە جەبهەی توركمانی جێگری پارێزگار بێت, لایەنێكیش دەیوت لەو توركمانانە بن كە كوردستانیەتی كەركووك قەبوڵ دەكەن, هەندێك دەیان ووت نەخێر با بیانهێنین, پاشان لەسەرەخۆ قانیعیان بكەین, دەیان گوت نەخێر, ئێمە تەجرووبەمان هەیە, گەر بیان هێنین, لەوانەیە هەر بەم شكلە بڕۆین, بۆیە گەیشتنە تەوافق, هەر لەم دوو رۆژە خۆیان لە نێوانی خۆیان, كە لەم برا توركمانانەی كە شەخصیاتن, موحتەرەمن, ئیحترامیان لە ناو جەماوەری كەركووك هەیە, جەماعەت كۆ دەبنەوە دەچنە خزمەتی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی, لەوێ لەگەڵیان گفتوگۆ دەكات, پاشان خۆیان برادەرێك دەست نیشان دەكەن, ئەوەش ئیتفاق بوو, كۆتایی پێهاتیە, ئەو برایانەمان كە لە بەغدا شەو و رۆژ كار دەكەن, لەناو ئاگر ئیش دەكەن, ئێمە حەق نییە بڵێین كار ناكەن, گفتوگۆش دەكەن, بەلاّم نەگەیشتنە قەناعەت بەرامبەرەكەی ئەفكاری جودا هەیە, ئەفكاری تری هەیە كە دەیەوێت بە شكلەك راتبكێشێت وەكو خۆی دەیەوێت, ئەو برایانەی ئێمەش قەبووڵی ناكەن, كە وجهەی نەزەری ئەوان عكس دەكەنەوە, ئەینێرنەوە قیادەی سیاسی كوردستان, دێتە پێش پەرلەمان, ئێمە بۆیە ئەم جەلسەمان داوا كرد, لەگەڵ چەند ئەو بەرێزانەی كە پێشنیارەكەیان بەرز كردەوە, كە لە ناو حەدەسەكە بین, رێگە دابنێین بۆ هەموو چارەنووساز بەنیسبەت كوردستان هەموو وا پێتان دەڵێین لەم پەرلەمانەوە دەردەچێت, زیرەك بن, مەهێڵن هیچ قەرارێك كە بەرژەوەندی كوردستانی تێدا نەبوو دەرباز بێت, مەهێڵن فێڵتان لێ بكرێ, مەهێڵن هیچ خاڵێكی لاوازیش لەسەرمان دەرباز بێت, لەوانەیە یەكێك لە موستەوایەكی بەرزە, لە مەكتەب سیاسی لایەنێكی بەرزە, بەلاّم خاڵێك بە باش دەزانێ, بەلاّم یەكی تر كە سیاسیش نییە, بەلاّم مولاحەزەی دەدات, ئیسپات دەبێت كە ئەو حەقە,

بۆیە ئێمە دەیهێنیە ئێرە موناقەشەیەکی دوورو درێژ لەسەر هەموو مەوزوعەکان دەکەین, ئینجا دەرباز دەبێت, بەڕێز کوردستان پیرداوود, فەرموو.

**بەڕێز کوردستان پیرداوود قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خالانەی کە نووسی بووم, زۆربەی زۆری هەڤالان باسیان کرد, بەلام لەسەر یەك خالْ زۆر تەئکید دەکەمەوە, کە زۆر باسی لێکرا, ئێمە پێویستیمان بە دەنگی جەماوەر هەیە, جەماوەریش کە خۆمان دەزانین کە زۆربەی زۆریان لەگەلْ ئێمەیە, بۆی هەیە کە ئاگاداری جەماوەریش بکەینەوە, خۆپیشاندانێك ساز بدەین, کە باس کرا زۆربەی زۆری ئەو پێشنیارە, منیش تەئکید لەسەر ئەمە دەکەمەوە کە موزاهەرە بکرێتن, بە شێوەیەك کە توندو تیژانە نەبێت, لە هەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە هەر سێ شوێن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

زۆر سوپاس, بەلام تا ئێستا دەستوورەکە نەنووسراوە, هێشتا خۆمان نازانین تا چ حەددێك موافقن و, تا چ حەددێك موافق نین, موزاهەرە بکەین, یەعنی هێشتا پێش وەختە, کە وەختی هات, ئێمە ئەلێین ئەم لیژنانە کە پڕۆژەکان حازر دەکەن, پڕۆژەکان کە هاتە پەرلەمان و پەرلەمان ئیقراری کرد, برادەرانمان لە بەغدا لەگەلْ لیژنەی دەستووری دانیشتن, ئەگەر لەوێ فشاری لەسەر هەبوو, قبوولْ نەکرا لەوێ, ئینجا هەموو جۆرە خەباتێکی دیموکراتیانە مەشروعە, پەرلەمان و هەموو لایەنێکی تری سیاسی کوردستان لە پشت دەبێ, بەلام هێشتا وازیح نییە, بلێین موزاهەرە بکەین, بەلام بە تەصریحاتی رەسمی حکومەت, من لەگەلْتانم دەبێت نەهێلین دەرباز بێت, ئەو تەصریحەی جەعفەری دای, ئێمە لەبەینی خۆمان, هەتا لەگەلْ کاك عدنان کە عەملیاتیشی کردووە و, الحمدالله سەلامەتە و, لە نزیك ترین فرسەت سبەینێ و دووسبەی تەشریفی بێتەوە, بە تەلەفۆن تەنسیقمان کرد, لەگەلْ برادەرانی تری ناو پەرلەمان, کە قەرارمان دا زوو ئەو وەلامەیان بدەینەوە, ئێستاش مەهێلْن دەرباز بێت, ئێمە لەمەولا, داوا لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین, وا هەم رەئی هەردوو رێزدار مام جەلال و کاك مسعودیشە, کە ئەندامانی پەرلەمان دەبێت مورەتەب دەوام بکەن, لێرە, بەردەوامین لەگەلْ مەوزوعەکە بین, چونکە مانگێکی حاسمە ئەگەر توانیمان لەو مانگە مەسیری ئێمە مەربووتە لەگەلْ دەستوور توانیمان مەزبووتی بکەین, پێویست بە هیچ شتێکی تر ناکاتن, ئەگەر نەکرا, ئینجا بە هەموو هەلْوێستێك, بە هەموو شێوەیەکی تر وەربگرێتن, فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من روونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر پێشنیاری کوردستان خان, ئێمە کە پێشنیارەکەمان تەقدیم کرد, وتمان جەنابی سەرۆك جوولانەوەی جادەی کوردی, تەنها موزاهەرات نییە, جوولانەوەی جادەی کوردی چەند عونسرێکی هەیە, لەزومنی وان موزاهەرەشە, ئێمە پێمان باشە ئێستا بکرێ, نەوەك فەترەکە تێبپەڕێ, ماددەی 58 تەتبییق نەکرێ و, ئەو کاتە بێ ئیش دەبی, بۆیە دەلێین ئەگەر ئێستا بکرێ, هەم دەبێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ وەفدی مفاوزی کورد و, هەم دەبێتەوە وەرقەی زەخت بۆ سەر حکومەتی عێراقی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

من سەد لە سەد لەگەلْتانم بۆ ماددەی 58, یەعنی دەبێتن ئالیەتێك بدۆزینەوە کە هەر لە ئێستاوە بجولێتەوە لەسەر هەموو مستەوایەك لە هەموو مەجالێك, ئەو موزەکەرانەش کە هەموو ئیشارەتیان پێکرد, ئامادە بکرێتن و دەست بەکار بین, هێشتا مەجموعەیەك خوشك و برا ماون, لەوان د. دلێر, فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو بابەتەی کە ئێمە باسی دەکەین, ئەگەر چی لە چوارچێوەی کەرکووکدا باسەکەمان دەبێت, بەلاّم مەبەست ئەو ناوچە کوردستانیانەیە کە تا ئێستا لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانن, من نامەوێت ئەو شتانەی پێش من باس کران, دووبارەیان بکەمەوە, نامەوێتیش باسی پێشینەیەکی مێژوویی ئەو کێشەیە بکەم, نامەوێتیش بەڕاستی ئێمە زۆر درەنگ بە خۆمان کەوتین, نامەوێت باسی ئەو شتانە بکەم کە دەبوایە چیمان بکردایە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە وای لێنە هاتایە, بەلاّم پێم باشە هەندێك شت جەختی بکەمە سەر, یەکێك لەم شتانە لە راستیدا کێشەکەی ئێمە لەگەڵ جەعفەری و سەددام حسین و عبدالسلام عارف نییە, کێشەی ئێمە لەگەڵ هەموو دەسەلاّتداران و چین و توێژ و عەرەبی ناوچەکانە, ئەو کەسانەی کە مافەڕەواکانی گەلانی کوردستان پێشێل دەکەن, بە کورد و تورکمان و کلدۆ ئاشوور و هەتا دوایی, لەڕاستیدا مەترسی چارەسەر نەکردنی کێشەی کەرکووك هەیە, یەعنی چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد, نەك تەنها عێراق و یەکێتی نیشتمانیی لە عێراقدا, بەڵکو لەسەر هەموو ناوچەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست و نەبوونی ئارامی و ئاساییش لە رۆژهەلاّتی ناوەراستدا, من دیسانەوە جەخت دەکەم لە سەر چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە, هەنگاونانی ئێمە و پێداویستیەکان, من زیاتر بەڕاستی دەچمە ناو بابەتەکەوە, رێکخستنەوەی ماڵی کوردە, یەکێتی ریزەکانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان, بەتایبەتی یەکێتی هەردوو ئیدارەی دەسەلاّت لە کورستاندا, ئەمە پێداویستیەکی هەنووکەییە , دەبێ بە زووترین کات حکومەتی کوردستان جێبەجێ بکرێ لەسەر هەموو ئاستەکان کارا بکرێت, جگە لەوە, پێویستە هەموو دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بخرێتە گەڕ بەهەموو شێوازەکانیەوە لە خۆپیشاندانەوە, لە نووسینی یاداشتەوە, یاداش بدرێت بەهەموو هێزە سیاسیەکانی عێراق, هێزە دیموکراتی و نیشتمانخوازەکانی عێراق, یاداشت بدرێت بە هەموو رای گشتی عێراقی, رای گشتی عەرەبی, رای گشتی لە رۆژهەلاّتی ناوەراست وجیهاندا, یاداشت بدرێ بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان, بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان, بدرێ بە یەکێتی ئەوروپا, ئەوە بخرێتە بیر نەتەوە یەکگرتووەکان, لە یاداشتەکەدا, پێویستە ئەوە بخرێتە یادیان, کە کاتی خۆی کۆمەڵەی گەلان کۆمەڵە ئیلتزاماتێکی وەرگرتووە, ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان مولزەمە بە بەردەوامی ئەو ئلتیزاماتانە بەرامبەر بە ویلایەتی موسڵ و کوردستانی خواروو, دیسان لایەنێکی گرنگ هەیە, کە برایانی پێش من باسیان نەکرد, یان ئیهتیمامیان پێنەدا, لە راستیدا پێم چاکە ئاوارە کوردەکان لە ئەوروپا لەدەرەوەی کوردستان, پێویستە بە ئەرکی خۆیان هەستن لەم بوارە, ئەبێت هەموو کۆمەڵگای کوردستانی چ لە ناوەوە چ لە دەرەوەی کوردستان, دام و دەزگاکان دەبێت, بەڕاستی بکەوینە خۆ, من دیسان جەخت لەسەر ئەو پێشنیازە دەکەم کە پێشتر باس کرا, بۆ دروست کردنی لیژنەیەك بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی کوردستانن, بۆ ئەوەی ئێمە بەرنامەیەکمان هەبێت, لەسەر بنەمای بەرنامەیەك ئەو کارانە بکەین, جارێکی تریش جەخت دەکەمە سەر ئەوەی کە بە فیڕۆدانی کات لە بەرژەوەندی ئێمە نییە, کات زۆر رۆیشتووە, بەداخەوە ئێمە زۆر درەنگ کەوتینەوە خۆمان, لەبەر ئەوە دەبێت هەنگاوەکانمان زۆر بە پەلە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

سوپاس بۆ جەنابت, بەڕێز کاك حمد عبدالله محمود, فەرمووو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مەسەلەی ماددەی 58 و خۆدزینەوە لێی بە ئاشکرا, من دەڵێم هەردوو حکومەتی د. عەلاوی و, حکومەتی جەعفەری لە جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە, بە ئاشکرا پەشیمان بوونەوە بە شێك لە لایەنە سیاسیەکانی عێراقی, لەو ماددەیە بە تێپەربوونی بەشێکی زۆر کاتی جێبەجێ کردنەکە کە لە 90٪ کاتەکە کە تێپەڕی کردووە, ئەوەی لەبەر دەستمان دایە, تەنها سێ مانگ و دە رۆژی لەنووسینەوە دەستوور و دەنگدان لەسەر دەستوور, بۆیە من پێم وایە ئەوان قەناعەتێکیان هەیە, کە کورد زۆر جدی نییە, لەسەر هەڵوێست وەرگرتن لە مەسەلەی کەرکووك, تا ئێستا شتەکانی ئێمە یاداشت و گفتوگۆ بووە, بۆیە من بەتوندی پشتگیری پێشنیارەکانی د. نووری دەکەم, کە دەبێت کورد فشاری حەقیقی پشان بداتن, لەبەر ئەوەی ماوەکە زۆر کەم ماوە, ئەگەر هەیئەتی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکووك لە بەیانیەوە دەست بەکار بکات, بۆ سێ مانگ و دە رۆژی تر, پێم وا نییە شتی جدی بکرێتن, لەبەر ئەوە پێویستە

پەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کوردستان و قیادەی سیاسی کورد و کوتلەی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقی و، بەڕێزان ئەندامانی کورد لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، دەبێت ئەو پێشنیارانەی کە ئێمە پێشکەشی دەکەین، زۆر بە جدی وەریان بگرن، پێویستە موقابلیەتی مەسەلەی کەرکووك بۆ کورد چارەنووسازو خەتی سوورە، بەلای کەمی لە ئێستاوە دەست بکرێت بە هەڵپەساردنی کاری ئەندامانی نووسینەوە لیژنەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك شکری نێرۆوەیی، فەرموو.

**بەڕێز شکری صالح نێرۆوەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی برادەران بەو ئازادییە کە هەیە، بە تێرو تەسەلی لەسەر هەموو شتێك باسیان کرد، سوپاسیان دەکەین، بە تەسەوری من لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی برادەران پەرلەمان دەتوانی هەنگاوی ئیجابی باش بنێت، بەلام یەك دوو روونکردەوەو پێشنیارم هەیە، یەکێك لەوانە بەڕاستی کورد دەیان ساڵە لە خەبات و تێکۆشان دابوو، بۆ بەدەست هێنانی مافە رەواکانی خۆی، لەم ماوەیەدا تەبیعی زۆر گفتوگۆو مفاوەزات بووە، هەر وەختێ کە مفاوەزات و ئەوانە بوو، خاڵە سانەوییەکان بەبێ مەشاکل جێبەجێ بووە، بەلام کە گەیشتۆتە سەر خاڵە ئەساسیەکان کە مەسیری میللەتی کوردی پێ بەندە، عەرەبە زڕ برایەکانمان بە حەقیقەت خۆیان لێکشاندۆتەوە و، نەیان هێشتووە ئەو خاڵانە جێبەجێ بکەن، ئەگەر هیچیان پێنەما بێت، پەنایان بردووە بۆ بەدواخستن، بەحەقیقەت ئەو بەدواخستنە زۆر جار بووە، لە ئیتفاقیەی 11ی ئازار و تا ئێستا، هەموو جارێ میللەتی کورد زەرەری بینیوە و ئەوان قازانجیان کردووە، لەم بەدواخستنەدا، هەتا گەیشتۆتە مەوزوعی کەرکوك کە ئێستا هەمووومان باسی دەکەین، مەوزوعێکی زۆر گرنگە، ئەویش کە گەیشتنە بنبەست، داوایان کرد کەوا ماددەی 58 دوا بخرێ بۆ کاتێکی تر، یان چارەسەری مەوزوعی کەرکووك دواخرا بۆ وەختێکی تر، ئەمەش ئێستا بە تەسەوری من ئێمە گرفتاری ئەوەین کە دواخرا، من پێشنیار دەکەم بۆ ئەو لیژنەیە کە ئێستا دەستوور دادەنێت و، بۆ ئێمەش مەوزوعی چارەنووس بۆ میللەتی کورد چی تر دوانەخرێن، زوو بڕیاری لەسەر بدرێ باشترە، چونکە دواخستن بە تەسەوری من چارەسەر نابن، ئەوە یەك، دوو، ئێمەش دیفاع لەو برادەرانە دەکەین، کە لە بەغدانە، بەلام وەکو جەنابت فەرمووت، بەرەنگێکی تر، دیفاعیان لێدەکەین، چونکە ئەوانەی کە چوون بۆ بەغدا، نوخبەی کادیرەکانی ئەحزابەکان چوون بۆ بەغدا، چ بۆ حکومەت چ بۆ پەرلەمان، بەڕاستی ئەوانە نوێنەری حکومەتی کوردن لە بەغدا، بە تەنسیق لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و لەگەڵ هەردوو حکومەتی کورستان، بەلام دەبوایە ئەوان شتی باشتر بکەن، بۆ میللەتی کورد، چونکە نوێنەری میللەتی کوردن، بە حەقیقەت ئەوەی کە خواست و ویستی میللەتی کورد بووە، هەڵوێستیان بەو رەنگە نەبووە، هەڵوێستیان سیس تر بووە، وەکو پێویست هەوڵیان نەداوە، نموونە یەکێك لەوانە سوێند خواردنەکە، بە حەقیقەت راستە چارەسەر کرا بۆ جاری دووەم، سوێند خورا، بەلام فایدەی نەبوو، دەبوایە ئەو سوێندەی کە جاری دووەم خورایەوە، دەبوایە جاری یەکەم لەسەریان دەرباز نەبوایە، چونکە جەعفەریمان بینی کە زۆر بەپێکەنینەوە گوتی هەموو وەزیرەکانی کورد، ئەوانە هەموو حازر بوون، کە ئەوان قانیع بن، من عیلاقەم چییە؟ منیش وەکو ئەوان قانیعم، جا ئێمە زۆر گلەیی لە جەعفەری نەکەین، جەعفەریش لە زڕبرایەکانمانە، دەیەوێ نەك کەرکووك، ئەگەر بەوبێ دەیەوێت هەولێرو سلێمانی و دهۆکیش بخرێتە سەر عێرا ق و، وەکو بەعەرەب حیسابیان بکات، بەلام ئێمە دەبێت گلەیی لە خۆشمان بکەین، بە حەقیقەت هەڵوێستی برادەرانمان لە بەغدا بەم رەنگە نەبوو، کە ویست و خواستی میللەتی کورد بێ، من داوا لە پەرلەمان دەکەم کە وەکو پێشنیارێك داوایان لێبکرێت، زیاتر خۆیان ماندوو بکەن، بیر لە خۆیان نەکەن کە لەو شوێنەنە، چونکە ئەو شوێنە بە هۆی خوێنی شەهیدان و تەزحیەی برا پێشمەرگەکان و، ئەم پەرلەمانە و ئەم میللەتە، گەلی ئێمە بەدەست هاتووە، دەبێت فکر لەو شوێنەی خۆیان نەکەن، فکر لە چارەسەری کێشەکانی میللەتی کورد بکەن، ئەگەر چارەسەری کێشەکانی میللەتی کورد کرا، بەرەئی من ئەو کاتە دەتوانن شوێنی باشتریش داوا بکەن، هەر ئەوەندم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

سوپاس بۆ جەنابت, بە حەقیقەت ئەو برایانەی کە لەوێن, مەجموعەیەکیان زۆر لە پشتی کارن, کار دەکەن راستە, پەرلەمانتارەکان هەر هەمووی بڵێین وەکو یەك کار دەکەن, وا نییە, قسمێکیان هەر دەوامیش ناکەن, یەعنی ئێمە مولاحەزەی ئەوەمان کردووە, لەبەر ئەوە داوایان لێدەکەین کە یان دەوام بکەن, یان بگۆڕدرێن بەوانەی کە لیستەکاندا هەن, چونکە ئەم مەرحەلەیە مەرحەلەیەکی چارەنووسسازە, وەکو هیچ کاتێکی تر نییە, پێویستە لە پشتی کار بن, ئەوە سەد لەسەد دروستە, برا وەزیرەکان زۆری خەریکی کاری وزارەتن, هەندێکیان هەر لە ناوەوش نین, لەم لان, لە دەوروبەرن, لەم مەرحەلەیە دەبێت ئالیەتێك بدۆزرێتەوە, رێزدار مام جەلال زۆر بە ئاشکرا باسی ئەم مەوزوعەی کرد, کاك د. فوئاد معصوم باسی کرد, مولاحەزەی هەردوو مەکتەبی سیاسی بکە, کە ئێمە لەگەڵ هەردوو سەرۆك مام جەلال و کاك مسعود دانیشتین, ئەوانیش ئەو مولاحەزاتەیان هەبوو, بەلآم لەگەڵ ئەوەش ئەو گفتوگۆیانەی لەو نزمیە دەکرێتن, هیچ قەرارێکیان نەداوە, یەعنی ئیمزایەکیان نەکردووە, دەرباز بێت لەسەریان, هەمووی هێنراوەتەوە بۆ ئێرە, ئەو لیژنەیەی کە ئێستا دیراسەی پرۆژەکە دەکات, کە ئێوەش بیکەن بکەوتە بەردەستان, لیژنەی یاسایی لێرە بڕیاری لێدەدرێ, هیچ بڕیارێك بەنیسبەتی ئایندە نادرێ, بەبێ پەرلەمانی کوردستان, کاك عبدالرحمن احمد, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بەرنامەمان بۆ ئەم پرۆسەیە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

ببورە یەك دەقیقە نوقتەیەکی نیزامی هەیە, فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر قسەکانی شکر نێرۆیی, کە گوتی هەموویان ئەو سوێندەیان کە خوارد بە هەڵە خواردیان, ئەمە شتێکی مێژوویيە دەبێت بیڵێین, دوو کەس لەوانەی کە سوێندیان خوارد بە دروستی خواردیان, یەك د. برهم صالح و ئەوی تر کاك عبدالباسگ بوو, سوێندەکەیان بە دروستی خوێند, کە ناوی عێراقی فیدراڵی یەکگرتوویان هێنا, ئەوە پێویستە دەبێت راستی بکەینەوە, کە هەمووی لەوێ وەکو خۆتان بینیتان لەوێ هەموویان وەکو یەك ئیش ناکەن, بەڕاستی هەیە ئینتیباهی زیاترە, زۆر وشیار ترە, زۆر فەعال ترە, یاخود هەندێ جاریش.....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە, ئەوە تەوزیحە, نیزامی نییە, بەنیسبەت ئەو برایانە کە هەموویان سوێندەکەیان خوارد, ئەو دوو بەڕێزە د.بەرهەم و ئەو برای تر کە بە دروستی خوێندیان, بەلآم دەنگیان نەهات و, ئەوانیش دەنگیان لێوە نەهێنا, بەلآم سوێندەکەیان خوارد, وریا تر بوون, لەوانی تر.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وتەکانم بە چەند پێشنیارێك دەست پێدەکەم, یەکەم پێشنیارم بە خاڵێکی قانونی کە ئەویش تەنها مەسەلەی ماددەی 58 نییە, تەنها وتەکانی ابراهیم جەعفەری نییە, بەڵکو ئەگەر تەماشای قانونی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە بکەی لە پێشەکی لە دیباجەکە دەست پێدەکات, ئەویش بەشێکە لەدەستوورەکە, کە دەڵێت سڕینەوەی ئاسەواری راگواستن و سەندنەوەی رەگەزنامە لەوێوە دەست پێدەکات تا ماددەی 58, یان بێجگە لە حکومەتی ئینتقالی, حکومەتی کاتی لە ماددەی 6دا هاتووە, دەڵێت حکومەتی کاتی کاری جدی بکات, بۆ سڕینەوەی ئاسەواری راگواستن و سەندنەوەی رەگەزنامە, ئەویش لە مەرحەلەی ئەیاد عەلاوی بوو, کەواتە ئەم مەوزوعە زۆر قوڵە, خاڵی یەکەمان لە نووسینەوەی پرۆسەمان, بە وردی و بە جدی, ئێمە حەقی رەخنەمان هەیە, پێشنیاری دووەمم ئێمە بتوانین لە کەرکووك مەجلیسێك دروست بکەین, لە هەموو نەتەوەکان, ئەم مەجلیسە پشتیوان بێت بۆ ماددەی 58, ئەم مەجلیسە

ڕێکخراوە بیانیەکان, ئەوەی ڕوو دەکاتە کەرکووك, ڕووبەڕووی دەبێتەوە هەمیشە, بەرنامەی پێ بێت, بەرچاو ڕۆشن بێت, خاڵی سێیەمم, ئیعلام چڕۆ پڕ کەین, بۆ ئەم قۆناغە کە ئێمە کاتمان لەبەردەم نەماوە, خاڵێکی ترمان دەستەی باڵای چارەسەری موڵکایەتی زەوی وزار لە کەرکووکدا ڕێ و شوێنی قانونی بگرێتە بەر, ئەویش ئێمە لەسەر بنەمای جوگرافی مێژوویی ئەو لیژنەیە دەتوانێت کاری باش بکات بۆمان, خاڵێکی ترم, کە مولاحەزەیەکە کە بە پەلە وتم, جەنابت مەشغول بوویت, بەکار هێنانی هەندێ دەستەواژە بۆ ئێمەی کورد, کە ناسراوە بە میللەتێکی خاوەن مەعریفەت و ئەخلاق, بەڕاستی باش نییە بۆمان, یەعنی کە دەست پێبکەین لەوەوە کە ڕێگەی قانونی کە ئەمڕۆ زمانی ڕۆژە, ئەمڕۆ ئەوانە بگرینە بەر, کە زۆر ناوهێنانی تاریخی عەرەب 1400ساڵ داگیر کردن, ئەوە بەڕاستی شتی لێدەبێتەوە, بۆ میللەتی کوردیش باش نییە, بۆ نموونە عەرەبیش هاتە ئەم مەجلیسە, حاجم الحسنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دووجار هاتە ئێرە, بەراستی هەڵوێستی جوانی هەبوو, جا لەبەر ئەوە بەم شێوەیە ئێمە ناتوانین ئامانجەکانمان جێبەجێ بکەین, ڕێکخستنەوەی ماڵی خۆمان, پتەوکردنی ئیشی خۆمان, دڵخۆش کردنی جەماوەرەکەمان, بەم شێوەیە بەرەو ئامانجەکانمان دەچین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

هەندێ جار ئیشارەت بە تاریخ زەرووره, یەعنی ئینسان نابێت بڵێت هەرچی کراوە, نەکراوە, بەڵام خەڵکی باشیش هەیە, یەعنی تەوافقێك لەناو برا عەرەبەکانمان هەیە, کە عادیلانە بیر دەکەنەوە, بەڵام تاریخ زوڵمی لێمان کردووە, لەم سەر زەمینە زوڵمی کردووە, ئەگەر چاومان لێبوو پێشان مانای وایە ئینتیزار بکەین, جارێکی تر زوڵمان لێبکرێت, ئێمەی کورد هیچ کاتێك دژی برایەتی کورد وعەرەب و هیچ نەتەوەیەکی تر نەبووینە, هەوڵیشمان نەداوە مافیان داگیر بکەین و, زوڵمیان لێبکەین, بەڵام زوڵمان لێکراوە, یەعنی ئەوە واقیعە, مرۆڤ نابێت لە حەقیقەتەکان بترسێ, ئەوەی بەجیدییەت و بە بیرێکی باش بیری لێبکاتەوە, دەبێت ئیمانی بەم حەقائیقانە هەبێت, جا چ عەرەب بێت, یان هەر کەسێکی تر بێت, کاك ئارام رسول, فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکی زۆر لە خوشکان و برایان ئاماژەیان بە بەشی زۆری خاڵە گرنگەکان دا, بەڵام ئەوەی تەنها من پێم خۆشە لێرە تەئکیدی لێبکەمەوە, خاڵێکی گرنگی ماددەی 58ی دەستووری کاتی کە کۆی دەنگی لەسەر دراوە و, بڕیاری ئەوەی لەسەرە کە پێش ڕاگەیاندنی دەستووری هەمیشەیی جێبەجێ بکرێ و, بەو حاڵەتی دوای جێبەجێ کردنی, بچێتە دەستووری هەمیشەییەوە, ئاشکرایە هەم ابراهیم جەعفەری و خەڵکی تریش لە شوفێنزمی عەرەبیش ئەو ڕاستیە دەزانن, بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دان کە موماتەلە لەسەر ئەم بەندە بکەن, بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك کە بۆیان بکرێ هەوڵی ئەوە بدەن ئەو ماددەیە دوا بخرێت و بە هیچ خاڵ و بەندێك نەچێتە ناو دەستووری هەمیشەییەوە, بۆیە بە ئەرکی پەرلەمانی کوردستان, واتە بە ئەرکی خۆمانی دەزانم, کە پێویستە بڕیارێکی ڕاشکاوانەی ئاشکراو بە پەلە بدرێت, یەکەم, بۆ پشتیوانی کردن لە سەرکردایەتی سیاسیمان و, دووەم ببێتە بڕیاری سەرجەم خەڵکی کوردستان و, کە ئێمە لێرە نوێنەرایەتیان دەکەین, من پێم وایە دەبێت بڕیارەکەمان بریتی بێت لەوەی کە دەبێت ماددەی 58 پێش ڕاگەیاندنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی جێبەجێ کرا بێ, ئەگەر نا, پێویستە لەم حاڵەتەدا خەڵکی کوردستان یان بەشداری نەکەن لە پرۆسەی دەنگدانی دەستوورەکە, یان مەرجی ئەوەیان هەبێت لە حاڵەتی دوای جێبەجێ کردنی ماددەی 58 لە نێو دەستوورە هەمیشەییەکەدا بەراشکاوی ئاماژەی پێکرا بێت, واتە بەمەش کوردستانیەتی کەرکووك و, سەرجەم ناوچە تەعریب کراوەکانی تر زامن دەکەین.

بەڕێزان, ئێمە شۆڕشێکی چواردە ساڵیمان پێشکەش بە کەرکووك کرد, دەبێت ئەمڕۆ هەمووومان ببینە پێشمەرگەی گەڕانەوەی کوردستانیەتی ئەم شارەی, کە بارزانی نەمر ناوی لێناوە دڵی کوردستان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەوەکالەت:**

سوپاس بۆ جەنابتان, بە حەقیقەت ئێمە ئەم مەوزوعە زۆر بە تێروتەسەلی باس کرا, چەند برادەرێك ماون, دوای ئەمان ئیسراحەتێك دەکەین, بەلأم نەڕۆن, چونکە دەمانەوێت بڕیارێك وەربگرین, بۆ شێوازی کارکردن بۆ مەسائیلی چارەنووسی کوردستان, زۆر سوپاس, کاك ئیحسان عەبدوڵلا فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی ئینسان سەیر دەبینی لەو قۆناغە موشکیلەی کەرکووك ئاڵۆزترە, کاتی خۆی سەرکردایەتی شۆڕش ئەیلوول موفاوەزەی لەگەڵ رژێمێکی دیکتاتۆری شۆڤێنی دەکرد لە پێناوی کەرکووك زۆر شتی بەدەستەوە هەبوو, ئەمڕۆ لە بەغدا هەموو موئەسەساتی حکومەت رۆلی کوردی تێدا رۆلێکی سەرەکییە, ئەوجا هەست دەکەیت ئەو موشکیلەیە زۆر موعەقەدە, بەڕەئی من موشکیلەی مە نە عەلاوی و حکومەتی موئەقەتە و, نە جەعەفەری و حکومەتی ئینتیقالییە, کاتێك کە هەرێمی کوردستان بە عێراق ئیلحاق کرا بە قەرارێکی ئینگلیزی بوو, گوری ئیتفاقی و شتی وا ئەوانە هەموویان بوون, ئەمڕۆش عێراق سەروەری خۆی نەگەڕاندەوە, عێراق دەگرترا لە لایەن ئەمریکیەکان, ئەمریکا ئەگەر حەز بکاتن زوو کێشەکانی ئێمە چارەسەر دەکاتن, ئێمە کو دەڵێین قووەت عیلەت دەبڕیتن, ئێمە قووەتی خۆ سیاسی لە بەغدا هەیە, لەوێش قوواتی عەسکەری خۆمان هەیە, ئێمەش وەکو میللەتێکی رزگاریخواز مافمان هەیە بەکاری بێنین, بۆ گەڕاندنەوەی هەموو ناوچەکانی خۆمان, ئەوەی داگیر کراوە لە لای عێراقیەکان و بە عەرەب کراوە, بەس ئێمە ئێستا لەبەر کوێ ناتوانین ئەم ئیشە بکەین, لەبەر عەرەبەکان و کە هێزیان هەیە؟ راستە شۆفینیەتن, بەس ئێستا چی هێزی عەسکەری لەبەر دەستی عەرەبەکاندا نییە, یان لەبەر ئەمریکیەکان, کە کاتی خۆی گوتی نابێت بچنە ناو مووسڵ و ناو خودی کەرکووك, کەواتە بەڵێنی من زۆربەی زۆری لەبەر دەستی ئەمریکایە, ئەگەر ئەمریکیەکان قانع ببن و قایل ببن, ئەو کاتە, ئێستاش ئێمە تەزاهور بکەین بە جەماوەری خۆمان, دەتوانین بچینە ناو کەرکووك, ئەو کاتە کێ ئێمە دەردەکاتن؟ پێش ساڵێك لە نزیك دهۆك موجەعێکی لێ بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە وەرە ناو مەوزوعەکە, چونکە دەبینم ئەندامان زۆر هیلاکن و دەردەچن, بۆیە باشتر وایە تەرکیز بکەینە سەر مەوزوعەکە.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێ ئێمە چووینە ناو موجەمەعەکە, گوتیان وەڵلا سنووری ئێوە هەرێمی کوردستانە, هاتن خەلکی ئێمە لەناو ئەو موجەمەعەیە دەرخست, ئەمریکیەکان هاتن, نەك عەرەبەکان, ئێستا زۆر شت بە رێگای ئەمریکا بە ئێمە دەگەیەنن, لەبەر ئەوە بە رەئی من ئەگەر برادەران ئێمە ئەوە نەبوون مومەسیلی ئێمە لە سەرۆك کۆمارەوە بگرە, ئەوجا لە جێگری سەرۆك حکومەت و جێگری پەرلەمان و ئەندامانی ئێمە و لە وەزیرەکان هەموویان لەوێنە, بەپێی بەرنامەیەکی ئینتیخابی بوونە نوێنەری ئەم گەلە و رۆیشتنە ئەوێ, با ئەم ئیشە بکەن و بەرنامەکە جێ بەجێ بکەن, ئەگەر نەتوانن ئەو ئیشە بکەن, مانەوەی ئەوانە لەوێ چ فائیدەی تێدایە, لەبەر ئەوەی بەم مەوزوعەی ئێستا زۆر شت هەیە ئێمە بیکەین, لەوانەیە مەسەلەن بۆ داکۆکی کردن لە ماددەی (58) قانونی ئیدارەی دەوڵەت, لەدوای ئەوە قەراری ئێمەی خۆمان لە پەرلەمانی کوردستان قەراری ژمارە (6) داکۆکی ئەم مەسەلانە بکەن, ئەوانەی ئێمە لەوێنە دەبێت هەوڵ بدەن ئەم ئیشە بکەن, ئەگەر نەکەن با قەرارەکە تەهدیدیشی لەگەڵ بێت, ئەگەر ئەو موئەسەسەی کە مەسئوولن لە ئیشەکە جێ بەجێ نەکەن, ئێمە سەحبی دەکەین, یەعنی موزەکەرەیەکی ئیحتیجاجی بێت, بۆ ئەوەی زەختێك بکەینەوە, ئەگەر ئەو جارەش نەکرا, دەتوانین لە دوای ئەوە هەوڵێکی تر بدەین بەشێوەیەکی تازە, ئەگەر نا هەتا ئەگەر پێویست بێتن هەوڵێکی عەسکەری بدەین, شۆڕشمان کردووە لە پێناوی رزگار کردنی کوردستان بەردەوام دەبین, ئێمە ئێستا هێزمان باشترە لە ئەوانی دیکە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت، برا ئێمە وەکو کورد، خۆ کورد تەسلیم نەبووەو، تەسلیمیش نابێت، بە وجودی ئەمریکا قانونێك دانراوە، قانونی ئیدارەی دەوڵەت زۆر زۆر شتی گرنگ و باشی تیایە، ئەمە ئەساسێکە بۆ نووسینەوەی دەستوور، ئەمە دەبێت بڕواتەوە بۆ دەستوور، لەگەڵ تەعدیلات، هەندێك تەعدیلات ئەوانەی کە موەفەقە نابێت بمێنێتن، ئەوەی بە باشتری دەزانن ئێوە ئیزافەی دەکەن، نەك ئەو وەفد و بەغدا، ئەوە وەفدەی بەغدا ناتیقی ئێوەیە، مومەسیلی ئێوەیە، ئەوان لەوێ ئیش دەکەن، بۆ ئەوەی هەمووی تەسبیت بکەن، یەعنی نەك خۆیان دەچن بە کەیفی خۆیان قەرار بدەن، ئەمە زۆر شتی باشی تیایە، یەعنی مەسەلەن سێ موحافەزە لەسەر دەستووری عێراق موافیق نەبێتن، ئەوە ئەو دەستوورە جێی خۆی نابینێتن، ئیبتاڵ دەبێتن، دوایێ دەبێت تەعامول لەگەڵ واقیع بکەین، هەندێك شت کە ئیتیفاقمان لەسەر کردووە، بۆتە یاسا دانراوە، ئێستا بڕۆی بە زۆر داگیری بکەی دەرت دەکەن، تۆ دەبێت پابەندی ئەمە بێت و ئەم قانونە جێ بەجێ بکەیت بەشێوەیەکی دیموکراسیانە، دوایێ لە جێگەیەك باس کرا، کە کەس ناڵێت عێراقی فیدراڵی هەر کورد دەڵێت، ماددەی چوار تەسبیت بووە، کە عێراق عێراقێکی ئیتحادی فیدراڵی تەعددوییە، یەعنی هەندێك شت کراوە، هەندێك شت ماوە، ئەو ماددانەی چارەساز بۆ میللەتی ئێمە بە کوردستان جوان باش بیری لێ بکەینەوە، شتی باشترتان هەیە، ئینجا داوا بکەین ئیزافە بکرێتن، ئەوانەی کە تەسبیت کراوەو باش دەبینین نەهێڵین پاشگەز بێتەوە، یەعنی ئێمە موختەسەری موفیدە، فەرموو کاك سالم.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیا من ئەگەر ماددەی پەنجاو هەشت بە کاملی تەتبیق نەبێت، بەری ئیستیفتای سەر دەستووری عێراقی بێتە کرن، چ پێ نەفێت ئەمە رەفز بکەین، ئەم رەفزە دەستووریٚ عێراق بکەین، ئینجا بۆ هەندێ ئەم رەفز نەکەین، رەئیا من لیژنەیەك لە پەرلەمانێ ئێمە لەگەڵ پەرلەمانێ عێراقێ سەقفێکی زەمنی بێتە دانان، پێویستە تەتبیقا ماددەی پەنجاو هەشت ببێتن، ئەگەر تەتبیقا ماددەی پەنجاو هەشت بوو، فەقەرەیەك زیاتر بوو مەسەلەن ئەگەر ئەو عەرەبێ هینایەتە کەرکووکێ بۆ قەسدا تەعریبێ، لێرە چ عیلاج نەبوون ژی لێرە ببن و، ئیستیفتا زەرووری بوو بێتە کرن، قانونەن و شەرعەن حەقی ئەو عەرەبانە نینە دەنگێ خۆ لە ئیستیفتا بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەس تەعریب نابێت لەوێ بمینێن، لەوێ بێت وەڵڵا دەنگ دەداتن، یەعنی ئەوە هەر شتێك ناخواتن، چونکە ئێمە خۆمان دەزانین لە زۆر جێگا حدود بۆ شتێکی عام دابنێتن زەحمەتە، عارەب لەناو کەرکووك بێتن و، دژی تۆ بێت و، بیەوێت تەعریب بکات، یەعنی چی بکەین وەڵڵا دەنگ هەر دەدات، بۆیە عەرەبی تەعریب دەبێت بڕوات، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەوەی کە من دەمەوێت بیڵێم، لەوانەیە جیاواز بێت لەگەڵ ئەو شتانەی کە هاورێکانم باسیان کرد، من نامەوێ ئەوانە دووپات بکەمەوە، بەس عادەتەن بتەوێ موشکیلەیەك چارەسەر بکەیت، دەبێت دیراسەی هەموو ئەو تەرەفانە بکەیت لە دەوروبەری ئەو موشکیلەیە، ئێمە موشکیلەمان تەنها لەگەڵ عەرەب نییە، یان لەگەڵ بەڕێز جەعەفەری نییە، ئێمە موشکیلەمان لەگەڵ حولەفا هەیە، ئێمە ئەو خەڵکەی کە هاتوون و کاربەدەستن و ئێستا دەسەڵاتیان هەیە، دەبێت بزانین بیرو بۆچوونەکانیان چۆنە؟ چ لەسەر ئەو عەرەبانەی کە هاتوون، یان گەڕانەوەی کوردەکان، یان گەڕانەوەی وەحداتی ئیداری بۆ سەر کەرکووك، من بە حوکمی ئەوەی کە بە سەدان لیژنەم دیوە، لیژنەی یاسایی، لیژنەی دەستووری، لیژنەی ئەمنی، لیژنەی مەدەنی کە هاتوونەتە کوردستان و لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەمان لەگەڵ کردن و. جارێ ئەمریکیەکان بە هیچ شێوەیەك ناچێت بە مێشکیاندا، کە عەرەب دەربکرێت و کورد بگەڕێتەوە، چونکە ئەوان قەناعەتیان وایە خەڵك ئازادە، نموونە لەسەر خۆیان دێنم، دەڵێت خەڵکێك کە دەردەکرێت دێتە ئەمریکا بە دوو ساڵ کارتی دەدەینێ، بە چوار ساڵ دەبێت بە مواتن، بە حەوت ساڵ حەقی ئەوەی هەیە کە ببێتە ئەندامی

پەرلەمان, بە دە ساڵ حەقی ئەوەی هەیە کە خۆی هەڵبژێرێت بۆ سەرۆکی کۆمار, لەبەر ئەوە چۆن خەڵکێك سی ساڵ, یان چل ساڵ هاتبێت و, یان لەوێ لە دایك بوو بێت و, سی ساڵ لە مەنتیقەی ئێمە لە دایك بوو بێت, چۆن دەری دەکەین, ئەمان وجهەت نەزەریان ئەمەیە بەرامبەر بە عەرەبەکان, بەنیسبەت گەڕانەوەی وەحدەی ئیداری زۆر بە ئاسانی ئەوان پێت دەڵێن ئەمە شتێکی مەعمولییە لە هەموو عالەم بەپێی پێویست وەحدەی ئیداری جیا دەکرێتەوە لە شارێك, ئێمە ئەو قەرارەی کە دەست نیشانمان کردووە, ئەو بڕیارەی پەنجاو هەشت کاڵ و کرچە, مەفروزە ئێمە شتی ئینسانی و شتی پێویستی ژیان بخەینە ئەو قەرارە, کە باسی خەڵکی چەمچەماڵ دەکرێت, خەڵکی چەمچەماڵ حاصلاتی زراعی هەیە, لەباتی ئەوەی حاصیلاتی زراعی بگەیەنێتە سلێمانی کە ماوەیەکی زیاتری دەوێت, ئاسانترە بیبات لە کەرکووك بیفرۆشێت, بتوانێت لە کەرکووك ئیش وکارەکانی خۆی بکات, یەعنی دیراسەیەکمان بۆ ئەو پێویستیانەی کە خەڵکی لە دەوروبەری کەرکووك هەبێت, خەڵکێکی کفری لوغەتەکەی کوردییە, عادات و تەقالیدی کوردییە, خەڵکی کوردستانە ئاسانترە لەوەی لەگەڵ خەڵکی کەرکووك مامەڵە بکات, لەوەی کە بچێت لە بەغدا شتەکان بفرۆشێت, هەندێ شتی واقیعی و مەدەنی کە عیلاقەی بە وەزعی ژیانی مرۆڤ و کەسێتیەوە هەبێت, بکەینە بنەما, بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئەمریکیەکان بکەین, زۆر تەبیعییە زۆر ویلایەت هەیە لەسەر حدودەکەی هیچ شارێکی گەورە نییە, مەجموعەیەك دێهات هەیە لە ئەمریکا, رۆژانە ئەو تەعدیلانە دەکەن, ئەو دێهات و ئە شارە بچکۆلانە دەبەستن بە ویلایەتێکی ترەوە, بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانیان بە رێکوپێکی بڕوات, ئێمە مافێکی شەرعیمان هەیە, بەلاَم زەمینەمان لە دەست داوە, ئێمە ئێستا ناتوانین بڵێین شەڕ دەکەین, لەبەر ئەوەی کەرکووك ناخەنەوە سەر کوردستان, چونکە هەموو عالەمت لێ هەڵدەستێت, دەڵێت سەرۆکی حکومەتی عێراقی کوردە, تۆ باسی چی دەکەی؟ باسی کورد و کوردستان دەکەی؟ سەرۆکی هەموو عێراق کوردە, لەبەر ئەوە زەمینەیەکمان نییە ئێمە قەناعەت بە خەڵك بکەین, زەمینەی چیمان هەیە؟ زەمینەی واقیعی و ژیان و ماڤ کەسێتیمان هەیە, لیژنەیەك دیراسەیەکی وردی ئەو مەناتیقانە بکات, ئەوە ببێت بە ئەساس کە قەناعەت بە ئەمریکیەکان, یان بە خەڵکێکی تر بێنین, تەنانەت ئەگەر بچێتە بەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان, مەفروزە ئەو شتانە بزانی باسی بکەی, بۆ ئەوەی قەناعەت بەو خەڵکە بکەی, نەك لەبەر ئەوەی شتێك کە ئێمە پێمان ناخۆشە, ئەوان گوێ نادەنە ئەوە, دووەم/ یەك خاڵ زۆر گرنگە حالیەن وەزعی ئێمە زۆر خراپە بەڕێز سەرۆك بۆش ئەم کارەی کردووەو, هاتووە عێراقی رزگار کردووە, بەلاَم وەزعی زۆر نالەبارە, لەم رۆژانە موئتەمەرێکی گرتووە, موئتەمەری تەلەفزیۆنی لە (332) ملیۆن, (22) ملیۆن خەڵك سەیری کردووە, مانای وایە وەزعی خراپە, وەزعی تەواو نییە, سەبەبەکە چییە؟ سەبەبەکە ئەوەیە کە (1700) کەسیان تا ئێستا لە سەربازەکانیان کوژراوە, خەڵکی ئەمریکی ئەوەیان پێ باش نییە, ئەوە قەبول ناکات, ئەم دەڵێت دەینێرین هەتاکو پێویست بێت, بەلاَم ئایا هەتا سەر دەتوانێت ئەو قەرارە بدات, یان سبەینێکە ئینتیخاباتێکی تر دەکرێتەوە, دیموکراتیەکان نەوعە وجهە نەزەرێکی تریان هەیە, لەبەر ئەوە مەسەلەی هەڵبژاردن کە زۆر لە برادەران باسی دەکەن, کە دەستوور دوابخرێت, شەش مانگی تر, ئەمە بەدەستی ئێمە نییە, دەسەلاَتێکی تر هەیە, ئەوان بۆچی هاتن مەسەلەی قەراری پەنجاو هەشتیان ئیمزا کرد؟ ئەمریکیەکان و بەریتانیەکان, لەبەر ئەوەی کە شتێك پیشانی میللەتی ئەمریکی بدەن, کە توانیان هەڵبژاردن بکەن لە عێراق و حکومەتی عێراقی و پەرلەمانی عێراقی و پەرلەمانی کوردستان بێننە کایەوە, ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ بوش, کە بتوانێت لەناو موجتەمەعی ئەمریکی قسەی لەسەر بکات, ئێستاش دەستوورەکە لەکاتی خۆیدا دەبێت, هەڵبژاردنی تریش لە کاتی خۆیدا دەبێت, چونکە تاخیری ناکەن, ئەگەر تاخیری بکەن میللەتی ئەوێ لێیان قەبول ناکات, بەلاَم دەبێت دیاریەکیان هەبێت, لەبەر ئەوە من پێشنیارم ئەوەیە لیژنەیەك دروست بکرێت, ئەم مەوزوعە کە مەوزوعێکی زۆر گرنگە, گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی کە دابڕاون لە کەرکووك لەسەر بنەمایەکی واقیعی, ئینسانی, جوگرافی, زراعی, تەندروستی, تەربەویش دیراسە بکرێت, ئەو خالاَنە بکرێت بە ئەساس لەسەر ئەو بنەمایانە ئەوە داوا بکرێت, کە ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر کوردستان, یەك تێبینیشم هەیە لەسەر وتەی برادەرێك ئەوەی کە مەفروزە دەستوور لە پەرلەمان دابنرێت. لە هەموو عالەم دەستوور کە دانراوە, پەرلەمان دەوری تیا بینیو, کەسایەتی دەوری تیا

بینیو, کەسایەتی ئایینی دەوری تیا بینیو, خەڵکی رۆشنبیر و یاساناسان دەوریان تیا بینیو بۆ دارشتنی دەستوور, نەك هەر ئەندامانی پەرلەمان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, لە ئەخیرەوە بۆ دارشتنی دەستوور هەر دێتەوە پەرلەمان, پەرلەمان دەبێت ئیتیفاقی لەسەر بکات, من لەگەڵتم پرۆژەکە ئامادە دەکەن, لە پەرلەمان ئیقرار دەکرێت, بەنیسبەت ماددەی پەنجاو هەشت لە قانونی ئیدارەی دەوڵەی عێراق, ئەمریکیەکان خۆیان دایاننا, یەعنی خۆیان دەوریان هەبوو لەکاتی مەجلیسی حوکم, ماددەی پەنجاو هەشت ئەوان باسیان کرد, کە عەرەبی تەعریب دەبێت بڕواتەوە, کە ئێستا دەڵێن مەسائیل فەرقە, عەرەبی تەعریب بەشدار بووە لە جینۆساید دژ بە میللەتەکەت, دەولیەن, قانونیەن دەبێت مەحکوم بکرێت, عیقاب بکرێت, ئێمەی کورد بڵێین لێی خۆش بووینەو بڕواتەوە هاوکاریشی بکرێت, لەبەر ئەوە فەرقی هەیە لەگەڵ یەکێك بەتەبیعی هاتبێت لێرە ژیا بێت, ئێستا لە زاخۆ, لە سلێمانی, لە هەولێر ئەگەر عەرەبێك هەبێت کەس نەچووە بڵێت برۆ, چونکە تۆ عارەبی, ئیشی خۆی دەکاتن, بەلام ئەمە هاتووە خاکی تۆی داگیر کردووە, تەعەدای لە تۆ کردووە, خەڵکی تۆی کوشتووە, ئەمانە تاوانبارن, موجریمن, مناڵەکەشی, بە ئەفکاری بەعسی تەربیەت دراوە, کاری ئیرهابی دەکات, لەبەر ئەوە مومکین نییە عەرەبی تەعریب لە کوردستان بمێنێت, ئەمریکاش موافەقەتی کردووە, ئینگلیزیش موافەقەتی کردووە, ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم لە عیراق هەمووی لەسەر ئەو قانونەن دەبێت جێ بەجێ بکرێت, کەم تەرخەمیەکە خۆمانین, نەیخەینە ملی ئەمریکا, نەیخەینە ملی ئینگلیز, ئێمە دەبێت جوان و رێکوپێك خۆمان و جەماوەر و قاعیدە و قیادە و هەموو حزبەکان کار بکەین, هەموو مومکینە تەتبیق بێت, تەمبەڵ بین وەڵلا شتی تریشمان بەسەر دێت, مەسەلەی زراعی و ئینسانی باس بکەین, ئەمە ئینسانی نییە, ئەمە مەسەلەیەکی سیاسییە چارەسەر نەکرێت, ئیرهاب پەیدا دەبێت, گروپ و تیرۆریستی پەیدا دەبێت, نە بەقسەی پارتی و, نە بەقسەی یەکێتی و, نە بەقسەی پەرلەمان دەکەن, مەزبەحە دەکات لەو شارە, ئەوجا ئەویش دێتن حەربی ئەهلی دروست دەبێت, ئەمە مەسڵەحەتی عەرەبی تەعریبیشە بڕواتەوە, نابێت لەوێ بمێنێتن, بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بمێنێتن, ئەوجا نە بە ئێمە, نە بەو پەرلەمانە, نە بە لایەنە سیاسییەکان کۆنترۆل ناکرێت, بەنیسبەت قانونی شەش مانگی تر, ئیلا لە وەختی خۆی من لەگەڵ بووم لەو خاڵەیە, چونکە لە قانونی ئێمە وەختی داوە, لە حاڵەتێك ئەگەر ئیجماعێك لە قیادەو پەرلەمان پەیدا ببێت, دەتوانین شەش مانگ تەئجیلی بکەین, ئێمە لەگەڵ تەئجیل نین لە وەختی خۆی بکرێت باشە, ئەوەی کوردیش لە دەستووری عێراق تەسبیت بکرێت و کاری بۆ بکەن, ئەوە باشە, بەلام لە حاڵەتێك عەرقەلەی کەوتێ بەپێی قانون, حەقی داوای ئەتجیل بکرێت بۆ ماوەی شەش مانگ, لیژنەیەك دروست بکرێت لە هەموو جێگایەك بۆ هەموو شتێك, خۆ هەموو نابنە ئەندام پەرلەمان, ئەگەر ئێمە هەموومان ببینە هەموو لیژنەیەك هیچ ئیشی ترمان پێ ناکرێت, دەبێت خەڵکی پسپۆڕ لە مەجالی تاریخ, مەجالی جوگرافیا, مەجالی قانون, ئەوانە دێن لیژنەکان تەشکیل دەکەن, پرۆژەکە حازر دەکەن دەیخەنە بەر دەست, دێن لێرە ئیقراری دەکرێتن, یەك برادەر ماوە, کە کاك شێروان حەیدەرییە, داوای لێبووردنیش دەکەم, هەم لە لیژنەی یاسایەو, هەم خستومانە ئاخیر کەسەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نابێت زۆر قسە بکەم, تەنها بە مورەکەزی دوو سێ مولاحەزەم هەیە:

یەکەمیان ئێمە دەبێت مەوزوعەکە زۆر بە هێمنانە, زۆر بە واقیعی, زۆر بە مەعقولی, زۆر بە مەنتقی و, بەشێوەیەکی حەزاری و قانونی بچینە دووی ئەو مەسەلەیە, ئەمە یەك, چونکە مەوزوعی کەرکووك, مەوزوعێکە تایبەتمەندی خۆی هەیەو, ئێمە مەوزوعی کەرکووکمان بە هەڵواسراوی بەجێ هێشتووە, بەدرێژایی خەباتی گەلی کورد و, ئەو کارەساتانەی بەسەر ئێمەش هاتووە لە سەر کەرکووك بووە, بۆیە دەبێت زۆر بە حەزەر ئێمە تەعامول لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بکەین, ئەوە یەك.

هی دوو/ ئێمە تەمەسوكمان بە ماددەی پەنجاو هەشت كردووە, بە پەرلەمان و بە قیادەی سیاسی خۆمان, مادده پەنجاو هەشت لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت هاتووەو, (25) ئەندامی ئەنجومەنی حوكم قەراریان لەسەر داوە, كە تەمسیلی زیاتر لە (80٪)ی گەلانی عێراق دەكات, ئەو تەهمیش كردنی ماددەی پەنجاو هەشت, یان تەجاوز كردن لەسەری بەنیسبەت قانونەكەوە, دەبێت سێ لەسەر چواری جەمعیەی وەتەنی موافەقەت بكات زائیدەن ئیجماعی هەیئەی ریئاسی, ئەوەش مەحاڵە, كەی ئێمە گەیشتینە ئەو خەتە سوورە, مانای وایە ئێمە دەبێت قەرار لەسەر چارەنووسی خۆمان بدەین, ئەمە دوو.

سێ/ من لەگەڵ ئەوە دام پێش ئەوەی دەستوور بنووسرێت, دەبێت مەسەلەی كەركووك چارەسەر بكرێت و, ئەگەر چارەسەر نەكرێت, من لەگەڵ ئەوەم كە شەش مانگ تەئجیل بكرێت, مەسەلەی كەركووك چارەسەر بكرێت, ئینجا داخیلی دەستووری دائیمی بكرێت.

چوار/ من لەگەڵ ئەوە دام پەرلەمانی كوردستان, نەك بە موزەكەرەیەك و بە یاداشت و ئەو شتانە, ئەم مەسەلەیە زۆر لەوە بەرزتر و گەورەترە بەڕاستی, من لەگەڵ ئەوە دام بڕیارێك وەربگیرێت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بە پەرلەمان دراوە لە مادده پەنجاو هەشت زائیدەن ئەو قەرارەی كە لە پەرلەمان دەرچووە, كە رەقمی (60)ە لە 1/15 دەرچووە, لەسەر رۆشنایی ئەو دوو قەرارە, بگەینە بڕیارێك بە ئیعتباری ئەوەی پەرلەمان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە, كە چارەنووسی گەلی كورد دیاری بكات, لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت, یەك برادەر مولاحەزەی هەیە, نازانم ناوی لای ئێمە نییە, ئەگەر جەنابیشت كەرەم بكەی.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ناوم نووسی بوو بەڕاستی, لەبەر ئەوەی دیارە دوو دلێر هەیە, ناوی من كەوتە بەری د. دلێر, بەڕاستی پێشنیار دەكەم پێش ئەوەی بچمە سەر مەوزوع, زەرووری وایە پاش دوو سەعات هەندێك ئیسراحەت بكەین, چونكە من هەست دەكەم هیلاكەتیەكی زۆر لەناو برادەران هەیە, ئێستا من ئەو قسانەی كە دەشیكەم, هەست دەكەم بە حاڵەتێك دەیكەم لەوەیە تێگەیشتن و گوێ گرتنیشی لێ موناسیب نەبێت, بەهەر حاڵ من پێم وایە ماددەی پەنجاو هەشت, باشتر وایە ئێمە تەنها لە چوارچێوەی مەسەلەی كەركووك سەیری نەكەین, چونكە بەڕاستی ماددەكە فراوانترە بۆ ئەوەی كە سنووری هەرێمی كوردستانی تیا دەگرێتەوە, چونكە ماددەی پەنجاو هەشت تەعبیرێكی سیاسییە بەر لەوەی تەنها ماددەیەكی قانونی بێت, بۆ خۆی ماددەی پەنجاو هەشت یەكێكە لە مەسەلە گرنگەكانی ناو یاسای كاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی, كە ئەویش لەم كاتەدا یاسای سەرەكییە و, كە تەبیعەتی دەستووری هەیە تا كاتی دانانی دەستووری هەمیشەیی, بۆیە ئەو ماددەیە من بە قەناعەتم ئەوەندەی تەبیعەتێكی سیاسیە و پەیوەندی هەیە بە تێروانینی كورد و داواكارییەكانی كورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ, كە دیاری كردنی سنووری هەرێمی كوردستانە, زۆر پێم وایە پەیوەندی بەوە هەیە, بەتایبەتی كە ئێمە دەزانین لەناو یاسایەكە, كە بەناو ئەوە كراوە, ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێكی فیدراڵیە, ئەویش ئەگەر فیدراڵی بێت, دەبێت تەوزیعی دەسەڵات بە گەلی ناوەند و هەرێمەكاندا هەبێت, ئەو هەرێمە كە هەرێمی كوردستانە, پێم وایە ئەو سنوورە تەنها سنوورێكی سیاسییە, قانونی نییە بە تەنیا, بەڵكو سیاسی و قانونی و كۆمەڵی شتی تریش شەمل دەكات, لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەو ماددەیە زۆرتر مەسەلەیەكی سیاسییە, ئەوەندەی كە ماددەیەكی قانونی بێت, راستە لە رووی قانونییەوە خۆی تەبیعەتی ماددەكە زۆر ئیلتیزامی تیا دروست كراوە, قانونەكە هەر هەمووی بە ماددەی پەنجاو هەشت و ئەوانی تریشەوە ئیلزامی تیا هەیە, بەڵام ماددەی پەنجاو هەشت دوو جار ئیلزامی تیا هەیە, لەبەر ئەوەی لەناو نەصەكانیان هەر هەمووی  تەئكید لەسەر حكومەت و تەئكید لەوە دەكات بە نەصصی ئەوانە دێتە پێشەوە (يقوم الحكومة العراقية الانتقالية) (على الحكومة العراقية), بەتایبەتی لە بڕگەی (ب)ەوە تەئكید لەوە دەكاتەوە, ئەو تەلاعوبەی بە وەحدەی ئیدارەی كوردستان كراوە, دەبێت بگەڕێتەوە كاتی خۆی, یان بە پێشنیارێك بدرێتە پەرلەمان, بۆ ئەوەی چارەسەر بكرێت, تەبعەن چارەسەر كردنی ئەو مەوزوعە لە رووی ئیدارییەوە

بۆ هەرێمی کوردستان چارەسەری بەشێکی گەورە لە مەسەلەی سنووری هەرێمی کوردستان دەکات, چونکە کاتی گێڕانەوەی توز و کەلار و کفری و ئەمانە بۆ سەر ناوچەی کەرکووك, بۆ خۆی سنووری جوگرافی و تاریخی لەسەر ئەساسی مەتلەبی کورد, کە مەتلەبی جوگرافی و تاریخییە تەحدیدی دەکات, بۆ خۆی بەشێکی گەورە لەو مەسەلە سیاسییە چارەسەر دەکات, ئەوەش بۆ خۆی زەمینە خۆش دەکات, بۆ ئەوەی مەسەلەی قانونی لە رووی دەستوورییەوە چارەسەر بکرێت, بۆیە من بەڕاستی پێشنیاری ئەوە دەکەم کە تەئکید لە قسەکانی کاك شێروان دەکەم, دەبێت پێشی نووسینەوەی دەستوور قەزیەی کەرکووك حەل بکرێت, قەزیەکە من لە رووی سنوورەوە دەڵێم, نەك ماددەی پەنجاو هەشتی برگە (ا)ی گێڕانەوەی کوردەکانە بۆ ناوچەکانی خۆیان و, دیسان دەرکردنەوەی عەرەبەکانە بۆ شوێنەکانیان, بەلأم هەر بەوەندە نەوەستین, دەبێت مەسەلەی سنوور تەسبیت بکرێت و, نوێنەرانی کورد لە لیژنەی دەستووری دەبێت زۆر جددی بن لەوەی کە مەسەلەی هەرێم بەڕاستی ئیشی لەسەر بکەن.

دووەم/ من پێشنیارێکی ترم هەیە پێم وایە دەبێت زەرووری وا بێت, ئەگەر هاتو لە حاڵەتێك لە پاش ئەوەی کە یاداشت و بڕیار وەربگری, بۆ ئەوەی یاداشتێك بدەینە پەرلەمانیش و سەرۆکی کۆماریش و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش و نەتەوە یەکگرتووەکانیش و زائیدەن سەفاراتی دەوڵەتانیش, پێم وایە ئەگەر لە حاڵەتێك ئەو شتانە جێ بەجێ نەکرێت, زەرووریيە ئێمە وەکو کوردستان ئیلتیزامی هەموو ئەو ناوچانەی کە کورد نیشینن, وەکو کەرکووك و مەخمور و ئەوانە ئیلتیزامی ئیداری قانونییان رەبت بکەین بە هەرێمی کوردستان و بە دەستووری کوردستان و بە پەرلەمانی کوردستان و بە حکومەتی کوردستان, ئێمە ئەوەیان لێ داوا بکەین, کە ئەوان ئیلتیزاماتی خۆیان بە حکومەتی کوردستان بێت, نەك بە خوارو, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابت, بەحەقیقەت خاڵێك زۆر دووبارە کرایەوە, چونکە ئەوەندە خەبەرەکە گرنگە, بۆیە کەسمان را نەگرت لەسەر ئەوەی کە ماددەی پەنجاو هەشت جێ بەجێ بێت پێش نووسینەوەی دەستووری ئیستیفتا لەسەری, یەعنی ئێمە هەموومان رەئیمان ئەوەیە, ئەوە خۆتان دەینووسن, یەعنی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە, واتا ئێوە قەرار دەدەن لەسەر صیغەی نیهائی, ئەو صیغە نیهائییە ئێمە لەگەڵ بەغدا لە لیژنەی دەستووری لەوێ ئەو نوێنەرانەی ئێمەی کورد, کە لەوێن (15) کەسن ئەمانە دەبێت دابنرێن, ئینجا دەبێت تەسبیت بکرێت, ئەگەر تەسبیت نەکرا قیادەی کورد, پەرلەمانی کوردستان, سەرکردایەتی سیاسی کورد هەڵوێستیان ئەبێت, بە دڵنیایی هەڵوێستی ئەبێت, بۆ ئەوە دەبێت شتەکانمان زۆر بە حەکیمانە دابڕێژین, شێوەیەکی یاسایی بەخۆی ببینێ, کە سنووری کوردستان کوێیە؟ نەوعی حوکم لە عێراق چۆن دەبێت؟ لێرە ئەمانە چۆن دەبن و زۆر خاڵی تر, مەسەلەی پێشمەرگەیە, مەسەلەی ئەو شوێنانەی کە برادەرێك گوتی نازانین شوێنەکانی تری غەیری کەرکووك کە نەهاتۆتەوە سەر هەرێم, مەعلوم نییە, زۆر مەعلومە, هەموو شوێنێك کە پێش ئەوەی سەددام مابوو, هێشتا لەبن دەسەلأتی بوو, ئەو شوێنانەی کە (نزاع علیه) پێی دەڵێن, ئەوانەی کە کێشەدارە, کێشەی لەسەرە, ئەوە هی ئێمەیە, هی کوردستانە, جا ئەو خەڵکەی کە لەوێ دەژیت تورکمانە, عەرەبە, ئاشوورییە, ئەرمەنییە, جولەکەیە, زۆرینەشی کوردە, ئەوە یەعنی بگەڕێتەوە سەر ئەم سنوورە, بۆ ئەم سنوورە جوگرافیناسەکان خەریتەیەك لەم رۆژانە دەخەنە بەر دەست و دەم و دەستیش قەراری لەسەر دەدەن, دووبارە سوپاس بۆ ئەوەی کە وەختێکی درێژ بوو, ببوورە مولاحەزەیان هەیە, ئەوجا ئیسراحەتێك دەکەین نیو سەعات, بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی دەمانەوێ وەریبگرین, کە جەمعە بەندی قسەکانی بەڕێزتانە, دوو سێ شتە قەراری لێ دەدەین, تکاش لەو ئەندامە بەڕێزانەی ئەم پەرلەمانە دەکەین, کە نە هیلاکەتیتان لا گرنگ بێت, نە دوور لە ماڵی خۆتان, لەمڕۆوە دەبێت هەموو رۆژ دەوام بکەین, جگە لە رۆژی هەینی و شەممە نەبێت, کە ئیسراحەتە, هەموو رۆژێك دەوامی کامیل دەبێت لە پەرلەمان لیژنەکان دەست بەکار دەبن, تەعلیماتی زۆر و موناقەشەی زۆر و بڕیاری زۆریش دەبێت, ئەم تەنسیقە لەگەڵ رێزدار مام جەلال و کاك مەسعود کراوە, چونکە داوای ئەوانیشە, کە لەم مانگەو لەم پەرلەمانە بەڕێزە زۆر بەجددی خەرکی ئیش و کار بین, چونکە ئەمە مانگێکی حاسمە بەنیسبەت ئایندەی میللەتی کورد, فەرموو کاك عوسمان.

**بەرێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رۆژنامەی برایەتی خوێندمەوە کە وەفدێکی رەسمی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی کاك ناصح غەفور چۆتە دەرەوەی ولأت, ئێمە پرسیار لە جەنابت دەکەین, ئەو وەفدەمان بۆ روون بکەنەوە, چونکە ئەگەر وەفدی پەرلەمانە, فیعلەن دەبوایە ئەندامانی تری لیستەکانی تری پەرلەمانی لەگەڵ بوایەو, ئەگەر نا هەر لە لیستی سەوز ئەندامێکی لەگەڵ بوایە, ئەگەر نا دەبوایە بەناوی پەرلەمان هیچ تەسریحێك نەدەن, یان بلأو نەکرێتەوە, یان بەناوی لیستی زەرد بلأو بکرێتەوە, خاڵێکی تر مەسەلەی دانیشتن داوا دەکەم, یەعنی پێشنیار دەکەم مەسەلەی دانیشتن تەسبیت بکرێت لە قاعەی کۆبوونەوەی پەرلەمان, یەعنی چ بە حروفی ئەبجەدی بێت, چ بە لیست بێت, چونکە بەڕاستی شێوەی دانیشتنەکان ناحەزاری پێوە دیارە, جارێکی تریش پێشنیارمان کرد بوو, داوامان کرد بوو ئەگەر ئەوە چارەسەر بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەنیسبەت پرسیاری یەکەم, وابزانم هیچ وەفدێك بەناوی پەرلەمانەوە نەچۆتە دەرەوە, د.ناصح راستە ئەندامی پەرلەمانە, بەس پێشتر, پێش ئەوەی کە پەرلەمان سوێندی یاسایی بخۆات دەعوەتێکیان هەبوو, لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی و کەرکووك و هەولێر و دهۆك و چەند برادەرێکی تری عولەمای هەرێمی کوردستان, وەفدەکەش گرنگ بوو چوونیان وەختی کە هاتە سەر ئەوەی برۆن, ئەوەی من ئاگام لێ بوو کاك د. ناصح لەگەڵ کاك عەدنان موفتی و, بە ئاگاداری ئێمەش ئیجازەی وەرگرت و رۆیی, جا دەبێت لە ئیعلام ئیشارەیان بەوە کرد بێت, کە بەحەقیقەت وەفدی پەرلەمان نەبووەو بۆ مەعلووماتت, بەنیسبەت شوێنی تەرقیم بەندی لە ناو پەرلەمان تەواو بووەو, حازر بووەو, لەم چەند رۆژە ناحیەی فەنی دادەنرێت, ئەوەش ئامادەیە ئێستا, زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد حکیم جبار:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکا دەکەم دانیشتنێکی بە پەلە بکرێت, ئێمە کۆمەڵێ پێشنیار و تێبینی و داخوازیمان هەیە, لەوانەیە ئێمە هەر لە پرسگاوە تا شوێنی جەنابت ئێمە پرسیارمان هەیە, یەعنی ئەو پرسیارانە مافی خۆمانە, یەعنی چۆن ئەوە چوار سەعات و نیوە دانیشتووین, ئەو ناوانە نەگۆڕاون, ئەوە بەڕاستی خەلەلێکە دەبێت بپرسین ئەو خەڵکە بۆ دەچنە دەرەوە, جا ئێمە دەبێت بزانین دانیشتنی پێشەوە تەرقیم کراوە, چۆن تەرقیم دەکرێت, ئایا بە حروفی ئەبجەدییە, یان بە فراکسیۆنە, یان بە گروپە, یەعنی ئەو کاتە وای لێ دێت لیستی حزبێکی تر لە پشتەوە بێت, چونکە وا ناو نراوە, چونکە مەسەلەن ناویان هەموو محەممەدە, یان عەلییە, یەعنی پێم وایە ئەم پەرلەمانە پێك هاتووە لە کۆمەڵە لیستێك, یەعنی ئەوە مافی خۆمانە پێش ئەوە بریارەکانمان بۆ بنێرن, دەبێت ئێمە بزانین چۆن بریار دراوە, من لە مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبم زانیوە, کە دادەنیشم لەگەڵیان, چونکە من تەمسیلی حزبێك دەکەم, دەڵێن بۆ سەرۆك و جێگر زۆر نییە قسە بکەن بە حەقیقەت, یەعنی ئەوە دەبێت وەڵامی ئەوەمان بدەنەوە, ئایا ئەو قسە کردنە, من زۆر تەئیدی قسەکانی کاك جەمال دەکەم, بەڵام جەنابت وەڵامی هەموو قسەکانت داوە, خاڵ بەخاڵ وەڵامت داوە, یەعنی ئێمە بەبێ عادزی داوای جەلسەیەك دەکەین, ئەوە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ ئەو لیژنەیە کە ئێوە بریارتان داوە, وەکو مەکتەب سیاسی هەردوولا, من ناڵێم دەبێت هەموو لیژنەکان لەناو پەرلەمان بن, بەڵام پێم وایە مافی خۆمانە ئەو لیژنەیە لێرە بریاری لەسەر بدرێت, دەبا هەندێك پەرلەمانتاریشی تێدا بێت, با خەڵکی سیاسیشی تێدا بێت, روو لە لیژنەی یاساییش دەکەم, من پێم وایە لەم پشووەدا, لیژنەی یاسایی وەڵاممان بداتەوە, ئایا ئەو کارەی کە مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب کردوویەتی, کە پێم وایە خەڵکی دیکەی لەو لیژنەیە بێ بەش کردووە, کارێکی یاساییە, یان نا, وەکو لیژنە وەڵامان بدەنەوە, نەك وەکو تاکە شەخس, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت وەڵام دانەوە, حەقە ئەگەر ببینی شتێك لەگەڵ قانونەكە ناگونجێت تەوزیحی هەبێت, مەسەلەن قانونی ئیداری دەوڵەی عێراق دانراوە ئەمریكیەكانیش دەسەڵاتیان لێ هەبوو, ئەوانیش پێی مولزەمن و پشتیوانی لێ بكەن و, ئێمە كورد و عەرەب و هەموو پێكهاتەی عێراق مولزەمین بەوە, كە ببێتە ئەساسێك بۆ ئەو دەستوورەو, ئێستاش كە دەنووسرێتەوە, پێویستە جیا بكرێتەوە, مەسائیلی كوردیش, مەسائیلی ئینسانی نییە, مەسائیلی سیاسییە, وەكو مەسائیلی ئینسانی سەیری ناكەین, بەنیسبەت لیژنەیەك پێك بێتن بۆ گفتوگۆ كردن لەسەر كەموكوریەكان, ئەوە زۆر تەبیعیە دەكرێتن, جەلسەی پەرلەمان بۆ كەموكوریەكان ناكرێت, لیژنەكان پێشنیاری خۆیان روون دەكەنەوە وەڵام دەدرێتەوە, بەڵام جەلسەیەك تایبەت بكەین, بۆ ئەوەی بۆ خۆمان چی بكەین, ئەوە ناكرێت, ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەموو كەموكوری و نەقوسانی ئەم پەرلەمانە جێ بەجێ بكرێت و چاك بكرێت, بۆ ئەوەی بتوانین ئیش بكەین, ئەگەر نەواقیسێك هەبێتن, ئیدارە هەیە لێرە, پێشنیاری خۆتان بكەن و ئیدارە مەجبورە پێی هەڵبستێ, دەبێت جێ بەجێشی بكەن.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ناوەكان, تەبعەن لیستەكان حازرن, جەماعەتی كاروباری ئەنجومەن فریا نەكەوتن دوێنێ تەرقیمی بكەن, لەوانەیە ئێمە سبەینێ تەواوی بكەین, پاش تەواو بوون هەریەكە حەقە لەسەر كورسی خۆی دابنیشێت بەڕاستی, حەق نییە لەسەر كورسی برادەری خۆی دابنیشێت, ناوەكانیش بەشێوەی حروفی ئەبجەدی دەبێت, خەبیرمان هەیە لە پەرلەمان شارەزای عەرەبییە, شارەزای زمانن, ئێمە موستەعید نین قەوائیمی خۆمان بە ئارەزووی ئەندامێكی پەرلەمان دروست بكەین بەڕاستی, ئوسولێك هەیە بەنیسبەت حروفی ئەبجەدی, منیش لێی نازانم, بەس خەڵكێكی شارەزامان هەیە, بەنیسبەت كەموكوریەكان كاكە نابێت هەموو شتێك لەناو جەلسەی پەرلەمان, خارجی پەرلەمانی كار تەرح بكرێتن, نیزامێكی داخیلیمان هەیە, بەگوێرەی نیزامی داخیلیەكە داوای جەلسە دەكەن, جەلسەكەش لازمە بەگوێرەی نیزامی داخیلی بێت و تەحدید كراوە لەوێ, ئەوجا چ لیژنە داوا بكات, یان دە ئەندام داوا بكات, بەنیسبەت تەلەباتەكانی تر كەموكوریەكان لە ژوورەكان هەبێتن, لە لیژنەكان هەبێتن, لە جێگای تر هەبێتن, رێگای موڕاجەعە هەیە كاكە دەستەی سەرۆكایەتی, سەرۆك بە تەنیا نییە, جێگر لەوێیە, سكرتێری پەرلەمان لەوێیە, سەرۆكی كوتلەكان لەوێنە, دەتوانن تەبەنی مەوزوعەكە بكەن, با شتەكە ئوسولی بێت, ئەگەر بەرنامەی كاری جەلسەكە تەواو بوو, بە رەئی من كەس حەقی نییە شت تەرح بكات, خارجی بەرنامەی جەلسەكە بێت, چونكە ئەگەر وا بێتن و ئیلتیزام بە نیزامی داخیلی نەكەین, باشە چی بكەین لەو حاڵەتە, چ بەدیلێكمان هەیە بۆ نیزامی داخیلی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

برادەران ئێستا بۆ ئەم گفتوگۆیەی دەیكەن, بۆ ئەوەی كە چەند پێشنیارێك هەیە, بڕیارێكی پێ وەربگرین, دەمانەوێت دوای ئیسراحەت جەلسەیەكی تر بكەین, جا بۆ ئەم ئیسراحەتە حەز دەكەم سەعات 4,30 یان 5, بەس حەز دەكەین و دەمانەوێت ئێوە بیڵێن, ئەگەر موافیقن لەسەر سەعات 3,30 ئێمە ئامادە دەبین لێرانە, باشە سەعات 3,30 هەموو ئەگەر موتەفیقن دەستان بەرز بكەنەوە, زۆر سوپاس.

| | |
|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكی)** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**سێ شەممە رێكەوتی 2005/7/5**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/7/5

كاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2005/7/5 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د. كەمال كەركووكی) سەرۆكی ئەنجومەن بە وەكالەت و, بەڕێز فرست احمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(8)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (3)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2005/7/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەرچاوخستن و دەنگ لەسەر دانی پێشنیازی سەرۆكی ئەنجومەن كە خولی ئەم كۆبوونەوانەی ئێستا تا (2005/7/31) درێژە بكێشێ.

2- بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی بڕیارێك كە داواكراوە بۆ جێبەجێ كردنی ماددەی(58)ی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ گواستنەوە)و, بۆ ئەو بابەتانەش وەربگیردرێ كە لە دانیشتنی ژمارە(7)ی رۆژی( 2005/7/4)دا بەرچاو خرابوون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.** 

دانیشتنی ئەمڕۆ بەناوی گەلی كوردستان دەكەینەوە, خول هەڵبژاردنی دووەم, ساڵی یەكەم, خولی بەستنی ژمارەی دانیشتن 8, رۆژی دانیشتن 2005/7/5, بەرنامەی كار, بەپێی حوكمەكانی بڕگە(1)ی مادده(20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(8)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2005/7/5 بەم شێوەیە:

1- بەرچاوخستن و دەنگ لەسەردانی پێشنیاری سەرۆكی ئەنجومەن كە خولی ئەم كۆبوونەوانەی ئێستا تا (2005/7/31) درێژە بكێشێ.

2- بەرچاوخستن و گفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژەى بڕیارێك كە داواكراوە بۆ جێبەجێ كردنی ماددەی (58)ی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) و, بۆ ئەم بابەتەش وەربگیردرێ كە لە دانیشتنی ژمارە(7)ی رۆژی (2005/5/4)دا بەرچاو خرا بوون.

بەڕێزان.

ئێستا چونكە كاتی پشوودانی پەرلەمانی كوردستانە, بەلاَم لەبەر زۆر ئەگەر گرنگ, لەبەر زۆر سەبەبی گرنگ كە میللەتەكەمان پێی دەرباز دەبێت و, پەرلەمانەكەشمان لەدوای هەڵبژاردنی ئەمجارە بۆ ماوەیەك دوا كەوت و, ئێستا دەستی بەكارەكانی خۆی كردووە, بە گرنگمان زانی داوا لە بەڕێزتان بكەین, ئەم پێشنیارە دەخەینە بەر دەستی بەڕێزتان بۆ ئەوەی ماوەكە, بۆ ماوەی مانگێك درێژەی پێبدەین و, بۆ ئەم مەبەستە ئەم پێشنیارە دەخەینە بەر دەستی بەڕێزتان. ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێت دیفاعی لێبكەن و, ئەو بەڕێزانەش كە رئیان شێوەیەكی ترە, دەتوانرێ موناقەشە بكرێتن, ئێمە زۆر بە گرنگی دەزانین لە قۆناغێكی مێژوویی دەرباز دەبین, لەم مەرحەلەیە بەردەوام بوونی كاری پەرلەمانتارە بەڕێزەكان لامان زۆر گرنگە و, مەسائیلی چارەنووسازی نەتەوەكەمان پێوەیە, بۆیە باشترە و, گرنگترە بەردەوام بین لەسەر كارەكانمان, لەوەی پشوو بدەین, زۆر سوپاس.

ئەگەر هیچ برایەك مولاحەزە یان تێبینی هەیە بەسەرچاو, ئەگەر نا دەیخەینە دەنگدانەوە, باشە, كێ لەگەڵ ئەوەیە كە مانگێك بەرنامەكانمان درێژە پێبدەین و لەسەر كارەكانی رۆژانە بەردەوام بین؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ پێشنیارەكە وەرگیرا, تەمانای كاری باشتر و چاكتر بۆ هەموو ئەم بەڕێزانە دەكەین.

خاڵی دوو, بەرچاوخستن و گفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژەی بڕیارێك كە داواكراوە بۆ جێبەجێ كردنی ماددەی(58)ی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) و, بۆ ئەم بابەتەش وەربگیرێ كە لە دانیشتنی ژمارە(7)ی رۆژی(2005/5/4)دا بەرچاو خرا بوون), بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەین, سەرۆك و, جێگرو, موقەریر, تەشریفیان بێنە شوێنی خۆیان, فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

پێشەكی دەقی پڕۆژەكە بە عەرەبی دەخوێنینەوە, پاشان برای بەڕێزم كاك عونی پڕۆژەكە بە كوردی دەخوێنێتەوە, پاشان دەچینە سەر موناقەشە كردنی ماددەكان یەكە بەیەكە, ئێستا دەقی پڕۆژەكە بە عەرەبی دەخوێنمە.

بسم الله الرحمن الرحيم.

بسم الشعب.

المجلس الوطني لكوردستان العراق.

استنادا لحكم المادة(56) من القانون رقم(1) لسنة 1992 المعدل قرر المجلس الوطني لكوردستان- العراق, بجلسته المنعقدة بتاريخ / /2005 مايلي:

المادة الاولى:

إن المجلس الوطني لكوردستان العراق هو المرجع السياسي والدستوري للبت في المسائل المصيرية للشعب كوردستان- العراق, وتحديد العلاقة الدستورية مع السلطة الاتحادية لجمهورية العراق, وعلى ممثلي شعب كوردستان في الجمعية الوطنية العودة اليه في كل ما يمكن طرحه من احكام و مواد في مشروع دستور العراق الذي له تماس مباشر او غير المباشر بمصالح اقليم كوردستان.

المادة الثانية:

لا يجوز التخلي او التنازل كلاً او جزءاً عن اي حق اكتسب بموجب قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية وان يكون لها انعكاساً واضحاً في دستور العراق ويعتبر الاتي تعبيراً عنها.

اولاً:

اعتراف قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية بالنظام السياسي القائم في كوردستان العراق وسلطاته التشريعية والتنفيذية والقضائية وصلاحيتها ومهامها بأثر رجعي منذ تأريخ تأسيسها.

ثانياً:

الاحكام الخاصة بالمادتين الثامنة و الخمسين من قانون ادارة الدولة والعاشرة من قانون المفوضية العليا لحل منازعات الملكية الخاصة برفع الظلم الذي سببته ممارسات النظام السابق والمتمثلة بتغيير الوضع السكاني والاداري لمحافظة كركوك وبقية مناطق كوردستان.

المادة الثالثة:

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار او القرار.

المادة الرابعة:

ينشر هذا القرار او القانون في جريدة (وقائع كوردستان) وينفذ من تأريخ إصداره.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی نوسخەكان لەسەر هەمووتان بەش كراوە, لیژنەی یاسایش بۆ بەڕێزتانی خوێندەوە, پێمان باشە بە كوردیش بخوێنرێتەوە, ئەگەر هەبێت, ئینجا موناقەشەی لەسەر دەكەین, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعدی بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی یەكەم:

ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عێراق مەرجەعی سیاسی و دەستووری یەكلاكردنەوەی پرسە چارەنووسسازەكانی گەلی كوردستان و دیاركردنی پێوەندیی دەستووریی هەرێمی كوردستانە لەگەڵ دەسەڵاتی فیدرالیی كۆماری عێراقدا, لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر نوێنەرانی گەلی كوردستان لە كۆمەڵەی نیشتمانیدا, بۆ هەر حوكم و ماددەیێ, لۆ پرۆژەی دەستووری عێراقدا پێویستی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی بە بەرژەوەندی هەرێمی كوردستانەوە هەبێ, بگەڕێنەوە بۆ رای ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عێراق.

ماددەی دووەم:

هەر مافێ, بە پێی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) وەدەست هاتبێ, ناشێ واز لە هەموو یان لە بەشێكی بهێندرێ یان دەستی لێ هەڵبگیردرێ, ئەو مافانە دەبێ لە دەستووری عێراقدا بەروونی بدرەوشێنەوە, ئەمانەی خوارەوەش ئەو مافانە دەردەبڕن:

یەكەم:

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت, بۆ قۆناغی كواستنەوە, دانی بە سیستەمی سیاسی و دەسەلأتەكانی تەشریعی و تەنفیزی و دادیاریی كوردستانی عێراق و, سەلأحییات و ئەرك و فەرمانیدا ناوە, لە رۆژی دامەزراندیانەوە.

دووەم:

ئەو حوكمانەی كە پێوەندیدارن بە ماددەی(پەنجاو هەشتی) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و, ماددەی دەیەمی یاسای موفەووەزییەتی باڵای چارەسەركردنی ململانێی موڵكدارێتی تایبەت, بۆ لابردنی ئەو زوڵمەی كە رەفتارەكانی رژێمی پێشتر لەگۆڕینی باری نیشتەجێی و ئیداریی پارێزگای كەركووك و ناوچەكانی دیكەی كوردستان سەپاندوویەتی.

ماددەی سێیەم:

پێویستە لەسەر لایەنە پێوندیدارەكان حوكمەكانی ئەم بڕیارە, یان ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

ماددەی چوارەم:

ئەم بڕیارە یان یاسایە لە رۆژنامەی وەقائیعی كوردستان دا بلأودەكرێتەوە و لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە كار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا راپۆرتی موقەرير, ئەگەر پێشکەشی پەرلەمانی بکەی.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەیخوێنینەوە راو بۆ چوونی لیژنەی یاساییە لەسەر پڕۆژەی بڕیارەکان.

اجتمعت اللجنة القانونية للمجلس الوطني لكوردستاني يوم الثلاثاء المصادف 2005/7/5 لغرض مناقشة مسودة مشروع القرار المقدم من قبل العدد القانوني من اعضاء المجلس والخاص بالتاكيد على دور المجلس الوطني للبت بالقضايا المصيرية لشعب كوردستان- العراق ومتابعة تنفيذ ما ورد في قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية فيما يخص شعب كوردستان العراق لاسيما المادة(58) منه وبعد قيام اللجنة بدراسة المشروع المنبثق نتيجة المناقشات الجارية في الجلسة المرقمة(7) لمجلس الوطني الكوردستان ليوم 2005/7/4 وندرج ادناه ملاحظات اللجنة القانونية على مشروع المذكور وكما يلي:

1-تقترح اللجنة القانونية وبالاجماع صياغة ديباجة لمشروع القرار وعلى ان يكون كالاتي:

(استناداً لاحكام الفقرة(1) من المادة(56) والمادة(53) من القانون رقم(1) لسنة 1992 المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق, قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ2005/7/5 تشريع القرار الاتي:

القرار رقم (    )لسنة 2005

2-تقترح اللجنة وبالاجماع اعادة صياغة المادة الاولى من المشروع وجعلها كالاتي:

المادة الاولى:

ان المجلس الوطني لكوردستان العراق هو المرجع السياسي والدستوري للبت في المسائل المصيرية لشعب كوردستان العراق وتحديد العلاقة الدستورية مع سلطات جمهورية العراق الاتحادية(الفدرالية) وان ممثلي شعب كوردستان في الجمعية الوطنية العراقية ملزمون بالرجوع اليه في كل ما يتم طرحه من احكام ومواد عند صياغة دستور العراق الدائم التي لها صلة مباشرة او غير مباشرة بمصالح كوردستان العراق.

المادة الثانية:

يتمسك شعب كوردستان العراق بحقوقه المكتسبة بموجب قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية والتي تعبر عن جزء من تطلعات شعب كوردستان وينبغي ان يتضمن دستور العراق الدائم ذلك منطلقاً من الاسس الاتية:

اولاً:

اعتراف قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية بالنظام السياسي القائم في كوردستان العراق وسلطاته التشريعية والتنفيذية والقضائية وصلاحياتها ومهامها بأثر رجعي منذ تاريخ تأسيسها.

ثانياً:

الاحكام الواردة في المادة الثامنة والخمسين من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية والمادة العاشرة من قانون تأسيس الهيئة العليا المختصة بحل منازعات الملكية العقارية الخاصة برفع الظلم الذي سببته ممارسات النظام السابق والمتمثله بتغيير الواقع القومي والسكاني والاداري لمحافظة كركوك والمناطق الاخرى من كوردستان.

المادة الثالثة: (مادة اضافية):

تشكيل لجنة مؤقتة لغرض متابعة تنفيذ المادة(58) من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية بشأن قضية كركوك والمناطق الاخرى من كوردستان.

3-لا توجد لدينا ملاحظات على المادتين الثالثة والرابعة في مسودةالمشروع مع مراعاة تسلسل المواد بعد التصحيح.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەمان پێبدەی دیباجەی مەشروعەکەی دەخوێنینەوە هی ئەصلیەکەی, لەگەڵ مادده یەك, پاشان ڕەئی لیژنەی قانونی لەسەر ماددەی یەك ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین و, لە موناقەشەکە بەردەوام دەبین.

بسم الله الرحمن الرحيم.

بسم الشعب.

المجلس الوطني لكوردستان العراق.

استنادا لحكم المادة(56) من القانون رقم(1) لسنة 1992 المعدل قرر المجلس الوطني لكوردستان- العراق, بجلسته المنعقدة بتاريخ / /200 مايلي:

المادة الاولى:

إن المجلس الوطني لكوردستان العراق هو المرجع السياسي والدستوري للبت في المسائل المصيرية للشعب كوردستان- العراق, وتحديد العلاقة الدستورية مع السلطة الاتحادية للجمهورية العراقية, وعلى ممثلي شعب كوردستان في الجمعية الوطنية العودة اليه في كل ما يمكن طرحه من احكام و مواد في مشروع دستور العراق الذي له تماس مباشر او غير المباشر بمصالح اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەروەکو برای بەڕێزم شێخ کاکە ئیشارەتی پێدا, دیباجەیەکی تایبەتیمان داناوە, کە ئەوەش ئەو دیباجە بوو کە خوێندیەوە, ئێمەش لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەکەین, بەڵام ئیعادەی صیاغەمان کردووە بەم شکلەی کە لە ڕەئی لجنە قانونی دا هاتیە, ئەویش بەم شێوەیە:

المادة الاولى:

إن المجلس الوطني لكوردستان العراق هو المرجع السياسي والدستوري للبت في المسائل المصيرية للشعب كوردستان- العراق, وتحديد العلاقة الدستورية مع سلطة الجمهورية العراقية الاتحادية(الفدرالية), وان ممثلي شعب كوردستان في الجمعية الوطنية العراقية ملزمون بالرجوع اليه في كل ما يتم طرحه من احكام و مواد عند صياغة الدستور الدائم التي لها صلة مباشرة او غير مباشرة بمصالح كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ئێمە دەستکاری صیغەمان کردووە, ئەگینا مەبدەئەکە هەمان مەبدەئە کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە, ڕەئی دواییش ڕەئی ئێوە و, ئەندامانی پەرلەمانە, لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە ئەو ماددەیە دەخەینە بەر موناقەشە, ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن, با دەستی خۆیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین, ئەگەر کەس نەماوە, دەرگای ناونووسین دادەخەین, موناقەشە دەکرێت, فەقەت لەسەر ئەو ماددەیە, تکایە لەمیحەوەری ماددەکە دەرنەچن, بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە کاتەکە بکەین و, تێبینی سوود بەخش وەربگرین, بەڕێز طلعت خضر, فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو مولاحەزەم هەیە, لەسەر ماددەی یەکەم, ماددەی یەکەم, خەتی دوو,

(لشعب كوردستان العراق وتحديد العلاقة الدستورية مع السلطة الاتحادية لجمهورية العراق), دوو لامە ئەوەی یەکەم پێم وایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکانی خۆت هەمووی تەواو بکە, ئینجا پاشان وەڵامی پرسیارەکانت دەدەینەوە, فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خەتی سێیەم, (وعلى ممثلي شعب كوردستان في الجمعية الوطنية العراقية), چونكە ئەمە كێشەكەمان لەو برادەرانەی كە لەوێنە عیراقینە, عیراقی تەحدید بكرێ, لەگەڵ ڕێزمدا.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**تكایە بێدەنگی بۆ ئەوەی سوود لە پێشنیارەكانی ئەو بەڕێزانە وەربگرین, كاك سردار هركی, فەرموو.**

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لەسەر ماددەی یەكەم, تەنها پێشنیارێكم هەیە, دەكرێ لە خەتی سێیەم(ممثلي شعب) كوردستان تاكو ئاخیری هەڵبگیرین, ئەوەی پێشنیار دەكەم ئیزافە بكرێت, یاخود ئەو ئیزافەیە بكرێتە ماددەیەكی جیا, لە ماددەی یەكەم هەر تێیدا هەیە, بەڵام تەئكید كردنە, بەم شێوەیە هاتووە پێشنیارەكە لەگەڵ هەندێ برادەر نووسیومانەوە,( يعتبر باطلاً وغير ملزم لشعب كوردستان العراق كل أتفاق أو موافقة على اي قانون أو امر مع أي جهة اخرى يحدد بموجبه مصير كوردستان العراق و شعبه أو جزء منه إذا لم يستند على قانون أو قرار صادر من المجلس الوطني كوردستاني), لەگەڵ ڕێزمدا.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, بەڕێز د. ناصح, فەرموو.**

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تەبیعی من ڕەئی لەسەر ئەوەی لیژنەی یاسایی دەدەم, كە ئەوان ئیعادەی صیاغەیان كردۆتەوە, مەفروزە موناقەشەكەمان لەسەر ئەوە بێت, لێرەدا من بە پێویستی دەزانم لە كۆتاییدا دەستكاری ئەم وشانە بەم شێوەی بێت,( إن المجلس الوطني لكوردستان العراق هو المرجع السياسي والدستوري للبت في المسائل المصيرية للشعب كوردستان- العراق, وتحديد العلاقة الدستورية مع السلطات للجمهورية العراقية الاتحادية(الفدرالية), وان ممثلي شعب كوردستان في الجمعية الوطنية العراقية ملزمون بالرجوع اليه في كل ما يتم طرحه من احكام و مواد, (لێرە گۆڕانكاری بە پێویست دەزانم), عند صياغة الدستور الدائم لجمهورية العراق الاتحادية التي لها صلة مباشرة او غير مباشرة بمصالح كوردستان), چونكە ئێمە دەبێت لێرە ناوی لێبنێین, لە پێشوو تر وتوومانە, بەڵام دەبێت دووبارەی بكەینەوە, چونكە(لجمهورية العراق الاتحادية), مەفروزوە بەم شێوەیە بێت باشترە, لەگەڵ ڕێزم.**

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزاني:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**(في المسائل المصيرية لشعب كوردستان), لێرە من پێم وایە, چونكە (المجلس الوطني لكوردستان العراق), لێرە عێراقەكە زێدەیە, كە لە دوو مەصیر شعب كوردستان دێت, لێرە عێراقەكە هەڵبگیرێ, سوپاس.**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

**زۆر سوپاس, بەڕێز كەژال خان, فەرموو.**

**بەڕێز كەژال مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە خاڵی یەكەم, لەگەڵ ئەوەی كە دەڵێت(ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عێراق مەرجەعی سیاسی و دەستووری یەكلاكردنەوەی پرسە چارەنووسازەكانی گەلی كوردستان و دیاركردنی پێوەندیی دەستووریی هەرێمی كوردستانە), پێم وایە ئەوەشی بۆ زیاد بكرێت نەك نوێنەرانمان لە كۆمەڵەی نیشتمانیی, بەڵكو پێویستە حكومەتی**

هەرێم و سەرۆکی هەرێمیش بگەڕێنەوە بۆ رای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, لە هەر مەسەلەیەکی چارەنووسازیدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك حاتم, فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی قسەکانی من بەڕێزان کاك ادهم و, د. ناصح کردیان, بەلأم وەکو خۆم لەگەڵ دەقی ئەوەم کەوا لیژنەی یاسایی صیاغەیان کردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز محمدی حاجی محمود, فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆربەی قسەکانی منیش برادەران کردیان, لەبەر ئەوەی حەز ناکەم دووبارەیان بکەمەوە, ئەو صیاغەیەش کە لیژنەی قانونی صیاغەکەیان زۆر باشە, هەر صیغەی ئەو قەرارەش بکرێتە قەراری مەرجەعیەت هەموو شتەکان بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان, بەڕاستی ئەوە خواستێکی هەموو لایەك و خەڵکی کوردستان و, ئومێدێکی گەورەیە, من پێم وایە راستە هەر قەرارێك لێرە باسی دەکەین, ئەمە شتێکی گرنگە کە ئەو بڕیارە ئەمڕۆ بیدەین, بەلأم لەگەڵ ئەوەش کە بڕیارەکە گرنگە, ئایا ئتیفاقە یان پرسێك شتێکی ناوێت, ئەو قەرارە هیچ پێشتر باس کراوە, چونکە ئێمە لێرە ئەو قەرارە بدەین و, بەیانی شتێکی تێبکەوێ, یەعنی ئەگەر ئیتیفاقتان کردووە, ئێمە هەموو لەگەڵین, ئەوە هیچ موشکیلە نییە, من پێم وایە شتێکی گرنگە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەوزیحێك هەر بۆ قسەی جەنابت, رێزدار سەرۆکی کۆمار کە دەورێکی بەرزی هەیە, لەناو تەرەفێکی بەهێزی کورد, داوای کرد کە پەرلەمان بە هەموو تاقەتی دەوری خۆی ببینێ, سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ئەویش دەورێکی گرنگ و بەرزی هەیە لە ناو کوردستان و لە محافلی دەولی و, هەردووکیان موتەفیقن لەسەر هەموو ئەو شتانە, ئەویش کە داوایان لەو بەڕێزانە کرد, کە دەوری مێژوویی خۆیان ببینن, ئەرکی سەرشانی خۆیانە و, ئێمە پێیانمان وتوە, هەردووکیان بەرەحابەتی صەدرەوە پاڵپشتیان کردووە, کە ئەگەر ئێوە شتێکتان لێ دەرباز بوو بە خواستی میللەت و ئەندامانی پەرلەمان نەبوو, خواستی میللەت نەبوو, خۆتان بەرپرسن لێی و, دوایی یاقەی کەس نەگرن ونەڵێن خەتای کێیە؟ ئەم پەرلەمانە دەبێت دەوری خۆی ببینێ بە دیموکراتیەت, بەسەراحەت ئەو شتانەی دێتە پێشی مەربووتە بە مەسیری میللەتی کوردەوە, دەبێت رۆلی خۆیان تێدا ببینی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید من تەنها ئەو مولاحەزەیە لە دانیشتنەکەی دوێنێ وە, چونکە تەرحەکە کە کرا, لایەك پێی نارازی بوو, یەعنی وەکو وابوو تەوجیهەکە نەهاتبوو بڵێن کاکە لەسەر ئەوە موناقەشە مەکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك جمال شمعون, فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە، لە سەرۆکی لیژنەی یاسا، دەبێت دیباجە لەگەڵ ماددەکان تێکەڵاو بکرێت، یان دیباجە دەبێت بە تەنیا بنووسرێت، تەنها ئەسبابی موجەبە بۆ هەر قەرارێك دیار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عزالدین باقەسرێ، فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم لە فەقەرەکە(ممثل شعب كوردستان في الجمعية الوطنية العراقية)، هەندێ برادەر دەرچووینە لە جەمعیە، بەلاَم ئێستا دەسەلات ئیزافە بکرێت لە صیاغەی دەستوور، (وللجنه صياغه الدستور)، چونکە هەندێ برادەر دەرچووینە صیاغەی دەستوور دەکەن ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك رشاد احمد، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران ئیشارەتیان بە زۆر شت دا، بەلاَم یەك شت هەیە، لە نیهایەتی ماددەکە، کوردستان العراق المصيريه، تەئیکیدی لەسەر بکرێتەوە، چونکە لە ئەوەڵەوە هاتیە المصيريه، کە دەڵێت(احكام و مواد في مشروع دستور العراق الذي له تماس مباشر او غير المباشر بمصالح اقليم كوردستان)، بۆ تەئکید دووبارە بکرێتەوە باشە، لە بیدایەتیش( تشريع قرار)، ئەگەر بکرێتە (اصدار القرار) باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو خوشك برایانەی کە ویستیان رەئی بدەن، تەنها یەك بەڕێز ماوە، کاك محمد، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر موناقەشە و مشت مرمان کرد لەسەر ئەوە کرد، کە ئێمە هەڵوێستێکی سیاسی بدەینە حکومەتی عێراق، دەربارەی ئەوەی کە دەیەوێت مەسەلەی کەرکووك دوا بخات، بەلاَم ئێستا ئەوە بووە کۆمەڵێك مەواد، شتێکی باشە کە ئەم مەوادانە تەسبیت بکرێت، کە پەرلەمانی کوردستان ببێتە مەرجەعێکی سیاسی و دەستووری دائیم، بۆ هەر کەسێك کە دەیەوێت قسە بکات، ئەوە زۆر باشە، بەلاَم ئێمە پێویستمان بەوە هەبوو کە هەڵوێستێکی پەرلەمانی کوردستان بدەینە حکومەتی عێراقی، دوو مەتلەبی گەورەی تێدا هەبێت، یەکێکیان ئەوەیە نارەزایی دەبڕێن بەرامبەر هەر کەسێك کە لە خۆوە بەرامبەر بە مەسەلەیەکی زۆر مەصیری کە پەیوەندی بە شەعبێکەوە هەیە، کە بەشێکی ئەساسیە لەناو عێراقدا، لە پێکهاتەی عێراق، لەخۆیەوە قسە نەکات بەرامبەر بەم مەسائیلانە، بەشی دووەمی، هەرچی خێرا تر کردنی جێبەجێ کردنی بڕیاری 58 بێت، لە دروست کردنی لیژنەکەی، لەو بڕە پارەیەی کە بۆ ئەو لیژنە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەسائیلانەی کەرکووك دیاری کراوە، خێرا ئەو بڕە پارەیە تەحویلی ئەو لیژنەیە بکرێت بۆ دەست بەکار بوونی، دەبوایە ئێمە هەڵوێستێکی سیاسیمان هەبووایە، دوێنێش موناقەشەمان لەسەر ئەوە کرد، راستی پێم باشە ئێستاش نەچووە ئەو داوایە، ئەو موزەکەرەیە بدەینە حکومەتی عێراقی وەکو دیکۆمێنتێك بمێنێ، کە ئێمە نوێنەری ئەو خەڵکەین، ئەو خەڵکەش بەشێکن لە ئێمە، ئێمە ئەگەر لەوە قەسەیەکمان نەبێت، هەردەبێت جارێکی تر بیکەین، ئێستا زۆر جێگای خۆیەتی ئەو قسەیە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت لە جێگای خۆیەتی, ئەیخەینە دوای ئەوەی کە ئەوماددانەی ئێستا وەکو قەرار بڕیارە پێی وەربگیرێ, پاشان برادەران لەسەری گفتوگۆ دەکەین, کە ئەویش بە شێوەیەك یان بەشێوەیەکی تر بێت, ئەگەر بەڕێزان موافق بوون لەسەری, کاك خورشید شێرە, فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەبوو, یەکیان کاك محمد فەرمووی, ئەوی تریش ئەو برادەرە باسی کرد, ئێمە دوێنێ موناقەشەمان لەسەر خاڵێك بوو, لەسەر قانونی ئیدارەی دەوڵەت نەبوو, لەسەر ناوەرۆکی ماددەی 58 نەبوو, ئایا باشە یان خراپە؟ ماددەی 58 هەموو موتەفق بووین لەسەری, هەموو موناقەشەی دوێنێمان و ئەسبابی کۆبوونەوەکەمان لەسەر ئەوەبوو, ئایا ئەو تەصریحات و مەوقفی جەعفەری بەرامبەر بە جێبەجێ نەکردنی ماددەی 58 هەڵوێستی ئێمە پەرلەمانی کوردستان چ دەبێت؟ هەرچەندە ئەو برادەرە ئەو مەوزوعەی ئیشارەت پێکرد, بەلاّم من تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم, کە ئێمە ئەساسەکەمان لەسەر خراپەی ئەو ماددەیە نییە, ئێمە سەد لەسەد تەئیدی دەکەین, بەلاّم بەڕاستی مەوقفمان چ دەبێت بەرامبەر بە تەسریحاتەکانی جەعفەری, ئەوە یەك, بەرەئی من ئەگەر موزەکەرەیەك وەکو پێشنیارمان کردبوو...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید نوقتەی نیزامی هەیە, لە لایەن بەڕێز خوشکە پەخشان, فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نوقتەیەکی موحەدەد موناقەشە دەکەین, دەرچوو لەو نوقتەیە, دەرەوەی بابەتەکەمانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ نوقتە نیزامیەکە لە جێگەی خۆیەتی و, ئێستا ئەو نوقتانە خەلاّس بوون, وەخت تەرخان دەکەین بۆ پێشنیارەکانی کاك محەمەد, رەئی ئەو خوشك وبرایانەش وەردەگرین, بۆ ئەوەی چی ئیستغنا بکرێتە سەر دانیشتنەکەی دوێنێ و ئەمڕۆمان کە سوودی هەبێت, بۆ میللەتەکەمان, وا بزانم ناوەکان تەواو بوو, تکاتان لێدەکەین, کە لیژنەی قانونی با وەلاّمتان بداتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ وەلاّممان حازر کردیە, وەلەو موختەصەریشە, بەنیسبەت کاك طلعت, بە حەقیقەت بەرەو پڕۆژەکە چوو, ئێمە ئەوەی ئەو وتی لە موفتەرەحەکەی خۆمان تەسحیحمان کردووە, بەنیسبەت کاك سەردار دەڵێت نەصێك ئیزافە بکرێت,(لكل اتفاق يقع خلاف), ئەوەی کە لێرە هاتیە باتیلە, ئێمە بە حەقیقەت نەصێکی لەوەی زۆر گرنگترمان هەیە, ئێمە پەرلەمانمان هەیە, کە باس لە مەسائیلی مەصیری و قەزائی دەکات, ئێمە ئێستا لەم بڕیارە تەئکید لەسەر دەوری پەرلەمان دەکەین, لەسەر ئەوەی کە بەت لەسەر مەسائیلی مەصیری دەکات, ئەوە مەسەلەکی مەدەنی نییە, بلێ (كل اتفاق يعتبر باطلا), ئەگەر هاتو برادەرانی بەغدا ئیتفاقێکیان کرد, خیلافی ئەو مەوزوعانە بوو, ئێمە لێرە ئیلزاممان کردیە, تەئکیدمان کردیە لەسەر دەوری پەرلەمان, بەنیسبەت ئەوەی د. ناصح ئیشارەتی پێدا, ئەوە ئەو فەقەرە هاتووە و, دووبارە کردنی ئیجاب ناکاتن, ئەوەی مەوزوعی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم دەستکاری لەسەر مەسەلەکان نەکەن, ئەوەی ئەو خوشکە ئیشارەتی پێکرد, بە حەقیقەت سەرۆکی هەرێم دەسەلاّتی تایبەتی هەیە, یاسای تایبەتی هەیە, سەرۆکی حکومەت دەسەلاّتی تایبەتی هەیە و, یاسای تایبەتی هەیە, لە هەمان کاتدا پەرلەمانیش دەسەلاّت و یاسای تایبەتی هەیە و, ئێمە لێرە مەبدەئێکمان وەرگرتیە فەصل بين سوڵتاتمان وەرگرتیە, ئیستقلالیەتی هەر دەزگایەکمان وەرگرتیە و, کەس تەدەخوولی ئیش و کاری دەزگاکەی تر ناکات, بەم شێوەیە رۆیشتووە, ئێستاش بە

گوێرەی ئەم یاسایانە ئێمە تەعاموول لەگەڵ مەسەلەکان دەکەین, بەنیسبەت کاك محمد حاجی محمود, ئەوەی دەوری پەرلەمانی ئێمەش دەبێت زۆر بە روون وئاشکرایی وازیح بێت و دیار بێت, لەو بڕیارەش ئێمە تەئکیدمان کردیە و, حەقێکی تەبیعی خۆمانە, نوقتەی دووەم ئەو بڕیارەش کە وەردەگرین بەڕاستی پشتگیری کردنە لە گروپی کوردی لە بەغدا, بۆ ئەوەی بتوانن بە ناوی ئێمەوە قسە بکەن, نەتوانرێ هیچ شتێك بکەن, بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان, بەنیسبەت کاك جمال باسی دیباجەی کرد, بەڵێ ئێمە دیباجەیەکی تایبەتیمان هەیە, ئەو دیباجەیە لە مەشروعەکە نەهاتبوو, ئێستا هێنامانە سەر مەشروعەکە, زۆر ئعیتیادیە و زۆر تەبیعیە, ئەوە شتێکی ئینشائی نییە, کلیشەیەکە بەکارمان هێناوە, لە بیدایەتی دروست کردنی پەرلەمان, تاکو ئێستا, بەنیسبەت کاك عزالدین مەسەلەی صیاغەی دەستوور, ئەوانە ئەندامن لە صیاغەی دەستوور, ئەوە مەداری بەحس نییە, ئەوانە ئەندامی پەرلەمانن, پێش ئەوەی ئەندام بن لە صیاغەی دەستوور, بۆیە پێویست ناکات ئیشارەت بەم مەسەلەیە بدرێ, بەنیسبەت کاك رشادیش ئەوەی مەصیری, ئەوە بەرەئی ئێمە تکرارە, بەنیسبەت ئەوەی کاك محمد فرج, ئەوە ئیمکان هەیە, ئەوەی کاك محمد ئیشارەتی پێدا لە موزەکەرەیەکدا ئاراستەی جیهەی پەیوەندارەکان بکەین, نەك جێگاکەی لەم بڕیارە هەبێت, ئێمە هەر ئەوەندە تێبینییەمان هەبوو, ئەگەر ئێوە تێبینی ترتان هەیە, فەرموون, ببورن بابەتی عێراق, ئەوەی کاك ادهم ئیشارەتی پێدا, ئێمە مەصدەری ئەو بڕیارانە, بەڕاستی ئیستینادمان کردیتە سەر قانونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ مەرحەلەی ئینتیقالی کە بەناوی عێراق دەرچووە و, مادده 58یش لە هەمان قانون دەرچووە, هەمان قانون سەروچاوەی دەستوورە, ئەکید دەبێت لێرە, ئێمە ئیشارەت بە عێراق بدەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەوزیحێکم هەیە, کاك شێروان حیدری باسی ئەوە دەکات, کە پێشنیاری ئێمە کە ئەوە قانون مەدەنی نییە, ئەوە پێشنیارە لە جێگای خۆی نییە, بۆیە ئەگەر بەو مەنتیقە لێك بدەینەوە, کاك شێروان, دەبێت ماددەی یەك ئیلغا بکەین, لەبەر ئەوەی لە ماددەی یەکەم باسی ئەوە دەکات, ملزمون, ئەوە لێرە تکرارە, بەلاَم پێشنیارەکە تەنها تکرارێکی بەهێز تر بووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێزان.**

ئێستا موقتەرەحی لیژنە دەخەینە دەنگدانەوە, پێش ئەوەی بخرێتەوە دەنگدانیش, کاك شێروان جارێکی تر بیخوێنەوە, ئینجا تەصویتی لەسەر دەکەین, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

ان المجلس الوطني لكوردستان العراق هو المرجع السياسي والدستوري للبت في المسائل المصيرية لشعب كوردستان العراق وتحديد العلاقة الدستورية مع سلطات جمهورية العراق الاتحادية(الفدرالية) وان ممثلي شعب كوردستان في الجمعية الوطنية العراقية ملزمون بالرجوع اليه في كل ما يتم طرحه من احكام ومواد عند صياغة دستور العراق الدائم التي لها صلة مباشرة او غير مباشرة بمصالح كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستا ئەوە تەوزیح کرا و, موناقەشە کرا, خوێندرایەوە, کێ لەگەڵیەتی با دەستی بەرز کاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ دژە؟ دوو کەس, کێ مومتەنیعە؟ نییە, تکایە تەواو بوو, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, تەواو بوو, نوقتەی نیزامی کاك د. نووری, فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم چۆن بە زمانی عەرەبی خوێنرایەوە, جارێکی تریش بە کوردی بخوێنرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کوردی تەرجوومە نەکراوە بەباشی, تکایە ئەو خاڵە تەواو بوو, تەصویتی لەسەر کرا, تەواو بووە, کاك سمکۆ نوقتەی نیزامیت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز سمکۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەپەرلەمان بە کوردی قسە دەکەین و, بە کوردی موناقەشە دەکەین, حەق وایە بڕیارەکانیش پێشتر هەموو بە کوردی بخوێنرێتەوە, ئێستا هەموو بە عەرەبی دەخوێنرێتەوە, بە کوردیەکەشی تەرجوومەی نییە, بەڕاستی من بە نوقسانیەکی دەزانم, لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نوسخەیەکی ماددەکەمان بە کوردی هەیە, کە کاك عونی لە بیدایەت خوێندیەوە, ئێستاش کاك عونی دەتوانێ بە کوردی بیخوێنێتەوە, بەڵام لەسەر ئەساسی پرۆژەی پێشتر, چونکە ئەو پرۆژەی ئێستا لەوانەی گۆڕانکاری لەسەر کرابێت و, ئیمکان نابێت بەو لەحزەیە بە گۆڕانکارییەوە تەرجوومەشی بکەینەوە, بەڵام ئەوەی پرۆژەی ئەصلیە کاك عونی دەتوانی بیخوێنێتەوە, لێرە ئەگەر گۆڕانکاری بەسەر ماددەکە هات, دێتەوە لیژنەی قانونی, ئێمە دووبارە لەسەر تەعدیل و ئیزافەکان, ئێمە تەرجوومەی دەکەینەوە بەکوردی, بۆتانی بڵاو دەکەینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سمکۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی کە بڕیار دەردەچێت, دەبێت یەکەم جار بە کوردی بینووسینەوە, ئینجا تەرجوومە بکرێت بۆ عەرەبی, یەعنی بەڕاستی من پێم سەیرە, ئێستا ئێمە دەینووسینەوە بە عەرەبی و, بە عەرەبی دەخوێنینەوە, دوایی دەڵێین تەرجومەی دەکەین بە کوردی, خۆی ئەصلەن دەبێت بەکوردی بنووسرێت, هەمووومان کوردی تێدەگەین, بەڵام هەیە عەرەبی تێناگات لێرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەئیدی ئەو برایانە دەکەم کە داوا دەکەن, بە زمانی ڕەسەنی کوردی بێت, چونکە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە و, بۆ ئەم مەبەستە بە زووترین کات لیژنەیەکی وەرگێڕ لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی دابنێین و, دەست بەکار بن, بڕیارەکانی داهاتوومان ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت, ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان وەردەگرین و, دژی بوون ڕەتی دەکەینەوە و ڕایدەگرین, زۆر سوپاس.

ئەمڕۆ با ئەمە دەرباز بێت, چونکە برادەران دوێنێ لەبەر ئەمە رایانمان گرت و, بۆ جاری داهاتوو بەم شێوەیە کار دەکەین, زۆر سوپاس, ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:**

لا يجوز التخلي او التنازل كلا او جزءاً عن اي حق اكتسب بموجب قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية وان يكون لها انعكاسا واضحاً في دستور العراق ويعتبر الاتي تعبيراً عنها.

اولاً:

اعتراف قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية بالنظام السياسي القائم في كوردستان العراق وسلطاته التشريعية والتنفيذية والقضائية وصلاحيتها ومهامها بأثر رجعي منذ تأريخ تأسيسها.

ثانياً:

الاحكام الخاصة بالمادتين الثامنة و الخمسون من قانون ادارة الدولة والعاشرة من قانون المفوضية العليا لحل منازعات الملكية الخاصة برفع الظلم الذي سببته ممارسات النظام السابق والمتمثلة بتغير الوضع السكاني والاداري لمحافظة كركوك وبقية مناطق كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش بەڕاستی لەگەڵ ناوەرۆكی ماددەكەین, بەڵام ئیعادەی صیاغەی ماددەكەمان كردۆتەوە, بەم شێوەیەی كە ئێستا بۆتانی دەخوێنمەوە.

المادة الثانية:

يتمسك شعب كوردستان العراق بحقوقه المكتسبة بموجب قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية والتي تعبر عن جزء من تطلعات شعب كوردستان وينبغي ان يتضمن دستور العراق الدائم ذلك منطلقاً من الاسس الاتية:

اولاً:

اعتراف قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية بالنظام السياسي القائم في كوردستان العراق وسلطاته التشريعية والتنفيذية والقضائية وصلاحياتها ومهامها بأثر رجعي منذ تاريخ تأسيسها.

ثانياً:

الاحكام الواردة في المادة الثامنة والخمسين من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية والمادة العاشرة من قانون تأسيس الهيئة العليا المختصة بحل منازعات الملكية العقارية الخاصة برفع الظلم الذي سببته ممارسات النظام السابق والمتمثله بتغيير الواقع القومي والسكاني والاداري لمحافظة كركوك والمناطق الاخرى من كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە كوردی ئەو ماددەیەش بخوێنرێتەوە, تكایە, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی دووەم:**

هەر مافێ بە پێی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) وەدەست هاتبێ, ناشێ واز لە هەموو یان لە بەشێكی بهێندرێ یان دەستی لێ هەڵبگیردرێ, ئەو مافانە دەبێ لە دەستووری عێراقدا بەروونی بدرەوشێنەوە, ئەمانەی خوارەوەش ئەو مافانە دەردەبڕن:

یەكەم:

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت, بۆ قۆناغی گواستنەوە, دانی بە سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتەكانی تەشریعی و تەنفیزی و دادیاریی كوردستانی عێراق و, سەڵاحییات و ئەرك و فەرمانیدا ناوە, لە رۆژی دامەزراندیانەوە.

دووەم:

ئەو حوكمانەی كە پێوەندیدارن بە ماددەی(پەنجاو هەشتی) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و, ماددەی دەیەمی یاسای موفەووەزییەتی باڵای چارەسەركردنی ململانێی موڵكدارێتی تایبەت, بۆ لابردنی ئەو زوڵمەی كە رەفتارەكانی رژێمی پێشتر لەگۆڕینی باری نیشتەجێی و ئیداریی پارێزگای كەركووك و ناوچەكانی دیكەی كوردستان سەپاندوویەتی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئێستا ئەو خوشك و برایانەی كە دەیانەوێت قسە بكەن, با دەستی خۆیان بەرز كەنەوە, بۆ ئەوەی ناونووسیان بكەین, تكا لەو خوشك وبرایانە دەكەین, كە هەڵدەستن با جارێكی تر ناوی خۆیان بڵێن, بۆ ئەوەی تەسجیل بێت, بەڕێز د.نووری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, جەنابی سەرۆکی پەرلەمان, من چەند تێبینیەکم هەیە, سەبارەت بە بەندی دوو, بەندی دوو, سەرەتاکەی باشە بەم شێوەیە هاتووە, بەڵام پێویستە تەواو بکرێت, وەکو دەزانن قانونی کاتی بەڕێوەبردنی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە, لە مانگی 2004/4 پەسەند کراوە, دەبوایە بە پەلە بەندی 58ی ئەو قانونە جێبەجێ بکرێت, لەلایەن حکومەتی ئەیاد عەلاویەوە, بەڵام ئەو کارەی پشت گوێ خست, تاکو مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق هاتە پێشەوە, لەوکاتەدا پێویستی بە پشتگیری کورد هەبوو, بە پەلە کەوتە کار بۆ ئەوەی کەوا قانونێك پەسەند بکرێت, بۆ دامەزراندنی دەستەی باڵای ئاسایی کردنەوە لە پارێزگای کەرکووك, قانونەکە دەرچوو, سەرۆکی ئەو دەستەیە دیاری کرا, بەڵام پاشان هیچ کارێکی تری ئەنجام نەدرا بۆ ناونانی ئەندامانی ئەو دەستەیە و ئەو کارانەی کەوا خرابوونە ئەستۆی ئەو دەستەیە, کە دەبوو بەپەلە جێبەجێ بکرێت, پاشان حکومەتی جەعفەری ئەو کارەی گرتە دەست لەو رێککەوتنامە دوو قۆڵییەی لە نێوان گروپی کوردستانی و, گروپی ئیتلاف زامن کراون, بەروونی و بە ئاشکرا هاتووە, کە دەبێت لەماوەی مانگێکدا لەو رۆژەوە کەوا ئەو حکومەتە دەست بەکار دەبێت, پێویستە ئەو دەستەیە دەست نیشان بکرێت و, ئەرك و کارەکانیان دەست نیشان بکرێت و, جێبەجێ بکرێن, هەروەکو لەبەردەم لیژنەی قانونی ئەمڕۆدا من بۆم روون کردنەوە لە مانگی شوباتی ئەم ساڵدا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان, داوایان لێکردم کە نیزامێك بۆ دەستەی باڵای ئاسایی کردنەوەی پارێزگای کەرکووك ئامادە بکەن, ئەم پڕۆژەیە لەبەر دەستم دایە لە 11/ شوباتی/ 2005دا ئامادە کرا, نێردراوە بۆ بەغدا, بەڵام تاکو ئێستا هیچی لەسەر نەکراوە, مەبەستم لەم پێشەکیە ئەوەیە کە حکومەتی جەعفەری کە دوێنێ هەمووومان بە ئاشکرا باسمان کرد, هیچ نیازێکی نییە, بۆ ئەوەی کەوا ئەو دەستەیە دەست نیشان بکات, ئاسانکاری بۆ بکات, بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی بەزووترین کات جێبەجێ بکات, لە کاتێکدا پێویست بوو ئەم دەستەیە, پاش دەرچوونی قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق دابمەزرێ, پێش نیازی من ئەوەیە کەوا ئێمە داوا بکەین, ئەو دەستەیە بە زووترین کات دەست نیشان بکرێت و, ئەرکەکانی بە گوێرەی ئەو داواکارییانەی لایەنی کوردستانی پەسەند بکرێت, لە ماوەیەکی دیاری کراودا, ئەگەر هاتوو حکومەتی جەعفەری بە پێی ئەو ئەرکەی سەرشانی, بە پێی ئەو ئیلتیزاماتەی لەسەریەتی جێبەجێی نەکرد, ئێمە هەڵوێستێکمان هەبێت, پێشنیازی منیش دوێنێ ئەوەبوو, ئێستا دووبارەی دەکەمەوە ئەوەیە, داوا بکەین لە ئەندامانی لیژنەی قانونی لایەنی کوردستانی, کارەکانیان رابگرن و, چالاکیەکانیان رابگرن, تا ئەو دەمەی کەوا حکومەتی جەعفەری ناچار دەبێت ئەو دەستەیە دابمەزرێنێ و, ئەرکەکانی دەست نیشان بکات, ئەو پارەی کەوا پێویستە بۆی تەرخان بکات, تاکو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بتوانێ بە ئەرکەکانی سەرشانی هەڵبستێ, ئەمە وا بزانم بچووکترین داواکارییە لە حکومەتی جەعفەری, چونکە هەندێ کەس داوای شتی زیاتر دەکات, من دەڵێم پێویستە هەنگاو بە هەنگاو بۆی بچین, پێویست ناکات ئێمە بڵێین کەوا بکشێینەوە لە حکومەتی ناوەندی, ئەمە هەنگاوی یەکەمە, ئێمە ناکشێینەوە, واز ناهێنین لەو لیژنەیە, کەوا کارەکانمان رابگرین و, تاکو حکومەتی جەعفەری بەم ئەرکەی سەرشانی هەڵدەستێ و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەشێکی دەرچوون بوو لە بابەتەکەی ئێمە کە موناقەشەی لەسەر دەکەین, زۆر برادەر نوقتەی نیزامیان دا, بۆ مەسەلەی کەرکووك ئێمە موستەمڕ لە دواین, نەك هەر ئەو جەلسەیە بڕیاری تری پەرلەمانی کوردستان هەیە, ئەگەر بە ئەرکەکانی هەڵنەستا, جێبەجێ نەکردنی ماددەی58, ئەگەر نەکرا, ئینجا پەرلەمانی کوردستان و قیادەی سیاسی کورد و, جەماوەری کوردستان هەڵوێست وەردەگرێت و, بڕیاری پێوەرگیراوە, ئێستا ئێمە ئەو شتانە دەکەین, مانای ئەوە نییە, کە ئێمە پشت لە کەرکووك دەکەین, هەفتەیەکی تریش, دە رۆژی تریش, جەلسەیەکی تری بۆ دەکەین, بە گوێرەی زروف و بە گوێرەی کاتی خۆی, تەحروك دەکەین, یەعنی ئەمە نە ئەوەل جەلسەیە نە ئاخیریش دەبێتن, یەعنی تاخیر بووە راستە, بەڵام بزانن ئەو حەرەکەتی کە ئێستا هەیە, بەڕێز مام جەلال دەیکات, نەتیجەی چی دەبێت؟ ئێمە موستەمڕ جەلساتمان بەردەوامە, زۆر سوپاس, کاك حسن بابەکر, فەرموو.

**بەڕێز حسن بابەکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیەی تەعدیل کراوە, یتمسك شعب کوردستان بحقوقە, ئەو دیارە زۆر بە قووەت ترە بە نەزەری من لەوەی کە پێشتر نووسراوە, لا یجوز زۆر بێ هێزە و, ئەگەر دوای بحقوقە المشروعە بنووسرێت المشروعە المكتسبە, چونکە زۆر حەق هەیە, بەدەست هاتووە, بەلاٌم ئەگەر شەرعیەتی بە هی خۆمان بڵێین, شەرعیەتی باشترە, ئەگەر مەجالم بدەی, لە ماددەی یەکەم تێبینیەکم هەبوو, بەلاٌم درەنگ دەستم بەرز کردەوە, بەلاٌم با هەر بیلێم ئەگەر تەصویتیش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەی تەصویتی لەسەر کراوە, تکایە پاشان گفتوگۆی لەسەر دەکەین لە فراکسیۆنەکان باسی بکە, با ئصولی جەلسات زەبت بکەین, باشترە, بەڕێز کاك جمال یوسف.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ماددەکەم زۆر پێ باشە, بەلاٌم هەندێ تێبینیم هەیە, ئەگەر ئیجازە هەبێت, یتمسك شعب کوردستان العراق بحقوقە التاریخیە, ئیزافە بکرێت و والمکتسبەشی لەگەڵ بێت, فەقەرەی ئەخیریش والمناطق الاخری من کوردستان, بل المناطق الاخری متنازع علیها فی محافظتي الموصل ودیالی یاخود شارەکانی تریش بلێی, هەر تەنها ئەو دوو ئیزافەم هەبوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, کاك غفور مەخموری, فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە, من پێم باشە لەسەرەکەی بنووسرێت ئەو مافانەی کە لەم یاسا کاتیە هاتووە کە کەمترین مافن بۆ ئەم قۆناغەی خەباتی گەلی کوردستان, ئەو نووسراوە, بەلاٌم کەمترین ماف بۆ ئەم قۆناغە, یەعنی دیار بکرێت بۆ ئەم مەرحەلەیە, لەبەر ئەوە دواخواستی کورد نییە, لەبەر ئەو شتی زۆر سەرەتایین, ئەوە خاڵێك, خاڵێکی تر, بەنیسبەت بڕگەی دوو لە ماددەکان, بەڕاستی ئەگەر بنووسرێت, کاك جمال باسی ئەوەی کرد ناوی دوو پارێزگاکەی هێنا, ئەگەر بکرێ پارێزگای کەرکووك و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی تری وەك سنجار و شێخان و مەخمور و مەندەلی, هەموو ناوچەکان دیار بکرێت باشترە لێرە, بۆ ئەوەی بناسرێن کامە ناوچەن ئەوانە ی کە ئێمە مەبەستمانە ئەوە ئەگەر نەصەکەش وا بمێنێتەوە نەصەکە (فیما یخص کرکوك و المناطق اخری) ئەو الف و لامە وابزانم زیادە و (مناطق اخری من کردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوثاس بۆ جةنابت, فةرموو سۆزان خان

**بةريَز سۆزان شهاب نوري:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن وەڵڵا من یەك خاڵم هەیە دوو خاڵ بوو لە بنەرەتدا بەس کاك جەمال باسی دووەمی کرد ( برفع الظلم الذي سببتە ممارسات الانظمة السابقة) چونکە ئێمە لە 1929 وە, یاری بەم خاکەی ئێمە دەکرێت و لێی کورت ئەکرێت و لێی ئەبرێ و لە جیاتی بمان دەنەوە لێمان دەبڕن (الانظمة السابقة) و ئەوی تریش (مناطق اخری) من کردستان ناوی بێنین باشترە چونکە هەردەم ئەوە جێگەی شك ئەبێت ئێمە ناوی بێنین خانەقین و شارەکانی تر ناویان بێنین بە ناو هێنان زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز کاك محمد حاجی محمود

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا لە رووی زمانە وانی و لە رووی ناوەڕۆکەکان هەمموو ئەو خوشك و برایانەی باسیان کرد منیش خۆم لەوانە زۆر شارەزایم نییە لە زمانە وانیدا بەڵام ئەوەی کە لەوە کە باس دەکات کە ئێمە دەستی لێ هەڵناگرین لەو بڕیارە لە بڕیاری یاسای کاتی ئیدارەی عێراق یاخود هەندێکی یاخود بەشێکی بەڕاستی ئێمە لە هەمووی رازی نین یەعنی من بەش بەحاڵی خۆم لەسەر سێ خاڵی ئەوە یەکێ لەوانە ئەڵێ نابێ کەرکووك لەگەڵ هیچ لایەکا فیدراڵی بکات خۆ کەرکووك ناڕوات لەگەڵ بەسرا بیکات هەر بۆئەوەی لەگەڵ ئێرە نەیکات ئیلغای ئەو خاڵە بکرێ یا مەسەلەن خاڵێکی کەیان ئەڵێ نابێ حدودی ئیداری دەست کاری بکرێ یەعنی بۆ حدودی ئیداری دەست کاری نەکرێ لە کوردستان یان لە عێراقدا خاڵێکیان لەسەر مەسەلەی نیزاع لەسەر ئەو ناوچانە , ئێمە پێمان وانییە لەسەر مەسەلەی کوردستان نیزاع هەبێ ئەو ناوچەیە کە ناوچەی کوردستانە یان ئەوە خاکی کوردستانە یان بۆ نیزاعی لەسەرە من پێم باشە ئەگەر بتوانین داوای ئیلغاکردنی ئەو سێ خاڵە بکەین , لە قانونی ئیدارەی دەولەی عێراقدا بۆ کاتی گواستنەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز خوشکە شوکریە.

**بەڕێز شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵانەی کەوا من نیازم وابوو باسی بکەم بەڕێزان کاك محمود لەگەڵ خوشکە سۆزان باسیان کرد زۆر سوپاس و , منیش سوپاسی بەڕێزت دەکەم کە دەڵێی لەمەولا ئیتر دەبێ بەکوردی شتەکان بخرێتە بەرچاو ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە زۆر سوپاستان دەکەین ئەگەر ڕێگەشمان بدەن ئەوەی کە کراوە بەکوردی ئێمە جارێکی تر چاوی پێدا بخشێنینەوەو پێشکەشی ئێوەی بکەین چونکە بەراستی وەکو دوێنێ شتێکت بۆ من ئاماژە کرد ئەمە ئسلوبێکی ئەدەبییە دەرەوشانەوە ئەمە ناچێت بۆ ئەم جێگایە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خوشکە گوڵناز عەزیز.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە شێوەی یاسای عەرەبی من یەکێکم لەسەر عەرەبییەکە قسە ناکەم چونکە بەراستی رەخنەی ئیعلامی و شاراوە کوردیش یەعنی زۆر ناخۆشە بڵێن رەخنەی ئیعلامی هەیە و راگەیاندنەکەی خۆمان ئەگەر شاراوەی کوردی جالیەی کوردی ئەوە زۆر بەرەخنە هاتۆتە سەرمان وامان لێهاتووە کە پەرلەمانی کوردستان قرارەکانی بە عەرەبی دا کە ئەمە شتێکە پێچەوانەی کاری ئێمەیە ئەوە بۆخۆم بەیانی بەنووسراو رەخنەکەم دا بە لیژنەی یاسایی ئەو تەرجومەش کە کراوە تەرجومەیەکی باش نییە و خاڵێکیش لە مەسەلەی درەوشانەوە, درەوشانەوە رەنگە ئینشائی بێت ئەگەر بکرێت بڵێین لە دەستوری عێراقدا بەروونی بدرەوشێتەوە کار بۆ جێ بەجێ کردنی بکرێت لە ماددەی دووەمیان دا ئەو حکومانەی کە 58 و ماددەی 10 یە بەنوسراوی ژمارەیشی بنووسرێ باشترە

ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس, خوشکە پەخشان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رەئی ئەو برادەرانەم کە ئەڵێن (یتمسك شعب کوردستان العراق بحقوقة المکتسبة) ئەو حقوقە خۆی هەیە ئێستا ماناکەی ئیحای وا ئەدات کە بە پێی قانونی ئیدارەی دەوڵەت دەستمان کەوتوە بەرەئی من بکرێت لە جیاتی دەست

کەوتوو وەدی هاتوو یان (المتحققة) بە عەرەبی و لە ریزی دووەم کە ئەڵێ و (التي تعبر عن جزّ من تطلعات شعب کوردستان (تعبر عن جزّ من حقوقة) یان و (تتطلعات شعب کوردستان) یەعنی گەلی کوردستان تەتەلوعاتی هەیە, چونکە مافی هەیە بەڵام زەوت کراوە ئەوە بەشێکی هاتۆتە دی لەو مافە ئیتر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس , بەڕێز کاك سەردار هەرکی.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من سێ تێبینم هەیە دوویان لۆغەوین یەکەمیان کە دەگوترێت (یتمسك شعب کوردستان العراق بحقوقه المکتسبة بموجب) بەراستی ئەوە برێك بە رەکیکی دەبینم ئەگەر بکرێت بیکەینە (بالحقوق التي اکتسبها) من نەك بڵێین(بموجب) ئەوە یەك دوو لە کۆتای ئەو جملانە نووسرایە (منطلقا من الاسس الاتیة) من پێشنیار دەکەم بکرێ (انطلاقاً من الاسس الاتیة) پێشنیاری سێهەمم قانونی ئیدراەی دەولە یعنی ئەو مافانەی دایتە ئێمە وەکو دەزگاکان وەکو گەلی کورد تەبیعی ئەوە بە تەواوی ئەو مافانەی نەداوە بەڵکو لەوانەیە زۆر تێبینمان لەسەری هەبێ بۆ نموونە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ماددەیەك قانون ئیدارەی دەوڵەت دەڵێ بۆی هەیە ( تعدیل و تنفیذ قوانین) ئەوجاش لێرەدا هەندەك موادی استسنا کردیە ماددەی 25 و چەند ماددەی دیکە لێرەدا ئەمە دەبێ ئیشارەتێکی بنووسین کە ئیرادەی ئەوەمان هەیە گەشە بەو حقوقانە بکەین بۆیە پێشنیار دەکەم لە پاش (للمرحلة الانتقالیة) بنووسین (کأساس أولی) کە دەنووسین کە ئەساس ئەوەلی مانای ئەوەیە ئێمە دەمانەوێ گەشە بەو حقوقانە بدەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فەرموو تاڤگە خان.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم گوترا بەس لەبەر گرنگی دووبارەی دەکەمەوە لە دوای (والمناطق اخری من کوردستان) ناوی شوێنەکان بگوترێ باشە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵاهی سەبارەت بەم ماددەیە من بە شتێکی زیادی ئەزانم لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو لایەك ئەزانین کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق لیژنەیەکی تایبەتی دروست کردووە, بۆ نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق لەو لیژنەیەش ئێمە وەکو کورد, وەکو نوێنەرانی کورد پێم وایە 15 کەس هەیە لەوێ کە خەڵکی شارەزاو خەڵکێکن بە توانان بۆ نووسینەوەی دەستوور, یعنی ئێمە کە لێرە ئەڵێین (ینبغي ان یتضمن دستور العراق الدائم) ئەوانە یعنی ئەو بابەتانە ئەتوانرێت لە دەستوورا تەسبیت بکرێت نەك ئەوەی ئێمە لێرە ئیشارەت بەو بابەتە بدەین, ئێمە لێرە کە ئەوشتانە ئەکەین ئەوە ئەگەر نەکرا, ئەگەر نە نووسرایەوە, ئێمە دەسەڵاتێکی وامان نییە تەدەخول بکەین لە ئیش و کارەکانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور لەبەر ئەوەی ئەوە هەموو لایەکمان دەزانین ئەوە بە تەوافق کراوەو, هەموو پێکهاتەکانی عێراق نیسبەی خۆیان هەیە لە نووسینەوەی دەستورا هەتا سوونە کە بەشداری لە ئینتخاباتدا نەکردوە ئێستا هاتووە, بەشدارە لە لیژنەی نووسینەوەی دەستور جا بۆیە من ئەوە بەشتێکی زیادە ئەزانم ئەو بابەتە لەبەر ئەوەی لە سیمای دەوڵەتی فیدراڵی دوو دەسەڵاتی تەشریعی هەیە ئیقلیمەکان با بڵێین دەسەڵاتی یاسادانانی دەوڵەتی فیدراڵی یەعنی ئەوە بۆ مافی پاراستنی هەموو کەسە بۆ ئەوەی یەکسانی هەبێ لە هەموو مافەکانە ئەگەر چی هەندێ وڵات دوو مەجلیسی هەیە کە

زیاتر بۆ ئەوەی کە مافی هەموو کەمینەکان بپارێزێ یەعنی ئەوە بابەتێکە من پێم وایە ئەگەر ئێمە ئەو برادەرانەی ئێمە کە لەوێ ئەو مافەمان بۆ تەسبیت نەکەن, بە ئێمە لێرە ئەو بابەتانە تەسبیت ناکرێ, جا من بۆ ئەوەی پێشم باشە ماددەی 58 بابەتێکە ئالیەتێکە مەجلیسی ریئاسە لەگەڵ مەجلیس وزاء ئەوان تەوسییە ئەدەنە جمعیەی وەتەنی ئینجا ئەگەر ئەو پێی نەکرا داوا ئەکرێ تەحکیم و ئەوە دانرێ ئەگەر و ئەخیرەن ئەوە نەکرا داوا لە UNدەکرێت کە ئەوە بکرێت یەعنی ئەوە بابەتێکە, من پێم باشە یاداشت نامەیەك بنووسین وەکو, نوێنەری خەڵکی کوردستان نوێنەری خەڵکی هەرێمی کوردستان کەنیگەرانی خۆمان و نارەزایی خۆمان دەربرین لەوەی کەوا ئەو حکومەتە حکومەتی بەڕێز د. جەعفەری کە نەیان توانیوە, ئەو ماددەیە جێ بەجێ بکەن. ئەتوانین ئێمە یاداشت نامەیەك بنووسین بۆ پەرلەمانی عێراق بۆ ئەنجومەنی عێراق بۆ مەجلس ریئاسەی کۆماری عێراق بۆ رئیس وزرای عێراق, بۆ UN بۆ نوێنەری ئەمریکا, بۆ نوێنەری بەریتانیا, بۆ ئەو وڵاتانە یەعنی من پێم باشە ئێمە ئەو موزەکەرەیە فعال ترە لەوەی ئێمە , لەبەر ئەوەی ئێمە تەدەخولاتە لەو بابەتانە بەتایبەتی مەبدەئی فیدراڵیەت . زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان احمد حمد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە خێر هاتنەوەت دەکەین و دوعای سەرکەوتنت بۆ دەخوازین ئەو ماددەی دووەمە زۆر بەزعیف دەزانم چونکە لەرووی بەلاغەی عەرەبیەوە ئەو رستەیە رستەیەکی هەواڵی یە, (یتمسك شعب کوردستان العراق بحقوقه المکتسبة بموجب قانون إدارة الدولة العراقیة للمرحلة الانتقالیة و التي تعبر عن جزء) ئینجا ئەوە و ینبغی لەگەڵ و یجب دوو موستەڵەحی لێك جیان ماناکەیان یتضمن وەکو بڵێی دەبێ بەس یجب پێویستە (ویجب ان یتضمن دستور العراق ذلك منطلقا من الاسس الاتیة) ئەوە خاڵێك, بەڵام بەراستی من وا دەزانم هەر ماددەکە گۆرانکاری یەکی جەزری بەسەر دابێت (یتمسك شعب کوردستان العراق بحقوقة المکتسبة) ئەمە باسمان لە دەستوری دائمە چۆن حقوقی شعبی کوردستان لە دەستووری دائم تەسبیت بێ لەبەرئەوە (یتمسك شعب کوردستان بدستور العراق دائم بشرط ان یتضمن حقوقه المشروعة المکتسبة بموجب قانون الادارة الدولة العراقیةللمرحلة الانتقالیة و التي تعبر) ئەوەش بۆخۆی تعبر عن جزو من تتگلعات شعب کوردستان خۆ بەراستی ئەوە ئەعلای سەقفی تەتەلوعاتی شەعبی کوردستان نییە. لەراستی دا یەعنی لەو قۆناغە دا بەشێکە لە تەتەلوعاتی شعبی کوردستان ئینجا بۆیە (یتمسك) ئەوە تەنیا ئیخبارێکە هیچ لە قەزیەکە ناگۆڕێ ئەوەی کە داوای دەکرێت ئەو ینبغی یەش پێویستە, یجب بێت یەعنی لە رووی بلاغی و ناحیەی عەرەبیەوە یجب لەگەڵ ینبغی دوو شتی زۆر لە یەك جیان و مانای ینبغی زۆر رکیکە و(یجب) قوەتی زیاترە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من قسەم لەسەر تەرجومەکەی هەیە یعنی ئەگەر عەرەبیەکە دیار نەبێت کوردیەکە بخوێنیەوە کەس نازانێ ئەوە هی ئەوەیە بۆ نموونە (ئەڵێ بۆ شێواز یا هەموو بەشێکی بهێنرێ ئەوە لە کوێ ی عەرەبیەکە دایە, ئەبوایە ( یجب ان لا یتخلي یجب عدم تخلي) لە کوێ هەیە لەبەر ئەوەی من پێشنیار دەکەم ئەو تەرجومەیە ئاوا بێت خۆی ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە ئەگەر ئێمە بە کوردی بنووسین ئەساسەکەی کە لە نیەتمان دایە دەردەکەوێت, بەڵام کە تەرجومەی دەکەین دایمەن تەرجومە وزەعیفترە لە ئەسڵ لەبەر ئەوە من جارێکی کە پێشنیاری ئەوە دەکەم یان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە نووسینی ئەساسی بە کوردی بێت کە ئێمە ئەو نییەتەی هەمانە دەردەکەوێت پێشنیار دەکەم تەرجومەکەی ئاوا بێت , (گەلی کوردستان پێدا دەگرێ لەسەر ئەو مافانەی کە لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق

بۆ قۆناغی گواستنەوە دا هاتووە), لە کاتێکدا ئەو مافانە تەعبیرە لە بەشێکی خواستەکانی گەلی کوردستان هەروەها پێویستە لە دەستوری عێراقی دائم دا بە ئاشکرایی ئەو ماددانەی تێدا تۆمار بکرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنەوەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم بەخێر بێتەوە, بەنسبەت ماددەی دوو من پێم وایە بەم شێوەیە بێ باشترە, (يتمسك شعب كوردستان العراق بتلك الحقوق التي اكتسبوها) چونکە حقوق وەردەگیرێ نەك ئەدرێ لەبەر ئەوە لێرە وچوحێکە لەلایەن میللەتەوە بڵێین ( يتمسك شعب كوردستان العراق بتلك حقوقه المكتسبة بموجب قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية و التي تعبر عن جزء من تطلعات شعب كوردستان) و ڕەئی منیش لەگەڵ ئەوەیە کە يبنغی بکرێت بە (يجب ان يتضمن دستور العراق دائم ذلك من منطلقا من الاسس الاتية). دووەمیش (النظام السابق) بکرێت بە (الانظمة السابقة) چونکە یەك نیزام نی یە کۆمەڵێك نیزام هاتن غەدریان لە کورد کردو, واقعی کوردستانیان گۆڕی یعنی (الانظمة السابقة) نییە (الذي سببتهم ممارسات النظام السابق) بکرێت بە (الانظمة السابقة) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی یەکەم یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە دانی بە سیستەمی سیاسی دەسەڵاتەکانی تەنفیزی و تەشریعی دادوەری کوردستانی عێراق یاساو بریارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سوڵتەی تەنفیزی و تەشریعی لە کوردستانی عێراق بریتی نییە لەو سێ پارێزگایانەی کە ئەو یاسانە کاریان پێ دەکرێت و, من پێشنیار دەکەم بکرێت بە هەرێمی کوردستان چونکە تەعریفی قانونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق تەنها ئەو سێ پارێزگایە دەگرێتەوە, کە دەڵێین کوردستانی عێراق یەعنی هەموو شوێنە تازە رزگار کراوەکان کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە زمنی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سوڵتەی تەشریعی و تەنفیزی. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرمووو کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنەوەی کاك عدنان دەکەم بەڕێزان ئێمە لە لیژنەی یاسایی کۆمەڵێك شتمان دارشت پێم وابوو, ئەبوایە لیژنەی یاسایی روونیان بکردایەتەوە یەکەمیان ئەوەی کە دارێژراوە, ئەوە مقترحی ئێمە بوو بۆ تعدیلی ئەو نەصەی کە بیدایەت دانرابوو, دووەمیان ئەو کوردیە, ئەو کوردیە تعدیل کراوەکە نییە ئێستا نیقاشەکان تێکەڵ بوونە, لەبەینی کوردی سیاغەی یەکەمەکەو, لەبەینی تعدیلەکە بۆیە هەندێ جار نیقاشەکان بە تێکەڵی دەڕوات, پێشنیارێکی تریشمان هەبوو ئێمە لەتەك ئەوەی کەوا ئەم لیژنەیە ئەم سیاغەیەی لە رووی قانون داڕشتووە, پاش چاککردنی کۆمەڵێ مفرەداتی قانونی و سیغەی قانونیەکانی ئێمە تێبینی ئەوەمان کرد, کە دوێنێ لە دانیشتنەکان کۆمەڵێ داواکاری هەبوو, بۆ چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ماددەی 58 لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیارمان وابوو, لە پاش ئەمە یاداشتێك تقدیم ئەکەین, بۆ جیهاتی یەعنی تیایە هەموو, ئەو داواکاریانەی کە ناوچەی معقولن لەم زروفەیا ئەگونجێن ببێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی کەوا سوڵتەی سیاسی یان قەزیەی سیاسی لە عێراقدا تفعیل بکات بە ئیتجاهی مەسلەحەتی کوردستانی ئەوە ببێتە

شتێك له یاداشتەكه ئێمه تەرحی بكەین بۆیه ئەگەر پێشتر برادەرانی لیژنەی قانونی لەسەرۆكایەتی روونیان بكردایەتەوە, پێم وایه هەندێ له نیقاشەكان ئێستا بۆ خۆی باشتر دەرۆیشت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, با لیژنەی قانونی جوابی بدەنەوەو دەست بەكاربن.

**بەڕێز شێروان ناصح عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من به گشتی جواب دەدەمەوە لەگەڵ ئەو قسانەی كه له ئەخیری كاك دلێر كردی, ئێمه كه پرۆژەی ئەو بریارەمان تەحدید كرد, قانونی ئیدارەمان كردۆته مصدر بۆ ئەو پرۆژەیه له راستی دا, و ئەو وشانەی ئه لەوێ دا هاتییه به هەمان شێوە ئەو وشەمان لێره بەكار هینایه شتێكمان له خۆرا نەهێناوە, ئیزافەی بكەین, بەڵام ویستیتمان لەگەڵ قانونی ئیدراەی دەوڵەت هاوسەنگ بن ئەم وشانه, ئەمە یەك. هی دوو رەنگه هەڵەی لوغەوی تێدا بێت من ناڵێم تێیدا نییه هەر هەڵەیەكی لۆغەوی تێدا بێت ئیمكان هەیه له ئیعادەی سیاغه هەڵه لۆغەویەكان چاك بكەینەوە به شێوەیەكی رێك و پێك دەربچی بەنسبەت حقوقی مكتسبه كه زوربەی زۆری برادەران ئیشارەتیان پێدا, حقوقی مكتسبه نەزەریەیەكه له قانون ئەو حەقانەیه كه به پێی یاسایەك وەرگیرایە, بەنسبەت ئێمه ئەو حەقەی كه وەرگیراوە, ئەو یاسایەی كه وەری گرتووە, قانون ئیدارەی دەولەیه بۆیه ئێمه لێره ناوی حقوقی مكتسبەبەمان هێناوە, ناوی حەقەكانی كەمان نەهێناوە, بەنسبەت ئەو بریاره بەڵێ ئەوە بەشێكه له تەتەلوعاتی میللەتی كورد, تەتەلوعاتی میللەتی كورد ئەوە نی یە, كه ئەوەی لەو بریاره هاتووە, له راستی دا بۆ ئەوەش ئیشارەتمان پێداوە, بەنسبەت نیزامی رابردووش, فیعلەن كە( الانظمة السابقة) بێ لەجێگای خۆیەتی هەموو نیزامەكان دەگرێتەوە, ئەوەی كاك دلێر باسی كرد, بەحەقیقەت ئەوە ئێمه بەنسبەت موزەكەرە ئێمه ووتمان موزەكەرە شتێكه ئەبێ خارجی ئەم بریاره بێت و ئێمه وتمان با ئەو بریاره نیهایەتی بێت ئینجا ئێمه باسی ئەو موزەكەرەیه دەكەین و, له هەمان كاتدا ئیزافەیەكیشمان هەبووە, لەسەر ئەو بریارەی ئەویش دەست نیشان كردنی لیژنەیەكی كاتی بۆ پێداچوونەوە به ماددەی 58ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو, كاك سمكۆ.

**بەڕێز سمكۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك شێروان دەڵێ ئەو شتانەی كه لێره وەرگیراوە هەمووی له قانون ئیدارەی دەوله وەرگیراوە 58 كه هەموو وەرگیراوە بۆچی ئێمه ئەو بریاره دەردەكەین ئێمه ئەگەر تەئكید كەین دەبێ لەو حالەته یەعنی ئەو هەموو كۆبونەوەیه بۆ دەكەین, یەعنی ئەو مناقەشەیه دوو سێ رۆژە دەیكەین خۆ ئەمە تەئكید كەین بڵێین دەبی تنفیزی قراری 58 بكرێت به حەزافیریها خۆ پێویست ناكات ئەو شتانه بنووسین, ئەگەر هەمووی له قانونی رەقەم 58 دەرنەچووبێ, زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان ئەگەر تێبینی یەكانی برادەران هەموو وەڵام بدەنەوە بۆ ئەوەی كۆتایی پێ بێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر بەی زۆری تێبینی یەكان پەیوەندییان به سیاغه هەبوو لەراستی دا, سیاغەكەش ئیشارەتمان پێدا ئەوانی تریش هەر دوو سێ برادەر تێبینی یەكیان له هەمان تێبینی بوو, ئەوانەش وەڵاممان دانەوە مەسەلەی تەرجومەكەش ئەوە ئی كاك محمد فرج ئەوە له بیدایەتی دانیشتنەكه ئیشارەتمان پێدا, یەعنی ئەم كەم و كوریەش ئینشاالله له دانیشتنی داهاتوو, بەنسبەت ترجومه كوردیەكان, جێ بەجێ ی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دووباره بیخوێنەوه بریارەکە. نوقتەی نیزامی فەرمووو .

**بەڕێز شێردل عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوه قسەکانی من سۆزان خان کردی لەسەر ئەوەی کە هاتییە ئەوه سیاغەش نییە وابزانم بەوه نووسرایە ممارسە نیزام سابق ئەو تەئکیدی کرد بەلاّم ئەو ئەڵێ بگوترێ نیزام سابق (منذ تاسيس الدولة العراقية) چونکە هەر نیزام سابق نەبووه, هەر سەدام نەبووه, لەوەتی حەویجە دروست کراوه, مەسەلەی کەرکووك هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس, فەرمووو کاك حەمد.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاره ئێمە لە ماددەی دووەم داوا دەکەین کە ئەو دوو برگەیە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بچەسپێ بەلاّم ئێمە لە برگەی دووەم داوای ماددەی 58 دەکەین لە لایەك ئێمە داوا دەکەین ماددەی 58 پێش نووسینەوەی دەستوور جێ بەجێ بکرێت لێرەش داوا دەکەین مادده ی58 لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بچەسپێ ئایە ئەوه تەناقوزەك نییە لە ناوی دا دیاره بەشێك لە ماددەی 58 ئەوه دەکرێت دەمێنێتەوه بۆ دوای نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە بریار دانە لەسەر چارەنووسی کەرکووك ئایا دەکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان یان بۆ خەڵکی کەرکووك بەجێ دەمێنێ بەلاّم بەشەکەی تری ئێستا ئێمە لە دوێنێوه مناقەشەمان لەسەر ئەوەیە پێش نووسینەوەی دەستوور ماددەی 58 جێ بەجێ بکرێت, لێره ئەمە داوامان کردیە (وینبغي) یاخود (ويجب ان يتضمن دستور العراق الدائم ذلك) یەکەم نا دووەم دیاره یەکەمیان زۆر زۆر باشە بەلاّم دووەمیان من پێم وایە لای خۆمان دەکەوینە تناقچ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرمووو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستی دا لەبارەی تەفاصیلە ووردەکان من رەئیم دا بەلاّم لەسەر هەمووو ماددەکە یعنی کە دەگوترێ, (يتمسك شعب كوردستان) یەعنی وای تێدەگەی کە تەرەفێك هەیە کە داوات لێ دەکات کە تەنازول بکەی لەو حقوقەی. باشە ئێمە ئەو حقوقە لە کوێ وەرمان گرت یعنی کەسێك لە گیرفانی خۆی دەری نە هێناوه بە یاسا وەرمان گرتووه, کەواتە ئەوەی داوات لێ دەکات تەنازول بکەی شتێکی نا یاسایی یە, بۆیە پێم وایە ئەو ماددەیە هەر خۆی لە خۆیا زیادەیە ئێمە تەنها ماددەکمان بنووسیبایە کە بێت و ئەو قانونانەمان نە درێتێ ئەو حقوقانەمان نەدرێتێ رێگە چارە چی یە وەکو ماددەی چل بە (فقرة الف) و بە ئەویش کە بە (سحب سيقة من الحكومة العراقية) یاخود ماددەی 61 و, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئنجا با منیش تێبینیەك بدەم لەسەر دەستورەکە فەرمووو.

**بەڕێز رشید کەریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە پێشنیارێك بکەم لەبەر ئەوەی کە لیژنەی یاسایی ماوەکەیان کەم بوو, ماوەیەکیان بدرێتێ جارێکی تر بەم ماددەیەدا بچنەوه, و سیاغەیەکی جوانتری بکەن ئینجا بیخەنە بەردەم, پەرلەمان زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەوه خاڵی نیزامی نەبوو رجائەن من پێشنیارێك ئەکەم کە ئەم ماددەی دوو

( يتمسك شعب كوردستان العراق بحقوقه التاريخية و المكتسبة) ئەوەی تر وەك خۆی بمێنێ (بحقوقه التاريخية و المكتسبة) ئەوە حقی تاريخييەن معلومە مكتسەبيش ئەوەيە هەتا ئێستا بەدەستمان هێناوە, ئەو تاريخييە ئەوەيە كە هێشتا وەرمان نەگرتووە, تۆ كە تمسكی پێ دەكەی, خوشكە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزانی لیژنەی یاسایی رای خۆیان دەرنەبڕی لەسەر ناو هێنانی شوێنەكان (والمناطق اخرى من كوردستان) ئێمە زياد لەسێ كەس داوای ئەوەمان كرد كە ناويان بێنين ئەو شوێنانە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن؛**

زۆر سوپاس, فەرموو كاك نوری.

**بەڕێزد. نوری جميل تاڵەبانی؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەرەتادا بەخێرهاتنەوەی بەڕێز جەنابی سەرۆكی پەرلەمان دەكەم لە راستی دا ئەو ماوەی كە دانرابوو بۆی كەوا سياغەی ئەو قانونە دابڕێژرێت ماوەيەكی كورت بوو, هەروەها لە وەرگێڕانی قانونەكەشدا ئێمە قانونەكەمان گۆڕی, بەڵام قانوونەكە درایە وەرگێڕ لەپەرلەماندا بۆ ئەوەی تەماشای بكاتەوە, بەڵام ئەو بەو شێوەی خۆی ویستی نووسییەوە, پاشان هەر بەو چەشنەی كە ئەو نووسيبويەوە, چاپ كراو, دابەش كرا بەسەر ئەندامانی پەرلەمان دا, ئێمە لە لیژنەی یاسایی چاومان پێ نەكەوتووە, بۆیە ئەو كەم و كوريانەی تێدا كەوت لە راستيدا كێشەكە كێشەيەكی گەورەيە ئێمە دەبێ بڕيارێكی گرنگ بدەين لەم بارەيەوە, خەڵك چاوەڕێی ئەوەيە كەوا بڕيارێك لەو بارەيەوە بدرێت, كەوا سەنگی هەبێت لەسەر ئاستی عێراق و ناوەوەی كوردستان دا, كۆمەڵێك تێبينی تر, هەنە ئەگەر ئێمە بتوانين سبەينێ كاتی بەيانی دووبارە سياغەی بكەينەوە, پاشان بيخەينە, بەردەم, پەرلەمانی بەڕێز زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن؛**

رەئی لیژنەی قانونی و, رەئی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەردەگرين, لەسەر پێشنيارەكەی كاك د. نوری تاڵەبانی, تكايە رەئيتان بدەن بۆ ئەوەی بزانين ئايا ئەو ماددەيەی ؟ بۆ جەلسەيەكی تر تەئجيل بكەين, تا باشتر دابڕێژرێتەوە, يان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو ماددەيەمان بە تێروتەسەلی موناقەشە كرديە و, ئەمە مەبادئی عامە, شتێكی خصوصەيەتمان نەدايتێ, رەنگە وەكو ئيشارەتم پێدا, لە صياغە كەم و كوڕييەكی تێدا هەبێت, لە دوای ئيعادە كردنی صياغە ئەم كەم و كوڕييانە عيلاج دەكەين, هەندێ فەقەرات هات برادەران ئيشارەتيان پێ كرد, ئيمكان هەيە, ئيزافە بكرێت, مەسەلەن ئەوەی تەئريخی دەتوانرێت ئيزافە بكرێت, ئەوەی ئەنزيمەی سابقە دەتوانرێ لێرە ئيزافەی بكەين, من پێم وايە صياغەكەش بەم شكلە نييە, كە برادەران هەريەكە مولاحەزەی لێدەداتن, بەڵكو صياغەكە بە تەسەوڕی ئێمە رێك و پێكە, بەڵام ئەگەر ئيغنا بكرێ بەو دوو سێ فەقەرەيە, ئێمە پێمان باشە ئيستمرار بكرێت لە موناقەشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال يوسف بۆتانی؛**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەقيقەت من مولاحەزەی بەڕێز محمد فەرەج بە موهيم دەزانم, كە ماددەيەكی تر ئيزافە بكرێت, ئەو ماددەيەش من صياغەم كردووە, بەم شێوەيە ئەگەر جەنابتان مەجال بدەن بۆتانی دەخوێنمەوە, كە دەڵێت(مطالبة الحكومة العراقية للمرحلة الانتقالية الوفاء بالتزاماتها و تعهداتها الادارية و القانونية و المالية, لتفعيل الاوضاع في محافظة كركوك و المناطق المتنازع عليها في كوردستان), ئەم ماددەيە پێشنيار دەكەم ئيزافە بكرێت, ئەم فەقەرەيە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن؛**

برای بەڕێز ئەوە تەفاصیلە, تۆ قانون دادەنێی, یەعنی تۆ ئیجبار تەفاصیل بە قانون دەبەستیتەوە, نەك تەفصیلات دابنێی, ئەو پێشنیار و موزەكەرە و, چۆنیەتی ئیش كردن, دەتوانین لەگەڵ ماددەی سێ كە لیژنەیەك تەشكیل دەكرێت بۆ كەركووك, لەوێ ئەو فەقەرانە ئیزافە بكەین, سوپاس.

قسەكانی بەڕێز ادهم بارزانی تۆمار نەكراوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی كە هەندێ برادەر كردیان, سەبارەت بە ئەنزیمەی سابقە, ئێمە پێمان خۆشە بنووسرێ,بەڵام تەعاروز دەكات, لەگەڵ ئەو نەصەی كە لە قانون دەولەی عێراق هاتووە, ئەوەی كە ئێمە زۆر تەئكیدی لەسەر دەكەین, دەڵێت مومارەساتی نیزامی سابق, ئەگەر پێمان كرا ئەنزیمەی سابق چارەسەر كرا, ئەوە باش بوو, بەڵام لەرووی قانونیەوە, تێگ دەگیرێ لەگەڵ ئەو نەصە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە حەقیقەت ئەمە هیچ زوعفێكی پێوە نییە, یەكەم, پەرلەمانی كوردستان ئەكرێتە مەرجەعێك بۆ هەموو قەرارێك و, بۆ هەموو ئیتفاقێك كە لەگەڵ عێراق دەكرێ, نەصەن بەندێك تەسبیت دەكەی, هیچ كەسێك, هیچ شەخصێك, هیچ گرنگیەك, هەتا لیژنەی دەستووری بەغداش بۆی نییە, هیچ ئیمزایەك بكات, بێ ئەوەی بێتەوە ئەم پەرلەمانە, ئەمە خۆی نوقتەیەكی زۆر گەورەو ئەساسییە و, پێویستە هەمووومان بەڕێزەوە سەیری بكەین, بەنیسبەت ئەم ماددانەش كە دانراوە هەمووی شتی گرنگە, بەنیسبەت ئەم ماددەی كە ماوە موناقەشەی لەسەر دەكەین, دەتوانین لە وێنە هەرچیمان دەوێ بۆ موزەكەرەكەیە یان نووسراوە, داخوازییە, فشارێ لەوێ بیكەینە كاری ئەو لیژنەیە, وەكو پەرلەمانیش پشتیوانی لێدەكەین, ئێمە باسی ئەو نوقتەیە دەكەین, كە چووینە سەر مەسەلەی لیژنەیەك كە بۆ كەركووك دروست دەكرێت, ئینجا دەتوانی چی باشە بۆ ئەو مەوزوعە ئیزافە بكرێتن, بینووسیتن, بەڵام ئێستا باسی ئەو ماددەیە دەكەین, كە ئایا ئەمە بەم شكلە بمێنێت, ئیزافە بكرێت یان تەعدیل بكرێت, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەوەی كە بەڕێز ادهم بارزانی باسی كرد, ئەگەر فەلسەفەی ئەم بڕیارە بۆ بەهێز كردنی مەوقعیەت و مەوقف و هەڵوێستی بەڕێزان سەرۆك كۆماری فیدراڵ و سەرۆكی هەرێم بێتن, بەرامبەر لایەنەكانی تر لە مفاوەزات و شتی تر, بەڕاستی ئێمە نابێت بڕیار دەربكەین, چونكە بڕیار بەهێزترین دەرەجاتە لە دەرەجاتەكانی یاسا دەركردندا, یان ئەوەتە لەنەصەكەی دەستووری دایە ئەم مەسەلە, كە دەستوورمان نییە, بەداخەوە, یان ئەوەتە دەبێت ئێمە قانون دەربكەین, قانون بەهێزترە, پێم باشە, ئەگەر مەبەستمان لەوە بێت, ئێمە سەرلەنوێ جارێكی تر پێدا بچینەوە, هەمووشیان نەصەكان چ عەیبیان تێدا نییە, بەڵام دەبێت شێوەكە بگۆڕین لە بڕیارەوە بۆ یاسا, یاسا لە بڕیار بەهێز ترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چی تێدایە ئەگەر پەرلەمان هەڵوێستەكانی خۆی بەهێزتر بكات, سەركردەی كوردستان بەهێزتر بكات, ئێمە هەمووومان لەوە دەگەڕێین كە ئیمرۆ هەلەو ثقلی سیاسی كورد كە بۆ مەصیری ئەم میللەتە لەناو حەربێكی سیاسیدا بەهێز بێتن, پەرلەمانیش نوێنەری شەعبی كوردستانە و, ئەو بەڕێزانەش وەزنێكی سیاسییان هەیە, پاڵپشتی ئەم پەرلەمانەشن, فەرموو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن(عدنان مفتی):**

بەناوی خوا, پێ خۆشحاڵم جارێكی تر بێمەوە خزمەتتان, بەڕاستی من لە مەتارەوە هاتووم, چونكە مەسەلەی كەركووك, مەسەلەیەكی گرنگە حەزم كرد لەگەڵتان بەشداری بكەم, بۆ موناقەشە كردن و دەنگدان لەسەر بڕیارەكە, دیارە ئەوەی شێخ ادهم فەرمووی زۆر راستە, بەڵام هەموو قەراراتی پەرلەمان و هەموو یاساكانی پەرلەمان, یان بۆ ئاسان كردنی دەسەڵاتی تەنفیزییە, یان بۆ جێبەجێ كردنە, تەبیعییە یەعنی ئێمە قەرارێك دەدەین, سوڵتەی تەنفیزی

جێبەجێی دەکات, قەرارێك لێرە بدەین سوڵتەی تەفیزی ناتوانێت جێبەجێی نەکات, سەرۆکی کۆمار بەو ئیعتیبارەی کە مەسئولیەتێکی کوردیشی هەیە, ئەویش پشت دەبەستێت بەو قەرارەی کە پەرلەمانی کوردستان سەقفێکی داناوە, حدودێکی داناوە ناتوانین ئێمە تەنازول لەو حدودە بکەین, کە کەمتر داوا بکەین, سەرۆکی فیدراڵ کە بەناوی کوردستانەوە قسە دەکات, لەگەڵ دەسەلأتی بەغدا بەهەمان شێوە, بۆیە زۆر تەبیعیە بە ئاشکراش بیڵێین, بەڵێ بۆ ئەوەیە دەسەلأتی تەنفیزی قەوانینەکانمان جێبەجێ بکات, و قەراراتەکانمان سنوورەکەی نەیەتە خوارەوە, چونکە ئێمە نوێنەری ئەوانیشین, نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستانیشین و نوێنەری ئەوانیشین, مەسەلەی قەرار یان قانون من هەرچەندە لە موناقەشەکە بەشداریم نەکردووە, بەلأم وەکو شتێکی ئەوەلی مەنتیقەن, من زۆر مەنتیق بەکار دێنم, مەنەتیقەن ئەمە دەبێت قەرار بێت, نەك قانون, چونکە قانون دەبێت جێبەجێ بکرێتن, جێبەجێ کردنەکەشی لە حدودی هەرێمی کوردستان دەچێتە دەرەوە, هەرێمی کوردستان بەڵێ قانون دەردەهێنێ, دەسەلأتی تەنفیزی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێی دەکات, کە شتێك لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوو, هێشتا دەسەلأتی تەنفیزی ناتوانێت جێبەجێ بکات, نابێت بە قانون دەریبکەین, دەبێت بە قەرار خۆمان مولزەم بکەین پێی و, هەوڵیش دەدەین دەسەلأتی تەنفیزی لێرە و لە بەغداش, جێبەجێیێ ئەو قەرارە بکات ئیحترامی بگرن, ئێستا بێینە سەر مەسەلەکە, زۆر شتی باشتان موناقەشە کردووە, من بە تەلەفۆن موتابەعەم کردووە, بە رادیۆش موتابەعەم کردووە و, خەڵکیش موتابەعەی زۆر دەکات, مەوزوعی کەرکووك پەیوەندی بە ئایندەی هەموو گەلی کوردستانەوە هەیە, ئەگەر پێتان باشە ماندوو نین, دەتوانین دەوام بکەین, ئەگەر پێشتان باشە دەتانەوێ صیاغەکە دەوڵەمەند تر بکرێت, دەتوانین تەئجیلی بکەین بۆ سبەینێ, جا ئەوەی موناقەشەکە پێش من زۆر کرایە, ئەگەر پێتان باشە جەلسەیەکی تر بکەین, بەیانی هەم صیاغەکە تازە بکەینەوە, هەم لیژنەکە دابنێین, تۆزێك ئەوانەی کە ماندووشن ئیسراحەت دەکەن, بۆ ئەوەی جەلسەیەکی بۆ بکەین, دەیهێنێ کەرکووك, کێشە ومەسەلەیەکی گرنگە, دەیهێنی و دوو جەلسە و سێ جەلسەشی بۆ بکەین, بەلأم قەرارەکەمان باشتر بێتن و, لە خزمەتی قەرارەکە بێت, لە خزمەتی ئەم هەنگاوە بێت کە تەسبیت دەکرێت, لەبەر ئەوەی بە ئیجازەی د. کمال و بە ئیجازەی کاك فرسەتیش, ئەگەر پێتان باشە دەیخەمە دەنگەوە, بەیانی جەلسە بکەین بۆ ئەوەی تەواوی بکەین, یان ئێستا تەواوی بکەین, ئەوەی دەیەوێ بەیانی جەلسەیەی بۆ بکەین, دەستی هەڵبگریت بۆ ئەوەی بەیانی جەلسەی بۆ بکەین, بۆ ئەوەی تەواوی بکەین, یان ئێستا تەواوی بکەین, ئەوەی دەیەوێت بەیانی جەلسەی بۆ بکەین دەستیان بەرز بکەنەوە, ئەوەی دەیەوێت بەیانی جەلسەیەکی تایبەتی بۆ بکەین, بۆ ئەوەی هەم صیاغەکەی بۆ چاك بکەینەوەو زیاتر دەوڵەمەندی بکەین, هەم لیژنەکەش دابنێین, تەئجیلی بکەین بۆ بەیانی دەستی بەرز بکاتەوە, ئەوەی دەیەوێت ئێستا تەواوی بکەین دەستی بەرز بکاتەوە, زۆربەی دەنگ دەیەوێت ئێستا تەواوی بکەین, باشە تەصویت کرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کەمال کرکوکی):**

تکایە بێ دەنگ, کاك سمکۆ فەرموو.

**بەڕێز سمکۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم لە فەقەرەی یەك دەڵێت (اعتراف قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية بالنظام السياسي القائم في كوردستان العراق وسلطاته التشريعية والتنفيذية والقضائية وصلاحيتها ومهامها بأثر رجعي منذ تاريخ تأسيسها), من دەمەوێت بزانم ئەو (اثر رجعي)یەی بۆ چییە؟ دەتوانین بڵێین (منذ تاريخ تأسيسها), دوایێ ئەو نیزامە سیاسیەی کە قائیمە, مەسەلەن ئێمە باسی سوڵتاتی تەنفیزی وقەزائی دەکەین, ئێستا ئێمە دوو حکومەتین, ئەوان دەڵێن بە کامیان بیکەین, ئێستا ئێمە داوایان لێ دەکەین, دەڵێین ئێمە ئەو سوڵتەیە بدرێت بە کامیان, بە سوڵتەی سلێمانی, یان بە هەولێر, یەعنی بە رەئی من صیاغەکە وای لێ بێت باشترە (النظام السياسي لكوردستان) ئەو قائیمەی هەڵگرین, و(بأثر رجعي) هەڵگیرێتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ماددەی دوو دیباجەکەی تەواو بکەین, بۆ ئەوەی بچینە سەر ئەوەی تر, لە دیباجەکەی دەڵێت ( يتمسك شعب كوردستان العراق بحقوقه التاريخية والمكتسبة بموجب قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية والتي تعبر عن جزئ من تطلعات شعب كوردستان وينبغي أن يتضمن الدستور العراق الدائم ذلك منطلقا من الأسس آلاتية), یەعنی پێم وایە قانونیەکان باشیان شەرح کردووە, باشیش دەزانن جیاوازی نێوان (ينبغي) و (يجب) چیە؟ من رانەوەستام لەسەری, کە وتت (يجب) تۆ بە دەسەڵاتی تەنفیزی خۆت دەڵێی دەبێت جێ بەجێی بکەیت, ئەمە وەکو پێشتر عەرزم کردن, بۆ دەسەڵاتی تەنفیزی ئێمە نییە, بۆ لیژنەی صیاغەی دەستووری عێراقە, کە ئەوان کوردی تێدایە, عەرەبی تێدایە, سوننەی تێدایە, شیعەی تێدایە, خەڵکی قانونی تێدایە, ناکرێت ئێمە لێرەوە, کە نوێنەری میللەتێکین بەشێکە لە عێراق بەپێی قانون و ئەوانە پێیان بڵێین (يجب), یەعنی شتەکە ئیستیفزازییە بەرامبەریان, بەڵام (ينبغي) زەروورەتە رێز بگرن لەو میللەتە, بۆیە (يجب)ەکە نەهاتووە لێرە (ينبغی)یەکە هاتووە, زۆر بە دیقەت ئەو برادەرانە ئەو وشەیەمان داناوە لێرە, لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو دیباجە پێتان باشە دەنگی بۆ بدەین, کێ مموافیقە لەسەر ئەو دیباجەیە دەستی بەرز بکاتەوە, بەگشتی دەنگ وەرگیرا, ئوسوسەکە:

یەکەم (اعتراف قانون الادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية بالنظام السياسي القائم في كوردستان العراق وسلطاته التشريعية والتنفيذية والقضائية وصلاحيتها ومهامها بأثر رجعي منذ تاريخ تأسيسها), کە وتت (اثر رجعي) سیفەتێکی قانونییە دەبێت تێدا بێتن, (اثر رجعي) یەعنی لەو رۆژەوە ئەو دەسەڵاتانە هەیە, دەکرێتن دەوڵەمەندی بکەین بڵێین لە رۆژی ئینتیخاباتی یەکەمەوە لە ساڵی 1992, کە دامودەزگاکان دانراون, ئەوە بە رەئی من ئەگەر قانونیەکان پێیان باش بێت (بأثر رجعي منذ اجراء الانتخابات الاولى سنة 1992 وانتخاب برلمان كوردستان), یەعنی (اثر رجعي)یەکە مەفهومیشە و, بەڵام ئەگەر ئەوەش ئیزافە بکەن, ئەوە دەگەڕێتەوە سەر وان, ئەگەر مولاحەزەیەك لەسەر ئەوە نەبێتن, چونکە ئەو صیاغەیە زۆر باش هاتووە, ئەگەر نییە دەنگی بۆ بدەن, کێ موافیقە لەسەر ئەو صیاغەیە دەستی بەرز بکاتەوە, دەستان خۆش بێت.

ثانيا: الأحكام الواردة في المادة الثامنة والخمسين من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية والمادة العاشرة من قانون تأسيس الهيئة العليا المختصة بحل منازعات الملكية العقارية الخاصة برفع الظلم الذي سببته ممارسات النظام السابق والمتمثلة بتغيير الواقع القومي والسكاني والإداري لمحافظة كركوك والمناطق الأخرى من كوردستان.

کەس مولاحەزەی لەسەر ئەوە هەیە, کێ دەیەوێت قسە بکات, ئەگەر قسە کراوە لەسەری, کێ خاڵی نیزامی هەیە, فەرموو یا شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەنگی دەرنەچووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە سیانە تەسلیح دەکرێت, ئەوە مولاحەزەیەکی باشە, باشە ئەوە دەکرێت, فەرموو کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە چەند پەرلەمانتارێکی ئێمە ئەوەمان داوا کرد, کە ناوی ناوچەکانی تر بنووسرێن, یەعنی تەنها کەرکووك نەبێت, کەرکووك و خانەقین و سنجار و مەخموور و شێخان و زمار, هەموو ئەو مەنتیقە بە عەرەبکراوانە بنووسرێن لێرە, بۆ ئەوەی دیارتر بێتن لێرە, کە ئێمە مەبەستمان کوێیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی باشە, بەڵام پێم وایە ئەوەی کە نەینووسیووە ناوەکان, لەبەر ئەوەی تووشی ئیحراج نەبین, جارێکیان ئێمە لە بیرمان چوو بوو, کۆمەڵێك فەیلی بە نامە و بە ئەنتەرنێت و بە ئیعتیرازات و لەملاو لەولا گوندێك لە بیر

دەكەین, بۆیە یەعنی یان دەبێت زۆر دەقیق بین و راوەستین, كە كام لا تەعریب كراوە, كام لا تەعریب نەكراوە, یانیش بەو شێوەیە بەجێ بهێڵین بۆ خۆمان باشترە, بۆ ئەوەی ئیعتراف بۆ موستەقبلیشە ئاسانتر دەبێتن, خاڵی نیزامە, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(الاراضي المتنازعة عليها).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خاڵی نیزام نییە, هەر هەڵەیەكی لەوغەوی و چاپ هەبێت, تەبعەن بەو صیاغەیە دەوڵەمەندی دەكەن و تەماشای دەكەین, هەڵەیەكیان هەبێت چاكی دەكەینەوەو پیتێكیان لەبیر چوو بێت ئیزافەی بۆ دەكەن, بەلآم صیغەكە بەم شێوەیە دەیخەمە دەنگدانەوە, پاشان لیژنەی قانونی كەموكوڕی لوغەوی و ئەوانە چاك بكاتەوە, كێ موافیقە دەستی بەرز بكاتەوە, ئێستا ئەو شتە گرنگە ماوە, ماددەی سێیەم كە ماددەیەكی تری بۆ ئیزافە كراوە, كە لیژنەیەك دابنرێت دەڵێت ( تشكيل لجنة مؤقتة لغرض متابعة تنفيذ المادة (58) من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية بشأن قضية كركوك والمناطق الأخرى من كوردستان) ئەمە تەبعەن دەبێت لیژنەیەك لێرە دابنێین, بۆ ئەوەی موتابەعەی ئەو ئیشە بكاتن, باشە كێ خۆی تەرشیح دەكاتن بۆ ئەو لیژنەیە, مەبدەئەكە ئیقرار دەكەین, دوایێ دەبێت قانونیەكە گوێیان لێ رابگرین, بەس مەبدەئیەن موافیقن لەسەر ئەو لیژنەیە, زۆر چاكە, دوو ماددە ماون, ئەوانیش ماددەی رۆتینین, ماددەی رۆتینی ئەوەیە دەڵێت ئەو جیهەتانەی كە پەیوەندیان بەو قەرارەوە هەیە, دەبێت جێ بەجێی بكەن, یەعنی سوڵتەی تەنفیزی, فەرموو دیارە خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچینە سەر هەردوو ماددەكە و موافەقەی لەسەر بكەین, ماددەیەك ئیزافە بكەین, ئەویش سەقفی زەمنی دابنێین بۆ جێ بەجێ كردنی ماددەی پەنجاو هەشت, لەو ماوەیە ئەگەر سەقفی زەمنی ئیزافە نەكرێت, ئەو لیژنەیە كەی دەست بەكار بێت و كەی ئیشی خۆی تەواو بكات؟ تەحدیدی سەقفی زەمنی بكرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە بە حەقیقەت دیسان دەگەڕێتەوە, وەكو (یجب) و (ینبغی)یەكەیە, ئێمە بە تەنیا ناتوانین قەرار بدەین كەی دەست پێ بكاتن, ئەوە گفتوگۆیە, بڵێین لە فلان رۆژ بۆمان نەكرێتن, بۆ ئێمە ناشیرینە و قەرارەكەمان زەعیف دەكاتن, خاڵی نیزام, كاك غەفور فەرموو, دوایێ مامۆستا.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددە ماددە خرانە دەنگدان, بەس دەبوایە بڕیارەكە هەمووی بەتێكڕایش بخرێتە دەنگدان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هێشتا دوو ماددە ماوە, فەرموو كاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە دانانی لیژنە بۆ كاروباری كەركوك مەسەلەیەكی زۆر گرنگە, بەلآم بۆ موتابەعە و چاودێری كردنی ئەو بڕیارە, وابزانم پیاچوونەوەیەكی دەوێت, ئەو جیهەتەی كە تەنفیزی ئەو بڕیارە دەكات بڕیاری پەنجاو هەشت لە دەرەوەی بازنەی كوردستانە, لە حكومەتی عێراقی ئێمە چۆن دەتوانین موتابەعەی ئەوە بكەین, بەلآم ئەگەر ئەم لیژنەیە تایبەت بێت بە كاروباری كەركووكەوە, شتێكی زۆر گرنگ و موهیمە, ئەو شتانەی كە تایبەتە ئەوە, ئەو لیژنەیە دەتوانێت هەم لە پەرلەمانی كوردستاندا تاو و تۆ بكات, بیكات بە بڕیار, یان بە هەر شتێكی تر و, بتوانێت بیدات بە پەرلەمانی عێراقیش, ئێمە ئێستا ئەو قسەیە دەكەین, كە بتوانین تەئسیر لەو بڕیارە بكەین, چ ئەو جیهەتی

مونەفیزە, من پێم وایە ئەوەش دوێنێ هەر دیسان پێشنیاری دەکەمەوە, ئێمە دەبێت زووتر بکەین لە دیاری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە, حکومەتی یەك پارچەیی هەرێمی کوردستان و, تکاش دەکەم لەمەولا لەم کوردستانە باسی یەکخستنەوەی ئیدارە نەکرێت, ئێستا هیچ ئیدارە شەرعیەتی قانونی نییە, ئەم پەرلەمانە ئەساسە شەرعیەتی نەداوە بە هیچ ئیدارەیەك, لەبەر ئەوە تکا دەکەم لەمەولا لەم پەرلەمانەشدا یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە, دروست کردنی حکومەتی یەك پارچەیی هەرێمی کوردستان, ئەو حکومەتە دەتوانێت ئەو جیهەتە مونفیزەی عێراق تەکلیف بکات, یان فشار بخاتە سەری بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیاری پەنجاو هەشت, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دوو مولاحەزەیە, ئەگەر ئیجازەم بدەنێ, جارێ لەسەر دروست کردنی, زۆر موناقەشە کراوە, موافیق نین لەسەری, چونکە دوو واقیع هەیە, دوو واقیعی گەلێك تاڵ بووە, ناخۆش بووە, دوو حکومەت هەیە, وەکو خۆی ناوی لێنێن زۆریش موناقەشە کراوە, ئەو مەسەلەیە دەقیقیشە, ئەو مەسەلەیە زۆر ئاسان نییە, بڵێین دروست کردن, ئێستا دوو حکومەتمان هەیە, ئەو دوو حکومەتە یەك دەگرێتەوە, لە حکومەتێکدا قەرارێکی هەم دوو مەکتەبی سیاسییە, هەم قەراری پەرلەمانە, هەم ئیرادەی میللەتە, هەم بەرنامەجی سیاسی لیستی نیشتمانیی و دیموکراتی و لیستەکانی تریشە, بە تەئکید هی کۆمەڵیشە و هی زەحمەتکێشانیشە, کە ئینتیخاباتیان کردووە, بەندێکی تێدایە دەڵێت هەردوو ئیدارە یەکتر بگرێتەوە, لەبەر ئەوەی ئەوە مەوزوعێکە دەبێت بەو شکلە بێتن, ئەوەی تر هی لیژنەکە, ئەو لیژنەیەی لێرە پێك دێتن ئیشی زۆرە, وا نییە کە جەنابت دەفەرمووی, جارێ پێش هەموو شتێك دەتوانێت ئەو لیژنەیە لەگەڵ حکومەتی خۆمان قەرارەکەی بداتێ, داوا بکات لە مەجلسی عێراقی جەلسەیەك تەرخان بکەن, بۆ ئەو مەوزوعە, وەفدەکە بچێت لە مەجلسی وەتەنی عێراقیدا قسە بکاتن بەناوی میللەتی کوردەوە, قەرارەکەیان پێ بڵێتن, تاوەکو ئەوانیش بڕیارێك دەربکەن و موناقەشەی بکەن و پشتگیری بکەن, موزەکەرە بداتە حکومەت بچێت لەگەڵ رەئیس وزەرا داوا بکات, چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم جەعفەری بکات, چاو پێکەوتن لەگەڵ رەئیسی کۆمار بکات, لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بکات, ئەگەر گەیشتە ئەو قۆناغە, لەبەر ئەوە ئەو لیژنەیە دەسەڵاتی هەیە, بۆ ئەوەی بزانێتن چۆن ئەو قەرارە دەبێتە ئەمرێکی واقیع؟ چۆن رێزی لێ دەگیرێتن؟ چۆن جێ بەجێ دەکرێتن؟ چۆن لەگەڵ لیژنەی دەستوور , ئەوانەی لیژنەی دەستووری دائیم دادەنێن, بچێت لەلای ئەوانە دابنیشێتن, یەکە یەکە بێتن, یان چوار پێنج کەس پێکەوە بێتن, لەبەر ئەوە ئەو لیژنەیە زۆر گرنگە, ئەگەر ئەو لیژنەیە نەبێتن قەرارێکە تۆ دەیت و لە رۆژنامە بلاّو دەبێتەوە, کێ ئیلتیزامی پێ دەکات و, کێ ئیلتیزامی پێ ناکات, غەیری حکومەتی خۆمان, ئەوانەی تر مولزەم نین پێی, بەلاّم تۆ ئەدەبیەن کە چوویت بۆ لای, گوتی ئەوە ئیرادەی میللەتی کوردە, من هاتووم دەعەمی تۆ دەکەم, بۆ بینا کردنی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ, پشتگیری کردن بە دژی تیرۆر بۆ چەسپاندنی دیموکرایەتەت, تۆش دەبێت بەچاوی حەقیقەت تەماشا بکەی, رەچاوی میللەتی کورد بکەی, مافەکانی ئەمەیە کە پەرلەمان قەرارەکەی داوە, ئەگەر خاڵی نیزامتان نییە, دەنگمان لەسەر داوە دوو ماددەکەی بخوێنینەوە دەنگی لەسەر بدەین, بۆ ئەوەی قانونەکە تەواو بێت, ئەگەر خاڵی نیزام نییە دوو ماددەکەی تر دەخوێنمەوە, ماددەی سێ (على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار), ئەوە دەبێتە خاڵی چوارەم, ماددەی پێنج ( ينشر هذا القرار في جريدة وقائع كوردستان وينفذ من تاريخ اصداره), لەسەر ماددەی چوارەم (على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار) ئەوەی موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ئەوە صیغەیەکە, هەموو قەرارێك, هەموو پەرلەمانێك کە قەرارێك دەدات, یان قانونێك دەردەکات ئەو ماددەیە بەو صیغەیە دەنووسرێت لە هەر کوێ بێت, تۆ قانون دەردەکەیت, یان قەرار دەردەکەیت دەڵێت (على الجهات المختصة تنفيذ احكام هذا القرار), ناتوانی تەحدیدی بکەی, ماددەی پێنجەم (ينشر هذا القرار في جريدة وقائع كوردستان وينفذ من تاريخ اصداره), کێ موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ئێستا هەموو قەرارەکە بە تەعدیلاتەوە دەخەینە دەنگدان, کێ موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, زۆر چاکە بەکۆی دەنگ قەرارەکە وەرگیرا و تەواو بوو, ئێمە دەبێت موزەکەرەیەك بنووسین ئێوەش موافیقن وا نییە.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەبەستی موزەکەرەکە بوو, بەڵام ئێمە لێرە بڕیارماندا موزەکەرەکە لە لایەن بەڕێزتانەوە دابڕێژرێت و بنووسرێت, ئەوەش حەقێکی تەبیعییە لێرە پەرلەمان قەراری لەسەر داوە, لەبەر ئەوە مافێکی ئێوەیە ئێستا دەتوانن ئەو موزەکەرەیە حازر بکەن و بینێرن, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو پەخشان.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر بێیتەوە, بەڕاستی مەزمونی موزەکەرەکە دوێنێ باسی لێکرا, هەندێ پێشنیاری لێ کرا, پێم وایە باشە ئێستاش وەبیرمان بێتەوە, یان وەبیر خستنەوەیەك مەزمونی موزەکەرەکە کیێ تیا بێت, من یەکێك لەو خاڵانەی کە دوێنێ باسم کرد, ئەمڕۆش دووبارەی دەکەمەوە, کە ئێمە مەسەلەی خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوورییەوە مەسەلەی خەڵکی عێراق خۆیەتی, هیچ لایەنێکی دەرەوەی عێراق بۆی نییە خۆی بکاتە ساحێبی ئەو قەزیەو دەستی تێوەر بدات, لەوەشدا مەبەستم هەیە هەمووش تێدەگەن, یەعنی ئەوە یەکێکە لەو خاڵانەی کە من پێشنیار دەکەم لەو موزەکەرەیە دابێت, پێشنیار دەکەم مەسەلەکە وەبیر بخرێتەوە, کە کێشەی کەرکووك نەك بەس لەسەر دەمی رژێمی پێشوودا, بەڵکو بەدرێژایی چەندین ساڵە هەروەکو قونبەلەیەکی مەوقوت بووە لە دانووستاندنی بەینی هێزە کوردستانییەکان و حکومەتی عێراقی یەك بەدوای یەکدا, یەعنی ئەوە وەبیر بێنینەوە لە موزەکەرەکە چارەسەر نەکردنی ئەو کێشەیە زەرەر بە پرۆسەی سیاسی لە هەموو عێراقدا دەدات, یەعنی ئەوە مەسەلەن دەڵێم, بۆ ئەوەی درێژە بە وەختەکە نەدەم, هیوادارم تۆزێ مەلامیحی موزەکەرەکە روون بکەنەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەگەر مولاحەزەکانتان بە نووسین بدەن زۆر باشە.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر موزەکەرەکە پێم وایە ئەگەر بکرێت, چ وەسائیلی زەختمان هەیە لەناو ئەو موزەکەرەیە بینووسین, یەعنی ناڵێم تەهدید, بەڵام با بڵێین وەسائیلی زەخت, پێم وایە ئێمە ئیشارەت بەوە بدەین, ئەگەر ئەو ماددانە جێ بەجێ نەکرێت, میللەتی کورد و نوێنەرەکانیان پەنا دەبەنە بەر ماددەی چل بە فەقەرە (ا،ب)(بسحب الثقة من الحكومة)و, ماددەی (61) کە سێ موحافەزات دەنگ نادەن بە دەستووری دائیمی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت بنووسە, خۆی ئێمە (77) ئەنداممان هەیە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقی, یەکەم جار ئەوان قەرار دەدەن, ئەوانیش ئیرادەیان هەیە, کوتلەیان هەیە, دەتوانن بەوان بکەن, بەڵام ئێمە دەتوانین پێیان بڵێین و یەکێك قسە بکاتن بڵێ حەقی خۆمانە وا بکەین, بەڵام لەجیاتی ئەوان ئێمە لێرە بین باشترە, بەس مولاحەزەکانتان بنووسن و بماندەنێ, هەر کێ مولاحەزەی هەیە لەسەر موزەکەرەکە با بە نووسین بۆمان بنووسن مەمنونی دەبین و موزەکەرەکە دەوڵەمەند دەکات, ئەوەندەی من زانیم لیژنەکان تەشکیل کراون, بەڵام هێشتا ئینتیخاباتیان نەکردووە, سەرۆك و جێگر و موقەڕیر و ئەوانەیان هەڵنەبژاردووە, لەبەر ئەوەی سبەینێ ئەوانەی کە دەنگیاندا, کە ئەمڕۆ تەواوی بکەین, پێم وا بوو دەچنەوە, سبەینێ دەبێت لێرە کۆببوونەوە بکەن, بۆ ئەوەی لیژنەکان ئیشی خۆیان تەواو بکەن و, لیژنەکان ئیشیان زۆرە بەڕاستی. فەرموو کاك تاریق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر بێنەوە, ئەوەی ئێستا باس دەكرێت, بەڕاستی دوێنێ هەموویان باس كردووە, دوینێ تەبعەن یەكەم جاریش بوو, پێویست ناكات بەڕاستی وەختمان بكوژین هەمووی دووبارەو سێ بارە بێت, ئەوەی تێبینی هەیە دەتوانێت بینووسێت و بیداتە سەرۆكایەتی و تەواو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا سبەینێ كۆبوونەوە بۆ لیژنەكان.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنەوەیەكی گەرمت دەكەم, ئێمە بڕیارماندایە لە دوای ئەو كۆبوونەوەیە, ئەندامانی لیژنەكان كۆبینەوەو ئیش و كارەكانی خۆمان جێ بەجێ بكەین, لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمڕۆ جێ بەجێی بكەین, پێویست ناكات بەیانی بێینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارەكەت راستە پەیوەندی بەخۆتانەوە هەیە, بەڵام ئەگەر من لە جیاتی ئێوە بم سبەینێ كۆبوونەوەی لیژنەكان دەكەم, لەبەر دوو سەبەب: یەك/ ئیسراحەتێك بە خۆتان دەدەن, لە موناقەشەكان ماندوو بوونە. دوو/ ئەندامی پەرلەمان ئەوە نییە دوو رۆژ كۆبوونەوەی بكات و دوایێ بڕواتەوە, ئێمە تا كۆتایی ئەم مانگە بڕیارەكەتان داوە دوێنێ, یان ئەمڕۆ داوتانە, تا نیهایەتی ئەو مانگە پشوومان نییە, ئیشمان یەكجار زۆرە, لەبەر ئەوە دەمێنێتەوە بۆ خۆتان, فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە بۆ مانگێك و دوو رۆژ دەڕوات, تاوەكو ئێستا ئەوانەی لە دەرەوەی شاری هەولێرین جێگامان نییە, دابین كردنی جێگاش دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە بە بەردەوامی لێرە بمێنینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی وایە, بەڵام تۆزێ ناڵێم بە ژیانی پێشمەرگایەتی, چونكە مەسافەیەكی زۆرمان بڕیوە (15,14) ساڵە, لیژنەی پێشمەرگایەتی ئەو دوو هەفتەیەش موهیمی بكەن و تەرتیبی بكەن و, ئێمەش خەریكی حەلی ئەو مەوزوعە دەكەین ئینشائەڵلا.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چەند وشەیەك هەیە بە پێویستی دەزانم لێرە ئێستا باسی بكەم, یەكەمیان/ هەر یەك لە ئێمە كە هەڵدەستێت, پێویستە بڵێت (بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن), یان (بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان), نابێت ناوی تر بێنێ بڵێت كاك, یان مام, پێویست ناكات, یەعنی بەڕاستی ئەمە شتێكی ئوسولییەو, هەروەهای بەڕێزیشتان كە بانگی ئێمە دەكەن, یان لەگەڵ ئێمە دەدوێن دیسان بڵێن (بەڕێز فلان), پێویست ناكات بڵێ كاكە, بابە, مامە, بەنیسبەت ئێمە پێویست ناكات.

خاڵێكی تری زەرووری هەیە كە بە پێویستی دەزانم روونی بكەمەوە, بەڕاستی ئەمڕۆ دوو رۆژە زۆربەمان, من نامەوێ كەس ئیستیسنا بكەم, زۆربەمان دەرچووین لەو بەرنامەیەی كە دیاری كراوە بەرامبەر بەو ماددەیەی, كە موناقەشەی ماددەكە دەكەین, لە ماددەكە دەردەچین, راستە مەجالتاندا, یەعنی زۆر جار هەبوو كە پێویست بوو ئێمە دەستمان هەڵبڕین, بۆ ئەوەی خاڵێكی نیزامییە, بەڵام موراعاتی نەفسیەتی برادەرانمان دەكرد, پێویستە هەر ماددەیەك كە باسی دەكرێت لە ماددەكە دەرنەچێت, یەعنی باسی ماددەكە بكرێت وەكو پێویستە, پێویست ناكات هەندێ شەرح و ئەوانە بكرێت, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئینجا ئێستا ئەو پێشنیارەی کاك زرار لیژنەکان ئێستا تەواو دەکەن, یان سبەی, ئەوەی دەیەوێتن لیژنەکان سبەینێ کۆبوونەوە بکەن, باشە هەر لیژنەیەك بۆ خۆی قەراری خۆی بدات, ئەمڕۆ, یان سبەی بە کەیفی خۆتان بێت, کۆتایی بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان دێنین, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستانی – عێراق | کوردستانی - عێراق | کوردستانی - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)

## سێ شەممە رێکەوتی 2005/7/19

# خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/7/19

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/7/19 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن، ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/7/19 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - كورتە باسێك لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان لەلایەن ڕێزدار سەرۆكی پەرلەمان پێشكەش دەكرێت.

2 - خوێندنەوەی بەرایی پرۆژەی یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان.

3 - زیاد كردنی ئەندامی پەرلەمان ڕێزدار (حمد عبدالله محمود) بۆ سەر لیژنەكانی پەرلەمان.

4 - گفتوگۆیەكی گشتی لەسەر چۆنیەتی كارا كردنی ئیش و كاری پەرلەمان و چالاكی لیژنە و ئەندامان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، بەرنامەی كار بەپێی حوكمی برگە(1)ی مادده(20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموار كراو ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/7/19دا بەم شێوەی خوارەوە بێت:

1 - كورتە باسێك لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان لەلایەن ڕێزدار سەرۆكی پەرلەمان پێشكەش دەكرێت.

2 - خوێندنەوەی بەرایی پرۆژەی یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان.

3- زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان ڕێزدار (حمد عبدالله محمود) بۆ سەر لیژنەکانی پەرلەمان.
4- گفتوگۆیەکی گشتی لەسەر چۆنیەتی کارا کردنی ئیش و کاری پەرلەمان و چالاکی لیژنە و ئەندامان.

سەرەتا دەبێت ئاگادار بن کە تەلەفزیۆنی زاگرۆس ڕاستەوخۆ, ئەمە دووەم جارە ئەم کۆبوونەوەیە پەخش دەکات بۆ بینەران, سوپاسیان دەکەین, هیوادارین بەردەوام بن لەم کارەیان, بەڵام ئێمە بەرنامەیەکمان هەیە بۆ ئەوە, ئێمە خۆمان وەکو پەرلەمان شتێك دادەنێین, جیهازێك دادەنێین بۆ ئەوەی کار ئاسانی بکاتن بۆ هەموو تەلەفزیۆنەکان, ئەوەی بیەوێت جەلەساتی پەرلەمان نەقل بکاتن, بتوانێت بەڕێگای ئەو جیهازەی کە لە پەرلەمان دادەنرێت, پەخشی بکاتن بۆ سەتەلایت و تەلەفزیۆنات و کەناڵەکانی تر, کورتە باسێك لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان, دوو نوقتەمان لەپێشە, یەکێکیان, یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان, کە هەموو خەڵکانی کوردستان چاوەڕوانی هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانین, لەبەر رۆشنایی بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و هەموو لایەنەکانی کوردستان کە لەسەر بەرنامەی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتوون, لەو بەرنامەیەشدا هاتووە, کە ئێمە مولزەمین پێی, یەك لە کارە سەرەکییەکانمان, ئەرکە سەرەکیەکانمان ئەوەیە کە ئەم دوو ئیدارەیە یەك بگرێتن, لەبەر ئەوە پەرلەمان بە پەرۆشەوە موتابەعەی ئەو هەوڵ وتەقەلایانە دەکات, کە لە پێناوی یەکگرتنی هەردوو ئیدارەدا دەدرێت و لەگەڵیشیاندا بەردەوامین, دیارە ئێمە وامان بە باش زانی کە وردەکارییەکان تەواو بکرێت, ئەوسا تەکلیفی سەرۆکی حکومەتی یەکگرتوو بکرێت, کە هەردوو ئیدارە پێك دەهێنێت, بۆ ئەوەی وەختەکە کورت بێت, فەراغی دەستووری و قانونی نەبێت و, کێشە دروست نەکات, لەبەر ئەوە پێشتر وا بەباش دانرا, هەر واش باشە, کە وردە کارییەکان تەواو بکەن, ئینجا ئاگاداری پەرلەمان بکەن و, لێرەش ئێمە تەکلیفیان بکەین, بۆ ئەوەی لەبەینی تەکلیف کردن و ئیعلان کردنی حکومەتی یەکگرتوو, مسافەیەکی کورت بێت, زۆر نەخایەنێت, بەڵام دیارە وەکو میسالی ئینگلیزیش هەیە و, تەرجوومەش کراوە بۆ هەموو زمانەکانی تر, دەڵێ شەیتان لەناو هەموو تەفصیلاّتەکان دایە, کە دەچیە ناو تەفصیلاّت تەماشا دەکەی, کۆسپ لە پێشە, ئەوەندەی کە ئاگادارین هەنگاوێکی زۆر تەواو کراوە لە پێناوی ئەوەدا, لە تەفصیلاتە, بەڵام دیسان ڕێکخستنەوەی دوو ئیدارە لەپاشی دابڕانێکی نۆساڵیدا, کارێکی وا ئاسان نییە, بەڵام ئەوەی کە دڵنیامان دەکاتن, ئەوەیە کە ئەو ئیرادە بە قووەتە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیا زۆر بە قووەتە, کە دەبێت ئەم دوو ئیدارە یەك بگرێت و, جگە لەو ئیرادەیە, یان پێش ئەوە, ئیرادەی گەلەکەمانە کە تەعبیری کردووە, لەو پەرلەمانەدا, یەك دەنگین داوایان لێدەکەین کە بە زووترین کات ئەو دوو ئیدارەیە یەك بگرێتن, لەبەر ئەوە, هەنگاو نراوە و بەرەو پێش چوون هەیە, بەڵام هەندێ مەسائیلی تریش ماوە, بەردەوامیشن لەم ڕۆژانەدا لیژانی تایبەت بۆی دروست کراوە, ڕەنگە هەمووتان موتابەعەتان کرد بێتن, ئێمە وەکو پەرلەمان دائیمەن پێیان دەڵێینەوە, داوایان لێدەکەین کە پەلەی لێ بکەن و, لەلایەن ژمارەیەکی قانونیش داوا کراوە, کە لە جەلسەیەکدا موناقەشەی لەسەر بکەین, بەڵام بە داخەوە دەرنگ پێمان گەیشت ئەمڕۆ, لەوانەیە جەلسەیەکی تر بکەین, داخیلی بکەین و بە تەفصیل باسی بکەین, ڕەنگە ئەو کاتی پێویست بکاتن بڕیارێکی بۆ بدەین, یان نیدایەکی بۆ بدەین, تا ئەو کاتی ئەو جەلسەیە دەبێت, هەنگاوی کاریگەرو عەمەلی نەنرا, لەپێش چاو نەبوو, کە ئەو دوو ئیدارە یەك دەگریتن, لەو جەلسەیەی داهاتوودا, دەیخەینە بەرنامەوە لەسەر داوای ژمارەی قانونی, ئەندامانی پەرلەمان کە داوایان کردووە, مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە بخرێتە بەرنامەی کار, ئەوەی زۆر گرنگە و هاوکاریشە بۆ ئەو یەکگرتنە, یەك هەڵوێستی سیاسی کوردە, لە مەسەلە ستراتیژیەکان, لە مەسەلە چارەنووسسازەکان, هەندێك لەو تەفصیلاتە, دەدەم بە کاك کمال, چونکە ئەو پێش فەترەیەك لەگەڵ برادەران چوو بۆ بەغدا, بەڵام من کورتەیەکتان بۆ باس دەکەم, لەم بەینەدا دۆستانی گەلەکەمان بە پەرۆش بوون لەوەی کە گیروگرفت هەیە, لە مەسەلەی دەستوور, لە مەسەلەی کەرکووك, نیگەرانی کورد هەیە, لە زۆر بوارەکاندا نیشانمان داوە کە, ئێمە نیگەرانین لەوەی کە تاوەکو ئێستا ماددەی 58 هەنگاوی بۆ نەنراوە, بۆ جێبەجێ کردنی, ئەو لیژنەیەی بۆ دانراوە, دەستی بە ئیش و کاری نەکردووە, ئەو دۆستانەی ئێمە غەیری عێراقیش, وەکو ئەمەریکا و, وەکو بەریتانیا و شەخصیاتی ترو ئەحزاب, لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی عێراق و ئەوانەی کە لە نووسینی دەستووردا بەشدارن و, حکومەتی عێراقیش و هەموو لایەنەکان لە گفتوگۆیەکی ڕۆژانە دان, هەم بۆ نووسینی

دەستووری عێراقی، خۆ هەمووتان مووتابەعەی دەکەن لە تەلەفزیۆنەکاندا و، هەمیش بۆ مەسەلەی کەرکووک، دیارە ئەو بڕیارەی  پێشوو دامان، لە جەلسەی پێشوودا، کە پەرلەمانی کوردستان تەنیا مەرجەعیەتە بۆ بڕیاری سیاسی کوردی، واتە هەر بڕیارێك لە بەغدا بدرێت هەر موفتەرەحێك لە بەغدا بدرێت، چ لە مەسەلەی دەستووردا، چ لە مەسەلەی مەوزوعی کەرکووك، ئەگەر لێرەدا پەسەند نەکرێتن، شەرعیەت وەرناگرن، چونکە ئێمە و ئێوە نوێنەرانی خەڵکین، تەنیا جیهەتین کە دەتوانین رەئی بدەین، لەسەر مەسەلەیەك کە پەیوەندی بە ئایندەی گەلەکەمانەوە هەیە، تەبیعی هیچ لەوە گەورە تر نییە، ئەگەر شتێك ریفراندۆمی بۆ بکرێتن، راستەوخۆ میللەت دەنگی بۆ بداتن، ئەمە تا ئەو کاتەی کە نەبووە، ئێمە مەرجەعیەتی گەلی کوردین، بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندەمان، لەسەر ئەو مەسائیلانەی کە باس دەکرێتن، لەسەر ئەو ماددانەی کە دەخرێتە دەستوورەوە پەیوەندی بە گەلەکەمانەوە هەیە، بە ئایندەی گەلی کوردستانەوە هەیە، بۆ مەوزوعی کەرکووکیش، دیارە ئێمە کە باسی ماددەی 58 دەکەین، کە دەڵێین کەرکووك دڵ و قودسی کوردستانە، مەبەست لەوەدا ئەوە نییە، کە هەندێ کەس بەغەڵەت تێدەگات، وا تەسەوڕ دەکات، ئێمە پێمان وایە کەرکووك شارێکی کوردییە و، خەڵك و پێکهاتەکانی تر مافیان نییە، یاخود بەشێك نین لەم پارێزگایە، بۆیە ئێمە دائیمەن بۆ مەوزوعی کەرکووك بە تێگەیشتنی واقعیەتی کەرکووك، چارەسەرەکەش باس دەکەین، یەعنی کەرکووك پێك هاتووە لە کورد، لە تورکمان، لە عەرەب، لە ئەرمەن، لە کلدۆ ئاشوور، بەڵام ئەو حەقیقەتەی کە ناتوانین هیچ لێی تەراجووع بکەین، ئەویش ئەوەیە کە کەرکووك بەشێکە لە کوردستان، ئەو حەقیقەتە بچەسپێت لە دەستووردا، کەرکووك بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، لەو چوارچێوەیەدا هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك حەقی خۆیانە مافیان بە تەواوەتی پێبدرێت، بەشداری بکەن لە ئیدارەی شارەکە و هەموو مافەکانی نەتەوایەتیان هەبێت، وەکو تورکمان و ئەوانی تر، ئێستا ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك پاش هەڵبژاردن زۆرینەی لیستی برایەتی هێناویەتی، بەڵام لەناو ئەو ئەنجومەنەدا پێکهاتەی تریش هەیە، لیستی تریش هەیە، ئێمە حەزدەکەین ئەوانیش بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بە یەکەوە تەعبیر لە خەڵکی کەرکووك و لە داوا کاریەکانیان بکەن، تەنیا ئەوەیە کە بەشداری لە هەر تەحالوفێك بکەی، لە هەر ئیئتلافێك بکەی، لە هەر ئیدارەیەك بکەی، دەبێت لەسەر ئتیفاقی بەرنامە بێتن، تەنیا داوامان لەو لیستانەی کە رێژەیان هێناوە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك ئەوەیە پابەند بن بە بنەماکانی کە ئێمەش داوای دەکەین، لەو مەرحەلەیەدا تەنیا شتمان لێ داوایە کە خۆیان ئیعلان بکەن، کە پابەندن بە قانونی ئیدارەی موەقەتی عێراق، چونکە بێ ئەوەی لایەنێك ئیلتزامی خۆی ئیعلان بکاتن، بەو یاسایە، هیچ عەوامیلی موشتەرکمان لەگەڵی پەیدا نابێت، با مەسەلەکانی تریش با بڵێین بەندە بە ئاسایی کردنەوەی وەزعی کەرکووك، بەندە بە جێبەجێ کردنی ماددەی 58، بەندە بە وەرگرتنی رای گشتی، بەڵام ئەو یاسایەی کە ئێستا بەردی بناغەیە بۆ نووسینی دەستوور، وەکو دەستوورێکی موەقەتە بۆ جەمعیەی وەتەنی عێراقی، بەرنامەی کارە بۆ حکومەتی بەغدا، ناکرێتن ژمارەیەك یاخود لیستێك لە موحافەزەیەکدا بیەوێتن بەشداری لە ئیدارە بکات، بەبێ ئەوەی لەسەر ئەو بەرنامەیە موافق بیتن، لەبەر ئەوە ئێمە داوا لە لیستی تورکمان و چەند حزبێکی عەرەبی دەکەین کە کورسیان هێناوە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، داوا دەکەین کە ئەوان موافەقەت بکەن، لەسەر قانونی ئیدارەی موەقەتی دەوڵەتی عێراق، جێگایان بکرێتەوە بە پێی ئەو رێژەیە بۆ ئەوەی ئەو ئیدارەیەی کە لە کەرکووك دادەمەزرێتن، هەمەلایەن بیتن، پێم وایە ئەوە دڵنیاییەك دەداتن، بۆ ئەوەی دیالۆگێك، حیوارێك لەبەینی ئەو پێکهاتانە دروست بیتن، دڵنیایان بکەینەوە، کە ئایندەیان لە کوردستان لە دواڕۆژدا باشتر دەبیتن، چ تورکمان و، چ عەرەبی رەسەن، دیارە بەنیسبەت ماددەی 58 یش، داوا لە ئێمە دەکەن مرونەتمان هەبیتن، مرونەتمان هەبێت لە جێبەجێ کردنی، ئێمە وەکو وتمان، لە پەرلەمانیش پێشتر باسمان کردووە، لایەنە سیاسیەکانیش موسرن لەسەر هەڵوێستێك، نوقتەیەك، کە خیلافی لەسەر نییە، ماددەی 58 قابیلی تەئجیل نییە، ناکرێت دوا بخرێت تا دەستوور دادەنرێت، چونکە بە پێی قانونەکە خۆی حکومەتی ئینتقالی مولزەمە بە جێبەجێ کردنی، بەڵام ئێمە ناڵێین جێبەجێی بکە، هەمووی لەنوقتەی یەکەم تا ئاخیری، واتە تا دەگاتە ریفراندۆم و ئیحساو چارەنووسازی کەرکووك، رەنگە ئەوە زەحمەت بێت و، شەش مانگمان لە پێشە، مەعلومیشە بە پێی ماددەی 58 یش وا نەبێت، بەڵام ئێمە قەبوڵ ناکەین، بە چ ناوێك بیتن دوا بخرێت ئەو ماددەی بۆ دوای دەستوور، ئێمە دەڵێین

دەست پێبکات, دەست پێکردنەکەش بەوە دەبێت, حکومەتی بەغدا هەنگاوی یەکەم کە نراوە, لیژنەکە دانراوە, لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی 58, کار ئاسانی بۆ ئەو لیژنەیە بکاتن, بۆ ئەوەی دەست بە ئیش و کارەکانی بکات, هەندێ هەنگاومان لەبەر چاوە کە وەریگرتووە حکومەتی بەغدا, بەوەی کە پێشتر داوای کردبوو دوابخرێت و, دوایی داوایان کرد تەراجووع بکرێ لە ژێر زەختی جەماوەر و هەڵوێستی پەرلەمان و هێزە سیاسیەکان, بەلاّم ئێستا کە داوا دەکەین, کە ئەو لیژنەیەی کە دانراوە دەست بەکار بیتن, بەزووترین کات بکرێت و, دوانەخرێت, چەندمان بۆ کرا هاوکاریان بکەین, ئێمە چەندمان بۆ کرا, لە ماوەیەدا بکرێتن, ئەوەی تر کە ئایندەی کەرکووکە, ریفراندۆمە, ئیحسایە دەکرێ, بەلاّم ناکرێ ئێمە ئێستا موافەقەت بکەین لەسەر دواخستنی ماددەی 58, ئێمە دائیمەن هەموو مفاوەزاتی کورد لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی هەر لە رۆژی دامەزراندنیەوە داوامان لێکراوە کێشەکانمان دوا بخەن, هەر لە بیستەکان لە سییەکان لە چلەکان, پاشی 58 لە 63 لە 70 لە 84, بەتایبەتی مەوزوعی کەرکووك کە دەهاتە پێشەوە داوایان لێدەکردین کە دوای بخەین, ئێستا ئەو مەرحەلەیە تەواو بوو, دیکتاتۆریەت نەماوە, قابیلی دواخستن نییە, قابیلی تەئجیل نییە, بەلاّم بە تێگەیشتنی واقیعییەت, مروونەکەمان لەوە دایە ئێمە نالێین, دەبێت لەو سێ مانگەدا کەرکووك بگەڕێتەوە کوردستان, بەلاّم دەڵێین فەورەن زوو ئەو لیژنەیە دەست بەکار بیتن و هەنگاوەکان بنێت, لیژنەی دەستووریش کە لە بەغدادا خەریکن هەندێك مەسائیل هەیە, ئێمە کە بڕیارمان دا مەرجەعیەتی گەلی کوردین, بە هەموو لایەکمان راگەیاند, بەنامە ئەو وەفدەی کە چوو بۆ بەغدا کاك کمال بۆتان باس دەکاتن چی کردووە, کە مەسەلە ئەساسیەکانی کورد بە روونی لە دەستووردا دەنووسرێ, ئێمە رازی نین بەو دەستوورە, فیدراڵیەت بەو مەتاتیەتە نامانەوێت, فیدراڵیەت چۆنە, دەبێت فیدراڵیەتەکە روون بێت, مەعالیمەکەی دیار بیت, مافی گەلی کوردی نەتەوایەتی دیموکراسی هەمووی تیا دیار بێ, مەسەلەی دیموکراتیەت هەر ئەو دوو کەلیمە نییە, دەبێت تەفصیلاتی ئەو دیموکراتیەتە دیار بێت, چونکە فیدراڵیەت تا بچەسپێ دەبێت دیموکراتیەت لە هەموو عێراقدا هەبێت, بۆیە زۆر موهتەمین بەوەی ئەو دیموکراتیەتەی کە باسی دەکەن چۆنە, لەلایەکی تریشەوە, ئێمە بە تەنیا باسی کەرکووك ناکەین, ئێمە هەموو ناوچەکانی تری کوردستان کە لە دەرەوەی هەرێمن, بەشێکن لە کوردستان, خانەقینە, سنجارە, ئەو موزەکەرەی کە دراوە خەریتەیەکمان نیشان دراوە, کە خەریتەی جوگرافیای کوردستانە, تاریخیەن کوردستانی عێراق لەم شوێنانە پێك هاتووە, ناکرێتن تەنازوول لە هیچ شوێنێك بکەین, بۆیە دەبێت ئەو جانیبەش لەلایەن ئەو کەسانەی کە دەستوور دادەنێن, رەچاوی بکەن, مەسەلەی عیلاقەی دەوڵەت بە دینەوە, ئەمەش مەسەلەیەکە هەموو لایەکمان موتەفقین لەسەر ئەوەی, ئێمە هەموومان موسلمانین, زۆرینەی عێراق موسلمانە, دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی موسلمانە, رێز لە ئایین گرتن واجبێکە لەسەر شانی هەموومان, بەلاّم دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی ئایینی نییە, پێمان وایە, ئەگەر ئەو حەقیقەتە لەدەستووردا نەنووسرێت, کێشە بۆ ئێمە دروست دەکات, چونکە کە وتت دەوڵەتێکی ئایینی, یەعنی یەك نەوع, یەعنی دینت خستە ناو سیاستەوە, کێشەت زیاد دەکات لە کۆمەڵ, بەم مانایەش نایەت کە بڵێین ئێمە دەوڵەتێکی عیلمانینە و, رێز لە ئاین ناگرین, نەخێر دینی ئیسلام, دینی دەوڵەتە رێزیشی لێ بگیرێت, ئیسلامیش مەصدەرێکی موهیمە بەو صیغەیەی کە دەنووسرێت لە مەسائیلی تەشریع, بەلاّم ئێمە لە دەرەوەی عالەم نین, لە هەوا وە نەهاتووین, تەجاروبی دنیا هەموو بۆ ئێمە سەروەتێکە, دەبێت ئیستفادەی لێبکەین, ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە, رەنگە بتوانین ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەیە لەناو پێکهاتەکانی عێراقدا تۆزێك خسوسیەت بدەنە هەندێك شوێن, لە مەسەلەی ئاینی و تائیفی و ئەوانە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بە فیدراڵیەت, بۆیە ئەو مروونەتە ئەگەر هەبێت لەدەستوورەکەدا, دەکرێتن ئەو کەسانەی کە مەسەلەن داوا دەکەن لە نەجەف و لە کەربەلا لەو شوێنانەدا, تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە, دەکرێت ئەو تایبەتمەندییە لە دەستووری ئیقلیمی خۆیدا تەسبیت بکاتن, رەفتاری لەسەر بکات, برادەرانی ئێمە لە لیژنەی دەستووری دائیم لە بەغدا, بە دائیم لە گفتوگۆدان و, بەشداری دەکەن لە کۆبوونەوەکاندا, هەروەها لە جەمعیەی وەتەنی عێراقیشدا گفتوگۆکان بەردەوامە, ئەو لیژنەیەی کە چوو بۆ بەغدا دەورێکی باشی بینی, پەیوەندییەکی باشی کرد, لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار سەرۆکی جمهور لە بەغدا, لەگەڵ لایەنەکانی پەیوندیدار و, دەوریشی هەبوو, ئەو موزەکەرەی قەراری پەرلەمانیشی پێگەیاندن, بەلاّم ئێستا داوایەك

هەیە, لەلایەن سەرۆك جمهورییەوە و, لەلایەن سەرۆك هەرێمیشەوە, كە لیژنەیەكی پەرلەمانی بچێت بۆ بەغدا, پشتگیری ئەو لیژنەیە بكاتن كە دەستوور دەنووسێت, ئەندامانی كوردی لەوێ, پەیوندی بكات لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار, ئەو بڕیارەی كە پەرلەمان خۆی داویەتی بەرێگای خۆیانەوە شەرحی بكەن و بیگەیەنن, جا لەبەر ئەوە, ئێمە قەرارێكی خۆمان هەیە, كە لیژنەیەك دابنێین بۆ ماددەی 58, ئەوەش مەسەلەیەكی ترە, چونكە رەنگە بەیەكەوە ئیرتباتیان هەبێت, بەڵام ئەو قەرارەی دانانی لیژنەی 58, مەوزوعێكی ترە, دەوامی دەوێت لەوانەیە شەش مانگ, بەڵام ئەمەیان تا سەری مانگە, تا كۆتایی دێت بە نووسینی دەستوور, بۆیە ئێمەش سەرۆكایەتی پەرلەمان وامان بەباش زانی كە ئەو لیژنەیە, تەعبیر هەم لە پێكهاتەی پەرلەمان بكاتن, هەم خەڵكی قانونی تێدا بێت و, هەمیش بتوانێت لەوێ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان قسە بكات و, بڕیاری پەرلەمان وبڕیاری گەلی كوردستان بە خەڵكەكە بگەیەنێت و, لەسەر ئەو بنەمایانەی كە باسی دەكەن, ئێمە ئەگەر ئیجازە بدەن, چونكە مەسەلەكە لیژنەیەكە بۆ دەرەوەی پەرلەمان بۆ ناو پەرلەمان نییە, بۆیە لە دەسەڵاتی سەرۆكایەتی پەرلەمانە, كاتیشمان كەمە و, دەبێت سبەی یان دوو سبەی سەفەر بكەن, ئێمە لیژنەكەمان بەم شێوەیە داناوە, كاك د. كمال خۆی لەوێ بووە, هەر تێیدا دەبێت, كاك فەرسەت هەر لە لیژنەی دەستووریدا بووە, موتابەعەی تێدا بووە ئەویش دەچێت, كاك طارق لە لیژنەی قانونییە ئەویش دەچێت, كاك كریم بحری, كاك شێروان ئەگەر رەغبەتی هەیە, كاك كەرخی لە برا توركمانەكان لە جیاتی لیستی توركمان یان گروپی توركمان, ئەویش ئەگەر موافق بیت, لە رێگاشدا پێم وت, كاك رۆمیۆ, تۆش لە جیاتی ناتوانم بڵێم كلدان یان ئاشووری, بەڵام دەتوانم بڵێم لە جیاتی كلدان و ئاشوور هەردووكیان, تۆ دەتوانی تەعبیر بكەیت و ئەوانی تریش رازی بكەیت, ئەگەر كلدانێكی تریش بچێت مانعمان نییە, ئێمە ئیقتراحمان وایە, بەڵام ئەگەر یەكێكی تر دادەنێن, ئێمە هیچ مانعمان نییە, دوای قسەی لێدەكەین, بەنیسبەت یەكگرتوو یان كاك محەمەد یان كاك خلیل, كامەتان پێ باشە, كاك محمد فرج, لە كۆمەڵ, كاك زانا, ئەگەر خاتوو پەخشان وەكو هەم ژن و ئافرەت, ئێمە نامانەوێت جێگاكان چۆڵ بێت, چونكە ئەوانە كە دەچن تا كۆتایی مانگ دەبێت لەوێ بن, یەعنی ئەو ناوانەی وتم من دوایی سەفەرەكەیان بۆ تەرتیب دەكەم, یەعنی 10 رۆژێك لەوێ دەبن, ئیلا ئەگەر وتیان تەواو بڕۆنەوە پێشتر, ئەگەر نا تەوەقووع دەكرێت, 10 رۆژێك لەوێ بن, كاك خدر ئێزدی, كاك نوری لە كوێیە, دەچی كاك نوری, ناچیت, باشە, تەبعەن لیژنەكە پەرلەمانییە, بەڵام لەبەر ئەوەی كاك بەختیار لەگەڵ كاك كمال پێشتر تێدا بوو, رەئیەكی وا هەیە, كە ئەوانیش لەگەڵیاندا بیتن, بەڵام ئەوانە بەناوی پەرلەمان دەچن, جا ئەوە خێری تێدایە, ئینشا الله سوودیان دەبێتن, ئەو بڕیارەی كە داشمان نایە لەبەر رۆشنایی ویستی خەڵكی گەلی كوردستان لە بەغدادا پەیوەندی دەكەن, وپێیان دەگەیەنن, كاك كمالیش ئێستا بۆتان باس دەكات بۆ سەردانەكەی بەغدا, ببورن لەمەو دوا سەرۆكی پەرلەمان و جێگری پەرلەمان وسكرتێری پەرلەمان هەر لیژنەیەكی پەرلەمانی سەفەر بكات بۆ دەرەوە كە هاتەوە دەبێت راپۆرت بدات بۆ پەرلەمان, تەقدیم بكات چی كردووە, وازیح بكات, ئینجا رەئییەكی تریش هەیە, كە ئێمەش وەكو بەغدا دەیخەینە بەرنامەی كار جارێكی تر, سەرۆكی حكومەت و وەزیرەكانیش هەروەها كە دەچنە دەرەوە دێن لێرە راپۆرت بدەنە پەرلەمان, موناقەشەیان دەكەین, بۆ ئەوەی ئێمەش ئاگادار بین, وەكو نوێنەری میللەت ئەو زیارەتە سوودی چی بووە, چیان كردووە؟ پرسیارمان هەبێت لێیان بكەین, خەڵكیش ئاگادار بیت لەو چالاكییانە, كاك كمال, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆكی پەرلەمان, رێز بۆ هەموو ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستان, ئێمە كە چووینە بەغدا بە نوێنەرایەتی لیژنەیەك, لیژنەی لایەنە سیاسەكان, لیژنەی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشمانیی كوردستان پێك هات, ئەوە بە ئامادە بوونی هەردوو رێزدار سەرۆك كۆمار و سەرۆكی هەرێم, بەڕێزان مام جەلال و كاك مسعود بارزانی, لێرە ئێمە كە رۆیشتوون, پرۆژەیەكمان برد, بیرو بۆچوونی لایەنەكان بوو, بۆ ئەوە نەبوو ئەم بیرو بۆچوونانە تەواوە دەبێت تەسبیت بێتن, حەز دەكەین ئەمەتان لا روون بێت, بڕیارێك وەرگیراوە كە پەرلەمان دوا مەرجەعە بۆ هەموو قەرارێك ئەو لیژنەیەمان ئاگادار كردەوە كە ئێوە جێگای رێزن, جێگای باوەڕن, بەڵام ئەو شتانەی

کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ, پێویستە ئەم خالآنەی تێدا بێت, ئینجا پێش ئەوەی ئیمزای لەسەر بکەن, دەگەڕێتەوە پەرلەمان, ئینجا نوێنەری ئەو لیژنانە, لیژنەی دەستووری ئێمەش کە ئێستا لە بەغدایە, ئەوانیش دێنە ئێرە, پرۆژەکەیان لێرە تەقدیم دەکرێت, پێکەوە پەرلەمان موافەقەتی لەسەر کرد, ئیمزا دەکرێت, موافەقەتی لەسەر نەکرد, ڕەت دەکرێتەوە, ئەو خالآنەی کە بەڕاستی لامان گرنگە ئێوەی بەڕێز بیزانن لەو زیارەتە کورتە کە چەند ڕۆژێکی خایاند, بۆمان روون بۆوە کە ئەفکاری شۆڤینی وەکو سەددام و لە سەددامیش خراپتر هەیە, دژ بە میللەتەکەی ئێمە, بۆ چوون هەیە لەناو لیژنەکە ئەسلەن ئیمانی بە فیدرالێەت نییە, بۆچوون هەیە کە ئیمانی بەوە نییە کە کەرکووک ئەسلەن کوردستان بێت و, ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەڕێتەوە سەر کوردستان, لەبەر ئەوە دوای چەند دیدار لەگەڵ بەڕێز سەرۆك کۆمار, بڕیارمان دا کە بگەڕێینەوە, ئەوە لیژنەیەکی بەرز هەم سیاسی و هەم پەرلەمانی لەگەڵ یەك بچن, لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان لەگەڵ ئەتراف موئەسیر لەوانە لە گفتوگۆ بن, ئەفکار ئامادە بکەین بۆ ئەوەی براکانمان لەناو لیژنەکە لەو چوار چێوەیە دەرنەچن, یەعنی کە حازر بکرێ بۆ ئەوەی دوای ئەوەی کە ئێمە گەیشتینە قەناعەت و, موافەقەت کرا بێتەوە پەرلەمان, لێرە عەرقەلەمان نەبێت, یەعنی ئینعیکاس بکات لە ڕەئی ئێوەی بەڕێز, ئەو خالآنەی کە برادەرانمان و ئێمە پێکەوە ئامادەمان کرد و, درایە وێنە کە دەبێت خاڵی یەکەم ناوی عێراق, دەبێت عێراقی فیدراڵی بێت, یان ئیتحادی بێت, یەعنی نابێت یەکێك لەوانە, زۆر بۆچوونی تر هەیە, ناوەکە بشهێنین هەر لە یەکەم خاڵەوە, ئێمە پابەندین بە قانونی ئیدارەی دەوڵەی عێراق کە لەوە خراپتر نابێ بیبەی, دەبێت بەرەو باشتری بیبەی, چاکتری بکەی و پەرەی پێ بدەی, باشە, بەڵام تۆ تێکی بدەیت, لە سفرەوە دەست پێبکەی, ئەو مومکین نییە, هێزی چەکداری ئێمە پێمان وایە هێزی چەکداری عێراق دەبێت لە خزمەت بەرژەوەندی عێراق بێت, لە بەرژەوەندی نیزامی مەدەنی و پێشخستنی بێت, نەك وەکو سەددام دیکتاتۆریەت و وڵاتی پێ وێران بکاتن, بۆیە دەبێت ئەو هێزە چەکدارە لەبن ئیدارەی مەدەنی بێت و, ڕێژەی هاوکاریش کە بۆی دەست نیشان دەکرێ 4٪ نابێت تێپەڕ بێت, هەروەها لە ئیقلیم, بە نیسبەت ئێمە کە ئیقلیمی کوردستان کە سنوورمان هەیە, لەگەڵ دەوڵەتەکانی جیران لەگەڵ ئێران, لەگەڵ تورکیا, لەگەڵ سوریا, پێویستە هێزێکی چەکدار لەو ئیقلیمە هەبێت, پەرلەمانی کوردستان حەجمی ئەو هێزە, سلاحی تەدریبی و ناوەکەی بەقانونێك تەشخیص بکات, تەنسیق لەگەڵ وەزارەی دیفاعی عێراق هەبێت, هەروەها هێزی چەکداری عێراق بۆی نییە, بێتە ناو کوردستان بەبێ موافەقەتی پەرلەمانی کوردستان و, بۆشی نییە هێزی عێراق بنێرێ بۆ دەرەوەی سنوور بەبێ موافەقەتی پەرلەمانی ئیتیحادی کە سێ لەسەر چوار دەنگی بێنێت, بەنیسبەت ئایندەی کوردستان, ئێمە بە گرنگمان زانی و زەروریشە و, هەمووی بۆ بەڕێزتان مەتروحە کە ئاخیر جار قەراری لەسەر دەدەن, ئەگەر دەستوورەکە بە شێوەیەك نووسراو هەموو کەس موتەفیق بوو لەسەری, هەموو لایەنەکان تەتبیق بێت لەناو ئەم دەستوورە, ماددەیەك هەبێت کوردستان حەقی ریفراندۆمی هەبێت, ئیستفتای هەبێت, دوای دوو دەورەی ئینتخابی دوای هەشت ساڵ, ئەگەر تەبیعی بوو ڕۆیی, ئەگەر حاڵەتێکی غەیر تەبعی هاتە سەر کوردستان, مەسەلەن ئیعتیدایەك هات بۆ سەر ئەم هەرێمە, یان هەوڵ درا قسمێك لەم هەرێمە جیا بکرێتەوە, یان ئەوەی کە بە تەئریخ و بە جوگرافیای کوردستان بووە کە ئێستا نیزاعی لەسەر نەهێڵێن بێتەوە سەر ئێرە, وەك کەرکووك و مەنتیقەکانی تر, ئینجا خەڵکی کوردستان بۆی هەیە, موباشەرەتەن ریفراندۆم بکات و, تەقریر لە چارەنووسی خۆی بدات, بەنیسبەت دەرەوە, کورد زۆری بەسەر هاتووە زۆر تووشی کێشەو گیروگرفت بووە, ئێمە بەگرنگی دەزانین لە وەزارەی خاریجی عێراق و, لە سەفارەتەکان قسمێك هەبێت بۆ ئیش و کاری ئیقلیم, قسمێك هەبێت لەوەزارەی خاریجی لە سەفارەتەکانی عێراق لەدەرەوەی وڵات, مەربوت بێت بە ئیش وکاری ئیقلیم, هەروەها هەیئەتێکی ڕەقابەی مالی هەبێتن کە ئەو واریداتی کە عێراق هەیەتی چۆن سەرف دەکرێت, بە شێوەیەکی عەدالەت دابەش بکرێت و, بۆ ئیشی گرنگ دابەش بکرێت, نەك بۆ ئەوەی فی سبیل مەسئولێك بە ئارەزووی خۆی تەصەروف دەکات و, مەواریدی ئەم ئەقلیمانە, بۆ ئیقلیم بێت, واریداتەی مەعدەنی و مەواریدەکانی تر موڵکی ئیقلیم بێت, نەوتەکان هەرێم خۆی دەری دەکات, ئەم دابەش کردنە 5٪ بۆ ئەو شارە بێت کە لێی دەردەچێت بۆ خەڵکی ئەو مەنتیقەیە بێت, چاکسازی بۆ ئەوە تەرخان دەکرێت, 60٪ یشی بۆ هەموو هەرێم دەبێتن, 60٪ بە واریداتی نەوت و مەعادنی هەرێم بۆ ئیقلیمەکە دەبێت, 35٪یشی بۆ حکومەتی ئیتحادی

دەنێردرێت, هەروەها بە عەكسیشەوە مەواریدی حكومەتی ئیتحادی دەبێت بە پێی نیسبەت بە عەدالەت دابەش بكرێتن, لەوەش 5٪ تەخصیص بكرێت بۆ ئەوانەی كە زەرەرو زیانیان لێكەوتووە, كیمیا باران كراون, ئەنفال كراون, دەردەسەریان بەسەر هاتووە لەدەست رژێمی دیكتاتۆر, دەبێت ئەمەش رەچاو بكرێتن, دینی دەوڵەت ئیسلامە, رێزمان بۆی هەیە, دینی دەوڵەی رەسمییە, مەصدەرێكە لە بۆچوونەكە ئیحترامی بگیرێت و ئیحترام لە ئەدیانەكانی تریش وەكو مەسیحیە, صابیئەیە, لەوانەش رێز بگیرێتن, سعری بازاڕ ئیقلیم خۆی تەحدیدی ئەسعار بكاتن, نەك لەمەركەزەوە بۆ نموونە بڵێن سعری تەماتە دە فلس, عەرزو تەلەب, تەحدیدی ئەوە دەكات, بۆیە هەر ئیقلیمێك هەر مەنتیقەیەك سعری بازاڕ خۆی تەحدید دەكات, مەشاریعی دەوڵەتی ئیتیحادی ئەگەر لە ئیقلیم هەبێت, پێویستە ئیقلیم سەرپەرشتی بكات, بەتەشاور لەگەڵ ئیتحادی, سوڵتەی قەزائیش بە شێوەیەك دابنرێتن كە ئیجحاف نەبێت, هەر چەندە ئێمە رێزمان بۆ حاكم و قەزا هەیە, بەڵام بەسەرمان هاتووە, لەبەر ئەوە دەبێت ئەو قەرارانەی لە سوڵتەی قەزائی بەرز وەردەگیرێت, نوێنەرەكانی ئیقلیم بە شێوەیەك دابنرێتن كە لەوێ زۆرینە كەمینە نەخواتن, لەوێ نیسبەتێك سێ لەسەر چوار دەست نیشان كراوە, كە رێژەی كوردیش لەو لیژنەیە بەم شێوەیە دەبێت, ئەمە هەندێك لەو خاڵانەیە كە لە پرۆژەكەدا هاتووە و, ئێمە بە گرنگی دەزانین كۆپی بكرێت, هەریەك لە ئێوەی بەرێز نوسخەیەكتان هەبێتن, ئەو لیژنەش كە دەچێتە بەغدا هەندێك خوشك و برای تریش كە لێرە دانین بۆ لیژنەی كەركووك ئیزافە دەكەین, لێرە شوێنێكیان بۆ دادەنێین كۆمپیوتەریان هەبێت, ئینتەرنێتیان هەبێت, لە پەیوەندی دەبین لەگەڵیان ئیشەكە دوو جانیبە دەبێت, لەگەڵ سەرۆكی پەرلەمانیش بۆ قەرارە بەرزەكان لە كۆنتات ئەبین, ئەویش لە رێگەی بەرێزتانەوە ئامۆژگاری و شتی باشتر ئەوەی پێ دەوڵەمەند دەكات, كە بە هەمووومان هەدەفمان ئەوەیە لەوێ فێڵمان لێ نەكرێ, لە مێژوودا زۆرجار فێڵ لە كورد كراوە, زۆر تەعدامان لێكراوە, ئێمە فێڵ لەكەس ناكەین, بەڵام دەبێت فێڵمان لێ نەكرێت, بەنیسبەی مەسەلەی كەركووك, لای ئێمە مەسەلەی كەركووك تەنها قانونی و ئیداری نییە, مەسەلەی كەركووك مەسەلەیەكی سیاسییە, خاكێكی كوردستانە, رژێمە دیكتاتۆریەكان یەك لە دوای یەك بە پیلان بە تەختیت ویستیانە لێتی بسەننەوە, بۆیە لە پێش هەموو شت مەسەلەكە مەسەلەیەكی سیاسییە, ئینجا قانونی و ئیداری دێت و, تەتبیقی ماددەی 58 زوڵمێكی تیایە بەرامبەرمان, فەقەر (ج )ئەوەی ئەخیر كە دەڵێت(ئیستفتا بكرێت كە ئایا كەركووك كوردستانییە یان نا), لە واشنتۆن كەس ناچێ ئیستفتا بكات, بڵێ واشنتۆن ئەمەریكایە یان ئەمەریكا نییە, چونكە پڕی صینییە, پڕی هندییە, پڕی ئەقوامی ترە, لەندەنیش هەر وا, بەڵام لەبەر ئەوەی زروفێكی تایبەت بووە, برادەرانمان لە مەجلیسی حوكم بە پشت قائیمی بە گەلەكەمان و بە خەڵكەكە ئەوەیان قبوڵ كرد, كە بە رێگایەكی قانونی بێت, ئێستاش ئێمە بە هیچ شێوەیەك كەركووك قابیلی هیچ مسواوەمەیەك نییە, من دڵنیاتان دەكەم, پارتی و یەكێتیش مساوەمە بكات, خەڵكی كوردستان نایكات, پەرلەمانی كوردستان نایكات, كوڕ و كچ خۆی لەو جادەیە بسوتێنێت, ناهێڵێت هیچ حزبێك مساوەمە لەسەر كەركووك بكات و, ناشی كەین, بۆ هەموو ئەحداسێك و هەموو زروفێكیش بۆ كەركووك هەموو كوردستان ئامادەیە, سوپاس بۆ یەزدان ئێستاش لە لایەنە سیاسییەكان بالاجماع دەبینم بەبێ ئەولاو ئەم لا, هەموو پێكەوە موتەفقن و هەمان هەڵوێستیان هەیە, هەتا مەسەلەیەكی بەرێزمام جەلال بۆتان باس بكەم, لەوێ لەگەڵ دۆستان لەگەڵ ئەمەریكیەكان, وتی تەسەوڕ نەكەن ئێمە برای ئێوەین لە گیرفانتاندا بین, هەرچی بكەن, پامان نییە, بڵێن قەیدی ناكات, وتی ئێمە ئەگەر بێتە سەر مەسەلەی مەصیری, بێتە سەر مەسەلەی كەركووك باڵیشمان هەیە بفرین, رێزدار كاك مەسعود بە هەمان شێوە بۆ كەركووك, لەگەڵ هەموو بەرپرس و, مەسەلەی هەندێ برادەر منگە منگێگ دێت, دەڵێن زەخت, ئەمەریكا دەوڵەتێكی دیموكراتییە, لە سیستەمی دیموكراتی میللەت قائیدی شەعبە, میللەت قەرار دەدات, لە كەركووك هەڵبژاردنێكی دیموكراتی بووە, لیستی برایەتی ئەكسەریەتی هێناوە, بۆیە ئەو برایانە لە لیستی برایەتی دەبێت خاوەن هەڵوێست بن, خاوەن مەوقف بن, تەنازول و مساوەمەت نەكەن, بە عەدالەتیش كار بكەن, رێز لە برای توركمان, لە برای عەرەبی ئەصڵی لە برای كلدۆ ئاشووری لە برای ئەرمەنی بگرن, عەرەبی هاوردەش دەبێت بە رێزەوە بنێردرێتەوە, دەبێت ئەوە جێگای ئەوان نییە, بۆ ئەشرەف قازی باسمان كرد, كە سەلامەتی و ئیحتیرام و رێزی ئەو هاوردانە ئەمێنێ وەختی بڕۆنەوە, چونكە خەڵك خەتەرێكی گەورەیە ئەگەر بزانێت تەعدای لێ بكرێت, ناتوانێت بوركانێكە بتەقێت,

لەبەر ئەوە ئەگەر ئیستقرار بوو، ئەكرێ بۆ مەنتیقە پێویستە بە ئیحترامەوە ئەوانە بچنەوە جێگای خۆیان، خەریتەی گەلێ كۆنیشمان پێیاندا كە كەركووك لە ناو كوردستاندا بە زۆر جێگای سەرنجیان بوو، بە ئیهتیمامەوە وەریان گرت، ئەم خەریتەی ئێستا بۆ كوردستانمان حازر كردووە، مەجموعەیەك ئوستازی جامیعە و زانكۆی سەلاحەدین و پسپۆڕ، جێی رێز و تەقدیرە كارەكانیان زۆر بەنرخە، ئەمەیان ئامادە كرد، بە موافەقەتی ئەتراڤی سیاسی، هەرچەند بەلای من ئەوە هەمووی كوردستان نییە، كوردستان زۆر زوڵمی بەسەر هاتووە، زۆر تەعدای لێكراوە، زۆر لە مێژووەوە گۆڕانكاری دیموگرافی لەسەر ناوچەكانی دوور دەست كردووە، بۆیە ئەمەی ئێستا هەیە، ئەمە واقعێكە بەپێی حەقائق، بەپێی وەسائقی تەئریخی، بەپێی دیكیۆمێنت، هیچ كەسێك ناتوانێت بڵێت، ئەمە كوردستان نییە، ئێمە تەرحمان كردووە و، هەڵوێستی ئەو پەرلەمانە بەڕێزەش، دەورەی یەكەم كە لە 1/15 وەریان گرتووە، ئەو گرێنتیانەی كە نیگرۆپۆنتی، سەفیری بەریتانی، حكومەتی عێراقی، ریئاسەی جمهوری، مەجلیسی وەتەنی عێراق دایەتی پەرلەمانی كوردستان ئیجازەی بە خەڵكی كوردستان داخیلی هەڵبژاردن بێت، لەسەر ئەو ئەساسەی كە ماددەی 58 جێبەجێ بێت، ئێستاش ئەو دەنگە هەیە، كە ماددەی 58 جێبەجێ نابێت، دەبێت جێبەجێ ببێت، جێبەجێ نەبێت هەڵوێستی كوردستان هەیە بەرامبەر، تەلاعوب هەیە، هەوڵ دەدەن شتەكان نەكرێت، دوا بخرێت، هەندێ كەسی ناقانونیان هێناوەتە لیژنەی دەستووری مع كل احترامی بۆیان، وا دەزانن كە هێشتا سەددام دانیشتووە و، ئەوانیش قائید ئەوانن، كاری ئەوان جێبەجێ دەكەن، بەڵام حەقێك خاوەنی هەبێت لەدەست ناچێت و، جێبەجێش دەبێتن و، بەنیسبەت ئەو وەفدە، بچووك بوو كە رۆیشتن، بەڵام زۆر شت تێگەیشتن لە وێنە، هەوڵ هەیە پاشگەز ببنەوە، هەوڵ هەیە نەهێڵن كەركووك بێتەوە سەر كوردستان، باسی زخوتات دەكرێتن، بەڵام ئەم یەك هەڵوێستییەی ئیمڕۆی كوردستان، یەك هەڵوێستی لایەنە سیاسییەكان، یەك هەڵوێستی هەردوو رێزدار كاك مسعود بارزانی و بەڕێز مام جەلال و، هەڵویستی سیاسی پارتی و یەكێتی و گشت لایەنە سیاسییەكانی كوردستان، گشت گەلی كوردستان بۆ مافەكانی، گرێنتیتان ئەدەمێ ئەوە كورد بە ئامانجە پیرۆزەكانی خۆی دەگەیەنێت و، كوردیش كە سەركەوت زوڵم لەكەس ناكات و، رێز لەهەموو كەسیش دەگرێت و، بە هەموو دنیاش دەبێت بڵێین ئێمە مەسەلەی كەركووك، ئێستا مەجلیسی كەركووك بۆی هەیە، مەسەلەن مساوەمە كردن لەسەر تاخیر بوونی زوڵمێكە بەحەقی كورد و كوردستانیان كرد، دەبێت نەیكەین و، نابێت بكرێت، دەست بە ئیشەكە بكرێ، مستەقبەلەكەشی دیار دەبێت، لەسەر ئەو ئەساسەش كاك حمید مجید موسا، دوێنێ تەشریفی هاتە كوردستان، هاتە سەلاحەدین، لیژنەكە تەقریبەن دەست نیشان كراوە، كە لەگەڵی بن و، خەریكە لەو رۆژانە تەواو دەبێت و ئیعلان دەبێت و، دەست بەكار دەبێت، ئەم وەفدەی ئێمەش لەو یەك دوو رۆژە دەچینە بەغدا، ئێمە پێمان باشە وەفدێكی پەرلەمانی بەقووەت، وەفدێكی سیاسی بەقووەت، شملی هەموو لایەنەكان و هەموو پێكهاتەكان بكات، كە لە كوردتسان لەگەڵماندا دێن، بۆ ئەوەی بتوانین لەوێ دەوری خۆمان بێنین و، زۆر سوپاس، ئەگەر پرسیارێك هەبێت، لە خزمەتتان داینە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ببورن، ئەگەر دەتوانن، پرسیارەكانتان دوو سێ دەقیقە دوا بخەن، چونكە ئەوە بووە سەعات 12، ئێمەش قەرارمان دابوو كە 12، مەوزوعی تیرۆر باس بكەین، كە لەو بەینەدا مەوجەیەكی تازەی بەخۆیەوە دیووە، تەتەورێكی تازەی بەخۆیەوە دیووە، كوێرانە منداڵ دەكوژن، خەڵكی بێ لایەن دەكوژن، مەدەنی دەكوژن، بۆیە یەعنی مەسەلەكە ختورەتی زیادی كردووە، لەلایەكەوە دەلیلی ئیفلاسی فیكری وسیاسی ئەو توندڕەوانەیە، كە گەیشتۆتە ئەوەی هەر چۆنێك بێتن، فتنە بخەنە ناو میللەت، كوشتار زیاد بكەن، خەڵكی عێراق تێك بەربدەن، سوننە و شیعە بەگژ یەكتردا بدەن، لە كورد بكوژن، بەڵام لە هەمان كاتدا شەهید زۆر بووە، بۆیە سەرەتا بە ناوی ئێوەوە بە توندی ئیستنكاری ئەو تاوانانە دەكەین، كە لەم چەند رۆژەدا روویدا، چ ئەوەی لەبەعقوبە منداڵەكان، چ ئەوەی لە موسەیب بووە هۆی شەهید بوونی نزیكەی 100 كەس و، بریندار بوونی چەند كەسێكی تر، چ ئەوەی لە بەغدا روویدا، كە زۆربەی زۆری 90٪ زیاتری زەحیەكانیان منداڵ و مەدەنی و ژن و پیرو خەڵكی سادە بوون، كە هیچ پەیوەندییەكیان رەنگە بەسیاسەت یان بە حزبایەتی نەبێت، لە هەمان كاتدا بەیانی جەمعیەی وەتەنی عێراقی بریاری دا كە سەعات 12 دەقیقەیەك بوەستێتن، بۆ گیانی پاكی ئەم شەهیدانە، ئێمە لەبەر ئەوە ئەمڕۆ جەلسەمان هەیە، ئەمڕۆ دەقیقەیەك دەوەستین بۆ گیانی پاكی

ئەو شەهیدانەی کە بەم دواییە شەهید بوون بەدەستی تیرۆرەوە, گیانی پاکی هەموو شەهیدانی گەلی کوردستان و گەلی عێراق, ئومێد دەخوازین کە خوا هاوکاری گەلی عێراق بکاتن, بۆ کۆتایی هێنان بەم تیرۆر و تیرۆرستانە, فەرموون.

دەقیقەیەك وەستان.

زۆر سوپاس, من پێم وایە ئەگەر ئەمڕۆ تەنیا باسی وەزعەکە بێت, چونکە مەوادمان زۆر لە پێشە, دەزانم پرسیاریشتان زۆر هەیە, بەڵام ئەگەر دوو پرسیار هەبیتن, فەیدی ناکات, یەکێکیان کاك حمەی حاجی مەحمود و, جەنابیشت زۆر ئیعتزازت هەیە, لەگەڵ دکتۆر و, هەر ئەوەندە, کاك حمە فەرموو, نامەوێت هەموو وەختەکەی ببەین, چونکە دوای ئەمە جەلسەیەکی موغلەقمان هەیە پاشی ئەمە, کاك بەلێن نوقتەی نیزامی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە جەلسەی رابردوو بڕیارمان دا کە لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی ماددەی 58 پێك بێنین, ئێمە تا ئێستا نازانین ئەو لیژنەی کێیە؟ پێك هاتووە یان نا؟ دوو, یاداشتەکەی کە ببرێتە پەرلەمانی عێراقی ئەوەشمان نەدیووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاداشتەکە هەیە, لەگەڵ خۆیان دەیبەن, لیژنەکەش من عەرزم کردن, کە ئەو لیژنەی کاری رۆژێك و دوو رۆژ نییە, زۆر دەخایەنێت, لەبەر ئەوەی پێك دێت, کێ داوای کرد, ناوەکانمان لایە, باسی دەکەین و, ئەو لیژنەیەی هی 58 فەرقی هەیە, لەگەڵ ئەو لیژنەیەی کە سبەی دووسبەی دەچن بۆ بەغدا, فەرموو کاك حمە.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

چونکە دیارە ماوەیەکە کۆبوونەوەمان نەکردبوو, بەڕاستی سەرۆکی پەرلەمان لەسەرەتای قسەکانی باسی یەکگرتنەوە هەردوو ئیدارەکەی کرد, پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات, من ویستم چەپڵە لێبدەم, وام زانی موژدەی یەکگرتنەکەمان دەداتێ, ئێستا باسی وردەکارییەکان دەکرێت, ئەوە پاش چوار مانگی تر ئینتخابات دەکرێتەوە لە عێراق, لەوە ناچێت, بە ئاسانی فریای ئەمە بکەوین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حمە, عەفووم بکەی, ئەوە مەوزوعی نقاش نییە, ئەگەر پرسیارێکت لە د.کمال هەیە, ئەگەر نا, من تەعلیق دەدەم.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەقە ئەو وردەکارییانە بزانین, ئەگەر نا دەنگ نەکەین هەتا ئەوان دەگەنە نەتیجە, ئەو کاتی ئێمەش شەرعیەتیان بدەینێ, ئەوە باشترە, بۆ مەسەلەی کەرکووك, بەتەئکید ئەوەی لە دواییشدا بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد, هەمووومان لەگەڵ ئەو رەئیانەین, بەڵام لەم رۆژانە خۆ دەزانن کە ئەمەریکییەکان ئاگاداریان کردن هەموو شتەکانی ئەنجومەنی کەرکووك راگرن, تا ئەوانی تریش بەشداری دەکەن, ئەوە یەکێك لەو خاڵانە, مەسەلەی ماددەی 58 یان دەستوور, ئەوانە هەمووی شتی باش کرا لەم چەند رۆژە, بەڵام ئەمانەش هەندێك تاخیر بووینە, دەبوایە زووتر بکرایە پێم وایە باشتر بوو, بەڵام ئێستاش من ئەوە تەئکید دەکەمەوە, مەسەلەی دەستووری کوردستان زوو پەلەی لێ بکرێت پێش ئەوەی دەستووری عێراق دەربچێت, ئێمە کاری بۆ بکەین, سەردانەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان و چەند بەڕێزی تریش بۆ بەغدا, دوو سێ خاڵی باس کرد, یەکیان ئەمەی هەر ئەوە بوو کە ئەوانن نایکەن, یەعنی مەسەلەی پەشیمان بوونەوە, پاشەکشە لەمەسەلەی کەرکووك, یەعنی شتی وای تێدا نەبوو, کە برا عەرەبەکان پشتیوانیمان لێدەکەن, تەنها خۆمان نەبێت, ئەمە یەکێك بوو لەو خاڵانە, چونکە ئێمە زوو تر چاوەڕێی ئەوانە بووین لەوە, مەسەلەی لیژنەکەش, لەبەر ئەو پێش ئەوەی ناوەکان بهێنن بڵێن فلان و فلان, بیانوتبایە کێ لەگەڵ ئەو لیژنەیە

دەڕوات, باشتر بوو, بەلاَم هەر كەس خۆی تەرشیح كردبایە باشتر بوو, یەك خالَی تریش هەیە, تەنزیمی ژووری پەرلەمان بكەین, هەم ژوورەكان و هەم ناو هۆلَەكان, كە بۆ ئەوەی هەر كەس جێگای خۆی بزانێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەلاَم مەوزوعەكانت لە 75٪ رەبتی مەوزوعەكە نەبوو, ئەگەر نا خۆت باش دەزانی وەزعەكە چۆنە؟ هەر بۆ تەعلیق بوو, بەلاَم منیش تەعلیقەكەم تەئجیل دەكەم بۆ جەلسەی دوایی, نوقتەیەك هەیە ئەمەوێ روونی بكەمەوە, ئەم مەسەلانەی كە كاك كمال باسی كرد لە بەغدا, وایان وتووە, ئەمە كۆتایی نییە, رەئی خەلَكێكی وا هەیە لەوێ, یەعنی خەلَكێكی وا هەیە, دەلَێت فیدرالَیەت بۆ عێراق دەست نادات, بەلاَم ئێمە وەكو بەشێكی گرنگی عێراق مونەزەم, خاوەن ئەزموون, خاوەن پەرلەمان, خاوەن حكومەت خاوەن میللەتێكی بەقووەت, جگە لەوەی كە تایبەتمەندی خۆمان هەیە, ئێمە تەنیا كەسین كە دەتوانین بلَێین چیمان دەوێت, مادام شتە موشتەرەكان لەگەلَ پێكهاتەكانی تری عێراق لەگەلَ عەرەب لەگەلَ توركمان و ئەوانی تر موشتەرەكە, دەمانەوێت لە عێراقدا بەیەكەوە بژین, ئێمە خۆمان دەلَێین ئەو پێكەوە ژیانە چۆنە؟ لەبەر ئەوە ئەو با رەئی خۆی بلَێ, لە نەتیجە دەبێت ئیتفاقی لەسەر بكەن, ئەگەر نا, ئیتفاقەكە نابێت, ئەو دەستوورە نانووسرێت, ئەگەر هەموو ویستەكانی گەلی كوردستانی تێدا نەبێت, یەكێك دەلَێت نابێت عێراق فیدرالَی بێت, یەكێك دەلَێت عێراق بەشێكە لە ئوممەی عەرەبی, كەیفی خۆیەتی, ئازادە با بلَێت, بەلاَم لە نەتیجە دەبێت, بگەنە ئەو حەقائیقانەی كە عێراق گوتی و دەیلَێتەوە, كە عێراق دەكاتە عێراقێكی فیدرالَی یەكگرتوو, ئەوەی لەسەر ئەساسی حەقائیقەكان نەبێت, نابێت, بەلاَم هەر كەسێ رەئی خۆی بلَێت, گوتمان با دوو كەسی تر قسە بكات, بۆ ئەوەی بچینە سەر مەوزوعی تر, فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت من هەنگاوێكی زۆر گەشبین دەبینم, لەو پرۆژەیەی كە كاك كمال باسی كرد, بەنیسبەت دەست نیشان كردنی داهاتی هەرێم بۆ هەرێم, بەلاَم تێبینیەكم هەیە, لەسەر ئەو نیسبەتەی كە دیاری كراوە, چونكە لە داهاتوو دەبێتە موشكیلەیەكی گەورە, عادەتەن لە سیستەمی فیدرالَی, لە سیستەمی پێشكەوتوو لەسەر ئەم زەمینە چ بۆ ئیقلیم چ بۆ مەركەز نیسبەتێك دیار كراوە, بۆ وێنە لە ئەمەریكا بۆ ئیقلیم لە 7٪ زەریبە ئەدرێ بۆ فیدرال لە 12٪ بە موقابیل حكومەتی فیدرالَی ئەو خزمەتانەی كە ئەیكات بۆ خەلَكی سەرتا سەری ئەمەریكا, بۆ وێنە خۆی ئەنوێنێ لەو پرۆژانەی كەخزمەتی هەموو فیدرال دەكات, مەسەلەن ئەگەر شەخسێك بیەوێت سەیارەیەكی شەخسی بكرێت, تەنها لە 7٪ زەریبە دەدات بە ئیقلیم, لەگەلَ هەموو شتێكی تر كە ئەیكرێ, جگە لە خواردنی سارد باقی شتەكانی تر هەمووی زەریبەی لە 7٪ی لەسەرە, بەلاَم ئەگەر بیەوێت بچێت شاحینەیەك بكڕێ, شاحینە بۆ نەقلَ كردنی ئەساسە لە بەینی ئیقلیم و ئیقلیمەكانی تر, یان مەناتیقی تری حكومەتی فیدرالَی لە 12٪ ئەدات, لە 12٪ نیسبەیەكی مەعمولییە, كە پێویستە تەحدید بكرێت لە ئێستا, بۆ ئەوەی لە داهاتوودا نەبێتە موشكیلەیەك بۆ ئیقلیم خەلَكێك نەوێرێ شاحینەیەك بكڕێ و35٪ بدا بە فیدرال, بە موقابل, تەبعەن ئەمە هەنگاوێكی زۆر پیرۆزە بۆ كەم كردنەوەی دەسەلاَتی مەركەز, یەعنی مەركەز دروست نابێت, خالَێكی تریش ئەگەر زەحمەت نەبێت, بەنیسبەت جەیشەوە, ئەو نیسبەتەی كە دیاری كراوە شتێكی زۆر پیرۆزە, بەلاَم یاسای دەولَەت دیاری كردووە, كە هەر حكومەتێك بەناحەق بەشداری هەر شەڕێك بكات یان تەعدا لە دەولَەتێكی تر بكات, ئیتر جارێكی تر بۆی نییە, كە قووەتێكی وا گەورە دروست بكات, ئیللا ئەو قووەتەی لەخزمەتی دانیشتوانی ئەو ولاَتەدا بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.شكريە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم لە بەڕێزت هەیە, لەم ماوەیەدا وەفدێكی نیشتمانیی عێراقی كە لە عەرەب و توركمان, پێك هاتبوون, سەردانێكی توركیایان كرد, من حەز دەكەم بزام ئایا ئەوە ختورەی نییە بۆ ئێمە؟ ئەمە كە خۆشیان لە دانانی پرۆژەی دەستوور باسی دەكەن, ئەمە خالَێك, خالَێكی تریش, سیستانی خوازیارە ئەو فیدرالَیەی كە كوردستان دەیەوێ لەناو

دەستووردا بچەسپێ, ئەوانیش هەمان داخوازیان هەیە, ئەو قسانەی کە بەرێز د. کمالیش کردی, نیوەی قسەکانی سیستانیە کە داوای عەدالەتێك دەکات لە سامانە سروشتیەکاندا بۆ هەردوو لایان و, هەروەها ئەم هەرێمەش کە گوایا لە یاسا و, یەعنی حکومەتی بەغدا یاسا ودادی ئەم هەرێمانە بەرەسمی بناسێ, کە من لە رۆژنامەی الوطن خوێندمەوە, پشتگیریش لە قسەکانی د. کمال دەکەم, کە زۆر زۆر بە جێیە, رایەکی ئیسماعیل بێشکچی هەیە, کە بەراستی زۆر دڵی خۆش کردم, کە لێی دەپرسن ئەمرۆ چۆن باشووری کوردستان هەڵدەسەنگێنی, دەڵێی ئەوەی کە جێگای سەرنج و دڵخۆشییە, سووربوونی کوردە لەسەر فیدراڵیزم و هەوڵدان بۆ وشیار کردنی فیدراسیونێکی کوردی, دەست هەڵنەگرتن لەسەر مەسەلەی کەرکووك, کە ئەمە بابەتێکی زۆر سەرنج راکێشە بۆ هەموو لایەکمان, هەروەها را و بۆچوون و هەڵسەنگاندنی برادەرانە بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکی بازرگانی و هاتوچۆکردنێك, ئێستا ناوچەکە لە کوردایەتیدا دەژی, دوکان و بازاڕو شەقامەکان, ناوەکانیان هەمووی بە کوردیە, ئەمانە هەمووی جێگای دڵخۆشییە, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, تەنیا تەعلیقێکی بچووکم هەیە, ئەویش ئەگەر وەفدێکی جەمعیەی وەتەنی چوو بێت بۆ تورکیا, ئەوە کارێکی باشە, هیچ موشکیلەیەك نییە لەوە, ئێمەش ئەگەر داوا بکەن بە مەمنوونی دەچین بۆ تورکیا, موهیم ئەوەیە کە دەچی چی بڵێی, یان بە چ زمانێك قسە دەکەی, باسی چ دەکەی و چ قەبوڵ دەکەی لە موقابیلەکە؟ لەبەر ئەوە سەردانی وەفدێك لە جەمعیەی وەتەنی بۆ تورکیا, قازانجی ئێمەیە, چونکە من دڵنیام زۆربەی زۆریان و بەتایبەتی کە سەرۆکی جەمعیەی وەتەنی و زۆربەی زۆری ئەندامان جگە لەوەی کوردیشی لەگەڵ بووە و, تورکمانیش کە دیفاع دەکەن لەعێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی, دیفاع دەکەن کە کوردستان کە فیدراڵیەتی هەبێت, بۆیە ئەو سەردانانە قازانجە, تەفاهوومێکی موشتەرك پەیدا دەبێت, تورکیا ئەگەر تەماشا بکەن ئێستا لەگەڵ پێشی چەند فەرقی هەیە, قسەکانیان و تەقەبووڵی ئەو واقیعە, چەند ئەو پەیوەندییانە زیاتر بێت, ئەوەندە ئەو واقعە قەبوڵ دەکەن, ئەوەندە لە قازانج و چەسپاندنی فیدراڵیەت و دیموکراتیەتە, فەرموو.

**بەرێز محمد قادر عبدالله( د. کمال کەرکووکی):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس, بۆ رێزدار کاك حمە پرسیارێکی هەبوو, بەنیسبەت کەرکووك کە ئەمەریکیەکان داوایان کرد بوو, زەحمت دەکەن دەڵێن کە ئەگەر ئیدارەکە بەم شێوەیە پێك نێت, موساعەدات رادەگرن, بەراستی ئەمریکا دەوڵەتێکی دیموکراتیەتە و, زەحت بەم شێوەیە ناکات, ئەگەر بزانێت بلاَو دەبێت بە تەئکید, چونکە ئیدارەی کەرکووکیەکان بە شێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژاردنیان کردووە, هەموو ئەوانەی کە داخیلی هەڵبژاردن بووینە لیستی برایەتین و زۆرینەی دەنگی هێناوە, ئەوانی تریش 15 هێناوە, بۆیە لیستی برایەتیش نەیوتووە نە عەرەب نە تورکمان نە ئاشووری نە کلدانی نە کەس بەشدار ناکەن, وای نەوتووە, ئەوە معاونی موحافز برایەکی عەرەب دانراوە شوێنی نائیب موحافزیشیان بۆ برایەکی تورکمان داناوە, ئینجا هیچ قوەتێك لە دنیا نییە پێت بڵێت, ئیللا دەبێت ئەو شەخصە بێت, ئێمە بۆ جێگری موحافز برادەران لەگەڵیان دانیشتووین, من خۆم لە دانیشتنەکەیان بووم, بڕیار دراوە, ئەنجومەنی شاری کەرکووك, برایەکی تورکمان بۆ جێگری موحافز دەست نیشان بکات, ئەو برایەی ئیمانی بە پێکەوە ژیانی ئاشتی, ئاسایی, ئیمانی بەبوونی ئیدارەی دەوڵەی عێراق هەبێت, ئیمانی بەجێبەجێ کردنی ماددەی 58 هەبێت, بە غەیری ئەوە هیچ کەسێك نییە, بڕوات کەسێك بێنێت, ئیمانی بە ئیدارەی دەوڵەت و قانونی ئیدارە دەولەی عێراق نەبێت, ئیمانی بە ئازادی عێراق نەبێت, هەر ئەوەندە ماوە سەددام لە حەپس دەرکات, بیهێنێتەوە, لەبەر ئەوە ئەوانە مەرفوزن, لەگەڵ ئەوە ئەو زەحتە هەندێك برادەر لێی دەترسێن, هەتا لەناو ئەنجومەنی شاری کەرکووکیش, جێگای سەرسوورمانە, بە بوونی ئیدارەی دەوڵەی عێراق دەبێت, ئیمانی بە جێبەجێ کردنی ماددەی 58 هەبێت, بە غەیری ئەوە هیچ کەس بڕۆی یەکێك بێنێ کە ئیمان بە قانونی ئیدارەی دەوڵەی عێراق نەبێ, ئیمانی بە ئازادی عێراقیش نییە, هەر ئەوەندە ماوە سەددام لە حەپس دەربکات و دایبنێ, لەبەر ئەوە ئەوانە مەرفوزن, بۆیە ئەو زەحتانەی هەندێك برادەر لێی دەترسێن, هەتا لەناو ئەنجومەنی شاری کەرکووکیش, جێگای سەرسوڕمانە, ئەمەریکا دەوڵەتێکی دیموکراتیە, ئەوروپا

دیموکراتیه، لەبەر ئەوە پرنسیپی دیموکراتی ناتوانێ بشکێنێ، ئەگەر شکاندنی، ئیعلام دەتوانی حەشری پێ بکات، تا وای لێدەکات خۆی تەراجوع بکات، ئەوەی من دەیزانم لەگەڵ ئیدارەی کەرکووک، لەگەڵ حولەفا لە کەرکووک، لەگەڵ نوێنەری ئوممەمی موتەحیدە، دەڵێت ئەمە کارێکی ئێوەی داخیلییە، ئێوە خۆتان بیکەن، بەڵام کە خۆیان هەر شڵ کرد، تا وایان کرد برایەك لەم لا قسە بکات، دوای ئەو پارەیەی کە دەڵێن ئێمە مەشاریع ناکەین، تاکو ئێستا مەشاریع کراوە، هەر مونەزەماتی ئەجنەبی کە لێرەیە خۆیان دەیکەن، پارەکە لە کەرکووك، من خۆم لەوێ بووم، هەتا بۆ ئیرهابیەکان هەندێ مەشاریع دەکەن، کەشەڕی ئەمەریکا بوو بە شەو بە ڕۆژ هاوکاری دەکران، مونەزەماتی ئەجنەبی نازانێت تۆ کێیت؟ ئەو کێیە؟ ئەچوون لەم مەنتیقانە ئەو خەڵکانەی کە جاران تەعریب بوون، مەنتیقەیان تەعریب کرد بوو، لە مەنتیقەی شوان و دوبز رایان کردبوو، چوو بوونە مەنتیقەی حەویجە، لە وێ دانیشتبوون، مونەزەمات دەچوون، هاوکاریان دەکرد، ئەو هاوکارییە هەر نەبێت باشترە، بۆیە بەلای من وایە لەگەڵ برادەرانی ئەنجومەنی شاری کەرکوکیش قسەم کرد، ئیرادەی خۆیان نابێت بۆ هیچ کەسێك بلەرزێنن، زوڵم لە هیچ کەس نەکەن، بەڵام ئەوەی کە پرەنسیبی جوگرافی جێبەجێ دەکات، دوێنێش لەگەڵ برادەران گفتوگۆ لەسەر ئەم مەوزوعە کرا، پێرێش لەگەڵ ئەنجومەنی شاری کەرکووك، ئێستا قەرارە لەگەڵ ئەو برایانە، پێمان باشە بێنەوە ناو ئەنجومەن، ئەوان پانزە کەسن، شەش عەرەب و نۆ برای تورکمانن، پێمان باشە بێنەوە کار بکەن، نووسینیان هەیە، ئەڵێن با لیستی برایەتی تەشکیلی خۆی بکات، ئێمە دێینەوە ناو لیستەکە، بەڵام دیارە برادەران و خۆشمان هەندێك کەم تەرخەمین، زۆر تاخیریان کرد ئیشەکە، یەعنی خەڵك گازندە لە خۆی بکات عەیب نییە، ئەوانیش کەم تەرخەمیان هەیە، شتیان زۆر تاخیر کرد، ئێمە پێمان باشە ئەو برا عەرەب و تورکمانانە بێنەوە، پێکەوە ئیش بکەین، موعارەزەیەکی قانونی بن، ئیمانیان بە قانونی ئیدارەی دەوڵەی عێراق هەبێتن، پێکەوە ئیش بکەن، لەسەر ئەوە ڕێك بکەون، ئێمە هیچ مانعێکمان نییە، برای تورکمانی مەعقول و مەنتقی و برای عەرەبی مەعقول ومەنتقی برای مەسیحی لە کلدۆ ئاشووری بە وێنە بەشدار بن، لەگەڵ برا و خوشکە کوردەکانیان، ئێستا کە بێی سەیری وەزعی کەرکووك بکەی، ئەو دائیرانەی کەوا لە ئیعلام نیشان دەدرێ کەوا کورد غەزووی کردووە، وانییە، بە عەکسەوە، ئێستاش حەقی خوراوە، ئێستاش برۆ شەریکەی نەوت زیاتر لە حدودی دوانزە هەزار موەزەف و کرێکاری تێدا هەیە، هەمووی دوانزە هەزارە، ئەمرۆ کە دوو ساڵە عێراق ئازاد بووە، چوار سەدو بیست کەسی کوردە لە دوانزە هەزار کەس، ئەمە کەی عەدالەتە، بەڵام کە هەر بۆ قسەی جەنابت، خۆمان لە کوردستان دەبێت لە هەموو کەس زیاتر خاوەن ئیرادەی خۆمان بین، خەڵك ئیحترام لە ئیرادەت دەگرێت، ئەمەریکا ئسلوبێکی هەیە لە ئیش کردن، سەیری رەئی خەڵك دەکات، ئەگەر خەڵکەکە وەکو مەڕ بوو، ئەویش خۆی چی بەباش زانی ئەو دەکات، بەڵام دەنگت هەبوو، ئیحترامی دەنگەکەت دەگریت، تەعدیلی سیاسەتی خۆشی دەکات لەسەر ئەم ئەساسە، بەنیسبەت نوقتەیەك مابوو کە من لەبیرم چوو بوو باسی بکەم، بەنیسبەت هەڵبژاردنی عێراق لە بەغدا دوو بۆچوون هەیە، یەکێك دەڵێت هەڵبژاردن لەسەر ئاستی موحافەزە دەبێت، ئەوە بۆ چوونێك هەیە، لە ناو دەستوور کە هەر موحافەزەیەك وەکو ئەوەی بریمەر، بۆ چوونێکی تریش هەیە کە دەڵێت دائیری بێتن، ئینجا ئێستا ئێمە لە قیادەی سیاسی کوردستان لیژنەیەکی تایبەتمان بۆ ئەوە تەشکیل کردووە، هەردوو بۆچوونەکە دیراسەت بکرێ، کامەی بزانین کە کورد تیدا زەرەمەند نابێت، ئەوە بخەینە پێش، بەنیسبەت برا عەرەبەکان کە دەڵێن فەرمووت کە ئێمە هەر ئەڵێین، ئەوە ناهێڵین، ئەی چی ئیجابییە بە حەقیقەت هیچ ئیجابیان نییە، یەعنی بەسەرڕاحەت، بۆیە لە جێگای خۆیەتی، بێ ئێمەش دەستوور نانووسرێ، بەلای ئێمەوە، بەلای من دەستوورێك نەنووسرێ باشترە لەوەی دەستوورێك بنووسرێ حەقەکەت ژێر پێ بخرێ، لەبەر ئەوە ئێمە وریاین بەرامبەر چیمان بۆ دەنووسرێ، هەروا بە کەیفی خۆمان شت نانووسین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ببورن ئەمە بۆ موناقەشە نییە، هەروا تەوزیحە، دوایی ئێمە جەلسەیەکمان هەیە خاصە، دەتوانن ئەو کاتی قسە بکەن، خۆی من عەرزم کردن، لیژنە دوو نەوعە، لیژنەك لەناو پەرلەمان بیتن، دەبێت بخرێتە دەنگدان، لیژنەیەك کە بنردرێتە دەرەوە، ئەوە ریئاسەت دایدەنێت، تەقدیری دەکات کە چۆنە، چونکە پەلەیە ئەگەر بیخەینە دەنگدان

مومكینە بیست كەس بلێت من بچم ئەوی تر بلێت بۆ ئەو دەچی بۆ من نەچم, بەڕاستی ئەو سەلاحیەتە درایتە سەرۆكی پەرلەمان تەقدیرێك دەكات, لەوانەیە باشیش نەبێت سەد لەسەد, بەڵام بۆ كارەكان باشترە, دەنا ناتوانێت بۆ هەموو شتێك هەمووان رازی بكەیت, نوقتەی نیزامیت هەیە, دەنا قەتعت دەكەم, فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەبوایە چۆن ئەندامانی لیژنەی بەدواداچوونی دەستوور لێرە دەست نیشان كرا, دەبوایە ئەندامانی لیژنەی بەدواداچوون و ماددەی 58یش لێرە دیاری بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە تا ئێستا دامان نەناوە, كاك بەڵێن ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو, هێشتا ئەم لیژنەیە دانەنراوە, فەرموو.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من داوا دەكەم ئەو لیژنەیەی كە دەچێتە بەغدا ناوی منیش ئیزافە بكەن, یەك ئافرەتی تێدا هەیە, با ببێتە دوو ئافرەت.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕیار وا بوو كە سێ كەس قسە بكات, خەریكە وا زیاد دەكات, داوا دەكەین, كە ئەم بابەتە دابخرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمانە نوقتەی نیزامی بوون, نوقتەی نیزامیش دەبێت گوێ لێ رابگریت, هیچیان نوقتەی نیزامی نەبوون, بەڵام پرسیار بوون, هی تۆ نوقتەی نیزامی بوو, هەر سێ كەس قسەی كرد, ئەوانی تریش نوقتەی نیزامی بوون, خاڵی دووەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان, خوێندنەوەی بەرایی پڕۆژەی یاسایی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان خۆتان دەزانن كە سەرۆكی هەرێم هەڵبژێراوە, دەبێت دیوانێكی هەبێت, ئەو دیوانە دەبێت تەشكیلاتی هەبێت, دەبێت قانونێكی بۆ دەربچێت بۆیە پڕۆژەیەك تەقدیم كراوە, قرائەی ئەوەلی دەكەین, كاك شێروان و كاك عەونی فەرموون بە كوردی و بەعەرەبیەكەی بخوێننەوە, تەنها بۆ خوێندنەوەیە, موناقەشەكەی دەخرێتە جەلسەیەكی ترەوە, فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

پێشەكی داوای ئەندامانی بەڕێز دەخوێنمەوە سەبارەت بە پڕۆژەی یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان.

بۆ بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمان

**بابەت/ پڕۆژەی یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم**

هاوپێچ لەگەڵ داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی لەخوارەوە ئیمزایان كردووە, پڕۆژەی یاسایی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانی عێراقتان پێشكەش دەكەین, تكامان وایە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ گفتوگۆ كردن و بڕیار دان لەسەری.

لەگەڵ رێزماندا

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پڕۆژەكەیان ئیمزا كردووە:

1 - د. ناصح غفور رمضان

2 - جمیل محمد عوسمان

3 - سردار صباح بۆزۆ هەرکی

4 - خەمان زرار اسعد

5 - طلعت خضر سيف الدين

6 - خورشيد سليم شێرە

7 - فتاح نقشبندی

8 - سوارە محمد امين

9 - شێخەالله ابراهيم

10 -محمد صالح اسماعيل

11 -چنار سعد عبدالله

12 -نازناز محمد عبدالقادر

13 -حسين محمد رشيد

14 -باپیر کاملا

15 -اسعد شاکر

16 -رۆمیۆ هەکاری

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێستا دەقی پڕۆژەکە بە عەرەبی دەخوێنمەوە, پاشان برای بەڕێزم کاك عونی دەقی پڕۆژەکە بە کوردی دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەی با یەکەم جار بە کوردی بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**یاسای ژمارە( )ی ساڵی 2005**

**یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

پشت بە حوکمی برگە (1)ی ماددە (56)و ماددە(53) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو لەسەر خستنەرووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان, ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق, لە دانیشتنی رۆژی / /2005 بڕیاری دا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

مادەی یەکەم:

سەرۆکایەتی هەرێم دیوانێکی بەناوی(دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) هەیە و ئەم ئەرك و فەرمانانەی خوارەوە دەخاتە ئەستۆی:

یەکەم: سەپەرشتی کردنی گشتی فەرمانگەکانی دیوان.

دووەم: دابین کردن و رێکخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان عێراق.

سێیەم: دابین کردن و رێکخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتەکانی عێراقی فدراڵ.

چوارەم: دابین کردن و رێکخستنی گشت چالاکی و پەیوەندی کردنەکانی سەرۆکی هەرێم لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

ماددەی دووەم:

سەرۆكی هەرێم بە پایەی وەزیر سەرۆكێك بۆ دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم دادەمەزرێنێت.

ماددەی سێیەم:

سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە پەیڕەوێكی تایبەت بە پێكهاتەكانی دیوان دەربكات و هەر فەرمانگە و بەش و هۆبەیەك بە گونجاو بزانێت بێنێتە كایەوە و پۆچەڵ بكاتەوە.

ماددەی چوارەم:

سەرۆكی هەرێم بۆ هەیە بە پێی یاسا راوێژكارەكانی بە پلەی تایبەت دابمەزرێنێت و بەڕێوەبەرە گشتیەكان وسەرجەم فەرمانبەرانی دیوان دابمەزرێنێت و سزایان بدات وخانەنشینیان بكات.

ماددەی پێنجەم:

سەرۆكی دیوانی هەرێم بۆی هەیە لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ئامادە بێت.

ماددەی شەشەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەكرێت.

ماددەی حەفتەم:

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمی هەرێم (وقائیعی كوردستان) بلاّو دەكرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەكە بە عەرەبی دەخوێنمەوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**رئاسة اقليم كوردستان - العراق**

**قانون رقم ( ) لسنة 2005**

**قانون ديوان رئاسة اقليم كوردستان العراق**

استنادا لحكم الفقرة(1) من المادة(56) و المادة(53) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء البرلمان, قرر المجلس الوطني لكوردستان –العراق بجلسته المنعقدة في / /2005 تشريع القانون الاتي:

المادة الاولى:

لرئاسة الاقليم ديوان باسم ديوان رئاسة اقليم كوردستان يتولى المهام الاتية:

اولا: الاشراف العام على دوائر الديوان.

ثانياً: تأمين وتنظيم العلاقة بين رئاسة الاقليم ورئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق ورئاسة مجلس وزراء اقليم كوردستان- العراق.

ثالثا: تأمين وتنظيم كافة النشاطات والاتصالات لرئيس الاقليم داخل اقليم كورستان وخارجه.

المادة الثانية:

يعين رئيس الاقليم لديوان رئاسة الاقليم بمنصب وزير.

المادة الثالثة:

لرئيس الاقليم اصدار نظام خاص بتشكيلات الديوان واستحداث والغاء ما يراه مناسباً في دوائر واقسام وشعب.

المادة الرابعة:

لرئيس الاقليم تعيين مستشاريه ويكونون بدرجة خاصة و له تعيين المدراء العامين وبقية موظفي الديوان ومعاقبتهم واحالتهم على التقاعد وفق القانون.

المادة الخامسة:

لرئيس الديوان حضور اجتماعات مجلس وزراء اقليم كوردستان.

المادة السادسة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره.

المادة السابعة:

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية للاقليم (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم پڕۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەكەین, موناقەشەی بكەن, چی ناتەواوی هەیە یان كەم وكوڕی هەیە لای دەبەن, بۆ جەلسەی داهاتوو بەتەمای خوا ئیقراری دەكەین, تەبعەن هەندێك مولاحەزەی لەوانەوەی بچوك هەبێت, دوای من خۆم لە لیژنەكە دەڵێم, ئێستا مولاحەزەم كرد, هەیە لوغەویە, لەم خوێندنەوەیەش تەواو بووین, خاڵی سێیەم, كاك حمد عبدالله محمود, ناسراو بە بەڵێن ئەندامی پەرلەمان كە لێرە نەبوو لە كاتی دانانی لیژنەكان, داوا دەكات لە لیژنەی كشتوكاڵ و لیژنەی پەیوەندییەكان دابنرێ, ئەگەر كەس مانعی نییە, موافقن دەستتان بەرز كەنەوە, خاڵی چوارەم, لەبەر ئەوە ئەو خاڵە گرنگە, دەشمانەوێت موغلەق بێت و, هەموو ئارائەكان باس بكرێت, بەو پەڕی ئازادییەوە, هەرچی رەئیەك هەبێت چ لە كاری پەرلەمان, چی بكەین بۆ ئەوەی پەرلەمان كاریگەر تر بێت, فەعال تر بێت, لەبەر ئەوە داوا لە راگەیاندن دەكەین كە ماندوو بوون, سوپاسیان دەكەین, قاعەكەمان بۆ چۆڵ بكەن, بۆ ئەوەی بتوانن ئەم خاڵە موناقەشە بكەین و بەخێر بێن, دە دەقیقە پشوو بدەن, پاشان دەگەڕێینەوە سەر موناقەشەكە.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كۆبوونەوەكەمان دەست پێ دەكەینەوە, خاڵی چوارەممان/ گفتوگۆ كردنی گشتی لەسەر چۆنیەتی كارا كردنی ئیش و كاری پەرلەمان و چالاكی لیژنە و ئەندامان.

ئەوەیان نووسراوە, بەلأم هەر مەسەلەیەكی تریش هەبێتن, دەتوانین باسی بكەین, سەرەتا پێم وایە بڕیارێك بدەین, كە سبەینێ دانیشتنێك بكەین, چونكە رەنگە تا كۆتایی مانگ دانیشتنێكی ئەوهامان پێ نەكرێت, دە پانزدە كەسمان ئیجازەن, دەیانیشیان دوو سبەی سەفەر دەكەن, لەبەر ئەوە ژمارەی ئەندامەكان كەم دەبێتن, بۆیە ئەو بەرنامەیەی كە هەمانە و تێرو تەسەل تر بێتن, بەیانیش كۆبوونەوەی بكەین, من وام پێ باشە, چونكە ئێمە بێجگە لەوەش ئەو خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان تەواوی بكەین, بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی بەیانیەكەی مەجالیان هەبێت دوو سەعات لەسەری دابنیشن, ئەو تەعدیلە پێویستە بیكەین و ئێوە خەریك بن ئەگەر پێتان نەكرا سبەی نەخەینە بەرنامەی كارەوە, ئەگەر پێتان كرا باشە, ئەگەر پێتان نەكرا دەیخەینە دانیشتنێكی ترەوە, بەلأم ئەگەر بتوانن بیكەن باشترە, چونكە ئێمە مانگێك پشوومان لە پێشە, سەرۆكی هەرێمیش پێویستی بەوەیە دامو دەزگاكانی خۆی دابنێتن, مەسەلەكە پەلەیە, پێم وایە ئەگەر تەماشای تەجارووبی تر بكەن, ئاسانە, ئەوەی نوقسانە چاكی بكەن, یەك دوو رستە هەیە دەتوانن چاكی بكەن.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی قانونەكە تەفسیراتێكی وەهای تێدا نییە بە حەقیقەت, ئەگەر ئەندامانیش حازر بن, ئێمە ئەمرۆ سەعات شەش دادەنیشین بۆی, حەسبە ئوسول موناقەشەی پرۆژەكە دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەڵێین ئەگەر بۆ خۆتان سەعات شەش دادەنیشن, ئەگەر تەواوتان نەکرد سبەینێ, هەر تەواویش نەکرا خیلافتان لەسەر هەبوو, ئەوە دەتوانن تەئجیلی بکەن, بەڵام پێم وایە پەلەی لێ بکەین باشترە, بۆ ئەوەی ئەویش بتوانێت, چونکە ئێمە دوێنێ گلەییمان لێ کرد, گوتمان بۆ نەتکردووە, گوتی کوا قانونەکەتان نەکردووە, تەکلیفی هەردوو حکومەتی کرد, گوتی جێگایەك دابنێن, شوێنێك هەبێت بۆ ریئاسەتی سەرۆکایەتی هەرێم, تەبعەن بەپێی نیزامی داخیلی, بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێمان دراوە, لەبەر رۆشنایی ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانمانە, لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامەیەی کە وەعدمان داوەتە خەڵك جێ بەجێی بکەین و, چی دەتوانێت پەرلەمان بیکات, چۆن دەتوانێت ئەو پرۆژەیە, ئەو بەیانە سیاسیەی کە دەریهێنا, بەتایبەتی ئەوانەی کە (104) ئەندامن, ئەوانی تریش کە لە لیستی تر هاتوون, ئەوانیش بەرنامەی تریان هەیە, کە قواسیمی موشتەرەك هەمان شتە, چۆن دەتوانن خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵك بکەین, چاودێری حکومەت بکەین, قانونی تەوحید بکەین, لیژنەکان فەعال بکەین, بتوانین دەنگی گەلی کورد بە دنیا بگەیەنین, لە هەمان کاتیشدا لە ناوخۆماندا ژیانی دیموکراتی و رێز لێگرتن بە نیزام بەرێوەی ببەین, ئەمانە هەمووی خاڵن دەخەینە روو, جگە لەوەش بە تەئکید رێکخستنی ئیش و کاری ئەنجومەن, لیژنەکان, نووسینگەکان, ئەوانەش هەمووی نیزامیە, من بۆ ئاگاداری ئێوە, چونکە دەبێت لە هەموو شتێك بزانن, پەرلەمان دیارە چەند ساڵی رابردوو ئیدارەی هەولێر میزانیەی داوەتێ, مەعاشی داوەتێ, تەمویلی کردووە, بەڵام بەداخەوە من پرسیارم کردووە, ئەوانە هیچ میزانیەکی نییە, هەر ئەوەندەیە چی ویستووە داوای لە حکومەت کردووە, حکومەت داویەتێ, من پێم وایە نەقسێکی گەورەیە, دەبێت پەرلەمان میزانیەی هەبێت, میزانیەکەی ئیقرار کرا بێت, لەبەر ئەوە من داوام کردووە لە هەردوو ئیدارە, بەیانی کۆبوونەوەیەکمان هەیە سەعات (11) نیو سەعاتێك دەبێت ئیجازە دەخوازم, چونکە بەرێوەبەری گشتی دارایی لە سلێمانیەوە دێتن, بەرێوەبەری گشتی دارایی هەولێر دێتن و, لێرەش داوام لێ کردوون, کە میزانیەێك دابنێن, ئیشی نیو سەعاتێکە زۆر نییە, من سەرە مەوزوعەکانیان دەدەمێ و بەجێیان دەهێڵم, لە پاشان بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانمان باش بڕوات, داوا لە هەردوو حکومەت دەکەین, کە هێشتا تەوحید نەبووە, کە بەشداری بکەن لە دابین کردنی ئەو میزانیەیە, موافەقەت کردن لەسەری و هەریەکە بەشی خۆی دابنێتن بۆ میزانیەی پەرلەمان, یەعنی ئینشائەڵڵا لە مانگی داهاتوو میزانیەکی باشمان دەبێت, یەعنی لەسەری مانگەوە میزانیەکی باشمان دەبێت, کە لە لایەن حکومەتی هەولێر و حکومەتی سلێمانی تەمویل دەکرێتن, هەر یەکە بەشی خۆی رەنگە پەنجا پەنجا بێتن, نازانم چۆن ئیتیفاق دەکەن لەگەڵیان قسە دەکەم, لەو ماوەیەدا میزانیەکی تریش دادەنێین بۆ ساڵی 2006, ئەمە بۆ پێنج مانگە, لەو پێنج مانگەدا شتە ئەساسیەکانمان چییە, نوقسانی ناو پەرلەمان زۆرە, ناحیەی ئەجیهزە, ناحیە تەتفیئە, ناحیەی میکرۆفۆنەکان و, سەیارەی گەورەمان نییە, مێوانداری مەسەلەن هەبێتن, پێویستیمان بە کڕینی چەند سەیارەیەك هەیە, ژووری ئەندامان تەجهیزات و نوقسانی هەیە لە هەموو روویکەوە, ئەوانە هەمووی پێویستن, بەڵام لە حەقیقەتدا من خۆم رێگام نەدا خۆم, چونکە یەك میزانیەمان نەبوو, دووش تەمویلەکە لە ئیدارەی هەولێر دەکرا, بڕیارەکە بۆ من ئاسان نەبوو, بۆ ئەوەی داوا بکەم و, ئێستاکە بە هاوبەشی میزانیەکمان هەبێتن تەبیعییە, هەر شتێك داوا بکەین تەبیعییە, تەحەمولی میزانیەکە هەردوو ئیدارە دەیکەن, ئیدارەی هەولێر حەقەیەتی غەیر و مەعاش و ئەوانە شتێك داوا بکەین, بلێ ئەی کاکە بۆ ئیدارەی سلێمانی نایکات, کە میزانیەمان هەبوو هەردوو لا دایان, ئەو وەختی بێ منەت بەگوێرەی شتەکانی زەروریەت داواکارییەکان جێ بەجێ دەکەین, دەزانم بە تەئکید هەمووتان پرسیارێکتان لە لا هەیە, مووچەمان بۆ کەمە؟ تەبعەن پێش ئەوەی باسی مووچە بکەین, کە حقووقێکە, حەقێکی موکتەسەبە بۆ ئەندامی پەرلەمان, دەبێت باسی واجیبات بکەین, واجیبی ئێمە چییە لە مەسەلەی مووچە دان؟ واجیبی ئێمە دوو خاڵی هەیە بەپێی نیزامی داخیلی, تەبیعی دەبێت ئیلتیزامی پێوە بکەین, یەکێکیان ئەوەیە نابێت هیچ ئەندامێکی پەرلەمان وەزیفەی حکومی هەبێت, ئایا ئەوە ئیلتیزامی پێ کراوە, یان نا؟ دەبێت ئیلتیزامی پێ بکرێت, دوو/ ئەوەیە نابێت دوو مووچەی هەبێت, کە بۆی هەیە ئیختیار بکاتن لەنێوان مووچەی ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ مووچەی هەیئەکەی, کامەیان زۆرە, دەتوانێت هەڵیبژێریت, یاخود دەتوانێت کەمەکەی هەڵبژێرێت, ئەگەر خۆی رەغبەتی بوو, بەڵام بە هەر حاڵ قەراراتی حکومەت هەیە, لە قەراراتی حکومەتدا هەیە, بەلای کەمی لە سلێمانی کە پەرلەمان نەبوو, سەرۆکایەتی

هەرێمەمان هەبوو, قەرارێك هەیە لەوێ دوو مووچە نابێت, ئەوەی نیوەی دەبێت ئیلزام بكەین بەو قەرارە, لێرەش قەرارێك هەیە دوو مووچە لە یەك حكومەت وەرناگیرێت, ئەو میزانیەیەش هەمان میزانیەیە, زۆر و كەمەكەش دەبێت چارەی بكەین, بەهەر حاڵ پێشنیار زۆرە, پێشنیارێك تەقدیم كراوە, كە (80) ئەندام ئیمزایان كردووە, واتا هەمووتان داوا دەكەن مووچە زیاد بكرێت, من واجیباتم باس كرد, حقووقیش حەقی خۆیەتی, موئەیدی ئەوەم ئەندامی پەرلەمان مووچەی نابێت لە وەزیر كەمتر بێت, بەڵام كێشەیەكمان هەیە, سێ جۆر مووچەی وەزیرمان هەیە, لە بەغدا نەوعێكە, لە سلێمانیش نەوعێكە, لێرەش نەوعێكە, كامەیان وەربگرین, ئێمە ئەگەر هی ئێرە وەربگرین كەمترە لە سلێمانی, هی سلێمانی وەربگرین زیاترە لە هی ئێرە, هی بەغدا نەوعێكی ترە, ئەندامی پەرلەمانی بەغدا زۆر زۆرە, یەعنی زۆر زۆرە, ئەگەر تەماشای رۆژنامەكانی بەغدا بكەین گلەییان لێ دەكرێت, من پێم وانییە كەسێكی ئێمە حەز بكاتن ببینە جێگای تەعلیقی خەڵك لە رۆژنامەكان بنووسرێت, بڵێین ئەندامانی پەرلەمان ئەوەندە وەردەگرێت و, بۆ پارەكەیان بوو, جگە لەوەشدا لەناو خەڵكدا جێگای حەسادەت و, لەجیاتی ئەوەی رێز لە ئەندامی پەرلەمان بگیرێت, بە نەوعێكی تر تەماشای دەكرێت, كە ئەوە بۆ مووچەكەیەتی و منەتیشی نییە چ قسەیەك بكەی بە مانای ئەوە نا, ئەو مووچەیەی كە ئێستا هەیە بەش دەكاتن, من دەڵێم لە وەزیر كەمتر نەبێت, بەڵام پێشەكی دەبێت ئەوە چارەسەر بكەین, كام مووچەی وەزیر, مووچەی وەزیری ئێرە, یان مووچەی وەزیری تر, من خۆم تەقاعودیەكەم دوو قاتی مەعاشی ئێستامە, تەقاعودیەكەم راگرت, مەخسەدم ئەوە نییە, بڵێم وەڵلا موزایدە بكەم و ئەوانە, ئیتیلزام بە قانونەكەیە, ئەوە یەك.

دووش/ لەبەر ئەوەم نییە, كە دەبێت لە وەزیر كەمتر نەبێت, چونكە پایەی تەشریعی بەرزترە, دەبێت زیاتریش بێت با سەد دینار بێت, دەبێت مەعاشی ئەندامی پەرلەمان سەد دینار, دوو سەد دینار, هەر چەند بێتن, گرنگ ئەوەیە زیاتر بێت لە وەزیر, بۆ ئەوەی هەم ناحیەی قانونیەكە و, ئەندامی پەرلەمان نابێت موحتاج بێت, مانای ئەوەی موحتاجی دەسەلاتی تەنفیزی نەبێت, بەهیچ شێوەیەك مەجبوری دەسەلاتی تەنفیزی نەبێت, بچێتە لای, یەعنی ئەوە مەزاهیرێكە جوان نییە, ئەندامی پەرلەمان بچێت داوای پارچە زەوی بكاتن لە وەزیرێك, یان لە سەرۆكی حكومەت, داوایەك هەیە رەوا بێت, ئێمە بۆی دەكەین بەشێوەیەكی قانونی, بەڵام جوان نییە ئەندامی پەرلەمان بچێتە هەر وەزارەتێك بۆ داوای شەخسی خۆی, وەكو هاوولاتیەك موعامەلەیەك دەكات, داوای موعامەلەكەی خۆی دەكات, بەڵام داواكاری خۆی بەو شێوەیەی كە نالێم رەخنەی لێ دەگرم, ئەوە جەلسەیەكی داخراوە, بەو شێوەیەی كە جار جار روویداوە, بۆ پەرلەمانەكەمان جوان نییە, نابێت كەستان قەبولی بكەن, لەو رۆژانە لەگەڵ كاك نێچیر دانیشتنێكمان دەبێت, بۆ ئەوە هەم تەفسیلاتی مووچەی وەزیران بزانین, هەم چۆنیەتی هاوكاری كردنی یەكتر و هەماهەنگی كردنی نێوان پەرلەمان و حكومەت, بزانین ئەوان بەرنامەیان چییە؟ دەبێت تەوحیدی مووچە بكەن لەنێوان هەولێر و سلێمانی, كە تەوحیدیان كرد, ئێمە ئەو وەختە دەتوانین قەرارێك بدەین, كە ئەندامی پەرلەمان چەند دەبێت, بەڵام ئەگەر ئێستا قەرار بدەم وەكو هەولێر بێتن مەغدور دەبن, بڵێم وەكو سلێمانی بێتن, لێرە لە هەولێردا زەجەیەك دروست دەبێتن, دەڵێن كاكە ئێوە ئەندامی پەرلەمان دوو قاتی وەزیر وەردەگرن, وەكو بەغدا بێتن خەڵكەكە لێمان قەبول ناكات, بەغدا موبەریرێكیان هەیە, دەڵێت كاكە حەرەسیان هەیە, خەتورەتیان لەسەرەو.... هتد, وەزیریش هەروا, بەڵام ئێمە وەكو ئەوەین نا وەڵلا كەمترین لەوان, بەڵام مستەوای مەعیشی لە هەولێر و لە سلێمانی چەند بەشمان دەكاتن, ئەگەر ئەو مووچەیەی كە دادەنێن مستەوای مەعیشەتمان باشە لە موتەوەسیت زیاترە, پێویست ناكات بیر بكەینەوە, بیبەینە سەرەوە هەر لەبەر ئەوەی بۆ ئەوەی بڵێین وەڵلا فەرقمان نییە, با فەرقمان هەبێتن لەسەر شتی تر, با لە مووچە نموونەیەك بێت بڵێن كاكە ئێمە دیراسەتمان كردووە, یەك/ ئەوەندە باشە بۆ مستەوای مەعیشەتی ئەندامی پەرلەمان.

دوو/ وەكو وەزیرە, یاخود سەرووی وەزیریشە.

سێ/ ئێمە ئیشمان دەوێ واتا ئێمە بۆ ئەو هەدەفە نەهاتووین مووچەمان چەندە؟ كەسێك لە ئێوە نەیپرسیووە, كە دەبێتە ئەندامی پەرلەمان مووچەكەی چەندە, هەروەها تۆ دەبێتە نوێنەری میللەت, نوێنەری گەل, لێرە ویستی خەڵك بە پەرلەمان دەگەیەنێت و بریاری لەسەر دەدات, شەرەفێكە خۆی و خێزانەكەشی, خەڵكیش شانازی پێوە دەكات, لە

پاڵەوەش تەبیعییە ژیانی خۆی بە پەرۆش بباتە سەر, ژیانی چۆنە؟ ناکرێت ئەندامی پەرلەمان بێت, پێویستیمان بە مێشکێتی, مێشکی لەلای ئەوە بێت, وەڵڵا کرێی خانووی نییە, منداڵەکانی موحتاجن, بە تەئکید ئەوانە پرسیارن, جا لەبەر ئەوە مەوزوعی مووچە وەکو مەبدەئ موافیقین و کارێکی باشە, بەڵام راوەستن بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە لەگەڵ حکومەت مووچەی وەزیر چەندە, ئەو بڕیارە هی خۆمانە, یەعنی لەبەر ئەوە پێویست ناکات بڵێین حکومەت موافەقەتمان بۆ بکات, ئێمە لێرە کە میزانیەکەمان بوو خۆمان ئیقراری دەکەین, بەڵام دەبێت لەسەر ئەساسی مەبدەئێك بێت, قانونێك بێت, رێنماییەك بێت, ئێمەش لەگەڵ ئەوەین, ئەگەر حکومەت تەوحید بێت, ئەوە هیچ موشکیلەمان نامێنێت, ئەگەر حکومەتیش تەوحید نەبوو لەو پەیوەندییانەی کە دەیکەین, بزانین چی باشترە بۆ ئێمە وا دەکەین, ئەو دوو مەوزوعە دەزانم هەمووتان پرسیاری لێ دەکەن, تەئجیلی دەکەین بەم شێوەیە.

خاڵی سێیەم/ پێش ئەوەی بێینە سەر ئەوەی داوا لە ئێوە بکەم قسە بکەن, مادام سبەینێ دانیشتنمان هەیە, ئەوەش یەکلا بکەینەوە, تاوەکو بچینە سەر باسەکانی خۆمان, بەدواداچوونی ماددەی پەنجاو هەشتە, کە هەندێك پێیان وا بوو دامانناوە, نەخێر دامان نەناوە, ئێمە داوامان کرد کە لە ئێوە ناوەکان تەقدیم بکەین, حەز دەکەم هەر کێ خۆی تەرشیح دەکاتن فورسەت هەیە هەتا سبەینێش, ناوەکان تەقدیم بکاتن بەڕێگای فراکسیۆنی خۆیەوە بیداتە کاك فەرسەت, کێ خۆی تەرشیح دەکاتن, بەڵام هەندێك شت بزانن, ئێستا ئەو لیژنەی دامانناوە کاتییە, ئەوە چۆتە بەغدا تا کۆتایی مانگ, بەڵام ئەو لیژنەیەی دایدەنێین دائیمی دەبێت, رەنگە سبەینێ پێویست بکات بچێتە کەرکووك, یان پێویست بکات بچێتە بەغدا, لەبەر ئەوە یەعنی مەوزوعەکە هەر ئەوەندە نییە, لیژنەیەکە و تەواو و موقەدەسە و مەسەلەی کەرکووکە و ماددەی پەنجاو هەشتە, هەر کەسێك حەزی لێ بێتن ناوی تێدا بێت, دەبێت بزانێت ئەرکەکانیشی چییە؟ کە داوامان لێ کرد سبەینێ بچینە کەرکووك, کەس نەڵێ من ئیشم هەیە, یان بڵێت من ناتوانم, دەبێت ئەوە بزانێت, چونکە ئەرکە لەسەری, بەڵێ ئەرکێکی پیرۆزەو, ماندوو بوونێکی زۆری تێدایە, لەبەر ئەوە من حەز دەکەم ئەوەی ناوی نەنووسیووە, با ناوی خۆی بنووسێت و تەقدیمی بکات بۆ کاك فەرسەت سکرتێری پەرلەمان, سبەینێ لەنێوان خۆمان تەرحی دەکەین, چونکە لیژنەیەکی دائیمییە دەنگی لەسەر دەدرێت.

ئێستا دەرگای موناقەشە دەکەمەوە, ناوو نووسین کێ دەیەوێ قسە بکاتن, پێم وایە هەمووتان دەتانەوێ قسە بکەن, ئەوەی ناوی لەبیر چووە بیڵێتەوە, ناوەکان ( کاك عەبدولکەریم, کاك محەمەد حەکیم, کاك شەوقی حسێن, کاك نوری تاڵەبانی, کاك حەسەن بابەکر, کاك رۆمیۆ, کاك باپیر کاملا, کاك محەمەد حاجی محمود, گێلاس خان, پەخشان خان, کاك محەمەد ئەحمەد, کاك شێخەڵڵا, کاك جەعفەر, کاك فەتاح نەقشبەندی, کاك زانا, کاك خەلیل, کاك حمە رەشید, کاك عوسمان, شمسە خان, گوڵناز خان, صبریە خان, ڤیان خان, شیرین خان, د. فوئاد, کاك دلێر, کاك بارزان, کاك عادل, کاك ئیحسان, کاك رەفعەت, کاك زرار, سۆزان خان, کاك حاتەم, کاك دلێر محەمەد شەریف, د. شوکریە, چنار خان, نازناز خان, کاك سەردار هەرکی, کاك هیوا, شوکریە خان, کاك تەڵعەت, کاك ئاخیر جەمال, کاك ئەنوەر, کاك تەڵعەت خەفاف, کاك عەونی بەزاز, کاك تاریق, کاك خورشید, کاك ناصح, خاتوو ڤیان, چرۆ خان, کەریم بەحری, کاك محەمەد فەرەج), باشە کاك عەبدولکەریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی (مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی کاروباری یاسایی ئەرکو فرمانێکی زۆری لە ئەستۆ دایە, بەتایبەتی ئێستا لەو کاتەدا پرۆژەکان کە دێن دەبێت بیانکاتە کوردی, ئینجا پێشکەشی ئەندامانی بکات, من پێشنیار دەکەم ئەو پرۆژانەی, کە دێن بەلای کەمی دە رۆژ پێش ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و خوێندنەوەی یەکەمی لەسەر بکرێت, بدرێتە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو ئیشەکان بە تەواوی و بە رێکوپێکی لەسەر بکات, تاوەکو تەوزیعی سەر ئەندامان بکرێتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێشنیارێك وا هەبوو با تەقدیم بکات, بەس ئەوەش پرۆژە دەزانێت, مەسەلەن هەندێك پرۆژە هەیە, رەنگە دە رۆژی بۆی کەم بێتن, یان هەندێك پرۆژەش هەیە بە پەلەیە, نەوعی پرۆژەکە ماددەکانی چ کاتێکی دەوێت تەحدیدی

دەكات, هەموو پرۆژەیەك دە رۆژی بوویێتن, رەنگە زۆر بێت, بە هەر حاڵ ئەگەر پێشنیارەكە لە لیژنەی یاسایی خۆتان پەسندتان كرد, تەقدیمی بكەن و شتێكی یاساییە, ئێمەش موافەقەی لەسەر دەكەین, بەڵام شتی بە پەلەش هەیە, وەكو ئەوەی ئەمرۆ, مەسەلەن ئەگەر ئێستا دە رۆژ راەستین كۆبوونەوەمان پێ ناكرێت, مانگێكیش پشووە, ئەوە دەچێتە مانگی نۆ, یەعنی دەكرێتن تەشكیلاتی سەرۆكی هەرێم راوەستێت, ئەوە ناكرێت, لەبەر ئەوە یەعنی ئیستیسنائات هەیە, ئەگینا دەزانم ئەوە هەیە, فەرموو كاك محەمەد حەكیم.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بە پەلە دە پانزە خاڵێكم نووسیووە, هەوڵ دەدەم ئەوا بە گوشراویش عەرزی جەنابتان بكەم:

1 - پەخشی راستەوخۆی كۆبوونەوەكان, پێم وایە تاكو ئەو ئامێرەی ئێوە دیاری دەكەن, لەگەڵ یەكێك لەو كەناڵانەدا, بەتایبەتی كەناڵی زاگرۆس كە راستەوخۆ رادەگەیەنێت, وەكو بڵێین گرێبەستێك لەنێوان پەرلەمان و ئەو كەناڵەدا هەبێت, كە بەردەوام بێت ئەگەر موقابیل شتێكی ماددی بێت, ئەو پەخشە بەردەوام بێت و رانەوەستێت, تاكو ئەو ئامێرەی لە بەرنامەی سەرۆكایەتی پەرلەماندا هەیە, دابین دەكرێت.

2 - تەشكیل كردنەوەی دامو دەزگا ئیداری و خزمەتگوزارییەكان و ئەمنییەكانی نێو پەرلەمان, ئێمە كە هەیئەی سەرۆكایەتی پەرلەمان گۆڕاوەو پەرلەمانیش گۆڕاوە, پێشنیارم وایە كەوا گۆڕانكاری لە دامو دەزگاكانیشدا بكرێت, بۆ كارا كردنی پەرلەمان, لەو بوارەشدا بكرێت, بەلای كەمیش ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان, بەتایبەتی نوێیەكان بەرپرسی ئەو دامو دەزگایانە بناسین و دیار بن لە لامان.

3 - دیاری كردنی كەناڵی پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و پەرلەمان, بۆ گەیاندنی گیر و گرفت و پێشنیار و راو و بۆچوونیان, چونكە ئێمە نوێنەری ئەوانین, بۆ ئەمەش دەكرێت ئەو لقانەی كە نووسینگەكانی پەرلەمان لە سلێمانی و هەڵەبجەو دهۆك تەفعیل بكرێت و, لە هەمان كاتیشدا لە شارو شارۆچكەكانی ئێمە بەلای كەم سندووقی پەرلەمان هەبێت, هەر كەسێك پێشنیار, یان رەخنە, یان گیروگرفتێكی هەبێت بگەیەنێتە پەرلەمان, لێرەش دیراسە بكرێت و چارەسەری بۆ دیاری بكرێت.

4 - من پێشنیارم وایە كەوا هەندێ بڕیاری ناوخۆی پەرلەمان, ناردنی وەفدێكە, یان دیاری كردنی لیژنەیەكە, ئەگەر نەكرا پەرلەمانیشی بۆ كۆبكرێتەوە, با سەرۆكایەتی مەشوەرەت و راوێژ لای سەرۆك فراكسیۆن و گروپەكان بكات.

5 - زیاد كردنی هەندێ خەدەماتی زیاتر لەنێوخۆی پەرلەمان بۆ ئەندامانی پەرلەمان, پێم وایە ئەوە خاڵێكە ماڤ خۆمانە, بەتایبەتی ئێمە ئەوانەی كە لە دەرەوەی شارەوە دێین, ئەو حانوتەی كە دیاری كراوە بە حەقیقەت, یەعنی نیو سەعات دادەنیشی ئەگەر شتێك بەركەوێت, یان فریایی كۆبوونەوەكان ناكەوین, پێم وایە مەتعەمێك, یان عەقد لەگەڵ كۆمپانیایەك بكرێت, هەر بە پارەی خۆشمان بێت, بتوانین ئەوانەی كە لە دوورەوە دێن, كە ناتوانین لەبەر وەزعی ئەمنیەت, بەتایبەتی كە ئێمە لە سلێمانیەوە بۆ كەركووك دێین, ناتوانین لا بدەین, بتوانین ئەو شتانە لێرە دابین بكەیت, هەروەها دابین كردنی جێگای حەوانەوە, بۆ ئەو برایانەی كە لە دهۆك و سلێمانیەوە دێن, جا بە هەر شێوەیەك بێت, بە هەر ئالیەتێك بێت.

6 - باس لە گیروگرفتی هاووڵاتیان لە كات و ساتی خۆیدا بكرێت, یەعنی ئێمە پەرلەمان رەنگدانەوەی هاووڵاتیانی كوردستانین, كێشە و گرفتیان زۆرە, بۆ نموونە لەم مانگەی پێشوودا لە هەموو كوردستاندا ئەزمەی كارەبایە, ئەزمەی ئاوە, ئەزمەی سووتەمەنییە, ئێمە بێ دەنگین لێی هیچ قسەمان نەكردووە, هیچ باسمان لێ نەكردووەو, هیچ چارەسەرمان بۆ دانەناوە.

7- ئێمە هەموو كۆبوونەوەیەك, پاش دوو كاتژمێر لە كوبوونەوە پشوویەكی نیو كاتژمێری هەبێت, با كۆبوونەوەكانمان لە دوو كاتژمێر زیاتر نەخایەنێت, ئەگەر خایەندیشی با نیو كاتژمێرێك پشووی تێدا هەبێت.

8- داكۆكی لە مافی مەزلۆمان بە هاووڵاتیان لە ئاستی كار, لە ئاستی رێكخراو بكرێت, ئەگەر هاووڵاتیان زانیان ئەو پەرلەمانە لەسەریان دێتە دەنگ, پێم وایە ئەوە مانای كارا كردنی پەرلەمان دەگەیەنێت.

9- كە ئاراستەی ئێوەی بەرێزی دەكەم بە سینگ فراوانیەوە لێم وەربگرن, تا دەكرێت بۆتان دەكرێت دەستەی سەرۆكایەتی مامەڵە و رەفتاری دادپەروەرانە بنوێنێت بەرامبەر بە ئەندام و فراكسیۆن و گروپەكان.

10- هەڵوێستمان هەبێت بەرامبەر بە گەندەلی ئیداری و مالی, كە لەم هەرێمەدا هەیە, لە دامودەزگاكاندا هەیە, ئەویش بە پەلە كردن لە دامەزراندنی هەیئەی نەزاهەت, كە سەر بە پەرلەمان بێت.

11- بێ دەنگ نەبوونی ئێمەیە, ئێمەی پەرلەمانتار بەرامبەر هەر رەفتار و دیاردەیەكی نامۆ بە تەقالید و ئادابی میللەتی كورد, هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەری.

12- دیاری كردنی سكرتێر و رێژەیەكی باشتر لە پاسەوان, بەتایبەتی بۆ ئەو ئەندامانەی سەر بە هەردوو حزب نین, لەوانەیە رێژەی پاسەوانیان كەمتر بێت, پێم وایە ئەو پاسەوانانە بە عەقدیش نەبن, بەڵكو دابمەزرێن.

13- من پێم وایە پەرلەمان كاتێك دەتوانێت زیاتر كارا بێت و رەنگ بداتەوە, كە حكومەت چاوی لە ئێمە بێت, نەك ئێمە چاومان لە دەستی حكومەت بێت.

ئەگەر ئیجازەش هەبێت, من روون كرنەوەیەكم هەیە, دیارە لەناو هۆلی پەرلەمان رۆژنامەی خەبات, چەندێ لە برایانی ئەندامانی پەرلەمان بینیان, كە وێنەیەكی منی تێدا بلاو كردۆتەوە, لەگەڵ چەند چەكدارێكی ئەنصاردا, ئەوە دیارە چەند رۆژێكی پێش ئێستاش, ئەگەر مۆلەت هەبێت هەر بۆ روون كردنەوە, بۆ ئەو برایانە, رۆژنامەی ئاسۆش هەر بلاوی كردۆتەوە, گەرچی تەلەفۆنیان كرد و ئیعتیزاریان هێناوەو, منیش روون كردنەوەیەكم بۆ ناردن, ئەو وێنەیە بەو شێوەیە, ئەو برایانەی كە وێنەیەكەیان بینیووە, پاش ئەوەی كە (كۆڵن پاول) لە مەجلیسی ئەمن راپۆرتێكی خوێندەوە, پێش لێدانی عێراق, باسی لە بوونی زەرقاوی كرد لە بیارە, هەروەها باسی لە دوو كارگەی چەكی كیمیاوی كرد لە ناو خورماڵ و لە سەرگەت, ئێمەش بەپێی ئەوەی ئەو كات وەكو كۆمەڵەی ئیسلامی بەر پرسیار بووین لە مەنتیقەكە و لە دانیشتوانی مەنتیقەكە, پێمان باش بوو بە هەماهەنگی لەگەڵ دامو دەزگای ئەمنی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان لە سلێمانیەوە لەسەر داوای پەیامنێری كەناڵە ئاسمانیە بیانیەكان و ناوخۆییەكان و ولاتانی دراوسێ, تەقریبەن سی چل پەیامنێر و رۆژنامەنووسی بیانی بە میوانداریەتی ئێمە, من خۆم لە سلێمانییەوە لەگەڵیان چووم هەتاكو خورماڵ, ناوچەی خورماڵیان بینی و ماڵەكانی خورماڵیان بینی, لەگەڵ هاووڵاتیان چاوپێكەوتنیان كرد, بۆیان دەركەوت كە هیچ جۆرە كارگەیەكی لە جۆرە كارگانە لە خۆرماڵ نییە, پاشان لە ئەحمداوە لە خزمەتیان بووین, پەیامنێرەكان تەكلیفێكی زۆریان كرد, كە ئێمە بیان بەینە سەرگەت و, لە سەرگەتیش ئەو شوێنە و, ئەو مەوقیعەی كە كۆڵن پاول ئیشارەتی پێ كرد, راستە چەكی كیمیاوی لێیە, ئێمەش گوتمان ئەو موقعە لە ژێر دەسەلاتی ئەنصارەو, ئێمە زەمانەتی ئەوە ناكەین, ناتوانین, ئیلحاحێكی زۆریان كرد و تەكلیفیان لە مامۆستا عەلی باپیر كرد, بۆیە ئێمەش خەبەرێكمان دا بە ئەنصار, ئەوانیش رازی بوون و, ئەوانیش دیار بوو زۆر زۆر پێیان خۆش بوو, حەزیان دەكرد كە بچن بۆ ئەوەی بكرایە, مەسەلەن ئەوانیش لەو كاتە دەیانزانی لێدانی عێراق لە پێشەو, پێشتر لەوان دەدرێت, ئەوانیش وەزعەكەیان پێ خۆش بوو, ئێمە بۆ زەمانەتی ئەوان بە هێزێكی كۆمەڵی ئیسلامییەوە, دوو سێ ئەندامی سەركردایەتی چووین لەوێ مەوقیعەكەیان بینی, ئەو وێنەیە سەرگەتە, ئەو بینایە ئەوەی كۆڵن پاول ئیشارەتی پێ كرد, ئەوە بەرمیلێكی نەوتە,

پەیامنێری کەناڵی بی بی سی، گوتی ئەوەم بۆ بکەنەوە دەمی بەرمیلەکە، بزانم نەوتە، یان کیمیاوییە، حەز دەکەم دڵنیا بم، ئەوانیش نەیان دەکردەوە، منیش گوتم کاکە ئەگەر نەوتە بیکەنەوە، ئەگەر نەوتیش نییە، بۆ لەوێتان داناوە لەبەر چاوی خەڵك، دیارە هەر خەریك بوون وەکو لە وێنەکەدا دیارە، خەریکن دەمی ئەو بەرمیلە نەوتە دەکەنەوە، شەوێش کەناڵی بی بی سی ئەو وێنەیەی پیشاندا، من لێرە پێم سەیرە، ئەو رۆژنامانەی خۆمان هەزارەها وێنەی چەکداری ئەنصار هەیە بێ ریش، بە ریشەوە، بە مناڵی، بە گەورەیی، بە بچووکی، یەعنی ئەوە لە لایەن برادەرانی یەکێتی بەتایبەت، زۆر هەیە لە لایەن برادەرانی پارتی هەیە، ئەوانە زۆربەیان هەولێرین ئەنصار لێرە بوون، یەعنی بۆ وێنەیەکی چەکداری ئەنصار لە سایتێکی ئەوروپییەوە وەربگرین، یەعنی دەبێت دیقەتمان هەبێت خۆش نییە، من ئەندامێکی پەرلەمانم روون کردنەوەم بۆ رۆژنامەی ئاسۆ ناردووە، بۆیە داوا لە ئێوەش دەکەم، ئەگەر لە رێگای جەنابتانەوە روون کردنەوەیەك دەنووسن بۆ رۆژنامەی خەبات، بۆ ئەوەی ئەو روون کردنەوەیە بلاّو بکرێتەوە، ئەویش حەقیقەتی مەسەلەکەیە، پێم وایە شتێکی بچووکیش نییە، من ئەندامی سەرکردایەتی حزبێکم، ئەندامی پەرلەمانێکم، لە رۆژنامەیەکدا وێنەی من لەگەڵ ئەنصار، یان قیادەیەکی ئەنصاردا بلاّو بکرێتەوە، بێ ئەوەی هۆی بوونی ئێمە لەوێ پیشان بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خۆی بلاّو کردنەوەی وێنە دەلیلی ئیدانە کردن نییە، دەلیلی تامیش نییە، ئەگەر خوا نەخواستە یەکێك تاوانبار بێت و، ئەدیللەی لەسەر هەبێت، ئەو وەختی وێنەیەکی وا مانایەکی وا دەدات، بەلاّم بە رەئی من ئەو وێنەیە حوجەت نییە، مومکینە خەڵکێك هەبێتن لێرە وێنەی گرتبێت لەگەڵ مەلا کرێکار، مەلا کرێکاریش رەقم یەکە لە ئەنصار، بەلاّم مانای ئەوە نییە، ئەو وێنەیە دەلیلی هەیە ئەویش ئەنصارە، دەتوانی جەنابیشت روون کردنەوەیەك بلاّو بکەیتەوە، ئەو شتانەی بڵێی و داوا بکەی لەو رۆژنامەیەی، کە بلاّوی کردۆتەوە، روون کردنەوەی تۆ بلاّو بکاتەوە، پێشنیارەکەت گەیشت، من تەعلیق نادەم لەسەر قسەکانتان، بەلاّم هەر ئەوەندە داوا دەکەم کورت بێت، چونکە زۆرین، ئەوانەی داوای قسە دەکەن زۆرن، مەسەلەن ئێستا کۆمەڵێك پێشنیار کراوە، ئەگەر ئەو پێشنیارەی کە کراوە، هەر ئەوەندەیە دووبارەی نەکەنەوە، بڵێن کاکە پێشنیارەکەمان کراوە، یان پشتگیری دەکەم لەو پێشنیارە، بۆ ئەوەی هەم ئیلتیزام بکەین بە نیزامی داخیلی، هەمیش وەخت کەسب بکەین، فەرموو کاك حەسەن.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك پێشنیارم هەبوو، بەلاّم دیار بوو کاك محەمەد زۆربەی باس کردن، یەکێك لە پێشنیارەکانم ئەوەیە، کە دەست پێ کردنی دانیشتنەکان و دوانەکەوتنی بەڕێزتان و تێکڕای ئەندامە پەرلەمانتارەکان لەکاتی خۆیدا، جاری وا هەبووە نیو سەعات، یان چل دەقیقە لەکاتی خۆمان دواکەوتووین، بەڕاستیش وەخت بۆ خۆتان دەزانن نرخی خۆی بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، دووەمیان/ رەت نەدانەوەی بەڕێزتان بۆ قسەی پەرلەمانتاران، یەعنی جاری وا هەبووە، لە دانیشتنی وا، هەر ئەندام پەرلەمانێك شتێکی تەرح کرد بێت، یان پێشنیارێکی کرد بێت، یان رەخنەیەکی گرت بێت، یەکسەر جەنابتان، وەکو هەیئەی سەرۆکایەتی وەلاّمتان داوەتەوەو، رەنگە بەخۆشی داشکابێتەوە، یەعنی نەفسییەن ناخۆش بووە، وا پێشنیار دەکەین، کە شتەکان، یان پێشنیارەکان بنووسرێن دوایێ بخرێنە دەنگدانەوە، تا ئێستا وابزانم نۆ دانیشتنمان کردووە لام وابێت، ئەو خاڵە نیزامیەش هەر بەشێوەیەکی عام، بۆ برایان و، بۆ خوشکان بەڕاستی روون بکەنەوە، زۆر جار هەیە یەکێك دەڵێ خاڵی نیزامم هەیە، جەنابتان دەفەرموون نەخێر خاڵی نیزام نییە، یەعنی لام وابێت نیوەیان رەنگە لە خاڵی نیزام نەگەیشت بن.

چوارەمیان/ مەسەلەی ئەمنی لە دەرگای هاتووچۆ زیاتر گرنگی پێ بدرێت، ئەو دەرگای دەرەوەی پەرلەمان.

پێنجەم/ زانینی جەدوەلی عەمەل، پێش کۆبوونەوەکان زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی هەر فراکسیۆنێك و، هەر خەڵکێك تەکبیر و رایەك، پێشنیاری خۆی کۆبکاتەوەو، دوایی لە دانیشتندا بیڵێت.

شەشەم/ بوونی دەزگایەك بۆ وەرگرتنی پێشنیار و سكالآكان هەبێت, كە كاك محەمەدیش باسی كرد و, بوونی هەویەو ڕێز گرتن لە سەیتەرەكان لە ئەندامانی پەرلەمان, بۆ نموونە برایانمان لە سلێمانییەوە هاتوون نیو سەعات راگیراون لە سەیتەرە, ئەگەر هەویەی تایبەتی پەرلەمانیان پێ بێت, لەوانەیە بەشێوەیەكی تر رەفتاریان لەگەڵ بكرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شەوقی.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە یەكێك لە ئەساسیاتی كارا كردنی پەرلەمان, كاری لیژنەكانە, بەلأم بەداخەوە لەوەتەی ئێمە دەوام دەكەین, هەست دەكرێت ئەندامان بەو شكلە پابەند نین بە بەڕێوە چوونی كۆبوونەوەكان لە لیژنەكان, یاخود بڵێین هەر یەكەیەك حوجەیەك دەدۆزێتەوە, رەنگە موبەریریشی هەبێتن, دوای ئەوەی ئەو مەسائیلانەی كە جەنابت ئاماژەت پێ كرد, ئەگەر ئەوانە چارەسەر بكرێتن, رەنگە ئەو موبەریرەش نەمێنێتن, هەر چەندە من بەش بەحاڵی خۆم ئەوانەش بە موبەریر نازانم, لەبەر ئەوەی ئێمە هاتووین ئیلتیزامێكمان هەیە, هەریەكەمان نوێنەری زیاتر لە پانزدە هەزار دەنگە, حەق نییە ئەو موبەریراتانە بدۆزێتەوە, بۆ ئەوەی كار و چالاكیەكانی لیژنەكان وەكو خۆی, وەكو ئەوەی كە پێویستە بەڕێوە بچێتن.

خاڵی دووەمیان/ بەڕاستی پێم خۆشە ئاماژەی پێ بكەم, مەسەلەی زمانی كوردییە, یەعنی بەداخەوە زۆر جار دەقەكان كە دەخوێندرێتەوەو, بەتایبەتی ئەوە پەرلەمانی كوردستانە, حەق نییە خوێندنەوەكان زمانێكی كوردی سەقەت بێت, یان ئەو كەسەی نازانێت بە كوردیەكە بخوێنێتەوە, یان كوردییەكەی زەعیفە, من موشكیلەم لەوە نییە, كە كوردییەكەی زەعیفە, یاخود بڵێین موشكیلەی زمانی كوردی هەیە, بەلأم ئەوە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانە, بەڕاستی هەموو میدیاكان چاویان لەسەرە راستەوخۆ پەخش دەكرێتن, یەعنی زۆر جاران ئێمە ڕێزم هەیە ببینە بنیشتە شینكەی دەمی زۆر رۆژنامەنووس, یەعنی بە كەیفی خۆی لە رۆژنامەكان, بە كەیفی خۆی لە میدیاكان قسە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان دەكات, پێم باشە ئەو مەوزوعە دەستەی سەرۆكایەتی چۆن چارەسەری دەكاتن؟ ئەوە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە, گرنگ ئەوەیە ئەو مەسەلەیە چارەسەرێكی بۆ بدۆزرێتەوە.

سەبارەت بە خاڵێكی دیكە, من پێم وایە ئەندامی پەرلەمان فەرمانبەر نییە, لەگەڵ ڕێزمدا, مومكینە بۆ كاتیش دانرابێت, مەسەلەی ئیمزا, یەعنی من بەش بەحاڵی خۆم رۆژانە دێمە دەوام هیچ موشكیلەكیشم نییە لەوە, بەلأم بە حەقیقەت ئینسان یەكسەر كە هات لە ئیستیعلاماتەكە تووشی ئەوە دەبێت ئیمزایەكە بكات, ئێمە لەناو جەلسەی پەرلەمانیش تەوقیع دەكەین, من بەش بەحاڵی خۆم رەنگە شعووری من بێت, شعوری كەسێكی تر وا نەبێتن, یەعنی ئینسان خۆی بە فەرمانبەر نەزانێتن باشە, ئێمە فەرمابنەر نین, ئێمە نوێنەری خەڵكێكین هاتووین, جا چۆن ئەوە عیلاج دەكرێت, ئەگەر بۆ كاتیشە, بۆ ئەوەی كە برادەران بزانن ئەوە ئەندامی پەرلەمانە, رەنگە لەبەر دەرگاش لەكاتی چوون و هاتنە ژوورەوە باجەكەمان هەڵدەواسین, بۆ ئەوەی بماناسن, ئەوەش ئەگەر بۆ كاتییە, هیچ مەسەلەیەك نییە, بەلأم بە بەردەوامی و مادام لەناو جەلسەی پەرلەمانیش تەوقیع دەكەین, پێم وایە ئەو تەوقیعە زیادەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من كە قسە دەكەم هەمووتان گوێ لێ رابگرن, بەلأم هەندێ شتی بچووك هەیە, پێویست بە تەوزیح دەكاتن, بۆ ئەوەی سبەینێ نەڵێ وەڵلا ئێمە قسەمان كرد و, وەلأمتان نەدایەوە, یەكێك ئەوە بوو كە پێشتر كاك حەسەن ئاماژەی پێ كرد, پێم وا نییە من رەدی هیچ ئەندامێكی پەرلەمانم دابێتەوە بەشێوەیەك, یەعنی كەم ڕێزی تێدا بێت, یان شكاندنی تێدا بێت, بەپێچەوانەوە, دائیمەن بە دەم پێكەنینەوە وەلأمیان داوەتەوە, تەبعەن واجیبی سەرۆكی پەرلەمانە, یەكێك ئەگەر لە مەوزوع دەرچوو, دەبێت پێی بڵێی كاكە تۆ لە مەوزوع دەرچووی, یان یەكێك هەڵستێت بڵێی خاڵی نیزامم هەیە, بڵێ خاڵی نیزام نییە, ئەگەر كەسێك پێی وا بێتن بێ ڕێزی بووە, من دڵنیاشم كە بێ ڕێزی نەبووە موتەلەقەن, ئەگەر واش

تێ نەگەیشتبێت, ئەوە سەهو تێ گەیشتووە, چونکە منیش پێم وایە ئەندامم وەکو ئێوە, ئێستا سبەینێ یەکێکی تر لە ئێوە دێتە ئێرە, یەعنی شتێك لە ناحیەی ئینسانیەوە, لە ناحیەی ڕێزەوە, لە ناحیەی واجیب و حقووقەوە زیاترم نییە لەسەر ئێوە, نە حەقم هەیە قسەیەکی خوا نەخواستە کەم بڵێم بە کەسێك, نە حەقم هەیە قسەکانم شکاندنی تێدا هەبێت, بەلاّم حەقم هەیە کە جەلسەکە زەبت بکەم, بەوەش زەبت دەکرێتن, یەکێك لە مەوزوع دەرچوو, پێی بڵێم کاکە لە مەوزوع دەرچووی, پێویست ناکات دەربچی, یەکێك بەناوی خاڵی نیزامەوە پێنج دەقیقە قسە بکاتن لە وەختمان دەچێتن, دەبێت پێی بڵێم کاکە ئەوە خاڵی نیزامی نییە, دانیشە تکایە, ئەگەر نا نابێتە جەلسەی پەرلەمان, دەبێتە کۆبوونەوەی حزبی, دەبێتە دیوەخانە, دەبێتە شتی تر بە حەقیقەت, یەعنی بۆ زەبتی جەلسات, یەعنی من خۆم فێرم دەکەن, هەتا لە حکومەتیش ئەوها نەبووم, دائیمەن دەرگام کراوە بوو, وەکو دیوەخانە بوو, لێرە دەڵێن کاکە پرۆتۆکۆلە دەبێت وا بکەی یەك دوو سێ چوار پێنج, بۆ ئەوەی پەرلەمان ببێتە پەرلەمانێکی پرۆتۆکۆلی ڕەسمی, بێ پرۆتۆکۆل ناتوانی پێی بڵێی پەرلەمان, یەك لە سیماتی پەرلەمان ئەوەیە پرۆتۆکۆلاتی هەبێت.

دوو/ مەوزوعی ئیمزا کردن, جارێك لە جەلسات دەبێت ئیمزا بکەی, چونکە تاکو بزانین کێ غائیبە, ئەوە براوەتەوە, ئەوی تر یەعنی بۆ مەسەلەیەکە, چونکە ئێوە زۆرن, ئیستعلامات و ئێرە نازانن کێ لێرەیە, مێوانتان دێت, یەکێك دەپرسێ, یان تەلەفۆن دەکات فلان لێرەیە ئیمزای کردووە, بەڵێ لێرەیە, لە کام ژوورە, باوەڕ ناکەم شتێکی کەمی تێدا بێت, زۆر تەبیعییەو, کە بوویە ئەندامی پەرلەمان, مانای ئەوە نییە, ئەو نەوعە ئیجرائاتانەی وەکو دائیرە, ئێرەش دائیرەیەکە ئەمنیەتی هەیە, دیوانی هەیە, حیساباتی هەیە, زاتیەی هەیە, تەدقیقی هەیە, ئەنواع ئەشکال تەنسیبی هەیە, وەکو دائیرەکانی تر, بۆیە پێم وایە زۆر تەبیعییە ئیمزا کردن, هەم کە بزانی هاتووە, بۆ خۆت باشە, ئەوەی کە هاتووە ئیسپاتی دەکات کە هاتووە دەوامی کردووە, دەتوانێت سبەینێ کەسێك نەیدیت بێت بڵێ لە پەرلەمان بووی, ئەگەر ئیمزا کرد بوو ئیسپات دەبێت کە لە پەرلەمان بووە, کاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵانەی کەوا برادەران پێش من ئاماژەیان بۆ کرد, دەتوانم بڵێم شتێکی وایان بۆ من نەهێشتەوە, تەنیا هەندێ خاڵ هەیە حەز دەکەم, کەوا منیش دووبارەی بکەمەوە, چونکە گەلێك گرنگن, مەسەلەی ئامادە کردنی پرۆژەی قانونەکان بە زمانی کوردی, ئێمە لە دەزگایەکی کوردستانین, زمانی کوردی زمانێکی ڕەسمییە لە هەرێمی کوردستاندا, پێویستە هەموو پرۆژەی قانونێك بە زمانی کوردی ئامادە بکرێت, بە زمانی کوردیش کۆڵینەوەی لەسەر بکرێت, پاشان بکرێتە زمانی عەرەبی, ئەوە کارێکی چاکترە, هەروەکو کاك عەبدولکەریمیش ئاماژەی بۆ کرد, پێویستە لەم حاڵەتانەدا ئەگەر هاتو بە زمانی عەرەبی بوو, چەند بە لیژنەی قانونی بدرێت, بۆ ئەوە ئێمە بتوانین بیکەین بە زمانی کوردی و پێدا بچینەوە, ئەوجا بخرێتە بەر دەمی پەرلەمان بۆ لێکۆڵینەوە.

خاڵێکی تر هەیە, سەبارەت بەشێوەی بەڕێوەبردنی کارەکانی پەرلەمان, جەنابت ئاماژەت بەوە کرد, کەوا لە حاڵەتی نیزامیدا, لە حاڵەتی ئەوەی کەوا زەبتی ئیدارەی جەلسەکە بەپێی ئەوەی ماڵ ڕەوای خۆتە, کەوا ئاگاداری ئەندامانی پەرلەمان بکەیتەوە, ئەوەی کەوا لە مەوزوع, لە بابەتەکەوە دەردەچێت, بەلاّم جار و بار پێشتر ئێستا ناڵیم, زۆر جار موداخەلە بووە لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە, وەکو وەلاّم دانەوە بۆ وتەو بۆچوونی ئەندامی پەرلەمان, زیاتر کاری سەرۆکی پەرلەمان ئەوەیە, کە ئیدارەی جەلسەکە بکات, هەر بۆ نموونە من خۆم سەرۆکی پەرلەمانی بەریتانیم نەدیت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەگەر هاتو شتێك غەیری نیزامی ڕوویدا بێت, گوێم لێ نەبووە, کەوا تەعلیقێك شتێك بدات لە قسەکانی ئەندامانی پەرلەمان, تەنها ئەوە نەبێت کە بە چەکۆش بەسەر مێزەکەیدا داوە.

کارێکی تر هەیە, ئێمە خۆمان بە نوێنەری گەلی کوردستان دەزانین, بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندیان بە لایەنێکی سیاسییەوە نییە, ئێمە پێویستمان بەوە هەیە, کە بتوانین پەیوەندی بە خەڵکێکەوە بکەین, چونکە خەڵك داواکاریان هەیە, گازاندەیان هەیە, بۆ چوونیان هەیە, هەر من خۆم تاکو ئێستاکە لە زۆر شارەکانی کوردستانەوە نامەیان بۆ ناردووم, بەلاّم جێگام نییە, پێویستە ئاسانکارییەك بۆ ئەندامی پەرلەمان بکرێت, کەوا بڵێین ئۆفیسێکی هەبێت,

بەلایەنی کەمەوە دوو رۆژ بتوانێت, لەو ئۆفیسانە دەوام بکات, بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی کە کارێکیان هەیە, هەتا ئەگەر هاتو کارێکی شەخسیشی هەبێت, ئەگەر بزانین کارەکە مەشروعە, ئەو کەسە کەوا غەدرێکی لێکراوە لە دائیرەیەك, لە شوێنێك, ئێمەش وەکو ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەمان هەبێت نامە بۆ ئەو دائیرانە بنێرین, کەوا ئاسانکاری بۆ ئەو خەڵکە بکرێت, بەپێی قانون, ئەمە بوو بە کورتی قسەکانم, نامەوێ وەختتان لەوە زیاتر بگرم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئکید لەسەر زۆر ئەو خاڵانەی کەوا برادەران باسیان کرد دەکەمەوە, چونکە بەشی هەرە زۆری منیش نووسی بووم, من تەنها یەك دوو خاڵ باس دەکەم:

یەکەم/ مەسەلەی کۆبوونەوەی لیژنەکان, ئەوەی راستی بێت لیژنەکان بەشی زۆری ئەندامان لە زیاتر لە یەك لیژنە دان, ئەندامی لیژنەکانن و, زۆر جاریش وا بووە, من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە لە دوو لیژنە دام, لە یەك کاتدا هەر دوو لیژنەکان کۆبوونەوەیان هەبووە, من پێشنیار دەکەم سەرۆکی لیژنەکان لەگەڵ یەکدا دابینشن و ئەم مەسەلەیە حەسم بکەن, چ رۆژێك بێت, سەعاتەکان و رۆژەکان دیاری بکرێن.

دووەم/ مەسەلەی شوێن و جێگای ئەندامانی پەرلەمان, بەڕاستی من نازانم چۆن چۆنی دابەش کراوە, بۆ نموونە ئێمە وا تێدەگەین, دیارە ئێمە سەر بە حزبە گەورەکان, یاخود هەندێ فراکسیۆن نین, من ئەگەر سەر بە حزبێکی گەورە بام, بەڕاستی ئەو ئەندامانەی کە سەر بە فراکسیۆنێکی تر نیینە, یان گروپێکی تر, لەوانەیە لە تابقی یەکەم و دووەم ژوورم پێ دەدا.

سێیەم/ مەسەلەی ئەوەی برادەران زۆر باسی ئەوەیان کرد, مەسەلەی بڕیار و قانونەکان, کە بە کوردی بێت, من زۆر جار دەبینم, بەتایبەتی ئەمڕۆ کە دەکرێت بە کوردی, وابزانم کوردیەکەش بە مانای کوردی پەتی نییە, یەعنی کوردیەکی وایە, بە رەئی من بە عەرەبییەکە بخوێندرێتەوە باشترە لەوەی بەم جۆرە کوردییە بێت, لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برادەران زۆربەی زۆری ئەوەی من لە خەیاڵم بوو باسیان کرد, تەنانەت من خاڵێك ماوە باسی بکەم, تەئکید لە سەرنج و تێبینیەکانیان و پێشنیارەکانیان دەکەم ئەوەی پێشتر, کاك د.نوری و کاك رۆمیۆ و کاك محەمەد حەکیمیش بەشێك لەوانەی من دەمویست باسی بکەم باسیان کرد, بەڵام جەنابت باسی ئەوەت کرد, کە هەر یەکێ لە رێگای فراکسیۆنەکەی خۆیەوە دەتوانێت شتێك تەقدیم بکات, ئەگەر ئیشێك, یان کارێکی هەبێت, یان لە لیژنەیەك دەیەوێت بەشداری بکات, ئەوانەی کە فراکسیۆنیان نییە, بە تەنهان, یان سەربەخۆن, چۆن ئالیەتێك بدۆزنەوە؟ بۆ ئیش و کارەکانیان, ئایا لە لای سکرتێری پەرلەمان دەبێت, یان راستەوخۆ لە لای سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێت تەعامول لەگەڵ ئەودا بکەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە سەر بە هیچ فراکسیۆنێك نین, دەتوانن راستەوخۆ لەگەڵ سکرتێر هەرچ داوایەکیان هەبێت بیکەن, کاك محەمەدی حاجی مەحمود فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رەنگە تۆزێك زیاتر قسە بكەم, هەرچەندە قسەی زۆر كرا لێی, بۆ كارا كردنی پەرلەمان و ئیشەكانمان, بۆ رێكخستنی كارەكانمان, من پێم وایە نیزام داخیلی پەرلەمان پیاچوونەوەیەكی دەوێت, نیزامی داخیلی پەرلەمان هی دوانزدە, سیانزدە ساڵ پێش ئێستایە, سەددام ماوە, مەنتیقە داگیر كراوەكان و مەنتیقەیەكی زۆر لە ژێر دەستی سەددام بووە, بۆیە من پێم وایە پیاچوونەوە بە نیزامی داخیلی پەرلەمان و هەندێ گۆڕانكاری تێدا بێت, ئەوە خاڵی یەكەم بێت, كە خۆمان زیاتر دەستمان ئاوەڵە بكەین بۆ كارەكانمان.

خاڵی دووەم/ مەسەلەی دەستووری كوردستانە, دەستووری هەرێمی كوردستان, پەلە كردن لە دەستووری هەرێمی كوردستان, تەسبیت كردنی لە پەرلەمانی كوردستان, داوای خەڵكی كوردستان لە دەستووردا, وەك چۆن ئێستا وێنەیەك رۆیشتووە بۆ بەغدا, ئێمە دەستوورەكەش بە وێنەی پەرلەمان دانی پێ بنێین و, ئێمە لەسەر ئەو دەستوورە ئیش پێ بكەین, ئێستا خۆتان دەزانن دەستوور نییە لێرە.

خاڵی سێیەم/ مەسەلەی رێكخستنی ئیدارەی پەرلەمان بە خزمەتگوزاری و بینا و هۆڵەوە, ئەوەش بەدوا داچوون و هەوڵی بۆ بدرێت شتێكی باشە.

خاڵی چوارەم/ لیژنەی بەدوا داچوونی ناوچە تەعریب كراوەكان بە كەركووكەوە, ئەو لیژنەیە جارێكی تریش باسم كرد, كە زەرووریيە كاری بۆ بكرێت.

لیژنەی بەدوا داچوونی فیدراڵی, بەڕاستی ئەو دوو خاڵە گرنگن, هەم مەنتیقەی تەعریب كراو و كەركووك, هەم مەسەلەی فیدراڵی, ئێمە كارەكانمان ئەو دوو مەوزوعەیە, ئێمە داوای ئەو دوو مەوزوعە دەكەین, هەردووكیان پێویستیان بە دوو لیژنە هەیە, لیژنەی بەدوا داچوونەكان, نەك هەر تەنها لێرە, با ئەو لیژنەیە بڕوات بۆ هندستان, بزانێت چۆن فیدراڵیەت هەیە, لە ئەڵمانیا چۆن فیدراڵیەت هەیە, لە هەموو دنیا بزانێت چۆن فیدراڵیەت هەیە, بەدوایدابچێت و كاری لەسەر بكات, یەعنی ئەو جۆرە شتانە ئیشی لەسەر بكات.

پێم باشە رۆژانە كە دێینە ئێرە, یان ئەو رۆژەی كە كۆبوونەوە دەكرێت, ماوەیەكی كورت دیاری بكرێت, بۆ رووداوی رۆژ, یەعنی ئەو رۆژەی ئێمە هاتووین چی روویداوە, هەر یەكێك لە مەنتیقەیەكەوە, یەعنی رووداوێك لە سەیتەرەیەك تووشی چی بووە, یان مەشاكیلی ئەو مەنتیقەیە, یەعنی رووداوێك لەو مەنتیقەیە چ بووە, بیست دەقیقەیەك دیاری بكرێت بۆ ئەو جۆرە رووداوانە, پێم باشە.

دەربارەی كەموكوڕیەكانی هاووڵاتیان, ئێمە چۆن باسی بكەین؟ مەسەلەن بەنزین نییە, كارەبا نییە, ئاو نییە, یەعنی شتی تر نییە, ئەوانە چۆن بتوانین باسی بكەین و, چۆن بتوانین كە خەڵك دێت سكاڵا دەكات و, چۆن وەڵامی خەڵك بدرێتەوە؟

پەخش كردنی كۆبوونەوەكان راستەوخۆ شتێكی باشە و بەردەوام بین لەسەری, جا ئەوە چۆن دەكرێت هەر شێوەیەك لە شێوەكان, ئەوە بكرێت باشە, زۆر جار لە بەرنامەكانی قسە كردندا, كە باسی مەوزوعێك دەكەین, دەڵێین ئەو رۆژە تەنها دوو خاڵ باس دەكەین, یان سێ خاڵ, نابێت قسە بكەین, باشە كاكە قەیدی ناكات دوو خاڵەكە باس دەكەین, بەس قسەكەم لێ وەربگرە, بۆ كۆبوونەوەی دوایی, كۆبوونەوەی داهاتوو بینووسن, بۆ ئەوەی داهاتوو, بۆ ئەوەی لە داهاتوو باسی بكەن, لەو رۆژە باسی مەكەن.

دەربارەی مووچە, باسی كەم و زۆریتان كرد, من نازانم كەمە, یان زۆرە, كە ئێستا هەیە, یان نییە, ئەوە ئاگام لێ نییە, نازانم چۆنە, هەتا بڵێم كەمە, یان زۆرە, چونكە نازانم, بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێت داوا بكەین لەجیاتی تەوحیدی ئیدارە, تەوحیدی مووچە بكەین, ئینشائەڵلا كارێكی وا دەكەین پەرلەمان وا بكات میزانیەی كوردستان و هەمووی دیاری بكات, نەك ئێمە ئێستا نازانین چۆن كاری بۆ دەكەین.

مەسەلەی زمانی كوردیش, منیش لەگەڵ رەئی برادەران بووم, لێرە زمانی كوردی بەكار بێت, بەڵام بەڕاستی زمانێكی كوردی بێت, كە لێی تێبگەین, خۆی ماشائەڵلا كوردی زانی باشیشمان هەیەو كوردیەكی پەتی بێت, لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو پەخشان.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە كاریگەرترین فاكتەر، كە بووە هۆی لاواز كردنی پەرلەمان، لەت بوونی حكومەت بوو، بۆیە گرنگترین فاكتەر بۆ كارا بوونی پەرلەمان، دامەزراندنی حكومەتێكی نوێیە، بەنیسبەت پەرلەمانەوە، من پێم وایە دانیشتنەكانی پەرلەمان، یەعنی جەلەساتی پەرلەمان ڕێك بخرێت، هەفتەی ڕۆژێكە، چوار ڕۆژە، چەندە؟ یەعنی بە شێوەیەكی مونتەزەم، لەو دانیشتنانە ئەوەی كە برادەران باسیان كرد، باس لە داخوازی و هەموم و بارودۆخی خەڵك بكرێت، تەئكید دەكەمەوە منیش لەسەر موتابەعە كردنی چالاكتر بۆ كاری لیژنەكان و، دەكرێت لیژنەكان كە ئێستا ئەو كێشەی دوو حكومەتییە، كێشەیەكە لەبەردەمی، یەعنی چالاك كردنی ئیشەكانیانە، بەلاَم دەكرێت لیژنەكان ڕاپۆرت ئامادە بكەن، هەر جارێك لەسەر مەوزوعێك و عەرزی پەرلەمان بكرێت، مەرج نییە هەر بۆ تەشریع، ئێمە شت عەرزی سەر پەرلەمان بكەین، ئەوە یەك لە نیزامی داخیلی تێگەیشتووم، منیش بە هەمان شت جەخت دەكەمەوە لەسەر ئەوەی كە تەعدیلات لە نیزامی داخیلی پەرلەمان زوو بە زوو دەستی پێ بكەین، فەقەرەیەك هەیە لە نیزامی داخیلی سەبارەت بە عەلەنیەتی جەلساتی پەرلەمان، یەعنی چ بەڕووی میدیا و، چ بەڕووی خەڵكدا، پێم باشە ئەو فەقەرەیە تەفعیل بكرێت، لە ڕێی لیژنەكانەوە كارێكی وای بۆ بكرێت، هەر كاتێك كە موناقەشەی بابەتێك كرا، كە عیلاقەی بە توێژێكی كۆمەڵگاوە هەبوو، ئەوانە بەپێی ئالیەتێك نوێنەری ئەو توێژانە بێن ئامادە بن لە جەلساتی پەرلەماندا، من ئینتیلاَق دەكەم لەوەی كە باس لەوەی، یەعنی ئیهتیمام زیاتر بە مەسەلەی ژنان و ئافرەتان دەدەم.

پرسیارێكم هەیە، سەبارەت بە ئیشەكەی ئەمڕۆ، یەعنی وا كورتی دەكەمەوە، پرسیارێكم هەیە جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە لە جەلسەكەی پێشوودا دەقیقەیەك وەستاین بەپێی ئەو بڕیارەی كۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق، ئەوەی من تێگەیشتووم لەم بڕیارە، ڕۆژی چوار شەممە سەرانسەری عێراق لە سەعات (12) سێ دەقیقە رادەوەستن، بۆ ئەو قوربانیانەی كە جەنابتان باستان كرد، نازانم بە نیسبەت كوردستانەوە، ئێمە پێویست دەكات پەرلەمانی كوردستان تەئكید لەوە بكاتەوە، یەعنی ئەو بڕیارە ئێمەش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە كە ڕاوەستاین قەرار نەبوو سبەینێ جەلسەمان هەبێتن، گوتمان وەكو پەرلەمان بە یەك دەنگی، ئەگەرنا ئێمە مولزەمین بە قەراراتی وا، خەڵك دەبێت ڕاوەستێت، بەتایبەتی شتێكە كە خیلاف لەسەر نییە، بەلاَم وەكو پەرلەمان، چونكە قەرارمان نەدابوو، كە سبەینێ جەلسەمان هەبێت، بۆیە خستمانە ئەمڕۆ، ئەگەر بمان زانیبووایە قەرار دەدەین، ئەو ڕاوەستانەمان دەخستە سبەینێ، سوپاس، ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من داواكارم كە هەندێك پێشنیاری چالاك و بەهێز هەیە لە لیژنەكان، بخرێتە بەرنامەی كاری ئەو لیژنانەی، كە لیژنەی پیاداچوونەوەی دەستوور، ئەو دە كەسەی بەرەو بەغدا دەڕۆن لەگەڵ دەستوور تەسبیت بكرێت، بەتایبەتی ئەوەی لە لیژنەی پەروەردە هەیە، لەگەڵ لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ژنان و ئافرەتان، چونكە ئێمە دوو ڕاپۆرتی زۆر بەهێزمان ئامادە كردووە، ئامادەشە لەلایەن پەروەردە بەرزكردنەوەی ڕۆڵی ئاستی ئابووری مامۆستایان، لەگەڵ داكۆكی كردن لە مافی ژنان و ئافرەتان، كە دوو ڕاپۆرتی زۆر بەهێز و ڕێكمان ئامادە كردووە، ئەوە یەك.

دوو/ بەنیسبەت ئالیەتێك بدۆزینەوە، بۆ دابەش كردنی ئەو كارتی دەعوەتانەی كە لۆمان دێت، تا بگاتە دەستمان لە پەرلەمان، چونكە من لە پەرلەمان نموونەم بۆ ئەوەی هەیە، ئەو هەفتەیە كۆنفرانسێك كرا بوو، تایبەت بوو بە دروست كردنی پردێك لەنێوان پەرلەمانتارەكان و ڕێكخراوەكان، كەچی گوایە كارتمان بۆ هاتووەو بە دەستمان نەگەیشت، كۆنفرانسەكەش بۆ دوو ڕۆژ بوو، ڕۆژێكی خایاند و تەواو كرا.

سێ/ ئەگەر بکرێت بە نووسراوێك پشتگیریمان بکەن, بۆ دیاری کردنی تەمەنی پاسەوانەکان, چونکە دەبێت پاسەوانەکانمان وا هەڵبژێرین جێگای متمانەی خۆمان بێت, لەبەر ئەوە داوا دەکەم.

چوار/ ئەو داواکاریەشم هەیە, ئەگەر بکرێت, ئەویش گواستنەوەی ژووری لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان و ئافرەت, چونکە بەرامبەر چێشخانەکەیە, زۆر زۆر بێزارمان دەکات, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو شوکریە.

**بەڕێز شوکریە خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو بابەتم هەبوو باسی لێ بکەم, یەکێکیان پەخشان خان بە درێژی باسی کرد, من تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە, چونکە ئاستەنگێکە لە پێش ئیش وکاری ئێمە, بەتایبەتی لیژنەکان, چونکە هەر یەك لە ئێمە بە ئاراستە و کۆمەڵێ یاسای خۆ ئیش دەکات, لیژنەکان ناتوانن بە ئاسانی تەوحیدی ئیش و کارەکانی خۆیان بکەن, ئەوە خاڵی یەکەم زۆری لەسەر ناڕۆم پەخشان قسەی لەسەر کرد.

خاڵی دووەمم/ بەرنامەی تیرۆر وەك خۆی, لەگەڵ ئەوەی دەست خۆشی لە ئاسایش دەکەین و, دەست خۆشی لە ئەو بەرپرسانە دەکەین, کە ئەو گروپانەیان ئاشکرا کرد و دەستگیریان کرد, بەلاَم پێشکەش کردن و عەرز کردنی ئەو بەرنامەیە دوو لایەنی هەیە, لایەنێکی ئیجابی هەیە, ئەویش بۆ ریسوا کردنی ئەو گروپانەیە, لایەنێکی سلبیشی هەیە, ئەویش ئەوە بوو هەندێك شتی تیا بوو رەنگدانەوەی خراپی یەکەم لەسەر پەروەردە و دووەم لەسەر کۆمەڵ هەبوو, مەسەلەی پەروەردە بۆ منداڵان و, یان مێرد منداڵ رەنگی بە خراپی داوەتەوە لەناو خەڵکدا, لەناو ئەو جیلە تازەیەدا, بۆیە من داوا کارم ئەگەر شتێکی وا بوو, ئەو بەرنامەیە تۆزێك سانسۆری تری بخرێتە سەر, هەندێك شتی تری تیا با پیشان نەدرێت, تا رەنگدانەوەی خراپی لەسەر کۆمەڵ نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە ئەو مەوزوعە خارجی بەرنامەکەمانە, بەلاَم لەسەر تەلەفزیۆن نووسراوە, دەڵێت ئەوەی لە (18)ساڵ کەمتر بێت تەماشای نەکاتن, کاك محەمەد ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پەرلەمان بە سێ ئاست دەبینم, یەکەم/ پەرلەمان و یاسا دانان, دووەم/ پەرلەمان و چاودێری, سێیەم/ پەرلەمان و ئالیەتی ئیش کردن.

بە بۆچوونی من تا ئێستا ئێمە نەچووینە ناو دەستوورو بوونی ژیانی پەرلەمانی, چونکە ئەو دەستووورە نییە, هەبوونی دوو ئیدارەش وای کردووە, کە کۆمەڵێك بڕیار و یاسا دەربچن, تاکو دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان, پێشنیارێك دەکەم کە پەرلەمان لیژنەیەك دروست بکاتن, بۆ یەکخستنەوەی ئەو بڕیار و یاسایانەی کە لە هەردوو ئیدارە دەرچوونەو, داڕشتنی ئەو یاسایانە بەشێوەیەك بێت, کە لە خزمەتی کۆمەڵگاو ئیدارەی کوردستان بێت و, بەرەو پێش بردنی بێتن, کە تا ئێستا لاوازی ئیداری هەیە با چارەسەری بکاتن.

خاڵی دووەم/ ئاسان کردنی کاری چاودێری لەسەر وەزارەت, بە مەفهومی هاریکاری لەنێوان پەرلەمان و وەزارەت, نەك بە مەفهومی موساوەمەت, یان بەدواچوون, گۆڕین و پێش بردنی ئالیاتی پەیوەندی پەرلەمان بە وەزارەت, ئێستا ئەو ئالیەتە هەیە نەوعە تەعقیدێکی رۆتین و دیموکراتیەتێکی تێدا هەیە, ئەگەر لیژنەیەکی پەرلەمانی پێویستی بە هەندێك زانیاری لە وەزارەت هەبێت, لێرە کتابێکی رەسمی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن, بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, ئیتر بۆ وەزیر, بۆ وەکیل, بۆ بەڕێوەبەری دیوان, بۆ بەڕێوەبەری گشتی, ئیتر بۆ هەتا دەگاتە جێگای بەڕێوەبەری بەش, بە هەمان ئالیەتەوە هەیکلی پەرلەمان بگەڕێتەوە پەرلەمان, ئەوەش وەختێکی زۆری دەبات و, لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم, کە لە هەر لیژنەیەکی پەرلەمان, یان لەناو پەرلەماندا بۆ هەر وەزارەتێك ئەندامێك هەبێتن, وەکو

مونەسەق, بۆ ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ وەزارەت بکاتن, ئەو زانیاریانەی کە پێویستە بۆ لیژنەکانی پەرلەمان وەریبگرێتن.

ئەو قسانەی بەرێزان لەسەر گۆڕینی پەیڕەو من نایکەم لەگەڵیاندام, بەتایبەتی لەسەر لیژنەکان, لیژنەکان ئەرکەکانیان زۆر قەرەباڵغی هەیە, هەندێك لیژنە هەیە شەش حەوت مەجالی هەیە, ئەوە زەحمەتە بتوانێتن دیراسەی هەموو ئەو مەجالە پەیوەندیانە بکاتن, یانیش پرۆژە پێشکەش بکات بۆ پەرلەمان, بۆ ئەوەی ئیش و کاری ئەو لایەنانە چارەسەر بکاتن.

سێیەم/ زۆر لەو بەرێزانە باسیان کرد, ئەویش چالاك کردنی رۆڵی پەرلەمان لەگەڵ خەڵك, یان تێکەڵ بوونی پەرلەمان لەگەڵ خەڵك, ئەوەش بەو رێگایە دەبێتن, کە نووسینگەی پەرلەمان لە پارێزگاکان هەبێتن, دووەم/ وەفدی پەرلەمان سەردانی ناوچە جیا جیاکان بکاتن و چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵك و توێژەکان بکاتن, بۆ ئەوەی لە هەلومەرجی ژیانیان, لە داخوازیەکانیان, لە پێشنیارەکانیان ئاگادار بن بەشێوەیەکی راستەوخۆ.

چوارەم/ تەرخان کردنی کۆبوونەوەیەکی تایبەت, رۆژێك لە رۆژان, یان مانگی جارێك, بۆ هەندێ دیاردە کە پەرلەمان پێویستە قسەی لەسەر بکاتن, وەکو فەسادی ئیداری و وەزیفی, کە بۆتە کێشەیەکی زۆر گەورە, ئەگەر بەردەوام بێتن, رەنگە ببێتە سیستەمێك, کە کار زەحمەت بێت بۆ چارەسەر کردن, سیستەمی ئیداری و رۆتین لە موعامەلە, تاکو هاووڵاتی موعامەلەیەك دەکات, دەبێت بیست جێگا زیاتر بکات, دانانی عەیارێکی موەحد بۆ مووچە, یاسایەك بۆ خانەنشین, خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

پێنجەم/ دیراسە کردنی رۆشنبیری ترس و حزبی قەومی و ئیدارەو کۆمەڵگا.

شەشەم/ رێکخستنی پەیوەندییەکانی پەرلەمان لەسەر ئاستی هەرێمی و دەرەوەی, لەگەڵ پەرلەمانەکانی دنیا, ئەمەش دوو رێگا هەیە, کە ئەو پەیوەندییە پەیدا ببێت, چ بە رێگای ئەنتەرنێت, یان بەرێگای پەیوەندی کردنی راستەوخۆ, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەرێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێش هەموو شتێك بە زوویی هەوڵ بدرێت, ئیدارەی پەرلەمان تەعین بکرێت, لە پرسگەوە تاکو گشت شوێنەکانی تر, چونکە ئەگەر خۆمان رێك نەخست و, بەشێوەیەکی رێکوپێك و کارەکانی خۆمان ئەنجام نەدا, زەحمەت دەبێت وەکو کاری گشتی چارەسەر بکرێت.

دووەم/ لەبارەی کارایی لیژنەکان, پێویستە ئەویش بەزوویی دەست بەکار ببن, هەرچەندە پێم وایە رەنگە ئەو یەك نەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە ئاستەنگ بێت لە پێش ئەو لیژنانە, بەڵام ناشکرێت ئەو لیژنانە هەر چاوەڕوان بن تا ماوەیەکی دوور و درێژ, چونکە خەڵك چاوەڕوانی کاری باش لە ئێمە دەکات, دەتوانین لە رێگای ئەو لیژنانەوە, هەندێ کاری باش بکەین, کارە خزمەتگوزاریەکان پێشکەش بە جەماوەر بکەین.

سێیەم/ ئەو حیمایانەی کە بۆ ئەندامانی پەرلەمان دادەنرێن و, یان هەیانە, پێم وایە زۆر غەدریان لێ دەکرێت, خەڵکانێك هەن هەشت ساڵە, یان حەوت ساڵە, یان ئەوەی ئێستاش کە دادەنرێن تەعین نیینە, بەشێوەیەکی رەسمی حقووقیان نییە لە تەقاعودی, پێم وایە غەدرە ئەوە هەوڵ بدرێت لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ, ئەو حیمایانە بکرێنە پۆلیسی رەسمی, بۆ ئەوەی ئەوانیش مافیان نەخورێت و, پاشی شەش حەوت ساڵ, هەروا بەرەڵا نەکرێن, بڵێن بڕۆنە ماڵی خۆتان.

چوارەم/ سەرنجێکم هەیە, دەربارەی ئەندامی پەرلەمانی ئێرەو بەغدا, باس دەکەن لەوەی بەغدا خەتری لەسەرەو, دیارە لێرە ئێمە هەموومان لە وەزعێکی ئارام دەژین, من پرسیارێك لە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن دەکەم, جەنابی لە بەغدا بریندار بوو, یان لە هەرێم, مانای ئێمەش داوای زیادی مووچەمان نەکردووە, مووچەمان زیاد بکرێت, دەڵێین

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وەکو ئەندامی پەرلەمانی بەغدا, چ حیسابێکی بۆ دەکرێت, ئەوەش بۆ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بکرێت, پێم وانییە, ئەوە شتێکی گوناه بێت, یان باسی بکەین, چۆن واجیبمان لەسەرە, حقووقیشمان هەیە, ئەگەر داوا بکەین شتێکی خراپ نییە, زۆربەی خاڵەکانی تریش برادەران باسیان کرد, بەتایبەتی من لەگەڵ رەئیەکەی محەمەد ئەحمەد سالحم لەسەر هەندێك خاڵ, کە باسی کرد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش چەند خاڵێکم هەیە, یەکێك لەو خاڵانە داوا دەکەم, ئەو لیژنانەی, بەتایبەتی لیژنەی بەدوا داچوونی مەسائیلی کەرکووك, لەکاتی لیژنەکاندا هەر پێشنیارێکیان هەبوو, ئەو پێشنیارە بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت و, حکومەتەکە لێی بەرپرس بن و, بۆ ئەوەی بتوانن جێ بەجێی بکەن, چونکە ئێمە لە کاتی خۆی زەرەرێکی گەورەمان کرد, لەبەر ئەوەی نەمانتوانی دەعمێکی باشی کەرکووکیەکان بکەین, بۆ ئەوەی بتوانین موشکیلەی ئاوارەکان چارەسەر بکەین.

پێشنیارێکی ترم هەیە, ئێمە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانین, کەسمان سایەقی سەیارەکانی خۆمان نین, هەر یەکێ سایەقێکمان لەگەڵە, کاتێك کە دێینە ناو پەرلەمان, زۆربەی سەیارەکانمان دەچێتە دەرەوەی پەرلەمان, من داوا دەکەم عارزێکی بەقووەتتر هەبێت لەو مەسافەی سەیارەکانی ئێمە بۆ بینایەی پەرلەمان, بۆ ئەوەی کە ئەو سەیارانە دەچنە دەرەوە خەڵك ئیستغلال نەکەن و, لەکاتی هاتنە ژوورەوە جارێکی دیکە فرسەتێك بۆی دروست نەبێت, ئێمە زەرەری گەورەی لێ بکەین.

خاڵێکی ترم, ئەوەیە مەسەلەی مووچە, من نموونەیەکم لەلا هەیە, کە عەرزی جەنابتان بکەم, ئێمە کە تۆزێك باسی پارە دەکرێت, بە شەرمەوە باسی دەکەین, بەڵام مەسەلە لایەنە ماددیەکە نییە, ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو شەرمە زەرەرمان کرد, بە قەناعەتی من زەرەرێکی سیاسیمان کرد, بەپێی قانونی حکومەتی عێراقی, دەوڵەتی عێراقی لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا مودیر ناحیەو قائیمقامی حکومەتەکان هەموویان دەرەجە خاصە بوون, کاتێك کە مووچە لێرە تەحدید کرا, لیژنەی دارایی ئێمە, وەزارەتی دارایی هەردوولا, ئەو پلەیەیان لێ سەندراوە, بەبێ ئەوەی بزانن, هەموو مودیر ناحیەکان و قائیمیقامەکان دەرەجە خاصەیان لێ سەندراوە, ئەمە زەرەرێکی سیاسییە بە قەناعەتی من, نەك زەرەرێکی ماددییە, ئێستا بچێتە پەرلەمانی کوردستانی ئێمە بەو چاوە سەیر بکەین, کە جیاوازێکمان لەگەڵ پەرلەمانی عێراقدا هەیە مەخسەدم بەغدایە, دیسان ئەوە زەرەرێکی سیاسییە, نابێت ئێمە بە چاوێکی کەمتر لەوان سەیر بکرێین, ئەو مووچە تەحدید کرا لە بەغدا تەحدید کرا بە هەموو شتەکانییەوە, لێرەش چەند دەدرێت, چەند نادرێت, ئەوە شتێکی دیکەیە, ئێستا ئێمە لە رووی حکومەتەوە زەرەری سیاسیمان لەسەر کردووە, من دڵنیام ئەگەر ئێمە ملکەچی ئەو بڕیارەی عێراق بین بەناوی ختورە و ئەوانەوە, زەرەرێکی پەرلەمانیش دەکەین.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە زۆر رەخنەمان لێگیرا, ئەو برادەرانەی کاتی خۆی راستەوخۆی کۆبوونەوەکان پەخش دەکرا, ئێمە زۆر باسی کەموکوڕی ناوخۆمان کرد, دیار بوو ئەو کەموکوڕیانە بەبێ کۆنترۆڵ چووە لەناو جەماوەرەوە, خەڵك هەیبەتی ئێرە زۆر بە گەورە دەزانێت, تەسەور ناکات ئێمە لێرە باسی پارەو حیمایە و پرسگەو ئەوانە دەکەین, لەبەر ئەوە داوا دەکەم هەر کاتێك ئەو باسانە هەبوو جەلسەکە با داخراو بێت, بۆ ئەوە بێت خەڵك ئاگای لە قسەکانمان نەبێت, زۆرسوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت ئەوەتان عەرز بکەم, پێم وایە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان, وەکو پەرلەمانێکی کوردستانی ئیسلامی, پێم خۆشە جەنابتان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ناوە ناوە, یەعنی گەڕانێك بەناو پەرلەماندا بکرێت, مەبەستم لە ژوورەکان و هەتا کۆتایی, چونکە ئێمە کافتیریایێکمان هەیە لێرە, من بەر لە ئێستا چووم ویستم ئاوێك بخۆمەوە لەبەر بۆنی ناخۆش نەمتوانی بچمە ژوورێ, جا تکام وایە بەتایبەتی ئەو کافیتریایە, هەم وەکو ئەوانەی لەسەر کافیتریایەکەن پیاوی تۆزێك رێکوپێك و ئەهلی نالێم ئەهلی مزگەوت بن, بەڵام بەلای کەمی نوێژەکان بکەن, بۆ ئەوەی بۆنە ناخۆشەکە

نەبێت, چونکە وەکو عەرزتان دەکەم, بەحەقیقەت ئێمە پەرلەمانی کوردستانین, پەرلەمانی ئیسلامین, جەنابیشتان وابزانم زیاتر لەو بارە شارەزان, حەز دەکەم ئەوە زۆر ئیهتیمامی پێ بدرێت.
دووەمین/ هەندێ رەچاو کردنی مەسائیل بۆ ئەندامی پەرلەمان بە گشتی, باسی پاسەوانان کرا, سێ پاسەوان دابین کراوە بۆ ئەندامی پەرلەمان, من پێم وایە کەمە, ئەوە یەك, دووەمین, وەکو کاك شێخەڵلا باسی کرد, یەعنی حقووقی دابین بکرێت, بۆ دوا رۆژ نەڵێن برۆ ماڵی خۆت, سێیەم/ ئەو پەخشەی کە جەنابیشتان باستان دەکرد, ئەگەر بکرێت شتە باشەکانیش بگوازرێنەوە, قەناعەتێك بە خەڵکەکە و بە ئێمەش دەدات, لەگەڵ دەرەوە شتێکی زۆر چاکە, یان جەنابتان فەرمووتان هیچ ئەندامێکی پەرلەمان بۆی نییە, بچێتە دائیرە حکومی بۆ داواکاری, راستە منیش لەگەڵ ئەوەدام, ئەگەر بچمە دەوائیری حکومی داوایەك لە حکومەت بکەم, کە پارچە زەویەکم بداتێ, با نەیکەم و حەقیشم نییە داوا بکەم, بەڵام هەندێ پێویستیات هەیە, بۆ وڵاتەکەم, بۆ خەڵکەکەم, دەبێت داوا بکەم, چونکە بە حەقیقەت ئێمە هەر هەمووومان با لەسەر لیستێك لە لیستەکان بین, بەڵام نوێنەری خەڵکێکین, نوێنەری عەشیرەت و وڵاتێکین, بەتایبەتی من خۆم نوێنەری خەڵکێکم وەکو عەشایر, مومکینە رۆژانە دەیان خەڵك گلەییم لێ دەکات, داوام لێ دەکات, کاغەزم بۆ دەنووسێ, سەردانم دەکات, دەڵێت فلان ئیشم هەیە, یان فلاَن مەشروعم هەیە, یان مزگەوتم بۆ نەکراوە, یان قوتابخانەم نییە, من پرسیارێك دەکەم حەل چییە بۆ ئەو جۆرە مەسەلانە؟ ئێمە دەتوانین راستەوخۆ وەکو ئەندامی پەرلەمان داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین, ئەو پێشنیارەمان بۆ داوا بکەن, یان لە حکومەت تۆزێك رێزمان لێ بگیرێت و حورمەتمان پێ بدرێت, داوا بکەین بۆ مەساڵحی میللەتەکە, ئەو داوایە بۆ پێداویستی میللەت بەرز بکەینەوە.
خاڵێکی تر باس کرا, هەرچەندە مومکینە داخیلی مەوزوع نەبێت, ئەویش تیرۆر, ئەو خوشکە پێم وایە باسی تیرۆری کرد, من پێم وایە ئەمرۆ ئێمە زەروریترین شت ئەوەیە, کە ئەمرۆ حیسابێك بۆ مەسەلەی ئەمنیەت و تیرۆر لەو کوردستانە بکرێت, چونکە ئێمە دیتمان تووشی واقیعێکی وا بووین, کە لە ئێمە و کورد و ئەخلاقی کورد نەدەوەشایەوە, کەواتە پێویستە بەر لەوەی تامان لێ بێت, با بەرێك بخۆماندا بدەین, تاکو تایەکە زیاتر دامان نەگرێت, چۆن عیلاج دەکرێت؟ دەرمانی ئەو عیللەتە چییە؟ من پێم باش بوو سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەکی شارەزای پسپۆڕ لە ناحیەی ئەمنی دروست بکات, دانیشتنێك بکات بۆ ئەوەی دانیشتن لەگەڵ جیهەتی موختەس بەناحیەی ئەمنیەوە بکرێت, بەڵکو بتوانرێت پێش لەو تیرۆرە بگیرێت, کە بەناوی ئیسلامەوە دەکرێت, حاشا دوورە لە ئیسلام, ئەوەشم زۆر پێ ناخۆشە کە زۆر جار دەگەڕێتەوە سەر ئیسلام, چونکە وشەی ئیسلام یەعنی سەلامەت, ئیسلام دینێکی سەلامەتە لە هەموو گەل و هۆزێك, کەواتە ئێمە دەمانەوێت تیرۆر لە دین دوور بخەینەوە, کە دوورمان خستەوە تەعنەش لە دینی ئیسلامی نەدەن بەناوی تیرۆر, زۆر لێك دوورن, چونکە ئیسلام تیرۆر ناکات, قەتعەن حەرامە بیکات, ئەو کەسەی کە قەتل دەکات لە حالاَتی ئیستیسنا نەبێت, کە ئەمری پێ دەکرێت, پێی بڵێن برۆ فلان بکوژە, ئەگینا ئیمانی لێ سەلب دەبێت, لەو کاتەی کابرایەك کە قەتل دەکات, کە ئیمانی لێ سەلب بوو بە موسڵمان ناژمێردرێت کە قەتل دەکات, کەواتە ئەو برا موسڵمانەی ئێمە جیهاد بکات لە پێناوی خوا, چۆن دەچێت خەڵك پارچە پارچە و لەت لەت دەکات, کەواتە لەو مەوزوعە من داوام وایە و تکام وایە, یەعنی تۆزێك بە ئیهتیمام وەربگیرێت لە ناو کوردستان, ئێمە تا ئێستا زۆر لۆمەی برادەرانی خوارەوەمان دەکرد, بەڵام دیارە ئەو تەنسیقەی سەروو و خواروو و داخیلی وەسەت یەکتری دەگرێتەوە, تکام وایە مشورێك بۆ ئەو مەوزوعە بکرێت, پێشی ئەو مەسائیلانە بگیرێت, ناحیەی ئەمنی بۆی وەکو کاك شێخەڵلا فەرمووی جەنابت لە کوێ بریندار بووی لە کوردستان, یان لە کوێ بریندار بووی لە هەولێر, کێ بوو؟ تیرۆر بوو, کە پێشمان لێ بگرتایە ساڵێك بەر لە ئەمرۆ, هەتا ئەمرۆ رۆژاو رۆژ نابێت زیاد بێت, دەبێت بەرەو کەمتر بڕوات, جا من پێم وایە ئەو لیژنەیە ئیختیار بکرێت لەناو پەرلەماندا, لیژنەیەکی شارەزا بێت لە ناحیەی ئەمنی, بۆ ئەوەی دەستوورێك بۆ ئەو مەوزوعە دابنرێت شتێکی چاکە.
خاڵێکی تر هەیە عەرزتان بکەم, ئەویش پەساپۆرتە وابزانم هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە هەموو دنیا پەساپۆرتی دیبلۆماسی هەیە, هەرچەندە ئێمە تاکو ئێستا هەویەکەمان نییە, پێی بێینە ژوورێ, لێمان دەپرسن کاکە بۆ کوێ دەڕۆی, بۆ پەرلەمان دەڕۆین, تۆ چی لە پەرلەمان, کاکە من ئەندامی پەرلەمانم, بە چ ئیسپاتە؟ من نازانم بە چ ئەندام

پەرلەمانم, بەڵام هەویەکەش دەکرێت, پێم وایە ئەوە پێشنیارێکە داوا لە بەڕێزتان دەکەم, کە هەموو ئەندامێکی پەرلەمان لە هەموو دنیا پەساپۆرتێکی دیبلۆماسی هەیە, لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند خاڵێك هەی جەماعەت باسیان نەکردووە, ئەویش:

1 - لیژنەکان پێویستیان بە کۆمپیوتەری تایبەت هەیە بۆ ژوورەکانی خۆیان بە فەرمانبەرەوە, ئیشکالێکی گەورە لە لیژنەی یاسایی ئێمە هەمانە, لە لیژنەکانی تریش پێم وایە ئەو مەسەلەیان هەیە, کۆمپیوتەرەکانی ئێرە لەلای فەرمانبەرەکان, وەکو پێویست ناتوانن ئیش و کاری لیژنەکان ڕاپەڕێنن, ئەگەر بۆ هەر لیژنەیەك فەرمانبەرو کۆمپیوتەری تایبەتی دابین بکرێت, ئەگەر خەتی ئەنترنێتیشی لەگەڵ بوایە, زۆر زۆر باشتر دەبوو.

2 - بۆ زیاتر پاراستنی سەربەخۆیی پەرلەمان, پەرلەمان ئەو هەیبەتەی خۆی هەبێت, هەوڵ بدەین خۆمان ڕزگار بکەین لە کاریگەری حزبی لەسەرمان, پێم وایە هەر دوو سەرۆکیش سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێم, ئێمەیان خستە بەردەم خەیارێکی قورسەوە, کە ئەرکی خۆمان ببینین, ئەوە هەندێکی دەکەوێتە سەر حزبەکان, کە کەمتر کاریگەریان هەبێت لەسەر ئیش وکار و ڕەوتی پەرلەمان چی دەکەن و, چی ناکەن, هەندێکیشی دەگەڕێتەوە سەر ئیرادەی خۆمان, کە دەبێت ئیرادەی خۆمان بەقووەت بکەین, لە ئەمڕۆوە بەو ئەرکە گەورەیە هەڵستین, کە میللەتی کورد چاوەڕێمان لێ دەکاتن.

3 - ئێمە لە دەرکردنی یاسایەکان لە پەرلەمانی کوردستان هەر ئیستیناد دەکەینە سەر پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی, لەبەر ئەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان, هەتا ئێستا یەکلا نەکراوەتەوە, من پێم وایە نەقسێك هەیە لە شەرعیەتی یاساکانی ئێمە, چونکە دەستووری هەرێمی کوردستان تەواو نەکراوە, ئەگەر ڕێی تێ دەچێت چ مانعێکی سیاسی نییە, پێم باشە زوو بخرێتە بەرنامەی کار, پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان تەواو بکەین, بۆ ئەوەی کە یاسایەکانمان دەردەکەین ئیستیناد بکەینە سەر ئەو ماددانەی لە دەستوور هەیە.

4 - دووبارە ڕێکخستنەوەی ئیدارەی پەرلەمان کراوە, لە دووبارە ڕێکخستنەوەیدا ڕەچاوی پێکهاتەی پەرلەمانیش بکرێت, هەموو لایەنەکان و لیستەکان بەشداری پێ بکەن و جێیان بکرێتەوە.

5 - لە مەسەلەی پاسەوانەکانیش من بیستوومە, هەندێك لە ئیدارەی سلێمانی دەیکەن و, هەندێك لە ئیدارەی هەولێر نایکەن, ئەوەشمان بۆ یەکلا بکرێتەوە, ئەگەر مووچە لە ئیدارەی سلێمانی زیاترە, با ئەوانەی ئێمە لەوێ تەعینیان بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە باسێکی زۆر گرنگە, کارا کردنی ئیش و کاری پەرلەمان زۆر لایەنی هەیە, لایەنی سیاسی هەیە, کە بەندە بە فەزا و مەناخی سیاسی, جۆری حوکمڕانی, نیزامی سیاسی لە وڵات, لە هەرێم لەسەر چ ئەساسێك دامەزراوە؟ چەند حوکمی

قانون هەیە، چەند حکومەت بە مەسئوولیەتی خۆی هەڵدەستێت بەرامبەر بە هاوولاَتی؟ چەند مەبدەئی موسائەلە و موحاسەبە هەیە؟ چەند هاوولاَتی وا دەزانێت ئەمە حکومەتی ئەوە سیقەی پێ دەکات؟ چەند بەشداریەکی موستەنیر و مەسئوول و بەرپرسیار، یەعنی هاوولاَتی عام لەگەڵ ئەو حکومەتە، ئەمە هەمووی ئیشێکی گەورە و مەسئوولیەتێکە لەسەر شانی ئێمە، لایەنی فەنیش هەیە بۆ کارا کردنی رۆڵی پەرلەمان، ئەمە یەکەم ئەندامی پەرلەمان خودی خۆی گرنگترین عونسورە، کە ئینسانێکی کوا لەسەرخۆ بکات، بۆ ئەوەی ئیستیعدادات وەربگرێت، ئامادە کاری باشی هەبێت لە رووی سەقافە، پەیوەندی بە هاوولاَتی، کۆکردنەوەی مەعلومات، یەعنی خۆی بۆ خۆی عونسورێکی ئەساسییە.

دووەم/ تەعەددودی فراکسیۆن لەناو پەرلەمان، ئەوەش عاملێکە، دەبێتە زیاتر گەرم کردنی ئیشی پەرلەمان و رۆڵی پەرلەمان زیاتر گەرم و گورتر دەبێت، مەوزوعی لیژنە عامودی فەقەرییە، یەعنی لە ئیشی پەرلەمان و فەعالیەتی پەرلەمان، ئەمەش بەراستی لیژنە ناتوانێت ئیشی خۆی بکاتن، تا حکومەتی شەرعی دانەمەزرێت، ئەمەش برادەران زۆریان باسیان کرد، تاوەکو ئیشەکانی ئێمە وەکو عەرەبانە لە پێش ئەسپە، ئەسپەکەش هێشتا نەهاتووە، ئیعلامی پەرلەمان برادەران زۆر جار وا دەزانن مانای ئەوە نییە، بەس قەناتێکمان هەبێت تەغتییەی ئەعمال و نەشاتاتی پەرلەمان بکەین، ئێمە قەناتێکی پەرلەمانمان هەبێت بەردەوام لە موداوەلات و موناقەشاتی قەزایەی موهیم هی هاوولاَتی و هی خەدەماتی خەڵك باس بکەین، ئەفکار هەبێت پێشی پەرلەمان دابنیشێت لەسەر هەر قەزیەك تەرح ببێت لەسەر جادە مەشروعێك تەقدیم بکرێتن بۆ پەرلەمان، لەو ئیعلامە کراوەیە لەسەر هەموو هاوولاَتی باس بکرێت و زەنگین بکرێت، تا ببێتە تەمهیدێك، یەعنی زەمینە خۆش کردنی پەرلەمان، بتوانێت بڕیار لەسەر بدات، لە هەموو پەرلەمانەکان وەحدات هەیە، وەحدەی مەعلومات و، وەحدەی دیراسات و بحوس، وەحدەی مەکتەبە، ئەمانە زۆر زۆر شتی گرنگ و موهیمن، یەعنی لە پەرلەمانەکاندا بە هەزاران باحیس و موفەکیر لێی ئیش دەکەن، ئێمە زۆر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەین، بەڵکو مەعلومات لێرە هەبێت، مەرکەزی دیراسات و بحوس هەبێت، چەند موفەکیرێك و باحیسێك تەعین بکرێن، تا رەفدی پەرلەمان بکات بە مەعلومات، هەر قەزیەك تەرح بکرێت، یەعنی هەموو لایەنەکان دیراسە بکرێن و تەقدیم بکرێت، نەك ئیکتیفا بە لیژنەی پەرلەمان بکرێت، ئەمە بۆ پەرلەمان خۆی وەحدەی دیراسات، وەحدەی بحوس، بەنکی مەعلومات، مەکتەبەیەکی زەنگین، ئەمە زۆر زۆر پێویستە.

تەئکید لەسەر ئەو خاڵەش دەکەم پەیوەندی پەرلەمان بە هاوولاَتی لە رێگای ئۆفیسەکان، یەعنی ئەمە شتێکی موهیمە، ئەمێلی پەرلەمان، خودی پەرلەمان و مەوقیعی پەرلەمان هەبێت و، پەیوەندیدار بێت لەگەڵ خەڵك ئەمە شتێکی باشە، ئیتحاداتی پەرلەمانات زۆر هەنە لە دوەل، ئیتیحادی پەرلەمانی ئەفریقی هەیە، ئەوروپی هەیە، عەرەبی هەیە، زۆر ئیتیحادات هەنە، ئێمە موحاوەلە بکەین ببینە ئەندامێك لە ئیتیحاداتی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك محەمەد ماوەتی.

**بەڕێز محمد رشید ماوەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی زۆری شتەکان گوترا، بەڵام تەئکید لەسەر شتێك کراوەو، منیش هەر تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە، فەعال کردنی ئەم پەرلەمانە، بە دروست کردنی، یان بە تەشکیل کردنی حکومەتێکی یەکگرتوو، ئەوە ئەساسێکە بۆ فەعال کردنی پەرلەمان، چونکە بەشی زۆری ئیشەکانی ئێمە، بەتایبەتی لە رێگەی لیژنەکانەوە عیلاقەی بە تەشکیل دانی ئەو حکومەتەوە هەیە، من ناڵێم ئەو دوو ئیدارە، من دەڵێم حکومەت.

دووەم/ پەیوەندی بە ریئاسەی پەرلەمانەوە هەیە، ریئاسەی پەرلەمان بەرپرسە لەوەی کەوا هەوڵ بدات بە چاکی لیژنەکان تەفعیل بکات، ئەویش بەلای کەمی یەکەم دانیشتن لەگەڵ هەموو لیژنەیەك لەو لیژنانە، دووەمینیان، دیاری کردنی مەهام و ئیش و کاریان، سێیەم، بەدوا داچوونی کارەکانیان، پیاچوونەکیش بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەتایبەتی مەسەلەی لیژنەکان، چونکە بەڕاستی سەلاَحیاتیان زۆری کاریان بە دوو سێ وشەی بڕاوەتەوە، ئەوانەی هیچ

وا نازانن كە ئیكتیفا بكەن, وا نازانن كە بتوانن ئینسان فەعال بكات, دوایی ئیلزام كردنی ئەندامانی لیژنەكان لەناو پەرلەماندا بە جەلسەكانیانەوەو, بەردەوام بوونیان لە كارەكانیان و پەیوەندی كردنیان.

با دووری مانیع نەبێت, لەجیاتی ئەوە خزمەتێك بە ئەندام پەرلەمان بكرێت بە رێگەی ترەوە, تا بتوانێت ئاسانتر كارەكان بكات.

باسی سندووقێك بۆ سكالاْ نامە لەنێوان هاوولاتیان و پەرلەمان, یاخود كردنەوەی سایدێك, كە ئیشارەتیان پێ بدات, یاخود تەفعیل كردنی نووسینگەی پەرلەمان لە شوێنەكانی تر و, داوا كردن و بلاْو كردنەوەی, تا خەلْك پەیوەندیان پێوە بكات داخوازیەكانی خۆیان پێ بگەیەنێت, بەڕاستی ئەوانە هەمووی عیلاقەی بە ریئاسەی پەرلەمانەوە هەیە, جارێكی تریش دەلْێم دەبێت ئەوان زیاتر هەولْ بدەن ئەم پەرلەمانە فەعال تر بكەن, ئینجا ئەندامان, دوایی دابین كردنی پێداویستی كاری لیژنەكان, هەموو لیژنەیەك بە تەنها پێداویستیەكی زۆری مەكتەبی و ئیداری و سیاسی هەیە, هەتا هەندێكیان پێویستیان بە سەیارات هەیە, كە تاوەكو هەلْسن بە كارەكانیان و ئیشیان بۆ بكرێت, لەگەلْ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا بە پرسیارێك دەست پێ دەكەم, ئایا كە سەرۆكی پەرلەمان كردنەوەی جەلسەیەكی پەرلەمان دەكات, بەناوی خوای گەورەو بەخشندەو میهرەبان دەست پێ دەكات, دوایی بەناوی گەلەوە, لە تەرجوومە بیستم شەعبە, ئایا شەعبی كوردستانت مەبەستە, ئەگەر شەعبی كوردستان بێت, ئایا بە گەلی كوردستانەوە بێت باشتر نییە؟ ئەوە پرسیار و مولاحەزەیێكە.

تەبعەن ئەندامی پەرلەمان مەهامێكی گەورەو تاریخی لە ئەستۆدایە, كە بەپێی قەراری پەرلەمان و قانونیش ئەعلا سولْتەی تەشریعییە لە ولاْتدا, ئەندام پەرلەمان وەختێك دەتوانێت مومارەسەی كاری خۆی بكات و تەفعیل ببێت و جەماوەریش ئومێد و ئاواتی خۆی پێ ببەستێتەوە, كەوا ئەو ئەندام پەرلەمانە موعانات و دەرد و گرفتەكانی ئەو خەلْكە رەش و رووتە, كە جاری وا هەیە كەسێك زۆر مەزلوم و زۆرلێكراوە, دەنگی ناگاتە قائیمقامێك, یان مودیر ناحیەیەك, یان گوێی لێ ناگیرێت, چۆن ئەو پەیوەندییە رێك بخرێت؟ برادەران باسیان كرد بە گشتی رێكخستنی پەیوەندی جەماوەر لە رێگەی ئەندام پەرلەمانەوە بە پەرلەمان, بەلاْم پێم باشە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بەڕاستی هەر جارێ, ئەگەر بە پێنج دەقیقەش بێت چەند خالێكمان پێ بلێت, كە ئەندام پەرلەمان لە شوێنەكەی خۆی چ بكات و چی بكات؟

خالی دووەم/ رێنماییتان كردین, كە ئەندام پەرلەمان ئیتیسالْ بە سولْتەی تەنفیزی نەكات, بۆ ئیشی شەخسی خۆی, چونكە لەگەلْ شەخسیەتی ئەندام پەرلەمان دەشێ نەگونجێت, بەلْكو لە رێگەی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە ئیشەكانی بۆ بكرێت, لێرەدا حالەتێكی نەفسی بۆ ئەندام پەرلەمان دەشێ دروست ببێت, ئەندام پەرلەمانیش وەكو هەر هاوولاْتیەكی ترە, دیارە ئیش و كاری تایبەتی دەبێت, كەیفیەتی ئەو ئیتیسالْ و پەیوەندی كردنە, بەڕاستی هەم ئەندام پەرلەمان بزانێت, هەم سولْتەی تەنفیزیش بزانێت, بۆ ئەوەی گرفت لەنێوانیان دروست نەبێت و لە شەخسیەتی ئەندام پەرلەمان كەم نەبێتەوە.

خالێكی دیكە, وا دەبیستم لە موحافەزەكان, بەتایبەتی نووسینگەی پەرلەمان هەیە, برادەران لە سلێمانی باسی دەكەن, مەسەلەن من لە رانیە دادەنیشم, لە قەلاْدزێش خوشكە سارا لەوێ دادەنیشێت, تەبعەن قەلاْدزێ و رانیە دوورە لە یەكتری, هەم لە سلێمانی و, هەم لە هەولێر, ئەو فەترەی لە پەرلەمان نین و جەلسەمان نییە, یەعنی چ بكەین, ئایا تەنها لە رۆژانی جەلسەی پەرلەمان ئیتیسالْ بە پەرلەمان بكەین, یان كەیفیەتی برادەران لە سلێمانیەوە, لە نووسینگە و شوێنەكان, نازانم لە دهۆكیش چۆنە یەكتر دەبینن, مەسەلەن رۆژانە لە نووسینگە یەكتر دەبینن, هەوالْ و ئەخبار و

شتەكان دەبیستن, ئەو حاڵەتە بەڕاستی بۆ قەلادزێ و رانیە نازانم, چۆن ئالیەتێك تەرتیب بكرێت , بۆ ئەوەی دانەبڕێین هەم لە جەماوەر و, هەم لە پەرلەمان.

خوێندنەوەی یاساكان بە كوردی, دیارە تەرجوومە زۆر گرنگە, بۆ خۆی علمێكە, بە ئیعتیباری ئەوەی ئیختیصاصم لە زمانی كوردی هەیە, بەلاّم وەك تەرجوومەكە زۆر گرنگە, خوێندنەوەكەشی بە زمانێكی پاراو و شیرینی كوردی گرنگترە, بەنیسبەت لیژنەكانەوە باسیان كرد, بەڕاستی من لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ پێم خۆشە هەر لە حزوری جەنابتان دەست خۆشی لە سەرۆكایەتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ بكەم, كە جەلەساتی بەردەوامە غیيابیش نییە, ئێمە لەو لیژنەیە (19) كەسین, تەنیا یەك كەس نەبێت نەهاتووە, ئەویش ئیجازەی وەرگرتووە كە جەنابی كاك غەفورە, باقیەكەی تر بە جددی دەست خۆشیان لێ دەكەم و سوپاسیشیان دەكەم.

بەنیسبەت پاسەوان, تەبعەن سایەقێك و دوو پاسەوان دیاری كراوە بۆ ئەندام پەرلەمان, بەڕاستی دوو پاسەوان زۆر كەمە و زۆر سوپاستان دەكەم و دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من كە گوتم پەیوەندی بە منەوە هەیە, موراجەعەتی حكومەت نەكەن, ئیلا بە رێگەی ئێمە, من مەخسەدم موراجەعەتی تەبیعی نییە, هەموو ئینسانێك موراجەعەتی تەبیعی خۆی دەكات لە دائیرەكان و شتی تر, من مەخسەدم ئەو داواكاریانەی كە نا یاسایین, تەبیعی نین, داواكاری زەوییە, قەبول كردنی فەوقییە, یەعنی منداڵێكی هەیە دەرەجەی كەمە دەچێتن لای سەرۆكی زانكۆ داوای لێ دەكات, یان دەچێتە لای وەزیر, لەبەرچی, وەكو ئەندامی پەرلەمان لە لیژنەكاندا, لیژنەكان چاودێری حكومەت دەكات, كە چووی داواكاریەكی تایبەتی بۆ كرا حاشەكی ئێوە, یەعنی گومان دەكرێت لەسەر چاودێرییەكەت, چاودێرییەكەت قووەتی نابێت, یان با خۆم نموونە بێنم, من خۆم لەگەڵ سەرۆكی زانكۆیەك یەكێكی بۆ قەبول كردم بە شێوەیەكی ئیستیسنائی و دوور لە یاسا, سبەینێ چاودێری جامیعەكەی دەكەم, پێم شەرمە ئەگەر گلەییەكی هەبێت, یان رەخنەیەكی توندی هەبێتن بینووسم, لەوانەیە بە تەبیعەتی ئینسان وایە رەچاوی ئەوە دەكەن, بۆیە ئەو نەوعە داواكارییە نەكرێت, ئەو نەوعە داواكارییە كە نەكرێت قووەتی ئەندامی پەرلەمان بەقووەتتر دەبێت, مەوقیفی بەهێزتر دەبێت, كە دەڵێن موحارەبەی فەساد, ئەو وەختی زمانت درێژتر دەبێت, كەسێك ناڵێت ئەی ئێوە, ئەی پەرلەمان, ئەی بۆ خۆتان ناڵێن, سبەینێ ئەگەر ئێمە موحاسەبەی حكومەتمان كرد, بۆ نموونە گوتمان ئەوەندە زەویەتان دابەش كردووە بەبێ یاسا, یەكسەر مەلەفەكە دەردەهێنێت, دەڵێت سەد و ئەوەندە ئەندامی پەرلەمان زەویتان وەرگرتووە بێ رێنمایی, ئەوە بێ دەنگ دەبین و تەواو, بەلاّم ئەگەر رێنماییەك هەبێتن, بەپێی رێنمایی ئەندامی پەرلەمانیش حەقی خۆیەتی بەو ئیمتیازاتانەی كە هەیە, ئەویش وەریبگرێتن تەبیعی دەبێت, جا لەبەر ئەوەیە خۆ لادان مەخسەدم ئەوەیە, ئەگەر نا چۆن دەتوانم بڵێم موراجەعەتی خۆت مەكە, دەوائیرت هەیە, تاپۆت هەیە, خانوو دەكەی ئیجازەی بینا دەردەهێنی, سەفەرێك دەكەی پەساپۆرت دەردەهێنی, ئەنواع شت هەیە, خۆ ئەندامی پەرلەمان دانەنراوە لەناو شووشەیەك دابنرێت, ئێمە بۆ مەعلوماتان جارێ تا ئێستا (17) كەس قسەی كردووە, (36) كەس ماوە, ئینجا لەبەر ئەوە دە دەقیقەی دیكە قسە دەكەین و سەعات سێ دانیشتنەكە تەواو دەكەین, بەلاّم تكام وایە سبەینێ كە جەلسە دەكەین, ئەو قسانەی كە كرا دووبارەی نەكەینەوە, فەرموو شەمسە خان.

**بەڕێز شمسە سعيد محمود:**

**بسم الله الحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ كاراتر كردنی پەرلەمان, یاخود ئیش و كارەكانی پەرلەمان, پێم باشە كە پێش وەخت بەرنامەی كار دابەش بكرێت, خاڵەكان لەسەر چین, ئەگەر بكرێت لە پەخشەكانی راگەیاندندا, كە ئیعلان دەكرێت كاتی دانیشتنەكان, هەر ئەو خاڵانەش كە بەرنامەی كار باسیان دەكات لەوێش باس بكرێت, چاكترەو شەفافترە بۆ ناو خەڵكیش, كە دانیشتنەكانی پەرلەمان باس لە چی دەكرێت, ئەوە خاڵێك.

خاڵێكی تریشم ئەوەیە، پێشنیارەكان دوای نووسینەوە لەلایەن سكرتێرەوە چاكترە بخرێتە دەنگدانەوە، پێم باشە دەنگی لەسەر بدرێت، بۆ ئەو پێشنیارانە هەندێكی راستەوخۆ یەكسەر وەلأم نەدرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو كەسە، ئەو پەرلەمانتارە هەست بكات گرنگی بە پێشنیارەكەی دراوە، خۆی چاكترە بەلامەوە، كە بخرێتە دەنگدانەوە.

خاڵێكی تر ئەوەیە، لیژنەكان بۆ تەفعیل بوونی خۆیان، ئەوانیش هەر بەرنامەی كاری خۆیان هەبێت، بۆ ئەوەی باشتر تاو و تۆی مەسەلەكان بكەن، حاڵەتەكە موفاجیئ نەبێت و، پابەند بوونیش بە بریاری لیژنەكەوە، یاخود بە سەرۆكی لیژنەكەوە، بۆ نموونە ئەمرۆژە لە لیژنەی داكۆكی كردنی مافی ئافرەت پێشتر گوتمان ئێمە قسەی لەسەر دەكەین، كە نوێنەری رێكخراوەكان قسەی لەسەر بكەن، ئینجا ئامادەی بن، بەلأم نازانم بەبێ ئەوەی سەرۆكی لیژنەكەش ئاگاداری سەردانی ئەو رێكخراوانە بێت بەناوەندی هاوبەشەوە، كە بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان هەر ئەویش ئاماژەی پێ كرد، كە كۆمەڵ نوێنەری نەهاتووە، چونكە شتەكە زۆر موفاجیئ بوو لەلایەن سەرۆكی لیژنەوە نەبوو، حاڵەتەكە بە تاك رەوی من تێگەیشتم، بەخۆتان دەزانن ئێمەش جەماوەری بەرچاوی ئافرەتانی خۆمان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو بەندە دەستووریەی، یان ئەو شتانەی لە لیژنەكە باس دەكرێت تەمسیلی حەقیقی توێژی ئافرەتان بكەین، باشترە كە هەموو رێكخراوەكان ئامادەییان هەبێت و، ئەو شتانەش لە سەرۆكی لیژنەكەوە دابەزێنێت باشترە.

خاڵێكی تر ئەوەیە، بەڕاستی مانەوەی ئەوانەی لە دەرەوەی شارن، بەنیسبەت ئافرەتانیشەوە، كە ئەوە تەرتیباتی بۆ بكرێت، ئاسان كاری بۆ بكرێت، ئەمرۆ ئەوە كێشەی ئێمەیە.

خاڵێكی ترم ئەوەیە، ئاسان كاری بكرێت، بۆ پەرلەمانتاران، بۆ ئەوەی كاریان قورس نەبێت، بەڕاستی ئێمە هەر هەموومان دەبێت چەند هێڵێكی تەلەفۆناتمان هەبێت، كۆرەكێكمان هەبێت، سانایەكمان هەبێت، لەویٚ ئاسیامان هەبێت، یەعنی ئەو شتانە من باسی ئەوە ناكەم یەكگرتنەوەی ئیدارە راستە وەختی دەوێت بۆ خۆی، بەلأم ئالیەتێك دابنرێت بۆ ئاسانكاری ئەوانە، بۆ ئەوەی ئێمە ئەوەندە سیم كارتمان نەبێت، یاخود ئەوەندە هێڵمان نەبێت، كە خۆشمان سەرمان لیٚ تێك بچێت.

خاڵێكی تر مەسەلەی سائیق، ئێستا یەكێكیان من بۆ خۆمم سیٚ سائیقم بانگ كردووە، كە دەزانێت دەوامەكەی لەگەڵ دەوامی پەرلەماندایە، ئیتر بۆ شەش مانگە، یان بۆ چوار ساڵە نایكات ئیشەكەی خۆی بە باشتر دەزانێت، تاكو ئەو پێنج شەش مانگەی لەلای من بەو مەعاشە كەمە بمێنێتەوە، یاخود بەو فەترە كەمە تەعینی تێدا نەبێت، لەبەر ئەوە خۆزگە بەو مەوزوعەی سایق و ئەوانە بچنەوە.

خاڵێكی تریش، پەرلەمان، یاخود پەرلەمانتاران ئاستێكی بەرزیان هەیە، روویەكی بەرزیان هەیە لە رووی كۆمەلأیەتی و لەناو خەڵكدا، من وەكو ئەو برایە ناڵێم وەكو عەشایری، بەلأم بەو چاوە بەرێزەوە كە سەیری پەرلەمانتاران دەكرێت، بۆ خۆی كۆمەڵێك كەس رۆژانە تەكلیفت لیٚ دەكات فلان ئیشم بۆ ئاسان بكە، یان فلانە زەویم بۆ چارەسەر بكە، یان فلانە تەرتیباتم بۆ بكە، یاخود تەعیناتم بۆ بكە، ئالیەتێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو پەرلەمانتارە لە سەلأحیەتی ئیش و كارەكانی خۆی دەرنەچێت، چۆن بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو كۆمەڵە داواكاریانەی جەماوەردا بكات.

خاڵێكی تریش پیاچوونەوە بەسەر پەیرەوی ناوخۆی هەموار كراوە، بەڕاستی كە بۆ لیژنەی مافی ئافرەت، یاخود لیژنەی داكۆكی كردن صیغەیەك نییە، ئەگەر پیاداچوونەوەیەك، یان گۆڕانكارییەك هەبێت، ئەو كاتە دەتوانین صیغەیەك بۆ ئەوە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو سەبریە فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی زۆری لە خاڵەكان گوتران، بەلأم بۆ گرنگی چەند خاڵێك دووبارە دەكەمەوە، یەكێك لەوانە یەعنی بەڕاستی من وەك پەرلەمانتارێك پێم سەیرە كاری سەرەكی پەرلەمان فشار دروست كردنە رۆڵی كارا بینینیتی لە یەكگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە، من وا دەزانم ئەولەویات و رێز بەندی ئەگەر بۆ كارەكانمان بكرێت لەناو پەرلەماندا، ئەولەویاتی كاری

ئێمە چۆنیەتی رۆڵی کاری پەرلەمانە لە یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارە, کە بەداخەوە من تا ئێستا وەك پەرلەمانتار رۆڵی خۆمان نابینم, ئیلا داومانەتە دەست رەحمەتی خۆیان, کەی رێککەوتن و, کەی بیریان دێت ئێمەش موصادەقەیەکی لەسەر بکەین, چونکە بەڕاستی کە ئێمە دەمانەوێت رۆڵ ببینین کار کردنمان لەگەڵ دەزگا تەنفیزیەکانە, دابەزینمانە بۆ ئەو ناوانە, کە ئێستا ئەوان شەریعیان نییە لە لای ئێمە, دووبارە تازە کردنەوەیەك و تەشکیلەی نوێی ئەویّ, بۆیە لیژنەکانی ناو پەرلەمان من وا نابینم رۆڵی کارای خۆیان ببینن و, بتوانن ئیشەکان راپەڕێنن لەم قۆناغەدا, بۆیە پێشنیارم ئەوەیە بەڕاستی, بۆ ئومێدی ئەو خەڵکەیە, جارێکی تر ئومێدیان بۆ بگەڕێنینەوە, ئەو حاڵەتەی کە دروست بوو لە دواکەوتنی پەرلەمان و, وەختێکی زۆر کە تەجاوزی کرد, خەریکە بە هەمان شێوازیش یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە دروست دەبێتەوە, شاری دەبێت, بیّ تاقەتە, نا ئومێدە, رۆژانە ئەو حەقە بەخۆی دەدات, کە ناوێك بنێت بە پەرلەمان, کە رۆڵێکی کارتۆنی دەبینێت, ئێمەش دەستەوەستانین لە وەڵام لەبەردەمیان بەڕاستی, پەرلەمان ببێتە خاوەنی بڕیار, بڕیار بدات, نەك بڕیاری پیّ بدرێت, ئێمە هەوڵ بدەین لێرە بڕیار بدەین, مادام باڵاترین دەسەڵاتە, بڕیارەکانیشمان تەنفیز بکرێت و بەدوا داچوونی بۆ بکرێت و مودەی زەمنی بۆ دیاری بکرێت.

خاڵێك دەبوایە پێشتر بگوترایە, نازانم جەنابتان وەختی موداخەلەتان کەم دانا, ئەو لیژنەیە دەست خۆشیان لیّ دەکەین, کە چوونەتە بەغدا و زمان حاڵی هەموو لایەك بوون و کۆمەڵێك مادده عەرز کراوە, بۆ موسانەدە کردنی ئەو دەستوورە, بەڵام من پێم وایە لە ماددەیەکدا لە جەلسەکانی پێشوودا بڕیارماندا مەرجەعی سەرەکی بۆ مەسائیلی سیاسی دەستووری پەرلەمانی کوردستان بێت, باشتر وایە ئەو ماددانە لەناو ئەم پەرلەمانە بخوێندرا بوایە موصادەقەیەك و کۆ دەنگیەکی لەسەر دروست کرا بوایە, چونکە جەنابتان دەزانن ئەو لیژنەیە کە رۆیشتووتە ئەویّ, ئەوەش وا بزانم جێگای پرسیاری زۆر دەکات, چونکە ئەگەر بێتو مەسەلەن قەزایە سیاسیەکان نەبێت ئیختیصاصی قانونی و دەستووری بێت, هەموو کەس هەیەتی و قابیلیاتیش شمولییە, لیژنەکە نوێنەرایەتی هەردوو حزبی باڵا دەست دەکات, یەکێتی و پارتی, دەبوایە بۆ هیچ نەبێت, بۆ شەرعیەتێکی زیاتر لەم پەرلەمانە ماددەکان بخوێندرا بانەوەو موصادەقیان لەسەر بکرایەو, لیژنەکە ئەو کاتە بەناوی هەموو لایەکەوە دەیبرد, سوپاستان دەکەین و تەئکید لەسەر جۆرێك لەو خاڵانەی کە باس لە بواری خەدەماتی کرا, بۆ پەرلەمان و, بۆ بواری ئەمنی و, بۆ ئەندام پەرلەمانەکان بەڕاستی, ئێستا کە ئێمە لە سلێمانیەوە دێین شەخسی خۆم هیچم پیّ نییە, نە هەویە, نە دەمانچە, نە حیمایەکی ئەوها, هەر ئەوها عەلەڵلا داومانەتە رێگا و رێگا دەبڕین, لێرەش هەر کەسە لە فندقێك بۆ خۆی دەخەوێت, ئەمانە حەق وابوو رۆژگاری پێشتر, پێش دەست بەکار بوون ئالیەتی بۆ دابڕێژرایەوەو, ئێستاش نەچووە بچێت, بەزووترین کات ئالیەتێکی بۆ دابنرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتەن بەحس کردیە, ئەز بکەم لەگەڵ بەڕێزان ئیشارەت پێدایە, بەس ئەز تەئکیدا لەسەر چەند خاڵێك دکەم, ئێك/ ئەمیش بیر نەکەن ئەم ژی بێژم ئەڤ موختەسەر هەمی گەلێك ماندوو بووینە, ئێك ئەم ژی لە بیر نەکەین, ئەم هەمی نوێنەری خەڵکینە, نوێنەری خەڵکیّ مەی کوردستانیّ نێنە, هەمی لێرە حازرن بەس بۆ ئاخافتن, بەس ئاخافەت ئان بێژن و فعل نەبێتن, فعل هەبێت دیّ چ دەبێتن, ئەم خزمەتی خەڵکیّ خۆ بکەین, ئەم چەوا خزمەتیٚ خەڵکیّ بکەین, گلەیی و گازاندەی هەمی دەهێنن وایە, هەتا نوکە نزانین دەهێنن خەڵکێك زێدە زێدە گلەو گازاندە هەی گەل مە, ئەمن حەست دکەین رێگە نیشانەمان بدەنیّ, ئان بگەهێنە وان, پێشنیاریّ مە ئەوە رێگایەك هەبێتن مەرکەزیّ مە, مەسەلەن ئەمە لە دهۆکێنە, ئەوان لە هەولێرێنە, ئان لە سلێمانیە, با رێگایەك هەتا ژووریێکیش بێتن, تەحدید بکرێتن, ئەو فەترەیە خەڵکێك بێتن, وەکو پەرلەمان و, ئان وەکو شەخسێك ئەشێن بچێتن بۆ دائیرەیەك, دائیرا شارەوانییە, دائیرا

تەربیە، هەر جیهەتێك بێتن، بەس نەشێ بچن ماڵ و ماڵ دەرگەی خەڵكێت هەژار، خێزانێت هەژار یا شەهیدا، یا دیا دیا ئەز بۆ بخۆتن، ئەز دەبێژم ئەم چاوا بخشێنین خزمەتە وان بێتن، جا من حەز دكەم تەئكیدە دكەم، با رێگایەك هەبێتن هەتا ژوورێكیش بێتن، خەڵكێك بزانن ئەم گەنجی لێرە حازر دبین بێ قسەدە مە بێتن، با ئەم بشین خزمەتێ وان بێتن، ئەمیش بیر نەكەین و ئەمیش نوێنەری وانین، ئەمی لێرە هاتین هەمی بە دەنگی وان هاتین، ئەمن لێرە حازرم بۆ خزمەتێ وان، یەعنی ئەمن بەرامبەری وان مەسئوولیەتێكی زێدە لەسەر ملی ئێمەیە، بێژەو ئەز تەئكید دكەم ئەڤ بارەگا هەبێتن، ئەز ئیختیصار بێژم.

یا دوێ/ ئەز دبێژم ژی وەكو لیژنا شارەوانی، هەتا نوكە بەس بەتەنێ لیژنا شارەوانییە مە جێهێ كۆبوونەوەی نینە، لیژنا شارەوانی هەتا نوكە نزانین جێهێ كۆبوونەوە لە كێرێ بكەن، ژوور نینە لیژنا شارەوانی.

گەلەك ئەم تەئكید هەبوو، گەلەك بەڕێزان بەحس كر، مەسەلەن هاتن و چوونا مە زاخۆینە ئەبعد نوقتەیە، یەعنی داعی نییە دیسان دووبارە هەبێتن، ئەم حەست كەین هاتن و چوونێ مە ئەمەش ناحیە ماددەیەك بێژن، ئەم بچن داخواستن ئافرەت كەس لەگەڵمان نینە، بەس ناحیەی ئەمنی جیهەتێك بۆمان دەست نیشان كرنێ، چونكی رۆژێك نینە ڤێرێ، ئان سەعاتەك ئەم دڤینن ڤێرێ، ئەم حەست دكەم ئەهمیەت بێتە كرنێ، زێدە زێدە سوپاستان دكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆربەی زۆری قسەكان كران، بەڵام تەنها دەمەوێت باسی ئەوە بكەم، باسی كارا كردنی لیژنەكان كرا، پێم وایە لیژنەكان پەیوەندیان هەیە بەوەی كەوا باسی چاودێری دەزگاكانی حكومەت بكەن و، پێشنیاری پرۆژەی یاسا بكەن بۆ ئەم پەرلەمانە، هەردوو ئەو كارە بەڕاستی بەندە بە یەكگرتنی ئەو دوو حكومەتەوە، تاوەكو ئەو دوو حكومەتە هەر وابن، بەڕاستی هەردوو كارەكە ناكرێت، پێم وایە كاری ئەو لیژنانە تا دێت بەرەو سیستی دەڕۆن، تا ئەو دوو حكومەتە یەكتری نەگرێتەوە، بەڵام تەنها ئەوەی دەتوانرێت بكرێت لەو پەرلەمانە، پێم وایە كۆكردنەوەی زانیارییە لەسەر ئوە وەزارەتانەی، كە پەیوەندیدارن بەو لیژنانەوە.

دووەم/ پیاچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ، وەكو برادەران باسیان كرد و، باس كردنی یاسای هەرێمی كوردستان و، هەندێك چاكسازی كە باس كران، ئەگینا كاری ئێمە وردە وردە بەرەو خراپی دەڕوات، لام وایە زۆر ناتوانین ئیشەكان بەڕێوە ببەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاستان دەكەم، سبەینێ سەعات (11,30) كۆ دەبینەوە، من پێشنیارم وایە تا ئێستا وابزانم بەس چوار لیژنە ماون، ئەوەی كە تاكو ئێستا سەرۆك و جێگر و موقەریری دانەناوەو كۆ نەبۆتەوە، بەیانی فورسەتە لە سەعات نۆوە لێرە دابنیشن لیژنەكانی خۆیان رێك بخەن، بەرنامەیەك دابنێن ئەگەر سەرۆك و جێگر و موقەریریان هەڵنەبژاردووە، با هەڵبژێرن و، سەعات (11,30) كۆ دەبینەوە، تەقریبەن (36) كەس ماوە قسەی بكاتن، سبەینێ ئەوانیش قسەی دەكەن، پاشان موختەسەری خاڵەكانی پێشنیارەكان دەخەینە روو، ئینشائەڵڵا تەواوی دەكەین، بەخێر بێن سەرچاوان.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی - عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی – عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2005/7/20

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)

## چوار شەممە رێكەوتی 2005/7/20

كاتـژمێر (11,55)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شـەممە رێكـەوتی 2005/7/20 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی) جێگری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومـەن, دانیشـتنی ژمـاره(10)ی خـولی دووەمـی هەڵبژاردن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بـە پێـی حوكمـەكانی برگـە (1)ی مـادده (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاری دا بەرنامـەی كـاری دانیشـتنی ژمـاره (10)ی خـولی دووەمی هەڵبـژاردن لـە كاتـژمێری (11,55)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شـەممە رێكـەوتی 2005/7/20 دا بـەم شـێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان.

2- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆیەكی گشتی دەربارەی چۆنیەتی كاراكردنی ئیش و كاری پەرلەمان و چالاكی لیژنـە و ئەندامان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستانی عێراق كۆبوونەوەكەمان دەست پێ دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11,55)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2005/7/20دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

2-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆیەکی گشتی دەربارەی چۆنیەتی کارا کردنی ئیش و کاری پەرلەمان و چالاکی لیژنە و ئەندامان.

جارێ ئەوەم چاك کردەوە, دوێنێ برادەرێك مولاحەزەیەکی دا گوتی گەل مەخسەدی کێیە, من هەر خۆم دائیمەن گوتوومە گەلی کوردستان, ئەگەر شتێکی تریش هاتبێت, کە دەڵێن گەلی کوردستان, یەعنی گەلی کوردستانی عێراقیش, خاڵی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ خاڵی بەردەوام بوون, بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆیەکی گشتی دەربارەی چۆنیەتی کارا کردنی ئیش و کاری پەرلەمان و چالاکی لیژنە و ئەندامان, تەواو نەبووەو پێشنیار دەکەم بکرێتە خاڵی یەکەم و, خاڵی یەکەمیش بکرێتە خاڵی دووەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئەگەر راوەستا بای هەر خۆم پێشنیارم دەکرد, چونکە تەواویان نەکردووە, ئەوەی کە لەو (24) سەعاتەی ڕوویدا, وای کرد هەندێك برادەر لێرە غایب بن, ئەوانەی بەتایبەتی خەریکی لیژنەی دەستوورین, پرۆژەی دەستووری عێراق, یەعنی ئەوەلی پێشنیار کرا, وەکو پرانسیپ تەواو بووەو, هاتووە, لەبەر ئەوە ئەو لیژنەیە کە دانرا بوو, بۆ بەدوا داچوونی دەستووری عێراق, بە پەلە داوای ئەو دوو سێ ئەندامەی کرد لە پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوەیەك بکەن لە دوکان, چونکە پەلەیە, زۆر خاڵی تێدایە, لەگەڵ بڕیارەکانی پەرلەمان ناگونجێت, لەگەڵ ویستی گەلی کوردستان ناگونجێت, بە پەلە دەبێت دیراسەتی بکەن, سبەینێش وەفدی پەرلەمان لە لایەك, کە دوێنێ بڕیارمان لەسەر داوە, لەگەڵ وەفدێکی تر کە لە لایەن پارتی و یەکێتیەوە خۆیان دەچنە بەغدا, لیژنەی پەرلەمانیش سبەینێ دەچێت بۆ بەغدا, بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی کە هەمانە بیدەنە لیژنەی دەستووری عێراقی دائیم, بیدەنە جەمعیەی وەتەنی پەیوەندی بکەن, چونکە بە حەقیقەت ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە نوقسانیەکی زۆری تێدایە, ڕاستە هەندێك مەسەلەی ئەساسی تێدایە, لە مەوزوعی فیدراڵیەت بڕاوەتەوە, بەڵام زۆر ماوە لەسەر مەسەلەی تەفسیلات, باسی تەوزیعی سەروەی تێدا نییە, لە مەوزوعی پێکهاتەی عێراق نووسراوە, هەرچەندە من هەمووی نازانم بە حەقیقەت, چونکە هەمووم نەخوێندۆتەوە, نووسراوە دوو قەومیەتی سەرەکی کوردی و عەرەبی, چەند قەومیەتێکی تر وەکو (تورکمان و کلدان و ئاشوور و سائیبە و شەبەك و یەزیدی) هەمووی تێکەڵ کردووە, کە بەش بە حاڵی خۆم تێی ناگەم, کە یەزیدی قەومییەتیان کوردە, ڕەنگە تائیفی دینییان تائیفیەن جیاواز بن, کەسیشم لە یەزیدی نەدیوە خۆی بە قەومیەتی تر بزانێتن, بەڵێ خصوصیەتیان هەیە, دەبێت ناویان هەبێت و, ڕێزیان لێ بگیرێت و, وەکو تائیفەیەك, بەڵام خۆیان قەبول ناکەن پێیان بگوترێت قەومیەتی یەزیدی, موناقەشەی ئەوەیانە, ئەوان کورد تر بن لە هەندێ بەشی تری کوردستان, بۆیە هەندێك صیاغات و شت هەیە, هەروەها بەنیسبەت سەرۆکیشەوە, سەرۆکیش قەومیەت نییە, جگە لە مەسەلەی تریش, کە پەیوەندی بە هەویەی عێراقەوە هەیە, جا نازانم هەندێ خاڵیان لەو پرۆژەیە بۆ من باس کرد, تا چ حەددێك ئیقرار کراوە, یان ئەو پرۆژەیە تەرەفێکە, بۆیە ئەو کۆبوونەوە بە پەلەیەیان داوا کرد, هەندێك برادەر ڕۆیشتن بۆ ئەوێ و غائیبن لێرە, ئەو پرۆژەیەی کە دوێنێ درا بە لیژنەی قانونی تەواویان نەکردووە, بۆیە من داوام کرد بەردەوام بن لەسەر کۆبوونەوەکانیان, ئەگەر ئەمڕۆ تەواوی نەکەین, دەمێنێتەوەو دوا دەکەوێت, چونکە ئەو برادەرانە سبەینێ دەچنە بەغدا, تا کۆتایی مانگ دوایێ پشوومان دەست پێ دەکات, لەجیاتی ئەوەی بە پەلە داواتان بکەین جەلسەیەکی

ئیستیسنائی بکەین, داوامان لێ کردن دانیشین و کۆبوونەوەکانمان بەردەوام بکەین, تا تەواوی دەکەین, کە تەواویان کرد لێرە بە نیو سەعات لێرە تەوای دەکەین و, وەکو قانون تەشریع دەکرێت, بۆیە ئەو پێشنیارەی کاک تەلعەت خۆی لە خۆیدا عەمەلیەن ئێمە دەستی پێ دەکەین بە خاڵی دووەم, جا ئەو پاش و پێش کردنە, دەبێت دەنگی لەسەر بدەین, تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ئەوەی موافیقە ئەو خاڵەی پێش بخەین دەستان بەرز بکەنەوە, زۆر سوپاس, بەڵێ کاک نوری فەرموو.

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونەکە تەواو بووە, بەلام خەریکە چاپی دەکەن, ئیشەکانمان تەواو کردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چاپ کردن بێت, یان شتی تر مادام نەگەیشتۆتە لای ئێمە, مانای ئەوەیە تەواو نەبووە, بەڵێ کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی خاڵێك هەیە, ئێمە هەتاکو ئێستا لە هیچ دانیشتنێك پیادەمان نەکردووە, کەچی پەیڕەوی ناوخۆی نیزامی دانیشتنەکان, دەڵێت کە دەست بە دانیشتن دەکرێت, دەبێت پاشی ئەوەی بەناوی خواو بەناوی گەل, ناوی غیابەکان بخوێندرێتەوە, لە دوای ناوی غیاب ناوی ئەوانەی کە موبەریریان نییە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە راستە لە پەیڕەوی ناوخۆ هاتووە, بەلام ئەوانەی غیابیشن ناویان نووسراوە, هەموویان ناویان نووسراوە, وەختێکی پێ بکوژین وەختمان کەمە, ئەگەرنا ئێمە دامانناوە لە زمنی بابەتی تەفعیلی پەرلەمان باسی دەکەین, نەك بەس ناویان بنووسین, نیزامی داخیلی تەتبیق دەکەین, ئەوەی سێ جار غیاب بێت قەتعی موخەسەساتی هەیە, یەعنی ئەوەش بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین, پێش ئەوەی موناقەشەکە دەست پێ بکەینەوە, ئەوەی دوێنێ ئاماژەی پێ کرا, تکام وایە دووبارە نەکرێتەوە, ئەوەی ئاماژەی پێ کراوە, باسی کراوە, ئەم خاڵانەی خوارەوەن رەچاوی ئەوە بکەن, ئەوەی کە قسە دەکاتن, جارێکی تر ئاماژە بەو قسانە نەداتەوە:

1- زۆربەی ئەوانەی قسەیان کرد, داوایان کرد پەرلەمان تەفعیل بکرێتن.

2-نووسینگەکان, نووسینگەکان بکرێنەوە لەو شوێنانەی کە پێویستە وەکو کەلار و رانیە و هەڵەبجە و شوێنی تریش کە پێویستی پێ بێت, ئەگەر ژمارەی ئەندامیان لە حەددی ئەدنای کە پێویستە موتەوەفیر بێت.-

3-پێداویستی لیژنەکان, چییان پێویستە لە ناحیەی موخەسەسات, سەیارە, باس کراوە.

4-مەسەلەی پاسەوانانی ئەندامانی پەرلەمان ژمارەیان زیاد بکرێت و جێیان دیاری بکرێت, ئەوەش باس کراوە.

5- رێکخستنی ژوورەکان, ژوورەکانی پەرلەمان کەموکوڕییان بێ فەرق و جیاوازی, ئەوەش حەقی خۆیتان, باس کراوە.

6- مووچەی ئەندامی پەرلەمان باس کراو, دەرماڵەی ئەندامانیش باس کرا.

7- بەدواچوونی کاری لیژنەکان لە لایەن سەرۆکایەتیەوە.

8- لیژنەی بەدوا داچوونی ماددەی پەنجاو هەشت, کە دابنرێت و کارەکانی دەست پێ بکات باس کراوە.

9- دروست کردنی لیژنەی ئەمنی دژ بە تیرۆر ئەوەشیان ئاماژەی پێ کراوە.

10-خۆ ئازاد کردنی لە ئیلتیزامی حزبی لەناو پەرلەمان ئەوەندی بکرێت, ئەوەشیان باس کراوە.

11- رێکخستن و دەعوەت نامەکان, کە بۆ ئەندامانی پەرلەمان دێت لە کاتی پێویستدا پێیان بگات.

12- ئەزمەی ناو شارەکان, بەتایبەتی ئەزمەی ئاو و کارەبا ئاماژەی پێ کراوە.

13- داکۆکی کردن له مافی هاوولاَتیان له هەموو بوارێکدا.

14- وفودی پەرلەمان کە دەچێتە دامو دەزگاکانی حکومەت رێك بخرێت.

ئەم خالاَنە خالّی سەرەکی بوون, کە ئاماژەی پێ کراوە, تکایە ئەوەی تەنیا ئەم قسانەی هەیە, تەنیا ئەوەندەی بڵێتن قسەکانی من کرا, شتێکی تر ئەگەر هەبێتن بیکاتن, مەمنونی دەبین ئەگەر یەکێك بڵێت قسەکانی من کراوە, چونکە وەختەکەشمان کەمە و (36) کەسیش ماوە قسە بکاتن, وەکو دوێنێ ئەگەر هەموو قسەی بکەین بەخوا سبەینێش تەواو نابین, کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دوێنێ زۆر قسەی باش کرا, بەس من پێم چاکە ئاماژە بەوە بکەم, کە پەرلەمان دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سیستەمی دیموکراتی, سیستەمی دیموکراتیش سیستەمێکی موتەکامیل و تەواوە, هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ دەگرێتەوە, ئەم سیستەمە لە لای ئێمە نییە, یەعنی ئێمە لە ولاَتێکی دیموکراتی ناژین و, سیستەمێکی دیموکراتی لە ولاَتی ئێمە پیادە نەکراوە, باوەڕیشم نییە بەم زووانە پیادە بکرێت, ئەوەی هەیە لە ولاَتی ئێمە بەڕاستی کۆمەڵە بنەمایەکی ئازادییە, کە هەندێ جار ئازادییەکە ئەوەندە پانتایەکی گەورە وەردەگرێت سنووریش دەبەزێنێت, زیاد لە پێویستە, مەبەستی من لێرە چییە؟ لێرە ئەوەیە کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئێمە کارا نین وەکو پەرلەمان, ئەوەیە کە ئەمە تاقی کردنەوەیەکی نوێیە, ئەمە شتێکی نوێیە بەڕاستی, لەگەڵ ئەوەشدا کە شتێکی نوێیە و, ئێمە کۆمەڵە گلەیی و گازاندەمان لێ هەبێت, بەلاَم دەمانەوێت کارای بکەین و زیاتر بەرەو پێشی ببەین و, خۆی لە خۆیدا شتێکی گەورە و دەستکەوتێکی گەورەی هەبێت و گرنگی پێ بدرێت, بۆیە من بە چاکی دەزانم جەخت بکەمەوە سەر ئەوەی بەڕاستی کە ئێمە دێینە ئێرە, راستە هەر یەکە لە ئێمە لە رێگەی رێکخراوێك و حزبێکەوە هاتوونەتە ئێرە, بەلاَم دەبێت وەکو نوێنەری خەڵك رەفتار بکەین, پێش ئەوەی وەکو نوێنەری حزبەکانمان و نوێنەری رێکخراوەکانمان رەفتار بکەین, ئەمە لە لایەك و لەو لایەنانەی کە ئێمە دەتوانین کاری پەرلەمانی پێ کارا بکەین, یەکێك لە ئەرکەکان وەکو باس کرا ئەرکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمان بریتی یە لە چاودێری کردنی کاری حکومەت, بوونی دوو ئیدارە لە کوردستاندا یەکێکە لەو کۆسپە گەورانەی کە کەوتۆتە بەردەمی پەرلەمان, کە ناتوانێت کارەکانی وەکو خۆی بکات, بۆیە پێویستە بە زووترین کات بارودۆخی سیاسی کوردستان و قۆناغی خەباتی ئەمڕۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بە رەچاو وەربگیرێت و قیادەی کوردی هەرچی زووە زووتر بڕیار بدات بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەکان و, تاکو حکومەتێکی یەکگرتووی کوردستان هەبێت و, پەرلەمانیش باشتر بتوانێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکات, بەڕاستی پێویستە ئێمە میکانیزمێك بدۆزینەوە, بۆ ئەوەی پەیوەندی ئەندامانی پەرلەمان و موئەسەسەی پەرلەمان لەگەڵ جەماوەردا پتەو بکەین, لێرە زۆر باسی هەندێ مەسەلەی ئەمنی کرا, هیوادارم ئەمە نەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە گۆشە گیر بین و زیاتر لە خەڵك دابڕێین, بەپێچەوانەوە, ئێمە دەبێت میکانیزمێك بدۆزینەوە, بۆ ئەوەی زیاتر بچینە ناو خەڵك و کێشەکانی خەڵك بزانین, کێشەکانی خەڵکیش بەڕاستی دەبێت لێرە رەنگ بداتەوە, ئێمە وەکو سیستەمەکە نوێیە و, ئێمەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان بەڕاستی تاقی کردنەوەیەکی وامان نییە, شتێکی چاك دەبوو, ئەگەر هاتو کۆڕ و کۆبوونەوەو دەورەش بکرابایەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان, فێری ئەوەیان بکردینایە چۆن ئێمە کار بکەین؟ چۆن لەگەڵ خەڵکدا مامەڵە بکەین؟ تەنانەت هەندێ مەسەلەی پرۆتۆکۆلی هەیە, ئێمە لێرە نایزانین, بۆیە بە بیرو بۆچوونی من ئەگەر ئەو شتانە بکرێت و گرنگی پێ بدرێت شتێکی چاك دەبێت و داوای لێبووردن دەکەم و, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی راستی بێت یەکەم خالّ من لە بیرم چوو بیخوێنمەوە لەسەرەوە نووسیمە, کە دوێنێ هەموو لایەك قسەی لەسەر کردووە, یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەیە, بەلاَم لە خوێندنەوەکە تۆزێك لەسەرەوەتر نووسرا بوو بەرچاوم نەکەوت بوو, ئەگینا دوێنێ هەموو ئاماژەیان پێ کرد, کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکانی من زۆری باس کران, بەڵام ئەوەی کە دەمەوێت ئیزافەی بکەم ئەوەیە, کە بەڕاستی ئێمە ماددەی پەنجاو هەشت و نووسینەوەی دەستوور و لیژنەی دەستوور, ئەوە زۆر تەئکیدی لەسەر دەکەینەوە, بەڵام بەلای منەوە لەوە گرنگتر ئەوەیە, ئێمە بتوانین لە کاتی ئەو راپرسییە, بەتایبەتی پەرلەمان کە موئەسەسەیەکی یاسا دانەرە, موئەسەسەیەکی شەرعییە, لە هەموو موئەسەسەکانی کوردستان رۆڵی سەرەکی هەبێت لە شی کردنەوەی ماددە بە ماددە, ئەو دەستوورە لەناو خەڵکدا, بەتایبەتی لیژنەی قانونی لە هەموو لایەنە باش و خراپەکانی ئەو ماددانەی کە لە دەستووری داهاتووی عێراقدا دەنووسرێتەوە, بتوانین بەشێوەیەك خەڵك تێبگەیەنین, لە کاتی دەنگدان بۆ ئەو دەستوورە, خەڵك بتوانێت بە ئاسانی ئەو ماددانەی کە مافەکانی میللەتی کورد زامن دەکات, دەنگ بەوە بدات, ئەوەشی کە لە بەرژەوەندی میللەتی کورد نییە, ئێمە بتوانین و خەڵك وا تێبگەیەنین ئەو ماددانە لە بەرژەوەندی ئێمە نییەو دەنگی بۆ نەدرێت, ئەوە زۆر بە زەرووری دەزانین, ئێمە لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا, بتوانین کۆڕ و کۆبوونەوە لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا, بتوانین خەڵك بە چاکی تێبگەیەنین, بەڕاستی ئەوە ئەرکێکی زۆر مێژووییە کەوتۆتە سەر ئەستۆی ئێمە, چونکە ئەگەر تەماشای ماددەی پەنجاو هەشت بکەین هەموومان بە بالأیدا هەڵدەدەین, راستی ئەو ماددەیە ماددەیەکی زۆر تەمومژاوییە, واش نووسراوەتەوە, بۆ ئەوەی جێ بەجێ نەکرێت, بەڕای من رەنگە کەمترین مافی کورد لەو ماددە ئیشارەی پێ کراوە, کە هەموومان زۆر بە ماددەیەکی گرنگ و موهیمی دەزانین, بۆیە من دەڵێم ئەو فورسەتەشمان لە دەست نەچێت, ئێمە هەوڵ بدەین لەکاتی خۆیدا بتوانین خەڵك بە باشی تێبگەیەنین, بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێت رەئی بدات.

خاڵێکی ترم هەبوو, سەبارەت بە نووسینی ئەو قانونانەی کە بە کوردی زۆر لێرە ئیشارەی پێ درا, بەڵام من پاساوێك بۆ ئەو نووسینە دەهێنمەوە, پاساوی یەکەم ئیشارەتی بۆ کرا, لەبەر ئەوەی پەرلەمان پەرلەمانی کوردستانە, بەڵام پاساوی دووەم ئەو برادەرانەی کە قانوونین دەزانن, هەر قانونێك کە دەنووسرێتەوە کاتێك جێ بەجێ دەکرێت, ئەگەر کێشەیەك هەبوو لەسەر جێ بەجێ کردنی ماددەیەکی قانونی, یان وشەیەکی قانونی مەسدەری تەفسیری ئەو قانونە ئەو زمانەیە کە یەکەم جار پێی نووسراوە, ئەو زمانەیە کە تەجرووبە کراوە, بۆ ئەوەی ئەوەندە بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرێت, بۆیە لە کاتێکدا ئێمە قانون دەنووسینەوە باش وایە بە زمانی کوردی بێت, بۆ ئەوەی زمانی کوردی سەرچاوەیەك بێت بۆ لێکدانەوەو جێ بەجێ کردنی ئەو زمانە.

خاڵی سێیەمیش ئەوە بوو, بەڕاستی من رەخنەم هەبوو لە کاتی هەموو کۆبوونەوەکان, یەعنی لە (6/4)ەوە تاکو ئێستا قەت لە کاتی خۆیدا کۆبوونەوە نەکراوە, دیاری کراوە, بەڵام نەکراوە, ئەمەش رەنگە پاساو بدات بۆ هەموو ئەندامێکی بەڕێزی ئێرە, ئەویش بۆ خۆی زۆر ئیلتیزام نەدات بە مەوعیدەکانی, لەبەر ئەوەی سیقەی نییە, کە دەوترێت سەعات (10) سەعات (11,30)ە, کە دەوترێت سەعات (11) سەعات (12)یە, یەعنی حەز دەکەم ئەوە لەبەر چاو بگیرێت, چونکە ئەگەر ئێمە بەرزترین دەسەڵاتین تەنزیمەمان بەم شێوەیە بێت, ئێمە قانون دانەری خەڵك بێن, دەبێت دەزگاکانی خوارەوە وەزعیان چۆن بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك رەفعەت.

**بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شتانەی کە من دەمویست بیڵێم زۆربەی زۆری باس کراوە لە لایەن خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمانەوە, تەنیا من دوو خاڵی بچووکم هەیە دەمەوێت باسی بکەم, یەکێکیان ئەوەیە کە گەندەڵی ئیداری و فەسادی لەناو دەوائیری هەرێمی کوردستان بەهەردوو بەشەکەیەوە گەیشتۆتە رادەیەك, کە بۆتە قسەی رۆژانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان, بۆیە من داوا دەکەم و پێشنیار دەکەم, کە لیژنەیەکی نەزاهەت دروست بکرێت, بۆ رێ گرتن لەو فەسادە, ئەوە یەك.

دوو/ بۆ نووسینگەی سلێمانی پێشنیارێکم هەیە, بۆ ئەوەی ببێتە نووسینگەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان, ئەو مەسروفاتانەی هەمانە, کە تاکو ئێستا بە سوپاسەوە فراکسیۆنی سەوز سەرفی دەکات, پێشنیار دەکەم کە بچێتە سەر بودجەی پەرلەمان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی تێبینیەکانم برادەران دوێنێ باسیان کرد, وەك کردنەوەی نووسینگەی پەرلەمان, بەلاّم یەك تێبینیم هەیە, بەڕاستی زۆر پێویستە کافیتریایەکمان هەبێت, کافیتریایەکی مۆدێرن, ئەگەر بۆ خۆشمان نەبێت, با بۆ مێوانانی پەرلەمان بێت.

تێبینی چوارەمم, دوێنێ پەرلەمانتاری بەڕێز کاکە رۆمیۆ داواکارییەکی هەبوو, ئەویش داوای کرد کە بەرنامەی کارەکانمان بە زمانی عەرەبی پێشکەش بکرێت, نەك بە زمانی کوردی, بەڕاستی ئێمە خۆمان, نەك هەر بەرنامەی کارەکانمان بە زمانی کوردی بخوێنینەوەو تێیان بگەین, ئەی چۆن داوا دەکەین زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانێکی رەسمی بێت لە پاڵ هەموو عێراق, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتی وای نەگوتووە, بەس حەقی هەیە وەلاّم بداتەوە, فەرموو کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبووردن دەکەم لە برای بەڕێزمان کاك زرار, من قەت ئەو داوایەم نەکردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لە جیاتی تۆ گوتم وای نەگوت بە غەڵەت تێگەیشتووی کاك زرار, فەرموو خاتوو سۆزان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر زۆر سوپاستان دەکەم, زۆربەی برادەران خاڵەکانیان باس کرد, بەلاّم من هەندێك ئیزافاتم هەیە, بەنیسبەت کردنەوەی دەورە و, تەبعەن کەسمان بە پەرلەمانتاری لە دایك نەبووین, هەموو دەبێت فێر بین, بەلاّم ئەگەر ئێمە یەکێك نەبێت فێرمان بکات, خۆمان ئەگەر فێریش بین, لەوانەیە هەندێك هەڵە بکەین, من پێشنیاری ئەوە دەکەم, بەتایبەتی ئێمە ئیتر لەمەودوا پرۆژە تەقدیم بکەین و بەتەماین هەندێك گۆڕانکاری و شتی وا بکەین, هەندێك مونەزەمات هەیە لێرە پەیوەندیان پێوە بکرێت وەکو ئایە, ئاسك, بۆ ئەوەی چۆنیەتی تەرح کردنی فیکرەی خۆت بۆ موقابیل و, دارشتنی وەکو پرۆژەیەك, ئەوە زۆر زۆر گرنگە و, چۆنیەتی کۆبوونەوە کردن, چونکە ئێمە دائیمەن زۆربەی کاتی کۆبوونەوەکانمان بە قسەی دووبارە درێژ دەبێتەوە.

پێویستیمان بەڕاستی لە هەموو جەناحێك هەیە, یەعنی لە هەموو جەناحەکان ژووری پەرلەمانتارەکانی لێیە, هیچ نەبێت یاخود سکرتێرێکی لێ بێت, یاخود تایپستێکی لێ بێت, هیچ نەبێت تۆ ئەگەر بتەوێت شتێك بە پەلە تایپ بکەی بدەیتە دەست ئەو کەسە, یەعنی کارمەندێکی کۆمپیوتەر بێت, یان سکرتێرێك بێت بە ئیشی سکرتێر هەڵبستێت, دوێنێش وا بزانم یەکێك لە برادەرەکان باسی (نێت وۆرك)ی کرد بۆ پەرلەمان, بۆ مەوزوعی هەمووومان کە یەك عینوانمان هەبێت, کە کاتێك کارتێك تەقدیم دەکەین بەناوی پەرلەمانەوە بێت, ئەوە کار ئاسانی بۆ ئێمەش دەکات و, بۆ ناوەندیش دەکات لە ناوخۆماندا, کە چۆن پەیوەندی بکەین بە یەکەوە.

گلەییەکیش دوێنێ لێم کردی وابزانم, بۆ ئەوەی برادەرانیش ئاگادار بن, من زۆر زۆرم پێ ناخۆشە هەموو جارێك, کە لیژنەیەك, یاخود وەفدێك دەچێت بۆ شوێنێك, دەڵێت با ژنێکی تێدا بێت قەیدی ناکات, من لێرەوە بەناوی هەموو ژنەکانەوە داوا دەکەم, لەمەودوا هەموو لیژنەیەك بەو رێژەیە ژنی تیا بەشداری بێت, کە ئیقرار کراوە لە پەرلەماندا نیسبەتی ژن چەندە؟ کە نیسبەتی ژن لە (25٪)ە, زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, لەبەر ئەوەی بە تەعلیق نەبێتن, ئێمە ناڵێین با ژنێکی تێدا بێت قەیدی ناکات, دەڵێین دەبێت ژنێکی تێدا بێت زەروورییە, ئەو دوو رستەیە فەرقی تێدا هەیە, زۆر فەرقی هەیە, ئێمە خۆمان داکۆکی لەسەر مافی ژن و ئافرەت دەکەین, دەڵێین دەبێت تێدا بێتن زەروورییە, ئینجا ئەگەر لە نیسبەکەش زیاتر بێت ئەوە باشترە, لەبەر ئەوە ئەو توهمەیەمان ماوێ پاڵێ, دوایێ کێ لە حەق ژن و ئافرەت دێت, فەرموو کاك حاتەم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاڵێکی زۆرم لەلا نووسی بوو تاوەکو موناقەشەی لەسەر بکەین, بەڵام زۆری برادەرانی پەرلەمانتار باسیان کرد, تەنها یەك دوو خاڵێك هەیە باسی بکەم, ئەویش:

یەك/ ئەو لیژنەی کە لە پەرلەمان دیارە ئەوەلاتیان بووەو, چۆن مەلەفات ئەوەی خۆیان بووە, ئەگەر بێتو ئێمەش وەکو ئەو لیژنانە ئەوانەمان دەست بکەوێت و شتێکی باشە, دەتوانین کۆمەڵێك ئیشی لەسەر بکەین و مەعلوماتیشی لێ وەربگرین, بەم جۆرە لیژنەکان زیاتر چالاك دەبن.

دوو/ بەنیسبەت حیمایە و پێشمەرگەکانەوە, حەقە هەویەکی وایان هەبێت بیان پارێزێت و چەکەکانیشیان بپارێزێت, بۆ نموونە ئێمە و ئەوانەی لە سلێمانی و گەرمیان و ئەو مەنتیقانەوە دێین, زۆر جار لە کەرکووك ناوە ناوە هاتوچۆ دەکەین, رەنگە تووشی ئەمریکیەکان و ئەوانەش ببین, ئەگەر هەویەکانمان بەشێوەیەك نەبێت, رەنگە چەکەکانیان لێ وەربگرن و, خاڵێکی زۆریش هەبوو, بەڵام باس کران, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی ئەو خاڵە لە سێ بەشدا دەیبینمەوە, بەشی سێیەمیانی کە پەیوەندی بە ئەندامانی پەرلەمانەوە هەیە, پێویستیەکان من هیچ باسی لێ ناکەم, تەنها دوو بەشیانی کە کارا کردنی پەرلەمان خۆی و لیژنەکانی, لەوەشدا من بەستیتمەوە بە سێ بەشەوە, من پێم وایە پەرلەمان سێ ئەرکی هەیە لەم قۆناغەدا, یەکەمیان/ پەیوەندی پەرلەمانە بە حکومەتەوە, کە ئەویش دامەزراندنەوەی کابینەی نوێی حکومەتە, کە ئەویش ناچمە تەفاسیلیەوە, ئەوە یەکێکە لە گرنگیەکانی دەبوایە بکرا بوایە, بەلای کەمی بۆ دروست کردنی شەرعیەتی هەر سێ سوڵتەکان, فەسڵی سوڵتاتە لە نیزامی دیموکراتیدا, ئێمەش بڕیارمان لەسەری داوە.

دووەمیان/ پەیوەندی پەرلەمانە بە نووسینەوەی قانونی ئەساسی, کە مەسەلەی دەستوورە, من ئەوەیان دەمەوێت زیاتر قسەی لەسەر بکەم, کە من پێم وایە ئەگەر چی کە ئێستا دەبوایە دەستوور بنووسرایە, من بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە دەبوایە هەرێمی کوردستان دەستووری خۆی هەبوایە, پێش نووسینەوەی دەستوور لە بەغدا, موبەریری ئەساسیش لەوە دەبینمەوە, کە ناکرێت ئێمە پرۆسەی سیاسی کوردستان رەبت بکەین بە دەستوورێك بەتەنیا, چونکە دەستوور یەکێکە لە بنەماکانی, یان ئیش کردن و میکانیزمێك لەناو پرۆسەی سیاسی بەگشتی لە مەسەلەی سیاسی کوردستاندا, زەروور وا بوو دەستووری کوردستان بۆ خۆی بڕیاری دابوایە, ئێستاش دیارە بەڵگەکان ئەوە ئیسپات دەکەن, کە تا ئێستا لە بەغدایە تەفاهومی پێویست بەسەر ئەو ئەساسیەی کەوا تەوافوق هەیە, بۆ بڕیار دانی سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی

دەوڵەتی عێراقی بە ئامانجێکی باش نارِواتە پێشەوە, بۆیە من قەناعەتمە ئێستاش دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین و, ئەو تەعدیلاتانەی کە کراوە لەسەر یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی, کە هەموویان گونجاو و زۆر مەعقولن, دەکرا ئێستا ئێمە ئیسناد بکەینە سەر ئەو تەعدیلاتانە, شێوەیەك لە شێوەکانی قانونی ئەساسی کە دەستووره لە هەرێمی کوردستان ئامادەمان بکردایەو, بڕیارێکی لەسەر بدەین, کە من قەناعەتم وایە لە ئاخیردا ئەم دەوڵەتەی کە ئێمە دەمانەوێت بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە, زۆر زحمەتە بەو شێوەیە بمێنێتەوە, کوردستان هەر دەبێت بکەوێتە بەردەم قەیرانێکی نوێ, کە ئەویش قەیرانی سوڵتەی سیاسییە لە عێراقدا, تاکو ئێستا بەو ئیتیجاهە نارِوات, تاکو پێکهاتەکانی عێراق بتوانن پێکەوە تەعایشی یەکتر بکەن.

بەشی سێیەمیان/ کە من پێم وایە پەیوەندی پەرلەمانە بە خەڵك, ئێمە بەڕاستی دەبێت ئیسپاتی بکەین پاشی ماوەیەکی زۆر لە تاخیر بوونی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان, پاشان کە دانیشتین دوای ئەم مانگە, دەبێت ئیسپات بکەین بۆ ئەو خەڵکە, کە ئێمە بەڕاستی نوێنەری شەرعی خەڵکین, بەڕاستی ئێمە تەنها نوێنەری ئەحزابی سیاسی نین, کە لەڕاستیدا حزبیش نوێنەری خەڵکە, بەلاّم دەبێت ئێمە ئەو ڕەنگدانەوەیە دروست بکەین لەلای خەڵکیش, من بە قەناعەتم ئەوە دەکرێت بە دوو بەش بێت, دوو بەشەکەش, یەکێکیان کە برادەران زۆریان باسیان کرد, کە دەکرێت نووسینگەکان تەفعیل بکرێت لە شارەکان, دووەمیشیان/ من لەوە دەیبینمەوە, کە پەرلەمان بۆ خۆی مانگانە, بەلای کەم مانگانە جەلسەیەك دابنێت, تایبەت بێت بەو مەسەلانەی کە پەیوەندی هەبێت بە خەڵکی کوردستانەوە, ئیتر ئەمە زۆر مەسەلە دەگرێتەوە, هەندێکیان پەیوەندی هەیە بە دانان و بڕیاردانی کۆمەڵێك بنەمای یاسایی لەوانەی کە پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە, هەندێکی پەیوەندی هەیە بەو پرۆژانەی کە لە رابردوودا پەرلەمانی کوردستانی پێشوو, کە لەلای خۆیدا وەکو پرۆژە هێشتبیانەوەو, نەگەیشتۆتە ئێرە, یان لێرە دەکرێت تەواو بکرێت, هەندێکیشی پەیوەندی هەیە بە سیاسیەتی رۆژانەی حکومەت و ژیانی رۆژانەی خەڵکی و پەیوەندیەکانی تر, ئیتر لە بەشێك لەو مەوزوعە زۆربەی برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد, من ناچمە تەفاسیلەوە, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو د. شوکریە.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نزیکەی شەش خاڵم ئامادە کرد بوو, چواریان باس کران, دووانیان ماون, من داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەگەر ڕەزامەندی بفەرموون بەدەرکردنی گۆڤارێك هەر بەناوی پەرلەمانەوەو, ئەمە ستافێکی هەبێت خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و دەستەی نووسەران, کۆمەڵێك بابەت و خواست و گیروگرفت و لیژنەکان و ئەمانە زۆر شتێکی خۆش دەردەچێت, زۆر جار لەناو پەرلەماندا نوکتەیەك و قسەیەکی خۆش دەردەچێت, ئەوە کاك خورشید شێرەیەو, ئەوە کاکە حەمەی حاجی مەحمودەو, جەنابت کە دەکەیتە پێکەنین, ئەو دوو ئینجانەیەی کە لێرە دانراوە لە کوردستانی نوێ من خوێندمەوە, کەوا ئەوە نا تەبیعییەکە هەوای تیا نییە, ئەمە هەوای تیایە, کەواتە ئەمە کاریگەری هەیە, یەعنی شتی زۆر خۆش دەتوانین دروست بکەین لەم گۆڤارەدا و, کۆمەڵێك بابەتی ئەکادیمیش هەر لەسەر پەرلەمان و لیژنەکان و ئەم بابەتانە.

خاڵێکی ترم هەیە, بەڕاستی زۆر جار کۆنفرانس دەبێت, کۆمەڵێك کەسانی بێگانە بانگ دەکرێن لەم ماوەیەدا پێنج شەممە و هەینی و شەممەدا کۆنفرانسێك لە شیراتۆن گیرا, دە ئەکادیمی ئەمریکی بانگ کرا بوون, هەموو بابەتەکانیان لەسەر دەستوور و دیموکراسی و مەسەلەی دین و دەوڵەت و ئەم شتانە باس کران, نزیکەی هەشت پەرلەمانتار لێرە ئێمە بەشداریمان کرد, جێگەی داخە ئێمە زۆر دانە جار لێرە زۆرمان لێرە دەبەن و تەفعیلمان دەکەن لەگەڵ پایە, بەلاّم ئەندامانی تر هیچ عیلمێکیان پێ نییە, جا من پێم باشە ئەو کەسانەی کە لێرە بانگ دەکرێن لەسەر ئەو بابەتانە پێش

ئەوەی جەلسەکان بکەین, ئەگەر بۆ پێنج دەقیقە بێت چی روو دەدات, من هەر نموونەیەکتان بۆ دەگێڕمەوە زۆر تەشەنوجات کەوتە ناو لیژنەکەی ئەوەی کە لە شیراتۆن بەسترا لەگەڵ ئەمریکیەکان, دوایێ یەکێکیان منی بانگ کرد لا وابێ قونسولی ئەمریکایە لە روسیا گوتی من بیست و پێنج دانە ساڵە خیبرەیەکی زۆرم هەیە لە بۆسنا و هەرسك باشترین کار بۆ ئێوە, بۆ ئەوەی زەحتێکی زۆر گەورە بکەنە سەر حکومەتی عێراقی و, هەروەها پەرلەمان مەسەلەی ریفراندۆم زیندوو بکەنەوە, یەعنی مەسەلەی ریفراندۆم وا دیارە ئەمە کارێکە, یەعنی شێواندێکیش دروست دەکات, لە هەمان کاتیشدا ئەو داواکاریانەی کەوا کورد داوای دەکات شتێك خۆی لە خۆیدا مەتڵەبێکی گەورەی میللەتەکەمانە, جا بۆیە من داواکارم هەر کاتێك ئەمە دروست بێت با بێین باسی بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت بە دوو شێوە لەسەر ئەوە قسە بکەم, کە چۆن پەرلەمان تەفعیل بکرێت و, چالاك بکرێت, کاراتر بکرێت, تەبعەن دوو هەدەف پێویستە بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە پێش بخەین, یەکێکیان/ قسە کردن لەسەر خودی پەرلەمان, وەکو سیستەم, وەکو کەسەکانی ناو پەرلەمان, وەکو بینایە و خەدەمات و موستەلزەمات, کە زۆر لە برادەران باسیان کرد و, منیش هەندێکی بۆ مامۆستا نازناز بەجێ دێڵم و, کە قەرارە قسە لەسەر ئەوە بکات.

بەلاّم هەنگاوی دووەم بریتی یە لە پەیوەندی پەرلەمان بە دەوروبەری خۆی, لێرە زۆر لە برادەران قسەیان لەسەر ئەوە کرد, زیاتر تەئکید کردنەوە لەسەر یەکگرتنەوەی ئیدارەکان, بەلاّم من پێم وایە ئەوەش چارەسەری کێشەکەی ئێمە ناکات, شتێکی زۆر رەئیسی هەیە, ئەوەیە زیاتر کێشەکەی ئێمە قوول دەکاتەوە, ئەویش ئەوەیە ئێمە دەزانین لە کۆمەڵگای ئێمە دوو دەسەلاّت هەیە, دەسەلاّتێك بەناوی حکومەت, ئەویتریشیان بەناوی حزب, بەهێزی یەکێك لەو دەسەلاّتانە لەسەر حیسابی لاوازی ئەویتریانە, یەعنی کاتێك تۆ دەتوانیت پەرلەمان و حکومەتێکی بەهێزت هەبێت, ئەگەر تەحدیدی سنووری حزبەکان بکەیت و لاوازیان بکەیت, بەلاّم ئەگەر ئەوان بەهێز بوون, تۆ لاواز دەبیت, لەو حاڵەتەدا کاری تۆ سست دەبێت و ناتوانیت کار بکەیت, بۆیە پێویستە حزبەکان کاتێك دانییان بەوە داناوە, کە پەرلەمانیان هەبێت و حکومەتیان هەبێت, دەبێت ئەو سوڵتە زۆرەی کە هەیانە بیدەن بە پەرلەمان سنوورێك بۆ دەسەلاّتی خۆیان دابنێن و دەسەلاّتی پەرلەمان بەهێز بکەن, کە پەرلەمان دەسەلاّتی هەبوو بەهێز دەبێت, کە بەهێز بوو حەتمەن دەتوانێت کار بکات, کەواتە یەکێك لەو هەنگاوانە, بۆ ئەوەی پەرلەمان چالاك ببێت بەدەست هێنانی دەسەلاّتێکی بەهێزە, ئەمەش چۆن دەکرێت؟ یەك/ بە سنوور دیاری کردنی دەسەلاّتی حزبەکان.

دوو/ بە کەسبی سیقە, یەعنی بە دەست هێنانی سیقەی جەماوەر, یەعنی پەرلەمان وەکو برادەران زۆر قسەیان لەسەر کرد, دەبێت پەیوەندیەکی توند و دروست لەگەڵ جەماوەر دروست بکەن, رای گشتی بۆ خۆیان چەسپ بکەن, کاتێك رای گشتی جەماوەریان بۆ خۆیان کەسب کرد, من پێم وایە ئەوەش هێزێکە شەرعیەتێکی زیاتر بە پەرلەمان دەدات, بۆیە ئێمە دەتوانین بەبێ ترس پشتگیری لە داواکارییەکانی ئەوان بکەین, جا من پێم وایە هەندێك لە برادەرانیش ئاماژەیان بەوە کرد, کە چۆن ئالیەتی پەیوەندی کردن لەگەڵ جەماوەر, من پێم وایە دەکرێت لە رێگای راستەوخۆ, کە خۆمان بچینە ناو ئەوان و, جا کۆڕ و سیمیناریان بۆ رێك بخەین, یان کۆنفرانسات, یان جاری وا هەیە مەسەلەن بەپێی پسپۆڕی ئەو لیژنەیە, لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری پێویستە بچێت لەناو جووتیارەکان دابنیشێت, جا مانگانە بێت بەپێی پێویست کۆیان بکاتەوەو پێویستیەکانیان و داواکارییەکانیان بگوازنەوە بۆ ناو پەرلەمان, لیژنەی ئابووری دەبێت بچێتە ناو چین و توێژەکانی تر, بەهەمان شت دەبێت لیژنەکانی تر بەدوا داچوونیان هەبێت بۆ ئەمە, ئەمە بەشێوەی راستەوخۆ, بەشێوازێکی تر شێوەی ناڕاستەوخۆ دەکرێت لە رێگەی رێکخراوەکان ئێن جی ئۆیەکان, کە ئەوانەی تەمسیل لە هەر چین و توێژێك دەکەن پەیوەندی ببەستین و, ئەوان دێن تەڵەباتەکان و پێداویستیەکان تەقدیمی ئێمە بکەن, یاخود بەرێگای دەزگای راگەیاندن, کە لێرە پێویستە سوپاسی تەلەفزیۆنی زاگرۆس بکەین, کە بەشێوەیەکی خۆبەخش

هاتووە, بەرنامەکان دەگوازێتەوە, داوا دەکەین ڕاگەیاندنەکانی تریش بێن ئەم کارە بکەن, بەڕاستی بۆ ئەوەی پەیوەندی ئێمە بە جەماوەر پتەوتر بێت, ئێمە ببین بە حەلقەی وەسڵ, پەیوەندی ئەوان بۆ گواستنەوەی داواکاری ئەوان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو خاتوو نازناز.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زیاتر لەسەر ئیدارەو ئەو موستەلزەماتانەی کە پێویستە بکرێت و, کار ئاسانی بکات بۆ ئەندامانی پەرلەمان و, تەفعیل کردنیان بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن ئیش بکەن پێدا دەگرم, هەرچەندە بەشێکیان باس کراوە, بەلآم من بەجۆرێکی تر لێرە هەندێك ئیزافە دەکەم.

یەك/ بەشێك لە ئەندامانی ئێمە لەشار و شارۆچکە دوورەکان دێن, پێویستە ئێمە بیر لە میکانیزمێك بکەینەوە کە کێشەکانیان بنەبڕ بکرێت و, هەر ڕۆژ باس لە هاتووچۆی ئەوان و سەختی ڕێگاو بانەکان و, ئەو مەترسیانەی کە لەسەر ڕێگاکانیان هەیە و حەسانەوەیان و ژیان و گوزەرانیان لێرە بکەینەوە, ئەویش من پێشنیار دەکەم, ئێوەش کە دوێنێ باستان کرد, کە لەو ڕۆژانە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت دانیشتنتان هەیە, ئەوە بخرێتە باس و گفتوگۆ لەگەڵ جەنابیان, وا بزانم ئێستا زۆر بە سورعەت ئاوەدانی و مەشاریع زۆر بە خێرایی لە هەولێر جێ بەجێ دەکرێت, بەهۆی ئەو کۆمپانیایانەی کە لە تورکیا و لە شوێنەکانی تر هاتوونە, بەزووترین کات شوقەیەك بکرێت, یاخود ئێمە بیر لە دروست کردنی کەمپێك بکەینەوە لە پەرلەمان, کەمپی ئەندامانی پەرلەمان, پێشتر لە هەولێر هەبوو ئەوەی پشت خانووەکانی ئەمین عامەکان بوو, بەلآم بەداخەوە حکومەتی ئێمە هەڵەیەکی گەورەی کرد, کە ئەمانەی هەموو بەناو کرد و تاپۆی کرد بەسەر خەڵك, نەوەك ئێستا ئەندامانی ئێمە دەچوون لەوێ نیشتەجێ دەبوون, ئەمڕۆ ئێمە تووشی ئەم کێشە گەورەیە نەدەبووین, کە من ئاگادارم لە نزیکەوە زۆربەیان بەڕاستی کێشەیەکی گەورەیە, یەعنی بەڕاستی لەجیاتی ئەوەی تەرکیز بکەنە سەر ئیش و کار و لیژنەکانیان و موتالەعە و خوێندنەوەی کێشەکانی خەڵك, ناچارن بیر لە کێشەکانی خۆیان بکەنەوە, تا ئەوان وەکو پێویست جێگیر نەبن, ناتوانن ئیش بکەن, لەدواییدا ئێمە هەموومان سایقمان هەیە و حیمایەمان هەیە, بەڕاستی ئەوانیش مرۆڤن و زۆر گوناهن, لەبەر ئەو هەتاوە لەو گەراجە ڕادەوەستن جاری وا هەیە پێنج شەش سەعات, دەبێت ئێمە فیکرێکی زۆر زۆر ئەساسیان بۆ بکەینەوە, بۆ زستان و بۆ هاوینەکە, بەزووترین کات شوێنێکی حەوانەوە بۆ سایق و حیمایەکان دابنرێت و کافیتریایەکیان هەبێت, بۆ ئەوەی بتوانن تێیدا بحەسێنەوە, لە دەرگای مەدخەلیش کە دێینە ژوورێ, ئەو دەرگا شووشە گەورەیە پێویستە جیهازی تەفتیش دابنرێت, هەر هەموومان جانتامان لەولا دادەنێین, لەوانەیە بەبێ ئەوەی ئاگامان لێ بێت شتێك لەناو ئەشیایی ئێمە بێت, یان ئەو عەلاگانەی کە ئێمە دەیهێنینە ژوورێ بەبێ ئەوەی کە خۆمان ئاگادار بین, بۆیە هەم پێویستە تەفتیشی سەیارەکان زیاتر بکرێت, چاودێری جادەکان زیاتر بکرێت لە کاتی هاتنی ئەندامانی پەرلەمان, هەم دەرگای مەدخەلیش بەم جیهازە ئامادە بکرێت و, بێجگە لەوەی کە هەموو باسیان کرد, بەڕاستی کافیتریایەکە کافیتریا نییە, من چەند ساڵە مامۆستام لە کۆلیژی ئاداب کە کۆلیژێکە لە دوانزدە کۆلیژی سەلاحەدین زۆریش بێ ئیمکاناتە و زۆریش دواکەوتووە, ئینجا کافیتریایەکەی زۆر خاوێن و پاکتر و ڕێکوپێکترە, من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاك فەتاح نییم, کە دوێنێ باسی کرد و داوای لێبوورنیشی لێ دەکەم کە تەدەخول دەکەم لە پێشنیارەکەی ئەو, چونکە کە برادەران مەزهەبیان جیاوازە, یان جۆرێکی ترە, ئەسڵەن ئەو مەوزوعە نییە, مەسەلە شوێنەکە نەگونجاوە, نەوەك با هەمان ستاف بن, هەمان خەڵکی مەسیحی بەڕێوەی ببەن, بەلآم شوێنێکی گونجاویان هەبێت و پاك و خاوێن بێت, کە نادییەك بێت کە شایستەی ئەندام پەرلەمان بێت بەڕاستی, چونکە ئێمە بە هەر چوار پارچەی کوردستان یەك پەرلەمانمان هەیە, بەلآم بە کەمترین ئیمکانات کە شەرم دەکەین, کە ئەو هەموو خەڵك و میوان و خەڵکێکی زۆر بە شەخسیەت و ئەجنەبی و کوردی خۆمان دێن, بڵێین ئەمە نادییەکەمانە کە تێیدا دادەنیشین, هەروەها ئیستیفادە لە تەکنۆلۆجیای نوێ بکرێت بە زووترین کات, بۆ نموونە هەر لەناو ئەو هۆڵە دەکرێت کۆمەڵێك ئامێری زۆر باشی نوێ سەردەمیانە ئێمە زۆر جار لەو وۆرك شۆپ و

کۆنفرانسانە دەبینین، من پێویستیم بەوە هەیە بە فەرز نوێنەری هەڵەبجەم، کۆمەڵێك کێشەی زۆر جددی هەیە، فلیمێکی دیکۆمێنتی پێنج دەقیقەیی، یان دە دەقیقەیی بێنم لێرە نیشانی هاوڕیانم بدەم، بۆ ئەوەی بزانن وەزعەکە چۆنە، بۆیە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە ئەو هۆڵە موجەهز بکرێت بە نوێترین تەکنەلۆجیا، بۆ ئەوەی هەرچی ئێمە دەمانەوێت راستەوخۆ لێرە بگوازینەوە، بۆ ئەوەی ئاگادار بن بەلای کەمی ئەگەر خەڵك ئاگادار نەبن، ئەو (111) نوێنەرانە ئاگادار بن لەو شتانە، هەروەها ژووری ئەندامانی پەرلەمان بەزووترین کات پێویستە بە کۆمپیوتەرات و خەتی ئەنترنێت مەربووت بکرێت بەڕاستی، چونکە ئەگەر ئەو ژوورانە هەمووی موجەهز بێت، هەر هەمووش زۆر بە جەددی دێن لە ژوورەکان دادەنیشن لە سەعات هەشت دێین دەوام دەکەین تا ئێواری، کە ژوور و نادیەکەت رێکوپێك بوو خەڵك ناچێت بە پەلە نابێت و ئیشەکانیش نامێنێتەوە، چونکە بەڕاستی ئێستا ئێمە لەگەڵ سۆزان خان چەند ئیش دەکەین، ئەو بۆ خۆی مەجبورە کۆمپیوتەرە جانتاکەی خۆی بێنێت، کە خۆی تەندروستی تەواو نییە، دەبێت لەگەڵ خۆی بیهێنێت و لە ژوورەکان داینێت و ئیشەکانیان لەسەر بکەین، ئێمە دەبێت لە دەرەوە بچین موراجەعەی خەڵك بکەین، رەنگە هەندێك شت هەبێت نهێنی بێت، نەتەوێت خەڵکێکی تر بزانێت، ئەوە پێویستە بکرێت، هەروەها سیستمی ئیداریش تا رادەیەك هەست دەکەین سیستمێکی تەقلیدییە و، رۆتین زۆرە، بۆ نموونە ئێستا ئێمە لیژنەی پەروەردە و لیژنەی کۆمەلآیەتی، کە کۆمەڵێك مەشاریع و سەردانمان بەدەستەوەیە، کاك فەرسەت خۆی جەنابی ئاگادارە، تەقریبەن دوو هەفتەیە ئێمە عەریزەیەکمان داوە، بۆ ئەوەی ئیجازەمان بدەنێ و ناوی هەموو ئەندامانی لیژنەی پەروەردەی تێدا بێت، بچین سەردانی وەزارەتەکان و مدیریەتەکان بکەین، تا ئەو سەعاتە ئێمە بە دەستمان نەگەیشتووە، باشە ئێمە داوای بنبڕ کردنی رۆتینی و گەندەڵی دەکەین لە دەوائیری خۆمان، ئەی چۆن لەناو ئەو دائیرە بچووکانە دەکات، کە یەکجار وا نییە، ئیشێك ئەوها بچێتە ژووری و دوو هەفتەی بوێت، دەبێت لە دەوائیری تر چۆن بێت، کە خۆی کاك فەرسەت ئیشارەت پێ دەکات، دەڵێت من نامەم هەبووە لە مانگی سێوە تاکو ئێستا لە وەزارەتی پەروەردە لە تەنیشتمە نەکراوە، مەسەلەن ئیشەکە نەکراوە، جا ئەوە با ئێمە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، ببین بە ئیداریەکی نموزەجی، تاکو خەڵکی تریش چاو لە ئێمە بکات، هەروەها پەیڕەوی ناوخۆش دوێنێ باس کرا، بەڕاستی پێویستی بە پێداهاتنەوەیەکی نوێیە، ئەو لیژنانەش کە وا دروست کراوە وا خۆشە کەوا بەڕاستی موتابەعەیەکی زۆر جددیە، ئەو کۆمیسانەی کە دێت بۆ لای ئێوە هەر ئەویش دیسان مەسەلەی بیروکراسی نەبێت بچێت و لەناو فایلێك بکەوێت، کاری لیژنەکان موتابەعە بکرێت، هەروەها لەبەرچاویش بگرێت لیژنەی ئەکتیف و لیژنەی نا ئەکتیف با لەبەر چاو بگیرێت، ئەو کەسانەی، ئەو سەرۆك و موقەریرو لیژنە و لەگەڵ هەموو ئەندامان، کە ماندوو دەبن و ئیش دەکەن و بلآو دەبنەوە، راستە واجیبی ئەوانە، بەلآم دەبێت جیاوازی هەبێت، ئەگەر ئەوانیش پاداشتی مەعنەوی نادرێن، بەلای کەمی ئەوانەی کە ئیش ناکەن بەڕاستی دەبێت پێیان بگوترێت و لەبەر چاو بگیرێت، کە ئەوان بە واجیباتی خۆیان هەڵناستن.

ئەوەی کە سۆزان خان باسی کرد ووِرك شۆپ زۆر پێویستە بۆ ئێمەی ئەندامان، رەنگە زۆربەمان هەر هەیە لە ئێمەدا رەنگە کاری سیاسەتیشی نەکردووە، رۆژێك لە رۆژان بیری نەکردۆتەوە، کە ببێت بە ئەندامی پەرلەمان، بەلآم ئەمڕۆ قەدەر وا بوو، کە ببێت بە ئەندامی پەرلەمان، ئەوە پێویست بەوە دەکات کە کۆنفرانسی بۆ بکرێت و، ووِرك شۆپی بۆ بکرێت، کۆمەڵێك دیاردەی نوێ هەیە لە دنیای پەرلەمانی نوێ ئەو شارەزا ببێت زائیدەن، پێویستە وفود بە بەردەوامی بنێردرێت، ئێمە لە رۆژەکانی یەکەم باسی ئەو مەوزوعەمان کرد، کە چۆن ئەندامی پەرلەمان فەعال دەبێت؟ ئێمە بەداخەوە نالێین ئەوانەی پێشوو هیچیان نەکردووە، بەلآم ئێمە هەستمان زۆر بە ئیشەکانیان نەکردووە، رەنگە ئیشی زۆر چاك و گەورەشیان کرد بێت، بەلآم ئایا خەتای ئیعلامە جوانیان رانەگەیاند بێ، یان خەتای حزبەکان بووە دیسان، یان خەتای خودی ئەندامەکان بووە، نەیانتوانیوە بێن بە ئێمە بڵێن، ئێمە بەو شێوەیە ئیشمان کردووە، ئێستا ئێمە هیچ باگراوندێکمان نییە، نازانین لەسەر چ ئەساسێك بڕۆین بۆ ئیش کردن هەمووی دەمێنێتەوە سەر جهودی شەخسی، من دەبێت وەکو خۆم نازناز ئیش لەسەر خۆم بکەم بگەڕێم بەدوای مەسادیر و خەڵك و ئەوە، تاکو بزانم چۆن دەبێت ئیش بکەین، بۆیە پێویستە بەزووترین کات میکانیزمێکی وا دابنرێت، وفودی ئێمە دەست پێ بکەن بە چوونە دەرەوە، بەلآم بە بەرهەم، نەك هەر ئاوا بەس چوونە دەرەوەکە بێت بچن پەرلەماناتی دنیا ببینن و ئیش و کاری لیژنەکانیش ببینن،

که لەوێ ئیش دەکەن, لە شتێکی تر بەداخەوە لەوەی کە ئێمە دەتوانین ببین بە پەرلەمانێکی واقیعی, ئەوە لەکاتی ڕووداني ڕووداوێکی گەورە لەو کوردستانە ڕوو دەدات دەم و دەست پەرلەمان دانیشێت, بۆ نموونە گروپی شێخ زانا کە بەو شێوەیە هەموو کوردێکی تاساند, هەموو موجتەمەعی مرۆڤایەتی تاساند, ئێمە هیچ هەڵوێستێکمان لە پەرلەماندا نەبوو, یەعنی دەبوایە ئێمە لێرە دەم و دەست دانیشتنمان کرد بوایە, باسمان لەوەی کرد بوایە کە قانونی قەلاچۆ کردنی تیرۆر دەربچێت, کە ئێمە تا ئێستا هیچ قانونێکمان نییە بەو ناوەیە, چەند دەبێت سزای ئەو کەسانە بکرێت, کە تیرۆر دەکەن لە کوردستان, ئەو دامودەزگایانەی کە یارمەتیان داون و, ئەو دامودەزگایانەی کە ڕێ خۆشکەر بووینە, چۆن دەکرێت لەمەودوا کۆنترۆل بکرێت؟ ئێمە دەبینین ئەو کەموکوڕیانە هەیە, پەرلەمان کە دانەنیشت و قسەی لەسەر نەکرد تاکو ئێستا, بەلام دیسانەکە پەرلەمان دەبوایە دوای ئەوەش بانگی وەزیری ئەوقاف و وەزیری ناوخۆی کرد بوایە, بۆ ئەو ڕووداو و تیرۆریستانەی کە لە هەولێر ڕوو دەدات, ئەوە یەکەم ئیشی ئێمە بوو, بەڕاستی دەبوایە ئێمە لەو مانگە ئەو شتەمان کرد بوایە, وەزیری ئەوقاف تۆ تا ئێستا لەکوێ بووی, بۆ ئێمە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن تۆ نابینین, کە لە پەنای دەزگاکانی تۆوە تیرۆر خۆی هێلانەی خۆی کردووەو ژیاوە, تەنانەت لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنیش نایبینین, جەنابی کاك خورشید شێرە دێت ڕوون کردنەوە دەدات لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس و لە تەلەفزیۆنی کوردستان, بەلام ئێمە ئەو نابینین, وەزیری ناوخۆ هیچ هەڵوێستێکی نییە تاکو ئێستا ئەو ڕووداوانەی کە لە هەولێر ڕوویداوە, نایبینین لەسەر شاشە, ئایا ئەوە واجیبی ئێمە نییە باسیان بکەین, من قسەیەکیشم هەیە بۆ فراکسیۆنەکانیش, یەعنی لەمەودوا بەڕاستی ئەو ئاراستەیە دەبێت بە پێچەوانەی بکەینەوە, چاوەڕێ نەبین هەموو شتەکان لەسەرەوە بۆ ئێمە بێتە خوارێ, جارو بار ئێمەش دەتوانین لێرە شتی ئێمە جەماوەری ترین لەوانەی کە لە ناو مەکتەب سیاسی دانیشتوونە, ئێمە لەناو خەڵکەکەین, ئێمە دەبێت ئەو ڕەئییانە لێرە تەرح بکەین, لەناو فراکسیۆنەکان بڵێین ئەوە ڕەئی خەڵکە, ئەوە دەنگی خەڵکە, خەڵك نارازییە, فەرموون ئێوە چی دەڵێن, ئێمە حەز دەکەین لەگەڵ ئێوە ڕەئیەکان بگۆڕینەوە با لە چوارچێوەی حزبەکەش دەرنەچێت, لە چوارچێوەی بەرژەوەندی حزبەکەش دەرنەچێت, بەلام ئێمە دەستمان لەخۆمان بەرداوە هەموو شتەکان لەسەرەوە بێتە خوارێ, بەو شێوەیە تا وا بێت قەت پەرلەمان فەعال نابێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك فەتاح نەقشبەندی.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشکە نازناز خان فەرمووی کاك فەتاح باسی مەزهەبی کرد بێت, من باسی مەزهەبم نەکردووە, نەشم زانیووە ئەوانە چ مەزهەبێکن خوا ئاگای لێیە, تەنانەت مەبەستی من دیفاع لە پاك و خاوێنی ناو پەرلەمانە, ئەگەرنا موشکیلەم نییە, هەر مەزهەبێك بن, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری تەواو لە قسەکانی خاتوو نازناز خان دەکەم, بەتایبەتی وشەی ئەخیری سەبارەت بە وەزیری ناوخۆ, یەعنی لە دەوڵەتان دەعمێك دەبێت لەنێوان دوو ڤیتار, حکومەت تێك دەچێت, ئێمە چەند ڕووداوی گەورە ڕوویداوە, تاکو ئێستا کەس ئیستقالەی نەداوە, لە سیستەمی یاسای ئێمە, تەنها یاسای ئیرهابمان کەم نییە, ئێمە زۆر یاسا هەیە, پێویستی پێ هەیە, ئێمە با هەمان بێت, وەکو یاسای ئیرهاب, یاسای پاراستنی ژینگە, پاراستنی زمانی کوردی بە یاسا, یاسای مەنعی ئیحتیکار و حوریەی سەحافە, ئێمە پێویستمان پێ هەیە ئەو هەموو یاسایانە بەزووترین کات دەربیکەین, بەتایبەتی زۆر بە پەلەی دەزانم یاسای ئیرهاب, پێویستە ئێمە یاسایەکمان هەبێت پێناسەی ئیرهاب بکات, پێناسەی

ئەوانەی ئینتیما دەکەن بۆ مونەزەماتی ئیرهابی سزاکان دیار بکرێن, ئەوانەی بەشداری لە تاوان دەکەن سزاکانیان دیاری بکرێت, وەکو ئاگادارم تاکو ئێستا خەڵکێکی زۆر گیراوە بەو ئیجرائاتە ئیستیسنائانەی کە وەزارەتی ناوخۆ دەیکات, ئەگەر یاسامان هەبێت بەڕاستی ئەو ئیجرائاتانە دەبنە مایەی ئەوەی خەڵك زیاتر بەرەو ئیرهاب بڕوات, بۆیە بە پەلەی دەزانم کە ئەو یاسایە دەربچێت.

پێشنیاری دووەمم ئەوەیە, کە مونەزەمەیەك دروست بکرێت, یەعنی پێش هەموو شتێك ڕاو و بۆچوونی هەر یاسایەك, یاخود هەر قەرارێك دەربکرێت, پێویستە ڕاو و بۆچوونی خەڵك وەربگرین, ئەوە مولزەم نییە بۆ پەرلەمان, بەڵام شتێکی یارمەتیدەرو هاووڵاتیانیش حەز دەکەن کە بەشدار بن لە دروست کردنی بڕیار.

پێشنیاری سێیەمم ئەوەیە, بەڕاستی ئێمە پێویستیمان پێیە کە قانونێك ببەسین زۆر بە پەلە, ئەو قانونانەی کە هەیتمان زۆری زۆر کۆنە, وەکو قانونی عوقوباتی ساڵی 1969 دەرچووە, یەعنی تاکو ئێستا کۆمەڵگای ئێمە هیچ پێش نەکەوتووە, تاکو پێویستی پێ هەبێت, کە ئەو یاسایانە بگۆڕین, دەربارەی موئتەمەری قانونی, بەڕاستی ئەگەر ئێوەو برادەران موافەقەت بکەن, ئێمە لە ئێستاوە کاری بۆ دەکەین و لیژنەی تایبەتی بۆ دەست نیشان دەکەین لە حاکم و محامین, بۆ نموونە لیژنەکان, لیژنەی قانونی عوقەبات بێت, لیژنەی قانونی مەدەنی بێت, لیژنەی مەتبوعات بێت, ئیستیسنای دەکەین ماددەی بیست و پێنجی قانونی ئیدارەی دەوڵە ئەوەی دەڵێت, کە پەرلەمانی کوردستان ئەم پێنج خاڵەی بۆ نییە, یەعنی کە دەگەینە کاتی موئتەمەرە قانونیەکە, ئێمە هەموو تەعدیلاتەکانمان حازرەو, موئتەمەرەکە بەڕاستی دەبێتە موئتەمەر, چونکە بە تەوسیات دەردەچێت, لەوانەیە ئێمە ئیقراری بکەین, نەك وەکو موئتەمەرەکانی تر تەنیا بەیان خیتامی لە ڕۆژنامەکان بنووسرێن.

پێشنیاریش دەکەم کە قاعەکی شیاو بەڕاستی بۆ پەرلەمانی کوردستان دروست بکرێتن, یەعنی کە کۆبوونەوەی فراوان دەکرێتن, ئێمە ناتوانین تەنها لە هۆڵ دابنیشین, پێویستیمان پێ هەیە بە پەلە قاعە دروست بکرێت.

پێشنیاری کۆتاییم ئەوەیە, بەڕاستی پێش ئەوەی یارمەتی ئەندامان زیاد بکرێت, پێشنیار دەکەم یارمەتی کارمەندەکان زیاد بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك هیوا.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم بابەتە قسە کردن لەسەر چۆنیەتی کارا کردنی ئەم پەرلەمانە, بابەتێکی گرنگە جێگەی ئەوەیە بە هەند بیگرین هەمووومان, لەبەر ئەوەی ئێمە ئەم سەرەتا و ئەم پێشکەکیە چۆن دابڕێژین, نەتیجەکەشی وا دەبێت, گوتراوە هەموو موقەدیمەیەکی باش نەتیجەیەکی باشی دەبێت, من ئەو بابەتەی کە حازرم کردووە, وەکو پرۆژەیەکە لە دواییدا دەیدەمە خزمەتتان لەسێ میحەوەر قسەم کردووە:

میحەوەری یەکەم/ تایبەتە بە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە, کە چەند خاڵێکم ئاراستەی بەڕێزتان کردووە:

1-ئاگا لە یەك بوون و پیادە کردنی بنەماکانی راوێژ و ئازادی و شەفافیەت لەنێوان خۆتاندا, کە هیوامان وایە ئینشائەڵلا هەمیشە وا بتان بینین, تا ئێستا وا بینراون.

2-بیرکردنەوەی بەردەوامتان بۆ کارا کردنی ئەم پەرلەمانە و میسداقییەت پێدانی پاراستنی لە ڕۆتینی و بێ ناوەرۆکی و بێ دەسەڵاتی, کە ئەمە گلەییەکە لە پەرلەمان کراوە لە ماوەی رابردوودا, هیوا خوازین ئێوە چارەسەری بکەن.

3-ڕێز لێنان لە پەیام و ئەرك و دەسەڵاتی پەرلەمان و هەوڵدانی بەردەوام بۆ پیادە کردنی پەیڕەوی ناوخۆ و دووری گرتن لە هەموو جۆرە خەرقێکی یاسایی, کە ئەگەر لە ئێوە شتێکی وا ببینرێت تەئسیری زۆر دەبێت لەسەر پەرلەمانتارەکان.

4-هەوڵدان بۆ دڵخۆش کردنی پەرلەمانتاران و کارا کردن و نرخاندن و هاندان و متمانەی زیاتر پێدانیان و پرسینەوە لە ئەرك و کارەکانیان, کە تا ئێستا جۆرێك لە نە پرسینەوە دەبینرێت, بەتایبەتی لە لیژنەکاندا, لە کاری لیژنەکاندا, کە بەداخەوە لیژنە دامەزراوە, تا ئێستا لیژنەی وا هەیە دانەنیشتووە, سەرۆکەکەی لە دەرەوەیە, ئەگەر جەنابتان موتابەعەتان نەبێت, پێویستە بپرسنەوە لەو شتانە.

5-گرنگی دان بە پیادە کردنی ئیدارەی سەرکەوتوو هەر لە تەخطیط و تەنزیم و تەجیهو موتابەعە و نرخاندنی کاری ئەفرادان, هەروەکو ئەو ئەندامانە ئاماژەیان پێ کرد لە دنیای ئێمە بەڕاستی بەرئەنجام نەبوونی موتابەعە دەرناکەوێت, کوێ باشە و کوێ خراپە, چ ئەندام پەرلەمان هەڵدەستێت بە کارەکانی و, چ ئەندام پەرلەمانێکی تر هەڵناستێت.

6-بەڕێزتان لەکات و مەوعیدەکان و دوا نەخستنی پیادە کردنی عەدالەت و دووری گرتن لە دەمارگیری حزبی و نا یەکسانی, ئاگاداری تەواو لە واقیعی پەرلەمان و ژیان لەگەڵ خواست و داوا و خەمەکانی پەرلەمانتارەکان, کە ئێوە سەرقاڵێتان بە کاری حزبی و دەرەوە دەبێت ناو پەرلەمانتان لەبیر نەباتەوە.

7-سینگ فراوانی و گەورەیی و گیانی رەخنە قەبول کردن و هەڵنەچوون, کە هیوامان وایە هەر وا بن و زیاتر بەرجەستە بکرێت.

8-زۆر گرنگە ئاگادار کردنی ئەندامی پەرلەمان لە هەموو رووداوێك و زانیارییەکان و دووری گرتن لە سیاسەت و مامەڵەی بانێکە و دوو هەوا, بەڕاستی ئەزیەت دانی پەرلەمانتار, یان ئەندامی هەر ستافێك دەدات کە لەناو ئەو دەزگایە شتێك روو بدات ئەم لێی ئاگادار نەبێت, بۆیە داوامان لە ئێوەی بەڕێز ئەوەیە, کە ئاگاتان لەو خاڵە بێت.

9-بە هەڵگرتنی داوا و پێشنیاری پەرلەمانتارەکان و کار لەسەر کردنیان و ڕێز لێنان لە راو بۆچوونیان. ئەم خاڵانە تایبەت بوو بە دەستەی سەرۆکایەتیەوە.

چەند خاڵ پێشنیارێکم هەیە بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لەوانە یەکتر ناسین و هاوکاریمان و بەرجەستە کردنی برایەتی و خۆشەویستی و ئاگا لە یەك بوون و بە دەم یەکەوە چوون, زۆر پێویستە ئێمە سوود لەم هەلەیە وەربگرین, بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی میللەتەکەمانی پێ بکەین ئینشائەڵلا, گیانی بەرپرسیارەتی چوون بەدەم ئەرکەکان و خۆ لانەدان بە مەسئولیەت, کە بەداخەوە جۆرێك لەوە دەبینرێت لە لیژنەکاندا هەستی پێ دەکەین, هەندێك برا و ئەندامی پەرلەمانتار هەیە ناپرسێتەوە لە ئیشەکەی نایەتەوە, بەتایبەتی لە ئاستی مەسئوولی ئەو ئیشە دابێت, یان جێگرەکەیەتی, یان موقەریرەکەیەتی, ئەوە عەیب داریەکە بۆ پەرلەمانتار, بەرژەوەندی گشتی بخەینە پێش بەرژەوەندی تاك و حزبەوە, کە ئەمە پێویستە ئێمە زۆر ئاگامان لەم خاڵە بێت, چونکە هەریەکەمان سەر بە حزبێکین, دەبێت کە هاتیە ئەو پەرلەمانە بەرژەوەندی میللەتەکەمان و بەرژەوەندی گشتیمان لەبەر چاو بێت, خاڵێکی تر هەر پرۆژەو بیرو بۆچوونێك کە خزمەتی پەیام و ئەرکەکەمانی تێدا بێت, بەبێ گوێ دانە ئەوەی لە کوێ و لە چ لایەنێکەوە پەسندی بکەین و پشتیوانی لێ بکەین.

خاڵێکی تر ڕێز لێنان لە یاسا و زەوابتە ئیدارەییەکان, بەڕاستی دەبێت بەلامانەوە ئاسایی بێت, هەموو زەوابتێکی ئیداری لەم پەرلەمانە چۆنە و پەرلەمانتار ڕێزی لێ بگیرێت و تەقدیری بکات.

خاڵێك ڕێز لێنان لە بیرو بۆچوونی قەناعەتەکانی یەکتر, دووری گرتن لەهەر وشە و پێ هەڵسانێك کە سووکایەتی و ئازار دانی یەکتری تێدا بێت, هەر یەکە و تەوجوهو ئاراستەی خۆی هەیە کە ڕێز لە پێشینەی قەناعەتەکانی یەکتر بگرین.

چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ پەرلەمان بەشێوەیەکی گشتی: دانانی بەرنامە و یاسا بۆ کار کردن لەسەر چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا, کە ئەمڕۆ زۆر دەگوترێت و زۆریش نووسراوەو باسی لێ کراوە, هاوسەنگی لەنێوان ئەرکەکان و مافەکاندا بکرێت, بەهێز بوونی پەرلەمان لە بەهێز بوونی ئەندامانی پەرلەمانە لە هەموو ڕوویەکەوە, لەبەر ئەوەی خەم لە بێ هێز بوونی ئەندامانی پەرلەمان بخۆن جەنابتان لە ڕووی زانستییەوە, لە ڕووی ئیدارییەوە, لە ڕووی رۆشنبرییەوە, لە هەموو ڕوویەکانەوە, چونکە ئەگەر پەرلەمانتارەکان بەهێز نەبن پەرلەمانەکەش بەهێز نابێت, سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پەرلەمان لە خولی پێشوودا لەهەردوو ڕووی سلبی و ئیجابییەوە, ئێمە خوێندنەوەی دوانزدە ساڵ پەرلەمان بکەین, چونکە لەسەرمان نووسرا لە قۆناغێکدا لە فەترەی شاغیر بوونی پەرلەماندا, کە پەرلەمان دوانزدە ساڵ بوو خەڵك پێی نەزانی, دوای چوار مانگ کەس پێی نازانێت, زیاد کردنی لیژنەکان و کاراتر کردنیان, دانانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ گوند و لادێیەکانی کوردستان, ئەمە زۆر زۆر گرنگە, یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە ببێت بە ستیراتیج بۆ ئێمە, بەڕاستی ئێمە لەسەری ناوەستین, ئێستا من لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا لە پەرلەمان دانیشتووین گوێ دەگرین بزانین لە هەردوو مەکتەب سیاسی چی دەبێت, دێن لێرە باسی دەکەن با ئێمە لێرە جێ بەجێی بکەین, با ئێمە داوا بکەین لە هەردوو مەکتەب سیاسی با بێین لێرە دابنیشن لەگەڵیاندا و قسەیان لەگەڵدا بکەین, بتوانین یارمەتیان بدەین و نزیکیان بخەینەوە لە یەك, چونکە ئەگەر بمانەوێت و نەمانەوێت قەیرانێکی بێ سیقەیی و بێ متمانەیی هەیە, ئێمە دەتوانین تەئسیریمان هەبێت لەسەریان, دوو تەرف کە هۆی قەیرانی بێ متمانەیی هەبێت, خۆیان ناتوانن بگەنە نەتیجە لە هەموو کاروبارەکاندا.

کردنەوەی نووسینگە ئیشارەی پێ کرا, من پێشنیار دەکەم داوا بکەین لە هەردوو بەڕێز مام جەلال و کاك مەسعود بێن دانیشتنێکیان لەگەڵدا بکەین بە شەفافانە لەگەڵیاندا بدوێین, لەسەر دۆزەکان لەگەڵیاندا قسە بکەین.

خاڵێکی تر بوونی هەموو جۆرە زانیارییەك لەبارەی داهات و میزانیەی هەرێم, ئێستا زۆرمان گرفتمان هەیە ڕێمان بە شوێنێك دەکەوێت لەبارەی هەندێ زانیاریم هەیە, پرسیارم هەیە دەمەوێت پرسیار بکەم وەکو ئەندام پەرلەمان نازانین, من نازانم میزانیەی ئەم هەرێمە چۆنە؟ داهاتەکەی چۆنە؟ چۆن سەرف دەکرێت؟ جا داوامان وایە لە بەڕێزتان بۆمان ڕوون بکەنەوەو, داوا بکەن ئەو زانیاریانە نەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان, میزانیەی هەردوو ئیدارەکە, وەزارەکە, پرۆژەکانیان, بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین موتابەعەی بکەین.

پرسینەو موراقەبە و بانگهێشت کردنی وەزیرەکان و وەزارەتەکان, منیش پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم بەڕاستی, ئەو ڕووداوەی کە ڕوویدا بەناوی شێخ زاناوە, ئەمە ئیستیغلالی سەلبی کرا, هەندێ کەس مەسەلەن شەڕیان بە کۆنە قین دەکرد لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن, کە قیادەی سیاسی تەوەجوهی وای نییە, جێ خۆی بوو پەرلەمان بپرسێتەوەو وەزیری ناوخۆ بانگ بکەین, وەزیری ئەوقاف بانگ بکەین, بزانین مەسەلەکە چۆنە؟ بزانین ئەو هێلانە لە کوێیە ئەو گەرایەی تیادا ناوەو تیایدا گەشەی کردووە, دانیشتنی تایبەتمان هەبێت لەگەڵ سەرۆکی هەرێم, پەرلەمان دانیشتنی تایبەتی هەبێت لەگەڵ سەرۆکی هەرێم, یەکەم جار داوا بکەین لەگەڵ سەرۆکی هەرێم دانیشتن بکەین, دوایی بکرێتە بەرنامەیەك دوو مانگ جارێك, یان سێ مانگ جارێك پەرلەمانتاران قسە لەگەڵ جەنابی مەسعود بارزانی بکەین, بۆ ئەوەی خەمەکانی پێ بگەیەنین و داوایەکانی پێ بگەیەنین, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایان باسی زۆر شتیان کرد, بەس من دوو داواکاریم هەیە, داواکاری یەکەمم ئەوەیە دەمانەوێت بزانین تەمەنی خولی دووەمی پەرلەمان چەندە؟

درێژایی شەش مانگە, ساڵێکە, چونکە تا ئێستا بۆمان ڕوون نەکراوەتەوە.

داواكاری دووەمم ئەوەیە, ئەو كۆبوونەوەی ئەمڕۆ كە جەنابت بەشداریت كرد, لەگەڵ ئەندامانی دارایی حكومەتی سلێمانی و هەولێر بۆمان باسی بكەی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك ئاخیر.

**بەڕێز اخیر شیخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەشی زۆری پرسیارەكانمان كران و تەفسیلاتیان درایێ, ئەوەی سەرەكی بێت بەنیسبەت ئێمەوە باس كردنی یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەیە, پرسیار زۆرە لە جادەكان, با بەڕاشكاوی زیاتر باسی ئەو بابەتە بكەین, لە جادەكان زۆر پرسیار دەكەن, بۆ هەردوو ئیدارە یەكتر ناگرنەوە, ئایا تەمەنی پەرلەمان تەواو دەبێت و, ئەو یەكگرتنەوەیە هەر نابێتەوە, ئەگەر تەمەنی پەرلەمان شەش مانگە, یان لە ئینتیخاباتی ئاییندە, كە بڕیاری لەسەر دراوە وەكو عێراق مانگی دوانزدە ئینتیخابات بكرێتەوە, ئێمەی كورد ئینتیخاباتی خۆمان دەكەینەوە, یان نا, ئەگەر ئێمە ئینتیخاباتمان كردەوە, ئێمە بە چ شێوەیە دەچینە پێش خەڵك و داوای لێ دەكەین, پێش ئەو پەرلەمانە گوتمان ئیدارەكان یەكتر دەگرنەوە, ئێستا چ دەڵێین بۆیان, چونكە ئەوەی گوتمان نەهاتە دی.

دووەم/ ئەگەر یەكتر نەگرنەوە كێ بەرپرسیار دەبێت, پەرلەمان, هەردوو مەكتەبی سیاسی, هەردوو حزبی گەورە, هەردوو بەڕێزان, چ وەڵامی میللەت دەدەنەوە؟ چونكە مەوزوعەكە لەوەی دەرچووە, كە ئێمە بڵێین یەكتر دەگرنەوە, مومكینە سیقەشمان پێ نەكەن, خەڵك سیقەمان پێ نەكات, لە جادە شتێك دەڵێیت بڕوات پێ ناكەن, بۆیە هەندێك هەنگاوی عەمەلی بهاوێشترێت, پێم باشە ڕۆژێك دانێشتنێك بكەین, تایبەت بێت بە یەكگرتنەوەی پەرلەمان, ڕۆژێكیش تایبەت بێت بۆ باس كردنی تیرۆر, چونكە مەوزوعی تیرۆر و زانا مەوزوعێكی زۆر گەورەیە, نە كۆتایی پێ دێت و, نە باس دەكرێت, نە واز لە باسەكەی دێنین, خەڵكێكی زۆریش كوژراوە لەو مەسەلەیە, خەڵكێكی زۆریش بێ سەرو شوێن بووە, ئێستا خەڵك هەیە چووەتە دەرەوە قەناعەتیان وایە كوڕەكەیان لە دەرەوەیەو شێخ زانا كوشتوویەتی, ئێمە بەڵگەمان لە دەستە لەسەر ئەو مەوزوعانە زۆر شتی تریش, جا ڕۆژێك دابنیشن و بانگی وەزیری ناوخۆش بكرێت لەسەر ئەو مەوزوعە.

بابەتێكی تر هەبوو بەنیسبەت پاسەوانی ئەندامی پەرلەمان, بە حەقیقەت مومكینە دوو پاسەوان, یان سێ پاسەوان بۆ ئەندامی پەرلەمان بەس بێت, لەوانەیە نەیەوێت, لەوانەیە لە یەك پاسەوانی زیاتری نەوێت, بەڵام هەندێكی تر دوو یان سێی زیاتری دەوێت, پێمان باشە ژمارەیان زیاد بكرێت و, پاسەوانەكانیش هەروەكو دوێنێ برادەران باسیان كرد بە عەقد نەبێت, بەڵكو بە دائیمی بێت سبەینێ ئەو پاسەوانە لەگەڵ ئێمە كوژرا, یان لەگەڵ ئێمە تووشی حادیسە بوو, چونكە ئەگەر عەقد بوو, تەقاعود نابێت و موستەقبەلی تەئمین نابێت و, ئەگەر دائیمی بێت موستەقبەلی تەئمین تر دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو شوكریە خان.

**بەڕێز شكریە خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە هیچ نەماوە بیڵێم سوپاستان دەكەم كات ناگرم, بەس ئەوەندە دەڵێم, ئەو پێشنیارانەی كە هەڤاڵان باسیان كردووە بەگشتی خستویانەتە ڕوو بۆ بەڕێزتان بەكردەوە بكرێن, یەعنی ئیشی جدیان لەسەر بكرێت و, وابزانم بۆ كارا كردنی پەرلەمان, دەتوانێت كاراتر بكرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە سوپاست دەكەین كە دووبارەت نەكردەوەو كورتت كرد, فەرموو كاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو شتانەی من ویستم باسی بکەم زۆربەیان باس کران, بەس من یەك شت هەستی پێ دەکەم, نازانم ئەو پێشنیارانەی کە هاتوون, چۆن دەکەنە بڕیارێك و بە پەلە کاری پێ بکەین, بۆ ئەوەی شتەکە ببێتە شتێکی عەمەلی, ئەوانە زۆر شت لە سەلاحیاتی ئێمەیە, مەسەلەن پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ خۆ سەلاحیاتی ئێمەیە, زۆر شت لە پێش ئێمەیە دەتوانین ئیشی بۆ بکەین, لەکاتێك زیاتر هەنگاوی باشتر بۆ کارا کردنی پەرلەمان و لیژنەکانی بکەینەوە, ئەوە یەك.

دووەم/ ئەو کۆبوونەوەی ئێستا لەناو خۆمان باسی شت دەکەین, زۆربەی شتەکان کە تەرح کراوە شتێکی گشتی یە مەسلەحەتی گشتی میللەتی تێدا بووە, لەبەر ئەوە بەباشتر و بە ڕەئی من کراوە بوایە, بۆ ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بگوازێتەوە, بۆ ئەوەی بزانن پەرلەمان باسی مەشاکیلی خەڵك دەکات, بە ڕەئی من ئەوە شتێکی زۆر باش بوو, ئەوەی تریش بە پێویستی دەزانم هەر لە ئێستاوە بڕیاری بدەین نووسینگەکان لە پارێزگاکان بکەونە کار, خوشکە نازناز شتێکی چاکی گوت عەناصری تەشجیعی, تا ئێمە بتوانین دیسپلینی خۆمان لەناو پەرلەمان بکەینەوە, ئەو ژوورانە تەجهیز بکەین لە کۆمپیوتەرە لە ئەنترنێتە, لە سەتەلایتە دابین بکەین, دیسپلینێك هەبێت, با بزانن ئێمە ئەندامانی پەرلەمان لێرە دەوام دەکەین, جگە لە دانیشتنەکان و کۆبوونەوەکانی ڕەسمی, چونکە زۆر شتی تر هەیە, ئێمە حوزورمان لێرە هەبێت, تا ئێستا زۆربەمان ناوی یەکتری نازانین, ئەو تەعاروفە پەیدا نەبووە, نازانم ئاهەنگێك بۆ باشتر یەکتر ناسین و تێکەڵ بوون و, بۆ ئەوەی ڕەئی یەکتری بزانین و نەمان کردووە, جگە لەوەش دەتوانین مەسەلەن زۆر جێگا ئاهەنگێك, یان ئیحتیفالێکە, مەسەلەن شتێکە دەکەن, کە مێوانێك دێت جێگای بۆ دادەمەزرێنن لە فندقێك جێگای بۆ حجز دەکەن, پێمان باش بوو لەم بەینە کە کۆبوونەوە دەگرێت, تا ئێمە بتوانین ئیشی خۆمان بکەین, مەسەلەن لێرە مووچەمان وەرگرتووە, ئەرێ موخەسەسات, موخەسەساتی هاتوچوونە و, یان هی فەنادیقە, ئەگەر جێگایەك بدۆزنەوە پێکەوە بین, لەوانەیە ئێواران پێکەوە لە حەوشێك دابنیشین و زۆر شت ئاڵوگۆڕ بکەینەوە, ئیتر سوپاس و سەرکەوتوو بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەوەی قسەکانی کورت دەکاتەوەو دووبارەی ناکاتەوە سوپاسی دەکەین پێشەکی, کاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ کارا کردنی پەرلەمان و لیژنەکان و ئەندامان, بەڵام من قسەیەکم هەیە لەو بابەتە, ئەویش ئەوەیە حەز دەکەم هەروەکو چۆن دوێنێ بەڕێز د. کەمال ئەو پێشنیارانەی کە لیژنەی دەستووری, یان پشتگیری لیژنەی دەستووری کرد, حەزمان دەکرد بۆ پەرلەمان خوێندرا بوایە, ئەو بیست خاڵە لێرە قسەی لەسەر کرا بوایە, ئەوجا بۆ پەرلەمانی مەرکەزی, یان بەغدا ڕەفع کرا بوایە, وا پێ دەچوو زیاتر کارا بوونی پەرلەمانی کوردستانی پێوە دیار بوو بوایە, ئەو لیژنەیەی کە دوێنێ دەست نیشانمان کرد, وەکو لیژنەی پەرلەمان بۆ پشتگیری کردن لە لیژنەی دەستووری لەگەڵ لیژنەی پێشوو, ئەگەر بکرا بوایە زووتر ئەو شێوازە لە پەرلەمان ئەنجام درابوایە, پێم وایە دوو لیژنەی نەدەویست و بەقوەتتر دەبوو, دەبوو بە لیژنەیەکی تۆکمە و بەهێز و, ئەو خاڵانەی کە پێویستە زیاتر باس بکرێن, هەمووشی بۆتە ئەبجەدیاتی حەیات, مەسەلەی فیدراڵیە, مەسەلەی کەرکووکە, مەسەلەکانی ترە, ئەگەر هاتوو لێرە موناقەشە کرا بوایە, وەکو بڵێی ئالیەتێکی باشتری بۆ دیترا بوایە, لەوانە بوو بەقوەتتر دەبوو و, پەرلەمان و ئەندامانیش خۆیان زیاتر بە مەوزوعەکە پێی دەزانی, ئەوەی کە زیاتر قسەی لەسەر کرا, زیاتر لێرەوە دەنگ دەرنەچووە.

چی دەکەن, ئەرێ چۆنە؟ باسی چیتان دەکرد, وەڵلا هەر باسی ئەوەمان کرد, ئەو قانونە چۆن پیادە بکرێت, ئەدی باشە ئەو کارەبایە و, ئەو وەزعە, ئەو خەڵکە, کە هەموو ئەندامان ئیشارەیان پێ کرد بەڕاستی, ئەوجا خودی ئەندامیش خۆی لە خۆیدا مەوزوعێکی موهیمە, خۆ ماندوو کردنی ئەندامی پەرلەمان, با هەر وەزیفە نەبێت مەوزوعەکە خەمخۆرییە, مەسئوولیەتێکی قیامەتی و دنیاییە, ئایا ئەو ئەندام پەرلەمانە چەند خۆی ماندوو دەکات, بۆ ئەوەی تەماشای واقیعی ئەمڕۆ بکات, تا بزانێت چۆنە؟ ئەوجا وەزعی ئیقلیمی و وەزعی نێودەوڵەتی, ئەوجا ئایا ئەو کێشە ڕەوایەی گەلی کورد,

کە کێشەیەکی زۆر زۆر رەوایە, کە بەڕاستی ئێمە ماددەی پەنجاو هەشتمان کردۆتە مەوزوعی قودس و پایتەختی دەوڵەتی فەلەستین, یەعنی کاکە ئەوە ماددەی پەنجاو هەشت, ئەوە کارێکی زوڵمە, پەرلەمان بۆ ئەوە دانراوە, کە رەفعی زوڵم بکات, خەڵکێك دەرکراوە لەسەر شوێن و جێگا و زێدی خۆی بگەڕێتەوە, ئەوە کەی ئەوە ئێمە بڵێین ئەوە حەقە, ئەوە هەر زەوت کردنی حەق و زوڵمە, ئەوەی کە بەزۆری هاتووە, لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە پێمان چاکە, بۆ ئەوەی ئەندامانیش کارا بن و لە دەورێکی بالاً دابن, هەست بە بوونی خۆیان و بە وجودی خۆیان و بەسقلی خۆیان بکەن, پێویستی بەوە هەیە هەم خودی خۆی ئیهتیمام پێ بدات, هەم ئێوەی بەڕێزیش و, هەم لە رووی جەماوەریشەوە, بۆ ئەوەی جەماوەر سیقەی بگەڕێتەوە بە پەرلەمان و بە ئەندامی پەرلەمان, کە شتێکی کانتۆرییەو, هەر لە سەقفەوە بۆ ئەعلا, لە ئەعلاوە بۆ ئەدنا شتی بۆ نەهاتۆتە خوارێ, لە ژێر رکێفی هەردوو مەکتەبی سیاسیدا نەماون, بەڵکو خاوەن قەراری خۆیەتی, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دیارە ئەو برادەرانە بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەبوو, پێشنیاریش زۆرە, ئەوەش پێویستیمان بە کات دەبێت, ئەگەر بکرێتن مانگی هەشت نەکرێتە پشوو, بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین لە ئیش وکارەکانمان, ئیش وکارێکی زۆرمان لە پێشە, دوایێش ئەرکی سەرشانمان قورسە, لەبەر ئەوەی هەردوو بەڕێزان لە کردنەوەی پەرلەمان ئاماژەیان بەوە کرد, کەوا ئەندامی پەرلەمان دەبێت دەوری خۆی ببینێت, دەبێت مواصەلەی ئیشی خۆی بکاتن, هەردوو بەڕێزان ئیشارەتیان پێ کرد, دەبێت ئێمەش وەختمان هەبێت, ئەوە وەختەش بەوە دەکرێت مانگی داهاتوو نەبێتە پشوو, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکرێتن مانگی هەشت, بەپێی نیزامی داخیلی یەك جار تەمدید دەکرێتن, بەلاًم دەکرێت ئەگەر شتێکی طارئ هەبوو جەلسەیەکی ئیستیسنائی بکەین, لیژنەکانیش دەتوانن بەردەوام بن, نووسینگەکان دەتوانن بەردەوام بن, شتێکی پێویستە هەبێتن لێرە دیوان بەردەوامە دەوامی خۆی بە بەردەوامی دەکات, بەلاًم بۆ دانیشتن دەبێت پشووەکە هەبێتن, ئیلا ئەگەر شتێکی طارئ هەبێت, مەسەلەن ئێستا حکومەت کارەکانیان تەواو بووە, دەعوەتێك دەکەین بۆ تەکریمی سەرۆکی حکومەت, کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێت دووبارە باسی هەموو ئەو شتانە بکەمەوە, کە برادەران پێشتر باسیان کرد سەبارەت بە یەکگرتنەوەی حکومەت و کارا کردنی لیژنەکان و مەسەلە ئیدارەیەکان و ئەوانە, بەلاًم ئەوەی کە بە زەرووری دەزانم و قسەی لەسەر بکەم بەڕاستی لای جەنابیشتان لە دەستپێکی کۆبوونەوەکە لە خاڵبەندیەکان گوێم لێ نەبووە لە مەسەلەی دەستوورە, بەڕاستی ئێمە هەموو ئەو شتانەی کە باسی دەکەین لە کوردستان کێشەی پەرلەمان, بەتایبەتی مەسەلەی یاساکانی بە غیابی دەستوور لە کوردستان, بەڕاستی کێشەیەکی گەورەمان رووبەڕوو دەبێتەوە, ئێمە باس لەوە دەکەین کە وڵات بەرەو یاسا و یاسا تێدا سەروەر بێتن, باس لە سیستەمی سیاسی دیموکراسی دەکەین لە کوردستان, باس لە ئایندەی کوردستان دەکەین بەعێراقەوە, باس لە لەیەك جیا کردنەوەی دەسەلاًتەکان دەکەین, باس لە هەموو ئەو شتانە دەکرێت, ئەوانە هەموویان پەیوەندیان بە دەرکردنی دەستوورەوە هەیە, بەڕاستی دواخستنی پرۆژەی دەستوور لە کوردستان کێشەیەکی گەورەیە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان و لەبەر دەم خەڵکی کوردستان و لەبەردەم ئایندەی سیاسی کوردستانیش, بۆیە خاڵبەند کردنی مەسەلەی دەستوور من داوای دەکەم, نەبوونی دەستووریشە بەڕای من, تا ئێستا ئەو

چەند ساڵەی رابردوو، ئێستاکە مەسەلەی کێشەی کەرکووک و کۆمەڵێك کێشەی تری سیاسیمان لە بەغدا روو بەڕوو دەبێتەوە، من پێم وایە ئەگەر دەستوور هەبوایە لە کوردستان، لەجیاتی ئەوەی ئێستا لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بنووسرا بوایە دان بە واقیعی نیزامی سیاسی کوردستان دادەنێین، دەیان گوت دان بەو دەستوورە دەنێین کە لە پەرلەمانی کوردستان ئیقرار کراوە، بۆ مەسەلەی دەستوور پێم باشە، ئەوەی ئێستاش ئێمە لێرە بەڕاستی لە ئەرکە ئەساسیەکانی پەرلەمان ئەوەیە دەرکردنی یاسایە، ئێمە ئەگەر دەستوورمان نەبێت یاسا بە چ دەرکەین، یەعنی حەسبە حاجە دەبێتن ئەو کاتە، یەعنی بەگوێرەی پێداویستی حکومەت، یان لایەنە سەرەکیەکان لە کوردستان یاسا دەردەکرێت، نەك بەگوێرەی گەڕانەوە بۆ دەستوور، کە دایکی یاسایەکانن و، دوا وتەم ئەوەیە تێبینیەکە لەسەر تەواو بوونی جەلسەکان، ئەوە سێ چوار جەلسەیە کە ئێمە دەچینە دەرەوە بەڕاستی زۆر باس لە نیزام و قانون دەکەین، بەلاّم کە دەچینە دەرەوەو جەلسە تەواو دەبێت، تەماشا دەکەین هەموو سەیارەکانی ئەندام پەرلەمان لە دەرەوە راوەستاون لە یەکتری عاسێ بووینە، یەعنی یەك مەجالی یەکی تر ناداتن، هەموو سەیارەکان لە پشتەوە راوەستاون، سەیارەیەك هاتووە لەبەر دەرگا رێگای هەمووانی گرتووە، رێگای لە هەمووان گرتووەو چاوەڕێی ئەندام پەرلەمانەکە دەکاتن، بەلاّم ئەندام پەرلەمانەکە لە بینا نەهاتۆتە خوارێ، من داوا دەکەم هەر کەس شوفێرەکەی خۆی ئاگادار بکاتەوە، با سەیارەکان لە شوێنی خۆیان نەجوولێن، ئەگەر ئەندام پەرلەمانەکە ئەوەندە ئەزیەت دەخوات تا بەردەم پەرلەمان بە پێیان دەڕوات، با تا ئەو شوێنەی کە سەیارەکەی لێیە بچی لەوێ سوار بێت و، بۆ ئەوەی بە ئیسراحەت کەس رێگای کەس نەگرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە زۆربەی زۆری برادەران چوون بۆ ئەو بۆچوونانەی من، منیش نامەوێت کات لە پەرلەمان وەربگرم، بەلاّم پێشنیارێکم هەیە بۆجەنابتان پێشکەشی دەکەم، ئەویش ئەوەیە هەتا ئێستا ئێمە دانیشتنمان لە هۆڵی کۆبوونەوە دیار نییە، چۆن دادەنیشین؟ ئایا ئەگەر دانیشتنمان دیار نەبێت، چۆن دەتوانین ئیشەکانی خۆمان بە رێکوپێکی بکەین و تەنزیم بکەین، ئەوە خاڵێك.

خاڵی دووەم/ جەماوەر زۆر شت لە پەرلەمان داوا دەکەن، بەلاّم هەتا ئێستا وادیارە ئێمە هیچمان پێ نەکراوە، جگە لە دەرکردنی ئەو دوو سێ یاسایە، ئەویش یاساکان سیادییە، هیچ پەیوەندی بە خودی جەماوەرەوە نییە، بۆیە پێم خۆشە ئێمە بتوانین هەندێك بڕیار دەربکەین کە تەماسی موباشیری لەگەڵ جەماوەردا هەیە، هەتا بڵێن پەرلەمان لە کار دایەو، پەرلەمان ئیش دەکاتن و، پەرلەمان خزمەتی میللەت دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك خورشید:

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکم نووسیووە، بەلاّم برایانی ئەندامانی پەرلەمان بە رەشبینی وەرنەگرن، ئەوە واقیعێکە (هەموومان باس لە کارا کردنی پەرلەمان دەکەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە دوێنێنەوە هەریەکە بۆچوونی خۆی باس کرد و پێشنیاری خۆی پێشان دا، شاراوە نییە هەر لە سەرەتاکانی خولی یەکەمی پەرلەمان لە ئەنجامی شەڕی حکومەت و پەرلەمان و وڵات و میللەت لەت لەت کران، ئەگەر چی لە رۆژی 2002/10/4ەوە پەرلەمان لەبەر چاوان یەکتری گرتۆتەوە، بەلاّم خوا هەڵناگرێت هیچ رۆژێك وەکو پێویست کارا نەبووە، چونکە نەویستراوە کارا ببێت، وەکو مەوقیعی ئیفلیجێك بووە، هەندێك جار بۆ ئەو بڕیارانەی کە ویستراوە بە پەرلەمان بدرێت کۆبوونەتەوە، ئەوەی تا ئێستا لەبەر چاوانە ماوەی دوو مانگە خولی دووەمی پەرلەمان دەستی بەکار کردۆتەوە، ئەگەر چی هەندێ بڕیاری زۆر باشی وەرگرتووە، کە بە تەوافوق

له لایەن سەرکردایەتی سیاسی ڕێزداری پەرلەمان, بەلاّم ئێمەش وەکو کابینەی پێشوو تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەرکەکانی خۆمان ڕێك بخەین و پەرلەمان کارا بکەین, ئەگەر بەم کارەو بەم شێوەیە بڕوات, ئێمە هەمیشە ئیفلیج دەبین, لەگەڵ ئەوەش بیر و ڕای زۆر باشیش لەناو قاعەی پەرلەمان بلاّو کراوەتەوەو گوتراوەتەوە, دیارە بۆ کارا کردنی پەرلەمان بە ڕەئی من دەبێت لەدوو بوار کار بکەین, یەکێکیان کە لە دەسەلاّتی خودی پەرلەمانە, ئەویش کارا کردن و ڕێکخستنەوەی ئیدارەی پەرلەمانە و خەدەماتی پەرلەمان و کارەکانی تری وەکو پێویستە, کە برایان بە درێژی باسیان کرد.

بواری دووەم/ کارا کردنی پەرلەمانە, کە خۆی بە نوێنەری گەل دەزانێت, بە دەرەجە یەك لە هەموو کارەکان گرنگتر و مەرجی سەرکەوتنی پەرلەمان, دەبێت هەڵوێستی جددیمان هەبێت, بۆ فشار خستنە سەر هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی, بۆ ئەوەی بەزووترین کات و بێ دواکەوتن هەردوو ئیدارە یەکتر بگرنەوە, حکومەتێکی یەکگرتووی تۆکمەی لێ هاتوو پێك بێنن و, بە بڕوای من هیچ بەلگەیەك نەماوە بۆ دواکەوتنی, تەنها ئەوە نەبێت کە نایەنەوێت یەکتر بگرنەوە, ئەگینا وەکو باسم کرد لە ڕۆژی 2002/2/4ەوە پەرلەمان یەکتری گرتۆتەوە, ماوەی سێ ساڵە بڕیار دراوە, لە هەموو زنجیرە کۆبوونەوەکان دەڵێت بەزوویی حکومەتی کوردستان پێك بێنن, ئەگەر هەر سێ مانگ ئەو لیژنانە کاریان بۆ پێك هێنانەوەو موتوربە کردنی یەکیان بکردابوایەوەو, دیراسەتی کێشەکانیان بکرد بوایە, دڵێك بۆ هەموو کێشەکان چارەسەر دەکرا, بەلاّم تازە بە تازە ئەوە نیشان بدرێت, پاش ئەو هەموو لێك دابڕانە وا ئاسان نییە, بە زوویی و بە پەلە چارەسەری هەموو ئەو کێشانە بکرێن, لەگەڵ هەر بەرپرسێکی هەردوو سەرکردایەتی قسە بکەین, وەکو لە سەرەوە باسم کرد پێت دەڵێم پاش ئەو لێك دابڕانە ئاسان نییە, کێشەکە بە خێرا چارەسەر بکرێت, کێشەی ئێمە کوردی کوردییە, ئەوە شەش حەوت ساڵە, باشە کەواتە نابێت گازاندە لە عەرەبەکان بکەین لە کەرکووك, کە ماوەی زیاتر لە چل ساڵە هاتونەتە کەرکووك, کەواتە نابێت بە ئەوەی وا بکەین, چونکە کێشەی چل ساڵی دیسان بە دوو سێ ساڵ حەل نابێت, لەبەر ئەوە بڕوام وایە هیچ بەلگەیەك نییە, کە ئەوان نیشانی دەدەن بۆ خۆ دزینەوەیە و, بۆ خۆ غافلاّندنە, بۆیە دووبارە تەئکید دەکەمەوە پەرلەمانی کوردستان داکۆکی لەوە بکاتن و, هەردوو ئیدار یەکتری بگرێتەوە, کارا کردنی پەرلەمان خۆی لە چالاکی لیژنەکان دەنوێنێت, ئەگەر لیژنەکانی پەرلەمان کارا بن و, بتوانن بە ئازادی بەپێی یاسا کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن, بە تەئکید باشترین خزمەت بە گەل دەگەیەنێت لە هەموو بوارەکان, بەلاّم ئەگەر حکومەتی یەکگرتوو دروست نەبێت و لیژنەی پەرلەمان بۆ چاودێری کارەکانی حکومەت و, بۆ هەر وەزارەتێك لیژنەیەك دروست کراوە, لەو حاڵەتە هەر لیژنەیەك دەبێت موتابەعەی ئیش و کاری دوو حکومەت و دوو وەزارەت بکات, کە ئەمەش نە دەکرێت و, نە مومکینە, نە لە هەموو دنیاش ئەوە ناکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبیعی لەبەر ئەوەی ئەو جەلسەیە کراوەیە, گوێمان نەداوەتە پرەنسیب و شتەکان, ئەگەر نا مەسەلەن خوتبە, ئەوە وەکو خوتبە وایە, مەسەلەن ئەوە نابێتە سابیقە, یەعنی هەموو جەلسەیەك ناکرێت ئەوها, دووبارەشم قەبول کرد, چونکە زۆر دووبارە بوونەوە هەبوو, ئەگەر نا دەبوایە دووبارە بوونەوەکانیش ڕاگرین, بەس گوتمان وامان دەست پێ کردووە, با واش تەواوی بکەین, بۆ ئەوەش کاك خورشید سوپاست دەکەین قسەی باشی تێدا بوو, بەلاّم ئەگەر لە تەلەفزیۆن بیکەی تەئسیری باشتر دەبێت, کاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە دانیشتنی دوێنێ و ئەمڕۆشەوە ڕاو بۆچوون و تێبینی زۆر باش پێشکەش کران, بۆ کارا کردنی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان, لەڕاستیدا دوو خاڵی گرنگ پەیوەندی بە کارا کردنی پەرلەمانەوە هەیە, یەکەمیان/ یەکگرتنەوە, یان دامەزراندنی, یان پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە, چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کارا کردنی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانەوە هەیە, زۆر لەسەر ئەو بابەتە باس کرا, من نامەوێت قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەم, بەلاّم منیش پشتگیری ئەوە دەکەم, کە بەزووترین کات کابینەی حکومەتی

هەرێمی کوردستان دروست بکرێت, چونکە میللەتیش چاوەڕوانی ئەو رۆژەیە, کە بەزووترین کات ئەو کابینەیە دروست بکرێت, نەك یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارە, بەڵکو دروست کردنی یان پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

خاڵی دووەم/ پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە, بە پەرلەمانەوە هەیە, بە ئەندامانی پەرلەمانەوە هەیە, بە لیژنەکانی پەرلەمانەوە هەیە, زۆر باس کرا کە چۆن کارا بکرێت, راستە ئێمە خۆمان بە نوێنەری میللەت دەزانین, بەڵام ئێمە لە رێگەی کێوە نوێنەری میللەتین, لە رێگەی حزبەکانمانەوە نوێنەری میللەتین, چونکە هیچ کەسێك لە ئێمە راستەوخۆ لە دائیرە خۆی نەپالأوتووە, بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندامی پەرلەمان, بەڵکو ئێمە لە رێی لیستەوە گەیشتین و بووین بە ئەندامی پەرلەمان, کەواتە ئێمە لە رێگای حزبەکانمانەوە گەیشتین و بووین بە ئەندامی پەرلەمان, فراکسیۆنەکانمان حەقێکی تەبیعی خۆیانە تەواو بۆچوونی خۆیان بگەیەنە ئەندامانی خۆیان, بەڵام ئەوە تەنها مانای ئەوە نییە, کە ئێمە چاوەڕێی ئەوە بین لە سەرەوە بریارێکمان بۆ دێت, یان چ تێبینیەکمان بۆ دێت, یان چ راو و بۆچوونێکمان بۆ دێت, ئێمە تەنها ئەوە جێ بەجێ بکەین و دەست لە ئەژنۆ دابنێین, نەخێر , ئەمە وا نییە, بەڵام بە تەئکید زۆر جار لە رێگای حزبەکانەوە کە نەیانگەیاندۆتە ئێرە, هەندێك راو و بۆچوون دەگات, ئێمە مەفروزە بیخەینە بەردەمی, من وەکو فراکسیۆن باسی دەکەم بیخەینە بەردەمی ئەندامی فراکسیۆنەکانمان, بۆ ئەوەی بزانن راو و بۆچوونی حزبەکانمان دەربارەی ئەو مەسەلانە چین, ئەو کێشانە چین, بەڵام ئەوە رێگە لەوە ناگرێت, کە ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان, کە واجیبی سەرەکی ئێمەیە بچینە ناو جەماوەر, لەرێی لیژنەکانیشمانەوە سەردانی دامودەزگاکانمان بکەین, بۆ ئەوەی راو و بۆچوونی جەماوەر و کێشە و گرفتەکانی جەماوەر و دامودەزگاکانی حکومەت بگەیەنینە ئێرە, ئەمەش بە چی دەکرێت, بە چوونە ناو جەماوەر, چوونە ناو جەماوەر بە رێگەی کێوە دەکرێت, با واقیعی تەماشای مەسەلەکە بکەین, نەك لە خیاڵ, من بەتەنها وەکو د. ناصح ناتوانم خەڵك کۆ بکەمەوە, هەندێك دامودەزگا هەن, دەبێت لە رێگەی ئەوانە بۆم بیکەن, ئەمرۆ واقیعەکە وایە, لە رێگەی مەڵبەندەکانەوە, لە رێگەی لقەکانەوە, لە رێگەی کۆمیتەکانەوە, لە رێگەی ناوچەکانەوە, لە رێگەی سەندیکاکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەبێت, دەبێت ئێمە روو لەوانە بکەین, بۆ ئەوەی ئەوان خەڵکمان بۆ کۆبکەنەوە, بچینە ناو ئەو خەڵکەوە, ئەمە حەقیقەتێکە, ئینجا کە من دەڵێم ببوورن کۆمیتە و, یان مەڵبەند, یان لق و ناوچە, مەبەستم هەموو حزبەکانە, لە رێگەی ئەوانەوەو, هەروەها لە رێگەی سەندیکاکانی مەدەنییەوە دەتوانین خەڵك کۆبکەینەوە, بچینە ناو جەماوەرەوە, ئەمە پەیوەندی بە جەماوەرەوە هەیە.

خاڵی دووەم/ کە لە رێگەی لیژنەکانمانەوە, تەبعەن ئالیەتێك هەیە ئێمە چۆن سەربەخۆ ناتوانین بچین لەگەڵ رێزمدا, ئێمە سەربەخۆ ناتوانین سەردانی وەزارەتەکان بکەین, چونکە دەبێت ئێمە پێش وەخت مەوعید وەربگرین لەگەڵ جەنابی ئەو وەزیرە, بۆ ئەوەی بتوانین بچین بۆ لای, چونکە ئەگەر نا ئەو وەزیرە لەوانەیە پێشوازیمان لێ نەکات, چونکە تۆ لە کاتێکی ناوەخت دەچێت, ئەویش لەوانەیە ئیشی خۆی هەیە, ئەویش حەقی خۆیەتی, لەبەر ئەوە پێش وەخت ئالیەتێك هەیە, دەبێت ئێمە لەگەڵ ئەو وەزیرە مەوعید دادەنێین, لەو مەوعیدە دەچینە لای جەنابی, یان وەزیر, یان ئەو شوێنەی کە ئێمە مەبەستمانە, تەبعەن دیسان ئالیەتێك هەیە جەنابی سکرتێری پەرلەمان ئەوەی بیەوێت زیاتر لەو مەوزوعە ئاشنایی بێت, دەتوانێت لەگەڵ جەنابی سکرتێری پەرلەمان قسە بکات, بۆ ئەوەی ئەو ئالیەتەی بە باشی بۆ روون بکاتەوە.

مەسەلەی نووسینگەکانی پەرلەمان, نووسینگەکانی پەرلەمان تەنها ئەوە نییە, ئێمە نووسینگە دەکەینەوە, ببوورە, چونکە من لە ناو مەسەلەکەم, بۆیە هەندێك شت هەیە دەمەوێت روونی بکەمەوە, راستە ئێمە لە سلێمانی نووسینگەمان هەیە, نووسینگەمان هەبوو لە دهۆك, نووسینگەمان هەیە لە ئاکرێ, نووسینگەمان هەیە لە هەڵەبجە, بەڵام نووسینگەکانمان. بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەی, ئەو قسانە هی منە, دەبێت من تەعلیق بدەم لەسەر پێشنیارەکانیان, ئەو پێشنیارانەیان هەموو باس کردووە, تەعریف بۆ پێشنیارەکان بۆ سەرۆکایەتییە, عەفوم دەکەی.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو نووسینگانە تەنها بۆ ئەوە نییە نووسینگە بكەینەوە, دەبێت چالاكانە ئێمە دەور ببینین, بۆ ئەوەی تەواجودمان هەبێت, من پێم وایە لە هەموو شارەكان و, لە هەموو قەزایەكان پێویستە نووسینگە هەبێت, ئەو نووسینگەیەش وەكو برای بەڕێزم یەكێك لە ئەندامانی پەرلەمان باسی كرد, دەبێت ئەوانە هی فراكسیۆنەكان نەبن, ئەو نووسینگانە هی پەرلەمان بن, چونكە لە حەقیقەتدا ئەوەی دهۆك فراكسیۆنی پارتی سەرپەرشتی دەكرد تەمویلی دەكرد و, ئەوەی سلێمانیش فراكسیۆنی سەوز تەمویلی دەكرد, لەبەر ئەوە دەبێت ئەمانە سەر بە فراكسیۆن نەبن, دەبێت سەر بە پەرلەمان بن, دەبێت نووسینگەی پەرلەمان بن, تەبعەن لەگەڵ ئەوەشدا وەك گوتم چوونە ناو جەماوەر زۆر زۆر زەرووریيە, حیمایەكانمان باس كرا, هەندێك لە ئێمە مەجبورین و ناچارین روو لە شارەكان بكەین, بەداخەوە كە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی كوردستاندا نین, بۆ نموونە كەركووك, یان لە رێگەی توزەوە دەچین, هەندێك لە ئێمە خەڵكی گەرمیانە ناچارین بەو رێگایانە بچین, حیمایەكانی ئێمە پێویستیان بە هەویەی رەسمی هەیە, تا بناسرێن, هەتا هی خۆشمان دەبێت هەویە و چەكی خۆمان هەبێت, تەبعەن ئەگەر بۆ یەكێكمان بكرێت, دەبێت بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان بكرێت, چونكە لەوانەی ئێستا سبەینێ بڵێن بە ئێمە فەرموو بچین بۆ بەغدا, فەرموو بچین بۆ مووسڵ, فەرموو برۆ بچین بۆ هەر شوێنێك, دەبێت شتێكی وامان هەبێت, كە هەموو ئەندامێكی پەرلەمان لەگەڵ حیمایەكانی ئەو ناسنامەیەی هەبێت, كە ئێمە بتوانین پێی برۆین.

پێداچوونەوەی پەیرەوی ناوخۆ, میسالم هەیە داوای لێبووردن دەكەم, من پێم وایە پەیرەوی ناوخۆ پێویستە بە كوردی بنووسرێت, نەك هەر پەیرەوی ناوخۆ, هەرچیەك روویدا بێت دەبێت بە كوردی بنووسرێت, ئەویش بكرێتەو سەرچاوەی یەكەم, چونكە بۆ میسال دەڵێین, ئێمە مەشكیلەیەكمان هەبوو لەسەر ئەوەی پێش ماوەیەك ئایا ئێمە دانیشتنەكانمان لەسەر حوروفی  هیجائ بێت, یان ئەبجەدیی بێت, بۆ ئاگاداری لە پەیرەوی ناوخۆ بە هەر دووكی نووسراوە, بە كوردیەكەی نووسراوە بە حوروفی هیجا, حوروفی هیجاش مەعلومە (ئەلف, بێ, تێ, جیم, حێ, خێ, دال.......), بە عەرەبیەكەشی نووسراوە حوروفی ئەبجەدی, باشە كامەیان ئێمە پەیرەو دەكەین, ئێمە جاری پێشوو پێویستیمان بەوە نەبوو, بەڵام ئێستا لەوانەیە پێویستیمان بەوە هەبێت, ئێمە فراكسیۆنێكین, یان چەند فراكسیۆنێكین, ئێمە لە واقیعدا چەند فراكسیۆنێكین, لەوانەیە برادەرانی تریش بۆ خۆیان فراكسیۆن دروست بكەن, چەند گروپێك, چەند لایەنێك فراكسیۆنێك دروست بكەن, یان هیچ نەبێت وەكو گروپ بمێننەوە, ئەوانیش حەقی خۆیانە جێگەیان بۆ دیاری بكرێتن لەناو هۆڵی پەرلەماندا, بۆ ئەوەی ئەوەی كە ئێستا هەیە بەم شێوەیە دووبارە نەبێتەوە, لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی پێشنیارەكانی من وتران, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من زۆر پشتگیری لەو پێشنیارانە دەكەم كە وتران, یەك شت دەڵێمەوە سەد گوتن گوری كریارێك بن, ئێمە حەز دەكەین ئەو پێشنیارانە كە كرا بە كردەوە بێت و ببینین, چونكە لە موجتەمەعی ئێمە زۆر قسە دەكرێت, هەمووشمان زۆر زۆر جوان دەزانین قسەی جوان بكەین, بەڵام كە دێینە كردەوە بەداخەوە هیچ كردەوەیەك نابینین, ئێمە حەز دەكەین بە كردەوە ئەو شتە ببینین, یەعنی لێرە دڵنیاشم هەموو ئەندامانی پەرلەمان بە گیانێكی روحیەتی كار كردنەوە هاتوونە, زۆر حەز  دەكەن هەموویان كار بكەن, زۆر حەز دەكەن هەموویان خزمەتی میللەتەكە بكەن, ئیتر ئالیەتێكمان هەبێت بۆ چۆنیەتی ئیش كردن و كارا كردنی پەرلەمانەكەمان, ئەو پێشنیارانەی كە كران رەچاو بكرێن, یەك شتم ماوە بیڵێمەوە, هەرچەندە كاك سەردار هەركی ئیشارەی بۆ كرد, ئەویش یاسای پاراستنی زمانی كوردییە, یاسای پاراستنی زمانی كوردی لەو مەرحەلەیە زۆر زۆر

گرنگە، ئێمە لە ساڵی 1992ەوە، لەسەر هەڵدانەوە تاکو ئێستا سەربەخۆینە، بەڵام کە دەبینین زمانی کوردی وەزعی زۆر شڕە، ئێمە دەبێت یاسای پاراستنی زمانی کوردی دەربکەین، بەوەش لە کۆڕی زانیاری کوردستان داوا بکەین کۆنگرەیەك ببەسترێت بۆ دانانی فەرهەنگی زمانی کوردی، کە بەداخەوە تاکو ئێستا ئێمە فەرهەنگێکی جامعمان نییە، بۆ زمانی کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا کۆڕی زانیاری کوردستان لیژنەیەك دابمەزرێنێت، بۆ یەکگرتنەوەی زاراوەکان لە سەرتانسەری کوردستان، یەعنی ئەو شتانە لەناو خەڵك بڵاو بکاتەوە، ئیتر هەر کەسێك بە کەیفی خۆی موستەڵەحێك، زاراوەیەك دانەنێت، کە لە راگەیاندن بێت، یان لە تەلەفزیۆن بێت لە هەموویان یەك جۆرە زاراوە بەکار بهێنرێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەی حازرم کرد بوو بەبێ بەڵام دەیڵێم، ناڵێم بەڵام و ئەوەیان وت، هەندێکی پێشنیارە بۆ پەرلەمان و، هەندێکی تایبەتە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئەو پێشنیارانەی تایبەتە بە پەرلەمان، یەعنی داوا دەکەم دوایی بخرێتە دەنگدان، چونکە وابزانم گرنگن.

1-لە سەرەتای هەر دانیشتنێك خاڵی گەرماو گەرم هەبێت، ئەگەر پێویست بوو، وەکو ئەوەی باسیان کرد مەسەلەی تیرۆر، یەعنی هەر کەسێك بۆ خۆی لەم دیو و لەو دیو لێدەدات و بە ئارەزووی خۆی قسە دەکات، مادام ئێمە ناونراوین مەرجەعیەتێکی سیاسی و یاسایی، پێویستە قسە لێرە بکرێت بەڕاستی، لەسەر ئەو شتە گرنگانە، شتی تریش هەیە، شتی نەتەوەیی، بەڵام ئێستا ئەمڕۆ ئەوە هەبوو.

2-پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەمەش بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەنجومەن هەر ئیشێك دەکات، یان حکومەت ئینشائەڵڵا لەمەودوا ئەگەر دامەزرا، هەر ئیشێك دەکات بە راپۆرت ئەنجومەنی لێ ئاگادار بکرێت.

3-هەر لیژنەیەك، یان بەشداریەکی پەرلەمان، کە دەکرێت بەڕاستی با بە بڕیاری ناو پەرلەمان بێت، یەعنی لیژنەیەك دروست دەبێت دوو کەس دەڕوات وەڵڵا فلان و فلان لە پەرلەمانی کوردستان، بەبێ ئەوەی کەس ئاگاداری بێت، یەعنی تکا دەکەم ئەوە دووبارە نەبێتەوە، لەسەر دانیشتنەکانیشدا زۆر جار دەبینین، یەعنی چەند رۆژێکە دووبارە دەبێتەوە لە دانیشتنی پەرلەماندا، ئەوە چارەسەرێك بکرێت باشە.

4-داوا دەکەم لیژنەیەکی زمانەوانی لە ئەندامانی پەرلەمان دابنرێت، یەعنی زۆر قسە کرا لەسەر ئەو کوردیەی کە دەوترێت، وابزانم پێویستی هەیە لیژنەیەکی زمانەوانی هەبێت و بەو لیژنەیەدا تێپەرێت، تەبیعییە ئەو کەسەی کە شت دادەڕێژێت، یەعنی ئاگای لای مەزمونە، ئاگای لای داڕشتن نییە، بەڵام ئەو لیژنەیەی کە تایبەتە بە داڕشتنەوە، تەنها ئاگای لە داڕشتنەکە دەبێت.

5-پێشنیارێکی تر، رۆژ دیاری بکرێت بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان، یەعنی ئێستا نازانم بەپێی داواکارییە، بەپێی رێککەوتنە، مەسەلەن بڵێین پەرلەمان لە هەفتەیەکدا سێ جۆر دانیشتنی هەبێت، جا ئەگەر دەڵێین چی بکات، مادام لیژنە هەیە، کێشەی خەڵك هەیە، هەر دە کەس کێشەیەکیان کۆکردۆتەوە، ئەوە تەقدیم دەکەن دەبێتە بەرنامەی کار بۆ دانیشتنی داهاتوو، لەبەر ئەوەی من پێم وایە ئەگەر سێش بێت، دەبێتە زیاتریش، بەڵام بڕیارێك بدەین، ئەگەر لە هەفتەیەك سێ دانیشتنیش زۆرە دەیکەینە دوو، ئەگەر دووش زۆرە بیکەینە یەك مەبدەئیەن، مەبدەئییەن لە هەفتەدا رۆژێکی دیاری کراو هەبێت بۆ دانیشتنی پەرلەمان.

6-لەسەر دروست کردنی حکومەت، یەعنی زۆر قسە کرا، من پێشنیار دەکەم ئێستا پەرلەمانی کوردستان موفاجەئەیەك بکات، بە بانگ کردنی، یان تەکلیف کردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ تەشکیل کردنی وەزارەت، ئەمە ئێستا مانگێك و دە رۆژی لەبەر دەستیدا دەبێت، لەم مانگ و دە رۆژە کافیە، ئەگەر مشاوەرات و موناقەشەیەك بکات، ئەگەر ئەمە نەکرێت مانگێك پشوو دێتە سەری، مانگێکی تریش تا پەرلەمان خۆی

دەگرێتەوە, یەعنی لەوە دەچێت ئەمە هەر نەکرێت, لەبەر ئەوە ئێستا من پێشنیار دەکەم پەرلەمانتاران جەخت لەسەر ئەوە بکەن, بڕیارێك بیدەن بە تەکلیف کردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەم چەند ڕۆژە بۆ تەشکیل کردنی حکومەتەکەی, با ئەو دوابکەوێت, با ئەو مانگێك دوابکەوێت هیچ عەیبی نییە.

پێشنیارەکانی تایبەت بە ئەندامانی پەرلەمان:

7-من دەڵێم پەرلەمان هەروەکو پێشتر بوویەتی, دەبێت میزانیەی سەربەخۆی خۆی هەبێتن, پێشتر لە سەرەتای دروست بوونی پەرلەمانەوە, پەرلەمان میزانیەی خۆی هەبووە, ئەو میزانیەیە بگەڕێتەوە.

8-بەڕاستی ئەگەر پەرلەمانتار, یەعنی ئێمە هەمیشە واجیباتەکانمان وت, مەفروز وایە ماف بۆ دابین بکەین, ئینجا واجیبات بێت بەسەریدا, یەعنی دابین کردنی حقوق لەپێش ئاراستە کردنی واجیباتە, ئینجا کارێکی ئەوها گەورەو موهیم بە عونسوری زەعیف ناکرێت, یەعنی ئێمە بمانەوێت پەرلەمان ئەوها کارا بێت و کاری گەل بێنێتە ئەم دەزگایە و جێ بەجێی بکات, ئەگەر عونسورەکە خۆی زەعیف بێت لە هەموو رووەکاندا, لە رووی مادییەوە, لە رووی مەعنەوییە, ناتوانێت ئەو کارە بکات, لەبەر ئەوەی ئەو قسانەی کە کرا, بۆ ئیمتیازاتی ئەندامی پەرلەمان, کە هاوکێشە کراوە, هاوشێوە کراوە, یەعنی قیاس کراوە لەسەر وەزیران, پێم وایە هەڵەیە, ئەوە لەسەر دەمێکە کراوە پەرلەمانتار نەبوو, ئێمە تەواو دابڕاو بووین لە عێراق, بەڵام ئێستا لەگەڵ عێراق داین و پەرلەمانی عێراق هەیە, حەقە ئەم پەرلەمانەش هاوشێوە بکرێت لەسەر ئەو پەرلەمانە لە رووی مەعنەوییە, کە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە برادەران زۆر قسەیان لەسەر کرد, ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە, ئەوە زۆر وترا مەعیشەت لێرە باشترە لەوێوە, بە پێچەوانەوە, مەعیشەت لە بەغدا و لە وەسەت و جنوب باشترە لێرە, هەرزانی ترە هەتا ئێرە, نەك لەوێ گرانترە, بەپێچەوانەوە, هەر شتێك لەوێ بکڕیت هەرزانترە لێرە.

9-ئەو کورسیانە شتێکی باشە یەعنی گورج بکرێت بەڕاستی.

10-ناردنی کارنامە بۆ ئەندامانی پەرلەمان پێش دانیشتن, مەسەلەی تەکنۆلۆجیا زۆر زەعیفە بەڕاستی, یەعنی من هەر یەك نموونە دەڵێم ویستمان ئیمێڵێك دروست بکەین بۆ لیژنەی ماف مرۆڤ ناردمان بۆ لای ئەو کاکەیە, دەڵێت عەریزەیەك بنێرن بۆ بەڕێوەبەری گشتی, بەڵێ عەریزەیەکمان نارد, یەعنی ئێستاش دیار نییە, کە ئەوە شتێکی زۆر موهیمە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, پێشی ئەوەی بێینە تەرقیم کردن و ئەوانە, چوار مێوانمان دێت لە کوتلەی, بەڵێ............

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قەرارانەی دەیخەینە دەنگەوە, هەندێ جار زۆرینەی دەنگ دەدات, ئێوە دەنووسن بە کۆی دەنگ ئەمە خاڵێکی نیزامە, تکایە ئەوەی کە تەحەفوزیشی هەیە با بنووسرێت, هەروەك کۆمەڵێك ئەندامانی پەرلەمان یاداشتێك دەدەن بە پەرلەمان, ئەگەر سەد کەسیش بێت, ئەوە ناکاتە ئەوەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان بێت, رەنگە دە کەسەکەی تر تەحەفوزی هەبێت, ئەگەر رێگاشم پێ بدەیت پشتگیری لە قسەکەی کاك سەردار هەرکی بکەم, پێش ئەوەی مووچەی ئەندامانی پەرلەمان زیاد بکرێت, هەوڵ بدەین مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایانی کوردستان زیاد بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە ئەوەیان خاڵی نیزامی نەبوو بەڕاستی, بەڵام مولاحەزەیەك بوو, ئیزافەی دەکەین لەسەر ئەو مولاحەزاتانەی کە دەبوایە لەکاتی چۆنیەتی کار کردن بیڵێت, سوپاس,

وەفدێك دێن لە كوتلەی موقتەدا سەدر لە بەغداوە, سەعات دوو دەگەن, میوانی پەرلەمانن, لەبەر ئەوە لیژنەی عیلاقات دەبێت دوو كەس, یان سێ كەس بچێتە پێشوازیان و جێگایان بكاتەوە لە شیراتۆن, چونكە دەگەنە شیراتۆن, جا لیژنەی عیلاقات كێ لێرەیە, كاك تەلعەت خاڵی نیزامت چیە.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سەرۆكی لیژنەی عیلاقاتم, دەبوایە ئاراستەی من بكرێتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خاڵی نیزام نییە, عەفووم دەكەی, چونكە ئێمە ئێستا پەلەینە, كۆبوونەوەمان هەیە, ناتوانم بڵێم هەمووتان بڕۆنە دەرەوە, سەرۆك و جێگر بڕۆن قەرار بدەن, بە پەلە دەبێت دوو سێ كەس بنێرین, فەرموو بڕۆن جێگایان بۆ بكەن لەوێ مێوانانی پەرلەمانن, چوار كەسن, ئەگەر مەوعیدیان بۆ دادەنێین لەگەڵ ئێمە, من تەنیا بەیانی نۆ و نیو دەتوانم, تا دە و چارێك لێرەمە, دوای ئەوەش لەگەڵیان دانیشت وەكو لیژنەی عیلاقات, ئینجا تەبیعی دوایێ كاك كەمال و وان دێنەوە, وابزانم مەوعیدیان داناوە سەردانی سلێمانیش بكەن, مەكتەبی سیاسی هەردوولا ببینن, حكومەت ببینن, هەموو بەڕێگای ئێوە تەنزیم دەكرێت و پەیوەندیان پێ دەكەن, ئێستا من پێشنیارێكم هەیە بیست دەقیقەیەك هەر لەسەر ئەو مەوزوعە بڕۆین, دوایێ دانیشتنەكەمان بخەینە سەعات چوار, بۆ ئەوەی نەكەوینە سبەینێ, قانونی دیوانی سەرۆكایەتیش تەواو بكەین سەعات چوار, چی تریش دێتە پێشمان, دەمانەوێت دانیشتنی ئێوارەكە تەرخان بكەین بۆ قانونەكە, لەگەڵ تەشكیل كردنی لیژنەی پەنجاو هەشت, ئەو دوو ئیشەمان هەیە ئێوارێ, ئەگەر بكرێت لەو بیست دەقیقەیە خولاسەیەك لەو گفتوگۆیانەی كە كرایە, ئەكسەریەت موافیقن كە ئەو بیست دەقیقەیە بكەین, ئەو خاڵانەی كە باس كران, بۆ چۆنیەتی تەفعیل كردنی پەرلەمان, ئەركەكانی پەرلەمان, تەبعەن چووە سەر بوارێكی تر, یەكخستنی حكومەت, چۆن خزمەت كردنی خەڵك, دەستوور, ئەوانە هەموو هاتنە پێشەوە, ئەوەی مەسەلەی ئیدارییە, كە پەیوەندی بە دیوانی پەرلەمانەوە هەیە, پەیوەندی بە نووسینەكانەوە هەیە, ئێمە مولاحەزاتەكانمان هەموو نووسیووەو زۆربەشی بە جێنە, پەیوەندی بە پاسەوانەكانەوە هەیە, راوەستانی پێشمەرگەكان, سەیارەكان, كافتیریا, دروست كردنی هێلی ئەنتەرنێت بۆ هەموو ئەندامان, چاك كردنی ژوورەكان, پێداویستی ژوورەكان, تەكیف, هەموو قسەی باشن و مەنتیقن و دەبێت بكرێن و, ئێمە ئەمڕۆ كە باسی میزانیەمان كرد, بۆ ئەو پێنج مانگە ئەو مولاحەزاتانەمان دا كە پەرلەمان پێویستی بەو شتانەیە, گوتمان بیخەنە بەرنامە, لەبەر ئەوەی ئومێد دەكەم كە لەو مانگەی پشووی پەرلەمانە, بەشێكی زۆری ئەو داواكاریانە جێ بەجێ بكرێتن و, فورسەتیشە بۆ دیوان, بۆ ئەوەی هەموو كەموكوڕیەكان چاك بكات, ئەگەر بۆمان بكرێتن ئەنتەرنێتەكان مانگێك بەسە, ئەنتەرنێتە تاخمی قەنەفەیە, شتە, چ كەموكوڕییەك هەیە ئینشائەڵلا لەو مانگە نایهێڵێن, پێشتریش ئێمە خۆمان باسمان كرد بوو, بەلام ئێوە زۆر دەوڵەمەندتان كرد, داواكاریەكانتان هەندێ لایەن هەبوو لەبەر چاومان نەبوو, پاك و تەمیزی ناو پەرلەمان, عیلاقاتی نێوان ئەندامانی پەرلەمان بە یەكتر, رێكخستنی پەیوەندیەكان, بەلام من پێم وایە هێشتا تەجروبەمان كەمە, بەخۆشمەوە لە تێگەیشتنی ئەركی ئەندامی پەرلەمان و سەرۆكی پەرلەمان و جێگرەكەی و سكرتێرەكەی, هەتا لە ئەركەكانیشدا, چونكە یەكەم جار تەجروبەی ئێمە تازەیە, راستە چواردە ساڵە, بەلام پەرلەمانی پێشوو, ئەو جەلسەیە داخراوە بە داخەوە, ئەو ئەركەی نەبینیووە كە پەرلەمان چۆن تەفعیل دەكرێت, بە واجیبی خۆی هەڵنەستاوە, چونكە زرووفی مەوزوعی لەبار نەبووە, زرووفی مەوزوعی دەرەوەی پەرلەمان, ناكۆكیەكانی نێوان پارتی و یەكێتی, شەڕی ناوخۆ, هەڕەشەكانی رژێمی سەددام, دەو و جیران, كە هەموویان ناحەزانی ئێمە بووینە, چەندیش ویستوویانە لێمان تێك بدەن, بۆیە پەرلەمانیش نەیتوانیووە بە ئەركی خۆی هەڵبستێت, بەتایبەتی لەو نۆ ساڵەی دواییدا, كە دوو لەتی پەیدا بوو لە ئیدارە, بۆ ئەوەی گلەیی لە برادەران نەكەین, چونكە لە (90٪)ی خەتای برادەران نەبوو, خەتای ئەندامانی پەرلەمانی پێشوو نەبووە, خەتای زرووفی مەوزوعی بووە, ئێستاش ئەو زرووفی مەوزوعیە وا بمێنێتن, ئێمەش ناتوانین هیچ بكەین, ئێستا ئەگەر حكومەت یەك نەگرێت لە (79٪)ی, (80٪)ی ئیشەكانمان پێ ناكرێت, لەبەر ئەوە هەموومان ئامادە پێ

کرد، که حکومەت یەك بگرێت، ئەوە دەبێت مەسئوولیەتی یەکەممان بێت، هەموومان لە ئیعلام قسە بکەین و فشار بێنینە سەر هەردوو ئیدارە، لەسەر هەردوو مەکتەبی سیاسی داواکاریەکانمان بکەین، چ مەسئوولێك دەبینین باسی بکەین، چونکە ئەوە ویستی خەلکە، ئێوەش پێیان رابگەیەنن، ئێمەش دەنگی ئێوە لەهەر چ موناسەبەیەك بێت پێیان دەلێین، بەیانیش مەوعیدم لەگەلْ جەنابی کاك مەسعود هەیە سەرۆکی هەرێم، ئەو قسانەی پێ دەلێم، ئەویش دەبێت بە واجیبی خۆی هەلْبستێت لە تەوحید کردنی ئەو دوو ئیدارەیە، ئەمرۆ وەکو لە جەلسەی یەکەمی هەلْبژاردن پێم گوت لەمەودوا سەرۆکی حزبێك نی، قسەکانی کاك خورشیدیشی پێ دەلێم، پێم وایە هەمووومان پێویستیمان بەوە هەیە، ئەو قسەی عەرزم کردن بیزانین، ئەندامی پەرلەمان یەعنی چی؟ ئێمە هەمووومان بەندین بەو نیزامە داخلییەی کە هەیە، کاك محەمەدیش داوای کرد پێشنیارەکانی بخەینە دەنگەوە، ئەوە ناکرێت، چونکە نیزامی داخیلییە، کۆنفرانیسی حزبی نییە، پێشنیار ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە، دەبێت پێشتر بخرێتە سەر بەرنامەی کار و گونجاو بێت لەگەلْ نیزامی داخیلی، زۆر قسە گوترا لەگەلْ نیزامی داخیلی نەدەگونجا، دەبێت نیزامی داخیلی تەعدیل بکرێت، نیزامی داخیلی تەعدیل نەکرێتن، ئێمە ناتوانین گۆڕانکاری بکەین لەکاری بەرنامەی کار، نیزامی داخیلی دەلێت پێش بیست و چوار سەعات هەر پرۆژەیەك هەیە، هەر پێشنیارێك هەیە لە لایەن دە ئەندامی پەرلەمان ئیمزا کرا بێتن تا بخرێتە سەر بەرنامەی کار و ئەوانە، بەلێ شتێك هەیە، واقیع گەورەترە لە هەموو، ئێمە کە باسی هەر یاسایەك بکەین، یان هەر نیزامێك بکەین، بۆ خۆمان باسی دەکەین، بۆ تەجروبەی کوردستان، ئەو یاسایە، یاخود ئەو نیزامە داخیلییە، یان ئەو بڕیارە، ناتوانین لە لوبنان تەتبیقی بکەین، هی لوبنانیش هەروا، هی فەرەنسا و، ئینگلترایە، یەکێك کە تەجرووبەی ولاتێکی لە لایە ناکرێتن لێرە کە باسمان بۆ دەکاتن، پێی وا بێت باشترین وایە ئەوە تەتبیق بکەین، بەلێ وەریدەگرین و ئیستیفادەی لێ دەکەین، تەماشای دەکەین ئەگەر بۆمان دەگونجێتن کەمی دەکەینەوەو زیادی دەکەین، بۆ ئەوەی لەگەلْ واقیعی ئێمە بگونجێت، پەرلەمانی بەریتانیا تەشکیلەی فەرقی هەیە بریتی یە لە مەجلیسی عموم و لۆردات و حکومەتیش، حکومەتیش لە مەجلیسەکانی عموم و ئەوانە هەلْدەبژێردرێت، هەر یەکە واجیباتی خۆی هەیە، سەدان سالْە ئەوانەیان هەیە، نە ئێمە دەگەینە ئەو تەتوراتەی ئەوان هەیانە، نە دەشتوانین، کاك د. نوری کە دوێنێ رەخنەکەی لە من گرت دەلێت تەعلیق لەسەر هەموو قسەیەکمان دەدەیت، نموونەی ئەوانی هێناوە، بە سودفە منیش کتێبێکم لەبن دەستە دەیخوێنمەوە تایبەتە بە پەرلەمانی بەریتانی، هەر ئەوە بە تەنیا بە مولاحەزە وەرناگیرێت، تۆ لە تەلەفزیۆن دەبینیت موحاسەبە دەکەیت، ئەگەر تەماشا دەکەیت ئەو دەسەلاتەی سەرۆکی مەجلیسی عموم هەیەتی دە قاتی ئەو دەسەلاتەیە کە سەرۆکی پەرلەمان هەیەتی لە ئیدارە کردنی جەلسە، بۆی هەیە فەرق و جیاوازی نێوان ئەندامانیش بکاتن، چ حزبێك ژمارەی زیاتری هەیە زیاتر قسەی دەداتێ، چونکە لە پێشدا دەلێتن بەهۆی ئەو حزبەوە ئەوەندە ئەندامەی هەیە، کەواتە ئەو ئەندامانەی کە زیاترن، زیاتر پەیوەندیان بە خەلکەوە هەیە، ئێمە بە پێچەوانەوە، تەماشا دەکەین شەخسیەتی ئەندامی پەرلەمان بە یەکسانی تەماشا دەکەین، وەکو یەك فورسەتی دەدرێتن، بۆ تەجرووبەی خۆمان ئەوە باشترە، بەلام بۆ تەجرووبەیەکی حەزاری تر و پێشکەوتووتر ئینگلترا رەنگە باشتریش بێتن، تێشی بگەن، بەلام لای ئێمە ئەو نەوعە زۆر هین نەبێت، پێم وایە لە زیمنی قسەکانمان، قسەکانتان کە کرا دوێنێ دوو سێ خالی زۆر گەوهەری هەیە، بێجگە لە مەسەلە ئیدارەیەکان ئەویش مەسەلەی گەوهەری بوون، وتم ئینشائەللا جێ بەجێی دەکەین، خالێك زەروورەتی پێداچوونەوەو تەعدیل کردنی نیزامی داخیلی پەرلەمان، من پێشنیار دەکەم لیژنەیەك دابنرێت لەو مانگەدا دیراسەتی ئەوە بکاتن، کە جەلسەی پەرلەمان دەست پێ دەکاتەوە لە یەکی نۆ بخرێتە یەکەم جەلسە، نیزامی داخیلی تەعدیل بکرێتن لەگەلْ وەزعی ئێستا بگونجێتن، ئەوە وەلامێکی باشی هەندێ مەسائیل دەداتەوە، کە هەمووتان ئاماژەتان پێ کرد و، کاك محەمەد فەرەجیش لە خالەکانیدا، ئەگەر ئەوە چارەسەر نەکرێتن، ناتوانین بیکەین، لەبەر ئەوە پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە چارەسەر بکرێت، پاش ئەوەی کە ئیقرار دەکرێتن لیژنەکە دیراسەت دەکات و لێرە ئیقرارتان کرد، دەتوانین تەریقەی بەرنامەی کاریش بگۆڕین، دەتوانین تەریقەی موناقەشەکانیش بگۆڕین، تەریقەی دەنگدانەکانیش بگۆڕین، بەلام هەتا ئەو نیزامە نەگۆڕێتن، ئێمە بۆمان نییە بیگۆڕین و، هەمووشمان تازە فێر بووین، بەنیسبەت منەوە تەجرووبەیەکی تازەیە، خۆم خەریك دەکەم و دەخوێنم و لە ئەندامانی پێشوو دەپرسم، کاك

فەرسەت هاوكاریم دەكاتن زۆر مەمنوونیمە, هەندێك جار تەلەفۆن بۆ برادەرانی پێشوو دەكەم لە پەرلەمان, چۆن چارەسەری فلان مەوزوعیان كردووە؟ هیچ عەیبی تێدا نییە, كە ئینسان شتێك نەزانێت هەوڵ بدات فێری بێت, چەند بخوێنینەوە لەسەر تەجرووبەكانی پەرلەمانتارانی وڵاتانی تر ئەوەندە باشە, تەماشای بەغدا بكەین, بۆ ئێمە نزیكترین تەجرووبە, تەجرووبەی بەغدایە, راستە لە ئەمریكا وەردەگرین, لە كەنەدا وەردەگرین, لە ئینگلتەرا وەردەگرین, بەڵام ئەوەی زیاتر لەگەڵمان بگونجێتن و پێكەوە دەژین و پێكەوە بەستراوین بە ئیتیحادێكی فیدراڵی, دەستوورێك دەمانگرێتەوە, ئەویش بەغدایە, تەماشای موناقەشەكانی بەغدا بكەین, لەبەر رۆشنایی ئەوان نیزامی داخیلی تەعدیلاتی تێ دەكەن, ئیدارەی جەلسەكان ئیستیفادەی لێ دەكەین, عەلەنیەتەكە, قسە كردن, ئینجا دەتوانین لە لوبنان هەم نزیكن و, هەمیش تەجرووبەیەكی باشە, هەمیش تۆزێك شەبیهی مەجتەمەعی عێراقییە ئیستیفادە لەوان دەكەین, وڵاتانی تریش میسرە, كوێتە, بەحرێنە, تۆزێك دیموكراتی تێدایە وردە وردە, ئینجا دەتوانین بچینە سەر تەجرووبەكانی جەلساتی پەرلەمان لە فەرەنسا و لە ئینگلتەرا و لەوانە, چونكە ئەوان بە حەقیقەت زۆر پێشكەوتوون, موجتەمەعێك كۆمەڵگای مەدەنی تێدا بێت شتێكە, موجتەمەعێك كۆمەڵگایەكی مەدەنی تێدا نەبێت شتێكی ترە, لە وڵاتی ئێمە هێشتا كۆمەڵگای مەدەنی دروست نەبووە سەرەتاكانیەتی, كۆمەڵگای مەدەنی مانای چییە؟ نامەوێ سەرتان پێ بێشینم, ئەگەر كۆمەڵگای مەدەنی دروست بێتن حزبەكان دەوریان كەمتر دەبێتن, كاری پەرلەمان ئاسان دەبێت, ئازادی زیاتر دەبێت, دیموكراتیەت زیاتر دەچەسپێت, هەمموو كەسێك دەزانێت قانون چییە, رێز گرتن چییە, بەڵام ئێستاكە ئێمە ئەوە چەند مانگە هەوڵ دەدەین هەردوو حكومەت یەكتر بگرێت, پێمان نەكراوە, بۆ؟ چونكە هێشتا نەگەیشتینتە ئەو قۆناغە, بە قەرارێكی ئێمە حكومەت تەوحید نابێت, من ئەوە دە جارە دەیڵێمە, واقیع ئەوەیە بڵێین دوو ئیدارە هەیە, دەبێت تەوحید بێت, چونكە فەرزمان كرد بەقسەی زۆربەی برادەران كە كرا, ئەو قسەیە راستە و واجیبشە, ئێستا داوا دەكەین لە كاك نێچیرڤان بارزانی كە تەشكیلی حكومەت بكات, وەكو ئیتیفاق كراوە, ئەوە مانای چییە, ئەگەر ئەوان تەوسیلاتیان تەواو نەكرد بێت, خۆ دەبێت ماوەیەكی بۆ دابنێێت, گوتمان لە ماوەی مانگێك تەوحیدی بكات, لەو دوو مانگە هەردوو حكومەتەكە شەرعیەتیان ئەوەندە دەبێت ئیشی رۆژانە بڕوێنن, بڕیاریان پێ نادرێت, لە پەیوەندیدا بە شەریعیەت حیساب ناكرێت, ئەو مانگە تەواو بوو نەیانتوانی تەوحیدی بكەن, دیسان بۆ مانگێكی تر فەراغێك دروست دەبێتن, سوڵتەی تەنفیزی فەراغێكی بۆ دروست دەبێتن, بەبێ ئەوەی ئێمە بتوانین فەرزیان لەسەر بكەین, ئەمرە واقیعەكەیان لەسەر فەرز بكەین, چونكە ئێستاكە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا هەیە, بودجەیە, هاتوچۆیە, هەردوو ئیدارەكە لەسەر ئەمری واقیع شەریعیەتێكیان هەیە, پەیوەندێكیان هەیە تەنزیم كراوە, هەتا ئەوە تەوحید نەبێتن, خۆمان وەكو پەرلەمان تووشی ئەو ئیحراجیە نەكەین, تەكلیفیتان بكەین, دوایێ نەتانتوانی, دوو هەفتەیە نەتانتوانی, چوار هەفتەیە نەتانتوانی, فەراغێك دروست دەبێتن, دوایێ ئیشكالێك دروست دەبێتن بۆ هەردوو ئیدارە, ناتوانی پەشیمان ببیەوە, بە پێچەوانەوە, لەو مەرحەلەیەدا دەبێت جەخت بكرێتە سەر هەردووكیان, هەوڵیان لەگەڵ بدرێتن, قسەیان لەگەڵ بكرێتن, پێشیان بگوترێت ئەگەر دەتانەوێت پەرلەمان فەعال بێت, وەكو جەنابی سەرۆكی كۆماری عێراق مام جەلال و جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كاك مەسعود هەردووكیان لێرە داوایان لە پەرلەمان كرد, كە فەعال بن, بوێر بن, نەترسن, ئەوە تەنیا بە قسە نابێتن, پێیان دەڵێین ئەوە ئەگەر حكومەتەكە تەوحید نەبێت كار بۆ ئەو قسانە ناتوانین بكەین, جا ئومێدەوارین ئەو لیژنەیەی كە ئێستا دادەنێین لیژنەی چاك كرنەوەی نیزامی داخیلی, یان موراجەعەتی تەعدیلی دادەنێین, بەدواداچوونی لیژنەی پەنجاو هەشتیش پاش نیوەڕۆ ناوەكانیان دەخەینە دەنگدانەوە, ئەو خاڵانەی تر كە ئێوە نووسیوتانە و ئێمە نووسیمانە و قسەتان لەسەر كرد, دەتوانم بڵێم لە (90٪)ی دەكرێن, ئەوەی شتی ئیدارەیە, ئیمكان هەیە, ئەوەی شتی سیاسییە, بەندە بە یەكگرتنەوەی حكومەت, دەبێتە بەرنامەی كاری ئێمە لە پێشدا دەینووسینەوە, خاڵەكان تەقریبەن بووینە بیست و قوسور خاڵ, چیمان بۆ بكرێتن, بۆ ئەوەی جێ بەجێی بكەین, دەیكەین, ئێوەش موتابەعەی بكەن لەلای خۆتانەوە, ئەگەر ئەو شتانەی ئیداری تا مانگێكی تر چاك نەكرێت, بۆتان هەیە داوا بكەن و بەدوا دابچنەوە, هەر ئەوە نییە, ئێمە دەڵێین باشە, زۆر كەس قسەی كرد گوتی قسە هەزارە یەكی بەكارە, ئینشائەڵلا وا نابێت لەلای ئێمە, بەس ئەگەر واش

بوو رەخنەمان لێ بگرن, گلەییمان لێ بکەن, من پێم وایە ئینشائەڵلا لە دانیشتنی داهاتوودا زۆر مەسەلەمان چارەسەر کردووە, کاك فەرسەت مولاحەزەیەکی بەجێی دا دەڵێت تەعدیل کردنی نیزامی داخیلی ئەرکی لیژنەی قانونییە, با لیژنەی قانونی پرۆژەیەکمان تەقدیم بکەن لە دانیشتنی یەکەمی داهاتووی پەرلەمان, پاش یەکی نۆ کە دەست پێ دەکاتەوە, لە جەلسەی یەکەمەوە تەعدیلی نیزامی داخیلی دەکەین, لەو ماوەیەدا کە پشووی پەرلەمانە, ئەوان ئیش بکەن, ئەگەر کەسێکیش پێی وایە پێشنیاری هەیە, بیداتە ئەو لیژنەیە, یان چ خاڵێکی هەیە لەو ماوەیە بیداتە لیژنەی قانونی بە نووسین بیداتێ و, نوسخەیەکیش بیداتە ئێمە, یاخود بداتە ئێمە, ئێمە تەحویلی دەکەین بۆ لیژنەی قانونی, بەڵێ کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لیژنەی قانونی صیاغەی ئەو پێشنیارانە دەکات کە بە پەرلەمان دەدرێت, نەك ئەو موکەلەف بێت بەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو کەس دەتوانێت, لیژنەکانیش دەتوانن چ پێشنیارێکیان هەیە, چ نوقسانیەکیان هەیە لەنیزامی داخیلی, لەو ماوەیەدا بنووسن, لە ماوەی هەفتەیەك بینووسن و بیدەنە سەرۆکایەتی, ئێمە تەحویلی دەکەین بۆ لیژنەی قانونی, یاخود راستەوخۆش بدرێتە لیژنەی قانونی دەکرێت, بەڵێ کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەگەر ئەو لیژنەیەش دامەزرێت بۆ هەموار کردنی پەیڕەوی ناوخۆ, بەلام بڕیاردان لەسەر هەموار کردن دوا بخرێت, بۆ پاش یەکخستنەوەی دوو ئیدارە, لەبەر ئەوەی خاڵێکی گرنگ ئەوەی پێویستە هەموار بکرێتن, ئەویش لیژنەکانە, لیژنەکانیش هەتا دوو ئیدارەکە نەبێتەوە یەك و, نەزانین ژمارەی وەزارەتەکان چەندە و ناوەکان چیە؟ ناتوانین هەمواری بکەین و, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان مولاحەزەی کاك سەردارم هەیە, هەندێ لە خاڵەکانی پەیوەندی بە یەك بوونی ئیدارە هەیە, بۆیە دەبێت یەك بوونەکە بکرێت, ئینجا ئێمە دەست بکەین بە داڕشتنی نیزامی تازە, ئەمە یەك.

دوو/ ئەندامی لیژنەی قانونی وەکو ئەندامی هەر لیژنەیەکی تر, حەقی خۆیەتی تەمەتوع بکات بە مانگێك لە پشووەکە, ئەگەر ئەوە بخرێتە پاش پشووەکە, ئەوە زۆر باشە, دەتوانین ئەو کاتە ئێواران دەوام بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەوەی دەتوانێت دەوام بکاتن ئێمە زۆر مەمنوونی دەبین, لە پشووش خۆتان ئامادە بکەن, چونکە بەپێی نیزامی داخیلی ناتوانین کۆببینەوە, بەلام ئەندامانی پەرلەمان لیژنەکان کۆسپێك نییە لە کۆبووەکەیان, ئەگەر بکرێتن لەو ماوەیە بیکەن, مەرجیش نییە, ئێمە کە ئێستا وا دەڵێین و راوەستین هەتا حکومەت تەوحید دەبێت, ئینجا هەنگاوی یەکەم باوێین, هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە ئەو لیژنەیە قەراری لێ بدەین, لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان چ پێشنیارێکیان هەیە بیدەنە ئەو لیژنەیەو دیراسەت بکرێتن, یەکی نۆ جارێك مانگێك و قوسور ماوە, ئەگەر زانیمان تا ئەو وەختی حکومەت تەشکیل نەبوو ئیقرارەکەی دوا دەخەین, من لەگەڵتانم یەعنی ئەو نیزامی داخیلییە, ناکرێتن ئێمە تەعدیلی بکەین, بەلام ئێمە خۆمان حازر دەکەین و, لەو لیژنەیەدا ئیش بکەن, وا دابنێن حکومەت یەك حکومەتە, هەروەهاش دەبێتن, چونکە ئەوە بڕیارێکی گەلە, تەنیا بڕیارێکی پارتی و یەکێتی نییە, هەموو لیستی خەڵکە, ئێمەش تەعبیر لەو لیستە دەکەین, حکومەت دەبێت یەك بێت, بە دوو هەفتە, یان بە سێ هەفتە, مەسەلەکە

ئەوە نییە, لەبەر ئەوە ئێمە با خۆمان حازر بکەین, ئینجا شەرت نییە بە دەوام, لەوانەیە هەفتەی جارێك دێن لێرە کۆببنەوە لەم ماوەیەدا, بەڵام پێشنیارەکان تەقدیم بکەن و خۆمان حازر بکەین, خاڵی نیزامە.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکان کاتی خۆی لەو پەرلەمانە بۆ ماوەی مانگێك دامەزران, لەبەر ئەوە لە دوای مانگەکە بەگوێرەی ئەو قەرارەی کە دراوە شەریعیەتیان نامێنێت, پێویستە ئەگەر قەراریش بێت و بەردەوامیش بن لەسەریان شەریعیەتیان پێ بدرێتەوە بە قەراری پەرلەمان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من باوەڕ ناکە بۆ مانگێك بێتن, گوتم لە ماوەی مانگێکدا ئینشائەڵلا حکومەت تەوحید دەبێتن, لیژنەی تریش دادەمەزرێنین ئیعادەی نەزەریش دەکەینەوە, بەڵام حکومەت تەوحید نەبووە, لەبەر ئەوە ئۆتۆماتیکیەن بەردەوام دەبین, کەی حکومەت تەوحید بوو وەزارەتی تر دەبێتەوە, لیژنەکان دەوام دەکەن, ئەوەندەی دەڵێم مولاحەزەکانتان لە (90٪)ی بەجێیە بە نەزەری ئیعتیباریش وەردەگرین, دەیخەینە بەرنامەی کارمان, سێ پێشنیار هەیە: یەك دەڵێت سەعات چوار, یەك دەڵێت سەعات سێ, یەك دەڵێت سەعات پێنج, کێ دەڵێت سەعات سێ دەستی بەرز بکاتەوە, سەعات سێ فریا ناکەون, هەتا دەچن نانێك دەخۆن, من فریا ناکەوم مێوانم هەیە دەبێت بچم, باشە سێ و نیو باشە, سێ نیو, کێ موافیقە بۆ سەعات سێ و نیو دەستی بەرز بکاتەوە, کەواتە سەعات سێ و نیو دێینەوە بۆ دانیشتن, کاك فەرسەت دەڵێت ئەوە دەسەڵاتی منە, منیش عەرزی دەکەم بۆ سەعات چوار لێرە کۆ دەبینەوە, سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی – عێراق** |

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## سێ شەممە رێكەوتی 2005/7/26

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## سێ شەممە رێكەوتی 2005/7/26

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2005/7/26 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژماره(11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2005/7/26 دا بەم شێوەیە بێت:

1- كورتە باسێك لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان لەلایەن رێزدار سەرۆكی پەرلەمان پێشكەش دەكرێت.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی گەلی كوردستانی عێراق.**

ئەم كۆبوونەوەیەمان دەكەینەوە.

**بەرنامەی كار**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە(20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/7/26 بەم شێوەیە بێت:

1 - كورتە باسێك لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان لەلایەن ڕێزدار سەرۆكی پەرلەمان پێشكەش دەكرێت.

2 - خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای دیوانی سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان.

لەبەر ئەوەی سكرتێری پەرلەمان لێرە نییە، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی كە بە من سپێردراوە لە نیزامی داخیلی داوا لە كاك شێروان دەكەم بەو كارە هەڵستێت، پێش ئەوەی دەنگی بۆ بدەن، حەز دەكەم بزانن، هەڵبژاردنی كاك شێروان لەسەر ئەساسی ڕێژەی حزبەكان نییە لە پەرلەماندا، لەسەر ئەساسی ئیستحقاقاتی پەرلەمانیش نییە، لەسەر ئەساسی ئەوەیە كە سەرۆكی لیژنەی قانونییە، بە دیدی خۆم پێم وایە شارەزا ترە لەو بەڕێزانەی كە ئامادەن، بۆیە داوای لێدەكەم بە شێوەیەكی كاتی بەم كارە هەڵبستێت، چەند كەس ئەمە پەسەند دەكات دەستی بەرز كاتەوە؟ بە كۆی دەنگ، وەرگیرا، فەرموو.

سێ خاڵ بەكورتی بۆتان عەرز بكەم، كە لە بەینی كۆبوونەوەی پێشوومان تا ئەمڕۆ بە گرنگی دەزانم، یەكێكیان مەسەلەی دەستووری عێراقە، وەفدێكمان كە لەسەر ڕۆشنایی ئێوە چوون بۆ بەغدا، بۆ بەشداری كردن و، گفتوگۆ كردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە نووسینی دەستوور، چ لە ئەندامانی لیژنەی نووسینی دەستوور، چ لایەنە سیاسیەكان، هەتا ئێستا چەندین كۆبوونەوەیان كردووە، لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی دەستوور بە تایبەتی ئەندامانی لیستی كورد لە پەرلەمانی عێراقدا، دوێنێ لەگەڵ حزبی دەعوە كۆبوونەوەیان كردووە، ئەمڕۆ لەگەڵ مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی كۆبوونەوە دەكەن، بڕیارە لایەنەكانی تریش ببینن، بیرو بۆچوونی خۆیان كە بە ناوی پەرلەمانی كوردستانەوە ڕۆیشتوون، بەناوی هێزە سیاسیەكانی كوردستانەوە ڕۆیشتوون، عەرزی ئەو لایەنانە كردووە، كە ویستی گەلی كورد ئەوەیەو دەبێت ڕەچاو بكرێت، ئەوەی من تێگەیشتووم لە پەیوەندییەكان بە تەلەفۆن لەگەڵ برادەرانی خۆمان لە بەغدا، بەتایبەتی كاك فوئاد مەعصوم، زۆر مەسائیلی دەستوور بڕاوەتەوە كە پەیوەندی بە فیدراڵیەتەوە هەیە، پەیوەندی بە دیموكراتیەتەوە هەیە، پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە، پەیوەندی بە تاكی خەڵكی عێراقەوە هەیە، حقوقی چییە؟ واجباتی چییە؟ مەسەلە ئەساسیەكانیش بەشێكیان تەواو بووینە، مەوزوعی برا عەرەبە سوونیەكان، دوێنی چارەسەر كرا، پاش گفتوگۆیەكی تەواو لەگەڵیاندا، دوو سێ مەتڵەبیان هەبوو، بۆیان جێبەجێ كردن، یەكێكیان ئەوە بوو كە دەیان ویست تەحقیق لەو تیرۆرە بكەن بەرامبەر دوو ئەندامی نووسینەوەی دەستوور كرا بوو، دوو ئەندام لێیان شەهید كران، ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق و لیژنەی نووسینەوەی دەستووریش موافەقەتیان كرد، كە حكومەت پێویستە لیژنەیەكی تەحقیق دابنێت، ئەم لیژنەیە بە سەرۆكایەتی جێگری وەزیری ناوخۆ و، مدیر عامی پۆلیسی بەغدا، لەگەڵ چەند كەسێكی لێپرسراو دانراوە، لەمڕۆوە دەست بە تەحقیق دەكەن، داواكارییەكانیان جێبەجێ بوو، ئەمڕۆ بڕیارە بەشداری بكەن لە كۆبوونەوەكانی نووسینەوەی دەستوور، مەسەلەی تر كە حەزم كرد عەرزتان بكەم، ئێمە لە كۆبوونەوەیەكدا لەگەڵ جەنابی سەرۆكی هەرێم و، سكرتێری پارتی دیموكراتی كوردستان و سكرتێری مەكتەبی سیاسی كاك فاضل كۆبوونەوەیەك كرا، لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی، سەبارەت بە وەزعی ئێستای كوردستان دیاردەی تیرۆر كە هەموو لایەك، هەموو خەڵكی كوردستانی عێراق و دنیا، موتابەعەی دەكاتن و، پێویستە هەنگاوی كاریگەر بۆ لەناو

بردنی ئەو دیاردەیە لە رووی قانونی و لە رووی سیاسی و لە رووی ئیجتماعی, لەرووی ئەمنیەتیەتەوە بزێت, جەنابی سەرۆکی هەرێم لەو دیدارە دا, داوای لە ئێمە کرد وەکو پەرلەمان کە قانونێك دەر بکەین بۆ ئیرهاب, لەبەر رۆشنایی ئەو قانونە دام و دەزگایەکانی حکومەت رەفتار لەگەڵ ئەو دیاردەیە بکات, ئەم قانونە بریتی بێت لە تەعریفی ئیرهاب, ناساندنی ئیرهاب, کێ دەگرێتەوە ئەو تەعریفە, ئایا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خۆیان دەتەقێننەوە؟ یاخود تیرۆری خەڵك دەکەن, یاخود هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەو بیرو باوەڕەش بلاّو دەکەنەوە و, خەڵك هان دەدەن بۆ ئەوەی ئەو رێگایە بگرن, جا بۆ ئەوەی من بە ئیجازەی ئێوە وەکو شتێکی ئصولی, داوا لە هەردوو ئیدارەی کوردستان دەکەم, لە هەولێر و لە سلێمانی کە وزارەتی داد, پرۆژەیەکمان تەقدیم بکات, بە زووترین کات بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەوەی ئێمە لێرە موناقەشەی بکەین, وەکو یاسایەك دەری بکەین, بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم ئیمزای بکات, دام دەزگاکانمان رەفتاوی ئەم زاهیرەیە بکەن, لەبەر رۆشنایی ئەو یاساییە, بۆیە هەر لێرەوە ئیعتیبار دەکرێت, بۆ هەردوو وزارەت بە رێگای حکومەتی هەرێم لە هەولێر و لە سلێمانی, جا دەکرێت خۆیان لیژنەیەکی هاوبەش دابنێن بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە, یان دەکرێت ئەگەر لایەنێکیشیان ئەم پرۆژەیان حازر کردبێت, لایەنەکەی تر موناقەشەی بکات, هەردووکیان پرۆژەکە بهێننە ئێرە بە زووترین کات, ئەگەر کەس ئیعتیرازی لەسەر ئەمە نییە, من نامەکە دەنووسم, نوقتەی سێیەم, نوقتەی نیزامت هەیە, د. نووری, فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە داوا کردن لەو دوو ئیدارەیە کەوا ئەو پرۆژەی قانونە ئامادە بکرێت, ئەو دوو ئیدارەیە هیچیان نەهاتوونەتە بەر پەرلەمان کەوا باوەڕیان پێ بدرێت, لەبەر ئەوە وا بزانم, ئێمە مافی ئەوەمان نییە ئەو داوایەیان لێ بکەین, بە پێی هەموو قانونێك بە پێی پرنسیپێکی قانونی پاش هەڵبژاردن, دەبێت ئەو حکومەتە دەست لە کار بکێشێتەوە, ئەو دوو ئیدارەیە تاکو ئێستا دەستیان لەکار نەکێشاتەوە, پاشان پەرلەمانیش باوەڕی پێ نەداون, ئێمە ناتوانین ئێستا راستەوخۆ بەم شێوەیە تەعامولیان لەگەڵ بکەین, زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکە جێی خۆیەتی موناقەشەی لەسەر بکەین, بەلاّم ئێمە ئەوەمان لەبەر چاو بوو, بەڕاستی یەکەم, ئەو دوو ئیدارەیە لەبەر دەم پەرلەمانی پێشوو حزووریان هەبووە, هەردوو رەئیسی حکومەت کە تەعدیلیاتی کردووە, لەبەر دەم پەرلەمانی پێشوو, پێش هەڵبژاردن هاتوون, سوێندیان خواردووە واتە پەرلەمانی پێشوومان متمانەی داوەتە هەردوو ئیدارە, یەعنی ماوەیەك پەرلەمانی پێشوو پەرلەمانی هەردوو ئیدارە بووە, نەصێکیش نییە, ئەوەی من بزانم کە بڵێت پاش هەڵبژاردن هەردوو حکومەت ئیعتیبار دەکرێت سقوت بووە, راستە پێویستە تەقدیمی ئیستقالە بکەن, پێویستە حکومەتێکی تازە دروست بکەن, راستە, بەلاّم کە نەبووە, ئۆتۆماتیکیەن ئەمری واقیعەکە ئەوانە هەردووکیان حکومەتن, ئێمەش چاودێریان دەکەین, بەلاّم ئێمەش هەموو دەم دووپاتی دەکەینەوە و, منیش خۆم پشتگیری لەو رەئیە دەکەم, کە ئێوەش هەتانە, تا ئەو دوو حکومەتە یەك نەگریتن, پەرلەمان ناتوانێت بەکاری خۆی هەڵبستێت, لەبەر ئەوە جێی خۆیەتی کە ئێمە داوایان لێدەکەین پەلە بکەن, بۆ ئەم مەوزوعە, ئەگەر پەلەشیان نەکرد, ئەوە جاری پێشووش باسمان کرد, جەلسەیەکی تایبەت دادەنێین, وە منیش پێشنیار دەکەم هەردوو سەرۆکی حکومەت بانگ بکەین, بڵێین بۆچی دوا کەوتوون, ئەگەر لەم ماوەیە کورتە چارەسەریان نەکرد, فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە دەتوانین هەردوو حکومەت وەکو موستەشار وەربگرین, قانونەکە لە پەرلەمانەوە دەربچێت, ئەگەر حاڵەتی ئیستعجالی پێوە هەیە, داوا کارییەکە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی حاڵەتی ئیستعجالی پێوە هەیە، بەڵام قانونەکە دەبێت لە حکومەتەوە بێتن، پرۆژەکە بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین، یان دەبێت ئەندامانی پەرلەمان بینووسنەوە بیدەنە ئێوە بۆ موناقەشە کردن، بەڵام من پێم وایە چونکە ئەو قانونە زیاتر بەندە بە کاری حکومەت ئەنجامدانیشی، لەبەر ئەوە لەوانەوە بێت باشترە بۆ ئێمە، ئێمە دەوڵەمەندی دەکەین، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خۆ ئەمە یەك لە صلاحیەتەکانی سەرۆکی هەرێم، دانی بەوە دانایە کە سەرۆکی هەرێم( یحق له)، یەعنی تەڵەب لە پەرلەمان بکات، کە پەرلەمان جەلسەی هەبوو، لەسەر مەوزوعێك کۆببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆکی هەرێم داوای نەکردووە موناقەشەی بکەین، داوای کردووە، ئێمە قانونێك دەربکەین، ئصولی دەرکردنی قانونیش بەم دوو ڕێگایە دەبێت کە عەرزم کردن، ئێمەش ئەم ڕێگایەمان پێ ئصولی ترە، ئەوەی کە وەزارەتی داد، پرۆژەکە حازر بکات، ئێوە موناقەشەی بکەن، فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا لە بەڕێزت دەکەم، کە داوای ئەوەت کرد، کە تەعمیم بوونی ئەو مەشروعە، من وای بەباش دەزانم لە کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی و، هەروەها بەشی دەروونناسی و، لەگەڵ کۆلیژی یاسا و رامیاری، ئەوانەش لەناو ئەو دەستوورەدا دابنرێن، سەرباری ئەوەی کە بەڕێزت وتت ئاگاداری هەردوو حکومەتەکە بکەین، بەتایبەتی وەزارەتی داد و، پێشنیازێکی تریشم هەیە، وەزارەتی ئەوقافیش بێتە ناو بابەتەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من ئیقتراح دەکەم، ئێمە هەر وا بەرامبەر بەم دوو ئیدارەیە و، تەمەنی درێژی ئەم دوو ئیدارەیە شل نەبین، وەکو هەڵوێست گرتن نەیگێڕینەوە بۆ ئەوان، لەلایەن دە ئەندامی پەرلەمانەوە، تەقەدیم بکرێت بۆ پەرلەمان، دووەم، داوام وایە لە بەڕێزت، وەکو سەرۆکی پەرلەمان، وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی، یەکێك لە حزبە دەسەڵاتدارەکان تۆزێك بۆمان باس بکەی، تا ئێستا ئێمە لە هاووڵاتییەوە دەزانین، دانیشتنەکان گەیشتۆتەوە چی؟ ئایا ئەم دوو حکومەتە یەك دەگرێتەوە یان نا؟ تەبەنی ئەوە دەکرێت پەرلەمانمان هەبێت، دوو حکومەتمان هەبێت، داوام وایە تۆش تیشکی بخەیتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم، پشتگیری بۆ ئەو تێبینیەی ئەو بەڕێزە، بۆ ئەوەی شەرعیەتی زیاتری بدەینێ، هەندێك گلەییان هەیە، کە ئەو دوو حکومەتە لەبەر ئەوە پەرلەمان نوێ دروست بووە، شەرعیەتی خۆی لەگەڵ دایە، هەر لە پەرلەمان چەند لیژنەیەك تەشکیل بکرێت، لە ئەندامانی پەرلەمان ئەوان بەدوا دا بچن و ئەو پرۆژەیە ئامادە بکەن، بە هاوکاری لەگەڵ موئەسەساتی حکومی کە ئێستا هەنە، سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت نوقتەکی بەیان بکەم کە برادەران بۆی نەچوون، لە پەرلەمانی کوردستان قەرارێك دەرچوو لە ژێر ژمارەی(24) لە 2002/11/6، دەڵێت(يتعامل المجلس الوطني لكوردستان – العراق مع الادارتين الموجودتين لحين توحيدهما او لحين اجراء الانتخابات العامة للمجلس في اقليم كوردستان –العراق)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە وتارەكەی بەڕێز سەرۆكی هەرێمدا, گوێم لێ بوو كە جەنابیشی پێشنیازی ئەوەی كرد, كە راوێژ بە حزبە كوردستانیەكان بكات, لەو بارەیەوە و, منیش ئەوە پێشنیار دەكەم, كە جەنابی یان هەردوو ئیدارەكە راوێژی زیاتر بە حزبەكان بكەن, چونكە قانونی ئیرهاب پێم وایە هەموو حزبەكانیش دەگرێتەوە, پێم باشە پێشتر هاودەنگیەكی لەسەر بێت, لە نێو حزبەكاندا, پاشان لەبەردەم پەرلەمان, بۆ ئەوەی نەختێك كاتمان بۆ بەسەر نەچی.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم ئێمە وەكو دە ئەندامی پەرلەمان پرۆژەیەكی قانونی ئیرهاب حازر بكەین, ئەم قانونە لە دواییدا بیدەینە هەردوو ئیدارە و هەموو ئەحزابی تر مولاحەزاتی خۆیان لەسەر بڵێن, سەر لەنوێ دایرێژینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تا ئێستا لە دوو وڵاتدا قانونی ئیرهاب دەرچووە, لە ئەمەریكا و لە ئینگلتەرا, چونكە تەعریف كردنی ئیرهاب بۆ خۆی بۆتە كێشەیەكی گەورە لەم شوێنانە, ئەتوانێ ئەم لیژنەیە, یاخود هەردوو حكومەتەكە بگەڕێنەوە بۆ ئەم دوو قانونە بۆ مەوزوعی تەعریف كردنی ئیرهاب و, بۆ ئەو كەسانەی كە ئەیگرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزاتەكان هەموو بەجێن, تەبعەن ئێمە لە بەینی خۆمان قسەمان كردووە, جاری یەكەم, دوو رێگا هەیە بۆ ئەم پرۆژەیە, عەرزم كردن, یان لەحكومەتەوە پرۆژەیەك بێت, یان دە ئەندام تەرحی بكات, چونكە ئەم یاساییە بەندە بە دام و دەزگایەكانی حكومەت, داد و ناوخۆ, لەبەر ئەوە ئەوان تەقدیمی بكەن باشترە, دەكرێت ئێمە بیكەین, بەڵام لە پاشان نەواقصێك هەبێت, گلەییەك هەبێت, لەوانەوە بێت باشترە نەوەك لە ئێمەوە, بەنیسبەت حزبەكانەوە, جەنابی لەگەڵ حزبەكان باسی كۆنفراسێكی كرد, لەو كۆنفراسە باسی وەزعی هەرێم بكرێتن, دیاردەی ئیرهاب, بۆ ئەوەی هەموو لایەكمان یەك خیتابمان هەبێت, یەك هەڵوێستمان هەبێت, بەڵام بەنیسبەت قانونێك ئەوە ناكرێت, تۆ بیدەیتە ئەحزاب, نوێنەری ئەحزابەكان لێرە هەیە, دەتوانێت كە لێرە موناقەشە دەكرێت, بیروڕای حزبەكەی خۆی دەربارەی ئەو قانونە لێرە بڵێت, ئەگەر نا ئەم جۆرە كارە بۆ دانانی یاسا, دەبێت بیدەینە یەكێتی و, بیدەینە پارتی و, پرۆژەكە ئیشی حكومەتە لێرە, جەنابیشت و هەموو لایەنەكانی چ ئیسلامی و, چ غەیری ئیسلامی, چ مەسیحی, چ توركمان دەتوانن رەئی خۆیان بڵێن و, ئەوەی مەنتقی تێدایە و, قانونەكە بە قووەت دەكات, وەردەگیرێت بە تەئكید, بەنیسبەت قسەكانی دكتۆرە, دەكرێت پاشی تەقدیمی ئێرە بكرێت, ئەگەر زانیمان موحتاجی ئەوەین, پسپۆڕی زانكۆ و مامۆستای زانكۆ سوودی لێ وەربگرین, ئەوە پێیان دەڵێین, من پێم وایە لێرەش چەندین مامۆستامان هەیە, دكتۆریان هەیە لە قانون و, شارەزاشن, حكومەتیش كە پرۆژەكە تەقدیم دەكات, لەبەر رۆشنایی شارەزاییان لە قانون, جگە لەوەش مەسەلەی ئیرهاب وەكو سۆزان خان ئاماژەی پێ كرد, لە هەموو وڵاتەكان باسی هەیە, كە دەبێت یاسایەك دەربچێت, ئەگەر دوێنێ كەسێكتان موتابەعەی بەرنامە و شتی تەلەفزیۆنتان كردبێت, گەیشتۆتە كۆڤی عەنان و ئومەمی موتەحیدەش, خەریكە هەموو لایەك رێككەوتوون لەسەر ئەوەی كە ئیرهاب چییە؟ جاران ئیشكالێك هەبوو, جیاكردنەوەی ئیرهاب لە مقاوەمەی وەتەنی, كێ ئیرهابییە, كێ دیفاع لە وڵاتی خۆی دەكات؟ ئەوەش زۆر كەم بۆتەوە, چونكە ئیرهابەكە ئەوەندە دیاردەیەكی وزوحی هەیە, پەرەی سەندووە پێویست بە موناقەشە ناكات, یەعنی هەر لە شەرم شێخەوە تا دەگاتە لەندەن و, تا دەگاتە بەغدا و كوردستان و, ئوردن و, لوبنان كام وڵات هەیە, لێی رزگار ببیتن, باوەڕناكەم ئەگەر دە ساڵی رابردوو تەماشا بكەین, هیچ وڵاتێك لێی رزگار ببیتن, من نامەوێ پێش بینی بكەم, بڵێم تەعریفم بۆ ئیرهاب ئەمەیە, چونكە ئەوە ئیشی موختەسینە, بەڵام پێم وایە ئیجماعێك هەیە, لەسەر ئەوەی, رادەوەستین تاوەكو پرۆژەكەمان بۆ دێت, نوقتەی سێیەم, بۆ ئەوەی بچینە سەر هینەكە, ئەندامێكی پەرلەمان, كاك مەلا انور لە هەفتەی رابردوو, لە كاتی خوتبە دانی چەند كەسێك, دەست درێژیان لەسەر كردووە, لێیان داوە, ئەمەش

پێویستە باسی بکەین، ئێمە وەکو پەرلەمان ناڕازین لە کاری وا، کاری وا پێم وایە، کارێکی یاسایی نییە، کارێکی تەبیعیش نییە، لە مزگەوتێکدا هەرچی ئەسبابێك هەبێت، ئەگەر هەندێ کەس لە ئەسبابەکەش تێبگات و، لە دەوافعیشی تێ بگات، زەلامێکە بە عاتیفە، بزانە برایەکی شەهید بووە، پێی وایە دەست بە قسە بکەی، یەکەم جار باسی ئەوە بکەیت، ئەگەر نەیکەیت تۆ مەسئولی ئەوە مەوزوعێکە، حەقی دەدەینێ، ئەگەر ئەوان بن، من نازانم کێن ئەو کارەیان کردووە، ئایا خەلکانێکی بێ مەسئولیەتن؟ خەلکانێکی بە عاتیفەن، یان خەلکانێکن پەیوەندیدارن و، خزم و کەسی ئەو زەحیانەن کە بووە، ئەمەش دەبێت شی بکرێتەوە، بەڕاستی ئیشی هاوولاتی نییە، رێگا بدات بە خۆی لە جیاتی قانون رەفتار لەگەڵ ئەم زاهیرەیە بکات، لەبەر ئەوە ئێمە ناڕازین بەم کارە کە کراوە، داواش دەکەین لە هەموو خەڵکی کوردستان، ئەو دیاردەیە بەهاوکاری کردنی یەکتر، بە رێگەدان بە دام و دەزگاکانی حکومەت، بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەوە ببێتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر لە شوێنێکدا ئەوەك هەبێت، خوانەخواستە ئەندامی پەرلەمان چ توهمەیەکی نەبووە، تاوەکو ئێمە بێین باسی بکەین، خوتبەیەکی داوە، خوتبەکەشی تەفسیر کراوە، خۆشی دەڵێت من ئامادەم خوتبەکە بۆتان لێبدەمەوە، بزانن خوتبەکە چ رەبتێکی هەیە، لەگەڵ ئەوە، بە هەر حاڵ ئێمە وەکو پەرلەمان بۆ ئەوەی لەسەر ئەو دیاردەیە، ناتوانین باسی نەکەین، لەوانەیە هەندێکتان قسەشتان هەبێت، بەڵام من بۆ ئەوەی کاتتان لێ نەکوژین، پێم وایە ئەوە بە خۆشی چارەسەر بکرێت، تەشەنە نەکات، چونکە کاك مەلا ئەنوەر، ئەندامی پەرلەمانە، گروپەکەیان، یاخود مەجموعەکەیان ژمارەیەکن، لەگەڵ لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمان بووینە، پێویستە ئەو مەوزوعەش لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی هاوپەیمانیەتی و، تێگەیشتنی پێکەوە ژیان، تێگەیشتنی بەوەی کە پێکەوە، بەرەنگاری دیاردەی ئیرهاب بین، پێکەوە خەبات بکەین، چونکە ئەوان خۆ دەرەوەی ئەو کۆمەلگایە نین، کە پێویستە یەك دەنگ، یەك هەلۆێست بەرامبەر ئیرهاب رابوەستین، بۆیە ئەگەر سووء فەهمێکیش هەبێت، لە هەلۆێستی یەکتریدا، دەبێت بە گفتوگۆ تەواو بکرێت، بە موناقەشە تەواو بکرێت، بۆیە حەسرێ دەکەم لەو دوو جیهەتە، بۆ ئەوەی رێگا بدەین، بە گفتوگۆی دووقۆلی لە نێوان یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ هێزە سیاسیەکاندا، چارەسەری ئەوە بکەن، لەهەموو لایەکیەوە، چ بە موسەبیباتی ئەو دیاردەیە کە روویداوە لەم رۆژەوە، چ خەلفیاتی ئەو دیاردەیە، بۆ ئەوەی تێگەیشتن هەبێت لەم مەسەلەیە، باشە نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر(عثمان بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی مەلا ئەنوەر ئەندامی پەرلەمانە، بۆ ئەوەی پەردەپووش بەسەر نەکرێت، ئەندامی پەرلەمان دەبێت، ئێمە لەرووی ئەخلاقی و لەرووی یاساییەوە لەسەری بەجواب بێین، من پێم باشە پەرلەمان ئیدانەی ئەم کارە بکات و، داوای لێکۆڵینەوەی قەزیەکەش بکات، ئەگەر مەلا ئەنوەر لە ساڵحی تیرۆر قسەی کردووە، هەقی ئەوەی نییە، ئەندامی پەرلەمان بێت و، ئەگەر لە ساڵحی تیرۆر قسەی نەکردیە، هەقە قەزییەکەی بە دواداچوونی لێ بکرێ، لێی بکۆڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابێتە ئیشارەت پێ دای، چەندی کرد کە ڤەکێشە یان ڤە ئیشە، دەبیت ناڤبەینا پارتا دیموکراتا کوردستانێ و، یەکگرتوو باس لێ بێتە کرن، ئەز دبینم و بۆچوونا من، ئەڤ کێشەیە هیچ پەیوەندیەك بپارتا دیموکراتا کوردستانێ ڤە نییە، ئەڤە مەسەلەکە جەماوەرییە، جەماوەر لێ کریارێك ناشرین و توندێ تیرۆرستا تە کوردستانێ دا بە حەدد یەك نارەحەت و نارازیی بوو، ڤە بۆ چوونا مە ڤە کریارە موجەرەد جابدانەکە جەماوەرییە بۆ وان کەسە، ئەڤێت کە ئیجازەێ ددنە خۆ، پشتڤانییێ لتیرۆر و ئیرهاب دکەن، زۆر سوپاس بۆ جەنابێتە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم خاڵە لە بەرنامەی كارمان دانەناوە, لەبەر ئەوە ناكرێت, دەرگای موناقەشە بكەینەوە و, موناقەشەی موقابیل بكەینەوە و, مەوزوعەكە دەربچێت و, كە ئێمەش هەدەفمان لێرە ئەوە نییە, كە موشكیلەیەك لەناو پەرلەمان دروست بكەین و, یاخود رەئیەكی موەحدمان نەبێت, لەبەر ئەوە من عەرزم كردن بۆ ئەوەی ئەو مەوزوعە نەبێتە هۆی ناكۆكی و, سلبیاتیشی نەڕواتن, دوو نوقتەم باس كرد, یەك, وتم وەكو پەرلەمان ئێمە ناڕازین لەو كارەی كە كراوە, دەست درێژی لەسەر ئەندامێكی پەرلەمان كراوە, وشەی ناڕازیم بەكار هێنا, چونكە تا ئێستا نە تەحقیق كراوە, نە هێشتا هەموو شتەكان دەزانین, كەی تەحقیق تەواو بوو, ئەو كاتی دەتوانین وشەی ئیدانە بەكار بێنین, نەزانین, بۆ ئەوەی وەكو دیاردەیەك ناڕازین, ناڕازییەكەش كەمترین وشەیە بەكاری بێنین, دەزانم ئەوەی, بەلآم لەبەر ئەوەی لە بەرنامە نییە, ناتوانم دەرگا بكەمەوە, بۆ موناقەشەكە, بۆیە وشەی ناڕازییەكەم پێ باشە, لە هەمان كاتشدا چاوەڕوانی تەحقیقین, تەحقیقەكەش كراوەتەوە, چاوەڕوان بە حكومەتی هەرێم تەحقیق دەكات, كاك مەلا انوریش وەكو بیستم شكایەتی كردووە, حەقی خۆیەتی كە شكایەت بكات, نەتیجەی شكایەتەكە و تەحقیقەكەی حكومەت, ئەگەر لە ئەنجام پێویستی كرد, لێرە بیخەینە بەرنامەی كارو موناقەشەی لەسەر بكەین, دەیكەین, بەلآم ئێستا ئێمە نە ئەو داواكارییەی كە مەلا انور لە هەندێ لایەنی پەیوەندیدار و, ئەو شەخصانە دەناسێ, یان نایان ناسێ, ئەوە تەحقیقی دەوێت, لەلایەكی تر ئەوە حكومەت لە هەولێر خۆی دەستی بە تەحقیق كردووە, ئاساییش چووە بۆ ئەوێ و, دەستی بە تەحقیق كردووە, هەردوو ئەو دوو شتەمان لە پێش بێت, دەتوانین, ئێمە بیخەینە بەرنامەی كار و, رەئیەكی لەسەر بدەین, چونكە ئەندامی پەرلەمانە, حەقی خۆیەتی, ئەگەر خۆشی داوا نەكات, ئێمە ئەو حەقەی بۆ داوا دەكەین, نابێت بە هیچ شێوەیەك دەست درێژی لەسەر هیچ ئەندامێك بكرێت, چونكە ئەندامی پەرلەمان حەصانەی هەیە, ئەگەر تۆمەتیشی هەبێت, دەبێت بە رێگای ئێمەوە بەو تۆمەتە تەبلیغ بكرێت, لێرە باسی بكەین, دەبێت پەرلەمان قەرار بدات و, مەصیرەكەی بدرێتە مەحكەمە یان نەدرێتە مەحكەمە, یاخود تاوانبارە یان نا, من حەز دەكەم ئەو موناقەشەیە نەكەین, چونكە موهیم نییە, نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی نەدەبوو ئەم بابەتە لە هۆڵی پەرلەمان و لەم دانیشتنە باس بكرێ, چونكە پەیوەندی بە پەرلەمان و ئەم دانیشتنە نییە, باستان كردو, بوارتان دا قسەی لەسەر بكرێ, رێگەت دا كە سەرۆكی فراكسیۆنی یەكێتی راوبۆچوونی خۆی بڵێ, پێویستە رێگەی منیش بدەن وەكو سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی لەسەر ئەم بابەت بدوێم و, راوو بۆچوونی خۆم بڵێم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم وایە, شێخ لە جیاتی جەنابت قسەی كرد, فەرقی نییە, لە فراكسیۆنەكەوە رەئی تۆشی دا, فەرموو تۆش قسەی خۆت بكە.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مامۆستا مەلا انور, نامەی بۆ رۆیشتووە, وەكو هەر ئەندامێك كە ئەگەر وەزیفەی هەیە, دەبێت ئیستقالە بدات لە وەزیفەكەی, مامۆستا انور ئەگەر وتارخوێنە لەوێ, لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە, ئەگەر بە وتار خوێن دانراوە, دەبوایە لەو رۆژەی, كە, كتابەكەی بۆ رۆیشت, ئەبوایە ئیستیقالەی بدابایە, حەقی وتار خوێنەوەی نییە, ئەمە یەك, وەكو وتار خوێنی رەسمی حەقی نییە, چونكە ئێمە هەموومان سیفەی ئەوەمان هەیە كە ئەندامی پەرلەمانین, ئەبێ تەنها ئیشی ئەندامیەتی پەرلەمان بكەین, بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن وەزیفەن, چونكە ئێمە لە دام دەزگای حكومییەكان, حەقی وەزیفەمان نییە, حەتمەن وتارێكی وای داوە, كە ئەوانی ناو مزگەوتی وروژاندووە, من نازانم, دەبێت مەحكەمە یەك لای بكاتەوە, ئەگینا خەڵك لە خۆیەوە نایەت, تەعدا لەو مامۆستایە بكات, كە چەندین ساڵە وتاریان بۆ دەخوێنێتەوە,

بەئەكيد خەلەلێك هەيە لەوێ, بۆيە لەبەر ئەوە تكام وايە ئەو مەوزوعە دوابخرێت و, هيچ پەيوەندييەكى بە پەرلەمانەوە نييە, لەگەڵ رێزمدا بۆ جەنابت, كە ئيستنكارى نييە, چونكە ئەوە حەقى ئيستنكارى نييە, يان تێبنى خراپ بدەيت, چونكە نازانين ئەصڵى مەسەلەكە چييە؟ و ديسانەوە ئەوە ئەڵێم پەيوەندى بە پەرلەمان و ئەندامى پەرلەمانەوە نييە, چونكە ئەو لەوێ بە صيغەتى ئەندامى پەرلەمان وتارى نەخوێندووتەوە, بە سيفەتى ئەندامى پەرلەمان نەڕۆيشتووە لەوێ قسە بكات, ئەو كە وتار خوێن بووە, مەفروزە لە وتار خوێندنەكەى خۆى واز بێنێ, سوپاس.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

حەقيقەت هەندەكى ئيرهابا سرەتانە مەرزێكە تەهديدێكە لەسەر هەموومان, كەس لێى بەدەر نييە, مەوقف لەگەڵ ئيرهاب نابێت دوو دڵى هەبێت, نابێت هيچ غموزێك هەبى, جەبهەى دژى تيرۆر, يەعنى خەڵك هەموو, لازمە ئەمە ديار بى, تيرۆر كامەيە و, هەموومانيش لازمە دژ بووەستين و, هەريەكە بە وەسائيلى خۆى, ئيشارەت كرا بەينى يەكگرتوو و پارتى ديموكراتى كوردستان, بەڕاستى هيچ گرفتێكمان نييە, لەگەڵ پارتى وەكو دوو حزبين پێكەوە دۆستين, ئەوە چەند شەريكين لەگەڵ حكومەت لە ساحەيەك ئيش دەكەين, ئەوە لە پەرلەمانێكين, ئەوە لە بەغدا لەيەك ليستين, لە كوردستان لەيەك ليست بووين, ئەوە لە ئەنجومەنى موحافەزات ئەمە چەندە لە موسڵ هەينە, لە ديالى هەينە, لە كەركووك و لە ئەم سێ موحافەزەى تر لە هەموو شوێن پێكەوەينە, هيچ گرفتێكى حزبيمان نييە, خەتى يەكگرتوو خەتێكى ديارە, ئاشكرايە لە مەوزوعى تيرۆر, يەكگرتوو خۆى يەكەم زەحيەى لە كوردستان بەدەستى ئەو باندە, ئەوە يەكگرتوو بووە, پياوى قيادى يەكگرتوو فوئاد چەلەبى, كە برايەكى ناسراوى ئەم شارەيە, بەدەستى ئەمانە كوژران, نەفەرى ئێمە بەدەستى ئەمانە خەتف كرابوون, سەياراتى ئێمە لەبەينى سەلاحەدين و ئەم هەولێرە چەند جار سووتاينەو, گيراينە بەدەستى ئەمانە, مەوزوع مەلەفە, من نامەێت باسى بكەم, بەلاَم يەك شتە ئێمە هيچ مەوزوعمان نييە, لەبەينى يەكگرتوو و پارتى, حەزيش ناكەين بەو بارە بچيت, شتێك كە ئيعلام و هەندێ ميدياكان باسيان كردووە, ئينجا دائيرەكەيان فراوان كرديە, لەجياتى باسى حەدەسێك بكەن, باسى باندێك بكەن, باسى زاهيرەى كرديە, شێخ و مەلاو مزگەوت و, ئيسلام و هەموو تەوسيع كرا, لەگەڵ تەيارى ئيسلامى بە تەعميم, مەلايەك دوو مەلا هەندێك قسەيان كردووە, ئێمە حەز دەكەين, ئێستاكە مامۆستا مەلا انور, مەعنى بەو مەوزوعە, وەكو ئەندام پەرلەمان مەوزوع كراوە, خۆى باسى خۆى بكات, كە چى روويداوە, چى وتوە, مادام ئيجرائاتى قانونيش وەرگيراوە, هەمووومان مونتەزرين, ئەمە كۆتايى پێ بێت, بەلاَم ئيعتيدايەك لەسەر ئەندام پەرلەمانێك كرايە, قودسيەتى مزگەوت رۆژى جومعە, يەعنى گرووپى شێخ زانا چەند نامۆيە, چەند دژى قانون و هەموو مەقاييسى مرۆڤايەتى ئەم حەدەسى روويدا لەم مزگەوتە, لەوە نامۆ ترە, چونكە باندێكى تيرۆرست بوون, لە مەغارات كهوفو سەراديب, ئيشيان كردبا بە سرى, كا دەستيان لە پشتەوە با, ئەوە تەبيعيە, شتى وا دەكرێت, جەريمەيە, بەلاَم لە رۆژى جومعە لە مزگەوت بەم شێوە جەماعەتەكى موبرمەج, گرووپێكى وا بە چەقۆ, بە دەمانچە بۆ ئەو شوێنە بێن, راستى جێگاى وەقفەيە, هەتا ئەندام پەرلەمانيش نەبێت, يەعنى مەوزوعەكە لێرە, ئايا حكومەت هەيە, قانون هەيە, نيزام هەيە, دەزگاكان هەيە؟ لەپێش چاوى ئەمان هەموو ئەو شتە رووبدات, قسەكى دەوێت, يەعنى مەسئوليەتە لازمە باسى بكەين, بەنيسبەت من هەر تەئكيدى ئەوە دەكەين, قۆناغەكە زۆر حەساسە, زۆر پێويستى بەيەك رێزيمانە, جەبهەى تر لە خۆمان نەكەينەوە, هەمووومان براينە, ئەمنى ئەم موجتەمەعە مەسئوليەتى هەمووومانە, مەخاترو تەهيدات و تەحديات بەرامبەرى كوردستان و, قەزيەى كوردى, لەم قۆناغە مەسئوليەتى هەمووومانە, نەهجى ئێمە تەهديئەيە, نەهجى ئێمە تا بتوانين تەتويق بكەين, نەهجى ئێمە ئەوەيە, ئەگەر خەتيبێك شتێك بووە, بە مەحكەمە موعالەجە بكرێت, بە قانون موعالەجە بكرێت, پێم باشە ئێستا پێش موداخەلە, مامۆستا مەلا انور قسەى خۆى بكات, بزانين چى روويداوە, چى گووتووە تا بگاتە ئەم حەدەدە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە ناوی هیچ لایەنێکمان نەهێناوە, کاك د. ناصح دەڵێت باسی پارتی کرایە, ئێمە باسی پارتیمان نەکردووە, جارێ ساغ نەبۆتەوە قەزیەکە کێ بووە, ئایا خەڵکی کەس و کاری شەهید بووە, ئاساییش بووە, دیارەی ئەوەی کاك د. ناصح باسی دەکات, ئێمە باسمان نەکردووە, ئێمە دەڵێین وەکو ئەندامی پەرلەمان کە حەصانەی هەیە, لە پەرلەمانی کوردستان هێرشی کرایتە سەر, ئەگەر ئەو ئەندامی پەرلەمانە لە ساڵحی تیرۆر قسەی کردیە, هەق نییە ئەندامی پەرلەمان بێت, ئەگەر نەیکردیە هەقە ئیجرائات بکرێ و, هەقی ئەو ئەندام پەرلەمانی نەڕوات, هیچ عیلاقەی بە حزبایەتی نییە, حەز دەکەم لێرە کەس باسی ئەو مەسەلە نەکات, سوپاس.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم بابەتە لە بەرنامەی کاردا نەبووە, من پێشنیار دەکەم ئەو بابەتە دابخرێت, لەبەر ئەوەی زۆر پریشکی لێدەبێتەوە و, کێشەکە گەورەتر دەبێت, لە جیاتی ئیحتوا بکرێت باشترە, نەوەك بەم شێوەیە زەرەمەندیش هەر ئەو دوو لایە نابێت, زەرەمەندەکە پانتاییەکی گەورە دەگرێتەوە, بۆیە پێشنیار دەکەم, دووبارە ئەو بابەتە دابخرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیجازەم بدەن, تەنیا مەلا انور ئاخیر کەس قسە بکات, دوایی دایدەخەین, فەرموو مامۆستا مەلا.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەڕێز جەنابی سەرۆك, سوپاسی هەموو بەڕێزان و, بەتایبەتی ئەوانەی کە باسی ئەو مەوزوعەیان کرد, بەڕاستی من زۆر بە تەئەسوفەوە, حەز ناکەم, یەعنی کاتی ئەو پەرلەمانە بەو مەوزوعە بڕوات و, باس بکرێت, داوای لێبوردن دەکەم لە باس کردنەکە, بەلاّم پێم خۆشە بابەتەکە زیاتر باس بکەین, بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕۆشن تر بێت, لە 7/22, من وەکو جاران چوومە سەر مینبەر, هەستامەوە خوتبەکەم خوێندەوە, پاشی الحمد الله, گەیشتمە (الصلاه والسلام) بە کوردیەکەی بەناوی خوای بەخشندە, نەفەرێك هەستاوە وتی الله اکبر, وەرە خوارێ تیرۆرست, لەگەڵ وی تەبیعی پانزە بیست کەسی تر هەڵسانەوە, هجومی سەرمنیان کرد, منیش پێکەنیم, وتم کاکە دانیشن خۆتان سڕ مەکەن, هێشتا من هیچ قسەم نەکردیە, هەر ناوی خوام لێهێناوە, ئەو کاتە نەفەرێك هات جوبەکەی ڕاکێشام لەناو محەجەرەی مینبەرەکە, لەوێ هەر وتم کاکە لەسەرە خۆ بن, خەڵکێکیش چووە دەرەوە باسی تەقینەوە کرا, لە نەتیجەوە نەفەرێك بە چەقۆوە هاتە سەر مینبەر و, وتی وەرە خوارەوە, ئەگەر نا لێت دەدەم, وتم کاکە من دێمە خوارەوە, خۆتان مشەوەش مەکەن, خەڵکەکە هات منیان بردەوە ماڵەوە, بەناو مزگەوتدا نەڕۆیشتم, دەرگایەکی خاص هەبوو, بەویدا چوومە دەرەوە, کوڕەکەم کامیرەی پێ بوو, تەبیعی هەموو خوتبەکانی من مصەوڕە, صوت و صورە, چەند ساڵە ئیشی من وایە کە هەمووی تەصویر دەکرێ, نەتیجە غاریان دا و, دوو چەقۆیان لێ دا و, خەڵکەکە لێنەگەڕا ئیشەکە گەورەتر بێت, الحمد الله ئیشەکە بە خەسارەیەکی کەم کۆتایی پێهات, بەڕاستی ئەوەی زیاتر مەوزوعەکەی وا لێکرد, هاشووشێکی زۆری ئیعلامی کەوتە سەر باس و هێنان و باس کردن و, ئەوانە کە پێویستی بە تەوزیحێك هەبوو کە من باسی بکەم, ئەو وتارەی کە گوایا وتاری رابردوو, من قسەم کردبێت, شتێك لەوانە وتاری من چوار محەوەری لە خۆ گرت بوو, ئیدانە کردنی تیرۆرو ئەو تاقمە مافیەی کە بەڕاستی خۆین و ماڵی هەموو ئەو خەڵکە تێك داوە, بەڕاستی زۆر بە توندی ئیدانەم کردیە, خاڵی دووەم ئەوە بوو کە ئێمە وەکو خەتیب و شتێك کە خەڵکەکە هاتووە, قسەی کردووە, داوام کردووە کە ئەو تاقمە تیرۆرستە تەوزیحاتی زیاتری بدەمێ, بۆ ئەوەی خەڵکەکە دەبێت ئیدانەی بکاتن, ئەوەم باس کردووە, کە وا بزانم ئەوە هەقێکە کە باس بکرێت, پاشان باسی میدیام کردووە کە ئیعلام هەموو خەڵکێك و موسڵمانان هەموو کەسایەتی و شەخصیەتێك ئیهانە نەکرێت کەسێك دێت نامەسئولانە قسە دەکات, باسی ئیسلام نەکرێت بە گشتی, باسی مزگەوت نەکرێت بەگشتی, ئەو تاقمە تیرۆرە جیایە لەوەی کە هەموومان دەیزانین, بەڕاستی ئەوەم باس کردووە, خاڵێکی تریش ئەوە بوو کە باسی عیلاجم کردووە, عیلاجی ئەو شتە چۆن دەکرێت؟ یەعنی وتومە حکومەت بە

دەرجەی یەکەم زۆر بە گورج و گۆڵی چالاکانە تر مەدەنیەت و, هەروەها میللەتی پێوە دیار بێت خزمەت بکات, خاڵێکی ترم وتومە میللەت, ئێمە (من رای منکم منکرا فلیغیرە بیدە), هەموومان ئەگەر دەست و پێوەندی حکومەتمان نەبین, بەڕاستی زەرەر دەکەین, حکومەت ناتوانێت لە هەموو کۆڵانێك و شەقامێك شورتە دابنێت, بەڕاستی هەر ئەوەم باس کردووە, ئەگەر هەر کەسێك شتێکی نامۆی دیت, بە ئەخلاق و دینی ئێمە نامۆ بوو, ئەو کەسەی خەبەر نەداتە دەزگای بەرپرس خائینە, میللەتێکی ستەمدیدە, پێویستە هەموومان ئەوە بین, باسی ئەوەشم کرد وتم دین جیایە لەوەی کە کەسێك باسی دین دەکات, ئێمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هیچ توندرەوییەکی دینی دانین, ئێمە لەگەڵ دانینە, نەمان توانیوە بەهیچ شێوەی رۆژێك لە رۆژان دیفاع لەو شتانە بکەین, لەسەر ئەو شتانە تەبیعی شتێك پەیدا بووە, ئیعلامی, ئینجا هەر کەسێك بەتەفسیری خۆی, هەندێك وتویانە کە ئەو گوتیتی ئەوە سیناریۆیە, من ئەو شتانەم نەووتوە, لەبەر ئەوە خۆشم بە مەوزوعی وا نەهاتە بەر تا لە تەلەفزیۆن قسە بکەم, چونکە من کەسێك شەش ساڵە بەرنامەی تەلەفزیۆنیم هەیە, موباشر مامۆستایان و خەڵکی هەولێر هەموو دەزانن کە رۆژێك لەرۆژان من قسەیەکم نەبووە, لە 1991 من خوتبەم هەبووە, تا ئێستا بە حەیاتی یەك مولاحەزە نەبووە, نە لە ئاساییش نە لەوەزارەتی ئەوقاف بڵێن کاکە ئەو بابەتەت خەڵەت کردووە, ئەو مەوزوعی ئیعلامیە کە بە دووی داهاتیە و باس کراوە ئەو مەسائیلانە, وای لێهات کە ئیشەکەیان وا لێکرد, فۆستراوە, نازانم چۆن فۆستراوە لە مەسەلەکاندا, لەبەر ئەوە ئەو باسانەی کە کرایە, من ئێستاش لەگەڵ هەموو جەنابتان, یەعنی کە بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمانی خۆشەویستم لێرە دانیشتوون, من ئامادەم نەك خوتبەی دوێنی نەك ئەمڕۆ نەك خوتبەی پار, نەك خوتبەی بەستر پێرار, من ئەرشیفی خۆم هەیە لە ماڵەوە و, هەروەها تەسجیلیشم هەیە, بە تەسجیل تەسجیل دەکرێت و, بەکامیرەی ڤیدیۆش لێدەدرێت, لە ئەرشیفی من هەمووش تاریخی لەسەر نووسراوە, ساڵی ئەوەیە رۆژی ئەوەیە, کێ دێت وەکو لیژنە تەماشا بکات, ئەگەر رۆژێك لە رۆژان هەر نەك دژی تیرۆر دژی یەك بەردی ئەو وڵاتە بێتن, من ئامادەم لە ساحەی هەولێر ئیعدام بکرێم, لە پێش چاوی هەموو خەڵك, لەبەر ئەوە من ئامادەم لە قسەکانی خۆم و, بەهیچ شێوەیەك شکم نییە و, لە قسەکانی خۆشم پەشیمان نیم, ئێستاش جەنابتان کە لێرە دانیشتوونە وەکو پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك قەبوڵ ناکەین ئیهانە کردنی موقەدەساتی ئەو میللەتە و مزگەوت و خەڵك و پیاوی کەسایەتی و, ئەو شتانە هیچ شێوەیەك کە کەسمان بەڕاستی چاو پۆشی لێ بکەین, یەعنی ئێمە پیاوی کەسایەتی و شەخصایەتیمان هەیە, لە کۆتاییدا من زۆر سوپاستان دەکەم, کە بەڕاستی سەرم ئێشاندن, حەزم نەدەکرد لەو بابەتە لە خزمەتتاندا قسە بکەم, بۆیە دەعوام قەید کردووە لەسەر ئەو مەسائیلانە و, لە جەریدەیەکی رەسمی بەڕاستی زۆر بە توندی قسە کراوە کە گوایا, ئەو مەلا انوەرە بەبەردەوام تەشجیعی تیرۆری کردووە و, یەعنی بەڕاستی حەقی ئەوەی هەیە, کە دەعوای لەسەر تەسجیل بکرێت, من وا دەزانم کە ئەو تاقمە گێرە شێوێنێك بووە, خەڵکێك هاتووە بەو مەوزوعە, لەبەر ئەوە داوا دەکەم رەد ئیعتیبار بۆ ئەندام پەرلەمان بگرێتەوە, ئەو مەوزوعانە حیسابی خۆی هەیە, من داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەم, داوا لە ئاساییش دەکەم, لەبەر پرسان دەکەم کە بە جدی بە دوای ئەو بابەتەدا بڕواتن, ئەوە دیاردەیەکی ترسناکە و, ئەوەی جەنابی دکتۆر فەرمووی, بەڵێ راستە من لێرە عەریزەی رەسمیم نووسیوە, بۆ ئەوقاف چووە و, جەنابی خورشید شێرە, کە بریکای وەزیر ئەوقافە, کە ئەو حەدەسە هاتە پێشەوە, ناچار بوو وەکو بریکاری وەزارەتی ئەوقاف بێت لەسەر تەلەفزیۆن قسە بکات بۆ ئەو خەڵکەی, وەکو ئەوانە دیاری نەکراوە, ئێمە مەمنونتانین و, داوا دەکەم ئەو مەسائیلانە تەوق بکرێ, ئێمە لەگەڵ ئەمن و ئاساییشی وڵاتی خۆمان داینە, زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی جەنابیشت دەکەین, قسەکانت لە جێگای خۆیەتی, لە قسەکانتدا شتێك هات, تەصحیحی دەکەمەوە, دەزانم چونکە ئەوە دەنووسرێ, ووتت تەماشای هەموو خوتبەکانم بکەن, کە من دژی تیرۆر قسەم نەکردووە, مەبەستت ئەوەیە پشتگیری تیرۆرت نەکردووە, دەبێت چاکی بکەینەوە, غەلەق دەکەم بەوەی کە نارەزاییی خۆمان دەردەبڕین, چاوەڕوانی تەحقیقاتی حکومەتی هەرێم بکەین, لەم رۆوە بۆمان شەرح بکەن چۆن بووە و, ئەندامی پەرلەمان حەصانەی هەیە, رێزی لێدەگیرێت, کێ بێت ئەو ئەندامە و, ئێمەش تەبیعی هەر کێشەیەك هەبێت, سەر بە ئەندامی پەرلەمان ببێتە

کێشەی ناو خەڵك کێشەی کۆبلیك, یەعنی رەئی عامی لەسەر بیتن, لێرەدا موناقەشە بکرێتن, تەبیعیە, من لێرە بۆ دوا جار تەئکید دەکەمەوە بۆ ئەو برا بەڕێزانەی ئەندامانی پەرلەمان, کە پێویستە هیچ وەزیفەیەکی حکومەت نەبینن, ئەو خیلافی پێرەوی ناوخۆیە, بۆیە دەبێت, واز لە وەزیفایەتی حکومەت بهێنن, ئینجا چ مامۆستا بێت یان بریکاری وەزارەت بێت, چ مدیر عام بێت, چ دکتۆر بیتن, وەزیفەی حزبی ئیعتیادییە, ئەندامی مەکتەبی سیاسییە, یان مەسئول مەڵبەندی تەبیعییە, بەلاّم ئەگەر ئەوە کرا با رەنگ بوو, کێشەکە هەر رووی نەدا با, لەبەر ئەوە بۆ دواجار دەڵێم ئەو خاڵە جێبەجێ بکەن و, کەسێکتان نابێت وەزیفەی حکومەت ببینن, چونکە ئەوە خیلافی هەیە, جەنابیشت کاك خورشید, برادەری تریش هەیە, لە تەلەفزیۆن ناوت دەنووسرێت, بریکاری وەزارەتی ئەوقاف, کۆتایی بەوە دەهێنین, زۆر سوپاستان دەکەم, داوا لە لیژنەی قانونی دەکەین, کە بێن بۆ سەر مەنەصەکە, بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان, خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان.

سەرەتا بە کوردی دەخوێنرێتەوە ئینجا بە عەرەبی ئینجا مادده بە مادده دەیخەینە موناقەشە ودەنگدان, سەرەتا پرۆژەکە وەکو خۆی دەخوێنرێتەوە, پاشان کە تەعدیل کراوە لەلایەن لیژنەی قانونییەوە بە هەردوو زمان ئینجا دەیخەینە موناقەشە, فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى(مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتي هەرێمي کوردستان- عێراق**

**یاسای ژمارە( )ی ساڵی 2005**

**یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

پشت بە حوکمی برگە (1)ی مادده (56)و مادده(53) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو لەسەر خستنەرووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان, ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق, لە دانیشتنی رۆژی / /2005 بڕیاری دا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

مادەی یەکەم:

سەرۆکایەتی هەرێم دیوانێکی بەناوی(دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) هەیە و ئەم ئەرك و فەرمانانەی خوارەوە دەخاتە ئەستۆی:

یەکەم: سەپەرشتی کردنی گشتی فەرمانگەکانی دیوان.

دووەم: دابین کردن و رێکخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان عێراق.

سێیەم: دابین کردن و رێکخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەلاّتەکانی عێراقی فیدراڵ.

چوارەم: دابین کردن و رێکخستنی گشت چالاکی و پەیوەندی کردنەکانی سەرۆکی هەرێم لە ناوەوە وە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

ماددەی دووەم:

سەرۆکی هەرێم بە پایەی وەزیر سەرۆکێك بۆ دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دادەمەزرێنێت.

ماددەی سێیەم:

سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە پەیرەوێکی تایبەت بە پێکهاتەکانی دیوان دەربکات و هەر فەرمانگە و بەش و هۆبەیەك بە گونجاو بزانێت بێنێتە کایەوە و پۆچەڵ بکاتەوە.

ماددەی چوارەم:

سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە بە پێی یاسا راوێژکارەکانی بە پلەی تایبەت دابمەزرێنێت و بەڕێوەبەرە گشتیەکان وسەرجەم فەرمانبەرانی دیوان دابمەزرێنێت و سزایان بدات وخانەنشینیان بکات.

ماددەی پێنجەم:

سەرۆکی دیوانی هەرێم بۆی هەیە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئامادە بێت.

ماددەی شەشەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی حەفتەم:

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمی هەرێم (وقائیعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەکەتان بە زمانی عەرەبی بۆ دەخوێنمەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

رئاسة اقليم كوردستان - العراق

**قانون رقم ( ) لسنة 2005**

**قانون ديوان رئاسة اقليم كوردستان العراق**

استنادا لحكم الفقرة(1) من المادة(56) و المادة(53) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء البرلمان, قرر المجلس الوطني لكوردستان –العراق بجلسته المنعقدة في / /2005 تشريع القانون الاتي:

المادة الاولى:

لرئاسة الاقليم ديوان باسم ديوان رئاسة اقليم كوردستان يتولى المهام الاتية:

اولا: الاشراف العام على دوائر الديوان.

ثانياً: تأمين وتنظيم العلاقة بين رئاسة الاقليم ورئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق ورئاسة مجلس وزراء اقليم كوردستان- العراق.

ثالثا: تأمين وتنظيم كافة النشاطات والاتصالات لرئيس الاقليم داخل اقليم كوردستان وخارجه.

المادة الثانية:

يعين رئيس الاقليم رئيساً لديوان رئاسة الاقليم بمنصب وزير.

المادة الثالثة:

لرئيس الاقليم اصدار النظام الخاص بتشكيلات الديوان واستحداث والغاء ما يراه مناسباً في دوائر واقسام وشعب.

المادة الرابعة:

لرئيس الاقليم تعيين مستشاريه ويكونون بدرجة خاصة و له تعيين المدراء العامين وبقية موظفي الديوان ومعاقبتهم واحالتهم على التقاعد وفق القانون.

المادة الخامسة:

لرئيس الديوان حضور اجتماعات مجلس وزراء اقليم كوردستان.

المادة السادسة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره.

المادة السابعة:

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية للاقليم (وقائع كوردستان).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى(مامۆستا كاكە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا راو بۆچوونی لیژنەی كاروباری یاساییتان بۆ دەخوێنمەوە, تەبعەن ئێستا ئەوەتان هەموو وەرگرتووە, ئەمڕۆ لە بەریدەكان بۆتان دانرا بوو.

**بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بەڕێز**

**ب/ راپۆرتی لیژنە**

لیژنەكەمان بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی رۆژی2005/7/20 كۆبوونەوەی خۆی سازدا بۆ تاوتۆ كردنی رەشنووسی پرۆژەی یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق كە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن پێشكەش كرا بوو.

دوای گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەكە كە بە تێروتەسەلی لیژنەكەمان راو بۆچوونی سەبارەت بە رەشنووسی یاساكە بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەبڕێت:

1- لیژنە بەكۆی دەنگ پێشنیار دەكات پێشەكی یاساكە بەم شێوەی خوارەوە بێت:

بەپێی حوكمی برگە(1)ی ماددەی (56) و ماددەی(53) لە یاسای ژمارە(1)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراو و ماددە(12) لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان- عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 و, لەسەر ئەو داوایەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عیراق خستوویەڕوو, ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی( / /2005)بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

یاسای ژمارە ( )ی ساڵی/2005

یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان- عیراق

2-لیژنە بەزۆرینەی دەنگ پێشنیاری داڕشتنەوەی ماددەی یەكەم بەم شێوەی خوارەوە دەكات:

ماددەی یەكەم:

سەرۆكایەتی هەرێم دیوانێكی دەبێت بەناوی(دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان) كە خاوەن كەسایەتی مەعنەویەو ئەم ئەركانەی خوارەوەی هەیە:

یەكەم:

سەرپەرشتی كردنی فەرمانگەكانی دیوان.

دووەم: رێكخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆكایەتی هەرێم و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان –عیراق و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عیراق.

سێیەم: رێكخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆكایەتی هەرێم و دەسەڵاتەكانی عێراقی فیدراڵ.

چوارەم: رێك خستنی چالاكی و پەیوەندییەكانی سەرۆكی هەرێم لەناوەوە و دەرەوەی هەرێمی كوردستان.

3-لیژنە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری داڕشتنەوەی ماددەی دووەم بەم شێوەی خوارەوە دەكات:

ماددەی دووەم:

سەرۆكی هەرێم بە پلەی وەزیر سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم دادەمەزرێنێت (لەحیاتی پایە پلە بەكار دێت).

4-لیژنە بەزۆرینەی دەنگ پێشنیاری داڕشتنەوەی ماددەی سێیەم بەم شێوەیەی خوارەوە دەكات:

ماددەی سێیەم:

سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە سیستەمێكی تایبەت بە پێكهاتەی دیوان دابنێت و هەر فەرمانگەو بەش و هۆبەی بە گونجاو بزانێ بێنێتە كایەوە و پوچەڵیان بكاتەوە, هەروەها بۆی هەیە راوێژكارەكانی بە پلەی تایبەت دابمەزرێنێت.

5- لیژنە بەزۆرینەی دەنگ پێشنیاری داڕشتنەوەی ماددەی چوارەم بەم شێوەیەی خوارەوە دەكات:

ماددەی چوارەم:

سەرۆکی دیوان بەڕێوەبەرە گشتیەکان و فەرمانبەرەکانی تری دیوان دادەمەزرێنێت و لێپچینەوەیان لەگەڵدا دەکات و خانەنشینی دەکات بە پێی یاسا.

5-سەبارەت بە ماددەی پێنجەم لیژنە بە کۆی دەنگ بە پەسەندی زانی وەك خوی بمێنێتەوە.

6-لیژنە بە کۆی دەنگ پێشنیاری تێکەڵ کردنی ماددەی شەشەم و حەفتەمی کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی شەشەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی رەسمی هەرێم(وەقائعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا رای لیژنەی یاساییتان بە زمانی عەرەبی بۆ دەخوێنمەوە.

**الى/هيئة رئاسة المجلس الوطني لكوردستان – العراق الموقرة**

**م/ تقرير اللجنة**

اجتمعت اللجنة القانونية للمجلس الوطني لكوردستان – العراق يوم الاربعاء الموافق 2005/7/20 بحضور اكثرية الاعضاء لغرض مناقشة مسودة مشروع قانون ديوان رئاسة اقليم كوردستان- العراق المقدم من قبل العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني وبعد قيام اللجنة بدراسة المشروع ندرج ادناه ملاحظات اللجنة القانونية على المشروع وكما يلي:

1-تقترح اللجنة بالاجماع ان تكون صياغة ديباجة القانون القانون على الشكل الاتي:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

استناداً لحكم الفقرة(1)من المادة(56) من القانون رقم(1)لسنة 1992 المعدل, والمادة (12) من قانون رئاسة اقليم كوردستان- العراق رقم (1) لسنة 2005 وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان – العراق, قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /2005 تشريع القانون الاتي:

**قانون رقم( ) لسنة 2005**

**قانون ديوان رئاسة اقليم كوردستان – العراق**

2-تقترح اللجنة بالاكثرية إعادة صياغة المادة الاولى وكالاتي:

المادة الاولى:

يكون لرئاسة الاقليم ديوان باسم(ديوان رئاسة اقليم كوردستان) يتمتع بالشخصية المعنوية ويتولى المهام الاتية:

اولاً: الاشراف على دوائر الديوان.

ثانياً: تنظيم العلاقة بين رئاسة الاقليم ورئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق ورئاسة مجلس وزراء اقليم كوردستان- العراق.

ثالثا: تنظيم العلاقة بين رئاسة الاقليم وسلطات العراقية الفدرالية.

رابعاً: تنظيم النشاطات واتصالات رئيس الاقليم داخل الاقليم كوردستان و خارجه.

3-تقترح اللجنة بالاكثرية إعادة صياغة المادة الثانية وجعلها كالاتي:

المادة الثانية:

يعين رئيس الاقليم رئيساً لديوان رئاسة الاقليم بدرجة وزير(حذف كملة منصب وإحلال كملة درجة).

4-تقترح اللجنة بالاكثرية إعادة صياغة المادة االثالثة و كالاتي:

حذف الالف واللام الواردتين في النظام الخاص وإضافة العبارة التالية الى اخر المادة(وله حق تعيين مستشاريه بدرجة خاصة) وتصبح المادة الثانية المقترحة كالاتي:

المادة الثالثة:

(لرئيس الاقليم إصدار نظام خاص بتشكيلات الديوان واستحداث والغاء ما يراه مناسباً في دوائر واقسام وشعب, وله حق تعيين مشتشاريه بدرجة خاصة).

5- تقترح اللجنة بالاكثرية إعادة صياغة المادة الرابعة و كالاتي:

المادة الرابعة:

لرئيس الديوان تعيين المدراء العامين وبقية موظفي الديوان ومحاسبتهم واحالتهم على التقاعد وفق القانون.

6-اما بالنسبة للمادة الخامسة فقد وجدت اللجنة بالاجماع الابقاء عليها كما يلي:

المادة الخامسة:

لرئيس الديوان حضور اجتماعات مجلس وزراء اقليم كوردستان.

7-كما قررت اللجنة بالاجماع دمج المادتين السادسة و السابعة بمادة واحدة وهي كالاتي:

المادة السادسة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية للاقليم(وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا من دیباجەكە دەخوێنمەوە, ئەگەر موناقەشەی پێویست بوو, دەیكەین و, دواییش فەقەرە بە فەقەرە, موناقەشەی دەكەین و, لە كۆتاییدا دەیخەینە دەنگەوە, دیباجەكە دەڵێت( بە پێی حوكمی مادده(56) و ماددەی (53) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو- و ماددەی (12) لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 لەسەر ئەو داواكارییەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق, خستیەڕوو, ئەنجومەن لەرۆژی دانیشتنی لە 2005/7/26 (مەبەستم ئەگەر تەواومان كرد), بڕیاری ئەم یاساییەی خوارەوەی دا, پێم وایە ئەو دیباجەیە تەبعییە, ئەگەر كەس ئیعتیرازی نییە, دەیخەمە دەنگەوە, بە كۆی دەنگ پەسەند كرا.

**یاسای ژمارە( ) ی ساڵی 2005**

**یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عیراق**

ماددەی یەكەم:

سەرۆكایەتی هەرێم دیوانێكی دەبێت بەناوی (دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان), كە خاوەن كەسایەتی مەعنەوییە, ئەم كارانەی خوارەوەی دەبێت:

بەڵێ, جاری موناقەشەمان نەكردووە, ماددەكە هەمووی دەخوێنمەوە, ئینجا موناقەشەی دەكەین.

یەكەم: سەپەرشتی كردنی گشتی فەرمانگەكانی دیوان.

دووەم: دابین كردن و رێكخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆكایەتی هەرێم و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان عێراق.

سێیەم: دابین كردن و رێكخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆكایەتی هەرێم و دەسەڵاتەكانی عێراقی فدراڵ.

كێ مولاحەزەی هەیە, با دەستی بەرز كاتەوە, فەرمووو كاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زیاتر لەسەر كوردییەكەی من قسەم هەبوو بەڕاستی، لە خاڵی یەكەم نووسراوە سەرپەرشتی كردنی فەرمانگەكانی دیوان، دەبوایە بنوسرایە(سەرپەرشتی فەرمانگەكانی دیوان دەكات)، ئەوانی تریش دووەم و سێیەم چوارەم، كە دەڵێت رێك خستنی پەیوەندی لە نێوان، بەرەئی من لە رووی زماناوانییەوە ئەمە هەڵەیە، دەبێت بڵێی پەیوەندی نێوان سەرۆكایەتی هەرێم و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان رێك دەخات، هەروەها سێیەم و چوارەمیش هەر بەم شێوەیە رێك دەخات بخرێتە دواوە، پەیوەندی نێوان سەرۆكایەتی هەرێم و دەسەڵاتەكانی عێراقی فیدراڵ رێك دەخات، من لە پێشەوەش دەستم بەرز كەمەوە، خاڵی یەكەم درا دەنگدانیش، دەبێت لەوەی ئاخیری بنووسرێت، ئەم یاساییەی خوارەوەی دەركرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی مولاحەزەی زمانەوانی هەیە، بیداتە لیژنەكە، تەماشا دەكەین، ئەگەر راست بیتن، داخیلی دەكەین، موشكیلە نییە، یەعنی مەسەلەی زمان ئەگەر هەڵەیەك هەبێت، تەبیعەیە پێویست بە دەنگدان ناكات، ئێمە دەتوانین چاكی بكەین، بەلام ئیشكالێك هەیە لەسەر زمانەوانی، لەگەڵ ئەوەشدا مولاحەزە بدەن، چی باش بوو وەریدەگرین، سوپاس، سارە خان.

**بەڕێز شكریە خضر پیروت(سارە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە نووسراوە كەسایەتی مەعنەوی، دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم خۆی شوێنێكە، وا نییە، چۆن خاوەن كەسایەتییە، ئینجا لێرە دەڵێت كەسایەتی مەعنەوییە، یەعنی نازانم تەعبیرەكەی تۆزێك.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

من دەتوانم وەڵامت بدەمەوە، بەڵام ئەوە ئیشی لیژنەی قانونییە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی دوو نەوعە كەسایەتی هەیە، كەسایەتی سروشتی هەیە، كە وەكو ئادەمیزاد، ئێمە هەموومان كەسایەتی سروشتیمان هەیە، دەوائیر و ئەوانەی كەوا سەلاحیاتی قانونی و دارایی و بەڕێوەبردنیان هەیە، پێیان دەوترێت، كەسایەتی مەعنەوی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك عثمان، فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سێ مولاحەزەم هەبوو، دوویان برادەران وتیان، دووبارەی ناكەمەوە، سێیەم، ماددەی یەكەم، ئەویش هەر لەسەر تەرجەمەیە، بە ئیعتباری زمان و ئەدەبی كوردی سەرۆكایەتی هەرێم دیوانێكی بە ناوی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان هەیە، لە عەرەبییەكەدا دەڵێت یكون (لرئاسة الاقلیم دیوان باسم دیوان رئاسة الاقلیم كوردستان)دەبێ، یەعنی لەو حاڵەتە وای لێدێت سەرۆكایەتی دیوانێكی بەناوی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان دەبێ و ئەم ئەرك و فەرمانانەی خوارەوە دەخاتە ئەستۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەوانەیە ئەو برایە نوسخەی ئاخیری بەدەست نەكەوتووە، نەوەك لای ئێمە وانووسرایە كە سەرۆكایەتی هەرێم دیوانێكی دەبێت، بەناوی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من ماددەی یەك دەخەمە دەنگەوە، چەند كەس رازییە، بەكۆی دەنگ، ماددەی دوو پەسەند كرا، لیژنەكە وایان لێكردووە كە دەڵێت(سەرۆكی هەرێم بە پلەی وەزیر سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم دادەمەزرێنێت (لەجیاتی پایە پلە بەكار دێت)، كەس قسەی هەیە لەسەر ئەوە، بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بیدایەت خۆی بەرای من پێویست بوو، ئەو یاسایەی كە ئەمڕۆ ئێمە باسی لەسەر دەكەین، مەفروز بوو لە یاسای سەرۆكایەتی سەرۆكی هەرێمی كوردستاندا باسی لەسەر بكرایە لە بابی سلاّحەتیەكاندا، بۆی هەبوایە وەكو ئەم هەموو سلاّحیاتە فراوانەمان داوەتێ لە كاتی خۆیدا، هەر لە پەیوەندی داخیلی و خارجی و پێشمەرگەیایەتی و سوپا و دەركردین عەفوی خاص و عام دانی ئەنوات و ئەوەسیمە، ئەمەش هەر مەفروز بوو لە زمنی سلاّحیاتەكانی خۆیدا بوایە، چونكە ئەو دام ودەزگایە كە دروست دەبێت، دامودەزگایەكی تایبەتە بە شوێنەكەی خۆیەتی. بەنیسبەت ماددەی دوو، ئەو بەڕێزەی كە دادەنرێت بە پلەی وەزیر، ئەو پلەیە لێرە، پلەی وەزیفەكەی خاصە بەتایبەت ئیمتیازات و معاش و راتبی ئەمانەی، یاخود ئەو بەڕێزە ناوی وەزیر دەبێت، سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم دەبێت، ئەگەر ناوی وەزیر بێت، سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم بێت، لە ماددەی پێنج حەقی هەبێت لە كۆبوونەوەكانی مەجلیسی وزەرا، كەوا بێت دەبێت وەكو وەزیرەكان خازع بێت، بەرامبەر پەرلەمان، بەرەئی من ئەگەر وەزیر نەبێت، ناونیشانەكەی بكرێت مدیر عامی دیوان، بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی هەرێم، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم، پێم باشە پلەی وەزیری هەرێمی بۆ زیاد بكرێت، خۆی وەكو وەزیر فیدراڵی حیساب نەكات، ئەوە یەك، دووش، پلە و پایە، پێم وایە لەكوردی بۆ عەرەبی تۆزێك فەرقیان هەیە، پایە یەعنی لە ئاستی وەزیر نییە، بەلاّم لە ئاستی وەزیرییە، كە وتت دەرجە هەموو ئیمتیازات و هەموو دەسەلاّتەكانی دەگرێتەوە، بەلاّم كە گوتت پایە لە كوردی، پایە، یەعنی لە ئاستی وەزیرە، نەك وەزیر، كە گوتت بە پلەی وەزیری، یەعنی بەهەموو ماف و ئەركەكانی وەزیرییە، بەلاّم ئەوە لەم ئاستە، پایە باشترە لە پلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەمان تێبنی كاك ئارێزم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش رام وایە كە نابێت پلەی وەزیری هەبێت، چونكە وەزیر لە ئۆرگانی سەرۆك وەزیران دایە و، ئەچێتە ئەو هەیكەلەوە، لە هەیكەلەی سەرۆكی هەرێم باشتر وایە، بەرێوبەری گشتی بێت، ئەگەر بەشداری كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی وەزیران بكات، ئەوا ئەركەكانی تێكەڵ دەبێت لەگەڵ ئەركی وەزیردا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر رەئی برادەرانم هەیە، بەلاّم تەوزیحێكم هەیە، ئێمە سیستەمێكی پەرلەمانین، لە سیستەمی پەرلەمانی خاصیەتی هەرە سەرەكی ئەوەیە (ثنائیة سلطة تنفذیة) دوو سوڵتەی تەنفیزی هەیە، سەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر بێ ئێمە لێرە سەرۆكی دیوان پلەی وەزیری بدەینێ، یەعنی ئەو (ثنائیة)ی نامێنێ، دوایی تەعاروزیش دەبێت لەگەڵ ماددەی چوارەم و ماددەی پێنجەم، ئێمە لە یاسای سەرۆكی هەرێم وتمان كە سەرۆك بۆی هەیە، دەرجات خاصە .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ ئێمە نەگەیشتینە ئەو فەقەرەیە, ئەوە هی ئەو ماددەیە نییە, هی ماددەیەكی ترە, بەڕێز نەسرین خان, فەرموو.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو كەسانەی كە بە وەزیر دادەنرێن, دەبێت شروتەكانیان چی بێت, یان ئەو ئیمتیازاتانەیان چی بێت, كە ئەو پۆستە وەردەگرن, لێرە دیاری بكرایە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ تێبینیەكان, كاك د. ناصح تۆ ناوت نەنووسراوە, ئەگەر نوقتەیەكی ئیزافەت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەستم بەرز كرد, ئەگەر ناوی منتان نەنووسیوە, تاوانی منی تێدا نییە, جارێ بەنیسبەت كوردییەكەی, كە پلە بێت یان پایە بێت, لە زاراوە جیاجیانی كوردیدا پلەو پایە هەر بە یەك مانا دێت, چونكە خۆی لە پلەی ناردووان و پایەی ناردووانەوە هاتووە, هەردووكیان وەكو یەكە, بەڵام من پێم باشترە, پلە لێرەدا بێت, جوانترە, ئەمە یەك, دوو, بەنیسبەت ئەو تێبینیەی كاك عمر نیشانی دا, بەڵێ راستە, مەفروز بوو لەم یاسایەدا بهاتایە, بەڵام ئەوە لێرەدا نەهاتووە, ئێستا هاتۆتە ئاراوە, بۆیە من شتەكەم پێ باشە و, بەجێیە, تێبینیم دەربارەی دەرجەی وەزیر فەرقی هەیە, لەگەڵ مەنصەبی وەزیر, ئەگەر دوایی بیكەین بە وەزیر هەرێم, شتێكی ترە, بەڵام ئەوە بە دەرجەی وەزیرە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفووم دەكەی, تكایە لەسەر پرۆژەكە تەعلیق بدەن, نەك لەسەر قسەی یەكێكی تر, جارێ پێش هەموو شتێك سەرۆكی دیوان پلەی وەزیرە لە هەموو شوێنێك, لە بەغدا وایە, لە هەموو شوێنێك وایە, پلەی وەزیر تەنیا بۆ سەرۆكی دیوان نییە, دیوانی ریقابەی مالیش سەرۆكی دیوانی ریقابەی مالیش پلەی وەزیرە, بەڵام پلەی وەزیر مانای وا نییە, ئەندامی مەجلیسی وزەرایە, پلەی وەزیرە, یەعنی وەكو مەرتەبەی وەزیرە, لەبەر ئەوەش لە جێگای فەقەرەیەكی تر هاتووە, لەوێ موناقەشەی دەكەین نامەوێت موناقەشەی بكەم, كە دەڵێت بۆی هەیە, حازر بیت لە كۆبوونەوەی مەجلیسی وزەرا لەوێ باسی دەكەین, دوو, بەنیسبەت ئەوەی كە بۆچی لە یاسای سەرۆكی هەرێمدا ئەوە یەك لا نەكراوە, ئەوەی كاك عمر باسی كرد, لەوێ بەندێك هەیە, دەڵێت دەبێت وا بكات, بە قانون, دەڵێت بۆی هەیە, دیوان بۆ خۆی دانێت, ئەویش بە قانون, قانونەكەش ئەوەیە, یەعنی پێشتریش باسم كرد, زۆر برادەر هەبوون, كە موناقەشەی قانونی سەرۆكی هەرێممان كرد, لای وازیح نەبوو دەكەوتە موناقەشە, ئەو ئیشەیە ئێستا فرسەتێكە دڵنیای زۆر كەس بكەمەوە كە دەڵێن بە قانون, یەعنی دەبێتە پرۆژە دێتە ئێرە, پرۆژەكە تەمشیە دەكرێت, بە قانون دەردەچێت, ئێمە پێمان وتووە دەسەڵاتمان داوەتێ, دیوانێك دادەنێ, بە قانون, بۆ ئێمەی ناردووە, بۆ ئەوەی تەشریعی بكەین, ئەویش دەریبكات, لەبەر ئەوە لەوێش ئیشارەتی پێكراوە, ئینجا ئەو مولاحەزاتانەی كە وتتان, مولاحەزاتی باشن, بەڵام یەكەم جار وتم لەوێ كراوە, ئەوە دەبێت قانونی بێت, مەسەلی پلەی وەزیر, تەبیعیە و, لە بەغداش وایە, من پرسیتم پێش بێینە ئێرە, سەرۆكی دیوانی ریئاسەتی جمهوری لە بەغدا پلەكەی وەزیرە, لە زۆر وڵاتانیشدا بە هەمان شێوەیە, لەبەر ئەوە من ئەو ماددەیە پاش تەوزیح كردن, ئەگەر كەس موعاریز نییە, دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەستی جەنابت, ئیمتیازاتی وەزیرە, نەك دەرەجەی وەزیر لە مەجلیسی وزەرا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە پلەی وەزیر, ئیمتیازاتی وەزیرە, بەڵێ دەرەجاتیشی وەزیرە, خاڵێكی تریش هەیە, لە مەجلیسی وزەرا بەشداریش بیتن, مانای وا نییە ئەندامی مەجلیسی وزەرایە, ئەوە بابەتێكی ترە, بەڵام كە وتت پلەی وەزیر, یەعنی دەرجەكەیە,

ئیمتیازاتەکەیە, ئەگەر لە فەقەرەیەکی تر سەلاْحیەتێکی تری بدەیتێ, بەقانون ئەوە دەکرێت, بەلاْم کە وتت بە پلەی وەزیر رەئیسی دیوان سەلاْحیەتەکەی دیارە, کە چی و چییە؟ هەر سەلاْحیەتێکی ئیزافی لەو قانونەدا باس کرابێت, ئەوە تۆ داوەتە ئەو رەئیسە بە تایبەتی, یەعنی بە ئیستیسنا, ئەگەر نا رەئیسی دیوانی ریقابەی مالیش پلەی وەزیرە و ئیشەکانی دیارە, پێی نەوتراوە کە بێتن لە کۆبوونەوەکانی مەجلیسی وزەرا حازر بیتن, ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە, دەیخەمە دەنگدانەوە, ئەوەی موافیقە لەسەر ئەو صیغەیە با دەستی بەرز کاتەوە, بە کۆی دەنگ, ماددەی سێیەم, پەسند کرا, سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە سیستەمێکی تایبەت بە پێکهاتەی دیوان دابنێت و هەر فەرمانگەو بەش و هۆبەی بە گونجاو بزانێ بێنێتە کایەوە پوچەڵیان بکاتەوە, هەروەها بۆی هەیە راوێژکارەکانی بە پلەی تایبەت دابمەزرێنێت, کێ دەیەوێت لەسەر ئەمە قسە بکات؟ ئەگەر ئیجازە بدەنە من, خۆم پێشنیارێکم هەبوو, دیارە لیژنەی قانونی موناقەشەیان نەکردووە, پێشنیارەکەم وابزانم قانونییە, یەعنی بۆ ماددەی چوار تێکەڵیەك هەیە, تێکەڵیەکە لەگەڵ کاك شێروانیش باسم کرد, پێشتریش لەگەڵ کاك فرسەتیش باسمان کرد, هیچ وەزیرێك دەسەلاْتی دانانی بەڕێوبەری گشتی نییە, ئەوە دەسەلاْتی سەرۆکی حکومەتە, ئۆتۆماتیکی دەسەلاْتی سەرۆکی هەرێمە بۆ دیوانی خۆی, لەبەر ئەوە لە پرۆژەکەدا هاتووە کە لێرە ئیقراریشیان کردووە, هەڵەیە, یەعنی کە وەزیر دەسەلاْتی دانانی بەڕێوبەرە گشتیەکانی هەیە, چونکە ئەوە ناکۆکە لەگەڵ دەسەلاْتی سەرۆکی هەرێم و ئەوانە, لەبەر ئەوە ئەو دەسەلاْتە دەبێت جیا بکرێتەوە, دەسەلاْتی دانانی موستەشارو بەڕێوبەرە گشتیەکان ئی ناو دیوان, سەرۆکی هەرێم بۆ هەیە, موستەشاری خۆی بە دەرجە خاصە, بەڕێوبەرە گشتیەکان دابنێت, سەرۆکی دیوان بۆی هەیە, فەرمانبەرەکانی تر دابنێت, جا لەبەر ئەوە دەبێت ئەو دوو ماددەیە جیا بکرێنەوە, فەصل بکرێن, بە رەئی من لە ماددەی سێیەم وەکو خۆی, بەس تەنیا, پۆچەڵیان بکاتەوە, لە هەروەهایەکە بخرێتە چوارەم, چوارەمیش بکرێتە دووەم فەقەرە, یەعنی لە هەروەها بۆی هەیە راوێژکارەکانی بە پلەی تایبەت دابمەزرێنێت, لەوێ لابکەوێت و, بکرێتە چوارەم, چوارەمیش بکرێتە دوو فەقەرە, فەقەرەی یەکەم, سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە موستەشارەکانی خۆی بە دەرەجەی خاصە لەگەڵ بەڕێوبەرە گشتیەکان دابمەزرێنێت, لە چوارچێوەی تەشکیلاتی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم, موحاسەبەیان بکات و خانەنیشنیان بکات, بە پێی قانون, ئەمە یەکەم, دووەم: سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە, موەزەفەکانی تریش دابمەزرێنێت و موحاسەبەیان بکات و, خانەنیشینیان بکات, بە پێی قانون و, بۆشی هەیە ئەم دەسەلاْت بدات, هەندێکی یان هەمووی بداتە سەرۆکی دیوان, بەم شێوەیە سەرۆکی دیوان دەسەلاْتەکانی دامەزراندنی خوارووی بەڕێوبەرە گشتیەکان دەبێت, ئەمەش لە هەموو وزارەتەکاندا وەزیر ئەو دەسەلاْتەی هەیە, سەرۆکی هەرێم موستەشاری خۆی بەڕێوبەرە گشتیەکان بە دەرجەی خۆی دادەنێت, جا لەبەر ئەوە موناقەشەکە لەبەر چاوی لیژنەی قانونی کە ئیعتیرازێکی لەسەر پێشنیارەکەی من نییە, من پێم وایە ناکرێت وەکو ئەوان وتوویانە لە لیژنەی قانونی دەسەلاْتی بەڕێوبەری گشتیان داوەتە سەرۆکی دیوان, ئەمە ناکۆکە لەگەڵ دەسەلاْتی وەزیرەکان هەمووی, دەبێت ئەمە چاك بکرێتەوە, بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەم پێشنیارە پەسەند دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا موناقەشەکە لەسەر ئەوەی بێت, کە من ئیقتیراحم کردووە, ماددەی سێیەم موناقەشە دەکەین, کە دەڵێت سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە سیستەمێکی تایبەت بە پێکهاتەی دیوان دابنێت و هەر فەرمانگەو بەش و هۆبەی بە گونجاو بزانێ بێنێتە کایەوە پوچەڵیان بکاتەوە, لێرە تەواو دەبێت, فەقەرەکەی تر کەوتە سەر ماددەی چوارەم, جارێکی تر باسی دەکەین, بۆتانی بخوێنمە یان کافییە, باشە ,جا لەسەر ئەمە کێ قسەی هەیە, با دەستی بەرز کاتەوە؟ کاك عثمان, فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر( عثمان بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆكایەتی هەرێم بۆی هەیە, بەڕێوبەرە گشتیەكان دابنێ, بە پێی یاسا یان ژمارەیەكی تەحدید.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەیەكی ترە, كاك عثمان, ئەوە ماددەی دواترە, ئێمە باسی ئەوە دەكەین, كە سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە سیستەمێكی تایبەت بە پێكهاتەی دیوان دابنێت و هەر فەرمانگەو بەش و هۆبەی بە گونجاو بزانێ بێنێتە كایەوە پوچەڵیان بكاتەوە, موناقەشەی ئەوەندە دەكەین, تەواو, كاك رشاد, فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی جەنابت تەوزیحت دایێ, بەلأم لەگەڵ فەقەرەی كە رادەوستیت, لەگەڵ پلەو پایەی سیستەمێكی تایبەت پێكهاتەی خۆی دابنێ, لەگەڵ ئەوانە با باسی مدیر عامەكان بكرێ, لەگەڵ ئەوەی دەمج بكرێت و, بكرێتە ماددەك, ئیستمرار بكاتن, بۆ ئەوەی فەرمانبەر دانێ بە بەڕێوبەری گشتی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە فەقەرەی ترە, كاك رشاد, فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مولاحەزا مە ئەوە نە سیستەمەكا تایبەت بە دیوان و, ئیزافە بكرێت, سنوور كردنی دەسەلأت و, ئەركەكانی سەرۆكی دیوان و, بەڕێوبەرایەتی گشتی و ئەوانەی پلەی تایبەت هەن, ئیزافە بكرێ, نە بەس نیزامێك دابنرێ بۆ پێكهاتەی دیوان, بەلأم بۆ سنوور كردنی دەسەلأتەكانی دیوانیش, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفووم دەكەی ئەوە باسی سیستەمە, دیوانی وەزارەت لە چی پێك دێت, سەرۆكی دیوان, مدیر عام, جێگری مدیر عام, موستەشار, مدیریەتی حسابات, مدیریەتی تەدقیق, بەشی یاسا, مەبەستی هەیكەلەكەیە, ناكرێت باسی دەسەلأت بكەین, لێرە, هەیكەل, خەریتەیەك دادەنێی ئەوە سەرۆكە, پاشی سەرۆكی دیوان, جێگرەكەی دێت, بەشی حیسبات دێت, بەشی یاسا دێت, یەعنی ئەو بەشانەی كە بە پێویستی دەزانین, لەبەر ئەوە لێرە جێی نییە, بۆیە ئەگەر هیچ مولاحەزە نییە, دەخەمە دەنگدان, جارێكی تر دەیخوێنمەوە, (سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە سیستەمێكی تایبەت بە پێكهاتەی دیوان دابنێت و هەر فەرمانگەو بەش و هۆبەی بە گونجاو بزانێ بێنێتە كایەوە, پوچەڵیان بكاتەوە), باشە (واوێكی), دەوێت بۆی زیاد بكەین, پاشی(واوە)كە دەیخەمە دەنگدانەوە, چەند كەس موافقە لەسەری, بە كۆی دەنگ, ماددەی چوارەم, دەكرێتە دوو فەقەرە وەكو عەرزم كردن, بۆتانی دەخوێنمەوە لای خۆتان بینووسن بۆ ئەوەی لاتان وازیح بێت, پێش موناقەشە, سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە راوێژكارەكان بە پلەی تایبەت دابمەزرێنێت, هەروەها بۆی هەیە بەڕێوبەرە گشتیەكان و فەرمانبەرەكانی تری دیوان دابمەزرێنێت, لێپێچینەوەیان لەگەڵ بكات, و خانەنشینیان بكات بە پێی یاسا, ئەوە یەكەم, دووەم, سەرۆكی هەرێم پاش ماوەی مونتەسبینی تەشكیلاتی دیوان دادەمەزرێنێت, لێپرسینەوەیان دەكات, خانەنشینیان دەكات, بە پێی قانون و, بۆی هەیە بەشێك لە دەسەلأتەكانی لەم مەبەستە بداتە سەرۆكی دیوان بە پێی ئەو فەقەرەیە, ئەمە وازیحە لاتان, تەبعەن لە ناحیەی قانونی و لە ناحیەی زمانەوانی پێش موناقەشە رێكیدەخەین, ئەگەر لیژنەی قانونی مولاحەزەی لەسەر ئەم دوو فەقەرەیە نییە, بیخەینە دەنگەوە, فەرموو, بە عەرەبیەكە بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی ماددەكەتان بۆ بە عەرەبی دەخوێنمەوە.

**المادة الرابعة:**

1 - لرئيس الاقليم تعيين مستشاريه ويكونون بدرجة خاصة, و له حق تعيين المدراء العامين ضمن تشكيلات ديوان ومحاسبتهم واحالتهم عن التقاعد وفق القانون.

2 - لرئيس الاقليم تعين بقية منتسبي تشكيلات ديوان ومحاسبتهم واحالتهم عن التقاعد وفق القانون, وله تخويل رئيس ديوان بعض من صلاحياته فيما يتعلق بهذه الفقرة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ دەیەوێت لەسەر ئەم فەقەرە قسە بكات, بەڕێز خلیل, فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستی لێرە لە لیژنەی یاساییش قسەمان كرد, بەڵام هەر لێرەش تاریخە با بڵێین, خەلەلێك هەیە, لێرە, ئێمە باسی دوو ماددەمان كرد, لە سێ و چوار, باسی سەڵاحیاتی سەرۆكی هەرێمان كرد, بۆ سەرۆكی هەرێم هەیە, ئەوە بكات, ئێمە یاسایەكمان دەرهێنا بۆ سەرۆكی هەرێم لەوێ سەڵاحیات باس كرایە, لە ماددەی (12), كە دەڵێت بۆ سەرۆكی هەرێم هەیە كە دیوانێكی هەبێت, تەشكیلات و نیزامەكە بە قانون دەردەچێت, تەشكیلات وئەركەكانی ئەم تەشكیلە دەردەچێت بە قانون, لێرە ئێمە وامان لێكرد كە سەرۆكی هەرێم ئەمە دادەنێت بە نیزامێكی خاص, تەبیعیە ئەمە, بەڵام ئایا من ئەڵێم ئەگەر مەبەستمان ئەمە بێت پەلەو بەساتەتێكی تێدا هەیە, من ئەڵێم سەغەڵەتیش تێدا هەیە, چونكە دیوانی موئەسەسەیەك تەشریع دەكەی, بۆ سەرۆك هەرێم كە ئەعلا مەنصبە هی تەنفیزی, یەعنی لە تەبوییەكە لە سەڵاحیات لە تەشكیلات ئەمە هەمووی بە قانونە ئەوە, لێرە ئەم خەلەلە هەیە, كە بۆچی ئەم خەلەلە دروست بووە؟ چونكە لەوێ سەڵاحیەتمان باس نەكرد لە سەرۆكایەتی هەرێم لێرەش كە ئیشی بە قانون دەربچێت, ئەو قانونە لێرەش تەسبیتمان نەكردیە, ئەو خەلەلە لێرە هەیە, ئەڵێم مەفروزە تەشكیلات و مەقری ئەمنی ئەم دیوانە لە هەمان ئەم قانونەدا هەبێت, ئەوە زوعفێكە نەقصێكە تێیدا, تەشكیلاتی تێدا نییە, موازەنەی تێدا نییە, رەبتی بە پەرلەمان, یەعنی فەقەرەیەك هەبێت, هەندێك تەقاریر بۆ ئێرە بێت, یەعنی یاسا بۆ رۆژێك یان دوو رۆژ دانانرێ, ڕاستە وەزعی ئێمە نەوعە عەجەلەیەكی دەوێ, ئەو قسە بۆ ئیشارەت دەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت تێبینیەك لەسەر ئەم خاڵە بدەم, كە تا ئێستا لە زۆربەی سیستەمەكاندا ئیهمال كراوە یان وەكو پێویست تاقیمێكی تایبەتیان نییە, بۆ شێوەی موعامەلە لەگەڵ مافی ئاسایی و مافی مەدەنی لێرە یەك شت مولاحەزە دەكەم, تەبیعی خەڵكێك كە موحاسەبە دەكرێ, یەعنی ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ دەكرێ, خانەنیشین نابێ بكرێ, چونكە كە یەكێك ئیجرائاتی لەگەڵ كرا بە پێی یاسا, سزا درا مافە ئاسایی و مەدەنییەكان لەدەست دەدات, بە پێی ئەو جەریمەی كە دەیكات, خەڵكێك مەسەلەن مافی ئاسایی ژیان خۆشی و ئازادییە, خەڵكێك كە جەریمەیەك دەكات, حوكم دەدەرێت بە ئیعدام, یەعنی ژیانەكەی لەدەست دەچێت, خەڵكێك كە موخالەفەیەكی گەورە دەكات, سزایەكی تر دەدرێت, سەرۆكی هەرێم كە موحاسەبەی یەكێك دەكات, یەعنی نابێت خانەنشینی بكات, ئەو كەسانە خانەنشین دەكرێن, كە هیچ ئیجرائاتێكی یاساییان لەگەڵ نەكرا بێت, ئەم صیغەیە ئەگەر دەستكاریەك بكرێ, كە لێپێچینەوە دەكرێ, یان خانەنشین, چونكە دوو شتی جیاوازە, ئەگەر لێپرسینەوە بكرێت و دوای لێپێچینەوە سزا بدرێ, نابێت خانەنشین بكرێت, چونكە ئەو مافەی لەدەست دەدات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە قسەكانی من كران, بەڵام پشتگیری لە قسەكانی جەنابت دەكەم, چونكە ئەوە وازیحە حەقی رەئیسی هەرێمە, رەئیسی دیوان نییە, لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز حاتم حسن محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بیدایەت ئیزاحاتم هەبوو, لەسەر ئەو ئیزدیواجیەت و تێکەڵاوییە کە لەدواییدا جەنابت باست کرد و, تەئیدی قسەکانی جەنابت دەکەم کە ئەو دوو فەقەرە لێك جیا کراوەتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەعاروزێك دەبینم لەنێوان ماددەی چوار فەقەرەی یەکەم, لەگەڵ ئەو ئیقتراحەی جەنابت, لەگەڵ یاسای سەرۆکی هەرێم, لە یاسای سەرۆکی هەرێم ئێمە دەڵێین سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە, پاش ئەوەی وەزیر ناوەکەی دەداتێ, یان ناوی لێدەنێ, ئێمە لێرە دەڵێین بەڕێوبەرە گشتیەکان دابنێ ئیعتیبارمان بۆ ماددەی دووەم دانەناوە, کە دەڵێت سەرۆکی دیوان بە پلەی وەزیر دەبێت.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم ئەو (یکونون)ە, زیادە شتێکی, (رئیس الاقلیم یعین مستشاریە بدرجة خاصة) هەر ئەوەند زیاتر نا, دووەم وا بزانم هەندێك لە ئەوصاڤ مستشارەکان, یەعنی مستشاری هەندێك دەرەجە خاصە لێرە مەبەستی چییە؟ لە شەهادات, چونکە موستەشاری رئیسی ئیقلیم فەرقی هەبێت لەگەڵ مستەشارەکانی تر, مولاحەزەی سێیەمم (واحالتهم على التقاعد وفق القانون) وابزانم شتێکی زیادە, چونکە ئەگەر موەزەف بێت, خۆی وفق قانون تقاعود دەکرێت, نازانم موظف دیوان واحالتهم عن التقاعد, ئەوە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئیەکەی کاك خلیلم لە لیژنەی یاسایی زۆر موناقەشەمان لەسەر ئەو ماددەیە کرد, چونکە ئەو یاسایە تایبەتە بە یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان, نەك بە یاسای سەرۆکی هەرێم, بۆیە ئێمە محاوەلەمان کرد, مەخرەجێك پەیدا بکەین, لەبەر ئەوەی شێوەی داڕشتنی ماددەکە بەم شێوەیە دەرچوو, لەگەڵ ئەویشدا من پێم وایە ماددەی چوارەم بەم شێوەیە بێت, بە عەرەبیەکەی, (المادة الرابعة: لرئيس الاقليم تعيين مستشاريه ويكونون بدرجة خاصة, و له حق تعين المدراء العامين ضمن تشكيلات الديوان ومحاسبتهم واحالتهم عن التقاعد وفق القانون, كما له حق تعيين بقية منتسبي تشكيلات الديوان ومحاسبتهم واحالتهم عن التقاعد وفق القانون, وله حق تخويل رئيس الديوان بعض من صلاحياته فيما يتعلق بهذه الفقرة), هەردوو فەقەرەکە دەمج بکرێت بەم شێوەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ هەموو مولاحەزاتەکانتان, کاك **طلعت** نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەکەم هەیە, لەسەر هەموو ماددەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك **طلعت** ئەوە نوقتەی نیزامی نییە, فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامیە, بەڵام مەبەستم ئەوەیە ئەو فەقەرانەی کە تایبەتن بە سەلاحیاتی سەرۆك, ئەگەر بە یاسایەك تەعدیل بکرێتەوە, بخرێتە سەر یاسایە ئەصڵیەکەی, ئەوانەی کە تایبەتیشن بە ریئاسەتی دیوان وەکو خۆی لێرە بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزاتەکان کە دران هەندێکیان بە جێنە و هەندێکیشانی پێویستیان بە تەوزیحە، بەنیسبەت کاک خلیل و کاک عونیش، نیزامی داخیلی بەشێکە لە یاسا، بە یاسا دەربچێت یان دەرنەچێت، خۆی بەشێکە لە هەر شوێنێك بە پێی قانون، ئێمە ئەگەر پێویستی کرد، نەیبوو لە قەوانینی مەعمول لە ئیدارەی هەرێم هەبوو بە پێی ئەو قانونە دەیکات، پێویستی کرد بە قانونی تازە، داوا لە پەرلەمان دەکات، قانون دەربکەین، ئێستا دیوانی سەرۆکایەتی هەرێممان نییە، بۆیە پێویستی بەو قانونە هەیە، دەری دەکەین، خانەنشین و موحاسەبە کردن، دوو شتی جیاوازن، یەعنی مانای ئەوە نییە، تۆ یەکێك موحاسەبە دەکەی و خانەنشینی دەکەی، یەعنی محاسبە کردن عوقبەیە، لەوانەیە تەنبیهی بکات، یان قەتعی راتبی بکات، ئەوە شتێکە خانەنشینەکە شتێکی ترە، ئەویش نووسراوە بە پێی قانون، قانون معمول قانونی تقاعد قانونی خۆی هەیە، ئسوسی خۆی هەیە، تقاعدی دەکات، هیچ ئیشکالیەك جیاوازیەك نابینم، کاك سردار نوقتەیەکی باس کرد، دەڵێ لەویّ ناکۆکە لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم لەویّ ئەو تەعینی بەڕێوبەرە گشتیەکان دەکاتن، تەناقز نییە، بە پێچەوانەوە، لە قانوندا ئەو بەڕێوبەرە گشتیەکانی حکومەتن کە سەرۆکی هەرێم ئیقتراح دەکات جیاوازە ئەوە، ئێستا ئیقتراحی سەرۆکی هەرێم راوێژکار و دەرجات خاصە و، ئەوانە بەپێی قانون ئەو دەریدەکات، ئەو هی سەرۆکایەتی هەرێم خۆیەتی، یەعنی پێویست ناکات بچێتە ئەنجومەنی وەزیران، لەبەر ئەوەی ئەوە شتێکی زۆر جیاوازە، کاك سعدالله باسی موستەشاری کرد، بە دەرجە خاصە، بە تەئکید یەعنی ئەویش بە پێی قانونە، مستشاری قانونی دەبێت لای کەمی خەریجی یاسا بێت، مستشاری مالیە دەبێت خەریجی کۆلیژی ادارە و اقتصاد بێت، لای کەمی، هەریەکە بە پێی اختصاصی خۆی بێت، مامۆستای ئایینی دەبێت عالیمێکی دینی بێت، شارەزا بێت، دەرجاتی خاصەیان هەبێت، دەرجاتی خاصەش مەعلومە لە یاسادا مانای چییە؟ پلەیەکە با بڵێن ئیمتیازات و حقوقی دیاری کراوە، بەنیسبەت ئیقتراحەی کاك عونی من بە باشی نازانم، چونکە تێکەڵاویەك دەبێت، لەو دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتە چ دەسەڵاتێکە، دەتوانێ بیداتە سەرۆکی دیوان، ئەگەر بیکەینە یەك فەقەرە، ئیشکالمان بۆ دروست دەکات، خەڵك رەخنەی دەگریت، وەزیرێکی تر دەڵێت ئەو دەسەڵاتە چۆن دراوەتە سەرۆکی دیوان کە قانونەن وەزیر نیەتی، لەبەر ئەوە کە کردتە دوو فەقەرە، فەقەرەی دووەم دیارە، ئەگەر بەو ئیقتراحەی کاك عونی بیتن، موستەشاریش دەگرێتەوە، بەڕێوبەری گشتیش دەگرێتەوە، بۆیە فەصڵمان کردووەو فەقەرەی یەکەم و دووەم، بۆ ئەوەی فەقەرەی دووەم ئەو دەسەڵاتانە بتوانێت تەخویلی بکات، دانانی موستەشارو دەرەجەی خاصە و مدیر عامەکان لای سەرۆك بێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ قانونی سەرۆکی هەرێم بگونجێ، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم ئەگەر بەو ئیقتیراحەی وەربگرین، زۆر باشە، چونکە قانون بە شێوەیەکی گشتی تەحدیدی دەکات، سەڵاحیاتی رئیس الاقلیم چییە؟ ئەو سەڵاحیاتانەی کە بڵێن بە دەرەجەی ئەدنا دەردێت، ئەو کاتی مەعلوم دەبێت، کە بۆ رەئیس دیوان هەیەتی، ئەو سەڵاحیاتانە بەکار بێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو موقتەرەح هەیە، موقتەرەحێك کە ئێمە کردوومانە کە دەبێت ببێتە دوو فەقەرە، لەبەر رۆشنایی ئەو شەرحانەی کە دامان، موقتەرەحێکیش کاك عونی وتی، ئەوەی موافیقە لەسەر موقتەرەحە ئەسڵیەکەی کەموناقەشەمان لەسەر کرد و، کە ببێتە دوو فەقەرە موستەشارەکان و، مدیر عامەکان دەسەڵاتی سەرۆکن، فەقەرەی دووەم، بقیە منتسبین، لەوانەی سەرۆکی هەرێم دەسەڵات بداتە سەرۆکی دیوان، کێ موافیقە لەسەر ئەو دوو فەقەرە، دەستی بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ، تەنها کاك عونی دەستی بەرز نەکردەوە، باشە ئێستا ماددەی پێنجەم، بە زۆرینەی دەنگ لیژنەی یاسایی پەسەندی کردووە، کە دەڵێت سەرۆکی دیوانی هەرێم بۆی هەیە لە کۆبوونەوەکانی

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئامادە بێت, کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات, زۆر کەس ناوی نووسراوە, بەڵام تکایە کە دوو کەس قسە بکات و قسەکەی تکرار بێت, بڵێت من تەئیدی قسەی فلاَن کەس دەکەم, کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی دیوان بۆی هەیە ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان بێت, ئەگەر پێویست بکات, وەك گوێگر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو پرسیارێك دەڵێم, کە ئەندامی ئەو هەیئەتە نییە, بە چ مەهانەیەك دەچێتە ئەوە کۆبوونەوەیە, مەبەستەکە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە پێی تەئمینی تەنزیمی عیلاقەی بەینی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و, ئەنجومەنی وەزیران, مەفروزە بشتوانێ بێتە پەرلەمانەوە دابنیشێت, حەقی ئەوەشی هەبێت.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم هەیە, تێبینی من لەسەر ماددەی پێنجەمە, هەمان تێبینیە لەسەر ماددەی دووەم, کە سیستەمی پەرلەمانی سونائی سوڵتەی تەنفیزی هەیە, لێرە کە سەرۆکایەتی بۆ وەزیر هەبوو, لەناو ئەنجومەنی وەزیران, یەعنی بووە بەشێك لەو دەسەلاَتەی لە فقهی قانونی غالب, هەندێك دەڵێت سەرۆك, یەعنی دەوڵەت بۆی نییە بەشداری بکات لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران, بەلاَم فقهی غالب دەڵێ بۆی هەیە بەشداری بکات, سەرۆك نەك سەرۆکی دیوان, لەگەڵ ئەوەشدا بۆی نییە, تەصویت بکات, من لەگەڵ ئەوەدا نیم, یەعنی سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە, بەشدار بیت, ئەگەر رەئیتان لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ, دەبێت نیشان بدەین کە حەقی تەصویتی نییە, سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك سردار ئیشارەتی بە خاڵەکەی من کرد, هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئیزافەی ئەوە لەسەر ماددەکە بکرێ, (دون ان یکون له حق تصویت), سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك عونی ئەوەی کە من ویستم عەرزی کردن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حزوری بە زەرووری نازانم, لەبەر ئەوەی هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێم پەسەند دەکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پرسیارم هەیە, ئامادە بوونی سەرۆکی دیوان سیفەتەکەی چۆن بەس ئەوە روون بکرێتەوە, وازیح نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئیەکەی من کاك زرارو کاك سردار هرکی باسیان کرد.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی دیوان خۆی وەزیر نییە, دەرەجەی وەزیرە, بۆ بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بکات, ئەگەر بەشداریش بکات, حەقی دەنگدانی نەبێت و بێدەنگ بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبداللە نصراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکانی منیش بەڕێزان روونیان کردەوە, سوپاس.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم ماددەی پێنجەمە وای لێ بێت باشترە, سەرۆکی دیوان دەتوانێت بە پێی پێویست, ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بێت, هەقی دەنگدانیشی هەبێت, چونکە بەڕاستی ماددەی (4,3,2,1) هەمووی (بۆی) هەیە, ئەم وشەی (بۆ) هەیە, نازانم لە کوێوە هاتووە, یەعنی کە دەڵێت (التکرار قبیح و لو کان میلماً), یەعنی ئەم وشانە با ئێمە دووبارەی نەکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو تەوزیحاتانەی کە درا بەڕاستی جێگای خۆیەتی, بەلاَم بەشێکی وەکو(وفق قانون)ەکە, کە عەرزم کردن کە دەڵێت وفق قانون چییە؟ زۆر لە برادەران نەیان دەزانی, ئەمەش بەهەمان شێوەیە, کە تۆ وتت بە پلەی وەزیر یەعنی وەزیر نییە, کەواتە کە بەشداری دەکاتن, لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران حەقی دەنگدانی نییە, ئەوە بنووسی جوان نییە, بۆ قانونێك شتی وا بنووسێت, چونکە بەدیهیەتە, کە وتت بە پلەی وەزیر, یەعنی وەزیر نییە, کە وتت دامەزراندنی وەزیر فلاَن, بە مەنسەبی وەزیر دیوان, ئەوە دەبێتە ئەندامی مەجلسی وەزیرا, ئەگەر وەزیرێکت دانا لە تەشکیلاتی مەجلس وزەرا, ناوی وەزیر هەرێم بوو, دوایی راتسپارد کە ئەو وەزیرە بە مەنسەبی سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکی هەرێم هەڵبستێت, ئەو کاتی رێگامان دا لە مەجلیسی وزەرا قسە بکات, بەلاَم کە وتت سەرۆکی دیوان بە پلەی وەزیرە, یەعنی پلەکەی وەزیرە, وەزیرنییە, دوو حازر بوونی لە کۆبوونەوەی مەجلیسی وزەرا, چونکە بەو ئیعتیبارەی سەرۆکی هەرێم بەرزترین دەسەلاَتی لیژنەی تەفیزییە, یەعنی سەرووترین مەسئولە لە دەسەلاَتی تەنفیزی, بۆ ئەوەی هەماهەنگییەکی تەواوی هەبێت, ئاگادارییەکی تەواوی هەبێت باشترە, حازر بیتن, بەلاَم پەرلەمان موستەقیلە ئەندامی وەزیرێك بۆی نییە بێتە ئێرە, تەنها لەوە نەبێت کە فیکرەیەك هەیە کە وەزیرێ دابنرێت بۆ هەماهەنگی بۆ چوونی پەرلەمان, وەزیرێك هەبێت بۆ شئوونی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەم بڕیارانەی کە ئێمە دەیدەین نەقڵی بکات بۆ مەجلیسی وەزەرا ئەوانیش موتابەعەی کارەکان بکەن, ئەمەش لە کاتێکدا کە حکومەتە یەکگرتووەکە دامەزرا و رەئی لەسەر دەدەین, ئیقرارمان کرد, ئەو کاتە قەرارە نەبوویتە قانون ئەو وەزیرە بۆی هەیە, ئەو وەزیرە بۆ کاروباری پەرلەمان لەوانەیە ئیقتیراحی وای هەبێت, کە بۆی هەبێت بچێتە کۆبوونەوەکان, ئەو کاتیش ئەو بۆی نییە دەنگ بدات لە بڕیارەکانیان, بەس گوێ دەگرێت و رەئیەکانی حکومەتمان بۆ نەقڵ دەکات, ئەگەر داواکاریەکیشمان هەبێت, لەبەر ئەوە سەرۆکی دیوانی سەرۆکی هەرێم, بەو ئیستیلاحەی کە باسمان کرد, کە مەسەلەکە تەنفیزیە لەوێ حازر بێت, نەك لێرە, من پێم وایە تەفسیرەکەی زۆر ئیتعیادیە, پێویست ناکات بچینە ناو تەفصیلاَتەوە, لەرووی قانونیەوە یەکێك

بیخوێنێتەوە دەڵێت کاکە ئەوە هەمووی زیادە, کە تۆ دەڵێی بۆی نییە, دەنگ بداتن, سیفەتی ئەندامی مەجلیسی وزەرا, ئەوە هەموو ئۆتۆماتیکییە, کە وتت بە پلەی وەزیر, یەعنی پلەی وەزیرە, بەڵام وەزیر نییە, بۆی هەیە, بۆ ئەم هەماهەنگییە چاکترە, بۆ حکومەتیش باشە, بۆ سەرۆکی هەرێمیش باشە, بۆ مەتابەعەش باشە و, من پێم وایە پاش ئەو موناقەشەیە دەیخەمە دەنگەوە, ئەوەی بەو صیغەیە پێی باشە کە هاتووە, دەکا پلەی وەزیر بۆشی هەیە لەوێ حازر بیتن, بۆشی نییە دەنگ بدات لە قەرارات, کێ رازییە با دەستی بەرز کاتەوە, کەس ئیعتیرازی نییە, بە کۆی دەنگ, ماددەی شەش و حەوت بۆتە یەك ماددە, بەو شێوەی ئیقتراح کراوە, کە دەڵێت ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی رەسمی هەرێم(وەقائعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە, شتێکی تەبیعییە, کەس تێبینی نییە, دەیخەمە دەنگەوە, بە کۆی دەنگ, یاساکە بە تەعدیلاتی لوغەوی کە ئیزافە کراوە, هەمووی پێکەوە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ پەسەندی دەکات, بە کۆی دەنگ پەسەند کرا, زۆر سوپاس, پێش ئەوەی کۆتای بە دانیشتنەکەمان بهێنین, مولاحەزەیەك هاتووە کە دەڵێت لە باس کردنی بارودۆخی کوردستاندا, قەرار بوو باسی یەکگرتنەوە هەردوو ئیدارە بکەی و باست نەکردووە, دەڵێ بەسەری دارۆیشتووی و بازت دایە, واش نییە, من لەوانەش نیم کە بەسەر هیچ بابەتێك باز بدەم, یان بترسێم باسی بکەم, چونکە ئێمە لێرە ئیشمان ئەوەیە کە هیچ نەترسێین, وەکو خۆی باسی بکەین, بەلاّم هەندێ شت ئەگەر پێویست بکات باسی سبەی ئەمرۆ بکەین, لەوانەی زەرەر بگەیەنێت, دەڵێین کاکە سبەی باسی دەکەین, ئەگەر بزانین ئیزافەیەك ناکرێت, لەبەر ئەوە بۆتانی باس بکەم ئاخیر کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی لەسەر ئەو مەوزوعە کە رۆژی شەممە کرا, لەم کۆبوونەوەدا دەتوانم بڵێم عەمەلیەن چەند هەنگاوێك چووینە پێشەوە, تێگەیشتنەکان باشتر بوون, مەسەلەی وەزارەتەکانیان تا حەددێکی زۆر یەك لا کردەوە, چ وەزارەتێك دەدرێتە چ لایەنێك, چۆن دەبێت؟ ولایەنەکانی تریش چ وەزارەتێك وەردەگرن, چونکە ئەمە حکومەتێکی ئیئتیلافی دەبێت, تەنها پارتی و یەکێتی نابێت, هەتا ئەوانە کە بەشداریشیان نەکردیە کەسێکی وا هەبێت جێگایان دەبێتەوە, برا تورکمانەکان بۆ یەکەم جار لەناو حکومەتدا بەناوی تورکمان وەزیر بووە, پلەی وەزیر بووە, بەلاّم ئەم جارە بەناوی تورکمان وەزیریان دەبێت, برا مەسیحەیەکان کلدۆ ئاشوور, یان کلدان و ئاشور هەموو جار دەبێت هەرسێکیان بڵێین, ئەوانیش وەزیریان دەبێت, ئەوانەی کە رێژەیان هەیە لە پەرلەمان بە پێی ئەو گفتوگۆیەی کە دەیکەن, لەسەر بەرنامەی حکومەت رازی بن, وەزیریان دەبێت, ئەم هەنگاوانە کراون, بەلاّم هەندێ شتی تر ماوە, پێویست بکات بە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بۆ یەك لا کردنەوەی مەسەلەکان, من پێم وایە ئومێدیش دەکەین, لەم چەند هەفتەی داهاتوو کۆتایی بێت, ئەگەر کۆتایی نەهات, وەکو عەرزم کردن, جەلسەیەکی تاریێ دەکەین, داواتان لێدەکەین کۆببنەوە, رەنگە ئەگەر پێویست بکات, هەردوو سەرۆکی حکومەت بانگ بکەین, لێرەدا بۆمان باس بکەن, بۆ ئەو دوو حکومەتە یەکتر ناگرنەوە, میللەت داوامان لێدەکاتن, ئێمەش داوا لەوان دەکەین, پەلەی لێبکەن, سوپاستان دەکەین, نوقتەی ئاخیر نەوەك دانەنیشین, ئەویش لیژنەی 58 قەرار وا بوو کە لیژنەی 58 دابنێین و, رەچاوی ئەوەمان کردبوو, داواکارییەکانی خۆتان و, ناوەکانمان نووسیوە, بەلاّم لە راستیدا موتابەعەی ئەو مەوزوعە کاك فرسەت دەیکرد, ژمارەیەك لەو کەسانەی کە دوایان کردووە کە ببنە ئەندام لەو لیژنەیە, ئێستا لە بەغدان, لەبەر ئەوە ئەو لیژنەیە ئیعتیبار کراوە کە دەمەزراوە, قەرارەکە هەیە, ناوەکانیش ئەوانەی کە داوایان کردووە, هەر کێش بیەوێت کە بەشداری بکات, ئێمە ناوی دەخەینە ناو لیژنەکە, کێشەیەك نییە, لەبەر ئەوە من پێم وایە ئیعیباری بکەن, دانراوە بە پێی رەغبەت و بە پێی پێکهاتەکەش, مولاحەزەی ئەوەمان کردووە, هەموو پێکهاتەکانی پەرلەمان تێیدا بن, بە پێی رەغبەت, تەبعەن کێ رەغبەتی هەیە, لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو بابەتەش کۆتایی پێهاتووە, ئەگەر دەسەڵات بدەنە ئێمە بەبێ کۆبوونەوەش, ئێمە ناوەکان ئیعلان بکەین, لە هەرکاتێکدا, ئەگەر دەسەڵات دەدەن, دەستتان بەرز کەنەوە, زۆر سوپاستان دەکەم, کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین, زۆر سوپاستان دەکەین.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی - عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی**

**شەممە رێکەوتی 2005/8/6**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی

## شەممه رێكەوتی 2005/8/6

كاتــژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆ رۆژی شــەممه رێكــەوتی 2005/8/6 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردســتانی عێــراق بــە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سـەرۆك و,

بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژارن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی بڕگە یەكی ماددە شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, و بەپێی بڕگە یەكی ماددە بیستی پەیڕەوەكە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی, بڕیار درا بەرنامەی كاری دانیشتنەكە لە كاتی (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێكەوتی 2005/8/6 دا ساز بدرێت, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

یەكەم: خستنەڕوو وگفتوگۆكردن لەسەر دوا رەوشی نووسینی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەبەر رۆشنایی سەردانی شاندی پەرلەمانی كوردستان بۆ بەغد و دوا پەیوەندییەكانی سەرۆكی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسیی و پەیوەندیدارەكان.

دووەم: خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر دووبارە پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان كە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند كراوە وەك پرۆژە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان, بەناوی گەلی كوردستان ئەم كۆبوونەوەیە نائاساییە دەكەینەوە, سەرەتا بە ناوی هەمووتانەوە بە خێرهاتنی گەرمی جەنابی كاك مەسعود سەرۆكی هەرێمی كوردستان و كاك نێچیرڤان بارزانی و كاك مەسرور و كاك د.فوئاد و كاك سەرباز و هەموو ئەو میوانانەی كەلەگەڵ جەنابی هاتوون دەكەم و زۆر بە خێربێن, بەرنامەی كاری ئەم كۆبوونەوەیەمان بەم شێوەی خوارەوە بۆتان دەخوێنمەوە.

بەرنامەی كار:

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی بڕگە یەكی ماددە شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, و بەپێی بڕگە یەكی ماددە بیستی پەیڕەوەكە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی, بڕیار درا بەرنامەی كاری دانیشتنەكە لە كاتی (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێكەوتی 2005/8/6 دا ساز بدرێت, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

یەكەم: خستنەڕوو وگفتوگۆكردن لەسەر دوا رەوشی نووسینی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەبەر رۆشنایی سەردانی شاندی پەرلەمانی كوردستان بۆ بەغد و دوا پەیوەندییەكانی سەرۆكی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسیی و پەیوەندیدارەكان.

دووەم: خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر دووبارە پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان كە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند كراوە وەك پرۆژە.

خوشك و برایانی بەڕێز, لە راستیدا ئەم كۆبوونەوەیە لەسەر پێشنیاری جەنابی كاك مسعود بوو, چونكە ئەم رۆژانەی كە لە پێشمانە رۆژانی مێژوویین بۆ گەلەكەمان. لەلایەكەوە چەند رۆژێك ماوە وەكو ماوەی كۆتایی بۆ تەواو كردنی پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری عێراق, كە دواتر دەخرێتە گفتوگۆوە و لە پرۆسەیەكی راپرسیدا دەنگی بۆ دەدرێت. دیارە گەلی كوردستانیش بە پەرۆشەوە موتابەعەی نووسینی ئەو دەستوورە دەكات, لەبەر ئەوە دەبێت لەو دەستوورەدا مافەكانی گەلەكەمان بەڕوونی دیاری بكرێت, كە هەموومان دەزانین بریتین لە چی, لە دیموكراتییەت و فیدراڵییەت و دیاریكردنی دەسەڵات و زامنكردنی مافەكانی مرۆڤ و مافی ژن و دروستكردنی كۆمەڵگای مەدەنی و پێشمەرگە, بەواتای چارەنووس و دوارۆژی وەكو ئەوە بێت كە هەموومان شانازی پێوە دەكەین و شانازین پێوەی, نووسینی دەستووریش مەسەلەیەكە گرنگی تەنیا بۆ ئێمە نییە, هەموو پێكهاتەكانی عێراق لەم رۆژانەدا بەدوای ئەو دەستوورەدا دەچن و, هەریەكە داواكاری خۆی هەیە لەو مەسەلانەی كە پەیوەندارە پێی, پێكهاتەكانی عێراق واتا هەردوو نەتەوە سەرەكییەكە كورد و عەرەب لەگەڵ نەتەوەكانی وەك توركمان, كلدان و ئاشوور, ئینجا لەناو ئەوانیشدا تەوائیفە گەورەكانی ناو ئیسلام شیعەو سوننە, كە هەریەكەیان ویستی خۆیان هەیە لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی خۆی, نووسینەوەی ئەو دەستوورەش وەك هەموومان هەمیشە داوامان كردووە دەبێت هەموو لایەك بە تەوافوق و تێگەیشتن لە یەكترو قبووڵكردنی یەكتر وەك ئەوەی كە هەریەكەمان كە خۆی هەیە دابڕێژین. گەلی كورد بۆ یەكەمجارە ئەو دەرفەتەی

هاتۆتە پێش کە بەشدار بێت لە بونیاتنانەوەی عێراقێکی تازەدا, کە دەڵێین عێراقێکی تازە بە هیچ شێوەیەك عێراقی کۆنمان قەبووڵ نییە و, بەهیچ شێوەیەك قبووڵ ناکەین گەلەکەمان جارێکی کە لە وڵاتێکدا بژی کە (80) ساڵە دووچاری سیاسەتی عونسری و شۆڤینی بووە, خەباتێکی یەکجار زۆرمان کردووە, هەزاران شەهیدمان قوربانی ئەم خاکە کردووە, بۆ ئەوەی گەلەکەمان بە ئازادی بژێت, بۆیە جگە لە ئەندامانی کورد لە کوردستان لە لیستی هاوپەیمانیی لە بەغدا کە بەشدارن لەگفتوگۆ, جگە لە 15 ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووردا شەوو رۆژ خەریکن, بەڵام بۆ زیاتر روونکردنەوەی هەڵوێستی کورد و ویستی کورد خۆتان لێرە بڕیارتاندا شاندێك لێرە بچێتە بەغدا, ئەو شاندەش لەبەر رۆشنایی بڕیاری سەرکردایەتی سیاسیی کە ویست و داواکارییەکانی گەلی کوردستانی دیاریکردبوو لەگەڵ چەند برادەرێکی تر چوونە بەغدا, کە گەڕانەوە کۆبوونەوەیەکی فراوان بەسەرپەرشتی جەنابی کاك مسعود بە ئامادەبوونی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و هەموو ئەو رێزدارانەی کە ئەندامی شاندەکە بوون, کە ئەوانیش وێڕای ئەوەی ئەندامی پەرلەمانن نوێنەرایەتی چەندین لایەنی سیاسیی و پێکهاتەکانی کوردستان دەکەن سازکرد, بێ لەوە هەموو ئەو کەسانەش کە لە بەغدا بە پەرۆشن بۆ نووسینی ئەو دەستوورە هەر لە جەنابی مام جەلال سەرکۆماری عێراق تا دەگاتە سەرۆکی حکومەتی بەغدا و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق و لایەنە پەیوەندارەکانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بە پەرۆش بوون کورد رۆڵی خۆی ببینێت, بۆ ئەم مەبەستەش چەندین پەیوەندییان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم کەردووە و, هاتوون سەردانی ئێرەیان کردووە و گفتوگۆیان کردووە, کورد و سەرکردایەتی وسەرۆکی هەرێم رۆڵی کاریگەری خۆی ببینێت نەك تەنیا لە نووسینی دەستوور, بەڵکو بۆ نزیك کردنەوەی پێکهاتەکانی تر, کە پێیان وایە کورد بەو توانایە و بەو ئەزموونەی کە هەیەتی تەنیا مافی خۆیەتی بەرگر ی لە داواکانی بکات, دەتوانێت رۆڵی ئیجابیش بگێڕێت لە نزیك کردنەوەی لایەنەکانی تر, لەو چەند کۆبوونەوانەی کە جەنابی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ئەو لایەنانەدا سازیکردووە و لەو کۆبوونەوانەی نێوان سەرکردایەتی سیاسی داوایکرد, لەم رۆژانەدا کەئایندەمان بەندە بەو گفتوگۆیانەی کە دەکرێن, دەبێت دوا بڕیار بۆ پەرلەمان بێت, ئەمەش هەستێکی بەرزی سەرۆکی هەرێمە, کە بایەخ بە موئەسەساتی شەرعی کوردستان دەدات, هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی, ئێوە کە نوێنەری میللەتن لێرەدا بڕیار دەدەن چی باشە بۆ گەلی کوردستان و بۆ ئایندەمان, بۆیە زۆر سوپاسی دەکەین بۆ پێشنیارەکەی وهەم بۆ ئامادەبوونی, ئێستاش داوای لێدەکەم جەنابی بێت دوا رووداوەکانتان بۆ باس بکات و, لە پاشاندا دەیخەینە گفتوگۆوە کە لەبەر رۆشنایی ئەو شەرحەی کە جەنابی دەیکات چی بکەین.

**بەڕێز مسعود بارزانی / سەرۆکی هەرێم:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان, خوشك و برایانی خۆشەویستم, ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان, زۆر زۆر سوپاستان دەکەم کە لەکاتی پشوودانتان لەسەر داوەتی ئێمە ئەو دەرفەتەتان رەخساند بۆ ئەوەی ئەم کۆبوونەوەیە ئەنجام بدەین, چونکەئێمە بەرەو قۆناغێکی چارەنووساز دەچین.

ئەمڕۆ هەروەکو جەنابتان دەزانن بابەتی هەرە گەرم, مەسەلەی گەرمی رۆژ ئەمڕۆ لە عێراقدا مەسەلەی دەستوورە, دەستوور وەکو ئەوە نییە بڵێیت حکومەت موەقەت بێت یا حکومەتی ئینتیقالی یا چەند وەزیرێك کەم و زیاد بێت, ئەمە چارەنووسی ئێمە لەو دەستوورەدا دیاری دەکات, لەبەر ئەوە بە پێویستمان زانی پێشی ئەوەی کە هیچ بڕیارێك بدرێت بە خزمەت ئێوە بگەین و وەزعەکەتان بۆ شەرح بکەین, ئینجا بە بەرچاوییەکی روون بچینە ناو ئەو گفتوگۆیانەی کە داواکراوە بچین, پێش ماوەیەك وەکیلی سەفیری ئەمریکا هات, دوای ئەوە سەفیری بەریتانیا هات داوایان کرد کە سەفەری بەغدا بکەم و بچین لەوێ بەشداری بکەین لەو گفتوگۆیەی کە هەیە, سروشتی ئێمە لە بەغدا لیژنەی دەستووریمان هەیە, کە هەموو برادەری تێکۆشەرن و شارەزان و جێگای بڕوان و بۆ ئەوەی هەڵوێستی ئەوانیش بەهێز تربێت هەر لەسەر بڕیاری بەڕێزتان دیسان وەفدێکی تر لێرە بەناوی پەرلەمانی کوردستان رۆیشتن بۆ بەغدا بۆ

پشتیوانی لەو برایانەی کە لە لیژنـەی دەسـتووری عێراقـدان, ئـەو ماوەیـە زۆر گفتوگۆیـان کـردووە و دانیشـتنی زۆریـان کردووە, لەسەر هەندێك مەسائیل گەیشتوونەتە ئەنجامی بـاش, بـەڵام حەقیقـەت هەنـدێك مەسـائیلی زۆر زۆر گـرنگیش ماون کە هێشتا بە هیچ ئەنجامێك نەگەیشتوون و, لەوەش دەچێت گەیشتبنە بنبەستێك, هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هەم جەنابی سەرۆك کۆماری فیدراڵ و سەفیری ئەمریکاش کە پێرێ هاتبوو, جەنابی سـەرۆك کۆمـاریش نامەیـەکی نووسـیوە و دەعـوەتی نـاردووە کـە منـیش بچـم بەشـداری بکـەم لەگـەڵ سـەرکردە سیاسـییەکانی لایەنـەکانی دیکـە, بەشـکم رێگـە چـارەیەك بدۆزینـەوە بـۆ ئـەوەی لـەو بنبەسـتە دەربچـین, منـیش پـێش ئـەوەی بڕیـار بـدەم بـە پێویسـتم زانـی ئـەم کۆبوونەوەیە ببێت و مەسائیلەکان وەکو هەن بۆتان بخەمەڕوو و دوای ئەوە سەفەرەکەم بکەم.

ئەوەی کە برادەرانی ئێمە دوای ئەوەی داوامان کردن بێنەوە بـۆ ئـەوەی سـورەتێکی روونمـان بـدەنێ, بۆیـان بـاس کـردین هێشـتا خـاڵی سـەرەکی زۆر گـرنگ مـاوە خیلافیـان لەسـەرە وەکـو مەسـەلەی ناسـنامەی عێـراق, مەسـەلەی پێشـمەرگە, مەسەلەی سەرچاوەی سروشتی و چەندین مەسائیلی تر, ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە وەکو کورد, بـەڵام مەسـائیلی تریش هەیە کە زۆر زۆر گرنگە کە پەیوەنـدی بـە هـەموو گـەلانی عێراقەوەیـە, مەسـەلەی مـافی مرۆڤـە, مەسـەلەی مـافی ئافرەتە, مەسەلەی ئازادییەکانە, مەسەلەی دیموکراتییەتە, ئەمانە هەمووی مەسائیلێکی یەکجار زۆر گرنگن.

سەفیری ئەمریکی خەلیل زاد کە پێرێ هاتبوو, ئەو زۆر ئیسراری دەکرد لەگەڵ ئـەو بچـم, مـن پـێم گـوت جـارێ نـاتوانم بێم, چونکە پێویستیمان بەوە هەیە لە پەرلەمانی کوردستان ئەم مەسەلانە بـاس بکـرێن, دوای ئـەوە مـن دێـم, بێگومـان ئەمە دەرفەتێکی زێڕینـە بـۆ ئێمـە وەکـو کـورد و کوردسـتانی, وەکـو هـەموو میللـەتی عێـراقیش, بـەڵام لەهەمانکاتیشـدا مەترسییەکی زۆر گەورەش لە پێشە, ئەگەر ئێستا ئەوەی کە پێویستە نەکرێت, مەعلوم نییە جارێکی تـر ئـەم دەرفەتـە بێتــەوە پــێش, ئێمــە پرۆژەیــەکمان پێشکەشــکردووە موقابیــل بــەو پرۆژەیــەی کــە لــە لایــەن لیســتی ئیئتیلافــەوە پێشکەشکراوە.

بەنیسبەتی ئێمـە وەکـو کـورد و کوردسـتانی هەرچییەکی ئێمـە داوا بکـەین, ئێمـە بـە کـەمتری دەزانـین لـەوەی کـە مـافی خۆمانە, خەڵکی تـر رەنگـە وا پیشـان بـدەن کـە ئێمـە سـەقفی داواکانمـان زۆر بردۆتەسـەرو زۆر بـەرزمان کردوونەتـەوە, بەڕاستی لێرەدا دەبێـت تێگەیشـتنێك هـەبێت, تێگەیشتنەکەش ئەوەیـە دەبێـت ئـەو برایانـەی ئێمـە تێبگـەن کـە عێـراق لەدوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت و پێکەوە ژیـانێکی ئارەزوومەندانەیـە. زۆر جـار مـن گوتوومـە ئێسـتاش مـن دووبـارەی دەکەمەوە, نابێت جارێکی تر لە عێراقی تازەدا ئێمە هاووڵاتی پلە دوو بین, ئێمە دەبێت وەکو یەك بـین, لەگـەڵ هـەموو تەئکیداتێك لەسەر پاراستنی مافی براکانمان مافی تورکمان و کلدان و مەزاهیبی تریش, ئێمە کـە رازی بـین پێکـەوە ژیـانی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی عێراقدا هەڵبژێرین, دەبێت ئەوانیش تەقدیری ئـەوە بکـەن, تەقـدیری شـعوری میللـەتی کورد بکەن, فەرموون لە کاتی هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەمی رابردوودا بزووتنەوەی ریفراندۆم راپرسییەکیان کـرد بە خەڵکەکە, وابـزانم رێـژەی خـەڵکی کوردسـتان کـە رایـان وابـوو لەسـەر ئـەوەی کـە سـەربەخۆ بـن چـەند بـوو, دەبێـت حیسابێك بۆ ئەمانە بکرێت, دەبێت موقابیل بەمە شتێك بۆ ئەم گەلە بکرێت کە پێی قانع بێت.

من پێم وایە دەبێت هەموو لایەك ئەم هەقیقەتە بزانن کە جارێکی تر مومکین نییە شت بـەزۆری بسـەپێنرێت, دەبێـت بە تەفاهوم بێت ئێمە لەگەڵ تەفاهومین, ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەم دەستوورە لەکاتی خۆیدا ببێت, ئێمـە قـەت لەگـەڵ دواخستنیدا نین, بەڵام لە هەمانکاتیشدا نابێت کەس تەوەقوع بکات ئەمە لەسەر حیسابی کورد بێت یا مساوەمە لەسـەر سەوابتی خۆمان دەکرێت, ئێمە رازین بەوەی کە لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەتدا هاتووە, ئەمە ئەسـاس بێـت بـۆ دەسـتوور, بەڵام لەوە کەمتر مومکین نییە پێی رازی بین, وەختی خۆشی کە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت ئیمـزا کـرا, ئەوسـاش گوتمـان ئەمە هەموو مافی ئێمەی تێدا نییە, بەڵام بۆ ئـەمڕۆ شـتێکی باشـە, ئێسـتاش ئێمـە بـیر لـەوە بکەینـەوە چـۆن ئـەوەی لـە قانوونی ئیدارەی دەوڵەتدا هەیە تەتویری بکەین, نـەوەکو ئێمـە بـیر لـەوە بکەینـەوە پاشەکشـێی لێبکرێـت, وەکـو ئێسـتا هەندێك لایەن خەریکن وا بیر دەکەنەوە و وا هەوڵی بۆ دەدەن.

ئەوەی لە برادەرانـی خۆمـان تێگەیشـتین خـیلاف لەسـەر هەویـەی عێـراق هەیـە, خـیلاف لەسـەر مەسـەلەی پێشـمەرگە هەیە, خیلاف لەسەر کەرکووك و شوێنەکانی تری کوردستانە, کە خیلافی لەسەرە, لەسەر سنووری هـەرێم هەیـە, لـە زۆر

شتی ئەساسی, ئێمە ئەگەر لەسەر ئەمانە ئیتیفاق نەکەین مەسائیلی تر بە نیسبەتی ئێمە زۆر گرنگ نییە, ئەمانە مەسائیلی ئەساسین, پاشان تایبەتمەندی کوردستان دەبێت پارێزراو بێت, پەرلەمانی کوردستان دەبێت ماف ئەوەی هەبێت یاسا دابنێت, نابێت دەستێوەردانێکی تر هەبێت, ئینجا بۆ ئەوەی کە بەرچاوی ئێمەش روون بێت, ویستمان بە خزمەتتان بگەین و ئەم حەقایقە بخەینە بەردەمی ئێوە, ئێوە نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردستانن, ئێوە بەرای ئەم گەلە ئەو بەرپرسیارێتییەتان وەرگرتووە, من کە دەچم بە ناوی ئێوەو بەناوی گەلی کوردستان دەچم, بەلآم دلنیابن هیچ هەنگاوێك ناهاوێین ئەگەر بە رەزامەندی ئێوە نەبێت, هەرچی لەوێ باسیش بکرێت هەتا ئەگەر گەیشتینە ئەنجامێکی زۆر باشی کۆتاییش, ئێمە دەگەرێینەوە بۆ لای ئێوەو لێرە دەبێت بریاری لێبدرێت, بەلآم پێشمان خۆشە رای ئێوە بزانین, ئایا خەتە سوورەکان لە کوێن, ئێمە دەبێت مرونەتمان هەبێت, بەلآم مرونەت هەبوون واتای ئەوە نییە دەبێت مساوەمە هەبێت, داوا دەکەم جگە لە لیژنەی دەستووری, ئێمەو شاندی پەرلەمان کە رۆیشتوون, شاندێکی بەرزی لایەنە سیاسییەکانیش بێت, دوای ئەوە ئێمە کۆبوونەوەیەکمان هەیە لەگەلّ سەرکردایەتی حزبەکانیش بۆ ئەوەی هەموومان بەشداربین, بەرپرسیارێتییەکە لەسەر شانی هەموو لایەك بێت, سەرکەوتنەکە هی هەموومان بێت, خوانەخواستە ئەگەر گیروگرفتێکیش هاتە پێش هەموومان تەحەمولی بەرپرسیارێتییەکە بکەین, چونکە بەراستی من پێم وانییە سەردەمێکی وەکو ئەمرۆی چارەنووسساز هاتە پێش, بۆ ئێمە وەکو کوردو کوردستانی چەند مەسەلەیەکی تر هەیە کە من بە فرسەتی دەزانم باسی لێوە بکەم, حەقیقەت دەبینین پیلانێکی تر, پیلانێکی زۆر نزم هەستی پێ دەکەین کە دژ بە کورد لەملاو لاولا هەولّی بۆ دەدرێت, ئەویش ئەمەیە کە پیشان بدرێت ئیزدییەکان نەتەوەیەکی ترن, شەبەك نەتەوەیەکی ترن, فەیلی نەتەوەیەکی ترن, بەراستی ئەمە یاریکردنە بە ئاگر, باشە ئەگەر فەیلی نەتەوەیەکی تر بوون وکورد نەبوون, ئەگەر ئێزیدی کورد نەبوون, ئەگەر شەبەك کورد نەبوون بۆ تەرحیل کران و تەعریب کران, بۆ دێهاتیان وێران کرا, پاشان ئەگەر چەند کەسێك لەبەر هەر هۆیەك بێت, من نامەوێ هیچ سیفاتی تریان بدەمێ بچن لەگەلّ لایەنێك کە ئەمرۆ لە هەر لیستێکدا بن خۆیان بە نوێنەری ئێزیدی بزانن, یا بە نوێنەری فەیلی یا بە نوێنەری شەبەك, فەرموو با راپرسی بکرێت, بزانن لەناو فەیلییەکان, لەناو ئێزیدی و لە ناو شەبەکیشدا ئایا ئەمانە چین, نەتەوەیان کوردە, مومکینە لەگەلّ تایبەتمەندی ئایین و مەزهەبیان لەگەلّ ئەو پەری رێزو حورمەت بۆ دینیان و بۆ مەزهەبیان, ئەمە شتێکی ترە, ئەو تایبەتمەندێتییە, پارێزراوە, بەلآم یاریکردن بە پێناسەی نەتەوەیی, ئەمە کارێکی هێندە ئاسان نییە کەس دەستی بۆ درێژکات, هیچ سەرناگرێت, چونکە هەرچییەکی بکەن ئەو مەجالەی بەعس هەیبوو کە ئەمانە لە نەتەوەیان بپچرێنن و بیانکات بە عەرەب کە فەشەلی هێنا, کەس ئەو مەجالەی بۆ نابێتەوە, چونکە خۆیان قبوولّیان نەکرد, کوردی رەسەن ئێزیدین, کوردی رەسەن شەبەکن, بەلآم نییەتەکە پیشان دەدات, ئەمە ناخۆشە واتا هاوپەیمانیی ئێمە بن, ئێمە پرۆتۆکۆلمان لە نێواندا هەبێت, ئینجا بێن ئەو پیلانانە بگێرن دژی کورد, ئەگەر چەند خۆفرۆشێك هەن پیرۆزیان بێت, چ لەناو فەیلی خۆی بە کورد نەزانێت با بروا, بەلآم بێت خۆی بە نوێنەری بەشێکی هەرە ئازیزو گرنگ لە نەوەکەمان بزانێ و بەشێك لە نەتەوەی ئێمە لابدات, یاخود بیانبات بەرەو نەتەوەیەکی تر, یاپێناسەیەکی تر, بەراستی ئێمە بەرگرییەکی زۆر زۆر توند لەمە دەکەین, من دلّنیام بەشی هەرە هەرە زۆری برا ئێزیدییەکانمان, برا فەیلییەکانمان بەو پیلانە نارازین و دژی دەوەستن و هەر خۆشیان پووچەلّی دەکەنەوە, بەلآم دلّنیاشیان دەکەمەوە هەموو گەلی کوردستان لە پشتیانە وپشتیان دەگرین و ناهێلّین بە هیچ شێوەیەك ئەم پیلانە سەربگرێت.

خالێکی تر ئەوەیە براکانمان تورکمان و کلدان و ئاشووری دلّنیابن کە ئێوە کوردستانین و ئێمە بەرگری لە مافەکانی ئێوە دەکەین و ئێوە شەریکی ئێمەن لەم ولآتەداو خێرو خۆشی ئێمە و ئێوە پێکەوەیە, لەبەر ئەوە دلّنیابن و لە بەغداش لەگەلّ ئەو وەفدانەش دەبێت هەموو پێکەوە بین چ ئەوەی لە لیژنەی دەستووری, چ ئەوەی لیژنەی پەرلەمانی کە چووە بۆ پشتیوانی لە لیژنەی دەستووری, ئێمە چ ئەو وەفدەی کە من چووم و هاتن دیسان دەبێت بەشداربن و دەبێت خاوەن بریاریش بن تێیدا و خاوەن راش بن.

له کۆتاییدا من نامەوێت زۆر وەختی ئێوە بگرم, حەقیقەت مومکینە باشتربێت وەختەکە بدەین بە بـرادەران بـۆ ئـەوەی ئەگەر گفتوگۆیەك, رایەك هەبێت بۆ ئەوەی بەرچاوی ئێمەش روونـتر بێت, بەلام ئەمەیـە حەقیقەتەکـە خـیلاف لەسـەر ئەم خاڵە سەرەکییانە هەیە, واتای ئـەوەش نییـە کـە رێگا نییـە بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەر, مـن گەشـبینم, وا نییـە بڵێـی رەشبینم, بەلام کارێکی ئاسانیش نییە, لەبەر ئەوە دەبێت تەوەقوعاتی خەڵکی ئێمەش ئەوەندە بـەرز نـەبێت کـە پاشـان سبەینێ مومکینە بە جـۆرێکی تـر بێـت, دیسـان مـن تەئکیـد دەکەمـەوە, ئێمـە مرونـەت پیشـان دەدەیـن, بـەلام بـە هـیچ شێوەیەك مساوەمە لەسەر سەوابتی خۆمان ناکەین, دوا بڕیاریش لێرە دەدرێت لە پەرلەمانی کوردستان, جارێکی تـریش زۆر زۆر سوپاسـتان دەکـەم و سـوپاس, بشـبوورن لـەکاتی پشـوودانتان وەختمـان گـرتن و نەمانهێشـت ئیجـازەی خۆتـان بەرنەسەر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك مەسعود, هەمووتان گوێتان لە قسەکانی سـەرۆکی هـەرێم بـوو, و داواکارییەکـە لەوەیـە کـە ئێـوە رای خۆتـان بڵـێن بـە ئـازادی, چییە ئـەو مەسـەلانەی کـە پێویسـتە ئـەمڕۆ زەخـتی لەسـەر بکـەین و پێویسـتە بخرێتـە نـاو دەستوورەوە, هەریەکە رای خۆی بڵێت و لەپاشانیشدا بۆ ئەوەی بتوانین رای پەرلەمان تەکوین بکەین و عەرزی جەنابتی بکەین و, کە دەچن لەوێ قسە دەکەن و لەبەر رۆشـنایی بڕیـاری ئێـوە بێـت و بڕیـاری گـەلی کوردستانیشـە, فـەرموو کـێ ئەیەوێ قسە بکات, تکایە ئەوەی دەیەوێ قسە بکـات بـا نـاوی خـۆی بڵێـت بـۆ ئـەوەی نـاوی بنووسـین, بـەڵێ بـەڕێز کـاك نێچیرڤان بارزانی پێشنیار دەکات کە ئـەم دانیشـتنە نـەهێنی بێـت و ئـیعلام بچێتە دەرەوە, تکایـە کـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بەرزبکاتەوە, سوپاس, کێ پێی وایە ئیعلام بمێنێت دەستی بەرزبکاتەوە, زۆرینە دەڵێ بمێنێ, کاك نێچیر ببـوورە ئـیرادەی گەلە, خوشك وبرایانی بەڕێز زۆر ناو نووسراوە, من یەك داواکاریم هەیە کە هەموو جار دەیڵێمەوە و ئەم جارە زیاتر لە جاران کورت و موختەصر بێت, و ئەگەر یەکێك پێشنیاری هەبوو, کرا, بڵێ زۆر سوپاس پشتگیری فلان پێشنیار دەکـەم و بۆ ئەوەی ئەگەر هەمووتان قسە بکەن و تکراری تێدا بێت تا سەعات چواریش تەواو نابین, لەبەر ئـەوەی ناوەکـان زۆرن, هەر یەکە دوو دەقە قسە بکات, مامۆستا نوقتەی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پێم باشە ئەو وەفدەی کـە چـووە کـە کـاك کـەمال سـەرۆکی وەفدەکـە بـوو, یـانی بـەکورتی رەوشـنکردنەوەیەك بکات, بۆ ئەوەی نیوەی پرسیارەکان وەلامی دەبێت, وەختەکەش ناگرین و باشتریش تێدەگەین, یانی پەرلەمانیش ئاگـادار بێت لـەوەی کـە چـی کـراوە بـە کـورتی, ئـەوەی کـە کـراوە گرفتـەکان لـە کـوێ دان لـە کـوێ ئـەوە دروسـت بـووە, دەرگـای موناقەشەکان لەسەر ئەوە بێت, نەك هەریەکێکمان درێژە بدەین بە باسێك, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەزانی بۆ وامان لێ نەکرد, یەکـەم وەختەکەیـە, دووەمینـیش هـەمووتان کـە لـە تەلـەفزیۆن قسـەیان کـردووە و لـە بەغدا قسەکانتان رۆژانە گوێ لێ بووە, تا دەتوانم بڵێم لە سەدا هەشـتای رووداوەکـانی ئێـوە لـە بەغـدا خـەڵك ئاگـادارە و کاك مسعودیش روونی کردەوە, ئێمە دەمانەوێ ئیستیفادە لەوەختەکە بکەین و خاڵەکانیش دیارە مەسـەلەی فیدراڵیەتـە و دیموکراتیەتە, پێشمەرگەیە, مەواردی تەبیعی یە, کە ئەو شتانەی خیلافی لەسەرە, ئەگەر بە پێـنج دەقـە دەتـوانی ئـەو قسانە بکەی باشە, بەلام زیاتر نەبێت, فەرموو.

**بەڕێز حسین محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە ئەو خاڵانەی کە خیلافی لەسەرە یەك یەك دیاری بکرێت و یەك یەك موناقەشەی بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی ئەوەش ئسلوبێکە, بەلام خۆی باشتر وایە ئەگـەر ئیجـازە بـەمن بـدەن ماوەیـەك دابنـێن بـۆ موناقەشـەی عامەکـە, ئەگەر رێگە دەدەن شەرت نییە هەمووتان قسە بکەن, تـەنها لـە حاڵـەتێك ئەگـەر ئیلتیزامتـان بـەوە کـرد ئـەوەی قسـەی

پێشوو كراوە دووبارەی نەكاتەوە, ئەوە دەتوانن پاش ئـەوەی زیـاتر نوقاتـەكان تەحدیـد بكـەین و ئێمـە كۆیدەكەینـەوە و هـەمووش رای لەسـەر دەدەیـن و عـەرزیان دەكـەین, ئـەو پێشـنیارەش كـاك د.كـەمال بـە موختەسـەری رەغمـی ئـەوەی هەمووتان سەرەتاكان دەزانن و ئەساسیەكان دەزانن, لەو پێنج دەقەیە عەرزتان بكات, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە ئیجازەی سەرۆكی پەرلەمان, بە خێرهـاتنی سـەرۆكی هـەرێمی كوردسـتان و سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی كوردستان و میوانە بەڕێزەكان دەكەم, بەڕێزان ئەو وەفدەی ئێمە كە چووینە ئەوێ, نامەوێ زۆر بە تەفصیل بچمە نـاو مەوزووعەكان, بەڵام تەنیا نوقاتەكان دەڵێم بۆ خۆتان یاداشتی بكەنەوە, ئەوانەی كە خیلافی لەسەر بـوو, چونكە زۆر لـە ئیعلام بڵاومان كردۆتەوە, یەك لەوانە مەسەلەی حدودی ئیقلیمە, ئەمەیان گفتوگۆی لەسەرە, ماددەی پەنجاو هەشت بـۆ ئەو شوێنانەی كە كێشە دارن وەكو سنجارە, زەمارە, تاكو خانـەقین وشـوێنەكانی تـر و لەگەڵیشـیان كـەركووك, بەنسـبەت ماددەی پەنجاوهەشت ئەوان لەگەڵ ئەوەن تەتبیق بێت ئەوە قانونی ئیدارەی دەولـەی عێـراق, بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەی نـین سەقفی زەمەنی هەبێت, ئەڵێن (بالسرعە الممكنە), بەنسبەت فیدراڵیەت موختەلیفن هەندێك موافیقن و هەندێك موافـق نین, بەڵام دوێنێكە بەڕێز سستانی ئیشارەتی ئـەوەی دا بـە جەعفـەری مـادام شـەعبی عێـراق فیدراڵیـەتی دەوێـت, یـانی ئەویش ئیشارەتی پێدا, بـە نسـبەت پێشـمەرگە پێیـان وایـە جەیشـی عێراقـی هـەموو ئـەبێ لـە بـن ئیـدارەی حكومـەتی ئیتیحادی بێت, ئەویش زۆر توند نین لەسەری, بەڵام ئەویش نوقتەی خیلافە هەندێك لایەن, بە نسـبەت حـەق تـەقریر مەصیر لەمە زۆر حەساسیەتیان هەیە, پێیان وایە ئەم هەشت ساڵەی كـە دەسـت نیشـان دەكرێـت بـۆن جیابوونـەوەی لـێ دێت, بەڵام بۆیان تەوزیح كراوە هێشتا نوقتەیەكی خیلافە, بە نسـبەت مەحكەمـەی دەسـتووری, پێیـان وایـە پەرلـەمانی كوردستان چوار كەس تەرشیح بكات بۆ مەحكەمەی دەستووری, ئەمەش عەرقەلە دەخاتە ناو ئیشـەكان لـە موسـتەقبەل, بەڵام رای ئێمە وابوو كە ئەمە زەمانەتی ئایندەی ئێمـە دەكـات, چونكە زۆر بەسـەر میللەتەكەمانـدا هاتووەو, نامانـەوێ مەصیری خۆمان بدەینە دەست قەزاو قەدەرەوە, بۆیە لەهەموو لایەكەوە ئەبێ زۆر مەزبوت و رێكی بكەین, چونكە ئێمە زوڵم لەكەس ناكەین ئەگەر زوڵممان لێ نەكرێ, بە نسبەت ئیتیحادی ئیختیاری, لـەوێش هەنـدێك لایـەن كێشـەی لەسـەر هەیە, پێیان وایە ز وبانی كوردی لە كوردستان رەسمـی بێـت لەگـەڵ حكومـەتی ئیتیحـادی بـێ موراسـەلات و ئەوانـە نـەك وەكو ئـەوەی دوو قەومیـەتی رەئیسـی كـە هـەردووكیان زمانیـان مـواجیهی یـەكتر بـن و بەیـەك مسـتەوا سـەیر بكرێـت, بەنسبەت تەحدیدی جەیش, ئەوان پێیان وایە ئەو نسبەی چوار لەسـەدای نیزامـی عـامی عێـراق كـە لـەوە زیـاتر نـەبێ میزانیەی جەیشی عێراق, پێیان وایە ئەمە زۆرە, بەڵام بووترێ لە بن سەیتەری نهێنی بێت, قسم لرعایـة شـؤون العـراق لە سەفارات و وەزەرای خارجیەی عێراق ئەویش زۆر گفتوگۆمان لەگەڵیان كرد, بەڵام تاكو ئێستا مولاحـەزەیان لەسـەری هەیە و شوێنی بەحسە, (تقاسم السلطةوالثروة) ئەوەش كێشەی هەیـە, هەنـدێك لایـەن موتـەفقن و هەنـدێك لایـەن دژی ئەوەن, تەقریبەن ئەوانە نوقتەی ئەساسی بوون ئەگەر لە بیرمان نەكردبێت, لەسەر دینیش كە دین تا چ حەدێك لە نـاو دەوڵەت سەیتەرەی هەبێت تا چەند نەبێت, ئەمە هەمووی لە ئیعلام باسمان كرد بە تەفصیلی ئێمە چیمان وت و ئـەوان چییان گوت, پێویست ناكات بڕۆینە ناو تەفاصیلەوە بۆ بەڕێزتانی بەجێ دەهێڵین, بەڵام ئەو نوقاتانە خیلافیان لەسەرە, بەتایبەتی ماددەی پەنجاو هەشت, ئەوان لەگەڵ ئەوەن كە تەتبیق بێ, بەڵام (بالسرعة الممكنة) و ئێمە داوامان دەكرد كە پێش هەڵبژاردنی داهاتوو بێت, یانی بخرێتە بابی ئینتیقالی لەدەستوورەوە ئەوان مانعیان نییە كە ئەمە كاتییە لـە بـابی ئینتیقـالی بنووسـرێ, فـەرقی ئێمـە و ئـەوان ئـەوە بـوو ئێمـە پـێش هەڵبـژاردنی حكومـەتی داهـاتوو بـۆ ئـەوەی خـەڵكی كـەركووكیش دەنـگ بداتـە دەسـتوورەكە, ئـەوان پێیـان وابـوو بنووسـرێ (بالسـرعە الممكنـە), ئـیتر ئـەوە بـوو ئەگـەر مولاحەزەی ترتان هەبوو, ئەوە بەڕێز سەرۆكی هەرێم ئاگای لە تەفاصیلی وەزعەكەیە, ئێمە هەموو ئەندامانی وەفـد بـۆ بەڕێزی بە وردی روونمان كردەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس موناقەشەکە دەکەینەوە, تکام وایە ئیلتیزام بکەن, چونکە وەختمان زۆر کەمە و ژمارەیەك لەو ئەندامانەی کە دەبێ سەفەر بکەن لەوێ دانیشتوون و سەفەریان هەر ئەمڕۆیە, لەبەر ئەوە چەند پێمان بکرێت موختەصەری بکەین و دووبارەی نەکەینەوە, کاك شێخ ادهم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزدار سەرۆکی کوردستان, ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

تا وەکو هیچ شك و گومان تێدا نەمێنێ, بە درێژایی مێژووش وا هاتییە دیتن, کە جەنابی کاك مسعود بارزانی لە هیچ قۆناغێك لە خەباتا میللەتی کورد لە مافا و لە کارو لە بڕیارو هەڵوێست ویدا نەبووە و هیچ گومانەکیش تێدا نییە بۆ ڤێ قۆناغێش کو لای پەرلەمانێ ڤێ جەنابێ ودێتە تەکلیف کرن وێ سەفەرێ بەغدا بکا, بۆ گرنگترین قۆناغا ئەڤرۆ خەباتێ کورد تێدا تێدەپەرێت و عێراق بەشێوەیەکی گشتی تێدا دەژی, مە چ گومان نینە کو جەنابی لەسەر گچکەترین ماڤێ میللەتا هیچ مساوەمەتێك بکات, و ئەم باشیش دەزانین ئەوە کو لەدەست وتێ و جەنابی وتێ ڤێ بوارێدا هیچ ماڤێ تێدا نەبێت, ئەز ئەوە بە باش دەزانم لە ڤێ قۆناغێ وەکو پێشنیارەکی ئەڤەیە, ئەم وەکو پەرلەمانا کوردستانێ صیغەیەك یاخود رەنگێکی وەقف بدەینە ڤێ شونا جەنابێ کو بەغدا کە بارێ گرانێ بڕیاری مە ئەخەینە سەر ملێ جەنابێ, ئەم وەکی پەرلەمانا کوردستانێ هەڤیا تەحەمولا پشکەکا هەرەیا مەزنا ڤێ بڕیارێ بکەین, چونکە باش دەزانین برایێت مە لیژنەی یاسایە عێراقیدا و هەروەك برایێت مە لە لیژنە پشتەڤانیا وێت برایی دەکات چووە بەغدا و تەواوی محاوەلە لێرە هاتیە کرن بۆ چەسپاندنا یاسایە عێراقێ و چەسپاندنا مافێت میللەتی کورد لەیاسایێ عێراقیدا گەلەك کێشە وگرفت لێرەدا هەبوو, هەم باش دەزانین کە یاسایەکە زۆر دەهێتە کرن, گرانیا ڤێ بڕیارێ بکەڤێتە سەر ملێ جەنابێ وە, بۆیە ئەز پێویست دەزانم کە ئەم وەکی پەرلەمان هاوکارێ جەنابێ ئەڤ بارە لەسەر ملێ سفك کەین و بە بڕیارەکا کە لەلای ئێمە پەرلەمانتارێ بەڕێز ڤە دهێتە دان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش مۆرکردنی قانونی ئیدارەی دەوڵەت کە جەنابت گەڕایەوە موژدەکەت بە کورد دا, لە کۆبوونەوەی صەلاحەدین وابزانم یەکەم کەس بووم کە پرسیاری ئەوەم کرد, ئایا ئاسایی کردنەوەی باری کەرکووك پێش ئینتیخابات دەکرێ یان پاش ئینتیخابات, جەنابت فەرمووت حەتمەن دەبێت پێشی ئینتیخابات بکرێت, چونکە لە قانونی دەوڵەت هاتووە دەڵێ ماددەی پەنجاو هەشت جێ بەجێ بکرێت پێش ئینتیخابات, دیارە ئەو هەلومەرجەی کە لەعێراق روویداو تا ئێستاش بەردەوامە, بەرژەوەندی هەندێ لایەنی تر وای فەرز کرد کە سەرکردایەتی کورد بەوە رازی بێت بەو بەڵێنانەی کە ئەمریکاو بەریتانیا و سەرۆکی کۆماری عێراقی ئەو کاتی و سەرۆکی وەزیرانی ئەو کاتی عێراقی کە بە کوردیان دا, ئەو ئاسایی کردنەوە دوا بخرێت بۆ دوای ئینتیخابات, بێگومان پاش ئینتیخابات لیستی کوردستان کە لیستی دووەم بوو لە هەڵبژاردن گرنگییەکی خۆی هەبوو, لیستی شیعەکانی ناچار کرد کە لەگەڵ لیستی کورد بکەوێتە گفتوگۆ, پاش موناقەشەیەکی دوورو درێژی چەند هەفتەیی, ئەوە بوو دیسان لیستی شیعە بەڵێنێکیان دا کە یەك مانگ پاش تەشکیل کردنی حکومەتی ئینتیقالی بڕیاری پەنجاو هەشت جێ بەجێ بکرێت, بەڵام خوا هەڵناگرێ تا ئێستا هیچ جێ بەجێ نەکراوە, خاڵێکیشی جێ بەجێ نەکراوە, بەتایبەتی لە لایەن میللەتی ئێمە وەکو ماڵێکی یەکجار زۆر کەوتۆتە سەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێستای عێراق کە د. جەعفەریە, نەك هەر ئامادە نییە ئەو خاڵانە جێ بەجێ بکات و بەڵێنەکانی خۆی جێ بەجێ بکات, وای لێ هاتووە هەمیشە لە پیلان بگەڕێ لە خۆ دزینەوە دایە, ئەگەر بە زیادەڕۆیی لێم قەبووڵ نەکەن, جەعفەری خەریکە ئەگەر بۆی بکرێ هەلومەرجی ئیقلیمی ڕێی بدا, ئیحتیمالە هەوڵ بدا حلفی بەغدامان بۆ دروست بکاتەوە, لەبەر ئەوە دیسان داکۆکی کردنی سەرکردایەتی کورد لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆر موهیمە و نابێ بە هیچ شێوەیەك بڕوا و متمانە بکرێت, تا بە کاغەزو نووسین, تەنیا بەو شێوەیە بڕوا بکەین کە دەبێ عەمەلیەن کارەکان جێ بەجێ بکرێ, من بە ڕاشکاویی بەجەنابی سەرۆکی هەرێم دەڵێم هاتووچۆی ئەو سەفیرانە و

سەفارەتەکان بۆ لای جەنابتان و سەرکردایەتی کورد, بەڕاستی من زەندەقم لێ چووە, زۆری لێ دەترسم, دیسان زەغتمان لەسەر بێت و فشار بکەوێتە سەر سەرکردایەتی کورد, دیسان ئەمری واقیع بکرێتە سەرمان, دیسان رازی بین بەوەی پاش ئینتیخابات چارەسەری کێشەکانمان بکەن کە ئەمە خەتەرێکی زۆر گەورەیە, بەنسبەت جەنابی سەرۆکی هەرێم بەڕاشکاوی وەکو پێشمەرگەیەکی دێرین, وەکو کوردێك بە جەنابت دەڵێم تا ئێستا لە هەموو راگەیاندنەکان و لە هەموو کوردستان و لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا ئاشکرایە کە هەڵوێستی جوامێرانەی جەنابت چۆن بووە و چۆن داکۆکیت لە مافی گەلەکەت کردووە و جێگای ئیفتیخارو سەربەرزی هەموومانە, بەڵام تا ئێستا وەکو سەرکردەیەکی کورد یان وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە جەنابت ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانی, بڕوا پێکراوی میللەتی کوردی لەسەنگەری داکۆکی لە میللەتی کورد, کە بڕوامان وایە بوێرانە تر و حیکمەتی جەنابت و قسەکانت زۆر بە قوەتتر و زیاتر داکۆکی لە مافەکانمان بکەن و ئومێدمان زۆرە لەو سەفەرە مێژووییەتان بە گەڕانەوەتان بۆ کوردستان موژدەیەکی گەورە و دیارییەکی گەورە بۆ میللەتەکەت بێنی, کە ئەویش موافەقە کردنە لەسەر مافەکانی نەتەوەکەمان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, جارێکی تر تکام وایە کە کورتی بکەنەوە, خاڵەکان زۆرن, بەبێ ئەوەی عەرەب گوتەنی فێرتان بکەم ئێوە لە مستەوای بەرزن, ئەگەر بکرێ موختەصەری بکەن بڵێن من رام لەسەر پێشمەرگە ئەوەیە, من رام وایە لەسەر مەسەلەی عێراق بەشێکە کە میللەتی عەرەب دەبێ وابێ, رام وایە دەمەوێ مەسەلەی ئیتیحادی ئیختیاری وابێت, ئەو خاڵانەی کە پێتان وایە گرنگە دەبێ داکۆکی لەسەر بکرێت, تەحزیری بکەن وئیتر بڕایەوە, بۆ ئەوەی وەختەکە ئیستیفادەی لێ بکەین, ئەگەر نا بیکەینە تەنها قسە وەختەکەمان لەدەست دەچێ و کەچی هەدەفمان وایە بڕیار وەربگرین, جەنابی سەرۆکی هەرێم سەفەرەکە بکات, یان تەحدیدی وەفدەکە بکەین لە وێندەر مەتالیبی کورد چییە, ئەو موحەددەدە, لەبەر ئەوە لەو تەحدیداتانە قسە بکرێت تکایە, دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە خێرهاتنێکی گەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی دەکەم, من پێم باشە ئەو خاڵانەی کە خرانە ڕوو لەلایەن هەردوو بەڕێزەوە, بەڕێز کاك مەسعود بارزانی و د. کەمالەوە, ئێمە جەخت بکەین و هیچ جۆرە تەنازولێك نەکەین, بەراستی من زۆر دڵم خۆش بوو کە لەشاشەی تەلەفزیۆنەکان ئەو هێزو قوەتەی سەرۆکی هەرێم بە ئێمەی بەخشی کە وتی ئێمە مومکین نییە هیچ جۆرە تەنازولێك لە حەقێکی شەرعی کورد بکەین, ئەوەی کە هەشمانە و وەریشگیرا بێت زۆر زۆر کەمە بە حەقی میللەتی کورد, کە میللەتی کورد ئێستا داوای ئیستیفتا دەکات, وئیستیفتائێکیشمان کردووە لە ‎98٪‎ کە داوای جیابوونەوە بکەین, بۆ ئێمە مکور نەبین لە پەرلەمان, من تێناگەم کە لەعێراقدا دەڵێن شەراکەت, شەراکەت یانی چی, من دوکانێکم هەیە بە شەریکی غێر دەبێ دابەشی هەموو شتەکان بکەین, ئەوەی کە ئێمە داوایان لێ دەکەین زۆر زۆر کەمە, ئینجا بۆیە پێ داگرتن لەسەر نەخشەی هەرێمی کوردستان, بەراستی شتێکی زۆر زۆر پێویستە خاڵێکی تریشم پێداگرتن لەسەر زمانی کوردی لە عێراقدا و لە کوردستانیشدا, هەروەها رێژەی ئافرەت کە ئێستا من لە زۆر جەریدە و لە زۆر شاشەکاندا دەبیستم کە ئەیانەوێ ئەم رێژەیە لاببەن کەئەگەر ئەمریکا نەبوایە و جەختی نەکردبایە و هێزە سیاسیەکانی کوردستان جەختیان لەسەر ئەوە نەکردبایە ئەو رێژەیەش نەدە بوو کە ئێستا هەموو کۆمەڵگای مەدەنی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن, کە رێژەکە زۆر زۆر کەمە بەنیسبەت ئافرەتەوە لە عێراق, ئەو جەورو چەوسانەوەی ئافرەت بینیویەتی بەراستی پیاو نەیدیوە لە عێراقدا, مەسەلەی ئەوەی کاك مەسعود ئاماژەی پێکرد لە کوردە فەیلییەکان و ئێزیدیەکان, بەڕاستی هەر خروج و تەحەروکێك لە عێراقدا بوو بێ ئەو کوردە فەیلییانە وەکو دەرع وابوون بۆ هەموو هێرشێك کە هێنرابێتە کوردستان لە پێشدا لە فەیلییەکانەوە دەستیان پێکردووە, ئێستاش فەیلییەکان داوای جنسیەی عێراقی ئەکەن و موزاهەرە دەکەن لە خوارووی عێراقدا, بۆ ئێمە حەرەکەتێك دروست نەکەین لە ناو ئەو نەتەوانەی کەوا لە ناو عێراقن, ئەوانیش بێنە جەواب, پێویستیشە ئێمە شارعی کوردی ئێستا بجوڵێنین و داوای مافەکان بکەین و نەك هەر لە قیادەی سیاسی و پەرلەمان و ئەوانە, ئێمە حەقی

شەرعی خۆمانە بەراستی ئەو کاتیش ئەمریکا و ئینگلیزیش دەزانـن کە کـورد ئێسـتا چـی یـە و ئێسـتاش ئـەو سـەردەمە نەماوە بەڕاستی ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دواوە بەرەو سەردەمێکی تـر دەڕوا, سەدەی بیسـت ویەکـە و قۆنـاغێکی تریشـە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, هەمووجار ببوورن تەئکید دەکەمەوە کە لەسەر نوقاتەکان بێت, فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سـەرۆکی حکومـەت و میوانـە بـەڕێزەکان دەکـەین, پێم وایە بە تەشریف هێنانی جەنابی سەرۆك بۆ ئەو دانیشتنە, ئینشائەڵڵا هەموو ناکۆکیەکان لائەچـن, هەرچـەندە مـن وەکو رای خۆم پێم خۆش بوو لەو دانیشتنە وەکو رایەك تەشریفی نەچووایە لیژنەیەکی, وەفدێکی بناردبایە, بەڵام پـێم وایە بە چوونی بەهەر حاڵ کـە تەشـریف دەبـات قەناعـەتم وایـە هـەموو خاڵـە ناکۆکیـەکان لائەچـن, و ئومێدیشـم وایـە ئەوەی کە پێویستە ئێستا بکرێ, چونکە بەرای من ئـەوەی دوابخـرێ بـۆ دوای ئینتیخابـات وەکـو هەنـدێ لـە بـرادەرانیش باسیان کرد, پێم وایە ئێمە زەرەر دەکەین, چونکە ئەوان زیاتر خۆیان توند تر دەکەن, حاڵـەتی ئامادەییـان زیـاتر ئـەبێ, ئینجا بە چوونی تەشریفی هەموو شـتێك لائەچـێ, چـونکە مەسـەلەیەکی کـوردی هەیـە ئـەڵێ (کوچـك لـە ئـاگر گـەرمتر نییە) ئومێد دەکەین ئەو شتانە هەمووی لابچن, تەنها ئـەوەی مـن پێشـنیاری دەکـەم یـەك خاڵـە, بەنیسـبەت فیدراڵیـەت جارێکی تریش عەرزم کردن ئەو وڵاتانەی کە فیدراڵیەتیان هەیە, دەعوەتێك بچووبایە بۆیـان, لیژنەیـەك لـەوێ بهاتایـە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی واقیعیەتی فیدراڵیەت ببینە ناو مێشکی ئەوانەی کە تێ ناگەن لـە فیدراڵیـەت, ئـەوە جـارێکی تـریش داوام کردبوو لەگەڵ رێزمدا, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز پەخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم تەحدیدی وەخت بکرێت, دوو دەقیقـە بـۆ قسـە کـردن یـان سـێ دەقیقـە, ئێـوە لەسـەرەتا موراقەبـەی بکەن لەوەی کە تێپەڕی کەس عاجز نەبێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیقتراحێکی باشە, فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە باشترە هەردوو سەرۆکی فراکسیۆنەکان, چونکە ئێمـە هـەموومان هەڵوێسـتمان دیـارە بەرامبـەر ئـەم مەوزوعـە, وابزانم زۆربەی قسەکان دووبارە دەبێتـەوە, شـتەکانیش زۆر روون و ئاشـکرانە, هەڵوێسـتیش تەقریبـەن یـەك هەڵوێسـت دەبێ, بۆیـە هـەردوو سـەرۆکی فراکسیۆن لەگـەڵ گرووپـەکانی تـریش, لایەنـە سیاسـیەکانیش و لایەنـەکانی تـریش هـەر یەکەیان یەك نوێنەر قسە بکات, بۆ ئەوەی کاتەکەمان زۆر نەڕوات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە هەرچەندە قازانجی ئێمەیە ئەو ئیقتراحە, بەڵام با ئازادی هەبێ هەموو قسە بکەن, ببوورە, دەیکەینـە دوو دەقـە قسە کردن, کاکە حەمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە من تۆزێ زیاتر قسە بکەم, زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مسعود و سەرۆکی حکومەت و میوانە بەڕێزەکان دەکەین, ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستان و لە عێراق ڕووبەڕووی مەسەلەی دەستوور بووینەتەوە, مەسەلەی دەستووریش خۆتان هەموو لایەك دەزانن خاڵێکی گرنگە بۆ چارەنووس, واتە هەموو شەڕو مەشاکیلەکانی مێژووی کورد لەو چەند ڕۆژەدا کۆبۆتەوە, گوایە ئەوە پێویستی بەوە هەیە زیاتر ئێمە لەسەری قسە بکەین و گفتوگۆی لەسەر بکەین, مەسەلەی وەزعی عێراق و ئەو وەزعانەی کە خۆمان ئێمە دەیبینین, پێشتریش لەوانەیە پێشبینیمان کردبێت کە براکانمان پێشتر ڕایان چۆن بوو و ئێستا ڕایان چۆنە, لە بەغدا ئەوە بە تەئکید پێشبینی کراوە پێشتر, بەڵام ئێستاش ئەوان با وا تێ نەگەن ئەوان حکومەتەکانی پێشوون و ئێمەش موعارەزەین و داوای شتیان لێ دەکەین لە بەغدا, ئێمە ئێستا عێراق دروست دەکەینەوە, ئەگەر ئەوان دەیانەوێ ئێمە لە دروست کردنەوەی عێراقدا بەشداری ئەوان بکەین و پێویستە ماق ڕەوای میللەتی کورد لە دەستووری عێراقدا جێ بەجێ بکرێت, ئەگینا ئەوان ئێستا حکومەت نین تاکو ئێمە بچین داوای شتیان لێ بکەین, با ئەوان وا تێ نەگەن, ئێمەش وا تێ نەگەین موعارزین و وەفد بۆ لای ئەوان ئەنێرین, لەبەر ئەوە تێشیان بگەیەنین باشترە ئەو مەوزووعە, مەسەلەی ئێمە هێشتا چەند ڕۆژێکی ماوە, مەوزووعەکان یەکلایی نەبۆتەوە, ئێمە پێمان وایە لە هەندێ مەسەلەکاندا ئەوان باوەڕ ناکەم پێیان قەبووڵ بکرێت بە وەکالەت نەیکەن, ئەوانەیان هەیە لەوانەش مەسەلەی عێراق, عێراقی عەرەب بەشێك لە ئومەی عەرەبیە, یاخود عێراقی عەرەبی بێت, مەسەلەی حدودی کوردستان و مەسەلەی داهاتی کوردستان, هەروەها مەسەلەی پێشمەرگە و دەسەڵاتی سیاسی کورد لە بەغدا, مەسەلەی ریفراندۆم, زمانی کوردی, هەروەها کۆمەڵێك لەو خاڵانە پێم وانییە ئەوان بە ئاسانی ئێستا قەبووڵی بکەن, بەڵام ئێمە وا تێ نەگەین کە بچین داوا لە ئەوان بکەین, باشترین حەل بۆ ئێستا, بەتایبەتی کورد ئەمڕۆ لە کوردستان خاوەنی یەك هەڵوێستە, بەتایبەتی دوای سەرۆکی هەرێم و جەنابی کاك مسعود نەك هەر تەنیا خەڵکی کوردستان بە شەرعیەتێك بووە, بەڵکو شەرعیەتێکی عێراقی بووە, شەرعیەتێکی ئیقلیمی بووە, شەرعیەتێکی نێو دەوڵەتی بووە, دوای ئەوە کورد یەك دەست و یەك ڕا و یەك بۆچوونە و یەك قەراری سیاسی یە, کورد ئێستا خاوەن قەرارێکی سیاسییە, ئێمە پێویستمان بەوە هەیە ئێستا با بەردەوام لە بەغدا لە گفتوگۆکان و لە ئەنجومەنی نیشتمانیی لەگەڵ حکومەت ئەوانە هیچ شتێك نییە بەردەوام بین لێی, و ئێمە قەد پێمان نەبڕین لە بەغدا, بەڵام ئێمە قەرارەکان لە کوردستان و دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە ئێستا گرنگە, دەستووری هەرێمی کوردستان ئێمە داوای خۆمان لە کوردستاندا چییە؟ چیمان ئەوێت؟ کورد چی ئەوێت؟ و قەناعەتی خۆمان حدودی کوردستان کوێیە؟ قەناعەتی خۆمان چییە, ئێمە لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا بە زووترین کات تەسبیتی بکەین و قەراری لێ بدەین و بیخەینە بەردەستی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقی, بیخەینە بەردەست حکومەتی عێراقی, بیخەینە بەردەست ئەمریکا و ئەوروپا و دۆستەکانمان لە دونیادا, ئەوە داوای میللەتی کوردە, ئەوان چی ئەکەن دەیکەن یان نایکەن, ئەوە ئەوان موشکیلەی خۆیانە, ئێمە داوای خۆمان لەسەر هەندێ مەسەلەی وەك کەرکووك یان مەسەلەکانی تر تەسبیتی بکەین لە دەستوور, ئەمە خاڵی یەکەم, خاڵی دووەم سنووری هەرێمی کوردستان دیاری بکەین, فیدراڵی کام فیدراڵیمان دەوێ؟ فیدراڵی ئارەزوومەندانە, ڕێگە نەگرێ لەبەر دەستماندا, ئێمە داهاتی کوردستان, داهاتی کوردستانە, ئەگەر کەم بوو بۆ خۆمان, ئەگەر زیاد بوو بۆ ئەوان دەنێرین, ئەوانە تەصویت بکرێ, مەسەلەی پێشمەرگە, ئێمە هێزێکمان دەوێ بۆ پاراستنی کوردستان, ئیتر لە چوارچێوەی جەیشی عێراقی بێ یان نەبێ, دەسەڵاتی سیاسی کورد لە بەغدا چی بەردەکەوێت, چی هەیە, مەسەلەی زمانی کوردی, ئەمانە کۆمەڵێ نوقاتە کەمن لەبەر ئەوەی پەلەم لێ ئەکەن بە موختەصەری عەرزی جەنابتانی ئەکەم, لەگەڵ چوونەکەی بەغداش نازانم بەراستی پێویست بوو هەموو شتەکان بگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم لە کوردستان, مادام قەرار دراوە ئەمجارەش باشە بڕۆن, بەڵام من پێم باشە داوای کورد لێرە چارەسەر بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عوسمان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی هەرێم دەکەم, من پێم وایە داواکانی ئەندامانی پەرلەمان هەمووی مەفهومە و هەمووی دیارە و هەمووی یەك داوایە, ئێمە ئەوانەی باس کران هەموو خاڵەکان مافی گەلەکەمانی تێدا دیاریکراوە, هەموومان بە کەمی دەزانین نەك رازی نەبین لەسەری, ئەو مەسەلەیە زۆر موناقەشەی لەسەر نەکرێ, خاڵی دووەم لێرە من پێم وایە و شارعی کوردی پێی وایە دان پێدانەنانی مافەکانمان لە بەغدا مەسەلەکە دژی ئێمەیە, من لێرە بەناوی هەموو ئەندامانی پەرلەمان داوا لەسەرۆکی هەرێم دەکەم پەلە بکەن لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی, بۆ ئەوەی لە بەغداش زیاتر و زووتر دان بە مافەکانی گەلەکەمان بنێن وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکەت زۆر بەجێ بوو, بەڵام نوقتەی نیزام نەبوو. بە ئیجازەی ئێوە ئەوەندە دەکرێت وەختەکە موحەدەد بوو لەوانەیە بەبەر هەمووان نەکەوێت, لەبەر ئەوە هەندێك جار ئەگەر ئەوانەی کە زۆر قسە دەکەن و با مەجال بدەین بە تەنەوع, کاك غەفوور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەو دانیشتنەی ئەمڕۆ دانیشتنێکی زۆر گرنگە, ئەو پێشنیارەی بەڕێز جەنابی سەرۆکی کوردستان بۆ گرێدانی ئەو دانیشتنە, ئەوە خۆی لەخۆیدا تەعبیرە لەوەی کە سەرۆکی کوردستان لە یەکەم هەنگاو, لەیەکەم کاریدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕای میللەت, و بەبێ رای میللەت هیچ شتێك ناکات, ئەوەش زیاتر پەیوەست بوونی سەرۆکی کوردستان و گەلی کوردستان بەیەکەوە دەردەبڕێت, من دەستخۆشی ئەو پێشنیارە دەکەم, بەنسبەت ئەو خیلافاتانەی کە هەمانە بەتایبەتی مەسەلەی چارەسەر کردنی کێشەی ناوچە بە عەرەب کراوەکانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا, ئێمە پێش مەسەلەی هەڵبژاردن ئەگەر لە بیرتان بێت لە رێی سەفارەتەکانەوە, هەم شانەشینی یەکگرتوو وهەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نووسراو هەندێ زەماناتیان دا بە ئێمە, ئێمە هەقە ئێستاکە بەڕاستی زەغتیان لێ بکەین بۆ ئەوەی ئەوان رێز لەو دەست نووسانەی خۆیان بگرن و رێز لە ئیمزاکەی خۆیان بگرن بە پێی داخوازیەکانی ئێمە بێنەوە, نەك هەر جارێکی تر لە ژێر زەغت هەندێ شتمان پێ بکەن وخودان بەڵێنی خۆشیان نەبن, لەبەر ئەوەی لە ناوچەکەدا, لە سەرتاسەری عێراق نەك تەنها لە کوردستان ئەوەی کەکورد ئامادە بووە و خوێن برێژێ, ئەوەی کەکورد ئامادە بووە سەروەریەکانی گەلی عێراق بپارێزێت و بە خەڵکی کوردستانیشەوە خەڵکی تریش ئامادە بووە, بۆ ئێمە لە هەموو شت قوربانیدەر بین و لە هەمان کاتیشدا زەرەرمەندی گەورە هەر ئێمە بین, بەڕاستی ئێمە دەبێ زەغت لەوە بکەین و لەسەر ئەو مەسەلەیە, دواتر مەسەلەی نووسینەوەی دەستوور و تەسبیت کردنی ئەو داخوازیانەی کەدەمانەوێت, ئایا لە بواری پراکتیکدا ئەو دەسەڵاتەی کە دێ ئەو دەستووره پراکتیك دەکات ئەو دەبێ چی بکات, خۆ ئێمە پێشتریش کۆمەڵێ دەستوور هەبوو, شتی باشیشیان تێدا بوو, بەڵام لە جێ بەجێ کردندا هیچی ئەوە نەبوو کە لە دەستوورەکەدا دابوو, چونکە کێشەی سەرەکی ئێمە لەگەڵ عەقڵیەتی شۆڤینی عەرەبی دایە, عەقلیەتی عەرەبی قەبووڵی بەرامبەرەکەی خۆی ناکات, زۆر زەحمەتە ئێمە بتوانین لە چوارچێوەی عێراقدا بژین, و زۆر زەحمەتە ئێمە بتوانین لەگەڵ عەرەبی عێراقی بە یەکەوە هەڵبکەین, لەبەر ئەوەی لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی دامەزراندنی عێراقدا, ئێمە ئەم هەموو خیلافەمان هەبێت ئەی کە عێراق کەوتەوە سەر پێی خۆی و بووە خاوەن هێزی خۆی, دەبێ ئێمە چ ئەنجامێك وەربگرین, بۆیە بەڕاستی ئێمە دەبێ داکۆکی لە داخوازیەکانی خۆمان بکەین و بەهیچ شێوەیەك مساوەمەی لەسەر نەکەین, مەسە لەی تر مەسەلەی مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووس کە هەشت ساڵی بۆ دانراوە, بە بڕوای من هەشت ساڵ زۆرە, بکرێتە چوار ساڵ وەك رای شەخصی خۆم, من لەم شەو زووتر نییە بۆ جیابوونەوەمان لە عێراق, من لەگەڵ ئەوەدا نیم بە هیچ شێوەیەك ئێمە لە چوارچێوەی عێراقدا بژین, لەبەر ئەوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق جگە لە زەرەرو زیان و ماڵ وێرانی و ماڵ کاوڵی هیچی تر نییە بۆ ئێمە, بۆیە بەڕاستی ئێمە دەبێ بەرەو وڵات, بەرەو دەوڵەت

هەنگاو بنێین, بۆ ئەوەی ئەوانیش ناچار بکەین دان بـە داخوازییـەکانی ئێمـە بنـێن, ئێمـەی کورد گـەورەترین هەڵـەمان ئەوە بوو دائیمـەن ئێمـە داوای مافـەکانی خۆمـان ناکـەین وەکو وایـە, داوای شـتی زۆر کـەم دەکـەین, بۆیـە کـەمترمان بـۆ دەسـەلمێنن, بۆیـە ئەگـەر داوای مـافی رەوای خۆمـان بکـەین, ئـەوانیش بـەو شـێوەیە هەڵوێسـتیان نابێـت, خـاڵێکی تـر دەستووری کوردستان, ئێمە لەچەند دانیشتنی پێشتریش وتمان دەستووری کوردستان پێش دەستووری عێراق ئامادە بکرێت, بخرێتە ریفراندۆم لەلایەن گەلی کوردستانەوە, بەداخەوە ئەوە نەکرا, ئێستاش تا کات نەچووە ئەو پرۆژەی دەستوورەکە ئامادەیە با پەرلەمان بیخاتە راپرسی و ببێتە ئەمری واقیع, بۆ ئەوەی حکومەتی ئێستای عێراقی نەتوانێ تەجاوزی ئەو دەستوورە بکات کە داخوازی گەلەکەمانە, سوپاس.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برادەران زۆر لەو خاڵانەی کە من دەستنیشانم کرد بوو ئاماژەیان پێکرد, بەڵام من بە کورتی چەند سەرنج و تێبینیەکم هەیە, بەتایبەتی مەسەلەی سنوور کە خاڵێکە دیارە زۆر خاڵی خیلاف کە جەنابی کاك د. کەمال باسی کرد, کە دە خاڵ خیلافێکە زامنی مافی گەلی کوردستان دەکەن, بەبێ ئەو خاڵانە مافەکانی ئێمە هیچ بەردەست نایەن, ئەوەی کە زۆر گرنگە بەڕای من خاڵی سنووری هەرێمی کوردستانە, ئێستا پیلانێك هەیە لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان, ئەویش ئەوەیە کە شیعەکان دەیانەوێ خەتێك دروست بکەن لە خانەقین تا دەگاتە تەلەعفەر لە رێگەی مەزهەبیەوە, لەرێگەی تورکمانە شیعەکانەوە, لەرێگەی شیعەکانی خانەقین بڵێین, فەیلییەکان لە رێگەی شەبەکان کە نسبەتێکی زۆریان شیعەیە, ئینجا بۆیە پێداگرتن لەسەر سنوور, دیاریکردن بە ئەهمیەتێکی زۆر ئەوەی بزانم من لە پێش هەموو خاڵەکانی تری بە گرنگی دەزانم, بۆیە پێداگرتن لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان یان سنووری کوردستان خاڵێکی هەرە گرنگ و ئەولەویەت بێت, هەرچەندە هەموو خاڵەکان ئەهمیەتی خۆیان هەیە, ئەوەی دووەم تەنانەت من سەرنجێکم هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە دۆستایەتی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئەمریکا و لەگەڵ بەریتانیەکان, ئێمە لەدوو سەرەوە باز دەدەین, بازێکیان ئەوەیە کە ئەو دەوروبەرو دوژمنانی گەلی کورد ئێمە تۆمەتبار دەکەن بە زۆر شێوە, بەعزێکیشیان ئەوەیە کە ئەوان زۆر جار دێن فشار دەخەنە سەر ئێمە بۆ ئەوەی بتوانن عێراق ئاسایی بکەنەوە, زۆر جار مافی ئێمە لەو بەینە پێشێل دەبێ, مەفروزە لە دۆستایەتی ئەواندا ئێمە لەلایەکەوە باز بدەین, نەوەك لە دوولاوە, ئیتر سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی سەرۆکی هەرێم دەکەم, ئەوەی کە من دەمەوێ باسی بکەم بێگومانم لەوەی کە جەنابی کاك مسعود لە هەموو کاتێك, لە هەموو فەترە مێژووییەکاندا زۆر بە حەماسەتەوە پشتگیری لەهەموو ئەو کێشانەی کورد کردووە, ئێمە لەم سالانەی دواییدا, بۆ نموونە وەکو ئیتیحادی ئیختیاری و دفاع کردن لە پێشمەرگە و مانەوەی پێشمەرگەو هەموو ئەو شتانەی کە هاتە پێش, بۆیە ئەوەی من باس دەکەم رەنگە تەنها چەند خاڵێك بێت بۆ مەسەلەی میکانیزمی چەند کارەکانمان بەرەو پێشەوە بڕوات, ئەویش زیاتر پێداگرتن لەسەر مەسەلەی کەرکوك و تەتبیع و تەنفیز کردنی مافەکانی ماددەی پەنجاو هەشتە, کە یەکەم بۆ مەسەلەی کەرکوك سەقفێکی زەمەنی دیاری بکرێ, لەو چوونەی جەنابتان بۆ بەغدا لەگەڵ ئەو گرووپەی کەدەڕۆن, بۆ ئەوەی ماددەی پەنجاو هەشت هەرسێ خاڵەکەی بێتەدی, سەقفێکی زەمەنی دیاری بکرێ لە وشەی وەکو بە خێرایی وبە سورعەت ئێمە ئەو ماددەیە جێ بەجێ دەکەین, لەوەدا دەبێ خۆمان دوور رابگرین, چونکە گەلێ لەو وشە رازاوە ئینشاییانەی عەرەب بە ئێمەیان وتوە و قەتیش جێ بەجێیان نەکردووە, بۆیە دەبێ سەقفی زەمەنی هەبێ, ئەگەر لەو سەقفە زەمەنییە ئەم کارە نەکرا, ئێمە هەرەشەیەکمان لەبەردەستدا بێت بەڕاستی, ئەگەر ئەوە نەکرا ئێمە ئەنتەرناتڤیمان چییە لەو حاڵەتەی کە لەو سەقفە زەمەنییە تێ پەڕێ, هەروەها پشتگیری لە کارەکانی جەنابی سەرۆکی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کەرکوك و جێ بەجێ کردنی ماددەی پەنجاو هەشت حەمید موسا بکەین کە بە هەموو شێوەیەك, بۆ ئەوەی بەو میزانیەی کە بۆی تەرخان کرابوو کە

بەزووترین کات لە ماوەیەکی دیاریکراودا جێ بەجێی بکات, هەروەها هەر لێرە فەرسەتێکی باشە کە لەجەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی داوا بکەم کە ئەویش زوو دەستپێشخەری بکات لەلای خۆیانەوە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان, تەسهیلاتێکی زۆر فراوان و ماددەیەکی باش سەرف بکرێت, دەتوانین بەشێك لە مەصاریفی خۆمان لەو ماوەیە رابگرین, با تەرکیزی خۆمان بخەینە سەر کەرکوك و گەڕانەوەی ئاوارەکان, هەروەها پێشنیارێکم بۆ جەنابی سەرۆکی هەرێم هەیە کە بە ئەمری جەنابیان کۆنفراسێکی زانستی ببەسترێت, کۆمەڵێك پسپۆری مێژوویی و جوگرافی و یاسایی بانگ بکرێن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان, بۆ ساغ کردنەوەی, بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ئێزیدییەکان و شەبەکەکان و هەروەها کەمە نەتەوایەتی و مەزهەبیەکان, و سنووری کوردستان و دیاریکردنی کەرکوك و مەسەلەی تەعریب, بۆ ئەوەی ئێمە ئەو شتانە راستە ئێمە ئێستا خەریتەمان داناوە و کۆمەڵێ شتمان پێشنیار کردووە, بەلآم ئەگەر لە کۆنفراسێکی زانستی و ئەکادیمی ئەو شتانە دەربچێت, ئەوەش دیسانەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەو یەك دوو مانگەدا ئەنجام بدرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, تکایە ئیلتیزام بەدوو شت بکەن, یەك, دوو دەقەکە, دووش مەوزووعەکە, جەنابی کاك مسعود دەچێتە بەغدا موحەدەد موکەلیفە بەشتێك ئەویش دەستووری عێراقە, لەسەر ئەو نوقاتانەی کە پێویستە لەوێ باسی بکات, ئەگەر نا وەختەکە لە ئێمە و لە خۆشتان زایع دەکەن, فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆکی هەرێم و هەموو بەڕێزەکان دەکەم, بەڕاستی هاتنی جەنابی بۆ ئالۆگۆڕکردنی بیرۆکە لەگەڵ ئێمە, ئەوە خۆی پێدانی بەهایەکی زۆرە بە ئەندامانی پەرلەمان و ئەرکی ئێمە گرانتر دەکات, زۆر سوپاسی دەکەین, زۆربەی ئەوەی من دەمویست بیڵێم بەڕێزان وتیان, تەنها دەمەوێ تەئکید کردنەوە, یەك پێداگرتن لەسەر هەموو ئەو مافانەی کە ئێمە داوای دەکەین و تەنازول نەکردن لێی و دوا نەخستنی, چونکە پێم وایە دواخستنی چارەسەری کێشەی ئێمە ناکات, لەبەر ئەوەی کورد ئەمڕۆ لە نوقتەی قوەتە, ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانین مافەکان بە دەست بێنین رەنگە داهاتووش ئەوە مسۆگەر نەبێت, یاسای پەنجاو هەشت وەکو مامۆستا نازنازیش ئاماژەی پێکرد من پێم وایە (بالسرعە الممکنە) ئەوە مەتاتییەتی تێدایە بەخێرایی لەلای ئەوان دوو ساڵ بێ و لە لای ئێمە مانگێك بێ و یانی پێویستە سەقفێکی بۆ دابنرێ, سەبارەت بە تەئکید کردنەوە لەسەر قسەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم حقوقی ئەقەلیات, من دەمەوێ لێرە بە هەموو برا تورکمان و مەسیحی و ئێزیدی و ئەوانەی کە لێرەن ئەو حەقیقەتە بزانن کە ئەگەر بێتو عەرەب نەیەوێ ماق ئێمە بدات یاخود خۆی لێ گێل دەکات کە ئێمە دووەمین نەتەوەین لە دوای ئەوان زۆرینەین لە عێراق, بە تەئکید خۆی لەوانیش پشتگوێ دەخات و ماق ئەوانیش پشت گوێ ئەخات, بۆیە پێویستە ئەوان هاوکار بن لەگەڵ ئێمە, لەبەر ئەوەی چارەنووسی ئەوانیش بە چارەنووسی ئێمە بەستراوە, ئەو بەندەی کە ئێمە ئێستا تەئکیدی لەسەر دەکەینەوە ماق چارەی خۆنووسین, بەڵێ ئەوە خەونی ئێمەیە کە دابڕێین و بەلآم با بە عەرەب بڵێین ئەمە تەنها بۆ گەڕانەوەی متمانەیە, سیقەیە, لەبەر ئەوەی ئێمە سیقەمان بە نسبەت عەرەب لەدەستداوە, جا بۆیە پێویستە لێرە تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەوان ئەو سیاسەتی توندو تیژیەی بەرامبەر ئێمە رەت بکەنەوە ئیدی وازی لێ بێنن, ئێمەش رەنگە ئەگەر ژیانێکی خۆشمان هەبێ لەگەڵ ئەوان قەد داوای جیابوونەوە ناکەین, تەنها ئەوە بۆ ئەوەیە کە ئێمە ئیدی یاسایەك هەبێ پاڵپشتیمان لێ بکات و موستەقبەلمان بۆ دابین بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر دەمێکە موحاوەلە دەکەین, لە تەمەنی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بەڕابەرایەتی جەنابی مستەفا بارزانی, لە پاشان لە حەفتاوشەشەوە تا ڕاپەڕین, لە ڕاپەڕین تا 2005 ئێمە نەمانتوانیوە کە عەرەب تێبگەیەنین کە ئەوان عەقلیەتی دیموکراتیەت بۆ بەکار ناهێنن, بڕوا ناکەم ئێستا بەو فەترەیەی پازدە ڕۆژ ئەو شتە تەقەبول بکەن, ئێمە باسی جەعفەری زۆر دەکەین, بەڵام هەر عەرەبێك بێتە لە شوێنی جەعفەری دانێی هەمان قسە دەکات و هەمان تەصەروف دەکات, بۆیە من هەر بڕوام نییە لە نووسینی دەستووری عێراق هەر مانایەکی هەبێت, ئەگەر بشبێت کاتی خۆی بووە, هیچ عەمەلێکی پێ نەکراوە, ئێستا بشبێت هیچ عەمەلێکی پێ ناکەن, چونکە لە نووسینەوەی دەستووری کاتی و بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتی کاتی تائێستا هیچ بۆ ئێرە نەکراوە, بڕوا ناکەم دەستووری هەمیشەیی هیچ بۆ کورد بکات, لەبەر ئەوە من بەباشی دەزانم وەك کاك غەفور مەخموری وتی ئەوان بەڕاستی چاوەڕێی قوەت دەکەن عەرەبەکان, چاوەڕێی یەکبونێکی خۆیان دەکەن و چاوەڕێی قوەتێکیش دەکەن, ئەوان کە ببن بە خاوەنی قوەت هیچ مافێکی کورد ناسەلمێنن و ئەوە تەئکید وادەبێ, ئەوان دەستی دەرەکیان زۆر لە پشتە, جگە لە عەرەبەکان دەستی کەشیان لە پشتە و پشتیوانیان لێ دەکرێت, ئەو خاڵانەی کە د.کەمال وتی یانی هیچ بۆ کورد نەکراوە, ئێمە بەساڵ بۆمان نەکراوە تازە بە پازدە ڕۆژ دەکرێ؟ لەبەر ئەوە من داوام لە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەیە ئەوجارە با جیایان لەگەڵ بکەین, ئەوان نایەنە ئەقڵ و فەهمیش ناکەن و تێشناگەن, باشترین حەل بۆ ئێمە ئەوەتا لەگەڵ ئەوان جیاببینەوە و تا فەرسەتێکمان لەبەردەستە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی نامەوێ قسەکان هەمووی دووبارە بکەمەوە, تەنها دوو سێ شت دەمەوێ تەرکیز بکەمە سەری وەکو خۆی, پێم وایە عێراق دروست ئەکرێتەوە, ئەو عێراقەی کەوا فرە نەتەوەو فرە ئاین و فرە کۆمەڵێ شتە, ئێمەی کورد بەشدارین لەدروستکردنەوەیدا, لەم دروستکردنەوەدا دوو ئەرکمان لەسەرە, یەکەمیان پێکهێنانی هەوییەی دەوڵەت کە من بە قەناعەتم ئەبێ ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و جمهوری و فیدراڵی ئارەزوومەندانە بێت, ناکرێ لەوانە تەنازول بکرێت بەڕاستی, دووەمیان ئەبێ ئەو سنوورە, سنووری هەرێم سنوورێکی جوگرافی و مێژوویی بێ کە ئێمە ئەو فیدراڵیەتەمان ئەوێ لەسەر چوارچێوەی ئەوە دروست بووبێ, و لەچوارچێوەی ئا ئەمانەیە پێویستە ئێمە وەکو نەتەوەیەکی بەشدار بوو لە دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق, ئەبێ کۆمەڵێ ماف و ئازادی هەن کە پەیوەندیان هەیە بە پێکهاتەی هەموو ئەو نەتەوانەی کە لەناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە هەبن, لەوانە مەسەلەی زوبان, ئەوانەی کە ئەمڕۆ نیقاش لەسەر زمان دەکەن, پێم وایە دیسان زهنیەتێك کە دوورە لە زهنیەتی دیموکراتیەت و گەڕانەوە بۆ مەفهومێك کە بەڕاستی نەوویستنە کە سەرلەنوێ ئەو عێراقە بەو شێوەیە دروست بێتەوە, من لە خاڵێکی تردا بەڕاستی ماددەی پەنجاو هەشت, من نامەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەم کە ئەم مەتاتیەتەی کە ئەوان دایدەنێن, پێم وایە کورد دەبێ موصیر بێ لەسەر جێ بەجێ کردنی, بەڵام گرنگترین خاڵ لەناو ماددەی پەنجاو هەشتدا, پێم وایە برگەی (ب)ە کە ئەکرێ و زەمەنی ناوێ و وەختی ناوێ, گێڕانەوەی وەحداتی ئیداری, ئەوانەی کە جیاکراونەتەوە لە کەرکووك وەکو چەمچەماڵ و دوز و کەلارو کفری, ئەمانە ئەکرێت زۆر بەئاسانی بگەڕێنەوە سەر وەحدەی ئیداری کەرکووك و سەر پارێزگای کەرکووك, ئەمە بەم شێوەیە, پێم وایە یەکێك لە مەسەلە گرنگەکانی دیکە ئەوەیە دێموگرافیای کەرکووك شێوێنراوە, چارەسەر دەکرێت, و لەتەك ئەوە مەسەلەی گێڕانەوەی ئاوارەکانە, ئەمانە بۆ خۆی جێ بەجێ ئەبن, من پێم وایە ئەو خاڵانە ئەبێ ئێمە تەئکیدی لەسەر بکەین, خاڵێکی گرنگە کە بۆ کورد ئەمە بۆ خۆی تەسبیتی حاڵەتە سنووریەکەی دەکات, کەسنووری کوردستان, سنوورێکی قانونی و سیاسیە بە قەناعەتم, سوپاس.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا سوپاسی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەکەم بۆ متمانە دانی بە پەرلەمان و گەڕانـەوە بـۆی لـەم مەسـەلە حەساسـەدا, دووەم پێشنیارم وایە کە ئەم مانگەی پشووەی پەرلەمان هەڵگیرێ, چونکە پـێم وایـە لـە زەمـەنێکی وا هەسـتیاردا مێـژوو دەینووسێ, بـەڵام پەرلـەمانی کوردسـتان ئیجازە بـوو, سێ حـەزم دەکـرد جـەنابی سـەرۆك رای ئـەمریکا و هاوپـەیمانان بەرامبەر بە دۆزی میللەتەکـەمان لـەم قۆناغـە بـە صـەراحەت روونـی بکردبایـەوە, تـا ئێمـە لـەو روانگەیـەوە پێشـنیار و داخوازیەکانمان بخستبایە روو, خاڵی چوارەمم ئەوەیە کە ئێمە کاتی خۆی پـێم وایـە زۆرمـان داوا نـەکردووە تـاکو ئێسـتا مساوەمەی لەسـەر بکـەین, بۆیـە پـێم باشـە فیدراڵیـەت و گەڕانـەوەی ناوچـە تـازە رزگارکراوەکـان دەسـەڵاتی حکومـەتی هەرێم و سامانی سروشتی کوردستان و پێشمەرگە خەتی سوورمان بێـت, بـەڵام لـە جـێ بـەجێ کـردن و پراکتیزەکردنـی ئەو خاڵانە, واتە لە ئالیەت و میکانیزمدا دەکرێ هەندێ مرونەت بنوێنین, بەڵام پێشنیارم وایە وەکو قاعیدەیـەك هەیـە دەڵێ (الهجوم خير من الدفاع) جەنابی سەرۆکی هەرێم لەم سەفەرەدا خاڵی زیاتری لەمە پێ بێ, لەم خاڵانە زۆرتـری پـێ بێ, تا ئەوان لە بەغدا لەم خاڵانەمان رازی بن, خاڵی پێنجەمم داوام لەسەرۆکی هەرێم ئەوەیـە کـە لـە بەغـدا رێ نـەدات هیچ کەس و لایەن و لیستێك موزایەدەی ئیسلامی بەسەر کورد دابکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس, بـەڵام مـن ئەگـەر ئیجـازەم بـدەن تـەنیا شـتێکتان بـۆ روون بکەمـەوە, ئـەویش عوتلـەی پەرلەمانـە, دیـارە عورفێکە لە دونیادا پەرلەمان دووجار عوتڵەی هەیە, عوتڵەی هاوین و عوتڵەی زسـتان, دوو مـانگ, دوو مـانگ, ئـەمجارە خۆمان مانگێکمان ئیلغا کرد کردمانە مانگێك, بەڵام خەڵك زۆر بە هەڵە تێ گەیشتوون, عوتڵەی پەرلەمان مانـای وانییـە خەڵك بچێتە ماڵی خـۆی, ئێمـە هـەر لێـرە دەوام دەکـەین و رۆژانـە موتابەعـەشمان هەیـە وخـەڵکیش دەبیـنین, بـە پێـی نیزامی داخیلی جارێك مانگێکمان دانا, ناتوانین ئـەو مانگـەش ئیلغـا بکـەین, بـەڵام وەکو عوتڵـە نـەبێ وایـە, ئێمـە دەوام دەکەین و لەبەر ئەوەی وەزعەکە نائاساییە کۆبوونەوەی نائاسایی دەکـەین و بـە درێـژایی ئـەو مانگـە, یـانی وەکو عوتڵـە نەبێت وایە بە حەقیقەت, بەڵام خەڵك وا تەصور دەکات کە وادەزانێ هـیچ کارمـان نییـە, وانییـە, هـەموو شـتەکان وەکـو خۆیـەتی دەوامیشـمان هەیـە, لەبـەر ئـەوەی بڕیارمـان داوە لەبـەر رۆشـنایی وەزعەکـە کـە هـەر کاتێـك پێویسـت بکـات کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکەین, هەروەکو ئێستا کراوە, سوپاس, فەرموو کاك هیوا.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان, بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم, میوانە بـەڕێزەکان, بەگـەرمی بـەخێرهاتنتان دەکـەم بـەخێرهاتنی کـاك مسعود و میوانـەکان دەکـەم, لەراسـتیدا ئـەم کۆبوونەوەیـە مـن وەکو ئەنـدام پەرلەمانێك, هەروەکو یادەوەریەك پێم خۆشە سەرۆکی هەرێم زووتر چەندین جار لەگەڵ ئـەم پەرلەمانـە دابنیشـتبایەو لە مەولا زیاتری بکات, ئەوە وەکو داواکاریەك, خاڵێك ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەم میللەتـە تـا ئێسـتا لـە چـەندین قۆناغدا لەلایەن دۆستەکانمانەوە فێڵمان لێ کراوە و چاوبەستمان لێ کـراوە ودۆزەکانمـان دراوە بـە ئـاودا, ئێسـتا بەراسـتی من چەندین جارە لەم پەرلەمانە باسم کـردووە بەرامبـەر بـە مـەوقیفی ئـەمریکا و بـەریتانیا لـە دۆزەکـەی ئێمـە, ئێمـە لەرۆژگارێکدا قـەرار درا کوردسـتانی عێـراق حسابی تایبـەتی بـۆ بکرێـت, بـەڵام ئـەوە بـوو ئـەتاتورك و دارو دەسـتەکەی لەباریان برد, لەبەر ئەوە من وەکو ئەندام پەرلەمان داوا لـە بـەڕێز کـاك مسعود دەکـەم بۆمـان روون بکاتـەوە مـەوقیفی ئـەمریکا و بـەریتانیا لـەم قەزیـەدا چـۆنە؟ چـونکە ئـەوەتا موتابەعـەی دەکـەین, ئـەوەتا لـەدوای رووخـانی رژێمـەوە هاتوونەتە کوردستان هەر باسی ئەوە دەکەن, جارێ بە روونی لەگەڵ ئێمـە قسـە ناکـەن, باسـی کـەرکووك دەکـەن دەڵێن کەرکووك عێراقێکی بچووکە و لەم بابەتانـە, جـا لەبـەر ئـەوە بەڕاسـتی وا ئـەبینم توانـا و ئیمکانیـات و لەبـەر رۆیشـتنی خۆمان قسە بکەین لەم موفاوەزەیە, چونکە کابرا وتەنی بارە شووشەیەکی پێبوو دارێکی پێدا وتـی چییـە؟ وتـی دارێکـی تری پێدادەی بارەکە هەمووی ورد دەبێ, ئێستا ئێمە سەیر دەکەین ئەوەی کە وەفدمان لـە بەغـدا هاتۆتـەوە بۆمـان بـاس دەکات, هەموو داواکانی کورد لە ئەوەڵەوە تا ئاخیر ئەوان زەربیان لێداوە, نـازانم چ داوایـەکی کوردیـان پەسـەند کـردووە, لەبەر ئەوە موراجەعەیەکی تەواو لە قەزیەکە دەبینم, بۆیە داوامان وایە سەرۆکی هەرێم بە وەفدێکی بەهێزەوە بڕواتـە

بەغداو پێدابگرێ لەسەر قەزیەکان و ئەو رایە وەکو برادەران وتیان وەکو وەرقەیەکی فشار لەدەست ئێمەوە بێ و بیخەینە گەڕ, ئێستا ئێمە با شارعی کوردی داوای لێ بکەین کە موزاهەرە بکەن و مانگرتن بکەن, بابەتی ریفراندۆم تەفعیل بکەین, لە 98٪ ی ئەم میللەتە داوای جیابوونەوە دەکەن, من دەپرسم ئەمریکیەکان ئێستا وردە وردە بیانەوێ قەناعەت بە ئێمە بکەن و فشار بخەنە سەرمان بڵێین قەیناکە بۆ دوای نووسینەوەی دەستوور, من دەڵێم ئەگەر داواکانمان سەری نەگرت, کورد داوا بکات نووسینەوەی دەستوور دوا بکەوێت, با ئێمە ئەو هێزە فشارە بەکاربێنین, ئەگەر داواکانمان سەری نەگرت ئەم سێ پارێزگایە رازی نەبین بەو دەستوورەی کە تا ئێستا رەشنووسەکەی ئامادەکراوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, تەبعەن من ناوی هەندێ برادەر ناخوێنمەوە, چونکە ئەندام بوون لە وەفدەکە, ئەگەر هیچ پرسیارەکی هەبوایە دەتوانێ لەوێ تەرحی بکات, کاك مەلا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەرحەلەیەی ئێستا ئێمە تێیدا دەژین, بەڕاستی موشکیلەیەکی زۆر عەویسە, و لە پێشەکیدا با بڵێم سوپاسی هەڵوێستە جوانەکانت دەکەین وەکو هەڵوێستەکانی پێشتریش, کە وەکو ئەو سوێند خواردنەی بەغدایە, هەڵوێستەکان لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێ, بەڕاستی ئەوە جێگەی سەرنج راکێشانە, ئێستاکەش چاوەڕوانیەکی زۆر لە جەنابت دەکەین لەو چوونە بەغدایە ئینشائەڵڵا, موشکیلەی ئێستاکە هەر کەرکوك نییە, قەراری پەنجاوهەشت نییە, زەمان نییە, داهات نییە, ئەدی نازانم چ هەیە, ئەی ئێمە چۆن حکومەتین کە ئەوان باسی لێوە دەکەن, یانی چ فیدرالیەتە کە ئەوان باسی لێوە دەکەن؟ نوقتەیەك کە تەرکیزی لەسەر دەکەم یانی زۆر جار پێ لەسەر قەراری ماددەی پەنجاو هەشت دادەگرین کە ئیحتیمال هەیە لە ئەسنای تەتبیق کردنی ماددەی پەنجاو هەشت, ئەوان هەزار موشکیلەمان بۆدروست بکەن لە وێندەریش, باشتر وایە هەندێ فشار بخەینە سەریان, زۆر باسی ئەمریکاو بەریتانیا دەکرێت, ئەمریکا و بەریتانیا ئێستاکە زۆر تەنەحی دەکەن لەوەی کە ئێمە دەوڵەتێکی موستەعمر نینە, یانی ئەوان وا دەزانن ئەگەر ئێمە تەلەبی کەرکووکمان کرد, ئێمە تەلەبی ئینفیصال دەکەین, داوای ئەوە دەکەین لێك ببینەوە, نەخێر ئەو شتە وانییە, چونکە زۆر لە صەحیفەکانیشیان وادیارە ( واشنتۆن, گاردیان) و صەحیفەی تر, ئەوان دەڵێن ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە ئەگەر ئێوە باسی کەرکوك بکەن, تەلەبی ئیستیقلال دەکەن, ئێوە چەند ساڵە خەبات دەکەن هەتا کەرکووکتان وەرگرتووە دەبێ فەترەیەکی تر راوەستن هەتا ئەوەی وەك کەرکووك وەربگرن, نەخێر ئەم قسە وانییە دەتوانرێ رەد بدرێتەوە, ئێمەش عیلاجمان هەیە, سەرۆك بارزانی لەبۆ ئەوەی کە فشار بخەینە ئەو دەوڵەتی بەغدایە, یەك لەو فشارانە ئەوەیە ئێمە دەتوانین سێ موحافەزە رەفزی ئەوە بکەینەوە, رەفزی دەستوورەکە بکەین و ئیشەکە تێك دەچێ, با حکومەتیشیان لێ تێك بچێ و پەرلەمانیشیان لێ تێك بچێ, دەتوانین ئیشەکەیان لێ تێك بدەین و تەصفیری پەرلەمان بکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەن تەصفیەی هەندێ ناو بکەم, چونکە وەختەکە زۆر کەمە, ئەگەر وا بڕۆین وا زوو تەواو نابین, بەبێ ئەوەی بزانم کێ یە, بەڵام ئەگەر ژن بێت باز نادەم قەیناکە, فەرموو گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەم, کە متمانەی دا بە پەرلەمان, قسە لەسەر خاڵێکی سەرەکی هەرێم دەکەم کە ئەڵێن مرونەت بکەین, نازانم ئێمە کەمترین داخوازیمانە با ئەو مرونەتە بخەینە قۆناغێکی ترەوە, ئێستا ئێمە پێداگرین ئەو کارتانە بەکاربێنین کە ئەبینین لایەنەکانی شیعە و سوننە چ هەرەشەیەکیان خستۆتە سەر ئارامی عێراق بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان, ئێمەش هەر بە چەپکە گوڵ

و مرونەتەوە ئەڕۆین, خاڵەکانی تریش کە خاڵی یەکەم پێداگرتنە لەسەر سنووری هەرێم, هەڤاڵەکانم زۆریان باس کرد, هیوادارم ئەو پەیامەمان بە بێ مرونەت بچێتە پێشەوە, سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد محمد احمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم و هەروەها بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم, لەراستیدا هەموو ئەو مەسەلانەی کە باسکرا, کە کاك د.کەمال باسی کرد, هەمووی مەسەلەی گرنگن, بەڵام من تەنها یەك دوو شتم دەوێ, یەکەمیان ئەو فیدراڵیەتەی کە کوردستان داوای دەکات, ئەو دەسەڵاتەی بۆ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان داوا دەکرێ, شەرت نییە هەر ئەو دەسەڵاتانە بن بۆ هەرێمەکانی تری عێراق وابێ لەو فیدراڵیەتەی دروست دەبێ ئەوە یەك, دوو سنووری هەرێمی کوردستان لەراستیدا کێشەیەکە زیاتر لە چل ساڵە کێشەی کورد بووە, هەموو ئەو نەهامەتیانەی کەبەسەر کورد هاتووە و ئەمەش پەیوەست کراوە بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی ماددەی 58. لەبەر ئەوە جێ بەجێ کردنی بڕگەی پەنجاو هەشت سنووری هەرێمی کوردستان دیاری دەکات, من ئەوە بە بیری کاك مسعود دەهێنمەوە کە کاتی خۆی لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت دانرا هاوپەیمانەکان و ئەمریکیەکان پەلەیەکی زۆریان کرد و گوشارێکی گەورەیان خستە سەر کورد, بۆ ئەوەی بە پەلە بنووسرێتەوە و مۆر بکرێ, و ئێستاش هەمان گوشار لەسەر کورد هەیە, پێم وایە باشترین چارەسەر لەسەر ئەوەیە کەوا نووسینەوەی دەستوور دوا بخرێ بۆ شەش مانگی تر, هەروەکو لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتدا هاتووە, بۆ ئەوەی ماوە بدرێ لەو شەش مانگە بتوانرێ ماددەی 58 ئەو بڕگانەی کەوا رێگیراوە لە قانونەکە جێ بەجێ بکرێ و ئەو کاتە سنووری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی مەعقول لەوانەیە جێگیر بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڵام وەکو مولاحەزە بۆ ئەوەی تیکرار نەبێتەوە, تەئجیل کردنی قانون ناکرێ, چونکە دەکرا لە یەکی مانگدا کە نەکرا پازدەی ئەو مانگە, ئەگەر تەواو نەبێت سقوت دەکات, وەخت تەواو دەبێت و جەمعیەی وەتەنی سقوت دەکات, فەرموو.

**بەڕێز کوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەلێك مەسائیلی سیاسی باس کران, و من هەرچەندە نوێنەری خەڵکم, بەڵام یەك مەسەلە لام گرنگە لێرە کە باس نەکرا, مەسەلەی ئافرەتە, کە ئێمە وەکو ئافرەتی کورد لە ماوەیەی سیانزدە ساڵە پەرلەمانی کوردستان و هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر هاوکاری کردین لەبۆ گەلێك شت و بە ئازایی دەوری خۆیان دیت, بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی بڕیاری 137 کە مەجلیسی حوکم داینابوو, هەروەها یاسای ئەحوالی شەخصی بوو کە لەساڵی 1959 بوو, ئێمە وەکو ئافرەتان داوایەکی زۆر گرنگمان هەبوو لێرە تەراجوع لە مافی ئافرەتان ناکەین کە ئەوەی لە یاسا هەیە یاخود ئەوەی نووسراوە لە دەستووردا, بەڵکو زیاترمان دەوێ و کەمترمان ناوێ وەکو ئافرەتانی کوردستان, سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشەوە بەخێرهاتنی بەڕێز کاك مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز کاك نێچیرڤان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و میوانە بەڕێزەکان دەکەم, لەو شەرحەی کە کاك د. کەمال پێشکەشی کرد, وەکو برادەرانیش لەپێش من باسیان کرد, بەراستی دەرکەوت کە ئەوان لەسەر هیچ داوایەکی کورد تائێستا موافەقەیان نەکردووە, هەشت خاڵی باس کرد کە هەشت خاڵی ئەساسین, هەموویان کێشەیان لەسەرە و لەسەر هەندێکیان هەر موافق نین, من لەو هەشت خاڵە نامەوێ بچمە سەریان, سێ خاڵی ئەساسی بەنسبەت میللەتی کورد ئەمڕۆ گرنگە, یەکەمیان دەستنیشان کردنی سنووری هەرێمی کوردستانە, لە هەموو دونیا لە عێراقیش نازانم ئەگەر قەزایەك, ناحیەیەك, گوندێك سنووری هەبێت, چۆن دەبێ هەرێمی کوردستان سنووری نەبێ و سنووری دیاریکراو نەبێت؟ بەراستی ئەوە مەسەلەیەکە پێویستە

به نسبەت ئێمە خەتی سوور بێت، دەست نیشان کردنی هەرێمی کوردستان بە هەموو ئەو ناوچانەی کە تاکو ئێستاش کێشەیان لەسەر بگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، خاڵی دووەم ماڤی چارەی خۆنووسین، بەراستی ئایندەی ئێمە لەسەر ئەو خاڵە وەستاوە، ئایندەی میللەتی ئێمە لەسەر مەسەلەی ماڤی چارەنووس وەستاوە کە یاسایەکی نێو دەوڵەتییە، زەمانەت و گرەنتی ئەو شتانەیە، ئەمرۆش لە چوارچێوەی عێراق بە فیدرالیەت جێ بەجێ دەکرێ و بەو خاڵەوە بەندە، تاکە زەمانەت بۆ ئێمە ماڤی چارەی خۆ نووسینە کەئەوان تەعامولێکی راستگۆیانە لەگەڵ مافەکانی میللەتی ئێمەدا بکەن لە دوارۆژدا، خاڵی سێیەم هەویەی عێراقە، بەراستی ئەوان دەرکەوت کە دەیانەوێ خصوصیاتی کوردستان و خصوصیاتی قەومی ئێمە لەچوارچێوەی هەویەیەك بتاوێننەوە کەئەوە مومکین نییە، پێویستە ئەو سێ خاڵە بۆ قیادەی سیاسی ئێمە، بۆ پەرلەمانی ئێمە بەراستی خەتی سوور بێت، بە هیچ شێوەیەك تەنازولی لێ نەکرێت، بۆ ئەم مەسەلەیە سێ پێشنیارم هەیە یەکەمیان ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك صیغەیەکی مەتاتی قەبووڵ نەکەین، چونکە مەسەلەی یاسا مەسەلەیەکی وردە و دەبێ زۆر بە راشکاویی مافەکانی کورد تێدا دیاری بکرێت، خاڵی دووەم هیچ شتێك بۆ دوای دەستوور دوانەخرێت، چونکە ئەوەی دوابخرێ لە دوای نووسینەوەی دەستوور جێ بەجێ ناکرێت، سێیەمیان پێشنیار دەکەم کەکورد نەچێتە ژێر فشارو فشاری کەسیش قەبووڵ نەکات و لەفشاریش نەترسێ، بەڵکو کارتەکانی فشار بەکار بێنێ کە تائێستا بەکارمان نەهێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پێشنیارەکان بەجێن، بەڵام پێشنیارەکان تکایە موحەددەد بێت بێ شەرح، چونکە شەرحەکە وەختمان دەکوژێ، چونکە پێشنیار بێ دیارە، سوزان خان فەرموو.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم کاك مسعود، من یەك پرسیارم لەکاك مسعود هەبوو کاتێك کە وتە بەنرخەکەی پێشکەش کرد کە وتی ئێمە ئەمانەوێ ئەساسی دەستوور بێت و هیچ لەوە کەمتر نەبێت و ئەوەی کە ئێستا دائەنرێ بۆ ئەمرۆی ئێمە باشە، دەستوور بۆ ئەمرۆ نییە، بۆ سبەینێ نییە، بۆ نەوەکانمانە، لەبەر ئەوە ئەو داوایانەی کە کردوومانە، ئەو خاڵانەی کە هەیە بۆ ئێمەی کورد هەموویان خەتی سوورن و لەیەکێکی تەنازول ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسانەی کە پەیوەندیان بەسیاسەتەوە هەیە کراون، بەڕێز سەرۆکی هەرێم خۆی داوای بەرچاو روونکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی خۆی کرد لە هێڵە سوورەکان، من ئەوەی دەمەوێ پێی لەسەر دابگرم و باسی بکەم، ئەویش مەسەلەی بە ئیسلام کردنی دەوڵەتە، یەك خاڵ بۆ سەرۆکی هەرێم و بۆلیژنەی ئیسلامی کە بیانەوێ رەچاوی بکەن، با ئەو خەڵەتەی کە پار کردمان، ئەویش کە ماددەیەك لە ناو دەستوور بنووسرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیسلام مەصدەرێکە یان مەصدەری ئەساسی شەریعەی ئیسلام بێ، کە بەڕاستی ئەمە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە، بەڕاستی بڵێین بە ئیسلام کردنی دەوڵەت هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە، نە لە بەرژەوەندی ئاین دایە و نە لە بەرژەوەندی دەوڵەتیش دایە، هەروەها دەبێتە رێگرێك و کۆسپێك بابڵێین نیشانەی ئیزدواجیەکیش ئەبێ لەگەڵ هەموو ئەو ماددانەی تری کە لەپاشی ئەم برگەیەی دێت، کە باس لە مافەکان دەکات کە بڵێین باس لە مافە گشتی و تایبەتیەکان دەکات، کە بڵێین هەموو ئەو پرنسیپانەی کە لە بەندەکانی ماڤی مرۆڤەوە هەڵقوڵاون، لەبەر ئەوە داواکاریم لەبەڕێز سەرۆکی هەرێم و بڵێین هەموو ئەندامانی تر ئەوانەی کە لەناو لیژنەی دەستوورین پێ لەسەر ئەوە دابگرن بەهیچ شێوەیەك لەناو دەستوور باسی ئیسلام نەکرێ، خۆی لەناو یاسای عێراقی مەصدەری سێیەمی یاسامان قانونە، کەواتە بە هیچ شێوەیەك پێویست ناکات ئەمە لە دەستوور بکرێت، ئەمە یاسایی نییە، بەڵکو تەنیا ئەمە لەبەرژەوەندی چەند خەڵکانێکە دەیانەوێ موزایەدە لەسەر ئیسلام بکرێت و لەسەر میللەتی کورد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزعەکە زۆر حەساس و خەتەرە ئەمە ئاشکرایە، ئەتراق ئێمە تەعامول لەگەڵیان ئەکەین، مەعلومن عەقلیەتیان و نەهجیان، دەوری دوەلی ئیقلیمی و ئەوانەش هەموو بە ئیتیجاهی زەغت و فشارە لەسەر مەتالیبی کورد، ئەمریکا راستە دۆستە، بەڵام دۆستی خەڵکی تریشە، دۆستی بەرژەوەندی خۆیەتی، زۆر وانابینم ئەوەندە تەقدیری ئێمە کرابێ وەکو پێویست، تەبیعەتی مەرحەلەی ئینتیقالی وایە، یاخود زۆر دەچیە پێش یان زۆر دێیە پاش، خۆمان ئیشی گەورەو ئیشی ستراتیجی و مەتالیبی کورد دیارە و وازیحە، ئەم شتانەش تەحقیق نابێ بەبێ ئیرادەتی حوڕی ، قەوی و موستەقلی ئەم گەلە، ئێمە لازمە پشت نەبەستین بە هیچ کەسێکی تر غەیری ئیرادەی میللەتی خۆمان، کە وەعیەکی باش هەیە دوای یەك هەڵوێستی و یەك ریزی و یەك ئیدارەی حەقیقی نەوەك هی شەکلی، ئەمانە فەقەت لازمە ئێمە موراهەنە لەسەر ئەو مەوزووعە بکەین، حەقیقەتێکی تر ئەوەیە کە ئەمە 13 ساڵە نەمانتوانیوە میساق شەرەفێکی وەتەنی دابنێین، راستە ختوتی عامەی مەشروعی کورد وازیحە، بەڵام ببێتە میساق شەرەفێکی وەتەنی کەس نەتوانێ تەنازولی لێ بکات، کەس نەتوانێ مساوەمەی لەسەر بکات، ئەمە نەقصێکی گەورەیە، راستە زۆر رۆیشتووە و ئەوەی ماوە موهیمە و وەختەکە کەمە، من لەگەڵ ئەوەم تا بتوانین ئەو دەستوورەی بۆ کوردستان قەرارە و مسودەی هەیە و مەشروعە، و یا ئەو میساق شەرەفە بەزووترین کات بکەین، کێشەمان لەگەڵ ئیسلام نییە، ئیسلام رۆژێك نابێتە گرێ و نابێتە گرفت و نابێتە رێگر لەدەستوور، بەڵکو ئینشائەڵڵا رۆڵێکی گرنگ و کاریگەر بۆ کورد دەبێت، مانع نییە هەتا بۆ بەند بوون بەدەوڵەتی کوردیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، چونکە ماوە نەماوە تەنیا سێ کەسی تر دەتوانێ قسە بکات، کاك شێردل فەرموو.

**بەڕێز شیردل عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فیدراڵیزم، نەخشەی سنووری هەرێمی کوردستان، هەویەی عێراقی، پێشمەرگە لەژێر فەرمانـدەیی قائیدی عامی قواتی پێشمەرگە کە خۆمان لە پەرلەمان بڕیارمان لەسەر داوە، جەنابی سەرۆکی هەرێم قائیدی قواتی پێشمەرگەیە، کەرکووك بەگوێرەی ماددەی 58، زمانی کوردی، سامانی سروشتی، قەومیەتی کوردی، برا ئێزیدی و برا فەیلیی و شەبەکەکان، رەئی دان لەسەر ماق چارەی خۆنووسین، بەرەئیی من ئەوانە چارە دەبێت، پێویستە بە روونی لەناو دەستووری عێراق بنووسرێتەوە، ئەگەر بە روونی نەنووسراوە، دەستوورەکە دوابخرێت باشترە، پێشنیارێکی تریشم هەیە کەوا هەوڵ بدەن هەندێ رەسامی کوردی و ئەوانەی شارەزان لە تاریخ و جوگرافیای کوردی بەشداری بکەن لە لیژنەی گۆڕینی ئاڵای عێراق، چونکە خۆتان دەزانن ئێمە تا ئێستا رەفزی دەکەین و لە دروستبوونی عێراقەوە کورد دەستی لە دروست کردن و رەسم کردنی ئاڵای عێراق نییە، ئەمجارە با هەندێك کوردی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەگەر کورد ئەم هەلەی لە دەست دەرچێت و قسەکەی جەنابت بە دڵنیاییەوە جارێکی ترو لە ئایندەیەکی نزیکدا فرسەتێکی وامان بۆ نارەخسێ، بۆیە پێویستە کورد هەموو تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی مافەکانی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگیر بکات، پێویستە بەدەستوورێك رازی نەبین کە زۆر بە روون و ئاشکرایی مافەکانمانی تێدا نەچەسپا بێت، بۆیە بەرای من حەقە تەنها ئەمجارە بە ئەمریکیەکان بڵێین نەخێر ئێمە رازی نابین دەستوورێك بنووسرێت کە مافەکانی کوردی بە وازیحی تێدا نەبێت، رازی نابین لەسەر حسابی مافەکانی میللەتەکەمان دەستوور لەکاتی خۆیدا بنووسرێت، راستە ئێمە ناتوانین ئەو کاتە درێژ بکەینەوە، بەڵام ئێمە حەقی ڤیتۆمان هەیە لەو سێ پارێزگایەی کە لەهەرێمی کوردستانە، بەڕای من ئەوانەی کە هێڵی سوورن کە پێویستە دەستکاری نەکرێن، مەسەلەی فیدراڵیە، هێزی پێشمەرگەیە، سنووری جوگرافی کوردستانە، سەرچاوە سروشتییەکانە،

زمانی کوردیە، مافی چارەی خۆنووسینە بە پێی ئەو پرۆژەیەی کە لیژنەی پشتگیری لە دەستوور ئامادەیان کردووە، هەروەها لەگەڵ دیموکراسی مافی مرۆڤ و مافەکانی ژنان، پێویستە ئەوانەش پێی لەسەر دابگرین، ئاخر شتم ئەوەیە کە پێویستە ماددەی پەنجاو هەشت پێش هەڵبژاردنی ئەمجارە جێ بەجێ بووبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەم، وەکو جەنابی سەرۆکی هەرێم فەرمووی شەبەك و ئێزیدی و ئەوانە بە نەتەوە حیساب دەکەن لەدەستووری نوێ و جیا دەکرێنەوە لە کورد، شتێکی تریش ئەمڕۆ بە تەمانە لە دەستوور دانێن ئەویش ئەوەیە کە نەتەوەیەکی نوێ دروست بکەن لە عێراق، کە ئەویش نەتەوەی فورسە، کە تا ئێستا ئەو شتە رووینەداوە، راستە لەوانەیە ئەمڕۆ ئەو ترسە نەبێ، بەلام لە موستەقبەل ئەکید ئەو ترسە دەبێت، ئەوە تەوەجوهی ئەو حکومەتە پیشان دەدات کە ئەو حکومەتە لایەنگیری جمهوریەتی ئیسلامیە، ئێمە دەبێ ئەوە لەبیر نەکەن کە کوردستان سنوورێکی دووروودرێژی هەیە لەگەڵ جمهوریەتی ئیسلامی، دەبێ حسابەکی لە بۆ ئەوە بکەین لە بۆ دوارۆژ کە چ تەئسیرێکی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەکەم لەگەڵ میوانە بەڕێزەکانی تر، وابزانم بەشی زۆر ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆکدا باس لەداواکارییەکانی گەلی کوردستانیان کرد، تەنیا کە خاڵێك کە باس نەکرا پێم خۆشە بیخەمە بەرچاو، ئەویش باس لە پێکهاتنی پەرلەمانی عێراق، کەسێك باسی لەوە نەکرد کەوا عێراق بکات لەگەڵ ئەنجومەنێکی تردا کە نوێنەری هەموو هەرێمەکان بێت، ئەگەر بێتو لای پەرلەمانی عێراق پاشەرۆژدا ئەو ئەنجومەنە نەبێت، ئێمە بەڕاستی هەموو مافەکانمان هیچ دەستەبەرییەکیان نابێت، سەبارەت بە ناوی فیدرالیەت و شێوازی فیدرالیەت، بەشێك باس لە ناوی ویلایەت دەکەن، ویلایەت ئەمڕۆ لەتورکیا بۆ پارێزگا بەکاردێت، ئەڵێن ویلایەتی دیاربەکر، ویلایەتی فلان جێگە، ئەوە بە مانای پارێزگا دێت، هەروەها ویلایەتی ئیسلامیش چەنتەکەی جیاوازە لەگەڵ فیدرالیەتی ئەمڕۆدا، بۆیە ئێمە ئەبێ سوور بین لەسەر ئەوەی کەوا وشەی فیدرالیەت یا لەبەر خاتری ئەوان وشەی ئیتیحادی بە کاربێنین لە وەسف کردنی دەوڵەتی عێراقدا، من لێرە خاڵێکی قانونی تر دەخەمە بەرچاو، جەنابی سەرۆکی هەرێم، سبەینێ دەچێ بۆ بەغدا، من پێشنیازی ئەوە دەکەم کەوا ئێمەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وەکو نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستان دەسەلاتی ئەوەی پێ بدەین کە سبەینێ دەچێت بەناوی پەرلەمان و بەناوی خەڵکی کوردستانەوە ئەمەیە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و بەهیچ شێوەیەك لەوانە کەمتر قەبووڵ ناکەن، من لەو باوەڕەدام داواکارییەکانی گەلی کوردستان لێرەدا زۆر بە چڕوپڕی باس کران ودەتوانین بڵێین مەسەلەی پەرلەمانە، مەسەلەی فیدرالیەتە، مەسەلەی سامانە، مەسەلەی سنوورە، کەرکووکە، کەوا پەرلەمان سەرچاوەی دەسەلاتەکانە لەکوردستان، لەگەڵ مافی چارەنووس و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای رێککەوتنی ئارەزوومەندانە، جگە لەوەی کەوا دادگای بالای دەستووری عێراق پێویستە لەلایەن کەمەوە چوار نوێنەری خەڵکی کوردستانی تێدا بێت، جگە لەمەسەلەی زمان، کەوا زمانی عەرەبی و کوردی پێویستە بکرێن بە زمانی رەسمی لەسەر ئاستی هەموو عێراقدا، جگە لەوەش هەرێمی کوردستان پێویستە نوێنەرایەتیان هەبێت، بەشێکیان هەبێ لە هەموو سەفارەتەکانی دەرەوە، چونکە ئێمە ئێستا لەماوەی ئەم سیازدە ساڵەدا کۆمەڵێك پەیوەندی ئابووری و کلتوری و رۆشنبیری پەیدا بووە لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەرەوە، ئێمە پێویستە نوێنەری هەرێممان هەبێت لە هەموو ئەو سەفارەتانە، ئەمە بەکورتی من پێشنیازی ئەوە دەکەم کەوا پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەسەلات بە جەنابی سەرۆك بدات بەناوی پەرلەمانەوە، بەناوی خەڵکی کوردستانەوە لە چوارچێوەی ئەو داواکارییانە سوور بێ لەسەر چەسپاندنیان لە دەستووری عێراقدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و میوانە بەڕێزەکان دەکەم, لەراستیدا بارودۆخی ئەمڕۆ وایکردووە کە ئەم کۆبوونەوەیە لێرە بکرێت, چونکە بەراستی لەکاتێکی چارەنووسسازدا ئەوانەی چەندین ساڵە هاوپەیمانی ئێمە بوونە, چەندین بەڵێننامە لە نێوانماندا هەیە, کە تازەترینیان یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتە کە هەمووومان ئیمزامان کردووە, بە شیعە و سوننە و کوردو پێکهاتەکانی ترەوە, هەروەها ئەو ئیتیفاقیە دوو قۆڵیەی کە نێوان ئێمە و ئیئتیلاڤی شیعەیە, بەداخەوە ئەو بەڵێنانەی کە نوێنەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا, و هەروەها سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق دابوویان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا, بەداخەوە ئێستا دەبینین پاشگەزبوونەوە یان هەڕەشە بۆ پاشگەزبوونەوە دەکرێ لێیان, بۆیە ئەو خاڵانەی کە لێرە شاندی پەرلەمان و کوردستان رۆیشتن ئەو خاڵانەی بەتایبەتی لەپرۆژەی دەستووری کە حازر کراوە (دستور الجمهوریە العراقیە الاتحادیە الفیدرالیە) ئەوەی کە شاندەکە لەگەڵ خۆیدا بردی, من پێم وایە ئەوانە هەموویان هێڵی سوورن, نەك هێڵی سووری تێدا نییە, بە پێچەوانەوە هەموویان هێڵی سوورن, بەڵام لە کامەیان ئێمە ئەتوانین مرونە بە کاربێنین, لە کامەشیان ناتوانین مرونەت بەکاربێنین خاڵەکان لەوەدایە, جارێك بەنسبەت ناسنامەی عێراق, ئێمە پێش ئەوە هێشتا لەساڵی 1992 تەنها وەکو کورد یەك لایەنانە داوای ئیتیحادی ئیختیاریمان کرد, داوای فیدراڵیەتمان کرد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا, کەواتە بەنسبەت ئێمەوە عێراقی دیموکراتی فیدراڵی ئەمە هێڵی سوورە, ئێمە لەکاتێك ئەوەمان داوا کردووە کە ئەمانتوانی داوای شتی تر بکەین, ئەوانەی کە لەگەڵماندا لە حوکمن لە بەغدا, ئەوان لەگەڵ رێزمدا بۆیان یان لەودیوی سنوورەکان بوون یان بە پاڵپشتی ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا ئەوان لە هێزی بەرهەڵستکاری بوون, یانی مەفروزە ئەوە رەچاو بکەن, خاڵی دووەم ئەوەیە کەوا ئەو بەڵێنەی کەوا دەربارەی ماددەیەکی تایبەت کە ماددەی پەنجاو هەشتە راستیەکەی بۆ یەکلایکردنەوەی سنووری کوردستانە, بۆیە ئەوەش هێڵی سوورە مەفروزە و ئیتیفاقیشی لەسەر کراوە وەکو چۆن لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە لە ئیتیفاقەکانی ترەوە بەداخەوە ئێستا دەبینین خەمساردی یان پاشگەزبوونەوەی لێیە, بۆیە ئەوەش پێم وایە ئەوەش هێڵی سوورە, مانەوەی پێشمەرگە وەکو ببورن من مەبەستم هێڵە سوورەکان پێشمەرگەیە, سەرچاوە سروشتییەکانە, لەوانەیە سەرچاوە سروشتیەکانی ئێمە بتوانین ئەو رێژەیە, لەوانەیە نیقاش لەسەر رێژەکە بکرێت, چونکە ئێمە رێژەیەکمان داوا کردووە, لەوانەیە لەسەر رێژەکە بتوانرێ کەم و زۆر بکرێت, ئەمە پێی نالێن مساوەمە لەسەر هێڵە سوورەکە, بەڵام بە تەئکید ئەبێ ئێمە سوور بین لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان, پەرلەمانی کوردستان ماڤی دەرکردنی لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت تایبەتمەندی کوردستان دیاریکراوە, پەرلەمانە, حکومەتە, دەسەڵاتی دادوەرییە, ئەم تایبەتمەندییە ئەبێ بمێنێ و بپارێزرێ, پەرلەمانی کوردستان دەوری خۆی ببینێ, نوێنەرایەتی ئێمە سەبارەت بە کامەیە, ئەبێ نوێنەرایەتی ئێمە لە سەفارەتەکاندا هەبێ بەراستی ئەمە هێڵی سوورە, بەنسبەت نەتەوەی عەرەب, چونکە ئێستا باسی ئەوە دەکەن عێراق لە ئومەی عەرەبییەیە, بەڕاستی ئەمە هێڵی سوورە, قەیناکە ئەگەر ئەوان ئەیانەوێ عەرەبی عێراق ببێ بە بەشێك لەنەتەوەی عەرەب, ئەوە شتێکی ترە, بەڵام ئێمە لەوە زیاتر نابێ خۆمان بێ دەنگ بکەین, ماڤی چارەنووس ئەصڵەن لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت یان پێشوتریش لە هەموو مەواسیقی دوەلی, لە گەلالە نامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەموو میللەتێك بە گەورەو بچوك ماڤی خۆیەتی, خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات, یانی پێویست ئەصڵەن بەو هەشت ساڵە ناکات, راستە ئێمە ئەو هەشت ساڵەشمان داناوە, ئەصڵەن ئەو هەشت ساڵە زەمانەتە نەك بۆ کورد, زەمانەتە بۆ ئەوان, کە ئەوان ئیدارەیەکی رێك وپێك و حکومەتێکی رێك وپێك بەڕێوە ببەن, ئەگەر نا زەمانەت نییە بۆ ئێمە زەمانەت هەموو وەختێك ماڤی ئەوەمان هەیە داوای بڕیاردانی چارەنووسی خۆمان بکەین, پێشنیارێکم هەیە یەکەم ئێمە پشتگیری جەناب سەرۆك بارزانی و شاندە یاوەرەکەی بکەین بۆ پێداگرتن لەسەر ئەو خاڵانەی کەوا ئێمە بەناوی پەرلەمانەوە ئەو پشتگیریە هەبێت, دوو بانگەوازێك دەربکەین بەناوی پەرلەمانی کوردستان وەکو چۆن ئێستا لە زاخۆ رێ پێوانێك کرا, رێپێوانێکی جەماوەری, هێمنانە بکرێت لە هەموو کوردستاندا, ئینجا شەرت نییە هەمووی لەیەك رۆژدا بێت, لەهەموو کوردستاندا ئەو رێپێوانە بکرێت, من پێم وایە ئەوە بۆ پشتگیری کردنی شاندەکە دەبێت, جەنابی سەرۆك بارزانی بەتایبەتی ئەگەر زاندرا هێڵە سوورەکان چارەسەر ناکرێ,

جەنابی سەرۆك بارزانی نامەیەك ئاراستەی كوفی عەنان وەكو سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان و ئاراستەی جورج بۆش و تۆنی بلێرو ئاراستەی سەركردەكانی وڵاتانی زلهێز بەتایبەتی ئەوانەی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشن بكات و ئەم واقیعەیان بۆ روونبكاتەوە, ئاخیر شتیش گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان لێرە ئەگەر خوانەخواستە هەر شتێك گەیشتە ئەو حاڵەتە پەرلەمانی كوردستان دوا بڕیاری خۆی لەسەر بدات, ئەوەی لە ریفراندۆم دەكرێ وابزانم دەبێتە چارەسەر, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئەو ئیقتیراحەی ئاخیرت بخستبایە پێشەوە باش بوو, سوپاستان دەكەین قسەی زۆر باش كرا, من پێشەكی داوا لە جەنابی كاك مسعود دەكەم هەندێك پرسیاری لێكرا, پرسیارەكان وەڵام بداتەوە, لەپاشاندا ویستی ئێوە, بڕیاری ئێوە كە من تێگەیشتم لەگەڵ برادەران لێرە خولاصەیەكمان كردووە و دەیخەمە دەنگەوە, پێشتر جەنابی كاك مسعود فەرموو.

**بەڕێز مسعود بارزانی/سەرۆكی هەرێم:**

سوپاس بۆ هەموو ئەوخوشك و برا بەڕێزانەی كە تێبینی چاكیان دەربڕی و پرسیاریشیان كردووە, من نازانم تا چ حەدێك موفەق بووم لە نووسینەوەی پرسیارەكانیان, مومكینە بە تەسلسول نەبێ, بەڵام هەوڵ دەدەم وەڵامی هەموو پرسیارەكان بدەمەوە.

بەنسبەت سنووری هەرێمی كوردستان, وەختی خۆشی لە قانوونی كاتیی دەوڵەتی عێراق, ئێمە رێككەوتین لەسەر شێوەی فیدراڵی, كە فیدراڵی جوگرافی مێژوویی دەبێت, ئەمەش زۆر روونە, رێك ئەو وەختە مەبەستمان بوو كە لە رووی جوگرافییەوە سنووری كوردستان دەستنیشان بكرێ, ئەگەر خیلاف لەسەر شتێك هەیە, بەڵگەنامە هەیە و دەتوانین بۆ ئەو بەڵگەنامانە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو ناكۆكیانەبكەین, لەبەر ئەوە مەسەلەی سنوور زۆر جدیە و زۆریش سروشتییە و دەبێ سنووری هەرێمی كوردستان بە پێی ئەم راستییە جوگرافی ومێژووییەی هەیە چارەسەر بكرێ.

مەسەلەی هەویەی عێراق, هەر دوای شەڕی كوێت لە كۆنگرەی ڤێیناوە, ئێمە رێككەوتووین لەسەر ئەوەی عێراق دەبێ عێراقێكی فیدراڵی دیموكراتی فرەحزبی بێت, ئینجا تا گەیشتە كۆنگرەی لەندەن لە دێسەمبەری ساڵی 2002 پێش ئەوەی بڕیاری شەڕ بدرێت و دەست بەشەڕ بكرێ, شەڕی رزگاركردنی عێراق لەوێش ئیتفاق كراوە, واتە پێش رووخانی رژێم رێككەوتن كراوە, كە ئێمە كۆك و تەباین لەسەر ناسنامەی عێراق, كە فیدراڵی دیموكراتی فرەحزبی دەبێت, ئەگەر نا ئەو وەختە لەسەری رێك نەدەكەوتین, یانی ئەگەر وا نەبوایە مومكین نەبوو ئێمە رێك بكەوین, بێگومان ئێمە شانازی دەكەین بەوەی ئیسلامین, منیش لەگەڵ ئەوەم بەراستی نابێ ناسنامەی عێراق ناسنامەی دینی لەسەر بێت, چونكە موشكیلەیەكی گەورەی لێ دروست دەبێت, بەڵام لەهەمان كاتیشدا دەبێ موراعاتی ئەوەش بكرێ كە میللەتی عێراق زۆرینەی موسڵمانە و دینی رەسمی دەوڵەت ئیسلامە, لەگەڵ رێزگرتن لە ئایین و مەزهەبەكانی دی, من پێم وایە ئەو شێوازەی لە قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت داهاتووە, شێوازێكی ماقوڵە و هەموولاش پێی رازین, دەسكاری ئەو شێوازە بكرێ, رەنگە كێشە و گرفتی لێ دروست ببێت. بەنیسبەت ئێمە مسەلەی ناسنامەی عێراق, مەسەلەیەكی زۆر مەبدەئیە, كە ئێستا هەندێك دەنگ بەرز بۆتەوە, وەڵڵا عێراق بەشێكە لە ئوممەی عەرەبی, ئەگەر ئەو برا عەرەبانە زۆر پێیان خۆشە دەتوانن بڵێن عەرەبی عێراق بەشێكە لە ئوممەی عەرەبی, بەڵام مومكین نییە ئێمە قبووڵی بكەین و پێمانوایە توركمان و كلد و ئاشووریش قبووڵ ناكەن, ئێمە برای ئەوانین و پێكەوە لە عێراق دەژین, بەڵام ئێمە بەشێك نین لە ئوممەی عەرەبی, لەبەر ئەوە مومكین نییە ئێمە قبووڵی بكەین.

مەسەلەی زمانی كوردی كە زمانی رەسمی بێت لەگەڵ زمانی عەرەبی, ئێمە كە دەڵێین: ئێمە دەبێ ها وبەش بین, پێكەوە عێراقی تازە دروست دەكەینەوە لەسەر شێوەی پێكەوە ژیانی ئارەزوومەندانە, ئێمە و عەرەب وەكو یەكین. یەكێك لەو ئاماژانە كە گوزارشت لەو هەقیقەتە دەكات, زمانە, كە زمانی كوردی زمانی رەسمییە لەگەڵ زمانی عەرەبی. لەوانەیە هەندێك وا تێگەیشتبن, كە ئێمە فەرزدەكەین لە هۆڕ و بەسراش لە قوتابخانەیەكی سەرەتاییش بە زمانی كوردی بخوێنێ, ئەمە مەبەست نییە, بێگومان زمانی كوردی زمانی رەسمیە لەگەڵ زمانی عەرەبی دەبێ لەسەر پارەش

بە زمانی کوردی بنووسرێ، هەروەها لەسەر پەساپۆرت بە زمانی کوردی بنووسرێ، بێگومان لە کوردستان چونکە زمانی رەسمییە، زمانی عەرەبیشی لەگەڵ دەبێت، بەڵام بڵێین لە کوردستان زمانی کوردی زمانی رەسمییە و ئەوا لە شوێنەکانی عەرەبیش زمانی عەرەبی زمانی رەسمییە و لە کوردستان زمانی یەکەم نابێ، یانی مومکین نییە ئێمە ئەوە قبووڵ بکەین، هیچ شتێك ئاماژە بەوە بدات کە ئێمە هاووڵاتی پلە دوویین، لەبەر ئەوە ئەمەش بۆ ئەمە مەسەلەیەکی مەحسومە.

مەسەلەی کەرکووك و خانەقین و شەنگارو شێخان و زومار و مەخمور... وەختی خۆشی لەکاتی دارشتنی قانوونی بەرێوەبردنی دەوڵەت زۆر هەوڵمان دا کە ئەو مەسەلەیە وا تاخیر نەکرێ، بەڵام بە هەقیقەت رەوشەکە وابوو ئەو وەختە لەوە زیاترمان پێ نەکرا، لە ماددەی 58 ئەم مەسەلەیە زۆر روونە کەچۆن ئە بارە چارەسەر دەکرێ، ئێمە ئەو وەختەش لەو قەناعەتە دابووین، ئەگەر ماددەی 58 وەکو هەیە جێبەجێ بکرێ، ئێمە زەرەرمەندنین، بە پێچەوانەوە ئێمە دەیبەینەوە، هەم کەرکووك و هەم هەموو شوێنەکانی دیش، لێرەدا گرفتەکە ئەوەیە، ئەوان لە جێبەجێ کردنی ماددەی 58 رادەکەن، عەیبەکە لە ماددەی 58 دا نییە، دەبوایە لەحکومەتی کاتی جێبەجێ بکرێ، بەڵام نەکرا، حکومەتی ئینتیقالی دەبوو دەسبەجێ دەستی بە جێبەجێ کردنی بکردبوایە، بەڵام تا ئێستاش دەستی پێ نەکردووە و ئێستا خەریکن بودجەی بۆ دابنێن، من پێش دوو رۆژ لەگەڵ سەرۆك کۆمار قسەم کرد گوتی ئیمرۆ جەعفەری ئاگاداری کردووم کە 100 ملیۆن دۆلار یان تەرخان کردووە بۆ ئەو لیژنەی کە کاك حمید موسی سەرپەرشتی دەکات، لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی 58 کە دەست بەکاربێت، یانی ئەو پارە بگاتە دەستیان شتێکی باشە، ئێمە لەگەڵ جێبەجێ کردنی ماددەی پەنجاو هەشتین و تەتبیعەکە ئێستا دەست پێ بکات، بەڵام عەمەلەیەکی درێژ خایەنە، پاشان دەبێ ئەو شوێنانە بگەرێنەوە بۆ سنووری پێشیان و وەکو خۆیان لێ بێتەوە، دەبێ سەرژمێر بکرێ ئینجا راپرسی بکرێ، جا ئەگەر ئاسایی کردنەوە کرا و ئەو هەنگاوانە هاوێژرا، ئەو وەختە بە تەبیعەتی حاڵ ئەو شوێنانە دەگەرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی قانوونی و بەبێ دەردەسەری و بێ کێشە، بەڵام ئێستا راکردن لەوجێبەجێ کردنە هەیە، ئەگینا ئێمە بەدوای ئەوە ناگەرێین شێوازێکی دیکە بدۆزینەوە بۆ جێبەجێ کردنی، ئێستا دەبێ داکۆکی لەسەر ئەوە بکرێ، نابێ حکومەتی عێراق بواری ئەوەی هەبێت، وەکو کاکە حەمەش گوتی، فیعلەن نابێ وا مەزەندە بکەن ئەوان حکومەتی جاران و ئێمەش موعارەزەی جاران، ئێمە پێکەوە شەریکین، پێکەوە حکومەتمان داناوە لە پرۆتۆکۆڵی نێوان لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی ئیئتیلافیش ئەگەر بکشێتەوە حکومەت سقوت دەکات.

بەنیسبەت پێشمەرگە، بێگومان ئەوە مسەلەیەکی زۆر گرنگە و زۆریش پیرۆزە، پێشمەرگە بە ئەمری هیچ دەوڵەتێك دروست نەبووە، بە برِیاری هیچ کەسێك دروست نەبووە، پێشمەرگە بەخوێن و فرمێسکی میللەتی کورد دروست بووە، هەروەها بە برِیاری کەسیش پێشمەرگە هەڵناوەشێتەوە، بەڵام ئەرکی پێشمەرگە گۆراوە، جاران ئەرکی پێشمەرگە رووخانی رژێمی دیکتاتۆر بوو، ئەگەر ئینشائەڵلا سەرکەوتین لە دامەزراندنی عێراقی فیدراڵی دیموکراتی فەرەحزبی، ئەرکی پێشمەرگە دەبێ پاراستنی ئەو عێراقە بێت. ئینجا چۆن ئەو پەیوەندییە یاساییە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دروست دەکرێ، ئێمە دەتوانین باسی لێوە بکەین کە چۆن ئەو چوارچێوە یاساییە بدۆزینەوە کە ئەو پەیوەندییە هەبێت، بەڵام پێشمەرگە بکەوێتە ژێر دەستی خەڵکی دی و یا خەڵکی دی برِیار لە چارەنووسی پێشمەرگە بدات، ئێمە ئامادەنین لەسەر ئەوە موناقەشە لەگەڵ هیچ کەسێك بکەین.

بەنیسبەت قانونی ئیدارەی دەوڵەت وەختی خۆشی ئەگەر لەبیرتان بێ من لە وتەکەمدا گوتم: ئەمە هەموو ماف ئێمە نییە، هەروەها هەموو ویستەکانی ئێمە جێبەجێ ناکات، بەڵام شتێکی زۆر باشە، هەموو لایەك بەشی خۆی تێدا هەیە، ئێستاش کە من دەڵێم قانوونی بەرێوەبردنی دەوڵەت وەکو هەیە بچێتە ناو دەستوور، نەك مەبەستم ئەوەیە دەسکاری نەکرێ، من لەگەڵ ئەوەم دەسکاری بکرێ بەرەو پەرەپێدان، نەك دەسکاری بکرێ بەرەو پاشەکشێ کردن، ئەگەر برِگەیەك پێویستی بەوە بێت باشتر روون بکرێتەوە، باشتر مافەکانمان دابین بکات، ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە هەموو گەلانی عێراقەوە هەیە، باشتر چارەسەر بکات، ئێمە دەبێ دەسکاری بکەین، بەڵام وەکو ئێستا هەندێك دەڵێن مەسەلەی

دەسـكاری زمـانی کـوردی، بێگومـان زمـانی کـوردی لـە هـەرێمی کوردسـتان زمـانی رەسمییـە، ئێمـە قبـووڵ ناکـەین ئـەو دەسکاریە بکرێ.

مەسەلەی مواردی تەبیعی خۆی ئێمە لە صیغەیەك دەگەڕێین سبەینێ هەرکێ حوکمی بەغدا بکات، ئەگـەر عـەقڵی بـڕی نەتوانێ لە رووی ئابوورییەوە بمانخنکێنێ، ئێمـە دەبـێ لـەم رووەوە وەکو کـورد دەسـتمان کـراوە بـێ، ئینجا چ شـێوازێك دەدۆزرێتەوە لەوانەیە کێشە نەبێ، بەڵام مومکین نییە ئێمە قبووڵ بکەین ئەرزی ئێمە بکەوێتە دەستیان و هـەر سـاتێك بیانەوێ بمانخنکێنن، ئەمە مومکین نییە، لەبەر ئەوە لە دەستووردا دەبـێ ئەمـە زۆر روون بێـت، بـە حەقیقـەت برایـانی ئێمە لە لیژنەی دەستووریدان، کە پێکەوە دەچین یا لەوێ یـەکتر دەگرینـەوە، دەبـێ داڕشـتنەکە زۆر روون بێـت، چ وەکـو ئەوەی لە پرۆژەی ئێمە داهاتووە، یا داڕشتنێکی دی بێت، بەڵام مەبەست ئەوەیـە، کـە ئێمـە نـابێ لـە بارودۆخێـك دابـین ئەگەر کەسێك ویستی لـە بەغـدا بمانخنکێنێ، یـا یـاری بـە بودجـەی هـەرێمی کوردسـتانەوە بکات، نـەتوانێ ئەمـە بکات، ئەوەیە مەبەستی ئێمە.

مەسەلەی دواخستنی دەستوور هەرچەندە ناشبێت، بـەڵام بـە حەقیقـەت تـا رۆژێ دەسـتوور زووتـر دابڕێـژرێت بـۆ ئێمـە باشترە، ئێمە قەتعەن لەگەڵ دواخستنی دەستوور دانین، بەڵام مومکین نییە ئێمە قبـووڵ بکـەین دەسـتوورێك بـێ ئەگـەر مافەکانی ئێمە دابین نەکات، نەبێ باشـترە لـەوەی دەسـتوورێك هـەبێ و هیچـی بـۆ کـورد تێـدا نـەبێ، بـە تەئکیـد ئەگـەر دەستوورێکی وا فەرز کرا ئێمەش راو هەڵوێستی خۆمـان هەیـە، لەرووی قانوونیشـەوە دەتـوانین رەتـی بکەینـەوە، ئەگـەر مافە بنەڕەتیەکانی ئێمەی تێدا نەبێ، مەسـەلەی دیـن و دەوڵـەتم بـاس کـرد، مـن پـێم وایـە ئـەو داڕشـتنەی لـە قـانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت داهاتووە، داڕشتنێکی هاوسەنگەو هـەمووولا پێـی رازیـن، لـەوەزیاتر بەکـەم و زیـاد دەسکاری بکـرێ، رەنگە کێشەی لێ دروست بێ، لەبەر ئەوە ئێمە لاگیری ئەوە دەکەین کە ئەو داڕشتنە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

پرسیار کرا لەسەر ئـەوەی هەڵوێسـتی ئـەمریکا و بـەریتانیا چۆنە، ئـەوان کـورد بـە هاوپـەیمانی خۆیـان دەزانـن و واشـە، ئێمەش ئەوان بە هاوپەیمانی خۆمان دەزانین و سوپاسیشیان دەکـەین. لێـرەدا زۆر جیـاوازە، ئێمـە وەکو کـورد سوپاسـیان دەکەین، چونکە لەرژێمێك رزگاریان کردین کـە ئـەنفالی لـە کوردسـتان کـرد و کوردسـتانی کیمیابـاران کـرد، چوارهەزارو پێنج سەد گوندی ئێمەی وێران کرد. من زۆر لام سەیرە چ لە برا عەرەبـەکانمان یـا لـەدەرەوەی عێـراق وا تەسـەور بکات کورد لە دژی دەوڵەتێك بوەستێ، کە هـاتوو کـوردی لـەو رژێمـە رزگـار کـردووە، کـە ئـەو هـەموو بەڵایـەی بەسـەر کورددا هێناوە، ئەمە شتێکی زۆر سەیرە، بەڵام لەهەمان کاتیشـدا دنیـا بەرژەوەندییـە چ ئـەمریکا و چ بـەریتانیا دۆسـتی کوردنـو دەشزانن ئەمڕۆ کاریگەری کورد لە عێراق چەندە؟ کورد چ رۆڵێك دەبینێ و چ فاکتەرێکی کاریگەرە؟ بەڵام خـەڵکی دیـش لە عێراق هەیە، ئەوان دەیانەوێ ئەوهاوسەنگییە رابگرن، ئێمەش تەفەهومی ئەوە دەکەین و دەبێ تێ بگەین، بـەڵام زۆر بەسەراحەت پێمان گوتوون ئێمە لەگەڵ ئەوەین برا عەرەبەکانمان چ شیعە و چ سوننەهەرچی بۆیـان دەکـرێ و هەرچـی وەری بگرن ئێمە دژیان نین هـەتا لـە سـەلاحیاتی هـەرێم چ موشکیلەیەکمان نییـە لەسـەر ئـەوە، تـەنها پێمـان گوتـوون، ئاخر جاریش پێرێ بوو لەگەڵ خەلیلزاد پێم گوت: من وا دێمە بەغدا کە بەهیچ شێوەیەك لەسەر حسابی کورد گوشار نەکرێ، شتێك ئەوانی تر وەری بگرن، ئەوەی هەقی خۆیان با وەری بگرن وبەسەرچاو پیرۆزیان بێ، بەڵام لەسەر حسابی کورد نابێ، لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانی گفتوگۆمـان لەسـەر دەرامـەتی سروشـتی دەکـرد، گـوتی باشـە ئەگـەر ئێـوە و عـەرەب نەگەیشتنە ئەنجام خۆی کە سکوتلەندییە گوتی بڵێن: نەوتی کوردستان بۆ سکوتلەندا.

بەنسبەت چوونی من دوو مانگە داوام لێ دەکەن کە بچمە بەغدا، دوو مانگە بە نامەو بـە تەلـەفۆن و وەفـد هـاتوون، بـە هەقیقەت ئیشی من نەبووە بچـم داخیلـی ئـەو وردەکاریانـەببم، چـونکە ئێمـە وەفـدمان هەیـە و لیژنـەی دەسـتووریمان هەیە، هەموو مرۆڤی تێکۆشەرن و برادەری خۆمانن، پاشان لیژنەیەکی دی کە بە بڕیاری ئێوە بۆ پشتیوانی کردن لەوان، دیسـان ئـەوانیش هـەمووی مرۆڤـی تێکۆشـەرو شـارەزان، ئیشـی ئەوانـە و خـەڵکی پسـپۆڕی دەوێ، بـەڵام گەیشـتوونە ئەوقۆناغەی کە رەنگە چوونەکە زەروری بێت، چونکە خەتای پێکنـەهاتنی لایەنـەکانی دیـە یـا نەیکەنـە خـەتای کـورد، بەس چوونەکە بەومانایە نەیەت، کە ئەگەر مـن چـوومە بەغـدا نـەرم دەبم، لێـرە نـەرمم لـە بەغـداش نـەرمم، مەسـەلە ئـەوە نییـە، بـەڵام ئەمـە واقیعێکـە و مـافێکی سروشـتی ئێمەیـە، مـن لـە بەغـداش ئـەو بەرگرییـە دەکـەم ولێـرەش ئـەو

بەرگرییە دەكەم, بەڵام من نازانم بۆ وا بە توندی لێك بدرێتەوە, باوەڕ بكەن ئەوەی ئێمەداوای دەكەین هەروەكو پێشتریش قسەم كرد بەنسبەتی ئێمە هەرچی داوای بكەین كەمترە لەوەی مافی ئێمەیە, بەنسبەت خەڵكی دی مومكینە دە جار بڵێ وەڵڵا سەقفی بەرەكانی كورد بەرزكراوەتەوە, لەهەندێك كارمەندی باڵیۆزی ئەملاو ئەو لام بیستوونەتەوە, قسەی تۆزێك بێ ئەدەبیشیان كردبوو, كە كورد وەكو فەرشفرۆشتن دێن شتی زۆر قەبە و گەورە باس دەكەن و پاشان لێی پاشگەز دەبنەوە, بەهەقیقەت ئەمە بۆچوونێكی هەڵەیە, ئێمە خوێنمان داوە, یانی رەوشی كوردستان بە خوێنی كوڕو كچی كوردستان دروست بووە, كەس خێری بە ئێمە نەكردووە, بێگومان سوپاسیان دەكەین بۆ رووخانی رژێمی بەعس, بەڵام پێش رژێمی بەعس برووخێ لە كاتێكدا كە هەموو دنیا پشتی رژێمی بەعسی دەگرت, ئێمە وەكو كورد شەڕی رژێمی بەعسمان دەكرد, راستە شەڕی كوێت بوو, دنیا گۆڕاو هاوسەنگی دنیا لەناوچەكە تێكچوو, بەڵام دیسان ئەگەر رێكوپێكی گەلی كوردستان نەبووایە و هۆشیاری خەڵكی كوردستان نەبووایە وخوێن و فرمێسكی گەلی كوردستان نەبووایە, ئەگەر ئەو واقیعە دروست نەبا وەختێ هاوپەیمانان دەهاتن ئەم وەزعەیان بۆئێمە دروست نەدەكرد, لەبەر ئەوە ئەوەی ئێمە داوامان كردووە, مەسەلە ئەوە نییە ئاستی بەرزو ئاستی نزم نییە, بەڵام ئێمە فەرشفرۆش نین, ئێمە تێكۆشەرین و پێشمەرگەین وهەموو گیانی خۆمان لەسەر مافی گەلی خۆمان داناوە, ئەگەر كەسێك وا بیربكاتەوە بەڕاستی زۆر بەهەڵە تێگەیشتووە, ئێمە ئامادەین سەر لەسەر ئەو مافانە دابنێین نەوەكو بچین مامەڵە بكەین.

مەسەلەی مافی چارەنووس, بێگومان مافێكی سروشتی ئێمەیە, لەسەر ئەوەی ماوە دیاری بكرێ شەش ساڵ و چوار ساڵ و هەشت ساڵ و ئەمانە, من رێزم بۆ رای ئەو لیژنەیە هەیە, بەڵام بەڕاستی ئەگەر لە سبەینێوە پێمان بكرێ, ئێمە چاوەڕێی چوار ساڵ و هەشت ساڵ ناكەین, من پێم وایە دیاریكردنی ماوە رەنگە زۆر لە جێ خۆیدا نەبێ, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بۆئێوە مەتروكە, جگە لەو مەسەلانەی كە پەیوەندی بە ئێمە هەیە وەكو كورد, بەڕاستی ئێمە بەرگری لە مافی گەلی عێراقیش دەكەین, مەسەلەی دیموكراتی, مافی مرۆڤ, مافی ئافرەتان, ئازادی گشتی و تاك, ئەم شتانە هەموویان ئینجا بەرگری لە مافی توركمان و كلدو ئاشووری دەكەین, بەرگری لە ئازادی ئایین و مەزهەب دەكەین, لەكاتی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئێمە پێنج كەس بووین, جەنابی مام جەلال بوو, من بووم, سەلاحەدین و كاك د. محمود و قازی دارا بوو, وەختێ گەیشتە سەر ئەو بڕگەیەی كەپەیوەندی بە مافی توركمان و كلدان و ئاشوورییەوە هەیە, تەنها ئێمە بەرگریمان كرد, ئێمە شەڕمان كرد تا ئەو بڕگەیە چەسپا, نازانم چەندیان بە دڵە, بەڵام ئەگەر ئێمەی كورد نەباین ئەسڵەن كەسیش بە خەیاڵیان دانەدەهات, ئەم هەقیقەتە راستە, یانی برایانی ئێمە چ توركمان چ كلدو ئاشوور لەگەڵ كورد بن زیاتر مافیان پارێزراوە, من پێشم وایە بەشی هەرە زۆریان ئەو راستییەیان لا روون بۆتەوە, واتە هەرچی بۆ كورد دەبێت بۆ ئەوانیش دەبێت.

لە كۆتاییدا من دەمەوێ ئەوەتان عەرز بكەم, هەرچییەكی ببێ ئاخیری هەر دێتەوە ئێرە, هەرچییەكی ببێ ئێمە لە بەغدا دوا بڕیاری لێ نادەین لەبەر ئەوە من لاگیری ئەوە دەكەم كە برادەران ئەو ماوەیە لە نیمچە ئینزارێك بن, هەتا ئەگەر دەوامیش نەكەن, بەڵام پشوودانەكە ئەوە نەبێ هەر یەكێك بچێ بۆ وڵاتێكی دوور و دوورە دەست بن, نێزیك بن, چونكە رەنگە لە ماوی 12 سەعات ئێمە پێویستیمان بەرای ئێوە هەبێ, ناچار بین برادەرێك بنێرینەوە یا بە تەلەفۆن رۆژانە لەگەڵ كاك عدنان سەرۆكی پەرلەمان قسە بكەین, یانی بەردەوام پێویستیمان بەم راوێژە دەبێت.

لەكۆتاییدا دەمەوێ عەرزتان بكەم كە هەڵوێستی ئێمە بەهێزە, ئێمە ناچار نین بچین هیچ مساوەمەیەك بكەین, بەڵام لەهەمان كاتیشدا دەبێ بە ماقولیەوە بەرگری لە دۆزی خۆمان بكەین, یانی نەك بە شێوەیەكی دوور لە واقیع و هەڵوێست, بەڵام ئێمە هەڵوێستێكی بەهێزمان هەیە, چونكە دۆزێكی رەوامان هەیە, هەروەها ئێمە داوای شتێكی ناهەقمان نەكردووە, داوای شتێكی ناڕەوامان نەكردووە, ئەوەی داوامان كردووە داوایەكی رەوایە, لەبەر ئەوە بەرگر ی كردن لە مەسەلەیەكی رەوا خۆشە, لەكۆتاییدا بە دەرفەتی دەزانم داوا لە پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی كوردستان بكەم, بەداخەوە زۆریان وەكو پێویست بە ئەركی خۆیان هەڵناستن و لە بەغدا دەوام ناكەن, بۆیە لێرەوە من ئەو بانگەوازەیان ئاراستە دەكەم, ئەمە بۆ ئێمە وەكو كورد و كوردستان كاتێكی چارەنووسسازە, داوایان لێ دەكەم ئەو ماوەیە هەموویان لە بەغدا دەوامی خۆیان بكەن, چونكە زۆر شت دەگۆڕێ, ئەوەی غائیب بێت بەراستی جەوابگۆی میللەتی

کوردستان بێت و تەحەمولی مەسئولیەتیش دەکات, لەبەر ئەوە داوایـان لێدەکـەم ئەوماوەیـە هـەموویان لـەوێ ئامـادەبن. لەکۆتاییدا سوپاستان دەکەم ئەگەر شتێکم لەبیر چوو بێ تکاتان لێ دەکەم بە بیرم بێننەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی جەنابی کاك مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەو شەرحەی کـە دای, کـە بەراسـتی پـێم وایـە خۆشی بەهەمان شێوە وەکو ئەوانەی کە قسەیان کرد مەسەلە گرنگەکان, مێژووییـەکان لای مەبەسـتە, بـەهیچ شـێوەیەك قبوولٚ ناکات لەوە کەمتر لە دەستووری هەمیشەیی بـۆ گـەلی کوردسـتان دابنـرێ, بۆیـە مـن ئەگـەر ئیجازە بـدەن کۆتـایی قسەکانتان بەگشتی, نەك قسەی تاکە کەسێك, شتێك دەخەمە دەنگەوە وەکو مشروعی بڕیارێك کە ئێمـە پشـتگیری ئـەوە دەکـەین کـە وەفـدێکی بـاڵای کوردسـتان بەسـەرۆکایەتی سـەرۆکی هـەرێم سـەردانی بەغـدا بکـاتن لەگـەڵ ئـەو وەفـدە پەرلەمانیـەی کـە پێشـتر لـەوێ بـوون بـە هـەمان پێکهاتـە, بـۆ ئـەوەی گفتوگـۆ لەگـەڵ لایەنـە پەیوەندیـدارەکان بکـەن چ ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور, چ لایەنە سیاسیەکان, چ لەگـەڵ دەوڵـەتانی تـر وەکو ئـەمریکا و بـەریتانیا, بـۆ ئەوەی نووسینی دەسـتووری هەمیشـەیی بـۆ عێـراق بەشـێوەیەك بێـت کـە گـەلی کوردسـتان و هـەموو پێکهاتـەکانی تـری عێراق پێی رازی بن, و جەخت لەسـەر داواکـانی گـەلی کوردسـتان بکـات کەکـەمتری ئاسـتی ئـەو داواکارییانـەی لـە یاسـای بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عێراقدا هاتووە, لەگەڵ ئەو خاڵە گرنگانەی کە لێـرەدا باسـکرا لـە مـەوزووعی پێشـمەرگەیە, سنوورە, مافی دیموکراتییە, مافی ژنە, ئەمانە هەمووشی لە یاسای کاتیدا هاتووە, بەڵام هەندێ مەسائیل هەیە پێویست بـە تەفصیلات دەکات یان تـازە نەهاتوونـە پێشـەوە, جـەنابی وەفدەکـەش صـەلاحیەتیان هەیـە بـەناوی گـەلی کوردسـتان بـە تەئکید قسە بکەن, بەڵام داواشی لێ دەکەین کۆتـایی نووسـینی ئـەو دەسـتوورە لێـرەدا پاشـی گەڕانـەوەی جـەنابی یـاخود دەینێریتەوە کە بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت, ئەمەش بۆ ئەوەی پشتگیری هەموو گەلی کوردستانی لەگەڵ بێت, ئەوسا بخرێتە جەمعیەی وەتەنی عێراقی و بخرێتە موناقەشە لەناو خەڵکدا و زیاتر داوا لە خەڵك بکەن دەنگی بۆ بدا کە ئێمە رازی بووین, و بە پێچەوانەوە وەکو جەنابیشی ئاماژەی پێکرد, ئەگەر دەستوورێك بێت مافی حەدی ئـەدنای کوردی تێـدا نەبێ, هەم ئێمە وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان قبووڵی ناکـەین و هـەم داوا لـە خـەڵکی کوردسـتان دەکـەم دەنگـی بـۆ نەدەن, هەر بە پێی ئەو یاسا کاتییـەی کـە ئامـاژەم پێکـرد, بۆیـە هـەم چوونی وەفدەکە و هـەم دەسـەڵاتی وەفدەکە بـە سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ وەفدێکی پەرلەمانی کە چووە و بەو شێوەی کە باسمـان کـرد ئـەوەی رازییـە دەسـتی بڵند بکات و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین ئینشائەڵلا, بە تێکڕای دەنـگ وەرگیـرا زۆر سـوپاس بـۆ ئێـوە, خـاڵی دووەم کە لەبەرنامەکەماندا هەیە, فەرموو کاك مسعود.

**بەڕێز مسعود بارزانی/سەرۆکی هەرێم:**

زۆر سوپاسی ئەو خوشك وبرایانە دەکەم بە تایبەتی سەرۆکی پەرلەمان, داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم, دڵنیاش بن هـیچ شتێك بەبێ ئێوە بڕیاری لێ نادەین, سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خـاڵی دووەم وەخـتی نـاوێ, چـونکە تـەنیا دەنگدانێکـە, خۆتـان دەزانـن کـە پـرۆژەی دەسـتوورێك لەلایـەن 36 حزبـی کوردسـتانی لـە کۆتـایی سـاڵی 2002 پەسـند کرابـوو و درا بـە پەرلـەمان وەکـو دەسـتووری هـەرێم, لەپەرلـەمانیش موناقەشەی لەسەر کرا و دەنگیشی بۆ درا, بـەڵام وەکو یاسـا دەرنەچوو, چونکە گۆڕانکاری زۆری بەسـەرداهات و شـەڕی بەسـەرداهات و رژێـم رووخێنـرا, ئینجـا پـاش ویـش مەعلومـە چ گۆڕانکـاری بەسـەرداهاتووە, ئـەو پرۆژەیـە وەکـو خـۆی ناتوانین ئێستاکە نە موناقەشەی بکەین نە وەکو خۆی دەریبێنین, یەکەم ناتوانین موناقەشەی بکەین, چونکە دەنگـی بـۆ دراوە, دووەم نـاتوانین دەریبێـنین چونکە گۆڕانکارییـەکی زۆر روویـداوە کـە پێویسـتە ئیعـادەی نـەزەری لـێ بکرێتـەوە و هەندێك فەقەرە تەعدیل بکرێ و هەندێ فەقەرە لابچێ, بۆ نموونە بەشێك لەو پـرۆژەی دەسـتوورە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمە کە ئێمە بە تەعدیلاتێکی زۆرەوە وەکو یاسا تەشریعیشـمان کـردو دەریشچوو و ئیصداریشـمان کـرد, زۆر رووداو هاتووە رژێم رووخاوە, ئینجا وەزیری ئابووری گۆڕاوە, کۆمەڵایەتی گۆڕاوە, زۆر مەسائیلی تر هاتۆتە پێشـەوە, بـەڵام لـەو لەحزەیە دەسـتی پـێ دەکـەم کـە دەنگـی بـۆ درا ئـەو دەسـتوورە, ئێسـتا داواتـان لـێ دەکـەم لەبـەر رۆشـنایی ئـەو قسـانەی

کەعەرزتانم کرد کە دەنگ بدەن بۆ کردنەوەی گفتوگۆی جارێکی تر لەسەر ئەو پرۆژەیە, دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆژانەی کە بۆ ئێمە هاتووە لە لایەن دکتۆر نوری تاڵەبانییەوە و لەلایەن ئەو پەنجاو نۆ کەسە کە داوایەکیان تەقدیم کردووە کە لیژنەیەك دابنێن بەدواییدابچن, ئەوەش بەرەچاو کردنی چ ئەو مەقالات و نووسین و کتێبانەی کە هەموو دەبێ ئیستیفادەی لێ بکەین, بەڵام پێشەکی دەبێ دەنگ بدەین کە ئەو موناقەشەیە بکرێتەوە, لەبەر ئەوە ئەگەر موافیقن چ کۆسپێکی لەپێشدا نییە دەنگی بۆ بدەن بۆ ئەوەی کاری ئاسایی بۆ بکەین, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس... کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دێنین زۆر سوپاستان دەکەم, ئینشائەڵڵا ئەگەر پێویستی کرد دەعوەتتان دەکەینەوە جارێکی تر....

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكى)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی**

**چوارشەممە رێکەوتی 2005/8/24**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2005/8/24

کاتژمێر (11,45)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2005/8/24 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژارن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی بڕگە یەکی مادده شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, و بەپێی بڕگە یەکی مادده بیستی پەیڕەوەکە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ دانیشتنێکی نائاسایی, بڕیار درا بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە کاتی (11,45)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2005/8/24 دا ساز بدرێت, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

یەکەم: تاووتوێ کردنی پڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی عێراق, کە لەلایەن لیژنەی دەستوورییەوە داڕێژراوە و پێشکەش بە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان, بەناوی گەلی کوردستان ئەم کۆبوونەوە نا ئاسایی یە دەکەین. بەرنامەی کار بە پشت بەستن بە بڕگە (1) مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) هەموارکراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق و بە پێی بڕگە (1) ی مادده (20) ی پەیڕەوی ناوخۆ و لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی – عێراق بۆ دانیشتنی ژمارە (2) ی نائاسایی, بڕیاردرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ڕۆژی چوارشەممە 2005/8/24, کاتژمێری (11,45 ) یانزەو چل و پێنج دەقەی پێشنیوەڕۆ بەم شێوەی خوارەوە بێت.

تاوتوێ کردنی پڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی عێراق, کە لەلایەن لیژنەی دەستوورییەوە داڕێژراوەو پێشکەش بە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق کراوە.

سەرەتا داوای لێبوردن دەکەم کە دواکەوتین, لەبەرئەوەی کە فراکسیۆنەکان پێویستیان بەکۆبوونەوە هەبوو لە بەینی خۆیان دا باسی لێبکەن. پێش ئەوەی دەست بە کۆبوونەوەکە بکەین, لەبەر ئەوەی سکرتێری پەرلەمان لێرە نییە, جاری پێشتریش کاك شێروان بەوەکالەت ئیشەکەی کرد, بەڵام لەبەر ئەوەی کاك فرست دەوامی کرد لە کۆبوونەوەیەك دا, جارێکی تر پێویستە دەنگی بۆ بدەن کە بێت بەئیش و کاری سکرتێر هەڵبستێت, من پێشنیار دەکەم لەبەر ڕۆشنایی هەمان شەرحەکەی کە کردم جاری پێشوو کە متمانە بە کاك شێروان بدەن, کە بێت دابنیشێت وەکو سکرتێری پەرلەمان بە وەکالەت, ئەگەر موافقن دەنگی بۆ بدەن, بۆئەوەی ئیشەکانمان دەست پێ بکەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز :**

بەپێی بڕگەی یەك لەماددەی 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەبوایە دوو ڕۆژ پێشتر ئێمە تەبلیغ بکراباین بۆ بەرنامەی کار .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

بارودۆخەکە نائاساییە و حاجەت و پێویستی و شتی کتوپڕ هەمیشە, ڕاستە دەبوایە دوو ڕۆژ پێشتر بێت, بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو سێ ڕۆژەمان لە پێش بوو دوێنێ ڕۆیشت ئەگەر دوامان خستبایە بۆ سبەینێ دوا دەکەوت, دەمانەوێ سبەینێ وەڵامی پەرلەمانمان لای سەرۆکی شاندی کوردستان بێت, جەنابی کاك مسعود, کە داوای لێ کردین لە پەرلەمان دا بڕیار لەسەر ئەو پڕۆژەیە بدەن کە ئەوان پەسندیان کردووە, بۆیە بەپەلە بوو ئیشەکە, ئەگەر نا دەزانم دەبوایە دوو ڕۆژ لە پێشتر بوایە, سوپاس. ئەم کۆبونەوە نائاساییە دووەم کۆبونەوەی نائاسی پەرلەمانە لە پشووی خۆی دا, دیارە هەم یەکەم

کۆبونەوەو هەم ئەم کۆبونەوەیە گرنگییەکی زۆری هەیە, بۆیە لەکاتی پشوودانی پەرلەمان دا هەردوو کۆبوونەوەمان ئەنجام دا, کۆبونەوەی یەکەممان بۆ ئەوە بوو کە پەرلەمان بریاربدات, جەنابی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ شاندێك بچێت بۆ بەغدا, بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە دانانی دەستوری عێراقی دائیم و, پێشنیارەکانمان لێرە تاوتوێ کردو, لەبەر رۆشنایی ئەو بریارە سەفەری کرد, ئەم کۆبوونەوەیەشمان بۆ ئەنجامی ئەم سەردانەیە کە گەیشتە ئەوەی کە دەستوری عێراق بە تەوافق بریاری لەسەر بدرێت لە لایەن ئەو کەسانەی کە ئەندامن لە لیژنەکە, وشاندەکەش بەشدارییان تێدا کرد, جگە لەوەی کە (10) ئەندامی پەرلەمانیش ئەندام بوون لەو وەفدەو دەورو چالاکی باشیان هەبوو, دەوریان هەبوو لە مناقشە کردن و لەسەرخستنی ئەم پرۆژەیە لەبەر ئەوە کە پرۆژەکە تەواو بوو, تەسلیم بە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق کرا, سێ رۆژی بۆ دانراوە بۆ ئەوەی ئەگەر بێتو لەو سێ رۆژەدا هەندێ لایەن هەیە کە تەحەفوزیان لەسەرخاڵەکان هەیە, با سەریحی عیبارەش بڵێین کە هەندێ لایەن لە عەرەبی سونە تەحەفوزیان لەسەر هەندێ خاڵ هەیە دوو خاڵە یان سێ خاڵە, نە دەکرا دوابخرێت, بۆیە دەبوایە لەوەختی خۆی تقدیم بکرێت بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق و ئەو سێ رۆژەش دابنرێت بەردەوام ئەو گفتوگۆیە بۆ ئەوەی وابکەین کە ئەوانیش پشتگیری لەو پرۆژەیە بکەن, بەڵام تەوافق مانای ئیجماع نییە, ئەوە هەموو کەسێکمان دەزانین تەوافق یەعنی لایەنەکان هەموویان بەشداری تێدا بکەن, خۆش بەختانە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق, ئەوەی کە تەماشا دەکەین و تێی دەگەین پشتگیری لەو پرۆژەیە دەکەن, شاندی کوردیش, جگە لەو وەفدەی کە لێرەوە چوون ئەندامانی لیژنەی هەمیشەیی کە لەوێ بوون لە ئەندامانی لیستی تەحالفی کوردستانی بەشدارییان دەکرد لە بیدایەتەوە, ئەمانیش بەهەمان شێوە بەشدرییان کردووە, جگە لەبەشداری کردنی سەرۆکی کۆمار بۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان, ئەوەی کە کراوە لەو پرۆژەیەدا ناتوانم بڵێم وەڵڵا هەموو ویستەکانی گەلی کوردستانی تێدایە, بەڵام ئەگەر تێگەیشتنمان بە شێوەیەکی مەعقوول و مەوزوعیانە بێت, واتە بۆ ئەوەی کە ئێمە لەوەیە کە ئەم پرۆژەیەمان بە ئەنجام داوە بە رەچاو کردنی ویستەکانی پێکهاتەکانی تری عێراق, عەرەبی شیعە یە, عەرەبی سونە یە, تورکمانە, کلد و ئاشورە, حزبە سیاسیەکانی جیا جیان, ئەوەی کە کراوە بەرەئی من ئێستاش رەئی بۆ ئێوەیە لە کۆتاییدا کە سەرکەوتووە و زۆربەی زۆری ویستەکانی گەلی کورستانی تێدا ئەنجام دراوە وبە روونی بوونەتە چەند خاڵێك و خراونەتە ناو ئەم پرۆژەیە, دیارە ئەم پرۆژەیە بریتی یە لە 39 لاپەڕە, بەشێکی زۆری مەبادئی عامە, کە هیچ خیلافێکی لەسەر نییە, مافی تاکە مافی کۆمەڵە, چۆنیەتی دابەش کردنی دەسەڵاتە, باسکردنە لە دەسەڵاتی یاسادانان ودەسەڵاتی جێ بەجێ کردن ودەسەڵاتی قەزا, باسکردنە لە پەیوەندی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی باسکردنە لە چۆنیەتی دابەش کردنی سەروەت و سامانی سنوری کوردستان کە داواکاریەکی گەورەی ئێمە بوو, بە شێوەیەك هاتووە کە دەکەوینە مونافەسە, کەمن پێم وایە سەرکەوتنێکە, ناتوانم بڵێم هەموو داخوازیەکانی گەلی کوردستانە, بەڵام سەرکەوتنێکە لەمە کەمتر قبوڵ نەبوو, لەوەش زیاتر نەدەکرا, من دوو پێشنیار لەپێشت دا هەیە, جارێ داوای لێبوردن دەکەم کە وەختەکە کەم بوو, نەمان توانی تەرجومەی بکەین بۆ کوردی, دوێنێ شەو سەعات 11 پێمان گەیشتووە, تەرجومە کردنیشی وەختێکی زۆری دەویست, لەبەرئەوە پرۆژەکە بە عەرەبی یە, بەڵام ئەو خاڵانەی کە پێویست بێت بەکوردیش دەیخوێنینەوە, بۆئەوەی ئێوەش و خەڵکەکەش لێی تێبگەن دوایی بەکوردیش بڵاو دەبێتەوە لە رۆژنامەو لە هەموو شوێنەکان, قەناعەتی تەواوم هەیە, کە مەسەلە گەورەکان, مبادئە گرنگەکان کە گەلەکەمان خەباتی بۆ کردووە, چەند ساڵە قوربانیەکی زۆری داوە, ئەمڕۆ بۆتە مادده بەنووسین لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا تۆمار کراوە, ئەم دەست کەوتەش لە نەتیجەی خەباتی دلێری گەلی کوردستانە, لەبەر ئەوە گەلەکەمان دڵنیا بێت لەوەی کە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی خۆی بەم شێوەیە لە دەستوورێکی هەمیشەیی لە وڵاتێکی تازە کە دەمانەوێ پێکی بێنین دیاری بکرێتن, روون بکرێتەوە وە گرنتییەکەش ئەو دەستوورەیە خۆی کە ئەگەر بێتو جێ بەجێ بکرێت جارێکی تر نەهەرەشەی شەڕی لەسەر دەکرێت, نەسیاسەتی رەگەز پەرستی دژی بەکاردێت, نە رژێمی دکتاتۆریش لە بەغدا دروست دەبێ, دیارە ویستێکی تریشمان هەبوو کە ئەویش مافی چارەی خۆ نووسین بوو, ئەو مافە مافێکی سروشتیە هەموو دنیا باوەری پێیەتی وخۆشمان باوەرمان پێیەتی, لەبەر رۆشنایی ئەم مافەش لە ساڵی 1992 پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا ئەو مافە لەم مەرحەلەیەدا گەلی

کورد بەوە تێدەگاتن کە فیدراڵی هەبێت لەگەڵ حکومەتی بەغدا, پەیوەندییەکانی بەشێوەیەکی سیستەمی فیدراڵی بێت مافەکانیشی لەسنووری هەرێمی کوردستان, لەبەر رۆشنایی مێژوویی و جوگرافیمان دیاری بکرێت, ئەو مافە تا ئەمرۆش هەر بەردەوامە, ئەم تێگەیشتنەشمان تا ئەمرۆش هەر بەردەوامە بەدەلیلی ئەوەی شیعاری مەرکەزی ئێمە فیدراڵیەتە بۆ هەموو عێراق و بۆ کوردستانیش, بەڵام تەئکیدیشمان لەوە دەکردەوە کە گەلی کوردستان وەکو هەموو گەلەکانی تر مافی چارەنووسی خۆی هەیە, ئێستاش کە ئەم دەستورە بەم شێوەیە هاتووە بەمانای ئەوە نییە ئێمە تەخەلامان کردووە لەمافی چارەنووس, رەچاوکردنی تەوافوقە گەیشتنە بە ئەنجام لەبەر رۆشنایی زۆر حەقائق هەیە دێینە باس کردنی دووەمنیش خاڵێك هەیە ئاماژەی پێکراوە ئەویش ئەوەیە دەڵێتن مانای وایە عێراق بەشێوەیەکی یەکگرتوو, فیدراڵی دیموکرات بەندە بەوەی هەموومان ئیلتیزام بەو دەستوورە بکەین, واتە ئەگەر لایەنێك ئیلتیزامی پێ نەکرد ئەم دەستوورە باتڵ دەبێت, بۆیە ئەگەر ئەوانەی پابەندن بەو دەستوورە, واتە کوردستانە, بەشەکانی تری عێراقە, عەرەبی سونەیە, عەرەبی شیعەیە, تورکمانە, ئیلتیزام کردنیان بەو دەستوورە, ئەوە عێراق دەپارێزێت, لە وەختێکدا ئیلتیزامیان نەکرد یان خوانەخواستە لە بەغدادا دیکتاتۆریەت دروست بۆوە, ئێمە پابەند نابین بەو دەستوورە, ئەو وەختە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ مناقەشەی بکات و بریاری خۆی بدات, ئاوا دەبێ تێبگەین لە دەستوور, لەبەرئەوەی وەختیش کەمە ناتوانین خاڵ بەخاڵ دیراسەی بکەین ئەگەر پێویستیش نەکاتن بۆیە یەك دوو پێشنیار دەخەمە بەردەمتان یان ئەو خاڵانەی کە پێویستە مناقشەی لەسەر بکەین بزانین لێرە چی هاتووە, ئێوە رەئیتان چی یە لەسەری کە پەیوەندییان بەلیستی گەلی کوردستانەوە هەیە, یاخود ئەگەر بڵێین هەمووی دەخوێنینەوە, ئنجا ئەو چەند خاڵەی کە پەیوەندییان بەو شتانەی کە وتم هەیە باس بکەین. جا ئەگەر ئەوەی کە دەڵێ هەمووی بخوێنرێتەوە پێتان وا باش بێت رەئیەکە دەخەمە دەنگدان و رەئیەکەی تریش دواتر دەخەمە دەنگدان, ئەویش ئەوەیە کە بەتەنیا باسی ئەو خاڵانە بکەین کە مناقشەی لەسەرە, ئیختلاف لەسەرە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە و پەیوەندییان بە گەلی کوردستانەوە هەیە, ئەوەی دەڵێ کە هەمووی بخوێنرێتەوە دەستی بەرز بکات , باشە کەواتە هەمووتان رەئیتان وایە کە پێویست ناکات, کەس رەئی وانییە کە هەمووی بخوێنرێتەوە, من چەند خاڵێکم نووسیوە, لێرە پاش خوێندنەوە کە دوێنێ شەو خوێندوومەتەوە, چەند خاڵێکم نووسیوەتەوە کە گرنگن و تۆماریش کراوە لە دەستوورەکە و, من بەش بەحاڵی خۆم زۆر بەسەرکەوتنی دەزانم و بەو شێوەیە حەدی ئەدنای ویستی گەلی کوردستانی تێدا دابین کراوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە هەم ئێوە, هەم خەڵکی کوردستان پێویستی بەوە هەبێت تۆزێك ئەو جانبە بۆی باس بکرێت و شی بکرێتەوە, لای روون بێت, یەکەمیان فیدرالیەتە, دووەمیان کەرکووك و دیاری کردنی سنوورە, سێیەمیان سەروەتی نەوت و غازە, چوارەم کە ئەوە من خۆم حەز دەکەم شەرحی بکەم کە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە مەسەلەی زمانی کوردییە, پێنجەم بوونی دەوڵەتە, شەشەم پێشمەرگەیە, حەوتەم مافی چارەنووسە, ئەو حەوت نوقتەیە پێم وایە تۆزێ مەجال بدەین هەر نوقتەیەی دە دەقەیەکی لەسەر مناقشە بکەین و, پاشان رەئی لەسەر بدەین, چونکە ئەو حەوت نوقتەیەو ئەگەر نوقتەی تریش هەبێت ئیزافەی بکەین دەیکەین ئەو حەوت نوقتەیە ئەوانی تر هەمووی مبادئی عامن, باسی دەسەڵات دەکات وەکو وتم باس مەبادیئو دیموقراتیەت دەکات, باسی یاسا دەکات, باسی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و دەوڵەت دەکات, کێ نوقتەی تری هەیە کاك نوری

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێکهاتەی پەرلەمانی عێراق پێك هاتووە لە دوو ئەنجومەن ئەنجومەنی یەکەمیان پێی دەڵێن مەجلیسی نییابی لەگەڵ مەجلیسی ئیتیحادی, هەندێ تێبینی تایبەتیم هەیە سەبارەت بە ئەنجومەنی دووەم.

**بەڕێز طلعت محمد تۆفیق صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ, سەرۆك یەکسانی نێوان نەتەوەکانی عێراق لە حقووق واجیباتیش یەعنی موساوات, ئەوەی جەنابت خوێندییەوە, ئەو شتانەی تێدا نەبوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو شتانەم خوێندەوە, كە تەصەورم وایە خەڵك حەز بكات قسەی لەسەر بكات یاخود تێینەگەیشتوە, لە ماددەكە یاخود بۆچوونێكی هەیە, بەڵام ئەوانەی خیلافی نییە مەسائیلی عامن, مبادئی عـامن, بـەدڵی هـەموو لایەكمانانـە, ئەگـەر باسـی بكەین چ خیلافمان نابێت, ئەوانەم نەنووسییە, فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو كردنەوەی مەكاتب لە دەرەوەی وڵات لە وڵاتەكە دایەو, گۆڕینی ناوی پێشمەرگەش پێم باشە ئەوەش باس بكرێت.

**بەڕێز سەردارصباح بوزو هەركی:**

12 و 108 تختص السلطات الاتحادیـة و الاختصاصات الحسـریة الطائفیـة وە هەنـدێ سـلطات مشـترەكە بـەینی سـلطات ئیتیحادي و اقلیم ئەوەش ئەگەر ئیزافە كرابا, چونكە هیچی نەهێشتۆتەوە

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

زۆر سوپاس, فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان نوری شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەعقول نییە دەستورێك پەیوەندی هـەبێت بـە سـەر ژیـانی میللەتەكەمانـەوە, لـەمودەی سـەعاتێك پـێش كۆبوونەوەكە وەربیگـرین و فریاكـەوین بیخوێنینـەوەو خاڵـەكان سـەرنج و تێبـینی مـان لەسـەری هـەبێ, مـن بـڕوام وایـە ئەگـەر ئـەم دانیشتنە دوابكەوێ بۆ سەعات چواری ئێوارە لەو فرسەتەدا ئێمە بتوانین جوان بیخوێنینـەوەو بـزانین تێبـینی یـەكانمان چی یە باشتر نییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فەرموو كاك د. فوئاد.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەندێ تێبینـم هەیـە لەسـەر مـاددەی دوو كـە باسـی ئیسلام و دیموقراتیـەت دەكات, لەسـەر مـاددەی سـێ كـە باسـی پێكهاتەی عێراق دەكات, لەسەر هەندێ دەسەڵاتی ئەقالیم, باسـی دەسـەڵاتی ئیمزاكردنـی پـەیمان نامـە نـەكراوە بـە هـیچ جۆرێك ئەمە, لە دەسەڵاتی ئیقلیمە كە كاتی خۆی ئێمە باسی ئەوەمان كرد كە سەرۆكی هـەرێم ئـەو دەسـەڵاتەی هـەبێ, سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەجالمان هەبێ نوقتەیەكی تر ئیزافە بكرێ لەگەڵ ئـەم خاڵانـەی كـە جـەنابت ئامـاژەی پـێ كـرد, ئـەویش لەسـەر مەحكەمەی ئیتیحادی عولیا, ئەگەر بكرێ باسی لێ بكەین شتێكی باشە. سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فەرموو گەلاوێژ خان

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشـێوەیەكی گشـتی لـە دیباجەكـەی دەسـتور, لەهەنـدێ شـوێن هـاتووە (العراقـي و العراقیـة) لەهەنـدێ شـوێن تـەنها مستەلەحی عێراق بە كارهێنراوە, یەعنی دیارە لێرە جیاوازی هەیە لە نێوان ئافرەت و پیاو, ئـەوە یـەك, دووەمـین خـاڵ ماددەی (135)ـە بە نسبەت ئێمـە یـەعنی الكلدان والاشورین جـودا كراونەتـەوە, وەك مـن مـەعلوماتم هەیـە مسوەدەك

پێشكەش كراوە لە مسودەدەكەدا (الكلدو والاشور)يينە ئێمە لەگەڵ وەحدەيينـە ئەگـەر الكلـدان والاشـورين والسـريان بێـت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە جەلسەی پێشوومان لەسەر كۆمەڵێ خاڵ لەگەڵ سەرۆكی هـەرێم قسـەمان كـرد, كـە مەسـەلە چارەنووسسازەكان, مەسەلەی كورد و ئەوانەوە, چونكە ئەوانە ئەساسن, چونكە زۆر موناقەشەی دەوێ و هیچ لە مەسەلەكان ناگۆڕن, چونكە مسودەدكە تەقدیم كراوە, ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فەرموو كاك عزالدین.

**بەڕێز عزالدين سليم باقەسرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم هەندێ خاڵ هەن گفتوگۆ لەسەر كردون وە دوو سێ خـاڵ لەبـەر چاو هەینـە نـە هـەموو, ئەگـەر ئێمـە بكەوینـە تفاصیل قابلە بگۆڕێ لێرە تەسلیح بكەن و دروست بكەن, با ئەم بە تفاصیلە بئاخافتین ئەگەریش نا هەندێ وان خـاڵان كە گفتوگۆ لەسەر هەی كە قابیلێ تغیری هەی شتەكە بۆمان بێژن كـە چ تفاصیلەكە, ئێمـە دوو سـەعات بێینـە ئاخـافتن لەسەر ماددەیەك و ئەویش نەیەتە تغیر كردن بۆ چی یە؟ سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی دوو پێشنیار, دوو رەئی یەكێكیان وتی دوابخرێ بۆ سەعات چوار جەنابیشت دەڵێ ئەگەر تـەواوبووە, بۆچـی بكـەین خۆی هەموو شتێك دەبێ بگاتە ئەنجام, ئێمـە وەفـدێكمان ناردۆتـە بەغـدا, دە ئەنـدامی پەرلـەمانی تێدایـە, جگـە لـەوەی مەسئوولی قیـاداتی سیاسیشـی تێدایـە هـەر لـە سـەرۆكی كۆمـارەوە تـا سـەرۆكی هـەرێم تـا ئەنـدامانی مەكتـەبی سیاسـی هـەردوو لا تـا مەسـئول حزبـەكانی تـری كوردسـتان, یـەكگرتوو, حزبـی شـیوعی ئەنـدامانی كۆمـەڵ ئـی شۆسیالسـت ئەندامانیان لە بەغدا هەمووی تێدایە توركمان وكلدو ئاشور, ئەمانە هەموو ئەندامی پەرلەمانن یان ئی خۆمـان یـان ئـی ئەوانن, وەختێ دەچن شتێ تەواو دەكەن, ئێمە سیقەمان داونەتێ, سەقفمان بۆ داناون تا مەتاڵیبـەكانمان بـۆ جـێ بـەجێ بكەن, ناكرێت هەموو جارێ بێینەوەو, بچینەوە, یەك بەیەك ئەوەتان وا كردو, ئەوەتان واكرد, ئـەوە ناكرێـت وەها ئـەی ئەوان بۆچی لەوێن ئەو متمانەیە چییە بەوانمان دا؟ هەریەكەی لەئێوەش كە ئیزافە بكرابان كـە گوتمـان تەوافقـە لەمـە باشتر نەدەبوو, بەڵام لە عەینی كاتیش دا پەرلـەمان مەرجەعیـەتی گـەلی كوردسـتانە, دەبـێ پەرلـەمان موافەقـەت بكـات ئەوان داویانە, بەڵام ئەو قوەتە قانونیە, قوەتە مەعنەویە نادات كە گەلی كوردستان بە تێكڕای دەنگەوە, پشـتگیری لـەو پرۆژەیە دەكەن یان نا, ئەگەر پێمان خراپە پێیان دەڵێین پێمان خراپە, بەڵام بۆیە باسی دەكەین بەعام كـە پێمـان بـاش بێت, من بەش بە حاڵی خۆم زۆر پێم باشە, حەقی خۆمانە لێرە تـاوتوێی لەسـەر بكـەین, ئەگـەر بۆمـان بكرێـت وەخـت هەبا سێ ڕۆژمان بۆ دادەنا, جارێكی تـریش دادەنیشـینەوە, خـۆ كۆمەڵـەی نیشـتمانیی عێـراق دەبـوو عـەینی قسـە بكـات, پرۆژەكە دراوەتە وان, دەبێ بڵێت وەڵا ئێمە مناقشەی ناكەین, ئـەوانیش مناقشـەی دەكـەن پـاش ئـەوەی كـە سـێ ڕۆژەكـە تەواو دەبێت, بەند بەبەند گفتوگۆی لەسەر دەكەن و دەوڵەمەندی دەكەن, برادەرانمان لەوێنـدەر 77 ئەنـدامی كوردسـتان هەیـە لـە كۆمەڵـەی نیشـتمانیی عێراقـی, هـەموو ئـەو پێكهاتانـەی لێـرە هـەن لەوێنـدەر ئەنـدامیان هەیـە لـە بەغـدا و مناقەشەی ئەوەدەكەن, هەر خاڵێك پێویستی بە تعـدیل هـەبێت پـێش ئـەوەی داوا بكـەن لـە خـەڵك دەنگـی بـۆ بـدەن لـە رووی زمانەوانییەوە لە رووی قانونی یەوە مبادئەكان ناتوانن بگۆڕن, بەڵام دەوڵەمەندی دەكەن, بە قوەتی دەكـەن, ئێمـە دەورمان وایە, بەڵام ناتوانین دابنیشین وەكو وتمان فلان چواركەسمان تەرخان كرد, وتمان بـڕۆن ئەو ئیشە بكـەن بـەناوی ئێمەوە, ڕۆیشـتن, بـەڵام كـە تـەواویان كـرد شـتێكی تـەبیعی یـە دێـین لێـرە دەی خوێنینـەوە, پەسـندمان كـرد, پەسـندی دەكەین, پەسندمان نەكرد, پێی دەڵێین خراپە, ئەگەر پێمان خراپ بێت,ن بەڵام دەبێ تێبیگەین هەندێ كەس ئەگەر بـە

قرائەی یەکەم بیخوێنتەوەو بەراوردی بکات لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی کە ئێمە دابوومان کە ئەوەی تێدا نییە , بۆیە ئەو کۆبوونەوەیە دەکەین بۆئەوەی شەرحی بکەین, یەکەم ئەو قانونەی کە پێویستی بەشەرح بێت, دووەم ئەوە روون بکەینەوە کە ئەمە تەوافوقە, ئەگەر تەماشای پرۆژەی لایەنەکانی ترتان کردبێت, هەریەکە پرۆژەی خۆی هەبوو, ئیئتیلافی موحد پرۆژەی خۆی هەبوو, سونەی عەرەب ئارائیان هەبوو, دێینەوە موناقەشە, ئەگەر ویستان ئێمەش پرۆژەمان هەبوو, من پێم وایە ئەوەی تحالفی کوردستانی زیاتر توانیویەتی ئەو خاڵانەی کە ویستی بەشی کوردستانی عێراقە بخاتە ناو دەستوورەوە لەوانی تر, بەڵام ناکرێت هەموو داواکاریەکانمان ئیلا دەبێ بخەینە ئەوە, ئەوە نابێتە تەوافق ئەوە دەبێتە فەرز کردن, با دوو خاڵ باس بکەین پێش ئەوەی بکەوینە مناقەشە, ئێمە باسی سنووری کوردستان دەکەین, سنووری کوردستان لای ئێمە دیارە هیچ کوردێك نییە بڵێی سنووری کوردستان کوێ یە, دەڵێ لە هەولێرەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ئەو شوێنانەی لەسەر سنوورن دیاری کراوە, لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی مێژوو, لەبەر رۆشنایی جوگرافیا, لەبەر رۆشنایی ویستی خەڵکەکەش, بەڵام ناکرێت ئێمە ئەوە بکەین, پێمان فەرز ناکرێت, کە وتمان تەوافق ئەگەر مەسەلەی تریش رەچاو نەکەین, مەسەلەکانی تر چی یە قانونی ئیدراەی مەوقەت هەیە کە ئەو مەوزوعە تیایدا بە دوو خاڵ تیایدا باس کراوە و ئیمزا کراوە لە لایەن بەڕێزی مام جلال و بەڕێز کاك مەسعود, کە نوێنەری کورد بوون لە مەجلیس حکم دا, واتە ئێمە پابەندین بەوەو قبوڵیشمان کردووە, بەڵێ پێنج کەس بوون هەموویان ئیمزایان کردووە, بەڵام بۆیە ناوی ئەو دووەم هێنا چونکە ئەوان سەرۆکی مەجلیسی حکمیش بوون لەفەتەراتی موختەلیف دا, کەواتە ئەو پێکهاتەی کە لەوێ ئیمزایان کردووە, تەمسیلی ئەوانە دەکەن کە لێرە دانیشتوون و ئێمەش هیچ کەسێکمان نەمان وتوە, ئەو قانونە مەرفوزە لای ئێمە, بەرای مە مەقبول بووە, بە دەلیلی ئەوەش وتوومانە دەستووری داهاتوو دەبێ قانونی ئیدارەی دەوڵەت ئەساس بێت لەنووسینی دەستووری داهاتوو, دوو خاڵی تێدایە یەکێکیان ئەوەیە تەبعەن کەرکووکە کە بەکوردستانی نەزانین و بەبەشێك لە کوردستانی دەزانین, بەڵام واقیعێکی هەیە تەعریب کراوە, خەڵکەکەی تیادا تەهجیر کراوە, ئەم واقعە ئەگەر نەگۆڕین کەرکووك چۆن دەگەڕێتەوە سەر کوردستان, ناگەڕێتەوە, عەرەبی هاوردە نیسبەتێکی گەورەن لە کەرکووك, ئەگەر نەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان کەروکووك نابێتە شارێکی زۆرینەی کورد و تورکمان, بۆیە ماددەی 58ی کە معالجەی کردووە چۆن ئاسەواری تەعریب لا بچێتن, ئی خاڵ یەك ودوو وسێ وچوار وپێنج خاڵی دووەمیش بەشێك لە سنووری کوردستان کە ئێمە داخوازیمان هەیە بگەرێتەوە, هەندێ بگەڕێتەوە سەر کەرکووك وەکو کەلارو چەمچەماڵ و توزخورمات و و کفری هەندێ شوێن دێتەوە سەر وێش, وەکو سنجار وشوێنی تریش, مەخموریش بۆ هەولێر خاڵێك هەیە خاڵی 53 یە وابزانم دەڵێتن سنووری ئیدارە ناگۆڕێ تا دەستوور دانەنرێت, کەواتە ئەو داواکاریەی مە کە دەڵێین سنووری کوردستان دیاری بکرێت روو بەرووی ئەوە دەبێتەوە مناقەشەی دەکەین ئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە هەردوو ماددە زۆر بە روونی دەبێتە بەشێك لە دەستووری عێراق, من پێم وایە گەورەترین سەرکەوتنە بۆ گەلی کوردستان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووك, کە ئەوە بە دوو ماددە داخل بووە لە دەستوور, یەکێکیان ماددەکەی تیا داخل کردووە و سەقفێکی زەمەنی بۆ داناوە دەڵێ نابێت چارەسەرکردنی جێ بەجێ کردنی ماددەی 58 , چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پاشی یەعنی دوای ماوەی 2007/12/31 ە بەسەر ژمێری راپرسینەوە, یەعنی لەو ماوەیەدا دەبێ ئاسەواری تەعریب نەمێنێ, واتە کوردەکان بگەڕێنەوە, تورکمانەکان بگەڕێنەوە, عەرەبە هاوردەکان بگەڕێنەوە, بەو پێ یەی کە قانون بۆی داناون لە هەمان کاتیشدا دەبێ عارەبە هاوردەکان بچنەوە, ئنجا مەرحەلەی دووەمی چی یە, ئەو وەحداتی ئیداریە بگەڕێنەوە سەر کەرکووك هەمووی پێکەوەنە, خاڵێکی تر هەیە دەڵێ قانونی تاڵ ئیلغا دەکرێت لەو دەستورەدا وا نووسراوە کار بە قانونی تاڵ ناکرێت, تەنیا ماددەی 58 و 53 نەبێت یەعنی دوو جار, جارێکیان ئیلتزامی کردووە ماددەی 58ی خستۆتە ناو دەستوورەوە, جارێکی تریشیان کە قانونەکەی تری ئیلغا کردووە, دەڵێ بە استسنای ماددە 58 کەواتە یەعنی لەو مەرحەلەیەدا دان نانە بەسنوور, بەڵام من پێم وایە ئەوە سنووری کوردستانە, ئەو ماددەیە جێ بەجێکردنی سنووری کوردستان دیاری دەکات سنجار خەڵکەکە دەبێ رای بپرسن, زەلامێك هەڵدەستێتت دەڵێ ئێمە خۆمان بە نەتەوەیەکی تر ئەزانین, هەر لەبەر ئەوەی دینمان جیاوازە, باشە ئەکسەریەت بەرەئی من لە سەدا نەوەتو پێنجی خەڵکی سنجار لێیان

بپرسی دەڵێ من کوردم, بەڵام دوو زەلام ئەندامێکیان نازانم بە چ ناوێك چووتە ناو پەرلەمانی عێراقەوە, هەڵدەستێ دەڵێ ئێمە خۆمان بە کورد نازانین, پێویست دەکات بە ڕێگایەکی قانونی بیکەین, لە لایەکەوە ئەو وادەڵێ, لە لایەکەوە سنووری سنجارمان پێنایەتە سەر موسڵ ئیلا پاشی نووسینی دەستوور نەبێت, کەواتە سنوو ر ئێستا تەحدید ناکرێت بۆمان, بەڵام لەلای خۆمانەوە ئەوە موشکیلەیەك نی یە, هەر هاووڵاتیەك لێی بپرسە سنووری کوردستان چی یە بۆت تەحدید دەکات, مەسەلەی مافی چارەی خۆ نووسسین وەکو بۆم باس کردن, ئەوە بەو شکلەیە, بەڵام ئێمە وای تێئەگەین, ئێستاش مافی چارەی خۆنووسینی تێدایە ئەو پرۆژەیە بەچی وەختەکە دەڵێ مانەوەی عێراق بە موەحەدی بەو شێوەیەی کە هەیە بەندە بەوەی کە ئیلیتزام بەو دەستورە بکەن, واتە ئەگەر ئیلیتزامی پێوە نەکەن ئەو عێراقە دروست نابێت, ئەو وەختی هەر لایەك بریاری خۆی دەدا, پەرلەمانی کوردستانیش دێت تەماشا دەکات دەڵێ ماددەی 58 جێ بەجێ نەکراوە, یاخود بەغداد بووە بە دکتاتۆریەت, پەرلەمانی عێراق دێ دەڵێ ئەو عێراقە نەبووە کە ئێمە داوامان کردووە, ئەو وەختی حەقی خۆمانە بریاری ئایندەی خۆمان بدەین, لێرە بریاری ئاییندەی خۆمان مەخسەدم ئەوەیە تێبگەین لەبەر رۆشنایی واقیعیەت, دێینەوە سەر خاڵەکان چونکو پێم وانییە ئەگەر بیخەینە دوای نیوەڕۆ شتێکی ئاوا بێتن, ئەگەر حەز دەکەن بیخەینە دەنگ دانەوە, کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئێمە مناقشەی دەستور ئەکەین دەستووریش بەراستی هەموو خاڵەکانی بەیەکەوە لێك گرێدراوەو لەیەکتر جودا ناکرێتەوە منیش بەلامەوە شتێکی خراپ نییە ئەگەر لەدوای ئەم خاڵە تایبەتیانە کە ئێمە تاوتوێ دەکەین گرنگیش بدەین بە هەندی لایەنی پشتگیر لە دەستورەکە, مەجالی ئەوەش بدرێت هەندێك لاین راست بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڤئاخر کۆبوونەوەی پەرلەمانێ هەروەکی جەنابێ تە و برای بەڕێز ئیشارە پێ کری, بێگومان خربوونەوەکە گرنگە لە مێژوویا میللەتی کورد تایبەت و عێراقێ بە گشتی, مە هیچ گومانێك لە سەرکردایەتیا سیاسیا کوردی نییە, لە هەموو لایەنی سیاسیت وێڤە کە دڤێ شەرێ دانوستاندنا یاسایێدا لە بەغدا ئەوە پێویست بێ, ئەوە پێویست بێ لدەستێ واهاتەی وێ ئەنجام, لێرە بوڤێ رۆیشتنا مە کونوکە رۆیشتینە چەند پرسیارەك دەهێننە کرن, یان برایێت بەڕێز و میللەتی کوردیش لەسەر هەندێك شتا دێ رادەوەستێت هەم دهو بێژی, دەبێن ئایا پەرلەمانا مە, پەرلەمانا کوردستانێ لەسەر ڤێ یاسایا یان دەستوورا گەل بەغدا هاتێ و دونێ و پێرێ لەلایەن سەرۆکێ هەرێمێ ڤە هاتیا ئیمزا کرن و هەناردی بۆ پەرلەمانا کوردستانێ کە پەرلەمان رایا خۆ لەسەر بدا, ئایا پەرلەمانێ مە مافێ مە گۆتنێ هەیە بۆ ڤێ دەستوورێ یان نا؟ یانی ئەم پێ هەستین بێژین نە ئەمە دەستوورە, نەدەستوورەکا کە تەواوی ماف و داخازێت میللەتی کورد بەجێ بینێ, ئایا نوکە و تەواو دانوستاندنێ عێراقێدا هەی لەسەر مەسەلێ, ئایا ئەم گوتن بەراستی بێژین ئەڤێ دەستوورێ مە یان بەلێ مە ئەو ماف هەیە, پرسیارا دی وی گرنگ کە بەرەئیا مە ئەمرۆ هەلۆیستێ میللەتی کورد و مەوقعیەتا میللەتی کورد, عێراقا نوێیا پاش صەدامێ دا مەوقعێکی بەهێزە, ئەگەر من زۆر نەچووبم دپێ هەستم بێژم تەنها لایەنی بەهێز ئەمرۆ لە عێراقێدا بزاڤا کوردیە یان لایەنی کوردیە, ئەڤێ چ بۆمان تێدا نییە, ئەگەر لایەنێکی بەهێز بێت هیچ گومانێك تێدا نییە دپێ هەستێ, رەئیەت و بۆچوونێت خۆ لەسەر مێزا گفتوگۆ یا باشتر دێتە ناساندن, بەلێ لێرە پرسیار ئەڤەیە لە هیچ گەلێ و لایەنی سیاسیێت عێراقی کە بێژین عەرەب هەر بۆ بالێت خۆ سونی و شیعە ڤە, ئایا چ زەغەتا خارجی دەرەڤەیی کە بزانین ئەمرۆ ویا عێراقیا بەرەو سەرەوریەکی بچی, یان بەرەڤ دەوڵەتەکا سەربەخۆ دەچی, بەلێ هیچ گومانێك تێدا نییە ڤە عێراقا یان دەسەلاتەکا لە عێراقێ مەزن دا, یان دەوڵەتێت مەزنتر ئەمرۆ تەسەروفێ وێ عێراقێ دکات, ئایا نسبەت مافێ کورد لڤێ عێراقا نوێدا ئەڤە دەوڵەتا چ زەغەت لەسەر ڤیادا سیاسیا کورد کریە یەك لڤێ هەندێ رازی بێت, ئەڤە کە نوکە هاتیە بەردەستێ مە و براو پەرلەمانتارێ بەڕێز دێ باس

لەسەر كرن, ئەگەر ڤە هەیە باسەكی جودایە و ئـەمیش لـە دوای وەزعـەكی دی یـان پێنگاڤێـت خـۆ بـاوێین, چـونكی مـە بڕیارەكا لەگـەڵ پەرلـەمانێ هـەی ڤـە بڕیـارەش پـێش جـەنابی سـەرۆكا بچـێ بەغـدا لـە پەرلـەمانێ هاتیـا دان, دبێـژی پەرلەمان فیلتەرێكە بۆ هەر بڕیارەكا كە لەسەر دەستوورا عێراقێ نسبەت بۆ كوردستانێ تێدا دان, ئایا ڤە فلتەرە بێ پـێ هەستێ ئەوە تووشی كێشایێ لڤێ دەستووردا هەی نسبەتا كوردستانێ پاشەكشێ بكات و پاشێ بگاتە بەغدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من موناقەشە دەكەم و دوایی جوابت دەدەمەوە, ئەو نوقاتانەی كەباسمان كرد چ برادەرێك دەیەوێ لەسەر چ خاڵێك قسە بكـات, خاڵـەكان جـارێكی تـر دەڵێمـەوە, دواتـر ناوەكـان دەنووسـم, بـەڵام سـەقفێكیش دابنـێن, خاڵـەكان فیدراڵیەتـە, كەركووكە, سەروەت و نـەوت و غازە, دین و دەوڵەتە, زمانی كوردیـە, پێشمەرگەیە, مـاڤ چـارەی خۆنووسـینە, پێكهاتـەی پەرلـــەمانی عێراقـــە, كردنـــەوەی مـــەكاتیبی هـــەرێم لەســـەفارەتەكانی دەرەوە, دەســـەڵاتی حكومـــەتی ئیتیحـــادی و حكومەتەكانی ئیقلیمە, مەحكەمـەی ئیتیحادیـە, دەسـەڵاتی سـەرۆكی هەرێمـە, كلدان و ئاشـوورە, ئـەوەی ویسـتی لەسـەر دیباجەكەش قسە بكات.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمێكە دەستم بڵند دەكەم, بەڵام جەنابت تەنیا سەیری ئەوبـەر دەكـەی, مـن یـەك نوقتـەی نیـزامم هەیـە و ئەگـەر ئیجازەم بدەیێ مولاحەزەیەكیش بدەم, جەنابت باسی ئەو نوقتانە دەكەیت كە پێشـمەرگە و فیـدراڵی و سـنوور وئەوانـە, بەڵام بەڕاستی حەقیقەتێك هەیە ئێمە هەمووومان نەخوێندۆتەوە, ئێستا نـازانین كـە پێشـمەرگە لـە كـام مـاددە هـاتووە, سنوور لەكام ماددە باسی لێوە دەكات, و فیدراڵی لەكام ماددە, یانی ئەگەر بكرێ پێمان بڵـێ لـە بـۆی بچـین و بگەڕێینـەوە بـۆی و تەماشـای بكـەین و بیخوێنینـەوە, جگـە لـەوەش ئەگـەر بكـرێ مـن پشـتگیری لـە بـەڕێزان دەكـەم سـەرەڕای ئـەو نوقاتانەی كەجەنابت تەحدیدی دەكەی, هەندێ نوقات هەیە ئێمە قسـەمان هەیـە لەسـەری, دەكـرێ دوای ئـەوە ئێمـەش موناقەشەی ئەو نوقاتانە بكەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێتان باشە ئەو خاڵانەی كە پێویست دەكات تۆزێك باسی بكەن, ئێمە باسی فیدراڵیەتمان كرد كە بەناوی ئیتیحـاد هاتووە, كەركووكیشمان باس كرد, پێشمەرگە بەو شێوەیە هاتووە, تەبیعی كەئێمـە داوامـان لێكـرد پێشـمەرگە لـە هـەرێم بمێنێتەوە, سەروەتێكە بۆ گەلی كوردستان, تـاریخێكی هەیـە, قوربانییـەكی زۆری داوە, جێگـای سـەربەرزی هـەموو گـەلی كوردستانە, دەبێ بمێنێتەوە, لێرەدا بە شێوەیەك هاتووە من پـێم وایـە جێگـای قـەبووڵ كردنـە, بـەڵام لەسەداسـەد وەكـو داواكـاری ئێمـە نییـە, ناوەكـەی نەنووسـیوە, چـونكە لـە حەقیقەتـدا ئـەو وەختـە دەبـووە دەرگایـەك بـۆ ئـەوەی نـاوی میلیشیاتی تریش بنووسرێ, ئـەحزابی تـریش میلیشـیاتیان هەیـە, ئـەوانیش بەهـەمان شـێوە رەنگـە ئیعتیزازیشـی پێـوە بكەن, دەیانگوت ئی ئێمەش تێبكەن, بەڵام هی هەرێم بەو شێوەیە هاتووە, دەڵێ هەرێم بۆی هەیە پۆلیسی خـۆی هـەبێ, ئاسایشی خۆی هەبێ, حەرەسی خۆی هەبێ, وشـەی حەرەسـی خـۆی هـەبێ لـە موناقەشـەش لەگەڵیانـدا باسـمان كـردووە, یانی پێشمەرگە, ئینجا ئەو وشەیەی حەرەسە ئێمە لێرە قانوونی بۆ دادەنێین لە پەرلەمان, دەسـەڵاتی خۆمانـە قـانوونی بۆ دابنێین و تەنزیمی دەكەین, ئیشەكەشی بۆ دادەنێین كە دیفاع كردنە لە هەرێمی كوردستان, دەڵـێ حكومـەتی هـەرێم بەو كـارە هەڵدەسـتێت كەئیـدارەی ئیقلـیم پێویسـتیەتی, بەتایبـەتی دامەزرانـدن و ڕێكخسـتنی هێـزی ئاسایشـی نـاوخۆ و پۆلیس و ئەمن و حەرەسی هەرێم, ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگرێتەوە  كـە پێشـمەرگە دەمێنێتـەوە بـەناوی حـەرەس, بەڵام حەرەسی هەرێم كەواتە دەكاتە پێشمەرگە, ئەوە لە موناقەشە كردندا سەلماندویانە و قەبووڵیشـیان كـردووە, بـەڵام ناوەكەیان نەنووسیوە لەبەر ئەو هۆیانەی كەباسم كرد.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دیارە زۆر پەرۆشی ناوەڕۆكی دەستوورەكەین, بەڵام ئەگەر برادەران بگەنە سـوڵتاتی ئیقلـیم زۆر دەسـكەوتی تێدایـە باشە بۆ ئێمە, برادەران بچن ئەو بەشە بخوێننەوە بۆ ئێمە زۆر بەسوودە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاست دەکەم, تەبعەن ئەوانەی زۆر سەرکەوتنە, زۆر گەورەیە, بۆ یەکەم جارە لەدەستوور دەنووسرێ زۆرن, جارێ ئەگەر تەماشای زمان بکەن چۆن موعارەزەی زمان کراوە, با هەر ئەوەتان بۆ بخوێنمەوە, ماددەی سێ دەڵێ عێراق فرە نەتەوەیە, فرە دینە و مەزهەبە, بەشێکە لە دونیای ئیسلام, میللەتی عەرەب لە عێراقدا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب, ئەمەش داخوازیەکە لەساڵی حەفتاوە ئێمە ململانێمان هەیە, لە پاش ئیتیفاقیەی حەفتا دەڵێم یەکێك بوو لە موشکیلەکانمان لە نێوان حەرەکەی کوردی و حکوماتی مەرکەزی قبووڵمان نەبوو عێراق بەشێك بێت لە ئومەی عەرەبی, پاشی 35 ساڵ ئەمڕۆ بۆتە ماددەیەك لە دەستووردا, ئینجا ماددەی چوار چ دەڵێ زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی رەسمین لە عێراقدا, حەقی هەموو عێراقییەکانیش هەیە بە زمانی دایك وەکو تورکمانی و سریانی لە موئەسەساتی خوێندنی حکومەت بە پێی ئەو زەوابتە پەروەردەییانە, یان بە هەر زمانێکی تر بە کاربێنن, جەریدەی رەسمی بە هەردوو زمان دەردەچێت, قسە کردن, تەعبیر کردن لە رەئیی, لە مەجالاتی رەسمی وەکو کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق, وەکو مەجلیسی وەزەرا, وەکو مەحاکیم, موئتەمەراتی رەسمی بە هەردوو زمان دەبێت, ئەمە گەورەترین سەرکەوتنە, یەعنی لە پەرلەمانی عێراقدا, لە مەجلیس وزەرای عێراقدا یەکێك هەبوو, ویستی مەسەلەن بە کوردی قسان بکات, دەبێت موتەرجیمی هەبێت, بۆ ئەوەی بە عەرەبی تەرجومەی بکات, کردنەوە مەکتەب بە هەردوو زمان دەبێت, هەر بابەتێکی تر, وەکو پارە دەبێت بە زمانی کوردی وعەرەبی بێت, پاسەپۆرت دەبێت بە کوردی وعەرەبی بێت, پولی بەریدی بە زمانی کوردی وعەرەبی بێت, لە کوردستاندا, موئەسەساتی هەرێم هەردوو زمان بەکار دەهێنن, زمانی تورکمانی و سریانی هەردووکیان رەسمین لەو شوێنانەی کە تێیادا دەژین, هەر هەرێمێك یان پارێزگایەك بۆی هەیە, زمانی مەحەلی خۆی بەکار بهێنیت, ئەگەر زۆرینەی ئەو داواکاریانەی هەبێت, ئیستفتای لەسەر دەکرێت, یەعنی ئەوە بۆ یەکەم جارە مەسەلەی پاراستنی زمان یەکێکە لە گەورەترین دەستکەوتەکانی ئێمە کە لەو دەستوورەدا جێبەجێ کراوە, کام خاڵ هەیە, کە پێتان وایە باس بکرێتن, زیاتر حەز دەکەم باسی بکەم, چونکە فیدرالیەتمان باس کرد, کەرکووکمان باس کرد, زمانمان باس کرد, پێشمەرگەمان باس کرد, مافی چارەی خۆنووسینمان باس کرد, دین ودوڵەت, بەڵێ.

دین و دەوڵەت دیقەت بکەن, چییە نوقتەی نیزامت هەیە, دین ودەوڵەت لە ماددەی دوو دەڵێت, دەڵێ ئیسلام دینی دەوڵەی رەسمییە(وهو مصدر اساس للتشریع), دین و دەوڵەی ئیسلام ئەوە لەساڵی 1921وە عێراقیش و هەموو دەوڵەتی عەرەبیەکانیش, دین و دەوڵەت ئیسلامە تێیدا, چ موشکیلەیەك نییە تێیدا, کە دەڵێ (مصدر اساس) یەعنی یەکێکە لەمەصدەرە ئەساسەکان, ئەگەر بە زمان عەرەبی بنووسرایە: المصدر الاساسی, مانای وایە تۆ پابەند دەبووی ئیلا بە شەریعەی ئیسلامی, هیچ رێگای تر نییە, ئیستیفادە لە شەرایعی تر بکەی, مەصدەر ئەساس, بەڵێ مەصدەر ئەساسە, خۆ ئێمە هەموو شتێکامان لە دینەوە وەرگرتووە, ئەحوال شەخصییە لە دینە, تەلاق و ئیرس و, هەر خۆی ئۆتۆماتیکیەن وجودی هەیە, ئەوە نوقتەیەکی گرنگە زۆر موناقەشەی هەیە, نابێت هیچ قانونێك دابنرێت, دەربچێت کە دژی سوابتی احکامی ئیسلامە, دانانی یاسا شتێکە, کە دانانی یاسا زەوابتی بۆ دانرا, شتێکی ترە, ئەمە لێرە زەوابتی بۆ داناوە, دەڵێت نابێ دژی سەوابتی ئەحکامی ئیسلام بێت, یەعنی مەسەلەن ئەو شتانەی کە لە ئیسلامدا ئەساس هاتووە, شتە ئەساسیەتەکان, یەعنی با مەسەلەی تر بڵێین, یەکێك بە ناوی, هەر بە چ ناوێك بێت, بێت پرۆژە تەقدیم بکاتن, دژی ئاداب و ئەخلاقی ئیسلام بێتن, بەم نەصە رێگای پێنادرێت و, عەکسەکەشی, ئەگەر بێ بیخوێنیەوە دەڵێت نابێت هیچ قانونێك دابنرێت دژی مەبادیئ و دیموکراتیەت بێت, واتا ئەگەر گروپێك ناوی خۆیان دابنێن کە ئیسلامن, سبەی بێت بڵێت سفور مەمنوعە, ئەوە دژی مەبادئی دیموکراتیەتە, رێگای لێدەگیرێت, ئەو دوو شتە یەکیان لەوە گرتۆتەوە, لەبەر ئەوە ئەو خاڵە کە دانراوە کە دەڵێت نابێت قانون دژی ئەحکامی سەوابتی ئیسلام بێت, بەلآم لە هەمان کاتدا نابێت دژی دیموکراتیەت بێت, سێیەم نابێت, ئەوەش گرنگە ئینتیباه لەوە بکەن تکایە, نابێت قانونێك دابنرێت دژی مافەکان و ئازادییە سەرەکیەکان و, ئەو شتانەی لەو دەستووردا هاتووە, یەعنی لەو دەستوورەدا ئاماژە بە مافی مرۆڤیش کراوە, کەواتە نابێت قانونێك دابنرێت دژی مافی مرۆڤ بێتن, دەڵێت نابێت حوریاتی ئەساسیش کە لەو دەستوورەدا هاتووە, ئەو

دەستووورە زەمانی ئەکسەریەتی میللەتی عێراق دەکاتن, کە موسڵمانن, هەویەی ئەو دەوڵەتە موسلمانە, هەروەها زەمانی تەواوی مافەکانی دینی بۆ هەموو تاکەکانی میللەتی عێراق دەکاتن, لە بیروباوەڕی ئایدلۆجی, لە موماڕەسەکردنی شەعائیری دینی, ئەم ماددەیە موعالەجەی دین ودەوڵەی کردووە, بە رەئی من ئەمەش بە تەوافق بووە, یەعنی لەهەمان کاتدا ڕێگا نادات یاسایەك دەربێت دژی ئەحکامی سەوابت بێتن کە موتەفیقی لەسەرە, لە هەمان کاتیش ڕێگا ناداتن, بەو ناوەوە مەبدائی دیموکراتیەت, حوریەتی تەعبیرە, حوریەتی ژنە لە چوارچێوەی تێگەیشتنی مەبادئی ئیسلامە, لە لایەکی ترەوە بە شروت ڕێگای داوە بۆ هەردووکیان, بۆیە من پێم وایە ئەوە صیغەیەکی مەقبولە, رەنگە لەلایەن هەندێ کەس قەید بێت بۆ تەشریعی کردنی قەوانینی ئیسلامی و هەندێ کەس قەید بێت بۆ تەشریع کردنی قەوانینی تەتەوڕی موجتەمەعی مەدەنی, کردنەوەی مەکاتب لە دەرەوە, خاڵێکی داواکاری ئێمە بوو, سەفارات هەیە لە دەرەوە, ئەو سەفارەتە هەشتا ساڵ تەعبیریان لە حکومەتی مەرکەزی دەکرد, چ رەنگ با ئەو حکومەتە سەفیرەکە لەوان بوون, سەقافەتەکە لەوان بوو, مەکاتیبەکان لەوان بوو, مەکتەبی سەقافییە, عەسکەرییە, ماددەی 116 پێنجەم, بۆ یەکەم جارە هەرێم مافێکی تەبیعی گەلی کوردستان دەچێتە ناو دەستوورەوە, ئەویش دەڵێت لە هەموو سەفارەتەکاندا مەکاتب دەبێت مەصالحی هەرێم دەپارێزێت, (تۆسس), یەعنی دادەمەزرێت, مەکاتب دادەمەزرێت بۆ هەرێمەکان بۆ سەفەرەتەکان لەسەر حیسابی دیبلۆماسی بۆ بەدوا چوونی کاروباری سەقافی و ئیجتماعی و تەنمیەی مەحەلی, یەعنی ئەمە گەورەترین سەرکەوتنە بۆ ئێمە, تەنمیەی مەحەلی یەعنی چی؟ یەعنی مەسەلەن ئێمە سەفارەتمان لە بەرلین, بەشێکی دەبێتن بەشی هەرێمی کوردستان, ئەمە بۆی هەیە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان, ئەوانەی کە دەیانەوێت هاوکاری کوردستان بکەن, پەیوەندی بکاتن و پشتگیری پەیدا بکات, چ ماددی و چ مەشاریع و ئەوانە بۆ تەنمیەی کوردستان, هەروەها سەقافی, وەکو دەعوەت کردنی فرەقی موختەلیفی فەنی, سەقافی لە کوردستانەوە بۆ ئەو شارانە, یان لەو شارانەوە بۆ کوردستان, تەبادوولی سەقافی لەگەڵ ئەو شارانە ڕاستەوخۆ بەرێگای ئەو شوعبەیە دەبێت, ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەیە, پێم وایە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئێمە, پێکهاتەی پەرلەمانی عێراق ئەوەی د. نوری ئاماژەی پێکرد, لێرەدا هاتووە زۆرە, نازانم کامیانە, پەرلەمانی عێراق وەکو خۆی هینە, دەڵێن پەرلەمانێکی تر دەبێت, پەرلەمانی ئیتیحادی پێك دێت, ئەو پەرلەمانە مەجلیسێك دەبێتن لە نوێنەرانی هەرێم و موحافەزەکان, تەنسیق لەنێوان پەرلەمانی عێراق و, یەعنی دەسەڵاتی تەشریعی هی ئیتیحادی لەگەڵ هەرێمەکان بە رێگای ئەوەوە دەبێتن, لە پاڵ ئەوەشدا مەحکەمەی دەستووریش دەبێتن, کە ئەویش لە قازی و پسپۆڕی گەورەی شارەزای ناسراو بە عەدالەت و نەزاهەت پێك دێت بۆ دوو شت, یەکێکیان بۆ تەفسیری ئەو دەستوورە, ئەگەر خیلافەتی تێدا بوو, ئەویتریان ئەگەر هەر خیلافەتێك هەبوو لە نێوان هەرێم و دەوڵەتی ئیتیحادی, ئەم مەحکەمە دەستوورییە قەزاوەتی لەسەر دەدات, بۆیە من پێم وایە هەردووکیان داواکارییەکی ئێمە بوون بە نەوعێکی تر لەگەڵ کاك دکتۆر نوری کە صیغەیەکی تری هەبوو بۆ ئەوە, بەڵام ئەمە لەم مەرحەلەیە لادەدرێت, بەبێ ئەوەی پێشنیاری مەجلیسێکی تر هەبێتن, بێتن ئینتیخاباتی بۆ بکرێت لە بیر بچێتن, شتێکی ترتان لە بیر نەچێت, لەم دەستوورەدا ڕێگای دراوە تەعدیلات, هەندێك تەعدیلات ئەگەر یەك لەسەر پێنجی مەجلیسی موحافەزە, یان مەجلیسی با بڵێم پەرلەمان داوا دەکاتن دەخرێتە ئیستیفتاوە, هەندێکیان پاشی دوو دەورەی ئینتیخابی, هەندێك ماددە ئەساسیەکان تا دوو دەورەی ئینتیخابی ناگۆڕێن, مافی چارەنووسمان باس کرد, کلدان و ئاشوور لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی موەقەت نووسراوە کلدۆ ئاشوور بەڕاستی ئیعتیرازێکی زۆری لەسەر بوو لە لایەن کلدانەوە چ لە هەولێر, چ لە مووسڵ, چ لە بەغدا, بەشێکی زۆرینەیان, ناڵێم هەموویان زۆرینەیان دەڵێن ئێمە دوو میللەتی جیاوازین کلدان شتێکە, ئاشووریش شتێکە, من تەمەنا دەکەم هەردووکیان یەك میللەت بن, بەڵام وانین, لەبەر ئەوە مەبدەئێك هەیە خەڵکەکە چۆنە وای قەبول بکەین, ئەگەر سبەینێ ئەوان ڕێککەوتن ئیتیفاقێکیان کرد, کۆنفرانسێکیان کرد, گوتیان ئێمە لامان وایە هەمووومان دەبێت قەبولیان بکەین وەکو خۆیان, بەڵام ئێستا زۆرینەیان وایان داوا کردووە, کە کلدان جیاوازەو, ئاشووریش جیاوازە, ئێمە تا ئەو دەستوورە دانرا پابەندین بە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی موەقەت هەر دەمانگوت کلدو ئاشوور لە تەسریحاتی خۆماندا, هەر گوتیتمان کلدو ئاشوور, ئێستا پابەند دەبین بەوە بە کلدان و ئاشوور, زۆریش فەرق ناکاتن خوا دەکات ڕێك دەکەون

و ئینشائەڵڵا ئەو کێشەیەش نامێنێت, جا ئێستا موناقەشە دەکەمەوە, بەڵێ عەفو, سەروات و نەوت, ئینجا ئەوەش ئاگادار بن کاکە, بەحەقیقەت خاڵێکی زۆر گرنگەو, زۆریش باس کراوە ماددەی (109 و 110) دەڵێت (نەوت و غاز موڵکی هەموو میللەتی عێراقە لە هەموو هەرێمەکان و موحافەزەکان), ئەمە تەبعەن موڵکییەتەکە دیاری کراوە, لە ماددەی (110) دەڵێتن (حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی فیدراڵی ئیدارەی نەوت و غاز دەکات), کە لە حقولی ئێستادا هەیە, یەعنی ئەو ئیدارەیە تەنیا بۆ ئەو نەوتەیە کە ئێستا دەردەچێت, نەك ئەو نەوتانەی رەنگە پاش پێنج ساڵی تر, یان شەش ساڵی تر دەربچێتن, ئەو خاڵە زۆر موهیمە, بەتەعاون ئیدارەکە موشتەرەك دەبێت لەگەڵ حکومەتی ئیقلیم, ئەوە داواکارییەکی ئێمە بوو, کە بەشدار بین لە ئیدارەی دەرهێنانی نەوت و فرۆشتنی نەوت, موتابەعە کردنی و سەروەتەکە چۆن دابەش دەبێتن, ئەمەش لێرەدا بەپێی ئەو ماددەییە هین کراوە, بەرەچاو کردنی ئەوەی بەبێ عەداڵەت بێتن, ژمارەی هاووڵاتیان هین بکرێتن, ئەو ناوچانەی زەرەرمەند بوونە, قەرەبوو بکرێتن تا ماوەیەك, ئەمەش قانونێکی بۆ دەردەچێتن, واتا تەفسیلاتی لە پەرلەمانی عێراقدا دەبێت بە قانون دەربچێتن, حکومەتی ئیتیحادی و, حکومەتی فیدراڵی و, حکومەتی هەرێم سیاسیەتی ئیستیراتیجی پێکەوە دەکەن بۆ تەتویر کردنی نەوت و غاز, بەو شێوەیەی کە باشترین قازانج دەگەیەنێتە میللەتی عێراق, ئەم خاڵەش رێگەی داوەتە ئەمە کە پێکەوە دەڵێتن لە دوارۆژدا رەنگە رێگا بداتن قانونێك دەربچێتن, بێجگە لەو حەقلانەی کە ئێستا نەوت و غازی لێ دەردەچێتن, بەشێوەیەکی تر حکومەتی هەرێم دەروری زیاتر بێتن لەو حەقلانەی کە لە موستەقبەلدا ئینتاج دەکرێت و پەیدا دەبێت بەو خاڵەی کە هەیە لێرەدا, ئەو ناوچانەی کە تا ئێستا کاری پێ نەکراوەو ئەو حەقلانەی کە تا ئێستا کاری پێ نەکراوە, لە ئایندەدا بە پلانێکی هاوبەش لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێم پێکەوە دەکرێتن, وەکو خاڵی یەکەم نییە, خاڵی یەکەم دەڵێت موڵکی شەعبەو, ئەو حەقلانەی کە ئێستا هەیە بە ئیدارەیەکی موشتەرەك دەبێت, ئەوەی تر دەڵێت بە بەرنامەیەکی ئیستیراتیجی پێکەوە, واتا یەعنی پلان دادەنێین, بۆ دوارۆژ ماوەتەوە و رێکەوتن لەسەری, خاڵێکی زۆر گرنگتر دەڵێت ئەگەر یەعنی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم هەیە لە ماددەی (116) دووەم (ثانیا) ئەوەیان زۆر موهیمەو دەستکەوتێکی گەورەیە, دەسەڵاتی هەرێم بۆی هەیە هەموو قانونەکانی ئیتیحادی جێ بەجێ بکات لە هەرێمداو, ئەگەر ناکۆکیەك هەبوو, تەناقوزیەك هەبوو بەینی قانونی فیدراڵی و قانونی هەرێم, سەبارەت بە مەسەلەکان کە تەدەخول ناکات لە دەسەڵاتی تایبەتی حکومەتی ئیتیحادی فیدراڵی, ئەوە ئەو وەختی بڕیاری حکومەتی هەرێم دەخواتن, بەتایبەتی لە مەسائیلی پەروەردەو تەندروستی, چونکە ئەو دوو شتە زۆر موهیمن, یەعنی ئەگەر خیلافێك هەبوو لە سیاسەتی پەروەردە لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی رەئی حکومەتی هەرێم دەخواتن, کەواتە ئێمە بەرنامەی پەروەردەمان بڕیاری خۆمانە, ئەگەر خیلافێکیش هەبوو لە نەتیجەدا هی ئێمە سەر دەکەوێتن, فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددانەی زیاد بووتە, ئەگەر ئیکتیفا بە ماددەی (111) کرا بوایە زۆر باشتر بوو, چونکە لێرە تەنها دەڵێت (تعدیل تطبیق القانون الاتحادي), بەڵام لە سەرەوە دەڵێت (تکون الاولویة لقانون الاقلیم), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ماددەی (111) سێ نەوعە ئیختیصاصات هەیە, یەکێکیان حەسرە بە حکومەتی ئیتیحادی (حکومەتی فیدراڵی), دووەمیان حەسرە بە حکومەتی هەرێم, سێیەمیان هاوبەشە, دەبێت هاوکاری بکرێتن, ئەو هاوبەشە, ئەوەی ئیتیحادییە نابێت ئێمە تەناقوزی بێت, هاوبەشەیەکە چیە؟ بریتییە لە هەندێ مەسائیلی موشتەرەك, وەکو سیاسەتی تەندروستی, سیاسەتی پەروەردە, ئەو دوو شتە لەوێ بەو شێوەیە چارەسەری کردووە, دەڵێت ئەگەر خیلاف بوو حکومەتی هەرێم رەئی دەخواتن, نەك ئەوان, یەکەم/ دەبێت حکومەتی هەرێم ئەو شتانەی کە حەسر کراوە بە دەسەڵاتی حکومەتی ئیتیحادی دەبێت بە قسەی ئەو بکات, دووەم/ ئەو دەسەڵاتانەی تەنیا حکومەتی هەرێم بۆی هەیە, حکومەتی ئیتیحادی بۆی نییە, ئەوویش دیاری کراوە, یاخود بە قانونێك دیاری دەکرێتن, سێیەم/ ئەو شوێنانەی کە خیلافی لەسەرەو دیاریش کراوە ئەوەیە ئیقتیصادیاتی موشتەرەکەکان چیە؟ ئەوەی لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ دیاری کراوە,

دەڵێت یەکێکیان ڕێکخستنی گومرگە, ئەوە زۆر گرنگە جاران هەتا لە ژێر دەسەڵاتی ئەنجومەنی فیدراڵیدا, گومرگ تابعی حکومەتی مەرکەزییە, لێرە دەڵێت هاوبەشە, لە شوێنێکی تریشدا دەڵێت ئەگەر هاوبەشیش بوو, خیلافیش بوو, هەرێمی حەقیەتی, کەواتە ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئێمە, دوو/ ڕێکخستنی تاقەی کارەبایی سەرەکییەکان موشتەرەکە, بەڵام دیسان ئەگەر خیلاف هەبوو بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە, سێ/ داڕشتنی سیاساتی ژینگە و حیمایەتی ژینگە لە تەلەوس و پاکی و ئەوانە, ئەوەش سیاسەتی موشتەرەکە, چوار/ دانانی سیاسەتی تەنمیە و تەختیتی عام, ئەوەش زۆر گرنگە سیاسەتی تەنمیە و تەختیتی عام موشتەرەکە, بەڵام ئەگەر خیلاف هەبێت, ئێمە پابەندین بە بڕیاری خۆمان, پێنج/ دانانی بەرنامەی تەندروستی, ئەوەش موشتەرەکە, شەش/ دانانی پرۆژەی پەروەردە دەبێت موشتەرەك بێت لە تەعلیمی عالی, ئەمانە هەمووی بزانین نفوس چەندە؟ کوردی چەند تێدایە؟ عەرەبی چەند تێدایە؟ تورکمانی چەند تێدایە؟ ئینجا ڕەئی خەڵکەکە وەربگیرێت, دەیانەوێت بچنە سەر هەرێمی کوردستان, یان دەیانەوێت بچنە سەر هەر هەرێمێکی تر, یاخود بە تەنیا بمێننەوە, بۆیە پێم وایە وەختەکە زۆر بە دیقەت دیراسەت کراوە, بە وردی دیراسەت کراوە, ئەگەر ئێستا دەستی پێی نەکەن, ڕەنگە نەگەنە ئەوێش, لەبەر ئەوە ئێمە تەرکیزمان لەسەر ئەوە بێت هەنگاوی کاریگەر لە ئێستاوە بنێن, وەکو جاری پێشووی لێ نەیەتن ماددەی پەنجاو هەشت لە قانونی ئیدارەی موەقەت دابوو, تاکو ئێستا هیچی بۆ نەکراوە, هەر بە ناو لیژنەیەکی بۆ دانراوە, هەر لە ئیعلام باس دەکرێت, گرنگی ئەوەیە لەو لەحەزەیەوە دەست پێ بکەن, کە ئەم دەستوورە کاری پێ دەکرێتن, یان دەبێتە ئەنجومەنی نیشتمانی, کاك محەمەد حاجی مەحمودی فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە من تۆزێك زیاتر قسە بکەم, چونکە پێشتریش قسەم نەکرد بوو, تەبعەن ڕۆیشتنی ئەو وەفدەی پەرلەمانی کوردستان و لایەنەکان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا, هەروەها جەنابی سەرۆکی کۆماری عێراق و, ئەو حەفتاو حەوت کەسە و, ئەو وەزیرانەی لە بەغدان, بەڕاستی ئێمە هیچ گومانێکمان نییە, کە ئەوانە شەو و ڕۆژیان خستۆتە سەر یەك و ماندوو بوون و کاریان کردووە لەسەر مەسەلەی دەستوور لە بەغدا, ئێمەش لە هەموو کاتەکان ئاگامان لێیان هەیە, لەوانەیە ئێستا ئەگەر منیش لەوێ بوامایە تەلەفۆنم دەکرد, بەڵکو زوو دەنگی بۆ بدەن و کۆتایی پێ بێنین ئەگەر لە بەغدا بوامایە وام دەگوت بەڕاستی, بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەندێك لەو خاڵانە هەیە, کە من دەمەوێت باسی بکەم, هەرچەندە هەندێك لە برایان و خوشکان پێشتر باسیان کرد, مەسەلەکان مەسەلەی فیدراڵی, ناڵێت عێراقی فیدراڵی, یەعنی عێراق فیدراڵیەکەی تۆزێك تەفاسیلەکەی نەکراوە, یەعنی تێیدا نییە ئێمە بە وازیحی بڵێین عێراقی فیدراڵ نییە, مەسەلەی پێشمەرگە وازیح نییە بەڕاستی, مەسەلەی داهات, داهاتی هەمووی عێراقە, بەڵام دەتوانێت بڵێت ئەوە وەزعی کوردستان باشە و ئاوەدانییە, بەڵام پێویست ناکات لێرە سەرفی بکەین, بەڵام جارێ چی پێویستە لە جنوب سەرفی بکەین, هەرچەندە من بەڕاستی هێشتا لەبەر ئەوەی تازە گەیشتووین نەم خوێندۆتەوە, لەبەر ئەوە بە پەلە سەیرم کردووە, مەسەلەی دەسەڵات لە عێراقدا, بۆ نموونە دەسەڵات لە عێراقدا چۆنە؟ مەسەلەی کورد لە عێراقدا, ئێستا سەرۆکی عێراق کوردە لە بەغدا, لە عێراق وەزیری دەرەوە و کۆمەڵێك خەڵکی ترە, بەڵام دەسەڵات لە عێراقا چۆنە؟ مەسەلەی سنووری کوردستان, ڕاستە پەنجاو هەشت گرنگە, چارەسەری هەندێك مەسەلە بکات لەگەڵ تاخیر بوونەکەشدا, بەڵام ئایا سنووری ئێمە, ئەگەر لەسەر سنووری کوردستان داگیراوە, خۆ ئەو کاتە کەرکووکیش لە کوردستاندا هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد, ئێمە زۆر لەگەڵیان ئەوە بکەین, چونکە ئەگەر تۆ سنوورەکەت لە فائیدە و قوشتەپە و بانمەقان و جەبارە و قۆرەتو بێت, مەسەلەن لە کەرکووك چی دەکەیت, ئێمە ئەگەر موقارەنەی ئەوە بکەین لەگەڵ پێش ساڵی 1991, بەڕاستی شتی زۆر باش کراوە, لەگەڵ هەموو ڕەئیەکانم هەنگاوی باش نراوە, پێش ساڵی 1991 شتی زۆر کراوە, بەڵام لە دوای ساڵی 1991 تا 2003 بە کەمتری دەزانم بەوە کە ئێستا هەیە, هەتا موقارەنەی بکەین لەگەڵ جنوبی سودان, یەعنی جنوبی سودان ناوی هەمووی هاتووە, یەعنی وەکو ئەوەیە بڵێین باسی ئەوە دەکات مەسەلەن فلان شت مەسەلە مەسەلەی داهات, مەسەلەی پێشمەرگە, ئەو مەسەلانە بۆ بە ڕوونی ناڵێن, ئەی بۆ لێرە

باسی ناکەیت، یەعنی ئەمانە کۆمەڵێك شتی تێدایە بەڕاستی دەتوانێت ئەوان مەتاتییەت، یەعنی بە مەتاتییەت بەکاری بێنن رای پێشوو وەکو لاسیك بە ئارەزووی خۆیان چیان بوێت وای لێ بکەن، یەعنی ئەمانە بەڕاستی پێویستە هەندێك وردەکاری لێ بکرێت و، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاکە محەمەد، بەلاّم من پێم وایە خاڵەکانم شەرح کرد، تەنیا دیارە لەو خاڵەی کە شەرحم دەکرد ئاگات لێ نەبووە، من گوتم فیدراڵی نەهاتووە، ئیتیحادی هاتووە، ئەڵمانیاش ناوی (الجمهورية الالمانية الاتحادية) فیدراڵی نییە، وشەی ئیتیحادی پێوەیە، لە ئیتیحادی بەقوەتترە، بەلای منەوە لە ناحیە زمانەوانیەوە بەهێزتر و بەقوەتترە، زمانەوانی ئەگەر هین بکەی ئیتیحادی فیدراڵیە و برێکیش زیاترە، فیدراڵی سیستەمێکە بۆ دابەش کردنی دەسەلاّت لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و مەحەلی، ئیتیحادی یەعنی چەند هەرێمێکن پێکەوە ئیتیحادیان کردووە، ولاّتێکی ئیتیحادیان دروست کردووە، لەبەر ئەوە وشەی ئیتیحادی بۆ ناحیە نەفسی و عاتیفی، ئێمە هەر وشەی فیدراڵیان بەکار هێناوە، راستە قسەکەت، بەلاّم بە ناحیەی عەمەلی وا باشترە، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ وەفدی کوردی، بەڕاستی هەوڵ و کۆششی زۆریان کردووە، ماندوو بوونیان زۆر چەشتووە لەو سەفەرەدا، بەلاّم خەبات و فیداکاری گەلەکەمان زۆر لەوە زیاترە کە لە دەستوورەکەدا هاتووە، میللەتی ئێمە ساڵەهای ساڵە خەبات دەکات و خوێن دەرێژی و، هێزێکی تر، یاخود بڵێین قەومیەتێکی تر لە عێراق بە قەدەر میللەتی ئێمە موساهەمەی نەبووە لە رەگەوە هەڵتەکاندنی نیزامی بەعسی رابردوو، بۆیە حەق بوو لەوە زیاتر دان بە مافەکانی ئێمەدا بنێت، یان زیاتر باسی بکرێت، چونکە پێم وایە ئێمە هەموومان دەبێت داوای ماڤ میللەتەکەمان بکەین، بەتایبەتی ئەندامانی پەرلەمان کە دوو ئەرکیان لەسەر شانە، یەکیان ئەوەیە نوێنەری خەڵکی کوردستانن، دووەمیان مەسئولیەتی هەموو قەرارەکان و شەفافیەتی قسە کردن لە لایەن هەردوو بەڕێزان سەرۆکی کۆماری عێراق جەنابی مام جەلال و سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی کاك مەسعود و هەموو برادەرانیان وا ئاگادار کردەوە، کە هەر کەموکوڕیەك هەبێت لەهەر دەستوورێکی کوردستان، لە هەر مافێکی گەلەکەمان ئەندامانی پەرلەمان بەرپرسیارن، بۆیە حەقە رەئی خۆیان زۆر بە وازیحی بڵێن و پێ دابگرن لەسەر مافەکانیان، زۆر تەبیعیشە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان ئەگەر نەقص هەبوو داوای مافەکانی خۆمان بکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك دەنگی بۆ دەدەین و پێ لەسەر داناگرین زوروفەکە لەبەر چاو دەگرین و زەحتی ئەولا و ئەولایە و چییە، هەرچەندە حەق نییە وا بێت، بەلاّم ئەگەر واش بکەین باش وایە نارەزایی پەرلەمان لە کەموکوڕی دەستوورەکە هەبێت و، هەموو بە تێکڕای دەنگ وەکو برادەرێك باسی کرد دەنگ بۆ ئەو مەسەلەیە نەدرێت، چونکە بەڕاستی کەموکوڕی زۆر تێدایە، پێویستە مافەکانمان لەوە زیاتر بسەلمێنین، وەلاّم دانەوەی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق وەفدی کوردی لە بەغدا، بۆ وەلاّمەکە من پێشنیار دەکەم، وەکو دەڵێن مولاحەزەیان هەبێت لەسەر چەند خاڵێك، نەوەك لەسەرمان تێپەڕ بێت، کە بە تێکڕای دەنگ و ئەوانە رازیینە، مەسەلەی فیدراڵی دەبێت مولاحەزەمان هەبێت و، مەسەلەی کەرکووك دەبێت مولاحەزەمان هەبێت، چونکە کەرکووك پێش ئەو کۆبوونەوەیە باس دەکرا لێرە، ناکرێت بڵێین عێراقێکی بچووکە، رەئی زۆر توند و خۆش هەبوو، کە هەموومان کەیفمان پێ دەهات، دەیانگوت دەبێت بڵێی کوردستانێکی بچووکە، بۆیە ئەو رەئیە ناکرێت بگۆڕێت لێرە، ئێمە ئەمڕۆکە لێرە پێویستە پێ لەسەر مافەکانمان دابگرین  لە دوێنێ باشترە، ئەمڕۆ پێ لەسەر مافەکانمان دابگرین باشترە، چونکە جارێکی تر من پێم وایە عێراقێکی، یان مەرکەزێکی وا دروست نابێتەوە، بۆ ئەوەی مافەکانی خۆمان بچەسپێنین لە دەستوور، ئەوە ئاخیر جارە و، ناشبینینەوە گەلی کورد، چونکە ئێستا حەجمی کورد لە بەغدا زۆرترە لە هەموو کەسێك، هەستان و هێنانی گەلی کورد لە بەغدا، هەم میحوەرن لە مەسەلەکە، هەم رابەرن، سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان دەکات، ئایا ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ نەتوانین مافەکانی خۆمان لە دەستوور بچەسپێنین؟ قەت جارێکی تر مەحاڵە ئێمە ناتوانین بیانچەسپێنین، بۆیە پێشنیار دەکەم و داوا دەکەم نەبێتە هیچ تەگەرێك، بەلاّم پێشنیار دەکەم

مولاحەزەمان هەبێت لە وەڵامی ئەو دەستوورەی کە بۆ پەرلەمان هاتووە، رەئی لەسەر بدەین و مولاحەزەی باشمان هەبێت، ئەگەر جێ بە جێش نەبێت، نەك وەکو پەرلەمانی کوردستان بە تێکڕای دەنگ لەو دەستوورە رازی بین، بۆیە دەبێت مولاحەزەمان هەبێت لەسەر مەلەسەی فیدراڵی، لەسەر مەسەلەی کەرکووك، لەسەر مەسەلەی داهاتی سرووشتی، لەسەر مەسەلەی ناو نەهێنانی کورد وەکو دوو نەتەوەی سەرەکی لە عێراق، کە عێراقێك پێك دێنن، کە لە زەمانی عەبدولکەریم قاسم ئەو مەسەلەیە هاتووەو، ئێستا بەرەو دواوەمان دەگێڕێتەوە، بۆیە من نامەوێت زۆر لەسەر مەسەلەکان قسە بکەم، بۆ ئەوەی هەندێکیش بۆ برادەران بهێڵمەوە، بەڵام پێشنیار بۆ ئەو دوو مەسەلەیە دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك عوسمان، بەڵام بە حەقیقەت دەبێت هەندێك شتت بۆ روون بکەمەوە عەفوم دەکەی لەوە، هەرچەندە زۆر قسەشمان کرد، من عەرزم کردن شاندێك لە بەغدایە، ئەو شاندە ئەگەر تەماشای بکەن زیاتریشن لە (25 تا 30) کەسیش، لەوانە دە ئەندامی پەرلەمانیشن، لەو دە ئەندامی پەرلەمانەو، وەفدەکەش بە قەراری پەرلەمان چوون بە سەرۆکایەتی جەنابی کاك مەسعود، ناکرێت پەرلەمان هەمووی بچێت لە بەغدا موناقەشە بکرێت، دوو کەس دەنێرین، یان چوار کەس دەنێیرین دەگەینە نەتیجە لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەی لێرە دراوە حەددی ئەدنا و حەددی ئەقصای هەیە، موفاوەزات دانووستاندنە، دەبێت بگاتە تەوافوق، تەوافوق دەبێت هەندێك شتی ئەو بسەلمێنی و، ئەویش هەندێ شتی تۆ بسەلمێنیت، ئەگەرنا بە رەغبەت بێت ئێمە دەستوورمان دانابە، دەستووری خۆمان دەمان کردە دەستووری عێراق، بۆیە من دووبارەی دەکەمەوە، کە ئەوەی کراوە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ کوردستان، لەوە باشتر لەو زوروفەدا لەبەر رۆشنایی حەقیقەتی ئەوەی هەموومان پابەندین بەوەی ئەو دەستوورە بە تەوافوق بنووسرێت.

دوو/ مەوزوعی فیدراڵیەت، بەپێچەوانەوە فیدراڵیەت زۆر بە روونی هاتووە، ئەوانی تر کە ئیعتیرازیان هەیە لەسەر دەستوورەکە، رازی نین لەسەر وشەی فیدراڵیەت، لەسەر وشەی ئیتیحادیەت، لەسەر وشەی عێراق، دەسەڵاتی مەرکەزی دابەش بکرێت بەسەر هەرێمەکان و ئەوانە، ئەوەی کە ئێستا نایەوێت و داخیل نابێت دوو ئیعتیرازی هەیە سوننەی عەرەبە، یەکێکیان لەسەر فیدراڵیەتە خۆشبەختانە لەسەر کوردستان نییە، ناڵێن کوردستان کەرکووك و هین و ئەوانە، ئەوان موافیق نین لەسەر ماددەی پەنجاو هەشت بچێتە ناو دەستووریش، بەڵام دەڵێن کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە لەو سنوورەدا ئێستا هەیەتی، دوو/ دابەش کردنی سەرواتی نەوت و غاز، کە لێرەدا هاتووە، دەڵێن دەبێت مەرکەزی بێت و هەموو شت لەدەست مەرکەز بێت و تەوزیعەکەش و ئەوانە، پێم وایە ئەو شتانەی کە جەنابت باست کرد، لەو شتانەیە کە زۆری لەو دەستوورەدا هاتووە، بەڵێ دەکرێتن ئەگەر برادەرێك رەئی بۆ نەداتن ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام لەوە نەترسن بڵێن پێمان دەڵێن بە تێکڕای دەنگ دەنگمان داوە، قەناعەتت پێیەتی دەنگی بۆ دەدەین، لەبەر رۆشنایی ئەو حەقیقانە، ئەو دەستوورە بە تەوافوق نووسراوە، یەعنی مافی ئێمە و پێکهاتەکانی تری عێراقە، پێکەوە ژیان، ئێستا تۆ دەڵێی لە دێیەکە چوار ئامۆزا بن، یان ئەگەر بە تەنیا ئێوە بن، ئەگەر پێکەوە ژیان رەچاوی مافی ئەویش نەکەن، تۆ ناتوانیت بە تەنیا لە ماڵی خۆت قەرارەکان بدەیت و فەرزی بکەیت لەسەر ماڵی برایەکەشت، دەبێت رەچاوی مەسڵەحەت و بەرژەوەندی ئەوانیش بکەیت، ئەگەر بتانەوێت لە دێیەکدا پێکەوە بژین، یان لە شارێکدا پێکەوە ژیان، لە وڵاتێکە پێکەوە ژیان، لە هەرێمێکدا پێکەوە ژیان، ئێمە لێرە دانیشتووین چەند حزبی جیاوازین، بیرو بۆچوونمان جیاوازە، ئایدلۆجیەتمان جیاوازە، بەڵام بڕیارمان داوە پێکەوە بژین بەرنامەیەکمان تەقدیم کرد، ئەو (104) ئەندامەی کە لە یەك لیست دابوون پابەند بوون بەو بەرنامەیە، ئایا ئەو بەرنامەیە هی یەکێتییە بە تەنیا، یان هی پارتییە بە تەنیا، یان هی یەکگرتووە بە تەنیا، یان هی تورکمان و کلدان و ئاشوورییە، یان هی حزبی شوعییە، یان هی حزبی سۆشیالیستە، نەخێر، هەر یەکە ئەگەر بە تەنیا بنووسێت شتێك دەنووسێت، بەڵام ئەگەر پێکەوە نووسیمان، ئەو شتانە دەنووسین کە کۆمان دەکاتەوە، ئەوە لە عێراقدا ئەو شتانە نووسراوە کە عێراقیەکان پێکهاتەکانی عێراق کۆ دەکاتەوە، ئەو عێراقەی کە دەمانەوێت دابمەزرێنین بەرژەوەندیمان لەوەدا هەیە دایبمەزرێنین، دەبێت ئەوە بۆیان بسەلمێنین، عێراق، کەرکووك، من پێم باش نییە بڵێین کوردستانێکی بچووکە، چونکە کە دەڵێی عێراق پێی دەڵێن (متعدد

القوميات)، كورد و عەرەب دوو قەومیەتی رەئیسین، لە کەرکووکدا عەرەب کەی قەومیەتی رەئیسییە، قەومیەتێکی بچووکن لە ساڵی 1936دا یەکەم تەعریب کە دەستی پێ کرد لە حەوێجەو ئەوانە هاتوون، بەڵێ هاووڵاتین حەقیان هەیە، بەڵام بڵێی کەرکووك کوردستانێکی بچووکە، بەڕاستی زوڵم لە کوردستانیەتی کەرکووك دەکەی، ئەگەر بڵێی عێراقێکی بچووکە تەبیعیی ترە، چونکە کوردستانیش عێراقە، خۆ ئێمە دەوڵەتێکی جیاوازمان دروست نەکردووە، بەڵام کوردستان هەرێمە لە ناو عێراقدا، بۆیە من ئەو پێشنیارەم پێ باش نییە بە حەقیقەت، پێشنیارێك هەیە ئەویش هەموو قسە بکەن، ئینجا من وەڵام دەدەمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەیە دائیمەن مەسەلەکان هەموویان دەقیقن، دەترسم وەکو مەسەلەکەی یاشێخ لە بیرم بچێتەوە، حەزیش دەکەم هەندێك مەسەلە هەیە دیقەتی دەوێت، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە مەسەلە نوێیەکان هەمان بوو پۆستی سیادەی گەل بوو لە عێراقدا بۆ کورد بوو، داواکاری ئێمە ئەوە بوو، ئێستا لە ماددەی (68)دا دەست کاری کراوە، پێم وایە ئێمە لە هیچ حاڵەتێك پۆستێکی سیادیمان بەر ناکەوێت لە عێراقدا ئەگەر بە دەنگ بێت، بەڵێ لە ماددەی (68)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بۆتان بخوێنمەوە ماددەی (68): (واتا پەرلەمانی عێراقی لەنێوان مورەشەحەکانی خۆیدا رەئیسی جمهوری هەڵدەبژێرێت (باغلبية ثلثي عدد اعضائه))، ئینجا ئەوە سێ مەنصەبی سیادی هەیە، یەکێکیان سەرۆکی کۆمارە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانییە (مجلس نواب)ە، کە تۆ دەنگت بۆ ئەو دا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت ئیتیفاقە، کە ببێتە سەرۆکی مەجلیسی وزەرا، ئەویش دەنگ بە تۆ دەدات نصوصەکەی دەی تەبیعییە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نەص دیاری نەکراوە، ئەو پۆستە بۆ کوردە، یان ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر بە پۆست دیاری ناکرێت، لەبەر رۆشنایی رێژەی ئەنجومەنی نیشتمانی دەبێتن، بەڵام رەچاوی ئەوە دەکرێتن کە کورد نەتەوەیەکی دووەمە، دەبێت یەکێك لەو مەنصەبانەی هەبێتن، ئێمە تەئکیدیش لەسەر ئەوە دەکەینەوە ئیتیفاقی سیاسیشمان هەیە، کە دەبێت ئەو پۆستە هەر بۆ کورد بێتن، فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت ئەوەی لە فیدراڵی هاتووە، هەندێك خاڵی تێدایە زیادیشە لە لام فیدراڵیەتە، یەعنی بۆ نموونە بڵێم لە کوردستان لەشکرێك هەبێت، ئەوە خۆی خاڵێکی زۆر ئیجابییە، حەقە ئێمە بە خاڵێکی سەرکەوتووی لە قەلەم بدەین، جگە لەوە لە دەرەوەش لە سەفاراتی عێراقی کاروباری هەرێم، ئەوە ئەو خاڵانە دەچنە خانەی سیستەمی کۆنفیدراڵی، جا سەرکەوتنی زۆر گەورەمان بە دەست هێناوە، حەقە ئێمە بەناوی خەڵکی کوردستان سوپاسیان بکەین، ئەو هەڤاڵانەی کە لە بەغدا کاریان کردووە، بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە ئەرکەکانی فیدراڵیەت بخوێنین، چ لە دابەش کردنی زەوی بێت، یاخود سەروەت بێت، یاخود دەسەڵاتەکان بێت، لە هەر سێ روکن سەیری بکەین لە خاڵەکان غموزێك هەیە، مەتاتیەتی تێدایە چ لە سەروەتەکان، دەڵێت لە مەنتیقەی (متضرر)، رەنگە بڵێین جنوب زەرەرمەندترن (متضرر) وەك لە کوردستان، ئەو کاتە کورد زەرەرمەندە (متضرر)ە لە مەسەلەکە، چونکە پارێزگاکان ئەگەر لەسەر ئەساسی نیسبەت و تەناسوبی سوکانیش بێت، بەغدا و مووسڵ و بەسرە موستەفیدن، نەك کوردستان، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە سەرەواتی تر جگە لە نەوت و غاز و ئەوانە، ئەوانەی کە سەر لە نوێ چۆن دەبێت؟ ئەو عیلاقاتە قانونیەی لە نێوان دەسەڵاتەکانی کوردستان و مەرکەز دەستوور تەوزیحی نەکردووە، ئەو دەستوورەی عێراقی چۆن ئەو عیلاقاتانە تەنزیم

دەكات بەشێوەیەكی شەفاف و وازیح تر، ئەوەی ئێمە بزانین دەستووری كوردستانیش ئەگەر دابمەزرێت، كە دادەمەزرێت دەستووری هەرێمی بێت، دەستووری هەرێم لە خوار دەستووری مەركەزە، یەعنی دەستووری مەركەز دەستوورەكانە، دەستووری هەرێم دەبێت ملكەچ بێت، لەوێش لە خاڵەكاندا هاتووە، ئەگەر موتەناقزە، ئەگەر لەگەڵ هەرێم نەبێت، ئەوە هەرێم قەبول ناكات، ئەوەش تەناقوزێك لەو حاڵەتانەش دروست دەكات، مەسەلەی مافی چارەنووس یەكێك بوو لەو خاڵانەی كە ئێمە زۆر دڵخۆش بووین بەوە، خەباتمان كردووە دەیان ساڵە كە مافی چارەنووس وەربگرین، كەچی كە سەیری دەكەین ئەو ئیستیفتائەی كە باسی هەشت ساڵمان كردووەو جەولەی ئینتیخابی لەبیرمان چووە، یاخود ئیشارەتمان پێ نەداوە، نە لە دیباجەكە، نە لە مەبدەئە ئەساسیەكەش، یەعنی هیچ نەبایە لە مەبدەئە ئەساسیەكە باسی كرا بوایە، وەكو خاڵێك، یاخود لە دیباجەكە باس كرا بوایە، ئەوەش باس نەكراوە بە حەقیقەت ئەو تەفسیرەی ئەگەر ئێمە بڵێین ئەو عێراقە رووخا تەفسیرێكی سەلبییە بۆ مەسەلەكە، تەفسیرێكی هەر داناو، یەعنی ئێمە ئەگەر بەرەو عێراقێكی رووخا و چووین هیچ شتێك نامێنێت، نەك هەر ئەوە نامێنێت، ئەو خاڵە ئەگەر ئەوە تێكچوو، یەعنی ئێمە كەوتینە حاڵەتێكی دژ بە نیزامی، كە جارێكی تر نیزامی مەركەزی توند و تیژی بەكار بێنێت دژ بە خەڵكی كوردستان، ئەگەر ئێمە بڵێین ئەو دەستوورە زۆربەی خاڵەكانی ئیجابییە، بە رەئی من خاڵە سەلبیەكانی وەكو تاریخ، حەقە ئێمە بەڵگە نامەیەكی تاریخی تەسبیت بكەین لەم هۆڵە، ببین بە عێراقیش، عێراقێكی داهاتوو، تەسبیت بین لەگەڵ پەرلەمانی عێراق، بڵێین ئەم خاڵە لاوازانە، ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان رازی نەبووین، چ لەسەر چارەنووس بێت، چ لەسەر سەروەت و سامانی كوردستان بێت، چ شێوەی دەسەڵاتەكان بێت، چ لەسەر سیستەمەكەی بێت سیستەمی عێراقی سیستەمی ریئاسی بێت، سیستەمی پەرلەمانی بێت، لە كوردستان سیستەمی ریئاسی بێت، چۆن ئەو تەوافوقە دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەبێت ئیجازەم بدەن، چونكە هەندێك جار تەعلیق زۆر دەدەن، لەبەر ئەوەی تەنیا كەسم لەناو ئێوە، كە بە حوكمی ئیشەكەم سەردانی بەغدام كرد، كە لە نزیكەوە تۆزێك لە مەجرەیاتی گفتوگۆیەكان ئاگادارم و، پێشتریش لە كۆبوونەوەكان دابوومە، بۆیە تۆزێك ئاگادارم لە شتەكاندا، بۆیە حەق بە خۆم دەدەم شەرحی بكەم، ئەگەرنا دەبوایە جەنابی كاك مەسعود لێرە بێت، یان شاندەكە كەسێكیان لێرە بێت، تاكو ئەو شتانەتان بۆ روون بكەنەوە، بە حوكمی ئەوەی هەر من لێرە پەیوەندیدار بم بە تەلەفۆن رۆژانە قسەمان لەگەڵیاندا هەبووەو چی بووە، زۆربەی رۆژ ئاگاداریان كردیمەوە، خۆشم سەردانی بەغدام كردووە، بۆیە هەندێك جار رێگا بەخۆم دەدەم ئەو شەرحە بكەم، نەك لەبەر ئەوەیە ئەو پرۆژەیە بڕوات و دەنگی بۆ بدەن، ئەگەرنا پێویستی بە كۆبوونەوە نەدەكرد، لەبەر ئەوەی ئەو تەفسیراتە دەزانم، ئەوەی كە كاك جەمال باسی كرد، من پێم وایە لێرەدا هاتووە، بەڵام ئەگەر مولاحەزەی ئەوە بكەن ئەو تەفسیلاتە هەندێكیان نووسراوە (تنظم بقانون)، یەعنی قانونێكی بۆ دەردەچێتن لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە رێك دەخرێت بە قانون، ئەو پرۆژەیە هەندێك كەموكوڕی هەیە هەمووی تاوتووی لەسەر دەكرێت لە پەرلەمانی عێراق، ئەو خاڵانەی كە مولاحەزاتی لەسەر هەیە، غموزی هەیە، بە تەئكید هەم ئەگەر غموزەكە مەبەستی ئێمە بێت زیاتر روون بكرێتەوە، هەم ئەگەر لایەنەكانی تریش پێویستیان پێ بوو، یاخود داوایان كرد رەچاو دەكرێت، خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ شابا حجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەس وەكو تەعلیق لەسەر قسەی كاك جەمال قسەم هەیە، بەخۆی هەتا سبەی ئێواری مەجالە ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە موزەكەرە رەفع بكەین باسی مافی چارەنووس، دەتوانین وەكو ئیزافەیەك بكەین لەسەر ئەوە، ئەوەش مەجالێكە بۆ ئێمە بەڕاستی، ئەوە فورسەتە ئیستیغلالی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك فەتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەو ماوە کورتە هەندێکم لەم دەستوورە خوێندۆتەوە, ئەکسەریەتەکەی من تەماشام کردووە, من پێم وایە زۆر کارێکی باش کراوە, حەقە سوپاسیان بکەین بۆ ئەو ماندوو بوونەی کە چێشتوویانە, مومکینە هەریەکێك لە ئێمە ئەگەر لەناو ئەو وەزعە دابووینایە, ئەوەمان بۆ نەکرا بوایە, چونکە تەشبیهێك هەیە بە نموونە بۆتان دەهێنمەوە دەڵێت (ئەوەی لە شەڕ نەبێت شیری تیژە), بە حەقیقەت ئەوە ماندوو بوونێکی زۆری بۆ کراوە, تا گەیشتۆتە ئەوەندە, بەڵام یەك شت مولاحەزە دەکەم ئەویش لە خاڵەکان صیغەی جیا جیای تێدایە, وەکو ئێمە کە پێشتر لێرە باس کراوەو نووسراوەو لەوێ بیرو بۆچوونی ئێستا هەیە لە صیغەکە لەگەڵ فیکرەی ئێمە هەندێك جیاوازی هەیە, بیروبۆچوونەکان و صیغەکان و رستەکان جیاوازی تێدا هەیە, بۆ نموونە وەکو وشەی ئیتیحادی, لە جیاتی فیدراڵی ئەوان دژی ئەوەینە بڵێن فیدراڵی, دەڵێن با ئیتیحادی بێت, جا زۆربەی خاڵەکان ئەوەی من تەماشام کردووە, من پێم وایە جیا جیایەکی تێدا هەیە لە ناحیەی نووسین و موستەلەح و لوغە, مومکینە برادەرانی ئێمە هەوڵێکیان دابێت و قەناعەتیان پێ بێنن بە صیغەی جیاجیا ئەو قەناعەتەیان پێ بێنن, بۆ ئەوە دەستوورەکە راست بکرێتەوە, ئەگینا جێی سوپاسە, سوپاسێکی زۆریان بکرێت و ماندوو بوونیان چێشتووە, حەقی خۆیەتی تەقدیر بکرێن, تەنها ئەوەی من دەمەوێت عەرزتان بکەم کەرکووك و ماڤی چارەنووسە, ئایا دەکرێت ئێستا لەو حاڵەتە لەم دەستوورە دەنووسرێتەوە تا کۆتایی 2007؟ ئایا دەتوانن ئەوە بکرێت بە دەستوورێك, یاخود زەمانەت چییە لەوەی کە دەکرێت, یەعنی ئەوە زۆر ئەساسە, من پێم وایە تەئکید لەسەر ئەو خاڵە بکرێتەوە, لەگەڵ رێزمدا و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر گرنگە سوپاسی ئەو رەنج و ماندوو بوونی سەرۆکی هەرێم و وەفدەکە بکەین و وەفدی پەرلەمانی کوردستانیش لەسەر ئەو ئیجازە کەرمیان کردووە.

دوو/ من تەئیدی ئەو تەوزیحاتەی سەرۆکی ئەنجومەن دەکەم, بەتایبەتی دەربارەی تەوافوق, تەوافوق یەعنی ئیتیفاق و خیلاف, ئەگەر سەیری هەندێك مەسەلە بکەین.

دوو/ دەستوورەکە تەنها بۆ ئێمە نییەو ئێمەش نایننووسین, دوو پرۆژە مەوجودە, ئەو دوو مەشروعەش لە حاڵەتی ململانێ و توند و تیژی بوون, تەئکید کە بۆ عێراق هەمووی دەبێتن, دەبێت هەموو جێگای خۆی تێدا ببینێتن, لەبەر ئەوەی بەو شێوە تەوافوقیە هاتووە, بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم ئەم وەسیقەیە بەشێوەیەکی گشتی وەسیقەیەکی زۆر ئیجابییە و سەرکەوتووە, تەئسیس دەکاتن بۆ نیزامێکی دیموکراتی فیدراڵی, لەگەڵ تەحەفوزات لە دەستوور, کە زۆر خاڵێ تێدا ماون, پێشنیار ئەوەیە ئەگەر بتوانن لەگەڵ وەفدەکە دیباجەکە بگۆڕن و تەقدیمی بکەن, چونکە بە تەئکید دەبێت دیباجەکە بە بەیانێکی سیاسی دەربچێتن, نەك تەنها وەکو دیباجەیەکی دەستووری یەکگرتوو بێتن, هی دیموکراتی بێتن, سێ/ قسە کردن لەسەر مەجموعە نەتەوەیەك, هەمووی کورد و عەرەب و تورکمان و, بەڵام کلدۆ ئاشووری ئیشارەیان پێ نەداوە, ئەوەش زەروورییە ئیزافە بکرێتن هەر لەسەر دیباجەکە, لەسەر دین و دەوڵەت, دین و دیموکراسیەت بە قەناعەتی من ئەوە دەبێتە رێگرێك لەبەر دەمی ئەوانی تر, چونکە مومکین نییە لە هەندێك خاڵدا دیموکراسی بێت, لە هەندێك خاڵیشدا شەریعەت بێت, بەڵام لە قەزایە هەندێ رێگری هەیە لەسەر فیدراڵیەت ئەوەی هاتووە شتێکی زۆر باشە وەکو مەبدەئێك, لە زۆر وڵاتان و دنیا کە فیدراڵیەت دێت بەو شێوەیە هاتووە, بەڵام لای ئێمە دەبوایە ئەگەر ئیمکان بوایە لەسەر ئەساسی دوو هەرێم هاتبوایە, هەرێمی کوردستانی و هەرێمی عەرەبی, ئەوجا هەرێمی دیکە تەوزیع بوایە, لێرە لە هەندێك خاڵدا فیدراڵیەتی کوردستان وەکو فیدراڵیەتی موحافەزات هاتووە, هەتا لەسەر تەمسیلی هەرێمەکان لە سەفارەت نووسراوە, کە نووسینگەی هەرێمەکان دەبێت موحافەزەش دەبێت, یەعنی بە

نەفسی موستەواکەیە, هەتا پێشمەرگە و قوەتی عەسکەری گوتی هەموو هەرێمێك حەقی هەیە ئەو شتانە دابنێتن. لەسەرەوە هاتووە کە فەترەیەکی دیاری کراوە, ئەم ماوە دیاریکراوە کە زەرەر بە هەرێم دەکەوێتن باسی ئەم سەرەوەتە دەکاتن زەرەرەکە بەتایبەتی بۆ ئەوان بەردەوام دەبێتن, لە خاڵێك زمان هاتووە زۆر بەباشی هاتووە, بەڵام لە خاڵی پێنجەم نازانم بۆ چی هاتووە, یەعنی ئەو زمانە کە لە عێراق هەیە چوار زمانی سەرەکیینە, کوردیە و عەرەبیە و تورکمانییە و ئاشووریی و سریانییە, ئەوە هاتووە بە نەص هاتووە, بەڵام هەر موحافەزەیەکیش دەتوانێت بە زۆرینەکە زمانەکە ئیقرار بکاتن, کام موحافەزا غەیری ئەو چوار زمانە, یەعنی هەتا ئەگەر بڵێین کوردی فەیلی خۆ کوردە, یان ئەوی تریان بە عەرەبی قسە دەکەن, یان بە تورکمانی, یان بە ئاشووری, من لەگەڵ ئەوەمە کە پەرلەمان ئیقراری ئەو وەسیقەیە بکاتن, بە قەناعەتی من ئەوەی ئینجاز بێت لەم قۆناغەدا لە زمنی ئەو زروفەی دەولی ئیقلیمی داخیلیدا ئیجازەێکی زۆر گەورەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەش بەحاڵی خۆم سەرەتا دەستخۆشی یەکجار زۆر لە تەواوی سەرکردایەتی سیاسی کورد و هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و لیژنەی نووسینی نوێی دەستوورن, لەکوردستانییەکان دەکەم کە توانیان بەراستی بەشێکی گەورە لە داخوازییەکانی میللەتی کورد لەو دەستوورەدا بچەسپێنن, من بەشبەحاڵی خۆم کۆمەڵێك تێبینیم هەبوو, بەڵام بەشێکی برادەران باسیان کرد من هەمووی ناڵێم تەنها یەك دوو خاڵم هەیە, مەسەلەی دیباجەکە, من بەشبەحاڵی خۆم هەست دەکەم فیعلەن دیباجەکە زۆر تائیفانە نووسراوەتەوە, هیچ ئیشارەتی تێدا نییە بۆ مەبادیئی دیموکراتی, کە دیباجە بەشێکە لەدەستوور زائیدەن ئەوە باس لە راپەڕینی ئەهوار و شیعە دەکات, باس لە راپەڕینی کورد لە 1991دا و کۆچ ڕەو ناکات, کە دوو حەدەسی گەورەی تاریخین بەنسبەت میللەتی کوردەوە ئەمە یەکێکیان, دووەم پرسیارێکە من دەمەوێت بەڕاستی وازیح نەبوو کەدیسان هاتۆتەوە لە ماددە یەکدا دەڵێ ( جمهورية العراق مستقلة ذات سيادة) ئینجا دەڵێ ( نظام الحكم فيها ديمقراطي) و بەو شێوەیە, تەسمیەی دەوڵەت چۆن هاتووە, تەسمیەی دەوڵەتی عێراقی (الجمهورية العراقية الاتحادية) دیسان جمهوریەی عێراقە ئینجا دوایی تەسمیەی نیهائی دەوڵەت لەسەر چ ئەساسێك تەبەنا کراوە, لەراستیدا من پێم وایە ئەم دەستوورە لەکاتێکدا کە تەوافقی لەسەر کرا و لەو ئاڵۆزیەی کە هەیە لە واقیعی عێراقە, لەنێوان ئەو هەموو ململانێیەو بەرژەوەندییە جیاجیایەی پێکهاتەکانی عێراقی توانراوە بەشێکی گەورە لە مافەکانی گەلی کورد بچەسپێنرێت, بۆیە پێم وایە بۆ ئەو قۆناغە کاری باش کراوە و ئەکرێت ئێمە وەکو پەرلەمان بەراستی پشتگیری لێ بکەین و لەگەڵ ئەوەی هەندێك تێبینی کە مەجالی ئەوەی دەستکاری بکرێت, مەجالی تێدا ماوە بۆ سبەینێ یان دوو سبەی, چونکە بەراستی پێم وایە بەشێکی لەوانە ئیتیفاقی لەسەر کراوە و زەحمەتە دەستکاری بکرێت, بەڵام هەندێك خاڵ هەیە لە رووی صیاغە و دارشتنەوە ئیحتیمالە مەجالی تێدا بێ, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بەکورتی دەڵێم گرنگی لە دەستوور تەتبیق کردنە, دەبێت هەموو دوعا بکەین ئەو دەستوورە یان ئەو دەستوورانەی ئیقلیم کە ئەنووسرێن تەتبیق بکرێن, دووەم حەقی خۆیەتی شەونخوونی و ماندوو بوونی برایانمان لەسەرکردایەتی کوردی و وەفدی پەرلەمان و نوێنەری حزب و لایەنە سیاسیەکان بنرخێنین, بەڵام ئەو راستییە مێژووییەی بڵێین کە فشار لەسەر لیستی کوردی هەبووە, ئەو فشارەی کە ئەمریکا لەسەر کورد کردوویەتی و لەسەر شیعە نەیبووە, ئەوە حەقیقەتێکە, سێیەم من پێشنیار دەکەم کە لەنێوان رەفزی ئەم دەستوورە لەلایەن پەرلەمانەوە یان قەبووڵ کردنی بە تێکرای دەنگ, حاڵەتی سێیەم هەیە ئەویش ئەوەیە ئێمە ئەم پرۆژەیە قبووڵ بکەین, بەڵام تەحەفوز

بکەین لەسەر دوو خاڵ, خاڵی یەکەمیان ماددەی پەنجاو هەشتە کە تا سەری ساڵی 2008 دواخراوە, زەمانەت چییە؟ یانی خەڵك گومانی لەوەدایە زەمانەت چییە و لەو کاتەدا جێ بەجێ بکرێ, چونکە هەموومان دەزانین ئەمریکا بە نیازە ئەگەر ئینسحابیش لە عێراق نەکات هێزەکانی کەم بکاتەوە, لەوانەیە بۆ کوردیش تاکە زەمانەت پێمان وابێ ئەمریکایە کە دیفاع لە داخوازییەکانمان دەکات, خاڵی دووەم کە پێم وایە تەنەزولی لێ کراوە, ئەویش مافی چارەی خۆنووسینە, ئەوە بە زیمنی نووسراوە, چونکە وەکو جەنابت دەفەرمووی کە لە بەغدا بووی دیارە وتووێژێکی زۆر شیعەکان لەسەر ماددەی پەنجاو هەشت و لەسەر وشەی راپرسی کردوویانە, ئەوان وتویانە لە دیباجە عەرەبیەکەدا وشەی ئیستیفتا نەهاتووە, چۆن ئینگلیزیەکەیان هێناوە لە ئینگلیزیەکەوە ئیستیفتا نووسراوە, بۆیە من پێم وایە بۆ تەتبیق کردنی ئەم دەستوورە خاڵ بە خاڵ لە شوێنی خۆیدا حیساب لەسەر وشەکان دەکرێ و دەبوو بەو زیمنیە رازی نەبین و مافی چارەی خۆنووسین بە وازیحی بنووسرابایە, چونکە من پێم وایە شیعەکان ئەوەی ویستویانە غەیری ئەو خاڵانەی بۆ مناوەرە قسەیان لێکردووە وازیان لەو خاڵانە هێناوە کە خۆیان بۆ مناوەرە کردن و فەنی موفاوەزات بەکاری دێنن, بەڵام ئێمە لەدوو خاڵی سەرەکی کە تێکرای دەنگی جەماوەری لەسەرە ماددەی 58 لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسین, ئەو دوو خاڵە پێم وایە جەماوەری کوردستان رازی نییە وەکو ئەوەی کە ئێستا هاتووە و ئێمە لێرەش خاڵێك بە بیری هەموو برایانم دێنمەوە ئێمە نوێنەری جەماوەرین, نوێنەری حکومەت و دام و دەزگا تەنفیزیەکانین, ئێمە دەبێ دەنگی جەماوەر بگەیەنین لێرە بە حکومەت و بە سەرکردەکان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر لە ئەندامان ماون قسەیان نەکردووە, وەختیش کەمە, ئەگەر مەجال دەدەن هەندێك ئیختیارات بکەم, بەڕاستی ئەوها نابێت, فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەمم ئەوەیە, خاڵە چارەنووسسازەکان کە هەموومان قسەی لەسەر دەکەین, فیدراڵی, ماددەی پەنجاو هەشت, سامان, پێشمەرگە, مافی چارەی خۆنووسین, دیارە وەکو ئەوەی کە لەکۆبوونەوەی پێشووی پەرلەماندا لێرە وەکو خەتی سوور باسمان کردن, ئێستا لەو پرۆژەیە وەکو ئەو بەرنامەیە نەهاتووە, ئەوەی کە لەکۆبوونەوەی پێشوو ئاماژەمان پێکردووە وەکو ئەو بەرنامەیەی ئێمە نەهاتووە, من پێشنیارم ئەوەیە کە ئێمە چۆن کاك عوسمان ئاماژەی کرد یاداشتنامەیەکمان هەبێت بۆ پاراستنی مەکانەتی پەرلەمان لە رووی سیاسی و مەعنەوییەوە, لەبەر ئەوەی جەماوەر چاوەڕێی ئەوەمان لێ دەکەن, یانی جێگەی مولاحەزەیە, جێگەی پێشنیازە ئێمە یاداشتنامەیەکمان هەبێت بۆ وەفدی باڵا لەگەڵ تەقدیری ماندووبوونیان, دیارە وەك ئەو برایانە ئاماژەیان کرد وەزعەکەی ئەوێ وا دەخوازێ, فشاری ئیقلیمی یە, هێزی فرەڕەگەزە, هێزی خەڵکی بەرامبەرە, ئەو وەزعەیە بەراستی هەر ئەوە هاتووە, بەس پەرلەمان جێگەی خۆیەتی کە مەرجەعێك یا یاداشتنامەیەکمان هەبێت لە چەند تەعبیرێکی جواندا بۆ مێژوو بۆ ئەوەی وەرەقەیەك بێت بە دەستمانەوە هێشتا ماویەتی بەیانیش ماوە و سێ خاڵی سەرەکی ماوە, ئێمە یاداشتنامەیەکمان هەبێت وەکو پەرلەمان ناوی بنێین ناڕەزایی, ناوی بنێین یاداشتنامەیەك, شتێکی وا هەبێت, ئەوە خاڵێك, خاڵێکی تریش وەك برایان ئاماژەیان کرد ئێمە ئەگەر مافی چارەی خۆنووسین جێبەجێ نەبوو, ئەو پرۆژەیە جێبەجێ نەبوو چار چییە؟ جیابوونەوە بۆ ئێمە دەگونجێ, ئینسیحاب لە بەغدا دەکرێت, شەڕ لە کەرکووك دەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بە گومانەوە تەماشای ئەو شتانە دەکەم زۆربەی ئەو شتانە کە شتی ئەساسین, بەتایبەتی مەسەلەی (جمهوریه العراق) کە تا ئێستا من بەراستی بەو وەڵامانەی کە جەنابیشت فەرمووت هەر قەناعەتم نییە وەکو خۆم, جمهوریەتی عێراق کە ئیتیحادیەی پێوە نەبێ, ئاخر لە دونیادا ئەو دەوڵەتانەی کەوا فیدراڵین دەوڵەتەکە فیدراڵیە ناوی فیدراڵیەتێکی لەگەڵە, بەس ئێمە لەعێراقدا هەر جمهوریەتی عێراق بێت و مەسەلەی فیدراڵیەتی کوردستان راستە

لەچەند ماددەیەکی دیکە وەکو بڵێی نەص هەیە، بەڵام هەر گومانی لێ دەکرێ و، جێگەی ئەوەیە کە گومانی لێ بکرێ، چونکە وادەزانم پەرلەمانی کوردستان پێویستە ئەو شتانەی کەوا وەکو دەڵێ خاڵی جێگەی گومانن، داکۆکی لەو شتانە بکەن، ئەوانەی کە شتی باش و چاکن و سەرکەوتوون ئەوا دەستخۆشی لەهەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە لە بەغدا شەڕی دەستووری دەکەن، بەڵام پەرلەمانی کوردستان کە دیارە جارێکی تر ئەگەر رەشنووسەکە ئیقرار کرا و هاتەوە جارێکی تر لە کوردستان بۆ ئیستیفتا بە گەلی کوردستان بڵێین خەڵکی کوردستان دەنگ بدەن بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق، وەك ئەوە وایە پەرلەمانی کوردستان لەحیاتی منداڵە شیرە خۆرەی کورد و کوردستان لەحیاتی ئەوانەی کە لەدایکیش نەبوون ئیمزا بۆ دەستورێك بکەن کە ئەگەر مافەکان وەکو پێویست تەسبیت نەبووبن، مەسەلەی ماددەی سێ، لەمادده سێ کە داکۆکی کراوە لەوەی شەعبی عەرەبی (فیه جزء من الامة العربية) ئەگەر قەرارە شەعبی کوردیش بەشدارە لەعێراقدا بۆ! با داکۆکی بکرێ، شەعبی کوردی جوزئێکە لە ئومەتی کوردی، یانی ئەو شتانە جێگەی گومانن بەڕاستی لە ماددەی پەنجاو هەشتیش بەڕاستی لە ماددەی 49 باسی ماددەی 58، لە ماددەی 58 دەبوو تا نووسینەوەی دەستوور ئەو تەتبیع و ئەحصاو ئیستیفتایەی لە کەرکووك کرابایە، کە نەکرا ئەو سەفەرەش بۆ ئەو دووساڵە دیسان زەمانەتێك چییە بەڕاستی، یانی پەرلەمانی کوردستان حەق وایە داوای زەمانەتێك بکات کە ئەو دوو ساڵە ئەوە حکومەتی بەغدا جێبەجێی نەکرد چی بکەین؟ والسلام عليكم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برادەران زۆر لەو خاڵانەی کە من دەمویست باسی بکەم باسیان کرد، تەنانەت ئەوەی کە من دەمەوێ سەرنجێکە، لە ماددەی 58 کە باس لەوە دەکات سەردەمی ئەیاد عەلاوی هەر مولزەم بوو بەوەی کە جێبەجێ بکرێ هیچی بۆ نەکرا، سەردەمی جەعفەریش، بەڵام من سەرنجێکم بەتێکڕایی لەسەر دەستوور هەیە، زۆر دەستووری تر و زۆر یاسای تر لە عێراق بوون کە لە بەرژەوەندی گەلی کورد بوون هیچیان جێبەجێ نەکراوە، ئێستا کە عێراق هەڵوەشاوە و ئێمە دروستی دەکەینەوە بە هەموو لایەکمان بە هەموو پێکهاتەکانی عێراق، خاوەن سوپا نییە، خاوەن دام و دەزگای ئەمنی بەهێز نییە، هەڵوەشاوە، جەعفەری تا ئێستا حیمایەی بەردەرگای ماڵی خۆی پێ ناکرێ، کە سەرۆك وەزیرانی عێراقە، سبەینێ ئایا زەمان چییە بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە جێبەجێ دەکرێ کە خاوەن سوپا بوون و خاوەن هێز بوون کە خاوەن ئیمکانیەت بوون، باس لەوە دەکرێت لە دەستوورەکە کە هاتووە کە جێبەجێ نەکرێ، ئێمە ئیلغای دەکەین هاوکات جوگرافیای هەرێمی کوردستان لە مەوقعێکدایە کە داگیر کەرانی کوردستان دەورەیان داوە، من پێم وایە دەبوایە لەدەستووردا هاتبا کە لەکاتێکدا جێبەجێ نەکرا (un) هاتبایە سەرپەرشتی بکردایە و بۆ بڕیاردان لە دوا چارەنووسی گەلی کوردستان، (un) بووبا زەمان بۆ هەموو، بەدرێژایی مێژوو ئێمە کە غەدرمان لێکراوە نەمانتوانیوە ئەو کێشەی ئێمە ببێتە کێشەیەکی نێو دەوڵەتی، بۆیە باشتر وابوو لە دەستووردا ئەوە جێبەجێ کرابایە کە (un) لە جێبەجێ نەکردنی دەستووردا حەکەم بووبا، یاخود بڕیارێکی تری کە مافی چارەی خۆنووسین یان بڕیارێکی چارەنووسساز کە گەلی کوردستان بیدات، سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی سەرەتا حەقی دەستخۆشی هەیە لە شاندی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان کە لە بەغدا دان، بۆ ئەوەی کە توانیویانە لەو پرۆژەیەدا تەسبیتی بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو دەستوورە ئەوەی کە تەماشا دەکرێت شتە جەوهەریەکان، مافە بنەڕەتیەکانی گەلی کوردستان وەك ئەوەی کە ئێمە لێرە باسمان کرد وەکو هێڵی سوور دانرا ئەوە نەهاتووە، ئەوە خاڵێك، و لەهەمان کاتدا تەبەنی مافی مرۆڤ نەکرایە لەم دەستوورە، حەق بوو تەبەنی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ کرابا وەکو ئەوەی هەیە، لەبەر ئەوەی لە دەستووری زۆر وڵاتاندا ئەوە تەبەنی کراوە، حەق بوو، ئەوەش تەبەنی کرابایە، لەسەرەتادا تەماشام کرد ئەوەی تێدا نییە، ئەوەش ئیحتیماله لە بن تەئسیراتی جانبە دینیەکەی ئەوە نەکرابێت، لەهەمان کاتدا مەسەلەی فیدرالیەت، من بە ڕوونی نابینم بەڕاستی و دواتر کە دەڵێ ( نظام الحكم فيها

جمهوري نيابي برلماني ديمقراطي اتحادي) ئيختياريەکەی لێ هەڵساوە لێرە و ئيختياريەکە نەماوە و مەسەلەی (حق تقرير المصير) بە ڕوونی نەهاتووە وەکو ماددەيەك و دواتر من لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو تەفصيلاتانەی کە جەنابت دات, من بەشێوەيەك تەفسير دەکەم و جەنابت بەشێوەيەك تەفسير دەکات, لەوانەيە عەرەبێك بەشێوەيەکی تر تەفسير بکات ئەو مەسەلەيە, تەفسيرەکان جودا جودايە, ئەگەر بە ماددە تەسبيت نەکرابايە ئەو مەسەلەيە, مەسەلەی سنوور من وای دەبينمەوە کە ئەوەی لێرە هاتووە ئەوە نييە کە ئێمە دەمانەوێت و تەسبيتيش نەکراوە, دواتر ئەو مەسەلەی کەرکووك کە دەڵێ تاکۆتاييەکانی 2007 چارەسەر بکرێت, زەمان چييە بۆ ئەو چارەسەر کردنە؟ ئەوەی ئێمە تێبينيمان کرد.....

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن من مەجالی ئەوەم هەيە قسە بکەم, لەبەر ئەوەی مەجالی هەمووانت دا يەك دەقە تۆ ناتوانی لەسەر دەستوورێکی گەورەو گران بەيەك دەقە ڕەئيی خۆت بدەی, ئەوانی تر هەقی قسەکردنيان هەبوو, منيش حەقی قسەکردنم هەيە و دەستيشی بۆ بەرزنەکراوەتەوە ئەو يەك دەقەيە, من هەر قسەم نەکردووە حەقی خۆمە کە مولاحەزاتی خۆم بڵێم, ئەگەر ڕوخسەت هەبێ, دواتر مەسەلە کەدەڵێ ڕاستە خصوصيەتی هەرێمی کوردستان هەيە, هەرێمەکان هەيە, بەڵام لێرە نەصێك هەيە دەڵێ هەر قانونێك لەو هەرێمە دەربچێت نابێت تەعاروز بکات لەگەڵ دەستوور, ئەوە خۆی لەخۆيدا ئێمە دەستی خۆمان دەبەستين لە دەرکردنی ياسايەکاندا, بەڕاستی من لەگەڵ پێشنيارەکانی بەشێك لە برادەرەکاندام کە ئێمە لەسەر ئەوە ديکۆمێنتێك هەبێت تەوسيق بکرێت, تاريخيەن بمێنێتەوە کە هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان چی بووە لەسەر ئەوە, لەبەر ئەوەی کە من تەماشای دەکەم ئێستا حەق نييە ئێمە بە شێوەيەکی قاتيعانە ڕەئيی لەسەر بدەين و دەبێتە پشتگيرييەك بۆ وەفدی کورديش لە بەغدا, ئەگەر تەعديلێك بکرێ لەو ماوەيە کە چەند ڕۆژێك و چەند سەعاتێك ماوە, مەسەلەی دابەش کردنی داهات ديسان ئەوە لێرە ڕوون نييە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤيان سليمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگيری قسەکانی جەنابت دەکەم, ئەگەر ديراسەی زروفی سياسی خۆمان ئێستا بکەين وابزانم پێمان باشترە کە ئێمە نوێنەری جەماوەرين لە بەرژەوەندی خۆمان دەبينين کەبەم پرۆژەيە ڕازی بين, سوپاس.

**بەڕێز بايزار ملکو اوهان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەتا مادده 135 دبێژيت (يضمن هذا الدستور الحقوق الادارية و السياسية و الثقافية و التعليمية للقوميات المختلفة کالترکمان و الکلدان والاشووريين) تەبعەن ڤێ دناڤ هاتييە تەعديل کرن ناڤ مورەکەب بێت بەرێ کلد و ئاشوری, ئەم قەت لگەل کلد و ئاشوری نينە, ڤێ کلدان خصوصيەتی خۆ هەن و ئاشوور ژ خصوصيەتی خۆ هەنە و ژێ تورکمان خصوصيەتی خۆ هەنە وريێژا مە لکلدانێ عێراقێ و نسبەتا مەسيحی عێراقێ 80٪ دايە و هەتا ديێ ڕاستێ ئەم قەوميا سێی پشتی کوردە, عەرەب و کورد و کلدان د هەميا تورکمانا پترين, مە ناڤێتە دڤێ کلدان و ئاشووری و تورکمان هەريەکێ خصوصيەتی خۆ هەبێ و هەريەکا حەقی خۆ هەبێت, مەعنا قەوميەتا وێ جودا بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من موداخەلەيەکم هەبوو و زۆر لەبرادەران باسيان لەوە کرد وتيان فيدراڵيەت نەهاتووە و وازح نييە, من حەز دەکەم ئەو تەوزيحە بدەم .....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفو کاکە وامزانی نوقتەی نيزامە, فەرموو...

**بەڕێز عادل محمد امين:**

فيدراڵيەت لەهەموو دونيادا يەکە, بەڵام ڕەنگە لە دەسەڵاتەکان دياردەکەوێت, يان دەوڵەتی فيدراڵی حکومەتيش دەڵێ ئەوە دەسەڵاتی منە ئەوەی بۆ هەرێم يان ئەڵێ ئەوە هی منە و ئەوە هی هەرێمە, يان هی هەرێم دياری دەکات و ئەوە

لای ئەوە, ئینجا لێرە زۆر بەجوانی هاتووە, ئیزدواجیەی دەسەلات هەیە, لێرە دەسەلاتی تەشریعی هەیە و تەنفیزی و قەزائی هەیە لە فیدرالێش هەیە, یانی ئەو مەوزووعە زۆر وازیحە, حەز ناکەم ئەوەندە باس لەو مەوزووعە بکرێ و زۆر وازیح هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز چەند خالێك هەنە, ئێك لە دەستووریدا ناڤێ کوردستان وەك کوردستان نەهاتووە, کەلیمەی کوردستان نەهاتیە, هەندێ چاوی خۆ دەخشێنم ئەز نەدیتیە, یان دژێ تەصویت وەختێ دێتە کرن, نە ئەم وەك پەرلەمان تا دبێژین ئا ئان نا, نوکە نە ئەوە وەکو ئەم بێژین ئا ئان نا, دووەم ئەم هەندەك خالێ لاواز بەرچاڤ دەکەین وان خالە پێشکێشی جەماعتێت خۆی لە بەغدایێ بکەین و هەم دیسان و هەتا لە ئیعلامێ دەرکەڤتێ و لکێرێ دەرکەوت و گەلەك باشە, چونکە خالێ لاواز گەلەکی تێدایە ولە بەرژەوەندی میللەتی کوردیش دانین, ئەز دێمە سەر مەسەلەی دین و دەولەت کە گوتی (ثوابت الاسلام) هەتا نوکە ئیسلام ئیتیفاق نەبێت لە سەوابتی ئیسلام دی چاوا ئەدیانی دی قانونەکی دیکە نەکەن, مەسەلەن ئەم دبێژی بۆ نموونە قانوی ئەحوالی شەخصیە و مەسیحی ئان یا یەزیدی ئەڤە تەعاروز دەکات ئان دەگونجێت لەگەلێ وان, چونکە قانونی ئەحوالی شەخصیە نەوەك ئیسلامیە, ئەڤە دبێت بێتە بەرچاوکرن و روونکرێ کە سەوابتی ئیسلام چ شتە, تەعاروزێ لەگەلێ دەکات لەگەلێ قانونی ئەحوالی شەخصی, ئەڤە یەك, یا دوویێ وەك گوتی (الادیان) دەبێ ناڤا ئەدیانێ بێنێت ژبەر یەك تشت, ژبەر چی؟ چونکە تا نوکە ئەدیان موعتەرەفن لە قورئانا هاتیە المسیحی و الصابئە هاتیە, بەس ئیزیدی نەهاتیە و کاکائی نەهاتیە تا نوکە کاکائی نەدیتینە و ئیزیدی نەدیتینە, ئێزیدی فەرقەکا ئیسلام و ڤێ ناوی ئەدیانا ناڤێت بێتە تەسبیت کرن, ناڤێ دین لەناڤ بێتە تەسبیت کرن, تا سوبە کۆسپێك نەبێ کە یەکێك وەکو جەعفەری و یەکی دی بێژی وەللا باسی ئێزیدیا ناکەین و بەحسێ هەندەك کەسی تر ئەوی لە قورئانا هاتیە, و قومیات ژ هاتیە وەکو (شعب العربی) کە جەماعەت باسیان کرد, بەس مەجلیسی ئیتیحادی ئەویش کەس جەلسە نەئاخزێ, ئەرێ مەجلیس ئەگەر رێژە بێتن مەجلیس ئیتیحاد ڤێ پێنجی سەدی بێت هەتا چاوا بێت دگەل عەرەبیا, ئەگەر عەرەبی بێت ئەو ئەکسەریەنە, ئەگەر ئەکسەریەت بێتن ئەم هیچ چ جارا ئەم مەجلسا سەرناکەوێت و بڕیاریش نادەن, دەبێت رێژە بێتە دیاری کرن, نسبەتا حەرس حدودێ بە پێشمەرگە حەرەس حدودن, ئەم دەزانین لە ولاتێ هەمیدا حەرەس حدود تابعی وەزارەتی دیفاعە, لڤێرێ حەرەس حدود تابعی وەزارەتی داخلیەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورن من تەنیا تەعلیقێکم هەیە, زۆر بۆچوونی جیاواز هەیە بە حەقیقەت و شەرحیش هەیە, پێم وایە لە 50٪ ئەو جەلسەیە پەلە بوو, یانی نەکرا تەرجومەی بکەین بیخوێنینەوە بەچاکی, لەبەر ئەوە مولاحەزەکان تەماشا دەکەم تکرار دەبێتەوە, و صیغەکە هەندێکی بەیەکەوە رەبتە, مولاحەزەی ئەوە بکەین زۆر جێگا نووسراوە (بقانون) (ینظم ذلك بقانون) ئەوە زۆر گرنگە, ئەگەر مولاحەزەی ئەوە نەکەین مومکینە لە بیست ماددەدا دابنیشی قسە بکەی, بەلام لە قانون لە مەجلیسی نواب کە دەکاتە پەرلەمانی عێراق قانونێکی لەدەستە دەربکات, ئەو قانونەش کە دەرچوو ئێمە حەفتاوحەفت ئەندامان لەوێیە, لە موستەقبەلدا چەند دەبێ هەبێت و ئەندامان دەبێت, بە تەئکید ویستی خۆمان و گەلی کوردستان لەوێ تەرح دەکەن, لەبەر رۆشنایی ئەو دەستوورە , لەبەر رۆشنایی ئەو دەستووره بنەماکانی هیچ قانونێك دەرناچێت دژی ئەو دەستوورە بێت و هەمووشی تەنزیم دەکات, بۆیە بە دلنیاییەوە دەلێم مولاحەزەکان بەسەرچاو, بەلام ئەگەر وەخت هەبا و تەرجومە کرابایە بۆ کوردی, وەخت هەبا لە تەلەفزیۆنەکاندا ئەوانەی قانونین شەرحیان کردبا ماوەیەك ئینجا ئەو کۆبوونەوەمان کردبایە, کۆنفراساتی لەسەر کرابایە, ئیجتیماعاتی لەسەر کرابایە, ئەو سوء فەهمە نەدەبوو لەسەر ئەو دەستوورە, من پێم وایە سوء فەهمێك هەیە لە تێگەیشتنەکە, ئەو دەستوورە زۆر لە مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا دیاری کراوە, نسبەتێکی زۆر گەورە ناتوانم بلێم سەد ئەوەندە بە داخوازیەکانی گەلی کوردستان و داخوازییەکانی پەرلەمانی کوردستان کە لەوێوە تاوتوومان لەسەر کرد وەکو مەبدەء تیادا دانراوە, بەلام ڤیرائەیەکی موتەئەنی دەوێت, وشەی عەرەبیش ئیحتیمالی قابیلی تەفسیرە, بەلام ئەی مەحکەمەی دەستووریەکە بۆ داندەرێت, ئەو مەحکەمە دەستوورییە لەو کەسانە دەبێت کە خەلکی پسپۆر و عادیل و بێ لایەنن, یانی قازیەك دانانرێت قازیەکە مەیلی عروبەی هەبێت, یاخود مەیلی حزبێکی ئیسلامی یا سیاسی هەبێت, یاخود مەیلی قەومیەی

كوردی هەبێت, قازیەك دەبێت كە عاشق و تەنیا پابەند بە قانون دەبێت, بۆ ئەوەی كە رایەكی دا لەلایەن هەموومانەوە قەبووڵ بكرێت, لەبەر ئەوە مەقصەدم لەوەدایە كە ئەو مولاحەزاتانەی كە دەبیستم هەموویان جێی رێزن, بەڵام پێم وایە بەشێكی زۆری بەندە بەوەی كە وەختمان نەبووە ئەو پرۆژەیە بخەینە خزمەتتان بە تەرجومە كراوی و بەشەرحەوە لەلایەن ئەوانەی كە لە قانون تێ دەگەن و لە وشەی عەرەبی باشتر تێ دەگەن, بەشێك لە مولاحەزەكانیان بەراستی بەندە بەوەی كە بەو پەلەپەلە هاتووە, كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەو رۆژە لە خزمەت جەنابتان باسم كرد, من هەر خۆم دڵم بە دەستوورەكە خۆش نییە, راستە شتی زۆر باش بۆ كورد نووسراوە بەراستی, بەڵام ئەساسەكەی كاتی خۆی دەستووری عێراقی هەبوو هیچی نەكرد, بۆ كوردی نەكرد و بۆ عەرەبیشی نەكرد, ئەوەی من دەمەوێ بیڵێم من لە خەباتدا بینیم نوێنەری بەریتانیا لە عێراق دەڵێ, فیدراڵیەت تەنها بۆ كوردستان لە سێ موحافەزەیە, ئەو قەتعی كردووە باسی كەركووكی هەر نەكردووە, مەبەستی ئەو سێ موحافەزەی ئێستایە, مەسەلەی كەركووك ئێمە لە رابردوودا لەدەستمان چوو, من پێشنیار دەكەم لە ئێستاوە لیژنەیەك هەبێ بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتانەی كە لە داهاتوو لە حكومەتی عێراقی نییە بتوانن لە مودەی تا 2007 كێشەی كەركووك چارەسەر بكەین, بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە باوەشی كوردستان, لەلایەكی تر ئەگەر ئەو دەستووره ئیمڕۆ تەئیید بكەین, ناتوانین تەئیید نەكەین چونكە شتەكە بە تەوافق بووە, میللەتی كورد ناتوانێ ئەمە رەفز بكات جارێكی تر, ئەمە تەئیید بكەین و میللەتی كورد رەفزی بكات, تۆزێ تەناقوض لە هەردوولا دروست دەبێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من رجایەكم هەیە نەك سەرتان بێشێنم, بەڵام ئەو قسانەی كە پێش دوو دەقە كردم تكرار دەكەمەوە, ئێستا جەنابت دەڵێی ئاماژە تەنها بە سێ موحافەزە كراوە, ئەگەر بێتو خاڵێك بخوێنیەوە بەتەنها وایە, بەڵام ئەمانە هەمووی بەیەكەوە بەستراون, خاڵەكەی تر دەڵێ ماددەی پەنجاوهەشتی خستۆتە ناو دەستوورەوە دەڵێ ماددەی 58 جێبەجێ بكرێت, ماددەی 58 كە دەكاتە كەركووك و (والمناطق المتنازعة عليها) واتە ئەو ناوچانەی كەوا خیلاف لەسەر هەیە, ئایا كوردستانە یان كوردستان نییە, واتە ماددەی 58 رێگای داوە كە بخرێنە سەر هەرێمی كوردستان, پێویست ناكات ئێوە نیگەران بن, من نیگەران نیم چونكە تاریخیش وادەڵێ و جوگرافیاش وادەڵێ, ماددەكەش جێبەجێ بكرێتەوە كەركووكیش و سنجار و خانەقین و مەخمور و توزخورماتو و كفریش و شوێنەكانی تر هەمووی دەگەڕێنەوە سەر كوردستان, هەر بە زۆرینەی خەڵكەوە, هەر بە حەقایقی تاریخەوە راپرسیش بكرێ, لە ماددەی 58 هاتووە راپرسی بكرێت پاشی سەرژمێری, كەواتە بۆچی نیگەران بین, چونكە دەگەڕێتەوە ئەی ئەگەر پێی وابێ بەتەنها ئەو سێ موحافەزەیە بۆ راپرسی دەكات, راپرسی خەڵكی كەركووك دەكات و راپرسی خانەقین دەكات, بۆ چییەتی ئەگەر رێگە نەدات هەرێمی كوردستان لەو سێ موحافەزەیە زیاتری هەبێت, بە عەكسەوە دەڵێ لە چەند موحافەزەیەك و چەند موحافەزەیەك, خۆ مەجلیسی ئەعلا داوا دەكات فیدراڵیەتێك لەو موحافەزاتانە هەبێت, نۆ مەحافەزەیە وەسەت و جنوب دەبێ یەك فیدراڵیەت هەبێ, كەواتە بۆ بۆ خۆی حەقە و بۆ ئێمە ناحەقە؟ فەرموو.

**بەڕێز اخر شیخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەشێوەیەكی عام تەئییدی ئەو دەستوورە دەكەم, چونكە وادیارە شاندی ئێمە بە هەردوو بەڕێزانەوە بەڕێز سەرۆك كۆمار و بەڕێز كاك مسعود سەرۆكی هەرێم و لەگەڵ شاندی پەرلەمان و نوێنەرانی ئێمە لە پەرلەمانی بەغدا و بە هەموو وەزیرەكانیشمانەوە لەوێ ماندووبوونێكی یەكجار زۆریان دیوە, ئێمە لەوان زیاتر دیراسەتی ئەو بابەتانەمان نەكردووە, بەحەقیقەت كە دەڵێ لایەنی بەرامبەریش زەعیف بووە, من واتێناگەم, لایەنی بەرامبەریش بەهێزە, دەوڵەتی عەرەبیان لە پشتە و دەوڵەتی تریشیان لە پشتن, هەمووشتیان بۆ ئامادە كردینە و موستەشاری خاصیشیان هەیە لە وەیەوە, بە شكلێكی عام ئەوەی ئێمە ویستومانە مادام بە تەوافقە نایەتەدی, چونكە ئەوانیش شتی تریان دەوێ,

بۆیه ئێمه لەهەندێ خاڵ ماوین, بەڵام هەندێ برادەر دەڵێ زەمان چییه لەبۆ دەستوور, زەمان ئەوەیه یەك بەند لەو دەستووره جێبەجێ نەبێ مانای وایە ئەو دەستووره هەڵئەوەشێتەوە بەپێی ئەو بەندانەی کەدیاری کراون لەناو دەستوور, که دەستووریش هەڵوەشایەوە ئەو کاتی ئێمەش قەراری خۆمان وەردەگرین, لێرەدا ئێمه بڵێین زەمان چییه قەراری خۆمان وەرگرت, ئایا ئێمه قەراری سەربەخۆیی دەدەین یا قەراری جودابوونەوە دەدەین, قەراری چ دەدەین؟ ئەو کاتی کێمان له پشته؟ ئەوه لێرەدا ئەو پرسیارە موهیمە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەجبورم هەندێ ناو تەرك بکەم, فەرموو.

**بەڕێز شمسه سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاره دەستخۆشیم بۆ ئەو سەرکەوتنه گەورەیەی که هێزی سیاسی کورد بەدەستی هێناوه, وەکو جەنابیشت فەرمووت که لەوه زیاتر ئیتر ئەم بەندانه قابیلی قبوڵ کردن نییه, لەوه زیاتریش ئیحتیمالە نەتوانرایە, بەڵام ئەگەر بڕیاره کەرکووك یەکێك بێت لەوانەی که نەتوانرێ جێبەجێ بکرێت و سەرەڕای ئەو بۆردانەی کەجەنابت باست کردن, بەڵام هەر ئەکرێت شەفافانه میللەتی لێ ئاگادار بکەین, وەکو ئەو شتانەی که هێلی سوورن بۆ میللەتی کورد, که دیاره ئەو زەمەنەش دانراوه تا دوو ساڵ یان تا سێ ساڵی تریش, هەر جۆرێك له موماتەڵەی پێوه دیاره, جۆرێك له کاڵ بوونەوەی پێوه دیار ئەبێت, ئەوه سەبارەت به مەسەلەی کەرکووك و, سەبارەت به مەسەلەی دینیش ئەگەر تەعاروزی نەبێت لەگەڵ سەوابیتی ئیسلامدا و له برگەی یەکیش تەعاروزی نەبێت لەگەڵ بنەما دیموکراتیەکاندا, دیاره حوریەتی عەقائیدیش هەیه, وەکو خوای گەوره ئەفەرمووێ(فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر), یەعنی ئەگەر یەکێك بیەوێت سفور بێت یان هەر چ بێت, هەر خۆی له سەوابتی ئیسلامدا لەوانه جێگای دەبێتەوه, بەڵام ئایا جەنابت پێت وا نییه, له هەندێ شت که پەیوەندی هەیه لەگەڵ بنەمای دیموکراتی یەکانگیر نابێت هەر لەگەڵ ئەو برگەی دووهەمدا؟ سەبارەت به تەوزیعی سوڵتاتیش, تەوزیعی سوڵتاتیش دیاره که بۆ هەرێمەکان مەسەله زیاتر له ئیداری دەچێت, که له سەرەوه مەرکەز تەنفیزیی دەکات بەسەر ئیقلیمەکاندا که ئەمەش ناتوانرێ بەهرەمەند بێ لەو سەروەری دەسەڵاتی سیاسییەی که جێی دەبێتەوه لەناو دەستووردا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەوەی که زۆری قسەیان لەسەر کرد, نامەوێت دووبارەی بکەمەوه, چەند خاڵێك هەیە, که کەس باسی نەکرد, من دەیڵێم, که شتێکی نوێیه, هەر له خاڵەکانی تره لەناو دەستوور که زیاتر عامه باسی حقوقی هەموو لایەك دەکات, لەماددەی 43 دا که باسی حقوقی عەشائر دەکات, لەوێ له ماددەی 43 له خاڵی دووەم, دەڵێت (تحرص الدولة علی النهوض بالقبائل والعشائر العراقیة), تەبعەن لێره دەستووری عێراق ئیش له سەر دروست کردنی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی دەکات, لێره باس لەوه دەکات دەڵێت حرصی هەیه لەسەر نهوضی, یەعنی بەرز کردنەوەی قەبائیل و عەشائیر ئیهتیمام دان بەم مەسائیله, دەکرێ لێره بگوردرێ بکرێ به احترام, با احترامیان بگرن, بەڵام نەك ئیش لەسەر ئەوه بکات که عەشائیر زیندوو بکاتەوه, چونکه ئەمه ناکۆکی هەیه لەگەڵ موجتەمەعی مەدەنی, ماددەیەکی ترمان هەیه باسی استفتاو دەکات, ماددەی 141, باسی استفتا دەکات له دەستوور, باسی اغلبیه البسیگه دەکات, پێم وایه اغلبیة البسیطة به زەرەی ئێمه تەواو دەبێت, 4\3 بێت باشتره, بۆ ئەوەی حقوقمان زامن بێت. له ماددەی 22 باسی نیقابات دەکات, دەڵێت تکفل الدوله حق تکوین النقابات والاتحادات المهنیه, یەعنی که دەوڵەت, بەڵام لێره ئێمه دەبێت بزانین دەوڵەتی ئیقلیمی یەعنی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان نیقاباتی هەیه دەبێت خۆی ئەو حەقەی هەبێت له دانانی نیقابات و ماف و, ئەو شتانەی پیبدات نەك له مەرکەز, ئەگەر ئیجازەم بدەن, تەبعەن ڕێزم هەیه بۆ هەموو ئارائەکان, بەڵام زۆربەیان هەست بەوه دەکەن که حەقمان خورابێت, ئەگەر حەق بێت, حەق شتێکه واقیع شتێکه, حەقی دەوڵەتمان هەیه, نەك حەقی ئەوەی که ئاوا داوای مافی خۆمان بکەین, بەڵام واقیع شتێکه, شتێکی تر جەماعەت باسی ئەوه دەکەن

دەڵێن: ئەمڕۆ ئێمە لە لووتکەی هێزین, بەڵێ دوایی ڕەنگە ئەو حەقە ناتوانین بسێنین, من پێم وایە ئەو حەقە کە ئێستا بە کەمی دادەنێین بۆ ئێمە دابین کرایە, ئەوە زەمانی بە قوەت کردنی ئێمە دەدات لە دوارۆژ, ئەو کاتە دەتوانین دەوڵەت دروست بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, تکایە دیسان دەیڵێمەوە, مولاحەزەی ئەوە بکەن, تۆ دوو مولاحەزەت دا, هەردووکی بە جێ بوو, بەڵام لە هەردووکیان نووسراوە بقانون, کەواتە تەفصیلاتی هەیە, قانونی بۆ دەردەچێت, دووەم عەشائیر کە باسی عشائیرت کرد, دەیخوێنمەوە, چونکە گرنگە سێ خاڵە بەیەکەوە بەستراوە, یەکەم دەوڵەت کۆمەڵگای مەدەنی دروست دەکات, ئاگادار بە لەوەی کۆمەڵگای مەدەنی دەعمی دەکات, پێشی دەخات, سەربەخۆیی دەپارێزێت, بەرێگایەکی ئاشتیانە جێبەجێ دەکرێت, ئەوەش بە قانون, ئەوە یەك, دوو دەڵێت, دەوڵەت هەڵدەستێت بە پێش خستنی واتە نهوض, یەعنی دروست کردن نا, نهوض یەعنی بۆ ئەوەی عەشائیر لایەنە باشەکانی یان قیەمە نەبیلەکانی لە عادات و ئەخلاق و ئەوانەیە, نەك عاداتی ئەوەی کە موجتەمەع قبوڵی ناکات, یان قانون قبوڵی ناکات, چونکە یەکەم بەندە بەوەی کە موجتەمەعی مەدەنی دروست دەکەین, دووەم بەندە بەوەی کە نازانم نهوض بە کوردی چی لێدێت, گەشەی پێدەکەی, گەشە کردن بە پێی قانونە, نوقتەیەکی تریش هەیە لە خاڵی سێیەم هەر لەسەر عشائر, دەڵێت پێش خستنیان بۆ ئەوەی لەگەڵ ماڤ مرۆڤ بگونجێ, یەعنی ئەوە زۆر گرنگە, یەعنی ئەو شتانەی کە لە خەیاڵی تۆدا هەیە, لە خەیاڵی زۆر کەسی تریشدا هەیە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەقیمی من بۆ ئەو ڕەشنووسە ئەوەیە کە من لە دوولایەنەوە سەیری دەکەم, ئەوەی کە سەبارەت بە بەرژەوەندییەکان و مەسالحی کوردستانییە, بەڕاستی لە 90٪ تموحاتی ئێمەی تێدا بەرجەستە کراوە, جێگای دەست خۆشییە, ئەمە دیکۆمێنتێکی مێژووییە بۆ هەتا هەتایە, بەڕاستی نەوەکانی داهاتوومان تەسەوڕ دەکەم, شانازی بکەن بە سەرکردایەتی کورد, بە هەموو رۆشنبیر و هەموو ئەوانەی کە تەزحییەیان دا لە پێناوی ئەوەی تاکو ئێمە گەیشتووینە ئەو بەرهەمە ئەم دیکۆمێنتە لە وڵاتێك بەناوی عێراق بێتە دی, ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە, بەڵام لەلایەنی ئەگەر ئەو دەستوورە هەمیشەیەی عێراق کەسەیری دەکەین, وەکو دەستوورێکی عێراقی گشت گر, یەعنی لە هەندێ ماددەکان بەڕاستی تەناقزێکی زۆری تێدا هەیە, کرچ و کاڵی تێدا هەیە, و نەواقسێکی زۆریش, بەنیسبەت ئەو دیموکراتیەتەی کە ئێمە تەسەوڕمان دەکرد, کە ببین نموونەیەکی زۆر بەرز لە (الشرق الاوسط), هەرچەندە ئێستاش دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە بەنیسبەت (شرق الاوسط), بەڵام هەموو ئەو شتانەی تێدا نییە, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتە متەناقزو دژ بە یەکەی کە لە عێراقدا هەیە و, ئەوان بەداخەوە زۆرینەی نفووسی عێراقیش پێك دەهێنن, ناچاریش بووینە لەو زرووفە ناخۆشە و لە ژێر سوڵتەی کۆمەڵێك شتی ناخۆش کە لە عێراق هەیە, بەتایبەتی ئەو وەزعە نا ئەمین و نا موستەقرەی کە هەیە, موجامەلەیان کراوە, زۆر بە وازیحی دیارە, مەسەلەن یەك لە بەندەکان دەڵێت دەبێت لە بەرچاو احترامی شەعائیری دینی بگیرێ لەوانە شەعائیری حوسێنییە, من نازانم ئەوە باوەڕ ناکەم لە هیچ دەستوورێکی عالەم هەبێت, ئێمە وڵاتێکین پڕە لە دین و مەزاهبی جۆراو جۆر, بۆ دەبێت تەنها احترام لە شەعائری حوسێنی بگیرێت, یەعنی ئەوە زۆر وازیحە بۆ تاریخ, موجامەلەی شیعە کراوە, چونکە ئەوان پێیان داگرتووە لەو مەوزووعانە, تەبعەن تۆش بۆ ئەوەی هەندێ دەسکەوتی تر بە دەست بهێنی, ناچار بووی ئەوەی تێ بخەی, ئێمە دەبێت زۆر واقیعی بین و تێبگەین, بەڵام بۆ کورد من بە دەسکەوتێکی زۆر گەورەی دەزانم, بەڵام ئەگەر رووخسەت هەبێت, من یەك پرسیار لە جەنابت دەپرسم کە لە دنیا نیزامی وامان هەیە, کە فیدڕالی ئیقلیمیمان هەبێت و, هەم هی موحافەزاتیشمان هەبێت, ئایا ئەمە مەترسی نابێت لە هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا, ئەمە شتێکە حەزیش دەکەم بۆ ئەوەی ئێمە هەڵوێستێکمان هەبێت وەکو پەرلەمانی کوردستان, دەزانین ئەوان یەکجار زۆر هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی ناوی عێراق بگۆڕدرێ بۆ عێراقی فیدڕالی یان ئیتیحادی, بەڵام با ئێمەش ئەوە بخەینە دەنگدان, هەر لەو هۆڵە لە کۆتایی

دانیشتنەکەمان کە پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت ئەم بەندە وا بگوڕدرێت کە عێراق ناوی ببێتە عێراقی فیدراڵی یان عێراقی ئیتیحادی, یەعنی هیچی تێ ناچی ئەگەر ئێمە ئەو پێشنیارە بکەین, ئەگەر لەوێش رەفز کرایەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام ئێمە کەوتووینە دواوە زۆربەی شتەکان قسەی لەسەر کراوە, ئێمە ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ ئەو دانیشتنەی کە لە $8/5$دا بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە لێرە حزوری هەبوو, قسە لەسەر ئەو خاڵانە کرا, کە دەتوانین بڵێین کەمترین داواکاری یان حقوقی میللەتی کورد و کوردستانیە, بۆ چەسپاندنی لە دەستووری دائیمی عێراقدا, ئەگەر بەراووردی بکەین لەگەڵ ئەوە, بەڕاستی بەنیسبەیەکی زۆر دڵخۆشکەر تەسبیت بووە و جێی دڵخۆشییە بۆ هەموو لایەکمان, بەلاّم ئیتر بە ئەزموونی رابردوومان کە بەڕاستی هەمیشە لە رابردوودا دەستمان بە کۆمەڵێ شت چزاوە, کە شت وازیح نەبێت, زۆر ناتوانین متمانەی لەسەر بکەین, غموزیەتی خاڵەکان کە بە تایبەتی خاڵی مافی چارەنووس حەق وایە یەعنی وزوحیەتێکی زیاتر بەدی بکرێت, خاڵێکی تر کە ماددەکە نازانم رەقەمەکەی چەند بوو, نیسبەی ژنان, ئەو نیسبەی کە دیاری کراوە لە $25\%$ کە هەر لە دەستووری تاڵیشدا بە هەمان شێواز تەسبیت کرا بوو, ئێمە وەکو ژنانی کوردستان ئەگەر جەنابتان ئاگادار بن لەماوەی رابردوودا قسە و باسێکی زۆرو استفتاو راو وەرگرتنێکی زۆر و, ئیعلامێکی زۆر لەسەر ئەوە کرا کە نیسبەکە لە $33\%$ کەمتر نەبێت و, زۆرینەی دەتوانم بڵێم کە هەموو ژنانی کوردستان داوای ئەوە دەکەن کە نیسبەکە لە $33\%$ کەمتر نەبێت, بەڕاستی ئەگەر چی وەکو قەناعەت, ئێمە لەگەڵ نیسبە نین, ئەبێت کەفائە و لێهاتن بێتە ئەو شوێنانە, بەلاّم هەموومان ئەوە دەزانین کە لە رابردوو ئافرەتان مەحرووم بوون کە پێکهاتەی عێراق نزیکەی لە $60\%$ی ژنانە ئێستا بەلاّم تۆ لە $25\%$ی بۆ دیاری بکەی, دیاری کردنەکە ئێمە وەکو ژنان لەگەڵیان نین, کەفائە بێت, بەلاّم ژنان دەرنەکەوتوون و کەفائەیان ئیشی لەسەر نەکراوە, ئەگەر مەرحەلەیەکی دووجارەش بێت هەتا وەکو کەفائەی ژنان دەرکەوێت, وابزانم شتێکی باشە لە $33\%$ کەمتر نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو شێخ ادهم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خالّەکا شولی هی کارێ نیزام, بەرەئیا من ئەڤە دەستوورە کو ئەڤرۆ کەفتیە بە دەستێ مە, کەسی و نە وەرەقە دیباجە وی دبیتە چل وەرەقە, هەندێ مولاحەزات دێتە کرن, هەمە برایێ کو دەهاخەڤن, ئەگەر رەئیا وەیە موسبەتیش بی نیسبەتا ڤێ دەستوورێ یێت هەمە ڤێ نیسبەتیە تێدا نابینن, یێ باشیا تێدا نابینن, ئەگەر ئەسبابێ ڤە دەستوورایا باش نییە, دبێژن یا باشە بەلێ, ئەزێ پێهەناستم تێدا بن, چونکە من وەخت نییە ئەسبابێ بخینم کا باشیت ڤێ وی هەنە, ئەز پێشنیار دکەم, جەنابیتە هەندێ شت بزانن کا هەیە گوتیا جەنابت من چەند ناوی دیدا جا وا باشی بۆ مە بەخێر یا نەخێر, بەلێ ئەز پێشنیار دەکەم, ئەگەر بێخیە دەنگدانیش بۆ هەندێ مە هەمیا وەختا بی سەرا بچیا ڤە بخوینین, چونکە بەرەئی من $97\backslash98$ لسەر پەرلەمانتارێ بەڕێز, مومکینە دەستوورا دیتەی, ئەگەر وەختەکە بدەی مە با بخینین, مەنتقی تر لسەر ڤێ دەستوورێ بئاخفین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مولاحەزەکی چاکە, ئێمە دەنگ بۆ ئەو دەستوورە نادەین, ئێمە دەستوورەکە دانانێین تا دەنگی لەسەر بدەین, تەنیا پەسەندی دەکەین کە تەقدیم کراوە, بۆ مەجلیسی نواب لەوێ تاوتوو دەکرێت, لەوێ ماوەیەکی ماوە دەتوانین لە پاشی کۆبوونەوەکاندا, ئەگەر پێتان باش بوو, پەسەندی بکەین و, مولاحەزاتەکانیشیان پێدەڵێین تا سبەی ئێوارە مەجال هەیە, ئەگەر بۆیان بکرێتن ئەو خالانەی کە گرنگن لە دیباجەدا وشەی کوردستان داخیل بکەن, هەندێ شتی تر زۆر زەقە چاك بکرێتن, پێیان دەڵێین ئەگەر بۆیان بکرێتن باشە, ئەگەر ناوەکان بەسرە بێت باشە, کاك رەمەزان, فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من پێویستە دەست خۆشی و ڕێزمان بۆ برادەرانەی کە لە بەغدا, لە هەموو ڕوویەکەوە ململانێیان کردووە, خەباتیان کردووە بۆ گەیشتن بەم دەستوورە, ئەگەر چی هەموو خواستەکانی گەلەکەمانی تێدا نەبێت, بەڵام ئەوەی چەند ڕۆژێك لەوەو پێش لە تەسریحات و رای خەڵك ئەمان بیست, ئەمە زیاتری لەوە تێدایە و خەڵك زۆر رەش بین بووە, ئەوەی هاتۆتە بەردەمی ئێمە, ئێمە لیژنەی سیاغەی دەستوور نین, هاتووین تێبگەین, وەکو رەئی خۆمانی لەسەر بدەین, نەك بێین راستی بکەینەوە, چونکە ئەو بەڕێزانە لیژنەی داڕشتنی دەستوورن, ئەوان لەبەردەمیان دا هەیە, ئێمە واقیعی ئەمڕۆی هێزی بەرامبەر کە دەڵێی لاوازە لەرووی سەربازییەوە لاوازە, بەڵام ئەمە شەڕ نییە, ئەمە شەڕی دەستوورە, شەڕی پەرلەمانە, ئەوان لە رووی عەدەدیەوە زۆر لەمە زیاترن, بە قوەت ترن, ئەوەی کە بەدەست هاتووە, پێم وایە لە جێی خۆی دایە کە مژدەیەك بێت بۆ میللەتەکەمان و, پشتگیری لێبکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك دلێر, فەرموو.

**بەڕێز د.دلێراسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا ئەگەر ئێمە بچین گفتوگۆ لەگەڵ سەدام حسێن بکەین, لە زیندانەکەیدا گفتوگۆی لەگەڵ بکەین وەکو کورد, من پێم وایە مل نادات بۆ داخوازییەکانی ئێمە, لەگەڵماندا رێك ناکەوێت, حەددی ئەدنای داخوازییەکانی ئێمە جێبەجێ ناکات, زۆر لەوانەی کە ئەمڕۆ دەسەڵاتداران لە عێراقی ئەمڕۆ, ئێمە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەین, وەکو بیر کردنەوە لە راستیدا نوێنەری هەمان چین و توێژاڵی کۆمەڵایەتین, من پێم باشە ئێمە دەست خۆشی لە سەرکردایەتی خۆمان و شاندی کوردی بکەین, بۆ ئەوەی کە توانیویەتی لایەنی کەمی داخوازییەکانی نەتەوەی ئێمە و خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات, تەبعەن ئەمە رەشنووسە, من پێم وا بێ ئەو نوسخەی کە کەوتۆتە دەست ئێمە, بەداخەوە کە بە باشیش نەمان خوێندۆتەوە, تەنها نوسخە نییە, چونکە من دوێنێ بەرنامەیەکم بینی, گفتوگۆیەکە بوو, لەگەڵ بەڕێز د. فوئاد مەعصوم, دیار بوو ئەوە دەسنووسێکی لەلا بوو, لە بەرنامەیەی جەزیرە دوو دەستنووسی تریان لا بوو لەلای دوو کەسی تر جیاواز بوو, بەڕاستی من ناتەواوییەك دەبینم لەم مەسەلەیە, تێکەڵ و پێکەڵیەك دەبینم لەم مەسەلەیە, بەندەکانی ئەم رەشنووسە تێکەڵ و پێکەڵییەکی زۆری تێدا هەیە, بابەتێکی زۆری تێدایە بۆ پاشەگرتن, مەجالێکی زۆری تێدایە بۆ بازادان و بۆ هەزم کردنی مەسەلەکان, بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم کەم و کورتییانە وەکو وتم, من بە باشی دەزانم, ئێمە دەست خۆشی لە سەرکردایەتی خۆمان و, شاندی کوردی بکەین, کە توانیویەتی لایەنی کەم جێبەجێ بکات, جگە لەوە من پێم وابێت باشترین گرێنتی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم دەستوورە و, دابین کردنی مافەکانی کورد, بریتیە لە یەك خستنی ماڵی کورد, ئێمە دەبێت لەگەڵ ئەو تێبینیانەی کە ئەیدەین جەخت بکەین لە یەك خستنی ماڵی کورد, چونکە ئەم رەشنووسە لەوانەیە پەسەند بکرێت, لەوانەیە رەت بکرێتەوە, لە هەردوو حاڵەتەکە پێویستە ئێمە لە بە هێزییەوە قسە بکەین, بۆیە پێم باشە ئەم مەسەلەیەش جێبەجێ بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز, فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەرەتا من قسەم لەسەر دیباجەکە هەیە, چونکە لە پێشەوە خوێندوویەتیانەوە, یەکەم جار برادەرێك وتی لە بەیانی سیاسی دەچێت, من بەلای خۆمەوە بەشێکی زۆری لەوە دەچێت, کە موقدیمەی خوتبەی مەلایەکی شیعە بێت, یەعنی دیباجەکە, ئەوە یەك, دوو, زۆر غوبنی تێدا هەیە, باس کرا باسی سوننەو شیعە کرا باسی کورد و تورکمان کرا, باسی کلدان و ئاشووری نەکرایە, یان باسی مەسیحی نەکرایە, کە باسی غوبن و زوڵم دەکرێت, لەسەر نەتەوەیەك, لەسەر

گەلانی عێراق, ئەگەر بەراوردی لەگەڵ کوردستاندا بکەین, نیسبەکەی لە هەمووی کەمترە, خراوەتەوە ئاخیری, بە ئەوەی کە گوایا ئەتوانرێ ئەوەی ئەغلەبیە شیعەیە, ئەویش زوڵمی لێ کرایە لە خەتی حەوتەم نووسرایە, ئەوی تر خراوەتە خەتی نۆیەم, یەعنی خراوەتە خەتی ئاخیری, کە ناوی ئەهوار هاتووە, دەبوایە لایەنی کەم ناوی کوردستان بێتن, ئێمە بارزان و هەڵەبجە دوو نموونەی خەبات و قوربانیدانن بۆ ئێمە, بەڵام ئەوان نموونەی خەبات دانن, ئینجا کوردستانیش بە عەرەبی نووسراوە کردستان, نەك بە کوردی, دەبوایە بگوترایە کوردستان و ئەمانە وەکو نموونە بهێندرێنەوە, لە ئاخیری مافی چارەی خۆنووسین و باسی ئەوە دەکرێت, من لێرە دەبینم یەعنی مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسین وازی لێهنرایە, ئێمە بەڕاستی ڕێزمان هەیە و, تەقدیرمان هەیە, سەرباز و پێشمەرگەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانین, بەڵام دەبێت خەڵك بزانێت وازی لێهنرایە, ئەو خاڵەش لە ئاخیر دیباجەکە کە گوایا تەعویزی دەکاتەوە, نەخێر هیچ تەعویزی ناکاتەوە, ئەم مەسەلەیە, الالتزام بهذا الدستور یحفظ للعراقین اتحاد حر شعباً و ارضاً وسیادة, یەعنی مانای ئەوە نییە, ئەوە عەقدە مەصیری سەلمایە, یان ئەگەر نەسەلما ئەوە بی, بە عەکسەوە مانای ئەوە قانون نییە, یاسا نییە, کە یاسا نەبوو بەزەرووری شەرت نییە عەقد تەقریر مەصیر بکات, رەنگە عێراق پانزە ئیمارات یان هەژدە ئیمارات بێ, لەبەر ئەوە مافی چارەی خۆنووسینی تێدا نییە, لەلایەکی تریش فێلێیکی تریشی تێدا هەیە, کاتی خۆی لە دەستووری ساڵی 58 نووسرایە, کورد و عەرەب شەریکن لە عێراقدا, ئێستا ئەو مەسەلەشی تێدا نییە, نووسرایە متعدد القومیات, ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ نەتەوەکان, هەموویان یەکن لە ماف و لە ئەرکدا, بەڵام ئەگوترا دوو نەتەوە, یەعنی دوو نیشتمان, کە دەتگووت دوو گەل, یەعنی هەر گەلێك بە پێی بەندی نەتەوەکان مافی چارەی خۆنووسینی هەیە, مافی چارەی خۆنووسینیش قابیلی نەسازش کردنە, نە قابیلی گفتوگۆ کردنە, مافی گەلانە لە دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین, لە کۆتاییدا داواکارم ئێمە تەحەفوزمان هەبێت لەسەر ئەم بەندانە, ئەو مەسەلانە بە ڕۆژێك و دوو ڕۆژ نانووسرێت, ئەمە واقیعی کوردستان چییە, واقیعی دوارۆژمان چییە؟ بیر بکەینەوە, زۆر جار بیر دەکرێتەوە, ئایا گەلی کوردستان, جیا ببێتەوە دەتوانێ بژی, منیش بڕیار دەدەم, ئەگەر لەگەڵ کەسێك کە بڕوای بە فیدراڵیەت نەبێت, بڕوای بە مافی چارەی خۆنووسینی ئێمە نەبێت, ئایا دەتوانم لە داهاتوو لەگەڵیدا بژیم, لەبەر ئەوە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی گرنگە, حەقە تەحەفوزی خۆمان نیشان بدەین, وەکو پەرلەمانی کوردستان و, بیخەینە ڕوو, ئێمە دەنگ لەسەر ئەو مەسەلەیە نەدەین, چونکە ئەمە لە داهاتوو ئەو مەسەلەیە بڕیاری لەسەر دەدرێ, ئێمە تا ئێستا عێراقی نەبووینە, ئێستا لە ژێر غوبن و زوڵم دەمانەوێت جارێکی تر خۆمان بکەینەوە عێراقی, ئەو عێراقەی کە ئێمە دەمانەوێت نا, ئەو عێراقەی کە خەڵکێك دەیەوێت کە مافی ئێمە ناسەلمێنی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئیەکەت تەبعەن بۆ چوونێکە تەعبیر لە رەئی خۆت دەکات, ئێمە عێراقین بۆیە ئەو دەستوورەمان نووسیەوە, بەڵام عێراقێکی تازەین, عێراقی دیموکراتی فیدراڵین, عێراقێکە کە مافەکانمان لەم ڕۆژەدا بە شێوەیەکی زۆر ڕێك و پێك, زۆرینەی داواکارییەکانمان جێبەجێ بووە, بەڵام هەر رەئیەکیش بگووترێت موحتەرەمە, جێگای خۆیەتی, کاك د. نووری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پێویستە ماندی نەبوون لەو وەفدە کوردستانییە بکەین کەوا لە بەغدان, چونکە دەزانم تووشی سەرئێشە و گیروگرفتێك بووینە لەگەڵ ئەو تاقمەی کەوا لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی گروپی عروبەیی و مەزهەبی عێراق دەکەن, بەشێکی بەرچاو لە داوکارییەکانی گەلی کوردستان لەو رەشنووسەدا دیاری کراون, بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کەوا رەخنەمان لەو رەشنووسە نییە, گلەیشمان لێرە ئەوەی کەوا ماوەمان نەبوو, بتوانین بە وردی تەماشای بەندەکانی ئەم رەشنووسە بکەین, من لە دیباجەکەوە دەست پێدەکەم, کە وەکو ئەو برایە فەرمووی, لەوە دەچێت لە لایەن ئاخوندێکەوە نووسرابێتەوە, باس لە قیادەی دینی دەکات, پێش قیادەی وەتەنی, مەبەستیش لێرە قیادەی مەزهەبییە, ئەویش بۆنی ویلایەتی فەقیهی لێدێت, کە لە ماددەی 10 دا ناوی (المقامات الدینیە)ی هێناوە, کە باس لە (القمع القومی) دەکات, بە ئەنقسەت باس لە سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی ناکات و, ئاماژەش بۆ خاپوور کردنی زیاتر لە

4000 هەزار گوند و شارۆچکەی کوردستان ناکات, بەلاَم ناوی گونـدی بەشـیر دێنێت, دیباجەکـە بـە شـەرمەوە بـاس لـە پرەنسیپی یەکێتی ئارەزوومەندانە دەکات, ئەویش بە مەفهوم و موخالەفەوە, دەتوانین بڵێین شتێکی وای تێدا هەیـە, بـە هیچ شێوەیەك باسی چارەی خۆنووسین ناکات, کە باس لە فیدرالیەت دەکات, ناوی دەوڵەتەکەی دیاری نـەکردووە, لەبـەر ئەوە ئێمە ناتوانین لەمـەودوا بڵێین دەوڵـەتی عێراقـی فیـدراڵ, دەبێت بڵێین دەوڵـەتی عێـراق, هـەروەکو لـە سـەردەمی سەدامیشدا هەروایان پێدەگووت, دوێنێ یەکێك لە ئەندامانی گروپی کوردستانی لە یەکێك لە تەلەفزیۆنەکانی کوردستان باسی ئـەوەی دەکـرد, کـەوا ئـەو مافانـەی کـەوا لێـرە چەسـپاون, بەنیسـبەت هـەرێمی کوردسـتانەوە, لـە هـیچ دەوڵـەتێکی فیدراڵیدا ئەو مافانە نین, نـازانم ئـەو بـرادەرە ئـەو بۆچـوونەی لـە کوێ هێنـا, دەوڵـەتی ئیمـاراتی عـەرەبی, ئیماراتـەکان خاوەنی سەروەتی خۆیانن, جەیشی تایبەتی خۆیان هەیە, پۆلیسـی خۆیـان هەیـە, دەتـوانن راسـتەوخۆ خۆیـان چـەك لـە دەوڵـەتانی دەرەوە بکـڕن, هـەروەها جنـوبی سـودان جمهوریيـە, هـەروەها کۆمـاری سـربیاش لـە چوارچـێوەی دەوڵـەتی بۆسنییە, رەشنووسەکە هەروەکو وتم چەند پرەنسیپێکی چاکی تێدا هەیە, بەلاَم من لێرە تەنیا ئاماژە بۆ چـەند خاڵێـك دەکەم, یەکەم ئەوەیە کە باسـی لـە پێکهاتـەی عێـراق نـەکردووە کـە لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی پێکهـاتووە, مەبەسـتیش ئەوەیە کەوا عێـراق لەسـەر خـاکی دوو نەتـەوەی سـەرەکی دروسـت بـووە, چونکە بەشـێکە لـە عەرەبسـتان و, بەشـەکەی تریش بەشێکە لە خـاکی کوردسـتان, باسـی پێکهاتـەی پەرلـەمانی عێـراق دەکـەم, راسـتە دەڵێـت کـەوا پەرلـەمانی عێـراق پێکهـاتووە, لـە دوو ئەنجومـەن, یـەکێکیان نـاوی مجلـس النـواب, ئـەوی تریـان المجلـس الاتحـادی, بـەلاَم هـەموو دەسـەلاَتەکانی بـە ئەنجومـەنی یەکـەم داوە بـۆ چـاودێری کردنـی کاروبارەکـانی سـوڵتەی تـەنفیزی, جـەنابت چـەند جـار ئاماژەت بەوە کرد تکا دەکەم کەوا چونکە مەسەلەکان قانونین باسیان دەکەم, کەوا ئەوانە بە پێی قانون دیـاری دەکـرێن, لەراسـتیدا ئێمـە لـەوە زەرەرمەنـد دەبـین, چـونکە لـە قـانونی پەرلـەمانی عێراقـی کـە ئـەمان لێـرە مەبەسـتیان تـەنیا مەجلیسی نوابە, قـەت کورد دەسـەلاَت بـالاَ نابێـت لـەو ئەنجومەنـەدا, هـەموو لـە ژێـر دەسـەلاَتی ئەمانـدا دەبێـت, ئـەوان قانونەکان بەسەرمان دا دەسەپێنن, نەصی ئیتحادی کە لە بەندی 63دا باسی لێکراوە, دەڵێت بـە قـانون دیـاری دەکرێـت, کام قانون, ئەو قانونەی کە ئەوان بۆمان دادەنـێن, هـەروەها مـاددەی 90 کـە باسـی مەحکەمـەی ئیتحادی عولیـا دەکـات, دەڵێت ئەندامانی ئەو مەحکەمەی لە قانون ناسان و لە (خبراء في الشريعة) ئـەمیش لێـرە مەبەسـتیان دیـار نییـە, چـەند ئاخوندێك دێنن لێرە دایان دەنێن, کەوا لێـرە بـبن بـە ئەنـدام مەحکەمـەی ئیتیحادی عولیـا, بـاس لـەوە ناکـەم کـەوا لـە ماددەی 109 باس لە نەوت و گاز دەکات, کەوا موڵکی گەلی عێراقە, لە ماددەی 106دا دەڵێت (مکاتب الاقليم) هەیـە (في الشؤون الثقافيـة والاجتماعيـة والتنميـة المحليـة), بـەلاَم بـاس لـە کاروبـاری بازرگـانی ناکـات, سـێنزە سـاڵە ئێمـە دەزگـای حکومەتی خۆمان هەیە, پەیوەندی بازرگانی پەیدا بووە لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەدا, بەم حاڵەتـە بێـت, ئـەم پەیوەندییـە بازرگانییانەی کە پێشتر هەمان بووە, ناتوانین راستەوخۆ پەیوەندی لەگـەڵ ئـەم دەوڵەتانـە بکـەین, دێینـەوە سـەر باسـی کەرکووك کـە لـەماددەی 149 دا باسـی کـردووە, مـن جـەنابی سـەرۆك مـن تـەنها باسـی ئـەوە دەکـەم, کـە خـەڵکی شـاری کەرکووکم, ئاگاداری باری ئەوێم, خەڵکەکە تووشی ئیحبات بووە, من زۆر لەوە دەترسم کـەوا ئـەو خەڵکـە نەچـێت نـاوی خۆیان بنووسن, ئەوەی کە بەدەسـتمان هێنـا, لـە هەڵبـژاردنی 1/30 دا بەدەسـتی نـەهێنن, بەڕاسـتی کـارێکی زۆر خـراپ دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, تۆ بایی دوو کەس قسەت کرد, فەرموو, بەڵێ نوقتەی نیزامە, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم, ئەوانەی مولاحەزەیان زۆرە, یەعنی هەندێ تێبینیان هەیە, لەسەر خاڵەکان, بۆ کورت کردنـەوە کـات دوایی دەکرێت تەقدیمی جـەنابتان بکـەن و, لـەوێ ئیزافـەی بکـەن و بینێـرن, هەنـدێکی لێـرە بـەکورتی بڵێنـەوە, دوایـی تەقدیمی جەنابتانی بکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی 10 کەس ماوە بـا ئـەوانیش قسـە بکـەن, مـەمنون دەبم, ئەگـەر یـەکێك بڵێـت قسـەکانی مـن کـراوە و, جـارێکی تـر دووبارەی ناکەمەوە, ببورە کاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە حەقیقەت لە بیدایەت کۆمەڵێ خاڵم ناردبوو لەسەر کۆمەڵێ ئەوانەی کە جەنابت ئیشارەتت پێدا, بەڵام زۆری لەو برادەرانە باسیان کرد, بەڵام لەگەڵ ئەو کەم و کورتییەی کە لە دەستوورەکە دا هەیە, بە گوێرەی ئەو هەلومەرجە هەروەکو زۆر لە بەڕێزانیش باسیان کرد, منیش دڵخۆشم بەوەی کە دەستکەوتێکی زۆر هاتۆتە دی ئەمڕۆ, بۆ میللەتی ئێمە, تەنها پرسیارێکم هەیە, ئەویش بە کورتی ناوی پێشمەرگە بە حەرس هاتووە, لە ئایندە پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە, کە لە جەلسەیەکدا ناوی حەرەس بکاتە پێشمەرگە وەکو لەشکری کوردستان ئیشارەتی پێبدات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەتەئکید بۆی هەیە, چونکە هیچ تەعاروز نییە, کە پەرلەمانی کوردستان ناوی پێشمەرگەیەك بهێنێت, تەعاروزی نییە لەگەڵ ئەو دەستوورە, ئەو حەرەسە کە باسی دەکەین, بڵێین پێشمەرگەی کوردستان واتە حەرەسی هەرێم, سۆزان خان, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێك پێشەکی من دەست خۆشی لەو برادەرانەی بەغدا دەکەم, لە شیان ساغ بێت, ئەمەیان خستۆتە بەردەستی ئێمە, بەڵام من هیچ سیقە بە تەرەفێ موقابیل ناکەم, ئەم دەستوورە هەرچەندە کەموکوڕی زۆری تێدا هەیە, بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە بەعەدالەت و بە رێك و پێکی تەتبیق کرێ, هەڵبەتە قازانجی ئێمەی تێدا هەیە, خاڵی زۆرم نووسی بوو, بەڵام برادەران هەموویان باس کرد, بەڵام من سێ خاڵی ترم هەیە, حەز دەکەم بە پەلە باسیان بکەم, (الزامیة تعلیم) لە بەندی چواردا هاتووە, (في المرحلة الابتدائیة), ئێمە ئەگەر بمانەوێت موجتەمەعی مەدەنی دروست بکەین, (الزامیة تعلیم) لە هەموو دنیا شانزە ساڵە, ئێمە بچوکمان کردۆتەوە, یەعنی مانای ئەوە نییە, موجتەمەعی مەدەنی بەم شێوەیە ناکرێت, الزامیەتی تەعلیمی لەم وڵاتانەدا چۆنە؟ ئەبوایە ئەمەش بە لایەنی کەمەوە شانزە ساڵ بوایە, ماددەیەکی تر کە زۆر پێکەنین گرتمی کە خوێندمەوە, ئەویش ئەوەیە ماددەی 82 (یربط جهاز المخابرات الوطنیة بمجلس الوزراء), ئەمە بەڕاستی ئەگەر جیهازی موخابەراتیش دروست بکەین, مەفروزە ئەوە لەگەڵ وەزارەتی داخیلیدا بێت, یان لەگەڵ دیفاعدا بێت, بۆ بە مەجلیسی وەزەراوە رەبت بێت, یان ئەوە زیادەتی سەڵاحیەتە بۆ رەئیسی وزەرا, ئینجا کە دێینە سەر باسی غازو نەوت, جارێ هاتووە باس دەکات دەڵێت (النفط والغاز هو ملك كل الشعب العراقي), عێراق بەس تەنها نەوت و گازی نییە, یەعنی من تێناگەم بۆ شەڕەکە بەس لەسەر ئەوەیە ئەوەش تەسبیت دەکرێت, یەك نوقتەی تریش کاتێ کە باسی (الایرادات المحصلة) دەکات, بزەبت لە 116 دا هەیە, کە باسی حصە دابەش کردن دەکات, بۆچی ئەو برادەرانە بیریان چۆتەوە, ئێمە بە شەڕە شەق خواو د. بەرهەم فریامان کەوت, لە 17٪ بۆ کوردستانی پچڕی, ئەم جارە چۆن زەمانی بکەین کە لە 17٪ کەمان بداتێ کە لێرە ناوی نەهاتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ مولاحەزە هەیە, بەڕاستی دەبێت شەرحی بکەین, جارێ ئەوەی تۆ پێکەنینت بۆ دێت, تۆ پێکەنینەکەت بە تەعەجوب دێت, من پێکەنینەکەم بە کەیفەوە دێت, چونکە ئەوەی نووسراوە بە دڵی ئێمەیە نەك بەعەکسەوە بێت, کە موخابەرات سەر بە مەجلیسی وەزرا بوو, مەجلیسی وزەرا پێنج شەش وەزیری کوردی تێدا هەیە, ئەو وەزیرانەش ئاگادار دەبن, ئیشی چییە ئەو موخابەراتە؟ دژی هەرێمە دژی مافی مرۆڤە, زیاتر ئەگەر وەزیری داخیلی بێت, یان دیفاع بێت, یەك وەزیر بێت, لەوانەیە سەر بە لایەنێك بێت, تەوجیهاتەکەی لەوانەیە بیرو بۆچوونی خۆی دەربڕێت, مەجلیسی وزەرا, یەعنی هەموو پێکهاتەکان, لەبەر ئەوە پێکەنینەکەت بگۆڕە بیکە خۆشی, کەوا سەرکەوتنێکە بۆ دیموکراتیەت, دەزانی دوو جۆرە تەفسیر هەیە, لە دونیا بۆ هەموو شتێك, لەبەسیتترین ژیانەوە, تا دەگاتە گەورەترین ژیان, لە سیاسەتەوە تا ئیقتیصاد, ئەویش ئەوەیە سلبی تەفسیری شت نەکرێت, ئیجابی تەفسیر هەیە و, سلبیش تەفسیر

هەیە, ئێمە ئەو دەرچوونە, بەشێك بە سلبی تەفسیر دەكەن, كە بۆچی وا ڕەشبین بین, ئەوەلەن ئێمە قوەتمان هەیە, هەرێممان هەیە, موئەسەساتمان هەیە, پەرلەمانمان هەیە, حكومەتمان هەیە, پێشمەرگەمان هەیە, ئەحزابی ڕەسەنمان هەیە, مەنتیقەیەكی گەورەمان هەیە, ئەمانە هەموویان زەمانەتن بۆ خەڵكەكەی تر دەبێت لە خۆیان بترسن, كە تا ئێستا هیچ موئەسەساتیان نییە, هێشتا تازە بیر دەكەنەوە چۆن فیدرالیەت دروست بكەن, ئێمە پشتگیریان دەكەین, انشاء الله موەفەق دەبن, بەلاّم ئەوان لە بەینی خۆیان دەڵێن كوردەكان لە بەینی خۆیان دانیشتوون, چ غەمێكیان نییە, لەوێ شتەكانمان لەسەر فەرز دەكەن, گوێ لەوان بگرە, دەڵێن كوردەكان تا ئێستا فیدرالیەتیان دەویست, ئێستا بەغداشیان داگیر كرد, ئەی موناقەشەكانی ئەوان چۆن جواب بدرێتەوە, لەلایەن خەڵكەكانی خۆیانەوە, سەرۆكی كۆمار ئەمڕۆ كوردێكە دەتوانێ هەر قانونێك رابگرێت, هەر قانونێك سەرۆكایەتی موافەقەتی بۆ نەكات, سەرۆك وزەرا بۆی ناكرێ جێبەجێی بكات, چەندین وەزیرمان هەیە, كاك بەرهەم هەر خۆت وتت, ئەی بۆچی لەوێیە؟ فەرموو ئەوە میزانیەی بۆ چاكردین, باشە ئەگەر ئەو نەبوایە یەكێكی تر بوایە, ئیشی چییە؟ ئیشی ئەوەیە خەڵكەكەی ئێمە لەوێ ڕەچاو بكاتن, دیفاعی لێبكات, جگە لەوەی ئەندامانی پەرلەمانمان لەوێیە, ئێمە دەبێت گەشبین بین لە ژیان, دوایش سیاسەت فەنی مومكیناتە, چ مومكینە ئەوەی دەكەین, نەك ئەوەی خۆت دەتەوێ, وەكو عەرزم كردن, ویستی خۆمان شتێكە, ئیمكانیەتی جێبەجێ كردنی شتێكی ترە, ئێمە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن چ ئیمكانە بیكەین, چ بە تەوافق دەكرێتن, چ مومكینە بیكەین؟ ئەوەی كاك دكتۆریش فەرمووی, ئێمە تەشبیە ناكرێن بە ئیماراتی موتەحیدە, ئەوان كۆنفیدرالین, نەك فیدرالی, كیانات بوون, موستەقیل بوون, هاتن پێكەوە دانیشتن جەیشیان هەبوو, ئەگەر بە بیرمان بێت, ئێستاش ناویان نەنووسراوە بە فیدرالی, بەلاّم سیستەمەكەیان كۆنفیدرالیە, جنوبی سودان, خۆزگە ئێمەش زروفی جوگرافیمان وەكو سودان بوایە, دینیان جیاوازە, زمانیان جیاوازە, دراوسێیەكانیان هەموو پشتگیریان دەكەن, هەر هەموویان, تەنها سودانە ئەویش عەرەبە, دینەكەی جیاوازە, بۆیە ئەوەی وەریان گرتووە, زۆر كەمترە لەوەی كە ئیمكان هەبوو وەریگرن, هەموو دنیاش پشتگیریان دەكات, ئێمە ئەوەلەن, سنورەكەمان كوردستانەكەمان دابەش كراوە, دەبێت واقیعبین بین, سنوورەكانمان هێشتا ئەو جەوانیبە دیموكراتیە كە ئێمە تەمەنا دەكەین, تەتەلوع دەكەین كە هەموو كورد شاد بیتن بە مافەكانی, زۆر ماوە, تەماشا دەكەین, زۆر ئەوسات هەنە ناحەزن, هەتا ئەوەی فیدرالیەكە كە لە كوردستان عێراقدا جێبەجێ بووە, بۆیە دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی كە ئێستا كراوە بە ڕەچاو كردنی ئەو حەقائیقانە زۆر زۆرە, ببورن لەوەی كە درێژەم بە قسەكانمدا, فەرموو خەمان خان.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە سەرۆكی ئەنجومەن, كە من وەكو جەنابت گەشبین نەبم, ئەوەندە شتەكەش بە ئیجابی نەبینم, بەڕاستی بڵێین گەشبینیەكەشم لەوە بێت, كە سەیری ماددەكان دەكەین بەڕاستی دەبینم مەتاتیەتێكی زۆری تێدا هەیە, خۆزگە ماددەكان ئەوەندەی شتی قانونی یان ئەوەندە موجامەلە نەبان, كە سەیر دەكەی دەبینی ماددەكان بە كۆمەڵێك موجامەلە دەچێت, كە لایەنە جیاوازەكان بۆ یەكتری یان لەبەر خاتر یەكتر بۆ یەكتر دانیان پێناوە, چەسپیان كردووە لەناو ئەو ڕێككەوتنە یان ئەو ڕەشنووسەدا, ئەمەش وای كردووە كە زۆر جار دژوازی یان ئیزدواجیەتێكی زۆر ببینی, ئەوەی من دەمەوێت لێرە باسی بكەم, ئەو لایەنەی كە زۆر گرنگە لەم ڕەشنووسە ئەو بەشەی كە تایبەتە بە ماف و ئازادییەكان كە ئەبینین لێرە, ڕاستە جەنابت دڵت بەوە خۆشە كە زۆرجار ئەڵێی ئەمانە مافە زۆر ئازادییانە دیاری كراوە, بە پێی یاسا, بەلاّم لە بیرمان نەچێت هەر لە ماددەی 2دا دانراوە هەموو یاساكانیش دەبێت لەگەڵ سەوابتی ئیسلامدا بگونجێ, جا لێرە كێ سەوابتی ئیسلاممان بۆ دیاری دەكات, چۆن تەحدید دەكرێت, یان چۆن دەكرێتە یاسا؟ ئەمە بەڕاستی وامان لێدەكات كە تووشی ترسێك بین, ئێمە بە خۆمان خۆمان دەخەینە بەردەستی كۆمەڵێك خەڵكی شەریعە, ماددەیەكی تر لە 90 كە باسی مەحكەمەی عولیا دەكات, كە دەڵێت وەكو هەیئەیەكی قەزائی موستەقل باس دەكات, ئەڵێت پێك دێت لە كۆمەڵێك قازی, ئەمە شتێكی باشە, بەلاّم لەگەڵ كۆمەڵێك خەبیر لە شەریعە من لە هیچ شتێك تێناگەم بۆ خەبیری شەریعە بچێتە ناو مەحكەمەیەك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕاستی تۆ دەبوایە قانون نەخوێنی بەڵكو دیبلۆماسیەت بخوێنی, چونكە قانون خوێندن بەتەنیا جوملەی, بۆ یەك جوملە دەخوێنیەوە, كە نووسراوە الشریعە والقانون, بەتەنیا شەریعەتی نەوتوە, قانونیشی وتوە و, دەشڵێ ئەمانە لە چ پێك دێن, ئیختیاریشیان بە قانون دەبێت, كە بە 3\2 دەنگی مەجلیسی نواب دەبێت, یەعنی لیستی كورد لەگەڵ ئەو لیستانەی كە دیموكراتی دۆستن دەنگی بۆ نەدەن, ئەو زەلامە نابێتە ئەندام لەو مەجلیسە 3\2 نەك ئەكسەریەت, ئەوەت باش نەخوێندۆتەوە, كاك د. فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی كە من نیازم بوو بیڵێم باس كرا, بەلاّم ئەوەی كە دەمەوێت بیڵێم من پشتگیری ئەو پێشنیارەی كاك جمال دەكەم, كە لەگەڵ دەنگدانمان بۆ ئەو رەشنووسە, هەندێ ئەو پێشنیارانەی كە برادەران باسیان كرد, كۆیان بكەینەوە, وەكو پێشنیار بەرزی كەینەوە و, یەكێك لەو شتانەی كە دەبێت تەئكیدی لەسەر بكەینەوە, كە ئەم ولاّتە لە كورد و عەرەب پێكهاتووە, نەك متعدد القومیات, هەر چەندە ئەوا پاساوێكیان بۆ هێناوەتەوە, كەوا (الشعب العربي جزء من الامة العربیة), بە تەئكید ئەوە تەنازولێكە بۆ ئەوەی كە بڵێت عێراق جزء من الامة العربیة), لە یەكێك لە سلاّحیەتی سەرۆكی ئیقلیم هاتووە كەوا مەكاتب بكەنەوە لە سەفەرەتەكاندا, من تێناگەم سلاّحەتی ئەو مەكاتیبانە چی دەبێت, ئەگەر سەلاّحی حكومەتەكانی ئیقلیم نەبێت, پەیمان ببەستن لەگەڵ دەوڵەتاندا, چونكە حەصرن دەسەڵاتەكانی حكومەتی ئیتیحادی دیاری كردووە كە ئەڵێ هەموو پەیمانەكان هەر پەیماننامەیەك و عقودێك ئەوان ئەیبەستن, لەبەر ئەوە ئەگەر تۆ نوێنەریشت هەبێ لەوێ لەهەر سەفارەتێكدا باوەڕناكەم عەمەلیەن بتوانێ هیچ شتێك بكات, ئەبێ پێشنیار بكات بۆ حكومەتی ئیتیحادی, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم لەناو ئەو پێشنیارانەی كە ئەینێرین بۆ بەغدا داوا بكەین كەوا (القومیە الكوردیە) بە ناو و (كوردستان العراق) و (التطهیر العرقي) ئەم سیانە جیا بكرێنەوە لەناو دیباجەكە یان لەناو مەوادەكانی دەستووردا بەشێوەیەكی جودا, بەڕاستی هیچ لەمانە ناویان نەهاتووە لە دەستووردا كە ئەمەش خەلەلێكی زۆر گەورەیە, سوپاس.

**بەڕێز سارە فقێ خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە سەركردایەتی كورد پەرلەمانی كوردستانی كردۆتە مەرجەع, یانی بەرپرسیاریەتێكی مێژوویی گەورە لە ئەستۆی ئێمەدایە, ئێمە كە هەر شتێك پەسند بكەین ئەوە بارەكەی دەكەوێتە ئەستۆی ئێمە, بەڕاستی ئەو دەستوورەش كە ئێستا لەبەر چاوە كە كورد وەكو كەمایەتیەك تەماشا كراوە, كوردستانیش وەكو پارێزگایەك, وەك چۆن پارێزگایەك مافی فیدراڵیەتی هەیە, كوردستانیش بەهەمان شێوە , یانی تایبەتمەندییەكی وا نەخراوەتە بەرچاو بۆ كورد, بەتایبەتی مافی چارەی خۆنووسین, یانی چ دەكرا ئەگەر ئەویش بە وازحی و بە ئاشكرایی دەربڕابایە, یانی بۆچی وا بەشەرمنی ئەو مافە دیاریبكرێ, هەروەكو نازناز خانیش ئاماژەی پێكرد لە ماددەی 40 لقی أ دەڵێت (ممارسة الشعائر الدینیة بما فیها الشعائر الحسینیة) یانی یەك تەیاری بەسیت عادەتێكی بەسیتی خۆیان تایبەتمەندی پێ دەدەن, یانی بۆ دەبێ مەسەلەی كورد تایبەتمەندییەكی پێ نەدرێ یاخود كورد وەكو قەومیەتێكی سەرەكی ئیشارەتی پێ نەدرێ, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نامەوێ دووبارەی قسەكانی برادەران بكەمەوە, كە زۆربەیان قسەیان كرد, تەنیا دەمەوێ ئیشارەتی ئەوە بدەم كە پێم وایە پەرلەمانی كوردستان چەند موقتەرەحاتێك تەقدیم بكات بۆ كۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی بە رێگەی برادەرانی خۆمان یەك لەوانە ماددەی 149 ماوەكەی وابزانم زۆر درێژە 2007/12/31 بكرێ بە 12/31 /2006 ئەوە نوقتەیەك, نوقتەی دووەم ماددەی 129 من ماددەیەكی بەباشی نازانم, ئێمە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین كە علائەساس

ئیقرار به پێشمەرگە کراوە, بەڵام وانییە ئیتلاقەن, چونکە زۆری ماددەکانی ڕەشنووسی دەستوور ئیشارەت دەدات بەوەی کە بۆچوونێك هەیە کە قانونی فیدراڵیەت بێ, نەك فیدراڵیەتی ئیقلیم بە زەقی دیار بێت, لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە تەفسیر دەکرێ لە بۆ حکومەتەکانی ئەقالیم, واتە موحافەزات بەو شێوەیەی کە دەڵێ (انشاء و تنظیم) ئینشاءو تەنزیمی ج, ئێمە پێشمەرگەمان هەیە, پێشمەرگە نەبووایە ئێمە ئەو ڕۆژەمان نەدەدیت, چۆن ئێستا ئیقرار بەوە بکەین کە بڵێین (تنظیم و انشاء حرس اقلیم) ناوەکەشیان بزر بکەین, لەبەر ئەوە بۆچوونی من ئەو ماددەیە گۆڕانکاریەکی تەواوی لێ بکرێ و بەزەقیش ئیعتیرافی پێ بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بە حەقیقەت مولاحەزەکان بەجێنە, بەڵام من ماددەی 127ی بە عەکسەوەی دەبینم بەتەواوەتی, بۆیە یەکەم جارە لە ماددەی 129 دەڵێ (حکومة الاقلیم) ناڵێت اقالیم و ناشڵێ موحافەزات, حکومەتی ئیقلیم ئێستاش کەهەیە تەنیا کوردستانە, ئەوە یەك, دەڵێ (تختص حکومة الاقلیم بکل ما تطلب ادارة الاقلیم) ناڵێ اقالیم وئەمە دەق بۆ کوردستان دانراوە, (بوجه خاص انشاء و تنظیم) هەندێکی ئینشا دەکرێ و هەندێکی تەنزیم دەکرێت, پێشمەرگە لەوانەیە تەنزیم دەکرێ, بەڵام ناوەکەی دەگۆڕی, بۆیە ئەمە تەنزیمە, شتێکی تازەیە دەبێ قانونی بۆ دەربکەین, حەرەسی ئیقلیم دەبێ قانونی بۆ دەربکەین, لەو قانونەش بڵێین پێشمەرگە تەحویل دەبێ بۆ پاسەوانی هەرێم, کە ئەوە داواکارییەکی خۆمان بوو, هەروەها ئەمری داخیلی ئیقلیم, شورتە و ئەمن و هەمووی بەوە هاتووە بە صیغەیەك هاتووە بە عەکسەوە, بەڵام مولاحەزەکانی تر بەجێیە, بەڵام ئەوەیان من تەصور دەکەم بە باشترین صیغە هاتووە کە تەنیا ناوی پێشمەرگەی تێدا نییە, ئەوی تر وەکو خۆی دەمێنێتەوە و قانونیشی بۆ دەربکەین و زۆر ڕێك و پێکە, کاك شێروان مولاحەزەیەکی باشی دا, تەماشای ماددەی 150 بکەن دەڵێ (یستمر العمل بالقوانین التي تم تشریعها في اقلیم کوردستان منذ عام 1992 و تعد القرارات المتخذة من قبل حکومة اقلیم کوردستان بما فیها قرارات المحاکم و العقود نافذة المفعول ما لم یتم تعدیلها اوالغاؤها حسب قوانین اقلیم کوردستان من قبل الجهة المتختصة فیها, مالم تکن مخالفة للدستور) یانی لە کوردستاندا ئەو یاسایانەی کە دانراون, واتە پەرلەمان دایناوە و تەشریع کراوە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 ەوە کاری پێدەکرێت و ئەو بڕیارانەی کە دراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بما فیە ئەو بڕیارانەی مەحکەمە و عقودەکان, یانی ئەو عەقدانەی کە کردوومانە هەمووی کاری پێ دەکرێت, ئەگەر تەعدیلی پێ نەکرا یان ئیلغا نەکرایەوە, بە پێی قەوانینی هەرێم, یانی ئیلغاکەش بەپێی قانونی ئێمە دەبێت نەوەك بەغدا ئیلغای بکاتەوە, ئەو بەندە وەکو عەرزم کردن چونکە مەجال نەبوو هەمووتان بیخوێننەوە, بەندێکی زۆر زۆر گرنگە, کاك شێروانیش باسی کرد بەشەرتێك موخالیفی ئەو دەستوورە نەبێت هەرشتێك, بەڵام ماددەیەك کە داڕێژرا لەو دەستوورە ئەوە نایگرێتەوە, ئەوە داڕێژراوە, یانی دەڵێ هیچ قانونێك نافیزی مەفعول نابێ ئەگەر تەعاروزی لەگەڵ دەستوور هەبێ, بەڵام ئەو خۆی ئەو ماددەیەی کردۆتە ماددەیەك لەدەستووردا, ئەو مەقصەدی ئەو ماددانەیە کە لێرەدا نین, کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هاتوو بەوردی سەرنجی ماددەی 135 بکەین, ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئێمەوە هەیە کلدان وئاشوورەوە هەیە, دەبینین ئێمەی کلدان و برادەری ئاشووری وەك یەك پێکهاتە ناویان هاتووە, لە بۆتان دەخوێنمەوە ( یضمن هذا الدستور الحقوق الاداریة و السیاسیة و الثقافیة و التعلیمیة للقومیات المختلفة کالترکمان, الکلدان و الاشوریین, وسائر المکونات الاخری, و ینظم ذلك بقانون), ئەوە بە مانای ئەوە دێت کە ئێمە لەگەڵ برادەرانی ئاشووری وەك یەك پێکهاتە ناومان هاتووە, ئەگەر هاتوو جیاوازیەکی لەناو هەبێت لە عینوان, بەڵام ئێمە لەڕووی لوغە و لەڕووی کەلتوور و دیانەت هیچ جیاوازیەکمان نییە, داواش دەکەم لە دەزگاکانی ڕەسمی کە ڕەچاوی ئەو شتە بکەن, بە غەڵەتی تێ نەگەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام دیسانەکە (والکلدان والاشوريين) دوو شتی جیاوازن تێکەڵ نەبوونە, دووەم تۆ مەمنون بە کلد و ئاشوریەکەت داوا کردیە نەمێنێ, ئێستا لەسەر ئەو فاصیلەیە ئیعتیراز دەکەی, نەخێر زۆر باش هاتووە بەدڵی تۆیە, کاك محمد صالح فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە کەسمان نکولیمان لەوە نەبێ کە کەم وکوڕی زۆری هەیە, لە ڕەشنووسی دەستووردا, بەڵام ڕاستییەك هەیە کە نابێ پشتگوێی بخەن ئەوێش ئەوەیە ئێمە خۆمان داوای تەوافقمان کردووە, مومکنیش نییە ئەو تەوافقە لەسەدا سەد بێت, کەواتە ڕێککەوتنە ئێمە بە زۆری زۆرداری, یانی سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر گرنگە کە توانیویەتی خۆی لە تۆغیانی مەبدەئی زۆرینە ڕزگار بکات, کەواتە ئەوەی بەدەست هاتووە بە نەزەری من ئاستێکی باشە و سەرکردایەتی سیاسی کورد سوپاسی لەسەر دەکرێت, پێشم وابوو بەس کاری موستەحیلی کردووە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئاستەی کە بەدەستی هێناوە, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشدا ڕەخنەیەك دەگرم, ئەوە 43 ساڵە من لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیم, لەهەر کۆڕو کۆبوونەوەیەك وتویانە زروف حەساسە و مەجالمان نییە, ئاخیر ئەوە تەقییمی میللەتێکە, هەشتا ساڵە و نیو ملیۆن شەهیدمان داوە هەر مەجالمان نییە, ئێستا لێرەش هەر مەجالمان نییە, نازانم کەی مەجالمان دەبێ کە بەحوریەت قسە بکەین ئەوە ڕەخنەکەم بوو, نوقتەی دووەمم ئەوەیە من تەئییدی خوشك وبرایان دەکەم کە ئەو خاڵانە بکرێتە پێشنیارێك بدرێتە وەفدی ئێمە کە دەچێتە بەغدا, ئەگەر بتوانرێ ئاڵوگۆڕێك بکرێ یان ئیزافەی سەر دیباجەکە بکرێ یان بەعزە خاڵ, دەزانم لەدەستوور ناگۆڕێ بەس لە دیباجە ئیحتیماله بگۆڕێ, خاڵی لەوەی موهیم تر خوشك برایان, بەتایبەتی من گلەییم لە هەندێك لەو برا پێشمەرگە کۆنانە هەیە, کە هەموو کارەساتەکانی کوردستان و مەئساتی کوردستانی دیتیە, هەندێك قسەیان کرد, کە خۆیان لە واقیعەکەی کە تێیدا بوون لە زنجیرە خەبات و قۆناغی خەباتی ئێمە خۆمان لە چەند قۆناغ دۆزیتەوەو, بە چەند نەوع دۆزیتەوە, پێم وایە ئەمە خەونێکە هاتۆتە جێ, ڕاستە هەموو مافی میللەتی ئێمە نییە, ڕاستە ئەوەی ئێمە داوای دەکەین هەمووی نییە, ئێمە داوای حکومەت دەکەین, داوای تەحدیدی سنوور دەکەین, بەڵام ئەوەی ئیمکان دەبێت وەکو جەنابی سەرۆکیش لێرە قسەی کرد, ئێمە داوا دەکەین کە بەیانی حکومەتێکی کوردی دروست بکەین, بەڵام ئایا واقیعی ئێمە, زرووفی ئیقلیمی و دەولی و مەوزوعی و زاتیمان مومکینە مساعید بێت, بەس ئایا زرووفی مەوزوعیمان لەوە دایە کە ئێمە داوای ئەو شتە گەورە گەورانە بکەین, ئایا ڕێگەمان دەدەن؟ ئایا یارمەتیمان دەدەن؟ جەنابت میسالی چاکت هێنا لەسەر مەسەلەی سودان, سودان تەنها لەگەڵ تەرفێکە, حکومەتێکە هەر چوار دەورەی هی خۆیەتی, جگە لە ئەمریکا و ئەوروپاش تەئیدی دەکەن, یان برادەرێك باسی یۆغسلافیای کرد, یۆغسلافیا شتێکی ترە حادیسەیەکی ئەوروپاییە, بەشێکە لە ئەوروپا نایەوێت ئەوروپا تێك بچێت, ئێمە ئەگەر تەماشای زرووفی ئیقلیمیمان کرد لەبەر چوار ئەژدیها دەسووڕێینەوە, بە ڕەئی من دەستکەوتێکی تاریخییە لەگەڵ هەموو کەموکورییەکانی و, ئێمە سوپاسی سەرکردایەتی کوردی بکەین و سوپاسی ئەو برادەرانە بکەین و, جێگای تەقدیرمانن, من تەسەور دەکەم خەونێکی شەهیدانمانە دێتە جێ و, پیرۆزبایی لە خانەوادەی شەهیدان دەکەم, پیرۆزبایی لە هەموو برا پێشمەرگەکان و میللەتی کورد دەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەس تەنیا یەك تەعلیقی بچووکم هەیە, (43)ە وا دەڵێین, بەس واقیعمان وایە چی لێ بکەین.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ڕەشنووسی ئەو دەستوورە لایەنی زۆر گرنگی تێدایە, زۆر داواکاری گەلەکەمانی دابین کردووە, هیچ گومانیش نییە لەوەی ئەو بەڕێزانەی لەو دەست نووسە بەشداریان کردووە, ئەگەر شتی گەورەتر ئیمکان بوایە ئەوەشیان دەکرد, من زۆر شتەکەم پێ چاکە و دەستکەوتێکی باشە, بەلأم لەگەڵ ئەوەش مانای ئەوە نییە کەموکوڕی تێدا نییە, هەموو داواکاری و داخوازییەکانی ئێمەی تێدا بەدی نەهاتووە, لەگەڵ ڕەئی ئەو برادەرانەم کە چەندین مولاحەزەو پێشنیاری تریان دەست نیشان کرد بە کەموکوڕی حیساب دەکرێت لەو ڕەشنووسە بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد کە ئێستا لە بەغدا لەگەڵ پەرلەمانی بەغدا لە تەك ئەو موافەقەیە بنووسرێت و ئاگادار بکرێنەوەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردل عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی دەستخۆشی لە بەڕێز سەرکردایەتی کورد دەکەم, کە توانیان قەناعەت بەو هەموو گروپ و تەیار و سەرکردایەتی سیاسی پێکهاتەکانی عێراق بکەن, کە قەناعەتیان پێ بێت و دان بنێن بە زۆر لە مافەکانی کورد, بەتایبەتی فیدراڵی و پێشمەرگە, چونکە بەڕاستی ئەوە موفاوەزات نەبوو لە نێوان کورد و سوڵتە, ئەوە گفتوگۆ بوو لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق و, لەنێوان تەیارە شۆڤێنییەکانی عێراق, لەنێوان شیعەی عێراق, سوننەی عێراق بە هەموو ئەو ئەفکارانەی کە هەیانە, ئەوە جهودێکی زۆریان سەرف کرد, تا ئەوانەیان قەناعەت پێ کرد, هەر کەسێك کە هاتبوو ئەجندەی خۆی هەبوو, هەر یەکێك قوەتی خۆی هەبوو لە پەرلەمان, هەر کەسێك دەیویست خاڵەکانی ئەجندەی خۆی تەسبیت بکات لەناو ئەو دەستوورە, یەعنی بەڕاستی شاندی کوردی توانی بە حیکمەت و خیبرەی خۆیان کە چەندین ساڵە موفاوەزاتیان کردووە, خیبرەی موفاوەزیان هەیە, توانیان زۆربەی خاڵەکانی ناو ئەجندەی خۆیان تەسبیت بکەن لەناو ئەو ڕەشنووسە, خۆشتان دەزانن شەڕی سەر مێز زۆر سەخت ترە لە شەڕی شاخ, دەستووریش قورئان نییە, ئێستاش و لە ئایندەش کەم و زیاد گۆڕانکاری لەناو دەکرێت, بەلأم ئێمە ئەگەر ئەوە حەتا حەددی ئەدنای داواکاریەکانیشمان بێت, پێویستیمان بە زەمانەت هەیە, ئەو جیهاتانەی تر هەر یەکە پیشتیوانێکی هەیە, هەر یەکە ئینتیدابێکی هەیە, بەلأم ئێمە پێویستیمان بەو زەمانەتە هەیە, کە زەمانەتەکە هەر خۆمانین, ئەویش ئەوەیە کە پەلە بکرێت لە یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەکە, پێشمەرگەش ڕێك بخرێت, کە بە تەواوی ببێتە گاردی حەقیقی هەرێمی کوردستان, من پێشنیار دەکەم لە ڕووی ئێوەوە, کە چۆن مام جەلال سەرۆکی کۆماری عێراق موبادەرەی کرد, کە پێکهاتەکانی عێراقی کۆکردەوە, قیادەی سیاسی عێراقی کۆکردەوە, لە زنجیرەیەك کۆبوونەوەی نەپساوە, توانیان بە دەوری ئەساسی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کاك مەسعود, توانیان ئەو خیلافاتانە هەمووی حەل بکەن و بگەنە ئەو دەستوورە, من پێشنیار دەکەم جەنابی سەرۆکی هەرێمیش کە هاتەوە, وەکو سەرۆکی هەرێم زنجیرەیەك کۆبوونەوەی نەپساوە بە مەکتەبی یەکێتی و پارتی, قیادە سیاسیەکانی کورد بە هەموو خیلافاتەکانی کورد حەل بکرێت و, ئیدارەی پێشمەرگەش ڕێك بخرێت ببێتە گاردی حەقیقی هەرێمی کوردستان, وابزانم ئەوە چارەیە بۆ وەدیهێنانی ئەو شتانەی کە لەناو دەستوورەکەشدا نەهاتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستی هەڤالأن و برادەران زۆر شتیان باس کرد, ئەو شتەی دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم, ڕاستی ئەو دروشمی, ئان ئارمانجا نەوەکو نوێنەرێ میللەتی کورد و خەلکێ کوردستانێ بلند کریو هەڤالأن ڕاسپارد کر و چوونە بەغدا, بۆ دانوستاندن و بگەنە ئەنجامی یەکتریا وان داخوازا وان ئارمانجا جێ بەجێ کرن, هەندێ شت هەی گەلێ جار ئیشارەت کرین نزانین, بڕیاری چارەنووسی هەر نەتەوەك خۆی بدات, بڕیارێ چارەنووسێ عێراق بۆمان نادات, ئەم نوێنەری

میللەتی کورد, نەتەوەی کورد فێرێ نە چ بڕیارێ چارەنووسی هەتا ئەڤرۆکە هەیە, ئەم هەر دبێژیت ئەڤە لە دەستووری دانینە, نە بڕیارا خۆ چارەنووسی ئەوە نەدەین, نە ڤێرێ تەبەنیا عێراقێکە دیموکراتیا فیدراڵی کری, خۆی چارەنووسێکە بۆ عێراقێ کورد لە عێراقێ بژیت, کەواتە ئەو عێراقە دیموکراتی و فیدراڵی هاتە جێگرتن لە دەستووردا, عێراقێکی دەستووری بێتن, ئەڤە دەستووریش هاتە پەسند کردن, نەگوتیە خالێك هەلگرن خۆ کورد نەتەوەیەکی رەئیسییە, زمانێ کوردی زمانێکی سەرەکی بێتن لە عێراق, مەناتیقی عەرەب کری, چیلوان عەرەب کرن نەمێنێ, کەرکووکە و دەڤەرێ دەهێنە بەربەراندن, ئەڤە بوون جەلسا چوون جەنابێ سەرۆکێ هەرێمێ کوردستان کاك مەسعود بارزانی دەلێ هاتینە دەست نیشان کرن هێلی سوورن, ئەڤ هێلی سوور هەمی رەنگێکی تر دەستووری داهاتینە خوارێ و هاتینە دەست نیشان کرن, ئەڤە راستە بەر بڕینیش حەز لە نەتەوەی ناکا, چونکە ئارمانجا ئێمە نەتەوەیی پێکەوە دەوڵەتێکی سەربەخۆییە, بەس ئەڤ ئارمانجە ئەگەر بڕیار چارەنووسێ بێتن, ئەڤە گەنجین ئەڤ بڕیارا دایە, ئەگەر ئەمە بوایە با کاری بۆ بکەین, ئەگەر ئەمە نەبوایە نە بڕیارێ جارێکی تر بچینە دەوڵەتێ عێراقێدا بژین, ژی پەیوەندی باش, ژی دەستووری داهاتینە کرن و بە شتی باش دەهاتە جێ کرن, ئەو هیمەتەی هەڤالێ مە لە بەغدا کری جێ دەست خۆش و جێ سوپاسی هەمیانە, هەڤالی دی بۆ چارەنووسێ مە کەرم بکەن, ئەڤە پاشە رۆژ لە پێش مەیە بڕیارێ چارەنووسێ مە چ بکەین بە قۆناغە بێت بەرنامەی خۆ دانێین و بۆ گەیشتنێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خاڵی نیزامیە, فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وا هەموو دەڵێین زۆر شتی باشی تێدا هەبوو ئەو دەستوورە بۆ ئێمە, بەڵام ئەم دەستوورە لەبەر خەتەرێك دایە, ئەو خەتەرەش لە ماددەی (61)دا, کە دەڵێت (اذا لم یرفضها ثلثی ناخبین في ثلاثة محافظات) یەعنی دوای ئەوە دەکەوێتە ئیستیسنای دەستوورەوە, ئەوە هەموو لایەك دەزانێت سوننە موقیفیان چیە, بەڕاستی حەساسەتیان هەیە لە مەوزوعی فیدراڵیەت و ئەوانە, یەعنی ئەگەر بکرێت ئێمە لە پێشنیاری خۆماندا پێشنیاری ئەوەش بکەین, لە رێگەی ئەندام پەرلەمانەکانی خۆمان لە جەمعیەی وەتەنی ئەم فەقەرەی ئەخیری لە ماددەی (61) فەقەرەی (ج- اذا لم یرفضها ثلثی الناخبین في ثلاث محافظات) ئەوە تەعدیل بکرێتەوە, یەعنی لابرێتەوە, ئەگەر دوو لەسەر سێی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قانونی ئیدارەی دەوڵەت ئیلغا دەبێت تەواو, لەوێ تۆ ئەوەی دەخوێنیەوە.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نابێت لەسەر دەستوورەکە تەصویت بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەواو بووە عەفوم دەکەی, لەڕاستیدا بروسکەیەکی جەنابی سەرۆکی هەرێم هەبوو, بەڵام بە حەقیقەت نەمویست لە سەرەتایەکەی بخوێنمەوە, بۆ ئەوەی وا نیشان نەبێت کە هەڵوێستێکەو شتێکە, بۆیە خستومە دواوە, بۆ ئەوەی بە ئازادیەوە موناقەشەکان بکرێن و تەئسیر لە بیرو بۆچوونی ئێوە نەکات, بروسکەکەی بۆ من نووسیووە دەڵێت:

سلاوێکی گەرم سوپاس بۆ خوای گەورەو, سوپاس بۆ گەلی کوردستان و, بەهیمەتی هەموو لایەك و, بە یەك هەڵوێستی و بە یەك رێزی پرۆژەی دەستووری دائیمی عێراقی تەواو بوو و, دەستکەوتێکی زۆر گەورەی تێدایە بۆ گەلی کوردستان و, بۆ هەموو گەلی عێراق, ئیمرۆ پرۆژەکەمان نارد بۆتان, تکایە با پەرلەمانی کوردستان تەماشای بکات و, رەئی خۆتان بۆمان بنێرن, ئومێدەوارم و داواشم وایە کە پەسندی بکەن, چونکە پێمان وایە لەم هەڵومەرجە داوا لە گەلی کوردستان دەکەین دەنگی بۆ بدا, ئێستا تەنها پشتگیری ودەست خۆشی لە شاندی کوردستان دەکەین, بۆ ئەو هاوکاریەی بۆ ئەو دەسکەوتەی کە هێنایانەوە, بەرەچاوکردنی ئەو مولاحەزاتانەی کە دەست نیشانتان کرد و داتان, دەڵێین ئەو

مولاحەزاتانەمان هەیە, بەڵام دەستتان خۆش بـیتن, کارەکی باش کـراوە سـەرکەوتووبن, متمانـەمان بەتـەواوەتی پێتـان هەیە, بەردەوام بـن و, هـەوڵیش بـدەن لـەم دوو سـێ ڕۆژە دا وئومێـدەوارم سـەرکەوتووبن, بروسـکەیەکی تـریش, ئەگـەر پێتان باشـە بیکـەن, ئـەوە بـۆ جـەنابی کـاك مسعود وشـاندی بـاڵای کوردسـتان و پەرلـەمانتارەکان و, بروسـکەیەکیش بـۆ سەرۆکی کۆمار بکەین کە ئەویش سەرپەریشتی کۆبوونەوەکانی کردوە, دەست خۆشی لێ بکەین کە لەو فەترەیـەی دا بـە هەمو لایەکیان ماندو بووینە, داواشی لێ بکەین پشتگیری لە شاندی کوردستان بکـاتن, بـۆ ئـەوی ئەوەنـدەی بکـرێتن لـەو دوو ڕۆژە دا هەم ئەو داواکاریانە کە هەمانە ئەگەر بکرێتن گۆڕانکاری بکرێتن وەکوو نەواقس تێیاندا, یاخود دواتر لەناو جەمعیەی وەتەنی برادەرانی ئەندامانی لیستی تەحالوفی کوردستان لەوێش دا دەتوانن هەوڵ بـدەن چـونکە مەبادیئـەکان ناتوانن بگۆڕن, بەڵام هەندەك ئیش زمانەوانی هەیە, دیباجە هەیـە ڕەنگـە ئیمکان هەیـە تەئسیر بکرێـت, ئەگـەر پێتـان باشە بەو صیغەیەی کە وتم, هەندەك وتیـان بابـەجۆری نـەبیتن بـەڵام بـەو صیغەیە کەسـەك ئیعتیرازی لەسـەر هەیـە؟ ئەگەر موافیقن بەو دوو صیغەیە دوو نامە جیاوازە بنووسین یان بۆ سەرۆکی هەرێم و, شاندی بەرزی گەلی کوردسـتان, هـەم بـۆ سـەرۆکی کۆمـاری عێـراق بـەو صـیغەی جیـاواز, یـەکێکیان مەسـئولەتیان ئەوەیـە وەفـدی کوردسـتانن بـۆ ئـەو مەوزووعە دەست خۆشیان لـێ بکن, یـەکێکیان بـۆ ئـەوە پیشـتگیری بکـاتن لـەوە و, پێکـەوە بتـوانن هەنـدێك دەسـکەوتی تریش بەدەست بێنن, لە هەموو حالەتێکدا پێم وایە ئەو پرۆژەیە پەسەندە و, زیاتریش پەسەند ئـەبێتن ئەگـەر بێـت و ئەو مولاحەزاتانە وەربگیرێت, کاك محمد نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەوەندەم هەیە, ئەڵێم بروسکەکان باشە بەڵام لەگەڵ دەست خۆشی ئەواندا بەڵامێکیشی تێبکەین و, لەگەڵ مولحەقەکانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حمە بەڵامەکە و مولحەقەکان من پێشتر وتم, پەرلەمان کۆبۆوە وتاوتۆی کرد, لەسەر ئەو دەستوورە و, چەند تێبینیەکی هەبوو, تێبینیەکان بریتی بوون لەوەی کە لەگەڵ دیباجەکەدا حەق وابوو ناوی کوردستان بێت, ئەوەی کە باستان کرد لێرە نووسیومە, حەز دەکەی لیژنەیەك پێکەوە دادەنیشن, لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانی دەکەین, دەستخۆشیتان لێدەکەین, بە متمانەی تەواوی پەرلەمان, بۆ ئەوەی زیاتر سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان بەدەست بێنن, چیت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ پەرلەمانتاری عێراقیش خەڵکی تری تێدایە, کاك مسعود و مام جلال نین, خەڵکی دیش یەعنی لە زمنی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمن عەرزم کرد وتم جەنابی کاك مسعود وشاندی کوردستان هەموویان دەگرێتەوە, کەواتە جێگری سکرتێری گشتی یێکەتی تێدایە, سکرتێری یێك گرتووی تێدایە, ئینجا قادر عزیزی تێدایە حیزبی شیوعی تێدایە, لەولایەشەوە لە ئەندامی پەرلەمان کۆمەڵی ئیسلامی تێدایە, هەموو لایانەکانیتری تێدایە, کە بەشداریان کردوە خەڵکی موستەقلی تێدایە, هەرکێ لەوێندر بەشداری کردوە هەموویان ئەگرێتەوە پیرۆز باییەکە هەموویان ئەگرێتەوە.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێ پێشناری تێبینەکان بنووسرێن, یێك بە یێك هەموومان بیانزانین, بزانین چی و چییە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم باشه سێ چوار كەس لیژنه دابنێن, ئێستا پاشی ئەوه دەچین دادەنیشین دەینووسیین, لەبەر ڕۆشنایی ئەوه حەزەكەی جەنابیشت وەرە موشكیله نیه, بەڵام ئێستاكه بیخەیه ناو ئەوه دوو سەعاتی دەوێتن تا ئەوەی دەكەین, چوار كەس تەخویل بكرێتن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسەلەی دین ودەولەت زۆر یەعنی بەشێوەیەك هەندەك خەستی دەكاتەوە, چونكە بەڕاستی ئێمە دژایەتی دین بەو شێوەیە بكەین لەوانەیە قازانجی میللەتەكەمانی تێدا نەبێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو مولاحەزاتانە لەسەر دین نەبوو, من رای زۆربەی زۆری خەڵكەكەم وەرگرت, دوو كەس, سێ كەس مولاحەزەی هەبوو, بەڵام زۆربەی زۆری مولاحەزاتەكان لەسەر ماڧی چارەی خۆنووسین, مەسەلەی ناوی كوردستان لە دیباجەكە, ئەوانەی تێدا دەبێت. تەنها نامەكان بدرێته ئیعلام با كراوه بین, پاشی ئەوەی صیاغەی دەكەین دەدرێته ئیعلامیش, باشه ئەوەی موافیقە دەستی بلَند كاتەوە, بە كۆی دەنگ زۆر سوپاستان دەكەین, خۆتان حازر بكەن لە 9/1 دەواممان دەست پێدەكا خەڵك هەر وا تێدەگا عوتلەیەتی پەرلەمان, بەڵام ئێمە هەر دەوام دەكەین, بەرنامەیەكی تێروتەسەلمان هەیە, دەستووری عێراقه, قەوانینه, زەخت كردنه لەسەر یەك گرتنی دوو حكومەت, ئەگەر بۆ نووسینەكه كێ دێ با بێ, سێ چوار كەس دەچینه ژووری من, كێ حەز دەكا بێ بەشداری بكا, كاك عثمان وكاك دكتۆر وكاكه حەمه وكاك محمد فرج.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستانی – عێراق** | **كوردستانی - عێراق** | **كوردستانی - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

**چوارشەممە رێکەوتی 2005/9/7**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2005/9/7

کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2005/9/7ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کەمال کەرکووکی) جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی کردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, ساڵی(2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی مادده(20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی کردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بەم شێوەیە بێت:

1-دەقیقەیەك وەستانی ماتەمینی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کارەساتەکەی پردی ئەئیمەی بەغداو شەهیدانی عێراق و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان.

2-ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتاری کردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمان پێشکەش دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە ومهربان, پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان, وکاك محمود عوسمان, کاك مەسرور و, وەفدی یاوەرەکەی دەکەین, کە لە کردنەوەی ئەم کۆبوونەوە بەشداری دەکەن, ڕێو ڕەسمی کردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, بە پێی حوکمەکانی بڕگەی یەك ودووی ماده پەنجا وچوار لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارەیەکی ساڵی 1992ی هەموارکراودا بڕیاردرا دانیشتنی کردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەم شێوەیە بێت, دەقیقەیەك وەستانی ماتەمینی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کارەساتەکەی پردی ئەئیمەی بەغدا و, شەهیدانی عێراق و, بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان, دوو ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان, وتاری کردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمان  پێشکەش دەکات, دیارە سەرەتا کە باسی خاڵی یەکەم دەکەین بۆ راوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کازیمییە, ئەم شەهیدانە کە زیاتر لە هەزار شەهیدبوون بە ئەنجامی کاری تیرۆریستی و, ڕێکنەخستنی ڕێوڕەسمی ڕۆژە پیرۆزەکەی برایانی شیعە, ئەو کارەساتە رووی دا, کە هەموو خەڵکی عێراق ودونیای نیگەران وغەمگین کرد, گەلی کوردستانیش بەشداری ئەو ماتەمینە دەکات, چ بە بروسکە بێتن کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بۆی ناردرا, چ وەکو پەرلەمانیش, ئەمڕۆ سەعات 12 خەڵکی عێراق بە گشتی بە بڕیاری حکومەتی بەغدا دەقیقەیەك دەوەستن بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە, ئێمەش وەکو پەرلەمانی کوردستان کە ئەم کۆبونەوەیە یەکەم کۆبونەوەیە پاشی پشوودان بەوە دەست پێدەکەین, دەقیقەیەك بوەستین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کازیمیە, شەهیدانی پردی ئەئیمە و, هەموو شەهیدانی گەلی عێراق وبزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان, داواتان لێ دەکەم دەقەیەك بوەست,ن فەرموون.

خوشك وبرايانى بەڕێز ئەم كۆبوونەوە دەست پێدەكات كە خولى ساڵى يەكەمى خولى هەڵبژاردنى دووەمى پەرلەمانى كوردستانە, وەكو عورفەكى پەرلەمانە لەسەر تا سەرى دونيا لە دەست پێ كردنى هەر خولەكى پەرلەمان سەرەتا پێوستى بە وتارى سياسى هەيە, كە تيشك بخاتە سەر هەمو ڕووداوەكانى گرنگ وپەيوەنديدار بە هەر گەلێك, لەم ماوەى رابردوودا كە پەرلەمان لە پشوو دابوو, دوو مانگەكەى كردە يەك مانگ, لە مانگەكەشدا لەبەر ئەوەى كە ڕووداوەكان گرنگبوون, ئەهەميەتيان هەبوو, دوو جار كۆبونەوەى نائاساييمان كرد, يەكێكيان لەسەر داواى جەنابى سەرۆكى هەرێم بوو, كە هەمووتان بەشداريتان كرد, لەبەر ڕۆشناى ئەو كۆبوونەوەيە شاندەكى باڵا ڕۆيشت بۆ بەغدا بۆ بەشدارى كردن لە نووسينەوەى دەستوورى عێراق, دووەميشيان بۆ تاو تۆكردن لەسەر ئەنجامى ئەو كۆبوونەوانە بوو كە گەيشتووە ئەوەى ڕەشنووسى دەستوورەكە تەواو بكرێتن, بەڵام پێش ئەوەى پێشكەش بكرێ بە جەمعييەى وەتەنى عێراقى, جەنابى سەرۆكى هەرێم داواى لە ئێمە كرد ڕەئى لەسەر ئەو خاڵانە بدەين كە پەيوەنديان بە گەلى كوردستانەوە هەيە, بۆ ئەوەى بەناوى گەلى كوردستان دەسەڵاتى هەبێت ئيمزاى بكاتن وبيسەلمێنێت, لەم ماوەيەدا كە ئێستا كە هەموو لايەك خەريكى نووسينەوەى دەستوورى عێراقن بنياتناوەيەى عێراقەكى تازەين, هەمو دونيا چاوى لە عێراقە و, لە كوردستانە, گەلى كوردستان بە پێك هاتەوە بە هەموو حزبە سياسيەكانەوە, پشتگيريەكى تەواو لە هەمو ئەو هەڵوەستانە دەكاتن كە بۆ بنياتناوەيەى ئەو عێراقە تازەيە كە ويستى گەلى كوردستانە وگەلى عێراقيشە, ئەو عێراقە ديموكراتە فيدراڵەى كە دەيان هەزار قوربانيمان بۆ داوە, و, ئيستاش پێويست بەوە دەكاتن كە هەموو جوهوودەكى سياسى, پەيوەندى عيلاقات سەرف بكەين بۆ ئەوەى ئەو دەستوورە بە شێوەيەك بيتن, ئايندەى عێراق تێدا دياربيتن كە ئايندەيەكى گەشە, تێيادا مافى ئازادى, ديموكراسى, مافى ژن, مافى منداڵ دابين دەكرێتن, ئەو عێراقە فيدراڵەى كە هەمومان ئاواتمانە لەم قۆناغە دا بچەسپێت, بەو تێبينيانەى كە لێرەدا لە كۆبوونەوەكاندا دامان, بۆ ئەو مەوزووعە, كەواتە بۆ مەسەلەى دەستوور, بۆ كردنەوەى ئەو پەرلەمانە, ئەم خولە, بۆ تيشك خستەن سەر ڕووداوەكانى سياسى, وباسكردنى هەمو مەسەلەكان كە پەيوەندى بە گەلى كوردستانەوە هەيە, بە ويستى گەلى كوردستانەوە هەيە, داوا لە جەنابى كاك مسعود بارزانى سەرۆكى هەرێمى كوردستان ئەكەم بفەرمووێت, وتارى كردنەوەى ئەم خولە پێشكەش بكات.

**بەڕێز مسعود بارزانى/ سەرۆكى هەرێم:**

**بەناوى خواى گەورە وميهرەبان**

**براى بەڕێز سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان**

**خوشك و برايانى خۆشەويست, ئەندامانى پەرلەمانى كوردستان.**

بەبۆنەى ئەم دانيشتنەتان كە خولى گرێدانى خولى دووەمى پەرلەمانە, سوپاستان دەكەم كە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند كە بێينە خزمەتتان, ئەم چەند بابەتە بخەينەڕوو. هەروەكو بەڕێزتان ئاگادارن پێش ئەوەى سەفەرى بەغدا بكەين و لەنووسينەوەى ڕەشنووسى دەستوورى هەميشەيى عێراق بەشدارى بكەين, هاتينە خزمەتتان و باسى ئەو خاڵە مەبدەئييانە كرا كە پێويستە هەموو هەوڵێك بدرێت, ئەمانە بچەسپێت لە دەستوورى هەميشەيى عێراقدا.

ئەوەبوو لەسەر بڕيارى ئێوەو پاشان دانيشتن لەگەڵ حزبە هاوپەيمانەكان, حزبەكانى كوردستانى, لەگەڵ وەفدێك بەيەكەوە چووين بۆ بەغدا, كە بەراستى وەفدێكى كوردستانى بوو, نوێنەرايەتى هەموو چينەكان و هەموو نەتەوە و ئايين ومەزهەبى دەكرد كە لە كوردستاندان. دواى گفتوگۆيەكى زۆر لەگەڵ لايەنەكانى تر بەتايبەتى لەگەڵ ليستى ئيئتيلاف و, ليستى عێراقييە و خەڵكى تريش و دۆستەكانيشمان وەكو ئەمريكا و بەريتانيا و دەوڵەتەكانى ترو, هەروەها UN, ئەوە بوو ئاخيرى گەيشتينە نيمچە تەوافوقێك لەسەر ڕەشنووسێك, هەروەكو لێرە پەيمانماندابوو هەرچييەكى بكرێت پێش ئەوەى بڕيارى كۆتايى لەسەر بدرێت دەينێرينەوە لاى بەڕێزتان, ئەگەر پەسندى بكەن يا هەر

تێبینییەکتان لەسەر ببێت, ئینجا ئێمە بڕیاری کۆتایی گەلی کوردستان بە هەموو لایەنەکان رادەگەیەنین, ئەگەر بڵێین ئەم دەستووره سەداسەد تەواوە؟ نەخێر کەموکوڕی هەیە, هەموو ویستی ئێمەی جێبەجێ کردووە؟ نەخێر, کەموکوڕی هەیە,هەموو ویستی ئێمەی جێبەجێ نەکردووە, بەڵام بەڕاستی لەم هەلومەرجەدا زۆر زەحمەتە دەستوورێك لەمە باشتر بنووسرێ, پێموایە بناغەیەکی زۆر باشە بۆ ئایندەیەکی گەشتر و باشتر, زۆر شتی سەرەکی لەم دەستووره جێگیربوو, چ بەنیسبەت گەلی عێراق بەگشتی و چ بەنیسبەت گەلی کوردستان. بەنیسبەت عێراق تا ئاستێکی زۆر داکۆکی کراوە لەسەر مەبادیئی دیموکراتی, مافی مرۆڤ, مافی ئافرەت, ئازادی گشتی و ئازادی تاك, ئەم شتانە هەمووی تا حەدێکی زۆری تێدایە, بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ ئێمە بە تەنها دستوورمان نەنووسیوەتەوە, خەڵکی تر هەبووە, لایەنی تر هەبووەو, بیروبۆچوونی زۆر جیاوازیش هەبووە, ئەوە نییە بڵێی هەرچی ویستوومانە, یا هەرچی لایەنەکانی تر ویستوویانە سەداسەد کەوتۆتە ناو ئەم دەستوورە. بەڵام بەنیسبەت هەموولایەك من پێم وایە شتی باشی تێدایە, هەر کەس توانیویەتی بەشێکی زۆر باش لە مافەکانی, لە تموحی خۆی جێبەجێ بکات.

ئەگەر خۆمان بەتەنها نوویسبامان بە تەئکید دەستوورێکی ترمان دەنووسییەوە و بەشێوەیەکی تر, بەڵام دەبێ موراعاتی خەڵکی تریش بکرێ, ئەگەر بێینە سەر ئەوەی کە بۆ کوردستان چی تێدایە, مەسەلەی فیدراڵی جێگیربوو, کە ئەمە بڕیاری پەرلەمان خواستی گەلی کوردستانیش لەم قۆناغەدا, زمانی کوردی بوو بە زمانی رەسمی, هەرچەندە زۆر هەوڵدرا کە گۆڕانکاری بەسەردابێت, ئەو سیغەی کە لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت هەبووە, ئەمە بگۆڕن و بیکەن بەوەی کەزمانی کوردی لەکوردستان رەسمییە, بێگومان ئەمە بەتوندی رەفز کرا, ئاخیریشی بوو بەزمانی رەسمی, چونکە ئەمە پیشان دەدات کە فیعلەن تۆ شەریکێکی تەواوی لە عێراقدا, ئێمە هاوولاتی پلە دوونین, بەڵکو وەکو یەکین. مەسەلەی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس بوو بە عایدی هەرێم, ئەمەش دەستکەوتێکی زۆرگەورەیە, سەرچاوە سروشتییەکان بەشێوەیەکی وا داڕێژراوە کە ئینشائەڵلا لەمەودوا خەڵکی کوردستان سوودی لێوەربگرێ و بتوانێ ولاتەکەی پێ ئاوەدان بکاتەوەو, بەشێکی داهاتی ئەم سەرچاوە سرووشتیانە بۆ خەڵکی کوردستان بێت, کە تا ئێستا لێی بێبەش بووە.

یاساکان بەتایبەتی لەدەسەڵاتی هاوبەش لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی ئەگەر ناکۆکییەکی یاسایی هاتە پێش یاسای هەرێم ئەولەوییەتی دەبێت و هەرچی یاسا لە ساڵی 1992 ەوە تا ئێستا دەرچووە هەمووی دەمێنێ و دەستکاریی ناکرێت لەلایەن حکومەتی فیدراڵی. سنووری کوردستان, ماددەی 58 زۆر ئیسرار دەکرا کە هەر بڵێن (بأسرع وقت ممكن) و هەروا بمێنێتەوە, ئێمە شەڕێکی زۆرمان لەسەر ئەوە کرد و گوتمان مومکین نییە ئێمە ئەو سیغەیە قبووڵ بکەین, چونکە لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا هاتووە (باسرع وقت ممكن) دەتوانن درێژی بکەن بۆ چەندی حەز بکەن, ئێمە سەقفێکی زەمەنیمان دەوێت, هەتا دواجار پێم گوتن چەند درێژ بێت, بەڵام سەقفی زەمەنی باشترە لەوەی بەهەڵواسراوی بمێنێتەوە.

جارێك پێشنیاری (10 ) ساڵ کرا, گوتمان مومکین نییە زۆر زۆرە لە(10) ساڵ هاتنە سەر پێنج ساڵ, دیسان گوتمان یەکجار زۆرە, (5) ساڵیش ئاخیری پاش ئەوەی کەزۆر دیراسات کرا, چونکە مەسەلەکە هەر کەرکووك وکوردستان نییە, دەستکاری سنووری پارێزگاکانی تریش کراوە, بۆ نموونە دەستکاری سنووری مووسڵ و تکریت کراوە, دەستکاری رومادی و کەربەلا و حیللە و نەجەف کراوە, کاتێ کە گرفتێکی سەرتاسەری وا هەبێت لە عێراق ئێمە ناتوانین بڵێین نەخێر نابێ ئەو مافەی ئێمە هەمانە نابێ ئێوە هەتانبێ, لەبەر ئەوە ئەم مەسەلەیە, مەسەلەی راستکردنەوەی سنوورەکان بە پێی بۆچوونی شارەزایانیش کە مومکینە 2 تا 3 ساڵی بوێ, ئێمە مکوڕبووین کە تاکو کۆتایی ساڵی 2007 تەواو بێت, واتە لە کۆتایی 2007 نابێ تێپەڕێت, ئەم مەسەلە واتە راستکردنەوەی سنوورەکان و دەبێ ئەمە جێبەجێ بکرێت, ئەو

کات سنووری کوردستان بەشێوەیەکی ئاسایی دیاری دەکرێت, ئێمە ئەمەش بە دەستکەوتێك دەزانین, مومکینە خەڵکێکی تر بۆچوونی تریان هەبێت, بەڵام بەڕاستی لەمەزیاتر نەدەکرا و شەڕیش کراوە تا توانیمان ئەو شتانە بچەسپێنین.

مەسەلەی تر کە زۆر گرنگە مەسەلەی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەیە, ئەمەش لە دیباجەکەدا هاتووە و ئاخیریشی بڕگەیەك هەیە دەڵێ: پابەندبوون بەم دەستوورە مەرجە بۆ پاراستنی یەکێتیی عێراق. ئەمەش بە هەموو یاسایەك بە مافی چارەنووس تەفسیر دەکرێت کە فیعلەن واشە. دیسان جارێکی تر من دەڵێم ئەمە دەستوورێك نییە بڵێین سەداسەد تەواوە و هەموو مافەکانی ئێمەی دابین کردووە و هەموو تموحی ئێمەی جێبەجێ کردووە, بەڵام لە مێژووی عێراقدا دەستووری وا باش نەنووسراوەتەوە, بناغەیەکی زۆر قایمیشە بۆ ئایندەیەکی گەشتر و خۆشتر, هەم بۆ ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان هەم بۆ خەڵکی عێراقیش.

لایەنی سوننە بەشدارییان لە نووسینەوە و گفتوگۆ بەردەوامەکانی رۆژانەکرد, کە ئێمە لەوێ بووین, ئەوان هەندێ بۆچوونی تریان هەبووە, هەمووشیان موتەفیق نەبوون لەسەر ئەم بۆچوونانە, واتە وا نییە بڵێین ئەو تێبینیانەی دەریانبڕیوە رای هەموویان بێت, رای هەندێکیان بوو, مومکینە هەندێکی بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت و ئەوەی کە ماقوڵە پشتگیریمان کردبن و بەردەوام پشتگیرییان لێ دەکەین, هەندێکیش بەڕاستی هی ئەو نییە هەر باسیشی لێ بکرێت, چونکە زۆر پاشکەوتووە هەر لە مەسڵەحەتی ئەوانیش نییە خەڵك بزانێ ئەوان داوای چی دەکەن. لەبەر ئەوە هەوڵ بەردەوامە لەگەڵ ئەوانیش کە بەتەواوی بێن بەشداربن هەم لە هەڵبژاردن هەم لەدەنگدان بۆ دەستوور, چونکە بەرژەوەندیی خۆشیانە و حەقیقەتێکیش هەیە ئەگەر بە تەوافوق بێ دەبێ ئەوانیش بەشدار بن دەبێ سوننیەکانیش بەشدار بن. ئەگەر بە تەوافوق نەبێ خۆ ئێمە ئەزموونمان هەیە, وەختی دەوڵەتی عێراق دامەزرا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کورد, پشتگوێ خراو مافی کورد پێشێل کرا وعێراق خۆشیی نەدی, کە بەعس هاتن جگە لە کورد شیعەشیان سەرکوت کرد, بارەکە خراپتر بوو, واتە ئێستا هەمان ئەزموون دووبارە بێتەوە بەشێوەیەکی تر سووننە لابدرێن و پشتگوێ بخرێن و مافیان پێشێل بکرێت, واتای ئەوەیە کە ئاسایش نابێت لە عێراق یا دەبێ جیا بینەوە یا دەبێ تەوافوقێك هەبێت, ئەگەر بەیەکەوە بژین لە چوارچێوەی عێراقدا دەبێ هەموو لایەکان موتەفیق بن, ئەگەر جیاش ببنەوە ئەوە مەسەلەیەکی ترە. بەڵام بە تەئکید ئەوانیش دەبێ تروحاتیان ماقوڵ بێ, بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین پشتگیرییان بکەین.

خاڵێکی تر کە ئێمە پێی سەربەرزین, ئەویش دەوری وەفدی کوردستان بوو لە چەسپاندنی مافی برایانی تورکمان و کلدان و ئاشووری و خۆشیان شایەتن و, هەروەها لە مەسەلەی ئازادیی ئایینی بۆ مەسیحی وئێزدی و سابیئە, پێم وایە ئەگەر داکۆکی وەفدی کوردستان نەبوایە ئەم دووخاڵە لە دەستوور جێگر نەدەبوو, ئێستاش خوشك وبرایانی بەڕێز دەرفەتێکی زێڕینمان لە پێشە بۆ ئەوەی دەستووری هەرێم هەرچی زووترە بنووسرێتەوە, ئێمە لە دەستووری هەرێمدا دەتوانین وەکو خۆمان دەمانەوێ ئاوا بینووسین, کەس ناتوانێ فشارمان بۆ بهێنێ. راستە ئێمە مادام لە چوارچێوەی عێراقداین دەبێ دەستووری هەرێم تارادەیەك گونجاو بێت لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق, بەڵام لەهەمان کاتیشدا تایبەتمەندیی ئێمە دیارە و قەت مومکین نییە ئێمە رێگەی ئەوە بدەین وەکو خەڵکی کوردستان دەستوورێك لە هەرێمی کوردستان بنووسرێتەوە مافی مرۆڤ یا مافی ئافرەت یا ئازادییەکان یا پرەنسیپەکانی دیموکراتی پێشێل بکات, بەڵام لەهەمان کاتیشدا زۆرینەی خەڵکی کوردستان میللەتێکی موسڵمانە, کەس توقوعی ئەوە نەکات یاسایەك دژی دین دەربچێت, ئەم تەوازونە دەبێ رابگیرێ, بەڵام لەهەمان کاتیشدا نابێ لە ژێر هیچ پەردەیەك دیموکراتیش پێشێل بکرێ, ئێوە دەتوانن بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەگەر بڕیاری کۆتاییتان داوە یا بڕیاری کۆتایی بدەن کەپەسەند بکرێ, دەتوانم داکۆکی لەسەر ئەم خاڵە بکەم وپێشنیاریش دەکەمەوە زۆر بە روونی بڵێم کە مەرجە ئێمە ئەم دەستوورە

قبوولْ دەكەين بۆ پاراستنی یەكێتی عێراق و، مانەوەی ئێمە لەم عێراقەدا مەرجێكە بۆ جێبەجێ كردنی ئەم دەستوورە، تا خەرق نەكرێت گەر خەرق كرا ئێمە مافی چارەنووسی خۆمان بەكاردێنین، ئەمە پێویستە زۆر بەروونی و ئاشكرایی بگوترێ و بنووسرێ.

خالی تر كەزۆر جێگەی سەربەرزی و خۆشحالیمان بوو ئەو ئینسیجامە بوو كە لەناو وەفدی كوردستان دا هەبوو، هەموو شتێك بەمەشوورەت و دانیشتن بوو لەگەڵ جەنابی مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراق و لەناو خۆشماندا هیچ بڕیارێكی فەردی نەدرا، بە پێچەوانەوە هەمووی بە مەشوورەت بوو، بە ئیتیفاق بوو، بەئینسیجام بوو، من بەش بە حالی خۆم یەك دونیا مەمنونم لە هەموو ئەو برایانەی كە چ لە لیژنەی داڕشتنی دەستوور وچ ئەو برایانەی كە بەفەرمانی پەرلەمان چوون بۆ پشتگیری لە لیژنەی داڕشتنی دەستوور و چ ئەو برایانەی كە لەخزمەتیاندا چووین وەكو وەفدی كوردستان كە لەوێ بووین بەیەك وەفد هەموویان رۆڵی خۆیان زۆر بە چاكی بینی، زۆر ملتزم بوون، زۆر مونسەجیم بوون، خەڵكی تر حەسادەتی بە ئێمە دەبرد، من جارێكی تر زۆر زۆر سوپاسیان دەكەم.

ئینجا مادام نوزجی ئێمە گەیشتبێتە ئەم قۆناغە، من زۆر خۆشبینم ئەمجارە لە هەموو جارەكانی تر، چونكە هەم برایانی ئێمە، برایانی توركمان، برایانی كلدان، برایانی ئاشووری، برایانی ئێزدی، هەر كەسە و هەموو بەیەكەوە وەكو یەكتر، برایانی ئیسلامی نوێنەری دوو حزبی ئیسلامیمان لەگەڵ بوو، یانی باوەڕ بكەن هیچ فەرق وجیاوازییەكم نەدی مـن ئەوەنـدە هەستم بەسـەربەرزی و خۆشحالی دەكرد بەرامبـەر بـەو پـەرت وبڵاوییـەی خـەڵكی تـر و بۆچوونە جیاوازەكان، زۆر جێی سەربەرزی بوو، من جارێكی تر زۆر سوپاسیان دەكەم.

لەكۆتاییشدا بڕیاری كۆتایی بۆ ئێوەیە و ئێوە چ بڕیارێك بدەن ئێمە پەیڕەوی دەكەین وملكەچی بڕیاری ئێوە دەبین، والسلام علیكم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس جەنابی كاك مسعود بارزانی، سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەكەین بۆ ئەو وتە بەنرخەی كەسەرەتای كۆبوونەوەكەمان دەبێت، و ئومێدەوارم سبەینێ سەعات (11) كۆبوونەوەمان بكەینەوە، هەم بۆ ئەوەی تۆزێكی تر تاوتوێ لەسەر مەسەلەی دەستووری عێراق بكەین، هەم لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی كوردستان دەست نیشان بكەین، بۆ ئەوەی دەست بەكاربن، وئینشائەڵلا لە ماوەیەكی كورتدا ئەنجامی دەدەین و بڵاوی دەكەینەوە لە رۆژنامەدا، دواتر لێرە بە صیغەیەكی كۆتایی موناقەشەی دەكەین، لە وەختێكی نزیكدا دەستوورەكە حازر دەبێت، ئەو وەختی بڕیار دەدەین، من بەڕەئیی خۆم پاشی دەنگدان لێرە، بۆ ئەوەی دەستوورەكەمان هەمیشەیی بێت وبە قوەتتر بێت و شەرعی تر بێت، ئەویش بدەینە دەنگدانی گشتی، پاش ئەوەی لێرە پەسەند دەكرێت، زۆر سوپاسی هەمووتان دەكەم، و بەیانی بێجگە لەوەش ئێمە بڕیارێكی پێشوومان هەیە بۆ دانانی لیژنەی بەدواچوونی ماددەی پەنجاو هەشت، ئەو لیژنەیەش سبەینێ دەستنیشان دەكەین و بەرنامەی بۆدادەنێین چۆن ئیش بكات، چونكە بڕیارێكی تریش لە لایەن سەركردایەتی سیاسی لیژنەیەكی باڵا هەیە بۆ پشتگیری كردن لەمەسەلەی كەركووك و بەدواچوونی ماددەی 58، یانی ئەم لیژنەی پەرلەمانیش هاوكار و هاوخەبات دەبێت لەگەڵ ئەو لیژنە باڵایەی كەسەركردایەتی سیاسی هەردوو حزب دایانناوە، بۆ ئەوەی بەزووترین كات هاوكاری ئەوە بین ئەو ماددەیە لە رەشنووسی دەستووری عێراقدا نووسراوە، چونكە بەندێكی تێدایە راناوەستین لەسەر ئەوەی ئەو دەستوورە پەسند بكرێت، ئەو ماددەیە لە ئێستاوە كاری پێ دەكرێت لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی موەقەتدا هاتووە، پێویست ناكات راوەستین تا دەنگی بۆ دەدرێت، و ئینتیخابات تازە بكرێتەوە كە هەندێ هەنگاوی بۆ نراوە، ئەو هەنگاوانە بەردەوامن، لەبەر ئەوە پێشتر دەبوایە دەستی پێ بكات و ئێستاش دەستی پێ دەكات، زۆر موقتەرەحات هەیە بۆ چۆنیەتی پێشخستنی بەكارهێنانی ماددەی 58 و جێبەجێ

کردنی ماددەی 58, ئینشائەڵڵا سبەینێ باسی دەکەین, زۆر بەخێربێن, کۆتایی بەم کۆبوونەوە دێنین تا بەیانی سەعات (11), فەرموو کاك مسعود.

**بەڕێز مسعود بارزانی/ سەرۆکی هەرێم:**

ئەگەر ئیجازە بێت دەمەوێ لە کۆتاییدا بەناوی ئێوەش جارێکی تر سەرەخۆشی لە کەس و کاری قوربانیانی پردی ئەئیمە لە کازمیە بکەین, هاوخەمی خۆمان رادەگەینین, بۆ ئاگاداری بەڕێزتان هەمان رۆژ هەوڵمدا پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بکەم, لەگەڵ سەرۆك وەزیران دەست نەکەوت, لەگەڵ د. چەلەبی قسەم کرد پێم گوت ئێمە حازرین وەکو هەرێمی کوردستان, وەکو خەڵکی کوردستان هەر هاوکارییەك پێویست بێ و داواشتان لێ دەکەین ئەگەر پێویست بێت 150 بریندار بنێرن, 50 بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی, 50 بۆ هەولێر و 50 بۆ دهۆك, ئێمە ئامادەین و هەر کۆمەکێکیش پێویست بێت ئێمە ئامادەین.

هەروەها بەناوی ئێوەشەوە هاودەردیی خۆمان رادەگەیەنین بۆ گەلی ئەمریکا, بۆ حکومەتی ئەمریکا بۆ ئەو کارەساتەی کە بەسەر چەند ویلایەتی ئەمریکا هات لە ئەنجامی ئەو تۆفان و باو بۆرانە, ئومێدەوارین هەرچی زووتر ئاسەواری ئەم کارەساتە پاك بێتەوە وبتوانن زاڵ بن بەسەر ئەو وەزعە ناهەموارەی بەسەریان هاتووە. بەنسبەت ماددەی 58 خاڵێکی تری زۆر گرنگی تیادایە, لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ریفراندۆم بە روونی نەبوو, لێرەدا ئەم مەسەلەیە زۆر بەروونی هاتووە کە ریفراندۆم چارەنووسی کەرکووك دیار دەکات, پاش ئاساییکردنەوەی باری کەرکووك ئەمەش بە رەزامەندی هەموو دەوڵەتان و UN دەبێت, کە زۆر جار من دەمگوت ئێمە دەمانەوێ کەرکووك وەربگرینەوە, بەڵام بە پشتگیرییەکی نێو دەوڵەتی. من پێم وایە ئەمە بیزەبیت ئەم فرسەتەمان بۆ دەرەخسێنێ کە کەرکووك وەربگرینەوە نەك هەر کەرکووك, کەرکووك, خانەقین, مەخموور, شنگار, شێخان زۆر شوێنی تریش, هەتا ئاکرێش بە پێی یاسا ئێستا لەسەر موسڵ حیسابە, هەموو ئەو شوێنانە بێنینەوە سەر هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی و بەبێ دەردەسەری, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی 2005/9/8**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)

## پێنج شەممە رێكەوتی 2005/9/8

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2005/9/8 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن، ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2005/9/8 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - پێكهێنانی لیژنەیەكی تایبەت بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستاندا.

2 - پێكهێنانی لیژنەیەكی كاتی بۆ بەدواداچوونی ئیجرائاتی بەركارخستنی ماددەی (58)ی یاسای هەڵسووڕاندنی (ئیدارەی) دەوڵەتی عێراق.

3 - لێكۆڵینەوە لە بابەتی كردنەوەی مەكتەبی پەرلەمانی لە مەركەزی پارێزگاكان و ناوچەكانی دیكەی هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان، دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكەین، بەرنامەی كاری ئەم كۆبوونەوەیە بریتی یە لە:

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2005/9/8دا بەم شێوەیە بێت:

1 - پێكهێنانی لیژنەیەكی تایبەت بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستاندا.

2 - پێكهێنانی لیژنەیەكی كاتی بۆ بەدواداچوونی ئیجرائاتی بەركارخستنی ماددەی (58)ی یاسای هەڵسووڕاندنی (ئیدارەی) دەوڵەتی عێراق.

3 - لێكۆڵینەوە لە بابەتی كردنەوەی مەكتەبی پەرلەمانی لە مەركەزی پارێزگاكان و ناوچەكانی دیكەی هەرێمدا.

پێش ئەوەی باسی خاڵی یەكەم بكەین، دوێنێ ئاماژەمان بەوەی كرد كە تۆزێك باسی دەستووری هەمیشەیی عێراق بكەین، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا گفتوگۆی لەسەرە و هێشتا لە جەمعیەی وەتەنی عێراقی موناقەشە نەكراوە و پەسەند نەكراوە، وا بەباش زانرا كە كەی تەواو بوو و لەوێ پەسەند كرا، ئێمە كۆتایی پرۆژەكە بخەینە بەردەم بەڕێزتان، موناقەشەی بكەین و پاش ئەوەی پەسندی دەكەن، ئینجا داوای بكەن لە خەڵك دەنگی بۆ بدەن، لەبەر ئەوە ئەو موناقەشەیەمان دواخست، چونكە ئەترافەكانی تر لە بەغدا لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق هێشتا لە

گفتوگۆدان, وکۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقی بەتەمایە هەندێ تەعدیلات بکات, ئەوەی کەبکرێت بۆ دابین کردنی بەشداری کردنی برا عەرەبە سوننەکان, بۆیە نەمانخستە بەرنامەی ئەمڕۆ.

پێکهێنانی لیژنەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ بە دواچوونی ئەو پرۆژەیە کە پێشتر لەلایەن پەرلەمانەوە موناقەشە کراوە و پەسند کراوە, بەڵام وەکو یاسا دەرنەچووە و زۆر گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە, ئەو پرۆژەیەی لە کۆتایی ساڵی 2002 لەلایەن هێزە سیاسیەکانی کوردستان کە 36 حزب و ڕێکخراوی سیاسی بوون و هەموو ئەو حزبانە دەگرێتەوە کە بە ڕەسمی لە کوردستاندا خەباتیان کردووە و شارەزاییان هەیە, ئەو پرۆژەیە لە کۆنفراسێك و چەند کۆبوونەوەیەك لەلایەن ئەوانەوە پەسند کراو درا بە پەرلەمان, پەرلەمانیش موناقەشەی کردو تاوتوی لەسەر کرد و ئەویش پەسندی کرد, بەڵام وەکو یاسا دەرنەچوو, گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر وەزعی کوردستان و عێراق داهات کە کۆتایی 2002 بوو, ڕژێمی صەدام رووخا و عێراق بەرەو هەنگاوی کاریگەر چوو, بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی تازە لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراتی و فیدراڵیەت, دەستووری عێراق وەکو پرۆژە تەواو بووە و, تەقدیمی جەمعیەی عمومی عێراقی کراوە, لەو پرۆژەیەدا بەشێك لە پرۆژەکەی خۆمان کە پەیوەندی هەبوو بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان, وەکو یاسا لێرە موناقەشە کرا و پەسندتان کرد و وەکو قانون لێرە دەرچوو, ئەویش گۆڕانکاریەکە, بۆیە ئێستاکە کە ئەو لیژنەیە دادەنێین, وەختی هاتووە کە تەعدیلاتی لەسەر بکرێت, دوایی بێتە ئێرە وەکو ڤیرائەیەکی ئەوەلی پێش ئەوەی پەسندی بکەین, بڵاوی دەکەینەوە لە ڕۆژنامە و لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و کۆبوونەوەی لەسەر دەکەین, بۆ ئەوەی خەڵکەکەش مەجالی هەبێت تا ماوەیەکی موعەیەن ڕەئیی لەسەر دەربڕێت, کۆبوونەوەی پێویستی لەسەر بکرێت, مەقالاتی لەسەر بنووسرێت, ئەو لیژنەیە بەو مولاحەزاتانە جارێکی تر کە لێرەو لەوێ و لەلایەن خەڵکەوە تێبینیەکانیان ڕەچاو دەکات, ئەوەی پێویست بێت دەیخاتە ناو پرۆژەکە, ئینجا کۆتایی دێنین لێرە و موناقەشەی دەکەین, بۆ ئەوەی وەکو یاسایەك دەربچێت, پاشان ئەگەر بڕیارتان دا پێش ماوەیەك هەروا دەبێت, داوا لە خەڵك بکەن لە ڕاپرسێکی گشتییدا پەسندی بکەن وەکو دەستوورێکی هەرێم کاری لێ بکەین لە ئایندەماندا, دیارە ئێمە زۆر قسەمان کردووە ماوەیەکە چۆن ئەو لیژنەیە دابنێین, ئەو لیژنەیە لە کێ پێك دێ, لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنمان, لەبەر ڕۆشنایی ئەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار کردوومانە, و ڕەچاو کردنی چۆنیەتی نووسینی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە لەو بەینەدا برادەرانی تەحالوفی کوردستانیش بەشدارییان کرد و لە ڕاپرسینی ئەوانیشدا, ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی, وەکو زۆر ئەندامانی تر کە پەیوەندیدارن, یاساناسن, لیژنەی قانونی وامان بەباش زانی کە لیژنەکە زۆر فراوان نەبێت یانی لە حدودی پازدە شازدە کەس زیاتر نەبێت, ئێمە لێرە لیژنەی قانونیمان هەیە پێمان وایە هەر دە ئەندامی لیژنە قانونیەکە لەو لیژنەیە بن, ئیزافەتەن لەسەر سکرتێری پەرلەمان کاك فرسەت, لەبەر ئەوەی خیبرەیەکی باشی هەیە و لەو بەینەدا کە وەفدی شاندی باڵای کوردستان لە بەغدا دەبوون, بە شایەدی هەموو لایەنەکان وەفدەکە بەگشتی دەورێکی کاریگەریان هەبوو, هەمووشیان ئیشارەتیان بە خیبرە و شارەزایی کاك فرسەت کرد کە ئەویش دەبێ لە لیژنەکە بێت, ئیزافەتەن لەسەر ئەو, دەبێ لیژنەکە ژنێکی تێدا بێت, نەك لەبەر ئەوەی تەنیا ژنە, بەڵکو بۆ ئەوەی دەنگی ژنان و ئافرەتان و کچان و دایکان و خوشکان غایب نەبێت لەو لیژنەیە, بەڵام یەکێکی خەبیری دەوێت, یەکێکی شارەزای دەوێت, ئێمە پێمان باش بوو پەخشان خان بێت, کە ئەو پێشتر ئەندامی شاندی کوردی بوو لە بەغدا, شارەزایی هەیە دەتوانم بڵێم دەتوانێ تەمسیلی باشی ئافرەتان و ژنان بکات, لیستەکان بخاتە بەردەم لیژنەکە, جگە لەوەش, لە هەموو مەسەلەکانی تردا شارەزایی هەیە, یانی ئێمە کە دەڵێین ژن زیاتر لەبوارەکانی تردا دەوری دەبێت و خیبرەی خۆی دەخاتە بەردەمیان, سێ کەسی تر موفتەرحن لە دەرەوەی پەرلەمان, شارەزان, ئەگەر کەسێك مولاحەزەی هەبێت دوایی دەتوانێ بیدات, حاکم ئەمیر حوێزی, کەحاکمێکە تاریخێکی دوورودرێژی هەیە لە قانوندا و لیژنەیەکی تایبەتمان هەبوو بەش بەحاڵی خۆم لە خزمەتیان دابووم, پێشی دوو ساڵ, سێ ساڵ هەر لەو لیژنەیە تەقییمی خبرەتی ئەو دەکەم و شارەزایی ئەو دەکەم, و بەیانی تەلەفۆنم بۆ کرد, بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لێ وەربگرین و ئەویش ڕازییە کە داخیل ببێ, دوو سێ برادەری تر ئەگەر چی پەیوەندیم پێوە نەکردوون, بەڵام ڕازی دەبن بەوەی کە ئەندامی لیژنەکە بن, دووانیان پێشتر موشارەکەیان کردووە لە نووسینەوەی

پرۆژەکە, یەکیان دکتۆر شێرزاد نەجارەو ئەوی تریان کاك محمد عمر مولودە, ئیزافەتەن لەسەر ئەوەی پسپۆڕێکمان دەویست شارەزایی لە دەستووردا هەبێت ئەویش کاك شۆرش حسن عمرە, ئەم چوارە ئیقتراح کراون, ئیزافەتەن لەسەر لیژنەی قانونی لای خۆمان, چونکە تەبعەن ئەو لیژنەیە یەکەم چەند سیفاتێکیان دەبێت, ئەو پازدە کەسە کە ئاماژەم پێکرد, پێش هەموو شتێك شارەزاییان هەیە لەبواری یاسا, زۆربەی زۆریان, ئەگەر نالێم هەموویان رەنگە دەرچووی یاسا بن و پسپۆر و حاکم بن و شارەزایی تەواویان هەبێت, لەهەمان کاتدا لە بواری سیاسەتدا هەریەکە ئەزموونی خۆی هەیە, شارەزایی خۆی هەیە, لە تاریخدا شارەزاییە, لە تەجروبەی وڵاتانی دونیادا چەندین کتێبیان خوێندۆتەوە و خۆیان تەئلیفاتیان هەیە, جگە لەوەش رەچاوی ئەوەشمان کردووە کەئەو لیژنەیە هەموو لایەنەکانی تێدا بێت, حزبە سیاسیەکانی تێدا بێت, راستە سیفەتە ئەساسیەکەی نە ئینتیما حزبیەکەیە, بەڵکو شارەزایی بوونیتی لە قانون, لە یاسا ولە خیبرەی سیاسی, بەڵام لە هەمان کاتیشدا رەچاوی ئەوە کراوە هەموو حزبە سیاسیەکانی تێدا بێت, ئەو لیژنە قانونیە کە لێرەدا داماننناوە پێکهاتەی ئەو حزب ولایەنانەیە کە لە پەرلەمان ئەندامیان هەیە و کورسیان هەیە, واتە لەهەمان کاتدا لەو لیژنەیەدا بەشداری دەکەن لە نووسینی دەستوور, یانی بەو شێوەیە دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری پێکهاتەکانی کوردستان لە حزب و رێکخراوە سیاسیەکان بەشداری دەکەن, ئێستا ئەگەر کەسێك مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەو ناوانە دەتوانین قسەی لەسەر بکەین, رەنگە پێش ئەوەی کۆتایی پێ بێنم لەوانەیە دوو کەسی ترمان پێویست بێت, ئەویش یەکێکی تورکمان و کلدان و ئاشووری بێت, دەبێ تورکمانێکی تێدا بێت و دەبێت قانونی بێت یان لەبواری سیاسەتدا خیبرەی هەبێت, دواتر قسەیان لەگەڵ دەکەین, ئەوان ئەو چوار ئەندامانەی پەرلەمان کە لێرەدا نوێنەرایەتی برا تورکمانەکان دەکەن, ئیتیفاق لەسەر ناوێك بکەن, هەروەها بەنسبەت کلدان وئاشووریش کە لێرەدا پێنج ئەندامیان هەیە, من بۆیە نەمخستە هینەوە, چونکە دەبێ لەگەڵ ئەوان قسە بکەین, فکرمان لەوەش کردۆتەوە لە تەوائیفی جیاوازی تر کە لە کوردستان لەگەڵمان دەژین, جگە لەوەی کە ئێمە هەمووومان یەزیدی بە کورد دەزانین, بەڵام بۆ ئەوەی لە مەوزووعی دیانەتدا شتێکمان لە بیر نەچووبێ, برایەکی یەزیدیش ئیزافە دەکەین, لەبەر ئەوەی ناوەکەم نەنووسی بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا موناقەشەیەك بکەین, یانی ئەو سێ کەسەمان نەنووسیوە بۆ ئەوەی لە دواییدا لەگەڵ خۆیاندا موناقەشە بکەین و خۆیان ئیختیاری ئەو کەسە بکەن, لەبەر رۆشنایی ئەو مواصەفاتەی کە باسم کرد ئیزافەیان دەکەین, ئینجا ئێستا کێ رایەکی هەیە, با ناویان بنووسین. ئێستا پێنج کەس داوای قسەیان کردووە, کاك محمد فرج و تاڤگە خان و کاك سمکۆ و چنار خان و کاك غفور, کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر بڵێین لیژنەیەك دروست بکرێت, لیژنە نابێت لە دەرەوەی پەرلەمان بێت, هەر دەبێ لیژنە لە ناو پەرلەمان بێت, ئەگەر بمانەوێ خەڵکی تری تێدا بێ لە دەرەوە, دەبێ ناوەکە بگۆڕین, ئەوە مولاحەزەیەك, من پێشنیارم ئەوەیە لیژنە هەر لە پەرلەمان دروست ببێ, چونکە هیچ لیژنەیەك بە بێ ئیستیشارە و بەبێ یارمەتیدەر ناتوانێ ئەو ئیشەی خۆی بکات, لەبەر ئەوەی نەك چوار کەس, یانی قەتیسی نەکەین لە چوار کەسە, خەڵکێکی تری زۆر بە قوەتمان هەیە, بۆ نموونە کوردێکی ترمان هەیە لەو بەغدا, خەڵکێکی زۆر شارەزا و زۆر لێزان, خەڵکێکی تری عەرەب, خەڵکێکی تر لە دەرەوە, یانی ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, هەر بۆ نموونە ئینسان هەر لە سەرەتای حەیاتیەوە دەست دەکات بە نووسینی دەستوور, ئێمە ئێستا بیدایەتی حەیاتی سیاسی وەکو هەرێمێك, وەکو جۆرێك لە نیمچە سەربەخۆییەك, ئەمانەوێ شتێك بنووسین بۆ ئایندەش, لەبەر ئەوە دەبێ رووبەری ئیستیشاریەکەمان زۆر بێت, مشاوەرت بە خەڵك کردنمان زۆر بێت, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەو لیژنەیە مەرج نییە هەر لیژنەی قانونی بێ لێرە, لیژنەی قانونی زیاتر بۆ صیاغە و شت دروست دەبێت, ئەمە مەسەلەیەکی سیاسی یە, دەستوور یانی کۆمەڵێ بنەمای سیاسی دروست دەبێ, بەڵام دوایی بە صیاغەیەکی دەستووری قانونی دادەڕێژرێ, لەبەر ئەوە ئەم پێکهاتانەی کە لە کوردستاندا هەیە بەخیلی تێیدا نەکەین, با هەمووانی تێدا بێ و یانی ژمارەکەش هەرچەندە زۆر بێت, ئێمە لە بەغدا عیبرەت بگرین, یانی پەنجاو پێنج کەس گرفتی دروست نەکرد, بە پێچەوانەوە زۆر دەوڵەمەندی کرد, لەبەر ئەوە ئەم لیژنەی

دەستووریە لە پەرلەماندا دروست ببێ و ئەندامەکانی پەرلەمانی بن, بەڵام مەساحەی ئیستیشارە و مشورەت کـردن زۆر فراوان تر بێت و لە چوار کەس زۆرتر بێت و خەڵکی تریش بێت, وڵاتانی دەرەوە هەرچەندە پێمان دەکرێ لـە ئومـەمی موتەحیـدە و لـە خـەڵکی شـارەزا مشورەتیان لەگـەڵ بکـەین, و هـەموو پێکهاتـەکانی کوردسـتانیش تێـدا بەشـدار بـن بـە جۆرێك کە هەموو رازی بکرێن, بە لانی کەمی ئەگەر بە بەشداریش بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس لەبـەر ئـەوەی کـەمن, ئەگـەر ئیجازەم بـدەن پێویسـت دەکـات مـن تۆزێـك شـەرح بـدەم, بۆچوونەکەت جێـی تەقدیرە و وەجاهەتیشی هەیە, بەڵام بیلموقابیل ئێمە تەجروبەی بەغدامان بـاس کـرد, ئـەو ژمـارە زۆرە قـازانجی هەیـە لەوەی کە ئارائی زۆر دەبێ, بەڵام کۆسپیش بوو لەوەی کە گەیشتن بە صیاغەی نیهائی, چونکە چـەند زۆر بـێ ئەوەنـدە کۆسپ دێتە پێش, بەڵام ئەوە رێگە نادرێ بەوەی کە هەرچی کەسێك کە پسپۆرە و شـارەزاییە, ئێمـە موحتاجینـە و ئـەو لیژنەیە بانگی دەکات لە هەندێ کۆبوونەوەی تایبەت لە بوارێکدا, مەسـەلەن لەسـەر مەسـەلەی حوریاتـە, دیموکراتیەتـە جەلسەیەکی تایبەتی هەیە, دوو کەسی شارەزا پێویست بێت بانگی دەکات و سوپاسـی دەکـەین کـە بەشـداری بکـات, ئێمـە پەنجاو پێنج کەس لە بەغدا بەشدارییان نەکرد لە نووسینەوەی دەستوور, ژمارەیەکیان کورد بـوون, بـەڵام شـاندی بـاڵای کوردستان کە چوو پشتگیری لە نووسینەوەی دەستووری کرد نزیکەی بیست کەسـێك بـوون, ئـەوە مـانع نییـە, یـانی ئـەو لیژنەیە مانعی نییە لە پاڵیدا خەڵکێکی تر هەبێ بۆ پشتگیریان, پرۆفیسۆرە یان عەرەبە, دۆستە, ئەمریکیە, فەرەنسیە, خەبیرە, بانگی دەکەین, لێرە زۆر دۆستمان هەیە هاتوون هاوکاریمان بکەن, بانگیان دەکەین لەو بوارەی کـە موحتاجینـە, بەڵام هەموو ئەوانە بخەینە ناو لیژنەکەوە, لیژنەکە فراوان بێت ئیشی پێ ناکرێت, حیسابمان کـرد تـەنیا ئـەو لیژنەیـە یەکەم خەڵکی شارەزا بن, دووەم پێکهاتەکانی کوردستانی تێدا بێت, لە قەومیات و تەوائیف و حزبە سیاسیەکانیش, یانی هەم پێکهاتی پەرلـەمانی تێـدا بێـت و هـەم خـەڵکی شـارەزای تێـدا بێـت, ئەگـەر کـەم و کوڕیـەك لـەوە نـەبێت ئـەوی تـر دەتوانن لەو بوارەدا پڕی بکەینەوە, یانی لیژنە دابنێن بـۆ دەعمـی ئـەو لیژنەیـە لـە بـواری مەسـەلەن ئـەبوابی سابتەیە, مەسەلەی ئەحکامە, مەسەلەی حقوقە, مافی ئافرەت و ژن و منداڵ و ئەوانەیە, لە چ بوارێکدا ئەو رۆژانەی بـۆ تەخصیص دەکرێت, چی پێویست بێت ئەو لیژنەیە یاخود خەڵکی تر, ئێوە کەسێکتان بە پێویستتان زانـی دەتـوانن داوای بکـەن لـە لیژنەکـە و لەگەڵیانـدا کۆببێتـەوە, بـەڵام زۆر فـراوان بکـەین و زۆر بێـت ئیشـەکانمان لـێ تێـك دەچێت, بۆیـە ئەگـەر نـا موقتەرەحەکەت پێشتر موناقەشە کراوە و وەجاهەتیشی هەیە, تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەینرخێنین کە ئەو لیژنەیە ئاوا بەو شێوەیە تەوافق بووە و بەو شێوە رێك وپێکیـە دانـراوە, بـەڵام مـن پێشـنیار دەکەم یان لە ناو پەرلەمان ئافرەتێکی تری بۆ زیاد بکەن, یان لە ناو مەجلیسە ئیستیشاریەکە ئـافرەتێکی قـانون نـاس و پارێزەر ئیزافە بکرێت, چونکە بەڕاستی ئەمڕۆ مەسەلەی ئافرەت و قانونەکان و قانونەکانی ئەحوالی شەخصی پێویستی بە کەسێکی وا هەیە, ئێمە دەزانین پەخشان خان لەو بوارە کەسێکی لێهاتووە, بەڵام پێویسـتی بـە کەسـێکی تـریش هەیـە وەکو قانون ناس یا ئەندامێکی تری پەرلەمان لەو ئافرەتانەی کە هەن زیاد بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئێوە رەزامەندیتان هەبێت, بێجگە لەو ناوانەی کە وتم ئەگەر زۆر ئیحتیاج هەبێت, دوو کەس و سێ کەسی تریش ئەگەر لیژنەکە خۆی پێشنیار بکات و دەسـتەی سـەرۆکایەتیش موافەقـەی لەسـەر بکـات, لـە زیمـنی ئەوانـە موقتـەرەحی جەنابیشت بە نەزەر وەردەگرین, من حەز دەکەم ئافرەتێکی تری تێدا بێت, موشکیلە نییە, کاك سمکۆ فەرموو.

**بەڕێز سمکۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان مولاحەزەی برادەرانم هەبوو, کە مەرج نییـە ئەوانـەی بەشـداری دەکـەن لـە داڕشـتنی ئـەو دەسـتوورە هـەموو یاساناس بن, بەڵکو دەبێ پێکهاتەکانی تری ناو کۆمەڵ ئەوانیش بەشداری بکەن, هەروەها چین و توێژەکانیش, مەسەلەن

لەناو كرێكاراندا, لەناو جوتياران, لەناو مهندسين و لەناو دكتۆرەكان, ئـەو چـين و توێژانـە بەشـدارى بكـەن لـە دارشـتنى ئەو رەشنووسە پێم شتێكى باشە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خۆى هەمان وەڵامە, يانى هەموو توێژەكان بەشـدار بـن, بـەڵام شـەرت نييـە ئەنـدام بـن لـە ليژنەكـە, ئێمـە وتمان بانگيان دەكەين و دوايى پاش ئەوەى كە رەشنووسەكە تەواو دەبێت, تەرحى دەكەين لە رۆژنامە و لە تەلەفزيۆن و لە راديۆ, كۆڕو كۆبوونەوەى لەسەر دەكرێت, مومكينە كۆبوونەوەيەك بكرێت دەيـان موهەنـديس بـانگ بكـەين و ئەگـەر مولاحەزەيەكيان دا لەبوارى خۆياندا بە نەزەر وەربگيرێت, ليژنەكە تـەنيا ئەوەنـدەيـە صـياغە دەكـات, بـەڵام راى هـەموو كەسـێك وەردەگرێـت بـە كۆبوونـەوە بێـت, بـە ڕا پرسـين بێـت, خـەبيرێك هـەبێت وەكـو عـەرزم كـردن بـانگى بكـات بـۆ كۆبوونەوە, بەڵام ئەگەر ئەوە هەموو لايەك رەچاو بكەين, رەنگە ليژنەكەمان بە پەنجا, شەست كەس هەر تەواو نـەبێت, موهەنديسى تێكەين, دكتۆرى تێكەين, كرێكار و فلان و فلان, لەبەر ئەوە مولاحەزەى ئەوەمان كرد وتمان با قانونيـەكان و لايەنەكان هەردووكيان بەيەكەوە گرێـدراون, پێكهاتـەكانى كوردسـتان لـە كـورد و لـە توركمـان و كلـدان و ئاشـوور و لـە تەوائيفى موسڵمان و مەسيحى و يەزيدى, ئەوانەى تێدا بێت, بەڵام لەهەمان كاتيشدا خەبير بن, ياساناس بن كـە كارەكـە ئاسان دەكات, دواييش لە ئاخيردا خۆ ئەو ليژنەيە دەستوورەكە نـادات و تـەواو, وەكـو عـەرزم كـردن موناقەشـاتى لەسـەر دەكرێت و دێتە ئێـرە, بڕيـارى نيهائى لێـرە دەدرێـت, لێـرەش هـەموو بوارەكـانى تێدايـە, هـەموو پێكهاتـەكانى تێدايـە و خەڵكى شارەزايشى تێدايە, فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من تەنها دەمەوێ گلەييـەك ئاراسـتەى جـەنابت بكـەم, بەداخـەوە لەوەتـەى دەسـت بـە كاربوويـنـە هـەر جـارەى كـە قسـە لەسەر دروستكردنى ليژنە دەكرێ, بەتايبەتى ئافرەتێك وەكو گوڵى مەجليس دەخەنە ناو ئەوە, وەكو ئـەوەى تايبەتيشـى دەكەن و سنوورێكى بۆ دادەنێن, تەنها دەبێ لـە حـەقلى ئافرەتـان قسـە بكـات, بـە داخـەوە مـن گلـەيى لـە تاقگـە خـانيش دەكەم بۆ دەبێ ئيجازە بدەين تەنها لەسەر ئافرەت قسە بكەين, ئێمە بەر لەوەى ئافرەت بين ئينسـانين, كەواتـە حـەقمان هەيە لەسەر پياويش قسە بكەين, لەسەر منداڵ و لەسەر هەمووى, دوايى بۆ ئەگەر ئافرەتێك لەناو ئەو ليژنەيـە نـەبێت دەبێ پياوان لە بەرژەوەندى خۆيان ئيش بكەن و ئافرەت لەبير بكەن, بۆيە تكايە لەمەودوا كە ليژنـە تەشـكيل دەكـەين, ئەوە قانونى تەبيعەتە, ژيان وايە, ئيتر ئافرەت و پياو مەجودن, بۆ دەبێ ئێمـە رەچـاوى ئـەو ياسـا تەبيعيـە نەكـەين كـە ليژنەيەك تەشكيل دەكەين, يەكسەر دەڵێن با ئافرەتێكيش لـەوێ بێـت, وەكـو ئـەوەى خێـرە و صـەدەقەيە, دەبـێ هـەبێ, ئيدى ئەوە نەكەينە شتێك, و گلەييم لە ئيعلاميش هەيە دێن موقابەلەى ئافرەت دەكەن, بۆ ئەوەى قسە لەسـەر ئـافرەت بكات, قەد رۆژێك نـەهاتن بـۆ لام كـە قسـە لەسـەر شـتێكى عـام بكـەم, بۆيـە تكايـە ئێمـە حـەقمان هەيـە لەسـەر هـەموو بوارەكان قسە بكەين, كە ليژنەكان تەشكيل دەكەين, ئيدى دەبێ وجوديان هەبێت و ئافرەت حەقى هەيە لەسەر پياويش قسە بكات و لە غيابى پياو دفاعيش لە پياو بكات, خاڵێكى تريش ئەگەر ئيجازە بدەن ديارە هەموو داوا دەكەن نوێنـەرى شوێنێك و فلان و فلان سەنديكا چين و توێژ هەبێ, ئێمەش دەبا تۆزێك ديفاع لە لاو بكـەين و بـا نوێنـەرێكى ئـەوانيش لەوێ بێت, ئەوە پێم وايە تەكميلەكە زۆر كاملتر دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

سوپاست دەكەين, تەبعەن من بڕوام نييە زۆربەى زۆرى ئەندامانى پەرلەمان بەو شێوەيە تەماشـاى ئـافرەت و ژن بكـەن, بەڵام هەموويان بەگوڵيان دەزانن, گوڵن وايە فيعلەن, بەڵام مانـاى ئـەوە نييـە كـە دەڵێين هـەڵى دەبـژێرين لەبـەر ئـەوەى ژنە, بە تەنيا لەبەر ئەوە نييە, بەڵكو ئەگەر نەبێت ئەو وەختى دەبێ تێدا بێت, بەڵام وجوديان لەوێ ئەگـەر خـۆت بـى, ئەگەر پەخشان خان بى, زۆرتان لەوانەى كە قسە دەكەن من دڵنيام لەوەى كە لە هـەر ليژنەيـەك بـن ديفـاع لـە پيـاويش دەكـەن, لـە منـاڵيش دەكـەن, لـە پيريـش دەكـەن, لـە كرێكـاريش دەكـەن, ئـەوە خۆشـت ديفاعـت لـە گـەنجان كـرد, ئـەوە بڕاوەتەوە, بەڵام واقيعێكيش هەيە دەبـێ ئـەو واقيعـە رەچـاو بكـەين, ئێسـتاكە مـن بـە دڵنياييـەوە لـە شـوێنێك بـم, كـاك

محمد فرج لەوێش نەبێ دەتوانم وجهەی نەزەری ئەویش تەرح بکەم, بەڵام کە دێتە شێوەیەکی رەسمی دەبێ رەچاو بکەم ئەو لە حزبی یەکگرتووە دەبێ یەکێکیان تێدا بێت, مەسەلە ئەوە نییە ئەگەر تێدا نەبێت ناتوانێ ئەوانی تر تەعبیر لێ بکات, بەڵام ئەوە واقیعێکە و ژیانی دیموکراتیش هەر وایە بەڕاستی, یانی ئێمە لێرە تەمسیلی گەلێك دەکەین, تەمسیلی فرە نەتەوە دەکەین, تەمسیلی فرە حزبی دەکەین, مولاحەزەکەت لە جێیە و قبوڵیش دەکەین, بەڵام ئەو شێوەیە گەیشتن بەو هەدەفەی کە تۆ دەتەوێ وەختی دەوێت, بەشێکی بەندە بە تێگەیشتنی مستەوای رۆشنبیری لەناو کۆمەڵدا, بزووتنەوەی ئافرەتان و ژنان چەند دەتوانن بێنە مەیدان, چەند دەتوانن لە بوارەکان بەشداری بکەن, ئەوی تریش ئەگەر کەموکوڕیەك لەلایەن ئێمەوە هەبووە, ئەو وەختە حەقی گلەییە, کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من دەمەوێ لەسەر ئەو خاڵە قسە بکەم کە جەنابت زۆر جار تەئکید دەکەیە سەر ئەوەی کە لیژنەکان نوێنەری هەموو لایەکی تێدایە, بەڵام من ئەوەی نابینم کە نوێنەری هەموو لایەکی تێدا بێت, لەبەر ئەوەی هەر لەو پەرلەمانە ئەحزابی تر هەیە کە نوێنەریان لە لیژنەکە نییە, بەتایبەتی لیژنەی قانونییە یان ئەو مەسائیلانەیە, ئەو برادەرانەی زەحمەتکێشانن, ئەو برادەرانەی سۆشیالستن, یەکێتی نەتەوەییە, خەڵکی ترە, بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر لێرەش نەکرێ لە ناو لیژنەکاندا بن, هەوڵی ئەوە بدەن ئەو لیژنەیەی کە دەستوور دەنووسنەوە چەند کۆنفراساتێك بکەن, یان کۆبوونەوەی فراوان بکەن, بۆ نموونە ئەو حزبانەی دەرەوەی پەرلەمانیش بەشدار بن و رەئییان هەبێ لە ناو دەستوور, یا کۆبوونەوەیەکی فراوانی هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بکرێ, لەوێوە سەرنج و پێشنیاریان وەربگیرێت و شتەکانیان خاڵ بە خاڵ ئامادە بکرێ و لە رەئیی هەموو لایەکیشدا بێت, راستە پێشتر 36 حزب لەسەر ئەو پرۆژەیە ئیمزای کردووە, بەڵام وەکو جەنابت ئاماژەت پێکردووە, دوای رووخانی رژێمی عێراق کۆمەڵێ گۆڕانکاری تر بەرەو ناوچەکەمان هات و ناوچەکەمان لە چاوەڕوانی کۆمەڵێك پێشهاتی تر دایە, یانی خوێندنەوەی نوێ و تێڕوانینی نوێ دروست بووە لەسەر ئەو پرسەیەو لەهەمان کاتدا دەکرێ پاشتر کۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ چین وتوێژەکانیش بکرێت, لەگەڵ لاوان بێت, لەگەڵ خوێندەڤان بێت, لەهەمان کاتدا لەگەڵ هەر کەرتێکی تری کۆمەڵی کوردستان بێت, بۆیە رەئیی ئەوانیش بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت, لەبەر ئەوەی خۆتان دەزانن کە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراقی بە هاوکاری چەند رێکخراوێکی تری خێرخواز کۆمەڵێ کۆنفراساتی کرد لەگەڵ چین و توێژەکان دادەنیشت, بۆ ئەوەی راو سەرنجی ئەوان وەربگرێت و داخیلی ناو دەستوورەکەی بکات, ئەوە خاڵێك, خاڵێکی تریش بەڕاستی ئێمە کۆمەڵێك کەسایەتی و بیرمەندی گەورەمان هەیە لە دەرەوەی وڵات کە حەقە ئەوانەی لە مەجالی دەستوور و لە مەجالە قانونیەکە ئیش دەکەن یان شت دەنووسن ئێمە رەئیی ئەوانیش وەربگرین, چ لە رێگەی ناردنی فاکس و ئمیل بێت, مەسەلەن زۆر گرنگە ئێمە بەڕاستی لە نووسینەوەی دەستوور پرس و ڕا بە مامۆستا جمال نەبەزیش بکەین, لەبەر ئەوەی لەو بابەتە شتی زۆر نووسیوە و, هەر لە ناوخۆی کوردستان بەڕاستی ئێمە قەتیسی نەکەینەوە بەتەنها لە چوارچێوەی هەولێر یان شوێنێکی تر, بەڕاستی من پێم باشە ئەگەر لە سلێمانی بکرێ پارێزەر یان مامۆستا کامل ژیری تێدا بێت, لەبەر ئەوەی مامۆستا کامل ژیر ئەویش شارەزاییەکی باشی هەیە لە بواری نووسینەوەی دەستوور, دەکرێ ئێمە بەو شێوەیە لیژنەکان فراوان بکەین و رای خەڵکیش وەربگیرێ, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, تێبینیەکانت بەجێیە, بەڵام سەرنجت بۆ ئەو شتە رادەکێشین, ئێمە دەستوور نانووسین, دەستوورێك, پرۆژەیەك هەیە لەلایەن سی و شەش حزبیش پەسند رکراوە, منگە حزبی ئێوەش یەکێك بێ لەوە, حزبی زەحمەتکێشانیش, کەواتە بەشداریتان کردووە لەوە, دوایی وەکو عەرزم کردن دەکرێ بەشداری بکەن لەو کۆڕ و کۆبوونەوانە, من سەد لەسەد موئەیدم, دەبێ کۆڕو کۆبوونەوەی لەسەر بکرێ, هەر برادەرێکی شارەزا لە دەرەوەی وڵات خیبرەی هەیە, ئەگەر سەفەری کوردستان بکات مەمنونی دەبین, بێتە ئێرە و لەسەر حسابی پەرلەمانیش دەعوەتی دەکەین, با مامۆستا نەبەز ئەگەر بێتە کوردستان من لە ئێستاوە لە جیاتی هەردوو برادەرانیش دەعوەتی دەکەم و

بەخێرهاتنیشی دەکەم و میوانداریشی دەکەین, پێشمان خۆشە بێتن, بەڵام لێرەوە ناتوانین ئێمە ئیشەکە رابگرین و بچینە ئەوێ, ئەگەر بیەوێ بەخێر بێت سەرچاوان, هەر برادەرێکی تریش بێت جا هەر کێ بێت کە شارەزاییان هەیە, دەتوانن مەقالات بنووسن, دەتوانن موقتەرەحاتیان بنووسن, یانی شەرت نییە, واتێ مەگەن ئەو لیژنەیە هەموو دەستوورەکە قەرداری ئەو لیژنەیە دەبێت, دەستووری بەغدا لیژنەکە دیارە کێیە, سەرۆکەکەی و جێگرەکەی, بەڵام جەنابی مام جەلال و جەنابی کاك مسعود دەوری گەورەتریان هەبوو لە زۆر ئەندامانی لیژنەکە لەسەر خستنی ئەو بوارەی کە خیلافی تێدا بوو و ئەندامیش نەبوون لە لیژنەکە, کە چوونە بەغدا شاندی کوردستان بوون بۆ پشتگیری کردن دەورێکی باڵایان هەبوو, کاك فرسەت ئەندام نەبوو لەو لیژنەیە, لە لیژنەکە دەوری زیاتری بینی لە شەرح کردنی هەندێ خاڵ, لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی لیژنەشن دەتوانن بە نووسین ئیقتراحاتی خۆیان بە مەقالات نووسین, دەتوانن لە کۆبوونەوە بەشدار بن, مەسەلەکە پەیوەندی بە هەموو گەلی کوردستان هەیە, حەقی هەموو خەڵکێکە, حەقی هەموو سەندیکایەك هەیە, هەموو شەخصیاتێك هەیە, رای خۆی دەربېڕێت, نامەی خۆی بنووسێ بۆ لیژنەکە بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە رایەکەی وەربگرن, کاك کەمال تەعلیقێکی هەیە لەسەر کاك غەفور.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا بە عام بۆ هەموو ئەندامە بەڕێزەکان, بە حەقیقەت ئەو لیژنەیە بۆ ئەوە دروست بووە کە پرۆژەیەك ئامادە بکات, یەعنی ئەمە هەموو دەستوورەکە نییە, ئەو شتانەی کە پێش ئێستا بووە, ئەو پێشنیارانەی تاکە تاکە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان یان هەر کەسێکی تری ناو کوردستان, یەعنی ئەو لیژنەیە پێویستە پەیوەندی بە هەموو خەڵکی کوردستان لە هەموو مەجالێك لە زانکۆ, لە سەندیکاکانە, لەلایەنە ئاییینیەکانە بکات, بۆ ئەوەی ئەو نەشوە زۆر بە تێرو تەسەلی زۆر پڕ بێتن, کە ئەیهێننەوە بۆ پەرلەمان کەم و کورتی تێدا نەبێت, لێرەش جارێکی تر موناقەشە دەکرێتەوە, هەموو ئەو خوشك و برایانە ئەوانیش رەئی لەسەر دەدەن, ئینجا بەرەئی ئەم بەڕێزانە کە گەیشتینە قەناعەت دەبێتە دەستووری هەرێمی کوردستان, بۆیە لەو لیژنەیە ئەندامانی پەرلەمان ئەساسین, ئەو برایانەی کە لە دەرەرەوەی پەرلەمانن کە یاسازانن و ئینسانێکن تاریخێکیان هەیە, پشتیوانی دەستوورەکە دەکەن بۆ ئەوەی لە هیچ روویەکەوە لە هیچ ناحییەك کەم و کورتی تێدا نەبێت, مانای ئەوە نییە فەقەت ئەم خوشك برایانە دەستوورەکە دەنووسن, کوردێك لە ئەمەریکا بێت, یان لە هیندستان بێت, با لیژنەکە پەیوەندیان پێوە بکەن و بیروڕایان بنێرن, بەڵام ئەگەر لیژنەکە بە دروستی زانی, بە باشی زانی, دەیخاتە ناو ئەو پرۆژەیەی کە تەقدیمی پەرلەمانی کوردستانی دەکاتن, جا ئێمە تەسەوڕ نەکەین کە ئەو برایەی تیا نەبێت, ئیتر تەرەفێك یان قەومێك یان خەڵکێك ئیحتیماله لە عەرەبێکی باشیش لە ئەمەریکییەکی باشیش, لە دەستووری وڵاتێکی تریش نوقتەیەك پەیدا بکرێت, کە جێگەی بکرێتەوە لەو دەستوورە بە نەفعێکی کوردستان و ئایندەی کوردستان و, پەرلەمانی کوردستان, جا ئێمە با تەسك تەماشای مەوزوعەکە نەکەین, کە منی تێدا نەبوو, مانای ئەوە نییە, ئیتر ئاگام لە هیچ نییە, ئێمەش ئاگامان لێ بێت و, بەڕێز مام جەلالیش ئاگای لێ بێ, جەنابی سەرۆکی هەرێمیش ئاگای لێ بێتن, ئەوانەی دژی ئێمەشن با ئاگایان لێ بێت, زۆر بە تێروتەسەلی بە قوڵی بیری لێ بکەینەوە, شتێکی بەرز هەموو خاڵێکیش زۆر بە وردی و بە روونی شەرح بکرێتن, ئینجا من قەناعەتم هەیە, ئەو خوشك وبرایانەی کە پێشنیار کراون, دەتوانن ئەو شتانە کۆبکەنەوە, ئینجا لە ئیعلام بڵاودەکرێتەوە و هەرکەسێکیش رەئی خۆی دەدات, ئێوەی بەڕێزیش هەریەکێك نوێنەری لیژنەکە بن, بۆ ئەوەی شت بهێنن و بیدەنە ئەوە لیژنە بەڕێزەی کە دێتەوە بەردەستی خۆتان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە لە خاڵی سێیەمین نووسراوە پێداچوونەوە, پێداچوونەوەی پرۆژەکە, دیارە ئێمە پرۆژەیەکمان لەبەر دەستە, ئەمە پێداچوونەوەیە, نە دارشتنە, یەعنی رەشنووس نییە, پرۆژەکمان هەیە, پێیداچووینەوە, ئەوەی جەنابت باست

کرد, یەعنی خەڵکێك کە لە 36 حزب پێك هاتووە و, لە یاساناس پێك هاتووە, ئەوان دایان ناوە, ئەوەی دی وابزانم پەرلەمان تەئیدی ئەوە دەستوورە ناکات, دەبێت میللەت دەنگی لەسەر بدات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە خۆمان وتمان پێداچوونەوەیە, بەڵێ, پرۆژەکە لەلایەن 36 حزب پێشکەش کرا و, پەرلەمانی پێشوو موناقەشەی کردووە و, پەسەندی کردووە, بەڵام وەکو یاسا دەرنەچووە, عەرزم کردن لە بیدایەتەکەی وتم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە, جەلسەی پێشوو نازانم جەنابت بەشداریت کرد یان نا, جەلسەی پێشوو پێشی عوتلە, ئێمە باسمان کرد دەرگای موناقەشە کردن و, پێداچوونەوەمان کردەوە بڕیاری دەنگمان بۆ دا, چونکە ئەوە دەنگی بۆ درا بوو, دەبوایە پەرلەمان جارێکی تر دەنگی بۆ بداتەوە, ئەو مسوودەدیە کە نەبۆتە یاسا, پێدابچێتەوە لەبەر رۆشنایی گۆڕانکارییەکاندا, پەسەند کرا, ئینجا لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارە ئەو لیژنەیە دانرا, چونکە پەرلەمان خۆی قەراری دا, دەرگا بکاتەوە بۆ موناقەشە جارێکی تر, ئەو قەرارە لەپێش چاومان بوو, بۆیە ئەو لیژنەیەمان دانا, بۆ ئەوەی بەو مسوودەدیەدا بچێتەوە کە لەلایەن پەرلەمانەوە ئیقرار کراوە, موافەقەتی لەسەر کراوە, بەڵام گۆڕانکاری دەوێت, ئەو لیژنەیە کاری ئەوە دەبێت بەو پرۆژەیە دابچێتەوە, هەم گۆڕانکارییەکانی دنیا رەچاو بکات, هەم ئەو کەسانەی کە ئیزافاتیان کردووە, نووسینیان هەیە, کتێبیان هەیە, مسوودداتی جۆراوجۆریان ئەشخاص جەریدە بڵاوی کردۆتەوە, هەمووی تاوتۆی لەسەر بکات, چی بەباش زانی لەبەر رۆشنایی رەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراقیش کە دەبێت رەچاو بکرێت, ناکۆکی نابێت هەبیتن, ئینجا بە پوختەیی بیهێنێتە ئێرە, بڵاوی دەکەینەوە بۆ رەئی عام, موجتەمەعی مەدەنی رەئی هەیە, رەئی لەسەر بدات و مونەزەماتە, ئەحزابە, سەندیکاکانە, شەخصیاتە, نووسەرە, یەعنی لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا هەمووی کۆدەکەینەوە, ئەوەی بە باشمان زانی دەوڵەمەندی دەکەین, ئینجا لێرە دەیخەینە ناو موناقەشە و بۆ ئەوەی وەکو یاسا دەربێت, جا ئەگەر مولاحەزاتەکانمان هەمووی رەچاو کرد, لەبەر رۆشنایی ئەوە ئەگەر پێتان باشە, دەنگ دەدەن, بەو لیژنەیە کە ئاماژەم بۆ کرد و, دەرگاش کراوەیە, ئیزافاتەکان دوایی ئەو شتانەی کە وتم دەنگی بۆ دەدەن و, بۆ ئەوەی ناوی خوای لێبینین, کەس هەیە دژی, نییە, بە تێکرایی دەنگ وەرگیرا.

پرسیارێك هەیە, دەڵێت ماوەی بۆ دابنرێت؟ حەقیقەتەن ماوە, بەنیسبەت ئێمەوە پێم وایە لیژنەکە خۆی دابنیشیتن, یەعنی مەسەلەکە بە پەلە نییە, بڵێین دوو هەفتەی تر, جاری 10/15 دەنگدانە بۆ پرۆژەی هەمیشەیی دەستووری عێراق, من پێم وایە بخرێتە دواتر, یەعنی کۆتایی پێ بێتن, بزانین چی بەسەر دێت تا ئەو کاتی, ئەگەر ئەو سەرکەوت تا ئەو کاتی, ئێمە دەتوانین کۆبببینەوە, تەواوایان نەکردبوو, مەسەلەن سەقفێکیان بۆ دابنێین, یەعنی بڵێن دەبێت بە دە رۆژی تر تەواوی بکەن, بەڵام تا ئەوکاتی کراوە بێت باشترە, موناقەشەکە تێرو تەسەل تر دەبێتن, مەجالیشمان باشتر دەبێت, بۆ ئەوەی رەئی خەڵکی تر وەربگرین, ئەو کاتی لەبەر رۆشنایی وەزعی تازە وەقتێکی بۆ دادەنێین, زۆریش راستە, پێك هێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ بەدواچوونی ئیجرائاتی بەکارخستنی ماددەی 58ی یاسای هەڵسوڕاندنی ئیدارەی دەوڵەتدا عێراق, بڕیارێکمان هەیە لە پەرلەمان کە ئەو لیژنەیە پێك بێنین, بەس تەبعەن بۆ ئاگاداری, چونکە هەموو شتێك کە پەیوەندی بەو مەوزوعە هەبێت, دەبێت بیزانین, چەند مەسەلەیەك هەیە, پێش ئەوەی بچینە سەر ئەوەی کێ ئەندامی ئەو لیژنەیە, دەبێت باسی بکەین, یەکەم ئەو ماددەیە کە لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتدا هاتووە, بۆتە ماددەیەکی گرنگ لە رەشنووسی دەستووری هەمیشەیی, دووەم, دەوڵەمەند کراوە, بە قوەت کراوە ئەو ماددەیە بەوەی بە دووشت, یەکەم سەقفی زەمنی بۆ دانراوە, چونکە وەکو پێشتر دەیان وت (باسرع وقت) بە زووترین کات, ئەو دەرچوو بە زووترین کات هیچ مولزەم نییە, مومکینە دووساڵ بیتن, یان شەش ساڵ بیتن, پاش موناقەشەیەکی زۆر ئەو وەقتەیان بۆ داناوە, بەرەئی من کارێکی زۆر باشە, چونکە وا دەکات ئەگەر ئەو کاتە جێبەجێ نەکەن, یەعنی دەستوورەکەیان پێشێل کردووە, دووەم, پێشتر دەڵێت رەئی خەڵك وەربگرن, بزانن خەڵك رەئی چییە؟ ئێستا دەڵێت راپرسی بکرێت, راپرسی کردن مولزەم دەبێت, یەعنی استفتاء سەرژمێری هەبوو, پاشی سەرژمێری استفتاء بکرێتن, نەك بۆ کەرکووك بۆ هەموو ئەو ناوچانەی کە بە تەنیا بە ئیستلاحی ئەوان یان بڵێین لە ئیستلاحی خۆمان لە کوردستان بەزۆر دابڕاون, بە سیاسەتێك, بە بەرنامەیەکی رەگەزپەرستی جگە لە کەرکووك, لەبەر ئەوە ئەو دوو حەقیقەتە هەیە, وەزعێکی

تریش هەیە کە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی, یەکێتی و پارتی دواجار هەر بۆ بایەخ دان بۆ ئەم مەوزوعە لیژنەیەکی باڵایە لە مستەوای مەکتەبی سیاسی لە هەردوو لا پێك هاتووە, بۆ بەدواداچوون بۆ کار ئاسان کردن, بۆ خەڵکی ئاوارەی کەرکووك لە کوردو تورکمانەکان چۆن بگەڕێنەوە چۆن جێبەجێ بکرێتن, هەردوو ئیدارە انشاءالله دەبێتە یەك ئیدارە, چۆن پشتگیری لەمە بکەن, ئەو لیژنەیە کە لێرە دایدەنێین لیژنەیەکی پەرلەمانییە, بۆ ئەوەی لەرووی قانونیەوە, لەرووی دەرهێنانی بڕیاری پێویستەوە, لە رووی هاندانی خەڵکی کوردستانەوە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 58, چۆن بەشداری کردن لە کۆبوونوەکان, تەرتیب کردنی کۆنفرانسات, چەندین کۆنفرانسات بکرێت, لەسەر مەسەلەی کەرکووك کراوە؟ ئەو لیژنەیە یەکێك لە مەهامەکانی بەدواداچوونی ئەو کۆنفرانسانە دەبێت, کۆنفرانسی تازەش ببەسترێتن, بەرنامەیەك دابنرێت, کۆسپەکان چین تا ئێستا وای نەکردووە کە هەموو ئاوارەکان بگەڕێنەوە, چ وا دەکاتن هاوردە عەرەبەکان بە ئاسانی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان, وەزعی ناو کۆمەڵگای کەرکووك چییە؟ کێشەکان لە نێوان پێکهاتەکانی کەرکووك چییە؟ ئەمە هەمووی واجیباتە لەسەر ئەو لیژنەیە بە تەعاون, بە رێککەوتن, بە هاوکاری لەگەڵ لیژنەی باڵا کە دانراوە لەگەڵ ئیدارەی کەرکووك, پارێزگاری کەرکووك, مەجلیسی موحافەزەی کەرکووك, لەگەڵ کاربەدەستانی بەغدا, هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن لەسەر مەسەلەی کەرکووکدا دەبێت هاوکاری هەبێت, ئەمە ناحیەی واجیباتی لیژنەکە, پێکهاتی لیژنەکە, تەبعەن جاری پێشوو, هەموومان حەماسمان هەیە بۆ مەسەلەی کەرکووك و, هەمووشمان بە واجبی دەزانین, من دێتە بیرم کە وتمان کێ دەبێتە ئەندامی ئەو لیژنەیە, کەسم نەدیت کە ئامادە نەبێت, هەریەکە لە حەرسەوە لەمەسئولیەتەوە, تەبعەن جێگای تەقدریشە, بەلاّم لە راستیدا ناکرێتن لیژنە ژمارەی ئەوەندە زۆر بیتن, هەر بۆیەش نەمانتوانی بڕیاری لەسەر بدەین, بۆیە چەند شەرتێکمان دانا, وەکو شەرت نا, چەند رەئییەکمان هەیە, لەسەر ئەو کەسەی کە دەبێتە ئەندام لەو لیژنەیە, یەکەم, باشتر وایە خەڵکی کەرکووك بێت, جا چ شاری کەرکووك چ دەوروپشتی کەرکووك, دووەم, ئەو کەسانە بن کە پەیوەندییان بە مەسەلەی کەرکووکەوە هەیە, چ بەنووسینی موتابەعە کردن بیتن, شارەزا بیتن, کتێبی نووسیوە, بەشداری کردووە لەکۆنفراساتەکاندا, خیبرەیەکی هەیە, چ سیاسی چ قانونی, لە بوارێکدا, سێش ئامادە بێت, ئەو لیژنەیە کاری ئەوە نییە تەنیا دابنیشێت, ئەو لیژنەیە مەیدانی دەبێت, سەردانی کەرکووك دەکات, سەردانی ناوچەکان دەکات, لەوانەیە سەردانی بەغدا بکات, دەبێت ئامادە بێت لێرە, خەڵکی پەیوەندیدار بەو مەسەلەیە ئیستقبال بکات, هەر لەحزەیەك پێویستی کرد سەفەر و ئیستقبالی خەڵك بکات, لە بەشداری کردنی کۆنفراسدا ئامادە بێت, شوێنێکی هەبێت ئەو لیژنەیە, جا لەبەر ئەوە من بۆیە ئەو دوو سێ شتم وت, بۆ ئەوەی کێ پێی باشە لەو لیژنەیە بێت, کراوەیە ئەو لیژنەیە, بەلاّم کە خۆی تەرشیح دەکاتن, ئەو سێ, چوار شتە مولاحەزە بکاتن, جا ئێستا دەرگا دەکەمەوە, کێ خۆی تەرشیح دەکات بۆ ئەو لیژنەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو واجیباتانەی کە جەنابت وتت بۆ ئەو لیژنەیە, من پێم وایە لیژنەی پەرلەمانی, پەرلەمان کە ئیشی تەشریعە, ئەم بڕگە بڕیارەش کە بۆ تەنفیز دراوەتە جیهەتی تەفیزی بۆ جێبەجێ کردنی, ئیتر کاری بەسەر تەشریع کردن نەماوە, یەعنی وازیحە سێ بڕگەیە, بڕگەکان حقوقییە, دیموگرافییە, وموڵکییاتە, وازیح بووە, هەموو بڕگەکانی دیارە, دەبێت جیهەتێك تەنفیزی بکات, کە حکومەتە, من پێم وا نییە کە پەرلەمان لێرە دەوری قورس بێت, دیار بێت, بەلاّم من پێشنیاری ئەوە دەکەم, واجیباتەکەی بیگۆڕین, ئەم مەسەلەی کەرکووکە گرفتێکی گەورەیە لە بەینی سێ قەومی ئەساسی کە لەوێ دادەنیشن, چوارەمیش کە عەرەبە لەوێ هەیە, بۆیە پێم باشە لەسەر دوو تەوەری تر کار بکەین, یەکەم, لەگەڵ ئۆمەمی موتەحیدە, یەعنی پەرلەمانی کوردستان دەبێت لەگەڵ ئومەمی موتەحیدە دەبێت تین بدات, ئەم مەسەلەیە دیاری بکات, ئەو دیکۆمینتانەی کە هەنە کەرکووك بەشێکە لەم وڵاتە, چونکە لا یزال لە بڕیارەکە کۆمەڵێك شت هەیە, هەر بە غموزی دەمێنێتەوە, دووەم پەیوەندی کردن بە دوەلی مانیحەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەو یارمەتی دانی زیاتری کەرکووك, چونکە ئەو بڕە پارەی کە بۆی دیاری کراوە, من قەناعەتم نییە بتوانێ, نیوەی ئەو داواکاریانەش لە کەرکووك جێبەجێ بکات, حکومەت ئەوە دەبینین دەڵێت من قەرزارم و پارەیەکی زۆر هاتۆتە سەرم,

ئەوانە هەموو عەجزن بۆ چ؟ بۆ کەمکردنەوەی هەموو ئەو خەرجییانەی کە دەدرێت بە شتێکی تر، لەبەر ئەوە من پێم وا نییە، پەرلەمان بەم لیژنەیە بتوانێ هیچ بکات لەو زەمینە، بەڵام بەڕاستی دەتوانێ لەم دوو زەمینە شتێك بکات، هەم بەرامبەر ئومەمی موتەحیدە وە، ئیشەکەشی وا لێ بکەین باشە، دووەم هەم لەبەر دوەلی مانیحەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو سنوورەی کە من لێیهاتووم ناوچەی گەرمیان، من خۆم دانیشتووی ناوچەی کەلارم، دێهاتێکی زۆر لە سنووری ناوچەی خانەقین و مەندەلی ئەو ناوە چۆڵە، کە عەینی ئەو مەنتیقانەی کە پێی دەوترێت موتەنازیع علیە، ئەم دێهاتانە بەهۆی ئەوەی کە رووخاون، وێران بووینە، هەتا ئەو عەرەبە هاوردانە وایان کردووە جوگراڤ ناوچەکەشیان تێکداوە، باخاتیشیان هەموو بڕیوەتەوە، خەڵکەکە نەیتوانیوە بە ئاسانی بگەڕێتەوە، ئێمە تەنها بودجەو پارەمان کێشە نییە لەناو کەرکووکدا، ئەو دێهاتانەش ئێستا وایان لێهاتووە زۆریان لەبەر وەزعی مەعیشی، ماڵی خاوەن ئاژەڵی عەرەبیان هێناوەتەوە سەر دێیەکەیان بە کرێ، ئەگەر بێتو ئێمە کارێك نەکەین، لە ماوەی ئەم دوو ساڵە بۆ گەڕانەوەی ئەو دێهاتییانە، ناتوانین بە استفتاء گرەوەکە ببینەوە، بۆیە دەکرێت ئەو ناوچانەش وەکو بودجە، وەکو خاڵی جێبەجێ کردن بخرێتە ناو خاڵی بەرنامەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی چاکە، بەڵام دوایی بە جواب دێین بەسەرچاو، کاك محمد فەرەج دوو پێشنیاری کرد، تەبعەن من ئاماژەم پێکرد، ئەو لیژنەیە مەیدانی بێت، واتە بچێتە ناو کەرکووك بزانێ موشکیلەکان چین؟ نەچوومە ناو تەفصیلاّت، چونکە وا بزانم جارێکی تر باسم کردووە، نامەوێت تکراری بکەمەوە، چۆن وا دەکەین، پێکهاتەکانی کەرکووك هەموویان بگەینە قەواسیمی موشتەرەك بەهەمان قەناعەتەوە، کەرکووك ببێتە بەشێکی کوردستان، چۆن وا بکەین، برا تورکمانەکانمان لە کەرکووك تێبگەیەنین کە بەرژەوەندییان لەوە بێت کە بەشێك بن لە کوردستان، ئەوە دیراسەتی مەیدانی دەوێت، پێویست دەکات اطمئینانیان بدەینێ، پێویست دەکات بۆیان باس بکەین کە چۆن ئەوان ئەگەر بەشێك بن لە کوردستان چییان بەدەست دەکەوێت؟ وەکو دەبنە نەتەوەی دووەم لە کوردستاندا، بوون بە نەتەوەی دووەم یەعنی چی، موشارەکەیان لە ئیدارە، مافەکانیان، کێشەکە چییە لەگەڵ کوردا؟ ئەگەر رۆشنبیرییە، بۆیان روون بکەینەوە، ئەگەر تێنەگەیشتینە بۆیان روون بکەینەوە، ئەوانە هەمووی من موئیدم و ئاماژەشم پێکرد بەسەریعی، بەڵام بەنیسبەتی دوەلی مانیحە، لە راستیدا ئەوە مەسئولیەتی سوڵتەی تەنفیزییە، یەعنی وەزیری دەرەوە، وەزیری تەختیت، ئەوانە دەبێت قسە بکەن، ئێمە دەبێت بە موزەکەرە داوا بکەین لە حکومەتی خۆمان، داوا بکەین لە حکومەتی بەغدا ئەو موقتەرەحاتانەی بەنیسبەت دوەلی مانیحە، بەنیسبەت دەعم و پشتگیری مەسەلەی کەرکووك و چارەسەر کردنی، دەکرێت و خۆش بەختانە هەندێك یارمەتی لەلایەنی حکومەتی ئەمەریکاوە بڕیار دراوە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 58 سەد میلۆن دۆلارە، سەدو بیست میلۆن دۆلارە، نازانم بیزەبت چەندە؟ بەڵام بڕیار دراوە، ئەمەش یەکێکە لە مەسەلە باشەکان کە دەتوانین بڵێین جدیەتی تێدا هەیە، ئەوەی کە ماددەی 58 چوویتە ناو دەستوور، وا دەکات ئەمەریکاش بڵێتن من پشتگیری حکومەتی عێراق دەکەم بە موشارەکە کردن لەو بودجەیە بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعی کەرکووك، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 58 وەکو ئێمە تێیدەگەین، هەموو ناوچە تەعریب کراوەکان دەگرێتەوە، ئایا ئێمە ئەو لیژنەیە دادەنێین، تەنها بەس بۆ کەرکووك یان جێگای تریش دەگرێتەوە؟ تەبعەن ئەگەر هەر ئەوە بێت، مانای ئەوی تر دەمێنێتەوە، ئێمە پێویستە جێگای تریش بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی بەجێیە, بەڵام جێگاکانی تر ئەگەر ئاماژەت پێکرد, وەدەیگرێتەوە, ئەوان کێشەکەیان وەکو کەرکووک نییە, خانەقین بەو شێوەی کەرکووك موشکیلەی نییە, تەنیا راپرسینێك بێت, مەعلومە دەگەڕێتەوە سەر کوردستان, زۆرینەی کوردن, هەروەها سنجار, مەخمور هیچی ناوێت, هەر بەم دواییە بە بڕیارێکی ناڕەوا خراوەتە سەر موسڵ, دەگەڕێتەوە, ئەوەی کێشەی هەیە, ئێستا پێویستی بە ئیشە کەرکووکە, ئەوە مانای وا نییە کە ناوچەکانی تر لە بیر چوونە, نەخێر ناوچەکانی تریش لەبەر رۆشنایی ئەو ماددەیەدا یەك لا دەکرێنەوە بەوەی پێش راپرسین, سەرژمێری دەکرێت, پاشی سەرژمێری شوێنێك ئەگەر ئێمە دەڵێین کوردستان, رەئییەکە و بڵێ کوردستان نییە, هەندێك شوێن هەیە, پێویست بە راپرسین ناکات, وەکو مەخمور, بەڵام ئەگەر پێویستی کرد, حکومەتی ئیتیحادی فیدراڵی وتی نەخێر مەخمور, خوانەخواستە وتیان کوردستانی نییە, کاکە وەرن لە خەڵکەکە بپرسن لیژنە هەیە, لەبەر رۆشنایی ئەو ماددەی دەستوورییە لەخەڵکەکە دەپرسن و خەڵکەکە بڕیار دەداتن, دەگەڕێتەوە سەر کوردستان, هەروەها خانەقین و سنجار و هەتا شێخانیش, شێخان ئێستا رەسمیەن لەسەر کوردستان نییە, ئاکرێش, ئێمە موهتەمین, بەڵام ئەو لیژنەیە تایبەتە بۆ کەرکووك, بەناوی 58 دوە, کێشەیەکی گەورەی هەیە, بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعەکە پێویستمان بە لیژنە هەیە, پێویتسمان بە پشتگیری یەکتری هەیە, پێویستمان بەبەرنامەیەك هەیە, چۆن جێبەجێی بکەین؟ چۆن ئاوارەکانی کەرکووك لە هەولێرن لە سلێمانین, لە بەغدان لە هەر شوێنێك بن, کار ئاسانیان بۆ بکەین, کە بگەڕێنەوە شاری خۆیان, هەروەها برا تورکمانەکان, چۆن وا بکەین برا عەرەبە هاوردەکان کە من دەڵێم ئینسانن ئەوانیش برانە, لەبەر رۆشنایی سیاسەتێکی رەگەزپەرست هاتوون, چۆن وا بکەین بە شێوەیەکی قانونی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان, یارمەتیان بدەین و موڵکەکانیان لێ بکڕین و کار ئاسانیان بۆ بکەین, لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ قسە بکەین, جێگایان هەبێت و وەزیفەیان بۆ دابنرێت, نایێن هەمان سیاسەتی فاشی رژێمی بەغدا بەکار بهێنین, سەیارە بهێنین و سواریان بکەین و بڕۆن, لەبەر رۆشنایی ماددەی 58, ئەمە هەمووی بەرنامەی دەوێت, وردبینی دەوێت و, پارەی دەوێت, ئیمکانیاتی دەوێت, خەڵکی دەوێت, ئەو خەڵکە بەچی دەبێت بە تەنزیم, بە رێکخستنی خەڵکەکە, رێکخستنی خەڵکەکەش ئەگەر بیدایەت خۆمان بەبەرنامە نەچین, ناتوانین, یەك لە مەسەلەکانی کە چووین بە بەرنامە بۆ ئیش ئەو جۆرە شتانەیە کە دایدەنێی, بەرنامەی بۆ دادەنێی بۆ ئەوەی ئەوە جێبەجێ بکات, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی لیژنەکە دیارە ناوی بە دواداچوونی ماددەی 58, راستە بەشی هەرەزۆری پەیوەندی بە کەرکووکەوە هەیە, بەڵام پەیوەندی بە شارەکانی تریش هەیە کە تەعریب کراون, من پێم باشە ئەگەر بکرێت تەبعەن ئەو پێکهاتەی کە ئێستا لە کەرکووك هەیە, هی نەتەوەیی نوێنەری هەموو ئەو نەتەوانەی تێدا هەیە, بەداخەوە عەرەب لە پەرلەمانی کوردستان نییە, تا عەرەبێکی تێدا بوایە, بەڵام ئەو پێکهاتەی کە هەیە, ئەگەر بکرێت خەڵکی کەرکووك بن باشە, بەڵام ئەگەر نەکرێت تەبعەن موهیم ئەوەیە لەو نەتەوانەی تێیدا بن, من پێم وایە جگە لەوە ئەگەر نوێنەرێکی خانەقینیش بێت, چونکە بە حوکمی ئەوەی گەرمیان و ئەوانەش, ئەگەر خانەقینی تێدا هەبێت خراپ نییە, نوێنەری برا یەزیدییەکانی تێدا هەبێت, چونکە ناوچەیەکی هەرە زۆری برا یەزیدیەکانی دەگرێتەوە, هەروەها ئەو برایانەی کە کلدان یان ئاشوورییە, تەبعەن ئەگەر هی مەنتقیەی کەرکووك بن, باشترە, بەڵام ئەگەر نەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ ئەو خەڵکەی یەعنی رەچاوی ئەو پێکهاتە بکرێت, تەبعەن مەخموریش ئەگەر حیسابێکی بۆ بکرێت خراپ نییە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز حمە رشید ماوەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە لە بەرنامەی کاردا نووسراوە لیژنەیەکی کاتی, من پێم وایە لیژنەیەکی تایبەتی دەوێت و, ئەم لیژنە تایبەتییە ژوورێکی بۆ تەرخان بکرێت لەناو پەرلەماندا کە بتوانێ هەموو فایلەکان کۆبکاتەوە, بتوانێ بەدواداچوونی باش بکات, موتابەعەی باشیش بکرێت, ئینجا تەنسیق بکات لەگەڵ ئەو لیژنە باڵایەی کە هەیە و, هەروەها تەنیسقیش

بكات لەگەڵ ئەو پێكهاتەی كە لە ناو كەركووكدا هەیە, یان لە شوێنەكانی تردا هەیە, پێم وایە شوێنێكی تایبەتی دەوێت لەناو پەرلەماندا, ناوبنرێت لیژنەی تایبەت, نەك لیژنەیەكی كاتی, فەترە زەمنییەك زۆرە, زیاتر لە دووساڵ دەبێت, دوایی دوو ساڵەكەش ئیش بەردەوام دەبێت, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی تایبەتی دەبێت و, كاتیەكەش دەبێت, هەردووكی دەبێت, كاتیەكە چونكە كاتێكی موعەیەنی هەیە, لە كۆتایی 2007 دەبێت تەواو بێت, تایبەتیش هیچ مانعێك نییە ناوی لێ بنرێت, موشكیلە نییە, ئەگەر پێتان باشە ناوی لێدەنێین تایبەتی, كاك فرسەت, قانونیەن دەڵێت لە نیزامی داخیلی دوو لیژان تەشكیل دەكرێت, یان دائیمی یان كاتی, ئەگەر نا با كاتی بێت, بۆ ئەوەی دڵخۆشكەر بێت كە مەسەلەكە زوو حەل دەبێت, نوقتەی نیزامە, فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو لیژنەیە, من پێم باشە جیهەتی تەنفیزیش لەو لیژنەیە دابێت, بەتەنسیقی یەكتر, چونكە تەماشا دەكەین ئەو ناوچانە هیچیان بۆ نەكراوە, مەسەلەن جەنابت ئێستا باسی مەخمورت كرد, دەڵێی مەخمور ئێستا كە بە بڕیارێك خراوەتە سەر موسڵ و بە استفتائێك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی كوردستان, بەڵام من حەز دەكەم بە جەنابت رابگەیەنم بەس ناو خودی شاری مەخمور كوردە, گوندەكانی كوردستان, ئەو گوندانەی كە دەورەبەری مەخمورن كە خراپ كراون هەمووی تێكدراوە, تا ئێستا خەڵك نەگەڕاوەتەوە, لەبەر ئەوەی هیچ وەسائیلێكی خزمەتگوزاری لەو گوندانە نییە, بەڵام گوندەكانی عەرەبان كە گوندی گەورە گەورەشن, ژمارەی دانیشتوانیشیان زۆرە, هەموو وەكو خۆی ماوەتەوە تێك نەدراوە, ئەوە خاڵێك, بەنیسبەت مەخمور, بەنیسبەت گوێر, كەسەر بە مەخمورە, ئەویش ناو خودی گوێر نیوەی عەرەبە, نیوەی كوردە, لە هەمان كاتیشدا گوندەكانی دەوروبەری, هەموو عەرەبەكان ماون و كورد نەماوە, فەراج بە هەمان شێوە وەكو گوێر, دیبەگەیە خەڵك نەگەڕاوەتەوە وەكو پێویست, بۆیە كە جیهەتی تەنفیزی لەو لیژنەیە دابوو, دەكرێت هەندێك شت بۆ ئەو ناوچانەش بكرێتن, وەكو دەعمێك بۆ ئەو خەڵكەی كە بكرێت بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە, پێش ئەوەی استفتاو بكرێت, پێش ئەوەی هیچ بڕیارێك وەربگیرێت, من بەڕاستی پێشم باشە, پێكهاتنی ئەو لیژنەیە لەسەر ئەساسی ناوچە بەعەرەبكراوەكانی كوردستان بێتن, نوێنەری هەموو ئەو ناوچانە لە پەرلەمان هەنە, لەو لیژنەیە دابن و, موختەصیش بن لەو مەجالە, ئێستا مەسەلەن ئێمە وەكو لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبكردنی كوردستان كە لیژنەیەكە لەناو پەرلەمان, ماوەیەكی زۆرە ئێمە ئیش لەسەر كەكوك دەكەین و, بەدەیەها بحوسمان ئامادە كردووە, لەسەر ئەو مەسەلەیە, بەسەدان دیكۆمێنتمان هەمووی ئامادە كردووە, هەر خۆم كتابێكم ئامادە كردووە لەسەر چۆنیەتی بەعەرەب كردنی كەركووك, لە دەستپێكەوە تا ئێستا, بە وەسائیقەوە, بە خەرائیتەوە, بەهەموو شتێكەوە, یەعنی لەسەر ئەو مەجالە ئیش كراوە, یەعنی ئەو كەسە موختەصانە لەو لیژنەیە بن كە موهتەمن بە قەزیەكە, بۆ ئەوەی بتوانن ئیشی باشتر بكەن و بە دڵسۆزی كار بكەن لەو مەجالە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە مولاحەزەیەكی بەجێیە كە ناوچە بەعەرەب كراوەكان بەشداری بكەن, لە جێی خۆیەتی, ئەوەی تریش كە حكومەت تێیدا بیتن, حكومەت لیژانی خۆی هەیە, ناتوانرێت ئێمەش هینی بكەین, لیژنەی سیاسی هەیە, وەكو ئاماژەم پێكرد, هی ئێمە لیژنەی پەرلەمانییە, وتیشم دەبێت هاوكاری بێتن لەگەڵ پارێزگاری كەركووك و, لەگەڵ ئەنجومەنی محافەزەی كەركووك, ئینجا بڕیارێكیش هەیە, هەموو جارێك دەبێت بڵێی انشاوالله دەبێتە یەك ئیدارە بەزوویی, دەبێت میزانیە دابنێت بۆ ئەو لیژانانە بۆ ئەو بەرنامەیە كە بۆ كەركووك دارێژراوە, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پرۆژەی دەستووری کۆماری فیدراڵی عێراق, ئەوەی کە لەبەر دەستمانە لەماددەی 136دا هاتووە, ئینجا نازانم پێویست دەکات, چونکە ماددەی 58 لێرەدا, دەبێتە ماددەیەك لە پرۆژەی دەستوورەکە, جا نازانم هەروەکو 58 دەمێنێتەوە, ئەگەر وەکو 58 بمێنێتەوە, من پێم وایە ئەوەی کاك فرسەت وتی راست دەفەرموێت کە ئەمە لیژنەکی کاتییە, پێویستە لیژنەیەکی کاتی بێت, بەلاّم هیچ مانیع نییە, ئەگەر بکرێتە لیژنەی کاتی تایبەت, بە دواداچوونی جێبەجێ کردنی ماددەی 58, یەعنی تایبەت بێت بە بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ماددەی 58, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان فەرمووتان لە ئەسبابی لە گەڕانەوەی ئەو ئاوارانەی کە لێرەوە بڕۆنەوە بۆ کەرکووك یان لەوێ کە ناڕۆنەوە, من پێم وایە وەکو پێشنیارێك عەرزی بەڕێزتان بکەم, نەگەڕانەوەی ئاوارە بۆ ئەوێ دوو سەبەبە, یەکیان ناحیەی ئەمنیەت, لەوێ زۆر خراپە وەکو ئێستا ئەبینین, پێم وایە واجبی حکومەتی کوردستان بوو, جا چ ئێرە چ ئەوێ, ئیدارەی ئەمنیەتی کەرکووك زیاتر بە قوەت بکرێت, بۆ ئەوەی خەڵکەکە زیاتر بتوانێ بڕواتەوە, ئەگەر قوەتێك پێك بهێنرێت, بڕوات وەکو ئەمنیەتی زیاتر محافەزەی ئەو شارە بکات, وەکو کەرکووك کە شارێکی کوردستانییە, نایهێڵێت تەحەفوزی لێبکەین کە رازییە یان رازی نییە, کە قوەتێك ئەڕوات بۆ ئەوێ, موحافەزەی ئەو شارە بکات وەکو هەولێر وەکو سلێمانی, ئاوارە زیاتر بۆی ئەڕۆیشتەوە, یەك لە سەببەبەکانی زەختێك هەبێت, ئەو زەختە نەك بەو شێوەی زەختێکی وا ئەزیەت دان بۆ خەڵکی ئاوارە, بەلاّم زەختەکە هاندانێك بێت, ئەو لیژنەی کە دروست دەکرێت پاڵی پێوە بنێت کە بڕواتەوە, دووەمین ناحیە ئیدارە, دەعمێکی ماددی زیاد بکرێت بۆ ئەو خەڵکەی کە بڕواتەوە, من پێم وایە کەس نامێنێت کە نەڕواتەوە, ئەگەر ئەو شتانە هەبێت, بەهەمان شێوە عەرەبی هاوردەش بۆ کەرکووك, ئەگەر ئەو خەڵکە زیاتر گەڕایەوە بۆ ئەوێ, ئەمن زیاتر بە قوەت کرا, ئەوان زیاتر ئەملیان دەڕوات کە ئەو ولاّتە ولاّتی ئەوانە و, شاری ئەوانە, بە ناچاری دەبێت بە جێی بێڵن, جا داوا دەکەم لە بەڕێزتان وەکو تەشریع داوا بکرێت قوەتێکی ئەمنی لە هەردوو لامان بڕوات بۆ محافەزەی کەرکووك, بە قەزاو ناحییەکانەوە زیاتر ناحیەی ئەمنی لێ تەسبیت بکرێت, زیاتر ئیدارەی بخرێتە ناو, لەو حاڵەتە بۆ ئایندەش زیاتر ئیستیفادەی لێدەکەین, سەهل تر مەسەلەکە دێتە پێش, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا, تەبعەن ئێمە باسی مەوزوعی کەرکووك و باسی ئەوە ناکەین, بۆ ناگەڕێنەوە, یەعنی لەو رۆژانە لە دوو کۆنفرانس, من لە یەکێکیان  لە موتابەعە بووم و, لە یەکێکیشیان حازر بووم, چەندین بەحس لە لایەن مامۆستایان و ئەوانە تەقدیم کرا بوو, یەکێکیان مەیدانی بوو, ئەسبابێکی زۆریش شەرح کرا بۆچی ناگەڕێنەوە, وەکو جەنابت ئاماژەت پێ کرد, ئەو خالاّنەشی تێدا بوو, کە ناحیەی ئەمنییە, ناحیەی وەزیفییە, ناحیەی کارە, ئەوانەی هەمووی لە تاوتوو دانە بەڕاستی, ئەو لیژنەیەش یەکێکە لەو مەسەلانەیە کە دەبێت ئیهتیمامی پێ بدات, فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێکهێنانی ئەو هەموو لیژنەیە, پێم وایە تێکەڵ و پێکەڵی لە ئیشەکان دروست دەکاتن, ئێستا لیژنەیەك لە بەغدا هەیە, ئەوەی کە زۆر مەعنیە بە قەزیەی کەرکووك و ناوچەکانی تر ئەنجومەنی موحافەزەی کەرکووکە لەگەڵ ئەو لیژنەیەی کە لە بەغداوە دێتن, ئەو لیژنانەی دروست دەبن زیاتر بۆ موساندەو هاوکاری کردنە, جا لێرەوە لە کوردستانەوە دوو لیژنەی تر دروست بکرێتن, لیژنەیەکی بالاّ کە لە هەردوو مەکتەبی سیاسی دروست کرایە, لیژنەیەکیش لە پەرلەمان, بەڕاستی ئەوە ئیشکال لە ئیشەکان دروست دەکات و جۆرە سەر لێ شێواندنێکیش بۆ خەڵك دروست دەکات, من پێم باشە ئەو لیژنەیەی لە پەرلەمانی کوردستان دروست دەبێت, ئەو لیژنەیەی هەردوو مەکتەبی سیاسی بگرێتەوە, بکرێتە یەك لیژنە باشترە لەوەی کەوا دوو لیژنە لە کوردستان هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەلاَم دوو مولاحەزە دەمێنێت, یەکەمیان/ ئەوە بڕیاری پەرلەمانە, ئێمە ناتوانین بیگۆڕین, تەشکیلی ئەو لیژنەیە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە, تەواو بووە.

دووەم/مولاحەزەکەت لە جانبێکەوە دەکرێتن دە لیژنەش هەبێت, لەبەر ئەهمیەتی کەرکوك, هەریەکە مەسئوولیەتێکی هەیە دەکرێتن تەنسیق هەبێتن, رەنگە هەبوونی دوو سێ لیژنە, چوار لیژنە وا بکاتن, کە هەموویان بە واجیباتی خۆیان هەڵبستن, چونکە ئەگەر لیژنەیەك دەستی بە ئیش کرد, لیژنەکەی تر بە بیری دەکەوێتەوە کە مەسئوولیەتی ئەویشە, ئەگەر یەك لیژنە هەبێتن دوو مەسئوول کەم تەرخەمی لێ بکاتن, رەنگە سیست بێتەوەو, رەنگە بە کاری خۆی هەڵنەستێت, بەلاَم ئەگەر چەند لیژنەیەك هەبوو, مەسەلەن ئێستا کۆنفرانسات کە کران لەسەر کەرکوك, کۆنفرانسێك لەوێ کرا, خەڵکی تر لە بواری تر بیریان کردەوە, کە ئەوانیش واجیبیانە, سەرەتایەکەی رۆناکبیری کەرکووکیەکان خۆیان کۆمەڵەی رووناکبیری کەرکووك کۆنفرانسێکیان بەست, دوایێ توێژێکی تر لەناو کەرکووك کۆنفرانسێکیان بەست, پاشان مامۆستایەکانی زانکۆ لە هەر سێ زانکۆ بیریان کردەوە مەسئوولیەتێکی ئەوانیشە, ئەوانیش هەستان کۆنفرانسێکی زانیستیان کرد, ئێستا ئەوە پەرلەمان بڕیارێکی داوە, مەکتەبی سیاسی بڕیارێکی داوە, هەمووی بۆ مەوزوعی کەرکووکە, کەرکووك دەهێنێ, لەبەر ئەوە بەڕاستی من پێم وایە یەکێك ئەوی تریان بەقوەتتر دەکات, یەکێك ئەو تریان دەجوڵێنێتەوە, هیچ زەرەرێکی نییە, فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە جارێکی تر باسمان کرد, بە قەناعەتی من ئێمە لە سەرەتاوە تووشی غەڵەتێکی یەکجار گەورە بووین سیاسیەن, ئێمە لە پێشدا زۆر تەرکیزمان لەسەر کوردستانییەتی کەرکووك کرد, باسی دیالە و مووسڵمان نەکرد, ئەگەر باسی دیالە و مووسڵمان بکردایە, لەوانەیە کەرکووکەکە ئاسانتر دەبوو, بەس ئێستا شتێکی تر هەیە, هەموو رۆژهەلاَتی مووسڵ, سەرووی رۆژهەلاَتی مووسڵیش بە کامیلی کوردستانە, بە تەئکید تا سەر ئاوی دیجلە, ئەو مەنتیقانەی کە پێمان قەزای قەرەقوش و حمدانیە, لەگەڵ ناحیەی بەرتللە و باشیقە, کە بەشی زۆری برا مەسیحیەکانن و, ئەترافیشی هەمووی برا کوردە شەبەکەکانن, بەباشی هەمووی برا یەزیدیەکانن, ئەوان خۆیان زۆر جار بە موزاهەرە لە کەناڵەکان رایان گەیاند, داوایان کردووە کە ئەوە کوردستانییە بگەڕێتەوە سەر کوردستان, ئێمە تا ئێستا لە پەرلەمان باسی ئەوەمان نەکردووەو, من دڵنیام کە گلەییمان لێ دەکەن و, حەقە زۆر ئیهتیمام بەو مەنتیقەیە بدەین, چونکە بەشی هەرە زۆری مووسڵ, ئێستا بەپێی ئیحصا, ئەگەر دوو ملیۆن و نیو کورد نفووسە, دەنووسرێت ملیۆنێك کوردە, لەبەر ئەوە داوا دەکەین کە ئیهتیمامێکی زۆر بەو مەنتیقەیە بدرێت, تەنیا قەرەقوش و هەزار ماڵی تیایە, وابزانم چوار هەزار ماڵەکە و برا مەسیحیەکان و هەشتا ماڵ مووسڵمانی تیایە, بەرتەلەو باشیقە هەمووی کوردستانە, تەرەفیش هەمووی کوردستانە, کاتی خۆی لە ساڵی 1970 لە قانون تووشی غەلەتێکی وا بووین, یەعنی ئێمە باسی ئەو مەنتیقانەمان نەکردووە, لە حدودی حوکمی زاتی نەچۆتە سەر مەنتیقەکان, ئەوەش تۆزێك قانونییە, کاك فەرسەت دەزانێت, یەعنی کاتی خۆی ئیشکالاتی دروست کردووە, بۆیە ئاکرێش نەچۆتە سەر حوکمی زاتی لە ساڵی 1970, چونکە ساڵی 1970 حوکمی زاتی نەبوو, ئێستا بۆیە ئاکرێ رەبتە بە مووسڵەوە, یەعنی ئەوە بۆتە خەلەلێکی گەورە, کە جەنابتان دەزانن کوردستانەو حیسابی ئەوانیش بکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, تەبعەن کە ئێمە باسی کەرکووك دەکەین, مانای ئەوە نییە کە ناوچەکانی تر ئەهمیەتی نییە, ئیهتیمامان پێ نەداوە, بەلاَم فەرقەکە ئەوەیە کەرکووك مەنتیقەیەکی ستیراتیجییە, ناکۆکی لەسەرە, هی ئەمڕۆ نییە, پەنجا ساڵە, لەوەتی نەوت دۆزراوەتەوە لەوێ, ئەو ناکۆکییەی هەیە, چاوی لایەنەکانی تر لەسەر کەرکووکە, دەیانەوێت تەعدیلی بکەن و تەبیعیشی بکەن, توانیویانە دیموکراتیەتی کەرکووك بگۆڕن, وای لێ کردووە ئێستا ئەکسەریەتی ناو شارەکە, کورد و تورکمان نییە, کە یەك رەسەنن, بەڵکو عەرەب نیسبەتێکی گەورەی هێناوە بە قانون نەبێت, کە تایبەتمەندێکی خۆی هەیە, دەبێت چاکی بکەینەوە, بۆیە ئەوە مانای ئەوە نییە, ئێمە ئیهمالمان کردووە, بە دەلیلی ئەوەش کە

موهتەمین بە هەموو شوێنێك كە كوردستانە، یاخود كوردی زۆر تێدایە، لە كەركووكدا هێزە كوردستانیەكان یەكێتی، پارتی، یەكگرتوو، شیوعی، كۆمەڵ، كۆمەنیست، سۆسیالیست، زەحمەتكێش و هەموو بارەگایان هەیە چەندین شەهیدیان داوە لە پێناوی دیفاع كردن لەو ناوچانە، لەبەر ئەوە تایبەتە بە كەركووك، هەر وەختێك باس لە ناوچەكانی تر بكرێت، بە هەمان شێوە بەو دەرەجەیەی كە پێویستە و ئیمكان هەیە دیفاعی لێ دەكەین، ئەگەر كەس مولاحەزەی تری نییە، ئێستا دەرگا دەكەمەوە كێ خۆی تەرشیح دەكات بۆ لێژنەكە، با ناوەكان بنووسین، ناوەكان دەخوێنمەوە، ئەگەر كەسێك لەبیر كرا بێت، با دەستی بەرز بكاتەوە، تاوەكو ناوی بنووسین (كاك كەمال كەركووكی، كاك دكتۆر نوری تاڵەبانی، كاك دكتۆر ناصح، كاك ئەسعەد، كاك محەمەد فەرەج، كاك رەفعەت، خاتوو چنار، كاك ئایدن عوسمان، كاك دلێر، كاك رەشید ماوەتی، خاتوو نازناز، كاك محەمەد حەكیم، كاك رۆمیۆ، كاك سەردار هەركی، كاك مەلا سەعدەدین، خاتوو خەمان، كاك حەسەن، كاك عزەدین باقەسری، كاك غەفور مەخموری، خاتوو نەسرین محەمەد صالح، كاك عادل محەمەد ئەمین، سەید تەلعەت خەففاف، خاتوو گوڵناز، خاتوو ڤیان، كاك شێخە الله، كاك فارووق كەریم، حاتەم سلێمان)، ئێستا (27) كەسن، تەبعەن ئێمە لێرە رەئیمان وا بوو لە دە كەس زیاتر نەبێت، فەرموو كاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنیا تەوزیحێك دەدەم لەسەر ئەو ژمارانە، ئەو ژمارەیە زۆرە لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو برایانەی كە ناویان نووسیووە، تەبعەن ئەو خوشك و برایانەی كە ناوی خۆیان نووسیووە جێی تەقدیرن، بەڵام حەز دەكەم ئەوەی بزانن، جگە لەوەی كەوا لیژنەیەكی پەرلەمانییە، یەعنی ئەم لیژنە پەرلەمانیە لیژنەیەكی مەیدانییە، دەبێت هاتوچۆی ئەم شوێنانە بكات، یەعنی بەڕاستی دەبێت لەگەڵ ئەو خەڵكە تەماس بكات، دەبێت كۆنفرانسات بكات، یەعنی دەبێت حیسابی ئەوە بكرێت، ئەوەی كە ناوی خۆی دەنووسێت، هەر بۆ ئەوە نییە، كە ناو دەنووسێت، دەبێت تەواجودی هەبێت لە كەركووك، هیچ نەبێت هەفتەی یەك دوو رۆژ دەبێت تەواجودی هەبێت لە كەركوك، مەسەلەن ئەگەر بە تەنها كەركووك بێت، حەتا ناوچەكانی تریش، ئەگەر سەردانی خانەقین بكات، سەردانی ناوچەكانی گەرمیان بكات، سەردانی زەمار و شێخان بكات، یەعنی مەسائیلی ئەمنیش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، یەعنی تكام وایە دەبێت حیساب بۆ هەموو شتێك بكرێت، بەڵام من پێم وایە پێكهاتەكە زەرووریيە دەبێت توركمانی تێدا بێت، كلدانی تێدا بێت، ئاشووری تێدا بێت، یەزیدی تێدا بێت، ئەمانە زۆر زۆر زەرووریيە، ئینجا تەقدیرەكەش بۆ خۆتانە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە رەئیتان چیە، پێشنیارێكم هەیە، دەسەڵات بدەینە سەرۆكایەتی دە كەس لەوانە هەڵبژێرین بە رەچاو كردنی ئەو مواسەفاتانەی كە باسم كرد، خەڵكی كەركووك بن، خەڵكی ناوچەكانی تەعریب كراو بن، شارەزا بن، ئیستعدادشیان هەبێت، خۆمان تەقدیری ئەو ئیستعدادە دەكەین دەچن، یان نا، باشە پەسندی دەكەن، باشە بۆ ئەو لیژنەیە (15) كەس تەرشیح دەكەین، هەمووتان موافیقن لەسەری، باشە ئەو خاڵەش تەواو.

خاڵی سێیەم: لێكۆڵینەوە لە بابەتی كردنەوەی مەكتەبی پەرلەمانی لە مەركەزی پارێزگاكان و ناوچەكانی دیكەی هەرێمدا.

دیارە تەبعەن ئەندامانی پەرلەمانی ئێمە نوێنەری گەلی كوردستان لەو ناوچانەی كە تەمسیلی لێ دەكەن، لێرە لە هەولێر پەرلەمان هەیە، مەركەزی پەرلەمان پایتەختی كوردستانیشە، سلێمانیش هەیە، دهۆكیش هەیە، جگە لەوە هەندێك قەزاو ناحیە هەیە گەورەن، پێویستیان بەوە هەیە نووسینگەیەك هەبێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان، وا شوێنێك هەبێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی كۆمەڵانی خەڵك بتوانن ویستی خۆیان، بۆچوونی خۆیان بەرێگەی ئەو ئەندامە بەڕێزانەوە بگەیەنێتە پەرلەمان، ئەوە یەك، دوو/ ئەو نووسینگەیە چاودێری دامودەزگاكانی حكومەت بكات لەو ناوچەیەدا و، بەرێگای ئەوانیشەوە هەرچ مولاحەزەیەك هەیە بگەیەنێتە ئەو لیژنانەی كە لەناو پەرلەماندا هەن، چ خۆیان ئەندام بن لەو لیژنانە، چ بە راپۆرت بێت بۆ لیژنەكان لەو بواریدا كە پێویست بكاتن، نووسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی هەیە و دانراوە، بڕیارێك هەبوو، تەبعەن نووسینگە لە دهۆكیش هەبوو، بەڵام دوایی راگیرا، بەڵام زۆر پێویستە

کە هەبێت, هەروەها لە هەندێك شوێن پێشنیار کراوە, لە هەڵەبجە پێشنیار کراوە, لە رانیە پێشنیار کراوە, بەڵام رەئیەك هەیە لە هەر شوێنێك بێت, یەعنی قەزا و ناحیە بێت لە پێنج ئەندامی پەرلەمان کەمتر بێت نووسینگە نەکرێتەوە, چونکە نووسینگە کردنەوەکەش هەر ئەوەندە نییە بڕیارێك بێت, بارەگای دەوێت, ئیمکانیەتی دەوێت, فەرمانبەری دەوێت, حەرەسی دەوێت, بۆیە ئەگەر هاتوو پێداویستیەکانی, یاخود هۆیەکانی کردنەوەی ئەو نووسینگەیە بەقوەت نەبێت, بەقوەت بوونەکەی چییە, ئەوەیە ناوچەکە فراوان بێت, خەڵکی زۆری تێدا بێت, بەلای کەمی دەبێت پێنج ئەندامی پەرلەمانی تێدا بێت, بۆیە ئەگەر پێتان پەسندە ئەو رەئیە لە پێنج ئەندام کەمتر نەبێت, ئەوجا دێین بزانین لە کوێ دەیکەینەوە. کێ پێشنیاری تری هەیە لەسەر ژمارەکە و ئەوانە, با ناوەکان بنووسین (کاك ناصح, کاك عوسمان بانی مارانی, کاك حاتەم, چنار, شێخ ئاخیر, کاك رەفعەت, کاك سەردار, کاك ئیسماعیل, مامۆستا, شەعبان, عەبدوڵرەحمان, صەبرییە غەفار, محەمەد ئەحمەد, عوسمان ئەحمەد, دلێر محەمەد شەریف, شیرین, زانا سەعید), نۆزدە کەس داوای کردووە قسە بکات لەسەر مەسەلەی نووسینگەکان, باشە کەواتە هەریەکە دوو دەقیقە قسەی بکەن, فەرموو کاك ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشووتر کە نووسینگەی پەرلەمان دانرا, راستی لە دوو شوێنی سەرەکی هەبوو, دواییش لە هەندێ شوێنی تریش کرایەوە, مەسەلەن لە دهۆك هەبوو, هەروەها لە سلێمانیش هەبوو, پاشان نووسینگەیەك لە ئاکرێ کرایەوە, هەروەها نووسینگەیەك لە هەڵەبجەش کرایەوە, تەبعەن من پێم وایە ئەو پێنج ئەندامە زەحمەتە, پێنج ئەندام لە شوێنێك کۆبکرێتەوە, بەداخەوە رەچاوی ئەوە نەکراوە کە لە هەر مەنتیقەیەك پێنج کەس ببێتە ئەندامی پەرلەمان, بۆیە من پێم وایە ئەو ژمارەیە زۆرە, بەڵام دەتوانین دەمجی بکەین, هەندێك شوێن دەمج بکەین, بۆ ئەوەی بێ بەش نەبن, ئەوانەی کەوا ژمارەیان کەمە بێ بەش نەبن لە نووسینگە, مەسەلەن بە قەناعەتی من پێویستە ئەوەی دهۆك زیندوو بکرێتەوەو, هەروەها ئەوەی سلێمانیش کە هەیە بمێنێت, ئاکرێ لەگەڵ شێخان, چونکە دەتوانین ئاکرێ لەگەڵ شێخان هەم برا یەزیدیەکان و هەم بۆ خۆی نووسینگەمان هەبوو لە ئاکرێ ئەوە بمێنێتەوە, بەڵام لە ئاکرێ, یان لە شێخان ئەوە بووە بڕیاری جەنابتان, مەسەلەن مەنتیقەی گەرمیان خەڵکمان هەیە, چونکە مەنتیقەی گەرمیان لە دەستوورەکەشدا هاتووە, لە بڕیارەکانی ئێمەشدا هاتووە, جارێ پەیوەندیان بە ئێمەوە هەیە, لەبەر ئەوە دەتوانین خانەقین و گەرمیان و هەموویان لە شوێنێك کۆ بکەینەوە بە ناوی گەرمیان بێت, مەسەلەن لە هەڵەبجە بمێنێتەوە وەکو خۆی, چونکە هەڵەبجە ناوچەیەکە بمانەوێت و نەمانەوێت دەبێت بمێنێتەوە, رانیە و قەڵادزە مەفروزە نووسینگەیان لێ هەبێت, سۆران پێویستە نووسینگەیەکی هەبێت بە بیرم نەماوە ئێستا, من پێم وایە ئەوانە هەبن باشە, لەگەڵ رێزمدا, ژمارەکەش پێنج ئەندام نەبێت, با سێ ئەندام بێت, یان لە سێ ئەندام کەمتر نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە دەبێت بزانین کردنەوەی نووسینگە بۆچییە؟ ئیجابیات و سلبیاتی نووسینگەی پەرلەمان لە هەر شوێنێك بۆچییە؟ دیارە دانانی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەساسی ئەوە نەبووە, رەنگە وا رێکەوتبێت لە ناوچەیەکی بچووك سێ چوار کەس ببێتە ئەندامی پەرلەمان و, لە ناوچەیەکی گەورە کەمتر ببێتە ئەندامی پەرلەمان, بۆیە من پێم باشە ئەو نووسینگانەی کە هەیە دیارە لەسەر لیستە, ئەو لیستە نەمێنێت, تەبعەن ئەو شوێنانەی کە پێویستە لیژنەی پەرلەمانی, یان نووسینگەی پەرلەمانی لێ بێت, ئەندامەکانی پەرلەمان بە تێکەڵ یەك نووسینگەیان هەبێت, دیارە هەر لە دوایی وای لێ دەکرێت, لەسەر ئەساسی لیست نووسینگە نەمێنێت, چونکە زاهیرەیەکی ناشارەستانییە لەڕاستیدا, مەسەلەی ژمارەی پێنج ئەندامیش, ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی جێ بەجێ نەبێت هیچ نووسینگەیەك دانەنرێت,

چونکه هیچ قەزایەك پێنج ئەندامی پەرلەمانی نییە, من پێشنیار دەکەم ژمارەی دانیشتوانی هەر قەزاو ناحیەی هەر ناوچەیەك لەبەر چاو بگیرێت, بەپێی ئەو ژمارەیەی کاتی خۆی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەو ناوچەی خۆیان پالأوتیە, بۆ نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە لەو ناوچەیە نووسینگەیان هەبێت, ئەگەر ژمارەشیان کەم بێت, دەکرێت ئەو برادەرە, مەسەلەن شەرت نییە هەموو کات ئەندام پەرلەمانەکە لە نووسینگەکە دەوام بکات, دیارە نووسەرێك لەوێ دەبێت, داوای, یان شکایەتی هاووڵاتیان دەبردرێتە نووسینگەی پەرلەمان, مەرج نییە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان زۆر بێت, بۆیە من پێشنیار دەکەم ژمارەی ئەندامەکان, یان کێشەی ناوچەکان لەبەر چاو بگیرێت بۆ کردنەوەی نووسینگەکان و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو نووسینگەیە زۆر بە زەرورییەتی دەزانم, لە سنوورەکان و, لە ناوچەکان و, لە مەنتیقەکاندا, حەقیشە وەکو برادەران باسیان کرد, ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد, یەعنی رەچاوی نیسبەی دانیشتوان بکرێت لە رووی ئەوەی ئەو نووسینگانەی بۆ بکرێتەوە, هەروەها موعاناتی سنوورەکەش ئەوە جێگەی خۆیەتی, لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نووسینگەیە جێگە و شەخسیەتی خۆی هەبێت وەکو بارەگا, هەروەها وەکو لایەنی ئەمنی, هەروەها وەکو حەرەس, ئەوانە پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستانیش هەبێت و تەواجودی برادەرانیش لەو نووسینگانە هەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو خاتوو چنار.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم جگە لە تەئکید کردنەوە لەسەر تەفعیل کردن و چالاك کردنی ئەو نووسینگانەی کە لەو شوێنانەدا هەبوون و لە شوێنی تریشدا بکرێتەوە, پێشنیار دەکەم وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی پەنجاو هەشت, ئەگەر چی هەرێمی کوردستان تەنیا لە سێ پارێزگا کورت نەکەینەوە, با وەکو هەنگاوی یەکەم و گەڕاندنەوەی ناوچە تەعریب کراوەکان بۆ سەر کوردستان, با نووسینگەی پەرلەمان لە کەرکووکیش بکەینەوە, وەکو چۆن بارەگای حزبەکانیشمان هەیە و رێکخراوەکان بارەگایان هەیە لە کەرکوك و, لە خانەقین و, لە شوێنەکانی تر, ئێمە با پێشنیار بکەین نووسینگەکانی پەرلەمان لەو شوێنانەش بکەینەوە, لەبەر ئەوەی من پێم وایە ئەوان زیاتر لە هەر شوێنەکانی تر پێویستیان بە پەرلەمانەو, ئێمە دەبێت ئەوە بکەینە هەنگاوی یەکەم, ئەگەر جێ بەجێ بکرێت, ئەوە زۆر کارێکی باشە لە هەموو شوێنە تەعریب کراوەکان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو کاك ئاخیر.

**بەڕێز اخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری من ئەوەیە نووسینگەکان لە زاخۆ و ئامێدی و ئاکرێ و سۆران بکرێنەوە, لە کۆیە و رانیە و هەڵەبجە و دەربەندیخانیش بکرێنەوە, دیراسەت بکرێت شەرت نییە لە سێ مەنتیقەی دیش کە داگیر کرا بێت سنجار و خانەقین و مەخموریش, تەبعەن نووسینگە لە کەرکوك دەبێت هەر بکرێتەوە, بە رەئی من ناکرێت لە کەرکوك نەکرێتەوە, یەعنی مەقەرێکی پارێزگایە و, ئێمە دەبێت ئیعتیباری بکەین هی خۆمانە و هەر دەبێت نووسینگەی لێ بکرێتەوە, یەعنی لە سنجار و خانەقین و مەخموریش دەبێت بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرمووو كاك ڕەفعەت.

**بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە ژمارەی ئەندامان نەبێتە شەرتێك بۆ ئەوەی نووسینگە لەو شوێنە بكرێتەوە, بەڵكو كێشەی ناوچەكە ببێتە شەرتێك, بۆ ئەوەی ئەو نووسینگەیە لەو مەنتیقەیە بكرێتەوە, من زیاتریش مەبەستم مەوزوعی كەركووكە, پێویستە نووسینگەیەكی زۆر بەهێز لەوێ بكرێتەوە, بەتایبەتی ماددەی پەنجاو هەشتیش لە ئارا دایە, یەعنی لێرەوە پەرلەمان زیاتر ئیهتیمام بەو نووسینگەیە بدات و نووسینگەیەكی بەقوەت بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرمووو كاك سەردار هەركی.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی من دووبارەیە لە قسەكانی برادەران, بەس خاڵێكم هەیە پێشنیاری دەكەم, ئەویش نەسریەی مەكتەبەكان لەسەر پەرلەمان بێت, نەك لەسەر فراكسیۆنەكان, ئەوەی بزانم نەسریەی سلێمانی لەسەر فراكسیۆنی سەوزە, نازانم هی دهۆك, پێم وایە ئەوە تەكریس كردنە لە بۆ حزبایەتی لە ناو پەرلەمان, بۆیە پێشنیار ئەوەیە نەسریەكە لەسەر پەرلەمان بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەوە حەل بووە هێشتا میزانیەی پەرلەمان ماوە, فەرمووو كاك ئیسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر تەئیدی قسەكانی كاك عوسمان دەكەم ڕەچاوی ژمارەی دانیشتوان بكرێت, چونكە هەر ناوچەیەك خصوصیاتی تایبەتی خۆی هەیە, مەسەلەن سۆران, جەنابت داوا دەكەی پێنج ئەندام بێت, سۆران ڕەنگە ژمارەمان لە پێنج شەش كەس زیاترە, مەسەلەن كاك حوسێن وریا لەسەر سۆران حیسابە, من لەسەر سۆران حیسابم, كاك شێخ ئاخیر لەسەر سۆران حیسابە, كاك شێخ فەتاح, كاك ئارێز, ئەوانە هەمموو لەسەر سۆران حیساب بن, بەڵام كەسمان ماڵمان لەوێ نییە, یەعنی هەمموو ئەو برادەرانەی كە ئەندامی پەرلەمانین, جگە لە شێخ ئاخیری كە لەوێ دەژی, ئێمە ناتوانین دەوامەمان لەو مەكتەبە بێت, دەبێت ڕەچاوی ئەوە بكرێت پێنج كەسی تێدا بێت, كە سۆرانیش ناوچەیەكی زۆر گەورەیە و هەڵدەگری نووسینگەی هەبێت, بەڵام تەنها ئەوەی كە تەواجودی هەیە لەو ناوچەیە شێخ ئاخیرە, ئەوانی تر هەر یەكە لە شوێنێكین, بۆیە حەقە ئەو مەسەلەیە لەبەر چاو بگیرێت و, ژمارەی ئەندامان نەبێتە مەسەلەیەك كە تەنها پێنج كەس بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرمووو كاك فەتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە قسەكانی كاك ئیسماعیل و كاك ئاخیر هەمان مەوزوعە كە من باسی لێ دەكەم, بەحەقیقەت مەنتیقەی سۆران مەنتیقەیەكی فراوانە, زەرووره ئەو نووسینگەیە لەوێ بكرێتەوە, ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانیش بەنیسبەت ئەو مەنتیقەیە وەكو كاك ئیسماعیل باسی كرد, مومكینە زیاتریش هەبێت لەو پێنج ژمارەیە, من بە شتێكی باشی دەزانم

ئەو نووسینگەیە لەوێ هەبێت, بەلاَم وەکو کاك سەردار باسی کرد, ئەگەر نەسریەکە لەسەر پەرلەمان بێت زۆر لەلامان باشترەو سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو کاك شەعبان.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز داخوازی دکەین مەکتەبێ لزاخۆ بکرێتەوە, هەرچەندە شێخ باسی ویشی کرد, زاخۆش قەزایەکی بەرفەریەو مەزنە, کێشەشی گەلێك هەن, هەرچەندە چوار نوێنەرێت هەن, ئەگەر بکرێت ئەڤ مەکتەبە لە زاخۆ بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو کاك عەبدولڕەحمان.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە نوێنەری قەزای ئاکرێمە, ئاکرێ لە ئەسڵدا قەرار بوو بکرێتە پارێزگا, ئەو قەرارەی کە جەنابتان باستان کرد, دەبێت پێنج ئەندام لەوێ هەبێت, پاشان نووسینگە لەوێ بکرێتەوە, ئێمە مەکتەبمان هەیە یەك نەفەریشین لەوێ, ئەو شەرتەی کە پێنج ئەندام بێت, بە رەئی من ئەوە دروست نییە, لەبەر ئەوە مەنتیقەی ئاکرێ مەنتیقەیەکی زۆر گەورەیە, پێویستە مەکتەبی لێ هەبێت و هەیە, ئێمە داوا دەکەین ئەو مەکتەبە تەتویر بکرێت, نەك لا ببرێت, بەلاَم تەتویر بکرێت.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبژێردراوین هەرچەند هەردووکیشمان ماڵمان لەوێ نییە, بەلاَم ئەگەر نووسینگەیەك بکرێتەوە, ئێمە پەیمان دەدەین کە تەفعیلی بکەین, ئەگەر حەفتەی دوو رۆژیش لەوێ حزوورمان هەبێ, تەفعیلی دەکەین, چونکە بەڕاستی کۆیە هەموو کاتێکیش مەحرووم بووە, ئێستا حەزناکەین لە پەرلەمانی نوێش کۆیە مەحرووم ببێت بەوەی نووسینگەیەکی نەبێت, هەروەها داوا دەکەم لە ناوچەی شاربازێڕیش نووسینگەیەك هەبێ, کە ئەوێش بەڕاستی ناوچەیەکی گەورەیە و موعاناتی زۆری بەسەر هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەحەقیقەت ئەمەوێ هەموو مولاحەزەیەك باس بکەین لەسەر ئەو نووسینگانە, ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان زۆر گرنگە تەواجودمان لەهەموو شوێنێك هەبێ, لە هەموو کوردستان, نوێنەری میللەتین لە کێشەکانیان ئاگاداربین خواستەکانیان بزانین چی پێ ئەوەی, چۆن چارەسەر بکرێ, چۆن بگاتە لیژانەکانی پەرلەمان لێرە تا بەدوای بچین و جەوابەکەی بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی, لەبەر ئەوە پێویستمان بە نووسینگە لە گشت شار وقەزا وناحییەکان هەیە, کە مەکاتبمان هەبێتن بۆ ئەمە من بە باشی ئەزانم, ئەوانەش نەك تەنها مەکتەبە و زاهیری رۆژێ دەوام هەبێ, دە رۆژ نەبێتن, بۆیە پێویستە مەکتەبەکان چۆن بێ؟ دەوامیان چۆن بێتن, کارەکانیان چی بێتن, کێ سەرپەرشتی ستافەکانیان ئەکات؟ شەرت نییە هەموویان ئەندامی پەرلەمان بن, لەشوێنەك یەك ئەندام پەرلەمان هەبێ ئەگەر سیکرتاریەتێك بۆ خۆی دابنێتن وخواستی خەڵکەکە جەمع بکا بیگەینێتە لیژنەکانی پەرلەمان, لێرە دیراسەتی بکەین و بەدوایدا بچنەوە, بۆ ئەوەی کێشەکان کەمەوەکەن, کێشە گەلەك زۆرە, بەلاَم ئەتوانین کەمیکەین, پێشنیارئەکەم ئەوانە بەردەوام بن, بەس دیراسەتی بکرێت, نەك زوو لە ناو ئەو حەفتەی داهاتوو دیراسەتێك حازربکەین وبیبەینە لیژنەی یاسایی لێرە هەتاکو چۆنێتی مەکتەبەکان ودەوامیان ومیزانیەیان وبۆکام شوێنیش زەروور و پێویستە حازری بکەین ودەنگی لەسەر بدەین, یەعنی بەو حاڵەتە من باشی ئەبینم وسوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی مابوو لەبیرم چووبو فەرموو .

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت هەولێرەوە بەڕاستی باسی هەموو شوێنەك كرا, هەولێر دیارە پێشتر نووسینگەی لێبووەو دوایی داخراوە بەعتیباری ئەوەی پەرلەمان هەر خۆی لێرەیە لە هەولێرە, بەڕاستی ئەو ئیشانەی كە لە نووسینگەكان دەكرێ لێرە ئەو بینایەیە نایكات, یەعنی ئەو لیژنە كەسەك نیە بەو ئیشانە هەڵبستێ, بۆیە بۆ ئیحتكاكیش لەگەڵ خەڵكی شاری هەولێر و, دەور وبەری, زۆر پێویستە نووسینگەیەكی زۆر فرەوان و گەورە بكرێتەوە, بۆ ئەوەی دانیشتوانی شاری هەولێر, خەڵكەكی زۆر بووە, وابزانم پێویستی بەوەی دەكا دووبارە نووسینگەكە بكرێتەوە و,هەولێریش وەكو شوێنەكانی ئیحتیكاكی خەڵكی خۆی بكات, سوپاس.

**بەڕێز شيخ الله ابراهيم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەو لیژنانە جارێ زۆر بە پێویست نازانم تاكو یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكان, پێموایە ئەركی هەمووشمانە لێرە پێدابگرین پێشی هەموو شتێك ئەو دوو ئیدارەیە یەك بگریتەوە, چونكە لەو ژوورە ناچیتە دەرێ ئەو لیژنەیە ئیشەكانی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گلاویژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وامزانی لە بدایە كە وەختی مەكتەبەكان دەكرێ, لە هەموو قەزایەكان دەكرێتەوە, كەچی زۆربەی ناوی قەزایەكان هاتەوەبیر, ناوی شەقلاوە نەهاتەوەبیر, كەوا شەقلاوە بەناوی بووكی كوردستانەوە بە ناوبانگە وشوێنەكی فرەوانەو خۆشتان زانیاری باشتان هەیە دەربارەی, ئەگە لە قەزایەكانی تر بكرێتەوە تكادەكەم لە شەقلاوەش مەكتەبەكی باش بكرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەنیا نابێتن ئێستا ناوی هەموو قەزا وناحییەكان دەینم, ئاخر ناوتان تەسجیل نەكرد, بەلام قەیدی ناكات یەكەو دەقەیەك, فەرموو.

**بەڕێز فخريه مصطفى محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من خەڵكی شەقلاوەم وناحییەی خۆشناوەتی هەمووی عایدی خۆمە, هەموویان دێن بۆ لای من ئەگەر ئیشێكیان هەبێ, منیش ئەگەڕێم لە ناویان, بەس زۆر زۆر شەقلاوەتان ئیهمال كردووە, چونكە مەنتیقەیەكی سیاحیە وخەڵك بۆ هەر لایەك بروات بۆ شەو دەگەڕێتەوە بۆ شەقلاوە, شەقلاوەش زۆر زۆر ئیهمال كراوە لە هەموو ناحییەكەوە, ئێتر سوپاس.

**بەڕێز مريم حسن ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەز موشكیلەیا من باوەڕكەم لە هەموویان گەورەترە, من خەڵكی پارێزگا موصڵم, ئەز باوەڕناكەم چ نووسینگەیەك بكەنەوە بۆ یەك ئەندامێ پەرلەمانێ, جا موشكیلەكە دێت بەروە بت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسەلەی كردنەوەی مەكاتب ئیشێكی باشە, بەلام تەجروبەیەكی تاڵمان هەیە, ئێمە وەكو پێویستە لە ناو بارەگای پەرلەمان دەوام ناكەین, مەكتەبەكان بكەینەوە گەلەك دەوام دەكەین؟ بەتایبەتی هەندێك شت كەبرادەران باسیان كرد چوار پینج ئەندامی پەرلەمان هەیە, بەلام خوا هەڵناگرێ هەندەكیان لە عێراقیش نین لە كوردستانیش نین, باشە چۆن

دەوام دەكا, لەویٚ تەمسیلی كیٚ دەكا, كیٚ موراجەعـەتی دەكا؟ بـەڕەئی مـن تەحدیـدی بكـن, ئـەو ڕەئیـەی بدەینـە ئێوەی بەڕێز, ئێوە تەقدیری ئەو شوێنانە بكن كە پێویستە مەكتـەبی لـیٚ بكرێتـەوە, بـەڵام مـن قەناعـەتم وەیـە ولەقسەكانیشـم مەسئوولم , ئەوی ئێوەش موافەقەی لەسەر دەكەن تۆزی لیٚ دەنیشی, كەس ناچینە ناوی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ رەئیەكان, نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕیار درابوو قسە لەسەر ژمارەكە بكریٚ نەك لەسەر ئیحتیاجەكان, بەس دیاربوو هـەموو ئیشـەكان تێكـەڵكران, بۆیـە مـن ئیزافەیەك دەكەم ودەڵێم شارباژێر و, پێنجوین و, ,شارەزوور بە تێكڕا دەتوانن لە هەڵەبجە بن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نیوەی قسەكانت نوقتەی نیزامی بوو, نیوەكەیتر موداخەلە بوو, لەبەر ئەوەی نیـوەو نیوەیـە ئـەویتر دەسـتڕێتەوە , وابـوو بیدایەتەكەی بەڵام كە موناقەشەمان كرد وتمان رەئی لەسەر بدەن, تەنیا لەسەر هین نەبوو.

لەبە رۆشنای قسەكانتان بائەو جارە بەقسەی ئێوە بیتن, ئەوە ئیقتراحی خۆمان سەحب دەكەین لۆوەی پێنج ئەندام كـەم تـر نـەبیتن كـە كـاك عوسمـان موناقەشـەكی كـردەوە لەبـەر رۆشـنایی ژمـارە بـیتن, ئەهەمیـەتی بـیتن باشـە, مەنتیقـەكی بەقوەتە, پێموانییە لە وانەی كە قسەیانكرد زۆربەیان ئاماژەیاندا كە ئەهەمیە بدرێتە ژمارەی دانشتوانی ناوچەكە, نـەكو بە ئەندامانی پەرلەمان, بەڵام رەنگە بەو شیكلەش بكەین بەشەكی زۆری بەهەمان شێوە دەربچێت, یـەعنی مەسـەلەن لـە سلێمانی هەیە رەنگە بیست ئەندام پەرلەمانی تێیابیٚ, لە هەولێر رەنگـە بیست ئەنـدام زیـاتری تێـدابیٚ, لـە دهـۆك هـەر وەها, لەو ناوچانەی تریش كە دەیكەینەوە رەنگە یەك دوو ناوچەبیتن كە پێنـج ئەندامی تێدا نـەبیتن, بـەڵام كـە دەڵێین بەپێی ژمارە بیتن, خۆناكریٚ لە هەموو قەزا وناحییەك بكەینەوە, یەعنی مەسەلەن كۆیی˝, من كۆییێشم زۆر خۆشدەوێتن شارێكە دەبیٚ هەموو ئیشێكی بۆ بكرێتن, بەڵام سەعاتە رێگایەكە, لەشارەكی وەكو لەنـدەن لـە شـیمالی لەنـدەن تادەچیە جەنوبی لەندەن دوو سەعات ونیوی دەوێتن, لێرە ماڵت لە هەولێریٚ بیتن بە تایبەتی شێردل و خاتوونێك كە قسەی كرد بـە سـەعاتەك دەگەنـە كـۆیی و دێنـەوە, بـەیانی ئـەتوانن بچـن و بێنـەوە, لەبـەر ئـەوەی ئـەو شـوێنانەی كـە نـزیكن لـە مەركەزەكان پێویست بەنووسینگەناكات بەتایبەتی كـە مـاڵی لـەویٚ نـەبیتن, هـەروا مەسـەلەن بەنیسـبەت ئـەو شـوێنانەی دەور وپشتی هەڵەبجەیە, كەسیش باسی كەلاری نەكرد؟ دانیشتوانی كەلار یەكجار زۆرە وفرەوانە , ئاخر دەبایـە وەكـو نـاو نـاوی بێـنن, ئـەویش باشـە بـاس بكـرێتن, یـەعنی هەنـدەك ناوچـە هەیـە ژمـارەی دانیشـتوانی زۆرن, وەكـو رانیـە, وەكـو هەڵەبجە, وەكو سـۆران, وەكـو ئـاكریٚ, ئەوانـە بەنـەزەری ئیعتیبـار وەربگـرێتن, ئـەو مولاحـەزەی كـاك شـیخ اللـه وتـی كـە هـەردوو حوكمـەت یـەك بگرێتـەوە, ئـەویش هەنـدە بەڕاسـتی قسـەكە لەبـەر ئـەوە ئـەو نووسـینگانەی كـە هـەن, یـەعنی سلێمانی, دهۆك, پێموایە هـەولێریش بكرێتـەوە زەروورە, بـەڵام بەشـەرتەك دراسـەبكرێتن, ئەوانـە وەكـو خـۆی بمێنـێتن, هەڵەبجەش هەیە بەهین بكەن, ئـەوی تـریش دیراسـەت بكـرێتن ولەلایـەن ئـەو ئەندامانـە, ئـەو ناوانـە كـە باسـم كـردن, پێموایە ئیقتراحم وایە كە كەسافەتی سوكانی لـەو شـوێنانە هـەن, بێجگـە لـە سلێمانی و دهـۆك و هـەولێر, لـە هەڵەبجـە هەیە, لە رانیە هەیە, لە سۆران هەیە, لە ئاكریٚ هەیە.

ئاخر تازاخۆ وتمـان سـیٚ چارەگە سـەعاتە لـە دهۆكـەوە, ئەنـدام لـە دهـۆك دابنیشـی بەسـەعاتێك بـەیانی دەتـوانی بچیت وئێواریٚ بێتەوە, یەعنی كردنەوەی نووسـینگە هـەر وائاسـان نیـە, كۆمەڵـەك كـادری دەویٚ, كۆمپیوتـەری دەویٚ, حەرەسـی دەوی, پارەی دەوی, لەبەر ئەوە هەر قـەرارەك نیـە ئەگـەر بەقـەرارەك بـی حەزدەكەی لـە هـەموو جێگایـەك دەكەینـەوە, بەڵام پێداوستی ئیدامەكردنی ئەو نووسینگەیە, پیداوستی سەرخستنی ئـەو نووسـینگەیە, ئەگـەرنا تـەنیا ئەهەمیـەت دان لەبەر ئەوەی زاخۆ موهیمە خۆ دەتوانم بڵێم كەلاریش موهیمە, فعلەن چەمچەماڵیش موهیمە, هەر شوێنەك ئەهەمیەتی خۆی هەیە, هەر ناحییەك بی, بەڵام مەسافە بەینی مەركەزی رەئیسی وئەو شوێنانە ئەگەر دووربیٚ وكەسافە هەبیٚ باسی

دەکەین, بەڵام وەکو خۆم گۆتم لە کۆیێ دەستم پێکرد, ژمارەی دانیشتوانی کۆیێ لە قەزاکانی دیکە ئەگەر زیاتر نەبێت , کەمتر نیە, نوقتە نیزامت هەیە, فەرموو؟

**بەڕێز ئاخیر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چوار ساڵ وقسوور قایمقامی زاخۆبوویمە دوای زاخۆ هاتیمە ئێرە, یەعنی ئەمە دوای زاخۆ بووە, ژمارەی زاخۆ گەلەك زۆرە لە سێسە هەزار نەفەر زیاتر تێئەپەڕی, بۆیە کەسافەی سوکانی زۆرە وگیروگرفتی ناوچەکەش یەك جار زۆرە, لەبەر ئەوەی زاخۆ کەوتیتە سەر سنووری تورکیا وسووریا و, ناوچەکەی یەك جار زۆری تەرحیل کراویشی هەیە, بۆیە بە گرنگی ئەزانین زاخۆ ئیهتیمامی پێبدریت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەوزووعی زاخۆ دوایێ دیراسەی لێئەکەین بزانین چەند ئەندامی هەیە وچۆنە, هەموو شوێنەکان دیراسەت دەکەین, بەڵام وەکو بڵێین تاحکومەت یەکدی دەگریتەوە, تا ئەوە تەواو دیراسەت ئەکەین, ئەو سێ شوێنە وابزانم وەکو هەیە تەقویە بکەین, دهۆکە و, هەڵەبجەیە و, سلێمانیە و, هەولێریش بکەینەوە,

نوقتەی تر؟ ئەزانی چییە ئیقتراحەك هەیە یان لیژنەیەك تەکلیف کەین, بەڵام پێم باشە ئەندامانی پەرلەمانی ئەو ناوچانە, مەسەلەن کەدەڵێین هەڵەبجە, هەڵەبجە ودەور وپشتی هەڵەبجە ئەوان خۆیان تەقدیم دەتوانن بکەن, جەنابت بڵێی زاخۆ موقتەرەحەك تەقدیمی کە, ئەو ئەندامانەی لە زاخۆ هاتوون, ئەو ژمارەی باس بکە, ئەهەمییەتەکەی باس بکە, بیدە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆئەوەی دیراسەتی بکەین, ئەویتر بمێنێتەوە تاحکومەت تەوحید ئەبێ, بەنیسبەت ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن وەکو کەرکووك, ئایا لە کەرکووك نووسینگە بکەینەوە یان نا؟ تەبعەن ئەهەمییەتی زۆرە کەرکووك تازە لیژنەیەکی تایبەتمان بۆ دانا, تازە باسی ئەهەمییەتمان کرد, بەڵام دوو سێ شت لە پێش چاوبێ, یەکەم قانوونەن ئێمە بۆمان نیە نووسینگە بکەینەوە لەوێ, ئێمە بەقانوون نوێنەری ئەو خەڵکانەین کە لە هەرێمی کوردستان دا دەنگیان بۆ داوین, سەد ویازدە کەسە, کەی کەرکووك گەڕاوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەتەئکید نووسینگەیەکی گەورەشی دەبیت, بەڵام ئەوە مانع نیە ئێمە شوێنەکمان هەبێ وەکو پەرلەمانتارانی کەرکووك لە جێگایەکەدە, بەرێگایەکە پەرلەمان دەوری هەبی لە کەرکووك, ئەو لیژنەیەمان دروست کرد, ئەوە رێگایەکە, رێگای تریش هەیە دەتوانین , نوقتەی نزامت هەیە؟

**بەڕێز ئاخیر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەسەدان هەزار خەڵکی کەرکووك ئاوارە بووە لە مەنتیقەی هەولێر وسلێمانی و دەنگیان دایە لەبۆ ئەو پەرلەمانەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نزام نەبوو, ببوورە جارەکی تر, ئەمن باسی ئەوە دەکەم کەرکووك دەرەوەی هەرێمە, ناڵێم کەرکووکی, کەرکووکی لێرە نوێنەرەکیان هەیە لە هەولێر, نووسینگەیەك لە هەولێر دەکەینەوە هەموو دانیشتوانی هەولێر دەگریتەوە ئەوەی کەرکووکیە, نووسینگەیەك لە سلێمانی دەکرێتەوە هەموو دانشتوانی سلێمانی دەگریتەوە ئەوەی کەرکووکیشە لەگەڵی, لەبەر ئەوە باسی کەرکووکیان ناکەین, باسی کەرکووك دەکەین وەکو شار, خەڵکی شار دەرەوەی هەرێمە, قانوونەن بۆمان نیە نووسینگەیەك لە شوێنەك بکەینەوە تائێستا دەرەوەی هەرێمە, کەی گەڕایەوە هەڵبژاردنی تازە دەکرێت, کەی کەرکووك گەڕایەوە ئینشائەڵلا زوو دەگەڕێتەوە وهەڵبژاردنی سەر تاسەری دەکرێتن وکەرکووك وسنجار وخانەقینیش هەموویان نوێنەریان دەبێت, ئێستا خەڵکی کەرکووکمان هەیە, خەڵکی ئەو ناوچانەمان هەیە, بەڵام بەناوی مومەسلی ئەو ناوچانەنین, هەموومان مومەسلیانین لەمەسەلە سیاسیەکە, بەڵام ئیدارەی کەرکووك لەسەر ئێمە نیە, بچین چاودێری ئیدارەی کەرکووك چۆن بکەین؟ حەقمان نیە چاودێری ئیدارەی کەرکووك بکەین ئێستا,

چاودێری ئیدارەی موصل چۆن بکەین یان سنجار چۆن بکەین؟ بەڵام لەمەسەلە سیاسیەکاندا پەرلەمان دەوری هەیە بەدوای غەم و ناکۆکیەکان دەگەڕێت, پشت گیریان دەکاتن بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی پەنجا وهەشت, پیشت گیریان دەکا بۆئاسایی کردنی وەزعەکە, بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بەرنامەیەی کە دەمانەوێ کوردەکان و تورکمانەکان بگەڕێنەوە کەرکووك, بۆ ئەوە تەریقەیەك بدۆزینەوە نوێنەرایەتیمان لەوێ هەبێت, بەبێ ئەوەی بڵێین نووسینگە دەکەینەوە, بەنیسبەت هەولێریشەوە زەرووره, بەڵام ئەویش پێویستی بە دیراسەیە, چونکە پێشتر بڕیارێك هەبووە و, بڕیارەکە ئیلغا کراوە, ئەو دوو لایەنە تۆزەك دیراسەت بکەین بزانین کامەیان باشە, بۆ هەبووە دوایێ بۆ ئیلغا کراتەوە, دیارە هەبوونەکەی بەبڕیارەك بووە وەجاهەتەکی تێدایە, ئیلغا کرایەتەوە بزانین لەو کەسانە بپرسین تەجروبەیان چی بووە بۆ ئیلغایان کردیتەوە, ئایا پەرلەمان دەتوانیتن بە مەهامی ئەو نووسینگەیە هەڵبستی, هەمووومان لێرەینە ئەگەر دەتوانی پێویست ناکا نووسینگە بکەینەوە, ئەگەر ناتوانی ئەو وەختی دێنە ئێرە باسی دەکەین دەڵێین ناتوانیتن بڕیاری کردنەوەی نووسینگە بدەین, لەبەر ئەوە ئەگەر کەسەك نوقتەی نیزامەکی نیە, خیلاف نیە ئەو مەوزووعە وابەجێ بێڵین تەنیا ئەو نووسینگانەی کە هەن بەقوەت بکرێن وپێداویستیەکانیان دابین بکرێتن, ئەو موقتەرەحاتانەی لەبەر رۆشنایی موناقەشەکان و, لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە ئیدارە یەك بگریتن, بۆئەوەی قەرارەکانمان سەرکەوتووبیت, بەجێی دێڵین بۆ وەختەکی تر, نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆك, نزیکەی دوو مانگ بەر لە ئێستا من بە ئیمزای پێنج ئەندام پەرلەمانەوە بۆ نووسینگەی پەرلەمان لە کەلار داواکارییەکم پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردو بەجەنابی سکرتێریشم وت نەك باسمان نەبوو لێرە, هەر گلەییش کرا کە باسی کەلار نەکراوە, منیش نازانم ئەوە روو بەرووی جەنابتانی ئەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا من خۆم باسم کرد وخۆم گلەییم کردو وتم کەس ناوی کەلاری نەهێنا, بەڵام وتیان کەلار بە ناوی گەرمیان ناومان هێناوە, من خۆم وتم کەلار دانیشتوانەکی یەك جار زۆری هەیە, چونکە دەمزانی ئەو موزەکەرە دراوە وباس کراوە, بەڵام کەلاریش وەکو ناوچەکانی تر وتم ئەوانەی کە ئەندامیان هەیە لەوێندەر ئیقتراحات تەقدیم کەن, پێشنیار تەقدیم کەن, وەجاهەتی کردنەوەی نووسینگە لەو شوێنەی باس بکەن, یەکەم ئاماژە بە ژمارەی دانیشتوانی بکەن, دووری لە نیزیکترین نووسینگە چەندە, ئەندامانی پەرلەمان لەو ناوچەیە چەندن, ئەمەش لێرە دیراسەتی دەکەین, موقتەنیع بووین پێی, دێین لێرە دەیخەینە بەردەم پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر بدەین, ئەگەر کەسەك هینی نیە بەو شێوەی بەجێی دێڵین, کەواتە دەرگا کراوەیە موقتەرەحات تەقدیم بکرێ لەسەر ئەو مەسەلەی نووسینگەکان و, هەر موقتەرەحێك پەسەندکرا لێرەوە دەیهینینە ئێرە وبڕیار لەسەری دەدەین .فەرموو .

**بەڕێز رمزیە احمد رشید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تو لەچ جیهەتێك نووسینگە هەبێت, دەبێت ئامێدییە هەرڤەکەی, تەبیعەت تەئسیر لێ کردی کە پێش نووکە هەبیتن, بازێرەکی موزەحییە, تەزحییەکی گەلەك زۆری داوە, بەس پێش نووکەیەکی هەبیتن, چونکە جیهەتێك لەوانەیە پێش بکەویتن و موشکیلەیەکەیان بێنە حەل ببیتن, نفوسی وی گەلەك زۆرە, نەك ئامێدی بە تەنیا, چونکە زۆر مەناتقی تر هەنە تابعی ئامێدییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئامێدیش وەکو شوێنەکانی تر بە تەئکید خۆشەویستی خۆی هەیە, نوێنەریشی لێرە هەیە جێگای بگریتن وئەوانیش باتەقدیمی پێشنەرەکەیان بکەن, وەکو پێم وتن بەنیسبەت کەلارەوە بەهەمان شێوە دیراسەتی دەکەین, ئەمە ئەگەر نووسینگەیەك لەشوێنەك نەکرایەوە لەبەر ئەوە نیە ئەهەمیەتی نیە ئەو شوێنە, بەڵکو دەبێ بەرنامەجێکمان ببێ, نووسینگەیەك لە ئاکرێ دەکرێتەوە مەسئوولییەتی تەنها ئەوە نییە لەجێگای خۆی دابنێشی, دەبی چەند دەور وپشتی

ئاكرێ هەیە لەناحییەكانەوە حەتا لەگوند وئەوانە دەبی سەردانیان بكاتن و, بزانی كێشەیان چیە مەشاكیلیان چیە, حوكمەت بە واجیبی خۆی هەستایە, خەدەمات دەكا یان ناكا؟ بۆیە ئەگەر بێتو لەهەموو شوێنەك بكەینەوە ناتوانین, دوایێ ئیمكانیەتی ئەوەش نیە بە حەقیقەت, دوایێ جگە لەوەش مەسەلەن ئەندامەكی پەرلەمان موحامییە نووسینگەی خۆی هەیە, لەهەمان كات ئەوە نووسینگەی پەرلەمانە لەویندەر, خۆ دەتوانی خەڵكەكە موراجەعەتی بكاتن و پێی بڵێتن, هەركەسەك موهەندیسە, شوقەی هەیە, یەعنی ئێستا لە جێگایەكی وەكو لەندەن زۆر جار كەهاووڵاتیانی خەڵكی كوردستان لەوێندەر لەمەنتیقەیەكە خانیان لەوێ بەكرێ دەگرت كێشەیان هەبوو پێویستی بە پشتگیری ئەندام پەرلەمان هەبوو, دەچوو خانووەكی گچكەی هەیە, شوقەكی هەیەو دوو ژووری هەیە, عینوانی وەردەگرت لەسەر ئەندامی پەرلەمان دەچوو كێشەكەی خۆی بۆ باس دەكرد, موقتەنیع با پێی, نووسراوەكی پێی دەدا و دەیوت من پشتگیری ئەوە دەكەم, ئەوە قەزیەكی سیاسی هەیە, نامەكەی دەبرد دەیخستە ناو دووسیەكەی خۆی, كابرا نە نووسینگەی هەیە نە هیچ, بەڵام مەعلوومە لەهەر مەنتیقەیەك دەڵێن كێ نوێنەری ئەو مەنتیقەیە, ماڵی لەكوێیە؟ خەڵكەكە ئەگەر پێویستی بوو موراجەعەتی دەكاتن, لێرە ئەگەر نووسینگەك نەبیتن, خۆ ئەندام پەرلەمانەكە لە ناوچەكە ناسراوە, ماڵی ناسراوە, جێگای ناسراوە, خەڵكەكە دەتوانی موراجەعەتی بكاتن, بەهەر حاڵ ئەوەی بۆمان بكرێتن دەیكەین انشاواللە, فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە سەرۆكی ئەنجومەن, بەس محامی بین بەرپرسێ هەر رێكخراوێك هەبێتن هەر جیهەتێك هەبێتن, لازم تەفرغ بكەتن, ژ بۆ پەرلەمان, یەعنی نابێت محامیێ مەكتبێ هەبیتن, ببیتن جیگەیێ نووسینگە وی, وا دزانم, ئەز خۆ تەفرغ بكاتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت موختەصە وەڵامت دەداتەوە, فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبد اللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەستی من ئەوە نەبوو بەڕاستی, بەس محامیەكان مەكتەبی هەبێت, من گوت هەر ئەندامێكی پەرلەمان وەك هەر محامییەك بتوانێت مەكتەب بكاتن كە ئیمكاناتی مالی هەبێت یان حزبەكەی پشتگیری بكاتن, چونكە لە دەوڵەتەكانی تر هەر ئەندامێكی پەرلەمان مەكتەبی خۆی هەیە, بەس لێرە چونكە ئەندامانی پەرلەمان ئیمكانیەتی مادییان نییە, لەبەر ئەوە پەرلەمان بە خۆی تەبەنی ئەو مەوزوعە دەكات, نووسینگە دەكات, یان لە دەوڵەتەكانی تر ئەندامانی پەرلەمان مەكاتبی خۆیان هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەكو عەرزم كردن زۆر جار ماڵی خۆی مەكتەبی خۆیەتی.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركوكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ببوورن زۆر هیلاكیشن بە حەقیقەت زۆر زۆر گرنگە ئەو مەكتەبانە وا بە ئاسانی وەری نەگرین, پێویستە ئەو مەكتەبانە شەخصیەتی خۆی هەبێ, ئیستیقلالییەتی خۆی هەبێ, میزانییەی خۆی هەبێ, ئیستافەكەشی مەعلووم بێ كێن چۆن كار ئەكەن؟ بگەنە زۆرترین جەماوەری ئێمە, بۆ ئەمە وەكو ئیتیفاق كرا, پێشنار ئەكەم دیراسەتەكی جوان بكرێ, هەر خوشك و برایەك پێشنیارێكی هەبێ بیداتە لیژنەی سەرۆكایەتی, هەیئەی سەرۆكایەتی و, پاشان لیژنەی یاسایی دیراسەیەكی بكەن و لێرە موناقەشەی بكەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادام لەم سێ خاڵە بوونەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان, ئەڤە چەند هەیڤە ئەم سەرەیان هێنا, جا ئێمە چووینە بەغدا ژی ئێمە تەنگە تاو دەبین, هەویەمان حازریش کە لەناو خۆمان تەوقیع کەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەویەکان تەواوە, بەڵام دواکەوتنەکە لەبەر ئەوەبوو دەمانویست بەتەریقەکی فەنی ببیتن, ئیمزاکان جوان ببیتن رێك وپێك ببیتن, نەمان توانی بەنیوە چلی پێتان بدەین, باشە ئیستاکە, وتم با تەئخیر نەبیتن وحازر دەبێ لەو دوو رۆژە ئینشائەڵڵا, بەناوی خوا کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەینین, ئینشائەڵڵا تا کۆبوونەوەکی داهاتوو, زۆر بەخێربێن و, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## سێ شەممە رێکەوتی 2005/9/27

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)

## سێ شەممە رێکەوتی 2005/9/27

كاتژمێر (10,30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2005/9/27 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە(1)ی مادده(20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(30ر10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2005/9/27دا بەم شێوەیە بێت:

1-نمایشكردنی رشتەی كۆتایی رەشنووسی دەستووری عیراق و راگەیاندنی ڕاوهەڵوێستی پەرلەمانی كوردستان لەو ریفراندۆمەی كە لە(15)ی تشرینی یەكەمی (2005)دا لەسەر ئەو دەستورە دەكرێ.

2-گفتوگۆكردن لەسەر بابەتی بنیادنانی وێستگەی كارەبای تەقتەق و، گەیشتن بە بڕیارێكی لەبارو گونجاو دەربارەی گرێبەستی بەجێهێنانی ئەو پرۆژەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان, بەناوی گەلی كوردستانی عێراق كۆبوونەوەكەمان دەست پێ دەكەین, بەرنامەی كار بریتی یە لە

بەپێی حوكمەكانی بڕگە(1)ی مادده(20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(30ر10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2005/9/27دا بەم شێوەیە بێت:

1-نمایشكردنی رشتەی كۆتایی رەشنووسی دەستووری عیراق و راگەیاندنی ڕاوهەڵوێستی پەرلەمانی كوردستان لەو ریفراندۆمەی كە لە(15)ی تشرینی یەكەمی (2005)دا لەسەر ئەو دەستورە دەكرێ.

2-گفتوگۆكردن لەسەر بابەتی بنیادنانی وێستگەی كارەبای تەقتەق و، گەیشتن بە بڕیارێكی لەبارو گونجاو دەربارەی گرێبەستی بەجێهێنانی ئەو پرۆژەیە.

داوا لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەكەم بۆ خوێندنەوەی رەشنووسی دەستوورەكە بە كوردی, ئەوانەی كە زمانی كوردی باش دەزانن, سێیانیان بێنە سەر مەنەصە بۆ خوێندنەوەی دەستوورەكە, ئەندامانی بەڕێز دیارە كەمتر لە (20) رۆژ

ماوه بۆ 10/15 رۆژی دەنگ دان بۆ دەستووری عێراقی هەمیشەیی، پێشتریش چەند جار لێرە تەفصیلاتی ئەم دەستووره باس کرا، لەم ماوەیەشدا خۆتان موتابەعەتان کردووە چەند گۆڕانێکی بەسەردا هات، چەند خاڵێك لەبەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، لەنێوان ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستووردا ئەنجام درا لە بەغدا، بەو شێوەیەی کە لە راگەیاندن باس کرا ئەم رەشنووسە دراوەتە (un) وەکو صیغەیەکی نیهائی، بەلام ئەو صیغە نیهائیە بە زمانی عەرەبی بوو، لەبەغدا ئەندامانی یاسایی لیژنەکە و هەندێك لەگەڵ شارەزایانی زمانی کوردی تەرجومەیەکیان کردبوو بۆ زمانی کوردی، ناتوانین بڵێین ئەو تەرجومەیە کۆتاییە، یاخود یاساییە، چونکە هێشتا لەلایەن هەموو ئەندامانی لیژنەکەوە لە بەغدا پەسند نەکراوە، بۆیە ئێمە حازرمان نەکرد و دابەشی بکەین لەسەر ئەندامەکان، چونکە ئێمە ئەو لایەنانە نین کە بتوانین بڵێین ئەوە صیغەی نیهائی دەستوورەکەیە، بەلام وەکو شتێکی عام تەرجومە کراوە بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە لەبەردەم بەرێزتان، هەدەف لە خوێندنەوەکەی ئەوەیە، ئەمە خوێندنەوەیەکی ترە، خوێندنەوەیەکی کۆتاییە لەم کۆبوونەوەیەدا، لەم پەرلەمانەدا، پاش خوێندنەوەی تەبعەن ئێمە موناقەشەمان زۆر لەسەر کردووە، باسمان کردووە بۆ ئەوەی هەموو خەڵکەکە بزانێت پاشتر لەم یەك دوو رۆژەدا، بە پوختەی پەسند کراوی تەرجومەکە بلاو دەکرێتەوە لە رۆژنامەکان، لە میدیاکان، لەتەلەفزیۆنەکان، ئێمەش و ئێوەش مەسئولین و واجبمانە هەڵبستین بە بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە، بەنووسینی سەروتار، بە بەشداریکردن لە سیمینار، هاندانی خەڵك بۆ ئەوەی بچن رۆژی 10/15 بەشداری بکەن لە دەنگدان، و پاش خوێندنەوەی ئەم دەستووره کە پەسند دەکرێت و پەسند کراوە پێشتریش، یانی پەسند کراوە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقەوە، پەسند کراوە لەلایەن لایەنە سیاسیەکانەوە، ئێمەش رەئیمان بەگشتی پێمان باش بوو کە وەکو دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق لەم ویستی گەلی کوردستانی تێدایە، پێویستە خەڵك هانبدەین بچن دەنگ بدەن بۆ ئەو دەستووره لە بەرژەوەندی گەلی عێراقە، لەبەرژەوەندی گەلی کوردستانە، لەبەرژەوەندی دیموکراتیەتە، ناتوانین بڵێین بە موتلەقی، ناتوانین بڵێین هەموو ویستەکانمانی تێدایە، بەلام ئەوەی لەم قۆناغەدا دەکرێت پێمان کارێکی گەورەیە و باشە، ئینجا پاش خوێندنەوەی دیسان ئەو قسانە دووبارە دەکەینەوە و دێینە سەر خاڵی تر، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم دەست بە خوێندنەوەی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

ئێستا دیباجەی پرۆژەی دەستووری عێراقی فیدراڵ دەخوێنمەوە:

**دیباجە**

**بەناوی خودای بەخشندە و دلۆڤان**

﴿ ولقد كرمنا بني ادم ﴾

ئێمە رۆڵەکانی میزۆپۆتامیاین، کە نشینگەی پێغەمبەران و ئارامگای پێشەوایانی پاکیزەو پێشرەوانی شارستانیەت و داهێنەرانی نووسین و لانکەی ژمارەدانان بووە و، لەسەر خاکمان مرۆڤ یەکەم یاسای داناوە ولە نیشتمانی ئێمەدا کۆنترین سەردەمی دادپەروەریی بۆ سیاسەتی وڵاتان تۆمار کراوەو یاوەران و ئەولیاکان لەسەر خاکەکەماندا نوێژیان دابەستووە و پیتۆل و زانایانیش تیۆریان دارشتووە و ئەدیب و شاعیرانمان داهێنانیان کردووە. لە سۆنگەی پێزانیمان بەمافی خودا بەسەرمانەوەو بەپیرەوە چوونی بۆ بانگەوازی نیشتمان و هاوڵاتیانمان و وەڵامگۆییمان بۆ بانگهێشتی سەرکردە ئاینی و وڵاتپارێزەکانمان و سووربوونی سەرچاوە (مرجع) مەزنەکان و رابەران و چاکسازانمان و هێزە نیشتمان پەروەرو سیاسەتمەدارەکانمان و، لەنێوەندی پشتیوانییەکی جیهانیی دۆست و خوشەویستانمان ، بۆ یەکەمین جار لەمێژوماندا ملیۆنەها کەس بە پیاوو ژن و لاوو پیرەوە لە 30/کانوونی دووەمی ساڵی 2005ی ز دا بەرەو سندوقەکانی دەنگدان چووین و هەر لەو ساتەشدا ئێش و ئازاری داپلۆسینی تایفەگەری تاقمی ستەمکارمان لەیاد بوو، هەروەها پەژارەی شەهیدانی عێراق لە شیعەو سوننە ، عارەب و کورد و تورکمان و براکانی دیکەیان لەهەموو پێکهاتەکاندا کرد بە رێنیشاندەر ، و تاوانی خاپور کردنی زۆردارانەی شارە پیرۆزەکانی باشوور لە راپەرینی شەعبانی و زۆنگاوەکان و دوجیل و ئەوانی دی بوونە سروشدەر و ئازارەکانی داپلۆسینی نەتەویی لە کوشتارگەکانی هەڵەبجە و بارزان و ئەنفال و

کورده فەیلیەکان بەدەنگی هێناین و مەینەتیەکانی تورکمانەکان لە بەشیر بوونـە رێنوێنیمـان ، هـەروەکو لـە ناوچـەکانی دیکەی عێراقیشدا، خەڵکی ناوچەی خۆرئاوا گیرۆدەی لـەنێوبردنی سـەرکردەو سیمبولان و شـێخەکانیان وئـاوارە کردنـی خاوەن بەهرەکانیان و وشك کردنی سەرچاوە گەلی هزرو فەرهەنگیان بوون، بۆیە هەمووومان پێکەوە دەست لە ناو دەست وشان بەشان تێکۆشاین بۆ ئەوەی عێراقـی نوێمـان دروسـت بکـەین، عێراقـی دوارۆژ بـێ لاف و گـەزافی تایفەگـەری و بـێ خواستی رەگەزپەرستی و گرێ و گوڵی ناوچەگەرێتی و بێ جیاکاری و وەلانان، کوفراندن و تیرۆریزم رێگەی پێ نەگرتین بەرەو بنیادنانی دەوڵەتی یاسا برۆینە پێشەوە و تایفەگەریی و رەگەزپەرسـتیش نـەی وەسـتاندین لـەوەی پێکـەوە بـەرەو پتـەوکردنی یـەکێتی نیشـتمانی بـرۆین و شـێوازەکانی دەستاودەسـتکردنی ئاشـتیانەی دەسـەلاٌت بگرینـە بـەر و شـێوەی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان پێرەو بکەین و هەلی یەکسان بۆ هەمووان برەخسێنین. ئێمـەی گـەلی عێـراق کـە تـازە لـە کـەوتن هەڵسـاوەتەوە و بـە بـرواوە لـە ئایینـدەی دەروانێـت, لەمیانـەی سیسـتەمێکی کۆمـاری فیـدراڵی دیموکراسـی فرەلایەنی دا لە ئایندەی دەروانێت، بە پیاوو ژن و پیرو لاوانییـەوە پێیـان داگرتـووە لەسـەر رێزگرتنـی رێساکانی یاسـا و تـوڕدانی سیاسـەتی دەسـت درێـژی بایەخـدان بـە ئـافرەت و مافـەکانی و پـیرو خەمـەکانی و منـداڵ و پێداویسـتییەکانی، هەروەها بلاٌوکردنەوەی فەرهەنگی هەمەجۆر و بنەبڕکردنی تیرۆر.

ئێمـەی گـەلی عێـراق کـە پـەیمانی بـە خۆداوە بەهـەموو پێکهاتـە و رەنگەکانیـەوە بـە ئـازادی و ئارەزومەندانـە بڕیـاری فیدرالیەتی خـۆی بـدات و پەنـدی سـبەینـێ لـە دوێنـێ وەرگرێـت و لـە کۆبەنـدی بـەهاو و نمونەییـە بالاٌکانی پەیامـە ئاسمانییـەکان و هـەروەها لـە داهێنانـەکانی زانسـت و ژیـاریی (شارسـتانی) مرۆڤـ ئـەم دەسـتورە هەمیشـەییە دابنێـت کـە پابەندبوون بەم دەستورە یەکێتی سەربەستانەی گەل و خاك وسەروەری عێراق دەپارێزێت.

## بەشی یەکەم

## سەرەتا بنچینەیی یەکان

ماددەی (1)

کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەر بە خۆو شکۆدارە، سیستمی حوکمڕانی تیایدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسی فیدراڵیە.

ماددەی (2)

یەکەم ـ ئیسلام ئاینی فەرمیی دەوڵەتە، و سەرچاوەیەکی بنەرەتییە بۆ یاسادانان:

أ-نابێت یاسایەك دەرچێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام دا ناکۆك بێت .

ب-نابێت یاسایەك دەرچێت لەگەڵ سەرەتاکانی دیموکراسی دا ناکۆك بێت.

ج- نابێت یاسایەك دەرچێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادیە بنەرەتیانە دا کە لەم دەستورە دا هاتوون ناکۆك بێت.

دووەم ـ ئەم دەستورە پاراستنی ناسنامە ئیسلامیەکەی زۆرینەی گەلی عێراق مسۆگەر دەکات, هەروەها سەرجەم مافە ئایینیەکان بۆ گشت تاکەکان وەکو مەسیحی و ئێزیدی و سابیئە مەندائییەکان لە ئازادی باوەڕو پیادەکردنی کارەکانی ئاینی مسۆگەر دەکات.

ماددەی (3)

عێراق ولاٌتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایین و ئاینزایە و, بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی و ئەندامێکی دامەزرێنەرو کارای کۆمکاری عەرەبی یەو پابەندی بەڵێننامە (میساق)ە کەیەتی.

ماددەی (4)

یەکەم ـ هەردووك زمانی عارەبی وزمانی کوردی زمانی فەرمین لە عێراق دا، مافی عێراقیەکانیش بەفێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایك وەك تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە دامەزراوە حکومەتییەکانی فێرکردندا مسۆگەر دەکات بەپێی رێوشوێنەکانی پەروەردەیی ، یان بەهەر زمانێکی دیکە لە دامەزراوە تایبەتەکانی فێرکردندا.

دووەم ـ چوارچێوەی زاراوەی زمانی فەرمی و چۆنیەتی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم بەندە بە یاسا دیاری دەکرێت و ئەمانە دەگرێتەوە:

أ-دەرچواندنی ڕۆژنامەی فەرمی بەو دوو زمانە .
ب-پەیڤین و گوتارو دەربرین لە بوارە فەرمیەکاندا وەك ئەنجومەنی نوێنەران, ئەنجومەنی وەزیران، دادگاکان و کۆنگرە فەرمیەکان بە هەر یەك لەم دوو زمانە بێت.
ج-دان پێدانان بە دیکۆمێنتی فەرمی و نووسراوەکان بە هەر دوو زمان و دەرچواندنی دیکۆمێنتە فەرمیەکان بە هەردووکیان.
د-کردنەوەی خوێندنگاکان بە هەر دوو زمان بەپێی ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان.
ه-هەر بوارێکی دیکە کە سەرەتای یەکسانی پێویستی دەکات وەك دراوی کاغەز، پەساپۆرت و پول.
سێیەم ـ دامەزراو و دەزگاکانی فیدرالی لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکار دێنن .
چوارەم ـ زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دوو زمانی فەرمی دیکەن لەو یەکە کارگێڕ ییانەی کە چڕیی دانیشتوانەکانیان پێك دێنن.
پێنجەم ـ بۆ هەر هەرێمێك یان پارێزگایەك هەیە هەر زمانێکی ناوچەیی دیکەش بە زمانی فەرمی بناسێت ئەگەر بێتو زۆرینەی خەڵکەکەی بەراپرسیەکی گشتی بڕیاری لەسەر بدات.

ماددەی (5)

سەروەری بۆ یاسایە و گەلیش سەرچاوەی دەسەلاتەکان و رەواییەکەیەتی کە لەڕێگەی دامەزراوە دەستورییەکانەوە و بەدەنگدانی نهێنی گشتی راستەوخۆدا ئەنجام دەدرێت.

ماددەی (6)

دەستاو دەستکردنی دەسەلات ئاشتیانە تەواو دەبێت بەو ڕێگا دیموکراسیانەی لەم دەستورە دا دەقنوس کراون .

ماددەی (7)

یەکەم ـ هەر قەوارە یان ڕێبازێك قەدەغە دەکرێت ئەگەر رەگەز پەرەستی یان تیرۆریزم یان کوفراندن یان پاکتاوی تایفەگەری پێڕەوبکات یان هانیان بدات یان ڕێخۆشکەرییان بۆ بکات یان بەرزیان بنرخێنێ یان پڕوپاگەندەیان بۆ بکات یان پاساویان بۆ بێنێتەوە بەتایبەتی (بەعسی سەدامی) لە عێراق و نمونەکانی لە ژێر هەر ناوێك دا بێت و نابێت ئەمە لە نێو فرەلایەنی سیاسی بێت لە عێراقدا ، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت.
دووەم ـ دەوڵەت پابەند دەبێت بە شەڕی تیرۆر بەگشت شێوەکانیەوە و کاریش بۆ ئەوە دەکات خاکی خۆی بپارێزێت لەوەی کە ببێتە بارەگای یان ڕێرەو یان گۆرەپانی چالاکیەکانی.

ماددەی (8)

عێراق سەرەتاکانی خۆش دراوسێیی رەچاو دەکات ، وپابەندە بە دەست تێوەر نەدانی کارو باری ناوخۆیی ولاتانی دیکەوە وهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوازێکی ئاشتیانە دەدات وپەیوەندیەکانیشی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و مامەڵە کردنی هاوشێوە سازدەدات وڕێزیش لە پابەندییە نێو دەوڵەتیەکانی دەگرێ.

ماددەی (9)

یەکەم ـ

أ- هێزی چەکداری عێراقی ودەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێك دێت، بەرەچاوکردنی هاوسەنگی و هاوشێوەییان بەبێ جیا کاری یان وەلانان و لەژێر سەرکردایەتی دەسەلاتی مەدەنی دا دەبێت و بەرگری لە عێراق دەکات و نابێتە ئامرازێکی سەرکوتکەری گەلی عێراق و دەست لە کاروباری سیاسیش وەرنادات و هیچ ڕۆڵێکی نابێت لە دەستاودەستکردنی دەسەلاتدا.
ب- ڕێگە بە پێکهێنانی میلیشیای سەربازی نادرێت لە دەرەوەی چوارچێوەی هێزە چەکدارەکاندا.
ج- نابێت هێزە چەکدارە عێراقیەکان و تاکەکانی لە نێویاندا ئەو سەربازانەی لە وەزارەتی بەرگری دا یان لە هەر فەرمانگە و ڕێکخراوێکی سەر بەودا کارگێڕبن خۆیان کاندید بکەن لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ بەدەستگرتنی هەر ناوەندێکی سیاسی و بۆشیان نیە بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەڵسن لە بەرژەوەندی ئەو پاڵێوراوانەی هەیانە و نابێت بەشداری

لەو کارانەشدا بکەن کە ڕێنماییەکانی وەزارەتی بەرگری ڕێگەی پێ نادات، ڕێگە نەدان چالاکیەکانی ئەو تاکانەش دەگرێتەوە کە لە سەرەوە باسیان کراوە بە سیفەتی کەسێتی یان کارەکەی خۆیان بێ ئەوەی ئەوە بگرێتەوە کە مافی خۆیان لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکان لە دەست بدەن.

د- دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراقی هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵسانگاندنی ئەو هەرەشانەی رووبەرووی ئاسایشی نیشتمانی دەبنەوە و راووشۆرەت پێشکەش بەحکومەتی عێراق دەکات ولە ژێر کۆنترۆلی مەدەنی دا دەبێت و دەکەوێتە ژێر چاودێری دەسەلآتی یاسادانانەوە و بەپێی یاساو سەرەتا دان پێنراوەکانی مافی مرۆڤی کاردەکات.

هـ- حکومەتی عێراق ڕێز دەگرێ لە پابەند بوونە نێودەوڵەتییەکانی، ئەوانەی تایبەتن بە قەدەغەکردنی بلآوبوونەوە و پەرەپێدان و بەرهەم هێنان و بەکار هێنانی چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆژی و جێبەجێیان دەکات و ڕێگەش دەگرێت لە هەر شتێك پەیوەست بێت بە پەرەپێدان و دروست کردن و بەرهەم هێنان و بەکارهێنانییەوە هەر کەلوپەل و کەرەستەیەکی تەکنۆلۆجیا و سیستەمەکانی پەیوەندی کردن بێت.

دووەم ـ خزمەتی ئالآ بە یاسا ڕێك دەخرێت.

ماددەی (10)

شوێنە پیرۆزەکان ومەزارگە ئاینییەکان لە عێراق قەوارەی ئاینی و شارستانین و دەوڵەت پابەندە بەڕێز گرتن و پاراستنیان و مسۆگەر کردنی ئەنجام دانی دروشمەکان (شعائرەکان) بە ئازادی تیایاندا.

ماددەی (11)

بەغداد پایتەختی کۆماری عێراقە.

ماددەی (12)

یەکەم ـ ئالآی عێراق و دروشم و سرودی نیشتمانی بە یاسا ڕێك دەخرێت بە جۆرێك ئاماژە بە پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکات .

دووەم ـ نیشانە و پشووی فەرمی و بۆنە ئاینی و نیشتمانیەکان و ڕۆژژمێری کۆچی و زایینی بە یاسا ڕێك دەخرێت.

ماددەی (13)

یەکەم ـ ئەم دەستورە بە پایەدارترین و بالآترین یاسا دەژمێردرێت لەسەر تاسەری عیراقدا هەمووان پێ ی پابەندن بێ بە بەدەربوون (استثناء).

دووەم ـ نابێت یاسایەك دابنرێت، لەگەڵ ئەم دەستورە دا ناکۆك بێت و هەر دەقێکیش لە دەستوری هەرێمەکاندا یان هەر دەقێکی دیکەی یاسایی لەگەڵی دا ناکۆك بێت بە پوچەڵ دەژمێردرێت.

## بەشی دووەم

## ماف و ئازادیەکان

### بەندی یەکەم

### مافەکان

#### یەکەم: مافە مەدەنی و سیاسی یەکان

ماددەی (14)

عێراقیەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن بەبێ جیا کاری بەهۆی ڕەگەز یان نەژاد یان نەتەوە یان رەسەن یان رەنگ یان ئاین یان ئاینزا یان باوەڕی یان بۆچوون یان باری ئابووری یان کۆمەلآیەتییەوە.

ماددەی (15)

هەر تاکێك مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە و نابێت لەم مافانەدا بێ بەش بکرێت یان کۆتبەند بکرێت مەگەر بەپێ ی یاساو دەبێ لەسەر بڕیارێکی دەرچووی لایەنێکی دادوەریی تایبەتمەند بێت.

ماددەی (16)

هەلی وەك یەك (تكافوء الفرص) مافێكی دەستەبەر كراوە بۆ گشت عێراقیەكان  و دەوڵەتیش ڕێكارەكانی پێویست دەستبەردەكات بۆ بەدیهێنانی.

ماددەی (17)

یەكەم ـ هەر تاكێك مافی تایبەتمەندێتی كەسایەتی هەیە بە جۆرێك لەگەڵ مافی كەسانی دیكەو ئادابی گشتی دا دژ نەبێت.

دووەم ـ رێز وپیرۆزی خانوو (مسكن) پارێزراوە، چونەژوورەوەی یان پشكنینی یان پەلاماردانی نابێت بە بێ بریارێكی دادەوەریی و بە پێی یاسا نەبێت.

ماددەی (18)

یەکەم ـ عێراقی هەر کەسێکە لە باوکێکی یان لە دایکێکی عێراقی لە دایك بوو بێت.

دووەم ـ ڕەگەزنامەی عێراقی مافی هەر عێراقییەکە و بنەمای هاوڵاتیبوونیەتی.

سێ یەم ـ

أ-رِێگە بەلێسەندنەوەی (اسقاط) ڕەگەزنامەی عێراقی نادرێت کە بە لە دایکبووی عێراقی دراوە جا لەبەر هەر هۆیەك لە هۆیەکان بێت، و ئەوەی لێی سەندراوەتەوە مافی خۆیەتی داوای گەرانەوەی بکات وئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

ب-ڕەگەزنامەی عێراقی دەستێندرێتەوە لەوەی بەرەگەزنامە بۆتە عێراقی لەو حاڵەتانەدا کە دەقی یاسایی دیاری دەکات.

چوارەم ـ عێراقی بۆی هەیە چەندین ڕەگەزنامەی هەبێت و ئەوەی پلە و پایەیەکی سەروەریی یان ئاسایشی باڵا وەرگرێت دەبێت واز لە هەر ڕەگەزنامەیەکی دیکەی وەدەست هێنراو بهێنێت و ئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

پێنجەم ـ ڕەگەزنامەی عێراقی نادرێت بە مەبەستی سیاسەتی نیشتەجێ کردن کە دەبێتە هۆی تێکدانی پێکهاتەی دیموگرافی لە عێراق دا.

شەشەم ـ حوکمەکانی رەگەز نامە بە یاسا ڕێك دەخرێت و ئەو داوایانەی لێیەوە سەر هەڵدەدەن لە لایەن دادگا تایبەتمەندەکانەوە دەبینرێن.

ماددەی (19)

یەکەم ـ دادەوریی سەربەخۆیە و هیچ دەسەڵاتێك لەسەروویەوە نیە جگە لە یاسا.

دووەم ـ نە تاوان هەیە و نە سزا مەگەر بە دەق نەبێت وهیچ سزایەك نیە تەنها لە سەر ئەو کردەوە نەبێت کە یاسا بەتاوانی دادەنێت لەکاتی ئەنجام دانیەوە ونابێت سزایەك پیادە بکرێت توندتر بێت لەو سزایەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا جێبەجێ کراوە.

سێیەم ـ دادگەرایی (التقاضي) مافێکی پارێزراو و دەستەبەرە بۆ هەمووان.

چوارەم ـ مافی داکۆکی کردن پیرۆزە ولەهەموو قوناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا دەستەبەرە.

پێنجەم ـ تۆمەتبار بێ تاوانە تاوەکو تاوانەکەی بەسەردا نەسەپێت لە دادگاییکردنێکی یاسایی و داد پەروەرانەدا وتۆمەتباریش بەهەمان تۆمەت جارێکی دیکە دادگایی ناکرێتەوە دوای ئازادکردنی، مەگەر بەڵگەی نوێی دیکە دەرکەون.

شەشەم ـ هەر تاکێك مافی هەیە کە دادپەروەرانە مامەڵە بکرێت لە ڕێکارەکانی دادوەریی و کارگێرییدا.

حەوتەم ـ دانیشتنەکانی دادگاکان بە ئاشکرایە مەگەر دادگا بریار بدات بکرێتە نهێنی.

هەشت ـ سزادان کەسی یە.

نۆیەم ـ یاسا کاریگەریی گەڕاوەی (أثر رجعي) نیە مەگەر دەقی پێچەوانەی هەبێت و ئەم بەدەربوونە یاسای باج و رە سمەکان ناگرێتەوە.

دەیەم ـ یاسای سزادان کاریگەریی گەڕاوەی نابێت مەگەر زیاتر لە بەرژەوندی تۆمەتبار دا بێت.

یازدەم ـ دادگا پارێزەرێك دەستنیشان دەکات بۆ داکۆکی کردن لەوەی بە تاوانکاری یان کەتن تۆمەتبارەو پارێزەرێکی نەبێت داکۆکی لێ بکات، ئەویش لەسەر خەرجی دەوڵەتە.

دوازدەیەم ـ

أ-ڕێگە بە دەست بە سەرکردن نادرێت.

ب-بەندکردن یان دەستگیرکردن نابێت جگە لەو شوێنانەی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراون بە پێی یاساکانی بەندیخانە کە چاوەدێری تەندروستی وکۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە و لەژێر بە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتن.

سێزدەم ـ پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەبێ لە ماوەی بیست و چوار کات ژمێردا لە دەست گیر کردنی تۆمەتبارەوە بخرێتە بەردەم دادوەری تایبەتمەندەوە و ناکرێت ماوەکە زیاتر لە جارێك درێژبکرێتەوە ئەویش بۆ هەمان ماوە.

ماددەی (20)

هاولاّتیان پیاوان و ژنان مافی بەشداربوونیان هەیە لە کارو باری گشتی دا، هەروەها سوودمەندبوون لە مافە رامیارییەکان بە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆ پالاٌوتنیشەوە.

ماددەی (21)

یەکەم ـ ڕێگە نادرێت عێراقی بدرێتە دەست لایەن و دەسەلاٌتەکانی بێگانە.

دووەم ـ مافی پەنابەریی سیاسی لە عێراق بەیاسا ڕێك دەخرێت ونابێت پەنابەری سیاسی بدرێتە دەست لایەنێکی بیانی یان بەزۆر بگەڕێنرێتەوە ئەو ولاٌتەی کە لێوەی هەلاٌتووە.

سێیەم ـ مافی پەنابەریی سیاسی نادرێت بە تۆمەتبارێك بە ئەنجام دانی تاوانی نێودەوڵەتی یان تیرۆرستی تۆمەتبارێت یان هەر یەکێك زیانی بە عێراق گەیاندبێت.

دووەم:- مافە ئابووریی وکۆمەلاٌیەتیو فەرهەنگیەکان

ماددەی (22)

یەکەم ـ کارکردن  مافی هەر هەموو عێراقییێکە بەجۆرێك ژیانێکی سەرفرازییان بۆ مسۆگەر بکات.

دووەم ـ یاسا پەیوەندیی نێوان کرێکار و خاوەنانی کارەکان لەسەر بنەماگەلی ئابووری ڕێك دەخات، وێڕای ڕەچاو کردنی بنەماکانی دادپەروەریی کۆمەلاٌیەتیی.

سێیەم ـ دەوڵەت مافی پێکهێنانی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان یان چوونە ڕیزیانەوە دەستەبەر دەکات ئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

ماددەی (23)

یەکەم ـ موڵکایەتی تایبەت پارێزراوە و خاوەندار مافی سود لێ وەرگرتن و بەکار هێنان و بەڕێوە بردنی هەیە لە سنوری یاسادا.

دووەم ـ نابێت موڵکایەتی بسەندرێت مەگەر بۆ مەبەستی سودی گشتی و بەرامبەر بە قەرەبوویەکی داد پەروەرانە بێت و ئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

سێ یەم ـ

أ-عێراقی مافی ئەوەی هەیە لەهەر شوێنێکی عێراق دا موڵکداربێت، و بۆ کەسێکی بیانی نابێت موڵکداری کردنی نە گوازراوەکان بکات جگە لەوانەی بە یاسا بەدەر کراون.

ب-ڕێگە بە موڵکداری نادرێت بە مەبەستی گۆڕینی دیموگرافی .

ماددەی (24)

دەوڵەت ئازادی گواستنەوەی کارگەر (الایدی العاملە) و شتومەك و سەرمایەکانی عێراقی لە نێوان هەرێمەکان و پارێزگاکان دەستە بەر دەکات و ئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت .

ماددەی (25)

دەوڵەت چاکسازیی ئابوریی عێراقی بە پێی بنەما مۆدێرنەکانی ئابووریی مۆدێرن دەستەبەر دەکات بە جۆرێك کەوەبەرهێنانی تەواوی سامانەکەی و هەمەجۆریی سەرچاوەکانی هاندان  و گەشەپێدانی کەرتی تایبەت مسۆگەر بکات.

ماددەی (26)

دەوڵەت هاندانی وەبەر هێنانەکان لە کەرتە جۆراوجۆرەکاندا دەستە بەر دەکات و ئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

ماددەی (27)

یەکەم ـ ماڵ وموڵکی گشتی حورمەتی خۆی هەیە و پاراستنی ئەرکێکە لەسەر شانی هەر هاولاٌتێیك .

دووەم ـ حوكمی تایبەت بە پاراستنی موڵكەكانی دەوڵەت و بەڕێوەبردن و مەرجەكانی كارپێكردنییان و ئەو سنورەی كە نابێت تەنازول لە شتێكی ئەم موڵكانە و بكرێت بە یاسا ڕێك دەخرێت.

ماددەی (28)

یەكەم ـ باج و رسومات ناسەپێندرێت و هەموار ناكرێت و ناسەندرێت و لێ ی نا بەخشرێت تەنها بە یاسا نەبێت .

دووەم ـ خاوەن دەرامەتە نـزمەكان لە باجدان دەبەخشرێن بەجۆرێك كە زیان بە كەمترین ڕادەی پێویست بۆ بژێویی نەگەینێت و ئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

ماددەی (29)

یەكەم ـ

أ-خێزان بنەمای كۆمەڵەو دەوڵەتیش پارێزگاری لە قەوارەكەی و بەها ئاینی و ئەخلاقی و نیشتمانیەكانی دەكات.

ب- دەوڵەت پاراستنی دایكایەتی و زارۆكی و پیرێتی دەستەبەر دەكات و چاو دێری پێگەییوان و گەنجان دەكات و هەموو بارۆدۆخێكی گونجا و بۆ گەشەسەندنی بەهرەو تواناكانیان فەراهەم دەكات.

دووەم ـ مندالأن مافیان بەسەر دایك و باوكانیانەوە هەیە لە پەروەردە و چاودێریی و فێركردنیان و دایك باوكانیش مافیان بەسەر منداڵەكانیانەوە هەیە لە بەڕێز گرتن و چاودێریان نەخا سمە لە حاڵەتەكانی دەست كورتی و پەك كەوتن و پیرییدا.

سێ یەم ـ ڕێگە بە چەوساندنەوەی ئابوورییانەی زارۆكان نادرێت بەهەموو شێوەكانیەوە و دەوڵەتیش رێوشوێنی دەستەبەر كراو دەگرێتە بەر بۆ پاراستنیان.

چوارەم ـ هەموو شێوازەكانی توند و تیژی ڕەمەكی لە خێزان و قوتابخانە و كۆمەڵگادا قەدەغە كراوە.

ماددەی (30)

یەكەم ـ دەوڵەت، بیمەی كۆمەڵایەتی (الضمان الاجتماعي) و تەندروستی، هەروەها پێگە بنەرتیەكانی ژیانێكی ئازاد و سەرفراز كە دەرامەت و خانووێكی (مسكن) گونجاو بۆ تاك و بۆ خێزان بەتایبەتی بۆ زارۆك و ژنان دابین و دەستەبەر دەكات.

دووەم ـ دەوڵەت بیمەی كۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ عێراقیەكان دەستە بەر دەكات لەحاڵەتی پیریی یان نەخۆشی یان پەك كەوتن لە كاردا یان دەربەدەر یان بێ نەوایی یان بێ كاری و كاریش دەكات بۆ پاراستنیان لە نەخوێندەواری وترس ونەداری وخانویان بۆ دابین دەكات وبەرنامەی تایبەت بۆ پێگەیاندن وبایەخ پێدانیان فەراهەم دەكات ئەویش بە یاسارێك دەخرێت.

ماددەی (31)

یەكەم ـ هەموو عێراقییەك مافی چاودێریی تەندروستی هەیەو دەوڵەت بایەخ بە تەندروستی گشتی دەدات و شێوازەكانی خۆ پاراستن و چارەسەر كردن بە بنیاتنانی جۆرەها نەخۆشخانە و دامەزراوەی تەنددروستی دەستەبەر دەكات.

دووەم ـ دەستە و تاكەكان بۆیان هەیە نەخۆشخانە یان بنكەی تەندروستی یان خانوی چارەسەر كردنی تایبەت بە سەرپەرشتی دەوڵەت بینا بكەن ئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

ماددەی (32)

دەوڵەت چاودێریی كەمئەندامان وخاوەن پێداویستییە تایبەتەكان دەكات و پێگەیاندنیان دەستەبەر دەكات بە مەبەستی تێكەڵاوكردنەوەیانەوە بە كۆمەڵەوە ئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

ماددەی (33)

یەكەم ـ هەموو كەسێك مافی ژیانی هەیە لە بارودۆخی ژینگەیەكی سەلامەتدا.

دووەم ـ دەوڵەت پاراستنی ژینگەو هەمەجۆریی زیندەوەری و پاراستنیان دەستەبەر دەكات.

ماددەی (34)

یەکەم ـ فێرکردن هۆکارێکی بنەرەتی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگەیە و مافێکە دەوڵەت دەستەبەری دەکات و لە قۆناغی سەرەتایی دا تەوزیمیەیە و دەوڵەت قەلاَچۆکردنی نەخوێندەواری دەستە بەردەکات.

دووەم ـ فێرکردن بە خۆڕایی مافی هەموو عێراقییەکانە لەهەموو قۆناغەکاندا.

سێیەم ـ دەوڵەت هانی توێژینەوەی زانستی دەدات بۆ مەبەستی ئاشتیانە و خزمەت کردنی مرۆڤایەتی و چاودێریی سەرکەوتن و داهێنان و دۆزینەوە و نیشانە جیاکانی بلیمەتی دەکات.

چوارەم ـ فێرکردنی تایبەت و ئەهلی دەستە بەرە و بە یاسا رێك دەخرێت.

**بەندی دووەم: ئازادییەکان**

ماددەی (35)

یەکەم ـ

أ-ئازادی و ئابرومەندی مرۆڤ پارێزراوە.

ب-نابێ کەس بە بێ بڕیارێکی دادوەریی دەستگیر بکرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دا بکرێت.

ج-هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی دەروونی و جەستەیی و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە قەدەغەیە و هیچ دانپیانانێك بایەخی نیە کە بە زۆریی و هەڕەشە و ئەشکەنجە سەندرابێت، زیان لێ کەوتووش بۆی هەیە داوای قەرەبووی ئەو زیانە ماددی و مەعنەوی یانە بکاتەوە کە لێ کەوتوون، بە پێی یاسا.

دووەم ـ دەوڵەت پاراستنی تاك دەستەبەر دەکات لە زۆر لێکردنی فیکری و سیاسی و ئاینی.

سێ یەم ـ کاری بێگاریی (سوخرە) و کۆیلەیی و بازرگانیی کۆیلە و بازرگانیی بە ژن و منداڵ و بازرگانیکردن بە (سێکس) قەدەغەیە.

ماددەی (36)

دەوڵەت ئەوانەی خوارەوە دەستەبەر دەکات بە شێوەیەك کە پێچەوانەی سیستەم و ئادابی گشتی نەبێت:

یەکەم ـ ئازادیی ڕادەربڕین بەهەموو ڕێگەو شێوازێك.

دووەم ـ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و چاپکردن و ئاگادارکردنەوە بۆ راگەیاندن و بلاَوکردنەوە.

سێ یەم ـ ئازادیی کۆبوونەوەو خۆ پێشاندانی ئاشتیانە بەپێی یاسا ڕێك دەخرێت.

ماددەی (37)

یەکەم ـ ئازادیی دامەزراندنی کۆمەڵە و پارتە سیاسیەکان، یان ئەندام بوون تیایاندا دەستەبەرکراوە و ئەوەش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

دووەم ـ نابێ هیچ کەس ناچار بکرێت بۆ چوونە ناو هیچ پارتێك یان کۆمەڵەیەك یا لایەنێکی سیاسی، یان ناچار کردنی بۆ بەردەوام بوون لە ئەندامێتی تیایدا.

ماددەی (38)

ئازادیی گەیاندن و نامە نێردراوەکانی پۆستەیی و بروسکەیی و تەلەفۆنی و ئەلیکترۆنی و ئەوانی دی دەستەبەرکراوە، نابێ چاودێری بکرێت، یان هەستی لێ ڕابگیرێت، یان ئاشکرا بکرێت، تەنها لەبەر پێویستییەکی یاسایی وئاسایشی نەبێت و ئەویش بە بڕیارێکی دادوەریی بێت.

ماددەی (39)

عێراقیەکان ئازادن لە پابەندبوونییان بۆ کاروباری کەسایەتییان بەپێی ئایینەکانیان یان ئاینزاکانیان یان بیروباوەڕەکانیان یان ویستەکانی خۆیان و ئەویش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی (40)

هەموو کەسێك ئازادیی بیرو ویژدان و باوەڕی هەیە.

ماددەی (41)

یەکەم ـ شوێنکەوتووانی گشت ئایینێك یان ئاینزایەك ئازادن لە:

أ-ئەنجامدانی دابە ئاینییەکانیان بە دابەکانی حوسەینیشەوە.

ب-بەڕێوەبردنی ئەوقاف و کاروباری ئەوقاف و دام و دەزگا ئایینیەکانی و ئەویش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

دووەم ـ دەوڵەت ئازادی پەرستن و پاراستنی شوێنەکانی دەستەبەر دەکات.

ماددەی (42)

یەکەم ـ عێراقی ئازادیی گواستنەوە و گەشت و نیشتەجێ بوونی هەیە لە ناوەوەی عێراق و دەرەوەیدا.

دووەم ـ عێراقی نابێت نەفی بکرێ، یان دووربخرێتەوە، یان بێبەش بکرێت لە گەڕانەوەی بۆ نیشتمان.

ماددەی (43)

یەکەم ـ دەوڵەت بە پەرۆشەوە هەوڵی کاراکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتیوانی لێکردن و پێشخستن وسەربەخۆییان دەدات بەجۆرێك لەگەڵ شێوازە ئاشتیخوازەکاندا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە رەواکانیان بگونجێت ئەویش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

دووەم ـ دەوڵەت بە پەرۆش دەبێت لەسەر بەرز کردنەوەی ئاستی خێڵ و هۆزە عێراقیەکان و گرنگیدان بە کاروباریان بە شێوەیەك کە لەگەڵ ئایین و یاسادا گونجاو بێت و بەها مرۆڤایەتییە باڵاکان پتەو بکات و بەشداریش بێت لە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگەدا و ڕێگەش بەو نەریتە خێڵەکییانە نادات کە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا ناگونجێن.

ماددەی (44)

ناکرێت هیچ کام لەو ماف و ئازادییانەی لەم دەستوورەدا هاتوون کۆتبەند یان سنووردار بکرێت تەنها بە یاسا یان پشت بەستن بە یاسا نەبێت، بە مەرجێ ئەم سنووردار کردن و کۆتبەندیە زیان بە کرۆکی ماف یان ئازادی یەکان نەگەیێنێت.

## بەشی سێ یەم

## دەسەڵاتە فیدراڵەکان

ماددەی (45)

دەسەڵاتەکانی فیدرالی لە دەسەڵاتی یاسا دانان و جێبەجێکردن و دادوەریی پێکدێت ، تایبەتمەندی و ئەرکەکانی خۆیان لەسەر بنەمای پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پیادە دەکەن.

## بەندی یەکەم

## دەسەڵاتی یاسا دانان

ماددەی (46)

دەسەڵاتی یاسا دانانی فیدرالی لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵ پێك دێت.

یەکەم : ئەنجومەنی نوێنەران

ماددەی (47)

یەکەم ـ ئەنجومەنی نوێنەران لە ژمارەیەك ئەندام بەڕێژەی یەك کورسی بۆ هەر سەد هەزار کەس لە خەڵکی عێراق کە نوێنەرایەتی سەرجەم خەڵکی عێراق دەکەن پێکدێت، بەڕێگای دەنگدانی گشتی نهێنی راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن ونوێنەرایەتی گشت پێکهاتەکانی گەلی تیادا رەچاو دەکرێت .

دووەم ـ مەرجە پاڵێوراو بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی نوێنەران عێراقی بێت و شایستەیی تەواوی هەبێت .

سێ یەم ـ مەرجەکانی پاڵێوراو و دەنگدەر و هەرچی پەیوەندی هەیە بە هەڵبژاردنەوە بە پێ ی یاسا ڕێك دەخرێت .

چوارەم ـ یاسای هەڵبژاردنەکان هەوڵی دابین کردنی ڕێژەیەکی نوێنەرایەتی بۆ ئافرەتان دەدات کە لە چواریەکی ئەندامانی ئەنجومەن کەمتر نەبێت .

پێنجەم ـ ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەك دەردەکات حاڵەتەکانی گۆڕینی ئەندامەکانی لە کاتی دەست لەکار کێشانەوەیان لادان یان مردن چارەسەر بکات .

شەشەم ـ نابێت ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ هیچ كارو پۆستێكی دیكەی فەرمی كۆ بكرێتەوە .

ماددەی (48)

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران سوێندی دەستووریی دەخوات لە بەردەم ئەنجومەن دا پێش دەست بەكار بوونی بەم شێوەیەی خوارەوە :

(سوێند بە خوای بەرز و مەزن دەخۆم كەوا ئەرك و كارە یاسایی یەكانم بە خۆنەویستی و دڵسۆزیی ڕابپەڕێنم و پارێزگاری لە سەروەریی و سەر بە خۆیی عێراق بكەم و خزمەتی بەرژەوەندیەكانی گەلەكەی بكەم و شەو نخونی بكەم بۆ سەلامەتی زەوی و ئا سمان و ئاوو سامان و سیستەمە دیموكراتی و فیدراڵیەكەی و كار بۆ پاراستنی ئازادییە گشتی و تایبەتی یەكان و سەر بە خۆیی دادوەریی بكەم و پابەندی بەجێگەیاندنی یاساكان بم بە دەست پاكی و بێ لایەنی و خودا شاهیدە لەسەر قسەكانم)

ماددەی (49)

ئەنجومەنی نوێنەران پەیڕەوێكی ناوەخۆ بۆخۆی دادەنێت بۆ ڕێكخستنی بەڕێوە چوونی كارەكانی.

ماددەی (50)

یەكەم ـ ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەی سی ڕۆژدا لە مێژووی تۆمار كردنی ناڕەزایی لە دروستی ئەندامێتی ئەندامەكانی دەكۆڵێتەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ ی ئەندامەكانی .

دووەم ـ دەكرێ تانووت لە بریاری ئەنجومەن بدرێ لە بەردەم دادگای فیدراڵی باڵادا لەماوەی سی ڕۆژ لە مێژووی دەرچوونیەوە.

ماددەی (51)

یەكەم ـ دانیشتنەكانی ئەنجومەنی نوێنەران بە ئاشكرا دەبن تەنها ئەگەر لەبەر هەر پێویستییەك و بە پێچەوانەكەی بە پێویست بینرا .

دووەم ـ كۆ نووسی دانیشتنەكان بەو شێوەیەی كە ئەنجومەن بە گونجاوی بزانێ بڵاوەكرێنەوە .

ماددەی (52)

سەرۆكی كۆمار بەرێوەرەسمێكی كۆماری داوادەكات ئەنجومەنی نوێنەران كۆببێتەوە لەماوەی پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی پەسەند كردنی ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتیەكانەوە و كۆبوونەوەكەش لە لایەن بەتەمەنترین ئەندامەوە سەرۆكایەتی دەكرێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی ئەنجومەن و دوو جێگرەكەی و ناشكرێت لەو ماوەیەی كە لە پێشەوە نوسراوە درێژتر بكرێتەوە.

ماددەی (53)

ئەنجومەنی نوێنەران لە یەكەم كۆبوونەوەی دا سەرۆكێك ، پاشان جێگری یەكەم و جێگری دووەم بۆخۆی هەڵدەبژێرێت ئەویش بە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ و بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن .

ماددەی (54)

یەكەم ـ ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران چوار ساڵی تەواو دەبێت بەپێ ی ڕۆژمێری زاییینی لە ، یەكەم دانیشتنی دەست پێدەكات و لە كۆتایی ساڵی چوارەم دا تەواو دەبێت .

دووەم ـ ئەنجومەنی نوینەرانی نوێ بەر لە چل و پێنج ڕۆژ لە مێژووی بە كۆتاهاتنی خولی هەڵبژاردنییەوە هەڵدەبژێردرێت.

ماددەی (55)

ئەنجومەنی نوێنەران یەك خولی كۆبوونەوەی ساڵانەی هەیە بەدوو وەرزی یاسا دانان كەماوەی هەردووكیان هەشت مانگە، پەیڕەوی ناوخۆ چۆنیەتی گرێدانیان دیاری دەكات و ئەو وەرزەی كە بوودجەی گشتی تیا دا دەخرێتە ڕوو تەواو نابێت تا وەكو بوودجەكە پەسەند نەكرێت .

ماددەی (56)

یەکەم ـ سەرۆك كۆمار یان سەرۆكی وەزیران یان سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران یان پەنجا ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەن بۆیان هەیە داوای دانیشتنی نائاسایی بكەن ، كۆبوونەوەكەش سنووردار دەبێت لەو بابەتانەی كە پێویستی كردووە بانگەوازی دانیشتنەكەی بۆ بكرێت .

دووەم ـ وەرزی یاسا دانانی خولی كۆبونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران درێژ دەكرێتەوە بۆ ماوەیەك كە لە سی رۆژ زیاتر نەبێت ، بۆ تەواو كردنی ئەو ئەركانەی وا دەخوازن ، لەسەر داوای سەرۆكی كۆمار یان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران یان پەنجا ئەندام لە ئەندامانی ئەنجوومەن .

ماددەی (57)

یەكەم ـ

أ-رێژەی یاسایی گرێدانی دانیشتنەكانی ئەنجومەنی نوێنەران تەواو دەبێت بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامەكانی.

ب-بریارەكان لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی سادە وەردەگیرێن دوای بەدەستهاتنی رێژەی یاسایی ئەگەر دەقێكی پێچەوانە نەبوو.

دووەم ـ

ج-پرۆژەی یاساكان لە لایەن سەرۆك كۆمار و ئەنجومەنی وەزیران پێشكەش دەكرێت .

د-پێشنیاری یاساكان لە لایەن دە كەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران یان یەكێ لە لیژنە پەیوەنددارییەكانیەوە پێشكەش دەكرێت .

ماددەی (58)

ئەنجومەنی نوێنەران ئەم دەسەلاّتانەی هەیە:

یەكەم ـ دانانی یاسا فیدرالیەكان.

دووەم ـ چاودێریكردنی چۆنیەتی كاركردنی دەسەلاّتی جێبەجێكردن.

سێ یەم ـ بە پێ ی یاسایەك كرداری پەسەند كردنی پەیماننامەو رێكەوتنە نێو دەوڵەتییەكان، رێك دەخرێت بە زۆرینەی دوو لە سەر سێ ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوینەران.

چوارەم ـ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار.

پێنجەم ـ رەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی هەر یەك لە :

أ-سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییزی فیدرالی و سەرۆكی داواكاری گشتی و سەرۆكی دەستەی سەر پەرشتیاری دادوەریی بەزۆرینەی رەها ، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دادوەریی بالاّ .

ب-بالیۆز و خاوەن پلە تایبەتەكان لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران .

ج-سەرەك ئەركانی سوپا و یاریدەدەرانی و ئەوانەی لە پلەی فەرماندەی فیرقە و بەرەوژوور ، سەرۆكی دەزگای هەوالگری لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران .

شەشەم ـ

أ-لێپرسینەوەی سەرۆك كۆمار لەسەر داواكارییەكی هۆدار بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

ب-لەسەركارلادانی (اعفاء)سەرۆك كۆمار بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ، دوای تۆمەتبار كردنی لە لایەن دادگای بالاّی فیدرالیەوە لەیەكێ لەم حاڵەتانەدا :

ج-شكاندنی سوێندی دەستووری.

د-پێشێل كردنی دەستوور.

ه-خیانەتی مەزن.

حەوتەم ـ

أ-ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە پرسیار ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکات لە هەر بابەتێك کە تایبەت بێت پێیانەوە و هەر یەك لەوانیش بۆیان هەیە وەلآمی پرسیاری ئەندامان بداتەوە، و تەنها خاوەن پرسیار مافی بەدواداچوونی وەلآمەکانی هەیە.

ب-بە لانی کەم بیست و پێنج ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە کە بابەتێکی گشتی بخەنە روو بۆ گفتوگۆ بە مەبەستی روونکردنەوەی سیاسەت و چۆنیەتی کاری ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێ لە وەزارەتەکان و داوایەکە پێشکەشی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەکان وادەیەك دیاری دەکەن بۆ ئامادەبوون لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری.

ج-ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە بەرەزامەندی بیست و پێنج ئەندام لێکۆڵینەوە ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەکان بکات بۆ لێپرسینەوەیان لەو کارو بارانەی پەیوەندی بە ئەوانەوە هەیە و گفتوگۆش لەسەر لێکۆڵینەوەکە ناکرێت تا حەوت ڕۆژ بەلایەنی کەم بەسەر پێشکەش کردنیەوە تیپەر نەکات .

هەشتەم ـ

أ-ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە متمانە وەرگرێتەوە لەیەکێ لە وەزیرەکان بەزۆرینەی رەها و بەدەست لەکار کێشاوە دادەنرێت لە رۆژی بریاری متمانە لێ وەرگرتنەوەی و نابێ مەسەلەی متمانە بە وەزیر بخرێتە روو تەنها لەسەر ویستی خۆی نەبێت یان داوایەك کە پەنجا ئەندام ئیمزای بکات دوا بەدوای گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئاراستەی کراوە و ئەنجومەنیش بریار لەسەر داوایەکە نادات تا حەوت ڕۆژ تێپەر نەکات بەلانی کەم بەسەر مێژووی پێشکەشکردنییەوە .

ب- 1-سەرۆك کۆمار بۆی هەیە داخوازیەك پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران بکات بۆ متمانە وەرگرتنەوە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران .

2-ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر داخوازی پێنج یەکی (5/1) ئەندامەکانی بۆی هەیە متمانە وەربگرێتەوە لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و نابێ ئەم داوایە پێشکەش بکرێت تا لێکۆڵینەوەیەك ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەکرێت لە دوای حەوت ڕۆژ لە مێژووی پێشکەش کردنی داخوازیەکە .

3-ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی بۆی هەیە متمانە وەربگرێتەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران .

ج-ئەگەر متمانە لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرایەوە، وەزارەت بە دەست لە کارکێشاوە دادەنرێت.

د-ئەگەر دەنگ درا بە متمانە وەرگرتنەوە لە ئەنجومەنی وەزیران بەتێکرایی ئەوا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان بەردەوام دەبن لە پۆستەکانیان دا بۆ بەڕێوبردنی کاری ڕۆژانە بۆ ماوەیەك کە لە سی ڕۆژ زیاتر نەبێت , تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی تازەی وەزیران پێکدێت بە پێ ی حوکمەکانی ماددەی (74) لەم دەستووره دا .

هـ-ئەنجومەنی نوێنەران مافی لێکۆڵینەوەی لە بەرپرسانی ئۆرگانە سەر بەخۆکان هەیە بە پێ ی هەمان رێ و شوێنی تایبەت بە وەزیرەکان و مافی لەسەرکارلادانییان (اعفاء) هەیە بەزۆرینەی رەها.

نۆ یەم ـ

أ-رەزامەندی لەسەر راگەیاندنی جەنگ و باری نائاسیی بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ , لەسەر داخوازییەکی هاوبەشی سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران .

ب-باری نا ئاسایی بۆ ماوەی سی ڕۆژ رادەگەیەنرێ کە دەکرێ درێژ بکرێتەوە بەرەزامەندی لەسەر دان بۆ هەر جارێك.

ج-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەسەلآتی پێویستی پێ دەدرێت کە بتوانێ کارو باری وولآت بەرێوەبەرێت لە ماوەی ڕاگەیاندنی جەنگ و باری نائاسایی وبە پێ ی یاسا ئەم دەسەلآتانە ڕێکدەخرێت بەجۆرێك لەگەڵ ئەم دەستووره ناکۆك نەبێت.

د-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕێکارە (الاجراءات) ئەنجامدراوەکان و سەرەنجامەکانی دەخاتە رووی ئەنجومەنی نوێنەران لەماوەی راگەیاندنی جەنگ و باری نا ئاسایی و لەماوەی پازدە ڕۆژ لەکۆتایی هاتنی دا.

ماددەی (59)

یەکەم ـ ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەی یاسای بودجەی گشتی و ژماردنی کۆتایی پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات بۆ پەسەند کردنی .

دووەم ـ ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە ڕاگواستنەوە (مناقلە) بکات لە نێوان بەش و بەندەکانی بودجەی گشتی دا و داشکاندنی سەرجەم گوژمەکانی و, بۆی هەیە لەکاتی پێویست دا پێشنیاز بکات بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە بڕی تێچووی خەرجییەکان زیاد بکات .

ماددەی (60)

یەکەم ـ ماف و ئیمتیازەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هەردوو جێگر و ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی یاسا دیاری دەکرێت.

دووەم ـ

أ-ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران (حصانە)ی هەیە لەسەر ئەو بیر و ڕایانەی کە دەریان دەبڕێت لەماوەی خولی گرێدان دا و نابێ ڕووبەڕوی دادگاکان بکرێتەوە لەم ڕووەوە.

ب-نابێت ئەندامی ئەنجومەن دەستگیر بکرێ لە ماوەی وەرزی یاسایی دا, مەگەر تۆمەتبار کرا بێت بە تاوان و بە ڕەزامەندی زۆرینەی رەهای ئەندامان (حصانە)ی لەسەر هەڵبگیرێت یانیش ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکی بینراو دا دەستگیرکرا بێت .

ماددەی (61)

یەکەم ـ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەوەشێتەوە بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی , لەسەر داوای سێ یەکی ئەندامانی , یان داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و رەزامەندیی سەرۆك كۆمار, بەڵام ئەنجومەن نابێ هەڵبوەشێنرێتەوە لەکاتی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دا.

دووەم ـ سەرۆك كۆمار لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران دا بانگهێشت دەکات بۆ هەڵبژاردنی گشتی لە وولات لەماوەیەك کە لە شەست ڕۆژ تێپەر نەکات لە مێژووی هەڵوەشاندنەوەکە، لەو حاڵەتەش دا ئەنجومەنی وەزیران بە دەست لە کار کێشاوە دادەنرێ, بەڵام بەردەوام دەبێت بۆ بەڕێوە بردنی کاری ڕۆژانە

دووەم : ئەنجومەنی فیدراڵی

ماددەی (62)

ئەنجومەنیکی یاسا دانان دادەمزرێت بەناوی (ئەنجومەنی فیدڕاڵی) کە نوێنەرانی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لەنێو هەرێمێك دا نین دەگرێتەوە، پێکهاتەی ئەنجومەن و مەرجەکانی ئەندامێتی تیایداو دەسەڵاتەکانی و هەرچی پەیوەندی پێیەوە هەیە، یاسایەکی بۆ دادەنرێت بە زۆرینەی دوو لە سەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

## بەندی دووەم

## دەسەلاتی جێبەجێکردن

ماددەی (63)

دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی فیدراڵی پێك دێت لە سەرۆك كۆمار و ئەنجومەنی وەزیران , کە دەسەڵاتەکانی بەپێ ی دەستوور و یاسا جێبەجێ دەکات.

### یەکەم ـ سەرۆك كۆمار

ماددەی (64)

سەرۆك كۆمار سەرۆکی دەوڵەت و هێمای یەکێتی نیشتمانە و نوێنەرایەتی سەروەری وولات دەکات و شەو نخونی دەکات بۆ مسۆگەر کردنی پابەندبوون بە دەستوور و پاراستنی سەر بە خۆیی عێراق و سەروەری و یەکێتی و سەلامەتی خاکەکەی بە پێ ی برگەکانی دەستوور.

ماددەی (65)

مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی کۆمار ئەمانەن:

یەکەم ـ لە عێراق لە دایك بوو بێت و دایك و باوکی عێراقی بن.

دووەم ـ شایستەیی تەواو بێت و چل ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت.

سێ یەم ـ ناوبانگی باش بێت و شارەزایی لە سیاسەت هەبێت و ناسراو بێت بە دەستپاکیی و راستڕێیی (الاستقامە) و دادگەری و دڵسۆزی بۆ نیشتمان.

چوارەم ـ حوکم نەدرا بێت بە تاوانێکی ئابڕووبەر.

ماددەی (66)

حوکمەکانی پالاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار بە یاسا ڕێك دەخرێت .

ماددەی (67)

یەکەم ـ ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ ی ئەندامانی و لەنێوان پاڵێوراوان دا سەرۆکێك بۆ کۆمار هەڵدەبژێرێت .

دووەم ـ ئەگەر هیچ کام لە پاڵێوراوان زۆرینەی پێویستیان بەدەست نەهێنا ئەوا کێ برکێ دەکرێت لە نێوان ئەو دوو پاڵێۆراوەی زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە ، ئەو کەسەی کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێت لە دەنگدانی دووەم دا رادەگەیەندرێ بە سەرۆکی کۆمار.

ماددەی (68)

سەرۆك کۆمار سوێندی دەستووری دەخوات لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا بە پێ ی ئەو شێوازەی کە لە ماددەی (49)ی ئەم دەستوورە دا دەقنووس کراوە .

ماددەی (69)

یەکەم ـ ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك کۆمار بە چوار ساڵ دیاریدەکرێت و دەشێت تەنها بۆیەك جاری دیکە هەڵبژێردرێتەوە.

دووەم ـ أ. ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك کۆمار بە کۆتایی هاتنی ماوەی ئەنجومەنی نوێنەران کۆتایی دێت.

ب-سەرۆك کۆمار لەسەر ئەنجامدانی کارەکانی بەردەوام دەبێت هەتا پاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی نوێی نوێنەران و دەستبەکار بوونی.

ج- ئەگەر لەبەر هەرهۆیەك پایەی سەرۆك کۆمار چۆڵ بوو, دەبێ سەرۆکێکی تازە هەڵبژێردرێت , بۆ تەواوکردنی ئەو ماوەیەی سەرۆکایەتی کۆمار کە ماوە.

ماددەی (70)سەرۆك کۆمار ئەم دەسەلاّتانەی هەیە:

یەکەم ـ دەرچوواندنی لێبوردنی تایبەت لەسەر راسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران, جگە لەوانەی کە پەیوەستن بەمافی تایبەت یان ئەوانەی بە تاوانی نێو دەوڵەتیی و تیرۆریستیی و گەندەڵیی دارایی و کارگێریی حوکم دراون .

دووەم ـ پەسەند کردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێو دەوڵەتییەکان , دوای رەزامەندیی ئەنجومەنی نوێنەران و بە پەسەند دادنرێت دوای تێپەر بوونی پازدە ڕۆژ لە مێژووی وەرگرتنیەوە

.سێ یەم ـ ئەو یاسایانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دادەنرێت ، پەسەند دەکات و دەردەچوێنێ بە تێپەر بوونی پازدە ڕۆژ بەسەر ڕۆژی وەرگرتنی بۆ سەرۆکایەتی بە پەسەندکراو دەژمێردرێت.

چوارەم ـ بانگهێشت کردنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ کۆبوونەوە لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژووی پەسەند کردنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان و, لە حاڵەتەکانی دیکە دا کە لەدەستوور دەقنووس کراوە.

پێنجەم ـ بەخشینی مەدالیا و نیشانەکان بە راسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە پێ ی یاسا.

شەشەم ـ قەبوڵکردنی باڵیۆزەکان.

حەوتەم ـ دەرچواندنی ڕێورەسمی (مراسیم)ی کۆماری.

هەشتەم ـ پەسەند کردنی حوکمی لە سێدارەدان, کە لە لایەن دادگا تایبەتمەندەکانەوە دەردەچێت.
نۆیەم ـ هەڵدەستێت بە ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان بۆ مەبەستی تەشریفاتی و ئاهەنگ گێڕان.
دەیەم ـ  پیادە کردنی هەر دەسەڵاتێکی دیکەی سەرۆکایەتی کەوا لەم دەستوورە دا هاتووە.
ماددەی (71) مووچە و دەرماڵەی سەرۆك کۆمار بە یاسا دەستنیشان دەکرێت.
ماددەی (72)یەکەم ـ سەرۆك کۆمار بۆی هەیە بەنووسراو دەست لەکار کێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و دوای تێپەر بوونی حەوت ڕۆژ بەسەر سپاردنی بە ئەنجومەنی نوێنەران بەکارپێکراو دەژمێردرێت.
دووەم ـ لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك کۆمار جێگرەکەی جێی دەگرێتەوە.
سێ یەم ـ لەکاتی چۆل بوونی پۆستی سەرۆك کۆمار بەهەر هۆیەك، جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە و پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەیەك کە سی ڕۆژ لە ڕۆژی چۆل بوونیەوە تێپەرنەکات سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێرێت.چوارەم - لە کاتی چۆل بوونی پایەی سەرۆك کۆماردا, ئەگەر جێگری نەبوو, ئەوا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران جێی دەگرێتەوە, بە مەرجێك لە ماوەی سێ ڕۆژ لە چۆڵبوونییەوە سەرۆکێکی نوێ بە پێی  حوکمەکانی ئەم دەستووره هەڵدەبژێردرێت.
دووەم: ئەنجومەنی وەزیران
ماددەی (73)
یەکەم ـ لە ماوەی پازدە ڕۆژ دوای یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە, سەرۆك کۆمار پاڵێوراوی گەورەترین فراکسیۆنی نوێنەران لە رووی ژمارەوە ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران.
دووەم ـ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی راسپێردراو هەڵدەستێت بە ناوزەدکردنی ئەندامانی وەزارەتەکەی لە ماوەیەك کە سی ڕۆژ زیاتر نەبێت لە مێژووی راسپاردنییەوە.
سێیەم ـ لەکاتی شکست هێنانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی راسپێردراو لە پێکهێنانی وەزارەتەکەی دا لەو ماوەیەی کە لە برگەی (دوو) دا دەقنووس کراوە، لەماوەی پازدە ڕۆژ دا سەرۆکی کۆمار پاڵێوراوێکی نوێ ڕادەسپێرێت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
چوارەم ـ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپێردراو ناوی ئەندامانی وەزارەتەکەی و پرۆگرامی وەزارەتەکەی دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانەوە و بەمتمانە پێدراو دەژمێردرێت, کاتێك کە وەزیرەکان بە تاك و پرۆگرامی وەزارەتیش بەزۆرینەی رەها رەزامەندییان پێدەدرێت.
پێنجەم ـ ئەگەر وەزارەتەکە بڕوای پێ نەدرا, سەرۆك کۆمار لەماوەی پازدە ڕۆژ دا پاڵێوراوێکی دی بۆ پێکهێنانی وەزارەت رادەسپێردرێت.
ماددەی (74)
یەکەم ـ مەرجە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەمان ئەو مەرجانەی تیا دا بەدی بکرێت کە بۆ سەرۆك کۆمار دانراون و دەبێ بەڵگەنامەی زانکۆ یان هاوتاکەی هەبێت و تەمەنی سی و پێنج ساڵی تەواو  کردبێت.
دووەم ـ مەرجە بۆ وەزیر هەمان ئەو مەرجانەی هەبێت کە بۆ پاڵێوراوانی ئەنجومەنی نوێنەران دانراون و بەڵگەنامەی زانکۆ یان هاوتاکەی هەبێت
ماددەی (75)
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی سیاسەتی گشتی دەوڵەتەو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە و بەکارگێریی ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستێت و, سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەکات و, مافی لادانی وەزیرەکانی هەیە بەڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران.

ماددەی (76)

سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بەو شێوەی كە لە ماددەی (48)ی ئەم دەستووورە دا دەقنووس كراوە لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا سوێندی دەستووریی دەخۆن.

ماددەی (77)

ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەلاَتانە پیادە دەكات:

یەكەم ـ پلان دانان و جێبەجێكردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەت و پلانە گشتیەكان و سەرپەرشتی كردنی كاری وەزارەتەكان و ئەو لایەنانەی كە بە هیچ وەزارەتێكەوە نەبەستراونەتەوە.

دووەم ـ پێشنیازكردنی پرۆژەی یاساكان.

سێ یەم ـ دەرچواندنی سیستەم و ڕێنمایی و بڕیارەكان بە ئامانجی جێبەجێكردنی یاساكان.

چوارەم ـ ئامادەكردنی پرۆژەی بودجەی گشتی و ژمێركاریی كۆتایی و پلانەكانی گەشەسەندن.

پێنجەم ـ ڕاسپاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ رەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی بریكاری وەزارەت و باڵیۆز و خاوەن پلە تایبەتییەكان و سوپا سالاری سوپا و یاریدەدەرانی و ئەوانەی كە لە پۆستی سەركردەی تیپ (قائد فرقە ) و بەرەو ژوورن و سەرۆكی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی و سەرۆكی دەزگا ئەمنییەكان.

شەشەم ـ دانوستاندن سەبارەت بە پەیماننامەو ڕێككەوتنە نێودەوڵەتییەكان و ئیمزا كردنیان بەخۆیەوە یان رایاندە سپێرێت.

ماددەی (78)

یەكەم ـ سەرۆك كۆمار جێگەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەگرێتەوە كاتێك بەهەر هۆیەك پۆستەكەی چۆڵ دەبێت.

دووەم ـ دەبێ سەرۆك كۆمار پالێوراوێكی دیكە بۆ پێكهێنانی وەزارەت لە ماوەی پازدە ڕۆژ دا رابسپێرێت , بە پێ ی حوكمەكانی ماددەی (73)ی ئەم دەستوورە.

ماددەی (79)

مووچەو دەرماڵەی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان بە یاسا رێك دەخرێت.

ماددەی (80)بەر پرسیارییەتی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەكان لە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەراندا وەك دەستەو تاكە كەسی (تچامنیە و شخصیە) دەبێت.

ماددەی (81)یەكەم ـ كاری دەزگا ئەمنییەكان و دەزگای هەواڵگری نیشتمانی بە یاسا رێك دەخرێت و ئەرك و دەسەلاَتەكانی دەستنیشان دەكرێت و بەپێ ی سەرەتاكانی مافی مرۆڤ كاردەكەن و دەخرێتە ژێر چاودێریی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.

دووەم ـ دەزگای هەواڵگری نیشتمانی بە ئەنجومەنی وەزیران دەبەسترێتەوە.

ماددەی (82)ئەنجومەنی وەزیران پەیرەوێكی ناوەخۆ دادەنێت بۆ ڕێكخستنی كارو بار تیایدا.

ماددەی (83)پێكهێنانی وەزارەتەكان و كارو پسپۆریی و دەسەلاَتەكانی وەزیر بەیاسایەك ڕێك دەخرێت .

## بەندی سێ یەم

## دەسەلاَتی دادوەریی

ماددەی (84)دەسەلاَتی دادوەری سەر بەخۆیە و دادگاكان بە جیاوازی جۆرو پلەكانیانەوە پێی هەڵدەستن و حوكمەكانی بەپێی یاسا دەردەچوێنێت.

ماددەی (85)دادوەرەكان لە دادوەرییاندا سەر بە خۆن و جگە لە یاسا هیچ دەسەلاَتێكی دیكەیان بەسەرەوە نییە و, نابێت هیچ دەسەلاَتێكی دیكە دەست لە دادوەریی و كارو باری دادپەروەریی وەربدات .

ماددەی (86)

دەسەڵاتی دادوەریی فیدراڵ پێکدێت لە ئەنجومەنی دادوەریی باڵا و دادگای فیدڕالیی باڵا و دادگای تەمییزی فیدڕالی و دەزگای داواکاریی گشتی و دەستەی سەرپەرشتیاریی دادوەریی و دادگاکانی دیکەی فیدڕالی کە بە پێ ی یاسا ڕێك دەخرێت .

## یەکەم : ئەنجوومەنی دادوەریی باڵا

ماددەی (87)

ئەنجومەنی دادوەریی باڵا کارو باری بەڕێوە بردنی دەستە دادوەرییەکان دەگرێتە ئەستۆ و, یاسا شێوەی پێکهاتە و دەسەڵاتەکان و ڕێسای بەڕێوە چوونی کار تیایدا دیاری دەکات.

ماددەی (88)

ئەنجوومەنی دادوەریی باڵا ئەم دەسەڵاتانە پیادە دەکات :

یەکەم ـ بەڕێوە بردنی کارو باری دادوەریی و سەرپەرشتی کردنی دادوەریی فیدڕالی.

دووەم ـ پاڵاوتنی سەرۆکی دادگای تەمییزی فیدڕالی و ئەندامەکانی و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاریی دادوەریی و خستنە بەردەمی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ڕەزامەندیی لەسەر دامەزراندنیان.

سێ یەم ـ پێشنیاز کردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەریی فیدڕالی و خستنە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ڕەزامەندیی لەسەر دان.

## دووەم: دادگای فیدرالی باڵا

ماددەی (89)

یەکەم ـ دادگای فیدڕالی باڵا دەستەیەکی دادوەریی سەر بە خۆیە لە رووی دارایی و کارگێڕییەوە .

دووەم ـ دادگای فیدڕالی باڵا لە ژمارەیەك لە دادوەر و شارەزا لە فیقهی ئیسلامی و شارەزایانی یاسا پێك دێت و ژمارە و جۆری دەستنیشان کردنیان و کاری دادگاکە بە یاسایەك دیاری دەکرێت, کەلە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەردەچێت.

ماددەی (90)

دادگای فیدڕالی باڵا ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:

یەکەم ـ چاو دێریی کردنی دەستووریی بوونی یاساکان و پەیڕەوە کار پێکراوەکان.

دووەم ـ ڕاڤەکردنی دەقە دەستوورییەکان.

سێ یەم ـ یەکلا کردنەوەی ئەو کێشانەی کە لە جێبەجێکردنی یاسا و بڕیار و سیستەم و ڕێنمایی و ڕێوشوێنە فیدڕالیەکان پەیدا دەبێت و, یاسا مافی تانووت لێدانی ڕاستەوخۆ بۆ هەریەك لە ئەنجومەنی وەزیران و پەیوەستدارەکان لە بەردەم دادگادا دەستەبەر دەکات.

چوارەم ـ یەکلا کردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانیەکان و بەڕێوبەرایەتیە خۆ جێیەکان روو دەدەن.

پێنجەم ـ یەکلا کردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان حکومەتەکانی هەرێمەکان یان پارێزگاکان روودەدەن.

شەشەم ـ یەکلا کردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان دەکرێت، ئەویش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

حەوتەم ـ پەسەند کردنی دەرنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی نوێنەران.

هەشتەم ـ

أ. یەکلا کردنەوە کێشەی تایبەمەندیی لە نێوان دادوەریی فیدڕالی و دەستە دادوەرییەکانی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێم ڕێك نەخراون.

ب- یەکلاکردنەوەی کێشەی تایبەتمەندیی نێوان دەستە دادوەرییەکانی هەرێمەکان یان ئەو پارێزگانەی لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون.

ماددەی (91)

بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی باڵا بنبڕەو هەموو دەسەڵاتەکان پابەندن پێیەوە .

**سێ یەم : حوکمە گشتی یەکان**

ماددەی (92)

ڕێگە بە دامەزراندنی دادگای تایبەتی و نا ئاسایی (استثنائي) نادرێت.

ماددەی (93)

پێکهاتەی دادگا و جۆر و پلە و تایبەتمەند ییەکانی و چۆنیەتی دامەزراندن و خزمەتی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و دیسپلینەکانیان و خانەنشین کردنیان بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی (94)

نابێت دادوەرەکان لە کار لابدرێن, جگە لەو حاڵەتانەی کە یاسا دەستنیشانیان دەکات و هەروەها یاسا حوکمی تایبەت بەوان دیاری دەکات و لێ پرسینەوەی تەمێکردنیان ڕێکدەخات.

ماددەی (95)

ئەمانەی خوارەوە بۆ دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی قەدەغەن:

یەکەم ـ کۆکردنەوەی لە نێوان وەزیفەی دادوەریی و کارەکانی یاسا دانان و جێبەجێکردن یان هەر کارێکی دی لەیەك کاتدا.

دووەم ـ چوونە ڕیزی هەر حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی یان کارکردن لە هەر چالاکیەکی سیاسی دا.

ماددەی (96)

دادوەریی سەربازی بەیاسا ڕێکدەخرێت و تایبەتمەندێتی دادگا سوپاییەکان کە ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە شێوەی سوپاییان هەیە و لە نێوان تاکەکانی هیزی چەکدارو هێزەکانی ئاسایش روو دەدات و لەو سنوورەی کە یاسا بڕیاری لەسەردەدات, دیاری دەکرێت.

ماددەی (97)

ڕێگە بە هیچ دەقێك نادرێت لە یاساکاندا کە ببێتە پاراستەی هەر کارێك یان بڕیارێکی کارگێڕیی, بۆ ئەوەی تانوتی لێنەدرێت.

ماددەی (98)

دەکرێ بە یاسایەك ئەنجومەنیکی دەوڵەت کە تایبەتمەند بێت بە فەرمانەکانی دادوەریی، کارگێڕیی ، فەتوا دان. دارشتنەوە و نوێنەرایەتی کردنی دەوڵەت و هەموو دەستە گشتیەکان لە بەردەم لایەنە دادوەریەکاندا دابمەزرێت, جگە لەو شتانەی کە بە یاسا لێ ی جیا کراونەتەوە.

## بەندی چوارەم

## دەستە سەربەخۆکان

ماددەی (99)

کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ و کۆمسیۆنی باڵای سەر بە خۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و دەستەی دەستپاکی، دەستەی سەربەخۆن ودەخرێنە ژێر چاو دێریی ئەنجومەنی نوێنەران و کارەکانیان بە یاسا ڕێکدەخرێن .

ماددەی (100)

یەکەم ـ هەر یەك لە بانکی ناوەندیی عێراق و دیوانی چاو دێریی دارایی و دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندن و دیوانەکانی ئەوقاف, دەستەی دارایی و کارگێریی سەر بە خۆن و کاری هەر دەستەیەك بە یاسا ڕێکدەخرێت.

دووەم ـ بانکی ناوەندیی عێراق بەرپرسیارە لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانداو دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندن سەر بە ئەنجومەنی نوێنەرانن.

سێ یەم ـ دیوانەکانی ئەوقاف سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن.

ماددەی (101)

دەستەیەك بەناوی دەزگای شەهیدان سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت و، کارو تایبەتمەندییەکانی بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی (102)

دەستەیەکی گشتی بۆ زامنکردنی مافی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کە خۆیان لە هەرێمێکدا ڕێکنەخستووە بۆ بەشداری کردنێکی دادپەروەرانە لە بەڕێوە بردنی دەزگا جیاجیاکانی دەوڵەتی فیدرالی و (البعثات والزمالات الدراسية) و شاند و کۆنگرە هەرێمایەتیی و نێودەوڵەتییەکان و دەستەکە لە نوێنەرانی حکومەتی فیدرالی و هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێك دا ڕێك نەخراون پێکدێو بەیاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی (103)

بەیاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاو دێریی و تەرخانکردنی داهاتی فیدڕالی دادەمەزرێت و ئەم دەستەیە لە شارەزایانی حکومەتی فیدڕالی و هەرێمەکان و پارێزگاکان و لە نوێنەرەکانیان پێکدێت و، سەر پەرشتی ئەم بەرپرسیاریەتییانەی خوارەوە دەکات:

یەکەم ـ دڵنیا بوون لە دادپەروەریی دابەشکردنی بەخشین و یارمەتی و قەرزی نێودەوڵەتی بە گوێرەی بەرکەوتنی هەر هەرێمێك و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێك دا ڕێکنەخراون .

دووەم ـ دڵنیا بوون لە باشترین شێوەی بەکار هێنانی دەرامەتی دارایی فیدڕالی و دابەش کردنی .

سێ یەم ـ زامنکردنی ڕوونیی و ئاشکرایی و دادپەروەریی لە تەرخانکردنی سامانەکان بۆ حکومەتی هەرێمەکان، یان ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون بە گوێرەی ئەو ڕێژەیەی کەبڕیاری لە سەر دراوە .

ماددەی (104)

ئەنجومەنیك بەناوی ئەنجومەنی خیدمەی گشتی فیدڕالی دادەمەزرێت، ڕێکخستنی کارو باری وەزیفەی گشتی فیدرالی دەگرێتە ئەستۆ بە دامەزراندن و بەرز کردنەوەی پلەیشەوە و، پێکهاتەو پسپۆرییەکانی ئەنجومەنەکەیش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی (105)

دەکرێ دەستەی سەر بە خۆی نوێی دیکە بەپێی پێداویستی و زەرورەت بە یاسایەك دابمەزرێت.

## بەشی چوارەم

## تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتە فیدرالی یەکان

ماددەی (106)

دەسەڵاتە فیدڕالی یەکان، یەك پارچەیی عێراق و ئارامیی و سەر بەخۆیی و سەروەریی وسیستەمە فیدڕالیو دیموکراسییەکەی دەپارێزێت .

ماددەی (107)

دەسەڵاتە فیدرالی یەکان بەم دەسەڵاتە حەصریانە تایبەتمەندە :

یەکەم ـ نەخشەکێشانی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی دیبلوماسی و دانوستاندنی پەیوەست بە ڕێکەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی قەرزوەرگرتن و ئیمزا کردنی گرێبەست و ڕەسم کردنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی دەرەوەی پەیوەست بە سەروەریاتی.

دووەم ـ دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانیی، بە دامەزراندن و بەڕێوە بردنی هێزەچەکدارەکانیشەوە، بۆ مەبەستی دابینکردنی پاراستنی و دەستەبەرکردنی ئارامیی و ئاسایشی سەرسنوورەکانی عیراق و بەرگری لێکردنیان.

سێ یەم ـ نەخشە کێشانی سیاسەتی دارایی و گومرگی و لە سککەدانی دراو و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی بەڕێگای سنووری هەرێمەکان و پارێزگاکان لە عێراق دا و, دانانی بودجەی گشتی بۆ دەوڵەت و نەخشە دانانی سیاسەتی دراوو دامەزراندنی بانکی مەرکزی و بەڕێوە بردنی.

چوار ـ ڕێکخستنی کارو باری پێوان و کێشان و سەنگەکان.

پێنجەم ـ ڕێکخستنی کاروباری رەگەزنامە و بە هاووڵاتی بوون و ئیقامە و پەنابەری سیاسی.

شەشەم ـ ڕێکخستنی سیاسەتی شەپۆلەکانی پەخش و پۆستە.

حەوتەم ـ دانانی پرۆژەی بودجەی گشتی و وەبەرهێنان.

هەشتەم ـ دارشتنی سیاسەتەکانی پێوەست بەو ئاوانەی کە سەرچاوەکانیان لە دەرەوەی عێراقدان, بە مەبەستی دابینکردنی هاتنی رێژەیەکی بەردەوامی ئاو بۆ عێراق و دابەشکردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە ناو عێراقدا بەپێی یاساکان و دابە نێودەوڵەتییەکان.

نۆیەم ـ ئامارو سەرژمێری گشتی دانیشتوان.

ماددەی (108)

نەوت وگاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان دا.

ماددەی (109)

یەکەم ـ حکومەتی فیدراڵ هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی نەوت و گازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئێستا دا لەگەڵ حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەم هێنەکان دا, بە مەرجێ داهاتەکانی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت, کە بگونجێت لەگەڵ دابەش بوونی دانیشتوان لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا و, لەگەڵ دیاری کردنی بەشێك بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بۆ هەرێمە زیان لێ کەوتووەکان کە لە لایەن ڕژێمی پێشووەوە بە شێوەیەکی بێ دادیی بێبەشکراون و زیانیان لێ کەوتووە دوای ئەوە, بەجۆرێك پەرەپێدانی هاوسەنگ بۆ هەموو ناوچە جیاجیاکانی وڵات دابینبکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

دووەم ـ حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەم هێنەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە نەخشە کێشان بۆ ستراتیژیە پێویستەکان بۆ بەرەو پێشەوە بردنی سامانی نەوت و گاز بە جۆرێك بەرزترین سوود بۆ گەلی عێراق بەدیبێنێت بە پشت بەستن بە نوێترین تەکنەلۆژیا و پرەنسیپەکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان.

ماددەی (110)

ئەو تایبەتمەندییانەی خوارەوە هاوبەشن لە نێوان دەسەلاتی فیدرالی و دەسەلاتی هەرێمەکاندا:

یەکەم ـ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی گومرگەکان بە هەما هەنگی لە گەڵ حکومەتەکانی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێك ڕێکنەخراون, ئەمەش بە یاسایەك ڕێك دەخرێت .

دووەم ـ ڕێکخستنی سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی کارەبا و دابەشکردنی .

سێ یەم ـ نەخشەکێشانی سیاسەتی ژینگەیی بۆ مسۆگەر کردنی پاراستنی ژینگە لە پیس بوون و پارێزگاری لە پاك و خاوێنی بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەدا کە لە هیچ هەرێمێك ڕێکنەخراون .

چوارەم ـ نەخشە کێشانی سیاسەتەکانی گەشە سەندن و پلاندانانی گشتی .

پێنجەم ـ نەخشە کێشانی سیاسەتی تەندروستی گشتی بەهاوکاری لەگەڵ هەرێم و ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێك دا ڕێکنەخراون.

شەشەم ـ نەخشە کێشانی سیاسەتی فێرکردن و پەروەردەی گشتی بەڕاوێژکردن لەگەڵ هەرێم و ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێك ڕێکنەخراون.

حەوتەم ـ نەخشە کێشانی سیاسەتی پەیوەست بە سەرچاوەکانی ئاوە ناخۆیەکان و ڕێکخستنیان بەجۆرێك کە دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی مسۆگەر بکات و, ئەویش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

ماددەی (111)

هەر شتێك كە لە دەسەڵاتی حەسریبۆ دەسەڵاتەكانی فیدراڵی دەقنووس نەكرا بێت بە دەسەڵاتی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێم رێك نەخراون دادەنرێت و، لە كاتی ناكۆكی دا لە دەسەڵاتەكانی تری هاوبەشی نێوان حكومەتی فیدراڵ و هەرێمەكاندا یاسای هەرێمەكە كارپێكردنی بەپێش دەخرێت.

**بەشی پێنجەم**

**دەسەلأتی هەرێمەكان**

**بەندی یەكەم**

**(هەرێمەكان)**

ماددەی (112)

سیستەمی فیدرالی لە كۆماری عێراق پێكدێت لە پایتەخت و هەرێمەكان و پارێزگا نامەركەزییەكان و بەڕێوەبەرایەتییە خۆ جێییەكان.

ماددەی (113)

یەكەم: ئەم دەستووره لە كاتی جێبەجێ كردنیەوە هەرێمی كوردستان بەدەستەلأتەكانی ئێستاشیەوە بە هەرێمێكی فیدراڵی دادەنێت.

دووەم : ئەم دەستووره دان بەو هەرێمە نوێیانە دادەنێت، كە بە پێی حوكمەكانییەوە دادەمەزرێن.

مادەدەی (114)

ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەیەك كە لە شەش مانگ تێپەر نەكات لە ڕۆژی یەكەم دانیشتنیەوە یاسایەك دادەنێت بەزۆرینەی سادە بۆ دیاری كردنی، رێكاری جێبەجێ كردنی تایبەت بە پێكهێنانی هەرێمەكان.

ماددەی (115)

هەر پارێزگایەك یان زیاتر مافیان هەیە هەرێمێك پێك بێنن لە سەر داوایەك كە ڕاپرسی لە سەر بكرێت بەیەكێ لەم دوو رێگایانە پێشكەش دەكرێت:

یەكەم: داوایەك لە سێ یەكی ئەندامانی هەر ئەنجومەنیك لە ئەنجومەنەكانی ئەو پارێزگایانەی دەیانەوێت هەرێم پێك بێنن.

دووەم: داوایەك لە دەیەكی (10/1)ی دەنگدەران لەو پارێزگایانەی دەیانەوەێ هەرێم پێك بهێنن.

ماددەی (116)

هەرێم دەستوورێك بۆ خۆی دادەنێت كە دەسەڵات و ئەركەكانی و شێوازەكانی كارپێكردنیان دیاری بكات بە جۆرێك ناكۆك نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا.

ماددەی (117)

یەكەم ـ دەسەلأتی هەرێمەكان مافی پیادەكردنی دەسەلأتەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەرییان هەیە بە پێی حوكمەكانی ئەم دەستووره بەدەر لە دەسەلأتە حەسرییەكانی دەسەلأتی فیدراڵی كە لەم دەستووره داهاتووه .

دووەم ـ دەسەلأتی هەرێم مافی هەموار كردنی یاسای فیدڕالی هەیە لە هەرێم دا لە حاڵەتێك ئەگەر ناكۆكی و نەگونجان هەبێت لە نێوان یاسای فیدڕالی و یاسای هەرێم سەبارەت بەو پرسەی كە ناچێتە ناو تایبەتمەندی یە حەسریەكانی دەسەلأتە فیدرالیەكان .

سێیەم ـ لە داهاتە دەستكەوتووەكانی فیدڕاڵی دا بەشێكی دادپەروەرانە تەرخان دەكرێت بۆ هەرێمەكان و پارێزگاكان، كە بەشی بارگرانی و ڕاپەراندنی ئەركەكانی بكات، بەرەچاو كردنی داهات و پێداویستیەكان و ڕێژەی دانیشتوانی .

چوارەم ـ لە باڵیۆزخانەو نێردە دیبلۆماسییەكان دا نووسینگە بۆ هەرێم و پارێزگاكان دادەمزرێت بۆ بەدواداچوونی كاروباری رۆشنبیریی و كۆمەڵایەتی و بوژاندنەوەی ناوچەیی .

پێنجەم ـ حكومەتى هەرێم  تايبەتمەندە بە هەموو پێداويستىيەكانى بەڕێوەبردنى هەرێم, بە تايبەتيش دروست كردن و رێكخستنى هێزەكانى ئاسايشى ناوخۆى هەرێم وەك پۆليس و ئاسايش و پاسەوانى هەرێم

**بەندى دووەم**

**ئەو پارێزگايانەى خۆيان لە هەرێمێك دا رێك نەخستووە**

ماددەى (118)

يەكەم ـ پارێزگاكان لە ژمارەيەك قەزا و ناحيە و گوند پێك دێن .

دووەم ـ ئەو پارێزگايانەى لە هەرێمێك دا رێك نەخراون دەسەڵاتى ئيدارى و دارايى فراوانيان پێ دەدرێت, بە جۆرێك كە بتوانن كاروبارى خۆيان بەڕێوەبەرن بە پێى پرەنسيپى نا مەركەزى ئيدارى و, ئەويش بە ياسا رێك دەخرێت.

سێ يەم ـ ئەو پارێزگارەى كە ئەنجومەنى پارێزگا هەڵيدەبژێرێت بە سەرۆكى باڵاى جێبەجێكردنى دەژمێردرێت لە پارێزگا بۆ پيادەكردنى ئەو دەسەڵاتانەى كە لە لايەن ئەنجومەنەوە پێيدراوە .

چوارەم ـ هەڵبژاردنى ئەنجومەنى پارێزگا و پارێزگار و تايبەتمەندييەكانيان بە ياسا رێك دەخرێت.

پيێنجەم ـ ئەنجومەنى پارێزگا مل كەچ نابێت بۆ كۆنترۆڵ و سەرپەرشتى كردن لەلايەن هيچ وەزارەت يان لايەنێك كە پەيوەندى لەگەڵ وەزارەتێك دا نەبێت و دارايى يەكى سەربەخۆى دەبێت .

ماددەى (119)دەكرێ دەسەڵاتەكانى حكومەتى فيدراڵى بدرێت بە پارێزگاكان يان بە پێچەوانەوە و بە رەزامەندى هەردوولا، ئەوەش بە ياسارێك دەخرێت.

**بەندى سىێيەم**

**پايتەخت**

**ماددەى (120)**

بەغداد بە سنوورى شارەوانييەكەيەوە پايتەختى كۆمارى عێراقە و بەسنوورى ئيدارييەكەشى پارێزگاى بەغداد دەنوێنێ و, بارى پايتەخت بە ياسا رێك دەخرێت ونابێت پايتەخت بچێتە ناو هيچ هەرێمێكەوە .

**بەندى چوارەم**

**ئيدارە خۆجێيەكان**

ماددەى (121)

ئەم دەستوورە مافە ئيدارى وسياسى و رۆشنبيرييەكان و فێركردن مسۆگەر دەكات بۆ نەتەوە جياكان وەك توركمان , كلدان و ئاشوورى و هەموو پێكهاتەكانى دى, ئەويش  بە ياسا رێك دەخرێت.

**بەشى شەشەم**

**حوكمەكانى كۆتايى و گواستنەوە**

**بەندى يەكەم**

**حوكمە كۆتايى يەكان**

ماددەى (122)

يەكەم ـ سەرۆكى كۆمار و ئەنجومەنى وەزيران بەيەكەوە , يان پێنج يەكى (5/1)ى ئەندامانى ئەنجومەنى نوێنەران بۆيان هەيە پێشنيارى هەمواركردنى دەستوور بكەن.

دووەم ـ نابێ پرەنسيپە بنچينەيى يەكانى بەشى يەكەم و ماف و ئازاديەكانى لە بەشى دووەمى دەستوور هەموار بكرێن, مەگەر دواى دوو خولى هەڵبژاردنى يەك بە دواى يەك دا و لەسەر رەزامەنديى دوو لە سەر سێ ى (3/2)ى ئەندامانى ئەنجومەنى نوێنەران, وەلەسەر رەزامەنديى گەل بە راپرسى يەكى گشتى, و پەسەند كردنى سەرۆكى كۆمار لە ماوەى حەوت رۆژ دا بێت.

سێ يەم ـ نابێ ماددەكانى ترى كە لە برگەى "دووەم"ى ئەم ماددەيەدا نەهاتوون هەموار بكرێن , مەگەر دواى رەزامەنديى دوو لەسەر سێ ى (3/2)ى ئەندامانى ئەنجومەنى نوێنەران, و لەسەر رەزامەندى گەل بە راپرسى گشتى و پەسەندكردنى سەرۆك كۆمار لە ماوەى حەوت رۆژ دا بێت.

چوارەم ـ نابێ هیچ هەموار کردنێك بۆ ماددەکانی دەستوور بکرێ کە دەسەلأتی هەرێمەکان کەم بکاتەوە, کە ناچێتە ناو تایبەتمەندیە دیاریکراوەکانی دەسەلأتی حەسری فیدرالّی تەنها بە رەزامەندیی دەسەلأتی یاسادانانی هەرێمە پەیوەندداره‌کە نەبێت و, بە ڕەزامەندیی زۆرینەی دانیشتوانەکەی وبە راپرسی یەکی گشتی.

پێنجەم ـ

أ-هەموار کردن بە پەسەندکراو دادەنرێت لە لایەن سەرۆك کۆمار دوای تەواو بوونی ئەو ماوەیەی کە دەقنووس کراوە لە بڕگەی ( دووەم ) و (سێ یەم )ی ئەو ماددەیەدا لە کاتی پەسەندنەکرانی دا.

ب-هەموارکردنەکە لە ڕۆژی بلأوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دا بە جێبەجێکراو دەژمێردرێت.

ماددەی (123)

نابێ سەرۆك کۆمار و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هەردوو جێگر و ئەندامەکانی و ئەندامانی دەسەلأتی دادوەری و خاوەن پلە تایبەتەکان بۆیان نیە پلەو پایەیان بقۆزنەوە بۆ کڕین یان بەکرێ دانی یان پێ فرۆشتنی شتێك لە سامانی خۆیان یان (گۆڕینەوەیان) یان گرێ بەستێك لەگەلّ دەولّەت مۆربکەن بەسیفەتی پابەندبوونیان, هێنەر یان بەلّێندەر.

ماددەی (124)

یاسا و حوکمە دادوەری یەکان بەناوی گەلەوە دەردەچن.

ماددەی (125)

یاساکان لە ڕۆژنامەی فەرمی دا بلأودەکرێنەوە و لە مێژووی بلأوکردنەوەیاندا کاریان پێ دەکرێت , مەگەر دەقێکی پێچەوانەی نووسرابێت.

ماددەی (126)

یاسا بەرکارەکان بەکارپێکراوی دەمێننەوە مادامەکی هەلّنەوەشێنرابنەوە یان هەموار نەکرابن بەپێی حوکمەکانی ئەم دەستوورەوە.

ماددەی (127)

هەموو ئەو ڕاپرسیەیانەی کە لەم دەستوورەدا هاتوون بە رەزامەندیی زۆرینەی سادەی دەنگدەران دروست,ن مەگەر دەقێکی پێچەوانەی بۆ نووسراو بێت

## بەندی دووەم

## حوکمە گواستراوەکان

ماددەی (128)

یەکەم ـ دەولّەت چاودێریی زیندانییە سیاسی یەکان و زیان لێکەوتووانی کردارە ناڕەواکانی ڕژێمی دیکتاتۆری لە ناو براو دەستەبەر دەکات.

دووەم ـ دەولّەت قەرەبووی خێزانی شەهیدان و بریندارەکان لە دەرەنجامی کردارە تیرۆریستی یەکان دەستەبەر دەکات .

سێ یەم ـ ئەوەی لە بڕگەی (یەکەم ) و (دووەم )ی ئەم بەندەدا هاتووە بە یاسا ڕێك دەخرێ.

ماددەی (129)

ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی یەکەمی دا کاربە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەلّەی نیشتمانی بۆ ماوەی گواستنەوە دەکات , تا ئەو کاتەی پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ خۆی دادەنێت .

ماددەی (130)

دادگای سزای بالأی عێراقی بەردەوام دەبێت لە کارەکانی دا وەکو دەستەیەکی دادوەریی سەربەخۆ , بۆ ڕوانینی لە تاوانەکانی حوکمی دیکتاتۆری لە ناو براو و دارودەستەکەی, و ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە دوای تەواو بوونی کارەکانی دادگاکە بە یاسا هەلّیبوەشێنێتەوە.

ماددەی (131)

یەکەم ـ دەستەی نیشتمانیی بالأ بۆ ڕیشەکێش کردنی بەعس بەردەوام دەبێت لە کارەکانی دا وەکو دەستەیەکی سەر بە خۆ, و بە هەماهەنگی لەگەلّ دەسەلأتی دادوەریی و دەزگاکانی جێبەجێکردن و لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی کە کارەکانی ڕێك دەخات , بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەیوەست دەبێت.

دووەم ـ ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە ئەم دەستەیە دوای تەواو بوونی کارەکەی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ ی (3/2)ی ئەندامەکانی هەلّوەشێنێتەوە.

سێ یەم ـ مەرجە پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵ و پایە هاوپلەكان لە هەرێمەكاندا و ئەندامانی دەستە دادوەریەكان, و پلە و پایەكانی دی كە بڕیاری ڕیشەكێشكردنی بەعس دەیانگرێتەوە بە پێی یاسا, نابێ لەو كەسانە بن كە حوكمی ڕیشەكێشكردنی بەعس دەیانگرێتەوە.

چوارەم ـ ئەو مەرجەی كە لە بڕگەی (سێیەم)ی ئەو بەندە دا هاتووە بەردەوام كاری پێ دەكرێت تا بە یاسا هەڵدەوەشێتەوە .

ماددەی (132)

یەكەم ـ دەستەی داواكانی موڵكداری بەردەوام دەبێت لە كارەكانی دا وەكو دەستەیەكی سەر بە خۆ و بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریی و دەزگاكانی جێبەجێكردن دا و بە پێ ی یاسا , پەیوەست دەبێت بە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە .

دووەم ـ ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە بە زۆرینەی دوو لە سەر سێ ی (3/2)ی ئەندامانی، دەستەكە هەڵوەشێنێتەوە .

ماددەی (133)

حوكمەكانی تایبەت بە ئەنجومەنی فیدراڵ لە هەر شوێنێكی ئەم دەستووورە دا هاتبێت كارپێكردنیان دوا دەخرێت تا ئەو كاتەی بڕیارێك لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دەردەچێت بە زۆرینەی دوو لەســـــەر سێ ی (3/2)ی ئەندامان لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەكانی دا كە لە دوای بەركاربوونی ئەم دەستووورە داسازیدەدات

ماددەی (134)

یەكەم ـ دەستەواژەی (ئەنجومەنی سەرۆكایەتی) جێ ی دەستەواژەی (سەرۆكی كۆمار) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێك كە لەم دەستوورەدا باس كرا بێت و, دووبارە كار دەكرێتەوە بە حوكمە تایبەتی یەكانی سەرۆكی كۆمار دوای یەك خولی داهاتوو لە دوای كارپێكردنی ئەم دەستوورەدا.

دووەم ـ

أ-ئەنجومەنی نوێنەران سەرۆكێك بۆ دەوڵەت و دوو جێگری بۆ هەڵدەبژیرێت كە بەیەكەوە ئەنجومەنیك پێك دەهێنن پێ ی دەوترێت (ئەنجومەنی سەرۆكایەتی ) و بەیەك لیست و زۆرینەی (3/2) هەڵدەبژێردرێن .

ب-حوكمەكانی لابردنی سەرۆك كۆمار كە لەم دەستوورە دا هاتووە سەرۆك و ئەندامانی دەستەی سەرۆكایەتیش دەگرێتەوە .

ج-ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە هەر ئەندامێك لە ئەندامەكانی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی لا بدات بە زۆرینەی (4/3)ی ئەندامەكانی بە هۆی ناشایستەیی یان ناپاكی.

د-لەكاتی چۆل بوونی هەر پۆستێكی ئەنجوومەنی سەرۆكایەتی, ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی (3/2)ی ئەندامانی كەسێكی دی لە جیاتی ئەو هەڵدەبژێرن .

سێ یەم ـ مەرجە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی هەمان مەرجەكانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی تیادا بێت, بە مەرجێ كە:

أ-چل ساڵ لە تەمەنی تەواو كردبێت.

ب-ناوبانگی باش و دەست پاكی و ڕاستەرۆیی هەبێت .

ج-حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەی جێ هێشتبێت بەر لە (دە) ساڵ لە رووخانی, ئەگەر تیایدا ئەندام بووبێت.

د-نابێ بەشداریكردبێت لە سەركوتكردنی ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و ئەنفالەكان و تاوانی ئەنجام نەدابێت دەرحەق بەگەلی عێراق.

چوارەم ـ ئەنجومەنی سەرۆكایەتی بڕیارەكانی بە كۆی دەنگ دەردەكات و هەر ئەندامێك دەكرێ یەكێ لە دوو ئەندامەكەی دی بەنوێنەری خۆی دابنێت.

پێنجەم ـ

أ-ئەو یاساو بڕیارانەی ئەنجومەنی نوێنەران دەری دەكات، ڕەوانەی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی دەكرێن بە مەبەستی ڕازی بوون لە سەری بە كۆی دەنگ و دەرچواندنی لە ماوەی (دە) ڕۆژدا لە ڕۆژی پێ گەیشتنی، بەدەر لەوەی لە هەردوو ماددەی (114) و (115) دا هاتووە كە پەیوەستن بە پێكهێنانی هەرێمەكانەوە.

ب-له حاڵەتی وەرنەگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی, یاسا و بڕیارەکان دەگەڕێندرێنەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆ چاوپێدا خشاندنەوەی ئەو لایەنەی کە نارەزایی یان لەسەر هەیە و بە زۆرینە دەنگی لەسەر بدرێت و جارێکی دی دەنێردرێتەوە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بۆ رەزامەندیی دان لە سەری.

ج-له حاڵەتی وەرنەگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەسەر یاسا و بڕیارەکان بۆ جاری دووەم لە ماوەی (دە) ڕۆژدا لە مێژووی گەیشتنی دا, جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران کە بۆی هەیە بڕیاری لەسەر بدات بە زۆرینەی (5/3)ی ژمارەی ئەندامانی کە ناتواندرێ نارەزایی لەسەر بدرێ و بە پەسەند کراو دەژمێردرێت.

شەشەم ـ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار پیادە دەکات کە لەم دەستوورە دا هاتووە.

ماددەی (135)

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە خۆلی یەکەمی هەڵبژاردنیدا دوو جێگری دەبن.

ماددەی(136)

یەکەم ـ دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەو هەنگاوە پێویستانە دەگرێتە بەر بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستەکانی ماددەی (58) بە هەموو بڕگەکانیەوە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە .

دووەم ـ ئەو بەرپرسیارێتی یەی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حکومەتی ئینتقالی دا کە لە ماددەی (58)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق دا بۆ قۆناغی گواستنەوە دەقنووسکراوە درێژدەبێتەوە و بەردەوام دەبێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن, کە بە پێ ی ئەم دەستووورە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەمانە ئەنجام بدەن (ئاسایی کردنەوە , سەرژمێری، کە کۆتایی دێت بە راپرسی یەك لە کەرکووك و ئەو ناوچانەی دی, کە کێشەیان لەسەرە بۆ دیاری کردنی ویستی هاووڵاتیانی) لە ماوەیەك دا کە لە (سی و یەکی) مانگی کانونی یەکەمی ساڵی دوو هەزار و حەوت تێپەرنەکات.

ماددەی (137)

ئەو یاسانەی لە ساڵی (1992) بەولاوە لە هەرێمی کوردستان دانراون بەردەوام کاریان پێدەکرێت و, هەموو بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ بە بڕیارەکانی دادگا گرێ بەستەکانیشەوە ـ کاریان پێ دەکرێت مەگەر هەموار بکرێت یان هەڵبوەشێندرێنەوە بە پێ ی یاساکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن لایەنی تایبەتمەندیەوە بەمەرجێك ناکۆك نەبن لە گەڵ دەستوور دا.

ماددەی (138)

یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و پاشکۆیەکەی لە کاتی دەست بە کار بوونی حکومەتی نوێ دا هەڵدەوەشێتەوە, جگە لەوەی لە بڕگەی (أ)ی ماددەی (53) و ماددەی (58) پداهاتووە.

ماددەی (139)

ئەم دەستورە بەکار پێکراو دەژمێردرێت دوای رەزامەندیی گەل بە راپرسی گشتی( ریفراندۆم) لە سەری و بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا و دەست بە کار بوونی حکومەتی پێکهاتوو بە پیّ ی ئەم دەستوورەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دەستتان خۆش بێت, سوپاسی ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەکەین بۆ خوێندنەوەی رەشنووسی دەستووری عێراق, خوشك و برایان و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز, ئەو رەشنووسەی کە خوێندرایەوە وەکو عەرزم کردن پێشتریش بۆ ئەوە بوو کە دوا خوێندنەوەمان بێت بۆ ئەو دەستوورە, ئاگاداری لەو گۆڕانکاریە هەبێت کە بەسەری داهاتووە, ئەوەتان بە بیر دێنمەوە کە ئێمە لێرەدا چەندین جار باسی ئەم رەشنووسەمان کرد, بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا کە نوێنەرانی گەلی کوردستان, شاندی گەلی کوردستان کە چوون بۆ بەغدا لەگەڵ ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیەتی کوردستان کە بەشدارییان کرد لە نووسینی دەستووردا, ئەندام بوون لە کۆمیتەی نووسینەوەی دەستووری عێراق, ڕێگەمان پێ بدەن بەناوی گەلی کوردستانەوە بەشداری بکەن و ئیمزای ئەو رەشنووسە بکەن, کە دواتر درا بە پەرلەمانی عێراق و لەلایەن ئەوانیشەوە پەسند کرا, درا بە (un), ئێمەش لێرە واجبمان ئەوەیە کە لەم هەلە پیرۆز و مێژووییە بە واجبی خۆمان هەڵبستین وەکو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ پشتگیری کردن لەسەرخستنی ئەو پرۆژەیە, لەوەی ڕۆژی 10/15 گەلی کوردستان دەنگی بۆ بدەن و ببێتە قۆناغێکی تازە بۆ بنیاتنانەوەی ئەو عێراقە دیموکراتیە, فیدراڵیەی کە ساڵەهای ساڵ گەلی عێراق و گەلی کوردستان خەباتیان بۆ کردووە, قوربانیان بۆ داوە, ئەمرۆ ڕۆژی ئەوە هاتووە بە یاسا کردنی هەنگاوەکان, بۆ ئەوەی بە مسۆگەر کردنی ئەو مافانەی کە خەباتمان بۆ کردووە و

شەهیدمان بۆ داوە, دەزانین هەمووومان کە ئەو دەستووورە سەد لەسەد ویستەکانی گەلی کوردستانی تێدا نییە, تێبینیشمان هەبوو و نیشانیشمان دا, بەڵام هەمووشمان لەهەمان کاتدا دەزانین کەئەم دەستووورە بۆ پێکهاتەی گەلی عێراقە, واتە بە تەوافق نووسراوە, کە شتێکیش بە تەوافق نووسرا بە تەئکید ئەوەیە کە بە دانوستاندن دەبێت, بە گەیشتنە ئەوە دەبێت کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەسەری رازی بن, پاش ماندووبونێکی زۆر, گفتوگۆیەکی یەکجار زۆر گەیشتوونە ئەو ئەنجامەی کە ئەم دەستووورە قبووڵ بکرێت لەلایەن هەموو لایەنەکان, ئومێدیش دەکەین کە ئەو لایەنانەی کە رەخنەیان هەبووە, یاخود مەترسییان هەبووە, بەشدارییان نەکرد وەکو پێویست لە ئایندەدا, لەپەرلەمانی عێراقدا, لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا رەچاو بکرێن و ئەوانیش بەشداری بکەن هەم لە هەڵبژاردنی داهاتوو, هەم لە بنیاتنانەوەی ئەو عێراقە تازەیەی کە بۆ هەموو لایەکە, راستە بەشدارییان نەکردووە, بەڵام زۆر لە ویستەکانیان کە قەواسمی موشتەرکن لێرەدا هاتووە, رەچاو کراوە, بەڵێ زرووفێکی نا تەبیعییان هەیە, ئەوەی کە پێیان دەوترێ برا عەرەبە سونییەکان, ئەو زرووفە ناتەبیعی یە وایان لێ کردوون بە شێوەیەکی دیموکراسیانە, بەشێوەیەکی رێك وپێك نەتوانن نەنوێنەری خۆیان هەڵبژێرن, نە بەشداری کاریگەر بکەن, بۆیە ئەوەندەی کە لێرە هاتووە من پێم وایە مافی ئەوانیشی پاراستووە, چونکە کە وتمان عێراقێکی دیموکراتی, فیدراڵ بۆ هەمووانە, عەدالەت بۆ هەمووانە, دیموکراتیەت بۆ هەمووانە, مافی تاکە بۆ هەمووانە, فیدراڵیەت بۆ هەمووانە, رێز گرتن لە مەبادیئی ئیسلام بۆ هەمووانە, رێز گرتن لە مافەکانی ئاینەکانی تر بۆ هەمووانە, کە ئەوانە قەواسمی موشتەرکن, پێم وایە هەموو گەلی عێراق پێخۆشحاڵە بەوە ئەگەرچی تۆزێك تەشویشی لەسەر هەیە, پرۆپاگەندەی دژ هەیە لە هەندێ لایەن کە حەز ناکەن ئەسڵەن ئەو دەستووورە سەربکەوێت, حەز ناکەن ئەو عێراقە دابمەزرێت, بۆیە واجبی سەرشانی ئێمەیە, گەلی کوردستان وەك هەمیشە لە پێشەوە بووین, لە خەبات بۆ دیموکراتیەت, بۆ فیدراڵیەت, لەم مەسەلەیەشدا لە پێشەوە بین, جارێکی تر ئیسپاتی بکەین کە ئەم گەلە لەگەڵ دیموکراتیەتە, ئەم گەلە لەگەڵ فیدراڵیەتە, ئەم گەلە لەگەڵ مافی مرۆڤە, لەگەڵ یاسایە, نیشانی دونیا بدەین کە گەلەکەمان ورییایە, گەلەکەمان بۆ ئازادی تێنووە, ئەمڕۆ رۆژی ئەوەیە ئەم شتە بچەسپێت لەدەستووردا, بۆیە واجبی هەموو لایەکە, هەموو ئەندامانە, هەموو حزبەکانە, هەموو شەخصیاتە, هەموو رۆشنبیرانە, کە بەشداری بکەن لەو حەملە راگەیاندنەی کە بۆ خەڵك شەرحی بکەن ئەم دەستووورە مانای چییە, مافەکانیان چۆن دابین دەکرێت, بەشداری لە کۆبوونەوەکان بکەن, لە سمینارەکان بکەن, وتار لەرۆژنامەکاندا بنووسرێ, لە تەلەفزیۆنەکاندا قسە بکرێت, چی داوا لە ئێوە کرا بۆ بەشداریکردن و شەرح کردنی ئەم دەستووورە پێویستە بە واجبی خۆمان هەڵبستین و ئینشائەللا سەرکەوتوو دەبێت, تەنیا چەند خاڵێك کە پێشتر رەنگە لێرە باس نەکرابێت, گۆڕانکاری لەسەر ئەو دەستووورە هاتووە بە خێرایی ئاماژەی پێدەدەین, ئەویش ئەوەیە بەندێك هەبوو لادرایە, خاڵێك هەبوو لادرایە دەڵێ (عێراق پابەند دەبێت بە هەموو ئەو پەیمانە نێو دەوڵەتیانەی کە هەیە, بە مەرجێك لەگەڵ ئەم دەستووورەدا ناکۆك نەبێت, یاخود بگونجێت, ئەمە لە حەقیقەتدا کێشەی لەسەربوو, ئەگەر ئەوە لا نەدرابا, هەر پەیمانەکی نێو دەوڵەتی و ئەو پەیمانانەی کە پەیوەندیان بە مافی مرۆڤ هەیە, پەیوەندیان بە مافی ئافرەت و ژن هەیە, پەیوەندیان بە مافی منداڵ هەیە, رەنگە تەفسیرات بکرابایە, بیگۆتبایە لەگەڵ فلان خاڵی ئەم دەستووورە ناگونجێ, یاخود تەعاروزی هەیە, بۆیە لابردنی ئەوە ئەو کێشەیەی لابرد کە بەرگەکە بە هەمووی دادرا, بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە پابەندنین بەو موعاهەداتی دەولییانە, چونکە عێراق ئیمزای لەسەر کردووە, مادام نەصێك لێرە نییە بڵێت ئێمە مولزەم نین بەو موعاهەداتە و پەیمانانەی کە عێراق لەسەری ئیمزا کردووە, ئەو پەیمانە نێو دەوڵەتیانە, مەسەلەی چارەی خۆنووسینە, مەسەلەی مافی منداڵە, مەسەلەی دیموکراتیەتە, هەمووی ئەو پەیمانانە عێراق لە تەمەنی درێژی خۆی, لە هەشتا ساڵەی خۆیدا, دەوڵەتی عێراق ئیمزای کردووە, هەر شتێکیش وەکو دەوڵەت ئیمزای کردبێت, ئەگەر نەصێك نەبێت لە دەستووردا یاخود پەرلەمان قەراری ئیلغای نەدات, ئێمە پابەند نین پێی, بۆیە ئەو فەقەرەیە لادرا, بۆ ئەوەی پەرلەمانی عێراقی داهاتوو بۆی هەبێت بڵێ موناقەشەی هەموو مەسەلەکان بکات, مەسەلەیەکی تر هەبوو کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە مەوزووعی هەویەی عێراقی, عێراق چییە؟ وتمان پێشتر وابوو, عێراق بەشێکە لە دونیای ئیسلامیدا و گەلی عێراقیش بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب, ئەمە کێشەی بۆ دروست کردین, هەندێ ئیعترازاتی بەسەردا

هات لەلایەن جامیعەی عەرەبییەوە, لەلایەن دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە و هەتا لەلایەن هەندێك برا عەرەبە سوننەکانیشەوە کە پێی وابوو ئەمە دژی ویستی ئەوانە, ئەمە شتێکە عێراق تەقسیم دەکات و دروخستنەوەی عێراقە لە وڵاتە عەرەبیەکان, تەبیعی بەنیسبەت ئێمەشەوە دووپاتمان کردەوە لە هەموو کۆبوونەوەکان, هەتا ئەو وەفدەی عەرەبی سوننە کە هاتبوونە ئێرە, زۆر موناقەشە لەسەر ئەوە کرا و باسی هەندێ ئارائی تریان کرد کە رەنگە ئێمە پێمان خۆشتر بێت لەو صیغەیەی کە هاتووە, بەڵام ئێمە تەماشای ئەوە دەکەین کە ئەمە چ ئیمکانیەتی هەیە سەربکەوێت, چ ئیمکانیەتی هەیە ببێتە واقیعێکی قەبووڵ کراو لەلایەن میللەتی عێراق و لە لایەن دراوسێکانمانەوە و لەلایەن وڵاتە عەرەبیەکانیشەوە, بۆیە پاش راوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ هەموویان و پەیوەندییەکانی نێوان عەمر موسا و سەرۆکی کۆمارو لایەنەکانی تر, گەیشتینە ئەو صیغەیەی کە بڵێن عێراق بەشێکە لە دونیای ئیسلامی و, عێراق دەوڵەتێکە لە موئەسەسینی جامیعەی عەرەبی, و پابەندە بە پەیمانەکەی, ئەم صیغەیە صیغەیەکی تازەیە, نیشانەیەکە کە گەلی عێراق, پێکهاتەی عێراق فرە نەتەوەیە, و دەبێ ئەم فرە نەتەوەییە لە دەستووردا وەکو واقیع باسی بکرێت, لە هەمان کاتدا ئەو صیغەیە جامیعەی عەرەبی لە دوا کۆبوونەوەی وەزیری خارجییەکان قبووڵ کرا و پەسند کرا, هەروەها لەلایەن عەمر موساشەوە کە تەلەفۆنی کردبوو گوتبوی ئەم صیغەیە خراپ نییە, ئەگەر چی ئەوان ویستیان شتێکی تر بوو, بەڵام ئەمە ئیرادەی گەلی عێراقە کە لەلایەن ئەو لیژنەیە, لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کە پێکهاتەی عێراقە, زۆرینەی عێراقن بڕیاری لەسەر درابوو, فەقەرەیەکی تر ئیزافە کراوە کە دەڵێ سەرۆك وەزیران دوو نائیبی هەبێت, پێشتر دەڵێ چەند نائیبێکی دەبێت, ئەوەش ڕێگەی کردبۆوە کە شەش, حەوت نائیب, دە نائیب بێت, لە حەقیقەتدا وڵاتێك کە ئەوەندە نائیبەی هەبێت دەلیلی ئەوەیە کە مەرکەزییەتی یەکجار زەعیف دەبێت, هەریەکە بۆ رازی کردن دەبێت, تەحدیدیان داوە کە تەحدید بکرێت, بەلانی کەمەوە کە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردن, یانی چوار ساڵی یەکەم دوو نائیبی هەبێت, دواتر ئەگەر پەرلەمان گۆڕی, یان بە پێویستی زانی بیگۆڕی, دەیگۆڕی, پێشەکی ئەو نووسینەی دەستوورە بوو بە خاڵێك کە بەشێك لەم دەستوورە دەبێت, ئەمەش تەبعەن بۆچوونی جیاواز هەبوو لەسەری, بەڵام بەنیسبەت ئێمەوە ئەهمیەتەکەی لەوەدا دەبینین لە چەند فەقەرەی دواییدا کە هاتووە لە پێشەکیەکەدا کە بەنسبەت ئێمەوە زۆر گرنگە, ئەویش ئەوەیە کە ئیشارەت بەوە دەکات ئەم دەوڵەتە عێراقییە لەسەر ئەساسی ئیتحادێکی ئیختیاری بێت, لەسەر ئەساسی ویستی گەلی عێراق دامەزراوە, و ئەو مانەوەی ماناکەی وایە مانەوەی ئەو دەوڵەتە بەندە بەوەی پابەند بین بەو دەستوورە, ئینجا ئەو دەوڵەتە دادەمەزرێت, واتە ئەمەش مافی چارەی خۆنووسینە, بۆیە کە ئاماژە پێکراوە وەکو بەڵگەیەك, حوکمی بەڵگەیەکی دەستووری هەبێت, ئەمە لەم رووەوە لەو جانیبەوە ئەگەرچی مومکینە مولاحەزاتیش هەبێت لەسەر مەسائیلی تر, بەڵام بەنسبەت ئێمەوە ئەو جانیبە گرنگە و مولاحەزە کراوە, بەندێکیش هەیە لەسەر سەرچاوەی ئاوەکە, سەرچاوەکانی ئاوو ئەوانە, بەحەقیقەت من صیغەکەم بیزەبیت لا نییە چۆنە, دەڵێ پێشتر چۆنە و ئێستاش چۆنە, بەڵام شتێکی ئەوتۆ نییە زۆر گرنگ نییە, سەرچاوەکانی ئاوی لە ژێر چاودێری حوکمەتی ئیقلیم دەبێت لەگەڵ ئەوانە, لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم ئەو رەشنووسە هەر ئەوەیە کە ئێمە تەخویلی شاندی کوردیمان کرد بە سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم, تەخویلی ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوورمان کرد کە تەمسیلی گەلی کوردستان دەکەن, بۆیە ئێمەش مەسەلەکە وەکو ئەوە نییە جاری پێشوو هەندێ کەس بە هەڵە تێگەیشتبوون, ئێمە لێرە پێویستە دەنگ بدەین و بڕگە, بڕگە موناقەشەی بکەین لێرە وەکو پرەنسیپ قبووڵمانە, پێشتریش قبووڵمان کردووە, وەختی ئەوەی هاتووە کە لەم (17- 18) رۆژەی ماوە هەموومان بە هەڵمەتێکی یەك دەنگی, یەك هەڵوێستی, کاریگەری بەشداری بکەین لەگەڵ بەشەکانی راگەیاندنی حزبەکان, کۆمەڵگەی مەدەنی و هەموو توێژەکانی ناو کۆمەڵ, بۆ ئەوەی خەڵکەکەمان ئەهمیەتی دەنگ دان بزانن بۆ ئەو دەستوورە, بزانێ ئەمە موستەقبەلی خۆیەتی, ئایندەی خۆیەتی, دەبێ دەنگی بۆ بدات, بۆ ئەوەی ئەو عێراقە دیموکراتیە و فیدرالّیە دابمەزرێت, ئایندەی خۆی و نەوەکانی داهاتوومان ئارام بێت و بتوانن بڵێن ئێمە خوێنی شەهیدانمان بە فیڕۆ نەچوو, ئەوەتا فیدرالّیەت تەسبیت دەبێت, مافەکانمان تەسبیت دەبێت, سنووری کوردستان دیاری دەکرێت, ماددەی پەنجاو هەشت خراوەتە ئێرە, ماددەی پەنجاو سێ ئەو ماددەیەی کە گرنگە بەنسبەت ئێمەوە خراوەتە ناو دەستوور, بۆیە من ئەتوانم بڵێم کارێکی

یەکجار گرنگە, مێژوویيە, هەموومان لەو مەرحەلەیەدا هەرچی تێبینیمان هەبوو لەسەر ئەوە, ئێستاش هەمانە, رۆژی ئەوەی نییە باسی تێبینیەکان بکەین, چونکە تێبینیەکان بچوکن لە چاو ئەو شتە گەورانەی کە تەسبیت کراون لەم دەستوورەدا, رۆژی ئەوەیە هەموومان خەڵك هانبدەین بۆ ئەوەی دەنگ بەو دەستووره بدەن, ئینجا لەبەر ئەوە من سوپاستان دەکەم بۆ ئەوە, لە کۆتاییدا تەرجومە کراوەکە, ناتوانم بڵێم یاساییە یاخود لەناحیەی زمانەوە کەموکوڕی نییە, بۆیە ئەمە ناتوانین بڵێین ئەوە نوسخەی نیهائییە, چاوەڕوان دەکەین لەم یەك دوو رۆژە نوسخەی تەرجومە کراوی کە قبووڵ کراوە لەلایەن زمانەوانەوە, لەلایەن یاساییەوە پێمان بگات, بڵاوی دەکەینەوە لە رۆژنامەکاندا, لە میدیاکاندا دەگاتە دەستتان, لەبەر رۆشنایی ئەو نوسخەیە بەو حەملەیە هەڵبستن, زۆر سوپاستان دەکەین, فەرموو کاك کمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کرکوکی)/جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت وەکو سەرۆکی ئەنجومەن ئیشارەی پێکرد, لیبرال, کورد هەموو ئەترافەکانی کوردستانی, تورکمان, کلدان, ئاشووری, ئەحزابی سیاسی جیاواز, هەموو کۆك بوون لەسەر ئەوەی ئەم شتە پێك هاتووە, و شتی گرنگیشی تێدایە, یەکەم فیدراڵیەت راستە باس دەکرێ دەڵێن چۆن یەك فیدراڵیەت؟ مادام لەدەستوورەکە حەصر کرا سوڵتاتی ئیتیحادی دەسەڵاتەکانی لەچەند ماددەیەك حەصر کرد و خصوصیەتی تایبەتی کوردستانیش کە زیاتر لە 13 ساڵ پەرلەمانی هەیە, ئەویش جێگەی خۆی گرت, بۆیە فیدراڵیەت تەسبیت بووە و ئەبێ هەوڵ بدەین کە جێگەی خۆی بگرێ, زۆر خاڵی تری گرنگی تێدایە, بۆ نموونە زبان, هەتاکو گەیشتە ئەوەی کە لەسەر پارە بنووسرێ, لەسەر جەواز بنووسرێ, لوغەیەکی رەسمییە وەکو لوغەی عەرەبی لە هەموو عێراق, بە نسبەت پێشمەرگە کە ئەو چینە شۆڕشگێڕەی کە تەزحیەی دا و خەباتی کرد و کوردستانی رزگار کرد, ئەساسی هەبوو لە رزگار کردنی عێراقیش, ئەوە ئیمڕۆ حیمایەی ئەو ئیقلیمە دەکات و کە ئیقلیمی کوردستانە, ئەویش خۆی بۆ خۆی دەستکەوتێکی گرنگە, ئینجا سەروەت و سامانی کوردستان کە جاران ئەدرایە ئاگر و ئاسن و نەتەوەکەمانی پێ ئەسووتێنرا, ئیمڕۆ لە بنیاتنانەوە, لە پێشکەوتنی ئەو سەرزەمینە بەکاردەهێنرێت, کە ئەویش بۆ خۆی دەستکەوتێکی مێژوویی گەورەیە, تاکو ماف ئافرەت کە زۆر بە شانازییەوە دەڵێم کورد دەوری هەبوو, بۆ ماف نەتەوەکانی تر دەوریان هەبوو کە لەم دەستووره بچەسپێت, هەروەها ماددەی پەنجاو هەشت, کە ماددەیەکە بۆ کەرکووك و مەنتیقەکانی ناو سنووری, ماددەی پەنجاو هەشت دانرا بۆ ئەو شوێنانەی کە کێشەی لەسەرە کە بەردەوام دەبێت لەناو ئەم دەستووره هەتاکو کارەکەی تەواو دەبێت, زیاتریش روونکراوەکە ئیحسا دانراوە بۆ دوارۆژەکەیان, ئەم دەستووره بۆ هەموو عێراق گرنگە, بۆ عەرەبیش زۆر زۆر گرنگە, بۆ سوننەش گرنگە, بۆ شیعەش و بۆ کوردیش گرنگە, بۆ هەموو عێراق هەر نەتەوەو قەومێك بێت, زۆر هەیە لەوانە کە یەك حوکمێکی مەرکەزی هەبێت کە فەقیرانە لێی تێ ناگەن, ئێستا بڕۆ خەڵکی عەمارە دڵت پێیان دەسووتێ ئەوەندە فەقیرو هەژارن, بەڵام هەر داوا دەکەن کە سەروەتەکە مەرکەزی بێت, نەك بەشی خۆی, ئەگەر تێبگەن وجوان روون بکرێتەوە ئەمانە لەم دەستووره هاتووە بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق شی بکرێتەوە, من دڵنیام کەس نامێنێ دەنگی پێ نەدات, تەنها ئەوانەی کە دژی دیموکراتیەتن و دژی ماف مرۆڤن, دژی فیدراڵیەتن, لە ژێر ئەفکارێکی توند حەصر بوونە و مێشکیان ئەولاو ئەولا ناتوانێ بکات, یەك رێگە هەیە کە پێیان نیشان دەدەن بە ریمۆن کۆنترۆڵ بڕۆنە پێشەوە, بۆیە ئێمە داواتان لێ دەکەین زۆر بە دڵ گەرمی هەوڵ بدەین, ئەمە جێگەی دڵخۆشکەرییە بۆ دوارۆژێکی باش, و ئینشائەڵڵا تێدا سەردەکەوین و زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی بچینە سەر خاڵی دووەم, من حەزم کرد دوو نوقتەتان عەرز بکەم, یەکەم ئەو لیژنەیەی دامەنرابوو بۆ کەرکووك و موتابەعەی ماددەی (58), پاش ئەوەی کە زۆر موناقەشەمان کرد و پەسند کرا و هەموو ئەوانەی ناویان نووسیبوو, هەموو ببنە ئەندامی لیژنەکە, رەنگە شەرت نییە هەموویان بتوانن لەیەك کاتدا حازر بن, هەر وەختێك پێویست بوو, ئەوەی حازرە لە ئەندامانی لیژنەکە دەست بەکاربن, و ئەوەی لێرە خۆی تەرشیح کرد و ئەوەی ئێستاش

حەز دەکات ئەندام بێت, دەتوانێ لەلای بەڕێز د. کەمالەوە ناوی خۆی بنووسێ, بۆ ئەوەی دەست بەکار بن و ئەمرەکەش دەردەچێت, نوقتەی دووەم ئێمە لێرە لیژنەیەکمان دەست نیشان کرد بۆ نووسینەوەی دەستوور, دەستووری هەرێمی کوردستان, ئەو لیژنەیەش لەسەر بڕیاری ئێوە ئەمرەکەشی بۆ دەرچوو, پەسندیش کرا لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە, دەست بەکاریش بوون, بەڵام لە حەقیقەتدا هەم سەرۆکی هەرێم و هەم خەڵکی تریش, بەتایبەتی ژنان دەستنیشانی ئەوەیان کردبوو کە ڕێژەیان کەمە لەم لیژنەیەدا, ئێمە لەبەر ئەوەی بڕیارمان داوە ئێستا ناتوانین ئیزافەی بکەین, دەکرێ لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا لە داهاتوودا ئەوە ڕەچاو بکەین و بیخەینە بەرنامەوە, بەڵام تا وەکو ئەو کۆبوونەوەیە دەکرێت پێشنیار دەکەم چوار ئافرەت هەڵبژێرن, چوار, پێنج, وەکو ئەوە بێت کە پشتگیری لەو لیژنەیە بکات و پەیوەندی هەبێ لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی, هەرچی ویستی مافەکانی ژن و منداڵ و ئەوانە هەیە بە ڕێگەی ئەو لیژنەیە و ئەو چوار, پێنج کەسەیە پاشان ئیتیفاقی لەسەر دەکەن بیگەیەنێتە لیژنەکە ولە کۆبوونەوەکانی کە تایبەتن بەو خاڵانە, ئەگەر هاتوو یەکسەر بەشداری بکەن و لە کۆبوونەوەی داهاتوودا یەك دووەکی وەها موناسب دەبیننەوە کە هەم شارەزایی باشیان هەبێت لە ڕووی سیاسیەوە, هەم شارەزایی یاساییان هەبێت بتوانن کە ئیزافەی بکەن, بەڵام دەبێ لەبەرنامەی کاردا بینووسین, نوقتەی تر هەمان پەیوەندی هەیە, هەندێ کەس پرسیاری دەکرد لەوەی کە ئەو دەستوورە کێ دەینووسێ و چۆنە؟ چۆن دەبێت؟ ئێمە یەکەم بە پێی بڕیارێك کە هەیە ئەرکی پەرلەمانە پرۆژەی ئەو دەستوورە, موناقەشەی بکات و تەقدیمی بکات, بەڵام لێرە ئاماژەمان پێکرد لە کۆبوونەوەی پێشوودا وتمان ئەوە لەلایەن (36) حزبەوە بۆ پەرلەمان هاتووە, ئەمە موناقەشەی لەسەر کراوە, ئێوە خۆتان قەرارتان دا کە ئەو موناقەشەیە جارێکی تر بکرێتەوە, ئێستاش بۆ ئەو لایەنانەی کە پرسیاریان هەیە لەسەر ئەو مەوزووعە, دیسان دەیڵێینەوە پاش ئەوەی کە ئەو لیژنەیەی کە نووسیوەیەتی, لێرە دەست نیشان کرا بۆ نووسینەوەی ئەو دەستوورە, پاش ئەوەی کە تەواوی دەکات و لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئەو خاڵانەی کە خیلافی لەسەرە, ئاماژەی پێ دەکرێت و بە پوختەیی پێش ئەوەی بیهێننە پەرلەمان و بۆ موناقەشەکردنی, دەدرێتە ئەحزابەکان, دەدرێتە ئەنجومەنی پارێزگاکان, دەدرێتە کۆمەڵگەی مەدەنی, لە میدیا بڵاو دەکرێتەوە, لە ئێستاوە سایدمان کردۆتەوە, و ئیمیلمان بڵاوکردۆتەوە بۆ ئەوەی هەرچی مولاحەزەی هەیە بینێرێت, پاشان هەموو ئەو حزبە بەڕێزانەی کە مولاحەزەیان هەیە, پێشنیاریان هەیە, چییان هەیە, ئیزافاتیان هەیە, تەعدیلیان هەیە, کۆی دەکەینەوە وئینجا جارێکی تر لیژنەکە ڕەچاوی ئەو شتانە دەکات, بۆ ئەوەی هەرچی کەم وکوڕی هەیە پڕی بکاتەوە بە مولاحەزاتی ئەو لایەنە بەڕێزانە, پاشان بە پوختەیی کە پەسند کراوە بە قوەتەوە کە هەم لیژنەکە پەسندی کردووە و هەم هەموو پێکهاتەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی و حزبەکان پەسندیان کرد, ئینجا دەیهێننە ئێرە و خاڵ بە خاڵ دەیخوێنینەوە و دەنگی بۆ دەدەین, ئینجا ڕۆژێك تەحدید دەکەین بۆ دەنگ دانی گشتی, بۆ ئەوەی دەستوورەکە ببێتە دەستوورێکی بە قوەت لە ڕووی قانونیەوە, لەڕووی ئەوەی کە گەل دەنگی بۆ داوە و هەموو حزبەکانیش پەسندیان کردووە.

خاڵی دووەمی بەرنامەی ئەمڕۆمان گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتی بنیات نانی ویستگەی کارەبای تەق تەق و گەیشتن بە بڕیارێکی لەبار و گونجاو لەبارەی گرێ بەستی بە جێهێنانی ئەو پرۆژەیە, دیارە مەسەلەی کارەبا مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, خەڵکی کوردستان بە پەرۆشن, وزەی کارەبا وەکو پێویست دابین نەکراوە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان, و کارەبا و ئاوو سوتەمەنی سێ شتی گرنگن, و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم, و هەردوو ئیدارەکە بایەخی تەواوی پێ دەدا و بەدوایدا دەچین, ئینشائەڵڵا لە ئایندەدا چەندین پرۆژە دەبینین, بۆ ئەوەی بە زووترین کاتدا بگەینە ئەو وەختەی کە کارەبا بە تەواوەتی دابین بکرێت بۆ هەموو هاووڵاتیان و بگاتە هەموو شوێنێك, هەموو شارۆچکەیەك, هەموو دێهاتێك, دیارە پرۆژەی ئیستیراتیجی هەیە کە چەند ساڵێك دەخایەنێت بۆ ئەوەی ئەو کارەبایە بگاتە ئەو قوەتە و, پرۆژەی کاتیش هەیە, بە پەلە هەیە تا بتوانن هێزی ئەو کارەبایە یاخود بتوانین زیاد کردنی قودرەتی پێشکەش کردنی کارەبا بە هاووڵاتیان زیاد بکەین, پرۆژەیەك هاتووە دە ئەندامی پەرلەمان ئیمزایان کردووە, لەسەر داوای حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی, کە لە تەق تەق, لەبەر ڕۆشنایی وەرگرتنی قوەت لە نەوت و غازو ئەوانەی کە پێویستن بۆ تەولیدی کارەبا, لەوێ دابمەزرێنن, کۆمپانیایەکی بیانی ئامادەی خۆی نیشان داوە خۆی دروستی بکات, لەسەر بودجەی خۆی,

(250) میگاواتە, لە خیلالی (10) مانگدا پێشکەشی بکات و ئەنجامی بدات, تەبیعی ئەو کۆمپانیـە بیانیـە داوای (140) ملیۆن دۆلاری کردبوو وەکو گرەنتی, گرەنتی بۆچی کە خۆی دروستی دەکات, تـەبیعی هـیچ کۆمپانیایـەك نییـە بـە دوای بەرژەوەندی خۆی نەگەڕێت, داوای ئەوەیە گرێبەستێك ئامادە کراوە کە تا مـاوەی (10) سـاڵ کرێـی ئـەو کارەبایـە, یـانی کە هاووڵاتیان لەو کارەبایە ئیستیفادە وەردەگرن بە تەئکید کرێی دەدەن, حەقی کارەباکە مانگانە دەدەن, بگەڕێتـەوە بـۆ ئەو کۆمپانیایەی تا (10) ساڵ, پاش ئەو (10) ساڵە دەبێتە موڵکی دەوڵەت, ئەمەش کارێکی باشە, یانی حسـێب کـراوە و دراسـەتێکی باشیش کـراوە, ئـەو گرنتیـەی کـە داوایـان کـردووە ئـەو (140) ملیـۆن دۆلارە هـەم زۆرەو هـەم ئیمکانیـەتی حکومەتی هەرێم, ئیدارەی سلێمانی نیەتی, لە بودجەی خۆی دەربیێنێ و بینێرێتە بانقێك وەکو گرەنتیەك بمـێنێ, ئـەو پارەیە تەجمید بکات کە مومکینە لە پرۆژەکانی تردا ئەگەر هەشبێت هـین بکـات, پاشـان کـە کۆمپانیاکـە تێگەیشـتووە و هـەر ویسـتویەتی ئـەو هاوکاریـەی خـەڵکی کوردسـتان بکـات, داوای کـردووە وەکـو موئەسەسـەیەکی شـەرعی پەرلـەمانی کوردستان ئەو گرنتیە بدات, ئـەو دەسـەڵاتە بداتـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان – ئیـدارەی سـلێمانی, بـۆ ئـەوەی ئـەو گرێبەستیە ئیمزا بکات, لە دواییدا وەکو شتێکی قانونی حەقی ئەو کۆمپانیایە نەفەوتێت, لە جیاتی ئـەو (140) ملیـۆن دۆلارە, ئێمە گرەنتی ئەوە دەدەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستاکە ئیدارەی سلێمانی ئەوە هـەم ئیمـزا بکـات و, هەم لە دوا رۆژدا دەبێ حەقی ئەو کۆمپانیایە بە پێی ئەو گرێبەستە دابین بکات و کاتێك کـە هـەردوو حکومەتەکـە کـە تەوحید کران, هەموو تەفصیلاتی ئەو گرێبەستە ومەسئولیاتی, ئیلتیزاماتی ئینتیقال دەکات بـۆ حکومـەتی یـەکگرتووی کوردستان, ئینجا من ئەو پرۆژەیە دەخوێنمەوە بۆتان کە لەلایەن دە ئەندامـەوە تەقـدیم کـراوە, لـە پاشـان موقتـەرەحی کە ئەوەی ئێمە لێرە پەسندی بکەین, بۆتانی دەخوێنمەوە ئەگەر کەسێك مولاحەزەشی هەبێت گوێی لێ رادەگرین.

ژمارەی ئەندام: 10 ئەندام ئیمزایان کردووە,

ئێمە ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومـەنی نیشـمانیی کوردسـتان کـە لـە خـوارەوە ئیمزامـان کـردووە, هـاوپێچ دەقـی پرۆژەی دەسەڵاتدان بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئیدارەی سلێمانی بـۆ مـۆر کردنـی گرێبەسـتی بەرهـەم هێنانی کارەبا لە ناوچەی تەق تەق پێشکەش بە بەرێزتان دەکەین, داواکارین کە ئـەم پرۆژەیـە بخرێتـە بەرنامـەی کـاری کۆبوونەوەی داهاتوی ئەنجومەن, بۆ گفتوگۆ کردن وبڕیار دان لەسەری,

ئەوانەی ئیمزایان کردووە (د. ناصح, کاك سیف الـدین, کـاك شـێخ الله, کـاك ئـارام, کـاك ئایـدن, خـاتوو د. شـوکریە, کـاك تاریق جامباز, کاك رشاد, کوێستان خان, کاك کریم, ڤیان خانە) ئێمە پاش ئەوەی پرۆژەی بڕیارێك دەخوێنینەوە, لەبـەر رۆشنایی ئەوە, چونکە من پێم وانییە کەس لەسـەر مەبدەئەکـە ئیعـتیرازی هـەبێت, چـونکە ئـەوە ویسـتی خەڵکـە, ئێمـە پـێش هـەموو خـەڵکێك دەبـێ بـەدوای ویسـتی خەڵکدا بچـین, و پەلەشـی لـێ بکـەین و بـەزووترین کـات ئـەو پرۆژەیـە سەربکەوێت, هەر پرۆژەیەکیش لە هەر شوێنێکی تردا بێت, ئێمە بە پیریـەوە بچـین و پشـتگیریان لـێ بکـەین, بڕیارەکـە بەو شێوەیە نووسیومانە:

**بڕیار**

پشـت بـە حوکمـەانی بڕگـە (1)ی مـاددەی (56) لـە یاسـای ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی (1992) و, لەسـەر داوای ژمـارەی یاسـایی لـە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق, ئەنجومـەن لـە دانیشـتنی رۆژی ( 9/27/ 2005)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرهێنا:

## بڕیاری ژمارە ( ) ساڵی 2005

بەکـەم: دەسـەڵات بـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان/ عێـراق – ئیـدارەی سـلێمانی دەدرێـت بـۆ مـۆرکردنی گرێبەسـتی بەرهـەمهێنانی وزەی کارەبـا لـە ناوچـەی تـەق تـەق بـۆ مـاوەی (10) سـاڵ لەلایـەن (کۆمپانیـای باکتیل)ی ئەمریکی بەرامبەر بەکارهێنانی نەوتی شیواشۆك بۆ ئەم مەبەسـتە, بەمـەرجێك خاوەنـدارێتی پرۆژەکـە دوای کۆتایی ئەم ماوەیە بۆ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بگەڕێتـەوە, هـەروەها دەسـەڵاتی پـێ دەدرێـت نامـەی بەڵگەنامـەی دڵنیایی (خطاب ضمان) بە کۆمپانیاکە بدات بۆ جێبەجێ کردنی گرێبەستەکە.

دووەم: حكومــەتی هــەرێمی كوردســتان – ئیــدارەی ســلێمانی بەرپرســە بەرامبــەر كۆمپانیــای بــاكتیلی ئــەمریكی لــە پابەندییەكانی ناو گرێبەست و بژاردنی مافە داراییەكانی كۆمپانیاكە بە پێی گرێبەستییەكە.

سێیەم: دوای پێكهێنـانی حكومـەتی یـەكگرتووی هـەرێمی كوردسـتان یەكسـەر پابەندییـەكانی گرێبەسـتییەكە دەكەوێتـە ئەستۆی ئەوەوە.

چوارەم: وزەی كارەبا بە پێی بەرنامەی دارێژراوی هەمـە لایەنـە لـە بەرژەوەنـدی گشت هاوولاتیـانی هـەرێمی كوردسـتان دەبێت.

پێنجـەم: ئــەم بڕیــارە لــە رۆژی دەرچــواندنیەوە كــاری پــێ دەكرێــت و لــە رۆژنامــەی فــەرمی (وقــايعی كوردســتان) بلاودەكرێتەوە.

كەسێك مولاحەزەی هەیە؟ زۆرن, مادده بە مادده موناقەشەی دەكەین, كاك شێروان فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لیژنـەی صناعە بەشدارە لەو مەسەلەیە, حەق وایە لیژنەی صناعەش بانگ بكرێن بۆ ئەوەی لـە موناقەشـە بەشدار بن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە, سوپاسی لیژنەی یاسایی دەكەم, با بفەرموونـە جێگـەی خۆیـان, كـاك شـێروان و دوو ئەنـدامی لیژنـەی صـناعە كـە بەشداریان كردووە لە گفتوگۆ كردن با بێنە شوێنی خۆیان, كێ بوو لە ئەندامانی لیژنەی صناعە كە بەشـداری كردبـوو؟ كاك د. فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەراستی سەیرم لێ دێ ئێمە باسی گرێبەستێك بكەین كـە نـەزانین نـاوەڕۆكی گرێبەسـتیەكە چییە؟ پـێم باشـە ئـەو گرێبەستییە بێ لێرە باس بكرێت, پێش ئەوەی ئێمە دەنگی بۆ بدەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گرێبەستیەكە لای كێیـە كـاك شـێروان؟ لای ئێوەیـە, گرێبەسـتەكە دوورودرێـژە, سـی لاپەڕەیـە, تەفصـیلاتی زۆر تێدایـە, بەڵام مەبدەئە عامەكە هەموو ئەو محەتەیە كە دادەبەزێت, دامەزراندنی كۆمپانیاكە پێـی هەڵدەسـتێت, یـانی حكومـەتی هەرێم پارەی نادات بۆ دامەزراندنی, وەختەكەی وەكو عەرزم كردن لـە مـاوەی (10) مانگدا تـەواوی دەكـات, پاشـان ئـەو كارەبایـە دەدرێتـە هاوولاتیـان, ئـەو هاوولاتیانـەی كـە ئیسـتیفادە لـەو كارەبایـە دەكـەن, حكومـەتی هـەرێمی – ئیـدارەی سلێمانی لە كرێیەكەیدا مانگانەیە, ساڵانەیە, شەش مانگ جارێكە, حـەقی ئـەو كۆمپانیایـە دەدات تـا مـاوەی (10) سـاڵ, پاش (10) ساڵەكە هەموو مومتەلـەكاتی ئـەو محەتەیـە كۆتـایی پـێ دێـت و دەبێتـە مـوڵكی حكومـەتی هـەرێم, هـەروەها داهاتەكەشی بۆ حكومەتی هەرێم دەبێت, ئەوە بەگشتی ناوەڕۆكی گرێبەستەكەیە, بـەڵام تەفاصیلەكەی یـەكجار زۆرە, بـا كاك شێروانیش ئەگەر شتێكی هەیە باسی بكات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم دەدەنێ تەوزیحێك دەدەم لەسەر مەوزووعی عەقدەكە, بە حەقیقەت عەقدەكە خـۆی بریتییـە لـە چـەند صـەفحەیەك, ئـەویش تەرجومەیـەكی حەرفییـە, كـە لەوانەیـە دەبـێ زۆر لەسـەری دابنیشـێ, ئینجـا دەتـوانی بـەوردی بیخوێنیەوە, ئینجا بزانـی كـە چی تێدایـە و چی تێدا نییـە, ئینجا بـەپێی ئـەو موخابەراتـەی كـە بـۆ ئێمـە هاتووە لـە سـەرۆكایەتییەوە, دوای ئـەوەی ئێمـە كۆبوونەوەیـەكمان ئـەنجام دا لەگـەڵ لیژنـەی صـناعە لەگـەڵ نوێنـەرانی ئیـدارەی سلێمانی لێرە, تەقریبەن دووسەعات, سێ سەعاتی خایاند, تەفاصیلی عەقدەكەیان بۆ باس كردین چ لە ناحیەی قانونی, وچ لە ناحیەی فەنی, ئەوەی عیلاقەی بە ناحیەی فەنی هەبوو, جەماعەتی برادەرانی صناعە لێیان پرسـی وەڵامەكـەیان

لێیان وەرگرتەوە, ئەوەی عیلاقەی بە جانیبە قانونیەکە هەبوو, ئێمە داخیلی مەسەلەکان بووین و تەفاصیلمان لێ وەرگرتن, تەبیعی دیارە حکومەتی بەغدا, وەزارەتی نەفتی بەغدا دەیەوێ مەصفایەك دابنێ لە شیواشۆك, دیارە بیر لەوە کراوەتەوە کە محەتەیەکی کارەباش دابنێ, وقوەی ئینتاجی ئەو محەتەیە (240) میگاواتە, ئیدارەی سلێمانی تەقدیمی چەند عەروزی کردووە لە چەندین شەریکە, لە ئەنجام دوو شەریکە ماوەتەوە, یەك شەریکەی فەرەنسی, دووەمیش ئەو شەریکە ئەمریکییە کە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتی پێدا, ئەویش داوای ئەو زەمانەتەی کردووە, ئەو زەماناتە ویستویانە لە بانقی تیجارەی عێراقی کە تەنها بانقە لە عێراق کە ئەو زەماناتە دەدات, ئەویش بەڕاستی ئیعتیزاری کردووە, تەنها ئەگەر هاتوو ئەو پارەیە لە بانقێکی دەرەکی دانرا کە (140) ملیۆن دۆلارە, ئەوە بوو شەریکە ئەمریکیەکە داوای کردووە لە ئیدارەی سلێمانی کە ئەگەر هاتوو ئەو گرەنتیە تەئمین نەکرا, ئیمکان هەیە تەخویلێك وەربگرن لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی تەخویلتان بۆ بکات, هەم گرێبەستیەکە ئیمزا بکەن و لەهەمان کاتدا ریسالەی زەمانێکیش بدەن بەو شەریکەیە, بۆ ئەوەی پرۆژەکە جێ بەجێ بکرێ, پرۆژەکە ئەگەر تەماشای بکەین وەکو عەقدێك, عەقدێکی موصاتەحەیە تەقریبەن, تەنها هەندێ فروقاتی تێدایە, فەرقەکە ئەوەیە نەوتە خامەکە لەشیواشۆك وەردەگیرێ بۆ تەغزیە کردنی ئەو پرۆژەیە, ماوەی عەقدەکە (10) ساڵە, دوای دە ساڵەکە پرۆژەکە دەبێتە موڵکی حکومەتی هەرێمی کوردستان, نوقتەی دوو نەوتی خامەکە هەروەکو گوتم شیواشۆك هەیە, شیواشۆك دابین دەکرێت و, لە هەمان کاتدا حیمایەی ئەمنی و پاراستنی مەکائینەکان پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆیان تەئمین بکات, لە هەمان کاتیشدا تەسهیلات بۆیان هەیە, چ لە ناحیەی زەریبەو, چ لە ناحیەی گومرگ, چ لە ناحیە هاتوچۆی کارمەندەکانیان و کەرەستەکانیشیان, تەبیعی هەروەکو گوتم تاقەی ئینتاجی (240) مێگاواتەو, تەمەنی مەکینەکانیش بەپێی ئەو ئیتیفاقە لە حدودی (35) ساڵە, واتا لەو سی و پێنج ساڵە دە ساڵ خۆیان ئیستیفادە وەردەگرن, مانای وایە بیست و پێنج ساڵ دەمێنێت ئێمە سوود لەو مەکینانە وەربگرین, ئەو نرخەی ئیتیفاقیشیان لەسەر کردووە لەگەڵ ئیدارەی سلێمانی بیاندەنێ دوو سەنت و دوو لە دەیا سەنتە (2,2)سەنتە هەر کیلۆواتێك بۆ هەر کاتژمێرێك, ئەمەیە بە حەقیقەت کورتەی ئەو ئیتیفاقەیە, کە لەناو ئیتیفاقە ئەسڵیەکە هاتووە, کە ئێمە ئەو زانیاریانەمان لێ وەرگرتن, ئەگەر هەر تەوزیحاتێکیش هەبێت, ئێمە ئامادەینە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە, سوپاسی حکومەتی ئیدارەی سلێمانی دەکەین, بۆ ئەو دەست پێشکەریە, چونکە بەڕاستی موشکیلەیەکی زۆر گەورەیە, تەسەور دەکەم لە ساڵی ئایندە لە کۆڵ میللەتەکەمان دەبێتەوە, ئەویش مەسەلەی بێ کارەباییە, خودی پرۆژەکە جێگای دەست خۆشیە و شتێکی زۆر چاکە, ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە پێ دەنێینە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ئابووریمان, ئەویش قۆناغێکی پیشەسازی زیندووە, شتێکی زۆر چاکە, بەڵام لە میکانیزمی هێنانی ئەو پرۆژەیە بۆ پەرلەمان چەند تێبینیەکەم هەیە بەڕاستی:

یەکەم: ئێمە دیارە وا فێر بووینە هەموو ئیشەکانمان زۆر بە پەلە پەل بکەین, شتەکە لە ناکاو دێتە بەر دەستمان, وەکو دەستووری عێراقیش هەمان ئەو بەڵایەی بەسەر هات, دەبێت ئەوە بە وردی بە دوایدا بکەوین, خەڵکێکی پسپۆڕ ببینین و لێی بکۆڵینەوە, لێرە پێمان دەڵێن شتێکی باشە و سەتحی تەماشای دەکەین و, ئێمەش دەڵێن بەڵێ, یان رەفزی دەکەینەوە. ئیتر من حەز دەکەم ئەو عادەتە بگۆڕین, وەکو گوتم خودی پرۆژەکە زۆر باشە و چەند پەلەشی لێ بکرێت, وەکو بە ئەنجام گەیاندن شتێکی چاکە, بەڵام با لە پەرلەمان ئەو پەلە پەلیە نەکرێت لە شتەکە, چونکە لەوانەیە لە دوایێ شتمان لە دەست دەربچێت و پێمان راست نەکرێتەوە, ئەوە یەکەمیان.

دووەم: ئەم جۆرە پرۆژە گەورانە کە دەکرێن لە کوردستان زۆر جانبی دیکە هەیە, دەبێت حکومەتی هەرێم بۆ ئێمەی پەرلەمانتارانی کوردستان لەبەر چاو بگرین, بۆ نموونە پرۆژەی ئەو ئاوە گەورەی کە دەکرێت, رەنگە زۆر زیانمەندیش

**بێت لە رووی ژینگەیەوەو، لە رووی تەندروستییەوە، ئایا لێرە پرس لەگەڵ لیژنەی تەندروستی کراوەو؟ پزیشکانی ئێمە کە لێرە ئەندامن رایان چییە؟ یەعنی حەز دەکەین یەك لە پزیشکانی ئێرە کە ئەندامن و، ئەوانەی کە لە ژینگە پارێزی شارەزان، کە بەداخەوە ئێمە لە پەرلەمان لیژنەیەکەمان نییە، بەناوی لیژنەی ژینگە، بەڵام دەبێت ئەم شتەش بکرێت لە لایەن لیژنەی تەندروستیەوە تەعویز بکرێتەوە، ئاخۆ ئەوە لەناو ژیانی خەڵك پرۆژەیەکی وا گەورە لە تەق تەق دروست دەکرێت، دەبێت زیانەکانی چی بن و، دەبێت پێش وەخت چ میکانیزمێك بگرینە بەر، بۆ ئەوەی زەرەر لە کۆمەڵگای مەدەنی خۆمان نەدەین، هەروەها ئەو کۆمپانیایەی بەو کارە هەڵدەستێت، راستەوخۆ لەگەڵ ئیدارەی کوردستان ئەم کارە دەکات، بەڵام وەکو من تێبنیم کرد لە ئەساسدا لەگەڵ بەغدا ئەم شتە پێشکەش کراوە، لە دواییدا کە دەست بەو پرۆژەیە دەکرێت، ئێمە دیسان دەبێت موراقەبەی ئەوە بکەین ئەندازیار و ستاف و کرێکار لە کوێ دابین دەکەین، زۆر گرنگە تۆ پرۆژەیەکی وا دروست دەکەیت، ئەوە خێر و قازانجێکی موجتەمەعی ئێمەی تێدا بێت، لەبەرچاومان بێت کە زیاتر سوود لە تاقەی مرۆڤایەتی موجتەمەعەکەی خۆمان وەربگرین لە دەرەوە دیسان کۆمەڵێك ئیمتیازات بە خەڵکی غەیری کوردستانی نەدەین ئەمانەشمان لەبەر چاو بێت.**

**هەروەها ئێمە بڕیارمان دابوو، وەکو زەختێك لەسەر هەردوو ئیدارە بۆ یەکگرتنەوە، هیچ پرۆژەیەکیان لێرە تاوتو نەکەین و قسەی لەسەر نەکەین، بۆ ئەوەی زووتر ئەوانە یەك بگرنەوە، چونکە ئەوە وای لێ دێت ئەوان زۆر بە ئیسراحەت هەر پرۆژەمان بۆ بێنن یەك لە هەولێر و، یەك لە سلێمانی، ئێمەش لێرە بڕیاریان بۆ دەربکەین و، ئەوان بەردەوام دەبن لەو کارەی خۆیان، ئیتر زۆر تاخیر بوو ئەو یەکگرتنەوەیە، بۆیە دەبێت لێرەدا ئێمە تۆزێك پێ دابگرین، یاخود ئەمە یەکەم پرۆژە بێت کە دێتە پەرلەمان ئەوا بە ئاسانی تێ بپەڕێت لەسەریان، نەوەك ئێمە شەرت و شرووتی خۆمان بۆیان دابنێین، بۆ ئەوەی زووتر ئەو یەکگرتنەوەیە ئەنجام بدرێت و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، من یەك تکام هەیە، ئەگەر قسەکان دووبارە بوو، ئەو قسانە نەکرێتەوە، چونکە ئێستا زۆر قسە کرا، من بە پەلە وەڵام دەدەمەوە، بۆ ئەوەی لە منیش تێك نەچێتن، چونکە شتەکان و پرسیارەکان گرنگ بوون، دوایێ نەوەك لە بیرم بچێتن.**

**ئیشەکە پەلە پەلە بەڕاستی، چونکە ژیانی خەڵکە، رۆژانەیە، موعاناتی رۆژانەی خەڵکە، ئێمە ئەگەر لە هیچ شتێك پەلە نەکەین، دەبێت لە شتی وا پەلە بکەین، من پێم وایە دواکەوتووین، دەبوایە هەفتەی پێشوو بکرا بوایە، دواکەوتن لەبەر ئەو پرسیارانەی کە جەنابتان ئیشارەتتان پێ کرد، ژینگەیە پرسیارمان لێ کردن، گوتیان دەبێت تێدا بێت، پێشتر باس کراوە، مەسەلەی کێ پارەکەی دەدا، پارەکە چەندە، ئەوانە باس کراوە، دوو کۆبوونەوەشی لەسەر کراوە، ئیدارەی هەولێریش لە کارەبا و پسپۆڕەکان بەشداریان کردووە، هەتا داوای ئەوەیان کرد کە درا بە حکومەتی هەرێمی ئیدارەی هەولێر، بۆ ئەوەی رەئی لەسەر بدات و دەسەڵاتیان نییە، سەرۆکی  ئیدارەی حکومەتی ئیدارەی هەولێر لێرە نییە، پەیوەندیمان بە سەرۆکی هەرێم کرد، ئەو دەسەڵاتیدا لە جیاتی ئەوانەوە گوتی شتێکی زۆر چاکە، بۆیە دیسان پەلەمان کرد و خستمانە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، کێ ئیش دەکات بە تەئکید خەڵکی هاووڵاتیانی ئەوان زیاتر ئیش دەکەن، لە ئەمریکا کرێکاری بۆ ناگرن، رەنگە فەنیینی بۆ بێنن، رەنگە ئەندازیارانی بۆ بێنن، لەگەڵ ئەوانەی خۆمان کە رێگایەك دەبێت بۆ دۆزینەوەی ئیش بۆ کۆمەڵە خەڵکیش لەو ماوەیەدا، منیش لەگەڵ ئەوەم کە هیچ پرۆژەیەك ئەگەر پەلە نەبێتن، ئێستاکە پێویست ناکات بیخەینە بەردەم پەرلەمانەوە، تاوەکو ئەو حکومەتە یەك دەگرێت، بەڵام ئەوە وەکو عەرزم کردن پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بە هاووڵاتیەوە هەیە، ناکرێت لەسەر ئەوە راوەستین، لەسەر هەموو شتێك راوەستین، لەسەر ئاو و کارەبا و سوتەمەنیەکان نابێت راوەستین، دەبێت هەر فەرمانبەرێك، هەر مەسئوولێك لە هەر شوێنێك دابێت، پەرلەمانیش لە پێش هەموویانەوە، هەرچی زووتر چی بۆ بکرێتن بۆ دابین کردنی پێداویستی خەڵك لەم رووەوە، هەر لە گرێ بەستەکە خاڵێك هاتووە، دەڵێت: (کۆمپانیایەکە موافەقەت دەکات لە رووی عەمەلیەوە بەپێی کاری رۆژانەوە، کە کارمەندەکان، کرێکارەکان لەو کارگانەدا وەکو یەك بن و، خەڵکی هاووڵاتی ناوچەکە لەوێ ئیش بکەن، هەتا ئەو بەرهەمانەی کە لە ناوچەکەدا هەبن، پێویست ناکات لە دەرەوە بیهێنن لەوان**

بكرێتن, هەتا ئەو شتانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە صناعەتی دەکرێتن, پێویستی بەو شتەی هەیە لە حکومەتی هەرێمی دەکرێتن, نەك بچێت لە دەرەوە بکرێتن, دەبێت لەلایەن کۆمپانیاکەوە قەبولی هەبێتن, یەعنی ئەمەش وەڵامی درایەوە, فەرموو د.فوئاد.

**بەڕێز د.فؤاد محمد احمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەمە پرۆژەیەکی ستراتیجی درێژ خایەنە, دەبێت رەچاوی ئەوە بکەین کەوا وەکو چەند رۆژێك لەمەوبەر بیستمان, کەوا سەددی بێخمە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا (1500) مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت, ئەمە مانای ئەوەیە دوو ئەوەندی ئەو کارەبایەی کە ئێستا پێویستمانە لە هەموو کوردستاندا, ئەو سەددە بە تەنها بەرهەم دەهێنێت, مانای ئەوەیە لە پاش چوار ساڵ بڵێین ئەگەر ساڵێکی تریشی بخەینە سەر ئەو پرۆژەیە دوابکەوێت, لە ماوەی پێنج ساڵی تردا, ئێمە ئەوەندە کارەبامان دەبێت کە زیاد لە خۆمان, لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێم مانای وایە بۆ پێنج ساڵی دوای ئەوە دەبێت پارەی ئەو کارەبایە ببات, کە ئەم پرۆژەیە بەرهەم دێنێت, لەبەر ئەوە پێم وایە ئەرکێکی دارایی گەورە دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی هەرێم لە دوا رۆژدا واتە پاش پێنج ساڵی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, عێراق بەگشتی بە پرسیاری خۆم لە خەڵکانی شارەزا, جاران پێش پانزدە ساڵ پێنج هەزار مێگاوات کافی بوو بۆ هەموو عێراق, بەپێی دیراسەتێك ئێستا پێویستی بە پانزدە هەزارە, ئێستاکە بە هەموو عێراقەوە کەمترە لە سولس, لەبەر ئەوە ئەوەی بێخمەش ئەگەر سەرکەوتوانە تەواو بێت, دیسان پێویستمان پێ دەبێت, ئەگەر زیاتریش بێت دەیفرۆشین, بەڵام ئەوە چوار ساڵە کراوە ناتوانین بیکەین, لەبەر ئەوەی ئومێد دەکەین بە چوار ساڵ سەد لە سەد بێت, خوا بیکات ئێمە بگەینە ئەوەی سەددی بێخمەشمان هەبێت و شیواشۆکیشمان هەبێت شوێنی تریشمان هەبێت, بەنیسبەت ئەو فەقەرەیەی نازناز خان پرسیاری لەسەر کرد ژینگە, لە گرێ بەستەکە خاڵێك هەیە دەڵێت: (حکومەت ئەو جێگایانە دەست نیشان دەکات, کە ئەو کارگەیەی لەسەر دادەنرێت و, رزگار بوون لە هەموو ئاساری ژینگە و پیسی و ئەو مەشروعە, پێویستە کۆمپانیایەکە موعامەلە لەگەڵ ئەو نیفایەتانە بکات بەشێوەیەکی یاسایی زەرەر بە موجتەمەع نەگەیەنێتن و, دەبێت بەڵگە بداتن کە زەرەر بە ناوچەکە ناگەیەنرێت, فەرموو کاك عیزەدین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی گەلێ جوانەو گرنگە کارەبا بگاتە هەموو هاووڵاتیەك, لێرە تەجروبەیەکمان هەیە, تەجروبەی (29) مێگاواتی, ئەو تەجروبە (29) مێگاواتەیە دامانناوە, کە جەدوای ئیقتیصادیا وی هیچ تەکلیفاوی, ئەگەر بهاتبا ئەو تەکالیفا وێ مەشروعێ (29) مێگاواتی دابا مۆلیدات و, دابا خەلکەکی دی, وابزانم هەتا رۆژێ ئەو خەلکە قازانج بکردبا, واتا ئەو مەشروعە, ئەو پرۆژە نە لە سلێمانی, نە لە دهۆك, نە لە هەولێر ناجح نەبوو فاشل بوو, تەنیا وابزانم دوو مەکینە لە دهۆك ماوە, ئەوی تر هەموو لە کار کەتینە و فاشل بوو, ئینجا تا تووشی ڤێ موشکیلە نەبین دیسان هەتانوکە وەك ئەندازیار, وەك مەشروعێکی هەندەسی جێگای ئیقتیصادی تێدا هەبێتن ئیستیمراریا وی مەشروعە چەند ساڵ تەواو بوو نەکەوتۆتە بەر دەستێ مە, تاکو دیراسەتی بکەین, من بزانم ئەو لیژنا دیراسەتی ئەڤ تشتە ئەکید بەرچاڤێ خۆ دانایە لێ وەك پەرلەمان وەختێ ئەو پەرلەمانە باوەڕیەتێ بداتە وان, ڤێ ئەم فەشل نەبین ساڵێك, دوو ساڵە فەشل نەبین تێدا, ئەڤە ئێك.

یا دوێ/ من وەکو تەجروبە پرۆژەی (29) مێگاواتی مە گەلەك پارە لێدا, ئەو پارە کە دامانا بە مۆلیدە بدات بە خەڵکەکی دهۆك کارەبا هەبوو, یا دوێ بێژتن ئەو لازم هەموو هاووڵاتی فایدەی ژینگە بکەن, ئەرێ زەمان چییە ئێك ئەگەر نەهاتوو بارودۆخێ وەزعەکە نە رەشبینی ژی زەمان چییە؟ فە ئەز پێشنیارێ دکەم لیژنەك پەرلەمان دابنێت سەرپەرشتیا تەتبیقا دوو پرۆژە بکاتن, ئان موتابەعەی ئەو پرۆژەیە بکاتن, تا هەموو هاووڵاتی قازانجی لێ ببینێتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, لەناحیەی فەنییەكە بەجێ بێڵن بۆ لیژنەی پیشەسازیی, بەڵام دوو خاڵ دەڵێم, یەك: ئەوەیە ئەو خاڵەی ئیسارە كرا, فەشل هێنانی ئەو پرۆژەیە, وەڵامەكە ئەوە بوو ئێمە هیچ پارەیەك زەرەر ناكەین, بینای ئەو پرۆژەیە, ئەو مەحەتەیە, ئێمە پارەی نادەین, ئەگەر فەشلی هێناوە, پارەمان نەداوە هەتاكو ئێستا غەم بۆ ئەوە بخۆین, كۆمپانیایە ئەمریكیەكە مەسئوولە, ئەگەر فەشل بێنێت, ئێمەش پارەی نادەینێ, یەعنی ئەگەر ئەوان بە پوختەیی كارەبایەكەیان دا, ئێمەش كرێیەكەیان دەدەینێ, ئەگەر فەشلی هێنا خۆی تەحەمولی مەسئوولیەت دەكات, وەكو (29) مێگاواتییەكە نییە, لێرە لە خاڵێك نووسراوە, بۆ ئەوەی لێرە تۆزێك بەباشی باسی بكەین, كە دەڵێت (وزەی كارەبا بەپێی بەرنامەی داڕێژراوی هەمە لایەنە لەبەرژەوەندی گشت هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان دەبێتن), ناتوانین بڵێین ئەو مەحەتەیە هەمووی بۆ كوردستانە, ناكرێتن, بەڵام وزەی كارەبا بە بەرنامەیەكی داڕێژراو كارەبامان هەیە لە دوكان, كارەبامان هەیە لە دەربەندیخان, مەحەتەمان هەیە لە دوبز ئەوە بێتە سەری لەهەر شوێنێكی تر بەرنامەی دەبێتن, موئەسەسەی كارەبا دەبێتە یەك موئەسەسە بە عەدالەت دەبێتن, خۆ ئێستاش بە ئیتیفاقە, تەوزیعی ئەو كارەبایە بە ئیتیفاقە, بەپێی بەرنامەیەكە, ئەوەش داخیلی ئەو بەرنامەیە دەبێتن, بەڵام لێرەوە لیژنەیەك دابنێین بۆ ئەوەی موتابەعەی ئەوە بكاتن, ئەوە ئیشی ئێمە نییە بە حەقیقەت,  ئیشی ئێمە بەڵێ چاودێری كردنی هەموو وەزارەتی صناعە دەكەین زمنی ئەوە كارەبا, لە دوارۆژدا ئایا تەوزیعەكە عادلە, یان نا, ئێمە ئەو فەقەرەیەمان خستۆتە سەر وەكو شتێكی تەئكید لەوەی كە پێویستە وا بكرێت, ئەگینا ئەوە پرنسیبە, مەبدەئێكە, بەڵام بۆ تەئكیدی ئەو مەبدەئە خراوەتە سەر ئەوەوە, ئەگەر لیژنەی پیشەسازی لەسەر مەسەلەی (29) مێگاواتە قسەیان هەیە فەرموو.

**بەڕێز ایدن عثمان ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت جەدوای ئیقتیصادی, یەكەم جار بە نەوتی خام ئیشی پێ دەكەین كاك عیزەدین تۆ ئەندازیارێكی كارەبایی لێی دەزانی فەرقێكی زۆری هەیە لەگەڵ (29) مێگاواتی تۆ, یان پێنج مێگاواتی تر قسەی لێ دەكەین, یان ئەو مۆلیدانەی دانراون لە كۆڵانەكان و كارەبا بەرهەم دێنێت, فەرقێكی زۆر زۆری هەیە لەگەڵ ئەوەی بە نەوتی خام ئیش دەكات, سیستەمەكەشی ئەوهایە دەتوانین بە نەوتی خامیش ئیشی پێ بكەین, بە نەوتی رەشیش ئیش دەكاتن, لەبەر جەدوای ئیقتیصادی نەوتی رەش بەلاشە, پرۆژەیەكی گرنگیشە, داخیلی كارەبای كۆیە و سلێمانی و هەولێریش خەتی بۆ رادەكێشین لە دوا رۆژ, هەموو دەبێتەوە یەك پرۆژە لەگەڵ (132)ەكەی دەبێتە یەك جەدوەلی ئیقتیصادیمان دێتە خوارێ, ئەوە یەك.

دوو/ جەدوای ئیقتیصادی حیساب ناكرێت لە حكومەت بۆ میللەتی كارەبا, دائیمەن خەسارەت دەكاتن, دەبێت حكومەت كارەبایەكە دابین بكاتن بۆ میللەت بە هەر چ شێوەیەك بێتن, جەدوای ئیقتیصادی حیساب ناكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە بەڕاستی دوو جانبی ئەساسی دەگرێتەوە یەك لە دوای یەكە, كە بەرژەوەندی هەموو مەنتیقەی تێدایە, یەكێكیان ئەوەیە كارەبایە كە ئەمرۆ زۆر زۆر پێویستیمان پێیە.

دووەم/ ئەو مەسفایەی كە دادەنرێتن, ئەو نەوتە رەشەی كە ئینتاج دەكرێت, دەبێت لێی تەواو بێت و بە پارە فرێی بدەن و لێی كۆتایی بێنن, ئەو نەوتە رەشە بەكار دێتن لەو مەسفایە, لە ناحیەی ژینگە فلتەراتی تایبەتیان داناوە لە گرێ بەستەكەش دیار كراوە, بە واستەی ئەو فلتەرانە ئەو زەرەرو زیانە بە ژینگە هەبێتن نامێنێت و چارەسەر دەكرێت, پاشان ئەو مەشروعە لە ماوەی یەك ساڵ تەنفیز دەكرێت, ئێمە كێشەكەمان لەوەیە زوو ئەو ساڵە كۆتایی پێ بێتن, تاكو ئەو ساڵە بگەینە كارەبای پێویستمان بەڵام مەوزوعی چوار ساڵ و پێنج ساڵ سێ مەشروعی تر هەیە, مەشروعی

ستيراتيجى له بەرنامەی (2006 و 2007 و 2008) وەختێكی زۆری دەوێت و, ناحيەی ئابووريش ئەگەر تەشجيعی ئەو جۆرە ئيستيسمارەيە بكەين, دەتوانم بڵێم زۆر كۆمپانيای تريش روو لە ئێمە دەكەن و, دەبێتە متمانەيەك بۆ مەنتيقەی ئێمە, بۆ پێش خستنی مەنتيقەی ئێمە لە زۆر بواری تردا تەنيا كارەبا نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەست خۆشی لەهەر لايەنێك و لە هەر كۆمپانيايەك دەكەم, كە بێن خزمەتگوزاری بۆ كۆمەڵگەی ئێمە دابين بكات, بەلأم نەقدێكم هەيە لەسەر قسەی جەنابت لەسەر ئەوەی كە ئەو پرۆژەيە دەبێت زۆر بە پەلە جێ بەجێ بكرێت, لەبەر ئەوەی ئيحتياجاتی ئەوەليیە, من پێم وايە ئەوە بە موهيمتری دادەنێی لە يەكگرتنەوەی دوو حكومەتەكە, پێت وايە دەبێت ئەوە خێراتر بێت, من پێم وا نييە ئەوە گرنگترە, لەبەر ئەوەی كاتێك تۆ دوو ئيدارەت هەبوو, ولأتەكەت پارچە پارچە بوو, ململانێ بوو لەناو خۆ, كەواتە تۆ ولأتت نييە, خاكت نييە, كە ولأت و خاكت نەبێ من كارەبام بۆ چيە, بۆيە ئێمە لێرە دەكرێت ئەو كێشەيە چارەسەر بكەين, بەوەی كە ئيدارەی سلێمانی لابدەين, يەعنی بەسە ئيدی, تا بيكەينە حكومەتی هەرێمی كوردستان, هەر كێ ئەو پرۆژانە تەقديم دەكات سوپاسی دەكەين, چونكە من نوێنەری ئيداری سلێمانی, يان ئيدارەی هەولێر نيمە, من نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستانم, بۆيە حازر نيمە بڕيارێك لەسەر پرۆژەيەك بدەم لە لای حكومەتێك دەربچێت, بۆيە با بێين ئێمە بەناوی ئيدارەی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەردوو ئيدارە با بەشدار بن لە جێ بەجێ كردنيەوە, ئەوە شتێكی خزمەتگوازريە, هيچ كێشەيەكيش دروست ناكات, كێشەيەكی سياسيش نييە, دەبێتە هەنگاوێك بۆ يەكگرتنەوەی دوو ئيدارەكەو تەشجيع كردنيشە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس چنار خان, بەلأم بەشی دووەمی قسەكەت مەنتيقی بەجێيە, بەلأم واقيعيش هەيە, ناتوانين بێينە سەر واقيع, تەوحيدی حكومەتی هەرێم ويستێكی گەلی كوردستانە, ويستێكی مێژووييە, هی پەرلەمانە, هی حزبەكانە, هی هەموو خەڵكێكە, بەلأم ژيانيش ناتوانين وا رايبگرين, ئەگەر بێتو دواكەوت, ئەمە ژيانە, كارەبا, ئاو, سوتەمەنی ژيانی خەڵكە, ناتوانين رايبگرين, لەبەر ئەوە خستومانە بەرنامە, ئێستا ياسامان هەيە لە ليژنەی دەستووری لە ليژنەی ياسايی, ئەگەر سەردانەكيان بكەين تەماشايان بكەين, رەنگە چەندين پرۆژەی ياسايی هەبێت هەموومان راگرتووەو, هەندێكيش پەيوەندی بە كاری حكومەتەوە هەيە, لە پێشی هەموويانەوە پرۆژەی ئيستيسمار, كە مەسەلەيەكی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانن هەردوو حكومەت كاری پێ بكەن رامان گرتووە, هەتا يەك نەگرن نايكەين زۆر شتی تريش, هەتا مەسەلەی تيرۆريستيش, كە ئەويش گرنگە زۆر, گوتومانە پرۆژەيەكمان تەقديم بكەن بە موشتەرەكی هەردووكتان پێكەوە ئيمزای بكەن, ئەمە رێگا ناگرێتن, ئێمە سوورين لەسەر ئەوەی كە دەبێت ئەو دوو حكومەتە يەك بگرنەوە و, هەڵوێستيشمان هەيە لەسەر ئەوەو دەشبێتن داواشيان لێ دەكەين دووبارە و سێ بارەو دە بارە, بەلأم ژيانی خەڵك ناتوانين رابگرين, ئەمە عەرزم كردن ئەوە ژيانی خەڵكە, كاك سمكۆ فەرموو.

**بەڕێز سمكۆ طاهر محمد دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە مەسەلەی كارەبا مەسەلەيەكی گرنگە و پێويستە ئەمڕۆ, بەلأم مەسەلەی نەوتيش وا ئاسان نييە, ئێمە وا بە ئاسانی دەستی لێ بدەين, يەعنی ئەويش سامانێكی نيشتمانييە, سامانی هەموو هاوولأتييەكە, من لێرە پرسيارێكم هەيە ئايا ئەو كۆمپانيايە كە گرێ بەستی لەگەڵ كراوە هەموو بيرەكان ئيستيغلال دەكات, يان پێويستی بە كەميەك هەيە, بەس ئەو گرێ بەستەش كە بڵێين سی لاپەڕەيە, پێويستە ئەوە لەسەر ئێمە عەرز بكرێت, بڕيار بدەين لەسەری, مەسەلەن ئەو بيرانەی كە ئيستيغلال دەكرێتن, چۆن دانيشين, ئێستا بڕيار بدەين, ئێستا ئەوە گرێ بەستێك كراوە سی

لاپەڕەیە ناخوێندرێتەوە, با بخوێندرێتەوە دوو رۆژیش ببات, با ئێمە بە حوریەتی خۆمان رەئی لەسەر بدەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك سمكۆ, مەسەلەی نەوت هەمموومان دەزانین زۆر گرنگە بە تەئكید وایە, بەلأم ئەو سی لاپەڕەیە ئەگەر بخوێندرێتەوە ئیشی فەنییەكان چییە, ئەی لیژنەی پیشەسازی لێرە دانیشتووە چیە, غێر پێمان دەلێن ئەو لە رووی پیشەسازییەوە باشە, لیژنەی یاسا پێمان دەلێن لە رووی یاساییەوە باشە, ئەگەر شتێك بە كشتوكالەوە رەبت بوو پێمان بلێ باشە, ئەگەر بێتو ئێمە هەموو تەفاسیلێك لێرە باس بكەین, ئەی ئەو لیژنانە چین؟ ئەی بۆ لێرە دانیشتوونە, لیژنەكان پێمان دەلێن و بۆمان شەرح دەكەن, پوختەی رەئی ئەوان نەقل دەكەین بۆ ئێوە, ئەگەرنا ئەو لیژنانەمان هیچ نالێن, من سبەینێ مەوزوعێكی پەروەردە باس دەكەین پەنجا لاپەڕە لە لایەك نووسراوە, سەد لاپەڕە پرۆژەیەكی تر نووسراوە, دەكرێت هەمووی بخوێنینەوە, نەخێر, لیژنەی پەروەردە پوختەكەی بۆمان دەلێتن, دوو سێ ئەندام دێن لێرە دادەنیشن, ئەگەر پرسیارێكمان هەبێت وەلأممان دەدەنەوە, ئێستا لە ماوەی سێ چوار پرسیاری دكتۆر و نازناز خان و ئەوانە چوار پێنج بەلگەمان بۆ شەرح كردن كە وەلأمی هەبوو, كە پەسند كرا بوو لەلایەن لیژنەی پیشەسازی, كە ئەو مەشروعەی دیراسەت كردووەو, پەسندی كردووە, هەموو ئەو پرسیارانەی وەلأم داوەتەوە, مەسەلەی ژینگەیە, نەوتە, چۆنیەتی دابین كردنە, نرخی كارەباكەیە, گونجاوە لەگەل قودرەتی خەلك پارەكەی بداتن, یان نا, هەموو ئەو پرسیارانە لەم لا پەسند كراوە, بۆیە هاتۆتە ئێرە, ئەگەر جارێكی دیكە یەك بە یەك, خال بەخال بچینەوە سەری, بەخوا بە چوار سەعاتیش تەواو نابین و ئیشیشمان ئەوە نییە بەڕاستی, سیقە بەو لیژنەیە دەدەن كە خۆمان هەلمانبژاردووە, چ لیژنەی یاسایی بێت, چ لیژنە جیاجیاكانی ناو پەرلەمان بێت.

**بەڕێز سمكۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چەندی ئیستیغلال دەكرێتن, ئایا هەموو بیرەكان ئیستیغلال دەكاتن, یان پێویستی پێیەتی, مەسەلەن سالێ ملیۆنێك بەرمیل دەدات, سوپاس.

**بەڕێز ایدن عثمان ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاكە یەك بیر ئیستیعمال دەكرێت, ئەگەر پێویستی پێ بێت, ئەگەر بیرەكە پوچەل بوو, ئەوە بیری تر لێ دەدرێتن تەئمینی بۆ دەكرێت.

**بەڕێز سمكۆ طاهر محمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ بزانم چەند بەرمیلی پێ دەوێت, خۆ ئەو عەقدەی كە كراوە, دەبێت بزانین سالأنە چەند لیتری پێ دەوێت, خۆ یەك بیر ئیستیغلال بكات, لەوانەیە ئەو بیرە دوو ئەوەندی خۆی زیادە, سوپاس.

**بەڕێز ایدن عثمان ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەلێ وایە, بەس لەوێ لیژنەی سلێمانی ئەوەی دیراسە كردووە, لیژنەی فەنی خۆیان, دیارە دەگونجێت لەگەل ئەو بیرە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنە فەنییەی كە هات ئەوەی بە ئێمە راگەیاند, ئێمە دەبێت تەئمینی حاجەتی مەشروعەكە بكەین, حاجەتی مەشروعەكە رۆژانە حەوت هەزار بەرمیل نەوتە, ئەوەی كە بە ئێمەیان راگەیاند, بەلأم ئینتاجی مەسفایەكە زۆر زۆر لەوە زیاترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆرە هالە.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گومانمان نییە, کە پرۆژەکە پرۆژەیەکی ئابوورییەو خزمەتگوزاریەکی یەکجار زۆر بە کۆمەڵ دەگەیەنێت, بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە کە وەزارەتی ژینگەمان نییە لە کوردستان, ئومێدمان زۆرە لە ئیدارەی یەکگرتوو ئینشائەڵڵا ئەو وەزارەتەمان دەبێت, ئێستا ئەو وەزارەتەی بەو ئیشە هەڵدەستێت وەزارەتی تەندروستییە, کە بەشی ژینگەی هەیە مەرجی داناوە بۆ ئەو جۆرە پرۆژانە کە دەکرێت, ئەو مەرجانەش ئێمە پێمان خۆشە ئەگەر لە هەموو ئەو جۆرە پرۆژانە باس بکرێت, چونکە پەیوەندێکی راستەوخۆ بە تەندروستی مرۆڤەوە هەیە, یەك لەوانە ئەو نەوتەی کە بەکار دێت نیسبەی کبریت زۆر گرنگە, ئەگەر بێتو رێژەی کبریت لە (3٪) زیاتر بێت, ئەو نەوتە نابێت بەکار بێت, دەبێت نەوتی سپی بەکار بێت, مەوقیعی مەشروعەکەش زۆر گرنگە, بەلای کەمیەوە دەبێت هەشت کیلۆمەتر لە دانیشتوان دوور بێت, هەروەها دەبێت دووکەڵ کێشەکان سێ سەد فوت بڵند بن, زۆر خاڵ هەیە زۆر گرنگە باس بکرێت, هەتا گازە ژەهراویەکان, ئێستا زانستی نوێ وا دەکات ئەو گازانە بەکار بێن بۆ مەبەستی پیشەسازی, ئەو شتانە پێمان خۆشە هەمووی باس بکرێت لەو پرۆژەیە, چونکە درێژ خایەنە دە ساڵ ئێمە ئیستیفادەی لێ دەکەین و, لەوانەیە بیست و پێنج ساڵی تریش ئەگەر ئەو شتانە باسی لێیەوە بکەین, لەوانەیە زۆر شت ئیستیفادەی لێ نەکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, مولاحەزەکانی دکتۆرە هالە لە جێی خۆیەتی, ئینشائەڵڵا وەزارەتی ژینگەش دەبێت و لێرەش لیژنەی ژینگە هەیە لەگەڵ تەندروستی, ئەو کاتە لێکیان جیا دەکەینەوە, هەر تەنیا پێویستیمان بە موراقەبەی ئەوە نییە, ئەگەر بێتو جارێکی تر ژینگەمان هەبێت و ئیشێکی یەکجار زۆری هەیە, چونکە زۆر کارگە هەنە بەڕاستی هیچ پرنسیپەکانی نەکردووە, یەعنی هیچ لەناو شارەکانیش, ئینجا ئێوە تەقدیمی بکەن بۆ لیژنەکەو دەیدەن بە سلێمانی و, بۆ ئەوەی رەچاوی بکەن, زۆر سوپاست دەکەین, کاك حەمە رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید (حمە رشید ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی ئەو پرۆژەیە دەکەین, جێی دەست خۆشییە, ئەو پرۆژەیەی کەوا خزمەت بە میللەت بکات لە هەر شوێنێکدا بێت, لە هەر ئیدارەیەکدا بێت, گرنگ ئەوەی کەوا خزمەتێك بگەیەنێت بە میللەت, ئەوەی کەوا من مولاحەزم لەسەر هەیە بەشی زۆری پرسیار بوو دەمویست بیکەم وەڵام درایەوە, بەڵام مولاحەزەیەکم هەیە دەمەوێت لە ئێستاوە بیڵێم, کاتێك کە تەکلیفە پارەیەکی یەکجار زۆری دەوێت, تەکلیفی نەوتێکی زۆری دەوێت بۆ ئینتاجی کارەبا, گرنگ ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم پارەی کارەبا لەسەر میللەت زیاد نەکات بە بیانووی ئەوەی کەوا ئینتاجی زۆری هەیە, یەعنی موحاوەلە بکات کەمتری بکاتەوە, یان نرخەکەی کەم بێت لەوەی کە دەیبێت, لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەو مولاحەزەیەش دەگەیەنینە حکومەتی هەرێم و ئیدارەی سلێمانی و هی ئێرەش, ئینشائەڵڵا حکومەتی یەکگرتووش, فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی سەرەتاییە, یاخود کلیلێکە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژەی سیتراتیجی, بەداخەوە ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان جێ بەجێ کردووە لە کوردستاندا پرۆژەی خزمەتگوزاری, نەك بەرهەم هێنان و گەورەو, کە بنکەی ئابووری وڵات بەرەو پێش بەرێت, ئەمە ئیشێك بێت بۆ ئەو سەرەتایانە, ئەمە کلیلێك دەبێت بۆ کردنەوەی ژمارەیەك لە پرۆژە, جێگەی دڵخۆشییە, بەڵام بەداخەوە پرۆژەکە کاڵ وکرچشی پێوە دیارە, دیارە وەکو

پێویست دیراسەت نەکراوە، یاخود نەتوانراوە بە ئێمە بگەیەنرێت، بۆیە بەڕاستی زەحمەتە ئێمە لێرە بتوانین وەکو پێویست بڕیاری لێ بدەین، زۆربەی زۆری ئەو بیرو بۆچوونانەی من بە تەنها بڵێم و نازناز خان و چنار خان سوپاسیان دەکەم گوتیان دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام من پرسیارێکم هەیە، ئاخۆ ئەم پرۆژەیەی خراوەتە بەردەمی ئێمە بەم صیاغەیەی ئێرە بۆ ئیدارەی سلێمانی تەکرسێك نییە بۆ تەقسیمەکە، من ئەو پرسیارە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی پرسیارەکە پێشتر دامەوە، تەکریس نییەو، ئێمە ئاماژەشمان پێ کردووە، کە گرێ بەستەی ئەوان ئینتیقال دەکات بۆ حکومەتی یەکگرتوو، یان حکومەتی هاوبەش، یان ئەو حکومەتەی کە چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام وەکو گوتم ناکرێت راوەستیتن، لەسەر ئەوەش تەکریس نابێتن، ئەگەر تەکریس بێتن، خوا نەخواستە پێشل بوو و ئەوانە، ئێمە قۆناغێکی زۆرمان بڕیووەو ناگەڕێینەوە ئینشائەڵڵا، کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی ئەوەی کە من دەمویست باسی بکەم، کاك سمکۆ دزەیی و نازناز خان باسیان کرد، ئەو سەرنج و تێبینیانەی دەمویست بیانڵێم نازناز خان و کاك سمکۆ باسیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش سوپاست دەکەم، کاك محەمەد ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی پرسیارەکانم قسەی لەسەر کرا، بەتایبەتی ئەوەی نەوت و کەمییەکەی کە دێتە بەکارهێنان، کاك سمکۆ باسی کرد، ئەوەی من دەمەوێ پرسیار بکەم لە جەنابتان و لە لیژنەکە، ئەکسەریەکە بە دوو سەنت دەدرێتە حکومەت، ئایا حکومەت بە چەند دەداتە هاووڵاتی؟ ئێستا چونکە زۆربەی ئەو کارەبایەی کە حکومەت دەیکڕیتن لە تورکیا و لە ئێران زۆر گرانترە لەوەی کە هەیە، بەپێی و سەنت بە چەند سەنت دەکڕێت، بە چەند دەداتە حکومەت، ئەوی دیکەش تەمەنا دەکەم ئەوە وا نەگەیەنێتن، کە یەکگرتنی هەردوو حکومەت و حکومەتی کوردستان درێژ دەبێتن، یانیش نابێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، واجیبی حکومەتە ئەرکی هاووڵاتی زیاد نەکاتن، دوو نرخ نابێتن، ئەوەی لەو کارەبایە وەردەگرێتن زیاتر بێتن لەوەی ئەوێتر، بەرنامەیەکی عام دەبێتن، نرخی کارەبا دەبێت تەنزیم بکرێتن، بە تەئکید لەبەر رۆشنایی ئەوە دەبێت حکومەت رەچاوی ئەوە بکاتن، چونکە کارەبا بۆ توێژەکانی خەڵکە، خەڵکی ئێمەش زۆرینەی قودرەتی ئەوەیان نییە پارە زۆر بدەن بۆ کارەبا، لەبەر ئەوەی پێویستە حکومەت رەچاوی ئەوە بکات، ئەگەر بە پێچەوانەوە کارەبایەکە تەحەمولی نەکرد، دەبێت حکومەت لە بودجەی خۆی پارەی بدات و نەهێڵێت ئەرك بکەوێتە سەر هاووڵاتی و، ئینشائەڵڵا کار ناکاتە سەر ئەوەی ئەو دوو ئیدارەیە زیاتر بەردەوام بن لەسەر دوو ئیدارەیی، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەکی دڵخۆشکەرە و، پشتیوانی دەکەم، بەڵام بۆ تەئمین کردنی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، من وای بە پەسند دەزانم، لەبەر ئەوەی ناوی نەوتی شیواشۆك هێنراوە لەگەڵ پرۆژەکە، دوای دە ساڵ پرۆژەکە و نەوتی شیواشۆك تەسلیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، یەعنی باسی نەوتەکە بکرێت، چونکە کۆنتراکت ئەگەر تەحدیدی نەکەی لە دوارۆژدا، لەوانەیە کێشەمان بۆ درست بێت و، بۆ خەڵکی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا جەمال ئەوە لە دەستووری عێـراق و، لـە دەسـتووری خۆشمـان و پرەنسـیبی نـەوت و غـاز و ئەوانـە مـوڵكی میللـەتن، نـاوی نـەوتی شیواشـۆك هـاتووە، مانـای ئـەوە نییـە مـوڵكی حزبێكـە، یـان مـوڵكی ئیدارەیەكـە، مـوڵكی میللـەتن، ئـەوە بڕاوەتـەوە لـە دەسـتووری عێـراق هـاتووە، دوایـێش لـە لای حكومـەتی تەوحیـد بـوو، ئـەو گرێبەسـتە مەسئولیەتەكەو ئیلتیزاماتەكەی و هەموو شتەكانی ئینتیقال دەكات بۆ حكومەتی یەكگرتوو، فەرموو كاك ئاخێر.

**بەڕێز اخر شیخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برادەران بەشێك لە پرسیارەكانی منیان وەڵام داوە، بەڵام بە وازیحی نەبوو، پرسیارەكەم ئەوەیە ئایا رۆژی حـەوت هـەزار بەرمیل نەوت لە مەسفاتی شیواشۆك دەدرێت، موقابیل بـەوە هـیچ شـتێك دەدرێتـە حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان، یـان هەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو حەوت هەزار بەرمیل نەوتە، نەوتی خامە تەسفیە نەكراوە، بە خامی سەرف دەكرێتن، بـۆ قۆناغێكـە تـا مەسفایەكە دادەنرێت، كە مەسـفایەكە دانـرا بـە نـەوتی رەش تـەعویز دەكرێـت، مانـای هـیچ مەسـرەفێك تـەكلیف ناكـات لەسەر حكومەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو وقودەی كە دەدرێتە ئەو مەحەتەیە، تەبعەن بە بۆری لە مەحەتەكەوە رەبت دەبێت، لـە مەسـفایەكەوە رەبـت دەبێتە ئەو مەحەتەیە، ئەو نەوتەی كە دەدرێت مەجانییە، موقابیـل ئـەو مونشـەئاتەیە هـی ئـەو مەحەتەیـەی كـە ئـەو كۆمپانیایە هێنایـەتی نەصبی دەكات لـە كوردسـتان، پاشـی دە ساڵی كـە ئـەو نەوتـە مەجانییـە دەدرێـت موڵكیـەتی ئـەو مەحەتەیە بۆ هەرێمی كوردستان دەگەڕێتەوە، مەوزوعەكە بەو شكلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی زیمنی ئەو كۆمپانیایە هەموو میزانیـە و، هـەموو مەسـروفاتی دانـانی و بـەكارهێنانی مـەكائین و هێنـان و دانـانی بینایەكە لەسەر ئەوەیە، حكومەتی هەرێمی ئیدارەی سلێمانی لەو قۆناغەدا مەسئولیەتی ئەوەیە یەك نەوتی خامەكەی بداتێ، دووش دابینی ئاسایش بكاتن و موحافـەزەی بكاتن، پاشـان كـە تـەواو بـوو، بـەپێی ئـەو ئیتیفاقەیـە، بـەپێی ئـەو نرخەی كە دیاری كراوە، كە بە رەئی برادەران لە لیژنەی پیشەسازی و لیژنـەی یاسـایی نرخەكـەی گونجاوە، مانگانەیـە، یان ساڵانەیە كرێیەكە دەداتە كۆمپانیایەكە تا ماوەی دە ساڵ، خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من زۆر خۆشحاڵم كە پاش ئەوەندە مانگە، خاڵێك لە بەرنامەی ئەمڕۆمانـدا، بـۆ موناقەشـە كردنـی پرۆژەیەكـە كە پەیوەندیەكی راستەوخۆی بە ژیانی خەڵكەوە هەیە لە لایـەك، لـە لایـەكی دیكـەوە پەیوەندیـەكی تونـدی بـە ژیـان و بنـەمای شارسـتانییەوە هەیـە، مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم لەگـەڵ ئەنجامـدانی ئـەو پرۆژەیـەم، سـەرەڕای ئـەو ئیشـكالیاتە قانونیانـەی كـە دەزانم ئـەو موئەسەسـەی ئێمـە وەكـو پەرلـەمان روو بـەڕووی دەبێتـەوە، دوو پرسـیارم هەیـە، هەنـدێك پرسیاری ترم هەبوو وەڵام درایەوە لە لای جەنابتانەوە، كە هاورێیان پێش من كردیان، ئێمە وەكو پەرلـەمانی كوردستان

دەسەلاّتمان چییە بەسەر ئەو دوو ئیدارەیە، لەگەلّ رێـزم بـۆ هـەردوو ئیدارەکە، هـەردوو ئیدارەکـە بەرپرسـێتیان چـییە بەرامبەر بە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان.

پرسیاری دووەمم/ هـەموو حکومـەتێك لـە حاڵـەتی ئووسـوڵی و لـە هـەموو دنیـا، کـە لـە پەرلەمانـەوە یـەعنی ئینبیسـاق دەکات، بەرنامەی خۆی عەرزی پەرلەمان دەکات، ئەکید لە پەرلـەمان ئەولـەویاتی خـۆی هەیـە، لـە هـەر فەقەرەیەکیشـدا ئەولەویاتی خۆی هەیە، میزانیە دادەنرێت بە پێی ئەوەو هەتا دوایی، ئێمە ئێستا بە پرۆژەیـەك نـاوی هـات بـە پـرۆژەی ئیستیراتیجی، کە بەڕاستی من نەچوومەتە تەفاسیلیەوە، چونکە مـن مەتڵەبمـە ئـەوە ببێـت وەکو دەسـتکەوتێك، بـەلاّم پرۆژەیەك بەو ئاستە، ئەمە سبەینێ دیسان شتێکی تـری ئـاوا بەرنامەیـەك بـە پچـڕ پچـڕ تەقـدیم بکرێـت، فەوزایـەك و ئیرباکێك دروست ناکات؟ کە ئێمە وەکو پەرلەمان بەشێك دەبین لێی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارەکانت بە جێی بەڕاستی، ئەگەر لە تاقی کردنەوە بـاین دەمـانگوت پرسـیاری قـورس و گرانمـان بـۆ دێـنی، بەلاّم دیسان ئەگەر پرسیار گرانیش بێت، دەبێت وەلاّم بدرێتەوە، ئەگەرچی رەنگە وەلاّم دانەوەکەش بۆ تۆ قـورس بێـت، عەفوم دەکەی تێگەیشتنەکەی بۆ هەندێکیان، یەکەم پەرلەمان لە کوێوە هاتووە؟ لـە هـەواوە نـەهاتووین و، دەزگایـەکیش نین، بەرەنگار و، یان مونافیس و، یان دژی ئیدارەی سلێمانی، یان ئیدارەی هەولێر بین، یـاخود بـەرەنگاری، یـان دژایـەتی هیچ حزبێك بین، بەڵکو ئێمە تەواوکەری یەکترین، حزبەکان دەست نیشانی ئێمەیان کردووە، هەر حزبێك گوتویەتی بـۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەو لیستە دادەنێم، ئەویش گوتویەتی کەواتـە ئـەو قوەتـەی لێـرە هەمانـە، هـەم قـوەتی حکومەتـە، هەم قوەتی حزبەکانە، بۆچی؟ بۆ دوو شت، یەك/ دانانی یاسا.

دوو/ بۆ چاودێری کردن بەشێوەیەکی پرەنیسیپ.

بۆیە من پێم وایە پەرلەمان جگە لەو مافانەی کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقـدا هـاتووە، جگـە لـە بەرنامـەی خـۆی کـە بـۆ خـۆی داینـاوە، جگـە لـەوەی کـە لـە دەسـتووری هـەرێم دەسـت نیشـان دەکرێـت، لـە رووی عەمەلیشـەوە یاسـاییە کۆمەلاّنی خەڵك چاوی لێیەتی و پشتگیری لێ دەکەن، حزبەکانیش بـەپێی پرەنیسـیپ، بـەپێی ئـەو خالاّنـەی کـە وتم لـە بـەینی خۆیـان دەزانـن، ئـەم پەرلەمانـە سـەرکەوتوو بـێتن، سـەرکەوتنە بـۆ حکومـەت، بـۆ میللـەت، بـۆ حزبـەکان، ئـەم پەرلەمانە ئەگەر فەشل بێنێتەوە خوا نەخواستە، فەشەلە بـۆ حزبـەکان، بـۆ هـەردوو حکومـەت، دواکەوتنـە بـۆ قۆنـاغی خەباتی گەلەکەمان، لەبەر ئەوە من پێم وایە پەرلەمان پێویستە بەو شێوەیە تەماشای بکەین، خۆشمان لە پێشی هـەموو کەسێکەوە بەو شێوەیە بین، لە پێش هەموو شتێکەوە زیـاتر دەتـوانین بـەقوەت بـین، زیـاتر دەتـوانین بـە دەوری خۆمـان هەڵبستین، ئەگەر بێتو ئێمە بە چـاوی مەسـئوولیەتەوە تەماشـای ئیشـەکانمان بکـەین، یـەعنی هـەر یەکـە لـە خۆمانـەوە بـزانین ئەرکـەکانمان چیە؟ خـەڵك بزانێـت ئـەرکمان چییـە، لـەوەدا بـەدوای کێشـەی خـەڵك دەڕۆیـن، ئـەوە یەکێکـە لـەو ئەرکانـە، ئـەو مولاحەزەتانـەی کـە هەیـە لەسـەر ئـەو پرۆژەیـە، قەیـدی ناکـات بـە جێیـە، بـەلاّم لەمـەڕ پێداویسـتی ئـەو پرۆژەیە چەند گرنگە، چونکە بۆ هاوولاّتیان، هەموو ئەو شتانە یەکلا دەکەینەوە، مەترسیەکان کە باسـی دەکـەن کۆسـپ دەبێت لە زیاتر پتەو کردنی ئەو دوو حکومەتە، لەجێی خۆیەتی، بەلاّم من پـێم وا نییـە ئـەوە دەبێتـە کۆسـپ، فـەرموو خاتوو پەخشان.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فیعلەن وەلاّمەکان قورس بوون، بەلاّم من ئینتیلاقەن لە شعور بە مەسـئوولیەت بەرامبـەر ئـەو موئەسەسـەیەی کـە پێـی دەڵێن پەرلەمان، کە ناوی پەرلەمانە ئەو پرسیارانەم کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە ئەگەر خۆمان وەکو ئەندامانی پەرلەمان، وەکو ئەو مەجلیسە، وەکو بڕیارەکانمان بەدوای دابچین، مـن پێم وایە، میللەت لەگـەڵ ئێمەیـە، حزبـەکانیش لەگـەڵ ئێمـەن، بڕیارەکانیشـمان هـەمووی جـێ بـەجێ دەکـرێتن، ئەگـەر بەرژەوەندی خۆمانی تێدا بێتن، حەقە خەڵك جـێ بـەجێی نـەکاتن، بـەلاّم هـەمووی لـە بەرژەوەنـدی گەلـدا دەبـێتن، لـە

بەرژەوەندی ئایندەمان دەبێتن, لەبەر ئەوەی خۆشمان و هەموو خەڵك دەبێت پابەند بین پێی, ئەگەر خاڵی نیزامە فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە وەکو پەرلەمان دەبێت لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتیەکان و گەورەکانی میللەتەکەی خۆمان دابین, بەلاَم حەقە وەکو پەرلەمانیش دەورێکمان هەبێت کە گوشارێك دروست بکەین, بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی کوردستان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك محەمەد حاجی مەحمود.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو پرۆژەیە, بەڕاستی خۆی پرۆژەکە ئیستیراتیجی نییە, چونکە ئیستیراتیجی شتێکە کە مودەکەی تەواو نەبێت, ئەوە مودەی سی و پێنج ساڵە, بەلاَم شتێکی گرنگە, یەکەم جاریشە گرێبەستی لەو جۆرە دەکرێت, کەوا بەبێ موقابیل, یاخود ئەو شتەکەی خۆی رۆیشتووە, کە لە دەرەوە, بەڕاستی ئەوە زۆر هەیە, بەلاَم وادیارە لێرە بۆ یەکەم جارە, کە ئومێد دەکەین بۆ پرۆژەکانی تریش ئەو هەنگاوە بنرێت شتێکی باشە, دەربارەی ئێمە لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا شتی ئینتاجیمان نەبووە لە کوردستان, هەموو شتەکانمان زیاتر بە دوای کۆمەڵێ شت گەڕاوین, ئەو هوتێلە ئەوەندە ئەستێرە بێت و, ئەو فلان شوێنە بینایەکەی ئەوەندە قات بێت, ئەوانە موشکیلەی ئێمە نییە, موشکیلەی ئێمە بەرهەم هێنان و سیستەمێکی ئابوورییە لە ولاَتەکە, ئەوەش یەکێکە لەو هەنگاوانە, هەم پێویستی خەڵکی کوردستانە, هەم لە رووی ئابووریشەوە ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت و خزمەت دەکات, بۆیە من پێم وایە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە و پەلەشی لێ بکرێت شتێکی باشە, دەربارەی هەندێك قسەم بۆ دروست بوو, کە هەندێك پرسیار کرا ئەویش کە دوو ئیدارەکە بۆ یەك ناگرێتەوەو بۆ ناکرێت, ئێمە خۆمان یاخود زەحمەت بکەین, ئێمە خۆمان نوێنەری حزبەکانین لێرە, حزبەکان عیلاقەیان بەستووە لەنێوان ئێمە و میللەتەکەدا, ئەو حزبەکی کە ئێمە پشتیوانی دەکەین لە قەرارەکان, یاخود پشتیوانیمان لێ دەکەن, ئێمە دەبێت ئەو راستیانە بزانین, هەردوو ئیدارەکە دەبێتەوە یەك, یان نابێت, ئەوە واقیعێکە هاتووە, هەردوولا پێی باشە بەو شێوەیە بمێنێتەوە, ئەوە شتێکی ترە, هەردوولا شتی باش بکەن, ئێستا سەددی بێخمە هەیە ئەوە هەنگاوێکی گرنگە, ئەوەی تەقتەق هەنگاوێکی گرنگە, سبەینێ سەددی باسە, سەددێکی تر لە ناوچەکانی شار باژێر, ئەمانە هەمووی خاڵی گرنگە, هەردوولا کاری بۆ بکەن, موهیم ئەوەیە پشتیوانی لە کارە گرنگەکان و کارە چاکەکان بکەین, بەتایبەتی ئەو جۆرە گرێبەستانە کە تا ئێستا لە کوردستان نەبووە, بۆ یەکەم جارە گرێبەستێکی وا موقابیل بەوە, سبەینێ با بێن دوو سایدی بەینی هەولێر و دهۆك, بەینی هەولێر و سلێمانیش بە هەمان گرێبەست بیدەن, کە عەواریز بۆ ئەوەندە ساڵ شتی موهیمە بۆ ئێمە, بۆ ئێمە پێویستە پشتیوانی لێ بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك محەمەد, فەرموو کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر تەئیدی ئەو برایانە دەکەم بەڕاستی بەر لەوەی کە کێ ئەمەی تەقدیم کردووە, کام ئیدارەی سلێمانی, کە ئەوە شتێکی خۆش نییە بەڕاستی بەناو بردنی ئیدارە کە کێ کردوویەتی, ئیشەکە ئیشێکی باشە, بەلاَم وردەکارییەکی تێدایە, بەلاَی کەمی ئێمەش لێی تێبگەین, ئەگەر خەڵکیش لێی تێ نەگات, با ئێمە لێی تێبگەین تا بڕیارەکەی لەسەر بدەین, منیش هەر دەچمە سەر خاڵی یەکەم, یەعنی مەفروز وایە ئێمە لەم پەرلەمانە, ئەم گرێبەندە شەرعیەتێکی

قانونیانەی بۆ خۆی هەبێت, ئەو حكومەتەی كە ئەمە دەكات, ئێستا حكومەت, حكومەتی تەسریفی ئوموورە, لەو قسەی تووره نەبین, یەعنی ئەمە واقیعە لە رووی قانونی مادام ئەم پەرلەمانە شەرعیەتی نەداوە, ئەمە تەسریفی ئوموورە, حكومەتی تەسریفی ئومور ناتوانێت هیچ عەقدێكی خارجی بكات, ئێمە ئەگەر دەڵێین ولآت درنگە راستە, بەس ئەمە دوو سەد مێگاواتە, ئێستا ئێمە (180) مێگاواتمان دوو هەفتە لەمەوپێش لە بەغداوە وەرگرتووە, ئێمە هەر چوار سەعات كارەبامان هەیە, ئەگەر ئەو دوو سەدە دانێی هەر وەكو خۆی لێهاتەوە, من دەڵێم ئەم لایەنانەی كە ئەمەی تەقدیم كردووە, ئیشێكی باشی كردووە, بەلآم گەورە تر, ئێمە باسی هەزار ناكەین, باسی دوو هەزار ناكەین, كاكە ئێستا خەڵكی فەقیر نەماوە, ئەو كاتی هەر مەسئولەكان سپلیتیان هەبوو, ئێستا هەر ماڵێ دووان و سێیان هەیە, ئەوسا ئەم هەولێرە بە 200 مێگاوات كافی بوو, 24 سەعات, یەعنی ساڵ لە قەرنی بیستە, لە نەوەد و یەكەكان هەتا 2000یش 200 مێگاواتی بەس بوو, ئێستا پێم وانییە ئەوە كیفایەت بكات, لەبەر ئەوە ئەمە بچووكە هیچ بۆ ئێمە دروست ناكات, ئێستا ئێمە دوو هەفتە لەمەو پێش 180 مێگاواتمان لە بەغداوە وەرگرتووە, یەك سەعاتمان زیاد كردووە, یەعنی چوار سەعاتە بۆتە پێنج سەعات, لەبەر ئەوە ئێمە فیعلەن بیر بكەینەوە لە شتی گەورە, كە ئێستاش دنیا زۆر ئاسانە, من پێم وایە ساڵی 97 خەڵكێك لەو كوردستانە, پرۆژەیەكیان لەسەر ئەنجومەنی وەزیران هەیە, دایان بۆ هەولێرو دهۆك 24 سەعات كارەبای ئەم دوو محافەزەیە دابین بكەن, مقدارەكەشی بە بیست ملیۆن دۆلار بوو, ئێمە ئێستا با ئەو قسەیەش بكەین, كە فێسی نەوت و خواردن, هەمووی فێسێكە شەش مانگ جارێكە 15 ملیۆن دۆلار باسی كارەبایە, یەعنی حسەی كارەبایە, ئێمە دەتوانین بەم شتانە مەحەتاتی گەورە بهێنین, ئەوە یەك, دوو, كە زۆر گرنگە لەلای من, یەعنی ئەمە گران دەكا, یەعنی ئێستا كیلۆواتێك 10 ئەمپێرە, هەر یەكێك ئێستا سەیری خەڵكی كوردستان بكەین كە كارەبا بەكار دەهێنێ, لە فەقیرەوە بۆ دەوڵەمەند, پێم وایە 30ئەمپێر بەكار دەهێنێ, ئەوە دۆلارو نیوێك, مانگانە دەكاتە 45 دۆلار, بێجگە ئیزافاتێك كە حكومەت سەرفی دەكات, كە پێم وایە لە مانگێكدا دەكاتە 60 دۆلار, ئایا ئەمە بۆ هاووڵاتی دروست دەبێت, من پێم باشە دەبوایە ئێستا موهەندسێكی كارەبایی هەبوایە هەموو وردەكارییەكی بۆ ئێمە بگوتایە وەكو ناتوانی كە پرۆژەكە گەورەیە, من پێشنیاری ئەوە دەكەم حكومەتی هەرێم ئێستا مانگێكی تر, مانگێك بۆ ئێمە زۆر ناكات, كاكە ئێمە لە حەفتاكانەوە تا ئێستا, من بەش بە حاڵی خۆم 24 سەعاتی كارەبامان نەدیوە, هەر سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ئەوە تەكلیف بكەین, ئەو دەتوانێ هەر كەسێك تەكلیف بكات, یەعنی خەڵك گوێی لە ئێمە دەبێت, ئەمە حكومەتی ئیدارەی تەصریفی ئمورە, كەچی عەقدی خارجی دەكات, لەرووی یاساییەوە ئەمە شتێكی نەگونجاوە, یەعنی ئێمە مادام بەرەو دونیایەكی دیموكراتی و یاسایی دەڕۆین, شتەكانمان مەحكەم بكەین, خۆ ئێمە هیچ دانانێین حكومەت ببتە یەك, كوا هیچ دیار نییە, بەلآم با سەرۆك وەزیرانەكە دیاری بكەین, بڵێین فلآن كەس تۆ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی, با ئەوی تر درێژە بخایەنێ, انا لله وانا الیه راجعون, بەلآیەو هاتووە, بەلآم با ئەوەیان بكەین, ئەو بێ تەكلیفی ئەوە بكات و عەقدێكی گەورەتر, شتێكی باشتر, تكاتان لێدەكەم گرنگە پشت گوێ مەخەن, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك محمد, كاكە حمە ئەمڕۆ تەعلیقاتی زۆرە, ئەو تێبینیانە جێی خۆیەتی بەڕاستی, لەراستی خۆی پرۆژەكە, ئەگەر نوقتەی نیزامە فەرموو, ئەگەر نوقتەی نیزام نییە, چونكە قسەی منت بڕی هی تۆش دەبڕم.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەراستیدا من ئەڵێم ئەم باسانە هەمووی لە شتێكی تردا كۆبۆوە, كە زۆر سەربە باسەكە نەبوو, ئێستا باسی گرێبەندییەكمان كرد بۆ پرۆژەیەك, باسێكی گەورەتر هاتۆتە پێشەوە كە لە پرۆژە گەورەترە, لەبەر ئەوە من ئەڵێم پەرلەمان زۆر خۆی بەم شتانەوە خەریك دەكات, ئەوەندەی تر مصداقیەتی ئێمە لەق دەكات لەگەڵ رێزمدا, دوێنێ لە سلێمانی لە كۆنفراسێكدا بووم, مونەزەمەیەكی ئەمەریكی نەفەرێك لێم پەیدا بوو لەراستیدا كارێكی كرد لەم پەرلەمانە هەر تەواو هینی كردین, ئەوەی دەیووت راست بوو, لەبەر ئەوە من تكام وایە وەكو ئەندامێكی پەرلەمان, وەكو هاووڵاتیەك با مەوقفێك بگرین, ئێمە وەعدمان بە میللەتدا لە دوای هەڵبژاردن یەكێك لە ئیشە سەرەكییەكان

ڕێکخستنی ئیدارە بێت, ئەمە شەرعیەت دانە بەم دوو ئیدارە لەقە, تکاتان لێدەکەم با بیوەستێنین, ئێستا راپرسیەك بکەین لە جەماوەری کوردستان, کارەباتان دەوێت یان یەك خستنەوە ئیدارە؟ دەڵێن یەك خستنەوەی ئیدارەمان دەوێت, لەبەر ئەوە لە بابی بەرژەوەندی من دەڵێم با ئەو مەشروعە بوەستێت باشترە, چونکە ئەمە شتی تری بەدواوەیە, مزایەدەی حزبی بەدوایەوە دێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە لە مەوزوعەکە دەرچووی لەراستیدا, ئەگەر بیکەی بە چوار بەش بەشی سێ بەشی نوقتەی نیزام نەبوو, بەنیسبەت تێبینیەکانی مامۆستا محمد, ئەو پرۆژەیە لە راستیدا ئەوەی من لە برادەران گوێ بیست بووم, لە ئەسڵدا بۆ هەزار مێگەوات بووە, بەڵام لەبەر ئەو تەفصیلاتە مەترسییەی نەوەك سەر نەگری, نەوەك نەبێت, وا دەستی پێکردووە, ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست هێنا, ئیتری دێت, هەر بۆ ئاگاداریتان من دەگەڕێمەوە دەڵێم هەموومان جەخت بکەین, کە یەك حکومەتی گرنگە ویستێکە ...., بەڵام ژیان راناوەستیت, لەم بەینەشدا بۆ مەسەلەی کارەبا, لەم ماوەیە نوێنەری چەند شەریکەیەکی روسی هاتبوون, پرۆژەیەکیان تەقدیم کرد بۆ هەردوولا, دەڵێن ئامادەین کارەباتان پێ بفرۆشین بەرێگای ئەوان کارەبای دەدەنە تورکیا و دەدەنە ئێرانیش, ئێمە بە هەموو شتێکدا دەبێت بەدوایدا بڕۆین, یەعنی قەزایەك ئەگەر بیەوێت کارەبا دابین بکات بۆ قەزاکەی, ئەگەر لەسەر سنوور بێت, پشتگیری دەکەین, بەشەرتێك لەبەر رۆشنایی بەرنامەیەکی عامەدا بێت نرخەکەی کەم بێت, دیراسەتیان کردووە کە ئەو مەحەتانەی لەسەر سنوورماندا هەیە, قودرەتی ئەوەیان نییە, 132ی تێدا نییە, لەبەر ئەوە وتمان بڕۆن, ئەگەر دەتوانن ئەوە دابین بکەن, دەتوانین بچینە ناو تەفاصیلی ترەوە, کاك بکر فەرمووە.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامە بەڕێزەکان.

یەکەم جار من پێم باشە کە کۆبوونەوە ببەستین پێشتر بەرنامەکە بزانین, بۆ ئەوەی کۆمەڵێك لەو ئەندامە بەڕێزانە باسیان کرد, ئەگەر بیانزانیبایە بەرنامەی کۆبوونەوەکە چییە؟ رەنگە کۆمەڵێك پرسیار هەبوو, وەڵامەکانیان لا بوایە, دووەم, مەسەلەی کارەبا هەمووتان باستان کرد, من نامەوێت قسەکان دووبارە بکەمەوە, کارەبا مەتڵەبێکی رەئیسی هەموو گەلی کوردستانە, ئێوە ئەندامانی پەرلەمانن هەمووتان, پێم وایە لە کەوکەبێکی تر نازین, رۆژانە ئاگاداری وەزعی گەلی کوردستانین و, خەڵك موزاهەرەمان لێدەکات, موزاهەرە هەر لە ئیدارەکان ناکەن, موزاهەرە لە پەرلەمانیش دەکەن, ئێوە نوێنەرن, ئەگەر ئێمە بەتەنگ ویست و داخوازییەکانی خەڵکەوە نەچین, کەوابوو چ نوێنەرێکین, لەبەر ئەوە من پێم وایە پەلە کردن لەو پرۆژەیە ئەرکێکی نیشتمانییە, بۆ پاراستنی پەرلەمان و بۆ پاراستنی هەردوو ئیدارەکە, هەندێ مەسائیلی تەکنیکی هەیە, ئەو برادەرانە باسیان کردووە, رەنگە ئەوان باشتری لێ بزانن پێم وایە ئەو لیژنەی کە خۆیان نووسیوە, کە لیژنەی پیشەسازی پێدەڵێن, ئەوانە دیارە خەبیرن لەو مەسەلەیە و, موهەتەمیشن لەو مەسەلەیە, پێویست ناکات هەموو جارێ بگەڕێنەوە بۆ ناو پەرلەمان بۆ ئەو مەسەلانە, ئەوان زیاتر دەتوانن تەڕحی ئەو مەسەلانە بکەن, مەسەلە تەکنیکیەکانیش ئەوان باسیان کردووە, لەبەر ئەوە پێم وایە پەلە کردن لەسەر ئەو مەسەلەیە, من پێم سەیرە هەندێ ئەندامی پەرلەمان دەڵێت قەیدی ناکات با مانگێك دواخرێت, قەیدی چ دەکات با دوو مانگ بێت, کاکە خەڵك ئێستا ئەوەی دەوێت, لای هەمووتان ئاشکرایە پێم وایە خەڵك لە پێش ئازادیشەوە بەڕاستی نانی ئەوێت, ئاوی دەوێت, ئاسایشی دەوێت, ئەمن و ئیستقراری دەوێت, ئەوە نییە کە دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە, یان پەرلەمانمان هەیە, ئیتر خەڵك بێ نان بێت, یان بێ کارەبا بێت, ئەژیت, پەرلەمانی بۆ چییە؟ حکومەتی بۆ چییە؟ ئەگەر نانی نەبێت, ئیستقراری نەبێت, ئەمن و ئاسایشی نەبێت, حکومەتی بۆ چییە؟ لەبەر ئەوە ئەمە ویستی خەڵکە, لەبەر ئەوە هەتا پەلەی لێ بکەین کەمە, ئەگەر ئێمە واز لەو مەسەلە بیرۆکراسیانە بهێنین, پەرلەمانیش نەکەین بەو دائیرەیەی کە وەکو ئیدارەکانی کوردستان, کە پڕە لە مەسائیلی بیرۆکراسی کە ئیشی هاووڵاتیان بە پەلە جێبەجێ ناکەن, ئەمە ئیشی هەموو خەڵکی کوردستانە, پێشم وایە ئەو پرۆژەیەی کە تەقدیمیان کردووە وازیحە هەندێ ئەندامی

پەرلەمان کە باسی ئەوە دەکات، کە دەڵێت ئێمە رەنگە مەصادری تری تاقەمان هەیە، پێم وا نییە، مەصادری تاقەمان هەتا هەمان بێت کەمە، ئێمە ئێستا وڵاتێکی جیهانی سێیەمی زۆر دواکەوتین لەبواری تەکنەلۆجی و لە بواری پیشەسازی و ئەوانە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو تاقەی کە ئێستا دەمانەوێت تا 10 ساڵی تر، پەنجا ئەوەندەی تر بەشمان ناکات، بۆ وڵاتانی دونیا ئێستا بیر دەکەنەوە لەوەی کە ئیستیفادە بکەن لە تاقەی نەوەوی، چونکە ئەزانن ئەو مەصادرانەی تر بەش ناکات، ئەگەر بەش بکات، ئێمە دەبێت تێڕوانینمان بۆ موستەقبەلێکی دوور بێت کە ئەمە بەش ناکات، ئێستا ئەمە بۆ ماوەی ساڵێکی تر، بتوانین بەشێك لە تاقەی پێویستی خەڵك تەئمین بکەین، ئەگینا ئێستاش پێویستمان بەو مۆلیدانەی 29 مێگاوات و مۆلیدەکانی ترە، چونکە خەڵك ئێستا دەیەوێت، مەسەلەیەکی تر هەبوو حەزم کرد باسی بکەم مەسەلەی ژینگە، هەرچی ئەو شەریکانەی کە لە دەرەوە دێن، ئەوەندی من ئاگادار بم، یەکەم شت بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەو شتە کە دانێن، مەسەلەی تەلەوسە کە پارێزگاری لە ژینگە بەشێکە لە مەسەلەکە، یەعنی ئەوە نییە کە ئەو شەریکەیە کە بێتەوە، مەشروعێکمان بۆ دانێ و بڵێ وڵاتەکە تووشی ئالودەو ئەو شتانە بکات، ئەو بەشێکە لە عەقدەکان، رەنگە برادەران باشتری لێدەزانن، ئەوە بەشێکە لەو مەشروعانەی ئەو شەریکانە، ئەگینا خۆمان نەمانەوێت، ئەو شەریکانەی کە دێن بەشێك لە مەشەروعەکانیان مەسەلەی ژینگەیە و پاراستنی ژینگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، من تەعلیقم نییە، چونکە قسەکانت باش بوون، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێم و ئیدارەی سلێمانی دەکەم، بۆ ئەم پڕۆژەیە، چونکە بەڕاستی کێشەی کارەبا کێشەی رۆژانەی خەڵکە، باوەڕ ناکەم هیچ میللەتێکیش بەقەد ئێمە ئازار بکێشێ، لەدەست کارەبا و، ئاوو ئەو کێشانەوە، بەلاَم من یەك ئیقتراحی بچکۆلانەم هەیە، کاتێك کە ئێمە ئەو جۆرە مەشروعانە دێتە بەر دەستمان، ئێمە نوقصانیمان هەیە لە هەندێ لایەنانی ترەوە، دەتوانین بەندێك دابنێین، بڵێین جوزئی لە 1٪ی عائیداتی ئەو مەشروعە، ئێمە سەرف دەکەین، بۆ ئەو نوقصانیانەی کە هەمانە لە پەروەردەدا، چونکە ئێمە هەرچەند دەچین بۆ لای وەزیرێکی بەڕێز، یەکسەر دەڵێت کاکە بودجەکە بەشمان ناکات، باشە ئێمە کە مەشروعێکی ئاوا دەکەین بۆ خۆمان، حکومەتی هەرێم لە جیاتی گرێبەستی 10 ساڵ با 20 ساڵی لەگەڵدا بکات، بەلاَم لە جێی ئەو دوو سەنتە بەشێکی بۆ ئەو پڕۆژانەو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو نوقصانانە بێت، ئێمە ئەگەر وا نەکەین، چاوەڕێی بودجە بکەین، بەخوا وابزانم یەك هەنگاو نانێین بۆ پێشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ تەعلیقەکەت، یەك بۆ پەروەردە یەك بۆ منالّ، بەڕاستی ئەوە هەر نابێت، کە موناقەشەی بودجە دەکرێت، پێویستە ویستی هەموو بوارەکان دابین بکرێت و، پارەی باشی بۆ دابنرێت، زۆر سوپاستان دەکەین، تەبعەن موناقەشەکان تەواو بوو، ئەگەر کەسێکم لەبیر نەکردبێت، کاك خورشید تۆم لەبیر کردووە، فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەنەتیجەی موناقەشەکان شتێکم بەبیر هاتەوە، باس دەکەن کە بە نەوت رۆژێ 7000 بەرمیل نەوت سەرف دەکات ئەو پڕۆژەیە و، دەڵێن هەموو مەصاریفی لەسەر شەریکەکەیە، ئێمە هیچ خەسارەتمان نییە تێیدا، ئێمە ئەگەر حیسابی نرخی نەوتی خام بکەین، ئێستا ئێمە ئەگەر حیساب بکەین رۆژانە 420000 هەزار دۆلار دەدەینە ئەو شەریکەیە کە مانگێ دەکاتە زیاتر لە 10 ملیۆن دۆلار، بۆ ماوەی 10 ساڵی، ئایا ئەوە بەلاشە یان بە پارە لێی دەکرین؟ مەبەستم ئەوەیە ئەو نەوتەی کە ئێمە دەیدەنێ ئەو کلفەیە دەکات، مانگێ 10 ملیۆن دۆلار ئێمە دەدەینە ئەو شەریکەیە کە موقابیل بە وەیە، تۆ 10 ساڵی حیساب بکە بزانە دەبێتە چەند ملیۆن دۆلار، پارەی کلفەکەی خۆت بدەی، جگە لەو دوو سەنتەی کە لێمان وەردەگریت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوة ئيتيفاقيَكة, ئةوان هةتا شةريكةكةي دادةنيَن و, دةست بةكار دةبن, هةموو شتةكان ئةوان تةحةموول دةكةن, كة ئيشةكان سةركةتوو بوو, ئةوان ئيلزاماتي حكومةتي هةريَم ئةوةية يةكةم نةوتي خاميان بداتيَ, دووةميش ئةو كريَيةيان بداتيَ كة ثيَي هاتووة, بةتةئكيد شتةكة لة هةواوة نايةت, ئةطةر لة بيرتان بيَت لة بةرنامةي 986 بة ثارةي ئةو كاتي 200 مليؤن دؤلار تةرخان كرا, بة ثارةي ئةو كاتي محةتةيةك كة بريك لةو زياتر بوو جيَ نةكراوة, دوو سةد مليؤن بة كاش لةثارةى نؤسةد وهةشتا و شةش, بةئيمزاى من و, ئيمزاى رةحمةتي كاك سامي, موافةقةتمان كرد لةطةلَ un ,ئيتيفاقمان كرد كةدابنيَن, هةتا وتيان لةكةركووكيش با ڤةيناكة لةكةركووكيش بيَ, ضونكة بروامان واية رؤذةك داديَ كةركووكيش دةطةريَتةوة بؤ كوردستان, ئيستراتيجيةن زةرةرمان نةكردوة, بةغدا كة زاني ئيَمة قبوولمان كردوة, رذيَم كؤسثي خستة ثيَش هةتا رؤخاش نةيهيَشت جيَ بةجيَي بكةين, مةوزووعي كارةبا مةسةلةيةكي طرنطة, حةساسة ناتوانين لةبةر ئةوةي ئةمة ئةوةنة نةوتمان دةدةين قازانجمان ضةندة, ديراسةت كراوة بةو شكلة نيية, كة , ئيقتيصاديةنيش زةرةريَكي وامان ليَ نادات, دابيني نيسبةتةكي باش دةكات ريَذةيةكى باش دةكات بة ثيَويستي خةلَك بة كارةبا, كاك كريم ئاخر قسان دةكةي فةرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبد الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من وەکوو ئەندامی لیژنەی یاسایی, کەبەشداریم لەگفتوگۆیەکان کردووە لەگەڵ پسپۆڕەکانی کارەبا, کارەبای ئیدارەی سلێمانی کەهاتبوونە ئێرە لەگەڵ برایانی لیژنەی پیشەسازی, هەندێك شت لای من روونەو پێم خۆشبوو برادەران باسی بکەن, بەلام باسیان نەکرد, پێم خۆشە باسی بکەم, ئەویش ئەوەیە ئەو پرۆژەیە پڕۆژەیەکی ئیستراتیجی نییە, پرۆژەیەکی ئیمێرجینسیە, لەبەر ئەوەی (240) مێگاوات, (240) مێگاواتە هەزار نییە, شەبەکەی تۆری کوردستان تەحەمولی وەکوو پسپۆڕان باسیان کرد لە (240) مێگاوات زیاتر تەحەمول ناکا, بۆ گواستنەوەی ئەو وزە کارەبایە لە مەحەتەوە بۆ شۆنەکانی دیکە, لەبەر ئەوە (240) مێکاواتیان دانایە, ئەگینا ئەوان دەیان توانێ (500) مێگاواتیش بەرهەم بێنن لەگەڵ ئەو شەریکەیەدا, هەروەها سەبارەت بەمەسەلەی نەوت, بیریان لەوە کردۆتەوە مەسفایەکە پاش سێ ساڵ تەواو دەبیتن, بەلام دوای سالێك ئەو پرۆژویە پاشی دەمانگی دیکە, ئەگەر لەئێستاوە گرێبەستەکە بکرێتن پاشی دەمانگی دیکە مەحەتەی کارەبا لە تەقتەق دادەمەزرێت و بە نەوتی خام ئیش دەکا بۆ ماوەی سالێك, سالێك و نیو زیاتر ئیش ناکا, دوای ئەوە بەنەوتی رەش, هەروەها لەبەرنامەیان دایە گازی چەمچەماڵ بەبۆریەك کە (30) کیلۆ مەترە بگوازنەوە بینن بۆ هەمان مەحەتە ئیشی پێ بکەن, بۆ مەسەلەی ژینگە, بۆ ئەو برایانەی کە لە مەسەلەی ژینگە مەترسیان هەیە, مەسەلەی ئەوە دەتوانن بۆ ماوەی سێ چوار ساڵدا ئەو گیرو گرفتانەی لە مەسەلەی کارەبا هەیە, لە هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەن, لەگەڵ ئەو مەحەتەیەکی تر بەتەمان کە ئامادەیە (170) مێگاواتی تر ئینتاج دەکا, لەگەڵ ئەو (240) رێکی دێخن دەکاتە (410)مێگاوات پێموایە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ماوەیە تا پێنج سالی تر ئەوان وەکوو لێکیان دایەوە هەر پێویستی بەو (400) مێگاواتەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, پێش ئەوەی ماددە بەماددە بخوێنمەوە تەنیا مولاحەزەم ئەوەی ئیمێرجینسی نییە عەفوو دەکەی, ئیمێرجینسی ئەوەیە کارەبا لە تورکیا وەربگری بەپارە, لەئێران وەربگری بەپارە, لە بەغدا وەربگری بەپارە, ئەوە ئیمێرجینسییە, ئەوە شتێکی موتەوەسیتە, ئیستراتیجی نییە موتەوەسیتە, چونکە بۆ 35 ساڵ ئەوە دەمینێتن کەواتە ناتوانی بلێی ئیمێرجنسییە, بەلام لە رووی ئەوەی کە دابینی هەموو پێویستیەکان ناکاتن راستە, کاك عوسمان تەواو دامانخست, ئەگەر نوقتەی نیزامت هەیە؟ ئەگەر نا بڕگە بە بڕگە دەیخوێنمەوە و دەیخەمە دەنگدان.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس ئەوە یەکەم جارە باسی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەو پەرلەمانە بکری, هەر خۆشمان شوکر لە جادە روومان هەبێ جەوابی خەڵك بدەینەوە, بەڕاستی خەڵك پێمان دەڵێن ئێوە چەندین مانگە لەو پەرلەمانەن یەك کەلیمەی

خزمەتگوزاری لەبەرژەوەندی خەڵك قسەتان نەكردیە, زۆر سوپاس, ئەو پرۆژەیە هەر چۆنێك بی لە دوو لاوە وەكوو دەڵێ سوودمەندە بۆ ئێمە, یەكیان پەرلەمانی كوردستانیان حكومەتی هەرێمی كوردستان عەقدێكی رەسمی مۆردەكا كە بۆ ماوەی دە ساڵە گرینتیەكی زۆر باشە, ئەوە پێدانانەكی گەورەیە, دووەمیان خۆمان وەكوو پەرلەمان پرۆژەیەك ئەمڕۆ پەسەند ئەكەین كە لە خزمەتی خەڵكی كوردستانە, خاڵەكی تر مەسەلەی یەك گرتنەوەی هەردوو ئیدارەكانە, نازانم ئێمە دەڵێین خۆمان لەبیر چووە, ئێمە حزبەكان ئێمەی هێنایتیە ئێرە, كارەكە خەتای ئێمەیە یان خەتای حزبەكانە, ئەگەر هەمووومان ڕاستگۆبین, ئەگەرهەموومان نوێنەری حزبەكانین, ئەگەر بەعەكسی حزبەكانەوە بەپێچەوانەی لێكدانەوەی حزبەكانەوە رازینە هەموومان با مان بگرین هەتا حكومەتەكە یەك تر دەگرێتەوە, بەڵام قسەكانمان با راست بێ, قسەكانمان ئەوە بی كاكە وەرە من یەكەم كەس ئیمزای دەكەم, بەڵام رجاتان لێ دەكەم وەرن بۆ كورد ئیش بكەین, وەرن لە ئەمڕۆوە مان بگرین هەتا هەردوو ئیدارە یەك نەگرێ, لێرە نەچینە دەرێ, بەڵام ئێمە موزایەدە بۆ بكەین ئەوە پرۆژەكە لە خزمەتی خەڵكە وا دەڕوا جێ بە جێی دەكەین, وەكوو باسم كرد یەكەم كارمانە, ئەگەر ئیدارەی حكومەت تێكەڵ دەكەینەوە بۆ ئەوەی هەر پرۆژەیەك نەكا, ئێمە هەر لێرە دادەنیشین هیچ پرۆژەیەك ناكەین وهیچ ئیشێك نابێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, هەر چەند ئەوە موداخەلە بوو نوقتەی نیزام نەبوو, بەڵام قسەكان باش بوو لەبەر ئەوەی نەمبڕی, ئێمە تەبعەن مەسەلەی ئیدارە بەتەئكید رۆژێ دێ, وزۆریش نزیك نییە, ئەگەر جێ بەجێ نەبوو هەردوو حكومەتەكە یەك نەخرا, جەلسەی تایبەتی بۆ دەكەین, زۆریش درەنگ نییە, و, ئەو موقتەرەحە دەخەینە باسكردنەوە. ئێستا مادده بە مادده دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگەوە, بڕیارەكە.

پشت بەحوكمەكانی بڕگە (1) ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992 لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لەئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عیراق, ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی 27\9\2005 دا ئەم بڕیارەی خوارەوە دەرهێنا, بڕیاری ژمارە ( )ساڵی 2005 .

1-دەسەڵات بەسەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عیڕاق ئیدارەی سلێمانی دەدرێت بۆ مۆركردنی گرێبەستەی بەرهەم هێنانی وزەی كارەبا لە ناوچەی تەق تەق بۆ ماوەی دە ساڵ لەلایان كۆمپانیای پاكتێلی ئەمریكی, بەرامبەر بەكارهێنانی نەوتی شیواشۆك بۆ ئەو مەبەستە, بەمەرجێك خاوەندارێتی پرۆژەكە دوای كۆتایی ئەم ماوەیە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان بگەڕێتەوە, هەروەها دەسەڵاتی پێ دەدرێت نامەی دڵنیایی (رسالة ضمان) بەكۆمپانیەكە بدات بۆ جێ بەجێ كردنی گرێبەستەكە.

ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە كێ موئەیدێتی دەستی بڵند بكات تكایە, كێ دژیەتی دەستی بڵند بكات, دوو كەس موعاریزن ئەوانی هەموو موافیقن.

2-حكومەتی هەرێمی كوردستان ئیدارەی سلێمانی بەرپرسە بەرامبەر كۆمپانیای پاكتێلی ئەمریكی لەپابەندەكانی ناو گرێبەست و, بژاركردنی مافە داراییەكانی كۆمپانیەكە بەپێی گرێبەستەكە.

كێ موئەیدی ئەو خاڵەیە دەستی بڵند بكات, كێ دژی ئەو خاڵەیە دەستی بڵند بكات, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

3-دوای پێكهێنانی حكومەتی یەكگرتووی كوردستان یەكسەر پابەندیەكانی گرێبەستەكە دەكەوێتە ئەستۆیەوە, كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە, كێ دژێتی دەستی بەرز بكاتەوە, دوو كەس دژێتی, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

4-وزەی كارەبا بەپێی بەرنامەی كاری دارێژراوی هەمەلایانە لەبەرژەوەندی گشت هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان دەبێت, كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە, كێ دژێتی دەستی بەرز بكاتەوە,بە كۆی دەنگ وەرگیرا.

5- ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێدەكرێت لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستان بڵاو دەكرێتەوە, كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە, كێ دژێتی دەستی بەرز بكاتەوە,یەكێك دژێتی, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**هەموو بڕیارەکە بەکۆی بڕگەکانیەوە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ بڕیارەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە, کێ دژیەتی دەستی بەرز بکاتەوە, دوو کەس دژی بڕیارەکەنە, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاستان دەکەم, تا کۆبوونەوەیەکی تر ئینشائەڵلاٌ ئەخباری خۆش دەبیستن و, سوپاس.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی - عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**یەك شەممە رێکەوتی 2005/10/23**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی هەڵبژاردن
## یەك شەممە ڕێكەوتی 2005/10/23

كاتژمێر (10)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2005/10/23 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(3)ی خولی دووەمی هەڵبژارن، ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2005/10/23دا بەم شێوەیە بێت:

1 - میوانداری بەڕێز (عمرو موسی) ئەمینداری گشتیی كۆمكاری عەرەبی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان، ئەم دانیشتنەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كاری ئەم كۆبوونەوەمان بەخێرهاتن و گوێڕاگرتن و ڕێز گرتنە لەو میوانە بەڕێزانەی جامیعەی عەرەبی لە پێش هەموویانەوە جەنابی عەمر موساو وەفدە یاوەرەكەی، جەنابی كاك وشیار زێباری وەزیری دەرەوە، كە تەشریفیان هێناوە ئەمڕۆ بۆ پەرلەمان، دیارە ئەم وەفدە بەرزە كە چەند ڕۆژێكە لە عێراقدا سەردان و دانیشتنی لەگەڵ هێزە سیاسیەكانی عێراق و بەرپرسانی عێراق كردووە، بەمەبەستی هاوكاری كردنی گەلی عێراق وهاوكاری كردنی لایەنە سیاسیەكان، بۆ ئەوەی ئەوەندەی ئەوان دەتوانن هاو كاری بكەن بۆ نزیك كردنەوەیان بۆ گفتوگۆ دەست پێكردن لە نێوان ئەو لایەنانەی كە دەیانەوێ عێراق رزگار بكەن لە كێشەكەی، كە دەیانەوێ عێراق بچێتە قۆناغێكی تازەوە، هەموو پێكهاتەكانی عێراق تێدا بەشدار بن، بۆ بنیات نانی عێراقێكی فیدراڵ، بۆ نەهێشتنی ئیرهاب و توند ڕەوی لە عێراقدا، بۆ ئەوەی عێراقیش وەكو دەوڵەتێكی گەورە جێگای خۆی بكاتەوە لە دنیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و لەگەڵ دونیای عالەمی دەرەوە و ببێتە عاملی ئاشتی و عاملی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی هاوبەش، ئێمە لێرەدا ئەمڕۆ ئەو پێشوازیەی لێ دەكەین، ئەو هاتنەی زۆر بەرز رادەگرین، ئەو سەردانەی بۆ پەرلەمان پێمان وایە سەرەتایەكی تازەیە، چونكە گەلی كوردستان هەمووتان دەزانن ساڵە های ساڵ خەباتی كردووە، بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەكانی لەو ڕێگایەشدا بایەخێكی یەكجار زۆری داوە بە پەیوەندییەكان لەگەڵ لایەنە عەرەبیەكان، چونكە مێژوو لەگەڵ ئەواندا ساڵەهای ساڵە كە پێكەوە ژیاینە، زۆر ویستی هاوبەش لێكمان نزیك دەكاتەوە، گەلی كوردستان و هێزە سیاسیەكانی كوردستان بایەخێكی تەواویان داوە بە پەیوەندییەكانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبیەكان، بەتایبەتی وڵاتی میسر و سوریاو لیبیا و ئوردون و فەلەستین، و لەخەباتیشماندا هەمیشە هەوڵمان داوە پشتگیری ئەو لایەنانە بۆ گەلی كوردستان بەدی بێنین، لە پەرۆشی خەمەكانی ئەوانیشدا بووین، بەڵكو قوربانییەكی زۆریشمان داوە لە پێناوی خەباتی گەلانی عەرەب بۆ ئازادی، بۆ رزگاری، بۆ سەركەوتن، چونكە پێمان وابووە ئەو شتانەی كەكۆمان دەكاتەوە لەگەڵ گەلان گەورەترە لەو سیاسەتە شۆڤێنیە و عونصریانەی كە رژێمە یەك لەدوای یەكەكانی بەغدا دژی گەلی كوردستانیان بەكارهێناوە، و ئەم سیاسەتە سەركەوتوو بووە و بەو ڕێگایەوە نەمانهێشتووە ئەو سیاسەتە تەئسیر لە گەلی كوردستان بكات، یاخود لەگەلی عەرەبی بكات و دوژمنایەتی لەنێوان دوو گەلدا پەیدا ببێت، ئەگەر نا دوژمنەكانمان و رژێمە ڕەگەزپەرستەكان و شۆڤێنیەكان هەمیشە ویستویانە بەینی گەلی كوردستان و عەرەب تێك بدەن، بەڵام زۆرینەی خەڵكانی عەرەب گەورەتر بووە لەویستی ئەو شۆڤێنیانە و ئەو دوژمنانەی كە دژی عەرەب و كوردیشن، لێرەدا ئەمڕۆكە پێشوازی لە جەنابی عەمر موسا دەكەین، لەگەڵ وەفدە یاوەرەكەی بە ئامادەیی وەزیری دەرەوەی عێراق كاك وشیار زێباری، پێمان وایە سەرەتایەكی باش دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییانەی لە عێراقدا هەیە، لە كوردستاندا هەیە ئەوانیش تێی بگەن و پەیوەندییەكی تازە دەست پێ

بكات, پەیوەندی پێشوو هەبووە, بەڵام سوء فەهمێك هەبووە لەلایەن هەردوو لایەنـەوە, ئێمـە پێمـان وابـووە کـە عـەرەب ئیهمالی ئێمەی کردووە, بێ دەنگ بووە لـەو مەئساتانەی کەبەسـەر گەلەکەمانـدا هـاتووە, ئـەوانیش پێیـان وابـووە گـەلی کورد دژی ویستی عەرەبە, دژی تەتەلوعاتی عەرەبە, زۆر جار وایانزانیوە بە تێنەگەیشتنی واقیعـدا کـە گـەلی کوردسـتان کۆسپە لەبەردەم ویستی وڵاتانی عەرەبی و گەلانی عەرەب, بۆیە ئەم گفتوگۆیە و ئەو دیالۆگەی کە بەردەوام بووە لەگەڵ لایەنە عەرەبە باشەکان, ئەوانەی کە رۆشنبیر بوونە و هێزە سیاسیەکان وڵاتە پێشکەوتووەکانی عەرەب لە قەزیەی کورد تێگەیشتوون, ئەمڕۆ کە گەیشتۆتە ئەوەی کە جەنابی عەمر موسا و وەفدە یاوەرەکەی لێرەدا لەبـەردەم پەرلەمانـدا دێـن قسەتان بۆ بکەن, دیارە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەم پێشتریش وەفدێکیان ناردووە, جێگری خـۆی هـات بـۆ ئێـرە و سـەردانی هەڵەبجەی کرد و سـەردانی شـوێنەکانی تـری کـرد, بـن یـەحیا کـە راپـۆرتێکی زۆر ئیجابیشـی نووسـی لەسـەر کوردسـتان, لەسەر ویستی خەڵکی کوردستان, لەسەر واقیعیـەت لـە کوردسـتاندا کـە چـۆن ئـەو خەڵکـە حـەقی خۆیانـە لەسـەر خـاکی خۆیان دەژین, دژی پارچە پارچەکردنی عێراقن, و ئەم راپۆرتە ببووە هۆی ئەوەی خۆشی ئەمڕۆ بێت بـۆ ئێـرە قسـەتان بۆ بکات, دیارە قسەتان بۆ دەکات بە دوو هـەدەف, یـەکێکیان ئەوەیـە کـە پێتـان بڵێـت جامیعـەی عـەرەبی لەگـەڵ ویسـتی خەڵکی کوردستانی عێراقە, لەگەڵ دیموکراتیەتە لە عێراقـدا, لەگـەڵ چەسـپاندنی مافەکانتانـە, بـەڵام لەهـەمان کاتیشـدا دەیەوێت ئەو نامەیە پێتـان بگەیـەنێت کـە ئـەوان پشـتگیری لـەوە دەکـەن کـە پێکهاتـەکانی عێـراق دەسـت پـێ بکـەن بـە دیالۆگێك بە حیوارێك لە نێوان خۆیاندا بۆ ئەوەی ئەوەندەی جامیعەی عەرەبی دەتوانێ هاوکاریتان بکات, وەکو هـەموو پێکهاتەکانی میللەتی عێراق لەو کێشانەی کە رووبەرووتان دەبێت رزگارتان بێت, لەبەر ئـەوە مـن بـەناوی هەمووتانـەوە پێشوازی گەرمی لێ دەکـەم, لـە خـۆی و لـە وەفـدە یاوەرەکـەی, تەمـەننا دەکـەم سـەردانەکەی بـۆ عێـراق, بـۆ کوردسـتانی عێـراق سـەرکەوتووانە ئـەنجام بـدرێت, و بتوانێـت دەوری ببـینی لـەوەی کـە میللـەتی عێـراق بگاتـە ئامانجـەکانی لـە چەسپاندنی دیموکراتیەت و لە نەهێشتنی تیرۆر, لە پێکەوە ژیان, لە جێ بەجێ کردنـی ئامانجـەکانیان, ئیجازەشـم بـدەن بە عەرەبی بە خێرهاتنیان بکەم.

بسم الله الرحمن الرحيم

معالي الامين العام للجامعة العربية السيد عمر موسى.

ايهـا الاخـوة اعضـاء الوفـد المرافـق لـه. الاسـتاذ وشـيار زيبـاري وزيـر خارجيـة العـراق, ضـيوفنا الاعـزاء, اعضـاء البرلمـان الكوردستاني المحترمين.

اسمحوا لـي ان ارحـب بـاسمكم جميعـاً ترحيبـاً حـاراً و اخويـاو صادقاً بمعـالي الامـين العـام و الوفـد المرافـق لـه بزيـارتهم لكوردستان و حضورهم الى برلمان كوردستان, نعتبر هذه الزيارة, زيارة مهمة جداً, لـيس فقـط لشعب كوردسـتان او للشعب العراقي, وانما لبداية تفاهم حول دور كل واحد من الذين يشتركون في العملية السياسـية في العـراق و دور الجامعـة العربيـة في تفعيل الحوار الوطني المنشود الذي طالما نادى به السيد امين العام و حـاول جاهـداً بـذل جهـوده مـن اجـل التواصـل بـين الاطراف المختلفة في الساحة السياسية العراقيـة, معـالي الامـين العـام حـاور الاطـراف السياسـية في بغـداد, الحكوميـة, رئـيس الوزراء, وزير الخارجية, نائب رئيس الجمهورية, الاحزاب السياسية, وزار اية الله السـيد السسـتاني, و التقـى بـأطراف اخـرى من المعارضة السياسية و خاصة في مجلس علماء الدين, و الاحزاب الاخرى, و هو الآن موجود بيننـا لأيصـال نفـس الرسـالة, الرسالة تقول بأن الجامعة العربيـة مهتمـة بالقضـية العراقيـة, مهتمـة بـالحوار الـوطني, و مهتمـة ببنـاء دولـة ديمقراطيـة, فيدرالية العراقية, و كذلك هذه الزيارة الى كوردستان لها خصوصية اخرى, وهي تقـول بـأن الجامعـة العربيـة تتواصـل مـع شعب كوردسـتان العـراق, بأعتبـار كوردسـتان العـراق جـزءاً اساسـياً و مهمـاً في العمليـة السياسـية العراقيـة ومـن اجـل بنـاء المستقبل, سمعنا كلاماً جيداً و جميلاً منه, قال ان العامل الكوردي في العراق ليس عامل تعارض و منافسة, وانما هـو عامـل مشترك و عامل ايجابي و فعال و هذا هو حقيقة الامر في كوردسـتان, نحـن والحمـدالله بفضـل نضـال شعبنا وفضـل الحكمـة السياسية, الوحـدة الكوردسـتانية كانـت سـبباً لانجـاح التجربـة الديمقراطيـة في العـراق و الاسـتمرار في هـذه التجربـة, لـذلك نعتقد من جانبنا ان هذه الزيارة ستساهم في افهام الرأي العام الكوردستاني في العراق, ان الجامعة العربية ليس بالتناقض و لا بضد من التجربة الديمقراطية, هذا الفهم الذي ساد بفترة زمنية قليلة في الشارع العراقي, هذا الفهم كـان خاطئـاً بسـبب

عدم التواصل بفترة معينة و بسبب التصليحات من هنا او هناك, تأخرت الزيارة و لكنها ليست متأخرة جداً, انها جاءت الآن وهي تأتي في الوقت المناسب, نحن بحاجة الى هذا التواصل, و بحاجة الى الاطراف الاخرى الايجابية التي لها قبولية من جميع الاطراف, الجامعة العربية لها قبولية من الاطراف السياسية العراقية وهي مرحبة, في كوردستان. هذه الزيارة ستساهم ان يكون هذا القبول اوسع و اكبر و اشمل, ادعو معالي الامين العام للجامعة العربية الى التفضل و الجلوس على المنصة و التحدث اليكم و شكراً.

**السيد عمر موسى/الامين العام للجامعة العربية:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**السيد الرئيس.**

**السيدات والسادة اعضاء البرلمان الكوردستاني**

**السيد وزير الخارجية**

كم هو جديد ولكن كم هو ايجابي ان يتحدث الامين العام لجامعة الدول العربية اليكم من فوق منبركم, وهو في مهمة تمثل العالم العربي كلها, موجهة الى العراقيين جميعاً و انتم منهم, ان جلوسي على هذه المنصة تمثل لحظة تأريخية فارقة, كما ان العراق يمر هو ايضا بلحظات بمنعطف تأريخي فارق, ان العراق بكل الوانه و اطيافه و ثقافاته و منطلقاته, انما يمثل جزءاً وان كان جزءاً مهما من العالم العربي الذي يتمتع هو الآخر بهذه الميزة, فبه اطياف و اديان و ثقافات و توجهات متعددة و مختلفة, الا ان العراق في واقعه الحالي نراه مهدداً لايزال و من هنا كانت الحركة التي او التحرك الذي امثله و قد جئت مقترحاً حواراً, وفاقاً بين مختلف القوى السياسية, مقترحاً ان يتم اجتماع يتناقش فيه الكل بكل صراحة عن وجهات النظر التي يرونها بالنسبة للعراق الجديد, وهناك على سبيل التأكيد عراق جديد سوف نصل اليه بمشيئة الله في نهاية المطاف الذي نرجوا ان يكون قريباً وليس بعيداً, الجامعة العربية حين تتقدم لتقترح و لتكون جزءاً من الدوافع نحو الحل و التقدم الى الامام, انما تعلم حق العلم ان هناك عهداً انتهى و راح, وان هناك عصراً جديداً يتهيء له العراق, ولكن العراق كي يتهيء ليقدم صورة جديدة لهذا البلد الهام, يبدو انه يجب ان يعبر عوائق عدة و اولها ان يتصالح العراق مع نفسه, ان يتحاور العراق وان يصل الى توافق في الرأي بين كل اعضاء هذه المجتمع حتى تبنى الامور على بينة وعلى توافق و على تراض قومي شامل, ان العراق الحر, المستقل, المتحد, او الاتحادي, انما يمثل نقلة نوعية في التطور السياسي في هذه المنطقة, وانا اتحدث الى البرلمان الكوردي اود ان اقول ان كوردستان العراق جزء هام ليس فقط من العراق ولكن من العالم العربي, ومن منطقة الشرق الاوسط و التفاعل العربي الكوردي, و التواصل و التداخل هو جزء من التأريخ, من التأريخ القديم, من التأريخ الحديث و من الحاضر و من المستقبل, نحن اخوة وحين احضر الى هنا لتحيتكم و تحية الاخ العزيز الرئيس مسعود البارزاني رئيس الاقليم و حين اتحرك من هنا الى السليمانية لازور السيد الرئيس جلال الطالباني, فأنما اعني تماما مدى الصلة التي كانت و تكون ويجب ان تستمر هذه الصلة القوية التي تربط بين الكورد و العرب, والتي تربط بين ثقافة و لا اقول ثقافتين متداخلة, مترابطة وفي ظل عراق ديمقراطي, عراق يقوم على اختيار الحر لشعبه, ارى ان تقدم انشاءالله سيكون مؤكداً نحو مستقبل ايجابي يتمتع فيه كل العراقيين بحقوقهم و حقوق اختيار من يحكمهم و النظام والدستور الذي ينظم حياتهم, والجامعة العربية ليس فقط على استعداد للتحدث او التعبير عن موقفها, ولكن اتخاذ المبادرات العملية اللازمة للمساعدة في السير نحو هذا الطريق الذي من شأنه ان ينقذ العراق و هو عضو مؤسس و فاعل في جامعة الدول العربية, ملتزم بميثاقها و قراراتها وهو جزء من العالم العربي المتعدد في ثقافاته و اتجاهاته وان كان يقوم على ثقافة الاخوة الواحدة والانتماء للامة نرجوا ان تكون وسوف نعمل على ان تكون جزءاً من المستقبل في هذا العالم الجديد, المختلف, المتطور, احييكم ايها السادة والسيدات واحيي برلمان كوردستان العراق, وكم سعدت ان استمعت لحظة وصولي الى هذا المبنى الكريم, الى السلام الوطني العراقي فالسلام الكوردي وهو اشارة ودودة و مهمة الى هذا الشكل الجديد للعراق الجديد من كوردستان الى العراق الى العالم العربي تحية لكم و املاً كبيراً في ان ينتقل العراق الى واقع مستقر يقوم على السلام و الوئام و الاخوة بين كل ابنائه و اطيافه و الوانه, شكراً, شكراً سيد الرئيس.

**السيد رئيس المجلس:**

شكراً على الكلمة الطيبة الصادقة, الاخوية لمعالي الامين العام للجامعة العربية.

زۆر سوپاس بۆ وتاره به نرخ و بەڕێز و دۆستانەکەی بەڕێز عمر موسا ئەمین عامی جامیعەی عەرەبی, سوپاس بۆ دیارییەکەی.

انا عندما اشرت الى شعب كوردستان بالتأكيد لا يخفى عليكم ان شعب كوردستان ايضا هناك معنا الى جانب الشعب الكوردي, الشعب التوركماني و الشعب الكلداني و الاشوري وهم ايضا موجودين هنا اعضاء في البرلمان فالترحيب كان بأسمهم ايضاً, هذا بالتأكيد هم يعرفون ولكن اعضاء الاخوة المرافقين لكم وانتم عندما دائما يشيرون الى الشعب الكوردي نعني بهم جميعاً, بتأكيد معالي الامين العام نحن معكم في جهودكم و نؤيد هذه الجهود لكي يكون الحوار عاماً و شاملا بين كافة تكوينات الشعب العراقي على اساس الايمان ببناء العراق الديمقراطي الفيدرالي, العراق الواحد الاتحادي, الذي نريده للجميع, كما نريده لانفسنا, بالتأكيد عندما نقول حوار كما انتم مؤمنون به ايضا نقصد اولئك الذين يؤمنون بالعراق الديمقراطي و بالتعايش معاً و بنبذ العنف و الخلاص من الارهاب و الخلاص من سياسات الديكتاتورية السابقة التي ادت الى الدمار الشامل الذي تشهدونه, وحبذا لو تسنى لكم الفرصة زيارة حلبجة اذا كان عندكم فكرة لكي تأخذو ماذا حل بشعب كوردستان نتيجة سياسات الدمار و سياسات الدكتاتورية باستخدام الاسلحة الكيمياوية المحرمة دولياً, لانريد ان نعاتب احداً على سياسات مارستها النظام والحكومات السابقة, لكننا نحب دائماً للتذكير و لفهم مشاعر الناس سواءاً كان في كوردستان او في الجنوب او في الوسط, حتى في الوسط الغربي التي تسمى الشارع العربي السني, لاتخلو منطقة الا وعانت من سياسات النظام السابق, لذلك العامل المشترك الاعظم لجميع ابناء المجتمع العراقي اننا يجب ان لا نعود مرة اخرى الى نفس النظام و نفس الترتيب, أي نرفض رفضا قاطعاً ديكتاتورية اخرى و السبيل الوحيد هو ان نقبل بعضنا كما نحن, وان يقبل الاخر كما نحن نريد اننا نعيش معهم, يجب ان يقبلو هما ان يعيش معنا لكي نعيش في هذا العراق الذي يكفينا جميعاً بثرواته, بامكانياته, مجرد اننا نريد ان نبنى هذا العراق يداً بيد, بارك الله جهودكم و نتمنى لكم الموفقية والنجاح, انا تكلمت بأسم جميع اعضاء البرلمان لاننا تحاورنا صباحا مع رؤساء الكتل ولكن معنا ايضا احزاب سياسية تعمل في كوردستان سواءاً كانت احزاب علمانية او اسلامية, قومية, توركمانية, كلدان و الآشوريين, موجودين معنا, بعض رؤساء الاحزاب و سكرتير الاحزاب, واسمحوا لي ان نعطي كم دقائق الى السيد كمال سكرتير الحزب الشيوعي الكوردستاني ليتكلم بأسم الاحزاب الكوردستانية الموجودة معنا للترحيب بكم, تفضل.

**السيد كمال شاكر/رئيس الحزب الشيوعي الكوردستاني:**

**السيد رئيس برلمان اقليم كوردستان.**

**معالي الامين العام للجامعة العربية.**

**الاستاذ وشيار زيباري/ وزير خارجية العراق**

**اخواتي و اخواني اعضاء البرلمان**

نحن شعب كوردستاني نؤمن بقول الشاعر (ياضيفنا لو جئتنا لرئيتنا نحن الضيوف وانتم رب المنزل) فأهلا وسهلاً بكم معالي الامين العام و الوفد المرافق. معاليكم دائماً تصلون الى قواسم مشتركة بين الملوك و الامراء و الرؤساء, وان دل على شيء يدل على سعة الصدر و الافق الواسع لمعاليكم, واستميحكم عذراً اذا استغليت سعة الصدر هذه في كلامي, ارض كوردستان تستقبل وفد عنوان كبير مثل ما عبر عنه الاستاذ عدنان مفتي انا لا اضيف عليه ولكن عندما نتحاور بتقديري ينبغي ان تتوفر عوامل من المصداقية و الصراحة, لان الحوار بهذين الشرطين يوصل الى الهدف المنشود. الشعب العراقي بشكل عام و الكوردستاني بشكل خاص ذبح مرتين, المرة الاولى في طواحين النظام الدكتاتوري السابق ولكن الصمت كان لغة الكلام للدول العربية تحت شعار حفاظاً على التضامن العربي, واليوم ايضاً يذبح بجريمة الاحتلال, الشعب العراقي شعب غيور على وطنيته ولا غبار على ذلك وان لم يقاوم جيش الغزات فلانه كان يرغب الخلاص من الدكتاتورية, واذا اتحدث بنكهة الحديث المصري انا متأثر به اقول الاحتلال فرض على شعب العراقي وقسيمة الزواج وقع في مجلس الامن القسري, ولكن غالبية الدول العربية لديها عقد زواج عرفي مع من يمثلون الاحتلال في العراق, نحن شعب كوردستان الاخوة

العربية, الكوردية كانت فلسفة للحياة النضالية لشعبنا, وتجسد في الشعار القائل آنذاك على صخرة الاخوة العربية الكوردية تتحطم كل المؤامرات الاستعمارية, هذا بلغة الزمان ذاك, لانه لغة الاستعمار كان فرق تتسط, وهذا الشعار و هذه الفلسفة تحولت الى اغنية بالحقيقة, اغنية غناها الفنان الراحل احمد خليل عندما قال (من تهب نسمة عذبة من الشمال من الجبال على ضفاف الهور تتفتح القلوب, لو عزف عن الناي راعي بالجبال علربابة يجاوبه راعي الجنوب) هذه فلسفة الاخوة العربية الكوردية تأريخياً, ولكن ماذا كانت فلسفة النظام الدكتاتوري الذي كان رافع راية العروبة والقومية, اشعل الحرب مع ايران تحت شعار (تحرير فلسطين يبدأ من عبادان) فلسفة النظام كان ايضا ضمن البيت الشعري الذي يقول (وطن تشيده الجماجم والدم تتهدم الدنيا ولا يتهدم) فعلاً الجماجم هو عنوان و فلسفة النظام الدكتاتوري كان, ولا اعتقد بحاجة الى ان ادخل في التفاصيل, لانه عناوين حلبجة و القبور الجماعية والانفال وقبل ايام وصل مئات الرفات للبارزانيين محمولين على الاكتاف, الشعب الكوردي عندما يجري الحديث عن الفيدرالية و معاليكم تعلمون جيداً كم من الفيدرالية, كم من الاواصر الحميمة ممكن ان تتحقق من خلال النظام الفيدرالي الجديد, واذا رأينا القنوات العربية و الحديث في الاعلام العربي بأعتبار الفيدرالية هو انفصال, نحن نعتقد صدام حسين هو فصل كوردستان عن العراق ولكن الشعب الكوردستاني كان متشبث بهذا الوحدة, تأريخ العلاقة الكوردية مع الدول العربية طويل وعشرات المذكرات والرسائل وصلت الى الحكومات والى الجامعة العربية تنادي بهذه الوحدة, نحن كأحزاب كوردستانية نرحب بالمبادرة بحرارة, لاننا نعتبر الحوار هو لغة العصر ولا يمكن ان يكون شيء آخر وهذه الحوار بحاجة الى وضوح وشفافية, كثيراً ما يدور الحديث انه و يسألون عامة الناس الحوار والمصالحة مع من؟ نحن نقول كلنا بحاجة الى مصالحة مع الذات, مثل ما تفضل معاليكم ومع الآخرين وفي نفس الوقت مع العالم العربي. حزب البعث كان عنوان هذا النظام الدكتاتوري, اذا اردنا ان نتحدث, الحديث لا يدور عن فريق صدام و ربعه الذين اجرموا على حق الشعب العراقي, والحديث لا يدور ايضاً عن الملايين من الناس ممن انتموا الى حزب البعث حفاظاً على الحياة وفي نفس الوقت هناك فريق آخر ممكن ان يكون فعلاً حامل للعقيدة البعثية او القومية, ولكن بحاجة الى ان يجيبوا على السؤال الكبير ما هو موقفهم, على اقل تقدير ان يعتذروا من الشعب العراقي على ماقام به النظام من الجرائم, نحن نؤيد بقلوبنا وبعقولنا مبادرتكم الكريمة وندعم هذه المبادرة ونأمل ان تكون محطة وان تأخرنا للوصول اليها و لكن بتقديرنا محطة هامة في تعزيز العلاقة العراقية كدولة ضمن الجامعة العربية و كشعب عراقي بكل مكوناته ندعم هذا و نأمل ان يكون حوار موضوعي, حوار جاد, حوار في نفس الوقت تضع الاسس الاساسية السليمة في تكوين الصرح لنظام عراق ديمقراطي فيدرالي جديد, معذرة على الاطالة, مع الشكر جزيل.

**السيد رئيس المجلس:**

شكراً للاستاذ كمال شاكر سكرتير الحزب الشيوعي الكوردستاني, معالي الامين العام و الضيوف والوفد المرافق له, السيد وزير الخارجية, نعرف انكم في طريقكم الى السليمانية و الوقت لديكم قصير, لذلك اود في النهاية ان اشكركم بأسم برلمان كوردستان على حضوركم و تشريفكم, واتمنى من قلوبنا النجاح و الموفقية لمهمتكم و نحن معكم في كل ما تخطوا من خطوات و مرحبا بكم مرة اخرى, شكراً

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(كمال كركوكى)** | **عدنان رشاد مفتى** |
| **سكرتێرى ئەنجومەنى نیشتمانیى** | **جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نیشتمانیى** | **سەرۆكى ئەنجومەنى نیشتمانیى** |
| **كوردستانى – عێراق** | **كوردستانى - عێراق** | **كوردستانى – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**سێ شەممە رێکەوتی 2005/11/22**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4)ی خولی هەڵبژاردن

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/11/22

كاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/11/22 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(4)ی خولی دووەمی هەڵبژارن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/11/22دا بەم شێوەیە بێت:

1-ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان جەنابی كاك(مسعود بارزانی), بۆ ڕوونكردنەوەی سەردانی بەڕێزیان بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئەوروپا,

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان, بەناوی گەلی كوردستان, كۆبوونەوەكەمان دەكەینەوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمی جەنابی كاك مسعود سەرۆكی هەرێمی كوردستان و وەفدە یاوەرەكەی كاك د. كەندال نەزان, د. نەجمەدین, كاك فەریق أول زعیم عەلی و, كاك سداد و هەموو ئەوانەی كە لە گەڵی هاتوون, د. فوئاد حسین دەكەین,

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی مادده (20)ی پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن, بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(4)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری 45ر11 ڕۆژی سێ شەممەی رابردووی ڕێكەوتی 2005/11/22 بەم شێوەیەدا بێت:

1-ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان جەنابی كاك(مسعود بارزانی), بۆ ڕوونكردنەوەی سەردانی بەڕێزیان بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئەوروپا.

پێش ئەوەی داوا لە جەنابت بكەم, بفەرموویێت بۆ باس كردنی سەردانەكەی حەز دەكەم بە خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمان رابگەیەنم كە دەستەی سەرۆكایەتی بڕیاری داوە, لەمەو دوا هەفتەی سێ ڕۆژ ئەندامانی پەرلەمان دەبێت دەوام بكەن, واتا دەوامی ڕەسمی لەم سێ ڕۆژەدا جەلساتی پەرلەمان ئەگەر هەبێت, دەبەسترێت, ئەگەر نا دەبێت لیژنەكان بەكاری خۆیان هەستن, بەتایبەتی كە ئێستا ژوورەكان بە تەواوەتی تەجهیز كراون, هەموویان جێگایان هەیە, ئومێدەوارم بەم شێوەیە لە هەفتەی ئایندە دەست پێ بكاتن, واتە ڕۆژانی دووشەممە و, سێ شەممە و, چوارشەممە.

جەنابی كاك مسعود فەرموو, هەر بەم بۆنەیەوە بەخێرهاتنی دوو دۆستی دێرینی دەرەوەی گەلی كوردستان دەكەم, كە زەمانێكە پشتگیریان لە گەلی كوردستان كردووە, كە كریست كۆچیراو خێزانەكەی هاوسەرەكەی مادام ئیدیت, كە چەندین كتێب و نووسین و, بلاوكراوەیان هەیە لەسەر مەسەلەی كوردستان, زیاتر لە 35 ساڵە, دۆستایەتی گەلی كوردستانیان كردووە, لەگەڵ شۆڕشی كوردستاندا, چەندین جار سەردانی كوردستانیان كردووە, لەگەڵ پێشمەرگەدا گیراون, زۆر بەخێر بێن, فەرموو جەنابی كاك مسعود.

**بەڕێز کاك مسعود بارزانی(سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق)؛**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**برای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشك وبرایانی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان.**

**میوانە بەڕێزەکان.**

زۆر پێ خۆشحاڵم کە جارێکی تریش ئەم دەرفەتەمان بۆ رەخسا بە خزمەتتان بگەین, دوای سەردانێکی 26 رۆژی بۆ ئەمریکاو, ئەوروپا, بۆ ئەوەی کە هەمیشە لە کاتی رووداوێکی گرنگ, هەمیشە دێین بۆ خزمەتتان, بۆ ئەوەی بۆتانی روون بکەینەوە و, گوێ لە بیروبۆ چوونەکانتان بگرین, لەگەڵ وەفدی کوردستان بۆ ئەمەریکا دەستی پێکرد, هەروەکو بەڕێزتتان بینیتان پێشوازییەکی گەرممان لێکرا لەلایەن سەرۆك بۆش و ئیدارەی ئەمەریکا بەگشتی, وابزانم ئەمە یەکەم جار بوو ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرنگییەکی وا بە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بدات, لە راستیدا من وام وەرگرت, ئەمە رێز گرتنە لە خەبات و قوربانیانی گەلی کوردستان, هەروەها رێزگرتنە لە رۆڵی کورد و خەڵکی کوردستان لە بنیاتنانەوەی عێراقی فیدراڵی دیموکراتی فرەحزبیدا, لەوێ بەگشتی باسی وەزعی عێراق کرا کە چۆن پرۆسەی دیموکراسی بەرەو پێش دەچێ, گیروگرفتەکان چین, کۆسپەکان چین و چۆن رووبەڕووی ئەو تەحەدیاتانە ببینەوە, هەروەها زۆر بە تێروتەسەلی باسی بارودۆخی کوردستانیش کرا لەو پرۆسەیە, زۆر بە رێزو پێزانینەوە باسیان لە رۆڵی کوردستان کرد و تەئکیدیان کردەوە, کە حەزدەکەین لەسەر ئەم رۆڵە بەردەوام بین, بێگومان ئێمەش بۆمان دووپاتکردەوە, هەروەکو پێش رووخانی رژێمی بەعس و پێش ئەوەی لە رزگار کردنی عێراق بەردەوام بین, رێککەوتین عێراقی ئایندە دەبێ عێراقی فیدراڵی دیموکراتی فرە حزبی بێت, ئێستاش پاش دەرچوونی ئەو دەستوورە, کە رەنگە بە تەئکید هەموو ویستەکانی ئێمەی تێدا نەبێ, هەروەکو خەڵکی تریش رەنگە هەروا حیساب بکات, کە هەموو ویستی ئەوانیش جێبەجێ نەکردووە, بەلاَم بە تەئکید باشترین دەستوورە لە مێژووی عێراقدا, دەستوورێك لەلایەن ئەو هەموو لایەنانە بنوسرێتەوە, زەحمەتە لەوە باشتر بنووسرێتەوە, تا ئەو دەستوورە لە عێراقدا حاکم بێت, ئێمە بە عێراقی یەکگرتوو بەندین, بەلاَم بە هیچ شێوەیەك ئێمە بە غەیری ئەوە رازی نین, هەروەها ئەوەی بزانم بەشی هەرە زۆری خەڵکی عێراقیش رازی نەبوون جارێکی تر رژێمێکی دیکتاتۆری بێتەوە و حوکمی عێراق بکات, تەبعەن ئەوانیش لەسەر ئەوە کۆك و تەبابوون, سەرۆك بۆش خۆی بەڕاستی من دەمەوێ لێرە بەناوی گەلی کوردستان و بەناوی شەخسی خۆم زۆر سوپاسی شەخسی ئەو بکەم, هەروەها ئیدارەکەی, چ جێگری ئەو و وەزیری بەرگری و دەرەوە, چونکە زۆر بە سینگێکی فراوان و بەڕوویەکی گەش پێشوازییان لێ کردین, تەئکیدیشیان کرد کە ئێمە لەگەڵتانین تا ئەو پرۆسەیە بەسەرکەوتنی تەواو دەگات و گوێیش لە قسەی ئەم و ئەویتر مەگرن, ئێمە بەجێتان ناهێڵین تا ئەو پرۆسەیە سەرنەکەوێ, ئێمە لەگەڵتانین, پێم وایە ئەم دڵنیا کردنەوەیە شتێکی گەورە بوو, هەروەها زۆریش گرنگ بوو بۆ ئێمە و بۆ خەڵکی عێراقیش و لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵ بە پێی ئەو دەستوورەی کە دەنگی لەسەر دراوو لە راپرسی دەرباز بوو, هەرچی مافی کوردە ئەوان پشتگیری لێدەکەن, هەرچی بۆ کوردستان لەو دەستوورە داهاتووە ئەوان بە گەرمی پشتیوانی لێدەکەن و لەگەڵیدان.

خۆی بە تەئکیدی سەردانەکە یارمەتییەکی گەورەی سیاسی بوو بۆ کوردستان و لە هەمان کاتیشدا بۆ عێراقیش, جگە لە سەرکەوتن و یارمەتی سیاسی, هەندێ کۆبوونەوەی گرنگیشمان کرد لەگەڵ وەزیری بازرگانی و چەندین کۆمپانیای گەورە, پێم وایە لەوێش دەرگایەکی گەورە بۆ باری ئابووری کوردستان کراوەتەوە, هەتا وەزیری بازرگانی گوتی: پێناگۆن تانك و فرۆکە و تۆپی بۆ یارمەتی و رزگاری ئێوە هێنا لە رژێمی دیکتاتۆری, ئێمەش دەبێ ئابوورییەکی بە هێزتان بۆ دروست بکەین, ئێمە لە 23 تا 28ی مانگ لەوێ بووین.

کە سەفەرەکەمان لەوێ کۆتایی پێهات گەڕاینەوە لەندەن, تۆنی بلێر خۆی داوای کرد سەردانی ئەوێش بکەین, بەڕاستی ئەویش هەڵوێستێکی زۆر روون و ئاشکرای هەبوو, زۆر پشتگیری کردین, دیسان دەمەوێ سوپاسی جەنابی ئەویش بکەم, هەڵوێستی ئەویش وەکو هەڵوێستی سەرۆك بۆش بوو, تەئکیدی لەسەر هەمان خاڵ کردەوە, ئەوی من لە ئەوروپا و,

هەروەها لە ئەمەریکاش تێبینیم کرد, مومکینە هەندێ جار مونافەسەی حزبی نێوان خۆیان و هەندێ جار تینەگەیشتنی وەزعەکەیە, هەندێکیان پێیان وایە شتێکی غەڵەت لە عێراق کرابێ, یانی ئەم رزگارکردنەی گەلانی عێراق لە رژێمی دیکتاتۆری بەعس کارێکی هەڵە بوو بێت, یاخود ئەگەر بکشێنەوە لە عێراق ئەوان لە شەڕی تیرۆرو تیرۆرستان دوور دەکەونەوە, چ لەگەڵ بەرپرسەکانی خۆیان چ لەگەڵ رۆژنامە و حزبە موعارزەکانیش, کە دانیشتن, پێم گوتن: رەنگە وێنەکە بۆ ئێوە زۆر روون نەبێت, واقیعی عێراق وانییە وەکو ئێوە مەزەندەی دەکەن, پێمان وا نییە رێگە چارەی ناوەندی هەبێ لەگەڵ تیرۆریستان, یا دەبێ سەربکەوی یا دەبێ بشکێی, من دەتوانم بەناوی گەلی کوردستان پێتان بڵێم و بەناوی بەشی هەرە زۆری گەلی عێراقیش, کە ئێوە کارێکی زۆر چاکتان کردووە, ئێمە مەمنوونتانین و تەقدیری قوربانییەکانتان دەکەین, کە سەربازەکانی ئێوە گیانی خۆیان لەدەستدا وە لە پێناوی ئازادی خەڵکی تر, ئەوانەی دژی ئێوەن هەمان ئەو کەسانەن کە دژی گەلانی عێراقن, ئەوانەن کە گۆڕی بە کۆمەڵیان لە عێراق دروستکرد, ئەوانەن کە ئەنفالیان لە کوردستان دروستکردووە, ئەوانەن کە هەڵەبجەیان کیمیا باران کردووە, ئەوانەن کە 30-40 ساڵ بە ئاگرو ئاسن حوکمی عێراقیان کردووە, ئەوانەن و ئەو تیرۆریستانە کە بوونەتە دیاردەیەکی جیهانی, ئەگەر ئێوە مەزەندە بکەن هێزەکانی خۆتان بکشێننەوە, شەڕەکە دێتە بەر دەرگای ماڵی ئێوە لە شەڕی تیرۆریستان دوور دەکەونەوە, بۆتە دیاردەیەکی جیهانی, شەڕی تیرۆریستان و نەهێشتنی تیرۆر دیسان هاوپەیمانییەکی جیهانی دەوێ, لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێوە وا مەزەندەی بکەن گەلانی عێراق دژی ئێوەن, بەڕاستی گەلی کوردستان بە تێکڕایی و بەشی هەرە زۆر گەلانی عێراقیش دۆستی ئێوەن, ئێمە مەمنوونتانین کە یارمەتی ئێمەتان دا, چونکە ئەگەر یارمەتی ئێوە نەبوایە ئێمە نەماندەتوانی بە خۆمان و بە ئیمکانیاتی خۆمان, خۆمان لەو رژێمە رزگار بکەین.

پێم وایە ئەمە تەئسیری هەبوو, چونکە فەرقە لەوەی خەڵکێك لەناو مەسەلەکەدا بێت و بچێ ئەم مەسەلەیە باس بکات, هەتا بۆشم باس کردن, گوتم: ئێمە لە کوردستان شوکر بۆ خوا لە دوای 1991ەوە خۆمان ئیدارەی خۆمان دەکەین و خۆمان, خۆمان دەپارێزین, پێشمەرگە هەیە, هێزی ئەمن و ئاسایش هەیە, پۆلیس هەیە, یانی ئەگەر ئەو هێزانەش بکشێنتەوە چ تەئسیر لە وەزعی ئێمە ناکات, بەلام مادام ئێمە لە چوارچێوەی عێراق داین, هەرچییەکی لە عێراق رووبدات و تەئیسیر لە بارودۆخی ئێمەش دەکات, لەلایەکی ترەوە ئەگەر بێت و ئێوە بکشێنەوە باوەڕبکەن زۆری پێناچێ شەڕی ناوخۆ دەست پێدەکات, هێشتا بارودۆخەکە وای لێنەهاتووە, کاتێك دەتوانرێ باسی ئەوە بکرێ, کە پێویستی بە وجودی ئێمە نەمێنی, ئەویش هێشتا زووە باسی ئەو مەسەلەیە بکرێ, لە لەندەنیش کە تەواو بووین, سەفەری ئەڵمانیامان کرد, لە راستیدا سەفەری ئەڵمانیا شەخسی بوو, یانی سەفەرێکی رەسمی نەبوو, من لەو سەفەرە دە رۆژ لەگەڵ وەجیهی برام مامەوە, چونکە لەوەتەی لە شەڕی ئازادی عێراق بریندار بوو, من نەمدەیبوو, ئەوە یەکەم جار بوو بیبینم, لەوێش خانم مێرگل- مان بینی, کە تازە خەریك بوو دەست بەکاربێ وەك راوێژکاری ئەڵمانیا, دیارە پێشتریش ئێمە دەماننناسی, ئەویش تەئکیدی کردەوە کە دەیانەوێ پەیوەندییەکی زۆر باش دروست بکەن هەم لەگەڵ هەرێمی کوردستان, هەم لەگەڵ عێراقیش, چونکە ئێستا هاوپەیمانن لەگەڵ حزبی سۆسیالی ئەڵمانیا, رەنگە وەکو سیاسەتی حزبی خۆیان بە تەواوەتی نەتوانن پیادەی بکەن, بەلام بە تەئیکد گۆڕانێکی گەورەش بەسەر سیاسەتی ئەڵمانیادا دێت, بەو ئاراستەیەی کە زیاتر لە ئەمریکا و بەریتانیا و بارودۆخی عێراقیش نزیك ببنەوە, پاشان سەفەری نەمسامان کرد, لەگەڵ د.فیشەر سەرۆك کۆماری نەمسا, کە ئەویش دۆستێکی دێرینە و نزیکەی 25 ساڵ دەبێ دەیناسم, کاتێك کە سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بوو لە پەرلەمانی نەمسادا, ئەویش دۆستێکی نزیکی کوردە, بێگومان وەزعەکەمان بۆ ئەویش باس کرد, لە هەموو ئەو شوێنانەدا باری ئابووری بەشێکی گرنگ بوو لە گفتوگۆیەکانماندا, ئامادەییەکی تەواوم هەیە بێن لە کوردستانەوە دەست پێبکەن تا بارودۆخی عێراق ئەمن و ئاسایشی زیاتر دەبێت و باری ئەمنی رێگە دەدات, ئینجا لەوێش بۆ ئیتاڵیا, لە ئیتاڵیاش بە خزمەتی پاپا گەیشتین, کە پاڵپشتێکی مەعنەوی گەورە بوو بۆ خەڵکی کوردستان, ئەوەی من بینیم زۆر موتەفاهم بوو, زۆریش لەبارودۆخەکە ئاگادار بوو, زۆر پرسیاریشی کرد, پاشان بەرلسکۆنی سەرۆك وەزیران و بەرپرسانی تری ئیتاڵیامان بینی, ئەوان هاوپەیمانن, هێزیان هەیە, هەروەها لەگەڵ حزبە موعارزەکانی ئیتاڵیاش کۆبووینەوە, لەوانەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوو گۆڕان بەسەر

باردۆخی ئیتالّیادا دابێت, بۆ ئەوانیش هەمان شتمان باس کرد, لەوێش بایەخدان و ئامادەییەکی زۆر هەیە بۆ پەیوەندی ئابووری بەهێز لەگەڵ هەرێمی کوردستان, من بە شێوەیەکی گشتی سەفەرەکە, بە سەفەرێکی سەرکەوتوو هەڵدەسەنگێنم, بۆ میللەتی ئێمە پاڵپشتێکی سیاسی گەورە بوو, دەرگایەکی گەورەی ئابووری بۆ ئێمە کراوەتەوە, بەلاّم بەدواداچوون و لێزانینی دەوێ, کە دەبێ بەدواداچوونێکی باشی بۆ بکرێ, دڵنیابوونەوەیەکی تەواو درا, کە پشتی ئێمە بەرنادەن و لەگەڵ مافەکانی ئێمەدان, کە بەو شێوەیە هاتووە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا, پێیان خۆشە کورد دەربارەی هەموو عێراقیش لەسەر رۆلی خۆی بەدەوام بێت, دەتوانم بڵێم لەڕووی سیاسی و مەعنەوی و ئابوورییەوە سەردانێکی سەرکەوتوو بوو, ئەنجامێکی باشی لێکەوتۆتەوەو پەنا بەخوا بەرهەمی باشیشی دەبێت, جا ئەگەر پرسیارێکیشتان هەبێ ئامادەی وەلاّمدانەوەم.

بێینە سەر وەزعی ناوخۆی خۆمان, تەبیعی ئێمە کەمتر لە مانگێك ماوە بۆ هەڵبژاردنی سەرتاسەری.

پێم وایە ئەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازە بۆ ماوەی چوار ساڵە, ئومێدەوارم خەڵکی کوردستان زۆرباش ئەهمیەتی ئەم هەنگاوە بزانن و تەقدیری بکەن, کە دەشیکەن, چارەنووسی ئێمەی پێوە بەستراوەتەوە, لەبەر ئەوە من داوا دەکەم بەتایبەتی لە لاوان بە گەرمی بەشداری بکەن و دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان بەشداری بکات, چونکە پەیوەندی بە چارەنووسی هەریەك لە ئێمە مانانەوە هەیە ئەمە نەبەرژەوەندی ئەم حزب و یان ئەو حزبەی تێدایە یان ئەم شەخس و ئەو شەخس, بەڵکو پەیوندیی بە چارەنووسی هەر شەخسێکەو هەیە, لەبەر ئەوەی دەبێ ئەم دەرفەتە لەدەست نەچێ و هەریکێك لە رۆڵەکانی گەلەکەمان مەسئولانە بیر بکەنەوە, چونکە بەڕاستی دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ئێمە کە ئیسپاتی وجودی بەهێزی خۆمان بکەین, هەروەها ئەگەر بە شێوەیەکی باش خۆمانی بۆ ئامادە نەکەین لەوانەیە خراپ بێت و, زەرەرێکی گەورە دەکەین, حەتمەن باسی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە دەکرێ, من هەر ئەوەندەتان عەرز دەکەم, لەم ماوەیە دوو کاری سەرەکیمان دەبێت, یەکێك خۆ ئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردن ئەویتریشیان هەوڵدانە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە, هەموو هەوڵێك دەدەین پێش هەڵبژادرن هەردوو ئیدارە یەك بگرێتەوە, ئەگەر بینیم کۆسپێکی وا هەیە پێمان ناکرێ, من ئەو بەڵێنە بە ئێوە و بە میللەتی کوردستانیش دەدەم, بێمە ئێرەو پێتان بڵێم بۆ نەکرا یا بۆ ناکرێ؟ ئەگەر کراش ئەوە ئیعلان دەکرێ.

خاڵێکی تر, لە ساڵی 1991ەوە پرۆسەیەکی دیموکراسی لە کوردستان هەیە, من ناڵێم زۆر بێ وێنەیە, بەلاّم ئەگەر قیاسی بکەین لەگەڵ دەوروبەری خۆمان و زۆر شوێنی تر زۆر باشە, رەنگە ئێمە هەموومان هێشتا بە تەواوەتی نەزانین مانای دیموکراسی چییەو چۆن مومارەسەی دیموکراسی بکەین؟ دەبێ هێشتا فێری ببین, خەڵك لە ڕادەربڕین ئازادە, دەبێ مافی مرۆڤ پارێزراو بێت, دەبێ هەموو تاکێکی ئەم میللەتە مافی پارێزراو بێت و رێزیشی لێبگیردرێ و هەموو مافێکی هەبێت, بەلاّم لە کاتی خۆپیشاندان دەبێ لەیەك شت خۆتان بپارێزن, خراپکردنی دام و دەزگاکان یان کۆگایەکی شەخسی یا دەوڵەتی بێت, ئەمە فەرهەنگێکی خراپە و نابێ بێتە ناو میللەتی ئێمە, ئێمە فێری ئەو شتانە نین, با خۆپیشاندان بکرێ, مافێکی سروشتی میللەتە, ناڕازین لە حکوومەت یا لەو حزب, یا لەم حزبە, یا لە هەر دەزگایەك, چ دەزگای حزبی بێت, یا ئیداری با خۆپیشاندان بکەن, چونکە خۆپیشاندان مافێکی سرووشیی ئەم خەڵکەیە ونابێ رێگەیان لێبگیرێ, دەبێ پۆلیس و دەزگاکانی تر بەو پەڕی رێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن, بەلاّم ئەو خەڵکەش دەبێ رێز لە یاسا بگرن و خراپکاریی نەکەن, دام و دەزگاکان خراپ نەکەن, ئەمە فەرهەنگێکی خراپە.

مەسەلەی تر مەسەلەی پێکەوە ژیانە هی ئایینی و نەتەوەیی, بەڕاستی من ئەمجارە هەستم بە سەربەزییەکی زۆر کرد, چ لەگەڵ پاپا و بەرپرسانی تری فاتیکان, هەمووین تەئکیدیان لەوە دە کردەوە کە ئێمە ئاگاردارین فیعلەن لە کوردستانی لێبوەردەیی و پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئایین هەیە, پەنا بە خوا رۆژ بە رۆژ ئەمە بەهێز تر بێت و بەرەو پێشتر بچێت, ئەمەش خاڵێکی ئیجابی بوو کە من هەستم پێکرد و زۆریش سەبەرز بووم کاتێك ئەو مەسەلەیە باسکرا, وێرای ئەوەی لەوانەیە زۆرجار لەملاو لەولای راپۆرتی نامونسیفانە لەسەر بارودۆخی کوردستان نووسرا بێ, بەلاّم دیارە هیچ تەئسیرێکی نەکردووە, هەقیقەت چۆنە لەم ڕووەوە گەیشتۆتە هەموو شوێنێکی پێویست, بەلاّم ئێمە دەبێ زیاتر

هەوڵ بدەین بەنیسبەت برایانی تورکمان و برایانی ئاشووری و کلدانمان, بەڕاستی دەبێ بەهیچ شێوەیەك هەست نەکەن شتێکیان لەمافەکان کەمە.

خاڵێکی تر هەیە, هەرچەندە من هێشتا بە تەواوەتی نەمخوێندۆتەوە, دوێنێ هەروەکو دەزانن کۆبوونەوەی ئامادەکاری بوو, بۆ کۆنگرەی ئاشتبوونەوە یا ئەوەی عێراقی لە قاهیرە لە جامیعەی عەرەبی تەواو بووە, نازانم هەندێك هەواڵ هەبوو کە باسی دوو خاڵ دەکرا, یەکێکیان, ئەوەیە کە تەئیدی مقاوەمە کرا بێ, یا شتێکی وای تێدا بێ, دووەم, جەدوەلێك دابندرێ بۆ کشانەوەی هێزەکان, هەڵوێستی ئێمە ئەمەیە, گلەیی ئێمە ئەوە بووە کە بڕیاری1483 دەرچوو, ئەو هێزانەی ئێمەیان رزگار کرد خۆیان کرد بە داگیرکارو ناوی داگیرکاریان لە خۆیان نا, بەنیسبەت ئێمە ئەوانە رزگارکارن, ئێمەیان رزگار کرد لە رژێمێك کە 4500 گوندی ئێمەی وێرانکردووە, ئەو 500ی مابوو ئەوانیش وێران دەکرا ئەگەر مابان, بە چەند دەقیقەیەك 5 هەزار ژن و منداڵی ئێمەیان لە هەڵەبجە شەهید کرد, لە ماوەی چەند ساڵێکدا 185 هەزار کەسی ئێمەیان ئەنفال کردو ئێستاش نازانین گۆڕەکانیان لە کوێیە, تاك و توك هەندێك جار دەدوزرێنەوە, هەرچی پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەبووە, بەنیسبەتی ئەوان دەبوو نەمێنێ, دەبێ لە مێژوو و لە نەخشەی ئایندە و لە هەمو شتێك بسڕێتەوە, یەکێك بێت تۆ لە رژێمێکی وا رزگار بکات و ئەم بارودۆخە بۆ میللەتی ئێمە دروست بکات, ئێمە چۆن مەمنوونی نەبین, تەبعەن خەڵکێکی تر هەیە حوکمێکی دیکتاتۆری بەناهەق و بەشێوەیەکی غەیرە شەرعی بەدەستیەوە گرتبوو, بە تۆپ و تانك خۆی فەرز کرد بوو, رووخاوە تەبعەن ئەو دژی دەبێت, بەڵام ئەوان چەندن ئەو خەڵکەی رزگاریان بووە چەندە, با رێژەکان حیساب بکەین, هەموو خەڵکی کوردستان هەموو خەڵکی باشوور نیوەی خەڵکی ناوەڕاستیش, یانی ئەمانە کەمینەیەکی زۆر کەمن, کە دژی ئەم هێزانەن, هەڵەی ئەوان بوو کە ناوی داگیرکاریان لە خۆیان نا, تەبعەن ئێمەش حەز ناکەین, نەك لەبەر ئەوەی ئێمە حەزیان لێ ناکەین, بەڵام حەز ناکەین ئەم سەربازانە لە کەس و کارو ماڵ و منداڵیان دووربکەونەوە, بەڵام پرۆسەیەك دەستی پێکردووە , ئەم پرۆسەیەی تا سەرکەوتنی یەکجارەکی.

بەڕاستی ئێمە حەزدەکەین ئەوانە بمێنن و هەمیشە میللەتی کورد خۆی بە دۆستی خۆیان بەتایبەتی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانی تریان دادەنێن, ئێمەش وەزعێکی وا لە عێراق دروست ببێ و پرۆسەکە بگاتە چارەسەرێکی وا کە پێویستی بە هەبوونی ئەوانە نەبێت, ئەو وەختە خواحافیزیان بێت بە هەموو مەمنوونییەتێکەوە بە گوڵ و گوڵباران بەرێیان دەکەین, بەڵام ئێستا لە باس کردنی ئەوانە هەڵوێستی ئێمە کە هێشتا بە فکری ئەوان حوکمێکی شمولی دیکتاتۆری لە عێراق پیادە بکەن, بەنیسبەت هەردوو خاڵ ئێمە ئەوانە بە دۆستی خۆمان دەزانین و مقاوەمەش بە تیرۆر دەزانین, مقاوەمە نییە, چونکە مقاوەمە بەرامبەر یەکێك دەکەی کە بێ دژیت بکات, بەنیسبەت ئێمە باسم کرد, ئەوان هاتوون ئێمەیان رزگار کردووە, بەنیسبەت جەدوەلی کشانەوش دەبێ لە کاتێکدا بێ, کە پرۆسەکە تەواو بوو بێت, و تیرۆریستانیش لەم وڵاتە شکا بن, عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی, فرە حزبی, بە هەمو مانای وشە دامەزرا بێ, ئینجا ئەوانە دەتوانن بڕۆن, ئەمە سیاسەتی ئێمەیە, من نازانم بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرە چۆن دەرچووە؟ ئەگەر خیلافی ئەمە بێت, ئێمە تەئیدی ناکەین, ئەمە هەڵوێستی رەسمی ئێمەیە, جارێکی تریش سوپاستان دەکەم, بۆ گوێگرتنتان و من لە خزمەتتان دام ئەگەر پرسیارتان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی کاك مسعود بۆ ئەو روونکردنەوەیە, بەخێر بێن سەفەرەکەتان سەرکەوتوو دەبێت (أن شاء الله), لە قازانجی گەلی کوردستان و زیاتر بە ئایندەی خۆی دەبێت و, چونکە وەکو ئاماژەتان پێکرد, هەڵوێستی ئەو وڵاتە و ئەمەریکاو بەریتانیا هەموویان دۆستانەیە پشتگیری لە گەلی کوردستان دەکەن و, لە ئەزموونی دیموکراتیەت دەکەن لە عێراقدا, حەز دەکەم بە ئیجازەی جەنابت داوا بکەم پێش ئەوەی ئەگەر ئاماژە بە دوو شت بکەم, پێش ئەوەی ئەگەر کەسێك پرسیارێکی هەبێت, ئاراستەی جەنابت بکەن, یەکێکیان ئەوەیە من تێگەیشتووم لە موئتەمەری قاهیرە کە داوا دەکاتن هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە, بەستراوەتەوە بەوەی کە هێزەکانی عێراق پۆلیس و ئاسایشی قودرەتیان هەبێت, سەیتەرە بکەن لەسەر عێراق, خەتەر لەسەر عێراق نەمابێت لەسەر مەسەلەی ئیرهاب, لەبەر ئەوە (أن شاء الله) شتێکی

وا ناكەین ئەوانەی كە ئیمزایان كردووە لەوێ, یان موافەقەتیان كردووە, هەست بە مەسئولیەت دەكەن, ناكرێ بە نیوەچلی ئەمەریكاییەكان بەجێمان بهێڵن, حەز دەكەم بە ئیجازەی جەنابیشت, دیسان ئاماژە بە سەردانەكەی عەمر موسا بكەم بۆ كوردستان, چونكە بە داخەوە راگەیاندن تۆزێ شێواندبوویان بە عەرەبی قسەی كرد و, تەسجیلەكەشی ماوە, دەكرێت ئەوەی دەیەوێت بە دیقەت تەماشای بكات, بگەڕێتەوە بۆ تەسجیلەكەی, ئەگەر بڕوای بە رۆژنامەكانی رەسمی نییە, كە دەقی تەرجوومەكەیان بلاّوكردۆتەوە, بەلاّم لە قەناتی زاگرۆس راستەوخۆ نەقل دەكرا, ماوە هەركەسێك دەتوانێ تەماشای بكات, هەندێ پەیامنێر وتاریان نووسیوە لەسەر سەردانەكەی هەندێ برادەر مولاحەزەیان نیشاندا, بەلاّم من پێم وایە دیقەتیان نەبوو لە قسەكانی ببورن كەوا دەلێم, من دەقی قسەكانم باش لە بیرە و عەرزیشتان دەكەم, هەقە كە پەیامنێرێك كە پرسیارێك لە مەسئولێك دەكات, بە دیقەت بزانێ پرسیارەكە چییە؟ بۆ ئەوەی وەلاّمەكەشی بە دیقەت وەربگرێتەوە, عەمر موسا بە دەقیقی وتی, جارێ بۆ سشەش جار ناوی كوردستانی هێناوە لە وتارەكەی, دوایی وتی كوردستان بەشێكە لە عێراق, عێراقیش بەشێكە لە دونیای عەرەب, (جزء من عالم عربي و جز مهم و جزء من شرق الاوسط), دونیای عەرەب شتێكە نەتەوەی عەرەب شتێكی ترە, ئەگەر بیگوتبا نەتەوەی عەرەبی یان ولاّتانی عەرەبی, وەكو ئەم پەیامنێرە ئاراستەی جەنابی كاك مسعود كرد, لێرەشدا وەلاّم دەدرایەوە, بەلاّم دونیای عەرەب فراوانە, قەزایەكە بە دوو جوگرافیەی ئێمەیە, هەندێ جار دەلێین فلانە كەس لە دنیایەی خۆیدا دەژی, بۆیە یەعنی شتێكی غەلەتی نەوتووە, تاوەكو ئێمە پێی نیگەران بین, بە پێچەوانەوە سەردانەكەی كارێكی زۆر باش بوو و, كە گەڕاوەش من خۆم لە چەندین چاوپێكەوتنی تەلەفزیۆنیدا بۆ یەكەم جارە ئاماژە بە گەلی كوردستان بكات, لە تەلەفزیۆنی دوبەی ویستیان ئیحراجی بكەن, تۆ چۆن چوویتە كوردستان؟ چۆن لە پەرلەمان حازر بووی؟ لە وەلاّمدا وتی ئەمە واقیعێكە زەمانی سەددام حوسێنیش هەر هەبوونەو میللەتێكی ترن و, ئێمە چۆن ئیعتیراف بەو واقیعە نەكەین, هەتا وتی باشە بۆ پێشتر ئیعتیرافتان پێ نەكردووە, بەلاّم تووشیشی نەبووین, ئەمەشی وت, دوایێ رەخنەی گرت وتی چۆن قەبوڵ دەكەن لە عێراقدا دەستووری عێراق بكرێتە دوو زمان و, كە ئەویش كوردی و عەرەبییە, وتی دوو میللەت هەیە, دوو زمانیش هەیە واقیعێكە, وتی ئەی چۆن تەفاهوم دەكەن, پێكەنی و وتی با تەرجومەیان بۆ بكرێت, یەعنی مەقسەدم ئەنجامی سەردانەكەی بەو شێوە ئیجابیە رەنگی داوەتەوە, زۆر سوپاس بۆ جەنابی كاك مەسعود, ئەگەر كەسێك پرسیاری لەسەر قسەكانی جەنابی هەبێت, ناوەكانیان بنووسین, فەرموو كاك حەمەی حاجی مەحمود.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی دەمەوێ زۆر بەخێرهاتنی گەرمی جەنابی كاك مەسعود بكەین, كە لە دەرەوەی ولاّت گەڕاوەتەوە, لەو سەفەرەی دەرەوەو, هەروەها ئێستاش جەنابی كە تەشریفی بۆ پەرلەمان هێناوە, دەربارەی رۆیشتنی و هاتنە پەرلەمانی و گەڕانەوەشی بۆ پەرلەمان, بە تەئكید مومكینە ئەوە شتێكی نوێ بێت بەنیسبەت هەموومانەوەو, خالێكی گرنگ و ئەساسییشە بۆ هەنگاونان و بۆ یەكخستنی, یان رەئی وەرگرتنی خەلكی كوردستان, كە بەڕاستی ئەو چەند جارە چ لەگەڵ حزبەكان و, چ لەگەڵ پەرلەمان, ئەوە خالێكی گرنگە بۆ پێشخستنی كارەكان و, ئێمە لەم بوارەوە بەڕاستی دەمانەوێت سوپاسی بكەین.

دەربارەی سەفەرەكە, ئەو وەفدە یان ئەو جارە جەنابی لەگەڵ وەفدەكانی تری كوردستان لە دوای 91ەوە تا ئێستا جیاوازییەكی هەبووە, ئەو جیاوازیەی وەفدەكانی كە لە چوارچێوەی عێراقدا هەبووە, بەلاّم ئەمجارە هی حكومەت و پەرلەمانی كوردستان بوو, یان نوێنەرایەتی حكومەتی كوردستان, یان نوێنەرایەتی خەلكی كوردستان سەرجەم بە هەموو چین و توێژە جیا جیاكانییەوە لە لایەن كۆشكی سپی و سەرۆكی بەهێزترین دەوڵەتی دنیا پێشوازی لێكرا, بەڕاستی ئەهمیەتێكی گرنگی مەعنەوی و سیاسی راگەیاندنی هەبووەو , شوێنەوارێكی باشتر و كاریگەرتریشی دەبێت بە قەناعەتی ئێمە, جگە لە وردەكاریەكانی تر, كە هەنگاوی بۆ نراوەو كاری بۆ كراوە, هەروەها چ لە بەریتانیا و, چ لە

نەمساو، ئەڵمانیا، ئیتالیا، پاپا، هەموو ئەوانە بەڕاستی سەرکەوتنێکە و شتێکی نوێیە بۆ میللەتەکەمان و، بۆ پێشکەوتنی میللەتەکەمان، لە یەکەم هەنگاوی بواری دیبلۆماسیەتی کوردی، پێی ناوەتە قۆناغێکی بالاّ لەسەر ئاستی دنیادا.

دەربارەی مەسەلەی هەڵبژاردنەکان، ئێمە پێمان وایە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە یەکلایی کەرەوەی خەڵکی کوردستانە، بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژە جیا جیاکانییەوەو، قورسایی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەها سەرۆکی عێراق، پێویستە زیاتر قورسایی خۆیان بەکار بێنن، بۆ ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە، یان ئەو پەرلەمانە، وەکو جەنابی ئیشارەتی پێدا بۆ چوار ساڵە، ئەو چوار ساڵە زۆر شت یەکلایی دەکرێتەوە، دەستکاری دەستوور دەکرێت و، مەسەلەی ناوچەی تەعریب کراو و گەڕاندنەوەی هەیە، دەسەلاّتی سیاسی لە عێراقدا، ئەوانەمان هەموو لەبەر دەستە، بۆیە پێویستە ئێمە زۆر بە جددی کاری بۆ بکەین و، ئەو لیستی هاوپەیمانییە، من پێم وایە لە هەموو ئەو شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر و خەبات و، کە خوێنێکی زۆریان ڕشتووە، تا ئەو ئازادییان بە دەست هێناوە، ئەو لیستەی هاوپەیمانیەی کوردستانییە.

دەربارەی مەسەلەی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان، پێم وایە هەنگاوی باش نراوە، بۆ یەکخستنی لەسەر مەسەلە سیاسیە گرنگەکان، ئیستیراتیجیەتی کوردی، خەڵکی کوردستان و، یەکخستنەوەی ماڵی کوردیش، یان ئیدارەکان ئەویش خاڵێکی گرنگە، کە ئومێد دەکەین جەنابی ئەو جارە کە هاتەوە باسی بکات بۆمان، باسی یەکگرتنەوەی ئیدارەکانمان بۆ بکات، نەك شتی تر، بۆیە ئومێد دەکەین ئەوە بێت.

دەربارەی وەزعی کۆنگرەی ئاشتی، ئەو کۆنگرەیە زیاتریش باسمان کرد، ئەگەر کورد بەشداری بکات لەو کۆنگرەیە شتێکی زۆر باش دەبێت، لە هەموو شتەکان ئێمە بەشداری بکەین، بەلاّم ئەوەی خۆی جەنابی کاك مەسعود ڕوونی کردەوە، کە موقاوەمە کێیە؟ ئیرهابی کێیە؟

مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش بە تەئکید ئەوە خاڵێکی گرنگەو یارمەتی هەموو خەڵکی عێراقی دەدات بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، تا ئەو کاتەی کە پێویستە لە عێراقدا، بۆیە ئێمە جارێکی دیکە زۆر بەخێر هاتنەوەی دەکەین لە سەفەرەکەی و بۆ ئێرەش، سوپاسی دەکەین و ئینشائەڵلاّ سەرکەوتوو دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

من بەخێر هاتنەوەت دەکەمەوە بۆ کوردستان، هەروەها بەخێر هاتنیشت دەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەخێر هاتنی هەموو میوانە بەڕێزەکانیش دەکەم، زۆر سوپاس بۆ خوا، بۆ ئەو دەستکەوتە گەورەی کە جەنابت بۆ کوردستانت بە دەست هێنا، تەبعەن پشتیوانییەکی گەورەی ئابووری و سیاسییە بۆ کوردستان، من پێم وایە ئیدی ئێمە لەسەر ئاستی دەرەکی زۆر بەتوانا بووینە، پێویستە لەمەودوا کار بکەین لەسەر ئاستی ناوەخۆ، ئەویش بە ڕەخساندنی ئەو زەمنیە لە بارەی کە بتوانین سوود لەو پشتیوانییە ئابووری و سیاسییە وەربگرین، بۆ ئەوەی سەمەرەیەکی زیاتر بدات بۆ خەڵکی کوردستان، بۆیە من لێرە داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم، کە بتوانێت ئەو زەمینەیە بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەش کە چەندین یاسا پێویستە کاری لەسەر بکات و دایبڕێژێت، کە زیاتر خزمەت بەو پشتیوانییە دەکات، کە لە دەرەوە بۆ ئێمە ڕەخساوە، بۆ نموونە یاسای ئیستیسمار تاکو ئێستا لە کوردستان وەکو کاری پێویست کاری لەسەر نەکراوە، یاسای تیرۆر کە جەنابیشت پێشتر ئاماژەت پێ کرد، تا ئێستا کارمان لەسەر نەکردووە، زۆر لە یاسای تر کە دەکرێت لە ڕێگای ئەوانەوە ئێمە پشتیوانیی وڵاتانی دەرەوە وەربگرین و سوودی لێ وەربگرین، بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و بژێوی کردنی ژیانی خەڵکی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەخێر بێیتەوە, بەخێر بێیت بۆ پەرلەمانی كوردستان, بەڕاستی ئەو سەردانەی بەڕێزت دەتوانم بڵێم سەردانێكی مێژووییە, چونكە ئەوەی كەوا ئێمە تێبینیمان كرد, سەرۆكی هەرێمێك بە جلی كوردی و, بەزمانی كوردی و, كەسانێك لەگەڵ خۆی ببات, كەوا تەرجەمەی حاڵی خۆیان بكات و, سەرۆك بۆشیش كەوا لەلایەكەوە موتەرجەمێكی لەگەڵدا بوو, ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەو پەری كوردانە و, ئەو پەری نەتەوایەتی دەگەیەنێت و, بەڕێزشت لەویٚ كەوا ئەو دەورە جوانەت بینی, كە باسی واقیعی عێراق و واقیعی كوردستانت كرد, من پرسیارێكم لەو لایەنەوە لە بەڕێزت هەیە, كە دوو لایەنی ئاشكرات بۆ ئێمە باس كرد, كە بنەمایەكە بۆ پێشكەوتن و بۆ بنیاتنانەوەی سەر لەنوێی كۆمەڵگای كوردەواریمان, ئەویش لە رووی ئەوەیە كە ئەمڕۆ دۆزی كورد زۆر زۆر پێشكەوتووە لە رووی سیاسییەوە, بەتایبەتی لە ئەوروپا و لە دنیادا.

خاڵی دووەمیش/ چەسپاندنی لایەنی ئابوورییە لە كوردستاندا بەوەی كەوا زیاتر جەختتان لێ كرد, پرسیارێك لێرەدا حەز دەكەم ئاراستەی بەڕێزت بكەم, ئەگەر بەپێی پێویست وەڵام بدەیتەوە, ئایا هیچ پرۆتۆكۆڵێكتان لەنێوان یەكتریدا نووسی خەتییەن, چونكە من ئەو كتێبەی بەڕێزتم خوێندەوە, كە ئەو هەموو وەعدو وعودەی كاتی خۆی ئەمریكا بە بارزانی نەمری پێشكەش كرد, بەتایبەتی لە وەرقەی (پاڵ) من هەست دەكەم هیچ پرۆتۆكۆڵێك لەو سەردەمەدا نەبوو بێت, تەنها شەفەهی بووەو, ئێستاش حەز دەكەم لە بەڕێزت پرسیار بكەم, چ ئەو سەردانەی لە بەریتانیا, چ ئەو سەردانەی لە لای فاتیكان یاخود ئەو سەردانەی لەگەڵ سەرۆك بۆشدا كردت.

خاڵێكی تریشم حەز دەكەم كە بە بەڕێزتی رابگەیەنم, بەڕاستی ئێستا ئاماژەت بە مەسەلەی تیرۆر كرد, لە پێشوودا ئێمە بڕیارماندا كۆنگرەیەك لەسەر تیرۆر بگرین ئەمڕۆ لە كوردستاندا, كۆمەڵێك كەسانی پسپۆڕیش لەو بوارەدا, ئەوە تاكو ئێستا ئەوە نەكراوە, خەریكە دەستی تیرۆریش وردە وردە نزیك دەبێتەوە, ئەمە خاڵێك.

خاڵێكی تریشم هەیە دەمەوێت بە بەڕێزتی رابگەیەنم, ئەویش مەسەلەی هەڵبژاردن بۆ ئەو دەستوورە, كە بەڕاستی جەنابت وەكو ئاماژەت پێ كرد, مەسەلەیەكە پەیوەندی بە ویژدانی هەر تاكێك لە كورد هەیە و, ئەمەی ئێمە بەرژەوەندی خۆشمان لەو دەستوورەدا دەبینین وەكو میللەتی كورد, بەڵام ئێستا شەریحەیەكمان هەیە, كە ئەوەی ئێستا ئێمە بە رۆژانە بەشداری ئەو كۆڕ و سیمینارانە دەكەین, چ لە بنكەی كاوە بێت, یان لە شوێنەكانی تر, شەریحەیەكی گەورەمان هەیە لەو كۆمەڵگایە, ئەویش گەنجەكانە, كە باسیان لێ دەكەین و لێیان دەپرسی, باسی گەندەڵی ئیداری هەردوو لامان دەكەن و, ئێستاش لێرە كۆمەڵێك لایەن و هێزێك دروست بوون و باسی گەندەڵی ئیداریشمان بۆ دەكەن, ئەوەش لەلای جەنابتان زۆر مەعلومە, ئێمە چۆن بتوانین لەم كاتە كەمەدا بتوانین رایەكی تر لە لای ئەو گەنجانە, لای ئەو لاوانە, لای ئەوانەی كەوا ئێستا لێیان بپرسن, كە ئێمە تاكو ئێستا زۆر لاوازین, بۆ جولاندنی جارێكی تر و, ئیعلامەكەشمان دەتوانم بڵێم بەپێی پێویست نییە, تەنها لە سەتەلایتی كوردستان نەبێت, كە مەسەلەی (730)یەو جار جار چەند نموونەیەك باس دەكەن, زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو كۆبوونەوەیە, بەخێرهاتنی گەرمتان دەكەین, دیارە سەفەرەكەتان بۆ ئەمریكاو ئەوروپا گرنگیەكی تایبەتی هەبوو بۆ خەڵكی كوردستان, وەكو باس كرا یەكەم جارە بەشێوەیەكی رەسمی, وەكو سەرۆكی كیانی میللەتەكەمان لە لایەن گەورەترین هێزی دەسەڵات بەدەست لە دنیا بانگهێشت بكرێت, كە ئەوە بەڕاستی هەنگاوێكە یان پایەیەكی یەكجار بەهێزە بۆ هەنگاونان بەرەو بەدەست هێنانی سەرجەم مافەكانی گەلەكەمان, دیارە ئەو سەفەرەی

جەنابتان گەرم و گوڕیەکی زۆری داوە بە جادەی کوردی و بە خەڵکی کوردستان و، خەڵك هیوایەکی گەورەی هەیە لە دوای گەڕانەوەی جەنابتان خەبەرێکی خۆش هەبێت و، هەنگاوی باشتر بنرێت بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەی کوردی، یەکخستنەوەی ماڵی کوردی، کە بەڕاستی ئەمڕۆ ئەو مەسەلەیە بۆتە وێردی سەر زمانی سەرجەم خەڵکی کوردستان، دیارە خەڵکیش پێی وایە لای جەنابتان مەعلومە، ئەگەر یەك ڕێزی میللەتەکەمان بپارێزرێت و گەشەی پێ بدرێت، ئێمە سەرۆکی کۆمارمان دەبێت و سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان دەبێت و، لەلایەن گەورەترین هێزی دنیا پێشوازیمان لێ دەکرێت و ڕێزمان لێ دەگیرێت، دیارە ئەگەر یەك ریزی میللەتەکەمان درزی بکەوتێ ئەو دەستکەوتانە بە تەئکید لە دەست هەموومان دەچێت و، لە دەست میللەتەکەمان دەچێت، بەتایبەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، کە حصەی شێر لە خۆشی و ناخۆشی لە داهاتی کوردستان و لە خۆشیەکان و ناخۆشیەکان بەر ئەوان دەکەوێت، دیارە بە دەرەجە یەك هەر دوو حزب، ئەگەر ئەو وەزعە درزی تێ بکەوێتن، ئەوە ئەوان زەرەر دەکەن و، بەگشتیش میللەتەکەمان زەرەر دەکات، بۆیە من داوا لە جەنابت دەکەم، جەنابت وەکو بەرپرسی یەکەم لە کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە مرونەتی لەوە زیاتر هەبێت و، زیاتر هەنگاو باوێن بۆ ئاشتی و، هەردوولاش هەندێك لە مەکاسبی حزبەکان، حزبیەکانی خۆتان بەڕاستی دەبێت تەخلی لێ بکرێت، یەعنی ئەگەر بێتو کەس لە حیصەی خۆی نەیەتە خوارێ، وەکو جەنابت باست کرد، ئەو دەستوورەی نووسراوەتەوە، دیارە کورد بە تەنیا نەینووسیتەوە، تەوافوقێك بووە لە نێوان سەرجەم لایەنەکانی عێراقی، ئێمە لە هەندێك بەشی کوردی تەخلیمان کردووە، یان تەنازولمان کردووە، ئەوانیش هەندێك لە داوایەکانی خۆیان تەخلییان لێ کردووە، لە سەرجەم تەوافوقێکی دەستووری پێك هاتووە، ئەو دەستوورەی لێ هاتۆتە دەرێ، کە زۆربەی زۆری خەڵکی عێراق پێی رازییە، یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەش بە تەئکید هەر وایە، دەبێت لە هەردوولا تەفاهوم بکرێت و هەندێك تەنازول بکرێت، بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە، بەڕاستی ئێستا جگە لەوەی هەردوو ئیدارەکە یەکتری نەگرتۆتەوە، دیارە هەنگاوی عەمەلیش لێرەو لەوێ بەرەو یەکبوونەوەیەکی قۆلایی هەنگاو نەنراوە، یەعنی هەست دەکەیت لێرەو لەوێ خەڵك دەگیرێت، یەعنی ناکرێت لەو سەردەمە، دەبێت پرۆسەکە هەنگاوەکانمان لەم کات و قۆناغەدا لە خزمەتی ئاشتی و یەکگرتنەوە بێت، چ لێرە، چ لەوێ، ئەگەر لەوێ خەڵك بگیرێت بەبێ ئەمر قەبز و بەبێ قەراری حاکم، ئەوە خۆی لە خۆیدا شکوکیەت دروست دەکات، مەسەلەن تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە ئینتیقامات هەیە، ئیدی ئەگەر ئینتیقام وەربگیرێتەوە چ لێرە، چ لەوێ، مانای وایە وەکو دەڵێ هەنگاوی بەرەو لێك نزیکبوونەوە لێك دوور دەکەوێتەوە، یان دیارە لەو نزیکانە خانوو و شت داگیر کراوە، یەعنی ئەوانە بەڕاستی خزمەتی پرۆسەی ئاشتی ناکات، من جارێکی دی زۆر بەخێر هاتنەوەی بەڕێزت دەکەم، بەڕاستی سەردانەکە، سەردانێکی زۆر باش و سەرکەوتوو بوو، هەم بۆ خودی جەنابت و، هەم بۆ گەلانی کورد، من داوا لە جەنابت دەکەم، جەنابت دەوری باشترت هەبێت، خەڵك چاوی لە جەنابتە بۆ خەبەری خۆش، لەو چەند رۆژە خەبەرێکی خۆش بە گەلی کورد بدات، جارێکی دیکە زۆر سوپاست دەکەم، بەخێر بێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕ لە جەنابت دەکەین، سەفەرێکی زۆر نەوعی و رەسمی و مێژوویی بووە، ئیجابیە و زۆر سەرکەوتووە بە هەموو مەقایس، ئێمە زۆر شانازی دەکەین بەو هەموو ئینجازاتانە و، ئەو دەستکەوتە گەورانە بۆ میللەتی کورد دروست بووە، لە خوای بەزیاد بێت دەوری کورد گەیشتە قیمە لە دەرەوە، لە وەزعی سیاسی، کورد ئەمڕۆ روکنێکی ئەساسییە لە موعادەلەی سیاسیی عێراقی، بەڵام لە ناوخۆ پێویستمان بە ئیلتیفاتێکی زۆر جددی و زۆر جەریئ هەیە، تا بتوانین ئیصلاحات بکەین، شت زۆرە جەنابت لە هەموو کەس زیاتر ئاگاداری، من لە موئتەمەری ئیتالیا (44) شەخسیەتی عێراقی هەبوون، ئەلحەمدوللاه توانیمان باسی کوردستان و سەری کوردستان بەرز بکەین،

لەگەڵ هەموو برادەرانی شاندی کوردی لەوێ, بەلأم هەموو جار وەکو لەبەیانی خیتامی باسمان کرد نەجاحی تەجروبەی کوردستانی خەڵك لەوێ بە ئێمەی دەوت, ئێوە نەتانتوانییووە ئیدارە تەوحید بکەن, تا ئێستا ناتوانن مۆبایلی کۆڕك و ئاسیا سێل دروست بکەن, باسی چ نەجاحەت دەکەن, حەقیقەتەن ئیحراجیەتێکی زۆر بوو, من لێرە پرسیارەکەم سێ لقە, هەڵوێست چ بوو لە کێشەی کەرکووك و ماددەی پەنجاو هەشت لەو سەفەرە؟ مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد چی بوو؟ هەڵوێست لە مەوزوعی پەککە چ باس کرا لەوێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری تاڵەبانی فەرمو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

بەخێر بێنەوە بۆ ولأتەکەتان, من باس لەو سەفەرە سەرکەوتووەتان ناکەم, چونکە برادەرانی پێش من هەموو ئاماژەیان بۆ گرنگی ئەو سەفەرە کرد, تەنیا من لە رووی قانونییەوە دەڵێم, ئەو سەفەرە بووە هۆی ئەوە کەوا لە رووی قانونییەوە دانراوە بە هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێك, هەتا ئەگەر بەشێوەیەکی خێرا و ئاشکراش نەبێت, چونکە داننان دوو شێوەیە, یان بەراشکاوانە و سەراحەت, یان بە زمنی, ئەمە داننانە بە هەرێمی کوردستان لە رووی قانونییەوە, بەلأم ئەرکێکی قورستر ماوە, کەوا ئێستا بەرەو رووی خۆمان کراوەتەوە, دوو رۆژ لەمەوبەر کۆنفرانسێکی گرنگ بەسترا لە شاری هەولێر, بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دیموکراتی کردنی ناوچەی رۆژهەلأتی ناوەڕاست, عێراق و کوردستانیش بەشێکن لەو ناوچەیە, ئێستا ئەرکەکان کەوتۆتە سەر شانی خۆمان, با بەڕاشکاوانە قسە بکەین, بڵێین نزیکەی دە مانگە پەرلەمان هەڵبژێردراوە, لە ماوەی پتر لە سێ مانگ پەرلەمان نەیتوانی کۆ بێتەوە, لەبەر ئەو هۆیانەی کە جەنابتان دەیزانن, پاش ئەوە پەرلەمان دەستی بە کارەکانی کردووە, بەلأم بەداخەوە تاکو ئێستا نەیتوانیووە ئەرکەکانی سەر شانی جێ بەجێ بکات, هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ئەرکی پەرلەمان ئەوەیە بپرسێتەوە لەو حکومەتەی کەوا باوەڕی پێ دەدات, ئەو حکومەتە تاکو ئێستا نەهاتۆتە بەردەم پەرلەمان تاکو داوای متمانەی لێ بکات, لەبەر ئەوە پەرلەمان ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك لێ پرسینەوەی لەگەڵدا بکات, لە هەمان کاتیشدا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە, کە دەسەلأتەکان بگەڕێنەوە دەزگا مەدەنییەکان, دەزگا شەرعییەکانی کوردستان, کە بریتیین سەرەتا لە پەرلەمان کە نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستانە, پاشان دەزگاکانی راپەڕاندن, کە جەنابتان وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرپرسی یەکەمن لەو دەزگایەدا, جگە لە دەزگاکانی تر, ئومێدەوارین بە زووترین کات بۆ ئەوەی کەوا بتوانین داوا بکەین لە خەڵکی کوردستان بە تەوژمەوە بچن بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنی ئایندەدا وەکو جەنابتان ئاماژەتان بۆ کرد, کەوا دەنگدانێکە, ئاکامەکانی چارەنووسسازە, پێویستە کەوا بەزووترین کات هەنگاو بنێین بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە, بۆ ئەوەی ئێمەش لەناو پەرلەماندا بتوانین بە ئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵبستین و لێی بکۆڵینەوە, پرسیاری لێ بکەین, بزانین ئەو کارانە چییەو چۆنی جێ بەجێ بکەین؟ لە هەمان کاتیشدا ئەو قانونانەی کەوا پێویستە بەزووترین کات لێرە لێیان بکۆڵینەوە, پەسند بکرێت و, لەوە زیاتر نامەوێت درێژە بە قسەکانم بدەم, جارێکی تر بەخێر بێنەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

بەخێر بێنەوە لە سەفەرەکەتان, بەلأم من پێم وایە بەڕاستی بۆ ئەوەی بتوانین سوود لەو هەموو دەستکەوتە سیاسی و ئابوورییە وەربگرین, وەکو هەموو ئەو هەڤاڵانەی پێشە خۆشم گوتیانە, من تەئیدیان دەکەم, تەئیدی زۆربەی زۆری

قسەکانیان دەکەم, بەلاَم ئومێدی ئێمە وەکو پەرلەمان, بۆ ئەوەی بتوانین بە کارەکانی خۆمان هەڵبستین, ئومێدی خەڵکیش بۆ ئەوەی لەو ناسەقامگیریی وخراپی باری ئابووری رزگار بن, ئەوە دەبێت بە زووترین کات ئیدارەکان یەك بگرنەوە, ئومێدی ئێمە ئەوە بوو ئەگەر سەرۆکی هەرێم بیتوانیایە بە جددی تاریخێکی دیار کردبوایە, بۆ ئەوەی ئیدارەکان یەك بگرنەوە, ئەوە بەبێ گومان پیشتوانییەکی تەواوی جەماوەری و خەڵکی و پەرلەمانیش بۆی هەبوو, هیوادارم لە هەوڵی ئێستا لە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان سەرکەوتبێت, ئەوە بە تەئکید پشتیوانی هەمووومانی لەگەڵدایە, لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر بەخێرایی هەوڵ نەدەین بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان, ئەوە ئەو ماوەیە خەریك دەبین بە هەڵبژاردن و, دوایش ماوەیەکی کورتمان لەبەر دەست دەبێت و پشووی پەرلەمان دێتن, ئیدی وەختێکی زۆرمان لەبەر دەست رۆییە, وەختێکی زۆر کەممان ماوە, دەبێت هەوڵێکی زۆر جددی بدرێت بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان.

خاڵی دووەم/ ئەویش کاتێك جەنابتان باسی خۆپیشاندانەکان و لاو و گەنجەکانی خۆمانتان کرد, دڵخۆشم بەوەی کەوا جەنابتان ئاگادار کراونەتەوەو, ئاگادارن لەوەی ئێستا گەنجەکانمان تووڕەن و گەنجەکانیشمان چی تر تەحمول ناکەن, بێگومان ئەوە گەنجەکانی هەموو جەماوەرە, بەلاَم رەنگە گەنجەکان باشترو روونتر توانیبیان پەیامەکە بگەیەنن, بەلاَم بۆ ئەوەی بە جددی بە دوای ئەو مەسەلەیە بکەوین, رەنگە من پێشنیاری ئەوە دەکەم, ئەگەر بکرێتن ئێمە دانیشتنێکی تایبەت لە پەرلەمانەوە بکرێت, بە ئامادە بوونی بەرێزیشتانەوە بێت, بۆ ئەوەی بە تەواوی باسی هەموو کێشەکانی جەماوەری خۆمان بکەین, بەتایبەتی کێشەی گەنجەکان, لە نزیکەوە بزانین پێداویستیەکانی ئەوان چییە, هەرچەندە پێداویستیەکانیان تا رادەیەك لەبەرچاو دیارن, بەلاَم با بە وردتر تەماشا بکەین و بە دڵسۆزانەتر بەدوای چارەیەکدا بگەڕێین, کاتێك باسی خۆپشاندانەکانت کرد, داوات لە گەنجان کرد, کە کەلوپەلی دامودەزگاکانی حکومەت بە ماڵی خۆیان بزانن, منیش تەئیدی جەنابتان دەکەم راست دەکەی, هەمووومان لەگەڵ ئەوەین کە موڵك و ماڵی حکومەت موڵك ماڵی هەمووومانە, پێویست ناکات بیشکێنین, بەلاَم من دەڵێم نەشکاندن و پاراستنی دامودەزگاکانی میللەت هەر ئەرکی گەنجەکانمان نییە کە خۆپیشاندان دەکەن, بەڵکو ئەرکی هەمووومانەو, ئەرکی پۆلیسەکانیشمانە, لە جیاتی ئەوەی پۆلیسەکانمان خەریکی ئەوە بن گەنجەکانمان بگرن, کاتێك دوو گەنج دێت باسی تووڕە بوونی خۆی دەکات, با ئەوەندە خەریکی پاراستنی دامودەزگاکان بن, ئەمە ئەرکی یەکەمی پۆلیس, ئاسایش بپارێزێت, دامودەزگاکان بپارێزێت, بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکان بە رێکوپێکی بەرێوە بچن و, داواکاریشین ئەگەر بکرێتن چی تر ئەو گەنجانەی کە خۆپیشاندان دەکەن نەگیرێن, چونکە هەر جارێك خۆپیشاندان کراوە, کۆمەڵێك گەنجمان گیراون, کە ئەمەش بەڕاستی زۆر تووڕەی کردوون, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەلا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

پێشی ئەوەی کەوا سوپاسی هەڵوێستی ئەمریکا و بەریتانیا بکەین, سوپاسی هەڵوێستی جەنابت دەکەین بۆ ئەو هەڵوێستە جوانانە, ئەمە کاتێك نزیك بوو (حەقی تەقریری مەسیر), کە مافی چارەی خۆنووسینی پێ دەگوترێت لە بیری بکەین, بەس قەرارێکی جەنابت کە قەرارێکی حەکیمانەیە بەڕاستی, ئەگەر هەر کاتێك ئیشکالێك دروست بوو لە حکومەتی مەرکەزی لەنێوان خۆیان ئەو ئەترافانە لەوێ, ئێمە حەقی ئەوەمان هەیە کە داوای سەربەخۆ بکەین و لێك دەبینەوە, بەڕاستی ئەوە قەرارێکە قوەتی رەئیمان دەداتێ بەڕاستی.

خاڵی دووەم/ لە وەزعی ناوخۆ زۆر جار دەبینی نەزانێك بەردێك دەخاتە ناو بیرێك بە سەد زانا نایەتە دەرێ, ئەوە بەڕاستی شتێکی زۆر خراپە, ئێمە نابێت لەگەڵ فەوزا دابین, چونکە بەڕاستی ئێستا, کاتێك هاتووە کە دەبێت تەماشای ئەو هەڵوێستە جوانانە بکەین, تەماشای ئەوە بکەین کە دنیا و عالەم هەموو ئێمە دەناسێت, بەڕاستی نابێت لەدوای ئەو شتانە بین کە فەوزا دروست دەکات لەناو شار, لەناو خۆمان, یان خەڵکێك هەبێت کە ئیحتیکاك, یان فەراغ بخاتە نێو

سوڵتەو حکومەت, بۆ ئەوەی بیەوێت مەشاکیل دروست بکات و خەڵك هانبداتن, ئەوە لەسەر قسەی خەمان خان ئەو قسەیەی دەکەم, چونکە مومکینە لەبنەوە دەست هەبێتن بیەوێت فەوزا دروست بکاتن, بەڕاستی ئەوە شتێکی ناشرینە, شتێکە لەگەڵ دابونەریت و عورفی ئێمە ناگونجێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو نازناز فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

بەخێر هاتنەوەیەکی گەرمت لێ دەکەین لە گەڕانەوەی ئەو سەفەرە مێژوویيە, ئەو سەفەرەش لەو سەفەرە دەگمەنانەیە, کە سەرانی کورد ئەنجامیان داوە بۆ باشتر کردن و وەدەست هێنانی حقووقی کورد, بەڵام ئەوەی کە لەلای ئێمەوە زۆر گرنگە مەسەلەی کەرکووکە, کە بەڕاستی حەز دەکەین بەڕاشکاوی زیاتر قسەی لەسەر بکرێت و, ئایا لەو سەفەرانە بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر کێشەی کەرکووك تا چ حەددێك دواون و قسەی لەسەر کراوە, چونکە هەروەکو بۆ هەمووان ئاشکرایە, کێشەی کەرکووك بۆتە گرێ کوێرە, بەڕاستی لەنێوان کوردستان و حکومەتە مەرکەزیەکانی یەك لە دوای یەکی لە عێراق هاتوون, وا تەسەور دەکەم ئەگەر ئەو کێشەیە ئێمە بە زووترین کات بتوانین چارەسەری بکەین, بۆ مەسەلەی تەقریری مەسیر, کە بێگومان ئەوان فروقات دەکەن لە دەستوور و, رۆژێك دێت ئێمە داوای جیابوونەوە دەکەین, ئەوە حەقیقەتێکە پێش بینی دەکرێت, زۆر زەحمەتە ئەوان پابەند بن بە دەستوور و قەوانین, بەڵام تا ئەو کێشەیە بمێنێت زۆر زەحمەتە ئێمە بتوانین بەرەو ئەو سەربەخۆیەی کە هەموو دەمانەوێت هەنگاو بنێین, جا لەبەر ئەوە زۆر بە پەلە حەز دەکەین ماددەی پەنجاو هەشت لەلایەن (حەمید مەجید موسا)ەوە تەرخان کراوە بۆ ئەو مەوزوعە, تا ئێستا هیچ هەنگاوێك نەنراوە, لێرە ئێمە بەهۆی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو ئیدارەوە ئینشائەڵلا یەك دەگرنەوە, بتوانین شتێك بۆ کەرکووك بکەین و, حەز دەکەم رای جەنابت بزانین, تا چ رادەیەك ئەوانی دەرەوە, دۆستانی رۆژئاواییمان سەبارەت بە مەوزوعی کەرکووك یارمەتیدەرمانن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەید فەرموو.

**بەڕێز کاکە اسماعیل عمر سید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

بەخێر بێیەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان, دەربارەی تیرۆر باسمان کرد, تیرۆر لە هەولێر ئەو کارەساتەی کە بە میللەتی ئێمەیان کردووە, میللەت هەمووی بە چاوی خۆی بینویەتی, ئەو کۆمەڵ و کوشتنکاریەی کە کردوویانە, میللەتی ئێمە قەد ئەوەی بە خۆیەوە نەبینوە لە زەمانی بەعسیش, هەروەها ئەوەی لەگەڵیانە دە ساڵە میللەتی ئێمە دەکوژن رۆژ بە رۆژ بە پارە, بینایان کردووە بە چوار پایە, پێنج پایە, میللەتەکەی ئێمە ئەوەی کوشتیان وا دەمرن لە برسان, بە چ حەقێك ئەوانە ئیزن دراون و کۆ نەکراونەتەوە, ئەوەی حەقە لە ماڵێ لەگەڵیانە برایە, خوشکە, دایکە, هەر کەسێك بێت هەقە ئەوە بگیرێت, لە شوێنێك بێت دوور بخرێتەوەو, تەحقیقی لەگەڵ بکرێت, بزانن ئەوە پەیوەندی لەگەڵیان هەیە, یان نا, چونکە زۆربەیان پەیوەندیان لەگەڵدا هەیە, ئەوە یەك.

دووەم/ دوانزدە ساڵ یەکێك لە ناو ماڵێ بچێتە دەرێ پیاو بکوژێت, قابیلە ئەوەی ژووری ئاگاداری ئەوە نەبێت, شتی وا لە دنیادا نییە, ئەگەر ئەوە بە غەشیم لە حکومەتەکە و میللەتەکە لە قەڵەم بدەین, ئەگەرنا هەموو خەڵك ئەوەی دەزانی, زۆری خەڵکیش ڕکی لەوەیە, دیارە کەس لە رق و کینەی میللەتی ئێمە ناپێچێتەوە, ئەگینا ئەوە هەرگیز قابیلی قەبوڵ نییە, خەڵك ئەگەر دەڵێی دەستی بۆ نەبردن لە خۆشەویستی حکومەتەکەو میللەتی خۆمانە, تاکو ئارامیەکە بمێنێت, ئەگینا ئەوە قابیلی قەبوڵ نییە, کابرا هەڵاتووە لق و مەڵبەندی تەقاندۆتەوە بە دەفتەر بۆ دایکی دەنێرێتەوە,

دایكیشی ئەوەندە لول دەدات لە كۆلانێ لەبەر چاوی میللەت, باشە ئەوە كەی قەبوڵە, ئەوە هەر ئێمە زانیومانە ماقوڵە و غەیر ماقوڵە كەسێك كە تاوانێكی كرد ماڵ و موڵكەكەی موصادەرە دەبێت, كابرایەك جیرانی منە دەڵێ من ئاگام لە كوڕەكەم نەبووە, بەلام رۆژێكی دیتم برادەرێكی هاتبوو پێنج ساڵ پێش ئێستا لەگەڵی لە ماڵێ بوو بە دەمانچەی كەوتمە دوای, باشە خەڵك برادەری بێتە لای بە دەمانچە دەكەوێتە دوای, یان ئەو لەسەر پشتی بووە, بۆیە بە دەمانچەی كەوتۆتە دوای, چۆن ئاگای لێ نەبووە, ئێستا بینایەكی لە تەنیشت ماڵی ئێمە دروست كردووە چوار پایە, هەر پیاوێك لە كوردستان كوژرا بێت یەكی پێنج دەفتەر پارەیان پێ وەرگرتووە, خۆ بە بەخۆڕایی ئەوەیان نەكردووە, ئەوە حەقە هەرچی لە ماڵیان هەیە كۆ بكرێتەوە لە جێگایەك دابنرێت و تەحقیقی لەگەڵ بكرێت, ئەوەی بەشدار بووەو تاوانبار بووە مەحكەمەی بكرێت, ئەوەی بەشدار نەبووەو ئەو مووچەی بە خوێنی خەڵكیان وەرگرتووە, ئەوەیان لێ وەربگیرێتەوە بەلای كەمیەوە, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, زۆر كەس داوای قسە كردنی كردووە, بەس یەك كەس ماوە, كاك جەمال قاسم فەرمود, چونكە كاتیشمان نییە, ناومان نووسیبوو, بەس من هەر حەز دەكەم ئەگەر ئیجازە هەبێتن كاك سەید كاكە یەكێكە لەوانەی پێشمەرگە بووە لە ساڵی 1961ەوە تاكو ئەمڕۆ و, لە نزیكەوە هەموومان دەیناسین, ئەمڕۆ یەكەم رۆژە قسە دەكاتن, من چاوەڕوانم دەكرد, چونكە دائیمەن لە كۆندا لە شۆڕشدا چ كێشەیەك هەبوایە زۆر گفتوگۆمان دەكرد, كە دەگەیشتە دەوری ئەوەوە بە میسالێك بە شتێك حەلێكی بۆ دەدۆزینەوە, لەمەودوا ئینشائەڵڵا كاریگەر دەبێت لە كۆبوونەوەكانی داهاتوودا, مەسەلەی ئیرهابیش هەفتەی داهاتوو كۆبوونەوەیەكی تایبەت هەیە بە قانونی تیرۆر, بێینە سەر ئەو مەوزوعەی كە باسی كرد, خاڵێكی تریش, چونكە جەنابی كاك مەسعود پەیوەندی بەم مەسەلەیە نەبێتن, یان ئاگادار نەبێت, مەوزوعی راگەیاندن دەوریان نییە, هەر تەنیا باسی سەتەلایتی كوردستانی كرد, كە بەڕاستی هەم زاگرۆسیش و هەم كوردساتیش بەشداری كاریگەریان كردووە لە حەمەلەی ئیعلامی, لەبەر ئەوەی مەجال نییە, هەر دوێنێ شەوێ ئەگەر موتابەعەت كرد بوایە, لە هەردوولا زۆر دەوریان هەبوو, سوپاس, كاك جەمال قاسم فەرمود.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان.**

بەخێر بێیت بۆ پەرلەمانی كوردستان, لەڕاستیدا من نامەوێت باسی سەركەوتن و سەفەرەكەی بەڕێزتان بكەم, چونكە برادەران بەشێوەیەكی فراوان باسیان كرد, دەمەوێت هەندێك راستی هەیە بیخەمە بەردەم بەڕێزتان, كە ئێمە لە نزیكەوە لەناو خەڵكداین و هەستی خەڵك و, بیری خەڵك و پلانی خەڵك بخەینە بەردەم بەڕێزتان بەنیسبەت یەك نەگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە, لەڕاستیدا ئەم مەوزوعە كارێكی وای دروست كردووە, كە لەناو دائیرەكاندا لە هەردوو ئیدارە سیستی هەیە, كەم تەرخەمی هەیە, گەندەڵی هەیە, بە عامیش مەترسی هەیە لەسەر ئەو شەخسیەتانەی كە ئەگەر هەردوو ئیدارەكە یەك بگرێتەوە, كەوتوونەتە ئەوەی خۆیان دەوڵەمەند بكەن و, یەعنی پەلە قاژەیەكی یەكجار وازیح دیارە, ئەمەش كارێكی زۆر سەلبی كردووە لەناو خەڵكدا, خەڵك وای لێ هاتووە وەكو بەڕێزتان ئاگادارن هجوم دەكەنە سەر مەجلیسی وزەرا بە بەرد لە سلێمانی, لە كەلار, لە عقرە, لەناو خەڵكدا بە دەستی دوژمن ئەم خاڵانە بۆتە ماددەیەك بۆ هاندانیان, بۆ ئەوەی كاری نا بەجێ بكەن, خەڵكی كوردستان لەسەرتانسەری كوردستان هەموو ئەو خەڵكانەی, نەك تەنیا ئەوانەی سەر بە پارتی دیموكراتی كوردستان, بەلام جەماوەری كوردستان بە عام, بەنیسبەت بەڕێزتانەوە مەكانەیەكی تایبەتی و باوەڕێكی تایبەتیان هەیە, لەبەر ئەوە تكام وایە بۆ ئەوەی كار لە دەست دەرنەچێت وە وەزعەكە خراپتر نەبێت, هەرچی چۆنێك كراوە ئەم دوو ئیدارەیە یەك بگرێتەوە, بۆ ئەوەی پەرلەمانی كوردستانیش بتوانێت دەوری خۆی ببینێت, چونكە بە حەقیقەت ئەگەر چی عەناصری زۆر چاك و خەڵكی زۆر بەتوانا بەسەركردایەتی پەرلەمانەوە هەن, بەلام ئیشەكانمان مەحدودەو نەمانتوانیوە وەكو پێویست دەور ببینین, بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ئەو مەسئولیەتەی كە خراوەتە سەر شانی ئێمەو, ئەو خزمەتانەی كە پێویستە ئێمە بیكەین بۆ

خەڵکی کوردستان دەوری خۆمانمان هەبێت, تکامان وایە بەناوی زۆربەی ئەو برادەرانەی کە هەن بەتێکڕایی هەموو ئەندامانی پەرلەمان هەوڵی جددی بدەن بەڕێزتان بۆ یەکخستنەوەی ئەو دوو ئیدارەیەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, بەڵام دوا قسە دەدەم بە برا تورکمانەکان, بۆ ئەوەی بێ بەش نەبن لە قسە کردن و تەعلیق دان, کاک ئەسعەد ئەربیلی فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

بەخێرهاتنێکی گەرم لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەفدە یاوەرەکەی دەکەم, لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێرەیە, دەمەوێت دوو خاڵ روون بکەمەوە:

یەکەم/ دوژمنانی کوردستان ئێستا زۆر فەعال بووینە, بۆ ئەوەی کەوا تورکمانەکان و کلدو ئاشوورییەکان لە دەستووری داهاتووی کوردستان کە دادەڕژێت ئیهمال کراون, بەتایبەتی لە رۆژنامەی خەبات و لە رۆژنامەیەکی تر دەستنووسەکە دەرچووە ئیستیغلالیان کردووە, بەشێوەیەکی ئەختەبوت لە ناو جەماوەر شتی خراپ خراپ بڵاو دەکەنەوە, هەرچەندە ئێمە پێمان کرا بە رێگای حزبە تورکمانیەکان و حەرەکە تورکمانیەکان چارەسەری دەکەین.

خاڵی دووەم/ زۆریش گرنگە لە ناحیەی پەروەردە, ئێمە لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ جەنابی وەزیر دوو سێ دانیشتن دانیشتینە, پاش جەنابی وەزیریش لەگەڵ پسپۆڕەکان, سەرەتایی و دواناوەندی و ناوەندی زۆر زۆر گەندەڵی هەیە, هیچ چارەسەرێکیش ناکرێت, چەندەها کێشە هەیە, هەریەکە داوێتە سەر ئەوی تر, بۆیە گوتمان جەنابتان ئاگادار بن لەو مەسەلەیە, چونکە پەروەردە ئەساسی کۆمەڵگەیە, لەوێوە چارەسەر بکرێت, بەنیازین ریفراندۆمێکیش بکرێتن, بۆیە ویستم لە نزیکەوە ئەوەش بە جەنابت بگەیەنم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی کاک مەسعود ئیجازە هەیە, تەنیا روون کردنەوەیەك بۆ کاك ئەسعەد, دڵنیا بە لە دەستووری کوردستان کەمتر نابێت لەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە, بەڵکو رەنگە هەندێك پێشنیار هەبێت, خۆشتان داواتان نەکردووە, بەڵام لە لایەن هەردوو مەکتەبی سیاسیەوە باس کراوە, کە ئەوەی لە دەستووری کوردستاندا دایدەڕێژین چ تورکمان, چ کلدان و ئاشوور زیاتریان بدرێتێ لەوەی کە خۆشیان داویان کرد بوو, لەوە دڵنیا بە, دوا قسە دەدەم بە غەفور مەخمووری, چونکە چاوی لێمە و گلەییم لێ دەکات, فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموري:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

سەرەتا بەخێرهاتنەوەیەکی گەرمتان دەکەین, لەڕاستیدا ئەو سەفەرەی بەڕێزتان زۆر سەفەرێکی سەرکەوتوو بوو, دوای ئەوەی گەلی کوردستانیشی زیاتر دڵخۆش کرد, پەیامی بەڕێزتان بوو بۆ جیهانی دەرەوە, کە بە بەردەوام لە هەموو لێدوانێك و لە هەموو چاوپێکەوتنێك لەگەڵ رۆژنامە نووسەکاندا جەختت دەکردەوە سەر مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان, کە سەربەخۆیی کوردستان مافێکی رەوای گەلی کوردستانە, هەر کاتێك دەرفەت بڕەخسێتن گەلی کوردستان حەقی خۆیەتی مومارەسەی ئەو مافەی خۆی بکاتن, ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تر, بەڕاستی ئەوەی کە لە لامانەوە گرنگ بوو لە سەفەرەکەدا هەوڵدان بوو, جگە لە جانیبە سیاسیەکە, هەوڵدان بوو بۆ بینا کردنەوەی ئابووری کوردستان, لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمە ئابوورییەکی خورتمان هەبێت, دەتوانین سەرکەوتووانەتر ئێمە لە کاروباری داهاتوودا لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەماندا سەرکەوتووتر بین و سەرکەوتووانەتر ئیدارەی میللەتی خۆمان بکەین.

بەنیسبەت هەڵبژاردنی داهاتووشەوە, من بەڕاستی وای دەبینمەوە کە گەلی کوردستان هەر هەمووی بەو پەڕی حەماسەوە بەشدار بێت لەو هەڵبژاردنەو, لەبەر ئەوەی ئەو چڵ ماددەیەی کە لە دەستووردا باس کراوە ماددەی بۆ دابنرێتن, هەمووی پەیوەستە بە دوارۆژی کوردستان, پەیوەستە بە دوارۆژی میللەتەکەشمانەوە, بۆیە بە پێویستی دەزانم سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەگەڵ هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان, هەتا ئەوانەی کە دەڵێن لە لیستەکانن, ئەوانەی کە کشاونەتەوە لە هەڵبژاردنیش دابنیشن, بۆ ئەوەی داوا بکرێتن بەشێوەیەکی میللی بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی کوردستان بکرێتن, ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر, بەڕاستی ئەوەی گلەیی دەکرێتن, مەسەلەی خۆپیشاندان لە کوردستان, من زۆر خۆشحاڵ بووم کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو پەڕی راشکاوی و, بەو پەڕی کراوەییەوە داوا لە خەڵکی کوردستان بکات بەرامبەر گەندەلی, بەرامبەر نا عەدلی بێ دەنگ نەبن, بەلام بەشێوەیەکی یاسایی و, بەشێوەیەك کە پارێزگاری لە دامودەزگا کوردستانیەکان بکەن, ئەوەی کە من تێبینی دەکەم نارەزایی خەڵك بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیوارە ئەستوورەی کە لە نێوان دەستەڵات و خەڵکی کوردستان دروست بووە, لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان تەواوی چین و توێژەکان ناتوانن وەکو پێویست بگەنە دەسەلات و گلەیی حاڵی خۆیان بکەن, لە کۆتاییدا من دەمەوێ ئاماژە بە هاتنی (عمرو موسا) بکەم, (عمرو موسا) نەصەن گوتی (کوردستان لیس جزءاً في العراق فقط, بل جزءاً من العالم العربي), ئەوە نەصەکەیەتی, پاشتر هاتە سەر ئەوەی کە سەقافەتی کوردستان بەشێکە لەوەی و, بەشێکە لە سەقافەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست, یەعنی بە عەقلیەتی من ناحەقیەکی گەورەی بەرامبەر بە گەلی کوردستان کرد, ئیدی هەر کەسێ ئازادە چۆن خۆی لە وتارەکەی ئەو دەگاتن, من لێرەشدا داوا لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەم, حەقە لە مەجالی قسە کردندا مەوزوعی بێتن, نەك بە میزاج, من لە یەکەم کەسەوە دەستم بەرز کرد, من تەماشا دەکەم ئەو ناحەقیانەی کە لەو پەرلەمانە هەن بەرامبەر بە خەڵکانی تر لە هیچ دەزگایەك نییە بەڕاستی, ئێمە حەقە زۆر راشکاوەتر باس بکەین لەسەر ئەو مەسەلەیە, هەرچی ئەندام پەرلەمان هەیە لەو پەرلەمانە, مەسەلەن لە تابقی دوو و سێ ئەوانە دۆلاراوەی پێ دەڵێن شوێنی خۆیان دراوەتێ و موعەزەز و موکەڕەم, بەلام ئێمە دەتوانم بلێم ئەندامە بێ پشت و پەناکان لە تابقی چوار دانراوین نە چایەچیمان هەیە و, هیچ شتێکمان نییە, ئەوە یەك لە ناحەقیەکان, ناحەقیەکانی تریش, لێرە کە دەستت بەرز دەکەیتەوە بۆ قسە کردن مافی قسە کردن نابێتن, کە دەتەوێ قسە بکەیت قسەت پێ دەبڕن, بەڕاستی حەقە پەرلەمانی کوردستان لێرەوە چاکسازی بکاتن, زۆر مەسائیلی تریش هەیە, بەلام ئێرە جێی ئەوە نییە باسی لێ بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەم, حەقی خۆتە رەئی خۆت بلێی, بەلام ئەوە بۆچوونی خۆتە, ئەگەر کەسێك پشتگیریی لەو دەکاتن, دەیخەینە بەرنامەیەکەوە, ئەگەر کەسێك پشتگیریی لە قسەی ئەو دەکات, کە ناحەقی هەیە لە موناقەشە, رێگای موناقەشە بە برادەران دراوە, حەز دەکەم بەڕاستی هەر کەسێ پشتگیریی ئەو دەکاتن, دەستی خۆی هەڵبڕێتن پێم بڵێ, من خۆم چاك دەکەمەوە, بەس یەکێك تەئیدت دەکاتن, باشە دوو کەس موشکیلە نییە موعارەز بێتن, بەنیسبەت (عەمرو موسا)شەوە هەمووتان دەتوانن بگەڕێنەوە سەر نەصەکەی لە زاگرۆسدا هەیە, ئەوجا حوکم بکەن, زۆر سوپاس, جەنابی کاك مەسعود فەرمووو.

**بەڕێز کاك مەسعود بارزانی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان):**

زۆر زۆر سوپاسی هەموو ئەو خوشك و برایانە دەکەم, کە تێبینی بە قیمەتیان پێشکەش کرد و, بەڕاستی دیموکراتیەتە رەئی خۆتان دەربڕی, خۆشە موناقەشاتی وا, پەرلەمانی تر بە کورسی لە یەکتری دەدەن, بە شەق لە یەکتری دەدەن, ئێمە هێشتا تازەین لەگەڵ ئەم پرۆسەیە, باوەڕ بکەن دە ساڵ هیچ نییە, ئەمرۆکە چوار سەد ساڵە هەر خەریکی کوشتن و شەڕ و ئەوانە بوون, تا تۆزێك وایان لێ هات وەکو ئێستا دەیانبینین, لەبەر ئەوە ئینشائەڵلا ئێمەش باش فێر دەبین و نەقد قەبوڵ دەکەین, من بە عام وەلامی ئەو پرسیارانە دەدەمەوە, ئەو خالانەی کە باستان کرد, من وامزانی یاسای ئیستیسمار دەرچووە بەڕاستی, نازانم ئەگەر دەرنەچووە, ئومێدەوارم دەربچێت, ئەمە ئیشی خۆتانە, دەبێت زوو

دەربچێت و, بەڕاستی دەبێت یاسایەك بێتن تەشجیعی ئەو شەریكاتانە و كۆمپانیایانە بكەین, كە بێن بۆ كوردستان, یەعنی هەرچی تەسهیلاتی پێویستە قەیدی ناكات چاو لەوە نەكرێت, ئێمە چەند ئیستیفادە دەكەین, لێرە ئێستا دنیا وایە, ئەگەر بەرژەوەندی ئابووری كەوتە ولاتێكی سیاسەتیش دەڕوات, باوەڕ بكەن ئەگەر بەرژەوەندی ئابووری نەهات, سیاسەت مومكینە بێت و بڕوات, لەبەر ئەوە زۆر زۆر زەرووریيە هەموو تەسهیلاتێكی پێویست بدرێت بەم كۆمپانیانە, بۆ ئەوەی بێن لە كوردستان ئیستیسمار بكەن.

یاسای تیرۆریش ئومێدەوارم زوو تەواو بێت, چونكە بەڕاستی لەگەڵ تیرۆر و تیرۆریستان حەللی وەست نییە, یان ئێمە دەبین, یان ئەوان چارەیەكی ترمان نییە.

ئەو پرسیارەی دكتۆرە شوكریە كە پرۆتۆكۆل, ئێستا زۆر فەرقە دكتۆرە لەگەڵ ئەوە, نازانم ئەفسەرێكی موخابەڕات دەهات بەناوی رۆژنامەنووس نەناوی مەعلوم بوو, بەناوێكی تەزویر لە ئەشكەوتێك, یان لەبن تەراشێك, دوو قسەی دەهێنا و دەبردو دەڕۆیشت, ئێستا (جۆرج بۆش) خۆی دێت, سەرۆكی ئەمریكا خۆی دێت لەبەردەمی هەموو دنیا قسە دەكات, (تۆنی بلێر )دێت قسە دەكات, ئەمە لە پرۆتۆكۆل بەهێز ترە, پرۆتۆكۆل ئەوانەی دێن لەمەودوا, ئەو هەیئەتانەی كە دێن ئابووری و ئەوانە, ئەو كاتە دەتوانین لەگەڵ مەسئوولینی حكومەتی هەرێم لەگەڵ كۆمپانیاكانی خۆمان پرۆتۆكۆل ئیمزا بكەین و ئەو شتانە, بەلاّم پرۆتۆكۆل لەوە بەهێز تر نییە, سەرۆكی ئەمریكا لە ئۆڤاڵ ئۆڤیس بەیس ئیستیقباڵمان بكات و خۆی بێت قسە بكات و تەئیدمان بكات, لەبەر ئەوە نازانم لەوە بەهێز تر پرۆتۆكۆل چ هەبێت.

تەبعەن زۆر لە خوشك و برایان تەئكیدیان لەسەر یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكان كرد, تەبعەن منیش لەگەڵ رەئی ئێوەم, بەحەقیقەت دەزانم كە چەند گرنگەو, هەنگاوی زۆر باشیش هاوێژراوە, یەعنی شتێكی ئەوتۆ نەماوە بە تەسەوری من, ئەو فەترەیەش هەموو خەریكی ئەو مەوزوعە دەبین, ئومێدەوارین ئینشائەڵلاّ بگەین بە ئەنجام, بەلاّم هەروەكو باسم كرد, ئەگەر دیتم ناكرێت, شەرت بێ وەعدیش بێ بێم بە ئامانەتەوە پێتان بڵێم بۆ نەكرا, من ئومێدەوارم وەنەبێ نائومێد بم, ئومێدەوارم حەتمەن دەبێت بشبێت, ئەگەر نەبوو لەبەر یەك هۆ پێتان رابگەیەنم كە هۆیەكە ئەمەیەو, كاتی خۆشی كە من ئەم مەسئوولیەتەم قەبوڵ كرد, هەر بۆ ئەوە بووە كە ئێمە دەوڵەتی موئەسەسات دامەزرێنین, من لە هەموو گەلی كوردستانیش سوپاسی هەموو ئەو قوربانیانەی كە تەقدیری ئەو قوربانیانە دەكەن چ پارتی, یەكێتی, حزبەكانی تری هاوپەیمان, میللەتی كورد بەگشتی, ئەگەر ئەو قوربانیانە نەبوانە, تەنزیمێك نەبوایە قیادەی ئەم شۆڕش و ئەم رێكخستنانەی كرد بوایە, ئەم وەزعە دروست نەدەبوو و خەڵكی تریش دروست نەدەبوو, بەلاّم ئێستا ئەو خەباتە ئەوە بوو, كە ئێمە ئەم كیانە دروست بكەین, كە ئەم كیانە دروست بوو, ئیتر دەبێت لە بەرژەوەندی حزبی دەرباز بین, دەبێت دەوڵەتی موئەسەسات دابمەزرێنین, یەعین بەیانی هەڵبژاردنە ئەو حزبە سەردەكەوێت, بەیانی پارتی بردییەوە لە هەڵبژاردن ئیتر هەرچی پۆلیسە, هەرچی ئاسایشە, هەرچی پێشمەرگەیە بیگۆڕن بیكەیە پارتی, یان یەكێتی, ئەم دەزگایانە دەبێت هی میللەت بن, دەبێت موئەسەساتی دەستووری, موئەسەساتی یاسایی دابمەزرێنین و, ئەگەر ئەمە نەبێت, مانای وایە هیچمان نەكردووە, حەقیقەت من هەموو مەبەستم ئەوەیە, ئەگەر لەوەدا زانیمان سەرناكەوین, من سەرۆكایەتی ناكەم, تەنها پێم بڵێن سەرۆكی هەرێم.

باسی ئەوە كرا هی مۆبایلی كۆرك و ئاسیا سێل, ئەوانە دوو كۆمپانیای تیجارین, چ پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە, چ پەیوەندی بەوانەوە هەیە, ئەوەی من بزانم نازانم ئەمە چییە؟ ئەوە چییە؟ ئەگەر لەنێوان خۆیان رێكەوین, یان رێك نەكەوین, چ پەیوەندی بە یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارە, یان سیاسەتی هەرێم, یان حكومەتی هەرێمەوە هەیە.

پرسیاری ئەوە كرا بەنیسبەت مافی چارەی خۆنووسین, مەوزوعی پەككەو كەركووك, بەنیسبەت مافی چارەی خۆنووسین ئێمە قەرار دەدەین, خەڵكی تر ئەو مافە بە ئێمە نادات, ئەوە مافی خۆمانە, هەر كاتێكیش فرسەتێك هاتە پێش حەقێكی تەبیعییە, ئێمە مومارەسەی بكەین, بەلاّم ئێمە دەبێت واقیعی بین, ئەوەی بۆ ئێمە ئێستا لە دەستووری عێراقی هاتووە, ئەمە جێگەی قەبوڵەو تەئیدیشی دەكەم و پشتگیریشی لێ دەكەم, هەر لە ئەمریكاوە تا دێتە ئەوروپا هەمووی, ئەوەی لەناو ئەو دەستوورەدا هاتووە بە پشتیوانی ئەمریكاو ئەوروپاو (un) بە دەستمان كەوێت باشترە, یان

ئێمە بڵێین ئیعلانی مافی چارەی خۆنووسین و ئیعلانی سەربەخۆیی خۆمان بکەین, کەس تەئیدمان ناکات, مومکینە سەرنەگرێت پاشان, لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە عاقڵانە رەفتار بکەین, ئەوەی لەو دەستووورە هاتووە تەئیدی دەکەم لە سەدا سەد, مەوزوعی کەرکووك وەکو لە دەستووردا هاتووە تەئیدی دەکەم تا کۆتایی 2007 بەپێی ماددەی پەنجاو هەشت تەئیدی دەکەم بە عەلەنی و بە ئاشکراو, بەمنیان گوت و ئێمەش تەئیدی دەکەین و پێشمان خۆشەو, دەبێت ئیش لەسەری بکرێت و, بەڕاستی ئەمجارەش دەبێت ئەو ماوەی دانراوە, لەو ماوەیەدا تەواو بێت, تەبعەن هەم ئیشی برادەرانی خۆمانە لە بەغدا, هەم ئیشی ئێرەشە, یەعنی موتابەعەکە دەبێت ئێمە بیکەین و, من لە نەمسا بوو تەقریبەن ماوەی چارەکێك لەگەڵ مام جەلال یەکتریمان بینی, ئەو دەهاتە نەمسا, من دەڕۆیشتم, یەعنی توانیمان مەسەلەکان تۆزێك باس بکەین, مەوزوعی هەڵبژاردن بوو, مەوزوعی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە بوو, ئەو تۆزێ باسی سەفەرەکەی خۆی بۆم کرد, منیش تۆزێکی باسی سەفەرەکەی خۆمم بۆ کرد, ئیتیفاقیشمان کرد ئینشائەڵڵا پاشان یەکتر دەبینینەوەو, پێکەوە هەردووك هەوڵ دەدەین کە ئەو مەسەلانە تەواو بکەین.

مەسەلەی پەکەکە, تەبعەن باس کراوە مەسەلەی کورد بەگشتی, مەسەلەی پەکەکە زۆر لە رۆژنامەنووسان پرسیاریان کرد, تەبعەن ئەوە مەسەلەی میللەتێکە, مەسەلە من نامەوێ بچمە سەر مەوزوعی پەکەکە, قەزیەکی سیاسییە, ئەگەر حەلێکی سیاسی و دیموکراسی بۆ مەسەلەی کورد لە تورکیا دۆزرایەوە, ئەوە مەسەلەی پەکەکە حەل دەبێت, ئەگەر نەدۆزرایەوە هەم پەککەکەش لەگەڵ پەکەکەیکی تر, یان لایەنێکی تر, شتێکی تر دروست دەکەن, دەبێت ئەو حەقیقەتە قەبوڵ بکرێت, ئینجا ئاسانە, تەبعەن من لێتان ناشارمەوە, هەندێ ئیشاراتی ئیجابیمان پێ گەیشتووە لە تورکیا, بۆ ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی باشتر و راستتر و, بەشێوەیەکی ئاشتی و دیموکراتی حەل بکەین, ئەگەر فیعلەن دەوڵەتی تورکیا بەرەو حەلێکی دیموکراتی چوو بوو, بۆ ئەم مەسەلەیە, ئێمە بە هەموو توانا پشتگیریی دەکەین, بەڵام ئەگەر هەر بیر لە عەسکەری بکرێتەوە, ئێمە لەگەڵ ئەوە نین و نەتیجەشی نابێت, ئەم رەئیەمان بە هەموو لا گوتووەو, ئەمە رەئی ئێمەیە.

حەقیقەت پەرلەمانی کوردستان, پەرلەمانێك نییە بڵێین پەرلەمانێکی بێ دەسەڵات بێت و, من خۆشحاڵم جەنابی دکتۆر نوری گوتی ئەو سەفەرەی ئێمە وەکو قانونی لە رووی قانونیشەوە وەکو ئیعتیرافێکە بە هەرێمی کوردستان و بە رۆڵی کوردستان, فیعلەن واشە, ئێمە هێشتا تازەین, بەڵام مانای ئەوە نییە ئەم پەرلەمانە, هەر بۆ ئەوەیە حاشە بڵێین پەرلەمانێکە بۆ دیکۆر بێت, ئەم پەرلەمانە دەبێت بڕیار بدات, دەبێت سیستەمەکان هەمووی بگۆڕێت, یەعنی ئەم پەرلەمانە دەبێت بڕیار بدات و بڕیارەکانیشی دەبێت جێ بەجێ بکرێت, فیعلەن دەبێت بانگی حکومەت بکرێت, بەڵام هێشتا دامودەزگاکانی ئێمە دانەمەزراون, یەعنی ئێمە هێشتا لە قۆناغی دامەزراندنین, تا ئێستا وەکو خۆتان باستان کرد هەردوو ئیدارە یەکی نەگرتۆتەوە, دەتوانن ئێوە ئێستا بانگی هەر وەزیرێك بکەن, موسائەلەی بکەن و پرسیاری لێ بکەن و موحاسەبەی بکەن, بۆ کێ رێگەی گرتووەو, پەرلەمان دەبێت هەیبەتی خۆی هەبێت, دەبێت حوریەتی خۆشی هەبێت, لەبەر ئەوەشە هەموو جارێ رووداوێکی وا دێت, یان شتێکی وا دێتە پێش, چ سەفەر بێت, یان مەسەلەی دەستوور بێت, هەمیشە من هاتوومە خزمەتتان و, تا من ئەو مەسئوولەتەم لەسەر شان بێت, من هەمان ئەمە دەگرمە بەر و ئەو رەفتارە دەکەم, من هەمیشە دێمە ئێرە بەبێ ئێوە لە مەسائیلی ستیراتیجی و مەسائیلی گرنگ هیچ نە بڕیارێك دەدەین و نە هەنگاوێك دەنێین.

ئەوەی خاڵە سەید باسی کرد, من نازانم مەجالم نەبووە بۆ خۆشی باس بکەم, بەڵام ئێوەش ئاگادار بن, ئەو رۆژەی کە موحاوەلەی شەهید کردنی خاڵە سەید کرا, کە بریندار بوو خۆش بەختانە شەهید نەبوو لە ئیعتیراقی ئەم تیرۆریستانە تەسەور بکە یەکێك بوو لە تاوانبار و بیر لە تاوان بکاتەوە, تا چ حەددێك بیری ترسناك و چ ئینسانێکی دڕندەی لێ ئیجاد دەبێت, ئەوان پرسیانە و زانیانە خاڵە سەید تێکۆشەرێکی کۆنە و جێی رێزو ئیحتیرامە لە لای هەموو حزبەکان و لەلای هەموو میللەتی کورد, بیریان کردۆتەوە ئەگەر سەید کاکە بکوژن, پاشان بیبەن بۆ گۆرستان پرسیانە گوتویانە ئەگەر سەید کاکە بمرێت, یان بکوژرێت لە کام گۆرستان دەیشارنەوە, ئەوانیش گوتویانە لەوانەیە لە فلان گۆرستان بشاردرێتەوە, ئینجا حیسابیان کردووەو هاتوون قونبەلەیان داناوە, بۆ ئەوەی سەید کاکە شەهید بکەن, پاشان (300)

کیلۆ تی ئێن تی لەو گۆڕستانە دانێن, کاتێ ئەو هەموو خەڵکە دەچن بۆ ناشتنی سەید کاکە تاکو لەوێ بتەقێننەوە, ئینجا ئەو کارەساتە دروست ببێت, تۆ تەسەور لەو بیر کردنەوەیە بکە, چ بیر کردنەوەیەکە, جا لەبەر ئەوە من تەقدیری خاڵە سەید دەکەم, حەقیقەت حەز دەکەم هەموو شتێك لە رووی قانون و یاسا بێت, چونکە ئێستا فیعلەن کە دەڵێین دەوڵەتی موئەسەسات, هەتا بەنیسبەت ئەو تاوانبارانەش, بەس لە چوارچێوەی یاسادا نابێت سیستی لەگەڵ ئەم تیرۆریستانە بکرێت و, هیچ جیاوازی نییە, ئەوەی دێت تەنیفیزی دەکات, لەگەڵ ئەوەی یارمەتی دەدات وەکو دەڵێت (الفتنة اشد من القتل), ئەوەی یارمەتی دەدات, یان داڵدەی دەدات, یان چاوساغی بۆ دەکات, زۆر پیس تر و خەتەر ترە لەوەی دێت تاوانەکە دەکات و, دەبێت لەو مەسەلەیە بە جددی خەریکی کۆنفراسێك بین, هەموو پیاوانی ئاینیش بۆ ئەو مەسەلەیە کۆبکەینەوە, حەقیقەت لەگەڵ حزبەکان و ئەم میللەتەش, وەکو دیاردەیەکی جیهانییە بەنیسبەت تیرۆر لە جیهان, بەڵام لە کوردستانیش بەڕاستی ئەمە هەموو کەسێك موستەهدەفە, ئەمە ئەرکی هەموو ماڵێکە, ئەرکی هەموو تاکە فەردێکە لە کوردستان, دەبێت هەر کەسێك خۆی بە ئاسایش بزانێت, ئەگینا ئەمانە ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت, تەسەور دەکەن ژیان مومکینە لە وڵاتێك ئەمانە حوکم بکەن.

منیش تەئکیدی ئەوە دەکەم کە کاك عەدنان ئیشارەتی پێدا, خۆ مەعقول نییە, ئێمە لە کوردستان دەستوورێك دەربچێت ئیهمالی مافی برایانی تورکمان و کلدان و ئاشووری بکەین, من لام زۆر سەیر دەبێت نازانم, نابێت هەر خەیاڵیش بێت.

باسی گەندەڵی و ئەوانە, بەڕاستی من پێم وایە یەکەم شت دەبێت بڕوا هەبێت, بڕوا بە یەکتری هەبێت, بڕوا هەبێت لەنێوان دەزگاکانی حکومەت و جەماوەر و میللەت بە تێکڕایی, تەبعەن گەنجەکان تازە پێگەیشتوون و خوێندەوارن, هەموویان دنیایەکی تازەیان دیوە, بەڵام ئەم گەنجانە حەقە تۆزێك بیر لە رابردووش بکەنەوە, یەعنی ئەم وەزعە بە ئاسانی نەهاتۆتە دەست, ئەم وەزعە بە رەنج و بە خەبات و تێکۆشان و خوێن و فرمێسك دروست بووە, یەعنی هەروا نەبووە ئێستا ئینسان بێتە سەر شتێکی ئامادە پێی وا بێت ئەو شتە هەروا دروست بووە, ئەمە خەڵکێکی زۆر رەنجی بۆ کێشاوە, خەڵکێکی زۆر گیانی لەدەست داوە, شەهید بووە لە پێناوی ئەم رۆژەدا, تەبعەن ئێستاش با بیر بکەینەوە, یەعنی ئەم وەزعە لە خۆمان تێك بدەین باشترە, یان بێین هەموومان پێکەوە هەوڵ بدەین باشتری بکەین, من پێم وایە بڕوا دروست ببێت, ئەم بڕوایە لە چ دروست دەبێت, من سەد لە سەد لەگەڵ ئەوەم کۆبوونەوەیەك وەکو ئەو خوشکە گوتی و پێشنیاری کرد, نەك کۆبوونەوەیەك, چەندین کۆبوونەوە بکرێت لێرە, هەر کاتێکیش بە پێویستان زانی, من ئامادە دەبم لێرە, ئێوە بڕوا دروست بکەین و شەفافیەت هەبێت, لە یەکتری تێ بگەین, یەعنی موهیم ئەوەیە لە لای میللەتەکە قەناعەت هەبێت, لەمە زیاتر ناکرێت, زۆر جاری وا هەیە باسی گەندەڵی دەکرێت, تەبعەن دەبێت هەمووما دژی گەندەڵی بین, بەڵام دەبێت خاڵیش لەسەر حروف دابنرێت, دەبێت شت وازیح بێت, بەگشتی تاوان هەیە, گەندەڵی هەیە, فەسادی هەیە, ئەوا ناکرێت حەقیقەت دەبێت لە فلان وەزارەت, یان لەناو فلان حزب, ئەم پرۆژەیە, یەعنی دەقیق و تۆزێك وازیح بێتن, دەتوانین لەم کۆبوونەوانەش موسارەحە هەبێتن, نە پێویستە کەس بترسێت, نە شەرم بکات, نە شت لە یەکتری بشارنەوە, فیعلەن دەبێت یارمەتیان بدەین, ئێمە گەندەڵی نەهێڵین, دەبێت شەفافیەت هەبێت, ئەو پارەی دێت پارەی میللەتە, نابێت نە حکومەت, نە حزبێك, نە هیچ کەسێك بە کەیفی خۆی تەسروفی پێ بکات, دەبێت بۆ پرۆژە بێت, دەبێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە بێت, دەبێت بۆ بەختەوەری میللەتەکەمان بێت, دەبێت بۆ ئەو شتانە بەکار بێت, ئێمە سەد لە سەد لەگەڵ ئەوەین, بەڵام دەبێت بە یارمەتی هەموو لایەك بێت, نابێت حزبێك دابنیشێت تەنیا لە رۆژنامەکەی خۆی بەس نەقد بکات, قەیدی ناکات فەرموو تۆ وەرە حکومەکە وەربگرە, ئێمە دەبێت حوکمی تەداولی بێت لەمەودوا, ئینتیخاباتە, هەڵبژاردنە, ئینجا بە یەك لیست بێت, یان بە یەك تاکە حزب بێت, یان هەر چیەك بێت, پاشان لە هەمووی گرنگتر ئەگەر ئەو وەزعە لە ئێمە تێکچوو وەکو خەڵکی کوردستان بەدیل چییە, یەعنی باشە حوکمی مەرکەزی بگەڕێتەوە, خۆ دیتمان مەرکەزی چی بەسەر هێنایین.

پێمان خۆشە بزانین نارازی بوونی خەڵکەکە لە چیە, مومکنیە هەندێ جار لە جێی خۆی بێت, لەوانەیە هەندێ جار بە هەڵە تێگەیشت بن لە هەندێ مەسائیل, یەعنی هەندێ شت بە هەڵە وەکو وەهمێك ببێتە واقیع لای زۆر کەس, کە ئەم

وەزعە وایە، واش نەبێت لە واقیعدا، لەبەر ئەوە ئەو موسارەحەیە پێویستە، شەفافیەت پێویستە، لە یەکتر گەیشتن پێویستە، ئەمەش بە چ دەبێت، بە دانیشتن و کۆبوونەوە دەبێت، فیعلەن نابێت هیچ پەردەیەك و دیوارێك بمێنێت لەنێوان مەسئوولەکان و میللەت، ئومێدەوارم من توانیبم وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەم دابێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەناوی سەرۆکی هەرێم ئەم دانیشتنە دانیشتنێکی زۆر باش بوو، بە سوود بوو، گفتوگۆیەکان زۆر رێك و پێك بوون، هەروەها داوا دەکەم هەر بەردەوام بێت، وەکو عەرزم کردن پێشتر لە رۆژی دوو شەممەوە بە بڕیاری سەرۆکایەتی بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە هەمانە، هەفتەی سێ رۆژ دەوامی تەواو دەکرێتن لە لایەن هەموو ئەندامان، هەر یەکە ژووری خۆی هەیە، لە هەفتەی داهاتوودا جەلسەمان دەبێتن، بەرنامەی کاریشتان پێ دەگات، کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین، زۆر سوپاستان دەکەم و بەخێر بێن بەسەر چاو.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**سێ شەممە رێکەوتی 2005/12/27**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5)ی خولی هەڵبژاردن

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/12/27

كاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/12/27 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(5)ی خولی دووەمی هەڵبژارن، ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2005/12/27دا بەم شێوەیە بێت:

1-لەبەری ئەوەی ڕێزدار (محمد رحيم توٌفيق) لە 2005/6/4ەوە لە سوێند خواردنی دوایی تاكو ئێستا دواكەتووە، ئەم دواكەوتنەشی لە مافی بە ئەندام بوونی ئەنجومەن بێ بەش كرد، پاڵێورا و ارسلان غفور محمد سلێمان لە جێگای ئەو دانرا، كە لەم دانیشتنەدا سوێندی یاسایی بخوات و بۆ بە ئەندام بوونی لە ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی - عێراق.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونوەی تیرۆر لە هەرێمی كوردستان- عێراقدا.

3–زیادكردنی ئەندامی پەرلەمان ڕێزدار جعفر مصطفى معروف) بۆ سەر لیژنەی كاروباری ناوخۆ.

4–پێش چاو خستنی ڕاپۆرتی سەردانەكەی شاندی پەرلەمانی كوردستان- عێراق بۆ دەوڵەتی نەرويج.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستانی عێراق كۆبوونەوەكەمان دەكەینەوە.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگەی(1)ی مادده(20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان- عێراق دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن، بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە 4ی، خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێری 5ر11 پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێكەوتی 2005/11/27دا بەم شێوەیەدا بێت:

1-لەبەری ئەوەی ڕێزدار (محمد رحيم توٌفيق) لە 2005/6/4ەوە لە سوێند خواردنی دوایی تاكو ئێستا دواكەتووە، ئەم دواكەوتنەشی لە مافی بە ئەندام بوونی ئەنجومەن بێ بەش كرد، پاڵێورا و ارسلان غفور محمد سلێمان لە جێگای ئەو دانرا، كە لەم دانیشتنەدا سوێندی یاسایی بخوات و بۆ بە ئەندام بوونی لە ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی - عێراق.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونوەی تیرۆر لە هەرێمی كوردستان- عێراقدا.

3–زیادكردنی ئەندامی پەرلەمان ڕێزدار جعفر مصطفى معروف) بۆ سەر لیژنەی كاروباری ناوخۆ.

4–پێش چاو خستنی ڕاپۆرتی سەردانەكەی شاندی پەرلەمانی كوردستان- عێراق بۆ دەوڵەتی نەرويج.

یەكەم، وەكو ئیشارەتمان پێكرد، بەڕێز محمد توٌفيق ڕەحیم كە تا ئێستا سوێندی نەخواردووە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو نامەیەی كە مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمان و فراكسیۆنی سەوز بەرزی كردەوە، ناوی ئەو لادەدرێتن بە پێی تەسەلسولی بەڕێز كاك (ارسلان غفور محمد سليمان)، لە جێگای ئەو دادەنرێت، ئەگەر ڕەزامەندیتان هەیە، دەنگی بۆ بدەن دەستی بۆ بەرز بكەنەوە، كەس ئیعتیرازی هەیە؟ كەواتە كاك (ارسلان غفور محمد سليمان)، با بێت بۆ سوێند خواردن، فەرموو.

**بەڕێز ارسلان غفور محمد سليمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان من ارسلان غفور محمد سلێمانم, سوێند بێت بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە ڕەواکانی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پیرۆزبایی لە کاك ارسلان دەکەین, کە بوو بە ئەندام لە پەرلەمانی کوردستان, ئومێدەوارین کە سەرکەوتوو بێ, لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی کە پێی دەسپێردرێت و, خزمەتی گەلی کوردستان بکات, وەکو هەموو ئەندامانی تر.

دووەم برگە لە بەرنامەی کاردا, خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا, داوا لە دوو کەس دەکەم لە لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی پڕۆژەکە, کاك شێروان و کاك عونی, فەرموون بۆ سەر مەنەصەکە, فەرموو شوکریە خان.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەو دوو خاڵەی کۆتایی زۆر ئاسانە, زۆر زووش دەتوانین کۆتایی پێ بێنین, من پێش نیازی ئەوە دەکەم, ئەو دوو خاڵە بخەینە پێش خوێندنەوەی مەسەلەی تیرۆر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکرێت, چونکە یەکەم جار ئەوە موناقەشە ناکەین جارێ, تەنها خوێندنەوەی یەکەمە, بەیانی جەلسەی ترمان هەیە بۆ موناقەشە, لەبەر ئەوە بەس بۆ خوێندنەوەیە وەقتمان زۆر لێناکوژێتن, کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد جبار حكيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێی عورفی پەرلەمانات, هەر یاسایە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەبێت, مەفروز وایە پێش ئەوەی بخرێتە بەر دەست پەرلەمان, بدرێتە ئەو لیژنەیە, بۆ ئەوەی قیرائەی خۆی لەسەر بکات, یەعنی ئێمە بمانەوێت یان نەمانەوێت, جۆرێك لە جۆرەکان, یەعنی پارسەنگێك لەسەر ئەو یاسایە دادەنێت, ئێمە پێمان باش بوو, هەر لیژنەی یاسایی خۆی ئەوەی کردایە, بەر لەوەی ئێمە داوا بکەین, کەوا عورفێکی موتتەبەعە لە دنیا, ئێمە داوا بکەین بەر لەوەی هەر بخوێندرێنەوەش, دەبێت بدرێتە لیژنەی مافی مرۆڤ, ئەویش ئەگەر خۆی توانی, ئەگەر نا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی کە پەیوەندن بە مافی مرۆڤەوە لە کوردستاندا, دانیشتنێك بکات کە ڕەئی خۆیان لەسەر بدەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دوو مولاحەزەم لەسەر قسەکانی جەنابت هەیە, یەکەم/ ئەو پڕۆژەیە لەلایەنی پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کراوە, دووەم/ ئەو پڕۆژەی پەسەندکراوی ئیرهاب لە پەرلەمانی عێراقدا, دراوەتە لیژنەی یاسایی, کە تێبینی خۆیان پاش ئەوەی موناقەشەی دەکەین, هەرچی تێبینیەك هەبوو, تەقدیمی بکەن وەکو پڕۆژەیەك, سێ/ ئەمە قیرائەی یەکەمە, پاش قیرائەی یەکەم لیژنە دێتن, فەرد دێتن, چ مولاحەزاتێکی هەیە, سبەینێ کە موناقەشە دەکات, خۆ ئەوە کۆتایی نەهاتووە ئەو پڕۆژەیە, تا بەیانی مەجال هەیە, ئەگەر وەکو لیژنە دابنیشتن موناقەشەی لەسەر بکەین, وەکو فەرد موتابەعەی بکەن و, موناقەشەی بکەن, پوختەی ڕەئی خۆتان بەیانی لە موناقەشەدا تەرحی دەکەین.

ئەمڕۆ کە خوێندنەوەی یەکەمی دەبێت, لیژنەکانیش دەتوانێ کۆببێتەوە, ئەوەی موختەصە, دانیشێ لەسەری و, بەیانی ڕاپۆرتی خۆی لەسەر بدات, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەقی پڕۆژەکە بخوێنمەوە, دەقی داوای ئەندامان دەخوێنمەوە, سەبارەت بە پێشنیار کردنی پڕۆژەی یاسایی بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان.

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشمانی عێراق**

**بابەت/ پڕۆژەی یاسایی**

ئێمەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان هاوپێچ لەگەڵ ئەم داواکارییە پڕۆژەی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکەین, بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ئەنجومەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و, دانی بڕیاری گونجاو لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ئیمزایان کردووە:

1-د. ناصح غفور

2-شێخ الله ابراهیم

3-طلعت خفاف

4-د.هالە سهیل

5-اریێز عبداللە

6-چنار سعد عبداللە

7-سردار هرکی

8-سوزان شهاب نوری

9-د. شوکریە رسول

10-ڤیان احمد خضر

11-د. دلێر شاوێس

12-نازناز محمد

13-رشاد احمد

14-ایدن عثمان

ئێستا پڕۆژەکە بە زمانی کوردی بۆ جەنابتان دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتە نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای لێبوردن دەکەم, ڕاستە ئیمزام کردووە, بەڵام ئەو ئیمزایەی من بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بۆ ئیمزات کردووە.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وام زانی پڕۆژەی دژە قانونی دژە تیرۆری عێراقی موناقەشە دەکەین, لەبەر ئەوە بە پەلە ئیمزام کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە, عەلا کولن, خۆی چوارده کەس ئیمزایان کردووە, دەبێتە سێزده کەس, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بە ناوی خودای گەورە ودڵۆڤان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان - عێراق**

پشت بە بڕگەی (**1**) لەمادەی (**56**) ومادە (**53**) ی یاسای ژمارە (**1**) ی ساڵی **1992** ی هەموارکراو ولەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق, ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی ڕۆژی / / **2005** بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە( ) ی ساڵی 2005**

**یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن ( تیرۆر ) لە هەرێمی**

**کوردستان - عێراق دا**

**مادەی یەکەم:**

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی تیرۆرکاری (تۆقاندن) دادەندرێن وسزایان لەسێدارەدانە:

**1**-دامەزراندن, ڕێکخستن, یان بەڕێوەبردنی ڕێکخراو,کۆمەڵە, دەستە, باند,بنکە, یان کۆمەڵێك, بەئامانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

**2**-تیرۆرکردن بۆ مەبەستێکی سیاسی,ئایدیۆلۆجی, یان بەکافردانان.

**3**-بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە, سووتێنەر, گڕگر, ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان وڕووخاندن لەڕێگەی تەقاندنەوەی راستەوخۆ, یان بەئامێری لەدوور ئاراستەکراو, یان مینرێژکردنی ماشێن, چاندنی بۆمبی خاپوورکار, بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی جەنگی, پشتێنەی خاپوورکار, یان نامەی مینرێژکراو, مادە, یان گازی ژەهراوی, یان میکرۆبی, یان تیشکدەر, ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك, یان پترى لێکەوتەوە.

**4**-دەست بەسەر فڕۆکە دا گرتن, بە هەموو جۆرەکانیەوە.

**5**-ڕفاندن, دەستگیرکردن, دەستبەسەرکردن, یان بێبەشکردنی کەسێك لە ئازادی, بەهەرشێوازێك بێت, بۆڤاچاندنەوە (ابتزاز) ی دارایی, یان بە مەبەستی سیاسی.

**6**-بە بارمتەگرتنی کەسێك, یان کەسانێك بۆ کارتێکردن لە دامودەزگاکانی هەرێم, یان لەو دەستەو ڕێکخراوە نێودەولەتەییانەی لە هەرێمدا کاردەکەن بۆبەدەستهێنانی هەر جۆرە سوودێك یان کەلکێك, یان بۆ ناچاکردنیان بۆ ئەنجامدانی کارێك, یان نەکردنی, یان دروستکردنی بارێك لەترس وتۆقین.

**7**-کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتی دەیانگرێتەوە, یان کوشتنی کارمەندانی فەرمانگە ودەستە دەبلۆماسی وکۆنسۆلگەری ودامەزراوە و, کۆمپانیای بیانی وڕێکخراوە نێودەوەلەتییە حکوومی و ناحکومییەکان, یان ئەوکەسانەی لەگەڵیاندا کاردەکەن, وتاوانەکەش بەمەبەستی تۆقاندن (تیرۆر) بێت, وسزاکەی دەبێتە زیندانی تاهەتایی, ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێنەکەوتەوە.

**8**-چوونە ناو هەر ڕێکخراو, کۆمەڵە, دەستە, باند (عصابە)، بنکە, یان کۆمەڵێك کاری تۆقاندن ئەنجام بدات, ئەگەر ئەنجامدەر کارمەند بێ لە هێزی ئاسایشی ناوخۆ, یان زێرەڤانیی هەرێم (پێشمەرگە) بوو, یان ئەگەر تاوانکارمەشقی سەربازی, یان هەواڵگری لەیەکێك لەم لایەنانە پێکرابوو.

**9**-هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتێکی بیانی, یان هەر ڕێکخراو, کۆمەڵە, باند, بنکە, یان کۆمەڵێکی دەرەوەی وڵات, یان کار بۆ بەرژەوەندی هەر یەکێکیان بکات بۆ ئەوەی تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقنووسکراون ئەنجام بدات.

**مادەی دووەم:**

ئەم کارانەی خوارەوە  بە تاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەندرێن وسزاکەیان زیندانی تاهەتاییە:

**1**-تێکدان, رووخاندن, لەکەلك خستن, یان زیان پێگەیاندنی بەئەنقەست, بە, تەواوی, یان بە بەشێك لە تەلار ودامەزراو وسامانی گشتی, یان ئەوانەی تەرخانکراون بۆ فەرمانگە وبەرژەوەندیە حکوومیەکان, یان دەزگا گشتیەکان وبارەگای ئەو حیزب, یان ئەوکۆمەڵانەی بە یاسا ناسراون, یان یەکێك لە دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان, یان هەر شتێکی دیکە لە دامەزراوە پیشەسازییەکانی هەرێم, ئیستگەی وزەی کارەبایی وئاوی, پرد, بەنداو, ئاوەڕۆی گشتی, هۆیەکانی گەیاندن ودامەزراوەکانی, ئەو شوێنانەی ئامادەکراون بۆ کۆبوونەوە گشتیەکان وشوێنەکانی خواپەرستی, شوێنەکانی ئامادەکراو بۆ هاموشۆی جەماوەر, یان هەر سامانێك گرنگی هەبێت لە ئابووری نیشتمانی, بەمەبەستی شێواندنی ئاسایش وئارامی لە هەرێمدا.

**2**-پەکخستنی هۆیەکانی پەیوەندی پێوەکردن وسیستەمەکانی کۆمپیوتەر, چوونەناو تۆڕەکانیانەوە, هانیهانی دانان لەسەریان, یان زانیاری وداتا خستنەناوەوەیان, بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی تاوانە تیرۆرکاریەکان,

**3**-ئاسانکاری هاتنەژوورەوە  وچوونەدەرەوەی هەرێم بۆ تیرۆریستان, یان دابینکردنی شوێنی حەوانەوەیان, شاردنەوەیان, یان حەشاردانیان, بەخۆی, یان بەکەسێکی دی, یارمەتیدانیان بە هەواڵپێدان وپێشکەشکردنی ئەو زانیاریانەی بەکاردێن بۆ پلاندانان, یان بۆ دەستپێکردنی جێبەجێکردنی تاوانی تیرۆرکاری, بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت.

**4**-پێشکەشکردن,کۆکردنەوە, گواستنەوە, یان ناردنی کۆمەکی دارایی, راستەوخۆ, یان ناراستەوخۆ لە ناوەوە, یان لەدەرەوەی هەرێم, بەمەبەستی بەکارهێنانی, یان بزانێت بەکاردێت بۆ داراکردنی هەر تاوانێکی تیرۆرکاری,

**5**-وروژاندنی تایفەگەری, یان رەگەزپەرستی لەنێو هاوڵاتیانی هەرێمدا, یان چەکدارکردنی هاوڵاتیان, یان چەکدارکردنیان لە دژی یەکتر, ئەگەر کارەکە  بارێك لەشەڕی ناوەخۆ بنێتەوە.

**6**-مەشق پێکردنی کەسێك, یان کەسانێك لەسەر بەکارهێنانی چەك, یان لەسەر هۆیەکانی پەیوەندی پێوەکردن, یان فێرکردنی هونەرە جەنگیەکان, یان شێوازەکانی شەرکردن, بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆرکاری.

**مادەی سێیەم:**

ئەم کارانەی خوارەوە بە تاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەندرێن و سزادەدرێت بە زیندانی، لە(**15**)ساڵ تێپەڕ نەکات، هەرکەسێك:

**1**-دەسەڵاتی فەرمانپێکردنی هەبێت لەسەر هێزی ئاسایشی ناوەخۆ وزێرەڤانی هەرێم وداوای لێکردن یان ڕایسپاردن, بەئەنقەست کار لەسەر تەگەرەتێخستنی فەرمانەکانی میری بکەن.

**2**-تەقەمەنی, تۆپتەرەقە, ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان, یان رووخاندن دروست بکات,یان هاوردەی بکات, یان لەلای بێت, یان هەر مادەیەك لە پێکهاتەی ئەوانەوە بێت, هەروەها ئەو دەزگا وئامێر وکەرەستانەی لە دروستکردن وتەقاندنەوەیان بەکار دێن, ئەگەر هاتو  بە مەبەستی بەکارهێنانیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆرکاری بێت.

**3**-بە بەد نیازی, نووسراو, چاپەمەنی, کاسێتی تۆمارکراو, یان وێنەی وای لە لابێت یان بەدەستبێنێت, کە هاندان بەچاك زانین, یان پروپاگاندە لەخۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری, یان بەمەبەستی بەخشینەوەی, بڵاوکردنەوەی, یان بۆ ئەوەی کەسانی دیکەی لێی بەئاگا بکات.

**4**-بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئاگادار بێت ودەزگا گشتیەکانی پێ ئاگادار نەکاتەوە. فەرمانی ئەم بڕگەیەش هاوسەر وخزمەکانی تا پلە دووی تاوانکار ناگرێتەوە.

**5**-بەئەنقەست, هەواڵ, یان روونکردنەوەیەك, یان پروپاگاندەیەکی تۆقێنەر بڵاو بکاتەوە, یان هۆیەکانی راگەیاندنی بینراو, بیستراو, خوێندراو, یان ئەلەکترۆنی بەهەڵە وەربگرێت, یان بەکاریان بێنێت, یان لە ئەنتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ

بلاْوبكاتەوە كە راستەوخۆ بگاتە رادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆركاری وەها كە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسیەوە وترس بخاتە نێو هاولاْتیان وهەڕەشە لە قەوارەی سیاسی هەرێم بكات.

**6**-نەفامی وكەم زانی كەسێك بقۆزێتەوە ولە كاری تۆقاندن بەكاری بێنێت وبەهۆیەوە ئەوكارانە ئەنجام بدات.

**7**-گزی لە نووسراوێكی فەرمی بكات, یان بەساختە نووسراوێك بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانانە دروست بكات بۆ ئەوەی كەسایەتیی بشارێتەوە یان بەئەنقەست بیگۆڕێت, یان ئاسانكاری بۆ هاتوچووی بكات, یان یارمەتی بدات لە كارەكانی, بەمەرجێك بزانێت مەبەست لە گزیەكە چیە.

**ماددەی چوارەم:**

أ-هەركەسێك دەستبكات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لە مادەی یەكەمی ئەم یاسایەدا هاتوون, سزادەدرێت بە زیندانیی تاهەتایی.

ب-هەركەسێك دەستبكات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لە مادەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون, سزا دەدرێت بە زیندانی كاتی.

ج-هەركەسێك دەستبكات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لە مادەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتوون, سزا دەدرێت بە بەندكردنی توند.

**ماددەی پێنجەم:**

نابێ ئەوكەسەی بە تاوانی تۆقێنەر تاوانباردەكرێت, بەدەستەبەر بەربدرێت لە قۆناغەكانی لێكۆلێنەوەدا هەتا حوكمێك یان بڕیارێكی یەكلاكەرەوە لە داواكەی دەرنەچێت.

**ماددەی شەشەم:**

فەرمانەكانی مادەی (**47**) ی یاسای بنەماكانی دادگاییكردنی سزایی ژمارە (**23**) ی ساڵی **1971** ی كارا, بەسەر ئەوكەسە پیادەدەكرێت كە هەواڵی ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتووە دەدات سەبارەت بە ئاشكرانەكردنی ناسنامەكەی, كاتێ هەواڵی روودانی ئەوتاوانانە دەگەیەنێت وناكرێتە شایەد.

**ماددەی حەفتەم:**

أ-ئەوكەسەی, پێش روودانی تاوانی تیرۆركاری, یان لەكاتی پلان بۆدانانی, دەزگا تایبەتمەندەكان پێ ئاگاداربكاتەوە و هەواڵ گەیاندنەكە ببێتە یاریدەر بۆ دەستگیركردنی تاوانباران یان نەی هێشت كارەكە ئەنجام بدرێت, لە سزا دەبووردرێت.

ب-دادگا بۆی هەیە خۆبەدەستەوەدانی تاوانبار وپێشكەشكردنی زانیاری وا, كە تاوانەكە دوای روودانی ئاشكرا بكات, بە پاساوی یاسایی سزا سووككەر بژمێرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

دەبێ لایەنە پەیوەندارەكان پاداشتێكی چاك جاربدات بۆ ئەوكەسەی زانیاری راست ودروست پێشكەش بە لایەنی تایبەتمەند دەكات وئاشكراكردنی تاوانی تیرۆركاری وئەوانەی دەستیان تێدابووە لێ دەكەوێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

هەركەسێك هاوكاری بكات وەك بكەر, بەشدار, یان هاندەر بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە تیرۆركاریانەی لەم یاسایەدا هاتوون, بە هەمان سزا, كە بۆ تاوانەكە دیاركراوە, سزادەدرێت.

**ماددەی دەیەم:**

دەست بەسەر سامانی گوێزراوە ونەگوێزراوەی ئەو رێكخراو, پارت, دەستە, كۆمەڵ, یان ئەو كەسانە دادەگیرێت كە بەبڕیارێكی دادگا بە تاوانكاری تیرۆر دەردەچن .

**ماددەی یازدەم:**

تاوانی تیرۆر لە تاوانە ئابڕووبەرەكاندا دەژمێردرێت ودەبێ دادگا ئەم فەرمانە لە دەقی بڕیارەكەی بنووسێت.

**ماددەی دوازدەم:**

ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە تاوانبارە, مافی خۆیەتی رەفتارێکی یاسایی ودادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت لەگشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا, بەدابینکردنی پارێزەریشەوە بۆداکۆکی لێکردنی, ونابێ شێوازی ئازاردانی دەروونی وجەستەیی, یان رەفتاری نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێت, وپشت نابەسترێت بە دانپێدانانی بەزۆرلێوەرگیراو, بەهەرەشە, بەئازاردان, یان بە بەڵێن وگەفوگوڕ, ئەگەر بەڵگەکە پشت راست نەکرا بە بەڵگەی دیکە, وئەگەر زیانێکی بەرجەستەیی قەبەی لێکەوتبوو لەئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك لو شێوازانەی باسیان لێوەکرا، تاوانبار بۆی هەیە سکاڵا دژی لێکۆڵەرانی تۆماربکات وەك کەسانی ئاسایی.

**ماددەی سیازدەم:**

ئەگەر ئەو کەسەی بە تاوانی تیرۆرکاری تاوانبارە بێتاوان دەرچوو,بۆی هەیە, داوای قەرەبۆی ئەو زیانە جەستەیی وناجەستەییانە بکاتەوە کە لێی کەوتووە لەئەنجامی پێشێلکردنی ئەو مافە مرۆییانەی لە دەستوور ویاساکاندا هاتوون.

**ماددەی چواردەم:**

أ-بۆهەرشتێکی لەم یاسایەدا نەهاتبێت, فەرمانەکانی یاسای سزاکانی عێراقی کارا پیادە دەکرێت

ب-کار بەهیچ دەقێکی یاسایی, یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ فەرمانەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت .

**ماددەی پازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیەوە (وەقائیعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**هۆکارە خوازیاریەکانی ئەم یاسایە**

تیرۆر بۆتە دیاردەیەکی ترسناکی جیهانی وئامانجی ترس خستنە ناودڵی جەماوەر وتۆقاندنیەتی وتێکدانی باری گشتی وئارامی کۆمەڵگە وئازاردانی خەلکە بۆئەوەی ژیان وئازادیان بخاتە مەترسی وزیان بە ژینگە وسامانی گشتی وتایبەتی بگەیەنێت. لەبەرئەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی داوە وهەوڵدەدات چەند یاسایەك دابنێت بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکە وداوا لە ئەندامانی دەکات بە دڵ هاوکار بن بۆئەوەی سنووورداری بکەن وچارەسەری هۆکارەکانی بکەن ولەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانیش تووشی مەترسی گشت جۆرەکانی ئەم تیرۆرە بۆتەوە وتووشی دەبێت ودەرەنجام زیانێکی زۆر وگەورەی لە گیانی هاوڵاتیانی هەرێم وسامانیان ودەسەڵاتە رەواکانی کەوتووە . بۆیە بە پێویست زانرا کە یاسایەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکە دابندرێت لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو پێوەرە نێودەوڵەتیانەی ماف وئازادیەکانی تاك و کۆمەڵ دەستەبەر دەکات, بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستاش بە زمانی عەرەبی دەخوێنرێتەوە, چونکە لە رووی یاساییەوە تایبەتمەندییەکی هەیە, یاساکە لە پەرلەمانی عێراقدا بە زمانی عەرەبی دەرچووە, بۆ ئەوەی هەر ئیشکالێك ئەگەر هەبێت لەرووی زمانەوانییەوە یەکلا بکرێتەوە, فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش یاساکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان-العراق**

إستناداً لأحكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة(53) من القانون رقم (1)لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان -العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / 2005 تشريع القانون الاتي:

**قانون رقم (   ) لسنة 2005**

**قانون مكافحة الارهاب في أقليم كوردستان - العراق**

**المادة( الأولى):**

**تعد الأفعال الاتية جرائم أرهابية و يعاقب عليها بالاعدام:-**

**1-تأسيس أو تنظيم أو إدارة منظمة أو جمعية أو هيئة أو عصابة أو مركز أو جماعة أو تولي زعامتها أو قيادتها بهدف ارتكاب إحدى الجرائم الإرهابية المنصوص عليها في هذا القانون.**

**2-الاغتيال لبواعث سياسية أو عقائدية أو تكفيرية.**

**3-إستخدام بدوافع أرهابية مواد مفرقعة أو متفجرة أو حارقة أو سريعة الاشتعال أو أجهزة مصممة للتخريب والهدم عن طريق التفجير مباشرة أو بواسطة أجهزة التحكم عن بعد أو تفخيخ آليات أو زرع العبوات الناسفة أو إطلاق الأسلحة الحربية بأنواعها المختلفة أواستعمال أحزمة ناسفة أو رسائل ملغومة أو مواد أو غازات سامة أو جرثومية أو مشعة إذا أدى الفعل إلى موت إنسان أو أكثر.**

**4-الاستيلاء على الطائرات بجميع انواعها.**

**5-خطف شخص أو القبض عليه أو حجزه أو حرمانه من حريته بأية وسيلة كانت للابتزاز المالي أو لأغراض سياسية بدافع أرهابي.**

**6-احتجاز شخص أو مجموعة من الأشخاص كرهائن بقصد التأثير على سلطات الاقليم أو الهيئات والمنظمات الدولية العاملة في الاقليم بغية الحصول على منفعة أو مزية من أي نوع كان أو الاجبار للقيام بعمل أو الامتناع عن عمل معين أو خلق حالة من الرعب والفزع.**

**7-قتل الأشخاص المشمولين بالحماية الدولية أو منتسبي الدوائر والهيئات الدبلوماسية والقنصلية والمؤسسات والشركات الأجنبية والمنظمات الدولية الحكومية منها وغير الحكومية أو الاشخاص العاملين معها بدافع أرهابي و تكون العقوبة السجن المؤبد عند الاعتداء على أحدهم إذا لم يؤدِ الى الموت.**

**8-الانضمام إلى أية منظمة أو جمعية أو هيئة أو عصابة أو مركز أو جماعة تمارس الإرهاب إذا كان الجاني من منتسبي قوى ألامن الداخلي أو حرس الاقليم ( الپێشمەرگه) أو كان قد تلقى تدريبات عسكرية أو أمنية لدى أي منها.**

**9-التعاون مع دولة أجنبية أو أية منظمة أو جمعية أو هيئة أو عصابة أو مركز أو جماعة من خارج الاقليم أو العمل لمصلحة أي منها للقيام بأية جريمة من الجرائم الإرهابية المنصوص عليها في هذا القانون.**

**المادة (الثانية):**

**تعد الأفعال الاتية جرائم أرهابية و يعاقب عليها بالسجن المؤبد:**

**1-تخريب أو هدم أو إتلاف أو إحداث ضرر كلي أو جزئي عمداً بالمباني والمؤسسات والأملاك العامة أو المخصصة للدوائر والمصالح الحكومية أو المرافق العامة ومقرات الأحزاب أو الجمعيات المعتبرة قانوناً أو إحدى منشآت النفط أو غيرها من منشآت الاقليم أو محطات الطاقة الكهربائية والمائية أو الجسور أو السدود أو مجاري المياه العامة أو وسائل المواصلات ومنشآتها أو الأماكن المعدة للاجتماعات العامة وأماكن العبادة أو الأماكن المعدة لارتياد الجمهور أو أي مال له أهمية في الاقتصاد الوطني بدافع أرهابي لزعزعة الأمن والاستقرار في الاقليم.**

**2-ألاستيلاء على الطائرات المدنية بدافع أرهابي وتكون العقوبة ألاعدام إذا أدى الفعل الىموت أنسان أو أكثر.**

**3-تعطيل سبل الاتصال وانظمة الحاسوب أو اختراق شبكاتها أو التشويش عليها أو إدخال معلومات أو بيانات فيها بهدف تسهيل ارتكاب الجرائم الإرهابية.**

**4-تسهيل دخول أوخروج الإرهابيين للاقليم وتوفير المأوى لهم أو إخفائهم أو التستر عليهم أو مساعدتهم بتزويدهم بالأخبار والمعلومات التي تستعمل في التخطيط أو الشروع لتنفيذ الجريمة الإرهابية مع علمه بذلك.**

5-تقديم أو جمع أو نقل أو تحويل الأموال بطريق مباشر أو غير مباشر داخل الاقليم أو خارجه بقصد استخدامها أو علمه باستخدامها في تمويل أية جريمة إرهابية.

6-إثارة النعرات الطائفية أو العنصرية بين أبناء الاقليم أو تسليح المواطنين أو حملهم على التسلح بعضهم ضد البعض الآخر، وتكون العقوبة الاعدام إذا أدى ذلك إلى حالة من الاقتتال الداخلي.

7-تدريب شخص أو أكثر على استعمال الاسلحة أو وسائل الاتصال أو تعليم فنون حربية أو أساليب قتالية بقصد إعداده لتنفيذ جريمة إرهابية.

**المادة ( الثالثة ):**

**تعد الأفعال الاتية جرائم أرهابية و يعاقب عليها بالسجن مدة لاتزيد على خمسَ عشرة سنةكل من:-**

1-كان له سلطة ألامر على أفراد قوى ألامن الداخلي أو حرس ألاقليم و طلب اليهم أو كلفهم العمل على تعطيل أوامر الحكومة عمداً بدافع أرهابي.

2-صنع أو استورد أو حاز متفجرات أو مفرقعات أو أجهزة مصممة للتخريب أو الهدم أو اية مادة تدخل في تركيبها وكذلك الأجهزة والآلات والأدوات التي تستخدم في صنعها وتفجيرها إذا كان ذلك بقصد استخدامها لأرتكاب أحدى الجرائم الأرهابية.

3-حاز أو أحرز بسوء نية محررات أو مطبوعات أو أشرطة مسجلة أو صوراً تتضمن تحريضاً أو تحبيذاً أو ترويجاً لارتكاب الجرائم الإرهابية بقصد التوزيع أو النشر أو لاطلاع الغير عليها.

4-علم بارتكاب جريمة من الجرائم الإرهابية المنصوص عليها في هذا القانون ولم يخبر السلطات العامة بأمرها ولايسري حكم هذه الفقرة على زوج مرتكب الجريمة (وأقاربه إلى الدرجة الثانية).

5-أذاع عمداً أخباراً أو بيانات أو بث دعاية مثيرة للإرهاب أو أستغل وأستعمل وسائل الإعلام المرئية أو المسموعة أو المقروءة أو الألكترونية أونشر البيانات على الانترنيت التي تصل إلى حد التشجيع بطرق مباشرة لجرائم أرهابية تؤدي إلى تقويض الأمن العام ونشر الذعر بين الناس وتهديد الكيان السياسي للاقليم.

6-أستغل عدم إدراك أو قلة الدراية لدى شخص لاستعماله في الاعمال الإرهابية وتنفيذ تلك الأعمال بواسطته.

7-ارتكب تزويراً في محرر رسمي أو اصطنع محرراً لمرتكبي جرائم الإرهاب لغرض إخفاء شخصيته أو تغييره عمداً أو تسهيل تنقلاته أو إعانته في أفعاله مع علمه بالغرض المزمع من وراء التزوير.

**المادة (الرابعة):**

أ-يعاقب بالسجن المؤبد كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص عليها في المادة (ألاولى) من هذا القانون.

ب-يعاقب بالسجن المؤقت كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص عليها في المادة ( الثانية) من هذا القانون.

ج-يعاقب بالحبس الشديد كل من شرع في أرتكاب أحدى الجرائم المنصوص عليها في المادة ( الثالثة) من هذا القانون.

**المادة ( الخامسة ):**

لا يجوز اخلاء سبيل المتهم بارتكاب الجرائم الارهابية بكفالة لحين صدور حكم او قرار فاصل في الدعوى.

**المادة (السادسة ):**

تطبق احكام المادة(47) من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم 23 لسنة 1971 المعدل النافذ على المخبر في الجرائم الواردة في هذا القانون في عدم الكشف عن هويته لدى اخباره عن الجرائم مع عدم إعتباره شاهداً.

**المادة ( السابعة ):**

أ-يعفى من العقوبات الواردة في هذا القانون من قام باخبار السلطات المختصة قبل اكتشاف الجريمة او عند التخطيط لها وساهم اخباره في القبض على الجناة او حال دون تنفيذ الفعل.

ب-للمحكمة إعتبار تسليم المتهم نفسه و إدلائه بمعلومات تؤدي الى كشف الجريمة بعد وقوعها عذراً قانونياً مخففاً.

**المادة ( الثامنة ):**

على الجهات المعنية إعلان منح مبلغ مكافئة مجزية لكل من يبادر بتقديم معلومات صحيحة الى الجهات المختصة تؤدي الى كشف الجريمة الأرهابية أو الأشخاص المساهمين فيها.

**المادة ( التاسعة):**

كل من ساهم بوصفه فاعلاً او شريكاً او محرضاً في ارتكاب الجرائم الارهابية الواردة في هذا القانون يعاقب بالعقوبة المقررة لها.

**المادة ( العاشرة ):**

تصادر الاموال المنقولة وغير المنقولة للمنظمات أو الاحزاب او الجمعيات او الهيئات او الجماعات او الافراد التي تتم ادانتها بالجرائم الارهابية بقرار من المحكمة.

**المادة ( الحادية عشرة):**

تعد الجرائم الواردة في هذا القانون من الجرائم المخلة بالشرف وعلى المحكمة ان تنص على ذلك في قرار الحكم.

**المادة ( الثانية عشرة ):**

يجب معاملة المتهم بموجب احكام هذا القانون معاملة قانونية عادلة خلال جميع مراحل التحقيق بما في ذلك تأمين محام للدفاع عنه ولا يجوز استعمال وسائل التعذيب الجسدي أو النفسي أو المعاملة غير الانسانية بحقه كما لا يعتد بالاعتراف المنتزع منه بالاكراه أو التهديد أو التعذيب أو الوعد أو الوعيد مالم يعزز ذلك بأدلة قانونية أخرى، وللمتهم حق مسائلة القائمين بالتحقيق معه بصفتهم الشخصية في حالة إصابته بضرر مادي بليغ جراء استعمال احدى الوسائل المذكورة.

**المادة ( الثالثة عشرة ):**

للمتهم بالجريمة الأرهابية الذي تثبت برائته عن التهمة المسندة اليه حق المطالبة بالتعويض عما لحقه من ضرر مادي ومعنوي بسبب انتهاك حقوقه الانسانية المنصوص عليها في الدستور والقوانين.

**المادة ( الرابعة عشرة): مادة ( مضافة):**

على السلطات العامة مراعاة المبادىء الواردة في أحكام الدستوروالقوانين وفي العهود والمواثيق الدولية الخاصة بحقوق ألانسان عند تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة ( الخامسة عشرة )؛ مادة ( مضافة):**

تتكفل حكومة اقليم كوردستان – العراق برعاية عوائل ضحايا الأفعال الارهابية و تعويض المتضررين منها.

**المادة ( السادسة عشرة ):**

أ-تطبق احكام قانون العقوبات العراقي النافذ بكل مالم يرد به نص في هذا القانون.

ب-لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة ( السابعة عشرة ):**

ينفذ هذا القانون إعتباراًمن تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة**

أصبح الإرهاب ظاهرة عالمية خطيرة تهدف إلى إيقاع الرعب بين الناس أو ترويعهم والإخلال بالنظام العام وسلامة المجتمع وأمنه وإيذاء الناس وتعريض حياتهم وحرياتهم للخطر وإلحاق الضرر بالبيئة والأموال العامة والخاصة، وحيث أن المجتمع الدولي حاول ولايزال يحاول وضع تشريعات لمحاربة هذه الظاهرة الخطيرة ومطالبة أعضائه بالتعاون بصورة جادة من أجل وضع حد لها ومعالجة أسبابها، وحيث أن اقليم كوردستان قد تعرض ولا يزال يتعرض لمخاطر الإرهاب بجميع أنواعه وأسفر عنه أضرار بالغة وجسيمة بأرواح مواطني الاقليم وممتلكاتهم ومؤسساته الشرعية لذا بات من الضروري إصدار تشريع خاص بمكافحة هذه الظاهرة الخطرة مع الأخذ بنظر الاعتبار المعايير الدولية التي تضمن حماية الحقوق والحريات الفردية والعامة, ولأجله تم تشريع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ بەڕێز كاك عونی, داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆی و, لیژنەی مافی مرۆڤ دەكەین, كە پاشی ئەم كۆبوونەوەیە دانیشتنی خۆیان بكەن و, موناقەشەی خۆیان بكەن, بەیانی ئەگەر پێویستی كرد بە راپۆرت لیژنەی ناوخۆ و, مافی مرۆڤ و, هەموو ئەندامێك بۆ هەیە, برگە برگە موناقەشەی بكەین, ئەگەر پێتان وایە بەیانی بۆمان ناكرێتن, دەیخەینە دوو بەیانی, چونكە هەر بەیانی و دوو بەیانیمان هەیە, بەیانی ئێمە جەلسەمان هەیە, لە هەموو حاڵەتێكدا دانیشتنێكمان هەیە, ئەگەر تەواوتان كردبێتن, پاشی جەلسەكە بە سەعاتێك تەرخان كراوە بۆ میوانێكی **9,30**

تایبەت, پاشی ئەو دەتوانین موناقەشەی بکەین, یاخود دەیخەینە رۆژی دواتر, رۆژی پێنج شەممە, چ ئیقتراحێك هەیە لەسەر ئەوەی, فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمان.**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

من لەگەڵ ئەوەدام کە قانونی ئیرهاب هەبێت و, دیارە ئیرهاب زاهیرەیەکی خەتەرە ئێستا لە جیهاندا, بەلاّم لە هەمان کاتدا کە زاهیرەیەکی خەترە, پێم وایە, هەر لەسەر پێناسەکەشی ئیختیلافێکی زۆر هەیە و, جیهاتی ئیرهابی زۆریش ئێستا زۆرن و, زەحایەی ئیرهابیش زۆرن, بۆیە بۆ مەسەلەی ئێمەش کە لە پەرلەمانین کە قانونێکی وا دەرچێت, من پێم وایە کە خوێندنەوەکەی کرا, ئەمە شتێکی چاکە, بەلاّم مۆڵەتێك هەبێت, تاکو رێکخراوەکان, سەندیگاکان, حزبەکان, یەعنی هەموویان راو بۆچوونیان هەبێ, یەعنی ئەو یاسایە بەو خوێندنەوە بلاّو بکرێتەوە, بەلاّم تەصدیق و پەسەند کردن و, موناقەشە, بۆ پەسەند کردنی, نە بەیانی بێت و, نە دوو بەیانی بێت, با ماوەیەکی کە بێت, با مانگێکی پێ بچێت, چونکە ئێمە ئەوە یەکەم رۆژە ئێستا قانونەکە دەبینین و, ناڵێم شتی خراپن, شتی زۆر چاکی تێدایە, دەستی ئەو برایانەش خۆش بێت, بەلاّم من پێشنیار دەکەم کە مۆڵەتێك بدرێت و, تاکو شتێکی باش دەرچێت, شتێك دەرچێ کە دوایی کەس گلەیی لەسەر نەبێ, شتێکی بەسود بێت, مەرجیش نییە, قانونێك لە پەرلەمانی عێراق دەرچوو, قانونی تری زۆر دەرکرد پەرلەمانی عێراقی, مەرج نییە ئێمە مولزەم بین, گورج ئێمەش لێرە پەسەندی بکەین, قانونی پێم وایە مەسەلەن تەقاعودی دەرکردووە, جۆرەها قانونی تری دەرکردووە, ئەویش دوایی مۆڵەتەکەیان ساڵێك بوو, ماوەکەیان, لەوانەیە پەلەیان کردبێت لە دەرکردنی یاسا, ئێمە ماوەیەکی زۆرترمان هەیە, یان ئێمە لەمەیاندا دەست پێشخەر تر بین, ئەم یاسایە دەربکەین کە موناقەشەی زیاترمان کردبێت, بۆ ئەوەی سوودی بۆ هەموو لایەك بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم ئەم خاڵەم بۆ روون بکەنەوە, ئایا ئەسباب موجەبە ناتوانرێت لە پێشەوە بێت, یەك, چونکە من....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەمڕۆ موناقەشە ناکەین, تەنها خوێندنەوەی یەکەم بوو, سبەینێ یان ئەو رۆژەی کە تەرخان کراوە بۆ موناقەشەی ئەو خاڵەی خۆت بڵێ, کاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە زۆر باس کراوە لە پەرلەمانی کوردستان و, چەندین کۆبوونەوەی تری لەسەر کراوە و, راو بۆچوونی حزبە کوردستانیەکانیش تەقریبەن لەسەر دیاردەی تیرۆر هاتۆتە پەرلەمان و, هەردوو کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان, کابینەی سلێمانی و کابینەی هەولێرێش, ئیدارەی هەولێرو ئیدارەی سلێمانیش ئاگادار بکەینەوە, ئەوانیش راو بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەم بابەتە دەربڕیوە, لەبەر ئەوە من پێم باشە چەند زووتر ئەمە بکرێ باشترە, باوەڕبکەن راو بۆچوونی زۆر لەسەر بووە, ئەمەش گەلاّلە نامەیەکە تەقریبەن, ئەوە نەبێت کە لە خۆڕا ئامادە کرابێ, بۆ ئەوەی من پێم باشە ئەگەر ئەوان پێیان ناکرێ سبەی راوبۆچوونی خۆیان بدەن, با بۆ دووسبەی ئیعتیادی تەئجیل بکرێ, چ ئیشکالێك دروست نابێت, بەلاّم تەئجیل بکرێت نەخێر, من بە پێویستی نازانم, بەتایبەتی ئێمە بمانەوێت یان نەمانەوێت, ئێمە مولزەمین بەوەی کە لە عێراقیش دەرچووە, ئێمەش دەگرێتەوە, بەلاّم لەوانەیە هەندێ تایبەتمەندی خۆمانی تێدا بکەین, ئەوە شتێکی ترە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر بانی مارانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر, کارێکی یەکجار باشە, خۆشمان وەکو گەلی کورد زۆر بەدەستیەوە دەناڵێنین, کارەساتی گەورەی دەرهەق بە گەلەکەمان ئەنجام داوە و, بۆ هەمووومان جێگای ئەسەفە, بەڵام ئەم قانونە پەیوەندی بە ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە, ناکرێ پەلەی لێ بکرێت, پێویستە پێش ئیقرار کردنی لە رۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە بە پێچەوانەی ئەوەی لە ماددەی سێزدەدا هاتیە کە دەڵێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی کاری پێدەکرێت, باشتر وایە فعلەن لە رۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە و, خەڵك بیخوێنێتەوە و, دیراسە بکات, بۆ ئەوەی شامل تر بێت, بەتایبەتی ئێمە لە کوردستان, نازانم وەکو دەڵێت جورێك لە بێ سیقەیش هەیە, لە جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی قانونەکە, چونکە ئیدارەکان جیانە, رەنگە ئیجتهاداتی تێدا بکرێ لێرەو, لەوێ, پێم باش نییە پەلەی لێ بکرێت, من پێشنیار دەکەم, فعلەن لە رۆژنامەکاندا بڵاو بکرێتەوە و, موناقەشەی زیاتری لەسەر بکرێت, پاشان ئیقرار بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرێمی کوردستان و میللەتی کورد, پێویستی بە قانونێکە کە خزمەتی بکات, نەك قانونێك بیخنکێنێت, ئەم قانونە دوو رۆژە لەلای منە, هەر چەند سەیری دەکەم بۆ خنکاندن و....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە سبەینێ موناقەشە دەکرێ, ئێمە ئێستا لەسەر ئەوە موناقەشەی ناکەین, چونکە ئێمە رەئی لەسەر قانونەکە نادەین, تەنیا لەسەر مودەکەیە, دووکەسی تر قسە بکات, دوایی دەیخەینە دەنگدان, کاك حمەی حاجی محمود.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا یەك پرسیارم هەبوو, لەگەڵ پێشنیارێك وا دیار بوو پێشنیارەکە برادەران زۆر باسیان کرد, منیش لەگەڵ ئەوەم کە مەجالێك هەبێت بۆ سەیر کردن و, بڵاوکردنەوەی, یەکی تر ئەوەیە ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەستورمان نەبێت, دەتوانین قانونێکی لەم بابەتە دەربکەین, ئێمە تا ئێستا دەستورمان نییە, ئەمە هەندێ لە خاڵەکانی گەڕاوەتەوە بۆ ساڵەکانی حەفتاکان و, دەستوری موەقەتی عێراقی ئیشارەتی بەوە داوە, ئێمە دەستورمان نەبێت دەتوانین؟

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی من جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە, ئەم یاسایەی ئێمە بۆ تیرۆر, زۆر موخەفف ترە لەوەی بەغدا, ئەصڵ لێرە ئەم برادەرانە, وەکو بڵێی هێمنیان بەکار هێناوە, سجنیان کردووە بە ئەصڵ, ئەوەی بەغدا ئیعدامی کردووە, بە ئەصڵ, یەعنی کو بڵێی عقوبەکە لەوێ موشەدەد ترە, لەگەڵ ئەم دیاردەیە هەر چەند توندی بکەی بۆ بنەبڕ کردنی, بەڵام من ئێستاش هەر لەگەڵ ئەوەم, ئێمە بە نیسبەت لیژنەی مافی مرۆڤەوە پێویستی بەوە هەیە, تەنانەت هەتا ئەو رێکخراوو کۆمەڵانەی کە پەیوەندن بە مافی مرۆڤەوە, زۆر جێگای خۆیەتی ئێمە دەعواتیان بکەین و, کاتێك دادەنێین تا ئەگەر عوتلەش بوو دە رۆژی تر پانزە رۆژی تر جەلسەیەکی نائاسایی, منیش لەگەڵ ئەوە نیم بخرێتە دوای عوتلەوە, لەکاتی عوتلە مەسەلەن دە رۆژ یان پانزە رۆژ جەلسەیەك دەکەین, تەنها تایبەت بەوە, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ئەندامە بەڕێزانە باسیان کرد, کە ئێمە ئەو پرۆژەیە بڵاو بکەینەوە, بەڕاستی ئەمە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا نییە, ئەوە دەچێتە بابی سوڵتاتی تەشریعییەوە, ئینجا پەرلەمان کە یەکێك لە ئیشەکانی دانانی یاسایە خۆی موتەخەسیسە بەو بابەتە, ئەکرێ مەسەلەن هەندێ ئارا وەربگیرێت, بەڵام بۆ بڵاوکردنەوە و, ریفراندۆم کردنی, پێم وایە ئەوە پێچەوانەی نیزامی داخیلییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە پێی پێڕەوی ناوخۆی هەر قیرائەی یەكەم كە دەبیتن, پاش ئەمە دوو رۆژ دەبێت قیرائەی دووەم لەسەر پڕۆژەكە ببیتن, ئەمە یەك, دوو, خۆی زاهیرەكی سیاسییە, ئەمە شمولی نوێنەر ئەحزابی سیاسیە, رەنگە دوو لەسەر شەش, ئەو ئیرهابە وانە بووینە, بە تەسەوری من دەتوانین دوای دوو رۆژ نیقاشی ئەم یاسایە بكەین و, دەربچیتن لە پەرلەمان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم بۆ ئەم یاسایە, كە هەندێ پارێزەر بە پلەی راوێژكار كە ئیختیساسی خۆیانە, هاوكار بن لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ بۆ دیراسەیەكی باش و بۆ ئەوەی كە یاساكە مەحكەم و سابت بێت, كە ئەوەش دەبێت مەجالێكیان هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا ئەوانەی كە فراكسیۆنن, هەموویان قسەیان كرد, فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش نەك وەك فراكسیۆن, بەڵام هەقمان هەیە كە قسە بكەین, لەوانەیە رەئی جیاوازمان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفووم دەكەی, ئەمە موناقەشە نییە لەراستیدا, رەئیەكە دەخرێتە دەنگدان, ئایا دووسبەی بكەین, یان مودەیەكی بدەینێ, یەعنی لیژنەكان, لەبەر ئەوەی دەخرێتە دەنگدان, لە دەنگدانەكە هەر كەسێك ئازادە دەنگ دەداتن, ئێمە موناقەشەی مادە بە مادە ناكەین, ئەگەر موناقەشەی مادە بە مادە بكەین, هەموو ئەندامێكی پەرلەمان هەقی خۆیەتی موناقەشەی بكات و, رەئی بدات, رەئی دان لەسەر شتێكە یەكێك دەڵێت دوای بخەین, یەكێك دەڵێت دوو سبەی دەتوانین, بووە دوو رەئی, تەصویت بەس بۆ ئەو دوو رەئییە هەیە, فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەصڵی دەرچوونی قەرارەكە موهیمە نەك بنودی قەرارەكە, لەم كات و زەمانە كە حكومەت یەكی گرتۆتەوە, خۆی خەتەرە لەسەر ئەمنی قەومی كورد, بۆیە زەرووری ترە ئەمە بكرێت, دوو, نەبوونی ئیعلامی حوڕ, نەبوونی دادوەری سەربەخۆی حوڕ, بوونی ئاسیشی حزبی, ئەمانە خۆی خەتەرن لەسەر دەرچوانی تەفسیركردن قەرارەكان, جێبەجێ كردنی قەرارەكان, من ئەصلی مەبەستم لەسەر قەرارەكە خۆیەتی, نەك بنودی قەرارەكان, نەبوونی دەستور كەم دەرامەتێكە بۆ جێبەجێ كردنی قەرارەكان, تۆ خۆت جەنابت ئاگاداری لەم وەزعانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش نوقتەی نیزامی نییە, بەڵام دەتوانی لە مسوەدەكە ئەو رەئیە بڵێی, دیفاعیشی لێ بكەی, شتێكی تەبیعییە, بەڵام كە پڕۆژە هاتووە بەردەم پەرلەمان, دوو نوقتەی هەیە, دوو نوقتەی جەوهەری ئەو پڕۆژەیە وەكو یاسایەك لە عێراقدا دەرچووە, پەرلەمانی عێراق پەسەندی كردووە, یەعنی مەبدەئیەن و یاساییەن موجەبە لە هەموو عێراق, بەڵام ئێمە وەكو هەرێمی كوردستان بۆمان هەیە پێیدا بچینەوە, هەمواری بكەین لەگەڵ وەزعی كوردستان, لەگەڵ تایبەتمەندی كوردستان, ئەو بەڕێزانەی ئەو **13** كەسە كە پڕۆژەكەیان خستۆتە بەردەممان, موجەبین ئێمە لەراستیدا دوو ئیدارەكە قەرارێك هەیە لە پەرلەمان, پێشی هەڵبژاردن, قەرارێكی داوە دەڵێت تەعامول لەگەڵ ئەو دوو ئیدارە دەكەین تاكو گەیشتن بە یەكێك لەوانەی خوارەوە, یەكێكیان ئەو دوو ئیدارە یەك بگرن, دووەمیان هەڵبژاردن بكرێتن, كامیان پێشتر كرا, تاكو ئێمە تەعامولی لەگەڵ بكەین, ئەو قەرارەی پەرلەمانی پێشوو, لەروو یاساییەوە ئێمە ناتوانین, تەعامول

بكەین, نە لەگەڵ ئیدارەی هەولێر, نە لەگەڵ ئیدارەی سلێمانی, ناتوانین پرۆژەی كە لەو دوو ئیدارە بۆمان دێتن لەبەر چاو بگرین, بەم شێوەیەی یاسایی, دەبێت بیدەینە لیژانی خۆی, لە پاشان ئەگەر زۆر پێویست بوو, وەكو ئێستا ئەو قانونە كە زۆر پێویستە دە ئەندام بە لای كەمی تەقدیمی بكاتن بۆ ئەوەی موناقەشەی بكەین, تاكو ئەو دوو حكومەتە دەبێتە یەك حكومەت, یانیش ئەگەر خوانەخواستە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی كە نابێت, دابنیشین قەرارەكەی پێشوومان بگۆڕین, بەڵام تاكو ئەو قەرارە نەگۆڕین ئێمە ناتوانین تەعامول بكەین, جا ئێستا لە حەقیقەت وەقتمان زایع نەكەین, پێم وایە بیخەینە تەصویت باشترە, رەئی یەكەم كە جەنابت تەرحت كرد, ئەویش ئەوەیە دەبێت كاتێكی زۆری بدەینێ, موناقەشەی بكەین بگەڕێینەوە, تەحدید من ئەو تەحدیدە, ئەگەر رازی بن, ئەگەر چی عوتڵەیە, یەكەم دەورەی پەرلەمانیمانم لە **31**ی مانگ تەواو دەبێت, كە دەكاتە رۆژی شەممە, شەممەش عوتڵەیە هەینیش هەر عوتڵەیە, كەواتە ئێمە تا پێنج شەممە هەمانە, ئەمڕۆ قیرائەی ئەوەلی كراوە, لیژان دەتوانن ئەمڕۆ دابنیشن, سبەش دابنشن و, دوو سبەی موناقەشەی بكەین و, انشاالله دەگەینە نەتیجە تەواوی دەكەین و, یان تەغیرێك دەكەین, موهیم ئەوەیە, ئەو رەئیە پێشتر دەیخەمە بەرنامەوە, ئەوەی موئەیدە لەوەی كە ئەمڕۆو سبەی لە پێشمان دایە, موناقەشە كراوە ئەو دوو سێ لیژنەیە موناقەشەی بكەن, هەر كەسێكیش دەتوانێ بگەڕێتەوە حزبەكەی خۆی, لایەنەكەی خۆی, موناقەشەی بكاتن, تا دوو سبەی, دوو سبەی لێرە مادە بە مادە موناقەشەی دەكەین, ئەوەی لەگەڵ ئەو رەئییەیە پەسەندی دەكاتن, دەستی هەڵبگرێت, ئەگەر تێنەگەیشتوون, جارێكی تر شەرحی دەكەمەوە, ئەوەی بۆ دوو رۆژ, یەعنی ئەمڕۆ قیرائەی ئەوەلی كراوە, دوو سبەی قیرائەی دووەم بكرێتن, بە موناقەشە, باش موناقەشە بكرێ, ئەو سێ لیژنەیەش دابنیشن, ئەمڕۆ و سبەی, لیژنەی یاسایی و, لیژنەی ناوخۆ و, لیژنەی ماڧ مرۆڤ, راپۆرتی خۆیان لەسەر بدەن, بە تایبەتی لیژنەی یاسایی ئەگەر بڕگەیەك یان تەعدیلێكی هەیە, بۆمان دیار بكاتن, چونكە مودەممان كەمە, هەر سبە و دوو سبەمان لەبەر دەستدایە, ئەگەر نا دەبێت قەرارێك وەربگرین, پێشەكی مودەكەمان تەمدید بكات, یان دەعوەتێكی نائاسایی بۆ بكەین, یەكەم جار ئێمە بۆ دوو سبەی, كێ موئەیدە كە ئێمە دوو سبەی تەواوی بكەین, با دەستی بەرز بكاتەوە, منیش خۆم لەگەڵدام كە بۆ دووسبەی بێت, ئەوەی دەیەوێت ماوەی دە رۆژ كۆبوونەوەیەكی نائاسایی بۆ بكەین, واتە بۆ دەی مانگ, باشە كێ موئیدە بۆ پاش جەژن, با دەستی بەرز كاتەوە, بە زۆرینەی دەنگ وەگیرا, كە **51** بە **43** بوو, كەواتە بۆ پاش جەژن تەئجیل كرا, خێری تێدا هەیە, پاش جەژن با تاریخەكەی بۆ دابنێین, باشە ئێمە پاشان ئیعلانی دەكەین كە چ رۆژێك بێت؟

دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان, خاڵی سێیەم, زیادكردنی ئەندامی پەرلەمان رێزدار جعفر مصگفى معروف) بۆ سەر لیژنەی كاروباری ناوخۆ, ئەوەی موئەیدە با دەستی بەرزكاتەوە, زۆر سوپاس, كێ موئید نییە, با دەستی بەرزكاتەوە, زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا.

خاڵی چوارەم لە بەرنامەی كار, پێش چاو خستنی راپۆرتی سەردانەكەی شاندی پەرلەمانی كوردستان- عێراق بۆ دەوڵەتی نەرویج.

دیارە لەو ماوەی رابردوودا كاك فرسەت و د. هالە سەردانێكی پەرلەمانی نەرویجیان كرد, زۆریش پەلە بوو, موناسەبەیەك هەبوو, دابەش كردنی جائیزەی نۆبڵ, لەبەر ئەوە دەعوەتی ئێمەشیان كردبوو, ئەو دوو بەڕێزە چوون, داوا لە د. هالە دەكەم كە بێت راپۆرتی سەردانەكەمان بۆ بخوێنێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر بانگهێشتی پارتی كرێكارانی نەرویج, شاندێكی پەرلەمانی كوردستان كە پێكهاتبوو لە سكرتێری پەرلەمان كاك فرسەت احمد, پەرلەمانتار هالە سهیل, بۆ بەشداری كردن لە ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بە بەڕێز محمد البرادعی, سەردانی ئەم وڵاتەمان كرد, لەوێش ئەم چالاكیانەمان ئەنجام دا:

دوای گەیشتمان بۆ ئۆسلۆ, لەگەڵ سەرۆكی رێكخراوی ژنانی نەرویجی و چەند ئەندامی رێكخراوەكە كۆبووینەوە, ئێمە باسی گۆڕانكارییەكانی رەوشی ژنانی كوردستانمان بۆیان كرد, بەتایبەتی گۆڕانكاری یاسا و هەڵوێستی سەركردایەتی

سیاسی و حزبە سیاسیە کوردستانیەکان, پێمان ڕاگەیاندن بە پێی دەستوری عێراق, ڕێژەی بەشدار بوونی ژنان لە پەرلەمانی عێراق دەبێت لە **25**٪ کەمتر نەبێت و, لە پەرلەمانی کوردستان بە هەمان ڕێژە, هەروەها لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و, باس لەو گۆڕانکارییانە لە یاسا کە پەیوەندی بە مافی ژن هەیە, لەلایەن ئێمەوە نامیلکەیەك پێشکەش کرا, بەو ڕێکخراوە کە ئەو یاسایانەی تێدا بوو, وەریشگێرا بوو بۆ زمانی ئینگلیزی, ڕۆژی **12/7** سەردانی دەزگای موحەقیقی پەرلەمانیمان کرد, کە ئەو دزگایە سەر بە پەرلەمانی نەرویجە, ئەزمونێکی سویدییە, لە زۆر وڵاتانی دیش هەیە, بە تایبەتی وڵاتی ئوسکۆتلەندە و بەریتانیا, دەزگای ناوبراو, دەزگایەکی چاودێرییە, چاودێری مافی هاوڵاتیان دەکات, لە هەر سەرپێچییەك دژی مافی هاوڵاتیان بکرێت لەلایەن دەزگا ڕەسمیەکانەوە, یان لەلایەن دەستوریان یان یاساکانەوە, لەم دەزگایەدا نزیکەی **30** پارێزەر کار دەکەن و, سەرۆکەکە لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێ و, یاسای تایبەتی هەیە.

ئێوارەی **12/7** لە هۆڵێکی پەرلەمانی نەرویجی کۆڕێك سازکرا کە چەندین ئەندامی پەرلەمان و لێپرسراوی پارتی کرێکارانی نەرویج لقی ئۆسلۆ نزیکەی **100**کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە ئامادەی بوون, کۆڕەکەش بەناوی کورد و دیموکراسی و ئاشتی لە کوردستانی عێراق بوو.

لە ڕۆژی **12/8** سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی نەرویجمان کرد, شایانی باسە کە بە گەرمی پێشوازی لێکردین, سڵاو ڕێزی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانمان پێگەیاندن و, دەعوەت نامەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی نەرویج کرد, هەروەها شاندەکە سوپاسی سەرۆکی پەرلەمانی نەرویجی کرد, بۆ هەڵوێستیان بەرامبەر مافەکانی گەلی کوردستان و, هەڵوێستی حکومەتی نەرویج بەرامبەر ئاوارەی کورد, هەروەها لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان و ژمارەیەك لە ئەندامی لیژنەکە کۆبووینەوە, باسی مێژووی زوڵم و دابەش کردنی وڵات و هەڵوەشانی ڕێککەوتنامەی سیڤەر و لکاندنی کوردستان بە عێراق و, بەرژەوەندی وڵاتە زل هێزەکان و, ڕۆڵی کورد و پەرلەمانی کوردستان لە دامەزراندنی عێراقێکی فیدراڵ و دیموکراسی, شاندەکە ڕوونی کردەوە کە پێویستە حکومەتی نەرویج, قونصلییەی یان نووسینگەیەکی بازرگانی هەبێت لە کوردستان.

ڕۆژی **12/9** چاومان بە سەرۆکی لیژنەی تەندروستی کەوت, داوامان کرد کە پەیوەندیمان پتەوتر بێت, هاوکاری هەرێمی کوردستان لە بواری تەندروستی و تەکنەلۆژیای پزیشکی و بۆ پەرەپێدانی دام و دەزگا تەندروستیەکانی کوردستان, سەرۆکی لیژنەکە هاوکاری خۆی بۆ کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ پزیشکی کوردستان لەسەر ئامێرە تازەکان دەربڕی لە هەمان ڕۆژدا بەشداریمان لە کۆنفراسی دووەمی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مرۆڤ کرد, کە بریتی بوو لە هەشت موحازەری لە لایەن پسپۆڕان لەم بارەدا پێشکەش کرا.

ڕۆژی **12/10** بەشداریمان لە ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ لە ئاشتی بە بەڕێز محمد البرادعی کرد, لە هەمان ڕۆژدا سەردانی ئەنستیۆتی نۆبڵ و, کتێبخانەی نۆبڵمان کرد.

ڕۆژی **12/11** سەردانی نەخۆشخانەی منداڵ بوونی ئۆسلۆمان کرد, لێپرسراوی ئەو نەخۆشخانەیە بڕیاری دا کە دوو مانگ جارێك خولی ڕاهێنان بۆ دوو پزیشکی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بکەنەوە لەسەر بودجەی حکومەتی نەرویج و شەریکەی دەرمانی پێوەندیدار.

ڕۆژی **12/12** بەشداریمان کرد لە کۆبوونەوەی ئاهەنگی تایبەت بە پارتی کرێکارانی لقی ئۆسلۆ, دوو وتارمان پێشکەش کرد, یەکێکیان بە زمانی کوردی و, ئەوی دیشیان بە زمانی ئینگلیزی, دەربارەی هەڵوێستی نەرویج بەرامبەر عێراق بەگشتی و بەرامبەر کورد بەتایبەتی, سوپاسی حزبی کرێکارانی دەسەڵاتداری نەوریجمان کرد و, داوای پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم حزبە و حزبە کوردستانیەکانمان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حکومەتی نەرویج کرد, لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری ئابوری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

ڕۆژی **12/13** داوای ڤیزەی سویدمان کرد.

ڕۆژی **12/14** سەردانی شاری یۆتۆباری سویدمان کرد بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان.

رۆژی **12/16**سەردانی ئەو کۆمپانیەمان کرد کە پلانی تەلاری زانکۆی سەلاحەدین دادەڕێژێ لە هەولێر.

**12/17** گەڕاینەوە تورکیا.

پێشنیارەکانمان:

دەکرێ لە زۆر بواردا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو وڵاتە بەهێز بکەین بەتایبەتیش لەگەڵ پەرلەمانەکەیان, بێگومان نەرویج لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤدا وڵاتێکی دیارە, هەمیشە پشتیوانی لە کێشەی گەلانی بن دەست کردووە بەتایبەتی هەوڵۆیستی پارتی کرێکارانی لەم بارەیەوە زۆر روونە کە دەکرێ ئێمەش سوودی لێببین, دەکرێ سوود لە چەندین یاسای ئەو وڵاتە وەربگرین, هەروەها سود لە توانا و شارەزایی ئەو ئاوارە کوردستانیانە وەربگرین کە لەم وڵاتەدا دەژین.

پێمان باشە ئەزمونی موحەقیقی پەرلەمانی, لێرەش سوودی لێوەربگرین, لیژنەی دەستور ئەم ئەزمونە بخاتە ناو بەرنامەی کاری خۆی, لە کۆتاییدا پێویستە لەناو هۆڵی پەرلەمان زۆر سوپاسی کادرو ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان لە نەوریج و سوید بکەین, کە هاوکارییەکی زۆریان کردین, زۆر پێمانەوە ماندوو بوون, بۆیە دووبارە سوپاس بۆ ئەو دۆستایەتی و دڵسۆزییەی کە نواندیان و, سوپاسی کادیری حزبی و مونەسقی ئەحزابی رێکخراوە کوردستانیەکانیش دەکەین, زۆر سوپاس بۆ ئێوەش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د. هالە زۆر سوپاس, ئێمە پێش ئەوەی کۆتایی بە کۆبوونەوەکە بهێنین, زۆر جار لە کاتی کۆبوونەوەکە مولاحەزەیەك دێت, مولاحەزەکە زۆر بە جێ بێتن, بەڵام چونکە نەخراوەتەوە دەنگدانەوە, مولاحەزاتم بۆ هاتووە, دەبوایە بەلای کەم دەبێت پێش رۆژێك **24** سەعات, پێم بدرایە تا بخرایە بەرنامەی کار, قسەمان لەسەر کردبا, لەسەر وەزعی سیاسی, هەڵبژاردن و رووداوەکان و هەمووی, لەبەر ئەوە داوای لێبوردن دەکەم کە ناتوانین لەبەرنامەی کار دەربچێت باسی بکەین, بەیانی سەعات **9،30** بڕیارە میوانێك بێ سەردانی پەرلەمان بکاتن, بەڕێز سەماحەتی عبدالعزیز حکیم و, قسە بۆ پەرلەمانتاران بکاتن, سەعات **9،30** لێرە حازر بن و, لەوانەیە لەبەرنامەی کاریش ئەمڕۆ لە جەدوەلی ئەعمالدا پڕۆژەی تریش وەکو ڤیرائەی ئولە دەیخوێنینەوە, پێشکەشتانی دەکەین و, هەر شتێکی تریش هاتە پێشەوە دەیخەینە بەرنامەی کار لێرەدا کۆتایی بەکۆبوونەوەکەمان دەهێنین, تا بەیانی زۆر بەخێر بێن.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**چوار شەممە رێکەوتی 2005/12/28**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی هەڵبژاردن
## چوار شەممە ڕێكەوتی 2005/12/28

كاتژمێر (10)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2005/12/28 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(6)ی خولی دووەمی هەڵبژارن, ساڵی (2005)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2005/12/28دا بەم شێوەیە بێت:

1- میوانداریكردنی ڕێزدار سەماحەتی عبدالعزیز الحكیم سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی.
2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای كۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی كوردستانی عێراق.
3- زیادكردنی ئەندامی پەرلەمان ڕێزدار (ارسلان غفور محمد سلێمان) بۆ سەر لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە و بۆ سەر لیژنەی پێوەندییەكان و كاروباری ڕۆشنبیری.
4- گفتوگۆیەكی گشتی لەسەر هەڵسەنگاندنی پرۆسەی هەڵبژاردنەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان, بەناوی گەلی كوردستان, دانیشتنەكەمان دەكەینەوە, سەرەتا بەرنامەی كار دەخوێنمەوە:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2005/12/28 دا بەم شێوەیە بێت:

1- میوانداریكردنی ڕێزدار سەماحەتی عبدالعزیز الحكیم سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی.
2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای كۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی كوردستانی عێراق.
3- زیادكردنی ئەندامی پەرلەمان ڕێزدار (ارسلان غفور محمد سلێمان) بۆ سەر لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە و بۆ سەر لیژنەی پێوەندییەكان و كاروباری ڕۆشنبیری.
4- گفتوگۆیەكی گشتی لەسەر هەڵسەنگاندنی پرۆسەی هەڵبژاردنەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.

سەرەتا داواتان لێ دەكەم بۆ گیانی پاكی شەهیدان كە لە پێناوی ئازادی كوردستان و عێراق گیانیان لەدەست دا, بە تایبەتی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری كردنی گەلی عێراق لە دكتاتۆریەت, شەهیدان كە بوونە زەحییەی ئیرهاب لە پێش هەموویانەوە سەماحەتی ئایەتوڵڵا شەهیدی میحراب باقر الحكیم, شەهیدانی یەكی شوبات كە لەبارەگای یەكێتی و پارتیدا شەهید بوون, شەهیدانی پۆلیسەكانی كوردستان و پێشمەرگەكانی كوردستان لە هەولێر و لەسلێمانی و لەدهۆك, شەهیدانی بەغدا, شەهیدانی جسری ئەئیمە, شەهیدانی كازمیە, شەهیدانی موسڵ, شەهیدانی دیالە, شەهیدانی حلە, شەهیدانی بەسرە, شەهیدانی هەموو شارەكانی عێراق و كوردستان, هەروەها شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلی كوردستان و عێراق كە ساڵە های ساڵ خەباتیان كرد و گیانیان لەدەست دا, شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال و ئەو شەهیدانەی كە زیندە

بەچاڵ کران, شەهیدانی مەقبەرە بە کۆمەڵ زیندە بەچاڵ کراوەکان, با بۆ ئەو هەموو شەهیدانە دەقیقەیەك بێ دەنگ بوەستین.

فەرموون, بەناوی ئێوەوە بە خێرهاتنی گەرمی سەماحەتی سەید عبدالعزیز الحکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقدا لەگەڵ وەفدە یاوەرەکەی دەکەم, هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز کاك وشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق و هەموو مێوانەکان کە لەگەڵیان هاتوون, تەشریفیان بۆ ئێرە هێناوە سەردانی کوردستان دەکەن, لە وەختێکدا کە گەلەکەمان بە وەزعێکی زۆر ناسك و گرنگ تێدەپەڕێت, بەتایبەتی پاش هەڵبژاردنەکانی دوایی کە سەرکەوتوانە گەلی عێراق رووبەرووی ئەو تەحەدیاتانە بوونەتەوە و چوونە سەر سندووقی دەنگەکان, پانزە ملیۆن خەڵکی عێراق بوێرانە دەنگیان دا ئەو دەنگدانە بۆ عێراقی تازە بوو, عێراقی دیموکرات, عێراقی فیدراڵ, عێراقی بێ ئیرهاب, عێراقی بێ چەوسانەوە, عێراقی ئازادی, هەموو ئەو لایەنانەی کە بەشداریان کرد لە هەڵبژاردن و ئەو خەڵکانەی دەنگیان دا بۆ ئایندەی عێراق بوو, بۆ ئەوە بوو شاد بن بە ئازادی, بۆ ئەوە بوو پێکەوە عێراقی تازە دابمەزرێنن, بۆ فیدرالیەت بوو, بۆ دیموکراسیەت بوو, هەموو بەرنامەی سیاسی لایەنەکان کە بەپێی ئەو بەرنامەیە چوونە هەڵبژاردن, داوایان لە خەڵك کرد دەنگیان بۆ بدەن, تەئکید لەسەر چەند ئەساسێك دەکەنەوە کە ئیجماعی لەسەرە, ئەویش مەسەلەی ئازادی ئینسانە, دیموکراتیەتە, فیدراڵیەتە, بەیەکەوە ژیانە, رێز لەیەکگرتنە, بە تەوافق بڕیار دانە لەسەر ئایندەی عێراق پێشتریش هەر بەم گیانەوە دەنگماندا بۆ دەستوور, بۆیە ئەمڕۆ ئەم سەردانەی بەرێزی و وەفدە یاوەرەکەی بۆ کوردستان ئەهمیەتەکەی لەوەدا دەبێت ئەمڕۆ وەختی ئەوە هاتووە کار بکەین بۆ ئەو بەرنامانەی کە وەعدمان بە خەڵك دا, خەبات بکەین بەیەکەوە بۆ ئەو دەستوورەی کە دەنگمان بۆ دا, یاسای تایبەتی بۆ دابنێین, پەیڕەوی بکەین گەلەکەمان رزگار بکەین لەو قەیرانەی کە تووشی بووە, بەتایبەتی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و تیرۆریستان, بنیادنانەوەی عێراق, چاککردنەوەی وەزعی ئیقتیصادی, بۆ ئەو هەموو شتانە لایەنە سیاسیەکان لە عێراقدا پێویستیان بەیەکەوە ژیانە, پێویستیان بەیەکەوە خەبات کردنە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافی کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بگرێتەوە, بۆ ئەوەی هیچ لایەنێك نەتوانێت حەقی لایەنەکەی تر بخوات, عێراقی داهاتوو بۆ نەتەوەی کورد و عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوورە, عێراقی داهاتوو بۆ موسڵمان و بۆ مەسیح و یەزیدی وصابئە و هەموو مەزاهیبەکانە, عێراقی داهاتوو بۆ سوننەیە, بۆ شیعەیە, ئەگەر بەگیانێکی دیموکراسی, بەگیانێکی لەخۆبوردەوە تەماشا بکەین, ئەو عێراقە ئەوەندە دەوڵەمەندە دەتوانین هەم بەیەکەوە بژین و هەم هەموو خەڵکی عێراق شاد بێت بەو سەروەتەی کە هەیەتی, شاد بێت بەو ئازادییەی کە دەستوور دابینی کردووە, شاد بێت بەو سەروەتەی کە هەیەتی, بۆیە زۆر بەرز دەینرخێنین ئەو زیارەتەی کە جەنابی سەماحەتی لەگەڵ وەفدە یاوەرەکەی بۆ کوردستان هاتوون لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجەی کە ئاماژەم پێکرد, دیارە کە دەڵێم هەموو لایەنەکان بەیەکەوە دەبێ خەبات بکەن وهەموو پێکهاتەکانی عێراق ئیئتلافی پێك بێنن, ئەوەش تەئکید دەکەینەوە کەسەرەتای ئەو حکومەتە ئیئتیلافەی کە هەموو لایەك دەگرێتەوە, دەبێ لایەنە بەهێزەکان یان هێزە سیاسیەکانی گەورە, یان ئەوانەی کە رێژەی زۆرتریان هێناوە لە پەرلەماندا دەبێت بناغەی ئەو حکومەتە ئیئتیلافە بن, دەبێ لە ئەساسێکی پتەو بەرەو رووی ئەو کێشانە بن, جا لەبەر ئەوە من ئەوەندە بەکوردی قسە دەکەم دواتر بە عەرەبی قسە دەکەم بۆ بەخێرهاتنی, ئینجا داوا لە جەنابی دەکەم کە قسە بکات بۆ ئێوە, پاشان ماوەیەکی زۆر کورت دادەنێین, ئەگەر دوو برادەر یان سێ برادەر پرسیارێکی هەبوو یان وتەیەکی بەخێرهاتنی هەبوو بیکات, چونکە ئەویش بۆ سەعات دوازدە مەوعیدی هەیە بۆ یازدە وشتێك مەوعیدی هەیە.

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم ممثلي شعب كوردستان العراق, برلمان كوردستان, ارحب بسماحة السيد عبدالعزيز الحكيم رئيس المجلس الاعلى للثورة الاسلامية و بصحبه الكرام الذين يحضرون معه, نتشرف بحضورهم في اجتماعنا هذا و نقدر هذا الحضور و هذه الزيارة تقديراً كبيراً, لانها تأتي في وقت عصيب يمر به شعبنا العراقي الابي, الشعب العراقي ينتظر منا العمل الجاد والكبير, الشعب العراقي ينتظر منا الوفاء بالتزاماتنا, التزمنا امام شعبنا في ان حررناهم من الدكتاتورية, والتزمنا ان نحقق لهم الرفاهية والحرية و الديمقراطية و التزمنا ان نبني عراقاً جديداً, وقد خطونا خطوات كثيراً, انجزنا قسماً كبيراً

منها, خضنا الانتخابات معاً, وشكلنا الحكومة المؤقتة, وصوتنا للدستور الدائم, واخيراً جرت الانتخابات و هبت الجماهير المليونية للتصويت و للثقة بنا و بالاحزاب الاخرى التي فازت, و للثقة بالعراق الجديد, و للثقة بان الغد لابد ان يكون مشرقاً و لكل العراقيين, لذلك ارحب بهذا الضيف الكريم الكبير و بصحبه الاكارم و بالسيد وشيار زيباري وزير الخارجية نتشرف باستقبالهم هنا, نلتقي في عاصمة الاقليم, عاصمة اقليم كوردستان و اجدها فرصة للحديث عن التحديات التي تواجه الشعب العراقي, هذا الشعب الذي اثبت أصالته و ادارته الواعية في التصدي للارهاب و من اجل الديمقراطية وعراق الغد, ومن اجل الفيدرالية, ان الجماهير تنتظر منا جميعاً ان نقف صفاً واحداً و يداً واحداً في مواجهة المخاطر و المصاعب و حل قضايا الشعب وفي مقدمتها الوفاء بالوعود التي قطعناها لانفسنا لتحقيق الامن و الاستقرار, ودحر الارهاب و توفير الخدمات الحياتية, الضرورية للمواطن, ومستلزمات ممارسة حياته بحرية و ديمقراطية و صيانة كرامته الانسانية, ولا شك ان الخطوة الاولى بعد نجاح الانتخابات هي تشكيل حكومة ائتلافية اتحادية, تمثل كافة مكونات العراق من العرب و الكورد و التوركمان و الكلدان و الاشوريين و بمختلف الاديان و القوميات و المذاهب, و بالتأكيد لابد ان يكون هذه الحكومة مستندة الى تحالف قوي بين الكتل السياسية البرلمانية الرئيسية, عندما نتكلم عن الكتل السياسية البرلمانية, بالتأكيد نتحدث اليوم عن الائتلاف الموحد العراقي, الذي كان لنا تحالف قوي معهم, قبلها خضنا نضالاً مشتركاً مع الكيانات السياسية داخل الائتلاف وفي مقدمتها المجلس الاعلى للثورة الاسلامية, و واجهنا الدكتاتورية معاً و واجهنا الارهاب معاً, جمعتنا الدماء, عبرنا نضالنا بدماء شهدائنا و المقابر الجماعية تشهد على ذلك, كذلك حلبجة تشهد و الانفال تشهد, هذا الطريق المعبر بالدماء لابد ان يستمر و هذه العلاقات لابد ان تستمر لمصلحة الشعب العراقي, امس استمعت الى مادار من حديث بين سماحتكم و بين السيد رئيس الاقليم و بقية المسؤولين, وجرى استذكار التأريخ و عندما نتذكر التاريخ و نشيد بما دار من انجازات و من مرور على اقوال و على مواقف العظام, نستند عليه و نقف عند ذكراهم لابد ان الكلمة التي نطقها اية الله العظمى سماحة السيد محسن الحكيم في الستينات, عندما رفض القتال في كوردستان, عندما نادى بالاخوة, هذا الموقف و هذه الكلمة لازالت تدرس هنا و يتناقل الاجيال بعد الاجيال و اصبحت سنداً آخر قوي في بناء العلاقات الاستراتيجية النضالية بين الشعبين الكوردي و العربي وبين جميع المذاهب السياسية في كوردستان و العراق, هذا الطريق استمر و هذه العلاقات استمرت كما اشرت في ايام الدكتاتورية و التصدي للنظام, و عائلة الحكيم المناضلة قدمت العديد من الشهداء, لذلك عندما تحوز هذه العائلة على احترام كل الشعب العراقي, فأنما هذا الاحترام يأتي بسبب هذا النضال الطويل و هذه الدماء التي سالت من هذه العائلة, فمرحباً بكم في كوردستان و مرحباً بصحبك الكرام و نتمنى ان تكون زيارتكم تواصلاً آخر بناءاً لمستقبل العراق, والالتزام بما يدور بيننا من عهد و ما نوقعه من وثيقة و اتفاقيات, لان هذه الاتفاقيات هي اساس المستقبل, علينا ان نلتزم بها, وعلينا ان نفتح ذراعينا لكل الاطراف و لكل التكميلات السياسية في العراق الجديد, الى ان تتحول الدولة العراقية الى مجتمع متساوي, والى ان نقضي على ما خلفه لنا الدكتاتورية من ويلات و من مصائب ومن مشاكل, فأننا بحاجة ان يكون التوافق هو سيد العلاقات بيننا, ان تكون القرارات مستندة الى هذا التوافق, كما كنا في السابق و كما ساهمنا في الدستور بهذا المبدء, نحن بحاجة في السنوات القادمة ان يكون هذا المبدئ هو الرابط بيننا, حتى يكون جميع ابناء الشعب العراقي متساوون في الحقوق و الواجبات, حتى لاننسى احداً, لكننا بالتأكيد عندما ننجح في بناء العراق الديمقراطي الموحد, عندما تكون المؤسسات كاملة, عندما يتمتع الفرد بكافة حقوقه, لذلك ربما سيكون الحديث عن الاكثرية و الاقلية, لكننا في هذه المرحلة بحاجة الى ديمقراطية يتمتع بموجبها و وفقها كل الطوائف و كل الاديان و كل القوميات كبيرها و صغيرها و وسطها بنفس الحقوق و الواجبات واحترام ارادتها, بأسم برلمان كوردستان نرحب بجهودكم و نتمنى لها النجاح و ان الله يوفقكم انشاءالله بما فيه خير الشعب العراقي و خير الامة العراقية و خير الشعوب العراقية و قومياتها و خير المستقبل و لتكن العلاقات مستندة و منبعثة من الماضي البعيد و القريب لتكون هذه العلاقات مضيئة للمستقبل, مناراً للمستقبل, اترك الآن الكلمة لسماحتكم و اكتفي بهذا القدر و ان كان مايدور في القلوب اكثر, سواءاً كان الحديث عن الماضي او الحاضر او المستقبل, لكن انا متأكد ان المستقبل ربما ستكون هناك مجالاً اوسع للحديث و الاستماع و الكلام, فتفضلوا شرفونا.

**السيد عبدالعزيز الحكيم/رئيس المجلس الاعلى للثورة الاسلامية:**

**اعوذ بالله من الشيطان الرجيم**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

والحمدلله رب العالمين و الصلاة و السلام على خاتم الانبياء و المرسلين محمد, وعلى اله الطيبين الطاهرين و اصحابه المنتجبين, قال الله سبحانه و تعالى في محكم كتابه الكريم ( يا ايها الناس انا خلقناكم من ذكر و انثى و جعلناكم شعوباً و قبائل لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقاكم ) صدق الله العظيم.

السيد رئيس برلمان اقليم كوردستان, الاخ الفاضل الاستاذ عدنان المفتي.

السادة اعضاء البرلمان و الحكومة في اقليم كوردستان.

السادة الحضور, السلام عليكم جميعاً و رحمة الله و بركاته, ليست هذه المرة الاولى التي اقف فيها على ارض كوردستان العراق, فقد عشنا خلال العقود الماضية على هذه الارض الطيبة لنناضل معاً من اجل التخلص من النظام الدكتاتوري العنصري و الطائفي و من اجل ان يبقى عراقنا آمناً, حراً خالياً من المآسي و الظلم و الاضطهاد, و مثلما كنا نستشعر خلال سنوات للمشتركات الكثيرة التي تجمعنا, فأننا اليوم ما زلنا نستشعر تلك المشتركات, بل هي اليوم تتوثق اكثر فأكثر, حين اقف بينكم ايها السادة اليوم استحضر في ذهني علاقة الاباء الذين دافعوا عن مظلومية شعبكم, اتذكر تلك العلاقة الكبيرة و الوطيدة التي جعلت من الامام الحكيم رضوان الله تعالى عليه يصدر فتواه بحق دماء الكورد و تحريم قتالهم في مقابل فتاوى اصدرها الاخرون من معاذ الصلاتين اباحت للسلطة الغاشمة دمائهم, وهكذا دوماً كانت المرجعية الدينية مدافعة عن العراقيين جميعاً والى يومنا الحاضر, حيث نجد موقف الامام السيد السستاني في الدفاع عن قضايا هذا الشعب العظيم و ايضا موقف الشهيد الصدر رضوان الله تعالى عليه, واستذكر ايضا ذلك الرجل الستيني الذي حمل بندقيته من اجل قضية شعبه و عاش الجبل و طاف المنافي حاملاً رسالة شعبه الى العالم, استذكر المرحوم الزعيم الملا مصطفى البارزاني, و معه كل أولئك الابطال من البيشمرگه الذين نذروا انفسهم من اجل حرية الكورد و كرامتهم في وطن اصر حاكموه على ذبحهم و مصادرة حقوقهم, مثلما فعلوا مع الاكثرية العربية, شيعة العراق ومع غيرهم من العراقيين جميعاً, استذكر كل ذلك و اعتقد ان الشيعة والكورد صورتان لمأساة واحدة وهي مأساة الظلم و الطغيان و الدكتاتورية و العدوان على حق الانسان للحياة الحرة الكريمة, واليوم حين اقف بينكم وفي هذا المكان الذي اصبح منطلقاً لبناء كوردستان العراق في العراق الجديد, فأن الفرح ينتابني حين اجد اقليم كوردستان يقطع اشواطاً متقدمة في انجاح التجربة الفيدرالية و تشكيل الاقاليم في العراق, وهي تجربة مازالت لحد الآن تواجه تحديات, لكن صبركم و جهودكم هي التي انجحت هذه التجربة, ونحن على ثقة ان تكرار هذه التجربة في المناطق الاخرى من العراق سيلاقي نفس النجاحات التي حققتموها هنا, اننا على ثقة كاملة بأن اقامة اقليم الوسط والجنوب و اقليم بغداد و اقاليم اخرى سيعزز هذه التجربة الرائدة التي ستساهم في بناء العراق الجديد, انما نريده جميعاً وان يكون العراق موحداً وان يكون لجميع مكوناته شراكة حقيقة في ادارة هذا البلد, فنحن ضد منطق الاستئثار وتهميش الغير وابعادهم عن المشاركة الحقيقية في ادارة البلاد, و موقفنا هذا ينطلق من رؤية اسلامية و وطنية و واقعية, لقد كنا نحن واياكم ضحايا العدوان والابعاد والتهميش و الابادة الجماعية, وليس من الواقعية ولا المنطقية في شيء ان نمارس اليوم نفس السياسات التي قاتلناها و عارضناها بالامس, نحن اليوم ننشد العراق الجديد, عراق العدل و المساواة و الحرية والاستقلال و الاستقرار و تطبيق الدستور وهذه ليست مجرد شعارات, بل هي اهداف نسعى الى تحقيقها, انني افرح عندما ارى هذا الاستقرار في كوردستان, كما افرح ايضا عندما ارى الاستقرار في المناطق الغربية من العراق, مثلما افرح عندما ارى ذلك في الوسط والجنوب و بغداد, انني ارى العراق وحدة واحدة, و عندما استذكر مآسي الاهوار, اتذكر مآسي كوردستان لان الدم العراقي دم واحد و هو محرم اراقته اسلامياً و

اخلاقياً و دستورياً و انسانياً, وحينما اتألم للضحايا الذين قتلهم النظام البائد في بغداد او الجنوب او الوسط او المناطق الغربية, فأنني اتألم ايضا لضحايا حلبجة الشهيدة, و حينما اقرأ سورة الفاتحة على شهداء المقابر الجماعية بالوسط والجنوب, فأنني اقرأ الفاتحة ايضا على شهداء ما سمي بالانفال, و حين اتوجع لمآسي ضرب مراقد الائمة الاطهار عليهم السلام في النجف و الكربلاء و استباحة مدننا المقدسة, اتوجع ايضا لاستباحة مدنكم و قراكم و مزارعكم الجميلة, انني احزن لحزن العراقيين و افرح لفرحهم, ايها السيدات و السادة و انتم مظهر حقيقي واقعي لارادة الشعب الكوردستاني في العراق, ان امامكم اليوم مهام كبرى لبناء العراق الجديد, عن عراق نال من كبوته, عن عراق متلاحم بكل مكوناته من اجل حريته و كرامته, عراق يسوده السلام و الوئام, عراق تحترم فيه حرية الانسان و حقوقه و يحترم فيه الاسلام, بأعتبار انه هويته, عراق تحكمه دولة القانون, عراق يحتل موقعه الطبيعي في الاسرة الدولية, مسالم مع جيرانه, يلتزم الحوار الايجابي لحل الاختلافات, هذا العراق الذي ننشده لايمكن ان يتحقق الا من خلال شعورنا و اعترافنا و تسليمنا بحقوق الاخرين, وهذا ما ندعوا اليه حينما نتحدث عن الشراكة الحقيقية لجميع مكونات الشعب العراقي في ادارة البلاد, وانطلاقا من ذلك فأن رؤيتنا للمرحلة القادمة تستند كما في السابق على حقيقة بناء الحكومة القادمة, على اساس مشاركة كل المكونات وفق ما افرزته صناديق الاقتراع, صحيح ان المهم لدينا هو الحرص على تلبية طموحات الذين انتخبونا, ومهم عندنا ايضا ان لا نتجاوز على الطموحات المشروعة للآخرين, وقد التزمنا بذلك في المراحل السابقة وسوف نستمر على نفس المنهج, لاننا نعتقد انه المنهج الصحيح و لان مبادئنا و ثقافتنا و تأريخنا يدعونا دائماً الى اعطاء كل ذي حق حقه من دون غمط او منة, ان العرب والكورد و التوركمان وان المسلمين والمسيحين وشيعة وسنة وغيرهم من مكونات الشعب العراقي هم من يمثل نسيج هذا الوطن ولن نسمح بتغييب أي مكون من هذا النسيج, لقد جمعتنا المحنة والقضية المشتركة مع قادة الكورد وفي مقدمتهم الاخ الرئيس, رئيس الاقليم مسعود البارزاني و الاخ رئيس الجمهورية جلال الطالباني و غيرهم من القادة, و آمنا معاً في مختلف المراحل و انتصرنا و لله الحمد و كان آخر هذه الانتصارات هواجراء الانتخابات المليونية بعد اقرار الدستور الدائم لهذا البلد الذي يرسم خارطة العراق المستقبلي, وعملنا معاً في كل هذه الادوار وكل هذه المراحل, لكن مازلنا نعتقد ان مسيرتنا المشتركة لازال طويلاً من اجل تحقيق ما كنا نصبوا اليه و هو بناء العراق الحر, الآمن, المزدهر, بالخصوص مع وجود التحديات الكبيرة وفي مقدمتها وجود بقايا صدام و التكفيريين الذين اعتمدوا الارهاب و القمع و القتل الهمجي و الغاء الآخرين وسيلة لمواجهة الشعب العراقي و لتحقيق اهدافهم الخبيثة في ارجاع المعادلة الظالمة التي سبقت ان حكم بها العراق, ولذلك لابد ان نقابلهم بكل ما نستطيع و بالوسائل الشرعية و القانونية و منها تفعيل قانون اجتثاث البعث و المحاكمة الجادة لصدام و ازلامه و اعوانه و ايضا لابد من العمل من اجل تفعيل كل المواد الدستورية المختلفة حتى يتحول العراق الى عراق دستوري, وختاماً اشكركم جميعاً لاتاحة هذه الفرصة الثمينة لي للحديث معكم و اتمنى لكم التوفيق و احيي من خلالكم كل ابناء الشعب الكوردي الشجاع و السلام على شهداء حلبجة والانفال و الشهداء من عائلة البارزاني و المقابر الجماعية و الشهيدين الصدرين و شهيد المحراب السيد محمد باقر الحكيم الذي وقف دوماً الى جانب اخوة الكورد و دافع عن قضيتهم و كل شهداء العراق, والسلام عليكم و رحمة الله و بركاته.

السيد رئيس المجلس:

شكراً جزيلاً على الكلمة القيمة و الكريمة لسماحة السيد اية الله الاستاذ عبدالعزيز الحكيم, اذا عندكم اسئلة شي خلال عشر دقائق, تفضل.

**بەرێز قادر سعيد خضر:**

**السيد الرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق.**

**سماحة السيد عبدالعزيز الحكيم/ رئيس المجلس الاعلى للثورة الاسلامية في العراق.**

**السادة اعضاء الوفد المرافق**

**السيد وشيار زيباري/ وزير الخارجية.**

نرحب اشد ترحيب بضيوفنا الكرام على برلمان كوردستان, اهلاً بكم بين الاهل و بين شركائكم في النضال و التضحيات, نتمنى لكم في كوردستان طيبة الاقامة وان تثمر هذه الزيارة عن صفحة اخرى مشرقة من صفحات التعاون و النضال و

التعاضد, و بهذه المناسبة الكريمة القي على مسامعكم الكريمة مقترحات قليلة, نرى انها تفيد الوضع المتأزم في العراق, اولاً: علينا جميعاً ان نركز على المفاهيم العامة التي تجمع وحدة العراقيين جميعاً, فعلى الصعيد الديني نركز على الاسلام الذي هو دين غالبية الشعب العراقي و نتجنب عن التحدث عن المذاهب و المسائل الاخرى التي تفرق و لا توحد, وعلى الصعيد الوطني نركز على العراق الفيدرالي الذي هو الخيمة الكبرى التي تجمع مكونات الشعب العراقي. ثانياً: ان حصولكم على نسبة عالية من الاصوات في العراق تلقي على كواهلكم مسؤلية تأريخية عظيمة, بحيث تسع صدوركم اكثر لما يستجد في العراق من المشاكل و من الازمات, وان تتعامل معها كما تعامل معها الشهداء من الائمة و العلماء الشهيدين الصدرين و الشهيد محمد باقر الحكيم و الفتاوي الحكيمة للسيد السستاني الذي يتجنب الحرب الاهلية و يتجنب النزاعات الطائفية. ثالثاً: شعب كوردستان يتطلع اليكم كأخوة في النضال و شركاء في التضحيات ان تكونوا لنا خير سند للحقوق المشروعة التي تم تدويرها في الدستور العراقي و بخاصة المادة (58) فيما يتعلق بكركوك و الاراضي الاخرى, فهذه اصبحت من اوليات شعب كوردستان في هذه المرحلة, والسلام عليكم و رحمة الله و بركاته.

**السيد ادهم عثمان احمد البارزاني:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**السيد رئيس المجلس.**

في بداية كلامي ارحب بك ابنا للعالم الاسلامي السيد محسن الحكيم الذي اثبت اجمل نقطة في تاريخ الشعب الكوردي بفتواه في تحريم القتال في كوردستان, وارحب بك اخاً للقائد السيد محمد باقر الحكيم, وارحب بك رفيقاً في خنادق القتال و الجهاد ضد الدكتاتورية, ارحب بك في كوردستان العراق اجمل الترحيب وانها لسعادة كبيرة لنا ان نلتقي بعد سنوات عديدة من الجهاد و القتال في برلمان كوردستان, البرلمان الذي جاء نتيجة لتضحيات و دماء كثيرة للشعب الكوردي من اجل الحرية, اسمح لي سماحة السيد ان اوجه هذا السؤال او هذه الملاحظة و بأعتقادي هذا السؤال موجود لدى اكثرية من الشعب الكوردي بخصوص الحكومة العراقية الحالية التي انبعث من قائمة الائتلاف, هناك شكوك كثيرة في عدم التعامل بصورة جدية مع القضايا التي تخص الشعب الكوردي بخصوص قضية مدينة كركوك, واذا توضحون هذا الجانب لتبديد هذه الشكوك لدى الشعب الكوردي, نكون شاكراً, و مرة اخرى ارحب بسماحتكم وبالوفد المرافق لسيادتكم و بأخينا العزيز وشيار زيباري, اهلاً و سهلاً بكم في كوردستان.

**بەڕێز پخشان عبدالله زەنگەنە:**

**سيادة رئيس المجلس الوطني لكوردستان.**

في البدء ارحب احر الترحيب بضيفنا الكريم سماحة السيد الحكيم و بالوفد المرافق له و بالاستاذ وشيار زيباري وزير الخارجية, ناضلنا سنوات طويلة في صف واحد على اختلاف انتماءاتنا السياسية و الفكرية و القومية و الدينية و الطائفية من اجل انقاذ العراق من الاستبداد و من اجل تحقيق الحقوق الانسانية لشعبنا العراقي, والآن نتصدى لاعقد عملية اعادة بناء في بلد مدمر, في العملية السياسية و الاقتصادية و الاجتماعية الشاملة, يأتي تجشيمها الحقيقي في انتخابات مجلس النواب و تشكيل الحكومة العراقية, الدستورية القادمة, وهنا مهمتنا معقدة وهي محك لمصداقيتنا جميعاً قبل كل شيء امام شعبنا و امام العالم اجمع, تتجلى هذه المصداقية على ما اعتقد في تمتين وحدة الصف لكل القوى الوطنية المخلصة التي ناضلت في الخندق الواحد و تواصل النضال اليوم من اجل السير بالعملية السياسية بأتجاه خدمة شعبنا في بناء العراق الجديد الذي نريده ديمقراطياً, فيدرالياً, تعددياً, العراق الذي يشعر به كل عراقي بأنه له كامل الحقوق, له كامل الحرية في هذا البلد و يشعر بكامل المواطنة فيه, والاخلاص في تنفيذ برامجنا المطروحة و الاخلاص للمواثيق التي نوثق فيها اهداف تحالفاتنا, نحن في كوردستان, طبعاً هذه السياسة و هذه المهمة بالحقيقة تطلب من عندنا العمل بنكران ذات عالي و خاصة في تشكيل الحكومة القادمة, لقد تفضلتم قبلي و اشرتم الى اتجاهات تشكيل هذه الحكومة و اتمنى و انا واثقة من اخلاص الجميع لاجل ان تكون هذه الحكومة ممثلة لكل مكونات الشعب العراقي, القومية, المذهبية, الطائفية, السياسية, الفكرية والخ, نحن في كوردستان واصلنا النضال من الدفاع عن الوجود القومي و من اجل تحقيق الديمقراطية, واصلنا و نواصل النضال لبناء العراق الجديد الذي كما اسلفت نريده ديمقراطيا, فيدرالياً, تعدديا, دستوريا, وبكل الاخلاص و

القناعة, لقد عانينا خلال الفترات الماضية من الحكومة الانتقالية في ضعف الالتزام بالمواثيق المبرمة و خاصة في المباشرة الجدية بتنفيذ المادة (58) من قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية, آني اصلاً من كركوك سماحة سيدنا, ولاتزال هذه المادة تنتظر, وايضا في مجالات اخرى لا مجال لذكرها لضيق الوقت, فأرجوا ان تكون تحالفاتنا و مواثيقنا القادمة ضمانة حقيقية للسير بالعملية السياسية الى ضفافها المرجوه, وشكراً.

**السيد محمد حاجى محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی جەنابی سەماحەتی سەید عبدالعزیز الحكیم بۆ ئازیزمان دەكەین, و وەفدی هاوڕێی و بەڕێز وەزیری خارجیە كاك وشیار زێباری. دووەمیان ئەو تێكۆشەرانە لە ژێر چادردا لە چیاكانی كوردستان بەرنامەی رووخاندنی ئەو رژێمەیان دادەنا, ئەمڕۆش لە پەرلەمانی كوردستان بەرنامەی عێراقێكی نوێ, ئاوەدانی, دیموكراتی, فیدراڵی دادەنێین, كە ئێمە خۆشحاڵین ئەمڕۆ دووبارەكردنەوەی ئەم مێژووە دوورو درێژەیە, وخەباتێكی دوورودرێژ كە خاوەنی تەزحیەكی زۆرە, ئەمڕۆ لەگەڵ تێكۆشەرانی كوردستاندا كۆدەبێتەوە, ئێمە دەمانەوێ عێراقێكی دیموكراتی, فیدراڵی, عێراقی نوێ بە مانای نوێ بێت, ئەویش هەڵوەشاندنەوەی ئەو تەشكیلەی زیاتر لە هەشتا ساڵی عێراق, ئەمڕۆ لەدوای هەڵبژاردنی كۆتایی, یانزە ملیۆن خەڵكی عێراق دەنگی بۆ دیموكراتی و ئازادی داوە, وهەمووشمان لە لیستە جیاكان وەعدمان بە خەڵكی عێراق داوە, بۆ هێزە ئەساسیەكانی عێراقی پێویستە ئەساسێكی باش دابنێین, و هەموو هێزەكانی تریش بێ بەش نەكرێت لە عێراقدا, بە بوونی مەزهەبی جیاوازو قەومیەتی جیاوازەوە, بەتەئكید خەڵكی كوردستانیش زۆر بەگەرمی بەدەنگی ئەو هەوڵانەوە دەهات و كاری بۆ كرد و ئیشی بۆ كردووە, لەدوای رووخانی رژێمیش زیاتر لە چواردە ساڵ هەرێمی كوردستان جارێكی تر رۆیشتەوە بەغدا بۆ تیمار كردنەوەی عێراقی نوێ, خاڵێكی گرنگیش هەیە كلیلەكەی چارەسەری مەسەلەی كەركووكە, وجارێكی تریش زۆر زۆر بەخێرهاتنیان دەكەم و ئومێدی سەركەوتنیان بۆ دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەمووتان لەبەر ئەوەی سەعات یازدە مەوعیدی هەیە, وەختیش بەسەردا چووە, پێنج دەقەش بۆ وەڵام دانەوەتان, باشە دوو دەقەی ترتان دەدەینێ, فەرموو د.نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**السيد رئيس المجلس الوطني.**

اسمحوا لي بان ارحب بسماحة السيد عبدالعزيز الحكيم في قدومه الى ارض كوردستان, العلاقات التاريخية بين الكورد و العرب قديمة قدم التاريخ و شاهدنا على ذلك وجود اضرحة للعديد من ابناء العلويين في اراضي كوردستان الذين هربوا من ظلم و اضطهاد ابناء عمومتهم من الامويين و العباسيين, نحن الآن لسنا بصدد استذكار تلك المواقف القديمة, ولكن الشيء الذي نطالبكم به هي نفس المطالبات التي كنا نقدمها خلال كفاحنا من اجل اسقاط النظام الدكتاتوري العنصري الطائفي, شعب كوردستان لا يطالب الا بأمرين اساسيين, احترام رغبته و ارادته في اقامة نظام ديمقراطي, فيدرالي, حقيقي, بحيث يضم اقليم كوردستان جميع الاراضي التي تعتبر تأريخيا و جغرافياً جزءاً من كوردستان, المطلب الثاني هو ادانة سياسة التطهير العرقي التي مارسها النظام الدكتاتوري, في مناطق واسعة في كوردستان خاصة في كركوك و مناطق اخرى, ينبغي ادانة هذه السياسة بصورة صريحة, ثم العمل على ازالة هذه السياسة, الدستور العراقي وضع آلية خاصة ولكن الحكومة الحالية برئاسة الدكتور الجعفري الذي يمثل قائمة الائتلاف الوطني لم يخطو بعد للاسف الشديد اية خطوة من اجل تنفيذ هذه السياسة, نطالب الحكومة القادمة التي سوف يكون رئيسها ايضا من القائمة الائتلافية الموحدة ان يعمل بصورة جدية من اجل تطبيق هذه المادة, وبذلك تعود العلاقات التأريخية بين العرب و الكورد الى سالف عهدها الماضي و نعمل من اجل اقامة عراق فيدرالي موحد, ودمتم و نرحب بكم مرة اخرى, شكراً.

**السيد عزالدين سليم خديدا:**

**السيد رئيس المجلس الوطني.**

نرحب اجمل ترحيب بالضيف الكريم سماحة السيد عبدالعزيز الحكيم, لكي لا ادخل في المجاملات و العبارات الانشائية, لدينا في برلمان كوردستان و الشارع الشعب الكوردستاني عموماً تحفظ على موقف قائمة الائتلاف السابقة الكثير من القضايا التي تخص الشعب الكوردستاني و من اولها مادة (58) في قانون ادارة الدولة, ولهذا سند جنابكم تاريخ طويل بين الشعب الكوردي والائتلاف, فأن هذا التاريخ نرجوا ان لايكون على اساس عدو لعدو صديق, وانما تستمر بالحقيقة بان هذا التاريخ المشترك بيننا نقوم بتطبيقها على الواقع, على الارض بالواقعية وليس كما كان سابقا لموقف او تخلي قائمة الائتلاف الوطني عن كثير من بنود الاتفاق بين التحالف الكوردستاني و الائتلاف الوطني و شكراً.

**السيد رئيس المجلس:**

شكراً, ئاخر كەس كە ماوە دەدەين بە برايەك لە توركمان كە قسە بكات, تكايە تكرارى قسەكان مەكەنەوە, مەسەلەى كەركووك سێ كەس چوار كەس باسى كرد, كاك كرخي احد ممثلي النواب التوركمان في برلمان كوردستان. الاستاذ كرخي اخر متكلمين.

**السيد كرخى نجم الدين نورالدين:**

**السيد رئيس المجلس.**

اسمح لي ان ارحب باسم الكتلة التوركمانية لسماحة السيد حجة الاسلام و المسلمين عبدالعزيز الحكيم, الاخوة تكلموا كثيرا و ذكروا حقوق القوميات المتآخية مع الكورد و العرب في العراق, انا اكتفي بترحيب و حللتم اهلا في اربيل وفي كوردستان و ندعو الله ان يوفقكم في مسعاكم و يسند خطاكم و شكراً.

**السيد رئيس المجلس:**

شكراً جزيلا, اسمح لي سماحة السيد النسوة يقولون نحن ظلمنا, واحدة منا فقط تكلمت لنسمح الاخيرة تتكلم, تفضل.

**السيده كولناز عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان میوانانی ئازیز.**

بەخێر بێن سەرچاو, بەڕێز جەنابت وەكو سەركردەى هێزێكى بە قوەت لە نێو هەڵبژاردنەكانى پەرلەمانى عێراقدا, ئێمە خۆشحاڵین وەكو كورد هاوپەیمانى ئێوە بین, لەبەر ئەوەى وەكو جەنابت ئاماژەت پێدا لە رووى قوربانى دان و مێژووى خەباتەوە هەردوولامان وەكو یەكین, بەڵام بەداخەوە لە پەرلەمانى ساڵى رابردوودا ئێمە تووشى خەیبەت ئەمەل بووین بەرامبەر كردەوەكانى سەرۆك جەعفەرى كە ئەو هەڵوێستەى كە نوێنەرایەتى هێزێكى زوڵم لێكراو بكات, هیوادارین هێزى داهاتوو كە ئێوە هەمان نوێنەرایەتى دەكەن و بەپێى هەڵبژاردن دەبێت, و ئێمە نەوەى قۆناغێكین كە گەورەترین قوربانیمان داوە, گەورەترین گۆڕانكاریمان بەسەر وڵاتەكەمان هێناوە, ئەگەر بێتو ئەو قۆناغانە لەم چوار ساڵە نەبڕین, نەوەى داهاتوو رەخنە لە ئێمە دەگرێ و گوناحى گەورەشى لەئەستۆى ئێوە دەبێت كە خۆتان خاوەن قوربانین و قوربانى گەلانى تر لەبەرچاو نەگرن, سوپاس.

**السيد رئيس المجلس:**

شكراً, سماحة السيد اذا عندك رد عليهم تفضل.

**السيد عبدالعزيز الحكيم:**

عندي تعليق ماعندي رد, اعوذ بالله, اشكر الاخوة الاعزاء و الاخوات الجليلات على ما تفضلو به من المحبة و العواطف, عسى الله ان نكون عند حسن ظنه و ظن اخواننا المؤمنين و ابناء الشعب العراقي, القضية المركزية التي اقترحت موضوع مادة (58) في قانون ادارة الدولة, طبعاً الآن تغيرت رقم المادة في الدستور, في الحقيقة هذا المطلب هو ليست فقط مطلبكم, هو ايضا مطلبنا نحن معكم مئة بالمئة في ضرورة تطبيق هذه المادة, ولذلك اصرنا على ادراجها في الدستور لان هذه القضية بالحقيقة تخص اولاً الشعب الكوردي و ثانيا تخص كل ساكني محافظة كركوك الاخوة التوركمان و من القوميات والمذاهب الاخرى الموجودين في الداخل, الجميع يريد ان تحل هذه القضية بشكل نهائي و يتوضح الامر, ثالثاً هناك هذه المادة (58) فيها مادة (أ) و(ب) (ا) تتعلق بمحافظة كركوك, ب تتعلق بحدود المحافظات و عندنا كثير, وعندنا كشعب

عراقي كثير من الحديث في حدود المحافظات و وضعت مجموعة من آليات لكيفية حل هذه المسألة الذي مع الاسف لم تحل ايضا, لانريد ان نحمل الاخ العزيز الفاضل الاستاذ مام جلال الطالباني الذي هو مسؤل الرئاسة, طبعاً مجلس الرئاسة هي مسؤلة عن حل فقرة (ب), مع الاسف لا فقرة (أ) حلت و لا فقرة (ب) انحلت, بقت ممكن الفقرتين ارحلت للدستور, لكن اطمئنكم ان نفس الشعور الذي عندكم بالنسبة لهذه الفقرة هو موجود عندنا و بالتالي سوف نسعى بجد معاً, سوف نسعى معاً انشاءالله من اجل حلها, هذه احدى القضايا الذي اشرت اليها اشارة من البعيد في كلمتي المحدودة, قلت لابد من تفعيل احد اهدافنا من المرحلة القادمة تفعيل المواد الدستورية و بالتالي جعلها تصل الى ارض الواقع وان لا تبقى مجرد مواد دستورية و مثبتة بالدستور, يجب ان نفعلها حتى يبنى العراق الجديد على اساس هذا الدستور الذي تم اقراره من قبل الغالبية العظمى من ابناء الشعب العراقي وهذه مسؤليتنا التاريخية المهمة في المرحلة القادمة, اشكركم مرة اخرى و اخرى على اتاحة هذه الفرصة الثمينة و اشكر الاخ الفاضل الاخ رئيس برلمان كوردستان المفتي و اشكركم جميعاً على اتاحة هذه الفرصة, عسى الله ان يوفقنا للمزيد من الاجتماعات و اللقاءات و تقديم المرحلة, اشكر الله في درجة عالية من الوعي و ان تكون اهل انشاءالله لتحمل المسؤلية الكبيرة الذي حملكم اياها ابناء شعبكم الكوردستاني و بالتالي انشاءالله تقومون بأداء مسؤليتكم بافضل وجه و شكراً لكم و السلام عليكم.

**السيد رئيس المجلس:**

نغلق الجلسة لمدة خمسةعشرة دقيقة لتوديع سماحة السيد و الوفد المرافق له والسيد وشيار زيباري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستانی عێراق.

کۆبوونەوەکەمان دەست پێدەکەینەوە, کوێستان خان, قسەیەکی پێش کۆبوونەوەت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەماحەتی عبدالعزیز حکیم اخیر قسەکانی جێبەجێ نەکردنی فەقەرەی (ب)ی ماددەی 58ی خستە ئەستۆی بەڕێز مام جەلال, داوا دەکەین جەنابت روونکردنەوەیەکمان لەسەر ئەوە بدەیتێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی من لە موئتەمەرە صحفیەکە لە دەرەوە, یەکێك لە رۆژنامەنووسەکان ئەو پرسیارەی کرد و, من وەڵامم دایەوە, فەقەرە (ب)باسی حدودوی ئیداری دەکات و, جێبەجێ کردنەکەی خستۆتە ئەستۆی ریئاسەتی جمهوری و, حکومەت بە یەکەوە, جاری یەکەم ریئاسەتەکە بە ئیجماع دەنگ دەدەن, یەعنی هەر تەرەفێك دەتوانێ بڵێت نەخێر ئیشەکە ناڕواتن و, کاتێك من ئاگادارم کە حکومەت فەقەرەی یەکەمیش جێبەجێ نەکرد, لیژنەکەش پاشی موزەکەرات و وەفد چوونە بەغدا و زەخت و ئەوانە, تا لیژنەکەی دامەزراند بەو ئاخیرەی ئەو پارەیەی کە تەرخان کرا بوو خستیە سەر میزانیەی ساڵی 2006, یەعنی فەقەرەی یەکەمی جێبەجێ نەکرد, فەقەرەی (ب)حکومەت هەنگاوی نەهاوێشت, بەنیسبەت ریئاسەتەوە جەنابی مام جەلال چەندین جارە ئەو مەوزوعەی کردۆتەوە, بەلاَم بەهەمان شێوە رووبەڕووی کێشە هاتەوە, وتیان بۆ کەرکوك بەتەنیا ناکرێت باس بکرێت, چونکە حکومەتی رابردوو, حکومەتی لەناوچوو, حکومەتی دیکتاتۆر سەددام, تەنیا گۆڕانکاری لە حدودی ئیداری کەرکووکی نەکردووە, بەڵکو لەنەجەف کردووە, لە رومادی کردووە و, ئەویش لای ئێوە بۆ گۆڕینی سیمای کەرکوك, لای ئێمەش کردیتی بۆ مەسەلەی تایفی, بۆ تەوازنی تایفی سوننە و شیعە, لە مەسەڵەحەتی خۆیدا رژێمەکە بۆ چوون و نەزەرەیەکی تایفی هەبووە و, ئەو ساڵانەی حوکمی کردیە ئەو نەزرە تایفەی چەسپاندووە, لەبەر ئەوە نەزەرەیەکی شمولی بێتن, یەعنی دوو سەبەب هەبووە, یەکێکیان لە سەرۆکایەتی ئیجماع هەبووە, نەیانهێشتووە بە تەنیا بۆ کەرکوك جەنابی مام جەلال بیکاتە قەرارێك, دووەم, حکومەت بۆ فەقەرەی (ب) هیچی نەکردووە, فەقەرەی (أ) کە پێشی فەقەرەی(ب)یە و, ئەو گرنگترە مەسەلەی تەعریب, نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب, گەڕاندنەوەی ئاوارەکان, سەرژمێری ئەوانە هەمووی مەسئولیەتی حکومەتە, لەبەر ئەوە ئەگەر

مەسئولیەتێکی جوزئی هەبێتن, ئاماژەی پێکردووە, بۆ ئەوە بووە کە لێرە بەڕاستی زۆرتان ئیحراجتان کرد, یەعنی یەك و دوو نەبوو, باسی کەرکووك و هەموو مەسئولیەتەکانتان خستۆتە ئەستۆی ئەو, جەنابی مام جەلالیش تەحەمولی ئەو سەغرەیە ناکات بە هیچ شێوەیەك, قەرارەکە بە ئیجماع بووە, رووبەڕووی ئەو کێشەیە بوویتەوە, لە موئتەمەرە صحەفیەکە باسمان کرد, مەجبوریش بوو دیفاع لە خۆی بکات, ئێمە دەچینە سەر خاڵی دووەم لە بەرنامە کە بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای کۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کە دوو کەسیان بێن ئەو پرۆژەیە بخوێننەوە, فەرموون.

**بەڕێز قادر سعید خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی تا ئێستا ئەو لیژنەیەمان لێنەکۆڵیتەوە, تەئجیلمان کرد, پێمان سەیرە خراوەتەوە ناو بەرنامەی کار, تەنانەت بۆ خوێندنەوەی یەکەمیش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر موناقەشەشتان نەکردبێ, قیرائەی ئەوەلی هیچ تەئسیرێك ناکات, قیرائەی ئەوەلی کە دەکرێت دەدرێتە لیژنەی قانونی, لیژنەی قانونی تێبینی خۆی بۆ ئەو رۆژەی کە دیاری دەکرێتن کە دانیشتن دەکرێت, مەشروعی قانونەکە, ژمارەیەك لە حاکمەکانی هەرێم هاتووە, کە هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە, موحتاجی قانونێکن کە نیانە, مەشروعەکە لێرە لەلایەن ژمارەی پێویستی ئەندامان ئیمزا کرایە, دەکرێ بخرێتە بەرنامەی کار, بەڵام لیژنەی قانونی دواتر پاشی قیرائەی یەکەم, دەتوانێ رەئی خۆی بڵێت لەسەر یەك بڕگە یان دوو بڕگە, یاخود لەسەر هەمووی و, کاك فرسەت دەڵێت دەبێت هەر خۆی وا بێت, کاك فرسەت, فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر پرۆژەیەك دێتە پەرلەمان جاری یەکەم, قیرائەی ئەوەلییە, لە خیلالی جەلسە سەرۆکی پەرلەمان, ئیعلانی دەکات تەحویلی چ لیژنەیەك دەکرێت, ئەو کاتە لیژنەکە دەست بەکاری خۆی دەکات, لیژنە دەست بەکاری خۆی ناکات پێش قیرائەی ئەوەلی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی داوای ئەندامانتان پێشکەش دەکەین, سەبارەت بە پرۆژەی یاسای کۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشمانیی کوردستانی عێراق**

**بابەت/ یاسا**

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە, پێشنیار دەکەین کە پرۆژەی یاسای دادوەرانی هەرێمی کوردستان پێشکەش بکەین, بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ئەنجومەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و, دانی بڕیاری گونجاو.

لەطەڵ رێزماندا

**ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ئیمزایان کردووە:**

1-بەڕێز پەخشان عبداللە حسین

2-بەڕێز نسرین محمد صالح

3-بەڕێز کوێستان محمد عبداللە

4-بەڕێز فخریە مصطفی محمد

5- بەڕێز ڤیان احمد خضر

6- بەڕێز ساره خضر پيروت

7- بەڕێز شمسه سعيد محمود

8- بەڕێز كوردستان پيرداود قادر

9- بەڕێز فضيله رمضان سعدالله

10- بەڕێز عادل محمد امين

11- بەڕێز محمد صالح اسماعيل

12- بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندى

ئێستاش دەقى ماددەکەتان بە زمانى عەرەبى بۆ دەخوێنمەوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**رئاسة إقليم كوردستان –العراق**

**رقم الإصدار/**

**تاريخ الإصدار/**

**استنادا لحكم الفقرة (1)من المادة (56) والمادة(53) من القانون رقم (1)لسنة 1992 المعدل و بناء على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق وما شرعه المجلس بجلسته المرقمة ( ) والمنعقدة بتأريخ / /2005 وللصلاحية المخولة لنا بموجب المادة العاشرة من قانون رئاسة إقليم كوردستان العراق رقم (1) لسنة 2005 قررنا إصدار القانوني آلاتي:**

**قانون رقم ( ) لسنة 2005**

**قانون جمعية الحكام لإقليم كوردستان العراق**

**الفصل الأول**

**التعاريف**

**المادة الأولى:**

**يقصد بألتعابير والمصطلحات آلاتية المعاني المبينة إزائها:**

**الإقليم: إقليم كوردستان العراق.**

**الجمعية: جمعية الحكام لإقليم كوردستان العراق.**

**الهيئة العامة: السلطة العليا للجمعية وتضم جميع الأعضاء المسجلين فيها.**

**المجلس: مجلس إدارة الجمعية.**

**الفصل الثاني**

**التأسيس والأهداف**

**المادة الثانية:**

**تؤسس بموجب هذا القانون جمعية مهنية مستقلة تسمى جمعية الحكام في الإقليم ويكون مقرها في العاصمة اربيل.**

**المادة الثالثة:**

**تتمتع الجمعية بالشخصية المعنوية و بالاستقلال المالي و الإداري.**

**المادة الربعة:**

**يهدف هذا الفانون إلى ما يلي:**

**1-المحافظة على سيادة القانون واستقلال القضاء.**

**2-السعي لتأمين حقوق الحكام وحمايتهم وإعلاء شأنهم.**

**3-المحافظة على سمعة المهنة و منزلتها وتقويم التصرفات و السلوكيات التي تحط من منزلة الحكام.**

4-العمل على رفع المستوى العلمي للحكام وتشجيعهم على تقديم البحوث القانونية والقضائية.

5-العمل على رفع المستوى المعيشي للحكام وتأمين سائر الخدمات الصحية والاجتماعية لهم ولأسرهم.

6-السعي لانضمام الجمعية إلى الاتحاد الدولي للقضاة وأية منظمة أخرى مماثلة تخدم الحكام.

7-تأمين احدث الوسائل والتقنيات لخدمة مسيرة العدالة.

8-التعاون مع السلطتين التشريعية والتنفيذية في الإقليم لتطوير مسيرة القضاء في الإقليم.

9-التعاون مع المنظمات والاتحادات الحقوقية في المجالات المختلفة.

10-إقامة مركز ثقافي واجتماعي خاص بالحكام.

11-التصدي للفساد الإداري وأية ظاهرة غير قانونية تؤثر على مسيرة العدالة.

## الفصل الثالث

## العضوية والتزاماتها

**المادة الخامسة:**

يشترط لعضوية الجمعية ما يلي:

1-أن يكون حاكما أو قاضيا في المحاكم المدنية في الإقليم.

2-أن يقدم طلبا للانتماء إلى الجمعية.

4-يجوز قبول عضوية الحكام(القضاة) من المحاكم العراقية خارج الإقليم.

**المادة السادسة:**

يلتزم العضو ما يلي:

1-دفع بدلات الانتماء والاشتراك.

2-المحافظة على هيبة القضاء ومكانته والابتعاد عن كل ما يثير الريبة في استقامته.

3-عدم الترشح لعضوية الهيئات الإدارية للجمعيات والمنظمات الأخرى.

4-المساهمة في نشاطات الجمعية وحضور اجتماعاتها والالتزام بمقرراتها والسعي لتحقيق أهدافها.

**المادة السابعة:**

يفقد الحاكم عضويته في الجمعية:

1-إذا فقد أحد شروط العضوية.

2-عند عدم الالتزام بواجبات العضوية.

3-عند الاستقالة.

## الفصل الرابع

## التشكيلات والمهام

## الهيئة العامة

**المادة الثامنة:**

1-تتألف الهيئة العامة من جميع الأعضاء المسجلين وتعتبر السلطة العليا للجمعية وتعقد مؤتمرها التأسيسي الأول بعد ستين يوما من تاريخ نفاذ هذا القانون لإقرار النظام الداخلي للجمعية لانتخاب المجلس.

2-تعقد الجمعية مؤتمراتها الدورية كل سنتين مرة واحدة ويكتمل النصاب بحضور أغلبية الأعضاء.

**المادة التاسعة:**

تتولى الهيئة العامة ما يلي:

1-مناقشة التقرير الإداري والمالي والتقارير الواردة من اللجان الأخرى والمصادقة عليها.

2-إقرار التعديلات على النظام الداخلي وتقديم المقترحات لتعديل القانون.

3-انتخاب المجلس.

**المجلس**

**المادة العاشرة:**

**1-يتألف المجلس من خمسة أعضاء أصليين وعضوين احتياط ويتم انتخاب الرئيس ونائبه من بينهم ويجتمع دوريا كل شهر مرة واحدة وللرئيس دعوته للانعقاد بصورة غير اعتيادية عند الضرورة وتنعقد بحضور أغلبية أعضائه وتتخذ بأغلبية الحاضرين وتهد تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.**

**2-إذا تخلف عضو المجلس عن ثلاث اجتماعات متتالية أو خمس اجتماعات متفرقة خلال سنة واحدة بدون عذر مشروع يعتبر مستقيلا من المجلس.**

**المادة الحادية عشرة:**

**1-يتولى المجلس الاختصاصات التالية:**

**أ-تشكيل اللجان وتسمية رؤسائها.**

**ب-إقرار الميزانية السنوية.**

**ج-إصدار القرارات الإنضباطية وترقين قيد الأعضاء.**

**د-تعين العاملين في الجمعية وإنهاء خدماتهم.**

**هـ-الأشراف على أعمال فروع المحافظات.**

**و-المحافظة على ممتلكات و أموال الجمعية واستثمارها وتطويرها.**

**2-يجوز الطعن في القرارات الانضباطية الصادرة من المجلس لدى محكمة التمييز خلال ثلاثين يوما من اليوم التالي للتبليغ ويكون قرارها باتا.**

**المادة ا لثانية عشرة:**

**يتولى رئيس المجلس ما يلي:**

**1-تمثيل الجمعية أمام المحاكم والدوائر الرسمية والجهات الأخرى.**

**2-الموافقة على صرف مبلغ لا يتجاوز مليون دينار لكل حالة تتعلق بشؤون الجمعية.**

**3-تخويل بعض صلاحياته لنائبه.**

**فروع المحافظات**

**المادة الثالثة عشرة:**

**1-يتألف الفرع من رئيس وعضوين أصليين وعضو احتياط يجري انتخابهم من قبل أعضاء الفرع.**

**2-يسعى الفرع لتحقيق أهداف الجمعية ضمن النظام الداخلي وتعليمات توجيهات الهيئة العامة والمجلس ويقدم تقريرا سنويا إلى المجلس عن أعماله.**

## الفصل الخامس

## مالية الجمعية

**المادة الرابعة عشرة:**

**تتكون مالية الجمعية من:**

**1-بدلات الانتماء والاشتراك للأعضاء**

**2-المنح المخصصة من قبل الجهات الرسمية.**

**3-المنح والمساعدات الخارجية بعد موافقة حكومة الإقليم.**

**المادة الخامسة عشرة: تقوم الجمعية بمسك السجلات اللازمة وتخضع حسابها للرقابة المالية.**

الفصل السادس

الأحكام الختامية

المادة السادسة عشرة:

للهيئة العامة للجمعية أن تقرر حل الجمعية حلا اختياريا بعد موافقة ثلثي أعضائها.

المادة السابعة عشرة:

يجوز حل الجمعية بقرار من محكمة بداءة محل الجمعية بعد اكتسابه درجة البتات بناء على طلب يقدم من قبل رئيس مجلس القضاء في الحالات التالية:

1-إذا مضى على تأسيس الجمعية سنة واحدة ولم تباشر أعمالها المنصوص عليها في نظامها الداخلي أو انقطعت عن ممارسة أعمالها المذكورة بدون أسباب تبرر ذلك.

2-إذا خالفت في نشاطاتها الأهداف المنصوص عليها في المادة الرابعة من هذا القانون.

المادة الثامنة عشرة:

لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

المادة التاسعة عشرة:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة عشرون:

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

مسعود البارزاني

رئيس الإقليم كوردستان -العراق

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس, بۆ کاك شێروان, تەبعەن ئەم پڕۆژەیە لەلایەن حاکمەکانەوە هاتووە, بە زمانی عەرەبی, ئەم ڕۆژەی کە دیاری دەکرێت بۆ موناقەشەی تەرجوومەی کوردی حازر بێت, هەروەها لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دیراسەتی بکەن و, ڕەئی خۆیان لەسەری ئامادە بکەن, بەتایبەتی لیژنەی یاسایی ماددەکان یەکە یەکە, ئەگەر بەدیلی هەبێت یاخود موافەقەتی لەسەر بکات, لیژنەی ناوخۆش بۆ ئەوەی بزانی موتابقە لەگەڵ قانونی جەمعیات یان نا, ئەوەش لیژنەی ناوخۆ دیراسەتی بکات, یەعنی بۆ ئەو ڕۆژەی کە دیاری دەکرێت بۆ موناقەشە هەموو حازر بێت, ئەندامانیش ئەگەر مولاحەزەیان هەبێت با خۆیان حازر بکەن, زۆر سوپاس.

ئێمە جەلسەی دوێنێ بەڕێز کاك ئەرسەلان غفور سوێندی خوارد, هەر بۆ ئەوەی ئاشنایەتیتان پێی هەبێت, ئەندازیاری شارستانییە لە زمانەکانی غەیری زمانی دایك, زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی دەزانێت و, چونکە ماوەیەك لە ئینگلترا ماوە, لەسەر داوای خۆی پێشنیار دەکەین, لە هەردوو لیژنەی پەیوەندییەکان و ئاوەدانکردنەوە, ئیحتیاجیان پێ هەیە لەو دوو لیژنەیە ئەندامیەتی هەبێتن و, ئەگەر ئەوانی تر ڕازین, با دەستیان بەرز بکەنەوە, ئەوە بەنیسبەی لیژنەی پەیوەندییەکان, دەسستان بەرز بکەنەوە, بۆ لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوەش دەستان بەرز بکەنەوە, زۆر سوپاس, پیرۆزە.

خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار بریتییە لە گفتۆکردنێکی گشتی لەسەر پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا, دیارە ئەم هەڵبژاردنەی کە ئەنجام دراو بە سەرکەوتووی تەواو بوو, گەلی کوردستان, جارێکی تر بە هەمان

حەماسەتی خەباتەوە دژی دیکتاتۆریەت, بەهەمان حەماسی راپەڕینەوە, بەهەمان حەماسی هەڵبژاردنەکانی 1992, هەڵبژاردنەکانی کانونی دووەمی ئەمساڵ, ئەم جارەش بەرەو دەنگدان رۆیشت, چونکە تێگەیشت کە مەسەلەیەکی چارەنووسازە بۆ ئایندەی خۆیەتی, بۆ چەسپاندنی فیدراڵیەتە, چەسپاندنی مافەکانی خۆیەتی, رووبەڕووبوونەوەی تەحدیاتە, رووبەڕووبوونەوەی ئیرهابە, بۆیە ئێمە بەناوی ئێوە سوپاسی گەلی کوردستان دەکەین, کە بە پەرۆشەوە بەرەو سەندووقی دەنگدان رۆیشتن و دەنگیان داو و, ئەو دەنگدانە قوەتێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان, بۆ خەباتمان, بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەغدا, کە مەسئولیەتێکی گەورەیان لە پێشە, لە فەترەی داهاتوودا, ئەم پەرلەمانە بۆ چوار ساڵە, حکومەتێکی تر تەشکیل دەکرێتن, ئەویش بۆ چوار ساڵە و 52 یاسای لە پێشە, بە پێی دەستوور ئەم یاسایانە هەمووی پێویستیان بە خوبەرا هەیە, پێویستیان بە پیاوی یاسا و, شارەزای یاسا هەیە, لە بواری تریشدا وەکو سیاسی, لەبەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێتن ئەندامانی هەڵبژێردراو لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغدا دەورێکی کاریگەر ببینن, لەو یاسایانەی کە دەردەچێتن, لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان دابێتن, لە بەرژەوەندی دیموکراتیەت دابێت, لەبەرژەوەندی مافی مرۆڤدا بێتن, لەبەرژەوەندی مافی تاکدا بێتن, لەبەرژەوەندی مافی ژنان و ئافرەتان و منداڵان و هەموو چین و توێژەکانی گەلی کوردستان و عێراقدا بێتن, تەجروبەی کوردستانیش دەکرێتن کە باسی دەکەین, کە سوپاسی خەڵکی دەکەین, دەکرێ ئاماژە بە سلبیات بکەین, کە روویدا, لێرەو لەوێ, بەتایبەتی لە دهۆك و ناوچەکانی تری بادیناندا هەندێ سلبیات روویدا, بووە هۆی ناوخۆشی و تەقە و هەندێ کەس شەهید بن, لە راستیدا لەوەختی خۆی ئێمە وەکو پەرلەمان ئیدانەی ئەو دیاردەیەمان کرد, پێمان وابوو, کارێکی نادروستە و ناشارستانییە, دژی مافەکانی دیموکراسییە و, نابێ هیچ رێگا بدەین, تکرار ببێتەوە, ئەوەندەی خۆشمان موتابعەمان کرد, دەرکەوت هەموو لایەنەکان ئەو کارەیان پێ خراپ بوو, لە موستەوای ئیدانەو ناڕەزایی دەربڕین, تا دەگاتە سەردانی بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی, تا دەگاتە ئەوەی کە لیژنەی تایبەتی دروست بوو, کە قەرەبووی هەموو زیانەکان بکاتەوە, هەنگاو بنێن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا تکرار نەبێتەوە, ئەوەی کە حەز دەکەم ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە هەموومان پێویستیمان بەوەیە کە بە سەراحەت قسە بکەین, بە شەفافیەت قسە بکەین و, رێز لەیەکتر بگرین, ئەوانەی کە بڕوایان بە دیموکراتیەت هەیە, بڕوایان بە گفتوگۆ هەیە, بڕوایان بە حیوار هەیە, پێویستە هەمیشە رێگا نەدەن بەهیچ شێوەیەك لەو رێگایەی دیموکراسیەتە کەس لادەری بکات, بەلاَم لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە ئێمە رۆشنبیری لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بلاَو بکەینەوە, ئێمە بە قسە پەنجا ساڵ زیاترە هەموو شیعاراتمان دیموکراتییە, هەموو شیعارتمان گفتوگۆیە, هەموو شیعارتمان رێز لە یەکتری گرتنە, بەلاَم لەراستیدا 35 ساڵ حزبی بەعسی دیکتاتۆر حوکمی ئەو وڵاتەی کردووە, رۆشنبیرییەکە بمانەوێت یان نەمانەوێت رەگی هەیە لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا, هێشتا گیانی دیموکراتی, گیانی یەکتری قبوڵ کردن, نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بتوانین بڵێین ئێمە میللەتێکین رێز لە دیموکراتی دەگرین بەو دەرەجەیە, من لە راستیدا گومانم لە هیچ سەرکردایەتیەك نییە, ئەوانەی کە بەشدارییان لە هەڵبژاردن کرد, بەلاَم مەسەلەکە لەوەدایە کە دەبێت رۆشنبییر بگاتە هەموو ئاستێك, دەبێت, بگاتە بازاڕ دەبێت بگاتە هاووڵاتی, دەبێت بگاتە گەنج, ئەویش رۆشنبیری هەڵبژاردنە, هەڵبژاردن چۆن دەکەین؟ چ هەڵبژاردنێك سەرکەوتووە؟ چ هەڵبژاردنێك ئایندەی گەلەکەمان روونتر دەکات, چ ئایندەیەك وا دەکات خەڵکانی تریش رێزمان لێ بگرێت, چ ئایندەیەك وا دەکات هەمووومان پابەند بین بە یاسا و, بە نەتائیجی هەڵبژاردن, یەکتریمان خۆش بوێت و بە یەکەوە لە پەرلەماندا کار بکەین و, بەیەکەو حکومەت تەشکیل بکەین و, لە چوارچێوەی ئەو رۆشنبیرییەش ئەوەیە رۆشنبیری هەڵبژاردن بە تایبەتی کە ئەمڕۆ باسی لێدەکەین, لەمەسەلەی قسەکردنیشماندایە, کە باسی هەڵبژاردن دەکەین, یان باسی حەملەی ئیعلامی دەکەین, حدودێك بۆ خۆمان دابنێین, مەبەستم هیچ تەرەفێك نییە, تەفسیرێکمان هەیە, یەعنی هەر حزبێك پێی وایە, حزبەکەی وی لە هەموو حزبەکانی تر باشترە, ئەوە شتێکی تەبیعییە, حەقی خۆیەتی, بەلاَم نابێت رێگا بدەین بەوەی کە مەتحی حزبەکەی خۆمان بکەین و بڵێین مقابیلەکەمان خراپە, لە جیاتی بڵێین مقابیلەکەمان خراپە, خۆمان باشین, خۆمان خاوەن شەهیدین, خۆمان بەرنامەمان هەیە, خۆمان دەمانەوێت ئەو شتە بکەین, جوانتریشە ناڵێم لە هەموو دنیادا ئەو خروقات و ناکۆکیانە دەبێت, بەلاَم نابێت بگاتە ئەوەی کە ناکۆکیەکان بگاتە توندوتیژی, ئومێد دەکەم ئەوەی کە روویدا

پەندێك بێتن بۆ ئاییندە, دیراسەتی بکەین, هیچ میللەتێکیش لە هەواوە ناگاتە دیموکراتیەت, هیچ میللەتێك بەبێ تەجروبە فێر نابێت, با ئەوە دەرسێك بێت و دووبارە نەبێتەوە, باس کردنیشی بۆ ئەوەیە کە بە خەڵکی کوردستان بڵێین ئەوەی باشە باشە, ئەوەی خراپیش بێت خراپە, ئەوەی روویدا کارێکی خراپ بوو, خراپیەکەشی ئەوەیە کە خەڵکی لەناو کوژراوە, بەڵام خراپەی تریش هەیە, وەکو عەرزم کردن رۆشنبیرییەکەیە, چۆن قسە دەکەین؟ من دیسان تکراری دەکەمەوە, گومانم لە سەرکردایەتی حزبەکان نییە, نە پارتی و نە یەکێتی و نە یەکگرتووی ئیسلامی, نە هی کەس, بەڵام دەبێت قیاداتی سیاسی, کەوادری سیاسی کە خاوەن تەجروبەن, ئەم تەجروبەش بخەنە پاڵ تەجروبەی خۆیان, لە ئاییندەدا بەهیچ شێوەیەك تکرار نەبێتەوە, رێز لەیەکگرتن هەبێتن, پرەنسیبی دیعایە و ئینتخابات و پروپاگەندە بزانین, ئیحتیرامی دەنگدەران بگرین, ئیحترامی نەتائیجەکانیش بگرین, موهیم ئەوەیە کە ئێمە بەسەرکەوتوویی ئەو هەڵبژاردنەمان تەواو کرد, لەوەش موهیم تر ئەوەیە کەس ئەو کارەی پێ باش نەبوو, هەموو لایەنەکان پێیان ناخۆش بوو, دیسان هەموو لایەك تەئکید دەکەنەوە کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەر بە تەنیا ئەو تەرەفانە نین, لە بەغدادا مەصیرمان پێکەوەیە, چۆن پێشتر بە یەکەوە بووین, من پێم وایە یەکگرتووی ئیسلامیش بەشێك لەو تەرەفە, بەو رێژەیەی کە دەیهێنێت لە بەغدادا, بەرنامەی سیاسی تەماشا دەکەی بۆ عێراقی داهاتوو, زۆر نزیکە لە بەرنامەی هاوپەیمان کوردستان, لەبەر ئەوە با ئەوەندە ئاماژە بە رابردوو بکەین, کە بینا بکاتن, کەوامان لێبکات بۆ ئاییندە وەزعێکی باشترمان هەبێت, بۆیە ئێمە ئەوە عەرز دەکەین, تا ئەوەتان لەپێش چاو بێتن, چاوەڕوانی نەتائیجی هەڵبژاردن دەکەین, زۆر تەرەف شکایەتیان لە مفەوەزییەی عولیا هەیە, کە خروقات هەبووە, بەتایبەتی لە بەغدا, لە موصل, لە کەرکووك, هەتا لە حیلەش, لە بەسرە, دوو جانب هەیە لەو شکایەتانە, شکایەتەکان گەیشتۆتە 1500 شکایەت, جانبێکیان ئەوەیە کە زۆربەی زۆری ئەو کیانەتە سیاسیە بچووکانە, تەوقووعاتیان زیاتر بوو لە واقعیان, کە نەتائیجەکە نزیك بوەوە, نەتائیجی ئەوەلی سەدمەیەك بوو بۆ زۆریان, تەبیعیە کە تەقەبووڵی نەکەن, هەندێك کیاناتی گەورەتر هەیە, کە دەبوایە رێژەکەیان زیاتر بووایە, بەڵام لە حەقیقەتدا هەندێ خروقات کرایە, هەموو شکایەتەکان لە هەواوە نەهاتووە, لەبەر ئەوە من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە مەفەوەزییە مصداقیەتێکی هەیە, بێ لایەنی ئیسپات کردووە لە هەڵبژاردنی کانونی دووەم و لە مەسەلەی دەستووردا و ئەو هەڵبژاردنەش, ئەو خەڵکانەی کە لە مفەوەزییە ئیش دەکەن تا حەددێکی زۆر بێ لایەنن, تەبعەن کەس روونی نەکردۆتەوە کە بزانن مەیلیان بۆ چ لایەکە, بەڵام لە کاردا تا ئێستا بە شێوەیەکی مەلموس نەمان دیتە ئینحیازیان هەبێت, بۆ تەرەفێك, بەڵام هیچ مفەوەزییەیەك بەو کارە گەورە هەڵبستێت بێ رەخنە نابێت لێی نەکرێت, بۆیە پێمان وایە مفەوەزییە هەموو شکاتەکان تەماشا بکاتن, بەتایبەتی ئەوانی جددین و, من ئەو رۆژەش لە تەلەفزیۆن باسم کرد, ئێمە حەریسین لەسەر هەڵبژاردن و نامانەوێت کۆسپ بخەینە سەری, ئەگینا ئێمەش شکایەتمان هەیە, لە بەغدا ئەوەی کە ئیعلان کراوە تا ئێستا لیستی هاوپەیمانی کوردستان 25000 دەنگی هێناوە, کەچی لە کانونی دووەمی رابردوو 46000هەزار دەنگی هێنا, هیچ مەنتیقەی تێدا نییە کە ئەوەندە کەم ببێتەوە, بەتایبەتی ئێمە باشتر خۆمان حازر کرد بوو ئەم جارە, باشتر حەملەی تەوعیەمان کرد بوو, باشتر ئیعلامیمان کردبوو, لەبەر ئەوە یەعنی ئەوە دەبێت جگە لەوەی کە ئەوە دیراسەت بکرێتن, ئەسبابەکانیان بزانین, یەعنی ئەوەش هەیە ئەگەر ئەو شکاتەکان چاك بکرێت, ئێمەش حەقمانە شکایەت بکەین, بۆ ئێمەش بێ بەش کرابین, بە هەر حاڵ پرۆسەکە موهیمە یەك, دووەمیش ئەو شوێنانەی کە شکایەتی لێکراوە, یان خروقاتی گەورە کرایە, مفەوەزییە دەبێت دیقەتی لێبکاتن, خراپیش نییە, ئەگەر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەشداری لێ بکەن, بۆ ئەوەی کاری مفەوەزییە زیاتر مصداقەتی هەبێت, بەڵام بە تەئکید ئەوە ئیمکان نییە, دووبارە کردنی هەڵبژاردن, نەگەیشتۆتە ئەو دەرەجەیەی, هەرچەندە ئەوان قەرار دەدەن, بەڵام من پێم وایە ناکرێتن, دووبارە بکرێتەوە, بەڵام لە شوێنێکدا گەیشتە مەرحەلەی پێی بووترێت تەزویر, ئەوە بۆیان هەیە مفەوەزییە لەو شوێنە هەڵبژاردن بکاتەوە, بەنیسبەت حکومەتی داهاتوو, بەرەئی ئێمە دەبێت حکومەتێکی ئیتیلافی بێت, وەکو ئاماژەمان پێکرد لەگەڵ سەماحەتی سەید الحکیم, حکومەتێك بێت کە هەموولایەك تێیدا بەشدرا بێت, دوو ئەساس هەبێت, یەك ئەوەی رێژەی زۆری هێناوە, بە تەئکید رێژەی یەکەم وەکو دەستوور ئیشارەتی پێکردووە, سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

دەبێت لەوان تەکلیف بکرێتن, هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و لەپاشدا هەڵبژاردنی سەرۆکی مەجلیسی نوابی عێراقی, ئەمانە هەمووی ئیجاب دەکاتن, حیساب بۆ ئەو رێژانە بکاتن, بەڵام تەنیا حیسابی رێژە کافی نییە, کامل نابێت, ئێمە دەمانەوێت حکومەتێکی ئیتیلافی موەحەد بێت, بۆ ئەوەی ئەو عێراقە تازەیە پێویستی بە هەموو لایەکمان هەیە, ئەو حکومەتە تازەیە پێویستە ئیتیلافی موەحەد کە رێژەی یەکەمی هێناوە, ئیئتیلافی کوردستان و , هەروەها عەرەبی سوونە و تورکمان و کلدان و ئاشوور, هەموو پێکهاتەکانی عێراق و کوردستان تێیدا بەشدار بن, چونکە هەموومان دەبێت پێکەوە رووبەڕووی کێشەکان ببینەوە, رووبەڕووی تەحدایەکان ببینەوە, بتوانین ئەو عێراقە تازەیە دروست بکەین کە لە دەستووردا بنەماکانی پرەنسیپەکانی بۆ دانراوە, لەو رۆژانەدا تەبعەن گفتوگۆ زۆرە, لە بەغدا کرابوو, لە کوردستاندا ئێستا گفتوگۆ هەیە, هەموو لایەکان تێیدا بەشدارن, پاشان کە نەتائیجی هەڵبژاردن بە تەواوەتی ئیعلان کرا, دەکەوێتە مەرحەلەیەکی تر, گفتوگۆیەکان, ئێمەش لێرە وەکو پەرلەمانی کوردستان پشتگیریان لێدەکەین و, هەر شتێکیان پێویست بوو, ئێمە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی بەغدا بەیەکەوە تەواصول دەکەین و, هاوکاریان دەبین, تاوەکو ئەو حکومەتە دادەمەزرێت, ئینجا تەبعەن لە ئێستاوە تاکو ئەو کاتی, بەتایبەتی پاشی مەوزوعی بەغدا تەواو دەبێت, حکومەتی بەغدا تەواو دەبێت, دەبێت ئاورێکی جدی و کاریگەر لە کێشەکانی ناوخۆمان بدەینەوە و, لە پێش هەموویانەوە چۆنیەتی یەکخستنی هەردوو ئیدارە, بەیەك حکومەتی کوردستان, ئێمەش وەعدمان داوە ئەو حکومەتەش تەشکیل بوو, هەموو لایەکمان موتەفەریغ دەبین, دەبێت بە تەواوەتی کاریگەرانە هەوڵ بدەین, دەوری خۆمان ببینین, بۆ ئەوەی ئەو دوو حکومەتە ببێتە یەك حکومەت, چونکە بەبێ ئەوەی ببێتە یەك حکومەت, پەرلەمانی کوردستانیش ناتوانێت بە دەوری خۆی هەڵبستێت, وەکو پێویست, ناتوانێت قەوانین دەربکات وەکو پێویست, ناتوانێت چاودێری حکومەت بکات, ناتوانێت رووبەڕووی ئەو کێشانە ببێتەوە, کە ئەرکێکی گەورەیە دەکەوێتە سەر پەرلەمان, من سوپاستان دەکەم ئەگەر موداخەلە هەبێت, کاك کمال دەیەوێت قسان بکات, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا هەڵبژاردنەکە الحمدالله سەرکەوتنێکی باشی هێنا, بەڵام ئەو حەوادیسانەی کە لەمەنتیقەی بادینان بوو, ئێمە لە کاتی خۆی ئیدانەمان کرد و ئێستاش ئیدانەی دەکەین, پێویستە لەسەر جیهاتی تەنفیزی کە زۆر بە وردی بکۆڵنەوە لە سەبەبی دروست بوونی ئەوە, ئەوانەی موقەصیر سزا بدرێن, نابێت هەروا لەسەری دەرباز بین, ئەو خراپ کاریانەش بەرامبەری مقرەکانی برایانی یەکگرتوو کراوە, هەمووی دەبێت چاك بکرێتەوە و, بۆ ئەوانیش باش بکرێتن, چونکە ئێمە باس لە پرۆسەی ئازادی, دیموکراتی, فرە حزبی دەکەین, تەرەفێك بیەوێت بە ئازادانە داخیلی هەڵبژاردن بێت, هەرچی سەبەب بێتن لێی قەبول ناکرێت, ئەوە بە موختەصەری, بەنیسبەت هەڵبژاردن کاك عدنان زۆر بە تەفصیل باسی کرد, ئیعادەی ناکەینەوە, کەم تەرخەمی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بەرامبەر کوردستان هەبوو, 285هەزار دەنگ بە مەحزەری عزالدین محمدی و حسین هنداوی لای ئێمەیە کە دەڵێن ئەو هەڵەیە کراوە, یەعنی 285 هەزار دەنگ ئەوە بەس لە کەرکووك, 249هەزاردەنگیان نەناردۆتەوە زائیدەن36هەزار دەنگ ئەوە لە قەرەهەنجیر و شوان, لە هەولێر 39124 دەنگ نەهاتبۆوە, لە سلێمانی حدودی 10000هەزار و لە دهۆکیش لە حدودی 10000 هەزار زیاتر, ئەمە هەمووی ئەگەر بە صدفە لە کەرکووك کەشف نەبوایە, ئی دهۆك و هەولێر و سلێمانیش کەشف نەدەبوو, یەعنی تەفسیرێك هەیە لە مفەوەزییە هەیە, لە مفەوەزییە 350 تا 400 موەزەف کار دەکەن, تەنها چوار کوردی تێدا هەیە, کە نیسبەتی کورد بە پێی هەڵبژاردنی رابردوو لە 25٪, یەعنی لە مفەوەزیەش دەبێت 25٪ کوردیان هەبێت لەوێدا, یەعنی لە 350 تا 450 موەزەف کە ئیش دەکەن کە 2500 موەزەفی تر لەسەر کومپیوتەرەکان ئیش دەکەن, چوار کوردی تێدا بێتن, ئەو چوار کوردەش بە صودفە بە واستەی برادەر چوونەتە ئەوێ, پێویستە ئێمە لە داهاتوو لەسەر ئەوانە بوەستین و ئەو وەزعانە چاك بکرێت, ئینجا هەڵەکان کە دوای چاك کردنی هەم دیسان ئاستەنگی تریان خستە پێشمان, الحمدالله تێیدا سەرکەوتوو بووین, هەڵەکان تا حەددێك 100٪ چاك نەکراوە, هێشتا زۆر کەس دەنگی نەدا, بەڵام باش بوو, ئیجابیاتی هەڵبژاردن لە کوردستان ئەوە بوو لە حدودی 58 مەقعەدی هێنا, تا لەگەڵ برایانی یەکگرتوو

ڕەنگە لە 60 تێپەڕ بکەین، ببینە 63 لەو حدودە، ئەمەش ئەم کەمبوونەوە وا تەفسیر نەکرێ، کە خەڵکی کوردستان نەچووە دەنگ بداتن، لەگەڵ جاری پێشتر، جاری پێشتر لە 30هەزار دەنگ مەقعەدێکت هەبوو، ئەم جارە لە هەندێ شوێن 60 هەزارە لە هەموو شوێن لە 50 هەزار زیاترە، بۆیە ڕێژەکە کەم بووە، ئەگەر بەراوردی بکەی بەرێگای ئیحسائی دەقیق دەبینین، ئێمە کەمتر دەنگمان کەمی کردووە لەگەڵ لایەنەکانی تر، یەعنی ئیئتیلاف حدودی 18 دەنگیان لە پێش ئێستا کەمیان کردووە، ئێمە لەگەڵ یەکگرتوو 15 دەنگمان کەمی کردووە، ئەویش نسبەتی ئەوەیە کە بۆ مەقعدێك خەڵکی دەنگی زۆر تری پێ لازمە، لە هەموو حاڵەتێك وای لێهاتووە، کورد هەم دیسان مەرکەز سوقلێکی بە قووەتە لەناو عێراق و، دەورێکی ئیجابی هەبووە، سوپاسی خەڵکی کوردستان دەکەین، لەهەموو شوێن مەردانە و سەربەزانە چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، دەنگیان دا، بۆ داهاتوو دەبێت پەرلەمانی کوردستان و قیادەی سیاسی کورد، وریا بین لە هەموو ڕوویەکەوە لەسەر مفەوەزییە کار بکەین، چی لە بەغدا چ لە شارەکان ئەو لیژنانە چاك بکرێت، نابێت کەسێکی تێدا بێت کە بە بەلاش ئاستەنگت بۆ دروست بکات، ئەگەر لێی نەیەیتە خەبەر دەرباز دەبێت لەسەری، وەکو ئەوەی لە موصل کردیان، ئێستاش ئەمجارەش دەنگێکی زۆرمان بە بەلاش فەوتاوە، لەم هەولێرە لە سلێمانی و لە دهۆکیش دەنگمان فەوتاوە، لە کەرکوکیش تا حەدێك هەندێك دەنگیان فەوتا، بەڵام ئەوەی پلانیان بۆ کردبوو سەرنەکەوت، ئینجا ئەمە عەمدییە، عەفەوییە، موهیم ئەوەیە ئێمە دەبێت وریا بین، نوقتەی لە هەموو موهیم تر، لەم هەڵبژاردنەو لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، دەبێت ئالیەتی ئیش کردنی قیادەی سیاسی کورد لە بەغدا و لە کوردستان زۆر مونەسیق و مونەزەم بێت و نەهێڵێت جارێکی تر فێڵمان لێ بکرێتن، بەنیسبەت کەرکوکیش ئەوە سێ هەڵبژاردنی ئەوەلی و دەستوور و ئەم هەڵبژاردنەش، لە هەرسێ هەڵبژاردنە کورد وا پێ دەچێت کە کورد ئەکسەریەتی هێنا، شەرتی پیاویش سێیانە، دەبێت باشتر ئیش بکەین، من جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر کوردستان، سوپاسی هەموو ئەو خوشك و برایانە دەکەین کە لە ناو کوردستان دەنگیان دا و، ئەو هەڵەیەش کە لە بادینان بوو، جارێکی تر دەبێت بە وردی لەسەری بوەستین، چونکە یەکگرتووش کێ دەنگی پێدا؟ هەر کورد بوو، نوێنەرەکانیشی لە بەغدا وەکو نوێنەرەکانی پارتی و یەکێتی، هەر کەسێکی تر کار دەکات بۆ ئەوەی مافی کورد بزر نەبێت، نەك بۆ ئەوەی تێکی بدات و، من سوپاستان دەکەم و گوێ لە بیروبۆچوونەکانی جەنابتان دەگرین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ ئەوەی عەدالەت هەبێت لە قسەکردن، هەموو جارێك لە پێشەوە دەستمان پێدەکرد، ئەم جارە لە پشتەوە دەست پێدەکەین، بەڕێز د. نوری، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جیمل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوان سەبارەت بە کێشەی هەڵبژاردن لە عێراق و، لە کوردستانیشدا، پێویست بە دانیشتنێکی تایبەتی دەکات و، من لەو باوەڕەدام کە ئەو دانیشتنە پێویستە کراوە بێت، چونکە ناتوانین ئێستا ئێمە لێرەدا، باسی هەموویان بکەین و هەوڵی چارەسەر کردنیان بدەین، من وەکو سەرۆکی پێشووی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا، هەندێ زانیاریم لایە و، لەگەڵ ئەو کێشە و گرفتانە بووم کەوا لە سەرەتاوە تووشمان بوون، لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەعێراقدا، کۆمسیۆنێکی بێ لایەن نییە، لە ڕاستیدا ئەو کۆمسیۆنە حەوت ئەندامی تێدایە، لەگەڵ بەڕێوبەری گشتی کە کاك عادل نامییە، جگە لە نوێنەری (UN)، لەناو ئەو کۆمسیۆنەدا دوو ئەندام هەن، کە ئێمە هەموو کاتێك توانیومانە لە ڕێگای ئەوانەدا کێشە و گرفتەکانی خۆمان بگەیەنینە بەردەم ئەو کۆمسیۆنانە، د.عبدالحسین کە دۆستێکی چاکی گەلی کوردە لەگەڵ کاك صفوتدا، بەڵام جاروبار گەلەییان لێدەکرێت، کاك صفوت وەکو کوردێکی باش کاری کردووە، بەڵام ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت، کەوا ئەو لێرە وەکو بێ لایەنێك کار دەکات، ناتوانێت بچێتە ناو کێشەکانەوە وەکو ئێمە، ئێمە تووشی گرفتێکی زۆر بووین لەگەڵ کۆمسیۆندا هەتاکو توانیمان دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا بچەسپێنین، ئەوان دەیانویست وەکو حوکمە زاتیە کارتۆنیەکە، ئۆفیسێك بۆ کوردستان دابنێن، دەسەڵاتیان هیچ نەبێت، پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەولێر

و دهۆك سلێمانی بكەن, وەكو چۆن پەیوەندی لەگەڵ كەربەلا و دیوانیە و نەجەف پارێزگاكانی عێراق دەكەن, توانیمان بە هاوكاری خۆمان نیزامێك دابنێین, لە كوردستانیشدا ئەنجومەنێك هەبێت, ئەنجومەنێكی باڵا وەكو ئەنجومەنی ئەوێ, هەتا من لەوێ بووم, پێش ئەوەی بێمە پەرلەمان, كارێكی باشمان كرد بە هاوكاری هەموومان, ئێستا من خەریكی ئامادەكردنی دیراسەیەكم لەم بارەیەوە و, پەیوەندی دائیمیشم هەیە لەگەڵ كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی كەوا بزانین بۆچوونەكانیان چییە؟ چونكە لە ئاییندەدا ئێمە پێویستمان بە قانونێك هەیە, قانونێكی تایبەتی بۆ هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستاندا, كۆمسیۆنێكی تایبەتیمان هەبێت, پەیوەندیدار بێت لەگەڵ كۆمسیۆنی عێراقدا, بەڵام لە كوردستاندا ئەو بەرپرسیار بێت, جگە لەوەش جەنابت ئاگادریت لە سەرەتاوە, كێشەكانی كەركوك كێشەی تایبەتین, كۆمسیۆن بەبەردەوامی كێشەیان بۆ دروست كردووین, بەشی زۆری ئەو كێشانە كاتێك دروست كراون رۆژێ دوو رۆژ پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكە, من بۆیە لێرە تەنها پێشنیازی ئەوە دەكەم كە ئەو گفتوگۆیە كراوە بێت, بمێنێتەوە, من خەریكی ئامادەكردنیم و دیراسەی دەكەم, بە هاوكاری كردن لەگەڵ دەستەی باڵای هەڵبژاردنەكان لە كوردستاندا, تاكو بتوانن بە وردی تەماشای كێشەكان بكەین, پاشان چارەسەریان بكەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڕێز محمد فرج, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا زۆر سوپاس, بۆ جەنابت و, بۆ جێگری سەرۆكی پەرلەمان بۆ دەربڕینی مەشاعرتان بەرامبەر بەو تاوانەی كە لە بادینان بەرامبەر بە بارەگا و خەڵكەكانی ئێمە كرا, زۆر سوپاستان دەكەین, من ناچمە ناو وردەكاری باسی ئەو هەڵبژاردنە, بەڵام لە رووی دەرەوە پێم خۆشە سەیری بكەین, لە رووی دەرەوە, بەڕاستی ئەوە دەسكەوتێكی زۆر گەورە بوو, هەڵبژاردن بە گشتی لە عێراقدا دەسكەوتێكی زۆر گەورەیە بۆ گەلانی عێراق و, من پێم وایە ئەم هەڵبژاردنەی ئەم جارە بۆ كۆمەڵەی نیشتمانی عێراق, بۆ داڕشتنی یەكەمی دەوڵەتی عێراقە, دەوڵەتی عێراق پێش لە 84دا لەمەو پێش, بە قۆناغی ئیمپریالیزمەوە كە سەرەتاكەی بوو و, بە قۆناغی كودەدا سەربازییەكانی كە كران, هیچی دەسەڵاتی شەرعی نەبوو, نە قۆناغی ئیمپریالیزم كە دەوڵەتی بەریتانیا داینا, نە قۆناغی ئەو كودەدا سەربازییانەش كە كران بەناوی جمهوری و, یان بەناوی دەوڵەتی قەومییەوە, چونكە لە هیچ كامیاندا, ئیرادەی گەل و پێكهاتەكانی عێراق رەچاو نەكرا, بەڵام ئەم جارە گەلانی عێراق توانیان ئیرادەی خۆیان بسەلمێنن, چارەنووسی خۆیان دیاری بكەن لەعێراقێكی فیدراڵ و ئیتحادیدا, پێم وایە ئەمە دەستكەوتێكی گەورەیە و, ئەمە جارێكی تر عێراق دەهێنێتەوە ناو كومەڵگای نێودەوڵەتییەوە بەهێزێكی گەورەترەوە زۆر لە جاران بەهێزتر و بەقوەت تر, دووەم لە رووی ناوەوە, سەیرێكی ئەمە بكەین, وابزانم واجبی ئێمە لێرەوەیە, بەڕاستی لە دوای رووخانی رژێمی عێراق بەگشتی و, پێشتریش لە راپەڕینەكەی 1991ەوە, ئومێدێك بۆ خەڵك دروست بوو كە ئەم هەنگاوانەی كە لەمەودوا دەیهێنین, كە بریتیە لە چەسپاندنی دیموكراسیەت و عەدالەت و شەفافیەت و, خزمەتگوزاری هاوڵاتیان ئومێدێكی زۆر گەورە لایان دروست بوو, یەعنی مرۆیەكی گەورە لە زیمنی هەموو هاوڵاتیانە لەسەر ئەم چەمك و مەفاهیمانە دروست بوو و, زۆر گرنگیش بوو, بەڵام كە هاتینە سەر وردكارییەكانی ناو ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە لە كاتی مومارەسەكردندا, بە قانەعەتی من ئەو ئومێدەی لاواز كرد, هەندێ خەڵك دەڵێن پردی ئەو ئومێد و ئامانجانەی كە هاوڵاتی لە مشكی خۆیدا مۆری كردبوو, هەمووی بە ئاودا, لە زۆر شتدا, لەوەی كە ناتوانین وەكو پێویست یەكتری بخوێنینەوە, هەتا ئێستاش, ناتوانین یان بە جۆرێكی تر بڵێین زاڵ كردنی مەنتیقی قوە بەسەر قوەی مەنتیقدا كە ئەمە زۆر ترسناكە, یەعنی لەم ئان وساتەی ئێمە لا یزال ئەوەمان لە مێشكدا بێ, كە مەنتیقی قوە بەزاڵ بكەین بەسەر قوەی مەنتیق, كە زۆر ترسناكە, یەعنی وەڵامی وشە بە فیشەك بدەینەوە, ئەمە عەیبێكی گەورەیە هەم بۆ میللەتەكەمان و, هەم بۆ دەستكەوتەكانمان, لەوەش خراپتر پەنا بردن بۆ شتی بچوك وەكو تەزویر كردن و, زۆر شێوەكاری تر, كە بەڕاستی زۆر ناشایستەیە هەم بۆ گەلی كوردستان, هەم بەم ئەزموونەش كە ئێمە هەمانە و, گەلی كوردستان ناتوانێت هەرگیز بەم رێگایانە بتوانێت, ئامانجەكانیشی جێبەجێ بكات

و، ئامانجیشیم وایە تەناتەت ناتوانێت دەستکەوتەکانیشی بپارێزێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان یان یەکێك لەو لیژنە ئاساسیانەی کە هەیەتی کە زات عیلاقە بێت بەم مەوزوعە یاخود وەکو سەرۆکایەتی کۆنفرانسێك ببەستێ، هەموو ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەعوەت بکات، هەتا ئەگەر کۆنفرانسەکە داخراویش بێت، بۆ گەلاڵە کردن و شرۆفە کردنی مەسەلەیەکی زۆر گرنگ، هەتا ئەم هەڵانە تێنەپەڕن بەسەر ئێمە، چونکە هەر هەڵەیە گرفتێك دروست دەکات، لە ڕژێمی سەددامدا شتێك هەبوو، دەیان وت ئایا ترس سەددامی دروست کردووە یان سەددام ترسی دروست کردووە؟ بێ گومان ترس سەدامی دروست کردبوو، نەك سەدام ترسی دروست کردبێ، لەبەر ئەوە ئێمەش دەبێت زۆر ئاگامان لە خۆمان بێت، نەهێڵین ئەم هەڵانە بڕوات، ئەو قسانەش کە دەمانەوێت بیکەین، بەڕاستی لەو جێگایەی بیکەین کە سوودی هەبێت و شرۆڤەی بکەینە حەقیقەتێك سوودی لێ وەربگرین، چونکە ڕێگەی خەباتی ئێمە و گەلانی تری دنیا، تەنها سندوقەکانی هەڵبژاردنە و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دووبارە تکا دەکەم، ئەوەی کە قسان دەکات، ئەگەر تەئیدی قسەکانی کاك محمد فەرەج دەکات، هەر ئەوەندەی ئیختیسار بکات، بڵێت من تەئیدی قسەکانی کاك محمد فەرەج دەکەم و، بۆ ئەوەی کاتەکەمان لەدەست نەچێت، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، هەندێ لە قسەکانم کاك محمد کردی، لەبەر ئەوەی من دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام جێی خۆیەتی ئەو هیمەت و جوامێرییەی جەماوەری خەڵکی کوردستان ئەوەندە بە گەورەیی تەماشا بکرێ، لەبەرابەر ئەو جەماوەر دڵسۆزەی خەڵکی کوردستان کە دەیان ساڵە ئەو وقود و بزوێنەری شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بووە، بۆیە دڵسۆز بوون بۆی و، خزمەت کردنی جەماوەر نیشانەی هەست کردن بە مەسئولیەتی قیادەی سیاسی گەلی کوردستانە، بە پێچەوانەشەوە، بەڕاستی لە هەر مەحەتەیەکی تاریخی لە هەر قۆناغێك لە مەحەتاتی خزمەتکردن و تێکۆشان و هەوڵدان بۆ لەنگەرگرتنی کەشتی نەجاتی گەلی کوردستان بۆ لێواری ئەمن و ئەمان، بەڕاستی پێویستە زۆر بە وردی و دەقیقی قیادەی سیاسی و پێشەنگان و نوخبەی ڕۆشنبیری کوردستان بە وردییەوە تەعامولی لەگەڵ بکات، هەر هەوڵدانێك بۆ چەواشە کردن، خوانەخواستە یان بۆ تێگدانی زهنیەتی دروست و ڕاستی جەماوەری کوردستان، دوایی خەتایەکی گەورە دەبێت، بەرامبەر ئەو جەماوەرە دڵسۆزەی کە ئامادەیە لە هەر لەحەزەیەك، قیادەی سیاسی کوردستان داوای لێ بکات بە خوێن و ڕوح نە بە ماڵ و شتی ماددی، لە پێناوی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستاندا کە دۆزێکی تا سەر ئێسقان ڕەوا و حەق و لە ڕووی دینییەوە کە مومارەسەی دەکەی، هەر هەوڵدان و تێکۆشانێك بۆ ڕزگاری ئەو گەلە، جیهاد و تێکۆشان و غەزایە، لە هەر شێوازێك مومارەسەی دەکەی، جەماوەریش چ نوخبەی سیاسی چ قیادەی سیاسی، هەتا شوان و گاوانێکی خوارێ کە لە ڕاستیدا لەناو کومەڵگەدا بەم شێوەیە ناژیت، ئەو حەقیقەتەی باش دەرك کردووە، بۆیە بەڕاستی ئیعلامی کوردستان، چ کوردستان تیڤی، چ کورد سات موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە، ڕاستە دوو حزبی گەورەی کوردستان تەبەنیان کردووە و، لەڕووی مادییەوە پیادەی دەکەن، خزمەتی دەکەن ڕێکیان خستووە، کوردسات لەگەڵ کوردستان تیڤی، موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە، یەکگرتووی ئیسلامی بەشێکی زیندوو و دڵسۆز و خزمەتگوزاری ئەو گەلی کوردستانەیە، بۆیە بەڕاستی ئەوەی لەسەر کەناڵەکانی قسە دەکات، شوان و گاوان نییە، لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزمدا، یان ئاستی مەکتەبی سیاسییە، یان نوخبەی ڕۆشنبیری گەلی کوردستانە، بۆیە قسە کردنی ئەو کەسایەتیە ڕۆشنبیر و سیاسیانە کە لەسەر کەناڵە فەزائیەکان قسە دەکەن، پێویستە بە هەند وەرگیرێ، مومارەسە بکرێ لەڕووی نەفسییەوە لەڕووی کومەڵایەتییەوە، لەڕووی سیاسییەوە، ئایا نەتیجەی ئەو قسانە نەتیجەی ئەو سیمنارانە، چی لێ پەیدا دەبێت بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان؟

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزو حورمەتمدا بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان، والسلام علیکم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من بۆ هەردووکتان وەقتم زیاد دانێ لەبەر ئەوەی حەقتانە, بەلاَم ئیتر دوو دەقیقەکە کە زیاد بوو, دەیبڕم, بەڕێز قادر سعید, فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.

دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم, بەرامبەر ئەو هەڵوێستە روون بێ تەرەددودە بەرامبەر رووداوەکانی بادینان, بەڕاستی لە ئاستی پەرلەمانی کوردستان دابوو, بەر لە هەڵبژاردنەکان پرۆژە باڵیۆزدانی دیموکراسی هەبوو لێرە و جەنابیشت ئامادەی ئەو کۆنفرانسەی بووی کە هەندێك ژمارەی مەترسیداریان راگەیاند سەبارەت بە وەزعی ئازادییەکان و دیموکراسیەت لە هەولێر, لەو دەڤەرە کردبوویان, پێش بینی هەندێ لە حوادیسانە دەکرا, بۆیە کارکردن بۆ بلاَوکردنەوەی رۆشنبیری ئنتیخابات و کیانی یەکتری قەبوڵ کردن زۆر دەوری هەیە, بەلاَم ئەو دەورە سەرەکییە دەکەوێتە سەر دەسەلاَت, ئەوان تواناو ئیمکانەتیان هەیە ئەو رۆشنبیرییە پەرە پێدەن و, رێگای بۆ خۆش بکەن, خاڵێکی گرنگم هەیە, ئەویش ئەوەیە ئێمە حزبە سیاسیەکان داوامان دەکرد لە جەماوەری کوردستان جێبەجێیان کرد, ماوە ئەوەی جەماوەر داوا لە حزبەکان دەکەن, لە دەسەلاَت داوا دەکەن, وەعدی پێداون بە کاری خۆیان هەڵبستن و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من نازانم لە کوێ دەست پێبکەم؟ باسی بادینان ناکەم, چونکە حەز ناکەم برینەکان بکولێنینەوە, بەلاَم حەزناکەم وەسف بکرێت خەتەئێك بۆ روویدا, زۆر گەورە تر بوو لە خەتە, بەلاَم من زۆر تەرکیز لەسەر ئەو نوقتە دەکەم, تەوصیفی واقیعی کوردستان, دوو ئیدارە یان بڵێی دوو حکومەت, دوو حکومەتی بێ پەرلەمان, یان پەرلەمانێکی بێ حکومەت, بەو کەلتوورە بەو ئەجیهزە و بەو سەرچاوە چی دەکەین؟ ئەم پەرلەمانە مەسئولیەتێکی تاریخی لەسەر شانە, لازمە هەڵوێستێك لە ئەصلی مەسئەلە وەربگرێت, تاکەی قسەیەکی وازیح و رۆشن نەکات, قسەی خۆی بێت, قسەی ئەو پەرلەمانە بێت بڵێت بابە ئەم دوو ئیدارە شەرعی نین, دوای ئەم ئینتخاباتە تەواو, من دەرکی واقیع دەکەم, بەلاَم مەوقیفی تاریخی دەزانم, بەڵێ واقیع چۆنە, واقیع بینین, هیچ موشکیلەم نییە لە دەرکی واقیع, بەلاَم مەوقیفێکی تاریخی بۆ ئەم پەرلەمان زۆر زەرورە, زۆر پێویستە, خاصەتەن هەیئەی ریئاسەت تەبەنی ئەو مەوزوعە بکات, خەم خۆری و دڵسۆزی بۆ میللەت و گەل, ئەرکێکی زۆر گەورەیە و, شەرەفێکی زۆر مەزنە بۆ هەمووومان, من پرسیارم لەهەموو مامۆستایان برادەرانە, هەمووشیان لەمن حەریص ترن, لەمن دڵسۆز ترن لە مەوقع و لە مونتەڵەقی حزبیش هیچ قسە ناکەن, بەلاَم ئەم پرسیارە دەکەم, ئایا ئەم نەوعە پەروەردە لەسەر تەزویرو تەزییفی حەقائق؟ تەزویریش نیینە حاشا لە تەزویر, ئەمی کورددستان روودەدات کو بڵێین تەزویر, تەزویر ئەمەیە تۆ شتێك بڵێی یا بکەی بە دزی بکەی بە زەحمەت بکەی, بەشێوەیەکی وا یەعنی ئاسان نەبێت, ئەوی ئێرە نە تەزویرە مامۆستایان, بەڕێزان یەعنی نازانم چ ناوی تری لێ بنێم, شەرمەزارییە و رووڕەشییە بۆ تەجروبە, بۆ هەموو دەزگا و موئەسەساتی ئێمە, تەزویر نەکرایە, مەهزەلە بوویە بۆ زۆر شوێن, حەقائقمان لەلایە من باسی ئەوە ناکەم, بەس باسی ئەوە دەکەم بۆ مەسڵەحەتی کێ ئەوەندە خەڵك وا پەروەردە بکرێت, بۆ مەسڵەحەتی کێ هاندانی خەڵك بکرێت, ئەمین عامی حزبێکی موسالم, حزبێکی بە قانونی ئەو پەرلەمانە دروست بووە, بە هەموو مواصەفاتی ئەو قانونە, تەجاوزی لەسەر بکرێت, لەبەر دەمی ئاسایش و ئەمانە بۆ مەسڵەحەتی کێ؟ تاکەی ئێمە نەتوانین میللەتی خۆمان بەرەو پێش ببەین, مەفاهیمی حەقیقی تەعەددودیەتە, دیموکراتیەتە, حقوقی ئنسانە حقوقی مواتنە, قبوڵی ئاخەرە, ئێمە لە ئمتیحانێك بووین, ئەو مەفاهیمانەمان هەمووی زەربێ سفر کرد, زۆر ماوە لە پێشمان, محاوەلە بکەین, پەروەردەکی حەقیقی بکەین, ئەو پەرلەمانە مەسئولە و جەنابتان لە ریئاسە مەسئولن و, ئنشاالله خوا تەوفیقی هەمووومان بدات و بتوانین میللەتی

خۆمان بەشێوەیەکی راست و دروست بۆ مەفاهیمی حەقیقی دیموکراتی پەروەردە بکەین, هەر ئەڵێن بەسە سەقافەتی تەخویف, یەعنی محاوەلە بکەین, خزمەتی حەقائق بکەین, زۆر داوای لێبوردن دەکەم, بەرێزان.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, جەنابیشت کاتەکەت زۆر لەسەر رەت بوو, بەلاَم بۆ ئێوە مانع نییە, هەندێ جار هەندێ مولاحەزە دێتن, پێم باشە هەندێ شت روون بکەمەوە, بەنیسبەت خاڵی دووەمی قسەکانی جەنابت, تەزویر یان تەزویر نەبوو, من ئاماژەم پێکرد, وتم مەسەلە رۆشنبیرییە, رۆشنبیرییەکەش نەمەسئولیەتی تەرەفێکە, پەروەردەیە, یەعنی لە سەرەتاییەوە دەبێت دەست پێبکات, لە مەرحەلەی سەرەتایی و ناوەندی دەبێت خەڵك فێر بکەین, دیموکراتیەت یەعنی چی؟ هەڵبژاردن یەعنی چی؟ رێزگرتن لە موقابیل یەعنی چی؟ هەتا کومەڵگای مەدەنیش دانەمەزرێت و هەتا خۆمانیش ئاگاداری خۆمان نەبین ئەو شتانە دووبارە دەبنەوە, هێشتا مەترسییەکانمان لە پێشە بۆ ناتوانین ئێمە هەڵبژاردنێکی ئاسایی بکەین؟ چونکە مەترسیەکان لە پێش گەلی کوردستان زۆرن, ئەگەر مەترسی نەبیتن گوێ نادەینێ, بەلاَم مەترسی ئەوە هەیە, هێشتا نازانین عێراق چی بەسەر دێت؟ ئەو دەوڵەتە دادەمەزرێت یان نا, ئەو فیدرالیەت دەچەسپێت یان نا, کەرکووك دەگەڕێتەوە سەر هەرێم یان نا, کێشەی هاولاَتیان چارەسەر دەکرێتن لە ئاوو کارەبا و بەنزین و, هەموو ئەوانە مەسائیلی مولحن تەحەدیياتێکی گەورەن بەرامبەر حکومەتی هەرێم و بەرامبەر پەرلەمان, بەرامبەر هەموو لێپرسراوان, لەبەر ئەوە خەڵك مەترسی هەیە, خەڵك مونفەعیلە جارجار لەرەوشتی تەبعیی خۆی سروشتی دەردەچێت, دەبێت هەمووومان یەکەم, بە یەکەوە بین, دووەم پێکەوە خەبات بکەین, بۆ ئەوەی ئەو رۆشنبیرییە و ئەو پەروەردەییە دەست پێ بکاتەوە, لە مەرحەلەی ئیبتیدائی, بە مانای ئەوە نا راوەستین بۆ ئەوەی ئەوانەی لە ئیبتیدائین گەورە ببن, ئەوان بچن دەنگ بدەن, نا بەلاَم ئێمە دەبێت خەبات بکەین, بۆ دە ساڵی داهاتوو, تا بگەینە کۆمەڵگایەکی راستەقینە, من دووبارەی دەکەمەوە دەڵێم ئەو کارەی روویداوە زۆر خراپ بووە, دەبێت لەسەریشی راوەستین باسیشی بکەین, بەلاَم هەریەکە لەلای خۆیەوە تەنیا بە بۆچوونەکەی خۆی موتەمەسیك نەبێت, لیژنەی لێکۆڵینەوە هەیە, باسی دەکات و دەگاتە ئەنجامێك, من تەئیکد دەکەمەوە ئەوە بە دڵی کەس نەبووە, چونکە زەرەری لە خۆمان داوە, لە ئیعلامدا کە باس دەکەن حاڵەتێکی وا هەبووە, کێ پێی خۆشە, سەرۆکی هەرێم ئەگەر کێشەیەك هەبێت ئەو مەسئولە, ئێمە ئەگەر لە پەرلەمان کێشەیەکمان هەبێت, ئێمە مەسئولین, یەکێتیە پارتییە, ئەگەر رووداوێك ببێت, خەڵك ناڵێت ئەمە خەتای فلاَن ئەندام بوو لە فلاَن حزبدا, خەڵکی کورد ناکۆکی لە بەینی خۆیاندا هەیە, نەیانتوانی هەڵبژاردن بەسەرکەوتووی بەسەر بەرن, یاخود نەیانتوانی پرەنسیپی هەڵبژاردن بەسەرکەوتووی بەسەربەرن, لەبەر ئەو مەسئولیەتەکە عامە تەسوڕمان نەبێت, دوو قسەی لەسەر بکات وخەلاَس تەواو بێت, لەبەر ئەوە هەمووومان زەرەری لێدەکەین لەبەر ئەوە بە حیکمەت موعارەزەی بکەین باشترە, بۆیە بە حیکمەتی برادەرانی یەکگرتووی ئیسلامیش دەکەم و, بە حیکمەتی سەرکردەکانی برایانی کوردیش دەکەم, لەو مەرحەلەیە توانیان موحاصەرەی ئەو کێشەیە بکەن, توانیان کە نەبێتە کۆسپێك نەبرادرانی یەکگرتوو لە هەڵبژاردندا ئینسحاب بکەن, ئێستاش ئەو لێکۆڵینەوەیە بەردەوامە, پێشم وایە ئەنجامەکەی هەم خێر دەبێت و هەمیش دەبێتە بیدایەتێك بۆ ئەوەی خەڵك تێبگات کە ئەو کارە خراپە دووبارە نەبێتەوە, بەنیسبەت خاڵی دووەمی ئیدارە ئەوە لێرە لە پێشمانە دیارە هەمووتان ئیمزاتان کردووە62 ناوە داوا دەکەن کەوا کۆبوونەوەیەکی تایبەت دابنێین, بۆ باس کردنی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە, زۆر چاکە ئەوە دەخەینە بەردەم, من دوێنێ ئاماژەم پێکرد و, لە راگەیاندنیشدا باسم کرد, چونکە زۆر لەمیدیا و شتەکاندا خەڵکانێك باسی پەرلەمان دەکەن و دەڵێن پەرلەمان کاری هیچی نەکردووە, پەرلەمان کارامە نییە و هیچی پێناکرێ, ئێمەش دەمانەویست بە هێدی پاڵپشت بین بۆ ئەو جهودەی کە دوو ئیدارەکە یەك دەگرێتەوە بە زووترین کات, بەلاَم کاتێك کە ناچار بین و مەسەلەکە گەیشتە میدیا, دواکەوت زۆر خەڵك لێمان دەپرسی بۆ ئەو دوو ئیدارە یەکی نەگرتۆتەوە؟ تاکەی راوەستین, مەجبورین حەقائیقەکان باس بکەین و, حەقائیقەکانیش ئەوەیە بەنیسبەت ئێمەوە بریارێك هەیە, پێشی ئەو دەورەیە پێشی هەڵبژاردن, پاش ئەوەی کە کۆبوونەوە فراوانەکە کرا لێرە, افتتاحی پەرلەمان کرا, بڕیارێکیان دا کە

دەڵێت تەعامول لەگەڵ ئەو دوو ئیدارە دەکەین لە هەولێر و لە سلێمانی تا ئەو کاتەی یەك دەگرن, یان هەڵبژاردن دەکرێت, کامەیان زووتر کرا, ئەوا ئەو بڕیارە نامێنێت, کە هەڵبژاردن کرا, کەواتە ئەو قەرارەی لە پەرلەمان درا, تەعامول لەگەڵ ئەو دوو ئیدارە دەکاتن, واتە بێجگە لەوەشدا لە رووی ئاساییدا هەمموو هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی استحقاقی هەڵبژاردنەکە و تەشکیلی حکومەتی تازە دەبێتەوە, ئستحقاقی هەڵبژاردن ئەو دوو ئیدارە یەك بگرێتەوە, بۆیە ئێمە ناتوانین یان دەبێت ئەو بڕیارە بگۆڕین, بڕوام نییە کەسێك موافیق بێت لەسەر ئەوە, چونکە جەماوەرێکی زۆر داوا دەکات ئەو دوو ئیدارە یەك بگرێتەوە, بۆیە ئێوە ئەو 62 کەسە ئەو ئیمزایەتان کرد, ئەندام پەرلەمان لێرە زۆربەزۆری ئەوانەی کە ئیمزاشیان نەکردووە, دەستەی سەرۆکایەتیش موافیقە لەسەر ئەوە کە جەلسەیەکی تایبەتی بۆ بکەین, تۆزێك دوای بخەین, بۆ ئەوەی ئەو فەترەیەی هەمووومان پشتگیری لە جهودی پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی عێراق بکەین, حکومەتی فیدراڵ چونکە چارەنووسازە ماندوو بووینە لەوێ هاوپەیمانین, تەوحیدی دەوێت و یەك ریزی دەوێت, تا ئەوێ تەواو دەبێت قسەی لێ بکەین, بەلاَم ئەو کۆبوونەوەیە بخرێتە دوای حکومەتی یەکگرتووی حکومەتی عێراقی فیدراڵ, کاك شێخ الله.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو هەڵبژاردنەی ئەم جارە زۆر بە شێوەیەکی باشتر لە جارەکانی تر کرا, گرنگییەکی زۆری پێدرا, ئەویش لەگەڵ ئەوەش پڕپاگەندەی ناحەزان و دوژمنان و خەڵکانی تر, زۆر هەبوو لەوەی کەخەڵکی کورد لەوە دڵ سارد بکەنەوە کە بەشداری نەکەن لە دەنگدان, بەلاَم هەمموو دەمێك ئەوە ئیسپاتە کە رۆڵەکانی کورد هەمیشە لە رۆژی تەنگانە شێری پشت کەندووی گەلەکەیانن, وەفادارن بەرامبەر بەخوێنی شەهیدە نەمرەکانیان و ئەو خەباتە دوور و درێژەی گەلەکەمان, پێم وا نییە پڕۆسەیەکی وا گەورە لەو بارودۆخەی ئێستای میللەتەکەمان بەبێ کەموکوڕی بێ مەشاکیل ببێت, وا تەسەوڕ دەکەم لە زۆر شوێنانی تریش ئەو جۆرە کەم و کورییە و مەشاکیلانە هەبووە, رەنگە زۆر جار زۆر لەوە خراپتر بووبێت, کە لە کوردستان روویداوە, یان بە داخەوە ئەوەی کە لە بادینان روویدا, ئێمەش لەگەڵ ئەوەین و ئیدانەی دەکەین, پێمان وایەی شتێکی خراپ کرا و, لێکۆڵینەوەشی بۆ دروست کرا, بۆ ئەوانەی رەنگە کە دەستیان هەبوو لەو کارە بەسزای یاسایی بگەن, ئەو کارەش بەس لە بادینان رووی نەداوە, لە زۆر شوێن و جێگای تریش هەتا لە ناوەراستی عێراق, لە باشووری عێراق, لەبەر ئەوەی سەقافەتی میللەتەکەی ئێمە, میللەتی عێراق بەعام, هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی وا بڕوات بێ ئەوەی هیچ موشکیلەیەك و گیروگرفتێکی لێ رووبدات, من پێم وایە زۆر لەگەڵ ئەو رەئییانەم کە کەموکوڕی بووە, بەلاَم لەو ئاستەش نەبووە کە خەڵکانی تر وەصفی دەکەن, من یەك دوو مولاحەزەم هەیە لەسەر قسەکانی مامۆستای بەڕێز کاك خلیل, کە خۆی داوای ئەوە دەکات, سەقافەتی مە بگۆڕین, بەلاَم پێم وا نییە, قسەکانی کە لەم پەرلەمانە کردی بەرامبەر بە هەمموو میللەتی کورد بێ, بەلاَم دەبێت هەمموو حزب و هەمموو دەزگای راگەیاندنەکانی ئەو حزبە ئەو جۆرە قسە و کردارانە و رەفتاری لێ پەیدا دەبێت, مەشکیلەی لێ پەیدا دەبێت, ئەو هەمموو رووڕەشی کەلیمە ناشرینەی کە بەکاری هێنا, پێم وابوو لە جێی خۆی نەبوو, شتێکی خراپە هەقە بەزمانێکی تر قسە بکەن, لەگەڵ رێزم بۆ قسەکانی برایانی تری یەکگرتوو, من لەگەڵ رەئییەکانیانم, کە شتێکی خراپ کراوە, بەلاَم قسەکانی مامۆستا خەلیل بەتایبەتی شایستەی ئێرە بێت, لێرە لەو مەجلیسە لەو پەرلەمان بەم شێوەیە قسە بکات, دیسان دەربارەی خەڵك و جەماوەر من پێم باشە سەرکردایەتی کورد بێتەوە مەیدان ئەم جارە نۆبەتی وییە خزمەتی ئەو خەڵکە بکات و تەماشای بازاڕ بکەن و, تەماشای نەوت و بەنزین بکەن, تەماشای معاشی خەڵکی هەژار بکەن, بزانن بازاڕ بە چ گەیشتووە, چارەسەرێك بۆ ژیانی ئەو خەڵکە بکەن, چونکە ئێمە هەر پێویستمان بەو خەڵك و بەو جەماوەرە دەبێت و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر لێرە قسەش بکرێت، هەموومان وەکو یەکین و، دەبێت دڵمان فراوان بێت، چ قسەش دەکرێت زۆر ئاساییە و، دڵت زۆر نیگەران نەبێت و با فێر بین، بەڵام ئەگەر وشەی ئاسانتر هەبوو باشتر وایە بەکاری بهێنین، باشترە بەڵام وا دیارە کاک خلیل هێشتا گەرمە، قەیدی ناکەت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەصفی حاڵم کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەعلیقێکم هەیە، بەنیسبەت کورد سات و کوردستان تیڤی، سەتەلایتی دوو حزب هەبێت، تەبیعییە، بەڵام ئەگەر سەتەلایتێك هەبێت هی حکومەتی هەرێم ئەو سەتەلایتە مولتەزیم دەبێت بۆ ئەوەی هەموو حزبەکان هەقی خۆیانە پڕۆپاگەندەی خۆیان بکەن، بەڵام هی حزب بێت، حزب بۆ خۆی دەکات، من داوای لێبوردن دەکەم کەوا حاڵەتێکی تەواری هاتە پێشەوە، دکتۆر حاچم حەسەنی دەگاتە مەتار، سەرۆکی جەمعیەی وەتەنی لەبەر ئەوەی من دەبێت بچم پێشوازی لێ بکەم، کاك دکتۆر کەمال و کاك فرسەت کۆبوونەوەکەتان لەگەڵ تەواو دەکەن. ئەگەر ئیزنم بدەن، بۆ کۆبوونەوەکەی کە گوتمان دەیخەینە دوای ئەوەی بزانین هی بەغدا چی بەسەر دێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د. شوکریە ڕەسول، فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پرسیارەی ئاراستەی ئێمەتان کردووە کە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکاندا خۆی لە خۆیدا بەحسێکی ئەکادیمی یان خۆی لەخۆیدا کتێبێکی دەوێت، هەموو لایەنەکان ئێمە هەڵسەنگێنین کە ئێوە داوای هەڵسەنگاندن لە ئێمە دەکەن، من لە چەند ڕوویەکەوە ئەو هەڵسەنگاندنەم پێ باش بوو، یەکەم بەڕاستی لە قیادەی کوردییەوە یەکەم جارە من دەبینم قیادەی کوردی بەهەموو ڕوحیەتێکەوە دێنە ناو جەماوەرەوە، لەگەڵ جەماوەر قسە دەکەن، من بەرپرسێکم بینی گوتی سەد هەزار کەسم بینیووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەو پەڕی بەرپرسیاریەتییە بەرامبەر بە لایەنەکان ڕوحێکی گەورەی دا بە جەماوەر و، جەماوەریش زیاتر هەریکاری و پاڵپشتی ئەم لایەنە بوو، هەر ئەم قیادەی کوردیە لە شوێنی خۆیان بەرەو شارەکانی تر کەوتنە ڕێ لە جەنابیشتەوە دەستی پێ بکەین، ئەمە دەستتان کرد بە مێز گرتن و تەوعیەی خەڵك و لە هەمان کاتیشدا بەڕێز کاك مەسعود بارزانی دەورێکی جوانی بینی، بێینە سەر دەوری میدیا و ماس میدیا، ئەوانیش جێگای خۆیانن، من لێرەدا نامەوێ لایەنی یەکێك بەم، لایەنی ئەمنی بەڕاستی من یەکەم جارمە کە بە جلی کوردییەوە حەز دەکەم باسی دەوری پەرلەمانی خۆشمان بکەین، ئێمە کۆمەڵێك پەرلەمانتاری کوردستان بە پێویستمان زانی بە جلی کوردییەوە، من بووم دکتۆر دلێر بوو دکتۆرە ئاریان و کوردستان خان و کاکە ئارام بوو بەسەر بنکەکاندا گەڕاین، هەروەکو ئەوە هەست بکەن کە پەرلەمانیش هاریکاری ئەوانن، ئەمە شتێکی جوان بوو، بێینەوە سەر سندووقی دەنگدان بەڕاستی هیچ خروقاتێکمان لێ نەبینی، هەرچەندە پێش هەڵبژاردنەکە باسی خروقات بوو، ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا ئەو شایی و لۆغانە بوو، کە جەماوەر زۆر زۆر بە حەماسەتەوە دەیان کرد، بەتایبەتی گەنجەکانمان کە ئێمە ترسی گەنجمان هەبوو کە دەنگ نەدەن، ئەمەش خۆشییەك بوو لە ناو دڵ و دەروونی گەنجان.

خاڵێكی تر دەمەوێ ئاماژەی پێ بكەم, ئەویش داوای تەقوییەمان لێ دەكەن, ئەو قوەت و هێزەی ئەو كوردانەی لە دەرەوەی وڵات, كە بە جلی كوردییەوە بەو سەرمایە, هەم شاییشیان دەكرد, هەم هەوڵیشیان دەدا بۆ بەرەو سندووقی دەنگدان بڕۆن, جا بۆیە من دەستخۆشی لە هەموو كوردێك دەكەم, كە بەڕاستی ئەمە یەكەم جاریشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

فەرموو كاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بەشدارییە فراوانەی خەڵكی كوردستان لە هەڵبژاردندا دوو هاندەری هەبوو, هاندەری یەكەمی/ ئەو شەڕە شەڕێكی نەتەوایەتی و چارەنووسساز بوو.

هاندەری دووەمی/ ئەو هاوپەیمانیەتە بوو كە هەموو حزبەكانی كوردستان یەك دەنگ بوون, جا بۆیە من لە بەرامبەر خەڵكی كوردستاندا تەئیدی بەڕێزان كاك عوسمان و كاك زانا و كاك شێخەڵلاً دەكەم, سەركردایەتی سیاسی كورد, دەسەلأت لە كوردستان, ڕاستی حەق وایە ئاوڕی ورد و جددی بداتەوە لە بەرامبەر ئەو هەموو قوربانیانەی میللەتی كورد كە لەسەردەمی شێخ مەحمودی نەمرەوە, تاوەكو رووخانی سەددام ئامادە بووە قوربانی بدات, حەقە بەجددی ئەمجارە لێكۆڵینەوە لەهەموو شتەكان بكرێت, دادپەروەری و عەدالەت بۆ هەموو لایەك بێت, ئەوە تێبینی یەكەمم.

تێبینی دووەم/ بەڕاستی ئەو هەڵبژاردنە سلبیاتێكی تیایە, ئەو سلبیاتەش ئەوەیە كە كۆمیسیۆنی باڵا پشتی بە فۆرمی خۆڕاك بەست لە دەنگداندا, بۆ ئێمەی كورد, ڕەنگە بۆ هەموو عێراقیش خراپ بێت, یەكەم/ ئێمە وەكو كورد نازانین دەنگدەری ڕاستەقینەی كوردستان چەندە؟

دوو/ سەرژمێری كوردیش بۆمان روون نەبۆتەوە چۆنە؟ یەعنی حەق وایە ئێمە لە داهاتوودا, ئەگەر چی كاك دكتۆر نوری باسی ئەوەی كرد, كە پێویستە سیستەمی هەڵبژاردن لە عێراقدا, بەتایبەتی لە كوردستاندا, ئێمە دەبێت یاسایەكی تایبەتمان هەبێت لەو مەوزوعەیە كە ئیعتیماد بكرێتە سەر ژمێری و ئەوانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن (د.كمال كركوكی):**

سوپاس بۆ جەنابت, بەڕێز سۆزان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەك تێبینی بچووكم هەیە پێش ئەوەی قسەكانم بكەم, خاتوو دكتۆرە شوكریە دەڵێت مەسئوولێكیم بینی دەڵێت سەد هەزار كەسم بینیووە, ئەوە واجیبی بووە, بانگەشە دەكات بۆ هەڵبژاردن مەجبور بوو بیبینێت, ئەگەر ڕاست دەكات ئەو مەسئوولە لە كاتی ئاساییدا بتوانێت نەك سەد هەزار, بەڵكو دە كەس ببینێت, زۆر سوپاس بۆ ئەمەیان.

خاڵی دووەمم/ بەڕاستی من زۆر سەیرم پێ دێ كاتێك كە باسی یەكگرتنەوەی ئیدارە دەكەین, دەڵێن با جارێ ماڵی عەرەب و بەغدا چاك بكەین, ئینجا ماڵی خۆمان چاك دەكەین, كە خۆی دەبێت بە پێچەوانەوە بێت, چونكە خەڵك هەتاكو ماڵی خۆی چاك نەكات, ناتوانێ یارمەتی ماڵی تریش بدات, بۆ ئەوەی ماڵی خۆی چاك بكات, جارێ با لە پێش هەموو شت ماڵی خۆمان چاك بكردایە, ئینجا بچوونایە یارمەتی ماڵی عەرەبمان دابایە, بۆ ئەوەی ماڵەكەیان چاك بكەن.

دوو خاڵ زۆر زۆر گرنگە, كە دەبێت ئێمە لە ئێستاوە لەگەڵ كاك عەندناندا من زۆر موتەفیقم لەو خاڵەی كە دەڵێت رۆشنبیری هەڵبژاردن دەبێت لە ئێستاوە هەڵبژێرین, چونكە ئێمە دوو ساڵی تر راپرسی مەوزوعی قانونی پەنجاو هەشت, كە ئێستا بووە بە(136) وابزانم لەبەردەممان دایە, لەو كاتەشدا نەكەوینە پەلە پرووزێ رۆژی سەد هەزار كەس ببینین, لە ئێستاوە دەبێت ئێمە بەجددی كاری بۆ بكەین, ئەگەر بمانەوێت ئیش بكەین.

خاڵی کۆتایی یەك داواکارییە, هیوادارم بەرپرسانیش گوێیان لێ بێت, ئەوانەی کە لە دەرەوەی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بوون, دەورێکی زۆر گەورەیان بینی, نیشانەش بۆ ئەوە کە لیستی (730) بەرزترین دەنگی هێنا لە دەرەوەی وڵات, بەڵام کاتێك یەکێك لە دەرەوەی وڵاتەوە ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان بچووکترین هاوکاری ناکرێت, کە ئەو کەسەی دەیەوێت بێتەوە لە کوردستاندا بژیت بچووکترین هاوکاری ناکرێت, بەڵام بیرتان بێت ئەگەر بڕواتەوە بۆ دەرەوە جارێکی تر, دەنگدانی تریشمان لەبەر دەمەوە دەبێت, ئەویش ناچێت و بە قسەمان ناکات و دەنگیشمان بۆ نادات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

زۆر سوپاس, تکایە مەوزوعەکەمان هەڵسەنگاندنی هەڵبژارنە, ئیجابیات و سلبیاتی, یەعنی لە ناحیەکەوە باشتر تەرکیز بکەینە سەری, زۆر سوپاس, ئێستا کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبژاردن هاتینە کرن, ئەمی زۆر کاك خەلیل و کاك مەحمەد فەرەج هەمی تشت لەبەر مە ئەوی دی کرن, یەعنی کە نەتیجە ئاخیر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

تکایە ئەو برادەرانەی قسەیان کردووە, رەئی خۆت دەربارەی هەڵبژاردن بدە, مەچنە سەر ئەو مەوزوعەی کە ئەو برادەرانە وتویانە.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك خەلیل باسی تەزویری کرد, نە بەس تەزویر گوتی مەهزەلەیە, وەڵڵا ئەز دبێژم دوژمنێ کوردستانێ ئەو شتە نابێژن, یەعنی کو وەسفی کرد کو بێژن مەهزەلە, ئەز دبێژم ئەگەر دەوڵەتێ دیموکراتی وی شکلیات و هەندێ خروقاتی هەبن پێتمە هێشتا بکەن, هەتا ئیسپات بکەین کو ئەخافتنە وەنینە, ئینتیخاباتی بەلدیە هاتنە کرن, جارا دیا هاتینە کرن, یەکگرتووی ئیسلامی چ جارا دی پتر دەنگ نەبووین لە دهۆکێ, من نزانم چ مەهزەلەی تێدا بووینە, مرۆڤ خۆی ئاڤاێتە خۆ, ئەویش هەر کوردن, هەمی مرۆڤی دی وەسف کرینە, یا کاك مەحمەدی بەحسێ شەهیدی خۆپتنێی کرد, نە گۆتی دەه کەسی دی بریندارن لە موستەشفاینە, چ پۆلێسا وێ چووینە بە, چ خەڵکە دی بریندارن لەوێ, دەه کەسی دی بریندارن لەوێ ئەم هەمی گەل هەندێ نین تشتەکی خراپ بوو بۆی و, دویا تەحقیق بێتە کرن, خاصەتەن سەر نەه بۆ سەلبی ئەو تشتکی لە هەمیا پیستر بوو, یا دی قەزیا کوشتن و رەمیا هێشتا تەحقیق دێتە کرن سەر ئەوە جەنابی سەرۆکی مە نازانم کی بادا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

کاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکی دیاری کراوم هەیە, کە پەرلەمان جەخت بکات لەسەر سەرژمێری, (تعداد سکانی)بکرێت, کە کاك عادل پێشی من باسی کرد, بەداخەوە ئێمە بیتاقەی تەموینی زۆر لە دەردە سەری داینە, چونکە زۆر شت دەکرێت لە بنکەکانی دەنگدان خەڵك کە جارێ دەچێت پتر, یان کەمتر بەنیسبەت خەڵکی مردووش هەیە, دەتوانن بڵێین لە کۆمیسیۆنی باڵا, ئەوجارە غەلەتەکان لەوە هاتووە, دەبێت ئەمە سەرژمێر بکرێت و, جەخت دەکەم لەسەر ئەوەی کەوا

پەرلەمانی کوردستان نووسراوێك بکات بۆ کۆمیسیۆنی باڵا بۆ ئەوەی چیتر بیتاقەی تەموینی بەکار نەهێنرێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو, چونکە زۆر کێشە لە بیتاقەی تەموینی دێتە کایەوەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

بەڕێز کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من حەزم دەکرد کاك عەدنان موفتی لێرە بوایە, سەرۆکی پەرلەمان کە ئەم وشانە دەڵێم, بەحەقیقەت من ڕەخنەم هەیە لە ئسلوبی تەرحەکە, بەتایبەتی باس کردنی بادینان, عادەتەن پەرلەمان, یان مەحکەمە, لە مەحکەمەدا یەکێك خەڵکێك دەکوژێت, هەتا ئەو ڕۆژی قەراری لەسەر دەدرێت, ئەو خەڵکە بە بەریئ تەماشا دەکرێت و موعامەلە دەکرێت, یەعنی پێشەکی تاوانبار ناکرێت بەوەی کە تاوانەکەی کردووە, ئسلوبی تەرحەکەو ناشەفافیەت لە مەوزوعەکە بەشێوەیەك بوو, بەداخەوە برادەرانی یەکگرتوو یەکسەر تەقیمی ئەوەیان کرد کە ئیدانەی تەرفی تر کراوە, ئەمەش لەواقیعدا پەرلەمانی کوردستان نابێت ئەو ڕێگایە بەخۆی بدات کارێکی نایاسایی بەشێوەیەك تەرح بکات, کە تەرفێکی تر لەناو پەرلەماندا تەقیمی وجهە نەزەرەکە بکات, بەبێ ئەوەی هیچ ئیجرائاتێکی قانونی کرا بێت, ئێمە هەموومان, هەموو کورد, بەتایبەتی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و, سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیدانەی هەر خراپکارییەك دەکەین لە کوردستان ئەگەر بکرێت, هەر کەسێك بیکات, ئەگەر پارتیش بێت, سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی تەحقیقی دروست کردووە, نوێنەری هەموو تەرفەکانی تیایەو ئەندامێکی سەرکردایەتی برادەرانی یەکگرتووش لەو مەوزوعەن, دەبوایە چاوەڕوان بکرایە هەتا نەتیجەی ئەو تەحقیقە تەواو دەبوو, ئینجا لۆمەو ئیدانەی ئەو تەرفە کرابوایە کە کارەکەی کردووە, خەڵکی کورد کە دەچنە سەر جادە بەڕاستی زۆر بە دڵسۆزی و لەوانەیە جاری وا هەیە عاتیفە دەور دەبینێت لەو هەڵوێستانەی کە هەیانە, من میسالێکی سادەتان بۆ دەهێنمەوە, لە ساڵی 1971 لە بیرەوەری 11ی ئازاردا لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی یەکجار گەورە کرا, کۆمەڵێك خراپکار چوونە ناو خۆپشاندانەکەوە, مەبەستم لەو خاڵە زۆر گرنگە کاك کەمال ئەگەر مەجالم بدەی, مەجالتاندا بە تەرفەکەی تر زیاتر, کۆمەڵێ چوونە ناو خۆپشاندانەکەوە دەستیان کرد بە خیتابکێشان, کێ بوو خۆی کرد بە شەکر کاك ئەحمەد حەسەن بەکر, ئەمە وەجهە نەزەر و تێبینی و تەوجیهی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو لەو کاتە, لەو کاتیش تەنیا سەرکردایەتی پارتی دیموکرتی کوردستان هەبووە لە کوردستاندا کە حوکمی کردووەو, کە دەسەڵاتی هەبووە, لەسەر ئەمە کۆمەڵێك لە برادەرانی قیادی مەنتیقەی سلێمانی موحاسەبە کران, کوێرانە حوکم نەدرا بەسەر ئەوەی کە هەموو تەنزیمی حزب و سەرکردایەتی حزب بەم شێوەیە هەڵوێستیان وا بووە, کە ئەم شیعارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

کاتت تەواو بوو کاك جەمال, ئەگەر یەك دەقیقە مەجال بدەی, سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هیچ شەخسێك و هیچ حزبێك و هیچ تەرفێکی ئیدانە نەکردووە, سەرکردایەتی یەکگرتووش ئیدانەی شەخسێك, یان حزبێك, یان تەرفێکی موعەیەنی نەکردووە, ئەندامی پەرلەمانیش بەپێی ئەو سەلاحیاتەی هەیە, حەصانەی هەیە ئازادە لەسەر دەبڕینی بیروڕا لەسەر دەبڕینی بیروڕاش موحاسبە ناکرێت, بۆیە ئەو مەسائیلەی کە بوو بە کورتی تەحقیقی لەسەرە, هەر کەسێك موقەسیر بێت موحاسبەی لەسەر دەکرێت, ئینجا ئەو کەسە حزبی بێت, یان غەیری حزبی بێت, بێ تەرف بێت, لە لایەنێکی کە ئەوەی تەزحیەی داوە لە لایەنێك بێت, ئەوانەی کە ئیدارەی ئەوە دەکەن سزا دەدرێت, ئەمە ڕەئی کوردستانە, ڕەئی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە, ئەمە ڕەئی پەرلەمانی کوردستانە, ئەمە ڕەئی هەموو هاووڵاتیەکی سەر بەرزی ئەم زەمینەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینم هەیە لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردن, یەکێکیان هەندێك لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان لەگەڵ کۆمەڵێك کەس کە لەسەر شاشەکان بینران, ئەوانە خۆیان جەبهەیەکیان لە هەڵبژاردنەکە دروست کرد بەناوی گەنجانەوە, ئەوە ئەسبابی نەشەوزینەکان بوو, یەعنی ئەوان وا تەسەوریان دەکرد, کە گەنج لە کورد نییە, ئەوە سەرەتای کێشەکان بوو, لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر هاندەرێك بوو بۆ ئاوێزەکان, ئەوە یەك.

دوو/ ئەو ماوەیەی کە من لە ئاکرێ بوومە مامۆستایان ئاگایان لێیە, ئەو ئازادیەی کە ئێمە بە خەڵکمان داوە بەرادەیەکی رەها, خەڵك هەیە تەقبولی ناکات, یان تێی ناگات, یەکەم جار لقی یەکگرتوو کرایەوە لە ئاکرێ, هەر رۆژی پاشی ئێمە تووشی مەشاکیل بووین, تەبعەن مامۆستایان خۆیان ئاگایان لێیەتی, مەشاکیلەکە ئەوە بوو خەڵکی ئەترافەکە کەوتنە بەرد باران کردنی مەقەرەکە, ئێمە ئاسایشمان بەکار هێنا, پۆلیسمان بەکار هێنا, قوەتمان بەکار هێنا, ئاخیر جار ئێمە ناچار بووین سی پیاومان لە ئەتراف مەقەرەکە گرت, سەبەبەکە چی بوو, ئەوان دەیانگوت نابێت ئەم مەقەرە لەناو ماڵەکاندا بێت, خۆ هێشتا هەڵبژاردن نەبوو, گوتیان نابێت مەقەرەکە لەناو ماڵەکاندا بێت, نەك بۆ برادەرانی یەکگرتوو, بۆ برادەرانی پارتی هەروا, بۆ برادەرانی یەکێتیش هەروا, هەمان کێشە روویدا, بەڵام بەزۆری بۆ برادەرانی یەکگرتوو بوو, ئەمە مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە بە خەڵك دەڵێین ئازادن, خەڵك وا تێ دەگات ئازادی ئەوەیە کە کردی, لێرە مەسەلەکە دەست پێ دەکات, بەنیسبەت موفەوەزیەی هەڵبژاردنەوە کاك دکتۆر کەمال جەنابی سەرۆکی پەرلەمان, ئێمە ئەوانەی کە خۆشمان دامان دەنا, یان ئەوانەی کە ئێستاش دامانناوە, خەڵکێکی ساویلکەن دوور لە بەشەکەی کاك دکتۆر نوری, دەڵێت سوێندم خواردووە خیانەت نەکەم, یەعنی کە ئەو سوێندی خواردووە خیانەت نەکات, خیانەت لە میللەتەکەی دەکات, لە خوێنی شەهیدەکان دەکات, بەڵام باوەڕم نییە خیانەت لە کەسێکی تر بکات, موشکیلەی ئێمە لەگەڵ موفەوەزیە ئەوەیە لەکاتی خۆشی لە هەموو هەڵبژاردنەکان, ئێستاش کە هەمانە ئەو خەڵکەی کە لە موفەوەزیە دادەنرێن, بەڕاستی خەڵکێکی کەفوء نین, توانایان نییە, دووریشن لە واقیعی سیاسەتی کوردستان و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ دوو خاڵ زۆر بە کورتی باس بکەم, یەکێکیان ئەوەیە بەشداری بێ وێنەی خەڵکی ئێمە لە رۆژی هەڵبژاردن دووبارە شەرعیەتی داوە بە دەسەڵات, دووبارە ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانیان بوو جێ بەجێیان کرد, ئینجا نۆرەی مافەکەی ئەوانە, کە پێم وایە بە سوپاس کافی نییە, بۆ ئەوەی مافەکانیان بۆ دابین بکرێت, بۆیە با سوپاسێکی عەمەلی بێت بۆ دابین کردنی هەموو ئەوانەی کە ئێستا داوای دەکەن لە دەسەڵات و وەعدیان پێ دراوە کە بۆیان جێ بەجێ بکرێت.

خاڵی دووەم/ هەر سەبارەت بەو کێشەیەی کە بەڕێزان زۆر قسەیان لەسەر کرد, من لێرە ئێستا وەکو کۆمەڵناسێك رووداتی دیاردەیەکی ئەوها بە ئاسایی دەزانم لە کۆمەڵگایەکی وەکو عێراق, لە کۆمەڵگایەکی موشابیهی عێراقی کوردستانیش, لەبەر ئەوەی خودی کاك مەحمەد فەرەج باسی ئەوەی کرد, ئەوە یەکەم جارە ئێمە بەشداری دەکەین لە عێراق لە دامەزراندنی حکومەتێك, خەڵکی ئێمە ئازادانە بڕیاد دەدات, کەواتە عەقڵییەتێك کە بە ماوەیەکی دوورو درێژ لە ژێر ئیستیبداد و لە ژێر سەرکوت کردن پەروەردە بوو بێت, قەد قەبوڵی مونافەسە و رەئی موخالەفە ناکات, بەڵام با خۆیان نەکەنە هەدەف, من پێیان دەڵێم ئەگەر ئەوان هاوپەیمان بوانە لەگەڵ (730) حزبی شیوعی, یەکێتی نیشتمانی, یان هەر پارتێکی تر, موخالیف با ئەو دیاردەی لەگەڵ ئەوان روویدا, لەگەڵ ئەو تەرق موقابیل روویدەداوە, لەبەر ئەوەی کلتوری رەئی موخالیف لەلای ئێمە نییە, خۆ ئێمە ئەزموونێکی زۆرمان هەیە, شەڕی برا کوژی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر چ بوو, یەعنی لێرەدا فەرهەنگێك هەیە لەناو ئێمەدا, ئەزموونی دیموکراتیەت لە وڵاتی ئێمە زۆر ساوایا, ئەوەیە کێشەکە, بۆیە ئەگەر تۆ موخالیف نی, من لەناو خێزانەکەم رەئی موخالیف بدەم بەرامبەر بە زۆرینەی

ئەندامانی خێزان, رەنگە توندو تیژی بەرامبەرم بکرێت, ئەوە واقیعە, کەواتە ئەوەیە لەناو کۆمەڵگاو, لە ئیدارەو, لە دەسەڵاتیش مومارەسە دەکرێت, بۆیە بە ئاسایی قەبوڵی بکەن, بەڵام من ئیدانەی دەکەم, بەڵام ئاسایشە ئەوە رووبدات دەبێت کار بکەین, ئەو هۆشیارییە بڵاو بکەینەوە, ئەو فەرهەنگە کاتی دەوێت, عەقڵییەتێك سەد ساڵ و پەنجا ساڵ دروست ببێت, بە دە ساڵ کۆتایی پێ نایەت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی وەکو پیشتگیریی, پشتگیریی لە قسەکانی کاك جەمال قاسم دەکەم, کە محکوم ناکرێن تا مەحکەمە نەکرێن, ئەمە یەك.

دوو/ بەنیسبەت هەڵبژاردنەکانیش, بە قەناعەتی من هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەڵبژاردنێك بوو, کە خەڵك زۆر بەو پەڕی حەماسەتەوە بۆ کوردایەتی دەهاتە پێش و دەنگدان, پێشی وا بوو ئەمە واجیبێکی موقەدەسی خۆیەتی وەکو تاکێکی ئەم میللەتە بچێت لە سندووقی دەنگدان دەنگ بدات, بۆ ئەمە لێرە ئێمە کۆمەڵێکی تر داواکاری خەڵك هەیە ئەوانەش بخەینە روو, یەکێك لەوانە خەڵك هەیە داوا دەکات لە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە.

سێ/ وەڵامدانەوەو داواکاریەکانی کێشەکانمان, بەتایبەتی لاوەکانمان, کە زۆر جار داوا دەکەن لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن قسە دەکەن.

چوار/ خەمخۆری تەواو بۆ بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و, ئەوانەی کە خاوەن تەزحیەو ئەوانە بوون لە کوردستاندا, پشتگیریی تەواوی ئاوارەکانی کەرکووك و جێ بەجێ کردنی ماددەی پەنجاو هەشتیش بکرێت و, خاڵێکی زۆر گرنگیش هەیە, کە حەقە کوردستان ئاگادار بێت لە ئایندەی موفەوەزەی عولیا بۆ موتابەعە کردنی بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

بەڕێز جەمال بۆتانی فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بوتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت تەقیم کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن زۆریش بە سەرکەوتوویی دەبینم, سەرکەوتنەکەشی لەو بەشدار بوونەی خەڵکی کوردستاندا بووە, لێرەدا من پێشنیاری چەند خاڵێك دەکەم.

یەکەم/ ئێمە پێویستیمان بە دەزگایەکی پەرەپێدانی دیموکراسیەتە لە کوردستان, لەوە هەڵبژاردنیش بگرێتەوە, بۆ تەقیم کردنی, نەك هەر تەعبیئە کردنی خەڵك بۆ هەڵبژاردن, بۆ تەقیم کردنی لیستی نوێنەرەکانمانیش لە عێراق, من بە چەند حاڵەتێك دەبینم:

1 - تەقیم کردنی ئەو هەڤاڵانەی کە دەچن بۆ بەغدا نوێنەرایەتی کورد دەکەن لەوێ.

2 - شەرح کردنی بەرنامەی کوردستان بۆ خەڵك و, موسداقیەت وەرگرتنی خەڵك بۆ جێ بەجێ کردنی, نەك هەر ئەو بەرنامەیە عەرز بکرێت لەسەر خەڵك و هاندانی خەڵك بۆ رۆژی هەڵبژاردن و دوای ئەوەش ئەو موسداقیەتەی خۆمان لە دەست بێت, بۆ قۆناغی داهاتوو, بە رەئی من ئەوەش غەلەتە.

3 - دەزگایەکەمان هەبێت بۆ تەعبیئە کردنی خەڵك لە ماوەی هەڵبژاردن, لەوانە رۆژی هەڵبژاردنەکە خۆی, لە رووی ئیداری, لە رووی فەنی و, پێداویستیەکان, عیلاقەی کوردستان لەگەڵ موفەوەزیەو لایەنەکانی تر, ئەوانەی کە پەیوەندیان هەیە بە هەڵبژاردن ئەوەش تەنزیم بکرێت, یەعنی ئەو عیلاقاتە تەنزیم بکرێت و, بتوانین تەعبیئەکی قانونی بێت, غەڵەتی نەکرێت, ئەمەی کە روویداوە, بە رەئی من ئیفرازاتی نە گەشە کردنی دیموکراسیەتە, کە هەڵبژاردن یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان.

دووەم/ مەسەلەی ئاوارەکانی کوردی مووسڵ, هەزاران کوردی ئێمە بێ بەش بووە لە دەنگدان, کە ئاوارە بوونە نەتیجەی ئیرهاب لە مووسڵ و ئەترافی مووسڵ هاتوون بۆ دهۆك و زاخۆ و ئامێدی و ئاکرێ, هەزاران کەس بێ بەش بوون, کەچی ئێمە وەلأمدانەوەیەکی وامان نەبوو لە میدیاکانی دنیا بلاّو بکەینەوە, کە ئێمەش مەغدورین, یەعنی نەك هەر لیستی سونی بڵێ ئێمە مەغدورین, کورد مەغدور نییە, کورد سەرکەوتووە, راستە کورد سەرکەوتووە, بەلأم لە هەمان کاتیشدا مەغدورە, لە مەنیتیقەکانی مووسڵ و ئەترافی مووسڵ زەحایەی تیرۆر بوون و ئەوانە.

بەنیسبەت ئەو رووداوەی کە روویدا, بەڕاستی ئێمە وەکو لیژنەی باڵای هەڵبژاردن ئیدانەمان کرد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

کاك جەمال کاتەکەت تەواو, زۆر سوپاس, فەرموو خاتوو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گلاویژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من تەفقیمی هەڵبژاردن دەکەم بەشێوەیەکی گشتی سەرکەوتوانە بوو, دوو سێ تێبنینم هەیە, یەکەم دەربارەی حەملەی ئیعلامیەکە دەڵێم, کە کاك عەدنان باسی کرد, پێشەکی قسەکانی زۆر جوان و رێك بوون, ئێمە هەمووومان شیعاری دیموکراتیەت بەرز دەکەین, بەس تەتبیقەکە بە پێچەوانەوەیە, بەنیسبەت حەملەی ئیعلامی حەز دەکەم برادەرانیش سەردانی عەنکاوە بکەن, دیوارەکان ببینن کەوا لیستی (740) چ بەزمێکی پێ کراوە, پێش هەڵبژاردن, نەك دوای هەڵبژاردن, ئەوە یەك.

دووەم/ ئێمە لە پەرلەماندا مەترسییێکمان هەبوو خەڵکەکە بەشداری هەڵبژاردن نەکات, کەچی بە پێچەوانەوە روویدا, خەڵکەکە زۆر بەرەو قاعەکانی هەڵبژاردن رۆیشت و, زۆر بەرەو سندووقەکانی هەڵبژاردن رۆیشت, بەلأم کە دەچێت زاهیرەیەکی نوێ هەبوو دەفتەرەکانی هەڵبژاردن تەواو بووە, یەعنی بەشدارییان نەکردووە لە هەڵبژاردن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس, بەڕێز کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایان زۆربەی زۆریان باسی جانبی ئیجابی و سلبی هەڵبژاردنەکانیان کرد, منیش لە (100٪) تەئیدی ئەوە دەکەم کە هەڵبژاردنێکی نموونەیی بوو, بەلأم دافیعی ئەساسی و بە کۆمەڵ چوون بەرەو سندووقەکانی دەنگدان میللەتی کورد زیاتر لەوە دابوو, نەك لەسەر بڕیاری قیادەی سیاسی و هاندانی خەڵك و راگەیاندنەکان, قەناعەتیان بەوە هات, کە ئەو هەڵبژاردنە, نە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەو, نە سەرکردایەتی کوردە لە کوردستان و, نە مەجالیسی موحافەزەیە, بەڵکو هەڵبژاردنی ئایندەی کوردە, هەڵبژاردن لەسەر ئایندەی کوردە, لەسەر ناوی کوردە, لەسەر مافەکانی کوردە, کە لە دەستوور تەسبیت بووە, ئەگەر ئەو رێژەیەی کە جەنابت باست کرد نەمان هێنا بوایە, لەوانەیە زەرەرمەند دەبووین, بۆیە میللەتی کورد دائیمەن لە رۆژی تەنگانە بە خوێن دیفاعی کردووە, بە لێشاو خوێنی داوە, ئێستاش بەرەو سندووقی دەنگدان چووە.

کاك عەدنان باسی تەئسیری فەرهەنگی بەعسی کرد, هەموو میللەتی عێراق و, بەتایبەتی میللەتی کورد کە هەموو مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیموکراتی ژیانی پێشێل کرد بوو, ئەمە راستە مەسئوولیەتی بەعسی زۆر تێدایە, کە (35) ساڵ دەوامی کردووە, بەلأم لایەنێکی تر هەیە, حەق وایە سەرکردایەتی سیاسی کوردیش و هەموو لایەنێکی ئەو بسەلمێنین کە چەند مەسئوولیەتی قیادەی بەعس هەبووە لە پێشێل کردنی ئەو مافانە, قیادەی سیاسی کوردیش لەوە کەمتر نەبووە, (42) ساڵە شەڕی برا کوژی لە کوردستاندا هەیە, (42) ساڵە یەکتریمان قەبوڵ نەکردووە, (42) ساڵە حەزمان نەکردووە لەگەڵ یەکتردا دابنیشین و یەکتری قەبوڵ بکەین, ئەو سەقافەتە پتر تەئسیری کردووە, لەبەر ئەوەی

دەڵێن سەقافەتێك هەیە, ئەوە تەئسیری خۆی كردووەو, تا ئێستاش یەكتری قەبوڵ ناكەین, نەك هەر یەكتری قەبوڵ ناكەین, بەڵكو ئاگردانێكمان بۆ یەكتری بەجێ هێشتووە, ئاگردانەكە ئێستا موتەفیق نییە لەگەڵ یەك, ئاگردانێك ماڵێك قەبوڵی ناكات, بۆیە ئەو فەرهەنگە تەئسیری كردووە, خوا بكات ئەو تەئسیرە لەسەرمان لا بكەوێت.

باسی شەڕی بادینان دەكرێت, ئەو حادیسەی لە بادینان روویدا, بەڵێ هەموو ئیستنكاری دەكەین, بەلاَم لە زۆربەی دنیا, بەلاَم دوێنێ لە پێش ئێمە میسر هەڵبژاردنی كرد چەند كەس كوژرا, چ كارەساتێك روویدا, بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا كارێكی نارەوایە, ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو دوو فەرهەنگەی كە بەعس و سەركردایەتی كورد بە میللەتەكەی كورد تێ بگەیەنێت, لەبەر ئەوە دەبێت ئیدانەی بكرێت و من حەق بە برادەران دەدەم بە ئازادی رەئی خۆیان دەربڕن.

دێینە سەر خاڵێكی تر لە مووسڵ ئەگەر چی موفەوەزیە غەدری لێمان كردووە, بەلاَم من گوێیم لە هەندێك مەسئوولینی پارتی و یەكێتی بووە لە مووسڵ كورد خۆی نەچووە بۆ دەنگدان, بەتایبەتی ئافرەتانی كورد نەچووە دەنگ بداتن, لەناو مووسڵ خەڵك نەچووە دەنگ بدات, جگە لەوانەی رەوانە كراوەنەتەوە, بەتایبەت برا شەبەكەكان زۆربەیان دەنگیان داوەتە لیستی شیعە, لەبەر ئەوە مەسئوولیەتەكە هەر ئەوە نییە موفەوەزیە ئەوە بێت, ئایا مەسئوولینی ئێمە نەیانتوانی دەوری ئەوە ببینن, ئایا نەیانتوانی ئەو جەماوەرە تەعبیئە بكەن, ئایا مەسئوولیەتیان نەبووە لەوێ.

مەسەلەی بەغدا باس دەكەم, كە خاڵی كۆتاییمە, لە بەغدایە هەموو حیساباتێك زیاتر لە (700)هەزار تا ملیۆنێك كورد هەیە, بەپێی ئەو حیساباتانە زۆر جار لە مەسئوولە عەرەبەكان بیستوومانە, كە دەڵێن ملیۆنێك كورد لە بەغدا هەیە, ئایا نابێت یەك بگرێتەوەو بیر بكرێتەوەو لێدانەوەی بۆ بكرێت, بۆ (25) هەزار دەنگی هێناوە, ئایا بەتایبەتی برا فەیلییەكان ئێمە رەفز دەكەن, واتا كورد رەفز دەكات, خۆی رەفز كردووە, ئایا قیادەی سیاسی كورد دەوری خۆی نەدیتووە لەناو جەماوەر و تەعبیئەی بكات, ئایا مەسئوولیەتی قیادەی كورد چییە لەو مەوزوعەی, ئەمە پێویستی بە دیراسەت هەیە, ئەوەندە ئاسان نییە, لە یەك ملیۆن كەس لە كوردا (25) هەزار دەنگ بێنێت, دیارە كورد ئێمەی ناوێت, قیادەی سیاسی كوردی ناوێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن (د.كمال كركوكی):**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت, بەڕێز كاك دلێر فەموو, تكایە ئەوەی دووبارەی بادینان و موشكیلەكان نیهائیەن هیچ براو خوشكێك ئیشارەی پێ نەكات, چونكە زۆر تەوزیح كران, تەركیز بكرێتە سەر هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەكان.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە باس لە دیموكراتیەت بكەین, دیارە ناوەرۆكی دیموكراتیەت لە رووی سیاسییەوە هەڵبژاردنە, لەم قۆناغە نوێیەی عێراقدا بە قەناعەتی من ئێمە ناتوانین كوردستان دابڕێنین لەو مەوزوعە, چونكە كوردستان بۆ ئێمە چوارچێوەیەكی قەومی دیاریكراوە, بەلاَم ئەو چوارچێوە سیاسیەی موڕتەبیتە بە واقیعی عێراقەوە, بێگومان گۆڕانكاری لە عێراقیشدا ئەمڕۆكە پرۆسەیەكی سیاسی و موعادەلەیەكی نوێ لە ئاست هەموو ناوچەكە و لە ئاست سیاسەتی نوێی جیهان, ئەمڕۆكە بەتایبەتی سیستەمی نوێی جیهان هەیە لە مەنتیقەكە بەهەر هەمووی بیسەپێنێ, بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم ئەم پرۆسەیە پێم وایە بەهەموو كەمو و كوڕیەكانییەوە پرۆسەیەكی سەركەوتوو بوو, بۆ هەرێمی كوردیش بەتایبەتی, پێم وایە تا رادەیەكی زۆر گرنگ بوو و سەركەوتنیشی بەدەست هێناوە.

بێگومان لەدوای گۆڕانكاری لە عێراقداو لەدوای كۆتایی هاتنی نەمتی شێوازی دەسەلاَتداریەتی شمولی و مەركەزی و دكتاتۆریەت, ئەمڕۆكە مەسەلەیەكی گرنگە بەڕاستی ئێمە بچینە ناو شێوازێكی نوێ, ئەویش دروست كردنی دەسەلاَتی سیاسیە بەسەر ئەساسی دەنگدان, لەكاتێكدا كە هەموومان دەزانین ئەم واقیعەتە نەك تەنها لە كوردستان, بەڵكو لە هەموو عێراق, بۆیە من لە سەرەتاوە گوتم موڕتەبیتە بە یەكەوە, لە هەموو عێراقیش و لە هەموو ناوچەكەش, تاكو ئێستاكە كلتوری دیموكراتیەت بە ماناكەی خۆی دروست نەبووە, تاكو ئێستا ئێمە باس لە دیموكراتیەتی سیاسی دەكەین, دیموكراتیەت بە قەناعەتی من تەنها سیاسەت نییە, بەڵكو دیموكراتیەت پەیوەندی بە هەموو كۆمەڵگاوە هەیە, بۆیە كاتێك دێین كە نیقاشی دیموكراتیەت دەكەین لەبەردەم قودرەتی تێگەیشتنی تاك تاك دەوەستینەوە, كە ئەوەی ناتوانین

یەکتری قەبوڵ بکەین, چونکە کۆمەڵگا خۆی بە تاك تاك پێکهاتووە, بەهەر حاڵ من نامەوێت درێژە بەمە بدەم, پێموایە بۆ کورد و بۆ کوردستانیش ئەم هەڵبژاردنە مەسەلەیەکی تەنها دیموکراتی نەبوو, ئەوەندەی مەسەلەیەکی سیاسی و یاسایی بوو, شێوازێکی خەبات بوو سەر لەنوێ, یان دروست کردنی ماڵی سیاسی و یاسایی کورد بوو, کە ئەویش چارەنووسی بوو لە ئاستی عێراقدا, بۆیە میللەتی کوردیش من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە زۆر بەجددی وەکو خەباتێك و تێکۆشانێك چووە دەنگدانەوە سەرکەوتنێکی باشیشی بەدەست هێناوە, بە قەناعەتم دەبێت قیادەی سیاسی کوردستانی دەبێت وەڵامی هەبێت بۆ ئەو بەشداریەی خەڵکی کوردستانی, کە ئەوەش لە یەکەم خاڵدا خۆی پەیوەندی هەیە بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە, دووەم خاڵیان پەیوەندی هەیە بە ژیانی خەڵك و چارەسەر کردنی ئەو مەئساتەی کە ئەم هەموو نرخ و ژیان و مەعاش و کۆمەڵێك شتی تر هەیە, ئەمە پێم وایە باشترین خزمەت دەکات و گەورەترین قەزیەش لەوانە لەناو هەر هەموویان دروست کردنی ئەو سنوورە کورستانیەیە کە مەسەلەی کەرکووکە, پێم وایە کەمتر نییە لە مەسەلەی چارەنووسسازی میللەتی کورد, چونکە ناوەڕۆکی ئایندەی میللەتی کورد مورتەبیتە بەو قەرارەی کە دەبێت پەرلەمان هەڵوێستی جددی هەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.كمال كركوكی):**

سوپاس, کاك دکتۆر دلێر فەموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پرۆسەی دیموکراسی کورد, پرۆسەیەکی مێژوویی کوردەو لە خۆیەوە دروست نابێت, بۆیە من پشتگیریی لە راو بۆچوونەکانی کاك دکتۆر نوری تاڵەبانی دەکەم, من پێم وا بێ پێویستیمان بە دانیشتنێکی تایبەتی هەبێت, بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم هەڵبژاردنانە, بەڵام لە پیاچوونەوەیەکی سەرپێی ئەم هەڵبژاردنانە جارێکی تر دەست پاکی و دڵسۆزی جەماوەری خەڵکی کوردستانە, چ لەناوەوەی کوردستاندا, چ لە دەرەوەی کوردستانیش نیشان بدات, مەسەلەکە لە پێش هەموو شتێکدا بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردی دەگەڕێتەوە, بۆیە کاتی ئەوە هاتووە سەرکردایەتی سیاسی کوردی و ئێمە و هەموومان بەڕاستی دڵسۆز بین بۆ جەماوەرەکەمان و, ئەو بەڵێنانەی بە جەماوەرمان داوە دەبێت جێ بەجێی بکەین, لە پێش هەموو شتێکدا یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە, لێرە باسی مەسەلەیەك کرا ئێستا کاتی ئەوەیە دەوڵەتی عێراق و حکومەتی ئیئتیلافی لە عێراقدا دروست ببێت, ئەمە مەسەلەیەکی چارەنووسسازە, بۆیە یەککگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە دوا دەخرێت بۆ دوای ئەوە, من پێم وا بێ تەماشا کردنی مەسەلەکان بەم شێوەیە شێوازێکی هەڵەیە, ئێمە تاقی کردنەوەیەکمان هەیە کاتێك کە پەرلەمانی کوردستان دروست کرا دوامانخست تا پەرلەمانی عێراق کۆبۆوە, ئەگەر بهاتایە پەرلەمانی کوردستان پێش پەرلەمانی عێراق کۆ بوایەوە, حکومەتی یەکگرتووی کوردستان پێش حکومەتی عێراقی دروست ببوایە, ئێمە بە هێز و توانایەکی تر لە حکومەتی کاتی عێراقی پێشوودا, کە هیچ بەڵێنەکانی بەرامبەر بە کوردستان جێ بەجێ نەکرد, ئێمە ئەو کاتە سەرکەوتوانەتر کارەکانی خۆمان دەکرد, بۆیە یەکێك لە ئەرکە هەنووکەیەکانی ئێمە ئەوەیە ئەمڕۆ یەکخستنەوەی ئیدارەیەو, پێویستە ئەو بەڵێنانەی بە جەماوەرمان داوە جێ بەجێی بکەین و, حاڵ و شپرزەیی جەماوەرو ژیانی شپرزەیی زیاتر بەردەوام نەبێت و, هەروەها ئاوڕێکی جددی لێ بدرێتەوە.

دیسان برادەرێك پێشنیازێکی لێرە کرد کە گوتی پێویستیمان بە دەزگایەك هەیە بۆ دیموکراسیەت, من پێم وایە ئەو دەزگایە نەك تەنها بۆ بڵاو کردنەوەی بیرو بۆچوونی دیموکراسیانە بێت, بەڵکو بۆ پیادە کردنی دیموکراسیەت بێت, بۆیە هیوادارم لە ئایندەدا ئەو مەسەلەیە بە هەند وەربگیرێت, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.كمال كركوكی):**

سوپاس, بەڕێز کاك فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو تەقیمەی کورد بەگشتی هەرچی بکەین تەقیمەکە قەد تەواو نابێت, لەبەر ئەوەی قیادەی کورد قەرزاری خۆیەتی لەو بابەتەوە, بەڵام حەقە ئەوەی وەکو برادەران باسیان کرد ئەوەی داوایانە و تەکلیفیانە شتێکی بۆ بکرێت, ئەوە یەك.

دوو/ من گلەییەکی زۆرم لە موفەوەزیەی عولیا هەیە, بەتایبەتی لەو لیژنەیەی کە لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەشداری دەکەن لەگەڵ ئەوان, یەعنی نەزاهەتێك من نابینم لە موفەوەزیەی عولیا بەرامبەر بە کورد, حەقی خۆشیانە خۆ ئەوان فریشتە نین, بەڵام لیستی ئێمە ئەو لیژنەی ئێمە کە لەگەڵ ئەوان دابوون مەفروز وا بوو وردتر بن و بە دیقەتتر بن, لەبەر ئەوەی من پێم وایە کورد ئەوجارەش غەدری لێ کرا, بۆ نموونە من خۆم لە هەولێر کاتژمێر (12,30) بوو کە چووم بۆ دەنگدان فۆرم نەمابوو بیخەمە ناو سندووق, تەلەفۆنم کرد بۆ موحافز, ئەوە دەوری ئێمەیە کە فۆرم نییە, دەنگی لەسەر بدرێت, کەواتە دەگەڕێتەوە بۆ موفەوەزیە کە بەهەموو شێوەیەك هەوڵیان داوە دەنگی ئێمە کەم بکەنەوە, من پێم وایە بۆ داهاتوو بیر لەوە بکرێتەوە وەکو جەنابی دکتۆر نوری باسی کرد, لە ئێستاوە خەمی بۆ بخورێت, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس, بەڕێز خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبدالله حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی خوشکان و برایان شتێکی ئەوتۆیان بۆ من نەهێشتەوە, منیش لەگەڵ ئەو رایانەم کە مەسەلەیەکی وا گرنگ, دەبوایە پێش وەخت ئەندامانی پەرلەمان لە بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیە ئاگادار کرابان, نەك ئێستا ئەمڕۆ لەناو قاعەکە بەرنامەی کار دەبینین, کە مەسەلەی هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی تیایە, من لەگەڵ هەموو ئەو تەقیمە ئیجابیانەی سەبارەت بە هەڵبژاردن و, ئەو دڵتەنگیانە سەبارەت بەو رووداوە ناخۆشانەی کە روویاندا, بەڕاستی من تێبینیەکم هەیە لەکاتی ئامادەکاریشدا ئەو میکانیزمەی کە بەکار هات, کە لە تەلەفزیۆنەکان و ئیعلامدا دەیبینین کەمو کوڕی تیا بوو, لە هەندێ لیست بەتایبەتی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەڵێم, کە لە تەلەفزیۆن و ئیعلامدا دەیبینین کۆمەڵێ لایەنن, بەڵام بە فیعلی لە تەلەفزیۆن و ئیعلامدا دەیبینین تەنها دوو لایەنە, یەعنی بۆ کارە فعلیەکان و ئەمە, لەبەر ئەوە هیوادارم لە کاری ئایندا ئەوە نەبینین لە ئیعلامدا, من ناچمە ناو تەفاسیلەکەوە, چونکە ئەوە ئیشی ئێمە نییە, ئیشی حزبەکانە.

بەڕاستی ئامادە کردنی لیستی نوێنەران, من رەنگە لەگەڵ زۆر ئەو راو بۆچوونانە نەبم, کەسانی قانونی یەعنی ئەولایەی لەو لیستانە بن, یەعنی لە پەرلەمان بن, کاری پەرلەمانی کارێکی سیاسییە, کاری سیاسیش پێویستی بە شارەزاییە لە زۆر لایەن, ناڵێم پسپۆڕی, بەڵام ئەکید لە لایەنێك ئیختیصاصێکی باشی هەیە, هەرچەندە من زۆریان ناناسم ئەوانەی ناو لیستەکان, بەڵام هیوادارم لەمەودوا لیستەکانمان پتەوتر بن.

بەڕاستی ئەوانەی باس کرا سەبارەت بە رۆڵی جەماوەری خەڵك, من دەڵێم ئێستا ئێمە چ وەکو موئەسەساتی دەسەڵات, چ وەکو ئەحزاب مسداقیەتمان لە مەحەك دایە, بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە و وەعد و وعودانەی کە بە خەڵك درا, لە پێش هەموویانەوە ئێمەی پەرلەمان, ئێمە بەرنامەیەکمان هەبوو کە هاتینە هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان بەرنامەیەکمان بۆ خەڵك عەرز کرد, ئێستا دەبێت ئێمە هەنگاو بنێین بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە, بەڕاستی بەڕاستی نامەوێت دووبارەی بکەمەوە, یانزدە مانگە پەرلەمان هەیە تا ئێستا گرنگترین کاری پەرلەمان کە پێکهێنانی حکومەتە نەمانتوانییوە بیکەین, بەپێی هیچ قانونێك ئەم پەرلەمانە ئیتر نازانم یەعنی لەمە زیاتر نامەوێ بڵێم, یەك شت هەیە دەمەوێت بیڵێم داخوازی خەڵك تەنها ئاوو کارەبا نییە, داخوازی خەڵك زۆر لەوە زیاترە, خەڵك دەیەوێت شعور بکات هاووڵاتیەکی کامل مواتەنەیە لێرە, یەعنی عەدالەتی هەیە, من لەگەڵ ئەو رایانەم کە ئێمە هەتا ناو ماڵی خۆمان چاك نەکەین, وەڵڵاهی زۆر زەحمەتە ماڵی دراوسێیەکەمان بتوانین چاك بکەین.

باسی تەجاوزات دەکرێت, تەجاوزات لە بەغدا و لە شوێنەکانی تردا بووە, مەقەڕات سووتێنراوە, خەڵك کوژراوە, ئەم شتانە هەمووی بووەو زیاد لە حەددی خۆی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس, بەڕێز کاك ئاخیر فەرموو.

**بەڕێز اخر شیخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایانی بەڕێز و خوشکانی بەڕێز هەموو باسەکانیان بە تێر و تەسەلی کرد, تەنها من هەندێ پرسیارم هەیە, ئەگەر بکرێت وەڵامیشمان بدەیتەوە, ئەگەر زانیاریتان لەلا هەبێت, جەنابت فەرمووت لە کۆمیسیۆنی باڵا نازانم سێ سەد و چەند چاودێر هەیە, لەوانە چواری کوردە, باشە کێ ئەمانەی هێناو دەستنیشانی کرد لەناو ئەو سێ سەد و ئەوەندە کەسەی دیاری کردووە, ئەگەر حکومەت بێت نیوەی حکومەت لە ژێر دەسەڵاتی کورددایە لە بەغدا لە سەرووی هەمووانەوە سەرۆك کۆمارە, ئەگەر حزبەکان بن ئەوە حزبەکانمان لەپێشەوەی هەمووانە, باشە لیستی (730) لێ پێچینەوەیەك لەوانە ناکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس, بەڕێز کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەلبەت لە دەرچوونا هەڵبژاردنێ هاتینە کرن, ئەگەر ئەم لێك بدەینەوە لەگەڵ جوارێ کوردستانێ زۆربەی جانبی ئیجابی بووینە و, خەڵکێ مە ئەفکارێکی باش بووینە لە ئەڤ پرۆسە رۆلی مە سەرکەوتن و ژی ئەنجامێ مە شتێکی باش بەدەست دێت, بیتن گلەییەك ڤێرێ یا لەوێ هەبێتن, دیتمان جەنابێ وێ وەختا کو مە ئەڤ پرۆسە هەندە مەزن کو میللەتێکی پێ گرێ دایە, ئەڤ میللەتە کو هوشیارێ یەکگرتنا خۆ جارێ چوو حەفتاو حەفت کرسیا پەرلەمانێ عێراقێ بەدەست دەبینیت, ئیل ڤێرێ چاوەڕێ بوویە یەکگرتنا لە دوی بێتن, ئەوە ئێك.

دوو/ ئیدارە یەك بگرێتن دووبارە, بەلکو بەڨوەتتر بچنە سندووقی دەنگدانێ, دەنگا خۆ بدەنە لیستا هاوپەیمانێ کوردستانێ, ئەمە کو دووبارە یەك بکەین, ئیدارە یەك بوونیش هاتە سەر, تەسەورا من ئەڤ جەختا جەماوەرە مە ڤان هەردوو حزبا سەرەکی کەپتنا دوو ئیدارەی کورد بکەنە یەك, ئیدارا سێش هاتە سەر لیستا ئێك جیهەتێکی لیستا هاوپەیمانێ کوردستانێ دابوو, بۆ هەندێك ئەڤ بەرنامە کردیتە دەنگ کر و تەغیرا کە دیکە بکاتن, وەکو نارازی بوونی خەڵکا مە هەستا نەتەوایەتی بۆ ئەڤ حالەتا هاتە پێش, ئەگەر هەمی یەك بگرن, ئەڤ جودا بوونە مەسلەحەتا میللەتا مەی تێدا نەبوویە, بەر هەندی ژی بێتە حاصل لە هەمیا, ئەم دەورێ خۆ بکەینەوە, قەزیەی مە قەزیە قەومییە, فیراقە مە ئەڤ فیراقا قەومییە, هێشتا هەمی نەتەوا یەك لا نەبوویە, دەبێت ئەڤ قەومە یەك بگرێت, هەر پیچێك نەبین لە یەك و دوو سەرە تشتك ڤێرێ یەك لێرە, هەندەك تشت هاتنە پێش خاصەتەن دبێژن دەڤەرا مە کارەبا دهۆکێ لە تورکیا دێتن, حکومەتا تورکێ کارەبا قەتع کر گلەیی کێ کر گلەیی ئیدارەی دهۆکێ کر هی کارەبا نادات, کارەبا لە تورکێ دکریت, تەنزیما کێ دکاتن, گلەیی هی ئیدارە کر, باشە تەنزیما ئیش ل تورکیا قەتع کر, کۆمەلا مەسەلا ئەز بێژم مەسەلا ئاڤی دا کاری نەتیجەی فیعل کێیە و ردی فیعل کێیە, گەر ئەفعال نەبانا ئەفعال دەرکەفتنا لیستا هاوپەیمانەت کوردستانێ نەدەبا ئەفعلێت ئەڤ سیاسەتە تەحریزی نەبا, ئەو گلەیی هاتینە کرن, ئەو پروپاگەندە هاتینە کرن, ئەو موقدەسات و تەزحیەتە میللەتی داین هەمی نە هەڤالا دێت کرن پێش چاڤێت جەماوەری, ئەو رەد فیعلە جەماوەری نە چوو بوو بۆ ئەتویرەنگی, جا دبێژین بۆچی ئەڤ ئیشارەتا راستە کو خەڵکا خۆپیشاندانەکە, هەر خۆپشاندان داخوازیا جەماوەریە, وان خراپی و گلەییا دکەن, ئەوان داخوازی و گلەییا  لە جەماوەر دکەن خۆپیشاندانی بکەن, ئەگەر ئەوە نەبووی یاسایکۆلۆژی جەماوەر بزانێتن, جەماوەر دەعواتا یا شەهیێ پشتی کوردێ بگرن و ل کۆنترۆلێ دەرکەفتن, خەلکێك وەختی خۆ ئیش کۆنترۆلێ دەرکەفتن و زێدە دەربچێتن, ژی بەر هەندێ ئەم دبێژین لە ڤۆناغا ئەڤرۆکەش

پێدا هەمی بێتا یەکگرتنا و یەکبخرێنەوە, ئەم خۆ یەك بگرین, دوو مالی نەکەینە سێ مالی, سێ مالی  سبەی ببێتە چار مالی, لەم قۆناغە کارێکی وەسا بکەین دەستوورا هەرێما کوردستانا بکەوێتە کار و, لەبەر ئەوەی دەستوورا هەرێما کوردستانێ کۆمەلێ یاسایەکی تر, با هەڵبژاردنا بیتن جێ بەجێی بکەین بۆ خزمەتا گەلی کوردستانێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس, بەڕێز کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا دووبارە نەکەمەوە دووبارەی ڕەئیەکانی پەخشان و دلێر و چنار نەکەم, دەمەوێ دوو جوملە قسە بکەم لەسەر ئەوەی دیموکراسیەت لە هەر وڵاتێك دەست پێ دەکات, وەختێك کە کۆمەڵگا بتوانێت زاڵ بێت و موسەیتر بێت لەسەر ڕێدەری توندو تیژی, وەختێك دەست پێ دەکات کە دەسەڵات لەگەڵ فەعالیاتی سیاسی بکەونە ڕێککەوتنێك لەسەر حەددی ئەدنای مونافەسەو تەعدودیەت و ململانێی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ململانێی سیاسی, تەئیدی ئەو ڕەئیە دەکەم کە داوا دەکاتن جەلسەیەکی تایبەت هەبێتن لەسەر چۆنیەتی دیموکراسیەت کردنی کۆمەڵگاو ڕێکخستنی عیلاقە لە بەینی سوڵتەو خەڵکدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس, بەڕێز کاك ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز ارسلان غفور محمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت خاڵی ئەو ئەندامە دووبارە بکەمەوە, کە جەنابت فەرمووت ئاماژەت کرد بە خاڵێکدا لە کۆی (350) کەس چوار کەسیان کوردە, ئەمە ڕاستییەکە ماوەی چەند ساڵێکە ئەم واقیعە وایە, تا ئێستا سەرکردایەتی کورد, پەرلەمانی کوردستان, میدیای کوردی, حزبە کوردیەکان, کۆمەڵگای مەدەنی ئەم ڕاستییەی بەرچاو نەکەوتووە, یان جەختی لەسەر نەکردۆتەوە, چۆن دەبێت لە کۆی (350) کەس چوار کەسیان کورد بێت, کە مەسیری هەموو هەڵبژاردنی کوردستان و ئایندەی دیموکراسی لە عێراقدا لەبەر دەستە, عەجەب ئەوە ڕەچاو نەکراوە؟ پشتگوێ خراوە, یان ڕاستیەك هەیە لەپشتەوە کە کوردستان نایزانێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس, بەڕێز دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆیەتی کە بابەتی ئەمڕۆمان لەسەر هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردن بێت, بەڵام بەداخەوە بینیم ئێمە لە هەندێك شتدا زیادە لزوم دەرچووە لە هەڵبژاردنەکان هاتینە سەر هەندێ شتی کە ڕووداوێکە لەناو هەڵبژاردنەکان, کە پەیوەندی بە موفەوەزەیە, یان حکومەتەوە, یان ئەو لیژنەیە هەیە, کە جەنابی سەرۆك بارزانی ئامادەی کرد بۆ یەکلا کردنەوەی ئەو کێشەیە, بە قەناعەتی من هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە من ئەوە دوو جارە لە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی لیستی هاوپەیمانی کوردستانم, ئەمجارەیان بە قەناعەتی من زۆر زۆر باشتر بوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر, ڕاستی جێی شانازی و بەختەوەری ئێمەیە, کە ببینین ئەم ئەنجامەمان دەستکەوت, نەك تەنها لە کوردستان, دەتوانین لە دەرەوەش تەماشای بکەین, بزانین ڕێژەی ئێمە چەندێکە, جگە لەوەش لە کەرکووکی دڵی کوردستاندا کە ئێمە توانیمان دیسان ئیسپاتی بکەینەوە, کە ئێمە زۆرینەی دەنگەکانمان هێنا, ئەوەی ڕوویدا بەداخەوە وای لێهات کە باسی ئەو ڕووداوە بکرێت, من پێم وایە ئەو ریزپەڕییەی یەکگرتوو خۆی بوو کەوا بووە هۆی ئەوەی ئەو ڕووداوە ڕوو بدات, من پێم وایە برایانی یەکگرتوو کاتێکی دیاری کراویان هەڵنەبژارد, بۆ ئەوەی بە تەنها بچن بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن, دەبوایە ئەوەی ئێستا کردیان پێشووتر بیان کردبوایە, وەکو چۆن برایانی کۆمەڵ کردیان و لایەنەکانی تر کردیان, بۆیە

به تەئکید ئەمە ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە، جگە لەوە بەداخەوە ئەوان تەنها لە ئاکامەکەی دەگەڕێنەوە، تەماشای ئاکامەکەی دەکەن، ئاکام بەبێ هۆکار نییە، دەبێت لە هۆکارەکانیش بپێچینەوە، دوایی تا ئێستا کەس تاوانبار نییە، ڕووداوێك ڕوویداوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، نابێت جەنابی کاك مەحمەد فەرەج دەڵێت وەڵڵا سوپاسی دەکەم کە باسی ئەو مەوزوعەی کرد، کەئەنما تاوان بۆ لایەنێك و دیفاع لە لایەنێکی تر دەکات.

باسی مومارەسە دەکات، من پێم وایە بە ئیعتیراڤ موفەوەزیەی عولیا، بە ئیعتیراڤ چاودێرانی ناوەوە و نیشتمانی و دەرەوەش مومارەسەی هەڵبژاردن ئەمجارە زۆر زۆر باش بووە، نەك وەکو دەڵێت ئومێدی لاواز کرد، بە پێچەوانەوە ئومێدێکی زۆر گەورەی دابە کورد، هەموو گەورەو بچووك بەرەو سندووقی دەنگدان چوون، بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکەن ئەوان کوردن پێش هەموو شتێك.

ئەوەی کاك خەلیل باسی کرد، بەڕاستی نەدەبوایە ئەو قسانە بکات، ڕاستە ئەو ئازادە، ڕاستە حەصانەی هەیە، بەڵام ئەو تا ئەو ڕادەیە ئازادە تەعدا لە ئازادی من نەکات، میللەتی من شەرمەزار نییە، ڕوو ڕەش نییە، بادینان ئەوەی ئەو باسی کرد دەڵێ شەرمەزاری و ڕوو ڕەشییە، ئەو حەقی ئەوەی نییە، من پێم وایە مەفروزە ئێستا ئەو ئیعادەی نەزەر لە قسەی خۆی بکاتەوە، سەحبی ئەو قسەیە بکات، چونکە ئەوە تاوانە، ئەوە ئیهانەیە بۆ میللەتی من، کە دەڵێت ئەمە جێی شەرمەزاری و ڕوو ڕەشییە، شتی وا نییە، بە پێچەوانە ئەمە جێی شانازییە کە ئێمە ئەم ئەنجامەمان بەدەست هێناوە، چۆن بە شەرمەزاری دادەنێت، من زیاتر قسەم نییە پشتگیریی لە قسەکانی کاك جەمال و کاك حاتم و کاك سالم و کاك احسان دەکەم، چونکە ئەوان بەباشی باسی ئەو مەوزوعەیان کرد، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس، بەڕێز کاك شێخ ئەدهەم بارزانی فەرمووو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز دبێژم ئەز ئەندامێ دوایێ مە ئەگەر ئیجازە هەبی تێبینیەت خۆ بۆ جەنابێ تە و، بۆ براو خوشکێ پەرلەمانتار ببێژم، براست هەلسەنگاندنا مە لەسەر ڤێ، یان ڤان هەلبژاردنێت عێراقیدا هاتینە کرن بگشتی و لە (12/15)دا هاتینە کرن، بەتایبەتی بێ چەندی بۆ هەمیا دەردێخی، کە جارەکا دیش میللەتی کورد بۆ بەرگری کردن لە مافێت خۆ، بۆ بەرگری کردن لە مەسئەلەکانی نەتەواییا میللەتا کورد، هەروەکی هەمیشە خوێن دای، قوربانی دای، شەهید دای، تەحملە دەربەدەریا دەهان سالاً کریای، جارەکا دی دەبێت هەلبژاردنا میللەتێ کورد بە چەندە ئیسپات کرەڤە، بەلکی بەمە بوو چاڤێت ڕەش و بەلکی سەرکردایەتی سیاسەتە میللەتی کورد، بەلێ بۆ دەست بە هینانە ئامانجێت نەتەوەیی میللەتێت کورد جارەکا دی لێرە ئیسپات کرە کورە ڤا بە میللەتێ کورد، لێرە هەروەکی برای بەڕێز کاك ناصحیش ئیشارەتی پێ کری، بەلێ ئەز تەئیدا ئاخافتنێ کاك جەمالیش دکەم، کە لەلای سەرۆکێ پەرلەمانێ ڤە بەم مەوزوعە بەو شکلە هاتە باس کرن، کە باس لەسەر کێ ببیت؟ ئیلا ڤە ڕوودانە هەندە، یا کچکە، یا بچووکە پێویستی بە باسەش نەبوو، ئەز ڤێ زاهیرا ئول بادیناش ڕوویدای دیسان زاهیرەکا صەحی و دیموکراتی و ئازادی دزانن، چونکی ڤە کارێ هات مەجموعە گەنجێك، مەجموعە میللەتە هەتا ئەسلاً بەرامبەر هەندەك شیعارێ پێش ئاخافتنێ ئەز دەبێت بە ئاخافتنێ ببێژم، ئەز کو هەندەك کەسان هەمیشە من بەرگری، دیفاع، پشتیوانی لەهەر موناسەبەتەك لازم وا بی من، یان برایەکی یەکگرتووا، یان ئیسلامی کرن، نوکەش ئەز بە برایەکی عەزیز دزانم، بەلێ ڤە تشتەك لە بادینان هاتیتە کرن، هەروەکی من گوتەی ڤە نەتیجێ هەندك شاشیا بوو، خەلەفیا بوو، کەوا خەلەفیا بەڕێز کاك سەلاحەدین بەهائەدین کو کۆنگرا خۆیا ڕۆژنامەنووسا خۆیا ئیعتیراف دکا دبێژیت لە لای ئێمەش هەندەك خەلەل دروست بوو، ئەڤە یەك لە ئاخافتنێ جەنابێ وییە، ئەز دبێژم بە مەوزوعە گەلەك هێندە مەزترە و ڤێ ئاخافتنێ دبێژمە برایێت یەکگرتوویا، بۆ زانینا وان، چونکی نزانن هەرچەندە مەوزوعێکی تایبەتییە، ئەز پتێ جەنابێ سەرۆکا ڕۆیشتەی، من گلەیی لە جەنابێ سەرۆك کر، لەسەر یەك خاڵ، من گوتا جەنابێ سەرۆك ئەو بەیانە تەل سەحابی حادیسە بادینان نەهاتبا بەیانێکە زۆرا توند بووی، نەدەبوو بەو شێوەیە بیت، نە لەسەر هەندێ کە داوا تەحقیقێ کریەی، لیژنا تەحقیقا دانا، ئەو لیژنا تەحقیقا

ئەندامێت وێ ژ دیار کرن, یا دوو دوو بە عەمەلیاتە ریسوا کر, مەحکوم کر زۆریش پێ نارەحەت بووی, من لەسەر یەك خالێ گلەیی جەنابێ وی کر, من گوتە جەنابێ وی دەبیتە روونشتنێت خۆ لگەل لایەنەکانی هەلبژاردنێ دابیت بۆ پروپاگەند هەلبژاردنێت بی, دەبیتە روونشتنێت جەنابێ خۆ رانەگر باو نەچووبا چ دەبوو, گو لایەنگرێك لیستا هاڤپەیمانێ کوردستانێ گابا حادیسەك بەو شکلەی لە دهۆکێ پکەل, ئایا ئەز بۆچی ڤا کەسا دبینم, من گوتێ نە جەنابێ سەرۆك, نە یە سەحیحە, نە بەو شکلە وەکو جەنابێتە دبێژی, ئەڤە ناوێ مە وەرگرت لیستا هاڤپەیمانیا کوردستانێ, ئەڤە مەجموعە کەسێك بوویە ئەڤ تشتە لێی روویدا, جەنابێتە کو کێشتە لە پەرلەمانا کوردستانێدا ئیعلان کر, خەلك موزاهەرایەت کا, هیچ مانعێك نییە, گەنج بلا دێنە سەر جادە بۆ ئاخافتنا خۆ دکەن بە ئازادی, هیچ کەس لگەل پۆلیس و لە دەزگای ئەمنی ئاسایشا کوردستانێ بەرگریا خەلکی نەکا, لێرەشدا بە خەلکە, چونکی شیعارێت یەکگرتوو لە حەددی خۆ مەعقولە ئیعتیرافا سکرتێرێ یەکگرتوو بخۆ دەرباز بوو, خەلکێ تەحمولی ئەڤە نەکرد, ئەز حەز دکەم ئەڤەش بزانن میللەتی کورد لەم قۆناغە دەرباز بووی, هەتا دوێنی  ناڤێ سوونە ئیستیعارە بی, ناڤێ قەومیەتی عەرەبی, دوژمنایەتیا ماف و مافێت رەوای گەلێت کورد هاتە کرن, ئەڤرۆ جارەکا دی کورد دێ قەبول ناکاتەوە, بناڤێت ئاین, بناڤێت دین, بناڤێت نەتەوە عەرەبی, بناڤێت مەحمەدی عەرەبی جارەکا دی تەعریبە کورد بێتە کرن, لێرەدا من ئیهانە نەکردیە مزگەڤت و قورئانێ, مەتالبێت کورد لە قورئان هەی دینی مەیە, مەحمەد پێغەمبەری عالەمێ هەمیە لێرەدا, لێرە ئەز دبێژم بە دینە نەبۆ قەومیەکە هاتییە, عەرەبیش فەزل لەسەر کورد نییە, دینی مە فەزل لەسەر کورد و لەسەر هەمی موسڵمانێ, دێ هەر کەسێ خۆ بە موسڵمان دەزانێ, لێرەدا بە مەوزوعێکی موهیم بێت, هەروەکی کاك ناصح ئیشارەتی پێدا, یەك لە ئەندامی یەکگرتوو مەسەلەکە بە روو رەشی دا بۆ میللەتی کورد, بە شەرمەزاری دانێت ئینجا یەکێکێ دی بەحسی خەم خۆری میللەت دکات, دبێژیت کێ خەم خۆری میللەتییە, ئەوی دونێ سەر حیسابێ میللەتەی هاتیە ساحێبە, خۆ ئەڤرۆ خەم خۆرێت میللەتێیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن (د.کمال کرکوکی):**

زۆر زۆر سوپاس, تەواو بوو وەلآمتان دەدەینەوە, ئیتر موداخەلەی تر تەواو بوو, لەم خاڵەیەوە دەست پێ بکەین, ئەوەی ناوی نەنووسراوە تەواو بوو.

بەنیسبەت مەسەلەی بادینان وەکو گوتمان لە پێشدا وەکو سەرۆکی هەرێم ئیعلانی کرد, لیژنەی تەحقیقی تەنها بۆ شەخسێك, یان تەرەفێك نییە, بۆ هەمووە لە موجمەلی مەوزوعەکە دەکۆڵنەوە, کێ موقەسیر بێت دەبێت سزا بدرێت, ئینجا ئەو کەسەی کە سزا دەدرێت, کە موسەبیبە لەو لایەیە کە زەرەری بینیووە, یان لەو لایەی کە هێرشی کردووە, یەعنی خەڵك کوژراوە لەو مەسەلەیە, نابێت هەروا بە ئاسانی بڕوات, خەڵك بریندار کراوە, تەعدا کراوە, فەرمووت کراوە, یەعنی ئەمە لە عادات و تەقالیدی میللەتی ئێمە نییە, بۆیە من بە سەراحەت بە ئێوەی رادەگەیەنم سەرۆکی هەرێم و, هەموو ئێمەش و پەرلەمانی کوردستانیش, هەموومان نارِەحەتین لەو وەزعەی کە روویدا, دەبێت بگەیینە حەقیقەتێك, بۆ ئەوەی بزانین موسەبیب کێیە؟ کێ دەڵێ دەستێکی دوژمن نییە لە ناومان, دەبێت بگەینە حەقیقەتێك و سزا بدرێت و ئەو مەسەلەیە نابێت بەردەوام بێت.

بەنیسبەت هەندێك تێبینی لەسەر قسەکانی ئەو بەڕێزانە, بۆ ئەوەی روون کردنەوەی زیاتر هەبێتن, زۆر باسی ئەوە کرا کە بەشداری خەڵك و حەقیان لەسەرمانە زۆر زۆر راستە, خەڵکی کوردستان خاوەنی خەباتە, ئەم بەرهەمەی هەمانە بەرهەمی خەباتی میللەتی ئێمەیە, بۆیە ئێمە هیچیان بۆ بکەین, یان نەکەین, خەڵکی کوردستان هەر دیفاع لە حەقی خۆی دەکات مافێیەتی واجیبە لەسەر شانی, کە دیفاع بکات و دەنگ بدات, بۆ ئەوەی نوێنەری خۆی هەبێتن و, حەقی خەڵکی کوردستانیشە, ئێمەش بگۆڕێت ئەگەر باش ئیش نەکەین, ئیدارەش بگۆڕێت ئەگەر باش ئیش نەکات, بۆیە من کە دەنگم داوە منەتم بە کەس نییە, یەعنی واجیبێکی قەومی و شەرعی و ئینسانی منە کە برِۆم دەنگ بدەم, ئەم میللەتەی من, کە ئەم خەباتە دوور و درێژو قوربانییەی داوە, ئیمرۆ بە تەنها بەجێی نەهێڵم بیخەمە دەست خەڵکێك کە حیسابێکت بۆ نەکات, ئەگەر ئێمەش, ئەم پەرلەمانەش باش کار نەکات, ئەگەر ئیدارەش باش کار نەکات, ئەو میللەتە حەقی خۆیەتی ئێمە بگۆڕێتن و ئیدارەکەش چاك ببێت, دڵنیاش بە هەموو شتێك بەرەو چاکتر دەڕوات.

هەردوو ئیدارە زۆر باس کرا, هەردوو ئیدارە بە تەئکید ئێستا بەحسێکی موکەسەف هەیە لەبن ئەو لایەنانەی کە ئەسەرێکی گەورەیان لەسەر کوردستان هەیە, کە بە قەناعەتەوە ئەو ئیدارانە تەوحید بکرێتن, من لە زبانی شەخسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان, کە لێرەش جەنابیان فەرموویان, لەم ئەخیرەش تەئکیدی کرد, هەموو جهودی لەم قۆناغە سەرف دەکاتن, کە بەڕێز مام جەلالیش ئیمڕۆ وجودی لە کوردستانە, لەم چەند رۆژە بگەنە ئەنجام, ئەگەر نەکرا حەقیقەت بێن لێرە لەسەر ئەم مێزە بۆ ئێوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی باسی ئەوە بکەن, کە بە چ شێوەیەك بۆ عەرقەلەکان چی بووە, بۆتانی باس دەکەن و, بۆ ئێوەی بەجێ دەهێڵن کە ئێوە قەراری لەسەر بدەن, کە نوێنەری خەڵکی کوردستانن.

بەنیسبەت لیستی (740) باس کرا, ئەوەی عەنکاوە, یەعنی پەرلەمان و شەخسێکی موعەین مەسئوول نییە بەرامبەر رووداوێك بووە, قانون هەیە ئەگەر رووداوێك لە شوێنێك ناقانونی بوو بە ئیسپات و شاهێد و دەلیل بوو, دادگا هەیە بچن شکایەت بکەن, بەلاّم نەك هەروا, ئێمە دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین دەستی دوژمن هەر وا لە هەموو شوێنەکانی عێراق هەیە, بۆ ئەوەی لایەنە دۆستەکان بە شەڕ بدات لەگەڵ یەکتر, بەلاّم ئەگەر ناقانونیەکی موئەکد بوو واجیبی هەموومانە بە دەلیل و شاهێد و ئیسپات ئەمانە بدەینە دادگا, هەر کەسێك بێت سزا بدرێت.

باسی مووسڵ کرا کە خۆمان نەچووینە دەنگ بدەین, مرۆڤ ئازادە بڕوات دەنگ بدات, یان نەدات, ئێمە حەمەلەی ئیعلامیمان کردووە, باسمان کردووە کە وەزعی ئێمە وایە, بەلاّم بەزۆری نییە تۆ دەبێت بڕۆیت دەنگ بدەیت, ئەوەی کە نەچووە دەنگ بدات, بەلاّم لە مووسڵ حیلە کراوە, سندووق نەناردراوە, ناو نەچۆتەوە, چەند شوێن هەیە نەیتوانیوە بڕوات دەنگ بدات, چۆتە ئەو شوێنەی دەنگ بدات دەریان کردووە, نەیانهێشتووە وتیانە ناوت نییە, وجودت نییە, وەکو ئەوەی لە کەرکووك ئەگەر کەشف نەبوایە, ئەویش وای بەسەر دەهات, (285) هەزار ناوی دیکە کەم دەبوو, یەعنی بزانە چ ئەنجامێکی دەبوو, (عدم الاستقلال)یش پەیدا دەبوو لەم ناوچەیە, لە هەولێریش (39) هەزار کەسیش دەنگی خوراوە, لە سلێمانی و دهۆکیش چەند هەزار کەس ناوی نەهاتۆتەوە, کە بڕوات دەنگ بدات ناوی نەبووە لە لیستەکە.

مەسەلەی خۆمان حازر نەکردووە بۆ هەڵسەنگاندن, من ئەمەم پێ لەلا زۆر غەریب بوو, چونکە ئەمەم تەوەقوع نەدەکرد, هیچ خوشکێك, برایەك, ئەندامێکی پەرلەمان هەڵبستێت بڵێت وەڵلاّ بۆ هەڵسەنگاندن, کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بێتن, دەبێت لە روو و جەوهەری رووداوەکان و هەڵبژاردن و لە ناو مەوزوعەکە بوایە, هەموو دەقیقەیەك پێش ئەوەی بێتە پەرلەمان ئامادە بێتن لە مێشك و لە بۆچوونی حازری کرد بێت ئەم هەڵبژاردنە چۆن بووە, باش بووە, خراپ بووە, سلبیات لە کوێیە؟ ئیجابیات لە کوێیە؟ وەڵلاّ پێش وەخت پێمان نەگوتراوە, من لەگەڵتانم دەبوایە هەموو مەوزوعەکان پێش وەخت تەرح بکرێت, دەبێت هەموو لەحزەیەك و هەموو سانییەك ئامادەییەکی تەواوت هەبێت بزانیت وەزعەکە چۆنە, کاکە ئەندامی پەرلەمان یەعنی قابلیەتت هەیە سبەی قیادەی میللەتێك بکەیت, ببیتە سەرۆکی کۆمار, ببیتە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق, ببیتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان, بۆیە دەبێت لەگەڵ ئەحداس خۆتان پێش بخەن و بەرەو پێش بچن. بەنیسبەت کۆمیسیۆنی بالاّ باس کرا, من وتم (350 تا 400) فەرمانبەر دانراوە, یەکەمیان لەو حەوت کەسە کاك سەفوەت کوردە, بەس کاك سەفوەت بێ لایەن بووە, ئەوانی تر لەگەڵ رێزم بۆ هەندێکیان وەکو سەفوەت ئەوەندە بێ لایەن بووە, ئاگای لێ نەبووە, من ناڵێم لانگیری ئێمە بێت, چونکە موفەوەزیە ئومەمی موتەحیدە دایدەنێ, نوێنەری حزب دانانێت, بەلاّم وەك پێکهاتەی عێراق کە لە (25٪)ی هێناوە لە هەڵبژاردنی داهاتوو, دەبوو لە (25٪) خەڵکی کوردستان بوایە, بۆ ئەوەی عەدالەتێك لەوانەی ئیش دەکەن لەسەر پرۆگرامەکان لەناو مەفەوەزیە خەڵکی کوردستان بوایە, کاك سەفوەت لەو لایەوە بێ لایەن بووە, ئەسڵەن کوردی لە لا گرنگ نەبووە, نەیوتووە ئەمە کوردە, ئەمە عەرەبە, ئەمە تورکمانە, ئەوانەی دانراون هەمووی بە خزمایەتی دانراون, بڕۆ لیستی ناوەکان بێنە چەندی خزم و کەس و کار و ئامۆزای ئەو مەسئوولانەی پێشتر لە مەفەوەزیە دانراون, ئەو سێ چوار کوردەش بە رێگەی سودفە ئەوانە کەوتونەتە ئەوێ, بۆیە خەلەلێك لەوێیە, ئێمە وەك سەرکردایەتی سیاسەتی کورد, وەکو پەرلەمانی کوردستان, دەبێت هەڵوێستمان هەبێت, دەبێت ئەوێ چاك بکرێت لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان تەرف بین, ئەوان ئەو خەڵکانەیان داناوە, کەس موقابەلە نەکراوە بۆ تەعین, کە ئەمە لە چ قەومێکە, من ناڵێم

حزبیمان بۆ تەعین بکاتن, بەلاّم دەبێت بلێت لە (25٪) ئەم خەلکە لە کوردستان بێت, لەو کوردستانە چەندی کوردە, چەندی تورکمانە, چەندی مەسیحی و کلدان و ئاشوورییە, با ئەوە کرا بوایە, ئەمە نەبووە, بە سودفەش ئەمە کەشف بووە, ئەمجارە وەفدی کەرکووك کە بە دوای کێشە و ئازاری خۆیان فێلیان لێ دەکرا چوون گەیشتنە ئەو حەقیقەتە, ئێمە سوپاسیان دەکەین یەعنی بەڕاستی لەوێوە ئەمەمان بۆ دەرچوو, ئێمەش نەماندەزانی. نوێنەرانمان لە بەغدا بە حەقیقەت من پێشتریش ئیشارەیەکی کورتم پێ کرد, دەبێت نەلێن (اذهب انت وربك وقاتلا ونحن هنا جالسون, قاعدون), دەبێت وا نەکەین, دەبێت ئەوانەی دەچنە ئەوێ بزانن بەرنامەیان چۆنە؟ بەرنامەیان لێرەوە بۆ دابنرێت و سەرپەرشتیان بکرێت, بەلاّم خەلکێکی بەتواناش بن, نەك یەك شەم و دوو شەم و سێ شەم دەوام بکەن و ڕۆژەکانی تریش لێرە بن, دەبێت ئاگایان لە ئیشەکانیان هەبێت, ئەم خروفاتانە هەموو لە بەغداوە دەکەن. کاك (عبدالعزیز) باسی بەڕێز (مام جەلال)ی کرد مەقصەدی هەیە, بە تەوەقوعی من مەبەستی هەموو حکومەت, هەموو نوێنەرانی ئێمە, هەموو وەزیرەکانی ئێمە موقەسیرن بەرامبەر ئەو تەفسیرانەی بووە, ئەم پەرلەمانە لە (1/15) لێرە بە حوزوری سەرۆکی هەرێم و بە حوزوری مام جەلال, بە حوزوری کاك نێچرڤان, بە حوزوری هەموو ئەندامەکانی دەورەی پێش قەرار وەرگیرا, ئەگەر تەتبیعی ماددەی پەنجاو هەشت نەکرێت, کوردستان هەلوێستی دەبێت, بەلاّم هەلوێستمان نەبوو, ئەو هەلوێستەمان کە نەکرا, بۆ ئەوەیە ئێمەی پێ تاوانبار دەکرێت, ئیمڕۆ ناوی بەڕێز مام جەلال هات, بەیانی ناوی بەڕێزێکی تر دێت, بۆیە دەبێت لە عێراق هەلوێستەکانمان و ئەو برادەرانەمان بخەینە کار, کە نەهێلین فێلیان لێ بکرێت, بۆچی تەئخیری بکەن, یەعنی بۆ ئەوەیە پێویستی بە ئالیەتە, ئالیەتێك لە کوردستانە, پەرلەمانی کوردستانیش ئاگای لە وەزعەکە بێت, ئەوانەی لە بەغداش مەرکەزێکیان هەبێت, نەك یەکتر نەبینن, لیژنەی پەنجاو هەشت ئەو بەڕێزانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی بەداواداچوونی جێ بەجێ کردنی ماددەی پەنجاو هەشت, کە بەڕێز کاك حەمید مەجید مووسامان هێنایە ئێرە لەگەلّ دانیشتین و ئەندامەکان یەکیان ناناسین, ئەندامەکانی لیژنە یەکیان ناناسین, وتیان ئێمە سوپاسی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بەسایەی ئێوەوە یەکترمان ناسی, ئەوە خەتای جەعفەری نییە, بۆچی خەتای جەعفەرییە؟ بۆ نەلێم خەتای ئێمەیە, بۆ نەلێم خەتای نوێنەرانی ئێمەیە, باشە نوێنەرانی ئێمە ئەگەر لیژنەیەك دابنێیت بۆچی نابێت ئەندامەکانی یەکتر ببینن, یەعنی من نالێم ئەوان فریشتەنە, بەلاّم ئێمەش خەتامان هەیە, چونکە خاوەن حەق ئەگەر لە دوای حەقەکەی خۆی نەبیت بە جددیەت بزر دەبێت.

باسی دیموکراتیەت کرا, هەموومان دەزانین دیموکراتیەت بە شەو و ڕۆژێك نابێت, دیموکراتیەت وەختی دەوێت, لەگەلّ هەموو سلبیاتی تر کە هەیە, ئێمە گەلێك گەلێك لە پێش خەلکی ترین, ئەم هەلبژاردنەیە زۆر باش بوو بە ڕەئی من, ئەو نیسبەیەمان ئیحتیفاز پێ کرد, ئەو دەورە سەرەکیەی کە کورد لە حکومەتی عێراق هەیبێت ئیحتیفازی پێ کرد, بۆیە ئەمڕۆ کە دەیبینن کاك (عبدالعزیز الحکیم) هات, سبەی بەڕێز خەلکی تریش دێت, ئەو جەعفەرییەش کە گلەییتان لێی هەیە ئەویش ڕوو دەکاتە ئێرە, هەموو ئەوانەی دوارۆژی عێراقیان پێ گرنگە, هەموویان ڕوو دەکەنە کوردستان, مانای وایە قیادەی سیاسی کورد و خەلکی کوردستان توانی لەم قۆناغە لەگەلّ هەموو کێشەو سلبیات بەرەو پێش بڕوات. هەلبژاردنیش لە کوردستان زۆر بەرز بوو, بە بەرزەوە سەیری دەکەین, لەگەلّ ئەو ڕووداوەی کە ڕوویدا هەموومان پێی بریندار بووین, کە من تا ئێستا ناتوانم بلێم بە چ شێوەیەکە, هەتا ئەنجامی تەحقیق دەردەچێت, لەگەلّ ئەوەش سەرمانیان بەرز کرد, هەم لە پێش خەلکی خۆمانی کوردستان, هەم لەناو عێراق, هەم لە دوەلی ئیقلیمی, هەم لە پێش دنیا, مانای ئەوەیە ئیجابیەتەکان گەلێك زۆر بوون لە چاو سلبیاتەکان, لە کەرکووکیش ئەو هەلبژاردنە کە تەعن هەبوو لەسەر مەنتیقە کوردیەکان لە رحیماوەو ئیمام قاسم, دوای هاتنی وەفدی نەتەوە یەکگرتووەکان تەقریرەکەیان بە ئیجابی بوو, دوای سەیر کردنی سندووقەکان بینیان زۆر بە قانونی کراوە, ئەوەی تێبینی لەسەر کراوە لەسەر مەنتیقەی حەوێجەیە, کە مۆرەکان لە یەك جێ دراوە بە یەك قەلەم ئیشارەت کراوە, وەرەقە زۆر زیاتر لە ژمارەی تەبیعی خۆی چۆتە ناو سندووقەکانەوە, یەعنی سندووق هەیە دەبێت پێنج سەدی تێدا بێت, حەوت سەدی تێدایە, شەش سەدی تێدایە, هەندێکی بەشێوەیەکی نا تەبیعی چووە, مانای وایە خەلکی کوردستان ئیستیفادەمان لە حەزارەت و دیموکراتیەت کردووە, نالێم لە قیمەین, بەلاّم هێشتا زۆرمان ماوە, بەس هەنگاوێکی باشمان هاوێشتووە, تکامان بۆ

هەموو ئەو برایانە هەیە کە لێرە موناقەشە دەکرێت رەچاوی سنوورێك لە رەفتار و رەفتارێکی مێژوویی لەناو کۆمەلگەی ئێمەی کوردستان بە هەموو چینەکانەوە هەیە, سنووری ئەخلاق لەلامان زۆر گرنگە لەلای میللەتی ئێمە, لە لای کۆمەلگای ئێمە بیپارێزین, ئەو وشانەی کە دەزانن خەلکی تر بریندار دەکات نەوترێت لێرە, زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان و, کۆتایی بە دانیشتنەکە و خولەکە دەهێنین, داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین, ئینشائەللا سەرکەوتوو و سەر بەرز دەبن.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی**

**شەممە رێکەوتی 2006/1/21**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی

## شەممە ڕێكەوتی 2006/1/21

كاتژمێر (1,25)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی 2006/1/21 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژارن، ساڵی (2006)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی برگە (1)ی ماددەی (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە برگە (1) ی مادده (20)ی پەیڕەوەکە و لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ دانیشتنێکی نائاسایی بڕیاردرا بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لەسەعات سێ و بیست و پێنج دەقیقەی پاشنیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی 2006/1/21 ساز بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-بەرچاوخستنی پێکهاتنی تایبەت بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێر – سلێمانی).

2-ناوزەد کردنی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان, بەناوی گەلی کوردستان, بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان دەکەینەوە, سەرەتا, زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەم, لەپێش هەموویانەوە جەنابی مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ, بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان, جەنابی زاڵمای خەلیلزاد باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, ولیام باتی باڵیۆزی کۆماری چینی میللی, بێرنارد باژۆلی باڵیۆزی فەرەنسا, کازمی قومی هەڵسووڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران, د. ئەیاد عەبدوللاوی, جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان, لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی ی.ن. ك و سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی هەردوولاو سکرتێرو لێپرسراوانی حزبە کوردستانی و عێراقییەکان. زۆر بەخێر بێن بەسەرچاوان, هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێزان د. رۆژ جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و هۆشیار زێباری و د. بەرهەم دەکەم.

بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنە بریتییە لە:

پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی برگە (1)ی ماددەی (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە برگە (1) ی مادده (20)ی پەیڕەوەکە و لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ دانیشتنێکی نائاسایی بڕیاردرا بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لەسەعات سێ و بیست و پێنج دەقیقەی پاشنیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی 2006/1/21 ساز بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-بەرچاوخستنی پێکهاتنی تایبەت بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێر – سلێمانی).

2-ناوزەد کردنی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

بەڕێزان بەر لەوەی دەقی رێککەوتنامەکە بخوێندرێتەوە, حەز دەکەم ئاماژە بەوە بدەم, کە ئەم رێککەوتنە پاش چەندین کۆبوونەوەی یەك لەدوایەك لەنێوان هەردوو مەکتەبی سیاسیی ی . ن. ك و پ.د.ك وەکو خاڵێکی گرنگی رێککەوتنامەی واشنتۆن, کە لەلایەن هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود – ەوە ئیمزا کرابوو, هەنگاوێکی زۆر جێبەجێکران, بەڵام ئەم هەنگاوە ئینشائەڵڵا کۆتاییە, سەرکەوتنێکی گەورەیە, دەستکەوتێکی تری گەورەی گەلەکەمانە, ئاواتێکی ترە کە دێتە دی, ئینشاڵڵا بەو رێککەوتنە ئاواتەکانی تریش دێنە دی, چونکە ئەم رێککەوتنە هەنگاوێکی کاریگەر دەبێت بۆ بەیاساییکردن و بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها جێبەجێکردنی ماددەی (58) کەبووەتە ماددەی (136) لەدەستووری عێراقدا بۆ گەڕاندنەوەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و بۆ ئەوەی کاریگەرانە گەلی کوردستان بەشداریی لەبنیاتنانەوە و دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی دیموکراتی فیدراڵدا بکات, چونکە بەم هەنگاوە دەتوانین کاریگەرتربین لە دامودەزگاکانی حکومەتی فیدراڵدا.

دیارە ئەم رێککەوتنە پاش ئەوەی کە دەخوێندرێتەوە, بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود ئیمزای دەکەن و وتەی خۆیانتان پێشکەشدەکەن, بەڵام چەند یاسایەك هەیە کە پێویستە هەموار بکرێت لەبەر رۆشنایی ئەو رێککەوتننامەیە. بڕیار بوو برگەی دووەم کە وەکو باسمانکرد ناوزەد کردنی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لێرەدا دەستنیشان بکرێت, بەڵام لەبەر رۆشنایی ئەم رێککەوتنەدا, چەند یاسایەك هەیە پێویستی بەهەموار کردنە, لەوانە

یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و یاسای سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران, کە پێویستە گۆڕانکارییان تێدا بکرێت, بەو پێیەی کە لە رێککەوتننامەکەدا هاتووە, دەستنیشانکردنی سەرۆك و جێگرەکەی چەند رۆژێك دوادەکەوێت تا سەرەتای هەفتەی داهاتوو, کە ئەو دوو یاسایە لەناو پەرلەماندا هەموار دەکرێن و ئینجا رادەگەیەندرێن و داوا لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین کە تەکلیفیان بکات و لەو ماوە دیاریکراوەدا حکومەت رابگەیەندرێت, هەر بۆیە لە هەفتەی داهاتوودا ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام دەدرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی داواکاری ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانتان پێشکەش دەکەین, سەبارەت بە رێککەوتننامەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم, پاشان دەقی رێککەوتنامەکەتان بۆ دەخوێنمەوە, ئێستا دەقی داواکاریەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بابەت/ پەسند کردنی رێککەوتننامەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان**

**سڵاو رێز**

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان, پرۆژەی رێککەوتننامەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستانتان پێشکەش دەکەین, بۆ ئەوەی بخرێتە نێو بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن, بۆ پەسند کردنی لەگەڵ رێزماندا.

ئەو ئەندامانەی کە ئیمزایان کردووە

د. ناصح غفور رمضان, خورشید شێرە, شێخ الله ابراهیم, جعفر مصطفی معروف, عزالدین سلیم, احسان عبدالله قاسم, سالم محمد علی, حاتم حمە جان, اخر شێخ جمال, فتاح نقشبندی, سردار هرکی, کریم بحری برادۆستی, رشاد احمد, شێروان حیدری, طارق جامباز, عونی بزاز, عبدالکریم ابوبکر هەمەوەند.

بەڕێزان ئێستا دەقی رێککەوتننامەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

رێککەوتنامەی یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان, ئەمرۆ لە هەموو کاتێك زیاتر ئەوە دەخوازێ کە رۆڵەکانی یەکدەست و یەکریز, وزەو توانای خۆیان بۆ زاڵبوون بەسەر تەنگوچەڵەمەکانی ئەم دۆخە هەستیار و چارەنووسسازەی کوردستان و عێراق, زیاتر یەکبخەن, بۆ ئەوەی:

1-قۆناغی نوێی دیموکراسی و فیدراڵییەت سەرکەوتووانە ببڕن.

2-بۆ مسۆگەر کردنی دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلەکەمان و هێنانەدی تەواوی مافە رەواکانی, بە چەسپاندن و جێبەجێکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق و دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی راستەقینە.

3-لەپێناوی گەڕانەوەی کەرکوك و خانەقین و شەنگارو مەخمورو ناوچە تەعریبکراوەکانی دیکە بۆ ئامێزی کوردستان.

4-هەروەها بۆ پەرەپێدان و گەشە کردنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و باشتر جێگیرکردنی ئارامی و ئازادییەکان و چەسپاندن و یەکخستنەوەی یەکجارەکی حکومەتیی هەرێمی کوردستان.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان, بە پێی بنەماکانی شەراکەت وتەوافوق و تەحکیم و هاوسەنگی, رێککەوتن لەسەر:

یەکەم: پۆستی نوێ بەناوی جێگری سەرۆکی هەرێم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا دەستنیشان بکرێت, کە لەهەمان کاتدا دەبێتە جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کەلەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێت.

دووەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی, لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پێکەوە دەستنیشان دەکرێن و لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی هاوبەش تەکلیف دەکرێن و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناوی کابینەکە پێشکەش بە پەرلەمان دەکات.

سێیەم: سەرۆکی پەرلەمان لەیەکێتی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەپارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت, تاکو هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 2007, بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پارتی ویەکێتیی بەیەك لیست, وەکویەك بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن و ئەو کاتەش پۆستی سەرۆکی پەرلەمان پارتی وەریدەگرێت و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش یەکێتیی وەریدەگرێت, ئەمە بۆ دوو ساڵ, پاش ئەوە پارتی و یەکێتی جێگۆڕکێ بە پۆستەکانی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەنەوە.

ئەگەر هاتوو لە کۆتایی ساڵی 2007 هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا و پێشبینی ئەوە کرا کە هەڵبژاردن دوادەکەوێت, ئەوا جێگۆڕکێ بە هەردوو پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت.

چوارەم: هەر کوتلەیەکی وەزاری یەکێتی و پارتی, ئەگەر لە کابینەی هاوبەش کشایەوە, ئەوا کابینەکە بەدەستلەکارکێشاوە (مستقیل) دەژمێردرێت.

پێنجەم: پۆستی وەزارەتەکان, بەم شێوەیە دابەشدەکرێن:

أ-وەزارەتەکانی (ناوخۆ, داد, پەروەردە, تەندروستی, کاروباری کۆمەڵایەتی, ئەوقاف, سەرچاوەی ئاو, گواستنەوە, ئاوەدانکردنەوە, پلاندانان, مافی مرۆڤ) بۆ یەکێتیی نیشتمانیی دەبن.

ب-وەزارەتەکانی (دارایی, پێشمەرگە, خوێندنی باڵا, کشتوکاڵ, شەهیدان, ڕۆشنبیریی, کارەبا, سەرچاوەی سروشتی, شارەوانی, وەرزش و لاوان, وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم) بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەبن.

ج-وەزارەتەکانی تر دەدرێن بە پارتە کوردستانییەکانی تر.

د-وەزارەتەکانی دارایی, پێشمەرگە, دادو ناوخۆ, لەماوەی کەمتر لەیەك ساڵ یەك بگرنەوە.

ئەم چوار وەزارەتە, تاکو یەکگرتنەوەیان بۆ هەر وەزارەتێك وەزیرێك و وەزیرێکی هەرێم دەبێت بۆ کاروباری وەزارەتی تایبەتمەند, هەریەکە و بۆ بەشی ئەو وەزارەتەی کە لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدایە.

شەشەم: بودجەی ساڵی 2006 وەکو بڕیاری لێدراوە, بەڕێوە دەچێت, بەڵام بەشی بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم, پەرلەمان, ئەنجومەنی وەزیران, ئەنجومەنی دادوەریی و هەر بابەتێکی دیکەی هاوبەش, لەهەر لایەك وەك یەك جیادەکرێنەوە.

پاشان بۆ ساڵانی داهاتوو, بودجەی هەرێمی کوردستان, دوای وەرگرتنی لەلایەن حکومەتی یەکگرتووی هەرێمەوە, پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت و دوای پەسند کردنی, بۆ ناوچە جیا جیاکان, بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوان و بەپێی ڕێککەوتن لەناو حکومەتی یەکگرتوودا. تەرخان دەکرێت.

حەوتەم: دامەزراندنی لیژنەیەکی باڵا لە ژێر چاودێریی سەرۆکایەتی هەرێم, بۆ بەدامودەزگاییکردنی( مؤسسات) و یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی هەرێمی کوردستان لەماوەی دوو ساڵدا, وەکو دامودەزگای یەکگرتووی هەرێمی کوردستان, دوور لەبنەمای حزبایەتی.

دوای دەستبەکاربوونی حکومەتی یەکگرتوو, لەپایتەختی هەرێمی کوردستاندا (هەولێر) خولێکی تایبەتی بۆ دەرچووانی زانکۆکان, بەمەبەستی دامەزراندنیان لەئاسایشی پارێزگاکان وەك هەنگاوی یەکەم بگرێتەوە, لە پێناوی یەکخستنەوە و دامەزراندنەوەی ئەم دەزگا گرنگانەی گەلەکەمان.

هەشتەم: نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەرەوەدا, بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی, دادەنرێن.

نۆیەم: لەهەموو پارێزگاکانی کوردستاندا, لیژنەیەکی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی بۆ چارەسەر کردنی گرفت وکێشەکان, دادەمەزرێت.

دەیەم: هەردوولا, بەڕێز مام جەلال, بۆ پۆستی سیادی حکومەتی فیدراڵی عێراق کاندید دەکەن.

مەسعود بارزانی جەلال تاڵەبانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

21/کانوونی دووەم/2006 21/کانوونی دووەم/2006

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, بڕیار وابوو بڕگەی دووەم کە وەکو باسمان کرد ناوزەدکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی وەزیران لێرەدا دەستنیشان بکرێت, بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە ئێستا بۆتان خوێندرایەوە, چەند یاسایەك هەیە پێویستی بە تەعدیلە, لەوانە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و یاسای ئەنجومەنی وەزیران, کە ئەوەش پێویست دەکات گۆڕانکاری تێدا بکرێت و بەو پێیەی کە لەو ڕێککەوتننامەیە داهاتووە, بۆیە دەستنیشان کردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك چەند ڕۆژێك دوا دەکەوێت تاکو هەفتەی داهاتوو لەپەرلەمان ئەو یاسایە تەعدیل دەکرێت, ئینجا ئیعلان دەکرێت و داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەین کە تەکلیفیان بکات لەو ماوەیە دیاریکراوەدا حکومەت ئیعلان بکرێت, بۆیە کە لەتەلەفزیۆن ئیعلان دەکرێت لە هەفتەی داهاتوو ئەم کۆبوونەوەیە دەکرێت, داوا لە جەنابی مام جەلال و جەنابی کاك مسعود دەکەین بفەرموون ئیمزای بکەن.

ئەگەر ئیجازەم بدەن دوو کەلیمە بۆ ئەندامانی پەرلەمان بڵێم, ئەم ڕێککەوتننامەیە نێوان دوو هێزی سەرەکی هەرێمی کوردستانە کە زۆرینەن لە پەرلەمانی کوردستاندا, بە پێی یاسا ئەم ڕێککەوتنە خوێنراوەتەوە وەکو ڕێککەوتننامەی واشنتۆن کە لە پەرلەماندا ئیقرار کرا, ئەمەش بۆ ئەوەی مەعنەویەن و قانونیەن وجەماوەریشمان داوا دەکات کە پەرلەمان ببێتە ڕەقیب, چاودێر بەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە, بۆیە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم هەمووی, لەبەر ئەوەی نەمانخوێندەوە بڕگە بە بڕگە, چونکە ئەمە یاسا نییە, وەکو وەسیقەیەکە پێویستی بە تەصدیق کردن هەیە, وەسیقەکە لە پەرلەماندا دەمێنێت, لەبەر ڕۆشنایی ئەمە پەرلەمان شاهیدە لەسەر ئەوە بۆ جێبەجێ کردنی, داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم پشتگیری لەمە بکەن و ئەوەی پێی باشە دەستی بەرزبکاتەوە, سوپاس, ئەگەر کەسێك دژی ئەم ڕێککەوتنەیە با دەستی بەرزبکاتەوە, زۆر سوپاس. کەواتە بە کۆی دەنگ وەرگیرا. داوا لەسەرۆکی کۆماری عێراق دەکەین کە بفەرمێ دوو قسە بۆمان بکات و پاشانیش جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش قسەی هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە, فەرموو.

**وتاری بەڕێز مام جلال/ سەرۆکی کۆماری عێراق:**

**السيد مام جلال الطالباني:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

السيد رئيس اقليم كردستان العراق الاخ العزيز كاك مسعود البارزاني الموقر.

السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني السيد عدنان المفتي المحترم.

والاخ الدكتور علاوي المحترم.

السادة السفراء والضيوف الكرام.

ايها الجمع الكريم:

احييكم اجمل تحية في هذه المناسبة التاريخية المجيدة, مناسبة توحيد ادارتي الاقليم في حكومة واحدة لاقليم كوردستان العراق. لقد دل هذا الحدث التاريخي الهام على استجابة القيادة الكوردستانية عموماً و قيادتي الاتحاد الوطني الكوردستاني والحزب الديمقراطي الكوردستاني خصوصا لنداء و رغبات جماهير كوردستان و تطلعاتها المشروعة نحو الوحدة الوطنية وحكم القانون والشرعية في اقليم كوردستان اولاً و على نضج القيادتين وادراكهما لمسؤوليتهما الوطنية و وعيهما بالشعور الوطني الذي يضع مصالح الشعب فوق المصالح الحزبية والمحلية الضيقة ثانياً, وعلى تحقيق الوعود التي قطعتها القيادتان لجماهير كوردستان العراق ثالثا.

ولاريب ان هذا الانجاز الكبير سيخدم العراق ومسيرة شعبه الديمقراطية والسياسية ويحصن كوردستان العراق التي غدت قاعدة صلبة للديمقراطية والوحدة الوطنية والتوافق الوطني كما يعطي مثالاً حياً لكيفية حل القضايا المستعصية بالصبر والتأني والتروي و التوافق والمشاركة الاخوية في عراقنا الجديد, ولذلك يحق لنا ان نعتبر هذا الانجاز الهام تحقيقا لمصالح وطننا العراقي والوحدة الوطنية الشاملة, مثلما يحق للقيادة الكوردستانية ان تفخر بانها ليست جزءاً من مشاكل العراق, بل جزءاً وطرفا هاما في حل هذه المشاكل باعطاء الامثلة و النموذج من جهة ومن جهة ثانية بالعمل الجاد كقاسم مشترك بين المكونات الاساسية وسائر المجموعات القومية والمذهبية, من أجل تحقيق الوحدة الوطنية القائمة على اسس حق المواطنة المتساوية والديمقراطية والفدرالية ومشاركة الجميع في حكم البلاد.

ويقينا فان هذا الانجاز الهام وسائر مكتسبات الشعب العراقي الابي لم يكن يتحقق لولا تحرير العراق من ابشع دكتاتورية مجرمة تسلطت على رقاب الشعب بقوة النار والحديد, دكتاتورية آثمة تركت وراءها الدمار والخراب والمقابر الجماعية التي تضم مئات الالوف من الموطنين المسالمين من الكورد والعرب و التركمان.

وكان نصيب الشعب الكوردي من آثامه استعمال الاسلحة الكيمياوية في حلبجة و قرداغ وخوشناو و مركة وآلان وحملة ما سميت بالانفال, التي ذهب ضحيتها اكثر من مائة وثمانين الف مواطن كوردستاني مسالم من النساء والرجال والشيوخ والشباب والاطفال والرضع.

لذلك حق علينا واجب تقديم الشكر لدول وقوات التحالف التي اسهمت في تحرير العراق وقبلها اسهمت في ايجاد الملاذ الآمن لشعب كوردستان وفي عودة مئات الالوف من الكورد المشردين الى ديارهم, الذين لولا المساعدة الانسانية الايرانية والتركية المشكورة لهلك عشرات الالوف منهم, ثم توفير الامكانيات اللازمة لاجراء اول انتخابات حرة في كوردستان انبثقت عنهاحكومة اقليم كوردستان مما ادى الى ازدهار كوردستان العراق و تقدمها الثقافي والاجتماعي والتجاري خاصة بعد تحرير العراق.

وبذلك ابطلت المقولة القديمة بان لا ملاذ لشعب كوردستان الا جبالها فها هو اليوم ينعم شعب كوردستان (وكذلك سائر الشعب العراقي) بصداقة ومساندة تمتدان من الصين واليابان وكوريا مروراً باوروبا وبريطانيا وصولا الى الولايات المتحدة الامريكية.

فلهم جميعاً الشكر الجزيل والعرفان بالجميل مع التمني عليهم جميعاً بمساندة الشعب العراقي اكثر فاكثر حتى يتم القضاء على آثار الدكتاتورية والدمار والارهاب والتأخر الاقتصادي والحضاري في بلد كان يوماً ما مهد الحضارات الانسانية.

والسلام عليكم ورحمة الله و بركاته.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆك مام جلال سەرۆكی كۆماری عێراق بۆ ئەو وتە بە نرخەی, ئێستاش داوا لە جەنابی كاك مسعود سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەكەین كە وتەكەی ببەخشێت.

**بەڕێز مسعود بارزانی/ سەرۆكی هەرێمی كوردستان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

پێشەكی بەخێرهاتنێكی گەرمی جەنابی برای بەڕێز مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ دەكەم, هەروەها بەخێرهاتنێكی گەرمی برای بەڕێز جەنابی د. ئەیاد عەلاوی دەكەم, باڵیۆزە بەڕێزەكان.

بەڕێز زەڵمای خەلیلزاد باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و باڵیۆز ولیەم پێت باڵیۆزی بەریتانیا و باڵیۆز لی هوان شی باڵیۆزی چین و باڵیۆز بێرنارد باڵیۆزی فەرەنسا و ئاغای کازیمی قومی باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران, هەروەها بەخێرهاتنی هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەین.

لەم رۆژە مێژووییەدا جێگەی شانازییە بۆ هەموو ئەو برایانەی کە رۆڵیان لە دروست کردنی ئەم رۆژەدا بینی, رۆژێکە کە ساڵەهای ساڵە گەلی کوردستان و هەموو دۆستەکانی چاوەڕوانی بوون و بەتەمای بوون, چەند ساڵ پێش ئەمرۆ دیسان لەم شوێنە و لەبەردەمی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە گوتم: هەر رۆژێك بگاتە ئەوەی بەرژەوەندی حزبی, من دڵنیام پارتی و یەکێتی هەردووکیان بەرژەوەندی نەتەوەیی هەڵدەبژێرن, پێش هەڵبژاردنی ئەمجارەش زۆر بەڵێنمان بە جەماوەری کوردستان و دۆستەکانیشتمان دا, کە دوای هەڵبژاردن لەگەڵ جەنابی مام جەلال و سەرکردایەتی هەردوو حزب, یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بە هیمەت و هاوکاری هەموو هاوپەیمانی ترمان هەموو جهودمان دەخەینە کارو تەرکیز دەکەینە سەر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە, سوپاس بۆ خوای گەورە ئەمرۆ ئەوە بوو بە واقیع و ئەوەتە هاتە دی.

دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003 کە بە پشتیوانی هێزی هاوپەیمانان و سوپاسیان دەکەین, دەرفەتێکی تازە هاتە پێش, دەرفەتی بونیادنانی عێراقی فیدراڵی دیموکراتی فرە حزبی, کە بەشی زۆری لەوقوربانیانەی کە دامان وەکو گەلی کوردستان بۆ هێنانەدی عێراقێکی فیدراڵ بوو, هەتا رۆژی کە شۆڕشی گەورەی گەلی کوردستان, شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکرد, دروشمی ناوەندیمان دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو ئەوسا لە 1961. مانای ئەوەیە بەبێ ئەوەی کە عێراق عێراقێکی دیموکراتی بێت نە کێشەی گەلی کوردستان و نە هیچ کێشەیەکی تر لە عێراق چارەسەر ناکرێ, ئەمرۆش ئەو دەرفەتە هاتۆتە پێش, دیسان بۆ ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان جێگەی شانازییە کە رۆڵێکی سەرەکیمان بینیوە و لەمەودواش دەیبینین لە دامەزراندنی ئەو عێراقە فیدراڵیەدا.

رۆژێك کە تەکلیف لە من کرا بۆ وەرگرتنی مەسئولیەتی سەرۆکایەتی هەرێم, پێم وابووە کە مومکینە بتوانین خزمەتێك بەم گەلە بکەین, هەروەها بە عێراقیش. بۆیە ئەم مەسئولیەتەمان وەرگرت و مەبەستی سەرەکیش بۆ ئەوەبوو کە ئێمە دامەزراوەیی بین و ببین بە نموونە بۆ عێراق و زۆر شوێنی تریش, بەراستی لەلای من گرنگ نییە کێ کام پۆست وەردەگرێ, گرنگ ئەوەیە ئێمە بەرەو دامەزراندنی دامەزراوەیی ببات.

ئێستا شێوەی خەبات گۆڕاوە, ئێستا خەباتێکی مەدەنی, سیاسی و دەستوورییە, زەمانی خەباتی چەکداری تەواو بوو, لێرەدا من دەمەوێ پڕ بەدڵ سوپاسی پارتی ویەکێتی وهەموو پێشمەرگە قارەمان و کادیرەکانیان و هەروەها حزبە هاوپەیمانەکانی کوردستانی بکەم بۆ هەموو ئەو قوربانیانەی داویانە لەکاتی خەباتی چەکداریدا, بەڵام ئەمرۆ دەبێ ئەو هەقیقەتە لەبەرچاوی هەموومان بێت کە دونیا گۆڕاوە وشێوەی خەباتیش گۆڕاوە, داواشم بە تایبەتی لە یەکێتی و پارتی ئەوەیە, هەروەها پێشبینیشم ئەوەیە چۆن پێشڕەو بوون لە پێشکەش کردنی قوربانیدان, لە پێشکەش کردنی قوربانیدان, لە پێشکەش کردنی هەرچ قوربانییەك بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشڕەو بن, چونکە بەبێ ئەوە ئێمە ناتوانین ئەو ئامانجە سەرەکیانەی کە هەمانە جێبەجێیان بکەین.

ئومێدەوارم هەردوو حزب ببنە نموونە بۆ حزبەکانی تریش, ببن بە حزبی مەدەنی و بەهیچ شێوەیەك تەدەخول لە ئیشوکاری حکوومەت نەکەن, بەڵکو پشتیوانی لێ بکەن, لەمەودوا دەبێ زۆر زیاتر شەفافیەت هەبێت, بودجە دێت بۆ پەرلەمان و هەموو شت بە پلان و بە عەدالەت بێت لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد, هەروەها دەرفەت بۆ هەموو خەڵکێك بکرێتەوە, دەبێ هەموو لایەك هەوڵ بدەین, بڕوا بەهێز بکەین لەنێوان جەماوەر و حکوومەتی هەرێم, راسپاردەی من بۆ هەردوو بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی ئەوەیە هەموو ئەو برایانەی لە کابینە بەشدار دەبن, دەبێ یەکێك لەو دووانە هەڵبژێرن یا مەسئولیەت یا بازرگانی, نابێ هەردووکی پێکەوە بگرێ.

مەسەلەی ئازادی مەسەلەیەکی مەبدەئیە, دەبێ جەماوەر و تاکە فەردیش هەموویان لە دەربڕینی رای خۆیاندا ئازاد بن, بەڵام دیسان دەبێ لە چوارچێوەی یاسادا بێت, دەربڕینی را یا ناڕازیبوون ئەوە نییە جێگە بسووتێنی و تاڵان بکەیت و تەجاوزی سەر مافی خەڵکی تر بکەیت, ئەو فەرهەنگە پیسە دەبێ نەیەتە کوردستان, بەشێوەیەکی شارستانیانە دەتوانی

گوزارش له رای خۆت بکەیت و هیچ هێزێك ناتوانێ و ناشبێ رێگه له هیچ خەلکێکی کوردستان بگرێ لـه دەربـڕینی رای خۆی, بەلاّم هیچ کەسێکیش بۆی نییه به توند و تیـژی و بـه فـەوزا رای خـۆی دەربـبڕێ, دەبـێ هـەمووومان رێـز لـه یاسـا بگرین و دەبێ یاسا حاکم بێ.

من لێرەدا زیاتر ئەو قسەیەم ئاراسـتەی برایـانی یـەکێتی و پـارتی دەکـەم, مـن زۆر چـاك دەزانـم ئـەو رۆژەی کـه سـوێندم خوارد چ ئیلتیزاماتێك کەوته سەرشانم, بـۆ مـن و بـۆ ئێـوەش ئـەمڕۆ زیـاتر ئـەوە گرنگـه کـه دەتـوانین چ بـۆ کوردسـتان بکەین, ئەو قوربانیەی که داوتانه له پێناوی کوردستان و له پێناوی عێراقی فیدراڵی دیموکراتیـدا بـووە. ئەگـەر چ لـەناو پـارتی یـا لـەناو یـەکێتی کەسـێك هـەبێت تەسـەوری وابێـت بـه ناتـەبایی دەتـوانین شـتێك بکـەین, بەداخـەوە زۆر لـەو رێگایانەش تەجروبه کران و له ئاکامدا هەموومان گەڕاینـەوە بـۆ رێگـەی برایـەتی و تـەبایی و هاوکـاری, چـونکه رێگـەی راست تەنها ئەوەیه, لەبەر ئەوە تەنها مەرجی سەرکەوتن, تەنها مەرجی بەدەستهێنانی گـەورەتر بـۆ گەلەکـەمان ئەوەیـه تەبا بین و پێکەوە بین, هەم پارتی و یەکێتی هەم لەگەڵ حزبەکانی هاوپەیمان.

بۆیه من دلّنیای هەموو ئەو برایانه دەکەم و پەیمانیش بەگەلی کوردستان دەدەم, که من وەکو برایەك بۆ هـەموو لایـەك وەکو یەك دەبم, هیچ فەرق و جیاوازیەك نابێ, پێشی هەڵبژاردن چەند جار لەگەڵ رێکخراوە جەماوەرییـەکان دانیشـتم, یەکێتی قوتابیان و کۆمەڵەی خوێندکاران هاتن و گوتم: وشەی دوایی لای من گرنگـه, کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کوردسـتان یا یەکێتی قوتابیانی کوردستان, ئەو کوردستانییه لای من گرنگه, ئەویتر کۆمەڵـه یـا خوێنـدکار یـا قوتـابی, ئـەوە کـەیفی خۆتانه.

تەنها خاڵێك که من تا ئێستاش بەرامبەری هەست به ئیحراجێکی گەورە دەکەم, کەسوکاری قوربانیانی شـەڕی ناوخۆیـه, بەراستی دەبێ ئێمه ئەو گرێیەش لای خۆیان و لای خۆشمان نەمێنێ, من جارێکی تریش لێرە دووبـارە داوای لێبوردنیـان لێدەکەم, تەنها ئەوانەن من هەست دەکەم پێویستیان بەوەیه مرۆڤ داوای لێبوردنیان لێ بکات.

لەبارەی دابەشکردنی دەسەلاّت, ئەوەلەن دەسەلاّتی موتلەق, بێگومان گەندەڵی دروست دەکات, لەبەر ئەوە دەبێ دەسـەلاّت دابەش بکرێ و شەفافیەت لەهەموو شتێکدا هەبێت, دەبێ به پێی میزاج حوکم نـەدرێ, دەبـێ لەهـەموو شـوێنی، بـەپێی یاسا حوکم بدرێ, ئەم یەکگرتنه زۆر گرنگه بەراشکاوی دەڵێم: ئەگـەر پـارتی و یـەکێتی بـه بـڕواو تـەبایی و برایەتیـەوە بەرەو دامەزرانـدنی دامـەزراوەیی نەچن و نـەبن بـه حزبـی مـەدەنی بـاوەڕ بکـەن مـن زۆر خۆشـبین نـابم, مـن دەترسـم ئەنجامەکەی خراپتر بێت, لەبەر ئەوە داوا له میللەت و پەرلەمانیش دەکەم, ئێوە رێگـه نـەدەن, ئەگـەر رۆژێـك لـه رۆژان تەماشا بکەن بەرەو ئەوە دەچێ که ئەو تەباییه بچووکترین خەلەلی لێ دروست دەبێت, بەڕاستی دەبێ ئێوە رێگه نەدەن, چونکه ئەگەر تەبا نەبن و پێکەوە نەبن, باشتره تۆزێك لێك دووربن, بێگومان لێـك دووربوونەکـەش هـەموومان دەزانـین مەساوی چەندە و چەند به زیانی ئێمه تەواو دەبێت, ئەم یەکگرتنه سەرکەوتنی هەرە گەورەی لەوەدایه کـه پارچـەکانی تـری رزگـارکراوی کوردسـتان بـه ئاسـانی دێنـەوە سـەر هـەرێمی کوردسـتان, ئەگـەر ئەمـه نـەبا بەهانەیـەکی بـەهێز بـوو بەدەست هەر کەسێك بیویستبا کۆسپ له رێگەی گەڕانەوەی شوێنەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست بکات.

لێرەدا من دەمەوێ دڵنیا بوونێکی تەواو بدەم به برایانی تورکمان و کلدان و ئاشووری که کوردستان وڵاتی هەموومانـه و برای یەکین, هەموو مافەکانیان دابین کراوەو دابین دەکرێ, هەروەها دڵنیاین که وەکو برا پێکەوە دەبین لەم وڵاتەدا.

هەروەها پەرلەمانیش دەبێ بەڕاستی وبەتەواوەتی رۆڵی خۆی ببینێ, هـەر وەکو هەمیشـه کـورد رۆڵـی خـۆی بینیـوە, لـه بونیادنانی عێراقی فیدراڵ لەمەودواش رۆڵی خۆی دەبینێ, پێشم وایـه دوای ئیعلانـی ئـەنجامی هەڵبـژاردن, هەرچـەندە من پێموایه دەسکاری کراوە و لەمەشدا هەندێ غـەدر لـه ئێمـه کـراوە وەکـو خـەڵکی کوردسـتان, بـەلاّم دەبـێ ئێمـه رۆڵـی ئیجابی خۆمان هەر ببینین و دەبێ لەسەنگەری دژی تیرۆردابین و تا رزگـارکردنی عێـراق لـه تـیرۆر و تیرۆریسـتان دەبـێ کۆڵ نەدەین و کۆڵیش نادەین, من لێرەدا دەمـەوێ سوپاسـی جهـودی بـرای بـەڕێزم جـەنابی مـام جـەلال بکـەم, هـەروەها جارێکی تریش سوپاسی هەوڵ و تەقەلای هەردوو سەرکردایەتی و هەموو دۆستانی گەلەکەمان دەکـەم کەگەیشـتینه ئـەم رێککەوتنه مێژووییه و جـارێکی تـریش سوپاسـتان دەکـەم و بـەخێرهاتنی هـەموو مێوانـه بـەڕێزەکان دەکـەم و سـەلام و عەلێکم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن؛**

**سوپاسی وتاری بەڕێز کاك مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین, هەردوو وتارەکە تەعبیرە لە ئیرادەی گەلەکەمان دەکات بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کوردی, ئینشاڵلا سەرکەوتوو دەبێ و هەموو جێبەجێ دەکرێن, بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دێنین, زۆر سوپاسی ماندووبونتان دەکەین و هەر بژین.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی - عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی – عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی**

**سێ شەممە رێکەوتی 2006/1/24**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی

سێ شەممە رێكەوتی 2006/1/24

کاتژمێر (1,25)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2006/1/24 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژارن, ساڵی (2006)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی بڕگە یەكی مادده شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, و بەپێی بڕگە یەكی مادده بیستی پەیڕەوەكە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی, بڕیار درا بەرنامەی كاری دانیشتنەكە لە كاتی (1,25)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2006/1/24 دا ساز بدرێت, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

1-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی هەموار كردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراوی هەرێم و, گفتوگۆ كردن و دەنگ لەسەردانی.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی هەموار كردنی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و, گفتوگۆ كردن و دەنگ لەسەردانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان, بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی (2)ی نائاسایی دەست پێ دەكەین, بەرنامەی كار: پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق و بەپێی بڕگە (1)ی مادده (20)ی پەیڕەوەكە و لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی, بڕیار درا بەرنامەی كاری دانیشتنەكە كات (1,25)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2006/1/24دا ساز بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

1-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی هەموار كردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراوی هەرێم و, گفتوگۆ كردن و دەنگ لەسەردانی.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی هەموار كردنی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و, گفتوگۆ كردن و دەنگ لەسەردانی.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بفەرموون بۆ خوێندنەوەی هەردوو پێشنیازەكە, پێش هەموو شتێك داوای لێبوردن دەكەم لە دواكەوتنی دەست پێ كردنی كارەكانمان, لەبەر هۆی فەنی و تەكنیكی صیاغە كردن و تەرجومە كردنی, لە یەكە یەكەتان داوای لێبوردن دەكەم, ئینشائەڵلا هەموو جار هەوڵیش دەدەین و وەعدیش دەدەین دووبارە نەبێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح عبدالله حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمانتان پێشكەش دەكەین, سەبارەت بە هەموار كردنی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (1992) یاسای ئەنجومەنی وەزیران.

**بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان**

**ب/ پرۆژەی یاسا**

**ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان هاوپێچ لەگەڵ ئەم داواکارییە, پرۆژەی یاسای هەموار کردنی حەوتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی (1992) پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەین, بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن.**

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ئیمزایان کردووە:**

**1-شێروان حەیدەری.**

**2-عەونی بەزاز.**

**3-عەبدولکەریم هەماوەند.**

**4-طارق جامباز.**

**5- کەریم بەحری برادۆستی.**

**6- -خەلیل ئیبراهیم.**

**7-د. ناصح غەفور رمضان.**

**8-جەمال محمد قاسم.**

**9-رەشاد ئەحمەد.**

**10- سەردار هەرکی.**

**11-خەمان زرار.**

**12-مەلا سەعدەدین مەلا عەبدوڵلا.**

**13-شیرین عەبدوڵرەحمان.**

**14-د. شوکریە رەسول.**

**15-فخریە مستەفا محەمەد.**

**16-شوکری نێرۆیی.**

**17-احسان عەبدوڵلا.**

**18-خورشید شێرە.**

**ئێستاش برای بەڕێزم کاك عەبدولکەریم پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنێتەوە, با بفەرمووێت.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خودای گەورەو دڵۆڤان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

**پشت بە بڕگەی (1) لە ماددەی (56)و ماددە (53)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو و لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق, ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی رۆژی / /2006 بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:**

**یاسای ژمارە ( ) بۆ ساڵی 2006**

## یاسای هەموار کردنی حەوتەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق
## ذمارة (3) بۆ سالي 1992ي هةموار كراو

**ماددەی یەکەم:**

1 - ئەو بەدەرکردنەی (الاستثناء) لە هەموار کردنی یەکەمی ماددەی چوارەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی هەموار کراودا هاتووە سەبارەت بە مەرجی تەمەن هەڵدەوەشێندرێتەوە.

2 - مەرجە ئەو کەسەی بۆ پۆستی بریکاری وەزارەت دادەنرێت بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەیەکی سەرەتایی زانکۆ بێت.

**ماددەی دووەم:**

1 - بڕگەی (1) لە ماددەی یەکەمی یاسای هەموار کردنی پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: (ئەنجومەن بە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەرێم دادەنرێت و لە سەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێك دێت).

2 - بڕگە (2) لە هەمان ماددە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە: (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگرێکی دەبێت).

3 - بڕگە (3) لە هەمان ماددە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە: أ-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە جێگرەکەی بدات. ب-لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا جێگرەکەی جێگەی ئەو دەگرێتەوە.

4 - بڕگە (2)ی ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە, ( لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆکدا جێگرەکەی کار و فەرمانی پۆستەکە دەگرێتە ئەستۆ بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکان تا دەستنیشان کردنی سەرۆکێکی نوێ لە ماوەی (15) رۆژ و پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم ئەو هەموار کردنانەی بەسەریدا کراوە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە.

أ-ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:

1 - وەزارەتی ناوخۆ.
2 - وەزارەتی دارایی و ئابووری.
3 - وەزارەتی داد.
4 - وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.
5 - وەزارەتی گواستنەوە.
6 - وەزارەتی پەروەردە.
7 - وەزارەتی تەندروستی.
8 - وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.
9 - وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
10 -وەزارەتی دەرامەتە ئاویەکان.
11 -وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.
12 -وەزارەتی پلاندانان.
13 -وەزارەتی ماڤ مرۆڤ.
14 -وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.
15 -وەزارەتی کشتوکاڵ.

16 -وەزارەتی کاروباری شەهیدان.

17 -وەزارەتی رۆشنبیری.

18 -وەزارەتی کارەبا.

19 -وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

20 -وەزارەتی شارەوانی.

21 -وەزارەتی وەرزش و لاوان.

22 -وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

23 -وەزارەتی بازرگانی.

24 -وەزارەتی پیشەسازی.

25 -وەزارەتی ژینگە.

26 -وەزارەتی گەشت و گوزار.

27 -وەزارەتی گەیاندن.

ب-دەکرێ ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزیرێکی هەرێم بگرێتە خۆ.

ماددەی چوارەم:

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی پێنجەم:

ئەنجومەنی وەزیران دەبێ ئەحکامی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی شەشەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش دەقی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان-العراق

استنادا لأحكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه العدد القانونى من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان -العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / 2006 تشريع القانون الاتي:-

**قانون رقم ( ) لسنة 2006**

**قانون التعديل السابع لقانون مجلس وزراء أقليم كوردستان – العراق**

**رقم (3) لسنة 1992 المعدل**

المادة( الأولى):

1 - يلغى الاستثناء الوارد في التعديل الاول للمادة الرابعة من قانون مجلس وزراء أقليم كوردستان – العراق المعدل حول شرط العمر.

2 - يشترط في من يعين بمنصب وكيل وزارة أن يكون حاصلآ على شهادة جامعية أولية على الاقل.

المادة (الثانية):

1 - تعدل الفقرة (1) من المادة الاولى من قانون التعديل الخامس لقانون مجلس الوزراء وتقرأ كالآتي:

(( يعتبر المجلس أعلى هيئة تنفيذية للاقليم ويتكون من الرئيس ونائبه والوزراء))

2 - تلغى الفقرة (2) منها وتحل محلها مايلي:- (( يكون لرئيس مجلس الوزراء نائب))

3 - تلغى الفقرة (3) منها وتحل محلها مايلي:-

أ- لرئيس مجلس الوزراء تخويل بعض من صلاحياته الى نائبه.

ب- في حالة غياب رئيس مجلس الوزراء ينوب عنه نائبهُ.

4 - تعدل الفقرة (2) من المادة ( السابعة) منه وتقرأ كالآتي:-

(( في حالة خلو منصب الرئيس يتولى مهام منصبه نائبهُ لتمشية الامور لحين تسمية رئيس جديد خلال (15) خمسة عشر يوماً وتشكيل الوزارة الجديدة))

المادة ( الثالثة ):

تلغى المادة التاسعة من قانون مجلس وزراء الاقليم والتعديلات الجارية عليها وتحل محلها مايلي:-

أ- يضم مجلس الوزراء الوزارات التالية:-

1- وزارة الداخلية

2- وزارة المالية والاقتصاد

3- وزارة العدل

4- وزارة شوؤن البيْشمەرگە

5- وزارة النقل

6- وزارة التربية

7- وزارة الصحة

8- وزارة العمل والشوؤن الأجتماعية

9- وزارة الاوقاف والشوؤن الدينية

10-وزارة الموارد المائية

11- وزارة الأعمار والاسكان

12- وزارة التخطيط

13- وزارة حقوق الانسان

14- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

15- وزارة الزراعة

16- وزارة شوؤن الشهداء

17- وزارة الثقافة

18- وزارة الكهرباء

19- وزارة الثروات الطبيعية

20- وزارة البلديات

21- وزارة الرياضة والشباب

22- وزارة شوؤن المناطق خارج الأقليم

23- وزارة التجارة

24- وزارة الصناعة

25- وزارة البيئة

26- وزارة السياحة

27- وزارة الاتصالات

ب- يجوز أن يضم مجلس الوزراء وزراء أقليم

المادة ( الرابعة):

لا يعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون.

المادة (الخامسة ):

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة ( السادسة ):

ينفذ هذا القانون إعتباراًمن تأريخ إصداره وينشرفي الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان ئەگەر یاسایەكەی تریش بخوێنیەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح عبدالله حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پێشنیاری ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانتان پێشكەش دەكەین, سەبارەت بە پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسای سەرۆكایەتی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (1) ساڵی 2005.

بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان

ب/ پرۆژەی یاسا

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان هاوپێچ لەگەڵ ئەم داواكارییە, پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسای سەرۆكی هەرێمی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (2005) پێشكەش بە بەڕێزتان دەكەین, داوا لە بەڕێزتان دەكەین كە بخرێتە بەرنامەی كاری كۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن.

لەگەڵ ڕێزماندا

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە ئیمزایان كردووە:

1-شێروان حەیدەری.

2-عەونی بەزاز.

3-عەبدولكەریم هەماوەند.

4-طارق جامباز.

5- كەریم بەحری برادۆست.

6–خەلیل ئیبراهیم.

7-د. ناصح غەفور رمضان.

8-جەمال محمد قاسم.

9-رەشاد ئەحمەد.

10- سەردار هەركی.

11-خەمان زرار.

12-مەلا سەعدەدین مەلا عەبدوڵلا.

13-نازناز محمد.
14-چنار سعد عبدالله.
15-د.شوكريه رەسول.
16-شيرين عبدالرحمان.
17-فخريه مستەفا.
18- عزەدين سەليم.
19- احسان عەبدوڵلا.
20-چرۆ علی حمه ئەمين.
21- شوكرى نێرۆيى.
22- خورشيد شێره.

ئێستاش برای بەڕێزم كاك عەبدولكەريم پرۆژەكه به زمانی كوردی دەخوێنێتەوە, با بفەرمووێت.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ياسای هەموار كردنی يەكەمی سەرۆكايەتی هەرێمی كوردستان به زمانی كوردی دەخوێندرێتەوە.

**بەناوی خوادی گەورەو ميهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستان - عێراق**

پشت بە برگەی (**1**) لەمادەی (**56**) و مادە (**53**) ی ياسای ژمارە (**1**) ی ساڵی **1992**ی هەمواركراو ولەسەر خستنەڕووی ژمارەی ياسايی له ئەندامانی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستان-عێراق, ئەنجومەنی نيشتمانيی له دانيشتنی رۆژی / / **2006** بڕياری دانانی ئەم ياسايەی خوارەوەی دا:

**ياسای ژمارە( ) بۆ ساڵی 2006**

**ياسای هەموار كردنی يەكەمی ياسای سەرۆكايەتی هەرێمی كوردستان – عيراق**

**ژمارە (1)بۆ ساڵی 2005**

**ماددەی يەكەم:**

ماددەی (يەكەم) له ياسای سەرۆكايەتی هەرێم ژمارە (**1**) بۆ ساڵی **2005** هەمواردەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**1**- هەرێمی كوردستانی عێراق سەرۆكێكی دەبێت پێی دەوترێت سەرۆكی هەرێمی كوردستان و هەر بەخۆی سەرۆكی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ كردن و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی كوردستانە.

**2**- سەرۆكی هەرێم جێگرێكی دەبێت كەهاوكاری له ڕاپەڕاندنی ئەرك و دەسەڵاتەكانی دا دەكات و لەكاتی ئامادەنەبوونی دا جێگەی ئەو دەگرێتەوەو هەرخۆشی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەيە.

**3**- سەرۆكی هەرێم هەندێك له ئەرك و دەسەڵاتەكانی خۆی بەجێگرەكەی خۆی دەدات.

**ماددەی دووەم:**

برگەی ( دوازدەم) لەماددەی (دەيەم)ی ياسايەكە هەمواردەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
( دوای دەستنيشانكردنيان له لايەن پەرلەمانی كوردستانەوە سەرەك وەزيران و جێگرەكەی ڕادەسپێرێت بە پێكهێنانی كابينەی وەزارەت ئەويش لەماوەی سی رۆژ له مێژووی راسپاردنەكەيانەوە).

**ماددەی سێيەم:**

ماددەی ( یازدەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە.

(مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی بەیاسا دیار دەکرێت).

**ماددەی چوارەم:**

هەردوو ماددەی سیانزدەم و چواردەمی یاساکە هەڵدەوەشێندرێنەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش دەقی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

**باسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

إستناداً لأحكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1)لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه العدد القانونى من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان -العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / 2006 تشريع القانون الاتي:-

**قانون رقم (  ) لسنة 2006**

**قانون التعديل الأول لقانون رئاسة أقليم كوردستان – العراق**

**رقم (1) لسنة 2005**

**المادة( الأولى):**

تعدل المادة ( الاولى) من قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 وتحل محلها مايأتي:-

1-يكون لاقليم كوردستان – العراق رئيس يسمى رئيس اقليم كوردستان وهو الرئيس الاعلى للسلطة التنفيذية والقائد العام لقوات پێشمەرگە اقليم كوردستان.

2-يكون لرئيس الاقليم نائب يعاونه في أداء مهامه، ويحل محله عند غيابه ويكون نائباً للقائد العام لقوات الپێشمەرگە.

3-يُخَولِ رئيس الاقليم نائبه بعض صلاحياته واختصاصاته.

**المادة (الثانية):**

تعدل الفقرة ( الثانية عشرة) من المادة ( العاشرة) من القانون وتقرأ كالآتي:(تكليف رئيس الوزراء و نائبه بعد تسميتهما من قبل المجلس الوطني لكوردستان – العراق بتشكيل الوزارة  وذلك خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ تكليفهما)

**المادة ( الثالثة ):**

تعدل المادة (الحادية عشرة) من القانون و تقرأ كالآتي:(يحدد راتب و مخصصات رئيس الاقليم  ونائبه بقانون)

**المادة (الرابعة):**

تلغى المادة الثالثة عشرة و الرابعة عشرة من القانون.

**المادة ( الخامسة ):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون

**المادة (السادسة ):**

ينفذ هذا القانون إعتباراًمن تأريخ إصداره وينشرفي الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم لە ماوەی دوو سەعات و چارەكێك بەم یاسایەدا بچنەوە موناقەشەی بكەن, رەئی خۆیان هەموو حازر بكەن, بۆ ئەوەی بتوانین دەرگای موناقەشە بكرێتەوە و بیكەین, بەڵام سەرنج بۆ شتێك رادەكێشم, ئەویش ئەوەیە ئێمە لە ئەساسدا پرۆژەكە بە زمانی عەرەبی نووسراوە, لەبەر ئەوە ئیعتیماد دەكرێت, چونكە مولاحەزم كردووە لە تەرجومە كردنیدا چەند هەڵەیەك هەبوو, تەعدیل كردن هەڵوەشاندنەوە نییە, بەڵكو هەموار كردنە, پێویستە ئەم وشەیە لە كوردیەكە بگۆڕێتن, هەروەها لە قانونی سەرۆكایەتی لە ماددە یەكدا بە عەرەبیەكەی نووسراوە (يُخوِل رئيس الاقليم نائبه بعض صلاحياته واختصاصاته), ئەوەش كوردیەكەی وەكو عەرەبیەكەی لێ بكرێتەوە, سەعات چوار كۆ دەبینەوە, بڕگە بە بڕگە موناقەشەی دەكەین, ئینشائەڵلا تەواوی دەكەین, زۆر سوپاستان دەكەم, لێرەوە كۆتایی بە دانیشتنەكەوە دێنین تا سەعات چوار, زۆر سوپاس.

## دانیشتنی (2) پاش پشوو:

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان, دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستان تەواو دەكەین, ئەو مولاحەزەیەی كە دامان بۆ ئەوەی تەرجومە كوردیەكە چاك بكرێتەوە و ئێستاش چاك كراوەتەوە, ئەوە لە ژێر دەستتاندایە لەوانەیە نوسخەشی كەم بێت و پەیتا پەیتا بۆتان دێنین, لەبەر ئەوە ئەگەر ئیختیلافێكیش بوو لە نێوان هەردوو نەصە عەرەبیەكە وكوردیەكە دەگەڕێینەوە سەر عەرەبیەكە, فەرموو كاك شێروان بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەست بە موناقەشە كردنی تەعدیلی قانونی ئەنجومەنی وەزیران دەكەین, پاشان دێینە سەر قانونی دووەم, بەنیسبەت قانونی تەعدیلی ئەنجومەنی وەزیران ئێستا برای بەڕێزم كاك كریم دیباجەكە دەخوێنێتەوە بە كوردی لەگەڵ ماددە یەك, پاشان كاك عەونی دیباجەكە و ماددە یەك دەخوێنێتەوە بە عەرەبی, ئێمە ماددە بە ماددە رای خۆمان دەدەین و پاش ئەوە دەچینە ناو گفتوگۆ و موناقەشە كردنی پرۆژەكە, سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەناوی خودای گەورەو دڵۆڤان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق**

پشت بە بڕگەی (1) لە ماددەی (56)و ماددە (53)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو و لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق, ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی رۆژی / /2006 بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە ( ) بۆ ساڵی 2006**

**یاسای هەموار كردنی حەوتەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**ذمارة (3) بۆ سالي 1992ي هةموار كراو**

**ماددەی یەكەم:**

3 - ئەو بەدەركردنەی (الاستثناء) لە هەموار كردنی یەكەمی ماددەی چوارەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی هەموار كراودا هاتووە سەبارەت بە مەرجی تەمەن هەڵدەوەشێندرێتەوە.

4 - مەرجە ئەو کەسەی بۆ پۆستی بریکاری وەزارەت دادەنرێت بەلای کەم هەلگری بڕوانامەیەکی سەرەتایی زانکۆ بێت.

**بەڕێز عونی بەزاز:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان-العراق**

**استنادا لأحكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه العدد القانونى من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان -العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / 2006 تشريع القانون الاتي:-**

**قانون رقم ( ) لسنة 2006**

**قانون التعديل السابع لقانون مجلس وزراء أقليم كوردستان – العراق**

**رقم (3) لسنة 1992 المعدل**

**المادة( الأولى):**

3 - **يلغى الاستثناء الوارد في التعديل الاول للمادة الرابعة من قانون مجلس وزراء أقليم كوردستان – العراق المعدل حول شرط العمر.**

4 - **يشترط في من يعين بمنصب وكيل وزارة أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية على الاقل.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر تەوزیحێك دەدەم, دوایی رای لیژنـەی قـانونی لەسـەر ماددەکـە دەدەم, بەنیسـبەت تەوزیحەکـە بـۆ ئـەوەی بـەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وێنەیـەکی ئاشـکرایان هـەبێ لـەو تەعدیلـە, تەعـدیلی رەقـەم یـەك کـرا لەسـەر قـانونی ئەنجومـەنی وەزیران کاتی خۆی کە تەمەنی وەزیر وەکو تەمەنی ئەندامی پەرلەمان بوو کە (30) سـاڵ بـوو, بـەلاّم تەعـدیلی بەسـەر داهات بووە (21) ساڵ, ئێستا ئەو ئیستیسنایە لادەدەین, وەزیر بە هەمان تەمـەنی ئەنـدامی پەرلـەمان دەبێـت کـە (30) سـاڵ کـەمتر نـەبێت, ئەمـە بەنیسـبەت فەقـەرە یـەك, فەقـەرەی دووش وا ئیتیفـاق کـرا کـە ئـەوەی تـەعین دەکـرێ بـە مەنصەبی وەکیل وەزارە ئـەبێ شـەهادەیەکی جامیعی ئـەوەلی هـەبێت, وصیغەکەش وەکیـل وەزیـر نییـە, بـەڵکو وەکیـل وەزارەیە, تێبینی لیژنەی قانونی تەنها ئەوەندەیە کە وەکیل وەزیر ببێتە وەکیل وەزارە و لەگەڵ رێزمدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروەکو مولاحەزەیەك ئەمجارە کوردیەکە راسترە, تەنیا وشە کە بگۆڕێ ئـەویش وەکیـل وەزیـرە ببێتـە وەکیـل وەزارە, کێ قسەی لەسەر ئەم دوو بڕگەیە هەیە, سێ کەس قسە دەکەن, کاك محمد فەرەج, کاك جەعفەر, کـاك شـێخ ادهـم, کـاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یانی ئەو شەرتەی کە دانراوە کە شەرتی عومرە, ئەڵێ ئەچێتەوە سـەر پەرلـەمان, یـانی لێـرە وەزارەت نابەسـترێتەوە بـە پەرلەمان, ئەبێ ئەوە دیاری بکرێ, دەبێ (30) ساڵەکە بگوترێ, ئەگینا بـە مـەفتوحی یـانی هـەر چـەند ئـەوە یـەك, بـە نسبەت بڕگەی دووەم ئەڵێ شەهادە جامعییە ئەوەلیـە, یـانی ئەگـەر مەبەسـتی ئـەوە بێـت مەسـەلەن صنفی یەکـە دووە, ئەمە شتێکی گونجاو نییە, یان بڵێن ئا یان بڵێن نەء کە شەهادەی جامعی هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت مولاحەزەی یەكەمت وەنەبێ لەبەر ئەوەی پەرلەمان (30) ساڵە و وەزارەتیش (30) ساڵ بێت، لەلای من وەكو پەرلەمانیش وایە وەكو پێشتریش قانونی ئەنجومەنی وەزیرانیش هەر (30) ساڵ بوو، ئەو تەعدیلەی كە كراوە ئیستیسنایەك بووە بۆ حالەتێكی تایبەت و بگەڕێتەوە سەر ئوصوڵی خۆی لەگەڵ دەستووری عێراقیشدا شروتێك كە وەزیر دانراوە بە هەمان شێوە دەگونجێت، بەنیسبەت مولاحەزەی دووەمەوە كە دەڵێ شەهادە جامعییە ئەوەلیە یانی بەكالۆریۆس، چونكە ماستەریش هەیە و دبلۆم عالیش هەیە و دكتۆراش هەیە، فەرموو كاك جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من فەقەرەی دوو ئەو حەصانە دانەنرێ، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەزانین كادیرێكی زۆر هەیە كە نەیتوانێ بگاتە ئەو شەهادەیە با ئیحتیرام هەبێ بۆ شەهادەكە، با كراوە بێت ئەوەی ئەو شەهادەی هەبێت یان نەیبێت كە خەریجی مەعهەدە یان ئامادەیی، حەقە ئەو مەجالە بدرێ بە وەكیل وەزیرەكان، سوپاس.

**بەڕێز شێخ ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەز داوای لێبوردن دەكەم ئەگەر بەحسێ من ڤیچەك دەركەڤێ لە هەردوو مادده، بەلێ پەیوەندارە بە ڤە هەردوو مادده، هەروەكی هەمی پەرلەمانتارێت بەڕێز و سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ ڤێ چەندیت دەزانێ ڤە بڕیارا پاش تەوافقێك ماڤبەینە هەردوو حزبا سەرەكی دا ڤە رێككەوتننامە هاتیا و ئیمزا كرن ڤە یاسا دەرچوون و هەندێك تەعدیل تێدا چوون و لێرە ئەز وەكی كوردەكی دەسپێكی دا، وەكی كوردەكی دبێژم، وەكی پەرلەمانتارێكیش، ئەز داوایێ شێوەیەك بكەن لە هەمی پەرلەمانتارێت بەڕێز كە موناقەشە ڤێ یاسایێ بە شێوەیەك بێتە كرن كە ئەڤرۆ سەرۆكێ هەرێما كوردستانێ جەنابی بارزانی وەكی سەرۆكی پارتیش و سەرۆكا ئەنجومەنی وەزیرانیش كە كاك نێچیرڤان بارزانی یە ئەویش لە پارتییە، برایێت یەكێتی موناقەشە ڤێ مەوزوعەی بەو شێوە نەكەن كە دەسەلاتێ زیاتر دەنە جێگرێ ڤە هەردووكا لە سەرۆكاتیا هەرێم و سەرۆكایەتیا ئەنجومەنا وەزیران بۆ! چونكە دوو تەوافقە مابەینا هەردوو حزبا داهەی، پاش دوو ساڵی دی عەینی حاڵ بەلكی سەرۆكا ئەنجومەنی وەزیران ببێتە یەكێتی و سەرۆكا هەرێمی دەبێتە یەكێتی، ئەز داوا دەكەم وەكی كوردەكی موناقەشە ڤێ مەوزوعە بێتە كرن كە هەم قانونەكی سەروبەرا و رێك وپێك دەربكەین بۆ ئایندەیە میللەتی كورد وكوردستانێ و نە لە سیاسەتی دوو حزبایەتی وسوپاس بۆ هەمیان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، مولاحەزەكەت بەجێیە، بەڵام هێشتا كەس موناقەشەی وای نەكردووە و ناشبێ ئینشاللا، چونكە ئێمە لێرە قانون دادەنێین، مەبەستمان قانونەكەیە، تەعدیلاتی ئەم قانونەیە لەبەر رۆشنایی ئەو رێككەوتننامەیە كە ئیمزا كراوە و پەرلەمانیش موصادەقەی لەسەر كردووە، بەنیسبەت ماددەی یەكەم موناقەشە تەواو بوو، تەنیا یەك مولاحەزە هەیە دەمەوێ بڵێم كە شەهادەكەی مەرج نییە بەكالۆریۆس بێت و دەكرێ سانەوی بێت یان دبلۆم بێت، ئەگەر كەسێك تەئییدی ئەو ئیقتراحە دەكات با دەستی بەرزبكاتەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی زیاتر بكەین، ئەگەر نا وەكو خۆی دەیدەینە دەنگدان، لەراستیدا جێگری وەزیر جێگرێكی پرۆفیشنەڵە، وەزیر مەنصبێكی سیاسیە دەكرێ ئینسانێك لەبەر خەباتی، لەبەر پێشمەرگایەتی، لەبەر كەسایەتی، لەبەر هەر سەبەبێك بێت دەبێتە وەزیر، بەڵام بریكاری وەزارەت مەسئولە لە هەموو بابەتێكی وەزارەت، لە هەموو بەشەكانی، ئەگەر شارەزایی تەواوی نەبێ، علمێكی تەواوی نەبێت وەزارەتەكە ئیمكان نییە پێش بكەوێت، ئیمكان نییە سەركەوتوو بێت، بۆیە بۆ وەزیر هیچ شەرتێك دانەنراوە، بەڵام بۆ وەكیل وەزیر ئەو شەرتە دابنرێت پێمان وایە لە قازانجی وەزارەتەكەیە، فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێره:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە پێشنیار کرا بۆ وەکیلی وەزارەت من نالێم خراپە کە شەهادەی گشتییە, بەڵام یەك شت واقیعەکەیە هەموو خوشك وبرایانی ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارن من پێنج ساڵ ونیو وەکیل وەزیر بوومە, پێشنیار دەکەم ئەگەر وەکیل وەزارەت شەهادەی دبلۆمی هەبێ یان صاحب شەهادە بێت و, بەڵام ئیقتراح دەکەم و هەرچەندە لە فەقەرەدا نییە وەکیل وەزیر ئەوەی صلاحیەت بێت نیەتی و وەزیر ئەوەی پێی بگوترێت صلاحیەت نەیداوەتە وەکیل وەزیر, هەتا ڕۆژێك کاك عدنان بە منی وت نابێ هەواش بخۆی, ما یخوله الوزیر وەرە بزانم ئەو صلاحیەتە چییە, دەسەڵاتی وەکیل وزیر مایقرره الوزیر, ئینجا لەبەر ئەوە شەهادەی سێی ناوەندی بکرێت باشترە نەوەك صاحب شاهەدەیەك قوربەسەر بێت و هیچی پێ نەکرێت, ئەمە حەقیقەتە, وەکیل وەزیر هیچ صلاحیەتی نییە, لەبەر ئەوە بەرای من ماددەیەك ئیقتیراح دەکەم بکرێ هەر نەبێ بەعزێ صلاحیەت بۆ ئەو وەکیل وەزیرە فەقیرە دابنرێت, چونکە ڕەنجەڕۆیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیقتراحێکی بەجێیە, بەڵام تائێستا بە پێی عورفەوە تەفاهومێکە بەینی وەزیر و وەکیل وەزیر, وەزیر هەیە هەموو دەسەڵاتی خۆی و زۆربەی دەسەڵاتی خۆی دەداتە وەکیل وەزیر, بەتایبەتی ئەگەر وەکیل وەزیر شارەزا بێت لە بوارەکەی خۆی لە بۆ خۆی باشە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە مولاحەزەیەکی باشە لە نیزامی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەکان یان وەزارەت حەقە ڕەچاو بکرێت لە موستەقبەلدا, بەڵام وەکو مەبدەئی وەکیل وەزارەت مەفروزە صاحێب ئیختیصاص بێت, ئەوەی موافقە لەسەر ئەو بڕگەیە, با ئێستا وەکو خۆی دەخوێنمەوە دوایی دەیدەینە دەنگدان, ماددەی یەکەم: ئەو بەدەرکردنەی یانی (الاستثناء) لە هەموارکردنی یەکەمی ماددەی چوارەم لەیاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی هەموارکراودا هاتووە سەبارەت بە مەرجی تەمەن هەڵدەوەشێندرێتەوە. دووەم: مەرجە ئەو کەسەی کەبۆ پۆستی کاری وەزارەت دادەنرێت بەلانی کەم هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت, ئەگەر رازین ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدان, ئەوە مولاحەزەی کاك فرسەتە, قانونیە, ئەوە ماددەیە دەبێ پێکەوە بدرێتە دەنگدان بڕگە بە بڕگە نییە, و لەرووی پرۆتۆکۆلەوە دوو مەوزوعی لێك جیاوازن, کەواتە بڕگە بە بڕگە دەیخەینە دەنگدان.

یەکەم: ئەو بەدەرکردنەی یانی (الاستثناء) لە هەموارکردنی یەکەمی ماددەی چوارەم لەیاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی هەموارکراودا هاتووە سەبارەت بە مەرجی تەمەن هەڵدەوەشێندرێتەوە.

کێ موافیقە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس, کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ بە ئەکسەریەت وەرگیرا دوو کەس ئیعتیرازی هەیە,

دووەم: مەرجە ئەو کەسەی کەبۆ پۆستی کاری وەزارەت دادەنرێت بەلانی کەم هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت.

کێ پشتگیری لەوە دەکات دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس, کێ ئیعتیرازی هەیە؟ بە ئەکسەریەت وەرگیرا.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**ماددەی دووەم:**

5- بڕگەی (1) لە ماددەی یەکەمی یاسای هەموار کردنی پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموار بکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: (ئەنجومەن بە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەرێم دادەنرێت و لە سەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێك دێت).

6- بڕگە (2) لە هەمان ماددە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە: (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگرێکی دەبێت).

7- بڕگە (3) لە هەمان ماددە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە: أ-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە جێگرەکەی بدات. ب-لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا جێگرەکەی جێگەی ئەو دەگرێتەوە.

برگه (2)ی ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە, ( لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆکدا جێگرەکەی کار و فەرمانی پۆستەکە دەگرێتە ئەستۆ بۆ راپەڕانـدنی کاروبارەکـان تـا دەستنیشان کردنـی سەرۆکێکی نوێ لە ماوەی (15) رۆژ و پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ).

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

المادة (الثانية):

5 - تعدل الفقرة (1) من المادة الاولى من قانون التعديل الخامس لقانون مجلس الوزراء وتقرأ كالآتي:

(( يعتبر المجلس أعلى هيئة تنفيذية للاقليم ويتكون من الرئيس ونائبه والوزراء))

6 - تلغى الفقرة (2) منها وتحل محلها مايلي:- (( يكون لرئيس مجلس الوزراء نائب))

7 - تلغى الفقرة (3) منها وتحل محلها مايلي:-

أ- لرئيس مجلس الوزراء تخويل بعض من صلاحياته الى نائبه.

ب- في حالة غياب رئيس مجلس الوزراء ينوب عنه نا ئبهُ.

4- تعـــــدل الفقـــــرة (2) مـــــن المـــــادة ( الســـــابعة) منـــــه وتقـــــرأ كـــــالآتي:-

(( في حالة خلو منصب الرئيس يتولى مهام منصبه نائبهُ لتمشية الامور لحين تسمية رئيس جديد خلال (15) خمسة عشر يوماً وتشكيل الوزارة الجديدة))

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین, و تەئییدی هـەر چـوار برگـەی ماددەکـە دەکـەین, تـەنها ئەوەندەیـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیران بە پێی یاسای پێشـتر سـێ نـائیبی هـەبوو, واتـە صیغەتی جـەمع بـەکار هـاتبوو, ئێستا صیغەتی مـوفرەد بـەکار هاتووە, چونکە یەك نائیبی هەیە ئیزافەتەن لەسەر ئەوە لێرە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە تەخویلی هەندێ دەسەڵات بۆ نائیبەکەی بکات و ئەگـەر هـاتوو سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران غائیـب بـوو, جێگرەکـەی دەسـەڵاتەکان بـە کاردەهێنی, ئەمە بە حەقیقەت ئەو گۆڕانکاریەیە کە لەسەر ئەو ماددەیەدا هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئێستاش کێ لەسەر ئەو ماددەیە مولاحـەزەی هەیـە بـا دەسـتی بەرزبکاتـەوە و ناوەکـان بنووسـین, ناوەکـان, کـاك جـەمال, کـاك محمـد, کـاك بـارزان, کـاك مـەلا ئـەنوەر, کـاك بکـر, کـاك خورشـید, کـاك رشـاد, دکتـۆرە شـوکریە, خوشـکە کوێستان, کەسی ترمان لەبیر چووە, کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەرجومەی عەرەبی فەقـەرەی (أ) (أ- لـرئیس مجلس الـوزراء تخویل نائبـه بعـض مـن صـلاحیاتە.) مـن پـێم وایـە ئـەوها دروستترە, لەجیاتی (لرئیس مجلس الوزراء تخویل بعض مـن صـلاحیاتە الى نائبـە. ) تـەنها تەقـدیم و تەئخیرەکـە ببێـت, هەر ئەوەندە بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, ئەگەر ناحیەی لوغەویەکە ئەوە راستتر بێت, قانونیەکان تەماشایەکی بکەن, فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تەنها یەك تێبینیم هەبوو لەسەر ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یەك جێگری هەیە, یانی تەسبیت بـووە کە تەنیا یەکی هەبێت, یان مەجال هەیە کە دووانی هەبێت, کەسـیان نـاوێ لـە بـەینیان بێـت باشـترە, بـەرای مـن سـێیان بێـت باشـترە, ئینجـا نەتـەوەی تـر هەیـە تورکمـان هەیـە, ئاشـور هەیـە, خـەڵکی تـر هەیـە, یـانی بـا سـییان بێـت باشـترە مەجالەکە تەسك مەکەن لەبەینی دوواندا, ئەگەر موشکیلەیەك هەبێ یەکێك هەبێ لە بەینیان باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا وەکو مولاحەزەیەك ئێمە ئەو قانونەمان تەعدیل کردووە, لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێککەوتنەی کە تەصدیقمان کرد لێرە, لەو ڕێککەوتنە هاتووە ڕەئیسی مەجلسی وەزەرا و نائیبەکەی, ئەگەر سبەینێ زروفەکی تر هاتە پێشەوە و کەرکووك ڕزگار کرا کەوتە سەر هەرێمی کوردستان, ئیجابی کرد کە جێگرێکی تریش هەبێ و لەبەر ئەوەی نەتەوەی تورکمان گەورەتر دەبن دابنێین, یاخود هەر شتێکی تر پێویست بکات, ئەو وەختە تەعدیلی دەکەین و ئێستا وەزعی کوردستان بەو ڕێککەوتنەی کە تەصدیقمان کرد کیفایەتە و ئیجاب دەکات ئەو تەعدیلە بکەین, کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پرسیارم لا دروست بووە, ئەنجومەنی وەزیران بە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەرێم دادەنرێت لەسەرۆك و جێگرەکەی پێك دێت, ئەی سەرۆکایەتی هەرێم بەشێك نییە لە دەسەڵاتی تەنفیزی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆکی هەرێم نووسراوە لە قانونەکە, ئەگەر سەرۆکی هەرێم بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە, ئەمە باسی حکومەت دەکات, باسی ئەنجومەنی وەزیران دەکات, ئەویش جوزئێکە لە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن, بەڵام سەرۆکی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنە, فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەکەم باسی ئەوە دەکات کە ئەنجومەن بە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەرێم دادەنرێت و لە سەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێك دێت, بە بۆچوونی من بڕگەی دووەمی زیادە, چونکە تەئکید کردنەوەیە لەسەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێك دێت و بڕگەی دووەمیش هەر دەڵێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگرێکی دەبێت, ئەوە دووبارە بوونەوە نییە؟ یانی هەر یەك شێوازە, سوپاس.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم فەقەرەی سێ و لقی أ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە جێگرەکەی بدات, من پشتیوانی لە قسەکەی کاك خورشیدیش دەکەم, تەبعەن پەرلەمان چی نەکردووە بۆ وەزیر چ دەسەڵاتێکی هەبێ و یا بۆ وەکیل, یا بۆ ڕەئیس وەزەرا چ دەسەڵاتێك بدات یان نائیبی ڕەئیس, لێرە پێم باش بوو تەرجومەکەی هەر وابێت بڵێین سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەندێك لە دەسەڵاتی خۆی بە جێگرەکەی دەدات, بۆی هەیە لەوانەیە بە هەوەسی خۆی بێت, یان نایدا, بەهەوەسی خۆیەتی, بەڵام ئەگەر وا بنووسرابایە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەندێك لەدەسەڵاتی خۆی بدات بە جێگرەکەی, ئەمە پشتیوانی لە قسەکەی کاك ادهەمیش دەکات یانی بۆ ئەوە نییە ئەمە بۆ مەرحەلەی ئایندەیە, ڕەنگە دەسەڵاتەکان ئاڵوگۆڕ بکرێت, بۆ هەردوو لایە, لەبەر ئەوە ئەو شتانە نەختێك وازیح بێت, پێم وایە پێویستی بە یاسای تریش هەیە بۆ ڕوونکردنەوە و لەناو پەرلەمان بۆ دەرکردنی هەندێ یاسای تر, یانیش چۆنیەتی تەحدید کردنی ئەو دەسەڵاتانە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەمانەوێ شتێکی بە ڕوونی و بە صەراحەت بڵێین, قانونێکی عام هەیە لە دونیادا نییە مەسئولێك وجێگرەکەی بە قانون دەسەڵاتەکەیان جێبەجێ بکەین, موئەسەسەیەکە, ڕەئیس هەیە, نائیب هەیە, لیژنەی تەنفیزی هەیە و مەجلیسی ئیستیشاری هەیە, ئەگەر تەفاهوم لە نێوانیاندا نەبێت بە قانونیش تەفاهوم دروست ناکرێت, بەڵام بە قانون تۆ تەقسیمی سوڵتات بکەیت و دەسەڵات تەوزیع بکەی, ڕاست نییە و لەهیچ شوێنێك نەبووە, لەبەر ئەوە هەر دەبێ ئەو جوملەیە کە لەهەموو دونیادا مەقبولەو دانراوە, لە تەعریفی وەزارات و لە نیزامی داخیلی وەزارات, وەزیر دەسەڵاتی وەزارەتەکەی هەیە و بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکەی بداتە جێگرەکەی و بیداتە بریکاری وەزارەتەکە, ئەوە لەبەر

رۆشنایی تێگەیشتن, لەبەر رۆشنایی تـەفاهوم, لەبـەر رۆشـنایی چـۆن راپەڕانـدنی ئـیش وکارەکـان دەبێتـە وەکیـل وەزیـر, ئەگەر بێتو لێرەدا ئێمە ئەو ململانێیە تەسبیت بکەین قانونیەن, مانای وایە رێگە نادەی بـە دامەزرانـدنی موئەسەسـات, بـەڵام ئەگـەر وەزیرێـك پێـی وابـێ هـەموو دەسـەڵاتەکە تـەنها لـەلای خۆیـەتی, تـەنها خـۆی ئـەبێ ئیمـزا بکـات, ئەمـە دەگەڕێتەوە سەر باش تێنەگەیشتنی وەزیرەکە بۆ ئیشەکەی, ئەگەر نا وەزیر بۆ خۆی باشترە کـە وەکیـل وەزیرەکـە وەکـو عەرزم کردن پرۆفشنەڵە, فەنییە, تەکنیکیە, هەرچی ئیشی وەزارەت هەبێ عیلاقەی بە جانبی فـەنی و تـەکنیکی هـەبێ, مەفروزە بدرێتە وەکیل وەزیرەکە, ئینجا وەکیل وەزیرەکە لە حزبەکـەی خـۆی بێـت یـان لـەوی تـر بێـت, مـەفروز نییـە لەوەزارەت ململانێ بکرێ و حزبایـەتی هـەبێت, لـە وەزارەت مـەفروزە ململانـێ هـەبێت بـۆ باشـترین خزمـەت کـردن بـۆ خەڵك, راپەڕاندنی, ئیش وکاری خەڵك, جێبەجێ کردنی ئیش وکاریان, نەهێشتنی رۆتین, پرۆژە تەقدیم کردن و ئەوانە هیچێکیان ئیجاب ناکات بڵێ ئەوەندە بۆ من وئەوەندەش بۆ تۆ, بۆیەش من بەش بـەحاڵی خۆمـەوە پـێم بـاش نییـە, مـن خۆم وەزارەتیشم کردووە, لە سەدا حەفتاو پێنجی مەسئولیەتم داوەتە بریکار لـە وەزارەتـی داد بـووم, بـۆ خـۆمیش هـەر قازانج بوو و ئیشەکانیش باشتر رۆیشت, ئێستاکەش ئەگەر ئیجازەش هەبێ لە رووی فەنییەوە ئەویش داوێتـە لیژنـەکان, هەرچی شتێك دەبوو لیژنە وەرە کۆببەوە وشتێ بکە, بۆیە مـن پـێم وایـە ئـەوە باشـترین ئسلوبە بـۆ راپەڕانـدن, چونکە وەزیرێك دەچێتە سەر وەزارەتەکەی عەلەل ئەکسەر مەنتیقەن وەکیل وەزیرەکە باشتر تێدەگات لە ئیش وکاری وەزارەت, لەبەر ئەوە ئەگەر نەیدا ئەوە مەسئولیەتەکە خۆی تەحەمولی دەکات, فەشەلی هێنـاوە, خـۆی یەکـەم کەسـە کـە فەشـەل دەکات و دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو, بۆیە مەنتیقەن ئەوەیـە وەزیـر خـۆی دێت بـە وەکیلەکەی دەڵێت هەرچـی ئیشـی فەنییە و ئیشی وەزارەتی رۆژانەیە کە عیلاقەی بە خیبرەوە هەیـە بـۆ تـۆ بێت, جا قـەرارە سیاسـیەکە بـۆ مـن بێـت لـە کۆتاییدا, قەرارێك پێویست بە گۆڕین دەکات و رەچاوی زۆر شت بکرێت لای من بێت, کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرە چواردا هاتووە دەڵێ لە حاڵەتی چۆڵ بـوونی پۆسـتی سـەرۆکدا جێگرەکـەی کـارو فـەرمانی پۆسـتەکە دەگرێتـە ئەستۆی بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکان تا دەستنیشان کردنی سەرۆکێکی نوێ لەماوەی پـازدە رۆژدا, حـەز دەکـەم ئـەوە بڵـێم ئێمە موشکیلەیەکی بچووکی نیو سەعاتیمان بە حەفتەیەك پێ حەل ناکرێت, تەشکیلی وەزارەتێك موشکیلەیەك دروست بوو پازدە رۆژ, بەرای من ئیحراجێکی زۆر گەورەیـە, بـەلانی کەمـەوە مانگێـك فرسـەتیان بـدەنێ, یـانی قەناعـەتی هـیچ کەسێك لە ئێمە کە واقیعی خۆمان دەبینین نازانم هەتا چەند ساڵ بووە, پـازدە رۆژ لـە تەشـکیلی وەزارەت ئـەوە خۆمـان دەبینین لە دوو سێ تەجروبەوە, بۆیە ئیقتیراح دەکەم ببێتە (30) رۆژ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبینین هەندێ جار تەوزیح دەدەم بۆ ئەوەی شتەکە دووبارە نەبێتـەوە, لێـرە ئـەوەی لێـرە هـاتووە دەڵـێ (فی حالـه خلـو منصـب رئـیس الـوزراء ) خلـو یـانی خوانەخواسـتە ئیسـتیقالەی داوە, حادیسـەکی بەسـەردا هـاتووە, نـەك ئیسـتیقالەی وەزارەت, ئەگەر وەزارەت ئیستیقالەی بکات ئـەوە ئەزمەیـەکی وەزاری هەیـە, کەواتـە مەسـەلەکە تـەنها گـۆڕینی رەئیسـی وەزەرایـە, کابینەکـە ناگۆڕێـت دەستنیشـان کردنـی رەئـیس وەزەرا کـرا و ئـەوە پـازدە رۆژی ناوێـت تـا گـۆڕانکاری بوێـت, تەشکیلی وەزارەت مانگێکی بۆ دانراوە کە تەکلیف دەکرێت لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە مانگێکی بۆ دانراوە, بـەڵێ قسـەی جەنابت راستە بۆ ئەو حاڵەتە دەڵێ ئەگەر خلوی کرد مەسـەلەکە, کەواتـە دەستنیشـانکردنی تـەنها ئـەو شەخصـەیە دوو هەفتە بەسە, کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده دوو ژمارە سێ, فەقەرە (أ) (لرئیس الوزراء) وای بەباش دەزانم ببێتە (علی رئیس الـوزراء تخویـل بعـض صلاحیاته الی نائبه) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(علی) ناكرێت قانونەن, (علی) وەكو ئەمرە, لێرە دەسەلآت دانە, هەرچەندە من قانونی نیم, بەلآم لەناو ئەوانە فێر بوومە (یجب, علی) و ئەوانە لە قانوندا زۆر دروست نییە, یانی دەسەلآتەكەی دەدەیتێ و ئیحتیرامەن ئەو جوملەیە بەبەلاش نەهاتووە, (للرئیس) ئەصلەكە هی خۆیەتی تۆ پێت نەداوە, (یجب)ەكە زەعیفی دەكات (یخول لە ) ئەوانە باشترە, خۆی صەلاحیەتەكە هەیە, د. شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د. شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش رای خۆم دەخەمە پاڵ رای كاك بكر فتاح, چونكە بەراستی لێرە هیچ دیار نییە كە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە كامە لە دەسەلآت, ئێمە دەسەلآتی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ئەزانین چییە, ئەی هی وەكیل وەزیر چییە, بۆمان روون بكەنەوە بۆ ئێمە و ئەو كاتە شتێك, هەلێك دروست نەدەبوو, ئەو بڵێ ئیشەكانی من تۆ ئەیكەی و من ئەو ئیشە ناكەم چونكە هی من نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەسەلآتەكانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران زۆرە, ناكرێت ئێمە لە قانونێكدا یەك, دوو, سێ, چوار, دەسەلآتی هەیە لە ئیمزا كردنی كتێب تا سەرف كردنی پارە, تا ئیمزا كردنی شتی موشتەرەیات, تا ناردنی خەڵك بۆ دەرەوە ئەوانە هەموو دەسەلآتن, بۆی هەیە هەم سەرۆك وەزیران و هەم وەكیل وەزیر ئەو دەسەلآتانەی كە دیارە بەشێكی بداتە نائیبەكەی یان بەشێكی بیداتە بریكارەكەی, دوایی ئەوە ئیتیفاقێكە و موصادەقەمان لەسەر كردووە, لەبەر رۆشنایی ئەو ئتیفاقە ئەو تەعدیلاتەمان كردووە, ئەوان بە نیزامی مەجلیسی وەزەرا ئەوە قانونە, بەلآم خۆشیان نیزامیان هەیە, وەكو هەر وەزارەتێك نیزامی خۆی هەیە, بە نیزامەكە دەسەلآتەكان تەحدید دەكرێت دەدرێت بەو كەسە كە ببێ بە مودیر عام تا دواییش, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی پرسیارەكان جەنابت وەلآمت دایەوە, بەلآم من حەز دەكەم تەنها یەك روونكردنەوە بڵێم ئەویش ئەوەیە: ئەو پرۆژەیە لەسەر ئەساسی ئەو رێككەوتننامەیە كراوە, واتە مەبدەئی تەوافق و مەبدەئی شەراكەت دەورێكی ئەساسی هەیە لەو پرۆژەیە و ئێمە نەمانویستووە بچینە عومقی مەسەلەكان, تەنها ویستومانە تەرجومەی پرۆژەكە بكەین بە یاساكردنی پرۆژەكەیە, حەق وایە ئێمە هەندێ مەجال بەجێ بهێڵین بۆ ئەنجومەنی وەزیران, كابینەی تازەی یەكگرتوو ئەگەر هات دەوامی كرد بۆ خۆیان پرۆژە تەقدیم بكەن و چی بیانەوێ بۆیان بكەین, لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەی جەنابت روونكردنەوەت دا, بەلآم من جارێكی تر تەئكید لە قسەكەی كاك جمال یوسف و كاك بەكر دەكەمەوە, راستە ئێستا ئیتیفاقی سیاسی هەیە لە نێوان پارتی و یەكێتی بۆ دەورەیەك و دوو دەورەی تر, بەلآم بۆ موستەقبەلی كورد ئێمە ئەم یاسایە هەموار دەكەین, زەمان چییە كە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران هەندێ لە صەلاحیەتەكانی خۆی بدات بە جێگرەكەی, شتێكی تر هەیە برگە چوار كە نووسراوە لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆكدا جێگرەكەی كارو فەرمانی پۆستەكە دەگرێتە ئەستۆ بۆ راپەڕاندنی كاروبارەكان تا دەست نیشان كردنی سەرۆكێكی نوێ لە ماوەی پازدە رۆژ و پێكهێنانی وەزارەتێكی نوێ, ئەوە وازیح نییە, ئەو وەزارەتێكی نوێ مەبەست چییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ دەربارەی زەمان, (ضمان) پێش هەموو شتێك متمانە و سیقەیە, زەمان ئەو رێككەوتنەیە كە لێرە هەردوو بەڕێز مام جەلال و كاك مەسعود ئیمزایان كرد, زەمان ئەوەیە كە پەرلەمان شاهیدە, بێجگە لەوە شتێكی تر هەیە, دەڵێ ئەگەر

لايەنێك لە حكومەتەكە ئینسیحابی كرد حكومەتەكە سقوت دەكات, كەواتە ئەگەر بێتو هەر تەرەفێك ئیلتیزامی نەكرد بەو رێككەوتنە دەتوانێ ئیجرائاتی خۆی وەربگرێت و ئینسیحاب بكات و ئەو وەختە حكومەت سقوت دەكات, بۆیە زەمانەكە لەوەدایە, بەنسبەت نوقتەی دووەمی كە ئەگەر بێتو سەرۆك وەزیران نەما, وەزارەتەكە ئیعتیبار دەكرێ بە موستەقیل, یانی ئۆتۆماتیكیەن, ناكرێت تەنها سەرۆك وەزیرانەكە تەعین بكەیت, دەبێ رەئیس وەزەراكە كە تەعین كرا ئەگەر عەینەن لە وەزارەت ماوە یان تەعدیلی كردووە بێتەوە ئێرە و جارێكی تر متمانە بدات, چونكە سەرۆك وەزیران مەنصەبەكەی خلوی كرد بە هۆی هەر سەبەبێك بێت, ئیستیقالە بێت, یا وازهێنان بێت, گۆڕانكاری بێت, ئەوە وەزارەتەكە هەمووی ئیعتیبار دەكرێ بە موستەقیل, ئیتیفاقە هەردووكی وەكو یەكە, فەرموو كاك ادهەم.

**بەڕێز شێخ ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئاخافتنێ نوكەی جەنابتەدا تەناقوضە ك دەبینم, كاك خورشید پرسیار كری بۆ ماوە, كە ماوەی درێژ كەی, جەنابت لێرە نوكە گوتت ڤە ماوەی پازدە رۆژە تەنها یەك شەخص دێتە گۆڕین, لەبەر حادیسەك یا هەر شتەكێ, نوكا جەنابێ تە جوابا پرسیارا پەرلەمانتارێ دا جەنابت بێژێ ئەگەر سەرۆكی ئەنجومەن چووتبێ وەزارەت هەمیێ بێتە ڤە گۆڕین, ئایا لێرە چ تەناقوض تێدا نابینی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر تەناقوض نییە, عەفوم دەكەی یاشێخ, سەرۆك وەزیران كە نەما حكومەتەكەی ئیعتبار دەكرێ بە موستەقیل, بەڵام ئەزمەیەك دروست نەبووە تۆ قەرار بدەی وەزیرەكان بگۆڕی, یاخود ئەزمەیەكی سیاسی نییە لەگۆڕێ, تەنیا ئەو تەرەفەی كە رەئیس وەزەرایە و لەلایەن ئەوەوە كە دەڵێ فلان كەس رەئیس وەزەرایە, لەبەر ئەوە ئەو كێشەیە دروست نابێت, بلێ وەزیر كێیە و من موافقم لەسەر ئەوە, نەخێر ئاوا نییە, یانی كادیرەكە حازرە كەدەست نیشان كرا دێت, بەڵام قانونەن كە رەئیس وەزەرا نەما وەزارەتەكە ئیعتیبار دەكرێ  موستەقیلە, دوا وەڵام كە كاك مەلا ئەنوەر بوو باسی كرد كە دەڵێ مەجلیسی وەزەرا ئەعلا هەیئەی تەنفیزیە لە هەرێم و (یتكون من الرئیس و نائبە و الوزراء) پێشتر وانەبووە, ئەوە دیسان لەبەر رۆشنایی ئیتیفاقەكەیە, هەیئەتەكە هەیئەی تەنفیزیە وبەرزترین هەیئەیە بریتییە لە سەرۆك وەزیران و جێگرەكەی و وەزیرەكان, ئەو صیغەیە لەگەڵ نەصی ئیتیفاقەكە دەگونجێ, بەڵام ئەوە بۆ تەوزیحی پرسیارەكە بۆ سەرۆكایەتی هەرێم, دەڵێ هەیئەتی رەئیس وەزەرا ئەعلا سوڵتەی تەنفیزیە, بەڵام كە دێیە سەر سەرۆكی هەرێم, دەڵێی (الرئیس الاعلى للسلطة التنفیذیة) ئەوە جیای كردۆتەوە, فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە كەواتە وشەی وەزارەتێكی نوێ ئەبێ بگۆڕێ بۆ سەرۆكێكی نوێ, چونكە وەزارەتەكە وەزیرەكان دەگرێتەوە, كابینەكە وەكو خۆی دەمێنێتەوە, تەنها سەرۆكی حكومەت دەگۆڕێ لەو كاتە, پرسیارەكە ئەوەی لای ئێمە روون نییە, ئایا بە گۆڕانی سەرۆكی حكومەت بەهەرچ هۆیەك بێت ئەنجومەنی وەزیران دەگۆڕێ یان بەس سەرۆكەكە ئەگۆڕێ, ئەگەر بەس سەرۆكەكە بگۆڕێ دەبێ ئەو وشە بگۆڕێ ببێتە سەرۆكێكی نوێ نەوەك وەزارەتێكی نوێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قانونەن باسمان كرد, وتمان ئەگەر سەرۆك جێگاكەی خلو بوو یان نەما, وەزارەتەكە ئیعتیبار دەكرێ سقوتی كردووە, ئیستیقالەی كردووە, بەڵام مەنتیقەن تەنها رەئیس وەزەرا دەگۆڕێ, بەڵام بۆی هەیە كە بێ تەقدیمی وەزارەتەكەی دەكات, جارێكی تر سوێند بخۆن و گۆڕانكاری بكات, بەڵام مەبدەئیەن هیچ گۆڕانكاریەكی پێ ناوێت تەنها رەئیسەكە دەگۆڕێت, ئەگەر بێتو ئیمزا بكات و وەزیرێك بگۆڕی و دوو وەزیر بگۆڕی, بۆی هەیە, چونكە وەزارەتەكە تازەیە هەمووش دەتوانێ بگۆڕێ, بەڵام من وەڵامەكەی كاك خورشیدم بۆیە داوە وتم پازدە رۆژ, لەوە ناچێت ئەگەر بێتو رەئیسی وەزەرا مەنصەبەكەی ئەگەر خلوی كرد و نەما لەبەر هەر هۆیەك بێت, مانای وایە ئەزمەیەكی وەزاری دروست بووە, یاخود تەرەفێك ئیستیقالەی كردووە, كێشەیەك هەیە تەنیا شەخصێكە, بۆیە تەصور ناكرێت ئاوای لێ بێت, ئەوە

شەخصە کە تەسمیە کرا مەفروزە بێ کێشە لە خیلالی چەند رۆژێکدا ئەو پەڕی دوو هەفتەدا بتوانێت وەزیرەکان ئەگەر گۆڕانکاریش بکات، ئەو گۆڕانکاریە فەرق دەکات لەگەڵ ئەوەی تۆ ئینتیخاباتێکت کردووە و تەکلیفی رەئیس وەزەرا و یان جێگرەکەش دەکەی بۆ تەشکیلی وەزارەت ئەو وەختە زۆری دەوێت، راوێژی دەوێت لەگەڵ حزبەکانی تر، گفتوگۆی دەوێت، ئیتیفاقی دەوێت، لەوانەیە حزبێك بڵێ ئەو وەزارەتەم ناوێ ئەوەم دەوێ ئەوە وەختی دەوێ، بەلام لەو حاڵەتەدا ئەوەی تێدا نییە، ئەگەر موناقەشەتان نەماوە فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو وەزارەتانە بکرێ بە کابینە باشترە، مادام باسی رەئیسە کە نەما کابینەکە ئەویش هەڵدەوەشێتەوە، کابینە باشترە لە وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە قانوندا کابینە نییە، لە ئیعلام و لە لایەنی سیاسی کابینە هەیە، بەلام لە قانوندا وشەی کابینە نەهاتووە، لەبەر ئەو هۆیە نەمانهێناوە، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من رەئیس وەزەرا لە پازدە رۆژ دابنێین، بەلام لە شوێنێکی تر ئەگەر تەشکیلی کابینەی تازە سی (30) رۆژ بێت بۆ ئەوەی رەئیس وەزارەت تەشکیل بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برام ئەوەم دوو سێ جار روون کردەوە، دانانی وەزارەتی تازە لەبەر رۆشنایی یان گۆڕانکارییەکی گەورە دەبێت، یان هەڵبژاردن دەبێت پێویست دەکات گفتوگۆو راوێژی لەسەر بکرێت، وەکو ئێستا هەیە، ئێستا ئێمە تەشکیلی وەزارەتێکی یەکگرتوو دەکەین، کاتی ویست تاکو گەیشتینە ئەو ئیتیفاقە، کاتیشی دەوێ تاکو رێك دەکەوین فلان ببێتە وەزیر و فلان ببێت بە وەزیری تر، بەلام ئەوە شتێکە کە سەرۆك وەزیران شوێنەکەی چۆڵ دەبێت، لەبەر هەر هۆیەك بێت واتە دەست نیشان کردنی سەرۆك وەزیرانە، بەلام ئەوەشمان وت، وتمان ئەگەر ئیجاب بکات گۆڕانکاری بکات، قانونەن وەزارەتەکە بە موستەقیل حیساب دەکرێت و سقوت دەکات، یانی مولابەسەکەی فەرق دەکات، لێرە پازدە رۆژە چونکە ئاسانە، قەیران نییە، کێشە نییە، لەوێ (30) رۆژە پێویست بە کاری زیاتر دەکات و پێویستی بە گفتوگۆی زیاتر دەکات، خۆی لە کوردیەکە ماددەی دووەم کە دەڵێ (ئەنجومەن بالاترین دەسەلاتی جێبەجێکردن) خۆی (دەستەی جێبەجێکردنە ) ئەوە لاتان چاك بکرێتەوە، پێشتر عەرزم کردن ئەگەر ئیختیلاف هەبوو هەر نەصە عەرەبیەکە ئەساسە، هەر ئیختیلافێك هەبوو لە کوردیەکە، ئێمە نەصە عەرەبیەکەمان لا ئەساسە، چونکە لە عەرەبی تەرجومە کراوە بۆ کوردی، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تەوزیحێکم هەیە لەسەر قسەی کاك رشاد کە دەڵێ (علی رئیس مجلس الوزراء تخویل بعض صلاحیاته) جەنابت گوتت کە ئەمە صیغەی ئەمرە و شتێکی نایاساییە، تەنها ئەو تەوزیحەم هەیە قەواعیدی قانونی کە تەعریف دەکرێ هەموو صیغەی کە پێی دەگوترێت (قواعد امره و مجرده) تەنها ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەخوێنینەوە، ماددەی دووەم بڕگە یەکی لە ماددەی یەکەمی هەموار کردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموار دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم: ئەنجومەن بە بالاترین دەستەی جێبەجێ کردنی هەرێم دادەنرێت و لە سەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێك دێت.

دووەم: بڕگەی دوو لە هەمان مادده هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگرێکی دەبێت :
سێ یەم: بڕگەی سێ لە هەمان مادده هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:
أ-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە جێگرەکەی بدات. بیەوێ لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگرەکەی جێگەی ئەو دەگرێتەوە.

ئەمە بەیەکەوە بەستراوە ئەم سێ خاڵە، رەنگە چوارەم هەندێ جیاوازی هەبێت، ئەم سێیانە پێکەوە دەیانخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی موافیقە لەسەری دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، ئەوەی ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ یەك کەس ئیعتیرازی هەیە، بڕگەی دوو ماددەی حەوتی یاساکە، لە ماددەی پێشوو حەوتە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەو سێ خاڵە هەیە دێتە مادده دوو و هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆکدا، جێگرەکەی کارو فەرمانی پۆستەکە دەگرێتە ئەستۆ بۆ راپەراندنی کاروبارەکان تا دەستنیشان کردنی سەرۆکێکی نوێ لە ماوەی پازدە رۆژەوە پێك هێنانی وەزارەتێکی نوێ، کێ موافیقە لەسەر ئەوە دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ بە ئەکسەرییەت وەرگیرا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

ماددەی سێیەم:
ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم ئەو هەموار کردنانەی بەسەریدا کراوە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە.
أ-ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:

1 - وەزارەتی ناوخۆ.
2 - وەزارەتی دارایی و ئابووری.
3 - وەزارەتی داد.
4 - وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.
5 - وەزارەتی گواستنەوە.
6 - وەزارەتی پەروەردە.
7 - وەزارەتی تەندروستی.
8 - وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.
9 - وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
10 -وەزارەتی دەرامەتە ئاویەکان.
11 -وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.
12 -وەزارەتی پلاندانان.
13 -وەزارەتی مافی مرۆڤ.
14 -وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.
15 -وەزارەتی کشتوکاڵ.
16 -وەزارەتی کاروباری شەهیدان.
17 -وەزارەتی رۆشنبیری.
18 -وەزارەتی کارەبا.
19 -وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.
20 -وەزارەتی شارەوانی.
21 -وەزارەتی وەرزش و لاوان.

22 - وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

23 - وەزارەتی بازرگانی.

24 - وەزارەتی پیشەسازی.

25 - وەزارەتی ژینگە.

26 - وەزارەتی گەشت و گوزار.

27 - وەزارەتی گەیاندن.

ب-دەکرێ ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزیرێکی هەرێم بگرێتە خۆ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەکەین و، تەئیدی ماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ژمارە 10 هەڵەیەکی تێدا هەیە لە کوردییەکەی، تەبعەن موارد مائیە هەیە بە عەرەبییەکەی، بەڵام کوردییەکەی کراوەتەوە وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان من پێم وایە بە هەڵە تەرجومە کراوەتەوە، (الموارد المائیة) مانای (الثروة المائیة) دێت، ئینجا ئەگەر پێتان باشە عەرەبیەکەش بکەنە (الثروة المائیة)، بێت باشترە، هەروەك بە خۆی واریدێکە بڵێین الثروة المائیة، بەڵام تەرجومەکەی بکەینە وەزارەتی سامانە ئاوییەکان، باشترە، چونکە مورد جودایە، لێرە مورد دەستکەوتی پارە نییە، الموارد المائیە یەعنی (الثروة المائیة) دێ، یان عەرەبییەکەی بکەنە(الثروة المائیة)، ئەو کاتەی کوردییەکەی دەبێتە سامانە ئاوییەکان، چونکە لێرە بە غەڵەت تەرجومە کراوەتەوە، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر، وەزارەتی 22 کاك کریم خۆی چاکی کردەوە، خۆی تەبعەکەی بە غەڵەت هاتووە، وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم خۆی چاکی کردەوە، وتی وزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئێمە زیاتر ئیعتیمادمان لەسەر ناوی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵ کردووە، حکومەتی فیدراڵ دەڵێت الموارد المائیە، بە کوردییەکەی دەبێتە مواردی مائیە، کوردییەکەی چ بێت وا دەنووسرێ، من وتم عەرەبییەکەی قبوڵە کوردییەکەی چ بێت ئەوە قبوڵە، ئەوەی تریش خوێنرایەوە و چاك کرایەوە، لامەکە زیادە، کاك دیلمان، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە وا پێ دەچێت ناوی ئەو دوو وەزارەتە لەسەر حکومەتی فیدراڵ هاتبێ، بە تەسەوڕی من ئەو دوو وەزارەتە زیادن، یەعنی هەژماردن لەو وەزارەتە لە حدودی 38 کەس بێت، ئەگەر پێنج شەشەکی زیادیش هەبێتن، دوو وەزارەتیش خارجی اقلیم، ئەو وەزارەتە بۆ ساڵێك بێتن، چونکە دەستوری عێراق ئەمما بە پێی (58)ەکە، لە 2007 تەواو بیتن، ئینجا دێینە سەر ئیلغای ئەو وەزارەتانە، لە جیاتی ئەو وەزارەتانە هەیئەتێك بیتن تابعی ئەنجومەنی وەزیران بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت ئەمە حکومەتی فیدراڵ چەندە، ئەوەی کە پێویستە بۆ هەرێم لێمان وەرگرتووە، ئێمە وەزارەتی خارجیمان نییە، چونکە لێرە ئیختصاصی حکومەتی فیدراڵە، چونکە هەندێ وەزارەت هەیە هەروا، بەنیسبەت وەزارەتێك بۆ دەرەوەی هەرێم، لەبەر ئەهمیەتی کەرکووك و ناوچەکانی تر کە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 136 کە بە ماددەی 58 مەشهورە، موئەسەسەیەکمان دەوێت لە موستەوای وەزارەت بێتن، زۆر موناقەشە کراوە، بۆیە وەزارەتێکمان دایێ، چونکە پێش کۆتایی 2007، دەبێت ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێتن، پێویست دەکاتن هەموومان،

هەموو جهودێكمان بۆ سەرف بكەن, بۆ ئەهمیەت دانێكە بەو ناوچانە, گرنگیەكی زۆر هەیە, كەی جێبەجێ بوو؟ ئێمە وەزارەتەكە ئیلغا دەكەین, شیرین خان, فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمان دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی (ب) كە دەڵێت(یجوز ان یضم مجلس الوزراء وزراء اقلیم), بەلای من باشترە بكرێتە(یجب ان یضم مجلس الوزراء وزراء اقلیم), بەس ئەڤە, یەعنی ئەو (یجوز)ە داعی نیینە, بۆچی یجوز؟ بۆچی ئیحتیمال, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یجوز باشترە, چونكە هەندێ حاڵەت دێتە پێشەوە وەزیری هەرێمی نەوێت, وەزیری هەرێم بۆ كاروباری تایبەتە, مەسەلەن لەبەر ئەوەی ئیتفاق هەیە دوو وەزیر یان چوار وەزیری هەرێممان هەیە, بۆ كاروباری وەزارەتێكی تر, بەڵام ئەگەر ئەوەش نەبێت, هەندێ جار وەزیری هەرێممان دەوێت بۆ كاروباری دەرەوە یان بۆ ئەنجومەن یان بۆ هەر شتێكی تر بێت, لەبەر ئەوە بوترێتن یجوز, دەرگا دەكرێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها ئیزافەیەك بۆ وەزارەتی كاروباری شەهیدان ئەنفال ئەڵێم بكرێت, چونكە ئەنفال, عەمەلییەی جینۆسایدە, حاڵەی شەهیدی تەبیعی نییە, چونكە ئەو حاڵەتە ئەنفالە من وا دەزانم ئەگەر حكومەتی مەركەزی بكەوێتە حاڵەی ئەوەی تەعویز وەربگرینەوە لێیان, یەعنی وەك حاڵەتێكی بەشدار كردنی حاڵەتی جینۆسایدەكە, وەكو شەهیدی تەبعی نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوەش راستە, بەڵام شەهیدان ئەنفالیش هەر شەهیدن, فەرموو.

**بەڕێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوە من ماوەیەكی زۆرە لەسەنتەری ئەنفال ئیش دەكەم, چەند حاڵەتمان هەبووە, ناردوومانە بۆ شەهیدان, دەڵێن ئەمە لەگەڵ ئێمە یەك ناگرێتەوە, شەهید جیایەو ئەنفالیش جیایە, لەبەر ئەوە بەرای من یەعنی زیاد بكرێت, وەزارەتی ئەنفال, یان جینۆساید, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی دەكرێت ئەگەر ناویش نەكرێت, دەزگای بەدواچوونی كێشە ئەنفالەكان دروست بكرێتن, تا ئێستاش خۆ شەهیدانیش خۆ وەزارەت نەبووە, دەزگایەك بووە لە هەولێر بەتایبەتی, لە سلێمانی پرۆژەش هەبوو كە ببێتە وەزارەت, نازانم خۆی دەكرێت هەردوو ناوەكە پێكەوە بێتن و, دەشكرێ كە ناوەكان بە جودا بێت, باشە با بزانین كێ تر قسە لەسەر ئەو بابەتە دەكات؟ فەرموو كاك عیمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاروباری ئەنفالەكان عیلاقەتی بە وەزارەتی مرۆڤایەتیەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راستە ئێمە لە سلێمانی وامان لێكردووە, بەڵام لێرە وەزارەتی مافی مرۆڤیش بە جودایە و عیلاقەی بە ئەنفال نییە, منیش حەزم دەكرد ئەو وەڵامە بڵێم, بەڵام لەوێش لەت كراوە, لەوێش نییە.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قانەعەتی من لەسەر وەزارەت شەهید یان ئەنفال هیچ کات جیا ناکرێتەوە, وەکو شەهیدێکی میللەتی ئێمە جیا ناکرێتەوە, یەعنی وەکو وەزارەتی شەهیدان حیساب دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رەئی بوو, نوقتەی نیزام نەبوو, فەرموو کاک خدر.

**بەڕێز خضر سلێمان خلیل ئیزیدی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکی ئێوەی هێژا دەزانن, پێکهاتا گەلێ کوردستانێ, گشت کوردێ موسلمان و هی کوردی ئێزیدی و هی برای کرستیانیێ پێك هاتیە, ئەگەر کوردستانێ قەدەرێك پراکتیك باش مافێ مەی دی پاراستینە وریێز هاتە گرتینە, ئێمە گەلەك پێ خۆش بوو, ئەنجومەنی وەزیران مادام یاسایەك دارشتن, یاسا پشتیوانێ وێ کارێ پراکتیك بۆ ئێمە دەست هاتی کردبا, ئەڤە یەك, حکومەتا بەغدایێ ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەلێ حکومەتا فیدرالێ, حکومەتا ناو کوردستانێ ڤە کری ترە, وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی, ئێمە هی دین و دیانەت و تایفە چی کری؟ بەدیتنا من دیان و تایفە پتر بسەنگدەترە وی دین و وی تایفە, ئەم و وەکو کوردێت ئێزیدی وەك برا کرستیان جێی مە ڤە وەزارەتێ چییە؟ ئەم نزانین مە راوەستین تا حکومەتا مە یەك دەبیتن کە حکومەتا بەخێر یەکی گرت و کێ مە تشتەکی خۆ نەدیت, وەزیرێك بۆ برا تورکمان و وەزیرێك بۆ برا کرستیان, ئەم کوردین و ئێمە مافێ خۆ دوێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئەو برایە کە وتی, ئێستا لە وەزارەتی ئەوقاف مەشروعێك هەیە, مەشروعێکی تەواو کامل, بەنیسبەت دیانەتی یەزیدی و, مەسیحی و, هەتا مەسەلەی کاکەیی نووسراوتەوە بە کاملی, ئیشیشی تێدا کراوە و, ئەم مەشروعە وەك ئەوەی کە من ئاگادارم دراوەتەوە ئەنجومەنی وەزیران, چاوەڕێی یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەت دەکەین, بۆ ئەوەی ئەم مەشروعە بێتە پەرلەمان, هەموو شتێکی بۆ حازر کراوە, سوپاس.

**بەڕێز تافگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن دوای ئەوەی کە وەزارەتەکان دانراون و, ئەنجومەنی وەزیرانی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و, هەولێر هەستیان بەوەی کرد کە فەراغێك هەیە, بۆ هەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران, هەریەکەیان ئافرەتێکیان تەعین کرد, بەناوی راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری ئافرەتان و کاروباری ژنان, جا نازانم ئێستا یان فەراغی ئەوەیە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئافرەت لەو دانیشتنانە هەبووە, یان دەزانم لە مەسەلەی مافی مرۆڤ و ئەوانە, مەسەلەی ئافرەت مەسەلەیەکی عالەمییە ئەمڕۆ, قەزیە ئەوە نییە کە بڵێی ئافرەت مافی نییە, لەبەر ئەوە دەبێت وەزارەتی هەبێت, الحمدلله مافەکانی زۆری دەستەبەر بوون, بەلاَم هەست دەکەم فەراغێك هەیە, ئەگەر وەزارەتی ئافرەتان یان وەزارتی ژنان دابنێن, بۆ کاروباری ژنان و, خۆشیش نییە, ئەگەر وەزارەتی هەرێم دابنێن, (وزارە الدولە لشؤون المرأە), وەزارەتێکی فعلی بێت, ئێمە وەکو ئافرەتان و ژنانی پەرلەمان پێمان خۆشە ببێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك غفور, فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

لەسەر وەزارەتی ژمارە هەشت وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بە عەرەبییەکەی دەڵێت( وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية), دەبێت ئەوەش بکرێتە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی, ئەوە تەرجومەکەی, دواتر لەسەر کاروباری شەهیدان, من دەنگ دەخەمە پاڵ ئەو بەڕێزانەی کەباسی مەسەلەی ئەنفالەکانیان کرد, لەبەر ئەوەی بەداخەوە ئەنفالەکان وەکو پێویستە تا ئێستا کاروباری ئەوان راناپەڕێندرێ وەکو پێویست بایەخیان پێ نەدراوە و, ئەگەر ئێمە تێبینیش بکەین, زۆربەی زۆری کەس وکاری ئەنفالەکان گلەیی زۆریان هەیە لەو مەجالە, بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام یان وەزارەتێك بەناوی کاروباری ئەنفالەکان هەبێت, یان ئەوەتە ئیزافەی سەر ئەوە بکرێت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالەکان, بەنیسبەت وەزارەتەکانی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم, من پێم باشە وەزارەتی ناوچە بە عەرەب کراوەکانی کوردستان بێت, لەبەر ئەوەی دیارە مەبەستمان ئەو ناوچانەیە, ئەو ناوچانەش پێویستان بە ئاوەدانکردنەوە هەیە, پێویستیان بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکان هەیە, پێویستان بە وەرگرتنەوەی ئەو موڵکە زەوت کراوانەی خۆیان هەیە, بۆیە ئێمە وای لێبکەین, وەزارەتی ناوچە بەعەرەب کراوەکانی کوردستان, هەم بە قوەت تریش دەبێت, لەبەر ئەوەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان, هەر دەبێت دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان, بەڵام پاش ماوەکانی بەعەرەب کردنی کوردستان هەر دەمێنێ ئەو ناوچانە, پێویست بەوە دەکاتن بۆ ماوەیەکی زۆر ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین, کە پاشماوەکان ئەو تەغیرە دیموغرافیەی لەو ناوچانە کراوە هەمووی نەهێڵین, تێبینیەکانم هەر ئەوەندە بوون, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت ناوی وەزارەتەکە راستە, دەبێت بە کوردی ناوی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێت, چونکە لە عەرەبیەکەی نووسراوە(وزاره العمل و الشؤون الاجتماعيه), دەبێت بە کوردیەکەش وا بێت, مولاحەزاتەکانی ترت, رای موختەلیف هەیە, جیاواز هەیە, دوایی موناقەشەی لێدەکەین, کاك جمال, فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی کۆمەڵگایەك کە بیر دەکاتەوە لەوەی مەجموعەیەکی زۆر وەزیر دادەنێ بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە پەیوەندی بەو وەزارەتەوە هەیە, ئەوەی من تێبینی دەکەم لە کۆمەڵگەی مەدەنی مەجموعەیەك بەشی تر هەیە, کە گرنگی پێدراوە لەو وەزارەتەی ئێمە گرنگی پێ نەدراوە, وەکو وەزارەتێك بۆ هەڵبژاردن, وەکو وەزارەتێك بۆ کرێکار, ئەمە لە هەموو عالەم گرنگی پێدراوە, وەکو وەزارەتێك بۆ سەیارە تەبیعی لای ئێمە وەزارەتی ناوخۆ وشەی سەیارش چارەسەر دەکات, بەڵام لە شوێنانی تر ڤیکل خۆی دامودەزگایەکی تری هەیە, هەروەها تەئمین وەزارەتی تایبەتی خۆی هەیە حەقە بیر لەوەش بکرێتەوە.

بەنیسبەت دەستکەوت و زەریبە وەزارەتی تایبەتی خۆی هەیە, کە بیر دەکاتەوە لەوەی هەموو لایەك زەریبەی خۆی بدات, هەموو لایەك دەستکەوتەکانی خۆی بخاتە بەر دەست.

بێ کاری و تەئمینی ژیانی بێ کاری, ئەوە وەزارەتێکە, ئەم خاڵانە ئەگەر بە نەزەری ئیعیتبار وەربگیرێت و بیری لێ بکرێتەوە وەزارەتەکە فراوانتر بکرێت و ئەم مەجالانەی تیایدا زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم وەزارەتانەی کە دەستنیشان کراوە, وەکو عەرزم کردن لەبەر رۆشنایی وەزارەتەکاندا لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ, ئەمە یەك.

دوو/ ئەو وەزارەتانەی کە ئیقتراح دەکرێن هەمووی بەشن, یان مدیریاتن لە وەزارەتی جیا جیا, وەکو تەئمینە, وەکو زەریبەیە, ئەوانە.

سێ/ وەزارەتی هەڵبژاردن نابێت بە رەئی من, عەفوم دەکەی لەوەدا نابێت وەزارەت بێت, جارێ نابێت یەکسەر حکومەتیش بێت, دەبێت هەیئەتێکی موستەقیل بێتن پەرلەمان پشتگیریی لێ بکاتن, موستەقیل بێتن لە ئەحزاب هەتا لە حکومەتیش, لەبەر ئەوە ئەگەر وەزارەت لە وڵاتێکی تردا هەبێت, یان زۆر پێشکەوتووە, کە حکومەتیش بێتن تەئسیری لەوە ناکات لە بێ لایەنی خۆی ناکاتن, یان سیستەمێکیان هەیە ئەو وەزارەتە وا لێ دەکاتن سەربەخۆ بێتن, ئەوە لەلای ئێمەدا نییە, ئەگەر دروستیش بکرێتن هەیئەتی نەزاهەیە, هەیئەتی هەڵبژاردنە, هەیئەتی چاودێرییە, ئێستا کە عایدی حکومەتە, هەیئەتی چاودێریش ئەگەر بە مەنتیق تەماشای بکەین, نابێت عایدی حکومەت بێتن, چونکە خۆی چاودێری حکومەت دەکاتن, خۆی رەقابەی حکومەت دەکاتن, چۆن دەبێت عایدی حکومەت بێتن؟ مەفروزە موستەقیل بێتن سەرۆك پەرلەمان بێت, کە دەڵێم موستەقیل لە رووی قانونییەوە سەرۆك پەرلەمان بێتن, هەیئەی هەڵبژاردن لە بەغدا موستەقیلە, هەیئەی فەسادە, نزاهەیە موستەقیلە, ئەوانە هەمووی دەبێت موستەقیل بن.

فەرموو کاك عیزەدین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی برادەران گەلێك ئاخافتن لەسەر چین و بێژن, بەس هەروەکی خۆیا بوو ئەو وەزارەتا بۆ کاروباری دەرەوەی هەرێم, وابزانم وەزارەتێکی وەختییە, وەکی جەنابێتە گوتی وەزارەتێکا وەختییە, ئەگەر هاتو کەرکووك ئان شەنگار نەهاتە سەر وەزارەتا, ئەو وەزارەتا لەغو دەبێت, ئان هەر دەمینێت کارێ خۆ ئەدا دکەت, ئێك.

ئان بێژیت ئەگەر ماددا پەنجاو هێشتێ هەتا تەتبیق کرن, ئەم دێ ئیستیغنایێ وەزارەتێ, ئان نا, وەك پرسیار, یەعنی روون کردنەوە بۆ چەندێ, وەزارەتا هەرێمیش مەنەڤێتن رەزامەندیا, ئان رازی بوونا خەلکەکی ئیت ڤان وەزارەتا هەر وەزیرێك هەبێت, ئان خەلکەك هەبێت وەزیرێکی بۆ دائەنێ بێ کار و بێ تشتەك هەبێتن و وەزارەتێك دابنێت, بەڕاستی ئەوە تشتێکی موزمینەو نە ئیجابییە ئەو تشتە, بەس ئەگەر وەزارەتا هەرێم دانێین بۆ کاروبارێت فلان تشتی دەست نیشان بکەین ئیت لە یاسایێدا مەعقولترە وەکو وەزارەتا پشتی هێڤی دانان بۆ کاروبارێ ڤان تشتا, ئەمە وەڵلا فەراغێکی چونکە کەسێك بێتن وەزیرەك هەبیتن بۆ وەزیری هەرێمێ هەموو شتك سلبییە بەڕاستی.

وەزارەتا ئەوقاف و کاروبارێ ئیسلامی وابزانم ئەگەر ئەمە ببێت کاك خدر گوتی ئەو وەزارەتەش بێتە کرن, بەس لە قانونێ ئەحوال شەخسیدا هەیە ئەم داخوازیت کەرکووك لە دەستووریدا بێتە چەسپاندن وەکو قانونێکی ئەحوال شەخسی هەبێتن و کاروباری ڤێ خەلکی ئاینی ئەڤرۆبە بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەرێم, ئەوە زۆر موناقەشەمان کردووە, تەبعەن لەگەڵ جێ بەجێ کردنی ماددەی (136) کە بە ماددەی پەنجاو هەشت ناسراوە, خۆی ئەوە ئیشەکەی نامێنێتن, بەڵام هەر وەختێك پێویستی بێت و ئیشەکەی مابێت, جا چ کەرکووك بێت و, چ سنجار بێت, چ خانەقین بێت ئیش و کارەکەی خۆی دەکاتن, بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر تەماشای قانونی ئەنجومەنی وەزیران بکەین, کە لە ساڵی 1992 دەرچووە, هەتا ئێستا شەش جار تەعدیل کراوە, "استحداث"ی وەزارەت کراوە, دەمجی وەزارەت کراوە, ئیلغای وەزارەت کراوە بەپێی پێویستی ئەنجومەنی وەزیران, ئەو تروحانەی برادەران دەکەن هەمووی لە جێگای خۆیەتی, ئیمکان هەیە لە موستەقبەل دیسان تەعدیلات بکرێت, گۆڕانکاری بکرێت, ئستیحداسی تازە بکرێت, وەزارەتی تازەش بکرێت, ئیلغاش بکرێتەوە, بۆیە بە قەناعەتی من ئەوە موناقەشەیەکی زۆری برد, داوا دەکەین کە بدرێتە دەنگدان لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەوانە, وشەی وەزیری هەرێم ئەگەر بۆ کاروباری شتێك نەبێت, ئەمە ئیتیفاقێکە, ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئیتیفاقێکی سیاسییە, ڕەنگە وەکو گوتمان حکومەتێکی ئیئتیلافییە, یەعنی ئیمکان هەبێت بۆ ڕازی کردنی لایەك, وەزارەتی هەرێم بدرێتن بێ دەست نیشان کردنی کاروبارەکەشی, فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەزانم جەنابتان باستان کرد, کە ئیتیفاق کراوە لەسەر ئەو وەزارەتانەو تەوزیعیش کراوە, بەلاَم هەروەکو تێبینی دەمەوێت پێشنیاری خۆم بدەم لەسەر ئەو وەزارەتانە.

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن, هەمووومان دەزانین نیشتەجێ کردن نەخۆشییەکی درێژ خایەنی ئەم ولاَتەیە ئەزمەیەکی زۆر گەورە هەیە, یەعنی بە ڕەئی من وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە جیا بوایە لەگەلْ وەزارەتی نیشتەجێ کردن, ئەویش جیا بوایە, لەبەر ئەوەی وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە فراوانتر و شتی زۆرتر دەگرێتەوە, هەمووتان دەزانن کوردستان چەند وێران و کاولْە, نیشتەجێ کردنیش کێشەیەکی ڕۆژانەی خەلْك و زۆریش موزمینە, من پێم باش بوو وەزارەتی کارەبا و ئاو بەیەکەوە بوایە, لەبەر ئەوەی لە ئاوی خواردنەوە دەست پێ بکە تاوەکو دروست کردنی ئاوی بەنداو, ئاودێری کارەبا و ئاو پەیوەستن بەیەکەوە, بۆ ئەوەی ئەگەر هاتو ئێمە وەزارەتی کارەبا و ئاو بەیەکەوە بوایە, لە کاتێکدا کێشەی ئاو پێویستی بەوەیە کارەبای بۆ دابین بکەین, ئاسانتر بوو بۆ وەزیرێك تەعامول لەگەلْ ئەو وەزعە بکات, من پێم باش بوو وەزارەتی عەقارات و زەوی و زار هەبێت, چونکە لەسەردەمی دەولْەتی عوسمانییەوە تاوەکو ئێستا کێشەی زەوی و زار بەردەوامەو چارەسەر نەکراوە, من هەر بۆ نموونەش پێتان دەلْێمەوە, ئەمە سەنەدێکی سەد سالْیە, سەد سالْ بەر لە ئێستا ئەم سەنەدە لە دائیرەی تاپۆ بەناوی کێ نووسراوە, تاکو ئێستا ماوەتەوەو چارەسەر نەکراوە, وەزارەتی عەدل ڕاستە تاپۆ وەکو خۆمان دەلْێین عایدی وەزارەتی عەدلە, بەلاَم وەزارەتی عەدل مەشغولی دادگایەکانە, زۆر گرنگی بە عەقارات و ئەوانە نادات, یەعنی بەڕاستی ئەوە کێشەیەکی موزمینە ماوەتەوە نە خاوەن زەوی و زار دەتوانن بەکاری بێنن, نە نەوەکانیش دیارە, ڕەنگە بەناوی کەسێکەوە تۆمار کراوە ئەمە لە سالْی 1329 تاکو ئێستا بەردەوامە هەر بەناوی ئەو وەرسەوە دەڕۆینەوە, وەرسەکە دەگەینێتە دوو هەزار کەس, یەعنی حەق وا بوو ئەو وەزارەتەشی شمول کردبوایە, چونکە کێشەیەکی درێژ خایەنە, سەبارەت بە ئەنفالیش بە ڕەئی من ئەنفال کێشەیەکە زۆری دەوێت وەزارەتێکی تایبەتی دەوێت, بەلاَم ئەگەر چی ناکرێت ڕێککەوتن هەیە لەسەر ئەوە وەکو جەنابتان فەرمووتان, لە بەغدا بەگوێرەی وەزارەتەکانی بەغدا ئێرەش دانراوە, حەق وایە وەکو کاك غەفور وتی لەگەلْ وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئەنفالیش بخرێتە پالْی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو شوکری نێرۆیی.

**بەڕێز شکری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەسەوری من ئەم مەوزوعە نەك بە تەسەوری من هەموو دەزانن ئەم مەوزوعە لە دەرەوەی پەرلەمان زۆر موناقەشەی لەسەر کراوەو لەناو پەرلەمانیش لیژنەی یاسایی دیارە زۆر دیراسەتی کردووە, ئەم هەموو موناقەشەمان کردووە توانیمانە وەزیر بکەینە وەزارەت و, دەسەلاَتیش بکەینە دەستە و, وەزارەتی کاروباری کۆمەلاَیەتی و کار زیاد بکەین, زیاتر هیچ شتێکی ترمان نەکردووە لە قسە کردن زیاتر, بە تەسەوری من ئەم هەموو موناقەشەی پێ ناوێت, چونکە شتەکە کراوەو ئیتر دەست بەرز بکەینەوە بۆ دەنگدان لەسەری, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی موناقەشە داخرا, ئەگەر خالْی نیزامی هەیە, ئەگەر خالْی نیزامی نەبێت, دەلْێم خالْی نیزامی نییە, فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بمبوورە سەرۆکی پەرلەمان, مامۆستا نازناز ناوی نووسی بوو پێم وایە تێبینیەکەشمان تۆزێك لە جێی خۆیەتی, بەس ئەگەر ئیجازە بدەیت, یان ئەو قسان بکات, یان من لە جیاتی ئەو قسە بکەم, خاڵی نیزام نییە, دەزانم بەس ئیدی ناچارین قسە بکەین, سەبارەت بەناوی پەروەردە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئیزنم نەداوی قسە بکەی, تۆ پێشنیارێکت کرد, رەئیم نەداوەتەوە, جا نازناز نازانم بۆ ناوی نەنووسراوە, تێبینیشم کرد کە دەستی بەرز کرد, بۆ ئەوە تا قسە بکات قسەکانی خۆی داوەتە تۆ, فەرموو خاتوو نازناز.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەرجومەی وەزارەتەکان بکەین, لێرە هەڵەیەك هەیە لە وەزارەتی تەعلیم عالی, چونکە لەوێ نووسراوە وەزارەتی تەعلیم عالی و بەحسی عیلمی, کەچی لە تەرجومە کوردیەکە بۆتە خوێندنی باڵا, خوێندن تەرجومەی تەعلیم نییە, کەواتە لێرە دەبێت ببێتە فێرکردنی باڵا, فێرکردنی باڵاش بۆ دیراساتی عولیا غەڵەتە بەڕاستی, چونکە خۆی لە ئەساسدا دیراساتی عولیایە, بۆیە با ئێمە لە تەرجومە کوردیەکە راست بڕۆین لە ئێستاوە لەسەر تەرجومە عەرەبیە چەوتەکە نەڕۆین, بیکەین بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەر هەمان تەرجومەکەی خۆمان, بەڵام وەزارەتی پەروەردە با ببێتە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن, چونکە بەشێك لە پرۆسەی ئەو دوانزدە ساڵەی کە قوتابی دەخوێنێت فێرکردنە, بۆیە فێرکردنەکەی پێوە بلکێنین, چونکە تەنها ئێمە جانبی پەروەردەییمان لەبەرچاو نییە, جانبی پەروەردە هەدەفی یەکەمە, هەدەفی دووەم فێرکردنە, بەتایبەتی لەخوێندنی دوای سێی ناوەندی, بۆیە پێشنیار دەکەم با ئێمە هەر لە ئێستاوە با راست بڕۆین, وەزارەتی پەروەردە زۆر لە لیژنەی پەروەردەش موناقەشەی ئەو شتەمان کردووە, وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بێت, ئەویتریشیان وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکەت بەجێیە بەنیسبەت وەزارەتی خوێندنی باڵا, بەنیسبەت وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ حکومەتی هەرێم دانووسیووە, لە بەغداش هەروایە, ئەگەر چی لە واقیعدا پەرەوردە تەنیا ئەوە نییە, تێبینیەکەت فێرکردنیشە, بەڵام بەڕاستی ئەگەر ئێمە هەموو تێبینیەك لێرە وەربگرین لە حکومەت تێك دەدەین, چونکە مەسەلەی ئەوانە زیاتر لە ئەساسدا دەبوایە پرۆژەکە لە حکومەتەوە بۆمان بێتن, ئەمە ئیستیسنایە, ئێستا لەبەر رۆشنایی ئەو ئیتیفاقە قسە دەکەین و قانونەکان تەعدیل دەکەین, ئەگەرنا تەعدیلی وەزارەتەکان, ناوی وەزارەتەکان, ئیستیحداسی وەزارەتەکان, مەفروزە پرۆژەیەك بێت لەلایەن حکومەتەوە بۆمان بێت, بەو پەلە پەلیەش بووە هەموار کردنی وەزعەکە, لەبەر رۆشنایی ئەو ئیتیفاقەی کە دەنگمان بۆ دا, زۆر مەجالمان نییە, هەتا ئەگەر وەزارەتیش دابنێین, پێویستە حکومەت پێمان بڵێتن و پرۆژەیەکمان بداتێ, بڵێت ئەو وەزارەتە ئەوە پێداویستیەتی, تکایە یاسای دامەزراندنی ئیستیحداسی بکەن بۆمان دابنێن, بەڵێ کاك مەلا ئەنوەر.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە هەدەف لە دانیشتنەکەی ئێمە, وەکو جەنابت رۆشنت کردەوە, بریتی یە لە تەعدیل کردنی قانونی ئەنجومەنی وەزیران لە (17) وەزیر, یان لە (15)وەزیر بووە بە (27) وەزارەت, یەعنی ئەوە ئێستا کاتی ئەو موناقەشە نییە, چ وەزارەتێکی تر هەبێت و چۆن بێت و لەبەر رۆشنایی حکومەتی فیدراڵە قەزیەکە, وەکو جەنابت ئیشارەتت پێ کرد, دەبێت واقیع رۆژگار وا لە پەرلەمان بکات ئیستیحداسی وەزارەتێکی تر بکات و قسەی لەسەر بکرێت, لەبەر ئەوە وەخت کوشتن بەو شێوازە و بەو مەغریبە, لەوانەیە لە مەسلەحەتی دانیشتنەکە نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوێژی مەغریبی قەزا بكەوە مامۆستا, ئەو هەموو موناقەشەیە كۆتایی پێ دێنین, خاڵی نیزام تەواو, تەنیا یەك خاڵ هەیە لە موناقەشەكان دووبارە بۆوە, ئەویش مەوزوعی وەزارەتی شەهیدانە, ئایا ئەنفالی لەسەر ئیزافە بكرێتن, پێم وایە دەكرێتن, ئەگەر پێتان باشە ئەنفال ئیزافە بكرێتە سەر وەزارەتی شەهیدان, یەعنی خۆی دوو رەئی هەیە, ئایا ئەنفال ببێتە زمنی تەشكیلاتی وەزارت, یان وەكیل واتا مودیریەشی بۆ دابنرێت لە زمنی وەزارەتی شەهیدان, یاخود ببێتە وەزارەت, هەر دەبێ مودیریەتێكی هەبێت, ئەگەر نا وەزارەتی شەهیدان بە تەنیا مودیریەتیشی دەبێت, ئەگەر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان بێت, ئەوە ئەو وەختیش دەبێت مودیریەتی هەبێتن, جا ئەوەی پێی وایە ناوی ئەنفالكراوەكان لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان بێت من دەیخەمە دەنگدان, كێ پێی وایە لەگەڵی بێتن؟ خۆشم تەئیدی ئەوەم, كێ پێی وایە وەزارەتی شەهیدان بە تەنیا بمێنێتەوە دەستی بەرز بكات؟ ئەكسەریەتی دەڵێت دەبێت وەزارەتی شەهیدان ئەنفالكراوەكانیش لەگەڵ بێت, فەرموو كاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببوورە, هەندێك شت هەیە وا موناقەشە ناكرێت, ئەمە, یان ئەوە, بەڕاستی مەسەلەی ئەنفال تۆزێك موناقەشەو دانوستاندن هەڵدەگرێت, شتێكی زۆر زۆر گرنگە, ئێمە مافمان نەداوە بە ئەنفالكراوەكان وەكو باس كرا, بەڵام دانانی كێشەی ئەنفال لەگەڵ شەهیدان بە بۆچوونی من كارێكی هەڵەیە, چونكە ئێمە نابێت ئەنفالكراوەكان بە شەهید دابنێین, چونكە ئەگەر بە شەهیدمان دانا دەبێت ئەو مەلەفە دابخرێت, بۆیە لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی ئێمە نییە, ئەو كارە لەگەڵ شەهیدان رێك بخرێت, دەتوانرێت وەزارەتێكی هەرێم بۆ ئەنفال دابنرێت, دەكرێت لەگەڵ كاروباری كۆمەڵایەتیدا یەك بخرێت, دەكرێت لەگەڵ زۆر وەزارەتی تر بكرێت, بۆیە ئەم مەسەلەیە بەڕاستی دەبێت تۆزێك وردتر بیری لێ بكەینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەكەم دەنگمان لەسەر دا, دووەمیش بۆ وەڵامدانەی كاك دلێر, كە دەڵێ وەزارەتی شەهید و ئەنفال, مانای وایە كێ هەویەی شەهیدی پێ داون, مانای وایە ناگرێتن, بەپێچەوانەوە ئەگەر گوتت وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان جیات كردەوە, خۆی لە خۆیدا جیات كردەوە, ئەوە بە پێچەوانەوە خۆت جیات كردەوە, خاڵی نیزام, فەرموو تۆ قسەت نەكردووە.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من دوو وەزارەت هەبێت, وەزارەتی شەهیداو وەزارەتێ ئەنفالێ فەرقیەك ختسومە نێوان هەردووكێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خاڵی نیزام نییە عەفوم بكە, ئەوە پێشنیارە, كاك مەحمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر قیاسی ئەم وەزارەتانە لەسەر بەغدا بكەین, لەوێ وەزارەتی هیجرە هەیە, دەكرێت حەللی ئەم كێشەیەی پێ بكەین, یەعنی مادام وەزارەتی هیجرە لەوێ هەیە, لێرە وەزارەتی ئەنفال و ئاوارەكان بۆ نموونە, دەتوانین ئەو ئیشكالەی پێ حەل بكەین, یەعنی ئەوە لەوێ هەیە, مادام لەوێ هەیە, دەكرێت لێرە ئەمەی پێ حەل بكەین هیجرەت بكەین بە وەزارەتی ئەنفال و ئاوارەكان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك مەلا سەعدەدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**باشە جەنابی سەرۆك ئەدی ئەنفال شەهید نییە, با بەڕێوەبەرایەتی ئەنفال, کە یەکێك چۆتە سەنتەری ئەنفال لە دەزگای شەهیدان قەبولیان نەکردووە, مانای ئەوە نییە, کە ئەنفال شەهید نییە, دەتوانین قەرارێکی لەسەر دەربچوێنی, خۆزگە وەزارەتی ئەمنی قەومیش هەبوایە, کە ئێستاکە زۆر زۆر پێویستیمان پیٚ هەیە وەکو قەومی کورد, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاکە دەنگی لەسەر درا, ئەگەر چی لەبەر ئەوەی ڕێی گەورەیە, ئەگەر نا ئێمە هەر چۆنێك بێت ئیتیفاقی پیٚ جیٚ بەجیٚ دەکەین, ئیتیفاقێکە دەیکەینە قانون, لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرۆژەیەی کە تەقدیم کراوە بە تێگەیشتنی هەموو شتێك, بەلاٚم رەغبەتی زۆری ئەوەیە کە ئەنفال ئیزافە بکرێتن, دووبارەی دەکەمەوە یەکەم مانای ئەوە نییە, کە ئەنفال بەشێکە لە شەهیدان, بەپێچەوانەوە ئێستا جیای کردەوە, وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, واتا بەشێکی شەهیدان و بەشێکی ئەنفالکراوەکان, ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە, دەیخوێنمەوە بەرەچاو کردنی تێبینیەکانی کە لە موناقەشەکەتان دا بوو:**

**ماددەی سێیەم:**

**ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم ئەو هەموار کردنانەی بەسەریدا کراوە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە.**

**أ- ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:**

1 - **وەزارەتی ناوخۆ.**
2 - **وەزارەتی دارایی و ئابووری.**
3 - **وەزارەتی داد.**
4 - **وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.**
5 - **وەزارەتی گواستنەوە.**
6 - **وەزارەتی پەروەردە.**
7 - **وەزارەتی تەندروستی.**
8 - **وەزارەتی کاروباری کۆمەلاٚیەتی.**
9 - **وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.**
10 - **وەزارەتی دەرامەتە ئاویەکان, گوتمان عەرەبیەکەی (الموارد المائیة) چی بێتن وای لیٚ بکرێت.**
11 - **وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.**
12 - **وەزارەتی پلاندانان.**
13 - **وەزارەتی مافی مرۆڤ.**
14 - **وەزارەتی خوێندنی بالاٚو توێژینەوەی زانستی.**
15 - **وەزارەتی کشتوکاڵ.**
16 - **وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.**
17 - **وەزارەتی ڕۆشنبیری.**
18 - **وەزارەتی کارەبا.**
19 - **وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.**
20 - **وەزارەتی شارەوانی.**
21 - **وەزارەتی وەرزش و لاوان.**
22 - **وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.**

23 - وەزارەتی بازرگانی.

24 - وەزارەتی پیشەسازی.

25 - وەزارەتی ژینگە.

26 - وەزارەتی گەشت و گوزار.

27 - وەزارەتی گەیاندن.

ب-دەکرێ ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزیرێکی هەرێم بگرێتە خۆ.

ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە, ئەوەی تەئیدی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ دژیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, دوو کەس دژیەتی, ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ماددەی چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

المادة الرابعة: لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم ئەوەی تەئیدی ئەم ماددەیە دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ دژیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: ئەنجومەنی وەزیران دەبێ ئەحکامی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

المادة الخامسة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم ئەوەی تەئیدی ئەم ماددەیە دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ دژیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

المادة السادسة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ماددەی شەشەم بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم ئەوەی تەئیدی ئەم ماددەیە دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ دژیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، یاسایەکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، یاسای هەموار کردنی حەوتەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (3)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو، کە ماددەکانمان خوێندەوە یەکە یەکە دەنگمان لەسەردا، ئێستا بەگشتی دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دەرچونیەتی دەستان بەرز بکەنەوە؟ کێ دژە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.**

**کاك شێروان یاسایەکەی تر بخوێنەوە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێستا دەست بە پرۆژەی دووەم دەکەین، برای بەڕێز کاك عەبدولکەریم دیباجەو ماددەی یەك دەخوێنێتەوە بە کوردی.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوادی گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

**پشت بە بڕگەی (1) لەمادەی (56) و مادە (53) ی یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 1992ی هەموارکراو ولەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی ڕۆژی / / 2006 بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:**

**یاسای ژمارە(    ) بۆ ساڵی 2006**

**یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عیراق**

**ژمارە (1)بۆ ساڵی 2005**

**ماددەی یەکەم:**

**ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1) بۆ ساڵی 2005 هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**1- هەرێمی کوردستانی عێراق سەرۆکێکی دەبێت پێی دەوترێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەر بەخۆی سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.**

**2- سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت کەهاوکاری لە ڕاپەڕاندنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی دا دەکات و لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی ئەو دەگرێتەوەو هەرخۆشی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.**

**3- سەرۆکی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکەی خۆی دەدات.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێستاش کاك عەونی بەزاز دیباجە و ماددەی یەك بە زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە، با بفەرموویت.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**باسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

إستناداً لأحكام الفقرة (1) من المادة (56) والمادة (53) من القانون رقم (1)لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه العدد القانونى من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان -العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / 2006 تشريع القانون الاتي:-

**قانون رقم ( ) لسنة 2006**

**قانون التعديل الأول لقانون رئاسة أقليم كوردستان – العراق**

**رقم (1) لسنة 2005**

**المادة( الأولى):**

تعدل المادة ( الاولى) من قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 وتحل محلها مايأتي:-

1-يكون لاقليم كوردستان – العراق رئيس يسمى رئيس اقليم كوردستان وهو الرئيس الاعلى للسلطة التنفيذية والقائد العام لقوات پێشمەرگە اقليم كوردستان.

2-يكون لرئيس الاقليم نائب يعاونه في أداء مهامه، ويحل محله عند غيابه ويكون نائباً للقائد العام لقوات الپێشمەرگە.

3-يُخَولِ رئيس الاقليم نائبه بعض صلاحياته واختصاصاته.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین, بەس یەك تێبینیمان هەیە, لەبەر ئەوەی ئێمە صیغەی (تلغى) کردمان بە (تعدل), دەبێت لە کۆتایی فەقەرەکەش بڵێین (وتقرأ کالاتى) لە جیاتی (وتحل محلها مايلى), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکەتان بەجێیە من خۆشم بە قەڵەم لێرە نووسیومە, کە گوتت تەعدل (تقرا كالاتي), ئەگەر ئیلغا بوایە دەبووە (تحل محلها مايلي), کێ دەیەوێت قسە بکات, فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەخمین کردنی هەردوو نائیبەکە, هی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە (لرئيس مجلس الوزراء تخويل بعض من صلاحياته الى نائبه), بەلاًم لە هی سەرۆك هاتووە (يُخَولِ رئيس الاقليم نائبه), ئایا جیاوازییەکی تێدا نییە لە تەعریفەکەی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قانونیەن جیاوازیەکی هەیە, بەلاًم لوغەویەن جیاوازیەکی وا نییە, لە سەلاحیەتی عەینی شت دەکات, فەرموو کاك رۆبیتان.

**بەڕێز روبيتان ابراهيم روستم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی یەکەم هاتووە دەڵێت (في حالة غياب رئيس مجلس الوزراء ينوب عنه نا ئبهً),( في حالة خلو منصبه), لەوەی سەرۆکی ئیقلیم لەو جۆرەی تیا نییە, لەوەی (في حالة خلو منصب).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوەش عەفوم بکە, لە قانونە ئەساسییەکە هەیە, بۆیە لێرە باس نەکراوە, فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارە بەڕاستی، سەبارەت بە دانانی سەرۆكی هەرێم، ئێمە دەزانین بە هەڵبژاردن دەبێت، بەڵام جێگرەكەی كێ دەستنیشانی دەكات، راستە ئێستا بە ئیتیفاقە، بەڵام پێتان وا نییە لێرە فەراغێك هەیە لە رووی قانونیەوە، كێ موخەوەلە دەستنیشانی بكات، ئایا پەرلەمان دەنگی بۆ دەدات، مەعلوم ئەوە غامزە، پرسیارێكە دەمەوێت وەڵامم بدەنەوە.

دووەم/ سەبارەت بەو سیفەتانەی كە دەبێت لە جێگر دابێت، ئێمە دەزانین چەند مەرجێك هەیە بۆ سەرۆكی هەرێم، ئایا دەبێت ئەو مەرجانەی بۆ سەرۆك دابین كراوە هەمان مەرج دەبێت تەتبیق بكرێت لەسەر ئەو كەسەی كە دەبێتە جێگری سەرۆكی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینیانەی چنار خانم هەبوو، بەپێی ئەو رێككەوتننامەی لە دانیشتنی پێشوودا تەسدیقمان كرد، رێككەوتننامەكە بەپێی بنەمای شەراكەت و تەوافوق و تەحكیم و هاوسەنگ نییە، من پێم وایە وا باشە لەم یاسایە ئەو شەراكەتە رەنگ بداتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەڕێز گیلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە یاسایەكەو بۆ ئایندەیە، پابەند نییە بە شەخسێكەوە، یان بە لایەنێكەوە بۆ ئایندەیە، بۆیە من دوو تێبینیم هەیە لە ماددەی یەكەم خاڵی دووەم (سەرۆكی هەرێم جێگرێكی دەبێت كە هاوكاری لە راپەڕاندنی ئەرك و دەسەڵاتەكانی دەكات)، بۆچی كە هاوبەشی نەكات، ئەمە خاڵێكم.

خاڵی دووەمم/ سەرۆكی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەكانی خۆی بەجێگرەكەی خۆی دەدات، نابێت ئەو ئەرك و دەسەڵاتانە دیاری بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت تێبینیەكەی چنار خان بەجێیە، پێشتریش باسمان كردووە، بەڵام پێم وایە كەی ئەوە دەستنیشان كرا ئالیەتەكەی دەكرێت لێرە باسی بكەیت، بەڵام ئەوەی ئێستا ئەهمیەتی هەیە و ئەوانە بەپێی ئەو ئیتیفاقیەتەی هاتووە، لەو ئیتیفاقیەتە ئەو خاڵە یەك لا نەبۆتەوە، ئێمەش نەمانویست دوای بخەین، ماوەیەكی تر بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو ئالیەتە بدۆزینەوە جێگرەكەی چۆن دەبێت، بەڵام مەنتیقەن پێویست دەكات هەركێ بێت لێرە لە پەرلەماندا تاوەكو متمانەی پێ بدرێت، لەو مەرحەلەیەدا هەرچەندە ئیشی شەخسی خۆمە، بەڵام دەگەڕێتەوە سەر ئیتیفاقی هەردوولا، یەعنی دوو صیغە هەیە دەكرێت لێر سەرۆكی هەرێم دەستنیشانی بكاتن، دەكرێت لە پەرلەمانیش دەستنیشانی بكرێتن، بەڵام بەهێزتر وایە لە پەرلەماندا دەنگی بۆ بدرێت، ئەوە خاڵێكی بەجێیە بەڕاستی.

بەنیسبەت كوێستان خان كە دەڵێت ماوەی شەراكەتەكە دیاری بكرێتن، قانون ناتوانێتن بڵێ وەڵلاً پەنجا بۆ من، پەنجا بۆ تۆ، شتی وا لە قانوندا نییە، ئالیەتی شەراكەتەكە لە ئیتیفاقەكەدا هەیە، لێرە موصادەقەی لەسەر كراوە یەك، دوو، سێ، چوار بەو شێوەیە ئەوە شەراكەتەیە و، لەو یەك دوو ساڵەیە، بۆ هەڵبژاردنی داهاتووشە، ئەو ئالیەتە قیادەی هەردوو تەرەف لێی مەسئوولن، ئەو شەراكەتە جێ بەجێ بكەن، ئەگەر بێتو لایەنێك پێی وا بوو شەراكەتەكە نییە، نموونەیەكی نوێ رێگا هەیە بۆ چارەسەر كردنی لەوەشەوە گوتمان لە حكومەتەوە ئەگەر جێگرەكەی ئیسراحەتی كرد كابینەكە سقوت دەكات، ئەوە شەراكەتەكەیە، بەڵام قانونەن ناكرێت تەرسیخی ئەو حالەتە، ئەو حالەتە مەفروزە موەفەقەتە، تاوەكو

دامودەزگای حکومەت دادەمەزرێتن, کۆمەڵگای مەدەنی دادەمەزرێتن, یاسا دەبێتە سەروەری هەموو شتێك, ئەو وەختی دەکرێتن بە نەوعێکی تر بکەینەوە, لەبەر ئەوەی ئەو تێبینیانەم وەڵام داوە, کەس نییە لەسەر ئەوە تێبینی هەبێت, ئێستا دەیخوێنمەوە بۆتان (تعدل المادة ( الاولى) من قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 وتحل محلها مايأتي:-

1-يكون لاقليم كوردستان – العراق رئيس يسمى رئيس اقليم كوردستان وهو الرئيس الاعلى للسلطة التنفيذية والقائد العام لقوات پێشمەرگە اقليم كوردستان.

2-يكون لرئيس الاقليم نائب يعاونه في أداء مهامه، ويحل محله عند غيابه ويكون نائباً للقائد العام لقوات الپێشمەرگە.

3-يُخوِل رئيس الاقليم نائبه بعض صلاحياته واختصاصاته), لەڕاستیدا ئەسڵەن ئیختیساساتەکە لە قانونی سەرۆکدا هاتووە لەوێش زیادە, سەلاحیاتی هەیە, ئیختیساسات زیادە, لێرە کە هاتووە هەندێك کەس دەڵێن زیادە, لە ئەسڵدا زیادە, لە ئەسڵدا سەرۆك مومارەسەی سەلاحیاتی خۆی دەکات, ئیختیساس ئەندازیاری مەدەنییە, کۆمپیوتەرە, ئەوانە ئیختیساساتن, یەعنی لە ئەسڵدا لەوە هاتووە, لەبەر ئەوە ئەو هەلەیە شەرح ئیزافییە, ئەگەر بمێنێتەوە چ فەرقێك ناکات, بەڵام ئەگەر نەمێنێتەوە یەکێك دێت پرسیار دەکات باشە سەلاحیات و ئیختیساسای خۆی یەعنی یەك شتە, بۆیە لەوێدا هاتووە, چونکە لە ئەسڵەکە هاتووە, بەڵام لە ئەسڵەکەشدا زیادە, ئەوە ڕەئی خۆم شەخسییە, بۆیە ماددەی یەك دەخوێنمەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە:

ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (**1**) بۆ ساڵی **2005** هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**1**- هەرێمی کوردستانی عێراق سەرۆکێکی دەبێت پێی دەوترێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەر بەخۆی سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.

**2**- سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت کەهاوکاری لە ڕاپەڕاندنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی دا دەکات و لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی ئەو دەگرێتەوەو هەرخۆشی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.

**3**- سەرۆکی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکەی خۆی دەدات).

هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە, کێ موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ گیلاس خان ئیعتیرازی هەیە, لەبەر ئەوە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, کاك شێروان ماددەی دووەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی دووەم برای بەڕێزم کاك عەبدولکەریم بە کوردی دەخوێنێتەوە, با بفەرمووێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دووەم:**

برگەی ( دوازدەم) لەماددەی (دەیەم)ی یاسایەکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دوای دەستنیشانکردنیان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە سەرەك وەزیران و جێگرەکەی ڕادەسپێرێت بە پێکهێنانی کابینەی وەزارەت ئەویش لەماوەی سی ڕۆژ لە مێژووی ڕاسپاردنەکەیانەوە).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرموو کاك عەونی ماددەی دووەم بە عەرەبی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة (الثانیة):**

**تعدل الفقرة ( الثانیة عشرة) من المادة ( العاشرة) من القانون وتقرأ كالآتي:(تكلیف رئیس الوزراء و نائبه بعد تسمیتهما من قبل المجلس الوطني لكوردستان – العراق بتشكیل الوزارة وذلك خلال مدة ثلاثین یوماً من تأریخ تكلیفهما).**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**فەرموو كاك عادل.**

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەنیسبەت تەكلیفەوە لە نیزامی پەرلەمانی عادەتەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران, كاتێك تەكلیف دەكرێت لەلایەن سەرۆكی ولآتەوە, ئێستا لە كوردستانەوە لە سەرۆكی هەرێمەوە تەكلیف دەكرێت, ئیتر پێویست ناكات (ونائبه), یەعنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كافییە بۆ ئەوەی كە دەست نیشان بكرێت, ئینجا بە نیسبەت ئەوەوە (بتشكیل الوزارة) با بنووسرێت (بتشكیل الحكومة), حكومەت و وەزارەت چ جیاوازیەك هەیە, كاتێك كە دەڵێیت تۆ سەحبی سیقە دەكەیت لە حكومەت, لە حكومەت سەحبی سیقە دەكەیت, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوە عەفوم دەكەیت, وەكو تۆ دەڵێی ئەوە هیچ موشكیلە نییە, ئەمە یەكێكە لە خاڵەكان كە ئیتیفاقی لەسەر كراوە, ئێمە دانیشتینە ئەوە تەعدیل دەكەین, چونكە تەسمیەكە دوو حكومەتە, بۆ ئەوەی ببێتە یەك حكومەت دەبێت سەرۆك و جێگرەكەی پێكەوە دەست نیشان بكرێت, بۆیە دەبێت تەكلیفەكە وا بێت, بەنیسبەت ئەوە كە حكومەتە, یان مەجلیس وزەرایە, حكومەت گرنگترە, حكومەت شاملترە, دووەمین كابینەش هەیە, سەرۆكی هەرێم بالآترین دەسەلآتی حكومەتە, فەرموو كاك عیزەدین.**

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**وابزانم عەینی تێبینیا كاك عادلە, لە رووی ئیتیفاقەوە دەبێتن ئەوە ئیتیفاق بێتن, بەس لە رووی قانونییەوە وابزانم ئەوە شتێكی تازەیە, لە هیچ شوێنێك نەبووە پەرلەمان تەكلیفی سەرۆكی هەرێم و ئان جێگرەكەشی بكات لە رووی قانونییەوە, بەلآم وابزانم لە رووی قانونی ئەوە تێگەیشتینە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**جارێ سەرۆكی هەرێم نییە, سەرۆكی حكومەتە و جێگرەكەیەتی, گوتمان دوو حكومەت هەیە, دوو كیان هەیە, دوو ئەنجومەنی وەزیران هەیە, حالیەن بۆ تەوحیدەكەیان لەو قۆناغەدا ئەوە پێویستە, ئەوە ئیتیفاقێكە موسادەقەی لەسەر كراوە, لەبەر ئەوە موناقەشەی لەسەر ناكەین, كاك غەفور مەخمووری فەرموو.**

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من هەمان رەئی برادەرانم هەبوو, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن لە ئیتیفاقەکە هاتووە، لێرەش هەر وایە، تەسمیەکە سەرۆك و جێگرەکەی دەگرێتن، بەڵام تەقدیم کردنی بۆ پەرلەمان، کە دێتن تەقدیم دەکاتن بۆ پەرلەمان یەك کەس تەقدیم دەکاتن، خۆ ناکرێت دوو کەس بێت، تەقدیمەکە یەك کەس دەکاتن، ئەگەر مەقسەدتان ئەوەیە هەر یەك کەسە، کاك بەکر ئاخیر کەسە قسە دەکاتن، فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە نەصەکەدا هاتووە دەڵێ لە ماوەی سی رۆژدا دەبێت کابینەکە تەشکیل بکرێت، ئەی ئەگەر لە سی رۆژدا نەیتوانی، حەقە ئیشارەت بەوە بکرێت، لە سی رۆژدا ئەگەر نەیتوانی چی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لێرە دەگەڕێتەوە پەرلەمان، پەرلەمان یان تەمدیدی دەکات، یانیش ئەوانەی کە تەکلیف کراون ئەگەر ناتوانن، یاخود عوزریان هەیە ئەوە یەکێکی تر تەکلیف دەکات، فەرموو.

**بەڕێز کریم بەحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەڕێزانە باسی ئەوەیان کرد، بەنیسبەت ئەم پەرلەمانەوە بەپێی ئیستحقاقاتی ئینتیخاباتی ئێمە ئینتیخابی نەبووە، لەبەر ئەوە دوو ئیدارەش یەك دەگرێتەوە، حاڵەتێکی شازە، یەعنی لەبەر یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە پێم وایە بەحس کردن لەسەر ئەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ موناقەشەیەکی بێزەنتی، لەبەر ئەوە پێم وایە واز لێ بێنین باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سی رۆژەکە بە ژمارە بنووسرێت باشترە، چونکە لەوانەیە سێ و سی لە یەکتر نزیك بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سی رۆژەکە بە ژمارەش بنووسرێت، ماددەکە دەخوێنمەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە:

**(ماددەی دووەم:** بڕگەی ( دوازدەم) لەماددەی (دەیەم)ی یاسایەکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:(دوای دەستنیشانکردنیان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە سەرەك وەزیران و جێگرەکەی ڕادەسپێرێت بە پێکهێنانی کابینەی وەزارەت ئەویش لەماوەی سی رۆژ لە مێژووی راسپاردنەکەیانەوە)، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئەگەر بە زمانی کوردی بو شتێکی ئەدەبی بڵێی، تاوەکو ئێمە ئیتیفاقمان لەسەر وشەی یاسایی کوردی بێت تاکو ئێستا، لەبەر ئەوە ئیعتیماد دەکرێتە سەر نصوصی قانونی کە دەکرێتن بە عەرەبیەکەی ئیعتیمادی لەسەر دەکەین، تاکو کوردییەکەی یەکلای دەکەینەوە، لە رووی یاساییەوە چ ئیتیفاقی لەسەر نەکرا، بۆیە هەر خیلافێکمان هەبێتن دەگەڕێینەوە سەر عەرەبیەکە، عەرەبیەکەی دەکەینە ئەساس تا ئەو رۆژەی لە ناحیەی زمانی کوردییەوە موشکیلەمان نامێنێت بۆ وشەی یاسایی، بۆیە دەبێت ئەوە رەچاو بکرێت، نە گوترێت حکومەت، پەرلەمانیش ئەگەر چی لە دەستووری هەرێم وابزانم داوا کراوە، پێشنیار کراوە کە ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بگۆڕێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڵام تاکو ئێستا ئێمە نەصە عەرەبیەکە بەکار دەهێنین، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەچینە ماددەی سێ کاك عەبدولکەریم بە کوردی دەخوێنێتەوە، با بفەرمووێت.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی ( یازدەم)ی یاساكە هەمواردەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە. (مووچەو دەرماڵەی سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی بەیاسا دیار دەكرێت).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك عەونی ماددەی سێیەم بە زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە, با بفەرمووێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تعدل المادة (الحادية عشرة) من القانون و تقرأ كالآتي:(يحدد راتب و مخصصات رئيس الاقليم و نائبه بقانون).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین, ئەوەی ئیزافە كراوە (ونائبە) لە فەقەرەكە ئیزافە كراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ موافیقە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی چوارەم.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سیازدەی یاساكە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: تلغى المادة الثالثة عشرة من القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە دەڵێت (رئيس الاقليم وقائد قوات پێشمەرگە اقليم كوردستان العراق), دووەمیش دەڵێت (يعين رئيس الاقليم نائبا قائد), ئەوانە ئەما هەمووی چووە ماددە یەك, كە چووە ماددەی یەك ئەو ماددە سیازدە موجیب ئیلغایە, بۆیە ئیلغای ماددەی سیازدەمان كردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس ئیعتیرازی هەیە؟ ماددەكە بەكۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:ماددەی چواردەمی یاساكە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تلغى المادة الرابعة عشرة من القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی ئەو ئیلغایە تەئید دەکەین, چونکە ماددەی ئەسڵی ئەوە بوو ئەگەر هاتوو سەرۆکی هەرێم غائیب بوو کاروبارەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەیدیت, لەبەر ئەوەی تەحدید ئەو حاڵەتانەمان کرد, ئەو ماددەیە پێویستی بە ئیلغا هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی شەشەم.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی ماددەکە تەئید دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر هەمەوەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: ئەو یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: ينفذ هذا القانون إعتباراًمن تأريخ إصداره وينشرفي الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە نەصێکی ئیعتیادییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا, هەموو تەعدیلی قانونەکە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگەوە وەرگیرا.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, ئەگەر چی ئێمە لە تەعدیلی قانونی مەجلیسی وزەرا کۆتاییمان پێ هێنا دەنگیشمان بۆ دا, بەلاّم تێبینیەك, هەم لە کاك فەرسەتەوە, هەم بە وەرقەش بۆم هاتووە, دەربارەی گۆڕینی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال, ئیشکالێك هاتۆتە پێشەوە, بەلاّم هەرچەندە دەنگمان بۆ داوە, بەلاّم قەرار دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە, تێبینیەکەتان پێ دەڵێم, یان دووبارەی دەکەینەوە لە ماوەی پێنج دەقیقەیەك یەکلای دەکەینەوە, یانیش ئیعتیباری دەکەین کۆتایی

هـاتووه, دوو تێبینیـان داوه, یـەكێكیان دەڵێـت وەزارەتـی ئـەنفال, یـەعنی ئـەنفال, قەزیـەی ئـەنفال مەسـەلەیەكی كۆمەڵایەتییە, زیـاتر لـەوەی مەسـەلەیەكی شـەهیدان بێت, لـە سلێمانیش رەبـتی وەزارەتـی مـافی مرۆڤـە, لێـرەش رەبـتی وابزانم وەزارەتی كۆمەڵایەتییە, لەبەر ئەوە مەنتیقەكە بەقوەتـە تەئیـدی ئـەوەی كـاك دلێـر دەكـەین, كـە دەڵێت نابێـت ئـەنفالكراوەكان بیسـەلمێنین ئێسـتای شـەهیدان, ئەگـەر چـی بـە مەبـدەئی هـەموومان دەزانـین كەسـیان نـەماوە, بـەلام قانونیەن بۆ بەدوا داچوونیان, بۆ قەرەبوو كردنیـان دەبێت چارەسـەر كردنـی كێشـەی مـاڵ و منداڵـەكانیان, ئەمـە یـەك تێبینی.

تێبینی دووەم/ دەڵێت ئەو پرۆژەیە لە لایەن حكومەتەوە بۆمان هاتووە, نـاوی وەزارەتـەكان بـۆ گۆڕانكـاری دەبێت پـرس بەوانیش بكرێت و رەئی ئەوانیشی تێدا هەبێت, جا ئەو تێبینیە دەخەمە بەردەم ئەگەر تێبینی تر لە لاتان بەقوەتە بـۆ هێشتنەوەی ناوی وەزارەتەكان و دووباره كردنـەوەی موناقەشـە بكـەین, یـان بـەجێ بهێڵین وەكو خـۆی پـاش موناقەشـە كردن و دەنگدان, ئەگەر پێتان وایە ئەو فەقەرەیە بگۆڕێت و وەكو خۆی بمێنێتەوە, دەبێت یەكەم جار رازی بـن لـەوەی دووباره نیقاش بخرێتە سەر تەعدیلەكە, لیژنەی قانونیش رەئی خۆی دەدات لەسەر ئەو مەسەلەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مەوزوعە بە رەئی من دەنگی لەسەر دراو كۆتایی پێ هات و, بە ئەكسەریەت ئەوە ئیقرار كرا, ئەوە یەك.

ماددەكە وەكو مادده, وەكو یاسایەكە بە كاملیش دەنگی لەسەر دراوە, یەعنی دوو دەنگی لەسـەر دراوە, ئەگەر تەعـدیلات هەبێت پاشان قەیدی ناكات, نەك لەو دانیشتنە بە رەئی من, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە كەواتە رەئی قانونی دەخوات, چونكە ناتوانین قانون بشكێنین, ئەمە تێبینیەك بوو بۆمان هاتبوو بە كاغەز, چەند تێبینیەك, دیارە ئەو كەسانە لە تەلـەفزیۆن موتابەعـە دەكـەن وایـان گوتبـوو, بـەلام نـاتوانین قانونەكـە بشكێنین, ئـەوە كۆتـایی پـێ هـاتووە, ئەگـەر زۆر زۆر پێویسـتی كـرد لـە داهـاتوودا گۆڕانكـاری تێـدا دەكـرێتن, زۆر سـوپاس, كۆتـایی بـە دانیشتنەكە دەهێنین, بەخێر بێن.

| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(كمال كركوكی) | عدنان رشاد مفتی |
|---|---|---|
| سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| كوردستانی – عێراق | كوردستانی - عێراق | كوردستانی – عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) نائاسایی**

**چوارشەممە رێکەوتی22\2\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( 3 )ی نائاسایی

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2006/2/22

كاتژمێر (11,10)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2006/2/22 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە(3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی برگە یەكی ماددە شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, و بەپێی برگە یەكی ماددە بیستی پەیڕەوەكە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی, بڕیاردرا بەرنامەی كاری دانیشتنەكە لە كاتی (11,10)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2006/2/22 دا ساز بدرێت , بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

1-دەستنیشانكردنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان و جێگرەكەی.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان, بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار, ژمارەی دانیشتن سێی نائاسایی رۆژی دانیشتن 2006/2/22 بەرنامەی كار پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی برگە یەكی ماددە شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, و بەپێی برگە یەكی ماددە بیستی پەیڕەوەكە لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ دانیشتنێكی نائاسایی, بڕیار درا بەرنامەی كاری دانیشتنەكە لە كاتی (11,10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2006/2/22 دا ساز بدرێت, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

1-دەستنیشانكردنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان و جێگرەكەی.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.

خاڵی یەكەم لە بە رنامەكەماندا كە ئەمڕۆ بەشێوەیەكی نائاسایی كۆبووینەتەوە بە پێی عورفی دەستووری لە هەموو نوزمی پەرلەمانی دونیادا, لێرەش خۆشمان لە دوو كوتلەی هەرە گەورەی ناو پەرلەمان, پارتی و یەكێتی ڕێككەوتوین بە پێی ئەو بەرنامەیە و ئەو ئیتیفاقەی كە لەوێدا خوێندراوەتەوە و تەصدیقمان لەسەر كرد لەسەر تەرشیح كردنی بەڕێز كاك نێچیرڤان ئیدریس بارزانی بۆ سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان و كاك عومەر فەتاح بۆ جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان, بە پێی فەقەرە سێی ماددە (6) لە یاسای ژمارە (1) ی 1992ی هەموار كراو. پێش ئەوەی داوا لە ئێوە بكەم یان بیخەمە دەنگ ئەو تەرشیحە حەز دەكەم دوو خاڵتان بۆ روون بكەمەوە.

ئەم دوو بەڕێزە كە تەرشیح كراوە لەلایەن هەردوو حزبەكەوە بۆ سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی لەبەر رۆشنایی ئەو ڕێككەوتنەی كە لێرەدا باسمان كرد و خوێندرایەوە و تەصدیقمان لەسەر كرد بە پێی قانونی خۆمان ژمارە (3)ی ماددە (56) ساڵی 1992ی هەموار كراو پاش ئەوەی كە دەنگیان بۆ دەدەین, ئەوە دەستنیشان كردنە, لەپەرلەماندا دەستنیشانی سەرۆك و جێگرەكەی دەكەین بە پێی ئەو قانونەی كە ئاماژەم پێكرد, دواتر سەرۆكایەتی پەرلەمان داوا لەسەرۆكایەتی هەرێم دەكات كە لەبەر رۆشنایی بڕیاری پەرلەمان تەكلیفی ئەو دوو بەڕێزە بكات بۆ ئەوەی حكومەت تەشكیل بكەن, ئەو دوو بەڕێزەش لەبەر رۆشنایی ئەو تەكلیفە لە ماوەیەكدا نابێ لە رۆژی تەكلیف كردنیان نابێ لە مانگێك زیاتر بێت, دەبێ كابینەكە تەشكیل بكەن پاش راوێژ كردن لەنێوان خۆیاندا لەگەڵ لایەنەكانی تردا كە

بەشداری دەكەن لە حكومەتدا, ئینجا دێنە ئێرە ئەو وەختی بەرنامەی كاری حكومەت و كابینەكە لێرەدا داوای سیقەی لێ دەكەن, ئەو كاتی خۆشیان حازر دەبن و لێرەش موناقەشە دەكەین, تەبعەن كە سیقەیان پێ بدەین سوێند دەخۆن لەبەردەم ئێوە, ئەو ماوەیەی كە دیاریش كراوە بۆ تەشكیل كردنی ئەو كابینەیە مانگێكە بە پێی قانونی ژمارە (1)ی 2005ی رئاسەتی ئیقلیم كە لەساڵی 2006 دا دەرچووە, جا من داوا لە بەڕێزتان دەكەم لەم رۆژە مێژووییەدا كە گەلەكەمان ماوەیەكی دوورودرێژە چاوەڕوانی ئەو وەختەی دەكرد كە هەردوو ئیدارە یەك بگرێتەوە و بەڵێنیشمان بە خەڵكەكە دابوو كە لە كاتی هەڵبژاردندا پەرلەمان بە واجبی خۆی هەڵبستێت و یەكێك بوو لە موهیمەتەكانی كە هەردوو حكومەتەكەی یەك بگرێت, ئەوەتا ئاواتی گەلەكەمان هاتە دی و ئەمڕۆ هەنگاوی یەكەمی ئەو ئاواتەیە بەوەی لێرەدا دەستنیشان دەكرێت, وەكو ئاماژەم پێكرد هەردوو بەڕێز كاك نێچیرڤان ئیدریس بارزانی بۆ سەرۆكی حكومەت و كاك عمر فتاح بۆ جێگری سەرۆكی حكومەت, بۆیە لێرە ئێمە دەستنیشانی دەكەین, كە هەردوو كیان دوو كوتلەی سەرەكین لە پەرلەمان و رێزی زۆریان هەیە, بۆیە داوا دەكەم ئەوەی رازییە بەو داواكارییەی هەردوو ئەو كوتلەیە دەستی بەرز بكاتەوە بۆ دەنگ دان بۆ هەردوو بەڕێز, سوپاس, كێ دژی ئەو دەستنیشان كردنەیە دەستی بەرزبكاتەوە, كەواتە بە تێكڕایی دەنگ دەنگ درا بەدەست نیشان كردنیان, ئینشائەڵلا لە ماوەیەكی دیاریكراودا ئەو ئاواتەی گەل دێتە دی و حكومەتی یەكگرتووی كوردستان تەشكیل دەبێت بەم زووانە.

خاڵی دووەم لەبەرنامەی كارماندا خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندنە (تیرۆر) لە هەرێمی كوردستاندا. داوا لە كاك شێروان و كاك عونی دەكەم بێن بۆ خوێندنەوەو موناقەشە كردنی پرۆژەكە و داوا لە نوێنەری لیژنەی ماڧ مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆش دەكەم بێن, چونكە داوا لەوانیش كرابوو كە راپۆرتیان هەبێت, كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێز خوشك وبرایانی بەڕێز.**

هەروەكو هەمووتان ئاگادارن لە 12/27/ 2005 پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە پەرلەمانی كوردستان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا, پاشان ئەو پرۆژەیە ئیحالەی لیژانی پەیوەندار كرا, لیژنەی یاسا, لیژنەی ماڧ مرۆڤ, لیژنەی ناوخۆ, بۆ ئەوەی موناقەشەی ئەو پرۆژەیە بكەن و راپۆرتی خۆیان ئامادە بكەن, ئێستاش راپۆرتەكان ئامادەیە و ئێمە وەكو لیژنەی یاسا ئێستا دیباجەی پرۆژەكە دەخوێنینەوە و لەگەڵ ماددەی یەكەمی یاساكە, پاشان راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەخوێنرێتەوە بە زمانی كوردی و عەرەبی, دوایی راپۆرتی لیژنەی ماڧ مرۆڤ, دوایی راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ, دوایی دەچینە گفتوگۆی پرۆژەكە بەشێوەیەكی گشتی, ئێستا دەست پێدەكەین بە خوێندنەوەی راپۆرتەكان لە لیژنەی یاساوە دەست پێ بكەین, مامۆستا كاكە بفەرمێ راپۆرتەكە بە زمانی كوردی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە راپۆرتی لیژنەی كاروباری یاساییە لە ئەنجومەن بە كوردی دەیخوێنینەوە.

**بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بەڕێز**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەكەمان، لیژنەی كاروباری یاسایی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی كوردستان-عیراق تاوتوێ كرد ، كە لە 2005/12/27 بۆی ناردرابوو. ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوەش راپۆرت و ڕاسپاردە و پێشنیازەكانی خۆی سەبارەت بە پرۆژەكە پێشكەش دەكات:

لیژنەی یاسایی، بەشێوەیەكی گشتی پشتگیری لەم پرۆژەیە دەكات، دوای رەچاوكردنی ئەم تێبینی یانەی خوارەوە:

**<u>یەكەم</u>:** لیژنە بەپەسەندی دەزانێ مادەیەكی سەربەخۆ بۆ پێناسكردنی كاری تیرۆریستی بۆ پرۆژەكە زیاد بكرێت، بەمەرجێ وەك مادەی یەكەم لەسەرەوەی پرۆژەكەدا دابنرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

**ماددەی یەکەم:**

**(کاری تیرۆر، کردنی هەر کارێکی تاوانکاریی رێکخراوە, , یان هەرەشە پێکردنیەتی, یان هاندانە بۆی, کە تاوانکار پەنای بۆ دەبات, بۆ ئەنجامدانی پلانێکی تاوانکاری تاك تاك، یان کۆمەڵکوژی، وکەسێ، یان کۆمەڵە کەسانێك، یان گرووپێك دەکاتە ئامانج، یان کوێرانە ، ئەنجامی دەدات بەمەبەستی تۆقاندن و ترس و دادوفیغان و ئاژاوەنانەوە لەناو جەماوەردا یان بیانترسێنێ بەجۆرێ کە پێرۆ و سیستەمی گشتی بشلەژێنێ, یان ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگەو هەرێم تووشی مەترسی بکات, یان زیان بە ژینگە, بەدام ودەزگا, بە موڵکی گشتی یان بەموڵکی تایبەت بگەیەنێ یان سەرچاوەی دەسهاتێکی سروشتی بخاتە بەر مەترسی).**

**لیژنەکەمان لە دارشتنی پێناسەی کاری تیرۆردا ئەوەی رەچاوکردووە کە ئەم پێناسەیە هەمووەکی و گشتگیر بێت بۆهەر کارێکی تیرۆری چاوەروانکراو وهەموو ئەو کارە تیرۆریستیانەی دیارکردووە بە پێودانگی ئەو حاڵەتانەی کە لە بەرامبەریان لە مادەکانی پرۆژەکەدا هاتوون و بەرامبەر هەریەکەش لەم حاڵەتانە سزاکەی دیارکراوە. بەزیاد کردنی ئەم مادەیەش زنجیرەی مادەکانی دیکەش هەموار دەکرێن.**

**<u>دووەم:</u> تیبینیەکان سەبارەت بەمادەی یەکەمی برۆژە پێشکەشکراوەکە:-**

**1- دەربارەی سزای لەناوبردن (اعدام) بۆ ئەو کارانەی لە مادەی یەکەمی پرۆژەکەدا هاتووە ئەوا زۆرینەی ئەندامانی لیژنە پشتگیری لەم سزایە دەکەن ، لەبەر ئەو بارو دۆخە نالەبارەی عیراق و هەرێم پێیدا دەرۆن و لەبەر زۆریی کاری تاوانی تیرۆر لە عێراقدا، بۆ ئەوەی تیرۆر لە هەرێمدا بنبڕبکرێت و بەری لێبگیریت وبواری هاتنە ناو هەرێمی نەبێت, هەرچەند هەندێ کاری تیرۆریش گەیشتە هەرێم, هەروەها بۆ ئەوەی سزاکە ببێت بە بەربەستێکی یاسایی و رێگا لەوانە بگرێ کە بیر لەئەنجامدانی هەر تاوانێکی تیرۆریستی دەکەنەوەو بەرلەوەی تێوە بگلێن بیرلەوەبکەنەوە کە سزاکەی ئیعدامە. بەڵام ئەگەر بینی سزاکەی سەرەنجام هەر دەبێ بە زیندانیی هەتا هەتا، ئەوسا لەوانەیە گوێی پێ نەدات ودوودڵی لە ئەنجامدانی نەکات بە هیوای ئەوەی ئەگەر لە ژیاندا بمینێت, رۆژێك دێت لە رەوشێکی سیاسی یان یاساییدا بەری دەدەن، جا لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە کەسانەی ئەو تاوانە تیرۆریستیانە ئەنجام دەدەن، شایەنی ژیان نین و پێویستە کۆمەڵگە پاکتاویان بکات تا لەرووی یاسایی و کۆمەڵایەتی وئاسایشەوە سەقامگیربێت. سزای ئیعدام وێرای ئەوەی کەزۆر توندە, لەهەمان کاتیشدا دەستەبەرە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە و ئاسایش وسەقامگیریی کۆمەڵگە، بەڵکو تاکە سزایە کە دەستەبەری رێگاگرتنە لەروودانی هەندێ تاوان، چونکە ترس دەخاتە دڵی تاوانکاران و رێگای تاوانیان لێ دەگرێت وئەوپەری لەدەمدانەوەی تاوانکاران لەخۆدەگرێت ولە گشت سزایەك کاریگەرترە لە بەدیهێنانی ئامانجی کۆمەڵگا لەبەرەنگاربوونەوەی تاوانکاری تۆقاندن وبەدیهێنانی دادپەروەری.**

**2-زۆرینەی ئەندامان بەرەو بنەمای توندکردنی سزاکانی پرۆژەکە دەروات بەتایبەتی لەناوبردن (اعدام) بەهۆی ترسناکیی تاوانە تیرۆریستیەکان وئەو زیانەزۆرەی لێیان دەکەوێتەوە. بەئامانجی ئەوەی پێش روودانی بەرەنگاری ببینەوە وخۆی لێ بپارێزین . چونکە ئامانج لە پرۆژەی یاساکە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر وپارێزگاری لە سەروسامانی هاولاتیان وسامان ودەزگا گشتییەکان وپاراستنی ئاسایش وسەقامگیریە لە هەرێمدا , سەرباری پارێزگاری لە ئازادیە گشتیەکان وتایبەتیەکان وهێنانەکایەو دەستەبەرکردنی کەشی لەبارو دروستی پێویستە بۆ ئەوەی هاولاتیان ژیانێکی سروشتی بگوزەرێنن.**

**3-هەرچی برگە (4)ی ماددەی یەکەمی پرۆژەکەیە، ئەوە لیژنە ڕای وایە دەسەواژەی**

**( بەمەبەستی تیرۆریستی) زیاد بکرێ،و لە کۆتایی ئەو برگەیەدا دابنرێ، وبەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە.**

**( رفاندن, گرتن, دەستبەسەرکردن, یان لە ئازادی بێبەشکردنی کەسێك, بەهەر رێگەیەك بێت بۆ قاچاندنەوەی دارایی یان بەمەبەستی سیاسی وپاڵنەری تیرۆریستی).**

4- ليژنه پێشنيار دەكات رستەی نيشمانی ونێو نەتەوەيی حكومی وناحكومی بخرێتە دوای وشەی رێكخراوەكان لە دێڕی دووەم , لەبڕگە 5/ی مادەی يەكەم دابندرێت وبەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

دەستبەسەركردنی كەسێك, يان كۆمەڵە كەسانێك بە بارمتە بۆ ئەوەی كاربكاتە سەر دەزگاكانی هەرێم , يان دەستە وڕێكخراوە نيشتمانی و نێونەتەوەيی حكومی وناحكوميەكانی لە هەرێمدا كاردەكەن بۆ بەدەستهێنانی سوود يا كەلكێك, لەهەر جۆرێك بێت , يان ناچاريان بكات كارێك ئەنجام بدەن يان ئەنجام نەدەن يان بۆ نانەوەی بارێكی ترس ودڵەڕاوكێ .

5- ليژنە رای وايە وشەی ( تاوانكار) لە دوادێڕی بڕگەی (7)ی مادەی يەكەمی پرۆژەكە لابرێت چونكە لەو جێگايەدا زيادە و پێويست بەمانەوەی ناكات و، لە رستەی پێشەوەی بڕگەكەدا هاتووە.

**سێيەم** تێبينيەكان سەبارەت بەمادەی دووەمی پرۆژەكە:-

1- ليژنە بە پەسەندی دەزانێت وشەی (بەئەنقەست) لە بڕگە(7) لابربدرێت و وشەی يان (تايبەت) لەدوای (سامانە گشتيەكان) دابندرێت و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(تێكدان, ڕووخاندن, لەكەلك خستن, يان زيانپێگەياندنی تەواو, يان هەندێك بە تەلار ودامەزراو وسامانی گشتی, تايبەت, يان تەرخانكراو بۆ فەرمانگە و بەرژەوەنديە حكوميەكان,يان دەزگا گشتيەكان وبارەگای ئەو پارت وكۆمەلأنەی بەياسا ناسراوون, يان يەكێك لە دامەزراوە نەوتيەكان يان هەر شتێكی ديكە لە دامەزراوەكانی هەرێم , ئيستگەی وزەی كارەبا وئاو, يان پرد, بەنداو , بۆريەكانی ئاوی گشتی, هۆيەكانی گەياندن ودامەزراوەكانی, شوێنەكانی تەرخانكراو بۆ كۆبوونەوە گشتيەكان, شوێنەكانی خواپەرستی, شوێنی ئامادەكراو بۆ هاموشۆی جەماوەر, يان هەر سامانێكی ديكە، كە گرنگ بێت بۆ ئابووری نيشتمانی , بەپالنەرێكی تيرۆريستی بۆ لەقكردنی ئاسايشی وسەقامگيری لە هەرێمدا).

2- رای ليژنە ئەوەيە، بڕگەی (7)راگوێزرێ بۆ شوێنی بڕگە(2)ی ماددەكە، چونكە تاوانكاری بەرامبەر بە فڕۆكە زۆر گەورەيەو، فڕۆكەو فڕگەش لە كوردستاندا شتێكی تازەيە، هەروەها، رای ليژنە، ئەوەيە وشەی ''يان ڕفاندنيان '' بخرێتە دوای ''دەستبەسەرداگرتنی فرۆكەكانی مەدەنی''وگۆرينی رستەی ''ئەگەر كارەكە بوە هۆی (بە رستەی) ئەگەر كارەكە لێی كەوتەوە''چونكە ئەميان، لە رووی ياساييەوە زياتر لەبارە بۆ وەسف كردنی ئەو بارەی كە چاوەڕوان دەكرێ، هەروەها وشەی (پتر) لە كۆتايی برگەكە زياد بكرێت وبەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(دەستبەسەرداگرتنی فرۆكە مەدەنيەكان يان فڕاندنيان وسزاكەشی دەبێتە لەناوبردن(اعدام),ئەگەر كارەكە مردنی مرۆڤێك يان پتری لێكەوتەوە).

3- ليژنە پێشنيار دەكات وشەی (رێگەكان) بە وشەی (هۆيەكان) بگۆردرێت لە بڕگە 3/ی مادەكە و بڕگەكە بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(پەكخستنی هۆيەكانی گەياندن و سيستەمی كۆمپيوتەر، چوونە ناو تۆڕەكانی و ژاوەژاو دانان لەسەری, يان زانياری و داتا خستنە ناويانەوە بەمەبەستی ئاسانكاری ئەنجامدانی تاوانە تيرۆريستيەكان)

4- بەم پێيەش زنجيرەی بڕگەكان ڕێك دەخرێنەوە.

**چوارەم:-** تێبينيەكانی ليژنە سەبارەت بە مادەی سێيەمی پرۆژەكە:

1- ليژنە رای وايە دەسەواژەی (حكومەتی هەرێم بە مەبەستی تيرۆريستی) لە دوای وشەی (فەرمانەكانی) لە كۆتايی بڕگەی يەكەم زياد بكرێ و وەك ئەمەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

(دەسەڵاتی فەرمان پێكردنی لەسەر كارمەندانی هێزی ئاسايشی ناوەخۆ , يان زێرەڤانی هەرێم هەبێت وداوای لێكردن يان رايسپاردن كار لەسەر پەكخستنی فەرمانەكانی حكومەتی هەرێم بكەن بە پاڵنەرێكی تيرۆريستی).

2- وشەی (هاوشێوەی) لە دوای رستەی (شریتی تۆمارکراو) لە برگە /3ی مادەکە دابندرێت و بەم جورە بخوێندرێتەوە:-

(بە بەدنیازی نووسراو, چاپەمەنی, شریتی تۆمارکراو, یان هاوشێوەی, یان وێنەی وا کە دنەدان , بەچاك زانین, یان برەوپێدان لەخۆ بگرن بۆ ئەنجامدانی کارە تیرۆریستیەکان بە مەبەستی دابەشکردن وبلاْوکردنەوەیان, یان بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لێ ئاگادار بکاتەوە).

3- دەستەواژەی (خزمەکانی تا دەگاتە پلەی دووەم) لە برِگە /4ی مادەکە بگۆڕێت بە دەستەواژەی (خزمەکانی تا دەگاتە پلەی یەکەم) بۆ ئەوەی لێبەدەرکردنەکە کەم بکرێتەوە و تەنها خزمی پلەی یەکەمی لێ بەدەربکرێت, کە دەکاتە باوك ودایك ومنداڵان لەگەڵ هاوسەر(ژن ومێرد).

**پێنجەم:** تێبینی لەسەر مادەی چوارەمی پرۆژەکە نیە.

**شەشەم:** سەبارەت بە مادەی پێنجەمیش لە پرۆژەکە, لیژنە پێشنیار دەکات وشەی (یەکلاکەرەوە)لە دێرِی کۆتایی بکرێت بە وشەی (بنبڕ) وبەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(نا بێ تۆمەتبار بە تاوانە تیرۆریستیەکان بەربدرێن بە دەستەبەر تا حوکمێك یان بریارێکی بنبڕ لە داواکە دەردەچێت).

**حەفتەم:**تێبینی لە سەر مادەکانی شەشەم وحەفتەم نیە.

**هەشتەم:** سەبارەت بە مادەی هەشتەمی پرۆژەکە, کەمینەی لیژنە پێی وایە برِی بەخششەکەی لە مادەکەدا هاتووە برِێکی مغری دیاربکرێت بە پێی بارودۆخ زیاد وکەم بکرێت.

**نۆیەم:** سەبارەت بە مادەکانی نۆیەم ودەیەم ویازدەم ودوازدەمی پرۆژەکە لیژنە تێبینی لەسەریان نیە تەنها گۆڕینی وشەی (لێپرسینەوە) کەلە مادەی دوازدەم هاتووە, بە وشەی (شکاتکردن).

**دەیەم:** سەبارەت بە مادەی سێازدەم, ئەندامانی لیژنە ناکۆك بوون لەسەر هێشتنەوەی یان نەهێشتنی بەلاْم سەرۆکی لیژنە پشتگیری لایەنی پشتگیر لە نەهێشتنی دەکات.

**یازدەم:** لیژنە پێی چاکە دەستەواژەی (یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاییەکان بخرێتە سەر برِگە (أ) ی مادەی چواردەم و ئاماژە بە هەردوو یاسای) سزای عیراقی و بنەماکانی دادگاییە سزاییەکان بکرێت وبەم جۆرە بخوێندرێتەوە:-

(حوکمەکانی یاسای سزاکانی عیراقی ژمارە/111 ی ساڵی 1969و یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاییەکان/ی ژمارە 23ی ساڵی 1971 ی کارا لەسەر هەر شتێکی لەم یاسایەدا نەهاتبێت, پیادە دەکرێت).

**دوازدەم:** لیژنە بەباشی دەزانێت کاتێکی دیارکراو بۆ کارپێکردنی ئەم یاسایە دیاربکرێت و مادەی پازدەم بەم جۆرە دابرِێژرێتەوە:-

((ئەم یاسایە بۆ ماوەی چوار ساڵ کاری پێدەکرێت لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیەوە ودەکرێش درێژ بکرێتەوە).

**سیازدەم:** لیژنە بە پەسەندی دەزانێت سێ مادەی دیکە لە پرۆژەکە زیاد بکرێت دوای لادانی مادەی سیازدەمی پرۆژەکە زنجیرەشیان بەم جۆرە دەبێت:-

(مادەی سیازدەم: دەبێ دەزگا گشتیەکان رەچاوی بنەماکانی حوکمەکانی دەستوور ویاسا وپەیمان وبەڵێننامە نێونەتەوییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بکەن لەکاتی پیادەکردنی ئەم یاسایەدا ).

مادەی چواردەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان-عیراق چاودێری خاوخێزانی قوربانیانی کارە تیرۆریستیەکان دەکات وقەرەبوی زیانەکانی زیان لێکەوتوان دەکاتەوە''.

**مادەی پازدەم:** لیژنەیەکی نیشتمانی لە نوێنەرانی وەزارەتی ناوەخۆ وداد وئەوقاف کاروباری ئایینی ورۆشنبیری وپەروەردە وپێشمەرگە ودارایی ودەستەی گشتی ئاسایشی هەرێم پێك دەهێنرێت بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام

بدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێم دا  تا وەکو نەهێلن رووبدات و لەگۆڕبندرێت بەو شێوازانەی بە گونجاوی دەزانن''.

**چواردەم:** بەدووبارە ڕێکخستنەوەی زنجیرەی مادەکان مادەی چواردەمی پرۆژەکە دەبێتە شازدەم و مادەی پازدەمیش دەبێتە حەڤدەم، بەم جۆرە ژمارەی مادەکانی پرۆژەکە دەبێتە حەڤدە مادە لەجیاتی پازدە مادە.

**پازدەم:** دواجار سەبارەت بە هۆیەکانی خوازیاری دانانی یاساکە، لیژنە تێبینی لەسەر نیە.

هیواداریین بفەرموون, چاوی پێدا بخشێنن وبخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ تاوتوێکردنی رای گونجاوی لەسەر بدرێت. لەگەڵ ڕێزدا..

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کاک عونی راپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**إلى/رئاسة المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

لقد قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون مكافحة الارهاب في اقليم كوردستان - العراق

المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتاريخ 2005/12/27 وتقدم اللجنة تقريرها و توصياتها واقتراحاتها بشأنه و كمايلي:-

أولاً: ان اللجنة القانونية تؤيد المشروع بشكل عام بعد الاخذ بنظر الاعتبار الملاحظات الآتية:

اضافة مادة مستقلة الى المشروع بتعريف الفعل الارهابي على ان تكون تلك المادة في مقدمة المشروع وكمادة اولى وتقرأ كالآتي:-

المادة الاولى( الفعل الارهابي هو كل فعل اجرامي منظم والتهديد به أو التحريض عليه يلجأ إليه الجاني تنفيذاً لمشروع إجرامي فردي اوجماعي يستهدف فرداً او مجموعة افراد أو جماعات او بشكل عشوائي القصد منه ايقاع الرعب والخوف والفزع والفوضى بين الناس او ترويعهم من شأنه الاخلال بالنظام العام او تعريض امن وسلامة المجتمع والاقليم للخطر او ايذاء الافراد او تعريض حياتهم او حرماتهم او امنهم للخطر او الحاق الضرر بالبيئة او باحد المرافق او الاملاك العامة او الخاصة او تعريض احد الموارد الطبيعية للخطر)

وقد اخذت اللجنة القانونية بنظر الاعتبار عند صياغتها لتعريف الفعل الارهابي جعل التعريف عاما وشاملاً للافعال المتوقعة وتحديد كل فعل ارهابي بالحالات المبينة في مقابلها الواردة في مواد المشروع والعقوبات المقابلة لكل حالة من تلك الحالات وبعد تثبيت التعريف اعلاه للفعل الارهابي تعديل تسلسل ارقام المواد تبعاً لذلك.

ثانياً: الملاحظات المتعلقة بالمادة الاولى من اصل المشروع:-

1- فيما يتعلق بعقوبة الاعدام للافعال الوردة في المادة الاولى من المشروع يؤيد اكثرية اعضاء اللجنة ما جاء في المشروع من تحديد العقوبة بالاعدام نظراً للظروف التي يمر بها العراق والاقليم وكثرة الافعال الاجرامية الارهابية في العراق وبغية مكافحتها في الاقليم والحيلولة دون وصولها الى الاقليم(رغم وصول بعض منها) وحتى تكون العقوبة رادعاً قانونياً ومانعاً لمن يفكر في ارتكاب اية جريمة ارهابية قبل الاقدام عليها, اذا فكرَ بعقوباتها وعلم بوجود عقوبة الاعدام اما اذا وجد بان العقوبة تنتهي في النهاية بالسجن فانه من المحتمل ان لا يتردد في الاقدام عليها وعلى امل ان يأتي يوم من الايام فيمااذا بقي على قيد الحياة ان يطلق سراحه لاي ظرف سياسي او قانوني كان, و بما ان امثال من يقدمون على ارتكاب الجرائم الارهابية لايستحقون الحياة و على المجتمع تصفيتهم من بين ظهرانيه حتى يستقر المجتمع قانونياً و اجتماعياً و امنياً و ان عقوبة الاعدام رغم قساوتها فهي صمام الامان لحماية المجتمع و امنه و استقراره بل هي العقوبة الوحيدة التي تكفل

منع و قوع بعض الجرائم حيث يبعث الخوف في نفوس المجرمين و يردعهم من اقتراف جرائمهم لانها تتضمن اقصى قدر من الزجر و هي اكثر العقوبات اثراً في تحقيق هدف المجتمع في مكافحة الاجرام و الارهاب و تحقيق العدالة.

و لقد اتجهت اكثرية اعضاء اللجنة الى مبدأ تشديد العقوبات الواردة في المشروع لاسيما الاعدام نظراً لخطورة الجرائم الارهابية قبل جسامتها و الاضرار المتولدة منها مستهدفة مكافحتها و الاحتراز من و قوعها قبل و قوعها و حدوثها. فالهدف و الغاية من مشروع القانون هي مكافحة الارهاب بغية حماية ارواح و ممتلكات المواطنين و الاملاك و المرافق العامة و حماية الامن و الاستقرار في الاقليم بالاضافة الى حماية الحريات العامة و الخاصة و خلق و تامين الاجواء المناسبة و السليمة الضرورية لممارسة المواطنين حياتهم الطبيعية.

2- بالنسبة للفقرة (4) من المادة الاولى من المشروع ترى اللجنة اضافة عبارة ( بدافع إرهابي) الى آخر تللك الفقرة و لتقرأ كالاتي:-

(خطف شخص او القبض عليه او حجزه او حرمانه من حريته باية و سيلة كانت للابتزاز المالي او لاغراض سياسية بدافع ارهابي)

3- ترى اللجنة إضافة العبارة التالية (الوطنية و الدولية الحكومية منها و غير الحكومية الى ما بعد كلمة و المنظمات الواردة في السطر الثاني من الفقرة (5) من المادة الاولى و لتقرأ كالآتي:-

(احتجاز شخص او مجموعة من الاشخاص كرهائن بقصد التأثير على سلطات الاقليم او الهيئات و المنظمات الوطنية و الدولية الحكومية منها و غير الحكومية العاملة في الاقليم بغية الحصول علي منفعه او مزية من اي نوع كان او الاجبار على القيام بعمل او الامتناع عن عمل معين او خلق حالة من الرعب و الفزع).

4- ترى اللجنة حذف كلمة (الجاني) من السطر الاخير من الفقرة (7) منها لكونها زائدة عن موقعها و عدم الحاجة الى بقائها لورودها في سياق الفقرة ابتداءً.

<u>ثالثاً</u>: الملاحظات المتعلقة بالمادة الثانية من اصل المشروع:-

1-ترى اللجنة حذف كلمة عمداً من الفقرة (1) منها و إضافة كلمة (اوالخاصة) الى ما بعد و الاملاك العامة الواردة فيها و لتقرأ كالآتي:-

(تخريب او هدم او اتلاف او احداث ضرر كلي او جزئي بالمباني و المؤسسات و الاملاك العامة او الخاصة او المخصصة للدوائر و المصالح الحكومية او المرافق العامة و مقرات الاحزاب او الجمعيات المعتبرة قانوناً او احدى منشآت النفط أو غيرها من منشآت الاقليم او محطات الطاقة الكهربائية و المائية او الجسور او السدود او مجاري المياه العامة او وسائل المواصلات و منشآتها او الاماكن المعدة للاجتماعات العامة او اماكن العبادة او الاماكن المعدة لارتياد الجمهور او اي مال له اهمية في الاقتصاد الوطني بدافع ارهابي لزعزعة الامن و الاستقرار في الاقليم). 

2-ترى اللجنة نقل الفقرة (7) منها اي من المادة الثانية الى محل الفقرة (2) منها لهول الفعل الاجرامي بشأن الطائرات و كون الطائرات و المطارات حديثة العهد بالنسبة لكوردستان بعد اضافة عبارة ( او اختطافها) الى ما بعد الاستيلاء على الطائرات المدنية و تغيير عبارة (اذا أفضى الفعل)إلى عبارة (اذا ادى الفعل) لكونها اكثر ملائمة من الناحية القانونية لوصف الحالة المتوقعة و كذلك اضافة كلمة (اكثر) الى أخر الفقرة المذكورة و لتقرأ على الشكل الآتي : 

(الاستيلاء على الطائرات المدنية او اختطافها و تكون العقوبة الاعدام اذا ادى الفعل الى موت انسان او اكثر).

3-ترى اللجنة تبديل كلمة (سبل) الواردة فى الفقرة (3) منها الى كلمة (وسائل) وتقرأ الفقرة بعد ذلك كالأتي : 

(تعطيل و سائل الاتصالات و انظمة الحاسوب او اختراق شبكاتها او التشويش عليها او ادخال معلومات او بيانات فيها بهدف تسهيل ارتكاب الجرائم الارهابية )

4-تعاد ترتيب تسلسل الفقرات على ضوء ذلك .

<u>رابعاً</u>: ملاحظات واقتراحات اللجنة بالنسبة للمادة الثالثة من المشروع:

1- ترى اللجنة إضافة عبارة(حكومة الاقليم بدافع ارهابي) الى ما بعد كلمة أوامر الواردة في الفقرة(1) منها ولتقرأ كالآتي:
(كان له سلطة الامر على افراد قوى الامن الداخلي او حرس الاقليم وطلب اليهم او كلفهم العمل على تعطيل اوامر حكومة الاقليم بدافع ارهابي).

2- إضافة كلمة(او نظائرها) الى ما بعد كلمة(او اشرطة مسجلة) الواردة في الفقرة(3) منها ولتقرأ كالآتي:
(حاز أو احرز بسوء نية محررات أو مطبوعات او اشرطة مسجلة او نظائرها او صوراً تتضمن تحريضاً او تحبيذاً او ترويجاً لارتكاب الجرائم الارهابية بقصد التوزيع او النشر او لاطلاع الغير عليها).

3- تبديل عبارة( واقاربه الى الدرجة الثانية) الواردة في الفقرة(4) منها الى عبارة(واقاربه من الدرجة الاولى) بغية تقليل الاستثناء من حكم الفقرة للاقارب وحصره بالدرجة الاولى أي الاباء والامهات والاولاد فقط بالاضافة الى الزوج او الزوجة.

خامساً:- لا توجد ملاحظات على المادة الرابعة من المشروع.

سادساً:- اما بالنسبة للمادة( الخامسة) من المشروع فترى اللجنة تبديل كلمة(فاصل) الواردة في السطر الاخير منها الى كلمة(بات) ولتقرأ كالآتي:-

(لا يجوز اخلاء سبيل المتهم بارتكاب الجرائم الارهابية بكفالة لحين صدور حكم او قرار بات في الدعوى).

سابعاً:- لا توجد اية ملاحظات بالنسبة للمادتين السادسة والسابعة من المشروع.

ثامناً:- اما بالنسبة للمادة الثامنة من المشروع ترى الاقلية من اعضاء اللجنة تحديد مبلغ المكافئة الواردة فيها بمبالغ مغرية ومحددة قابلة للزيادة والنقصان حسب تبدل الظروف.

تاسعاً:- اما بالنسبة للمواد العاشرة والحادية عشرة والثانية عشرة من المشروع فلا توجد للجنة اية ملاحظات عليها سوى تبديل كلمة( مساءلة) الواردة في المادة الثانية عشرة الى كلمة(مقاضاة).

عاشراً:- اما بالنسبة للمادة( الثالثة عشرة) فهناك خلاف بشأنها حول الابقاء عليها او إلغائها والرأي الذي صوت له رئيس اللجنة تؤيد الغاءها.

حادي عشر:- اما بالنسبة للمادة( الرابعة عشرة) فترى اللجنة اضافة قانون اصول المحاكمات الجزائية ايضاً الى الفقرة(أ) منها والاشارة الى ارقام قانوني العقوبات والاصول ولتقرأ كالآتي:-

(أ - تطبق احكام قانوني العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969واصول المحاكمات الجزائية رقم 23 لسنة 1971 النافذة بكل ما لم يرد به نص في هذا القانون).

ثاني عشر:- ترى اللجنة تحديد سقف زمني(مدة معينة) للعمل بالقانون وتغيير صيغة المادة الخامسة عشرة من المشروع لتقرأ كالآتي( ينفذ هذا القانون لمدة اربع سنوات من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية وقابل للتمديد).

ثالث عشر: - ترى اللجنة اضافة ثلاث مواد الى المشروع إبتداءً من المادة (الثالثة عشرة) بعد الغاء المادة الثالثة عشرة من المشروع و يكون تسلسلها كالآتي: -

المادة الثالثة عشرة ( المضافة الجديدة)

(على السلطات العامة مراعاة المبادئ الواردة في احكام الدستور والقوانين وفي العهود والمواثيق الدولية الخاصة بحقوق الانسان عند تنفيذ احكام هذا القانون)

المادة الرابعة عشرة ( المضافة الجديدة)

( تتكفل حكومة اقليم كوردستان. العراق برعاية عوائل ضحايا الافعال الارهابية و تعويض المتضررين منها).

المادة الخامسة عشرة (المضافة الجديدة)

( تشكل لجنة وطنية من ممثلي وزارات الداخلية والعدل والاوقاف والشؤون الدينية والثقافة والتربية والپێشمەرگە والمالية والهيئة العامة لأمن الاقليم لاتخاذ الخطوات اللازمة لمكافحة الارهاب في الاقليم ولتلافي وقوعه والقضاء عليه بالطرق والوسائل التي تراها مناسبة).

راجين التفضل بالاطلاع وعرض المشروع على المجلس للمناقشة وابداء الرأي المناسب بصدده مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس لیژنەی مافی مرۆڤ با راپۆرتی خی بخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بۆ / بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ب/ راپۆرتی لیژنە

ئەمڕۆ دیاردەی تۆقاندن کە تاسەرسەری جیهانی گرتۆتەوە, بوەتە ترسناکترین نەخۆشی بۆ سەر تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی, ئەم دیاردە دزێوە ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە, بەڵکو خۆی خزانوەتە ناو زۆر لە فیکرو ئایین و ئایدیاو سیاسیەت و پەیوەندییەکانەوە, زۆر دەمێکیشە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کەوەتۆتە بەر ترس و شاڵاوی تۆقاندنیەوە.
بۆ رێگاگرتن و هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو دیاردە دزێوە, نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1970 وە یەکەمین جاڕنامەی بەناوی (بنەماکانی یاسای نێوە دەوڵەتی تایبەت بە پەیوەندییەکان دۆستایەتی و هاوکاری نێوان دەوڵەتەکان دەرکردووە), کە ئەمە بەناوبانگترین جاڕنامە دەژمێرێت کە دەربارەی تیرۆر دەرچووە, دواتر لەبەر مەترسیداربوونی و بەرفراوان بوونی ئەو دیاردەیە هەتا ساڵی 1996 زیاتر لە 13 جاڕنامە و بەڵگەنامەی دەرکردوە, بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەوڵی چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی لەسەر مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان.
تەواوی ئەو بەڵگەنامە و جاڕنامانە هەموو جەخت لەسەر چەند بنەمایەك دەکەنەوە و داوا لە دەوڵەتە ئەندامەکانی دەکات کە بە جددی پابەند بن پێوە.

1 - نابێ هیچ دەوڵەتێك نە پشتگیری و نەخۆشی دەستی هەبێ لە هەر کارێکی تیرۆریستی دا.
2 - دەبێت هەموو دەوڵەتەکان بەرەنگاربوونەوە و سزای هەر کارو کەسێکی تیرۆریستی بدەن.
3 - دانان یان هەموارکردنی یاسا ناوخۆییەکان بەجۆرێ بێ کە لەگەڵ تەواوی جاڕنامە و بەڵگەنامەکاندا بگونجێ بەتایبەتی ئەوانەی تایبەتن بە مافەکانی مرۆڤەوە.

لە عێراق و کوردستان دوای دیکتاتۆریەتدا هەمان رێوشوێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر گیراوەتەوە بەر.
هەر بۆیە لە پەرلەمانی کوردستانیش دا رەشنووسی یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر خرایە بەر دەست بۆ خوێندنەوەی, لیژنەی مافی مرۆڤیش بە مافی خۆی زانی و داوای وەرگرتنی ئەو رەشنووسە بکات و, بۆ ئەوەی خوێندنەوەی خۆی لە روانگەی مافی مرۆڤەوە لەسەر بکات.
لیژنە لە کۆبوونەوەیەکیدا بە ئامادە بوونی ئەندامانی گفتوگۆیەکی چڕوپڕی لەسەر رەشنووسەکەی کردو, دواتر بە پەسەندی زانی بانگهێشتی کۆمەڵێ لە نوێنەرانی کۆمەڵە و رێکخراوە مەدەنیەکانی کە لە بوارەکانی مافی مرۆڤدا لە کوردستان دا کار دەکەن بکات بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی پرۆژەی یاساکە, هەڵبەت ئەمەیش دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمان.
لە رۆژی 2006/1/15 بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو رێکخراو و کۆمەڵانە لیژنە کۆنفراسێکی یەك رۆژەی بەست, کە باس لە گرنگی یاساکە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردە دزێو کراو, هەروەها جەخت لەسەر داکۆکی و پارێزگاری لەبەرزترین بەها و پیرۆزی مرۆڤ کرایەوە, کە ئەویش ماف وئازادیەکانن.
دواتر لیژنە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی خۆی دا تەواوی پێشنیارەکانی تاوتوو کرد و ئەم خاڵانەی خوارەوەی گەڵاڵە کرد:

1-ماددەیەك لەیاساکەدا بۆ پێناسەی زارەوە و دەستەواژەکان زیاد بکرێت.
2-دانانی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو یاسایە, چونکە راگەیاندنی حاڵەتی نائاسایی (الطوارئ) بۆ خۆی گرفت و لەمپەر لەبەردەم هەموو چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆژنامەگەریەکان دروست دەکات.
3- سزای لە سێدارەدان کە ئێستا لە دنیای پێشکەوتوودا بەرەو کۆتایی هاتنە لەبەر ئەوەی جێگای خۆیەتی لێرەیشدا بازنەکەی کەم بکرێتەوە.

4-برگەی سێیەمی لە ماددەی 1 چەکی میکرۆبی بکرێتە چەکی بایەلۆژی.

5-برگەی 1ی ماددەی 2 لەدوای وشەی کۆمەڵەکانەوە بکرێتە کۆمەڵە و رێکخراوە مەدەنیەکان.

6-برگەی 5 لە ماددە 3 لە کۆتایی دا ئەمەی خوارەوەی بۆ زیاد بکرێت (بەمەرجێك ئەم خاڵە رۆڵی رۆژنامەگەری رەخنەگرتن و رۆژنامەگەری ئازاد کەم نەکاتەوە).

لە ماددەی دوانزەهەم دا و لەدێری سێهەمدا لەدوای بۆ (داکۆکی لێ کردنی) ئەمەی بۆ زیاد بکرێت (داکۆکی لێ کردن و شوێن و چارەنووسی دیاری بکرێت), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەکەین ئەوانیش راپۆرتی خۆیان پێکشەش بکەن.

**بەڕێز اخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بابەت/ رای لیژنەی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە کە دوای ئەوەی لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا سەبارەت بە تاوتووکردن لەسەر پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان, لیژنەکەمان بە تێکڕای دەنگ دەقی پرۆژەکە پەسەند دەکات, لەگەڵ ئەو تێبینیانەی کەوا لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لەسەر کردووە.

لەگەڵ رێزماندا

اخر شێخ جمال

جێگری لیژنەی ناوخۆ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ هەرسێ لیژنەی سایایی و مافی مرۆڤ و ناوخۆ, پێش ئەوەی دەست پێ بکەین بە موناقەشەی یاساکە, من داوا لە هەموو بەڕێزان ئەندامان دەکەم, کە پرۆژەکەیان لە پێشە و ماوەیەکیشە وەریان گرتووە, یەعنی لەو ماددانەی کە بۆچوونیان هەیە, تەواو قسە بکەن, چونکە وەختەکە کەمەو ئەگەر بێت و لەسەر هەموو ماددەکە قسە بکەین, زۆر دەخایەنێت, ئەگەر لەسەر زۆری ماددەکانیشدا قسەیان هەبوو, قسەکە با تکرار نەبێتەوە بڵێت قسەی من کرا, پشتگیری لەو قسەیە دەکەم کە فلان کردی, بۆ ئەوەی وەختەکە بەشێوەیەك بەش بکات, تاوەکو یاسایەکە تەواو بکەین ئینشائەڵڵا, هەروەها ماددەیەکیش کە دەخوێنینەوە, لیژنەی یاسایی رەئی خۆی بداتن و, لیژنەی مافی مرۆڤیش رەئی خۆی بداتن, ئینجا موناقەشەی دەکەین, لەبەر ئەوەی لیژنەی ناوخۆ هیچ رەئی نییە و پشتگیری خۆی لە راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دەکات, دەتوانێت لە جێگای خۆی دابنیشیتەوە, کاك محمد فرج بمێنێت بۆ هاوکاریکردنی ئێمە, زۆر سوپاستان دەکەین, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی ماددەی (1) دەخوێنمەوە, پاشان دەچینە سەر گفتوگۆکردن لەسەر ماددەکە.

یاسای ژمارە (   ) ی ساڵی 2006

یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی

کوردستانی – عێراق دا

ماددەی یەکەم:

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی تیرۆرکاری (تۆقاندن) دادەندرێن و سزایان لە سێدارەدانە:

1-دامەزراندن, رێکخستن یان بەڕێوەبردنی رێکخراو, کۆمەڵە, دەستە, باند, بنکە, یان کۆمەڵێك, بە ئامانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

2-تیرۆرکردن بۆ مەبەستێکی سیاسی, ئایدیۆلۆجی, یان بەکافردانان.

3-بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە, سووتێنەر, گڕگر, ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان و رووخاندن لەرێگەی تەقاندنەوەی راستەوخۆ, یان بە ئامێری لە دوور ئاراستەکراو, یان مینرێژکردنی ماشێن, چاندنی بۆمبی خاپوورکار, بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی جەنگی, پشتێنەی خاپوورکار, یان نامەی مینرێژکراو, مادە, یان گازی ژەهراوی, یان میکرۆبی, یان تیشکدەر, ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك, یان پتری لێکەوتەوە.

4-دەست بەسەر فڕۆکە داگرتن, بەهەموو جۆرەکانیەوە.

5-ڕفاندن, دەستگیرکردن, دەستبەسەرکردن, یان بێبەشکردنی کەسێك لە ئازادی, بەهەر شێوازێك بێت, بۆ قاچاندنەوە (ابتزاز)ی دارایی, یان بە مەبەستی سیاسی.

6-بە بارمتەگرتنی کەسێك, یان کەسانێك بۆ کارتێکردن لە دام و دەزگاکانی هەرێم, یان لەو دەستە و رێکخراوە نێوە دەوڵەتییانەی لە هەرێمدا کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی هەر جۆرە سوودێك یان کەڵکێك, یان بۆ ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی کارێك, یان نەکردنی, یان دروستکردنی بارێك لە ترس و تۆقاندن.

7-کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێو دەوڵەتی دەیانگرێتەوە, یان کوشتنی کارمەندانی فەرمانگە و دەستە دەبلۆماسی و کۆنسوڵگەری و دامەزراوە و کۆمپانیای بیانی و رێکخراوە نێو دەوڵەتییە حکوومی و ناحکومییەکان, یان ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا کاردەکەن, وتاوانەکەش بەمەبەستی تۆقاندن (تیرۆر) بێت, وسزاکەی دەبێتە زیندانی تاهەتایی, ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێنەکەوتەوەو.

8-چوونە ناو هەر رێکخراو, کۆمەڵە, دەستە, یان (عصابە), بنکە, یان کۆمەڵێك کاری تۆقاندن ئەنجام بدات, ئەگەر ئەنجامدەر کارمەند بێ لە هێزی ئاسایشی ناوخۆ, یان زێرەڤانیی هەرێم (پێشمەرگە) بوو, یان ئەگەر تاوانکار مەشقی سەربازی, یان هەواڵگری لەیەکێك لەم لایەنانە پێکرابوو.

9-هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتێکی بیانی, یان هەر رێکخراو, کۆمەڵە, باند, بنکە, یان کۆمەڵێکی دەرەوەی وڵات, یان کار بۆ بەرژەوەندی هەر یەکێکیان بکات بۆ ئەوەی تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقنووسکران ئەنجام بدات.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن, ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پێش ئەوەی بچینە سەر موناقەشە کردنی ئەو یاسایە, ئێمە لێرە هەندێك تەوزحاتمان هەیە و, هەروەها موقتەرەحێکیشمان هەیە, هەروەکو لە راپۆرتەکەدا هاتووە.

تەبیعی ئەو مسوەدەی یاسایە کە هاتە لیژنەی قانونی ئێمە بەتەفصیل موناقەشەمان کردو, چەندین کۆبوونەوەمان لەسەر ئەنجامدا, بەتایبەتی لە مەسەلەی تەعریفی ئیرهاب زۆر موناقەشەمان کرد, ئێمە لە لیژنەی قانونی هاتینە قەناعەت کە پێویست ناکات وشەی ئیرهاب تەعریف بکەین, بەڵکو وشەی کاری تیرۆری ئێمە تەعریفی بکەین و پێناسەی بکەین, لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکی, یەکەمیان ئەوەیە, ئێمە بە پێی زانیاری خۆمان لەزۆربەی وڵاتانی دنیا پێناسەیەکی موەحەد, پێناسەیەکی جامع نییە, بۆ وشەی تیرۆر و, لەهەمان کاتدا ئتیفاقێکی نێو دەوڵەتیش نییە لەسەر پێناسەی تیرۆر, بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا, خۆمان لەو تەعریفە لادا, بەڵکو چووینە تەعریف کردنی کاری تیرۆرستی, ئەمە خاڵی یەکەم, دووەمین خاڵ ئەوە بوو بە حەقیقەت, سەرچاوەی ئیش کردنی ئێمە لەسەر ئەم یاسایە چەند سەرچاوەیەك بوو, یەکێکیان پرۆژەی یاسای ئیدارەی سلێمانی و پرۆژەی یاسای ئیدارەی هەولێر, زائیدەن یاسای تیرۆری عێراقی فیدراڵ, زائیدەن هەندێ لەو یاسایانەی وڵاتانی دەوروبەری خۆمان, وەکو ئیمارات و, وەکو ئوردن, ئەمانیش بەهەمان ئیتیجاه رۆیشتوون و, تەعریفی ئیرهابیان نەکردووە, بەڵکو تەعریفی کاری تیرۆریستیان کردووە, واتا (الفعل الارهابی), خاڵی سێیەمیش بە حەقیقەت, لەم بەینەدا موئتەمەرێك بەسترا لە ئەڵمانیا خوبەرایەکی زۆر لەو موئتەمەرە حازر بوون و, رەنگە راپۆرتی موئتەمەرەکەش ئێمە ئیتیلاعمان لەسەری کرد, چەند خوبەرای تیرۆری ئامادەی ئەو موئتەمەرە بوون, بەهەمان شێوە ئەمانیش نەگەیشتنە پێناسەیەك کە بۆ تیرۆر دەست نیشان بکەین, بۆیە ئێمە ئەو هەڵوێستەمان وەرگرت لە پێناسەکە.

بەحەقیقەت ئەمە بوو بەكورتی ئەو خالانەی كە من ویستم تەوزیحی بكەم لێرە, زائیدەن خاڵێكی تریش هەیە, ئەویش ئەوەیە ئێمە لە ماددە یەك و لەماددە سێ و, لەماددە دووش عیبارەتێكمان ئیستعمال كردووە كە دەڵێین (تعتبر الافعال الاتیە جرائم ارهابیە) زۆر كەس لە ئێمە دەپرسی, ئێوە ئەگەر ئەزانن جەریمەی ئیرهابی چییە؟ تەعریفی نەكەن, چۆن دەتوانن دەست نیشانی كارە تیرۆرستیەكان بكەن, بۆیە ئێمە ئەو پێناسەمان دانا بە شێوەیەكی رێك وپێك تەغتییەی ئە كارە تیرۆرستیانە بكات, لەە كۆتاییدا داوا لە دەستەی سەرۆكایەتی دەكەم كە موقتەرەحەی ئێمە بەرەوڕووی ئەندامانی پەرلەمان بكات, بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكرێ و, موناقەشە بكرێ, پێش ئەوەی بچینە موناقەشەی ماددە یەكی پرۆژەكە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەكو گوێتان لە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بوو, ئیقتراح دەكەن كە پێناسەك بۆ كاری تیرۆرستی بكرێت و, ماددەیەكیان هێناوەتە پێش كە ببێتە ماددە یەك, تەعریفی كاری تیرۆریستی بكات, پێم باشە كە موناقەشەی لەسەر بكەین, فعلەن وجهەت نەزەرەكەی مەقبولە, دەیخوێنمەوە بۆتان ودەیخەینە موناقەشە, بۆ ئەوەی كە پەسەند كرا بیخەینە سەرەتای یاساكە.

كاری تیرۆركردن هەركارێكی تاوانكاری رێكخراوە, یان هەڕەشە پێكردنیەتی یان هاندانە بۆی, كە تاوانكار پەنای بۆ دەبات, بۆ ئەنجامدانی كاری تاك تاك, یان كۆمەڵكوژی و كەسی, یان كۆمەڵەكەسانێك یان گروپێك دەكاتە ئامانج, یان كوێرانە ئەنجامی دەدات بەمەبەستی تۆقاندن و ترس ودادو فیغان و, ئاژاوەنانەوە لەناو چەماوەردا, یان بیان ترسێنێ بە جۆری كە پێڕەو سیستەمی گشتی بشێوێنێ یان ئاسایش و سەلامەتی كۆمەڵگە وهەرێم تووشی مەترسی بكات, یان زیان بە ژینگە و بەدام و دەزگا و بەموڵكی گشتی یان بە موڵكی تایبەت بگەیەنێ یان سەرچاوەی دەستهاتێكی سروشتی بخاتە مەترسی.

ئەمە پێناسەی كاری تیرۆرستیە كە لیژنەی یاسایی پێشنیاری دەكات, كێ دەیەوێت قسەی لەسەر بكات, با دەستی بەرزبكاتەوە بۆ ئەوەی ناوی بنووسین.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە لیژنەی قانون محاوەلەی كردیە پێناسەیەك بۆ كاری تیرۆرست بكاتن, بەلام هێشتا ئەو پێناسەیە كەموكورتییەكی زۆری تێدا هەیە, چونكە هیچ حەددێكی فاصڵی دانەنایە, لەبەینی كاری تیرۆرستی بۆ چ مەبەستێك, یاخود حەددی فاصڵ لە بەینی كاری تیرۆرستی و یان مقاوەمە, ئێمە باسی ئەو مقاوەمە ناكەین كە ئێستا لە عێراق هەیە, باسی خەباتی خۆمان دەكەین, باسی مقاوەمەی خۆمان دەكەین هێشتا ئێمە نەبووین بەشت, هێشتا چارەنووسی ئێمە دابین نەكرایە, نازانین سبەی یان دووسبەی دووچاری چ داگیركەرێك دەبین, دووچارەی چ شكەستێكی تر دەبین, (لاسمح الله) با لە ئێستاوە ئێمە خۆمان نەخەڵەتێنین بە دیموكراسییەت و, دەستوور و, فیدراڵیەت و ئینتیخابات, چونكە لە وڵاتانی رۆژهەلات ئەو هەموو موعادەلاتی عەسكەر بەقوەت دەبێت هەموو موعادەلاتی دەستووری و سیاسی بەلەحزەیەك تێك دەچێت,ئەوە نموونەی پاكستانیش لەبەر چاومانە, بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە كە فەقەرەیەك ئیزافە بكرێت لەسەر ئەوە, لە كاتی تووشبوونی كوردستان لە كارێكی داگیركاری, یانیش هەر شتێكی دیكە حەلێك هەبێت لەو یاسایە, ئەو یاسایە قیمەتی نەمێنێت, یاخود تەعریفەكە زیاتر تێر وپڕ بكرێت حەدێكی فاسل لە نێوان موقاوەمەی شەرعی شەریف و تیرۆر دابنرێت, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك ناصح فەرمو.**

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە یەکەم جار نییە پەرلەمانی کوردستان, لەسەر ئەم بابەتە, یان ئەم دیاردەیە وتووێژ دەکات, ئێمەی کورد لە هەموو گەلێکی دنیا پتر دوچاری تیرۆر و کوشتن و لەناوبردن بووینە, بەلآم لەم پەرلەمانەدا, بەتایبەتی دوای رووداوە مێژووییەکەی کەوا کارەساتی لێ قەوماوە لە 11ی ئەیلوولی 2001, لەم پەرلەمانەش بایەخێکی تایبەتی درا بەم دیاردەیە, لە رۆژی 21ی/2001/10 لە دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بەدوور و درێژی باسی ئەم دیاردەیە کرا, بەلآم بەداخەوە ئەو کاتە نەتوانرا ئەم دیاردەیە وەکو ئێستا چۆن یاسای بۆ دەردەکرێت, تەنها پێشنیاری ئەوەی بۆ کرا, کە ئێمە بەردەوام بین لەسەری, بڕیارێك, یان یاسایەك لە پەرلەمان دەربچێت لەبارەی ئەم دیاردەیە, خۆشبەختانە ئێستا ئەو بوارە رەخساوە, ئەمرۆ ئێمە باسی ئەم بابەتە دەکەین, بۆ ئەوەی یاسایەك لەبارەی ئەم دیاردەیە پەرلەمانی کوردستان دەریبکات, من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم, کە فیعلەن ئەوان پێناسەیەکیان حازر کردووە, بەلآم داوای لێبووردنیان لێ دەکەم, من پێشنیارم هەیە بۆ دەستکاری کردنی ئەم پێناسەیە, ئەگەر رووخست هەبێت بیخوێنمەوە, لەسەرخۆ دەیخوێنمەوە, بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن شتێکی لێ بنووسنەوە, من مەمنونیان دەبم, وەکو ئەوان دەستی پێ دەکەم (کاری تیرۆر کردن هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوە, یان بانگەشەو هاندانە بۆی, یان هەڕەشە پێ کردنە, کە تاوانکار بەهۆی بیر و بۆچوونی رامیاری و ئایدیۆلۆجی جیاواز لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا هانای بۆ دەبات, مرۆڤ چ بە تاك و, چ بە کۆمەڵ بێت ئەنجام دەدات بە مەبەستی تۆقاندن و ترساندن و رفاندن و بارمتەگرتن و بزر کردن و لەناوبردن وکوشتن و شێواندن و ملکەچ کردنی بە زۆرە ملێ و چەوساندنەوە, یان ئاژاوە نانەوە لەناو جەماوەر و شێواندنی سیستەم و پەیڕەوی گشتی, یان ئاسایش و سەلامەتی کومەلگەو هەرێمی کوردستان تووشی مەترسی بکات, یان زیان بە ژینگەو دامودەزگاو مولکی گشتی, یان بە مولکی تایبەتی بگەیەنێ, یان زیان بە سەرچاوەی دەستهاتێکی سروشتی بگەیەنێت, یان بیخاتە بەر مەترسییەوە), هەر ئەمە بەلآم من تۆزێك ئیزافەم خستۆتە سەری, ئەگەر پێیان باش بێت تەسلیمیان دەکەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەلآم تکایە یەعنی بەدیلی تەعریفەکە دەمانخاتە ناو موناقەشەیەکی زۆر, ئەگەر کەسێك بەدیلێکی هەبێت, وشەی زیادی هەبێت, یان وشەیەکی پێ زیاد هەبێتن, ئەوە با دەست نیشانی بکات, چونکە ناکرێتن ئەوەی لا ببەین و, ئەوەی دانێین, ئەو تەعریفە دراوە, چ وشەی زیادە بڵێ ئەو وشەیە زیادە, چ وشەیەك کەموکوڕی هەیە, با بڵێ ئەو وشەیە ئیزافە بکرێت, چونکە ناتوانین ئەوەی وەربگرین و, ئەوە زۆری دەخایەنێت, یان یەکێکی تر دەڵێت صیغەیەکی تر دانێن, بۆیە دەست نیشانی ئەو وشەیە بکەن, کە پێتان وایە کەموکوڕی تیایە, بۆ ئەوەی ئیزافەی بکەین, یان وشەیەی پێتان وایە بگۆڕدرێت بیگۆڕن, بۆ ئەوەی لیژنەکە تێك نەچێتن.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدیلم دانەناوە, من تەنها گۆڕانکاریم لەناو پێشنیارەکەی ئەوان دەکەم, نەك بەدیل, ببوورن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ عەفو, یەعنی من مەقسەدم بەدیلیش نییە, هەر بڵێ ئەو وشەیە لە جیاتی ئەو وشەیە, بۆ ئەوەی ئاسانتر بێت بۆ وەرگرتنی تێبینیەکان, فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم, کە ماوەیەکی زۆرە خەریکی رێکخستنی ئەو پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرن, بەلآم لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە لەلای ئێمە وەکو دەڵێن سەرەتایەکە, تازەیە, بۆ ئەوەی هەمووومان بەرامبەری زۆر لەبەر چاو روون نینە, بۆیە پێمان وایە یاسایەکە جۆرێك لە تێکەڵی و پێکەڵی تێدایە, وەکو پێی دەڵێن موزدەوەجە, وەکو دەڵێت هەندێك برگەی هەیە بە دە دینار کابرا بەرائەی بێنێت, یان ببێت بە ئیعدام, مەسەلەن ئێستا کۆمەڵێك قوتابی و خوێندکاران موزاهەرە بکەن لە پێناو گەندەلی ئیداری, لە پێناو مافی وەرزش کاران, لە پێناو مافی خوێندکاران

پەلاماری دائیرەیەك دەدەن كورسی مێزێك بسوتێنن دەتوانیت ئەم یاسایە بیكات بە تیرۆر و ئیعدامی بكات، بۆیە من لەبەر ئەو مەسەلەیە فیعلەن لەلای من تۆزێك بەرچاو روون نییە، من پێشنیار دەكەم ئەم پرۆژە یاساییە دوا بخرێت، تا ئەو كاتەی وەزارەتی داد یەكتر دەگرێتەوە، ئەو كاتە ئێمە دەتوانین لەبەر چاو روونتر و بە باشتر تێرو تەسەلتر فەقەرەكان دابرێژین، بۆ ئەوەی هەموو خەڵك پێی مورتاح بێت، من پێشنیارم ئەوە ئەم پرۆژەیە دوابخرێت، ئەو كاتە هەردوو وەزارەتی داد یەكتر دەگرێتەوە، ئەو كاتە كاری پێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمو كاك شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایە بە حەقیقەت لە 2005/12/27ەوە ئێمە خەریكین، ئەو سەرچاوانەی كە ئیشارەتمان پێدا، هەموو ئەو سەرچاوانەیە كە پەنامان بۆ بردووە، لەگەڵ ئەو موئتەمەرەی كە كرا، هەتا بەنیسبەتی یەكی شوباتی ئێمە ئیستیفادەمان لە موقەرەراتی كۆمەڵگای مەدەنیمان كردووەو، موقەرەراتی ئەو كۆنفرانسە، هەندێكیشمان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە، بۆیە بە حەقیقەت ئەو مەسەلەیە گەلاڵە كراوە، لەلایەن دە ئەندامی پەرلەمانەوە وەكو ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش بە پەرلەمان كراوە، ئێستا زۆر ئیعتیبیادیە موناقەشەی بكرێت، بەلاّم ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی لەگەڵ تەئجیل نین، لەگەڵ ئەوە داین یاسایەكە موناقەشە بكرێت و مەجرای خۆی وەربگرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، منیش رەئیم لەگەڵ لیژنەی قانونییە، چونكە ئەو پێشنیارە دەبوایە لە خوێندنەوەی یەكەم، كە خوێندرایەوە و، درا بە لیژنەكان، سێ لیژنەكە داوایان لێ كرا راپۆرت بنووسن، ئەو وەختە دەبوایە پێشنیارەكە تەقدیم بكرێت، چییە خاڵی نیزامت هەیە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەبوایە جەنابت پێش ئەوەی برادەرانی لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ و ناوخۆ بانگ دەكرێت، جەنابت پرسیارت كرد بوایە، ئایا بیخوێنینەوەو بیخەینە دەنگدان و موناقەشە كردن، یان نا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەكەم جار ئەوە خاڵی نیزامی نییە، دووەمیش ئەو پرۆژەیە لە 2005/12/27ەوە دەكاتە دوو مانگ و نیو پێش ئێستا خوێندراوەتەوە، واتا خوێندنەوەی یەكەمی كە خوێندرایەوە، داوا لەو سێ لیژنەیە كرا كە پەیوەندیدارن بەو یاسایە، ئەم پرۆژەیە دیراسەت بكەن، ئێمە لەسەر داوای ئەوان دوامانخست، هەتا كۆنفرانسێك هاتە پێشەوە، كۆنفرانس بەبۆنەی یەكی شوباتەوە لەسەر مەسەلەی تیرۆر ئەوێشیمان لەبەر ئەوە بوو، بۆ ئەوەی هەرچی پێشنیاریان هەیە بیدەن بە پەرلەمان بۆ ئەوەی رەچاوی بكەین، هەرسێ لیژنەكەش دیراسەتیان كرد، یەعنی هەر پێشنیارێك بۆ دواخستنی موناقەشەكە دەبوایە لە خوێندنەوەی یەكەم بكرایە، نەك ئێستاكە ئێمە هاتووین و بڕیار دراوەو خراوەتە بەرنامەی كار دوا ناخرێت، منیش ئیعتیبار دەكەم لە ماوەیەكی كورتدا هەردوو حكومەت یەك بگرنەوە، بەلاّم ئیلحاحی هەردوو ئیدارە هەیە لەسەرمان بۆ ئەوەی ئەو یاسایە دەربچێت، لەبەر ئەوەیە رەفتارەكە یەكە، هەتا ئەگەر حكومەتیش یەك نەگرێتن، ئەو دیاردەیە لە سلێمانی بێت، لە هەولێر بێت، لە دهۆك بێت، لە كەركووك بێت وەكو یەكە، دەبێت رەدەكەی رەدی هەبێت قانونی بێت، ئێمە واجیبمان ئەوەیە، یەعنی مەسەلەیەك نییە جیاوازی هەبێت لە هەردوو ئیدارەكە، رەئیەك نییە، كە بۆچوونەكەی جیاواز بێت لەسەری، دووەمیش ئەو تێبینیەی كە كاك عوسمان دای لەسەر ئەوەی كە موزاهەرەیەك بكرێت، مومكینە وا تەرتیب بكرێتن، هەموو یاسایەك ئەگەر بتەوێ چوونیەك نەبێت بە تێگەیشتنی، مومكینە بەكاری بهێنیت بە سەرۆك، بەلاّم لێرەدا ئالیەتمان داناوە، ئەویش ئەوەیە نوێنەری ئەو هەموو وەزارەتانە

بەشداری دەکەن, وەزارەتی دادە, وەزارەتی ناوخۆیە, چەندین وەزارەتی تر کەسەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن, خۆمان لە پەرلەمان لیژنەمان هەیە موتابەعەی ئەوە دەکات چۆن ئەو یاسایە جێ بەجێ دەکرێتن و راپۆرت دەنووسێت, لەبەر ئەوە نابێت خۆمان رێگا بدەین ئەو یاسایە بەشێوەیەکی نا تەبیعی, یاخود لە شوێنکی تر ناگونجێت لەگەڵ مەبەستی ئەو یاسایە بەکار بێتن, بۆیە ئەگەر موزاهەرەیەك لە شوێنێك بکرێتن, کەس ناتوانێت بەو یاسایە حوکم بکاتن, موزاهەرەیەك کە دەکرێتن دژی گەندەڵییە, دژی ئیدارەیە, دژی وەزارەتێکە ئیجازە دەکرێتن, هەر موزاهەرەیەك بە ئیجازە کرا وەزارەتی ناوخۆ دەبێت موحافەزەی ئەوانە بکاتن کە موزاهەرەکە دەکەن, بۆیە دەبێت ئێمە ئەوە لای خەڵکیش یەکلا بکرێتەوە, لای حکومەت و لای ئێمەش ئەو یاسایە نابێت بەکار بێتن دژی ئەو شتانەی مەبەستی تێدا دیاری نەکراوە, کاك محەممەدی حاجی مەحمود فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی تیرۆر بەڕاستی حەقە زیاتر لەسەری بوەستین ئەو مەوزوعە, چونکە خۆتان دەزانن ئێمە زیاتر لە هەشتا ساڵە بەدەستی تیرۆرەوە گیرمان کردووە, بەهەموو شێوەکانی قانونیشیان بۆ بەکار هێناین, شەرعیشیان بۆ بەکارهێناین, بەناو تیرۆریان کردین, زۆریان هەوڵدا لەگەڵمان ولأتەکەشیان سوتاندین بە قانون, ئیعدامیشیان کردووین بە قانون, بۆیە من پێم وایە  ماوەی کەمتر لە دوو مانگ زۆر کەمە بۆ قەرارێکی وا گرنگ, ئەوانەی لێرە قەرارێك دەدەن, تەنها ئەوە نییە کە ئێمە ئەو قەرارە ئەوە بێت خۆمان لێرەین و قەرارەکە دوورە, ئەو قەرارە بۆ هەموومانە, قەرارێکە کە ئێمە مومکینە بۆ دەیان ساڵی تر ئەو قەرارە جێ بەجێ بکرێت, ئێمە لە عێراق لەگەڵ کێ دەژین, لەعێراقدا لەگەڵ ئەوانە دەژین, کە سبەینێ جەیشیان هەبوو پەلامارمان بدەنەوە, بۆیە من لەگەڵ ئەو رەئیەی کاك جەمال بووم, ئێمە جیایی بکەینەوە, چونکە مەسەلەی تیرۆر و, مەسەلەی موقاوەمە جیان, سبەینێ ئەگەر بێنە سەرمان, بەو قانونەی خۆمان بێن لەناومان بەرن, دەبێت ئەو مەوزوعە جیا بکرێتەوە, مەوزوعی ئەوەی کاك عوسمانیش باسی کرد, من لەگەڵ ئەو رەئیەم مەسەلەن ئەگەر فەرزە لەسەرمان هەر ئەمڕۆ دەبێت دەنگی بۆ بدەین و جێ بەجێی بکەین, جا بۆ پرس بە ئێمە دەکەن لە پەرلەمان, خۆتان بیکەن و پرس بە ئێمە مەکەن, ئەو دوو ئیدارەیە بکات, ئێمە رەئیمان هەیە, پێویستە ئەو قەرارو مەوزوعە عەجەلەی لێ نەکرێت, زۆر بە وردی جیا بکرێتەوەو, دەست نیشان بکرێت راستە ئەو برا بەڕێزانە ئیستیفادەیان لە بۆچوونی خۆیان و دەرەوە و لایەکانی تریان کردووە, بەڵام ئەوە هێشتا کافی نییە, بۆ ئێمە قەرارێك بدەین, باشە فەیدی ناکات ئەمڕۆ, مومکینە بۆچوونێکی سیاسی ئەو قەرارەی دابڕێژێت, بەڵام ئەگەر سبەینێ گۆڕانێکی تر بوو بە عەینی قەرار بەگیان خۆمان بێتەوە, ئەوە من پێم وا نییە ئاسان بێت, ئێمە لەو مەوزوعە قەرار بدەین, من پێم وایە مەوزوعی وشەکەش تیرۆر, یان ئیرهاب, هەرچەندە لەوانەیە لە زمانەوانی زۆر شارەزا نەبم رەشەکوژی, یەعنی بۆ نە بە لاتینی بێت, نە بە عەرەبی, بکرێتە رەشەکوژی پێم وایە باشتر بێت, منیش داوا دەکەم ئەو مەوزوعە پەلەی لێ نەکرێت و بە وردی و تاخیریش بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك تەوزیحم هەیە, ئەویش ئەوەیە من حەز دەکەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سورەتێکی وازیحیان هەبێت لەو مەسەلەیە, ئینجا ئازادیشن هەرچ قسەیەك دەکەن, ئەو فەقەرانەی کە ئێمە لە قانونی تیرۆر هاتینە خوارێ برایان هەمووی لە قانونی عقوبات هەیە, حەز دەکەم ئەوە بزانن, بەڵام جۆری عقوبەکە ئەمڕۆ لە قانونی عقوبات شتێکە, لە قانونی ئیرهاب شتێکی ترە, ئێمە لە قانونی ئیرهاب بەرەو تەشدیدی ئەو عقوباتانە چووین, بەڵام لە قانونی عقوبات هەمووی سزای موخەففەفە, یەعنی بەڕاستی ئەوە نییە ئەو مەسەلەی هەندێك لە بەڕێزان ئیشارەتی پێ دەدەن,

قانونەکەشمان بەڕاستی تایبەتمەندی خۆی هەیە, قانونی تیرۆرە لە هەرێمی کوردستانی عێراق, یەعنی ئێمە ویستمان تایبەتمەندیەك بدەین بە یاسایەکە, بۆ ئەوەی لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق پیادە بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سەید کاکە.

**بەڕێز سید کاکە اسماعیل عمر سید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی قسەی کاك محمدی حاجی مەحمود, کە دەڵێ سەبرێکی لێ بگرن, هەروەها کاك عوسمانیش دەڵێت سەبرێکی لێ بگرن, نازانم مەسەلەی تیرۆر ڕۆژانە دەچێت لەناو سەیارە خۆی دەتەقێنێتەوە, دەچێت لەناو مزگەوت خۆی دەتەقێنێتەوە, دێتن لەناو عەمەلەو کرێکار خۆی دەتەقێنێتەوە, لەسەر چی لێ رادەوەستی, پاشان ئەو مەحکەمەیە دەخسرێتە پەرلەمان ترسنۆکییە بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتە کوردەکانی ئێمە, چونکە ئێمە سەورەوین, کابرایەك هەستایە بەرامبەر سەورە شۆڕش دەکات, شەڕت لەگەڵ دەکات, ئێستا شەڕە لە گۆڕێ, حەقە مەجلیسی قیادەی سەورە حیساب بکاتن, هەر شەڕێك لەگەڵ هەر کەسێك بکەیت, چی لێ کردی و لەگەڵێ دەکەیت, تۆ دەیگەڕێنیت دەبێت تەسمیلی بێت, ئەگەر ئەوها لە قانون دایبنێیت, دانیشە لێرە خەڵکێکی زۆر بزانێ چی لەگەڵ بکەیت تەسمیلی بیت باشترە, ئەو حکومەتە بۆ حکومەتیەتی دەکرد, بۆچی بیکات, ئەوە مەجلیس قیادەی سەورە دەبێت ئەو قەرارەی بدات, چی لێ کردیت, دەبوا شۆڕشی لەگەڵ بکەیت, چی لێ کردیت منداڵی لێ دەکوژێ, دەبێت هەموو بکوژرێن, ئەگەر وەکو ئەو نەکەی, دەبێت تەسمیلی بیت, ئەو قسانە و دانیشتانانە و قانون وا بکات و فلان ئەوە بکات, ئەوە سەورەیە, حکومەتی بەغدا تازە هاتووە, حکومەتە کوردەکەی ئێمەش تازە هاتووەو, ئێمە شۆڕشمان کردووە, کۆمەڵێك میللەتەمان بە کوشتن داوە, کۆمەڵێك پێشمەرگەمان بە کوشتن داوە, هاتینە لە سەر ئەوە ڕاوەستین ئەو بێت لە مزگەوت بمکوژێت, منیش لە دیاری ڕاوەستم و قانونی بۆ دانێم و مەجلیسێکی بۆ کۆبکەمەوە, وەرن قانونی بۆ دانێم و تەبعی بکەم, کەی لە دنیا وایە, ئەوە ترسنۆکی قیادەکانی ئێمەیە, ئەوە عیلاقەی بە شۆڕشەوە هەیە, عیلاقەی بە مەجلیس قیادەی سەورەوە هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ خاڵ سید کاکە, ئێمە تەبعەن دەرگا کراوەیە, جارێ برێك زیاتر موناقەشەی بکەین, بۆ رەئی زۆربەی زۆری ئەندامان, بە یەك دوو رەئی تێ ناگەین رەئی پەرلەمان چیە, تەنیا یەك مولاحەزەم هەیە بە ئیجازەی لیژنەی قانونی, ئەوان زۆر بە چاکی روونیان کردەوە, کە ئەو سزایە بەرامبەر تاوان خۆی هەیە لە قانونی عقوباتدا, یەکێك کەسێك بکوژێتن, یەکێك قونبەلەیەك بتەقێنێتەوە, قانونی عقوبات حوکمی دەکاتن, دەگاتە ئیعدام, موئەبەد, چەند ساڵە, بەگوێرەی قانونەکە, تەنیا ئەوەیە لیژنەی قانونی وتیان ئەمە زیاتر روون دەکاتەوە, تایبەتمەندیەکی دەداتێ بۆ ئەوەی ئەو قانونە لە ئاستی ئەو دوژمنە بێتن, کە دەیەوێتن هەموو شتێکمان لێ تێك بدات, دەیەوێت کۆمەڵگا تێك بدات, دەیەوێت مرۆڤ بکوژێت, لەبەر ئەوە مەسەلەیەکی وا بە تەبیعی وایە, ئێمە لە وەزعێك داین کە کۆمەڵگاکەمان تووشی نەخۆشییەك بووە لە ناو کۆمەڵدا, ئەوەی کە ئێستا پێی دەڵێن تیرۆر و ئیرهاب و هەموو لایەکی دەگرێتەوە, بۆیە قانونی عقوبات کافی نییە, دەبێت قانونێکی تایبەت هەبێت, بۆ ئەوەی چارەسەری بکات, ئەمە یەك.

دوو/ ئەو مولاحەزەیەی کە دەدرێت, ئەگەر بێتو ئێمە ئەمڕۆ لە حوکم دابین و سبەینێ دوژمنان خوانە خواستە بتوانن جارێکی تر حوکمی ئەو قانونە بەکار بێنێت, من دوو مولاحەزە دەدەم:

یەکێکیان: ئینشائەڵڵا ڕۆژی ئەوەی ڕۆیی کەس بتوانێتن دژی گەلەکەمان جارێکی تر وڵاتەکەمان داگیر بکات و هەمان سیاسیەت بەکار بێنێتن.

دووەمیش: ئەو دوژمنە دڕندەیە خوانە خواستە, ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستی ڕۆیی, قەت بە قانونی ئێمە رەفتارمان لەگەڵ ناکات, ئەوە دڵنیا بن لەوەی, لەبەر ئەوەی ئیعتیراف بەو پەرلەمانە نەکاتن, قەت ناڵێت, رابردووشمان دیارە, هەر بەپێی قانونی نەکردووە, دەسەڵاتی داوەتە یەکێك, مەجلیس قیادەی سەورە کە ناشەرعییە, قانونی دەرهێناوە عەلی

حەسەن مەجید هەموو دەسەڵاتی داوەتێ لە هەشتاو پێنجەوە لەو کوردستانە چی خراپە کردوویەتی, چەکی کیمیای بەکار هێناوە, ئەنفالی کردووە, دێهاتی سووتاندووە بەبێ ئەوەی هیچ قانونێك هەبێت, تەنیا دەسەڵاتێك لەلایەن ئەنجومەنێك پێی دراوە کە ناشەرعییە, لەبەر ئەوە رانەوەستێت لەسەر ئەوەی وەڵلا کارەکەی من قانونییە تۆ دەکوژم بە قانون, هەر ئیعیتراف بەو قانونە ناکات, لەبەر ئەوە ئەگەر چی حوجەتی مەنتیقی هەیە, ئەو قسەی کە کرا لەلایەن کاك جەمال و کاك محەمەدی حاجی مەحمودەوە, بەلاَم لە واقیعدا نابێت کۆسپ بێت لەبەردەم دەرهێنانی ئەم قانونە, ئەوە موناقەشەکە بەردەوامە, با بزانین رەئی بەڕێزان یەکە یەکە, هەر ئەوە ئیشارەتێکە بە قەرارێکی پەرلەمان لە ساڵی 1992ەوە دەرچووە لەلای خۆمان دەڵێت:"یعاقب بالسجن" یەعنی سزادان بە زیندان زیاتر نەبێت لە پانزدە ساڵ, هەر کەسێك هەڵستێت بە دروست کردنی, یان هێنانی شتی تەقینەوەو تۆقاندن بەبێ ئیجازە لە سوڵتاتی حکومەت, ئەو شتانەی کە دەیهێنن بۆ تەقاندنەوەو بەکاری دەهێنن, هەموو ئەو ئالەتانەش و ئەوانەش کە بەکاری دەهێنن لە حوکمی ئەو ماددەیەدا سزا دەدرێت.

دووەم/ سزا دەبێت بە ئیعدام, هەر کەسێك ئەو تەقەمەنیانە بەکار بهێنێت بە هەدەفی تەخریب, یاخود لەبەر رۆشنایی ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ دوژمنانی گەلەکەماندا هەیەتی, ژیانی هاووڵاتیان دەخاتە مەترسییەوە.

یەعنی ئەمە لە ساڵی 1992ەوە کە هێشتا تیرۆر بەو شێوەیەی کە ئێستا پەرەی سەندووە نەببوو, ئەو قەرارە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەرچوو.

ئێمە ئێستا دواکەوتووین, جمعییەی وەتەنی عێراقی ئەوە چوار پێنج مانگە ئەو قانونەی دەرکردووە, تەواو بووە رەفتاری لەسەر دەکاتن, ئێمە دەبوایە ئۆتۆماتیکیەن ئەو قانونە بێنین لێرە پاش تەعدیل کردنی موناقەشەی بکەین و وەکو یاسایەك دەربچێتن, لەبەر ئەوە شتەکە واجیبێکە لەسەرمان لە ولاَتێکدا ناژین بڵێی وەڵلا سەبەبێکمان هەبێتن, ئەوە چەندین کەس هەنە گیراون و کاری تیرۆریستیان کردووە, لە محکەمەدا چاوەڕوانی ئەو قانونەن, ئیعتیرافیان کردووەو خۆتان لە تەلەفزیۆن دیتتان, بەهەر حاڵ موناقەشەکە تەواو دەکەین, هەر سەریەك ئەگەر کەسێکم لەبیر چوو بوو, ناوم نەنووسی بوو پێم بڵێ, خاڵی نیزام چییە فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئاراستەی لیژنەی قانونییە, کۆبوونەوەکەی ئەمرۆمان کۆبوونەوەیەکی نائاساییە, لە بەرنامەی کارەکەشمان دوو خاڵ هەیە دەست نیشان کردنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی, ئەوە دەکرێت لە باری ئیستیسناو لەباری کۆبوونەوەیەکی نائاسایی دابنێن, بەلاَم کۆبوونەوەی خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر, ئەوە دەکرێت ئێمە بیخەینە ئەمڕۆ ئەم کۆبوونەوەیەی ئەمجارە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر تەبیعییە ئەو خاڵانەی کە دیاری کراون لە بەرنامەی کار لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی عەرز بکرێن, بەلاَم نابێت خاڵێکی تر ئیزافە بکرێتن, تەنیا ئەو دوو خاڵە دەبێت موناقەشە بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە لە کار کردنی پەرلەمان و فەلسەفەی کار کردنی پەرلەمان پەیوەستە بە واقیعی کۆمەڵەوە, ئێستا هەموو کۆکین لەسەر ئەوەی کە تیرۆر دیاردەیەکەو هەیە, دەبێت پەرلەمانیش شتێك بەرامبەر بە تیرۆر بکات, کەواتە مەبدەئیەن پێویستیمان بە قانونەکە هەیە, دەبێت قانونێك هەبێت بۆ ئەوەی رەدعی ئەو تیرۆر و تیرۆرکارانە بکات.

دووەم/ بەنیسبەت راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە سوپاسەوە لەبەردەم هەموو ئەندامە بەڕێزەکان هەیە, بەڵام راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ کە زۆر بە گرنگی دەزانم, تەنیا مامۆستا محەمەد فەرەج خوێندیەوە لەبەردەم ئەندامان نییە, داوا دەکەم ئەویش وەکو راپۆرتی لیژنەکانی تر بخرێتە بەردەم ئەندامەکانەوە, بێینە سەر پێناسەکە کۆمەڵێك وشەی (یان) هاتووە, لە زماندا وشەی یان بۆ جیاوازی دادەنرێت, من داوا دەکەم ئەم (یان)انە هەمووی بکرێت بە (و) باشتر دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ پاشان دەتوانێتن ئەو راپۆرتەی خۆی بدات بە ئەندامانی پەرلەمان, فەرموو کاك دیلمان ئامێدی.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی من تەنها لەسەر پێناسەی تیرۆرە, بە تەسەوری من تیرۆر زاهیرەیەکی عالەمییە, سیاسی و فیکرییە, زۆر کۆنە ئێستاش نییە, وشەی ئیرهاب هەتا لە کتابی سەماویش هاتووە, کە دەسەڵات دروست بوو ئیرهابەکەش دروست بوو, لەو هەموو کەسەش تا ئێستا کەس نەیتوانیووە تەعریفێکی موتەفیق لەسەر ئیرهاب بدۆزێتەوە, تەعریفەکەش دەبێت موحەدەد بێت, کورت بێت, موختەسەر بێت, وازیح بێت, ئەوەی کە ئێستا هەیە, بە تەسەوری من تەعریفەکەی تەواو نییە, رەنگە ئەگەر بچینەوە لەناو تەعریفەکە هاتووە, لەگەڵ ئەسبابی موجیبە, هەمان موستەلەحات لە ئەسبابی موجیبە هەن, بەمانای ئەوەی لیژنەی قانونی بەخۆی نەیتوانیووە تەعریفێك دانێتن وازیح بێتن بۆ تیرۆر لەسەر ئاستی کوردستانی بێتن, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم تەعریفەکە نەمێنێتن, هەر ئیلغای بکەین و, بگەڕێینەوە بۆ پرۆژەی یاسایەکە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەسبابی موجیبە بەڕاستی مولەخەسی دەرچوونی یاسایەکەیە, ئەمە یەك.

دوو/ ئێمە بەڕاستی ئەو تەعریفەی کە دامانناوە حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە لە خۆمانەوە دامان نەناوە گەڕاینەوە بۆ قانونەکانی وڵاتانی دەرەوەو, لە هەمان کاتدا ئیستیفادەمان کردووە لە ناحیەی سزاو تاوان و ئەوانەمان هەمووی لێك داوەتەوە, ئینجا هاتوینەتە سەر ئەو تەعریفە, بە مەرجێك تەعریفەکەمان داناوە ئەو کارانەی کە دیاری کراون لە یاسایەکە هەموو کارەکان دەگرنەوە, کە بە کاری تیرۆریستی لە قەڵەم دەدرێن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خاتوو نازناز فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو مولاحەزەم هەیە, یەکەمیان: لە ماددەی یەکەم و تەعریف کردنەکەش شتێك هەیە نادیارە, ئەویش ئەوەیە ئایا ئەو تیرۆریستە کە کارەکە ئەنجام دەدات هاووڵاتی کوردستانییە, یان عێراقییە, یان بیانییە, لەو حاڵەتەدا قانون چۆن بەسەریدا لە عقوبە جیاوازی دەبێت, چونکە ئێمە بەشێك لە تیرۆرمان هەیە هی دەرەوەی هەرێمە, یان هی دەرەوەی عێراقە, لەو حاڵەتەدا ئێمە بە چ شێوەیەك موعامەلەی لەگەڵ دەکەین, چونکە لەوانەیە ببێتە قەیرانێك و تەنگژەیەکی

ئیقلیمی لەناوچەکەدا لە ولأتانی ترەوە هاتبن, لێرەدا ئەمە دەبێت روون بکرێتەوە لە قانونەکە کە عقوبات چۆن دەبێت لەبەرامبەر ئەو کەسەی کە بیانییە لەگەڵ ئەو کەسەی کە هاوولأتی کوردستانییە, یان عێراقییە.

دووەمیان/ هەر لە تەعریفەکە دوو وشە هەیە کە دژ بەیەکن, ئەو دوو وشەیە:

یەکەم/ دەڵێت کاری تیرۆر کردن هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوەو, لەدواییدا لە دێری سێیەم دەڵێت کوێرانە, ئەمە دوو شتی دژ بەیەکە, یەعنی ئەگەر ئەم باندە, یان ئەو شەخسە, یان ئەو گروپە تەنزیمێکی دیراسە کراو و بە بەرنامە و بە ئامانج و بە فلان هاتۆتە پێش, کەواتە بۆ بە کاری کوێرانە بەنجام بدات, هەمووی موبەرمەجەو لە پێشەوە دیراسە کراوەو ئینجا کارەکە ئەنجام دەدات, بەلأم ئەگەر کەسێك هاتو جاری وا هەیە ئێمە لەو جینایانەی کە لە دنیا ئەنجام دەدرێت دەبینین منداڵێکی هەرزەکاری چواردە ساڵی, لەوانەیە بچێت هوتێلێك بتەقێنێتەوە نەخۆشی نەفسی هەبێت, یان رەدی فیعلێکە بەرامبەری ئەنجام دەدرێت, بۆیە لێرەدا ئەمەش دەبێت دەست نیشان بکرێت, کە بەڕاستی هەموو ئێمە تەئکید بکەینەوە, ئەوانە تەنزیمێکن رێکخراوە دیراسەیان کردووە بە مەبەستێکی دیاری کراو, جا بۆ ئەو مەبەستانە کە دیاری کراوە ئەنجام دەدات, نەك وشەی کوێرانە نابێت بەکاری بێنین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونەکە هاتووە کەلیمەی (الجاني) هەمووی دەگرێتەوە, ئەگەر هاتوو خەڵکی ئێرە بێت, یان خەڵکی ئێرە نەبوو بەشێوەیەکی گشتی هاتووە, ئەو قانونە لەسەری تەتبیق دەبێت, ئەوە یەك.

دوو/ رەنگە لە تەرجومەیەی بۆ کوردی ئەوەی نازناز خان گوتی لەوانەیە بەو شکلە تەفسیر بکرێت, بەلأم لە عەرەبییەکە هاتووە کاری تیرۆریستی مونەزەمە ئیمکان هەیە بە عەشوائیش بێتن, عیشوائیکە مانای ئەوە نییە مونەزەم نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەنگە مەقسەدی ئەوە بێتن ئەو کەسەی ئەنجامی دەداتن سەر بە رێکخراوەیەك بێتن, یان چ بە کوێرانە بەبێ تەنزیم بێتن, چ مونەزەم بێت, یان نامونەزەم بێت هەمان شتە, کاك کەریم ئەگەر تەفسیرێکی هەبێتن فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا خۆی ئیرهاب بەشێوەیەکی مونەزەم پێی هەڵدەستێت, بەلأم ئەنجامدانی بەشێوەیەکی عیشوائییە, ئەنجامدانی تاوانەکە بەشێوەیەکی عەشوائی دەبێت, خۆی مونەزەمە, بەلأم ئەنجامدانی بەشێوەیەکی عەشوائی دەکاتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو چنار.

**بەڕێز چنار سعد عبدلله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ هەبوونی تەعریفێکم بۆ ئەو مەسەلەیە, ئەوەی لیژنەی یاسایی کردیەتی پێم وایە شتێکی شمولییە, بەلأم من نەقسێك دەبینیم, یەعنی ئەوان هەوڵیان داوە ئالیەتەکە و ئەو وەسیلەیەی کە ئیرهاب بەکاری دەهێنێت و کەسی تیرۆریست هەموویان تەحدید کردووە, بەلأم ئامانج دیار نییە, یەکێك لەو ئامانجانە باشانە بۆچی کەسی تیرۆریست خەڵك دەترسێنێ بۆ تۆقاندن, بۆ کوشتن, بۆ شلەژان, بۆ وێران کردن, بۆ بۆ بۆ...., ئەوانە هەمووی وەسیلەنە, ئامانجەکە شتێکی ترە لەپشت ئەوە, دەترسێنێ, دەتۆقێنێ, ئەوە سەبەبێکی ترە, یەکێکیان ئەوەیە گروپێکی باندمان هەیە, کە بەوە رزق پەیدا دەکەن, مادده بە دەست دەهێنن. یان ئەوەتا گروپێکی تیرۆریستمان هەیە بەتایبەتی ئەوەی کە ئێستا زۆر شائیعە هەوڵ دەدات بەزۆر سوڵتە بەدەست بێنێت, فەرزی رەئیی ئایدلۆژییەتی خۆی دەکات بەزۆر لە رێگەی

ئەوانەوە, ترساندن, کوشتن, شڵەژاندن, بۆیە لێرەدا پێم وایە ئەم مەسەلەی بەزۆر فەرز کردن, یان خۆ فەرزکردنی ئایدلۆژییەت و گرتنە دەستی دەسەڵات, لێرەدا غائیبە بۆیەش کاك عوسمان کەدەڵێ ئەگەر رێکخراوی قوتابیان و خوێندکاران ئەگەر موزاهەرەیان کرد و لەبەر هەر مەسەلەیەك و حاجەتێکی ئەوانە, ئامانجی ئەوان پێم وانییە زۆر خۆ فەرزکردن بێت, یان ئایدلۆژییەتی تایبەتی ئەوان بێت, ئامانجی گروپی خوێندکاری یان قوتابی ئەگەر بۆ وانیش بکات حاجەتێکی هەیە یان داوای شتێك دەکاتە ئامانجێکی رەنگە موقەدەسی هەبێت, بەڵام مەبەستی ئەوە لێرە ئەگەر ئامانجەکەی تەحدید بکرێ بۆ وا دەکات بۆ دەترسێنێ, بۆ دەکوژێ, بۆ وادەکات؟ ئامانجەکەی ئەوە ناشەرعییە, نائینسانییە, بۆیە لێرەدا من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دەقەکە تەحدید بکرێت و چەند ئامانجێکی هەیە, سەبارەت بەوەی کە هەندێك قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە دوا بخرێ, یانیش پەلەی لێ نەکرێ من دەڵێم ئەگەر ئێمە لە وڵاتێك باین کە تیرۆر بەرۆکی نەگرتباینە رەنگ بوو زۆر لەسەر خۆ بیرمان لەوە دەکردەوە, وەڤایە لە بۆ تووش بوونمان زیاتر وەخت بدەینە خۆمان, بەڵام ئێستا ئێمە رۆژانە تووشی ئەوە دەبینەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی تیرۆر نەقصێکی گەورەیە, ئێمە چۆن مواجەهەی ئەو دیاردەیە بکەین, ناڵێم پەلەی لێ بکەین, بەڵام دەڵێم بە دیراسە کردن و قسەشی لەسەر بکەین و خۆمانی لێ دوور نەخەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەشبەحاڵی خۆم بە گومان نیم لە ئامانجی ئەو یاسایە, بەڵام پێویستە ئێمە واقیعی کوردستانی خۆمان لەبەر چاو بێت, بەش بەحاڵی خۆم لەبەر چاوی دەگرم هێشتا ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ لە کوردستان ماوە, هێشتا ئاسارەکانی سیاسەت و یاساکانی حکومەتی بەعس لە کوردستان ماوە, هێشتاکە دام و دەزگاکانی ئاسایشمان دوونە, دام ودەزگاکانی پێشمەرگەمان دوونە, ئەوە بڕیار درا کە حکومەت یەکبخرێتەوە, بەڵام هێشتا دام و دەزگاکانی ئاسایش یەك ناخرێتەوە و, ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ هەموو ئەو واقیعەی کە ئێمە دیتمان حەقە لەبەر چاوی بگرین, من لۆخۆم دڵنیام کە ئەو یاسایە یاسایەکی باشە و لەگەڵ ئەوەشدام ئەگەر سزاکە لە ئیعدامیش بەتووندترین شێوە ئەو کەسە ئیعدام بکرێت, بەخراپترین شێوە یان بە قورسترین شێوە ئیعدام بکرێت, من لەگەڵ ئەوەدام, یانی کێشە نییە لەو مەوزوعە, بەڵام کێشەکە ئەوەیە کێ ئەو یاسایە جێ بەجێ دەکات یان چۆن جێبەجێ دەکرێت, من بەش بەحاڵی خۆم لێرە بە گومانم, مەسەلەکە بە گومان بێ لە دوارۆژی ئەو واقیعەی کە ئێستا تێیداینە, مەترسیم هەر لەوە نییە کە داگیرکەر دێتەوە, بەڵێ داگیرکەر ئەزانین هەشتا ساڵە کاری تیرۆری بەرامبەر کردووینە, ئێستا کە باسی تیرۆر دەکەن من جەنابی سەرۆکم دێتەوە بیر کە بە کاری تیرۆری دەوڵەت بریندار بووە, کاتێ باسی تیرۆری تەکفیری دەکەین هەر ئەوم لەبەر چاوە دیسان جارێکی تر ئەو بەرکەوتووە, یانی مەترسیەکانمان هەمووی لەبەر چاوە, بەڵام مەترسی تریش هەیە لە کوردستان کە ئێمە هێشتا نەگەیشتوونە ئەنجام, من بەش بەحاڵی خۆم نابینم گەیشتبینە ئەو واقیعەی بەراستیەکەی ئێستا لەو قۆناغەدا یاسا سەروەر بێت, بە پێی یاسا ئێمە شتەکان بکەین, رەنگە لە نەتیجەی ململانێ و لە نەتیجەی هەندێ مەشاکیلی تر, من خۆم بە گومانم دوای ئەو یاسایە خۆمان لەبەر دەمی خۆمان بەشێوەیەکی خراپ بەکاری بێنین, لەبەر ئەوە داوام وایە ئەو واقیعە لەبەر چاو بگیرێ و لیژنەی یاساش کە ئەو کارەی کردووە دەستیان خۆش بێت, کارێکی زۆر زۆر باشیان کردووە و سوودمەندیشە, بەڵام تا یەکگرتنەوەی دام و دەزگاکانی ئاسایش و یاسا لە هەرێمی کوردستان, ئەو مەسەلەیە لێ بگەڕێین, و کەدەڵێن دوژمن ئەگەر هات ئیعتیراف بە یاساکانی ئێمە ناکات, ئەو وەختە ئەگەر ئیعتیراڤ پێ نەکات وەکو دەڵێن (كلمة حق يراد بها باطل) رەنگە لە دژمان بەکاربێنێت, ئەگەر خوا بەو رۆژەی نەکات, رەنگە لە دژمان بەکاربێت, ئێستاش حکومەتی بەعس بەو هەموو درندەیەی خۆی رۆیشتووە و لەسەر کار نەماوە و لەناوچووە, کەچی ئێمە ئێستاش گیرۆدەی دەستی ئەو یاسایەین کە رژێم دەری کردووە, ئێستاش مەخمورکە لە 96 خراوەتە سەر موسڵ وناخرێتەوە سەر کوردستان و کار بەو یاسایە دەکرێ کە دژی ئێمە دەرکراوە, بۆچی ناکرێت دەوڵەتێك بێت یان مەرکەزێك بێت دوای ئەو یاسایە دژی ئێمە بەکاری بێنێتەوە, ئەوە نوقتەیەك بوو, نوقتەی دووەم پرسیارێکم لە کاك شێروان هەیە کەدەڵێ ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی, ئایا ئەو لۆی هەیە وەکو لیژنەی یاسایی یان وەکو سەرۆکی لیژنە دوای

ناخەین ئەوە پرسیارە, سێیەم نوقتەش ئەگەر ئیجازە هەیە لە ماددەی یەکەم لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی کاری تیرۆری کردنی هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوە ئەو کردبێ, نابێ هەر لە زمانەوانی, هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراو, چونکە کردنی لە زمانی کوردی کردن کردار دەخرێتە کۆتایی جوملە و ئەو بزوێنە جێی کارەکەی دەگرێتەوە, لە شوێنێکی تریش لە پەرەگرافی دووەمیشدا ئەو پێناسەیە لەپەرەگرافی سێیەمی هەمان ماددەی یەکەمدا هەمووەکی, هەمووەکی نا گشتی یان گشتگیر یان وشەیەکی تر لەباتی ئەوە بەکارهاتووە, ئینجا لەسەر پێناسەکە پێم باشە بە کورتییەکەی ئەو مەسەلە دوابخرێ تا یەکگرتنەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە کە دەڵێ کاك شێروان حەقی هەیە وەڵام داتەوە یان نا؟ بەڵێ کاك شێروان حەقی هەیە, چونکە ئێمە خۆمان تەهیئە کردووە هەموو ئەندامانی لیژنە و لەوێ لەسەر ئەو رەئییە بووینە کە ئەو پرۆژەیە موناقەشە بکرێت, بۆیە من ئەو دەسەڵاتەم هەیە وەکو رەئیس لیژنە بە ناوی ئەوانەوە ئەو قسەیە بکەم, سوپاس.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا زۆربەی قەرارو ئەو مەشروعانەی کەدێتە پەرلەمان, بمانەوێت و نەمانەوێت ئەبێ رەزامەندی هەردوو لیستی لەسەر بێت و هەر پرۆژەیەکیش لێرە نارەزایی بەرامبەر دەربڕێت بەتایبەتی سەرۆکی یەکێك لە لیستەکان و کۆمەڵێك لە ئەندامەکان, باشتر وایە پێش ئەوەی موناقەشە بکرێت تەصویتێکی بۆ بکرێتەوە لەناو پەرلەمان, چونکە هەر لە ئەوەڵەوە تا کۆتایی رووداکاتە پرۆژەکە, بەراستی یەك بوونی دوو ئیدارەکە و یەکگرتنەوەی کە قەرارە ببێت, زۆر شت لەمانە دوابخەین تا یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە, چونکە ئێستا بەشێکی زۆر ناڕازین بەو قەزیەیە, ئێمە ئەوەڵ قەرار و یەکەم ئیشمان یەکبوونی هەردوو ئیدارەی حکومەتە, تەکلیف کردنی سەرۆکی حکومەتە, با ئەو بەشەی پێش بخەین, پرۆژەکە تەصویتێکی بۆ بکەین و پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین, سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە دەبێ ئەو پێشنیارە یەکلا بکرێتەوە کە ئەو برادەرانە کردیان, بەش بەحاڵی خۆم منیش تەئییدیان دەکەم, پێم وایە ئەو دانیشتنە دانیشتنی دووەمی خوێندنەوەی پرۆژەی یاساکە بێت و خوێندنەوەی راپۆرتەکان بێت, هەندێك کەم وکوڕی هەبوو لە راپۆرتەکە, راپۆرتی مافی مرۆڤ چاپ نەکرا و نەکەوتۆتە بەردەستی ئەندامان, پێم وایە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی برادەران لەوانەیە شتێکیان لەبیر کردبێ لە ماددەی یەکەم .....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەوە نوقتەی نیزام نییە, وەڵڵا من هەندێ روونکردنەوە دەدەم لەسەر قسەکانی کاك ئارێز, کە ئاماژەی بە من کرد کە من برینداربووم و ئەوە راستە, لەو رۆژەی کە ئەو کارە تیرۆریستە کرا سەد هەڤاڵ و برادەر و دۆست و خۆشەویست لەبەر چاوی خۆم شەهید بوون, بەڵام هەمیشە رێگە نادەم بە خۆم کە لێرە دابنیشم بەو شتە شەخصیە تەماشای ئەو قانونە بکەم, کە ئەو قانونە قانونێکە دەبێ یاسایی بێت, دەبێ هەموو لایەنەکان رەئیی لەسەر بدەن, دراوەتە ئەو سێ لیژنەیە و من رێگە نادەمە خۆم لەبەر بۆچوونی خۆم شەخصی رایەك بدەم, ئەگەر نا زۆر فەرقم نییە لەگەڵ کاك سید کاکەی لەوانەیە لە رد فعلی شەخصی وەربگرم ئەویش هەر تووشی ئەو کارە بووە, ئەمە یەك, دوو من یەکەم کە باسی ئەوە دەکەن کە دوو ئاسایش هەیە و دوو وەزارەتی ناوخۆ هەیە, دوو پێشمەرگە هەیە, کێ ئەوانە رێك دەخات, ئێمە واجبمان ئەوەیە کە رێکیان بخەین, ئەگەر قانونی مولزەم دەرنەهێنین بۆ رێکخستنیان و مولزەم بێت بۆ هەموو لایەك, کێ رێکیان دەخات, ئەمە هەنگاوی یەکەمی یەك حکومەتی ئەمرۆ دامان نا, کە ئەم دوو برادەرە تەکلیف دەکرێن و کابینەکە لە خیلالی مانگێك دەبێ ئیعلان بکرێت, دووەم لەو قانوونەدا هاتووە لیژنەیەك پێك دێت لە

وەزارەتی ناوخۆ, وەزارەتی ناوخۆ کێیە؟ وەزارەتی داد کێیە؟ ئەو وەزارەتانە تێکەڵن, سەرۆکی حکومەتە, جێگری سەرۆکی حکومەتە, هەردوو حکومەتەکەن و هەردوو ئیدارەکەن, لەبەر ئەوە ئەو قانونە هەردووکیان جێ بەجێی دەکەن , من ئەندامی مەکتەبی سیاسی لایەکم هیچ شتێکم نەبیستووە کە پێیان وابێت ئەو قانونە دەرنەچێت, یانی خەڵك واتێبگات, هەریەکە بۆچوونی ئازادە کاك عوسمان قسە دەکات, من قسە دەکەم رەئیی خۆیەتی و تێگەیشتنی خۆیەتی لەو فورسەتەدا دەبێت وابکرێت, کاکە حەمە قسەی کرد حزبێکی تریشە, ئەمە بۆچوونێکە, تێگەیشتنێکە جێگای رێزە, هەندێك پێیان وایە دوابخرێت پاش ئەوەی کابینەکە ئیعلان بکرێت و قوەتی زیاتر بێت, مەنتیقی هەیە ئەوە, بەلام قەرارێك نییە لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی یان مەکتەبی سیاسی پارتی ئەو بڵێت زوو دەریبکەن, ئەو بڵێت درەنگ دەریبخەن, رەئیی هەیە لە هەردوو لا دەڵێ پەلەی لێ بکەن, رەئیی هەیە لە هەردوو لا دەڵێ لەسەر خۆ بن, من شەخصی پێم وایە رێزی هەیە با جارێ گوێ لە قسەکانی ترتان بگرین, ئەگەر رەئیی زۆرینە ئەوەبوو کە دوای بخەین دوای دەخەین, بەلام پێم وایە ئەو ئەسبابانەی تا ئێستا تەقدیم دەکرێن مەنتیقی هەیە, بەڵێ قوەتیشی هەیە, بەلام ئێمە دواکەوتووین, سێ چوار مانگە لە بەغدا ئیقرار کراوە ئەو قانونە و ئیشی پێ دەکرێ, خۆ جارێ لە بەغدا نەجەیشی عێراقی هەیە ونە پۆلیس هەیە, ئەو ئیتیهامی ئەو دەکات, ئەو دەڵێ میلیشیاتی فلان وای لێ کردم, ئەوانەش نییە, بەلام قانونەکە دەرچووە و کاری پێ دەکەن, ئەو قانونە دەبێتە هۆی ئەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی ئیتیحادی زووتر بەکاربێت, قانونێکیان هەیە رەفتار دەکەن کێ دەبێتە وەزارەتی ناوخۆ و کێ دەبێتە وەزارەتی بەرگری, دەبێ بەپێی ئەو قانونەی کە لەلایەن جەمعیەی وەتەنییەوە ئیقرار کراوە رووبەرووی ئیرهاب بێتەوە, ئێمە کێ ئەو حکومەتە بووین, یەك حکومەتێك کە هەتا ئەو ماوەیەی ئەگەر ئێمە ئیقرارمان کرد, حکومەتەکە دواکەوت, لەو ماوەیە هەرچی قەرارێك بەرامبەر ئەو تیرۆرە بدرێت لە سلێمانی بێت یان لە هەولێر دەبێ رەفتاری ئەو قەرارە بکات کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت و تەشریع دەکرێت و ئیقرار دەکرێت لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە. فەرموو.

**بەرێز باپیر کاملا سلێمان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە زۆر باسمان لە تیرۆر کرد, پێشتریش لە کۆبوونەوەکانی رابردووشدا دوو مانگ لەمەوبەر باس لەوە کرا کە تیرۆر چ کاریگەریەکی خستۆتە سەر ژیانی خەڵك و چ مەترسییەکی خستۆتە سەر ژیانی خەڵك, بۆیە پێش ئەوەی کە تیرۆر رەگی دابکوتێت, بەرەنگاربوونەوە و ریشەکێش کردنی ئەرکێکی هەموو لایەکە, پەرلەمانیش لەپێش هەموویانەوە یاسایەکی بۆ دەربکات بە مەبەستی ریشەکێش کردنی و بنبڕکردنی تیرۆر یان بەرەنگاربوونەوەی, من پێم وایە دەکرێ بووترێت لێی زیاتر ووردببینەوە, بەلام دواکەوتنی بە قازانج نازانم, زیاتر لێ ووردبوونەوەی بە قازانج دەزانم چەند جەلسەیەکی بۆ دابنێین باشترە لەوەی کە بڵێین دوای بخەین و بۆ ماوەیەکی تر لێ ووردبوونەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەم و کوڕیانەی کە هەنە چارەسەر بکرێت, لە تەعریفەکەشدا من دوو سەرنجم هەیە لەسەری کاری تیرۆر و ئەنجامدانی هەر کارێکی تاوانکاری رێکخراوە, ئەو بزوێنە رستەکە لێرە لەنگ دەکات لەرووی زمانەوە, رێکخراوە بە عەرەبیەکەی (منظم) یان هەڕەشە پێکردنی یان هاندانی بۆی کە تاوانکار پەنای بۆ دەبات, ئەو (ی)و (ت)یەی کە پاشگریەتی زیاتر ماناکەی لەنگ دەکات, لەجیاتی بەمەبەستی بۆ تۆقاندن ترس و ئەو دادو فیغانە هیچ مانایەکی نادات, مانایەکی ئەوتۆ نادات کە بڵێین یان نەمێنێت ئەو داد و فیغانە یان هەراسان کردنە لە جێگەی دادو فیغان, بەلام هیچ مانایەکی نادات وەکو هاوتایەکی لاببدرێت, ئاژاوە نان لەناو جەماوەردا ئەو مەبەستەش لەجیاتی مەبەستی بۆ تۆقاندن, ئیتر سوپاس.

**بەرێز بارزان محمد قادر:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو تەعدیلە زیاتر بە تەعدیلی شەکلی دەزانم, تەعدیلی سیاسی نییە, هەر جەریمەیەکی عادی ئەگەر رەبت بکرێ بە مەسەلەیەکی سیاسی ئەبێتە تیرۆر, ئەگینا هەر جەریمەیەك سیاسەتی لێ دوور خرایەوە دەبێتە جەریمەیەکی عادی, ئەمە تەعریفێکی سیاسی نییە, هەندێ حاڵەتی عقوبەدان ئەمە لە قانونی عقوباتی عێراقیدا هەیە, دائیمەن مەسەلەی تیرۆر بۆ مەسەلەی ئیبتیزازی سیاسی تەقویزی نیزامی سیاسی بۆ ئەوانە دێت, تەعریفێك لە لایەك هەیە جیاواز بێت,

تەعریفێك لە ئیدارەی تر جیاواز بێت, بەلآم لە هەمووواندا بە گشتی ئەگەر لە نێوان غەرب و ئێرە ئەگەر تەعریفێكی موەحەد نەبیٚ بۆ تیرۆر ئەوە مەسەلەیەكی سیاسی, ئەگینا تیرۆر بە مانای سیاسی دیٚت, كەسبی سیاسی و تەقویزی سیاسی و بەحسی سیاسی بەرامبەر بە كەسان بەو مانایە دیٚت, لە ولآتی ئیٚمەشدا ئیٚستا ئیٚمە لە مەرحەلەی رزگاری نیشتمانیداین, هەندێك ئیستیحقاقات كەلەسەر شانی دەسەلآت هەیە بەرامبەر بە هاوولآتیان, لە بنیادی موجتەمەعی ئیٚمەدا صەحافەی حور, دەزگای موەحەد, لەم ولآتەی ئیٚمەدا تا ئیٚستا تەمییزێك نییە, دوو وەزارەی عەدلمان هەیە, زۆر شت لەمانە كە ئیستیحقاقاتە لەسەر شان ئەمە زەمینەی ئیرهابی دەولٚەت دیٚنیٚتە ئاراوە, من پیٚم وایە ئەمە لەسەر هاوولآتی نەكەین چیت كرد وات لیٚ دەكەین و وادەكەین, ئەبیٚ رەدعێكیش بۆ ئیرهابی دەولٚەتیش دابنیٚین, وابەستەبوون, دەستگرتن بە سولٚتەوە, تەسك كردنەوەی بواری دیموكراتی, ئا ئەمانەش حالٚەتی منع تەوازن ئەداتە قانونەكە, شەكیٚك و وەزنیٚكی سیاسی دەداتیٚ, من پیٚم وایە زۆر بایەخ نەدریٚتە لایەنە قەواعیدیەكەی, حەرفیٚك زیادە یان نا, وەزنی قانونەكە چۆنە و چۆن نییە, با هاوولآتی باجی لەسەر دابنیٚت, زیان گەیاندن بە ژینگە ئەگەر تەعریفی سیاسی تەخریبی نەدریٚتیٚ ئەبیٚ نەورۆزیشمان لیٚ مەنع بكریٚت, لەبەر ئەوە تەخریب ئەگەر رەبت كرا بە مەسەلەی سیاسی ئەو كاتە ئەبیٚتە تیرۆر, سوپاس.

**بەرێز سارا فقی خدر:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەم لەسەر ئەوەیە كە ئیٚمە دەلٚیٚین یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر یانی چارەسەر یان رووبەرووی تیرۆر ببینەوە, من پیٚم وایە چارەسەر كردنی تیرۆر راستە زەرورە كە بەیاسا بەرەنگاری بكەین, بەلآم لەهەمان كاتدا پیٚویستە چ لەسەر پەرلەمانی كوردستان و لایەنە پەیوەندارەكانیش تەنها وەك رووی بەرەنگاربوونەوەكە بنوێنین بۆ تیرۆر, كە ئەویش تەنها بە یاسایە كە چارەسەری ئەو مەسەلەی بكەین لە كوردستان, با ئەو هۆكارانەش گرنگی پیٚ بدەین كە بوونەتە هۆی ئەوەی تیرۆر بەربلآو بیٚت یاخود بیٚتە كوردستانەوە, یان ئەو هۆكارانە چین كە وا لە گەنجیٚكی كورد دەكەن ببیٚ بە تیرۆریست, یانی حەقە ئەو لایەنانە هیٚندە و چەند سەرقالٚن كە بەیاسا چارەسەری بكەین با بە لایەنەكەی تریشەوە گرنگی پیٚ بدەین و هەولٚی جدی بدریٚ بۆ ئەوەی كە ئەو دیاردەیە كە كۆمەلآیەتیشە كاری بۆ بكریٚت, ئەوە تیٚبینیەك, دوو پرسیاریشم هەیە, یەكیٚكیان ئەوەیە ئایا ئیٚمە كە دەلٚیٚین یاسای تیرۆر وەكو هەندیٚك دەلٚیٚن مادام یاسای سزادان هەیە كە بەرامبەر ئەو تاوانانەی كە ئیشارەتی پیٚدراوە, ئایا ناكریٚ لە داهاتوودا یاخود دوای نووسینەوەی دەستوور كە یاسای نویٚ دادەریٚژریٚ بۆ سزادان, ناكریٚ ئەو یاسایەش گۆڕانكاری تیٚدا بكریٚت, بۆ ئەوەی لەگەلٚ ئەو سەردەم و ئەو بارودۆخەی ئیٚستادا بگونجیٚ كە مەسەلەی تیرۆر هاتۆتە پیٚشی, یاسای سزادان كە هەیە یاسای سزادانی عیٚراقی بلٚیٚین كوردستان كە لە داهاتوودا دەنووسریٚتەوە, ناكریٚ گۆڕانكاری بكریٚ لەو یاسایە, یانی لەگەلٚ ئەو سەردەمەی ئیٚستادا بگونجیٚ؟ پرسیاری دووەم ئەوەیە ئایا تیرۆری ژنان دەكەویٚتە كویٚی ئەو یاسایە؟ بەو شیٚوە دڕندانەیە كە لە كۆمەلٚگەی ئیٚمەدا دەكریٚ, كە ئەنجام دەدریٚ بە شیٚوەیەكی نامرۆڤانە و دڕندانە بەرامبەر بە ژنان دەكەویٚتە كویٚی ئەو یاسایە؟ یەك روونكردنەوەشم هەبوو لەسەر ئەوەی كە نازناز خان ئاماژەی پیٚدا, مەسەلەی كویٚرانەیە, پیٚم وایە لەرووی ریٚزمانەوە ئەو مەسەلەیە ئەگەر مەجال هەبیٚ روونكردنەوەیەك بدەم, دەلٚیٚ ئەگەر یەكیٚك كە گرووپیٚك دەكاتە ئامانج یان كویٚرانە ئەنجامی دەدات, وابزانم لیٚرە مەبەست ئەوەیە جاری وا هەیە راستە گرووپە تیرۆریستە ریٚكخراوەكە, بڕیار دەدات كاریٚكی تیرۆریستی بكات, لەوانەیە ئەو ریٚكخراوە مەبەستی بیٚت كە كەسیٚكی موعەیەن تیرۆر بكات, لەوانەیە مەبەستی بیٚت كۆمەلٚە خەلٚكیٚك تیرۆر بكات, لەوانەشە هەر مەبەستی بیٚت تەقینەوەكە ئەنجام بدات, ئینجا كیٚ بەبەر دەكەویٚت گرنگ نییە, گرنگ ئەوەیە شیٚواندنیٚك بكات, وابزانم ئەو كویٚرانە بەو مانایە دیٚت, زۆر سوپاس.

**بەرێز شیٚروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللآ دوو سیٚ نوقتەی ئیسارە كرد, بەنسبەت چارەسەركردنی تیرۆر بەراستی ئیٚمە لیژنەیەكی وەتەنیمان دروست كردووە لەناو یاساكە و مادەیەكی تایبەتی هەیە, ئەو لیژنەیە ئەو كارەی هەیە و ئەو كارەمان لەیاساوە پیٚداوە,

بەنسبەت جێگای ئافرەت لە یاساکە, بەحەقیقەت ئەگەر ئافرەت تیرۆریست بێت یاساکە ئیعتیادی دەیگرێتەوە, ئەوە بە تەفصیل لە یاسای سزای عێراقی هاتووە ئەوەی ئەو تەفصیلاتەی داوە, لە مادده (406) زۆر بە روونی ئەو مەسەلەی چارەسەر کردووە, بەنسبەت هەموار کردنی یاسا زۆر ئیعتیادیە, ئێستا لێرە لە لیژنەی قانونی موقتەرەحێك هەیە کە ئەو یاسایە نافیزی مەفعول بێت بۆ ماوەی چوار ساڵ, نەك مەسەلەی تەعدیلات و ئەو شتانە و ئەو لەزیمنی ئەو چوار ساڵەش ئیمکان هەیە تەعدیلات لە زیمنی ئەو قانونە بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش هەر مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر ئەو خاڵەی کە باسی کرد, مەسئولیەتی کێیە, هەر ئێمەیە, لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی ئایینی و هەموو لایەك دەگرێتەوە, ئەگەر لەو کۆنفراسەی کە کرا بۆ دژایەتی تیرۆر ئەو مەوزووعە زۆر باس کراوە, ئەو دیکۆمێنتەی کە بڵاویان کردۆتەوە لە کۆنفراسەکە, مەسئولیەتی رووبەرووبوونەوەی تیرۆر دەخاتە سەر هەموو کۆمەڵگا, لە پێش هەموویانەوە پەروەردە, رۆشنبیری, وەزارەتی داد, وەزارەتی ناوخۆ, پەرلەمان, ئەوەی عایدی پەرلەمانە قانونە, لەرووی قانونەوە ئێمە چۆن رووبەرووی تیرۆر دەبینەوە؟ بەڵام واجبی وەزارەتی پەروەردەشە, واجبی زانایانی ئایینیە, واجبی حزبە ئیسلامیەکانە, واجبی وەزارەتی دادە, واجبی هەموو حزبەکانی ترە کە رۆشنبیری بڵاو بکەنەوە و دادپەروەری لە کۆمەڵگە هەبێت, رۆشنبیری هەبێت, دەست نیشان بکرێت کە تیرۆر چەند دژی مرۆڤە, چەند دژی خۆیەتی, ئەو کەسەی کە تێی نەگەیشتووە, لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین لە جیاتی هەموویان لە قانوندا ئاماژە بەو شتانە بکەین, بەڵام ئەوانیش هەر یەك لەدڵی خۆیەوە, هەریەکە لە مەوقیعی خۆیەوە دەبێ بەو مەسئولیەتەوە هەڵبستێت.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وەکو باس لە دیاردەیەکی مێژوویی گەورە دەکەین, من لەگەڵ کاك دیلمانم باسی ئەوەی کرد دیاردەی تیرۆر دیاردەیەکی نوێ نییە, دیاردەیەکی مێژووییە, بەبیروبۆچوونی من ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە موڵکداریەتی تایبەتی وهۆیەکانی بەرهەمهێنان هاتۆتە ئاراوە, هۆکارێکی زۆر زۆر هەیە کە تیرۆری دروست کردووە, ئەم تیرۆرە گەشەی کردووە بە جۆرەها شێوە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا, بە جۆرەها شێوە خۆی نیشان دەدات, ئەمە لەلایەك, لەلایەکی ترەوە دانوستاندن و باسکردنەکانی ئێمە بۆ تیرۆر بە داخەوە ئەوە نیشان دەدات کە تاکو ئێستا ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان تێڕوانینێکی ئاشکراو دیارمان نییە بۆ تیرۆر و بۆ ئەو دیاردانەو ئەو شتانەی کەباسی دەکەین, هەر بۆیە هەندێك گیروگرفت و هەندێك موناقەشەی زیادە ئەکەین هەندێ جار, داوای لێ بوردن دەکەم بۆ ئەو وشانەی کە بەکاردەهێنم دەربارەی ئەو یاسایانەی کە دەریدەکەین, هەندێك جار ئەبێتە هۆی کات بە فیڕۆ بردن, بۆیە من ئەوە دەخەمەوە یادی بەڕێزتان کە کاتی خۆی مەسەلەیەك هەبوو کە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا بچینەوە, ئەگەر ئێمە ئەوەمان بکردبا, بەراستی هەندێك چاکسازیمان بکردبایە لە پەیڕەوی ناوخۆکە, بۆ نموونە یاخود کۆمەڵێك سمینارمان بگێڕیبایە بۆ خۆمان, بۆ ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە دیاردەی تیرۆر بەو مەسەلانەی کە موناقەشەی دەکەین, پێم وابێ ئەنجامەکەی باشتر دەبوو لە ئێستا, بەهەرحاڵ بێمە سەر کرۆکی مەسەلەکە, من پێم وابێ ئێمە ناتوانین ئەگەر بێتوو پێناسەی دیاردەی تیرۆر نەکەین, ناتوانین کاری تیرۆریستی پێناسە بکەین, بۆیە من بە پێویستی دەزانم کە تیرۆر پێناسە بکرێت, بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر جەنابتان رێگەم بدەن من پێناسەی خۆمم هەیە بەراستی هەندێ موساهەمە و هەندێ شتم نووسیوە, هەندێ کۆڕو سمینارم کردووە لەو بابەتە, بۆیە حەق بە خۆم دەدەم قسە بکەن, ئەگەر جەنابت رێگەم پێ بدەیت ئەو پێناسەیەی خۆم دەخوێنمەوە, (تیرۆر بریتییە لە بەرکارهێنان یان هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی توندو تیژی بەشێوەیەکی سیستیماتیکی لەلایەن کەسێکەوە یان گروپێکەوە, بۆ لەکارخستنی و لەناوبردنی نەیاران یان تێکدانی هێمنی لە پێناو بەدەست هێنانی مەبەستێکی سیاسی, ئابووری, کۆمەڵایەتی, هتد.. بەمەرجێك ببێتە هۆی

تێکدانی ئارامی وئاسایشی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا) بەعەرەبیش بۆتان دەخوێنمەوە ( الارهاب عبارة عن استعمال او محاولة استعمال العنف بصورة منظمة من قبل شخص او مجموعة من الاشخاص لهدف تهويش او القضاء على المنافسين او خلق بلبلة حالة عدم استقرار لاغراض سياسية, اجتماعية الخ بشرط ان تؤدي الى الاخلال بالامن والاستقرار العام في اقليم كوردستان العراق ) بە بیروبۆچوونی من ئەم پێناسەیە لەلایەك ئەو كێشەیە كە كاك جمال خستیە ڕوو, دیسان كاك محمد تەئكیدی كردە سەر كە ئەمە لەلایەن دوژمنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستانەوە بە كاردەهێنرێت, ئێمە دەتوانین بە پێی ئەمە چونكە ئێمە باسی هەرێمی كوردستان دەكەین, یانی ئەوەی لە بەرژەوەندی هەرێمی كوردستاندا دەكرێ تیرۆر نییە, بۆیە ئەمە هەم لەو لایەنەوە ئیستیفادەی لێ دەكەین, هەم ئەتوانین شتەكان ئاسانتر بكەین, بۆیە من پێم وابێت لەو ڕووەوە ئەتوانین شتێك بكەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڵام من لەجیاتی لیژنەی قانون شتێك دەڵێم, پێم وایە فەرقێك هەیە ئەگەرچی پێناسەكەی جوانە, جەنابت ڕاستت فەرموو, بەڵام ئەوان ئیرهابیان پێناسە نەكرد, كاری ئیرهابیان پێناسە كرد, ئەو فەرقە هەیە وابزانم لە مەسەلەكە, خاتوو خەمان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئییدی دكتۆر دلێر دەكەم كاتێك دەڵێ ئێمە لەناو خۆشمان ئەندامانی پەرلەمان بیروبۆچوون و تێبینی و هەندێ جار ڕەنگە ڕەئیی سەیر و نادروستیشمان هەبێت, من لە خوێندنەوەی یەكەمی یاسای تیرۆر و بەداخەوە ئەمجارەش لە خوێندنەوەی دووەمی ئەم پرۆژەی یاسایەی كە دانراوە هەست بە نیگەرانیەكی زۆر دەكەم, ئەویش ئەوەیە ئەوەندە پەلە پەلی داڕشتن لەو پرۆژەی یاسایە كراوە, یان ئەم پەلە پەلیەی ئێستاكە ئەمانەوێ بە سەریعی بڕوات و بەتایبەتی كاتێك كە ماددەكان دەخوێنینەوە هەست دەكەم ترسێك لای من دروست دەكات بشمبوورن, بەڵام ترسێك لای من دروست دەكات لەو عەقڵیەتی كە ئەم خەڵكانەی كە ئەم ماددەیان داناوە, چونكە ئەوەندەی ڕەد فعلێكە بەرامبەر بە كارێكی نادروستی نائینسانی كە لەلایەن خەڵكانێكی تیرۆریستانەوە ئەكرێ, ئەوەندە كارێكی نایاسایی نییە, ئەوەندە بیروڕای خەڵكێكی یاسایی و هێمن دایان نەڕشتووە, لەبەر ئەوە من دیسان پێم وایە ئەم یاسایە ناكرێ ئەم پەلە پەلیەی لێ بكرێت و بەڕاستی ئەبێ زۆر دانیشتنی تری بۆ بكرێت و ئەبێ تێبینی زۆرتری لەسەر بكرێت, ئەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ كە ئێمە دائیمەن دەڵێین ئەم یاسایانە جارێ دووبارە كردنەوەی یاساكانی قانونی عقوباتە, ئەمانە موعالەجە دەكرێن, خۆی یاسای عقوبات لە ساڵی 1969 دانراوە, یاسایێكە پێشێلكاری مافەكانی مرۆڤە, مەعقول نییە ئێمە ئێستا یاسایەكی تر بێنینەوە بەناوی یاسای تیرۆر كە تەشدیدتر و پێشێلكارتر بێت لە یاسای سزادانی 1969 بڵێین ئەوە بەناوی بنبڕكردنی تیرۆرە بۆ مافەكانی مرۆڤ یان پێشێلكاری جارنامەی مافی مرۆڤیش بكەین, لەبەر ئەوە ئەبێ بەڕاستی پەلەی لێ نەكرێت و دیراسە و دانیشتنی زۆرتری لەسەر بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, پەلەی لێ بكرێت و پەلەی لێ نەكرێت ئەوە مەسەلەیەكە, بەڵام نوقتەیەكی تر هەیە لە پاڵ ئەوەدا حەز دەكەم عەرزتان بكەم, ئەویش ئەوەیە مەوزووع پەلە كردن و پەلە نەكردن نییە, دیاردەی تیرۆر دیاردەیەكە سەرتاسەری دنیای گرتۆتەوە, هەموو ئەو وڵاتانەی كە ڕووبەڕووی تیرۆر بوونەتەوە چ وڵاتە ئیسلامیەكان و چ وڵاتە ئەورووپییەكان و چ ئەمریكا قانونی عقوباتیان هەیە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێدا دەچنەوەو لەدوای ئەوەدا دەگەڕێن پێناسەی ئیرهاب بكەن, قانونێك بۆ ئیرهاب دابنێن, پێش چەند ڕۆژێك بەریتانیا قانونێكی دەرهێنا و پەلەشی لێكرد و بە ئەكسەریەتیش وەرگیرا, زۆریش موناقەشەی لەسەر كرا, چونكە ناتوانن ڕاوەستن, بەرامبەر كاری ئیرهابی ناتوانن ڕاوەستن وەڵڵا پێداویستی هەیە و ڕای لیژنەی قانونی وەردەگیرێ لەپەرلەماندا كە ئیقرار كرا دەبڕێتەوە, لەبەر ئەوە مەوزووعەكە وەك پەلەشی لێ نەكراوە, وانەبێ دوێنێ هێنابێتمان ئەوە نزیكەی دوومانگە, دوو مانگە خوێندنەوەی یەكەم كراوە, لە دوو مانگدا هیچ قانونێك نییە ماوەی دوو مانگیشی بدەیتێ و پەلەش بێت, لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەی مافی مرۆڤ داوای كرد

که تەئخیر بکرێ و تاخیرمان کرد, کۆنفراسمان بەست بە کاملی, و پشتگیری لە ناو پەرلەماندا گوێمان لە هەموو بۆچوونەکانی رێکخراوەکان بوو کە موهتەمن بە مافی مرۆڤ, کۆنفراسی دژە تیرۆر کە کرا لەسەر وانیش هەر راوەستاین, لیژنەی قانونی داوای ماوەیەکی تری کردبوو پێم وایە ماوەمان دان, لیژنەی ناوخۆ ئەوانیش دیراسەتیان کرد پەلەی لێ نەکرا, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا دوو ئەندامی بەڕێز ماون قسە بکەن, فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی مولاحەزەکانم وترا بەتایبەتی منیش لەگەڵ تەئجیل کردنی بووم, بەڵام کە هەر موناقەشەیەك دەکەین من لەگەڵ مانەوەی پێناسەی تیرۆرم, بەڵام بە عام پرۆژەکە ئەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی تەرجەمەکەی خراپە, زۆر لاوازە بەتایبەتی پێناسەکە, زۆربەی ئەندامانیش لەسەر پێناسەکە کە هەندێك (ی) لابەرە و بزوێن لابەرە, یانی ئەگەر بکرێ پێناسەکە دابرێژرێتەوە بۆ ئەوەی مەفهومتر بێت, سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیرهاب موستەلەحێکە لە موستەلەحاتی قانونی جەزائی, لیژنەی یاساییش هەر بەو زاویەیە سەیری کردووە, هۆکارێکە لە هۆکارەکانی فشار بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانجی دیاریکراو, من زۆر تەئییدی ئەوە دەکەم فعلەن نەقصێك لە تەعریف هەیە و زۆر لە قەوامیس و مەعاجم دیاریکراوە قانونی سیلاریوس موعجەمی موستەلەحاتی فیقهی و قانونی و موعجەمی موستەلەحاتی علومی ئیجتیماعی, قاموسی سیاسی, مەوسوعەی عەرەبی عالەمی, مەوسوعەی سیاسە, ئەمانە هەموو باسی عونصرێك دەکەن لە تەعریف کە خوشکە چنارو کاك بارزان ئیشارەتیان پێکرد, یانی نە تەنفیزن لە مەشروعی ئیجرامی, خۆی فیعلەکە فیعلێکی ئیجرامییە, بەڵام (وصولا الی تحقیق اهداف و غایات معینە ... سیاسییە ئایدۆلۆجییە, ماددییە یەعنی مەکاسبی ماددیە, ئیشارەت بە غەرەز هەتا لە تەعریف باسی غەرەزی سیاسی کە عونسرێکی موهیمە بۆ ئیرهاب یان ئایدۆلۆجی, یەعنی موهیم غەرزێکی ترە غەیری ئیرهابی و, ئەوە ئیزافە بکرێت بۆ تەعریف زۆر باشە, شتێکی تر لەو مەعاجم قەوامیسانەم دیت, زۆر ئیشارەتی بەوەی داوە کە استعمال عنف غیر قانونی, یعنی ئیزافەی قەیدی غەیری قانونی تا مەوزوعی تەحریر, مەوزوعی مقاوەمە ئەم شتانە نەچێتە ژێری, ئەم دوو قەیدە باشە ئیزافەی بکرێت, یەعنی لە جیاتی بڵێین یجری الیه الجانی لمشروع الاجرامی, ئەڵێین(وصولاً الی تحقیق الاهداف او الغایات السیاسیة او ایدولوجیة), یان هەر شتێکی تر تەواو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ئەو تەعریفەمان پێشکەش کردیە, بە ئیجماعی لیژنەی قانونی بووە, هیچ رەئییەکی موخالیف نەبووە بیمام فیهم کاك خلیل کە لەگەڵمان بووە, ئەوە یەك, دوو بە قەناعەتی من ئەو قانونە یەکەمین یاسایە دوای پەسەند کردنی دەستووری عێراق کە تابعی جەزائی هەیە, لە هەرێمی کوردستان, موناقەشە دەکرێت بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت, باشە ئێمە هەر چاوەڕێ بکەین لە بەغداوە یاسامان بۆ بێتن و ئەوی تەتبیق بکەین, یان خۆمان وەکو هەرێم تایبەتمەندییەك بپارێزین ئەو جۆرە یاسایانە بە زووترین کات لە پەرلەمان پەسەندی بکەین, ئەمە خاڵێك خاڵێکی تریش هەیە, ئەگەر ئەمە لە خۆمانەوە ئەو برگانەمان نەهێنایە حەزدەکەم ئەو بزانن, یەعنی لەوانەی صیاغەکەش لە هەندێك ئێمە بەشدارمان کردبێ, هەمووی لەمەصادر وەرمان گرتیە, راستە ئێمە جانبی جەزائی و عیقابیەکەمان بە نەزەر ئیعتیبار وەرگرتیە, ئەوە لەگەڵە, من لە بیدایەت ئیشارەتم بەوەدا کە ئێمە خۆمان دوور خستۆتەوە لە تەعریفی ئیرهاب, ئەو

مولاحەزاتانەی ئەو برایانە کە مولاحەزەی لەسەر دەدەن, زۆربەی دەچێتە سەر تەعریفە ئەصلیەکە کە ئیرهابە, کە ئێمە خۆمان لەو تەعریفە لاداوە, بەنیسبەت بنەماکانی ئەوەی مافی مرۆڤ, ئێمە ماددەیەکی صەریحمان پێشنیار کردیە, ئەگەر راپۆرتەکە مولاحەزە بکەن, کە پێویستە رەچاوی بنەماکانی مافی مرۆڤ بکرێت لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە, هەرچەندە ئەو مەبدەئە مەبدەئێکی دەستوورییە, بەلاَم وتمان با قسەو قسەلۆکی لەسەر نەکرێت, ئەگەر بێتە ناو قانونەکەش وابزانم هیچ زەرەرێکی نییە, لەلایەکی تریشەوە, بە حەقیقەت ئێمە حەق نییە فەراغێکی وا دروست بکەین, یاسایەك پیادە بکرێت کە عقوبەکەی لەسەر تیرۆرستان خەفیفە, چەند تەئجیلی ئەو پرۆژەیە بکرێت بە قەناعەتی ئێمە ئەوەندە ماوە دەدەین کە ئەو تیرۆرستە عقوبەی خەفیف وەربگرێت, نەك بکەوتە ژێربالَی ئەو یاسایە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك بکر, فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەڕێزانە زۆر باسی ئەوەیان کرد, تەبعەن بە نیسبەت تەئجیل کردنی ئەو ماددەیە, ئەویش ئەسبابی موجەبی هەیە, بۆ بەردەوام بوون و تەصویت کردنی ئەسبابی موجەبی هەیە, هەریەکە ئەسبابی خۆی هەیە, پێم وایە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, پێویستە ئێمە کە قانونێك دادەڕێژین, هیچ کەلەبەری تێدا نەبێت, هیچ درزێکی تێدا نەبێت, ئەوەتا لەسەر تەعریفەکەی موناقەشاتی زۆر هەیە, نابێ ئێمە بەو نەفەسە قسە بکەین کە ئەمڕۆ جێبەجێی دەکەین و, نابێ بەو نەفەسەش قسە بکەین کە تەئجیلی دەکەین, ئێمە هەموومان دووچاری ئافەی ئیرهاب بووینەتەوە و, ئیرهاب تازە نییە, رەنگە لەو ماوەی دواییە زەختەکەی کەمتریش بوویەتەوە لەسالاَنی رابردوو, تەئجیل کردنی یان موناقەشە کردن لەسەری, من پێت دەلَێم موناقەشەکردن لەسەری زۆری دەوێت و, پێویستە ئێمە زۆر بە وردی قسەی لەسەر بکەین, جا یەکێك لەو شتانەی کە من خوێندوومەوە, مەسەلەن بۆ رێگرتن برادەرێکی تریش باسی کرد, وابزانم ئیرهابی دەولَەت هیچی تیادا نییە, ئیرهاب هەر ئیرهابە, مەفروزە ئێمە لە قانونەکەماندا هیچ رێگا بەوە نەدەین کە ئیرهابی دەولَەت, لەناو ئیدارەی ئێمەدا هەبێت, جگە لەوەی دەبێت ئەو قانونەی کە دەری دەکەن, ئەسەری رەجعی نەبێت, ئێمە بەداخەوە بە فەتریەکدا تێپەڕ بووین, کە رەنگە رووبارێکی خوێن هەبووە لە کوردستانی ئێمەدا, کۆمەلَێك جەریمەی کردووە, جەریمەکە ئیتر بۆی دروست کراوە, یان کردوویەتی نازانین, ئەوانە لەوانەیە جارێکی تر بێتەوە ئەگەر لە قانونەکە جێگەی بۆ نەکەیتەوە, نابێ ئەو قانونەی کە دەری دەکەین لە موستەقبەلدا ئەسری رەجعی هەبێت, یەکێکی تر بێنین بەو توهمەتە موحاکەمەی بکەین, لەبەر ئەوەی من پێم وایە ئەمە موناقەشەیەکی زۆری دەوێت و, پەلەی تێدا نەکەین, وا نەکەین کە شتێکی وا بکەین کالَ وکرچ بێت و زەرەری بۆ هەندێ هەبێت, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەسەری رەجعی, قانون ئەسەری رەجعی نییە, بە پێی بنەمایەکی دەستووری, نەك بە پێی بنەمایەکی قانونی, ئەوە مەفروغ منە, بەنیسبەت تەئجیل کردنەوەی, ئێمە وەکو لیژنەی یاسا مافێکی سروشتی خۆمانە لێرە لەگەلَ ئەوە بین کە موناقەشە بکرێت, جەنابیشت مافێکی سروشتی خۆتە کە بلَێی تەئجیل بکرێت یان موناقەشە بکرێت, بۆیە ئەوەی من وتوومە تەمسیلی لیژنەی قانونی دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پێم وایە یاسا بۆ هەر مەسەلەیەك چوارچێوە و مەرجەعی ئەساسی ئەو شتەیە, یەعنی ئێستا ئێمە کە یاسایەك بۆ تیرۆر دادەنێین, ئەمە دەبێتە مەرجع, دەبێتە چوارچێوە بۆ هەموو موعالەجەتەکانی تر, یەعنی موعالەجەی تیرۆر

بەلای کەمەوە پێویستی ماوە هەم لە رووی سیاسیەوە، هەم لەڕووی ئەمن و، هەم لەڕووی پەروەردەوە، هەم لەڕووی رۆشنبیرییەوە، هەم لەڕووی دینییەوە، لەڕووی فیکرییەوە، زۆر روو هەیە دەبێت موعالەجە بکرێت، بەڵام دانانی یاساکە مەرجەعە بۆ هەمووی، چوارچێوەیە بۆ هەمووی، هەمووی ئەو موعالەجەتانە دەبێت لەو چوارچێوەیانەوە بێت، لەبەر ئەوەی ئەمە تا مەحەکم ترو توکمەتر بێت، زۆر بە قوەت ترە، من ئەوەی کە دەیبینم لێرە، لەو وشانەی کە هەمیشە بۆ تەعریف کراوە، دووشت هەیە جیایە، فیعل ئاسەوارەکانی ئەو فیعلە لەگەڵ مەبەستەکە، ئیرهاب هەمیشە فعلەکەی لە جێگایەك دەکات، مەبەستەکەی ئاراستەی جێگایەکی تر دەکات، یەعنی خوێنێك، کاوڵ کارییەك لە شوێنێکدا دروست دەکات، بۆ ئەوەی فشار لەسەر دەسەلأت یان کیانێك دروست بکات بۆ دوو مەبەست، یان کارێکی هەیە، دەیەوێت پێی بکات، یان مەسەلەیەك هەیە دەیەوێت ئەو دەسەلأتە خۆی لێ بوێرێ، ئیتر ئەمە دەبێت لە تەعریفەکە ئەم دوو شتە دەبێت دیار بێت، فیعلەکە بۆ موباشیر نییە بۆ بەرامبەرەکە، هەرگیز نایەوێت دیبلۆماتکارێك بکوژێت، مەگەر رێی پێ بکەوێت بڵێت تازە بەرچاوم کەوتووە با بیکوژم، بۆ ؟ چونکە ئەزانێ ئەمە رێگەی دیار نییە، بەڵام لە شوێنێکدا مەساحەیەکی خوێناوی دەکات، ئەوە کاریگەری زیاتر دروست دەکات، لەسەر دەسەلأتەکان نەك نەفەرێك بکوژێ، ئەمە دووشتی جیاوازن، فیعلێك لە جێگایەك روودەدات، زەحایەکان قوربانین، تەعریفی ئیرهاب هەمیشە ئیعتیماد لەسەر ئەوە دەکات کە ئێمە دیاریمان نەکردووە، دەبێت ئێمە بڵێین زەحایەکانی ئەو کردەوە خراپە دزێوە، خەڵکانی بێ تاوانن، بەڵام بە ئامانجێکی سیاسی یان بە ئامانجێکی تر کە دیاری دەکات، حەزم لێیە ئەوەش بڵێم هەر بۆ رۆشنکردنەوە نەك بۆ شتی تر، تاریخی دەست پێکردنی ئیرهاب وەکو جەریمەیەکی مونەزەم تەئریخەکەی بزەبت لە 1793/3/10 لە جمهوریەتی یەکەمی فەرەنسا دروست بووە، رۆبسبێر کە سەرۆکایەتی ئەو ئینقیلابە مەدەنیەی کرد لە فەرەنسا لەسەر پاشایەتیدا ئەو و رەفیقەکانی دایتۆن و ماراتا و، باکوۆنیك و کۆمەڵێك لەوانە کە هەستیان کرد کە مەترسییەکە بەرامبەر بە دەسەلاتەکەیان هەیە، هەستان جەیشێکیان دروست کرد، جەیشێك بۆ ئیرهاب، یەعنی 150 بەس مەدەفەعی هەبوو، ئەو جەیشە، 6000 هەزار ئەندامی هەبوو، مقصەلەیان دانا بۆ سەربڕینی خەڵك، عەمەلی مونەزیم لەگەڵ جەریمە، من پێم وایە لێرە ئێمە ئەوەش جیا بکەینەوە، یەعنی کە ئەڵێین کەسێك بە کارێك هەڵسا ئەوە نابێتە ئیرهاب، عەمەلی مونەزەم هەمیشە بۆ داڕێژراوە، کۆمەڵێك خەڵك دەیکات، بەڵام تەنفیزەکەی تەنیا کەسێك دەیکات یان دەکەسە، ئەمە نابێتە مەسەلە، ئەصڵ ئەوەیە کە ئەمە شتێکی بەدواوە دێت، ئەگینا ئێستا کابرایەك مەسەلەن هەڵدەستێ دە کەس دەکوژێ زۆر بەگرنگ نایگرین بۆ، چونکە عەمەلێکی فەردییە، جەریمەیە، بەڵام کۆمەڵێك هەڵسن، ئەمە داڕێژن، کە بێگومان کە ئەمە دادەڕێژن بەڕاستی هەمیشە دەستێك لە پشتیەتی، هەمیشە ئیمکانیەتێکی بەهێز لە پشتیەتی، لەبەر ئەوە دەبێت ئیرهاب ئەم دوو شتە جیا بکاتەوە، یەعنی نێوان تاوان و تیرۆر زۆر جیاوازە، نابێت بە کەسێك بڵێین بەوە هەڵدەستێت، نەخێر کەسێك بەوە هەڵبستێت دەبێتە تاوان یەك نەفەرە، بەڵام ئەمە داڕێژراوەو کاری بۆ کراوە دەستێکی گەورە لە پشتیەتی ئیمکانیەتێکی بەوەیە کە لە پشتییەتی، ئێستا دەبینین لە عێراقدا ئەمریکا بەم هەموو توانایەو بەو هەموو تەکنەلۆجیەی بەدەستەوە، ئەمە بە نەفەر دەکرێت، خەڵکی عێراقمان بینی تواناى لە کوێ دایە، کەوا بوو یەعنی جیاوازی ئەم دوو شتە بکرێت، ئەوەش کە دەڵێن ئەم یاسایە رەچاوی مافەکانی مرۆڤ کراوە، زۆر جوانە کراوە هەندێکی، بەڵام هەموو نا، مەسەلەن بۆ نموونە لە عەهدی دەولی (للحقوق السياسيه والمدنيه)، پرۆتۆکۆلی دووەمی مولحەقی ئەوە ئیعدام کردن مەمنوعە، یەعنی (تحريم الاعدام)، ئێمە دەبێت بێین بە شتی تر چارەسەری ئەمە بکەین، چارەسەری ئەم مەسەلەیە بە دوو شت دەکرێت:

یەکەم/ رێز گرتنێکی جوان لە مافەکانی مرۆڤ.

دووەم/ لە یاسا سەروەری.

چونکە مەبەستی ئەساسی تیرۆر لە ئەسڵدا شکاندنی ئەم دوو بنەمایەیە، لەناو بردنی مافەکانی مرۆڤە، لەناو بردنی یاسا سەروەرییە، دەبێت ئێمە بێین ئەم دوو بنەمایە بەقوەت بکەین، تا بتوانین ئەم لایەنانەی ئەوان زەعیف بکەین، بەڵام هەندێ جار لە چارەسەرە ئەمنیەکاندا ئەم دووانە هەردووکیان لاواز دەبن، هەم سەروەری یاسا لاواز دەبێت، هەم بنەماکانی مافی مرۆڤیش دەبن بە ژێرەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە دواکەوتووین، دەکرێت زۆر جوانتر، زۆر باشتر لە

خەڵكانی تر ئەمە تەرتیب بكەین، من وابزانم هەر موناقەشەكە تەبیعەتەكەی وایە درێژ دەبێت، ئێستا ئەوا ئێمە دوو كاتژمێرە دانیشتووین لە تەعریفەكە دەرنەچووین، كە ئەوا دەكرێت چەند ماددەمان ماوە، (17) ماددەمان ماوە، لەبەر ئەوە وەختی بدەینێ بەناوی موناقەشە كردن شتێكی زۆر باشە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس مامۆستا، یەكەم هەروەكو مولاحەزەیەك من رەئیم وایە ئیرهاب پێش سەورەی فەرەنسی بوو رۆبسبێر و ئەوانە زۆر كۆنترن، لەگەڵ مرۆڤ دروست بووە كاری ئیرهابی هەبووە، بەڵام شێوەكەی ئێستاكە بەو شێوەیە نەبووە.
دووەم/ سەروەری یاسا، وەكو مامۆستا محەمەد فەرەج فەرمووی راست دەكات، سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ ئەساسن، بەڵام نابێت هیچ وەختێك ئەم وشەیە كۆسپ بێت لەبەردەم ئەوەی ئێمە بە یاسا رووبەرووی ئەم دیاردەیە بینەوە، بەشێوەیەك وەكو پەرلەمان دەتوانین مافی مرۆڤ بپارێزین، سەروەری یاسا بمێنێت و بچەسپێت، ئەویش ئێمە ئالیەتێكمان هەیە دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن ئاسایش و ئەمن و ئەوانەیە، ئەگەر ئەو قانونەیان بەشێوەیەك رەفتاریان لەگەڵ نەصی قانونەكە نەگونجێت، بۆمان هەیە وەزیرەكە بانگ بكەین، لێرە لەبەردەم پەرلەمان، لەبەردەم میللەت بە شەفافیەت، بە عەلەنیەت رووبەرووی ئەو دیاردانەی بكەینەوە، كە لە لایەن لیژنە جیاجیاكان و پەرلەمان تەقدیم دەكرێتن، لەبەر ئەوە نابێت لەوە بترسێین، ئێمە پەرلەمانین دەسەڵاتی گەلمان هەیە، دەتوانین بچینە وەزارەتەكان، دەتوانین تەحقیق بكەین، ئەوە ئەركی پەرلەمانە، نەترسێتن، لەبەر ئەوەی خۆمان مەسئوولین و چاودێری بكەین، بزانین ئەو قانونە چۆن جێ بەجێ دەكرێتن، هەر كەم تەرخەمیەك، هەر پێشێل كردنێك، یاخود هەر ئیستیغلالێك لەو قانونەدا بكرێت نوێنەرانی حزبێك، یان دەسەڵاتێك، ئێمە بۆمان هەیە وەزیرە پەیوەندیدارەكە بانگ بكەین و، رووبەرووی بكەینەوەو داوای لێ بكەین تەحقیق بكاتن، ئەگەر كەم تەرخەمی هەبێت لێیان، دوو سێ كەس داواتان نەكرد بوو قسە بكەن، ئێستا داوا دەكەن، راستیەكەی ئێستاكە ئەگەر ئیجازەم بدەن، چونكە موناقەشەكان بە ئیتیجاهێك رۆیشتن، لەبەر ئەوە ناچارین ئەو ئیتیجاهە بخەینە بەردەم دەنگدان، ئەویش ئەوەیە دوابخرێت، یان دوا نەخرێت، ئینجا ئەوەی داوا دەكات دوا بخرێت دەبێت ماوەكەی بۆ دیاری بكەین، چونكە بەڕاستی خۆی دواكەوتووە، لێرەدا پێشنیارێك هەیە ئاڵوگۆڕی رەئیمان كرد لەسەری كە یەكەم كۆبوونەوەی ساڵی 2006ی پەرلەمانی ئاسایی، كە لە سەرەتای مانگی سێدا دەكرێتن، ئەوە بخرێتە بەرنامەی كار، ئەوەی پێی باشە كۆبوونەوەكە تەئجیل بكرێتن بۆ یەكەم كۆبوونەوەی ئاسایی ساڵی 2006 دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، دووبارەی دەكەمەوە تێ نەگەیشتن، لەبەر رۆشنایی موناقەشەكانتان و موداخەلەكانتان لە لایەن زۆربەی زۆری رەئی ئەندامان تەرح كرایەوە، هێشتا جارێ بە پێناسەكەیە موناقەشە كراو، داوا كرا كە دوا بخرێت، دوا خستنەكەی، كاك عوسمان خاڵی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە داوای ئەوەمان كرد گوتمان تا هەردوو وەزارەتی داد یەك دەگرێتەوە دوای بخەین، نەمانگوت تا مانگێك، چونكە با بیكەینە وەرقەیەكی زەختیش بۆ یەكگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی داد، بۆ ئەوەی یاسای بەرەنگاری تیرۆر لە دوای ئەو مەسەلەیە جێ بەجێ بكرێت، چونكە من ئێستا حەز دەكەم ئەمە نەخەیە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە بەس جەنابت وتت دوابخرێت بۆ یەكگرتنەوەی دوو وەزارەتەكە، بەڵام ئەوانەی موداخەلەیان كرد داوای تەئجیلیان كرد و رەبتیان بەوە نەكرد، رەبتیان بەوە كرد زیاتر پێویستی بە تاوتۆكردن هەیە، پێویستی بە موناقەشەی زیاتر هەیە، ئیزافات لەسەر تەعریفەكە بكرێت، لەبەر ئەوە من مولاحەزاتی گشتیم وەرگرت، تەنیا یەك رەئی هەبوو دوابخرێت تاوەكو حكومەتەكە یەكتر دەگرێتەوە، من پێم وانییە رەبتی بەوەوە هەبێت، چونكە ئەمە قەرارێكە كابینەكە دەبێت دابمەزرێت لە ماوەی مانگێك دایە، یەعنی ئەو شكە نابێت بخەینە ناو دڵمانەوە، كە كابینەكە تەواو بووە، هەم بۆتە قەرار، هەم تەسمیە كراوە، ئینشائەڵڵا لە ماوەی مانگێكدا تەواو دەكرێتن، خاڵی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر ئەو ڕەئیەی کاك عوسمانم هەیە, تا ئەو دوو وەزارەتەی داد یەك دەگرنەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك د. کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

بە حەقیقەت ئەو یاسایە چەند ڕێك و پێك بێت باشترە, بەلاّم ژیانی هاوولاّتیانی کوردستان گەلێك لە هەموو شتێك گرنگترە, لە یەکگرتنی ئیدارەش گرنگترە, ئەمڕۆ تیرۆرێك, تاوانێك بکات, ئێمە ناتوانین بەو یاسایە سزای بدەین, چونکە یاسایەکە دەرنەچووە, بۆیە چەند زووتر بتوانین ڕێکوپێکتر یاسایەکە دەربکەین لە بەرژەوەندی خەلّکی کوردستان و هەرێمی کوردستان و دژ بە تیرۆر و ئیرهابە, ئیرهاب دیاردەیەکی زۆر کۆنەو, زۆریش موعەقەدە, لەبەر ئەوە یاسایەکە دەربچێت بەپێی زوروف و بەپێی پێزانین, دەتوانرێت تەعدیل بکرێت و گرنگتر بکرێت, یەعنی ئەمە نەبێتە عەرقەلە, منیش لەگەلّ ڕەئی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانم بۆ یەکەم دانیشتنی ئاسایی مانگی داهاتوو کە دانیشتنی دەستپێکە پێشنیار بکەن, بەرنامەی کار دابنێن لەناو مانگی سێ کۆتایی پێ بێنین و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ د. کەمال بۆ موداخەلەکەی, بۆ ئەوەی پێشنیارەکە ببێتە یەك پێشنیار, ئەویش ئەوەیە ئێمە دوای دەخەین بۆ یەکەم خولی ئاسایی سالّی 2006 کە لە (3/1)ەوە دەست پێ دەکات, تا ئەو وەختی ئێمە بیرو را ئالّوگۆڕ دەکەین و چالاکتری دەکەین, ئەگەر چ کۆسپێك لەبەردەم نییە دەیخەینە کۆبوونەوەی یەکەم, بزانین کۆسپ و ڕەئی وا هەیە لە لایەن هەردوو ئیدارەکەوە, کە دوای بخەین تا یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە ئیعلان دەکرێت, دەتوانین بیخەینە دواتر, جا ئەوەی لەگەلّ تەئجیلە بەو شێوەیەی کە بخرێتە کۆبوونەوەی یەکەمی خولی ئاسایی کە لە مانگی سێوە دەست پێ دەکات, لەبەر ڕۆشنایی گفتوگۆ کردن هەموو لایەکانی پەیوەندیدار, ئەگەر بە پێویستمان زانی دەیخەینە کۆبوونەوەی یەکەم, ئەگەر بە پێویستمان زانی دەیخەینە کۆبوونەوەی دواتر, کێ لەگەلّ تەئجیلە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ دژی تەئجیلە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, زۆرینەی دەنگ دواخرا, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی – عێراق** | **کوردستانی - عێراق** |